تصوير ابو عبد الرحمن الكردي

مێژووی ئەوروپا

لە سەردەمی ڕێنسانس
تاوەکو شۆڕشی فەرەنسی

نووسینی
دکتۆر محمد محمد صالح

وەرگێڕانی
ئارام محمد

منتدى إقرأ الثقافي
للكتب (كوردي - عربي - فارسي)
www.iqra.ahlamontada.com

بسم الله الرحمن الرحيم

میژووی ئەوروپا لە سەردەمی ڕێنسانس

تاوەکو شۆڕشی فەرەنسی 1789-1500

مافی لە چاپدانی پارێزراوە بۆ
نارین

نـــاوی کتێـــــــب: مێژووی ئەورووپا لە سەردەمی ڕێنسانس تاوەکو شۆڕشی فەرەنسی 1500–1789

نووسیـــنـــــــی: دکتۆر محمد محمد صالح

وەرگـــــــێڕانـــی: ئارام محمد

نـەخشەسازی ناوەوە: کۆمپیوتەری نارین (محمد علی)

ســـاڵی چـــــاپ: 2011 ز

ژمــــارەی سپـاردن: (1973)ی ساڵی (2010)ی پێدراوە

بازاڕی زانست بۆ کتێب و چاپەمەنی

website:www.nareenpub.com

E-mail: info@nareenpub.com

تەلەفۆن: (00964) 66 2511982

مۆبایل: 00964 7504064610

مێژووی ئەوروپا لە سەردەمی ڕێنسانس

تاوەکو شۆڕشی فەرەنسی

1789-1500

نووسینی

دکتۆر محمد محمد صالح

وەرگێڕانی

ئارام محمد

نارین

پێشکەشە بە:

باوکی دڵسۆزم، ئەو کەسەی بەو پەڕی توانا هاوکاری کردم.

دایکم، کەمنی کردە مرۆڤێکی خاوەن ئامانجو پێی وتم:" بۆچی هاتوومەتەژیان...!"

هەردوو خوشکم شەهلاو شادی کە تایپ کردنی پەرتوکەکەیان خستە ئەستۆی خۆیان.

پێشەکی وەرگێڕ

دوای سوپاس‌و ستایش کردنی خودا، دەڵێم: بەڕاستی مێژووی ئەوروپا مێژوویەکی پڕ لەڕووداوو گۆڕانکاریە. مێژوویەکە پێویستە هەموو کەسێك کەم تازۆر خۆی لێ شارەزا بکات، چونکە مێژووی ئەوان تەنها بریتی نییە لە گێڕانەوەی جەنگ‌و کارو کردارەکانی پادشاو دەسەڵاتداران، بەڵکو بریتیە لەشرۆڤە کردنی گۆڕانکاریەکانی کۆمەڵگە بەهەموو کایەو لایەنەکانی. بریتیە لەگێڕانەوەی ڕەوتی گۆڕانە فکری‌و زانستی‌و ئابوری‌و ئاینی‌و فەلسەفی‌و کۆمەڵایەتی‌و سیاسیەکان. وەبێ گوومان مێژووش بریتیە لەم شێوە میتۆدە. بەڵام بەداخەوە مێژووی ئێمە زۆرزانانە یان نەزانانە کورتکراوەتەوە لە جەنگ‌و فەتح کردنی وڵاتان‌و مردنی دەسەڵاتداران‌و خەلیفەکان، بە شێوەیەك کەخوێنەر وادەزانێ ئێمەی ڕۆژهەڵاتی هەر خەریکی کوشت‌و بڕو هەڵکوتانەسەر یەکتری بووین‌و بەربەریانە ژیانمان گوزەراندووە. ئەمە لەکاتێدا ئێمەی ڕۆژهەڵاتی دەستێکی باڵاو ڕۆڵێکی گرنگمان گێڕاوە لەپێشخستنی کاروانی مرۆڤایەتی لەهەموو ڕووکارەکانی شارستانی‌و چەندان زاناو پیتۆڵ‌و فەیلەسوفمان پێشکەشی مرۆڤایەتی کردووە، بە شێوەیەك کە بەشێ لە پێشکەوتنی ئەوروپا دەگەڕێتەوە بۆ کاریگری شارستانیەتی ئیسلامی لەسەر ئەوروپا. دەخوازم لەخوای گەورەو، دواتر لە خمخۆرانیش دواکارم کەمێژوی ئێمەو خوێندنی مێژووی ئیسلامی لەزانکۆکان گۆڕانی بەسەردابهێنرێت‌و چیدی کورت نەکرێتەوە لە بەسەرهاتی دەسەڵاتداران‌و پەیمان‌و جەنگەکان.

ئەم کتێبەی د: "محمد محمد صالح" یش- باس لەهەموو کایەو گۆڕانە سیاسیو ئابووری‌و ئاینی‌و کۆمەڵایەتیەکان دەکاتو بەباشی شرۆڤەیان دەکات، بەشێوەیەك کاتێ باس لەلایەنی ئابووری دەکات خوێنەر وادەزانێ ئەو کاتە خەڵکی ئەوروپا تەنها خەریکی کایەی ئابووری بوون، وە کە دێتە سەرباسی لایەنی زانستی یان ئاینی خوێنەر هەمان تێڕوانینی بۆ دروست دەبێ. هەربۆیە حەزم کرد هەرچۆنێك بێت ئەم کتێبە نایابە وەرگێڕمە سەر زمانی کوردی. ئەوەندەی بۆشم کرابێ هەوڵم داوە بە زمانێکی سادەو ئاسان دایبڕێژمو بەدووری بگرم لە دەستەواژەی نامۆو هەموو جۆرە شێوە دارشتنێکی ناڕۆشن. بەشێوەیەکیش وەرگێڕدراوە کە هەموو کەسێك دەتوانێ لێی تێبگاو سودی تەواوی لێ ببینێ.

لەکۆتایدا سوپاس بۆ خودای گەورەو دلۆڤان کە توانیم ئەم کتێبە نایابە وەگێڕمە سەر زمانی کوردی. وە دروودو سلاّو بۆگیانی پاکی پێغەمبەری پێشەواو سەروەری مرۆڤایەتی حەزرەتی "محمد" (درودی خوای لەسەر بێ). ئەو پیاوەی کە ڕەوڕەوەی مرۆڤایەتی خستەوە کار!.

ئارام محمد

شەوی (9\9\2710) (29\11\2010) ڕانیـــە.

پێشەکی نوسەر

ئەم کتابەی بەردەستت، شرۆڤەی مێژووی ئەورووپا دەکات لەسەردەمی ڕێنیسانس ەوە– تاوەکو شۆڕشی فەڕەنسی. تێیداجەخت لەسەرلایەنی سیاسی‌و هزری دەکات بەبێ فەرامۆش کردنی باری کۆمەڵایەتی‌و ئابووری. ئەم کتێبە بەشی یەکەمە لە زنجیرەی مێژووی ئەورووپای نویٚ کەمێژووی ئەورووپای نوێی لەساڵی (1870–1914)ی لیٚ بەرهەم هات.

ئەم زنجیرەیە لەمێژووی ئەورووپا، بەپلەی یەکەم بەرهەم‌و دەستکەوتی ساڵانێکی خوێندنمە لەزانکۆی شیکاگۆو بیست ساڵی وانەوتنەوەمە لەزانکۆی بەغداد بۆهەمان بابەت. لەڕاستیدا ناگونجیٚ پسپۆڕی پەیدابکەین لەبابەتێکی وەك مێژووی ئەورووپا، مەگەربەخوێندنمان نەبێت لەزانکۆکانی خۆرئاواو مانەوەمان نەبێت لەکۆمەڵگەی خۆرئاوایی، وە لەنزیکەوە شێوازی بیرکردنەوەو دام‌و دەزگاو شێوەی ژیانیان نەبینین.

ئەم کتێبە تەواولە ئاستی ڕێبازی خوێندنی مێژووی ئەورووپایە لەسەردەمی ڕێنیسانسەوە تاوەکو شۆڕشی فەڕەنسی کە لە زانکۆی بەغداد دەخوێندریٚ، خوێنەران‌و ڕۆشنبیران دەتوانن سودی لیٚ وەرگرن بەمەبەستی شارەزابوونیان لە گەشەسەندنی شارستانیەتی ئەورووپی لە ڕووی سیاسی‌و کۆمەڵایەتی‌و ڕۆشنبیری، لەم ماوەیەی کە کتێبەکەی بۆ تەرخانکراوە.

دکتۆر محمد محمد صاڵح

بەشی یەکەم

ئایدیاو سیستەمە سیاسیەکانی ئەوروپا لە سەدەی شازدە

سەرەتایەك

لەكۆتایی سەدەكانی ناوەراست دوو دامو دەزگای سەرەكی لە ئەورووپادا هەبوون وخاوەنی ڕیشەیەكی مێژوویی بوون، ئەمانیش خۆیان دەبینیەوە لە كلێسای كاسۆلیكی كە ناوەندەكەی ڕۆما بوو، وە ئیمپراتۆریەتی ڕۆمانی پیرۆز. لە نێوانی ئەم دوو دام ودەزگایەدا نەك هیچ هەماهەنگیەك نەبوو، بەڵكو بەپێچەوانەوە، لەسەدەی یازدەوە لەململا نێیەكی بەردەوام دابوون لەسەر دەسەلأتی دنیایی، كە دواتر سەری كێشا بۆ لاواز بوونی هەردوو لایەنو چەكەرە كردنی دەوڵەتی نەتەوەیی. كلێسای كاسۆلیكیش بەهۆی شۆرشەكەی مارتن لۆسەر لەساڵی (1517) پارچە پارچەبوو و بەهۆیەوە كلێسای نەتەوەیی پرۆتستانتیو كاسۆلیكی سەریهەڵدا.

فكرو ئایدیا كۆنەكانو ئەوسیستەمانەی كە لەسەر ئەم شێوە فكرانە بنیات نرا بوون، بەهاتنی سەدەی شازدە كۆتایەكانیان بەدیار كەوتو بەرەو لێكهەڵوەشانەوە چوون. دەرەبەگایەتی بەرە بەرە لەسەر شانی خەڵكی قورس دەبوو، لە هەرەس هێنانیكی لەسەرخۆ دابوو، سوارەكانیش شان بەشانی رژێمە كۆنەكان بەرەو نەمان ونـاواوابوون هەنگاوی دەنا. هەر بەهاتنی ئەم سەدەیە ژیانی شار نشینی بەرە بەرە بایەخی پەیدا دەكرد. لەلایەمی تریشەوە ئەوانەی دەرچووی زانكۆكان بوون لەشوێنە گرنگەكانی دەوڵەت دادەمەزران. ئەمەو جگە لەوەی كەبازرگانیو پیشەسازی گرنگی بێ وێنەیان پەیداكردو بوون بە كۆڵەگەی ئابووری ئەروپاو شوێنی كشتوكاڵیان گرتەوە. كۆیلەی زەوی كۆتایی پێهاتو جوتیارانی ئازاد لە بەشێكی زۆری

ئەورووپای خۆر نشین جیگایان گرتنەوە. هەموو ئەمانە لە کاتێکدا بوو کە حکوماتی نەتەوەیی بە سەرکردایەتی پاشا ڕەهاکان لە گەشەکردن دابوون. هەروەها هزری نەتەوایەتی لەناو گەلانی ئەورووپا پەرەی دەسەندو داوای گوێرایەڵی تەواوی بۆ پاشاکان دەکرد، ئەو پاشایانەی توانیان هەرێمەکان یەك خەنو یەکیەتی نیشتیمانی بەدی بێنن.

لەگەڵ ئەوەی ئیمپراتۆریەت لاواز ببوو سیستەمو دام ودەزگاکەی دەچۆوە سەر سەدەکانی ناوەڕاست، وەڵێ خەڵكو میرو خانەدانان لەژێرسایەی دامابوونو کەم تازۆر گوێڕایەڵی بوون.

ئیمپراتۆریەتی رۆمانی پیرۆز:-

ئەم دوو دامەزراوانەی کە لەپێشەوە ئاماژەمان پێدان، دوو دامەزراوەی هەروا لاواز نەبوون لەسەرەتادا، بەڵکو لەسەدەکانی ناوەراست لەوپەری هێزوو گرو تین دابوون. ئەمانە مابوونەوە بۆ سەردەمێکی وەها، کەپڕیبوو لەگۆرانکاری نویۆ تازە. ئەم سەردەمەش خۆی دەبینێتەوە لە سەدەی شازدە کە هەردوکیانی ناچاردەکرد خۆیان بگونجێنن لەگەڵ ئەم گۆرانکاریانە. داواکرانی دەسەڵاتی دنیایی هەروەك باسمان کرد لەلایەن پاپاوە، ململا نێکردنی لەگەڵ میرو ئیمپراتۆرەکان لە پێناوی ئەم دەسەڵاتە، خەریك بوو دەسەڵاتی کڵێسا بەتەواوی لەناو بەرێ. بەڵام بەهۆی ئەم چاکسازیانەی کە لەنیوەی سەدەی شازدەدا ئەنجام دران کڵێسای کاسۆلیکی لەداڕوخانێکی سەراپایی رزگاربوو. هەرچۆنێك بێت کڵێسای کاسۆلیکی

خاوەنی دوو خاسیەت بوو کە ئیمپراتۆریەتی رۆمانی لێی بێ بەش بوو. ئەم دوو خاسیەتەش خۆی دەبینیەوە لە: هەبوونی سکرتاریەتێکی هەمیشەیی بۆ کڵێسا، وە هەبوونی رێکخستنێکی تۆکمەو فراوان لەسەراپای جیهانی کاسۆلیکی. ئەمە بەشێوەیەك بوو کە ئەگەرخودی پاپا کەسایەتیەکی لاوازوبێ دینیش بووایە، ئەوا ئەورێکخستن‌و سکرتاریەتیە سەرجەم کاروبارەکانی دەبرد بەڕێوەو فرمانەکانی بەجێ دەهێناو گوێرایەڵی مەلاین مەسیحی بەدەست دەهێنا(1). وەنەبێ ئیمپراتۆریش خاوەنی هەمان خاسیەت بێت، بەڵکو ئەو بەهۆی ئەو ململا نێیەی کە دەیکرد لەگەڵ پاپاکان، توشی بێ هێزی بوو. هەروەك شکستیشی هێنا لە دەستخستنی فەرمانبەری شوێنکەوتەکانی کە خۆیان دەبینیەوە لە دەرەبەگو میرەکان. ئیمپراتۆریەت پێکدەهات لە ژمارەیەکی زۆر میرنشین‌و ئوسقوفەو شارە ئازدەکان. لاوازی ئیمپراتۆریەت لەو کاتەدا گەیشتبووە ڕادەیەك، کە ئەگەر ئیمپراتۆرێکی بەتواناش هاتبایە سەرتەخت، زۆر گرانبوو دەسەلاتی تەواو بسەپێنێ بەسەر تەواوی میرنشینەکان. ئەمەو سەرەرای نەگونجاوی دەستوری ئیمپراتۆری.

ئیمپراتۆرپەرلەمانێکی هەبووپێی دەگوترا (دایت). ئەم پەرلەمانە پێکدەهات لە میرە سەرەکیەکانی ئەڵمانیا. وەلێ ئەندامانی دایت تەنانەت پابەند نەدەبوون بەو بڕیارانەی کەدەریان دەکرد. لەمەشدا ناهەقیان نەبوو، کاتێك دەبینین هیچ شتێکی وانەبوو ناچاریان بکات بڕیارەکان جێبەجێ بکەن. ئەمە وای کرد ئیمپراتۆر پشت بە خەتی تایبەتی خۆی ببەستێ لەناو

---

1 H.H. Green، the Renaissance and reformation، (Arnold 1977)، pp. 100-102، ff.

دایت. ئەو دایتەی کەئێمە باسی لێوە دەکەین بریتی بوو لە حەوت هەڵبژێردراوەکەو میری هەرێمەکانو شارەکانی ئیمپراتۆر کە لە دوای ساڵی(1449) هاتنە ناوی. لەناو ئەم سێ چینەش حەوت هەڵبژێردراوەکە گرنگترینیان بوون، بەهۆی ئەوەی بەرپرس بوون لە هەڵبژاردنی ئیمپراتۆر. ئەمەش بە پێی فەرمان (مەرسوم)ی ساڵی (1356ز). ئەم هەڵبژێردراوانە گوزارشت بوون لە (سەرکردەکانی ئوسقوفەی مینز، تریر، کولۆن) هەروەها (میری هەرێمی پلانتینات لەسەر راین)، (میری هەیمی سەکسۆنیا)، (میری هەرێمی براندن برنگ)، (پادشای بوهیمیا). بەلام پادشای بۆهیمیا بە بێگانە دادەندراو لەبەڕێوەچوونی گفتوگۆکان بەژدارنەبوو.

دایت هیچ کاتێ نەیدەتوانێ یارمەتی ئیمپراتۆر بدات بەخەرجیەکی تەواو، یان بە سوپایەکی ڕێك وپێك، یاخود دەسەلاتێکی جێبەجێ کردنی وەها کە بەرێوەبەرایەتیەت بگرێتە ئەستۆی خۆی . جا کاتێ ئیمپراتۆر نەیتوانی خۆی بگونجێنی لەگەڵ ئەم گۆرانکاریانەی کەتازە بوونو داوای بەرقەرار بوونی دەوڵەتێکی نەتەوەییان دەکرد. ئیمپراتۆریەت وەك دامەزراوەیەکی کۆنو بێ هێزمایەوە.

مێژوو نوسان بیروڕای خۆیان دەربریوە لەبارەی ئیمپراتۆریەت. ئەوەتا لەبارەی لەناو چوونو کۆتایی هاتنی، چەند بیروریەکیان هەیە. هەندییێکیان دەڵێن: کۆتایی سەدەی یازدە سەرەتای پەشێویو داروخان بوو بۆ ئیمپراتۆریەت. ئەمەش بە هۆی ململانێکردنی ئیمپراتۆر لەگەڵ پاپاکانو ئەم ڕۆڵە خراپەی کە میرو خانەدانەکان بینیان لە لاوازکردنی ئیمپراتۆرو بەستنی

هاوپەیمانیەت لەگەڵ پاپاکان. بەڵام هەندێکی تر وادەزانن، هۆکارەکانی لاواز بوونی دەسەلاتی ئیمپراتۆریەت زۆر لە پێش سەدەی یازدەوە دەرکەوتووە. وەلێ لەراستیدا داروخانی دەسەلاتی ئیمپراتۆریەت دە گەریتەوە بۆ ناوەراستی سەدەی سێزدە. ئەمەش دوابەدوای مردنی (فردریك) لەساڵی (1250).

فردریك بەوەناسرابوو کەحەزی بە ئەلمانیا نەدەهات، بەهۆی ئەوەی شەوەکانی تاریك بوو،زستانی درێژ بوو،ڕێگاکانی قورین بوون، بەڕێوەبردنی گران بوو، دارستانەکانی چربوون. هەربۆیە ئەڵمانیای بەجیٚ هێشت بۆمیرەکان. خۆیشی زۆربەی ژیانی فەرمانڕەوایەتی خۆی لە ئیتاڵیا بردە سەر، بەهۆی ئەوەی زستانی سەخت نەبوو، سەروتو سامانی زۆربوو بەڕێوەبردنی سانابوو. ئەمجا فردریك چەندین بەربژار(ئیمتیازات)ی بەخشی بە میرەکانی ئەڵمانیا. لەوانە توانای ئەوەی پێدان کە دەسەلات بنوێنن بەسەر دادگادا، هەروەها مافی دەرکردنی دراوی پێدان، ئەمەو جگە لەوەی کە لە لایەن خودی خۆیەوە پشتگیری دەکردن بۆ دژایەتی شارنشینەکان، ئەوانەی کە هاوپەیمانی پاشایەتی بوون. بەڵام وەنەبێ فردریك توانیبێتی لەم سیاسەتەی سەرکەوتووبیٚ، بەڵکو هەر لەلایەن کورەکەی خۆیەوە دژایەتی دەکرا، بەهۆی ئەم سیاسەتەی کە بەکاری هێنابوو لەدژی ئەڵمانیا. جا لەبەر ئەوەی کورەکەی(هینری) شارەزاتر بوو بە کاروباری ئەڵمانیا بۆیە کەوتە دژایەتی کردنی باوکی. هەر بۆیە فردریك هەستا بە دەستگیر کردنی کورەکەیو بەندی کرد.

لـەپاش مردنـــی "فردریـك" بـەهۆی بیـانی بوونیـان هــیچ یـەكێك لـەو ئیمپڕاتۆرانەی کەهەڵبژێردران نەیانتوانی قاچەکانیان لەسـەر ئـەرزی ئـەڵمانیا بچەسپێنن. ئەمەش وای کرد بۆ مـاوەی بیـست سـاڵ پەشـێویو ئاڵۆسـکاوی ئەڵمانیا بگرێتەوە بەبێ هیچ سەرۆك وفەرمانڕەوایەك[1].

دوابەدوای ئەم پەشێویە ناهـەموارە کـە سـەراپای ئـەڵمانیای گـرت بـۆوە، میرەکانی ئەڵمانیا لەساڵی (1273) یەکێکیان لەنێوان خۆیان هەڵبژارد. ئـەم کەسە هەڵبژێردراوەش "رودولف هبسبرگ" بوو کـە لەسـەرجەم میرەکـان بـە هێزتـرو دۆڵەمەنـد تـر بـوو، هــەر ئەمــەش وای کــرد هەڵیببــژێرن بۆپۆسـتی ئیمپراتۆری. "رودولف" خـاوەنی بەشـێك لـە ئـەلازاسو بەرزایـەکانی روبـاری رایـن بـوو لەسویـسرا. بـەڵام "رودولـف" لەگـەڵ ئـەوەی خـاوەنی ئـەو هێـزو دەسەلاتو سامانە بوو، وەلێ هەر نەشیتوانی سیاسـەتەکانی خـۆی جێبـەجێ بکات لە سەراپای ئیمپراتۆریەتەکەیدا. لەبەر ئەمە تەنها گرنگی بـە کاروبـاری ناوچەکانی خۆی دا.

"ڕودولف" توانی نەمسا دەسـت خـۆی بخـاتو هـەرێمی سـتریای تـاوەکو خواروی خۆرهەلاتی خستە ژێر دەستی خۆی. ئەم فراوان بوونەی ناوچـەکانی رودولف، بە ئاراستەی باشورو باشوری رۆژهەڵات بـوو لـە ئـەڵمانیا.سیاسـەتە فراوانخوازیـەکانی "رۆدۆلـف" بەئاراسـتەی خۆرهــەڵات لەسـەر بـەهێزکردنی پەیوەندیەکانی وەستا بوو لەگەڵ فەرەنسادا، چونکە بەرژەوەنـدی فەرەنـسا لەگەڵ ئیمپراتۆریەت تێکدەگیرا لـە سـەر سـنوری نێوانیـان . ئەمـە لەلایـەك،

1 daniel waley- ،later medieval Europe (long man 1968).pp. 75-76، ff

لەلایەکی ترەوە ململانێی توندی ئینگلیزو فەرەنسا لە جەنگی سەد ساڵە، دابەشبوونی ئەڵمانیا ی زیاتر کرد، چونکە هەردوو لایەنی بەشەر هاتووپشتیان دەبەست بە هێزەسەربازیەکان لە ئەڵمانیاو زەویە نزمەکان وراین. فەرەنساش فراوانخوازیەکانی لەسەر حیسابی ئەڵمانیابوو لە ناوچەکانی "لۆرین،برانگدیا،لیۆنی"[1].

ئەم فراوانخوازیانەی "رودۆلفی هبسبرگ" میرەکانی هێنابووە ترس و لەرز. لەبەر ئەمە کاتێك "رودولف" لەساڵی(1291)مرد، میرەکان کورەکەیان هەڵنەبژارد بە ئیمپراتۆر. هەر زووش لەنێوان "ئۆدۆلف ئۆف ناسا" کە بەئیمپراتۆر هەڵبژێردرابوو لەگەڵ "ئێلبرت هبسبرگ" ململانێی توند دروست بوو. کێشەکەیان هەر بەردەوام بوو تا بەکوژرانی "ئۆدۆلف ئۆف ناسا" کۆتایی هات کە هەر بەدەستی رکابەرەکەی کوژرا لەساڵی(1298). لەدوای ئەمە "ئێلبرت هبسبرگ" خۆی خزاندە جەنگێك لە دژی بنەماڵەی پاشایەتی لە بۆیهیمیا.

لەساڵی (1308) "هنری لۆکسەمبۆرك" بەناوی هنری حەوتەم وەك ئیمپراتۆر خۆی هەڵبژارد. بەرزبونەوەی بنەماڵەیەکی سادەی وەك لۆکسمبۆرك، وایکرد هنری پشت بە میرەکان ببەستێ بۆ دەستهێنانی لایەنگیریان. هەروەها "هنری" دانی نا بە مولکەکانی بنەماڵەی هبسبرگ لە نەمساو ستریاو، توانی تەختی بۆیهیمیاو مۆراڤیا لە ڕێگەی هاوسەرگیریەوە دەستخات بۆ کورەکەی "جۆن" لە ساڵی(1313). هەر لە ماوەی

---

ibid;pp.78-79 1

دەسەڵاتیدا هنری چەند شاڵاوێکی کردە سەر ئیتاڵیا بەڵام لە هەموویان بەشی شکستخواردن بوو، سەرەڕای بانگەشەکانی دانتی بۆ دەستگرتن بەسەریدا.

کاتێك "هنری" حەوتەم لەساڵی (1313) مرد، دیسان ململانێ بوو بە بەشی ئیمپراتۆریەت. ئەمجارەیان کێبرکێ کەوتە نێوان دوو پاڵێوراوی ئیمپراتۆری کە هەریەکەیان مزی خۆی خۆش دەکرد بۆ وەرگرتنی ئیمپراتۆریەت. ئەم دوانەش "فردریکی هبسبرگ و، لۆیس ئۆف پاڤیریا" بوون.لەو ململانییەشیاندا هیچ دەرەنجامێکی یەکلا کەرەوەی لێنەکەوتەوە سەرەڕای سەرکەوتنی لۆیس بەسەر فریدریك دا لەساڵی (1322). کاتێك "پاپا "جۆنی بیست ودووەم" هاتە سەر تەخت، خۆی وەك ئیمپراتۆرێك چەسپاند بەسەر ئیتالیادا. پاپا "جۆن" هەوڵی دا ئیمپراتۆرێکی لایەنگری فەرەنسا لە بنە ماڵەی هبسبرك بخاتە سەر تەختی ئیمپڕتۆری. لەلایەکی تریشەوە فەرمانی بێبەری کردن(حیرمان) ی لە دژی لۆیسی پاڤاری دەرکرد. هەربۆیە لۆیس وەك کاردانەوەیەك لە بەرامبەر پاپا لەساڵی (1325)رایگەیاند کە رکابەری خۆی بەژداری پێدەکا لە ئیمپراتۆریەتەکەیدا.جا کاتێ فردریك مرد، لۆیسی پاڤاری بۆ باکوری ئیتالیا شاڵاوی بردو شەش ساڵ تێیدا مایەوە. لۆیس بەمەبەستی هێنانەوەی دەسەڵاتی ئیمپراتۆریەت روی نەکردە ئیتالیا، بەڵکو بۆ کۆکردنەوەی ماڵو سامان لە سەردارانی شارەکانو میری هەرێمەکان رووی تێکرد. ئەمجا لویس ئەمەشی بۆ چووە سەرو توانی پاپایەکی تازەو لایەنگری ئیمپڕاتۆربخاتەسەر کار، هەروەها توانیشی (ترویل و،برانەبرگ و،مارج) بخاتە ژێر دەستی خۆی،

ئەمجا لەڕێگەی هاوسەرگیریەوەتوانی(هۆڵاندو، زیلانداو، فریزلاندو،هینول) بەدەستبێنێ[1].

لویسپاڤاری ئەوکەسە نەبوو کەبتوانێ ئیمپراتۆریەتەکەی زیندووبکاتەوە کە دەمێك بوو لاوازو بێ هێزمابۆوە، ئەم لاوازیەی دوابەدوای مردنی فردریکی دووەم بەدیارکەوت لە ساڵی(1250). هەروەك لەپێشتر ئامەژەمان پێدا کە ئیمراتۆرەکانی پاش فریدریك کەم توانا بوون‌و دەسەڵاتیان لەدەستی خۆیان دەرچووبووو کەوتبووە دەستی میرەکان. میرەکانیش ئیمپڕاتۆریان هەڵدەبژارد بە بێ ئەوەی پێویستی بە رازی بونی پاپا هەبێت. لە ساڵی(1346) میرەکان "چارلسی کوڕی جۆن"یان هەڵبژارد بە ئیمپراتۆر، کە نەوەی هنری حەوتەم بوو، بەو مەبەستەی جێگەی لۆیسی پاڤاری بگرێتەوە. گرنگی چارلس لەوەدابوو کەلەساڵی (1356) هەستا بەدەرکردنی فەرمانی زێرینی ئیمپزاتوری، کە تیایدا جەختی دەکردەوە لەسەر بەربژاری میرەکان‌و هەڵبژاردنی ئیمپراتور لەلایەن حەوت دەنگدەرەکە. هەروەها ڕێگە گرتن لە میرەکان بەوەی زەویەکانیان دابەشبکەن. بەڵام چونکە ئیمپراتۆریەتیش لاوازببوو، هەرچەند هەوڵیشیان بۆ خستە گەڕ، بەڵام هەوڵەکان بە مردوویی لەدایك دەبوون. ئەو فەرمانەش ئەوەندەی تر سەربەخۆی میرەکانی زیاتر کردو دەسەڵاتی ئیمپراتۆریشی لاواز کرد، بەشێوەیەك کە بووە هۆی ڕەخسانی دەسەڵاتی بەرفراوانی میرەکان لەناو هەرێمەکانیان‌و واشیان لێکدەدایەوە کە نەیا ری کرانیان خراپەو ناپەکیەکی

Ibid;p.80 1

زەبەلاحە دەرهەقیان. جگەلە ڕێگەگرتنیان لەهەر جۆرە دوبارە کردنەوەی سکالآیەك لەدادگای خۆیانەوە بۆ دادگای ئیمپراتۆری [1].

مێژووی ئەڵمانیا لە دوای ئەم فەرمانە گوزارشت بوو لە مێژووی هەرێمەکانی ئەڵمانیا. لەساڵی (1378)چارلس گیانی سپارد. لەدوای ئەو چەند ئیمپراتۆرێکی لاواز جێگایان گرتەوە، کە یەکێکیان کوڕەکەی خۆی بوو کەتا ساڵی(1400) لە سەر دەسەلآت مایەوە، هەروەها (ڕوپرت) یەکێ بوو لە ئیمپراتۆرە لاوازەکانو فەرمانڕەوای ناوچەکانی ڕاین بوو، تەنانەت لە دوای بوون بە ئیمپراتۆریشی نەیتوانی لەدەرەوەی ناوچەکانی خۆی فەرمانڕەوایەتی بکات.

ئەم بارە بەم شێوە ڕۆیشت تا لەساڵی (1410) میرەکان هەستان بە هەڵبژاردنی "سیگسمۆنت". ئەم بەسوار چاکێکی ئازا ناسرابوو. فەرمانڕوایەتەکەی "سیگسمۆنت" بیستو حەوت ساڵ درێژەی کێشا، واتا هەتا ساڵی (1437). لە کاتی ئیمپراتۆریەتەکەیدا شۆڕشی "جۆن هس" لە ئارادا بوو، هەر بۆیە زۆربەی کاتەکانی خۆی بە کپ کردنەوەی ئەم شۆڕشە بردە سەر. سیگسمۆنت جەختی لەسەر بەردەوامی دانیشتنەکانی کۆنگرەی کۆنستانس دەکردەوە. وە هەستا بە بەخشینی هەرێمی براندنبرگ بە "فردریك"ی میری نۆرمبرگ، کە هۆکارێك بوو بۆ سەرهەڵدانیبنەماڵەی

Ibid;p.81. 1

هـوهنزل*. لـەم سەروبەندانەشـدا سویـسرپاشێوەیەك لەدەسـەلاتی خـۆجێی دەستکەوت. سیگسمۆنت هەرچەندە ئەوەندە کەسێکی سیاسی نەبوو، بـەڵام ئەوەندە شارەزییە سیاسیەی کە هەیبوو بـەکاری هێنـا بـۆ دابەشـکردن‌و درز خـستنە نێـوان شـارەکانی ئـەڵمانیا. جـا کـاتێ مـرد، مێـردی کـچەکەی تـا ساڵی(1439) جێگەی گرتەوە، کە ناوی (ئەلبرت اوف ستریا)بـوو. لـە سـاڵی پاش ئەم مێژووە "فردریکی هبسبرگ" بە ناوی "فردریکی سێیەم" هاتەسـەر تەخت وتا سـاڵی (1493)مایـەوە.ئیمپراتۆریـەتی پـیرۆز لـە سـەردەمی ئـەم فریدریکـەدا زۆر لـە ناوچـەکانی لـە دەسـتدا.پۆڵنـدا، پرۆسـیای سـتاندەوە، هەنگاریا ناوچەکانی سیلسزیاو مۆرڤیای خستە دەستی خۆی، لەم نێوانەشـدا چارلسی چاپوك کە میری بۆرگەندیا بوو دەستی گرت بەسەر زەویـەکی زۆری ئیمپراتـۆرو خـستیە پـاڵ مـیر نـشینەکەی. سویـسرپاش کـە لەپێـشدا شـێوە سـەربەخۆیەکی هــەبوو، ئـەم جـارە سـەربەخۆی تـەواوی کەوتـە دەسـت. دانیمارکیش دەستی بەسەر هۆڵشتاین داگرت. ئەڵمانیا لەسەردەمی فردریکـی سێیەمدا بارودۆخی تەواو تێکچووبوو، سکاڵای خـەڵکی تونـدبوو لـە هەمبـەر ئەو باجە ناڕەوایانەی کە کڵێسا وەریدەگرت‌و دەینارد بۆ پاپا. هەموو ئەمانـە

---

* ئەم بنەماڵەیە دواتر بەشێوەیەك بـەهێزدەبن، کـە لـەدواتردا براندنبرگ دەکـەن بەمیرنـشینێکی گـەورە بـەناوی پرۆسـیاو هەرئـەم پرۆسـیایەش دواتـر بووبـە بـەردی بناغـەی ئـەڵمانیای یـەکگرتو لەسـەردەمی بسمارکو، یـەکێ لەکەسـەکانی ئـەم بنەماڵەیـە بـەناوی ئیمپرتـۆری ئـەڵمانی تـاوەکو تێکشکانی ئەڵمانیا لەکۆتایی جەنگی جیهانی یەکەم لەسەر دەسەلات بوو، دوابەدوای ئەمە کۆتـایی بەدەسەلاتداری ئەم بنەماڵەیە هات. (وەرگێڕ)

لـەكاتی هـەبونی ئیمپراتـۆرێكی هەڵبـژێردراو دانپیـداهێنراو دابـوو، بـەڵام ئیمپراتۆرێكی بێ دەسەڵات ولاوازو بێ سـەروەتو سـامان. ئەمانـەش بـەهۆی ئەوەوە بوو كە میرەكانو شارنشینەكان ئەو ئەركانەیان جێ بـەجێ نـەدەكرد كـە لەسەرشـانیان بـوو، بۆیـە ئیمپراتـۆر بـێ داهـاتو سـەرمایە مایـەوە. جـا هەروەك وتمان جەنگو دووبەرەكی رووی لەزیادی كرد، چونكە هەموو كەسێ دەیویـست خـۆی فـەرمانڕەواو رەتكـەروە بێـت. ئـا لـەم كـاتو ساتەشـدا حكومەتێ نەبوو بتوانێ هێمنیو ئاسایش برقەراركات. هـەر بۆیـە ئـەم شـێوە بارودۆخە هەموجۆرە چاكسازیەكی زیندە بەچاڵدەكرد.

بەم شێوەیە حوكمی فردریك درێژبوویـەوەو بـووە هـۆی هـەرەس هێنـانی ئیمپراتۆری رۆمـای پـیرۆز. فردریـك خۆیشی خـەریك بـوو لەناوبـچێت، كـاتێ (ماسیوكورفیس)ی پاشای هەنگاریا لە ساڵی (1485) بەسەریدا سـەركەوتو هاتە ناو (ڤیەننا)، بەڵام بەخت یاوەری فردریكی كرد كاتێـك نەیارەكـەی كـت وپڕ گیانی لەدەستدا[1].

لەگەڵ هـەموو ئـەم بـارە سیاسیە شـڵەژاوەی كـە ئـەڵمانیا پیـادا تێپـەڕی دەكـرد. وەلێ لـەم كاتـەدا ئـەڵمانیا یـاوەری سـەردەمێكی پـڕ لـە گۆڕنكـاری وپەرەسەندنی دەكرد. سـەرهەڵدانی هەسـتی نەتـەوەیی ئـەڵمانی ، كـە لـەناو چـینی سـوارەكانو خـەڵكانی خوێنـدەوارو شارنـشینەكان چـەكەرەی دەكرد،لەملاشـەوە پەیـدابونی بازرگـانی لـە نێـوان شـارە ئەڵمانیـەكانو وەبەرهێنانی سامانو گەشەكردنی كارخانەكانی باشوری ئەڵمانیا، بووە هـۆی

ff.،Ibid;p.84 1

خەملێنی ئابووریو گەشەپێدانی سامانو داهاتی هەندێ شارەکانی ئەڵمانیای وەك: (فرانکفۆرت،ئۆکسبرك،لوبیك،بریمەن) هەر ئەمەش بووە هۆی بەهێزبوونی ئیمپراتۆریەتی ئەڵمانی لەسەدەی داهاتوودا.

لەوانەیە گەشەکردنی ئابووری گرنگترین رووداو بێت کە ئەڵمانیای گرتەوە لەو کاتەدا. بەرز بوونەوەی نرخەکان لەپێش هێنانی زێڕ وزیو لە ئەمریکا، هۆکارێك بوو بۆ سەرهەڵدانی پەشێوی لەناو شارەکان، دەرەنجامەکەیشی ئەو دووبەرەکیە بوو کە لەنێوان دەوڵەمەندان وهەژاران کەوتەوە. لەلادێکانیش بارودۆخی جوتیاران باشتر بوو بەبەراورد لەگەڵ بارودۆخی خاوەن زەویەکان (دەرەبەگ). چونکە خاوەن زەویەکان لەڕووی ماددیەوە باریان کەوتبوە لێژی بەهۆی بەرزبونەوەی نرخەکان ونزم بوونەوەی ڕەنیوهانینی کشتوکاڵ. لەبەر ئەوە ویستیان باجو سەرانەی زێتر بسەپێنن بەسەر جوتیاران بەمەبەستی چاککردنی حاڵیان کە دەمێك بوو لە ڕوویماڵیەوە کزی تێکەوتبوو. بەڵام ئەوەی کە میروو دەرەبەگەکان دەیانتوانی بیکەن بۆچاککردنی حاڵی شەپرێوی خۆیان ئیمپراتور نەیدەتوانی بیکات.

ئەم تێماویو هەژاریەی کە دەمێك بوو بەرۆکی ئیمپراتۆری گرتبوو هەندێ لە ئەڵمانەکان پێی ئاگادار بون. جا لەبەر ئەم حاڵەی ئیمپرتۆر هەندێ خەڵکی پێشنیاری چاککردنی دەستوری ئیمپراتۆریان کرد. ناودار ترینی ئەوانەی کە ئەم دەهۆڵیان دەکووتا(بروتولدهنبرگ)ی سەرۆکی ئوسقوفەی مینز بوو. هەرچەندە لە نیشتیمانپەروەری پرۆتوڵد گومان هەبوو، بەلأم ئەو باوەڕی وابوو کە پێویستە حکومەت بەهێزو کارا بێت، لەمەشدا جگە لەمیری

پاڤاریا گشت میرەکانی تر پشتگیریان کرد. لە دایتی ئەڵمانی کە لە ساڵی (1485) کۆبوونەوەی لە فرانکفۆرت گرێدا، پرتوڵد جەختی کردەوە لەسەر یەکێتی دراوی ئەڵمانیو نەهێشتنی جەنگ لەنێوان هەرێمەکانی ئەڵمانیاو دامەزراندنی دادگایەکی باڵا بۆ شەڕفرۆشە گەورەکان، ئەوانەی کەناگونجێ دادگایی بکرێن لە دادگایەکی ئاسایی.بەڵام فردریک ی سێهەم خۆی بە بەرپرس نەزانی چاو بخشێنێ بەو چاکسازییانەو پشتگوێی خستن.

ئەڵمانیا لەسەردەمی ئیمپراتۆر ماکسیمیلیان:ـ

بارودۆخ گۆرانکاری بەسەر داهات کاتێ ئیمپراتۆر ماکسیملیانی یەکەم لەساڵی 1493هاتە سەر تەخت. ئیمپراتۆری تازە زیرەکو چالاکو کارا بوو تاساڵی مردنی لە 1519لەسەرتەخت مایەوە. بەڵام وەك ئیمپڕاتۆرەکانی پێش خۆی بودجەی بەدەستەوە نەبوو تاوەکو بتوانێ ئامانجەکانی بەدیبێنێ. لەسەردەمی ماکسیمیلیانیشداپرۆتۆلدو یارانی هەستان بەپێشکەش کردنەوەی ئەو پرۆژەی کەداوای چاکسازی دەکردو فردریك ڕەتی کردبویەوە، کەتیایدا داوای دامەزراندنی ئەنجومەنی ڕاسپاردنی دەکرد، کەیەکێ لەکارەکانی دیاریکردنی سیاسەتی ئیمپراتۆرەو پابەند کردنی دەسەڵاتی ئیمپراتۆر وخانەدانانە بەسەقامگیری ئەڵمانیا، هەروەها نەهێشتنی پەنابردنە بەر جەنگ لەناوخۆی وڵات بەمەبەستی پاراستنی ئاشتیو هێمنی. ئیمپراتۆر بەرامبەر ئەم بڕیارە بێ وەڵام نەبوو، بەڵکو چەند مەرجێکی پێشنیار کرد. لەوانە:ـ دامەزراندنی سوپایەکی ڕێکوپێك و هەمیشەیی بۆ ئیمپراتۆر، چاکسازی کردن لە داهات وخەرجیو رزگارکردنی لەکۆت وبەندی

میرو دەرەبەگەکان، ئەمەش بۆ بەردەوامی دان بە سوپا. بەڵام ئەوانەی داوای چاکسازیان دەکرد ترسان لەوەی کە ئەگەربێتو پێشنیارەکانی ماکسیملیان جێ بەجێبکەن، ئیمپراتۆر بەشێوەیەك بەهێز ببێ و وای لێبێت زۆر بەئاسانی خۆی ببوێرێ لەهەموو ئەو مەرجانەی کە بەسەریا دەسەپێنرێ. لەڕاستیداوە ئەوەی گومانیان بۆی چوبوو ڕاست دەرچوو. ئیمپراتۆر ئەمەی مەبەست بوو. لەبەرئەوە بڕیاریاندا بودجەو سوپا لەژێردەستی "دایت" یاخود لەژێرچاودێری ئەنجومەنی ڕاسپاردن دابێت.

هەردوو لایەن ئارەزوویان دەکرد کەحکومەتێکی ناوەندی بەهێز دابمەزرێنن، بەلأم پرۆتۆلد ومیرەکان دەیانویست خۆیان زاڵبن بەسەردەسەلأتی بالأ. ئەوان زۆر بەگومان بوون لەمافی بنەماڵەی هاسبرگ، ئەو بنەماڵەیەی کە هەموو گرنگیدانێکی خستبووە خزمەتی بەرژەوەندییەکانی خۆی لە نەمسا، هەروەها ئەو جەنگە بێ ئەنجامانەی کە لە ئیتالیا ئەنجامی دەدا، بۆ سەپاندنی دەسەلأتی خۆی بەسەریاندا، کەهیچ کات بۆ ئەڵمانیا سودێکی نەبوو. لەبەرئەوە ویستیان فراوان خوازییەکانی ماکسیملیان نەهێڵن، بەوەی کە ڕێگری بکەن لەماکسیمیلیان، سوپا بەبێ ڕەزامەندی ئەوان بۆ هیچ کارێ بەکار بهێنێ. لەبەرامبەر ئەمەدا ئیمپراتۆر وەلأمی دانەوەو ڕایگەیاند:" کە ئەو زۆر حەز بە یەککگرتنی ئەڵمانیا دەکات، چونکە گرنگترین شتێکە کە بەهۆیەوە ئیمپراتۆریەتەکەی دەپارێزێ لە دوژمنانی لە ناویشیاندا فەڕنسیو تورکەکان". هەروەها ئەوەشی ڕون کردەوە کە"ئەو لە دەسەلأت دانابەزێ بۆ میرەکان، ئەو میرانەی نیشتیمان

پــەروەرنین‌و هــەموو خــەمێکیان چەســپاندنی دەســەڵاتیانە بەســەر ئــەو هەرێمانەی کە فەرمانڕەوایی دەکەن‌و هـەموو هـەوڵیان بریتیـە لـە پارێزگـاری کردن لە سەربەخۆیی خۆیان".

هەردوو لایەن هەوڵیاندەداو ئارەزوو یـان دەکـرد بگـەن بەچارەسـەرێك بـۆ ئەو پرسەگرنگانەی کـە لـە سـاڵی (1495) لەشـاری "ورمـز" لەکۆبونـەوەی "دایت" پێشکەشیان کـرد، بـەڵام دەرەنجامەکـەی ئـەوە بـوو کـە ئیمپراتـۆر کۆنگرەکەی جێهێشت‌و ڕۆیشت بۆ ئەو شـەڕەی کـە لـە ئیتالیـا بـە مەبەسـتی وەچنگ کەوتنی داهات هەڵیگیرساندبوو. ئا ئەمە بارودۆخی کۆبونەوەکان بوو کەزۆربەیان بەمردوویی لەدایك دەبوون. کۆنگرە وەنەبێ بەرۆیشتنی ئیمپراتـۆر دەستەوەستان بێت‌و داهێـزێ، بـەڵکو هەسـتا بـە دامەزرانـدنی دادگـای بـاڵاو بڕیاری پاراستنی ئاشتی هەمیشەیی دا بۆئەڵمانیا. هەروەها بڕیاریدا ڕێگـە لـە هێرشی میرەکان بگرێ بۆ سەر یەکتری، لە هەمان کاتدا بڕیاریانـدا کـە سـوپا تایبەتیەکانی خۆیان تـەسریح* بکەن. وەلێ کاتێ ئیمپراتۆر ڕەزامەندی نەنواند بۆ دامەزراندنی ئەنجومـەنی ڕاسـپاردن، کـە دەسـەڵاتی ئیمپراتۆریـەتی کـۆت دەکـرد، کـۆنگرە شکسـتی خـوارد. لەبەرئـەوە "دایـت" ڕەزامەنـدی نەنوانـد لەسەر سەپاندنی باجی تایبـەت بـۆ گەنجینـەی ئیمپراتـۆر. بـەڵام هەرچـۆنێك بێـت بڕیـاردرا سـاڵانە کۆببنـەوە بەمەبەسـتی پێـشکەش کردنـی ڕاپۆرتـە

---

*تـسریح ئەگـەر بـۆ سـوپا بـەکاربێ ئـەوا مەبەسـت لێـی ناردنـەوەی سـوپایە، بـەڵام دەسـتی لێ هەڵناگیرێ. واتا سوپا هەڵناوەشێتەوەو هەردەمێنێ. (وەرگێڕ)

سیاسیەکانیان، ئەوەی کە ئیمپراتۆر بەڵێنی دابوو جێ بەجێیان نەکات بەبێ ڕەزامەندی ئەوان[1].

ئەو باجەی بڕیاربوو بسەپێنرێ، لەناو خەڵکیدا دەنگی دایەوە. سویسریەکان یەکەم کەس بوون کە نارەزایی خۆیان نیشاندا دژی ئەم باجەو وایان گوزارشت کرد کە ئەمە هەڕەشەیەکە بۆ سەربەخۆییان. هەرێمە بچوکە سویسریەکان کە بریتیبوون لە (یوری ، شوایز ، وانتروالدن)، لە ساڵی (1291) ەوە هەستابوون بەپێکهێنانی یەکیەتی فیدراڵیو دواتر هەندێ هەرێمی تریشی چووە پاڵ. ئەمانە زۆر نیگەران بوون لە هەوڵەکانی بنەماڵەی هابسبرگ، بەوەی کە دووبارە وڵاتیان بچێتەوە ژێر چنگی ئەم بنەماڵەیە. لەم نێوانەدا سویسرا لەهەموویان نیگەرانتر بوو، چونکە نوێنەری نەبوو لە "دایت". بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا توانیان چەند سەرکەوتنێك بەدەست بێنن لەجەنگەکانیان دژی ماکسیملیانو ناچاریانکرد دان بنێ بەسەربەخۆییان بەپێی ڕێککەوتننامەی (بال) لەساڵی (1499).

لەگەڵ ئەوەی ئیمپراتۆر نەیتوانی ئەو ماڵەی کە پێویستی بوو لە"دایت" بە دەستی بخات، بەڵام هەر چۆنێك بێت سەرکەوتوو بوو لە پێکبەستنی موڵکەکانی بنەماڵەی هابسبرگو لە یەك گرێ دانی هەرێمە جیاوازەکان هەتاوەکو ساڵی(1918)، هەروەها دامەزراندنی بەڕیو بەرایەتیەکی کارا لەنەمسای سەروو خواروودا هەم دیس لە کارەکانی ماکسیمیلیان بوو. ئەو هاوسەرگیریەی کە لەساڵی (1477) لەگەڵ "ماری کچی چارلسی چاپوك"

---

1 Green، op. cit; pp. 102-108

میری بۆرگەندیا ئەنجامی دابوو، هۆکارێك بوو بۆئەوەی کە شازدە هەرێمی دەوڵەمەند بخاتە پاڵ موڵکەکانی کە هۆڵنداو بەلجیکا دوو لەو هەرێمانە بوون. ماکسیمیلیان بۆ "فلیپ وەیسەم"ی کوڕی "جوانای کچی فرِدیناندو ئیزابێلا"ی خواست، بەمەش توانی تەختی ئیسپانیاو سەرجەم موڵکەکانی کەنار دەریا بخاتە دەست خۆی. ئیتر لێرەوە موڵکەکانی هابسبرگ خەریك بوو چوار لای فەرەنسا گەمارۆ بدات، بەمەش دوژمنایەتیەکی مێژووی لەنێوان بنەماڵەی پاشایی فەرەنساو ئیمپراتۆریەتی هابسبرگ دروست بوو.

ئەگەر بە چاوێکی ئاسایی بڕوانین، دەبینین کە دەسکەوتەکانی ماکسیمیلیان کەمن، چونکە هەست دەکەین شکستی هێنا لە چاکسازیو نەیتوانی ئەو ماڵو سوپایەی گەرەکی بوو بە دەستی بهێنێ کە بۆ بەهێز کردنی ئیمپرتۆریەکەی زۆر پێویست بوو. هەروەها یەکیەتی ئەڵمانیاشی بۆ نەهاتە دی، ئەمەو جگە لەو جەنگانەی لەئیتاڵیا هەڵیگیرساندبوو کە جگە لە تێکشکان چیتر بەشی نەبوو. بەمەش فەرەنسا ڕێگەی بۆ خۆش بوو خۆی بسەپێنێ بەسەر ئیتاڵیادا. بەڵام ئەگەر لەڕووی کردەییەوە سەیربکەین، دەبینین دەسکەوتەکانی کەم نین، کاتێ توانیویەتی موڵکی بنەماڵەی هابسبرگ فراوان بکات بەشێوەیەك کە هەموو زەویەنزمەکانو ئیسپانیا بگرێتەوە، هەروەها پێکبەستن دروست بکات لەنێوان موڵکەکانی بنەماڵەی هابسبرگ. وەلێ لە ڕووی سیاسیەوە ئیمپراتۆر نەیتوانی خۆی بگونجێنێ لەگەڵ ئەو تازەگەریانەی کە ئەورووپای گرتبویەوە. بۆیە ئیمپراتۆریەت لەسەردەمێکی گەشەسەندودا وەك دامەزراوەیەکی کۆنی سەدەکانی

ناوەڕاست مایەوە. پاش هەموو ئەوانەی کەباسمان کرد سەبارەت بە ماکسیمیلیان، لە کۆتایدا لەساڵی(1519) کۆچی دوای کرد.

ناپوڵی:ـ

زۆر گرنگە پێش قسە کردنمان لەسەر شارەکانی ئیتاڵیا، سەرێك لە صقلّیەو ناپوڵی بدەین، کە زۆرجار بە دوو صقلّیەکە ناو دەبرا. ئەم وڵاتە لە سەدەی یازدە لە لایەن ئەسکەندەناڤیەکانەوە دامەزراو هەمیشە لەنێوانی پاپاو ئیمپراتۆر دەستاودەستی پێدەکرا، تا ئەوەبوو لەساڵی(1246) کەوتە ژێر چنگی فەڕەنسا. بەڵام لەساڵی (1282) شۆڕشێ بەرپابوو بەناوی شۆڕشی "سیسیلیان فبسپرس"کە بووە هۆی لێك جیاکردنەوەی "صقلّیەو ناپوڵی". ئیدی لەوەوە صقلّیە کەوتە ژێرڕکێفی بنەماڵەی ئەراگۆنی ئسپانی، لە کاتێدا ناپوڵی لەدەستی فەڕەنسادا مایەوە هەتا ساڵی (1442) کە لەم ساڵەدا بنەماڵەی ئەراگۆن توانی زاڵ بێتەوە بەسەر ناپوڵیداو لەگەڵ صقلّیەدا لەیەکیان گرێبداتەوە. ئیتر لەمەوە دوبەرەکیەکی توند لەنێوان ئیسپانیاو فەڕەنسا پەیدابوو، کە کۆتای پێنەهات تاساڵی (1504)، دوای ئەوەی لۆیسی دوازدە وازی لە ناپوڵی هێنا بۆ ئیسپانیا.

هەرێمە پاپەویەکان:ـ

هەرێمە پاپەویەکان لە دەوروبەری ڕۆما دەرکەوتنو بە تێپەڕینی ڕۆژگار گەشەیان کردو فراوان بوون، تا بەشێوەیەکی دانپیاهێنراو بەموڵکەکانی قەشە پترۆس لەقەڵەم دران و کەوتنە ژێر دەسەڵاتی پاپا، ئەمەش کاتێ

ئیمپراتۆرەکانی ڕۆمان لەکاتی شالاوەکانی هۆزە کێویەکان دەسەڵاتیان لەدەستدا. ئیدی پاپاکان هەوڵیاندا موڵکەکانیان فراوان بکەن لەناوەڕاستی ئیتاڵیا، واتا لەنێوان ڕێژگەی روباری " تایبرو دەریای ئەدریاتیك". بەهاتنی سەدەی شازدەش، پاپاکانی ڕۆما وەك میرەکان خەریکی کاری سیاسی بوون لەسەر هەرێمەکانی خۆیانو کرداری وەك ئەوانیان دەنواند. رەنگە پاپا "ئەسکەندەری شەشەم" لەسالانی (1492- 1503) بەناو بانگترینیان بێت بۆئەم شەقڵە، بەهۆی هەوڵە چروپرەکانی بۆ چەسپاندنی کوڕەکەی"سیزاربورجیا"، وەك فەرمانڕەوا بەسەر ئیتاڵیا. جولیسی دووەم کە لەدوای ئەلیکسەندەر بەپاپا هەڵبژێردرا، لەوەی پێشووی خراپتر بوو، گرنگی زۆری بە لایەنی دبلۆماسیو سەربازی دەدا، هەروەك سەرقاڵی هاوپەیمانی بەستن بوو لە دژی فەرەنساو میرنشینە ئیتاڵیەکان. گرنگی دانی ئەم پاپایە بەلایەنی رامیاری زۆر زیاتر بوو لەگرنگی دانی بەئاین[1].

لەسەدەی شازدە ژمارەی خەڵکی ڕۆما دەگەیشتە (100) هەزار کەس. ئەم شارە سەرەڕای ئەوەی پایتەختی جیهان کاسۆلیکی بوو، شوێنەوارە ڕۆمانیەکانیشی لەخۆدەگرت. گەشتیارانو حاجیان لەهەموو بەشەکانی ئەوروپا روویان تێدەکرد. گەشتیارانو سەردانی کاران (حاجی) هۆکارێ بوون بۆ زیادبوونی داهاتی ئەم شارە سەرەرای داهاتی کەنیسە، لەبەر ئەوە ئەم شارە لەسەر ئەم داهاتە دەژیا کەلەم دووسەرچاوەوە سەرچاوەی دەگرت.

Political and Cultural History of Modern Europe ‹ Carlton‹-Hayes 1 pp.3-46.‹1936)‹(New York

شارەکانی ئیتاڵیا:-

باسی شارەکانی ئیتاڵیا دەکەین، ئەو شارانەی کە بەهۆی خۆشگوزەرانی وگەشانەوەی وێژەو هونەر تیایدا ناوبانگێکی مەزنیان پەیداکرد، بەشێوەیەك کە لە کۆتایەکانی سەدەکانی ناویندا هیچ جێگایەکی ئەورووپا ئەم ناو دێریەی نەبوو. ئەم شارانە پەیڕەویان لە دەسەلاتێکی سیاسیو بەڕێوەبردنێکی سەربەخۆ دەکرد. بەهۆی ئەو هێرشانەی کە دەیانکردە سەریەکتری، دوژمنایەتیو نەیاریەتیان لەگەڵ یەکتری توندو سەختتر بوو، هۆکارێکیش بوو بۆ زاڵبونی دوژمنانیان بەسەریاندا، سەرەڕای وێرانکاریەکی زیانگەیەن کە بوو بە بەشی ئیتاڵیاو، یەکیەتی ئیتاڵیاشی چەند سەدەیەك دواخست. گرنگترینی ئەم شارانەش لەسەدەی شازدەدا، بریتی بوون لە (میلانۆ فلۆرەنسا ڤینیسیا جەنەوا).

دۆقیەی میلانۆ:-

لێرە باسی دۆقیەی میلانۆ دەکەین، ئەو میلانۆیەی کە لەسەدەکانی ناوەڕاست سەر بە ئیمپراتۆریەتی ڕۆمانی پیرۆز بوو، وە بنەماڵەی ڤیسکۆنتی فەرمان ڕەوایی دەکرد. جا کاتێك لەساڵی (1447) دواهەمین فەرمان ڕەوای ئەو بنەماڵەیە مرد کە لەسەرمیلانۆ فەرمان ڕەوا بوو، دەسەلاتی میلانۆ بوو بە کۆماری. بەلاَم ئەوانەی ئەم کۆمارەیان بەڕێوە دەبرد چونکە لێهاتوو نەبوون لە بواری سیاسیو ئیداری، "فرانسیسکۆ سفورزا"یان– وەك سەرۆك سوپا دیاری کرد بەمەبەستی جەنگان لەگەڵ ڤینیسیا. شایەنی باسە ناو براو یەکێ بوو لەوانەی خواستی جێگرتنەوەی بنەماڵەی ڤیسکۆنتی هەبوو. هەر

لەبەر ئەم ئارەزووە دەروونیەی کە نەیتوانی دەست بەرداری بێت، لەماوەی سێ ساڵدا هەستا بەکودەتایەکی سەربازیو پاش سەرکەوتنی، خۆی وەك سەرداری میلانۆ دیاری کرد. یەکێ لەکارەکانی بریتی بوولە کۆتای هێنان بەجەنگی ڤینیسیا و، بەپێی پیمانی"لۆدی". فرانسیسکۆ بۆخۆی پیاوێکی بەتواناو کارابوو وەك دۆق دانی پیاداهێنرا. سەرەڕای ئەوەی هەندێ لەدیاردەکانی حکومەتی کۆماری هێشتەوە، بەلاّم لە ڕاستیدا دیکتاتۆر بوو لە سەپاندنی بیرو ڕاکانیدا. "فرانسیسکۆ" هەستا بە کردنی هەندێ کاری گشتی لەڕووی مەدەنی وسەربازی، وە گوزارشتی بەوە بۆخۆی کرد، کە داواکاری سیاسەتو پارێزەری هونەرە. بەلاّم لەدوای هەموو ئەمانە لە سەردەمی کوڕەکەی "لودڤیکۆ سفورزا"، "لۆیسی دوازدە" بەناوی بنەماڵەی "ڤیسکۆنتی" دەستی بەسەر میلانۆ داگرتو تاساڵی (1512) تیایدا مایەوە. بەلاّم لەو ساڵەدا لەلایەن "کۆمەڵەی پیرۆز" لۆیسی دوازدە شاربەدەرکراو یەکێکیتر لە بنەماڵەی سفورزا بە فەرمانڕەوا دانرایەوە[1].

فلۆرەنسا:-

ئەم شارە، شاری "دانتیو داڤنشیو میخائیلو رەفائیلە"، کە بە گەشانەوەی وێژەو هونەرو دامەزراوە ئازادەکانی بەناوبانگە. شێوازی فەرمانڕەوایی تیایدا تاڕادەیەك دیموکراسیە. ئەم شارە دابەشکراوە بەسەر

1962) pp. ، The world of humanism (harper،Mayron p. Gilmore 1 108-107

چوار گەڕەکی گەورە، هەر گەڕەکێکیش دابەشکراوە بە گەڕەکی لەخۆی بچوکتر بەمەبەستی سانا کردنی بەڕێوە برانی. جا پالێوراوانی هەر یەك لەم گەڕەکانە، نوێنەرایەتی بیست و یەك سەندیکای ئەم شارەیان دەکردو ئەندامانی ئەنجومەنی سنیوری بالآیان هەڵدەبژارد کە فەرمانڕەوایەتی ئەم شارەیان دەکرد. دامەزراوە دیموکراسیەکانی تری کەمتر گرنگی هەبوو.

ئەنجومەنی "سنیوری" فەرمانڕەوای خستبووە ئەستۆی خۆی، کە پێکهاتبوو لە هەشت ئەندام، ئەم هەشت ئەندامەش نوێنەرایتی هەر چوار گەڕکەکەیان دەکرد، واتا هەر گەڕەکەی دوو ئەندامی لەم ئەنجومەنەدا هەبوو. دادوەریش لەم ئەنجو مەنەدا ئەندام بوو. لەمەوە سەرجەمی ئەندامانی دەبوو بەنۆ ئەندام. ڕێگەی هەڵبژاردنی ئەم ئەندامانە بە تیرو پشك بوو، ئینجا دوای تەواو بونی هەڵبژاردن، ئەنجومەنی هەڵبژێردراو بۆماوەی دوومانگ فەرمان ڕەوایی دەکرد، هەر لەبەر ئەوەش لەماوەی ساڵێکدا شەش حکومەت فەرمانڕەوایەتیان لەم شارەدا دەکرد. بۆ ئەم ئەنجومەنە دوو ڕاوێژکارو دوو یاریدەدەر هەبوون. هەروەها دوو ئەنجومەنی تریش هەبوون کە پێیان دەوترا "ئەنجومەنی گەل"و "ئەنجومەنی شارەوانی"، ئەرکی ئەم دوو ئەنجومەنە بریتی بوو لەڕەزامەندی نواندن لەسەر پێشنیارەکانی "ئەنجومەنی سنیوری" کە لەماوەی دو مانگی فەرمان ڕەواییدا پێشکەشی دەکرد. وە لە بارودۆخە ناهەموارەکاندا داوای کۆبونەوەی پەرلەمانی دەکرد. جا هەر لەکاتی بیستنی زەنگی گەورەی شار سەرجەم ئەنجومەنە نیشتمانیەکان کۆدەبونەوە. ئەمەش لە پێناوی دامەزراندنی دەستەیەك

کەهەڵبستێت بە چاکسازی گشتی، وە پەیڕەو کردنی دەسەڵاتێکی فەرمان ڕەوایی لەکاتە پڕکێشەکاندا. سەرەڕای هەبوونی "ئەنجومەنی سنیوری"، کەچی لیژنەیەکی هەشت کەسیان هەبوو کە هەڵدەستا بە بەڕێوەبردنی پۆلیس. ئەمەو جگە لە هەبوونی دوو لیژنەی تر کە یەکیان لە شەش ئەندام پێکدەهاتو سەرپەرشتیاری کاروباری بازرگانی دەکرد، ئەوەی تریشیان لە دە ئەندام پێکدەهاتو بەرپرسیاری جەنگو ئاشتی بوو، شایەنی باسە ئەم لیژنە دە کەسیە لە کاتەکانی جەنگدا دادەمەزرا.

ئەمانە سەبارەت بە شێوازی فەرمانڕوایی شارەکە. لێرەوە باسی چەند گۆرانکاریەك دەکەین کە لەنیوەی دووەمی سەدەی پازدەهەم بەسەرحوکمی شارەکەدا هات، کە کاری تەواوی کردە سەر فلۆرەنساو دەورووبەری.

"کۆسمیۆ دی میدیدچی" سەرۆکی بنەماڵەی میدیدچی بوو، بەناو بانگ بوون بە بازرگانیو دراوگۆڕی. "کۆسمیۆ" توانی لە نیوەی یەکەمی سەدەی پازدە، فەرمانڕەوایی فلۆرەنسا بگرێتە دەست، ئیتر لێرەوە ڕژێمی دیموکراسی ئەم شارە لە دیموکراسیەوە گۆڕا بۆ شێوازی فەرمانڕەوایی ئۆلیگاریکی. "کۆسمیۆ" هەستا بەدانانی رژێمی پشکنینو بژارکردنی لیستەی ناوەکان لەکاتی هەڵبژاردن، بەهۆی ئەمەشەوە توانی زاڵ بێت بەسەر دەسەڵاتو توانی گەنجینەی فلۆرەنساو گەنجینەی بنەماڵەی خۆی بکات بەیەك . رۆژگاری"کۆسمیۆ" بەناو بانگە بەئۆقرەییو هێمنی. "کۆسمیۆ" تا ساڵی (1449) ژیا، لەپاش خۆی (پیرۆ)ی کوڕی جێگەی گرتەوە، بەڵام ماوەیەکی کەم دەسەڵاتداربوو، هەرزوو (لۆرینزۆ)ی کوڕی شوێنی گرتەوە.

"لۆرینزۆ" پێی دەوترا لۆرینزۆی گەورە، ئەوەندە گرنگی بەزانستو وێژەو هونەردا، ڕۆژگارەکەی بەسەردەمی زێڕین ناسرا[1].

لۆرینزۆ لە ساڵی (1469 –1492) فەرمانڕەوایی کردو شێوازی کۆماری بۆ فلۆرەنسا هێشتەوە. لەپاش مردنیشی قەشەیەك بەناوی "سافۆنارولا" سەرپەرشتی شۆڕشێکی کرد. "سافۆنا ڕولا"بەمەبەستی دانانی سیستەمێکی گەورەو شیاو بۆ فلۆرەنسا، ڕێبەری گفتوگۆی یاسای دەکرد. لە ساڵی (1492)"چارلسی هەشتەم"ی پاشای فەرەنسا هەڵمەتی بردە سەر فلۆرەنساو بنەماڵەی میدیتچی لە فەرمان ڕەوایی دەرکرد. سافۆناڕۆلای قەشەش پێشوازی لێکردو لەڕوی مادیو مەعنەویەوە یارمەتی دا، بەهۆی ئەمەوە سافۆناڕولا توانی چوار ساڵ فەرمان ڕەوایی بکات. ئیدی هەرلەدوای گەڕانەوەی چارلسی هەشتەم، سافۆنارولا بە دەسیسەیەك لەلایەن دووژمنە فلۆرەنسیەکانی لەساڵی (1498) لە قەنارە درا.

دووبارە فەرەنسا بە سەرکردایەتی پاشای نوێ، لویسی دوازدەهەم ڕووی کردەوە فلۆرەنسا، سیستەمی کۆماری لە ژێر فەرمانڕەوایەتی فەرەنسا لەم شارەدا تاوەکو ساڵی (1512) بەردەوام بوو، کاتێك لەم ساڵەدا هاوپەیمانی پیرۆز لە نێوان پاپاو ئیمپراتۆر ماکسیملیانو فردیناندی پاشای ئیسپانیا پێکهاتو فەرەنسایان لە ئیتالیا دەرپەڕاند. ئیدی بنەماڵەی میدیتچی جارێکی تر لە فلۆرەنسادا گەڕایەوە سەر دەسەلات.

Ibid; pp. 111- 114– 1

ڤینیسیا:-

ئێرەشاری ڤینیسیایە. شارێکی بازرگانیەو دەکەوێتە سەر دەریای ئەدریاتیك، چینێك لە بازرگانان فەرمان ڕەوای دەکەن، هەر لەبەر ئەمەش شێوازی دەسەلاتداریەتی تیایدا ئۆلیگاریکی بوو. ئەم ڤینیسیایە بەهۆی ئەوپێگەجوگرافیەی هەیبوو (کەوتبووە سەر دەریای ئەدریاتیك)، توانی ئیمپراتۆریەتێکی بازرگانی دابمەزرێنێ لەسەر کەنارەکانی ڕۆژهەلاتی دەریای ناوەڕستو باکوری خۆرهەلاتی ئیتالیا. بەم شێوە دەستمایەی ڤینیسیا لەسەدەی شازدەدا گەیشتە (3000) کەشتیو (300) هەزار دەریاوانو سوپایەکی گەورەو دەسەلاتێکی بەهێز. وە بەهۆی ئەو سەروەتەی کە لە سەردەمی جەنگی خاچیەکانەوە لە ڕێگەی بازرگانیەوە کۆی کردەوە، ناوبانگێکی گەورەی بەیداکرد، بوو بەخاوەنی پیشەسازی شوشەو کوتالی ئاوریشمو دروستکردنی زێڕو زیو.

دەسەلاتی سیاسی لەڤینیسیادا درایە دەستی چەند سەرپەرشتیارێك کە دەسەلاتی سیاسیان بەڕێوەدەبرد. لەوانە: -

1- "دوج" کە لەدوای هەلبژاردنی، بەدرێژایی ژیانی سەرپەرشتی دەسەلاتی جێبەجێ کردنو سەرۆکایەتی دەولەتی دەکرد.

2 - ئەنجومەنی ناوەندی، کە لە دە ڕاوێژکار پێکدەهات، بەلام دوج سەرپەرشتی دەکردن .

3- ئەنجومەنی مەزن (گەورە) کەلەلایەن بازرگانانو خانەدانان سەرۆکایەتی دەکرا.

4ـ ئەم بارە هەروا درێژەی نەکێشا، ئەوەبوو لەساڵی (1454) سێ پشکنەر (موفتیشین) زاڵ بوون بەسەر ڤینیسیا. بەشێوەیەکیش زاڵ بوون کە لە توانایاندا هەبوو فەرمانی لە قەنارەدان دەربکەن و کاری پێبکەن، وە دەست بخەنە ناو گەنجینەی دەوڵەت و بەحەزی خۆیان یاسا دابڕێژن. ئەوان کۆمەڵێك لە سیخوڕو شوفارانیان بەکار دەهێنا بۆ گرتنی هەر کەسێکی گومان لێکراو. ئەوپردەی لاشەی قوربانییانیان بەسەردا دەپەڕاندەوە، کەپشکنەرەکان بە نهێنی کوشتبویان، بە ئاخ هەڵکێشان ناوی دەرکرد.

سەرەڕای هەموو ئەوانەی کە ڤینیسیا لە سەردەمی تۆقاندندا بینی، بەڵام لەناوەخۆدا سەلیم بوو، لە کاتێدا شارەکانی ئیتاڵیا ببوونە گۆڕەپانی جەنگ. هەرچۆنێك بێت ڤینیسیا یەکەم وڵاتی ڕۆژئاوایی بوو پەیڕەوی کرد لەناردنی دیبلۆماسان و نوێنەران، بەهۆی ئەمەش پێگەیەکی سیاسی گرنگی دروست کرد لەناو وڵاتانی ئەورووپا.

سەرەتاکانی پەشێوی و داڕوخان لەڤینیسیا دەرکەوت، دوای ئەوەی عوسمانییەکان بازرگانیەکەیانی لەناوبرد لەخۆرهەڵاتی دەریای ناوڕاستلەلایەکی تریشەوە بەهۆی ئەوەی کە ڕێگەی بازرگانی گۆڕانی بەسەرداهات و لە دەریای ناوەڕاستەوە گوازرایەوە بۆ زەریای ئەتڵەسی، وە لەئەنجامی دۆزینەوە جوگرافیەکان بازرگانیەکەی زیانێکی گورچك بڕی بەرکەوت. وەلێ لەگەڵ ئەوەشدا ڤینیسیا وەك کۆمارێکی سەربەخۆ مایەوە، تاوەکو ناپلیۆن لەساڵی (1797)دەستی بەسەردا گرت[1].

Ibid; pp. 115- 11 1

جەنەوا:ـ

جەنەواش وەك یەكێ لەشارەكانی ئیتالیا گرنگی خۆی هەبوو، لەڕووی بازرگانیەوە لەدوای ڤینیسیاوە دەهات و كێبڕكێیەكی بەهێز لەنێوانیاندا هەبوو. بەڵام جەنەوا توشی شكستێكی سیاسی بوو بەهۆی ئەوەی لۆیسی دوازدەی پاشای فەرەنسا لەساڵی (1499) شالاوی بردە سەرو توانی دەستی بەسەردابگرێت. جەنەوا بەم شێوەیە مایەوە، تا لەساڵی (1528) لەسەر دەستی یەكێ لە ڕۆڵەكانی بەناوی (ئەندی دوریا) لەدەستی فەرەنسا ڕزگاركراو كۆماری بۆ گەڕێندرایەوە.

سەبارەت بە شارەكانی تری ئیتاڵیا ئەوەندە هەیە كەبڵێین:شێوازی دەسەلاتداری ئەوان زیاتر نزیك بوو لەشێوازی فەرمان ڕەوای میلانۆ. وەك لەهی فلۆرەنساو ڤینیسیا، زۆرینەی دەسەلاتدارانیشیان بەسەریانەوە ستەمكار بون .

سافۆی:ـ

سافۆی دۆقیەك بوو كەوتبوە باكوری خۆرئاوای ئیتالیا لەناوچەكانی زنجیرەچیای ئەلپ. سافۆی هیچ گرنگیەكی نەبوو تاوەكو سەدەی نۆزدە نەهات، ئەمەش كاتێ یەكیەتی ئیتالیا هاتەدی. بەلام لەگەل ئەمەشدا سافۆی لەكۆتاییەكانی سەدەكانی ناوەڕاست خاوەنی پەرلەمانێك بوو كەبەشێوەیەك لەشێوەكان لەپەرلەمانی ئینگلیزی دەچوو، ئەمەولەپاڵ هەبوونی دۆقێك كە مەیلی دەسەلاتی ڕەهای هەبوو. ئەگەرچی دۆق لە توانایی دانەبوو بەتەواوی كەڵك وەرگرێ لەدامەزراوە دیموكراتیەكانی[1].

Ibid; pp. 108-109 1

زەویـە نزمەکـان:-

زەویەنزمەکان لەحەڤدە هەرێم پێك هاتبوون. ئەم زەویانە دەکەوتنە سەر کەنارەکانی خواروی دەریای باکور. ئەم زەویانە جگە لەهۆڵنـدە، بـەلجیکای باکوری خۆرهەلاتی ئەو کاتی فەرەنساشی دەگرتەوە. زۆرترینی خـەڵکی ئـەم ناوچـانە لەڕەگـەزی فلمنکـیو هۆڵنـدی پێکـدەهاتنو بـەزمانی فەرەنـسی دەدوان، سـەرەرای بەشـی باشـوری کـە لەڕەگـەزی ئـالوالونی بـوون، بەهامانشێوە بەزمانی فەرەنسی قسەیان دەکرد .

ئەم ناوچانە لە ڕابردودا لەژێر سۆزی خانـەدانو دەرە بەگـەکان دابـوون، بەلأم بەتێپەڕینی ڕۆژگار لەنێوان سەدەکانی دوازدەو چواردە چـەند شـارێکی گرنگ سەریان هەڵدا. ئەم شارانە بەشێوەیەك دەوڵەمەنـد بـون، کەبەهۆیـەوە توانیان ئـازادیو سـەربەخۆیی لـەمیرو دەرەبەگـەکان بەدەسـت بێـنن، ئیـدی لێـرەوە بـوون بـەکۆماری سـەربەخۆو خـاوەن ئەنجومـەنی شـارەوانیو بەڕێوبەرایەتی تایبـەتیو دامـەزراوەی دیموکراسـی. لـەم شـارانە پیـشەسازی بەگشتی پەرەی سەند، بەتایبەت پیشەسازی کوتاڵو خـوری لەفلانـدروز، کـە لە بەریتانیا وئیسپانیاە دەیهاورد. گرنگترینی ئەم شـارانەش بریتـی بـون لـە: (برجس،ئەنتویرب، برۆکسل، لیج ، اتریختو ڕۆتردام).

بـرجس لـەگرینگترنی شـارە بازرگانیـەکانی زەویـە نزمـەکان بـوو کـە هیـسیەکان کردبویـان بەناوەنـدی خۆیـان. بـەلأم چـەند هۆکارێك بونـە هـۆی پەیدابونی پەشێوی لە کاری بازرگانی ئەم شارە. لەوانە هـەبونی نیـشتویەکی زۆر لـەناو ئـەو ڕوبـارەی کـە کەشـتیوانیان تیـادا دەکـردو دەبـووە تەگـەرە

لەبەردەم هاتوچۆی کەشتیەکان، هەروەها بازرگانە شارنشینەکان لە سەدەکانی ناوەڕاستەوە کۆتو بەندیان خستبووە سەر بازرگانیو ئامادەش نەبوون بیگۆڕن. ئیتر بەهۆی ئەمانەوە بازرگانی ڕووی کردە بەندەری ئەنتۆریب کە باشتر بوو بۆ کەشتیوانیو کاری بازرگانی، لە ئەنجامدا ئەم ناوچەیە بو بەناوەندی بازرگانی ئەورووپا لە سەدەی شازدەدا.

فەرمانڕەوا بۆرگەردییەکان لە سالّی (1384)ەوە توانیان فراوانخوازیبکەن لەسەر حسابی زەویە نزمەکان، ئیدی ئەوەندەی نەبرد هەر حەڤدە کانتۆنەکانیان یەك لەدوای یەك خستە ژێر دەستی خۆیان. ئەم زالّ بوونەشیان لە ڕێگەی کڕینو هاوسەر گیریو هێزو پیلانو هاوکاری پیاوانی ئاینیو خانەدانەکان بۆ دەستە بەر بوو. ئەمە لەکاتێدا شارنشینەکان بەرهەڵستیان دەکردن. بازرگانی زەویە نزمەکان لە فراوانیو گەورەبون دابوو، لەو کاتەوەی کەوتە ژێردەسەلاّتی میرە بۆرگەندیەکان لەسالّی (1433) لەسەردەمی فیلپ. شایەنی باسە ئامانجی فلیپو کوڕەکەی چارلسی چاپوك، دامەزراندنی هەرێمی بۆرگەندیا بوو لەنێوان ئەڵمانیاو فەرەنسا[1].

پەرلەمانی گشتی کە نوێنەرایەتی هەر حەڤدە کانتۆنەکەی دەکرد، لە سالّی(1465) لەبرۆکسل کۆبوویەوە. پاش هەشت سالّ ئەنجومەنی دادوەری بالاّپێکهات، کە هەڵدەستا بە ڕێکخستنی کاروباری دارایی. بەلاّم لۆیسی یازدە هەر خەریکی پیلان گێڕان بوولەدژی چارلسی چاپوك، کەبووە هۆی

120-121.،bid; pp.78-80 I

دروست نەبوونی وڵاتی بۆرگەندیا. دوای کوژرانی چارلس لە جەنگی "نانسی" لە ساڵی (1477)، لۆیس بۆرگەندیای بە فەرەنساوە گرێدا، لە کاتێکدا ماری کچی چارلسی چاپوك، ببوو بە خاوەنی زەویە نزمەکان. ماری لەهەمان ئەو ساڵەی کە باوکی کوژرا شوی کرد بە ماکسیمیلیان، (کەلەدوای ساڵی 1493 ببووبە ئیمپڕاتۆر)،ماریش لەساڵی (1482) کۆچی دوایی کردوو کوڕەکەی فیلپ بوو بە میر بەسەر زەویەنزمەکان، کاتێکیش فیلپی کوڕی ماری لەساڵی(1506) لەدنیا دەرچوو، کوڕەکەی چارلس بووبە میری ئەم ناوچەیە. چارلس هەوڵی دا بەدوای میرە بۆرگەندیەکان بکەوێ، کە خۆی دەبینیەوە لە یەکگرێدانی سەرجەم هەرێمەکانو کۆکردنەوەیان لەژێر چەتری حوکمەتێکی ناوەندی بەهێز. بەڵام لەبەرئەوەی چارلس خەرجیە جەنگییەکانی خستبووە ئەستۆی شارنشینەکان، خەڵکی شارەکان ڕووبەڕوی بونەوە. شایەنی باسە خاوەن زەویەکانیش بەرهەڵستی چارلسیان دەکرد بەهۆی کەم بونەوەی داهاتو بەرزبەنەوەی نرخەکان. لەسەردەمی چارلس دا بارودۆخ شڵەژابوو، میری هەرێمی گیلدر هەوڵیدا میرەکان والێبکات گوێڕایەڵی چارلس نەکەنو لە فەرمانەکانی دەربچن. ئەو شۆڕشەی کەمیری گیلدر هەڵیگیرساندبوو لەلایەك، لەلایەکی تریشەوە بەردەوام بونی جەنگە درێژخایەنەکانی، کاریگەری خراپی کردە سەر ئابوری وڵات. بەڵام سەرەڕای ئەوانەش دانیشتوانی هۆڵندا دڵسۆزانە بۆ چارلس مابونەوەو گوێڕایەڵیان دەکرد، هەرچەندە سەرەتاکانی شۆڕش لە ڕۆژگاری ئەمدا لەدەرکەوتن دابوو.

لەناو موڵکەکانی شارلی پێنجەم، زەویە نزمەکان لەهەمویان پڕ داهات تربوو. چەند شارێکی بچوك دەرکەوتن کە کاری کردە سەر ڕێگەی

پیشەسازی قوماش‌و کانزای(خەڵوز وئاسن)ی لیج‌و نامور. شارە باکوریەکان خەریکی کاری کشتوکاڵ‌و بازرگانی بون، لەم لاشەوە شارە کەناریەکان بەهۆی ڕاوی ماسی‌و بازرگانی، ببون بەخاوەن سامان. لە لایەکی تریشەوە ئەنتۆریب بەهۆی هەبونی بەندەرێکی گەورەو گرنگ، پێگەیەکی بازرگانی بەرزی لە ئەوروپا بەدەستهێنا. شارە هوڵندیەکانیش خۆیان هەڵدەکێشا بە دامەزراوە ئازادو سەربەخۆکانیان‌و بێزارییان دەردەبڕی لە دەستێوەردانی ئیسپانیاو وڵاتە بیانیەکان لەکاروباری ناوخۆیان. لە ساڵی(1540) خەڵکی شاری غنت شۆڕشیان هەڵگیرساندو بێزاری‌و تورەیی خۆیان دەربڕی لە دژی سیاسەتەکانی (چارلس)ی ئیسپانی و، لەناوبردنی سامانیان‌و بەکارهێنانی بۆ پرۆژە ئیسپانیەکان‌و ئەو جەنگانەی کە ئیمپڕتۆریەتی ڕۆمانی پیرۆز لەدژی فەڕنساو ئیتاڵیا هەڵیگیرساندبوو. ئەوان وایان گوزارشت دەکرد کە هەموو ئەوانە لە دژی بەرژەوەندیە ئابوریەکانی هۆڵندا تەواو دەبێ[1].

حکومەتە نەتەوەییە نوییەکان

لەدوای ڕوخان‌و هەرەسهێنانی ئیمپڕتۆریەتی ڕۆمانی لە سەرەتای سەدەکانی ناوەڕاست، حکومەتە نەتەوەیەکان دروست بوون وچەکەرەیان کرد. ئەمەش لەدوای هەوڵی بێ وچانی پاشاکان کە بۆ فراوان کردنی دەسەڵاتیان و، زاڵ بون بەسەر دەسەڵاتی تردا لە هیچ هەلێك خۆیان نەدەبوارد. کاتێك سەدەی شازدەهەم هات، چەند گۆڕانکاریەك بەسەر ئەم حکومەتانە داهات و، دەسەڵاتی پادشاکان ڕووی کردە پادشایەتی ڕەها.

---

op. cit; 229- 232.،Green 1

لێرەدا چەند هۆکارێك باس دەکەین کە یارمەتیدەر بوون بۆ سەر هەڵدانی پادشایەتی ڕەها:ـ لەوانە:

1- لە سەدەکانی ناوەڕاست میرو دەرەبەگەکان لەمپەربوون لە بەردەم بەهێز بونی دەسەلآتی پادشاو دەسەلآتی ناوەندیو ئەمان دەسەلآتی پادشایان کۆت کردبوو بە هۆی دامەزراندنی پەرلەمانو ئەوبەربەربژاریانەی کەوەریان گرتبوو. بەلآم ئەم بارە لە کۆتایی سەدەکانی ناوەڕست بە نسبەت میرو دەرەبەگەکان کەوتە لێژی، بەشێك لەوانە دەسەلآت وهێزیان لەدەستدا. هەندێکی تر لە میرو دەرەبەگەکان لە جەنگە خاچیەکان کوژران، هەروەها بەهۆی ئەو جەنگانەی کە لە گەڵ یەکترو لەگەڵ پادشاکان دەیان کرد، زۆریان بوون بە سوتەمەنی ئەو جەنگانە، بەشێکی تریان کۆچیان کردە خۆرهەلآت، هەندێکی تریشیان لە لادی یەوە ڕۆیشتنە شارەکان وخۆیان خەریکی بازرگانی کرد لەگەڵ خەڵکی شارەکانو بەهەویای پەیدابونی دەسەلآتێکی پاشایی ناوەندی بوون بۆ پاراستنی بەرژەوەندیە ئابوریەکانیان. کەواتە ئەم هۆکارانە وای کرد کە میرو دەرەبەگەکان لەناوچنو دەسەلآتیان نەمێنێ، ئەوەیشی کەمابونەوە، پاشاکان بە زەبری هێز ملکەچی خۆیان کردنو کردیانن بە پاشکۆی خۆیان.

2- بە ڕاستی جەنگە خاچیەکان بووە هۆی گەشەپێدانی بازرگانی نێوان خۆرهەلآت وخۆرئاوا، لەلایەکی تریشەوە گەشتکردنی ئاسان کرد بۆ ولآتە دوورە دەستەکان. بەمەش چینی ناوەڕاست سەریهەڵداو گەشەی سەندو سەروەتو سامانیان زیادی کرد. ئەم چینە بۆ پاراستنی بازرگانیو سامانو

کاروانە بازرگانیەکانیان لە مەترسی گومرگو جەنگی نێوان میرەکان، حکومەتی ناوەندیان بەباشترین ڕزگارکار دەزانی، بۆیە هاوکاری تەواوی پاشایان کردو، لە هەوڵی بەهێزکردنی دابون.

3-جەنگی خاچیەکانو بازرگانی کردن، گۆڕانکاری گەورەی بەسەرکارو کردەوەی میروپیاوانی ئاینی داهێنا. میرو پیاوانی ئاینی لە سەرقاڵ بوون بە ڕامیاری ناوخۆوە، گواستەوە بۆخۆخەریککردن بە ئیشو کاری دەرەوە، وای لێکردن پرۆژەی پڕقازانج لەوولاتە دوورە دەستەکان دابمەزرێنن. ئەمەش بۆشاییەکی سیاسی دروست کرد، کەوای کرد پاشاکان ئاسانتر دەسەلآتی خۆیان بەهێز بکەن.

4-خۆی لەخۆیدا کلێسا دووژمنی سەرسەختی پادشایی ڕەها بوو، بەلآم لەوکاتەدا کەنیسە خۆی کرد بەنەیاری دەرەبەگەکانو لەهەوڵی لە ناوبردنی ئەو ئاژاوەو بەربەرێیەتە بوو کەلەسەدەکانی ناوەڕاستدا ئەوروپای گرتبووەوە. ئەمەش وای لێکرد لەگەڵ چینی ناوەڕاست پشتگیری پادشا بکەن، بە مەبەستی لەناوبردنی ئاژاوەو دەسەلآتی دەرەبەگەکان. ساکاتێکیش پادشاکان لەسەرەتاکانی سەردەمی تازە دەستیان کرد بەسازکردنی هەڵمەت لە دژی کلێساو پاپا، ئیدی پیاوانی ئاینی خۆیان بەلاوازی بینی بەهۆی ئەم دژایەتی کردنەی کەلەڕابردودا دەیانکرد لە دژی میروئیمپراتۆرەکانو هەلگەڕاوە وەرتەقەکان، ئەم لاوازیەیان بەشێوەك بوو، کە لەتوانایان دانەبوو بەرەنگاری دەسەلآتی پادشایەتی ببنەوە، هەربۆیە خۆیان ملکەچی دەسەلآتی پادشاکان کردو بوون بە پشتیوانی پادشایەتی ڕەها. هەڵبەت

پیاوانی ئاینی بۆیە وا ملکەچ بون، چونکە بەم لاوازی وبێ توانایییەی خۆیان دەزانی. خۆیان وا بینی کەناتوانن بەرگری بکەن لە هەڕەشەی پاشاکان.

5- ڕەنگە هاوپەیمانی بونی چینی ناوەڕاست لەگەڵ دەسەلأتی پادشایی ڕەها، یەکێ بێت لە دیاردە هەرە گرنگەکانی سەردەمی گواستنەوە لەسەدەکانی ناوەڕاستەوە بۆسەردەمی تازە. چینی ناوەڕاست گەشەیسەندو سامانیان دای لەزیادیو خوێندەوەران زۆر بوون، دەرچووانی زانکۆکان کە ڕۆڵەی ئەم چینە بوون، زیادیان کرد. جاکاتێك پاشاکان ویستیان بەڕێوە بردنێکی کاراو چالاك بۆحوکمەتەکانیان دابمەزرێنن، چینی ناوەڕاستیان بەتایبەت خوێندەوارەکانیان بەباشترین خەڵك زانی بۆپێ سپاردنی کاروباری حوکمەتەکانیان کە دەیانویست بەشێوەیەکی تازە دایمەزرێنن. ئیدی لێرەوە فەرمانبەرانو ڕاوێژکاران لەخوێندەوارانی چینی ناوەڕاست پێکهێنران. ئەم چینەش لەڕێگەی باجەوە ماڵی بە دەوڵەت دەخشی بۆ تێچونەکانی کاروباری دەوڵەت و، ئەوجەنگانەی پاشاکان کە لەدژی دەرەبەگەکان سازیان دابوو. پاشاش لەبەرامبەرئەمە چەند بەربژاریەکی بەچینی ناوەڕاست بەخشی، لەڕووی بازرگانیو قۆرغکاریو یارمەتیدانیان بۆسازدانی پڕۆژەی پڕقازانج. هەروەها بەخششی ماڵی پێدەدان وپارێزگاری لەسامانی چینی ناوەڕاست دەکرد لەڕێگەی پاراستنی هێمنیو ئاسایش. ئەم چینە حکومەتیان کردە حکومەتو دامەزراوەیەکی تازە، لێرەوە پاشاکان بوون بەسەر پەرشتیاری دەوڵەتی نەتەوەییو چینی ناوەڕاستیش تیایدا گەورەترین ڕۆڵی بینی.

بەم شێوەیە بەهەماهەنگی نێوان پاشاو چینی ناوەڕاست یەکگرتنی نیشتیمانی دروست بوو، کەدەمێك بوو ئەم چینە بانگەشەی بۆ دەکرد. ئەمەو جگە لەزیادبوونی هۆشی نەتەوەیی، کەدواتر پادشاهێمای هەرە بەرزی بوو.

6- بەسەرهەڵدانی چەکی ئاگرین‌و تۆپ لەسەدەی یازدەمدا هۆیەکانی جەنگ پێ کردن گۆڕانی بەسەرداهات. ئەم گۆڕانە کاریگەری گەورەی هەبوو لەبەهێزکردنی دەسەڵاتی پاشاکان. پاشاکان بەهۆی هەبوونی سەروەت وسامان، توانیان سوپایەکی سیستماتیك دابمەزرێنن‌و بەچەکی ئاگرین لەتۆپ‌و تفەنگ بەهێزی بکەن، بە مەبەستی وێران کردنی قەڵای میرو دەرەبەگەکان. پاشاکان چیدی پشتیان بەسوپای دەرەبەگەکان‌و هێزی بەکرێگراوەکان نەدەبەست، بەمەش کۆڵەگەی حکومەتیان لەسەر بناغەیەکی بەهێز داناو پایەکانی حوکمەتیان لەناوخۆو دەرەوەدا قایم کرد.

7- دۆزرانەوەی یاسای ڕۆمانی لەکۆتایی سەدەکانی ناوەڕاست گرنگی گەورەی هەبوو لەبەهێز کردنی دەسەڵاتی پاشایی ڕەها. چونکە ئەم یاسایە ڕۆمانیەی کە(جۆستنیان)لەسەدەی شەشی زاینی دایبنابوو، شەرعیەتی دابوو بەپادشا کە بەحەزی خۆی یاسا بۆ دەوڵەت دابنێ وڕەفزی بکات. هەر بۆیە پادشاکان کەوتنە هاندان‌و یارمەتی دانی لێکۆڵینەوە لە یاسای ڕۆمانی. بیروڕای سەدەکانی ناوەڕاستیش دامەزرابوو لەسەرپەیوەست کردنی بچوك بەگەورە لەدەرەبەگیەکاندا، جا بۆرژگار بوون لەوپەیوەست کردنە دەرەبەگیە کە پاشاکان خۆیان زۆر دژایەتی دەرەبەگیان دەکرد، پاشاکان هەستان بەهاندانی خوێندنی یاسا ڕۆمانیەکان لە زانکۆکاندا. ئیدی

لەسەرەتای سەدەی شازدە توێژێك لـە مافناسـان پەیدابوون کـە پـشتیوانی پادشایان دەکرد لەبانگەشەکانیان[1].

8-کتێبــە سیاسـیەکەی "نیکۆلـۆ میکـاڤیللی" پـشتگیری تـەواوی لـە پاشـایەتی ڕەهـا دەکـرد. میـاکیڤیللی ئیتـاڵی لەسـاڵی (1469-1527)لـە کتێبەکەی (میر) ڕۆڵی پاشایەتی ڕەهای بەسەر ڕژێمی پەرلـەمانی دەسـتوری بەرز دەنرخێنێ. ئەم کتابە جیـاوازی دەخاتـە نێـوان ڕەوشـتو سیاسـەت و، جەخت دەکاتەوە لە سـەر (ئامـانج ڕەوایـی دەدا بەهۆکارەکـەی*)، هـەروەها وای گوزارشت دەکرد کە پێویستە پاشا پابەندی هـیچ کۆتو بەنـدێك نـەبێت جا چ ئاینی بێت یان ڕەوشتی. وە پێویستە هـەموو هۆکـارێ بگرێتـە بـەر بـۆ بەرژەوەنـدی وڵاتەکـەی وبـەهێزکردنی پایـەی دەسـەڵاتی. هـەروەها هێـزو زیرەکی بەهۆکاری پاراسـتنی وڵات وبـەردەوامی دەسـەڵات دانـابوو، هـەروەك پێ وابوو پێویستە پاشا لە هێـزدا وەك شـێر بێـتو لـە تەڵەکـەو فێـڵ دا وەك

Hays 1،. C. cit; pp. 23- 28

* ئەمە بەو مانایا دێت کە هەر هۆکارێك بگریتە بەر بۆگەیشتن بەئامانج ئاساییە، ئیدی گرنگ نی یە بەزیانی خەڵکی تەواودەبێ یاخودنا. وە پاشایەك گەر مەبەستی بێت گەلێك ملکەچـی خـۆی بکـات هەرچی بەکاری بێنێ بۆ ملکەچ کردنیان ئاساییە، مادام ئامانجەکەی بەدی دێنێ. لەڕستیدا وڵاتـانی ئەوروپی دەرهەق بەگەلانی خۆرهەلاَت هەموو هۆکارێك دەگرنە بەر بۆزاڵ بـوون بەسـەریاندا. شـیاوی باسـە نـاپلیۆنو هیتلـەرو زۆرینـەی پاشـاکانی سـەدە نوێیـەکان کاریگـەر بـوون بـەم بیروڕایانـەی میکیاڤیللی. هەر خـودی سیاسـەتی عـەلمانیش لەسـەر ئەمـە هەڵچنراوە. وەلێ ئـەم دەقـە هەڵەیـە بەپێی سیاسەتی شـەرعی، چـونکە سیاسـەتی شـەرعی دەڵـێ: وەك چۆن ئامانجت ڕەوایـە دەبـێ هۆکارەکەیش ڕەوابێـت، ئـەگینا ئامانجەکـەیش بـەناڕەوا دادەنـدرێت. واتـا نـابێ بـۆ بـەدی هێنـانی ئامانجێکی حەڵاڵ، هۆیەکی حەرام بگریتە بەر. (وەرگێڕ).

ڕێوی بچێت. شایەنی باسە ئەم کتێبە لەناو زۆرترین پاشایان بڵاو بویەوەو کاریان پێدەکرد.

هەموو ئەو هۆکارانەی کە باسمان کردن، هۆکاربون بۆ دروست بوونی کۆمەڵێ دەوڵەتی نەتەوەیی نوێی سەربەخۆ کە لەلایەن چەند پاشایەکی نەتەوەی سەرپەرشتی دەکران‌و گوێڕیەڵی گەلانیان بۆ خۆیان مسۆگەر کردبوو. ئەمانە توانیان زاڵ بن بەسەر دەرەبەگو کڵێسا. هەروەها توانیان خۆیان بکەن بە پێشڕەوو ڕێنمونیکاری گەلانیان‌و ڕێگەیان خۆش کرد بۆ نەتەوەیەتی نوێ. لەناو ئەو دەوڵەتانەی کە لە سەدەی 16 دەرکەوتن‌و تائەمڕۆش ماون {بەریتانیاو فەرنساو ئیسپانیا وپرتوگال‌و دانیمارك‌و سویدو ڕوسیا}ن، بەشێکیش لەو دەوڵەتانەی کە لەو کاتەدا دەرکەوتن‌و بەچەند بارودۆخێکی کارەسات ئامێزدا تێپەڕین، بریتین لە پۆڵەندا وهەنگاریا، ئەمانە دووبارە لەسەدەی بیستەم توانیان دەربکەونەوە. سەبارەت بە ئیتالیاش ئەوەندە هەیە کە ئیتالیا دابەش ببو بەسەر چەند دەوڵەشارێك‌و نیشتمانی ناپۆلی‌و سقلیە. هەرچی ئەڵمانیاشە ئیمپراتورێك بوو گەشەی نەدەکرد. نەشبوو بەدەوڵەتێکی نەتەوەیی هەتا سەدەی نۆزدە.

ئینگلتەرا:-

دوو دەسەڵاتی نەتەوەیی لە دەوروبەری ساڵی 1500 لە دوورگەی بەریتانیا دەرکەوتن. یەکەمیان خۆی دەبینیەوە لە ئینگلتەرا، دووەمیان بریتی بوو لە سکۆتلەندا. ئینگلترا لە سەدەی نۆی زاینیەوە ولاتێك بوو، بەلأم نەبوو بە دەسەڵاتێکی نەتەوەی نوێ. پادشایە سەرەتاکانیان

ئەنگلۆساکسۆنی بوون و، ئەم ولآتەیان بەموڵکی خۆیان دادەنا. پاشـان ئـەو نۆرمەندیە فەرەنسیانەی کە پێشتر توانیبویان بالآدەست بن بەسەر بەشێکی زۆری فەرەنسا، لـە سەدەی یازدەدا توانیـان دەسـتیش بەسـەر ئینگلتـەڕادا بگـرن. هــەروەها لەســەدەی دوازدە دەســتیان بەسەرناوچــەی(دبلــن) ی ئێرلەندەدا گرتو لە سەدەی سێزدە میرنیـشنی وێلزیـان خـستە ژێردەسـتی خۆیان، هەر بەوەندەش نەوەستان، بەڵکو چەندین هـەوڵی سـەرنەگرتویان دا بۆ سەرکز کردنی سکۆتلەندا.

جەنگی "سەدساڵە" لە (1337 - 1453)، کە بەجـەنگی دوو بنەماڵـەی پاشـای فەرەنـسیو ئینگلیـزی دەسـتی پێکـرد، کۆتایەکیەکـەی بەجـەنگی نەتەوەییو بەسەرکەوتنی فەرەنـسیەکان کۆتـایی هـات، دوای ئـەوەی تـوانی سەرجەم زەویەکانی بگێڕێتەوە دەستی خۆی. دوای ئەمە دەسەلآتی پاشـای ئینگلیزی تەنها لە دورگەی بەریتانیاو ئێرلەندیدا مایەوە. لەم کاتەشدا گیـانی نەتـەوەییو هەسـتە نیـشتمانیەکان لـەلای گـەلی ئینگلیـز گەشـەی دەسـەندو زمـانی ئینگلیـزی مـۆرکێکی وێـژەیی نەتـەوەبی وەردەگـرتو دامـەزراوەکانی قـاڵبێکی نەتـەوەیان وەردەگـرت. لـە دوای جـەنگی "سەدسـاڵە" ئەوەنـدەی نەبرد کە جەنگێکی خوێناوی لە پێناوی بەدەست هێنـانی تـەختی ئینگلیـزی لەنێوان هەردوو بنەماڵـەی "یـۆرك ولانکستەر" هەڵگیرسـاوبەجەنگی "جوتـە گـوڵ" ناسـرا. ئـەم جەنگـە لەسـالآنی (1455– 1485) بـەردەوام بـوو، پاشــان بــە کــوژرانی ســەرکردە "ریــچاردی ســێیەم" لــە پێکهــەڵپرژانی

"بوسورس" کۆتایی هات و "هنری تیودور" بەناوی "هنری حەوتەم" لە ساڵی 1485 جێگەی گرتەوە.

هنری حەوتەم لەساڵانی 1485-1509 فەرمانڕەوایی کردو هەوڵی خۆی خستە گەڕ بۆ پێکهێنانی دەوڵەتێکی بەهێز. بەڵام پەرلەمانی ئینگلیزی هەر لە سەدەی سێزدەوە دەسەڵاتی پاشای کۆت کردبوو. جەنگی (جووتە گوڵ) کە لە ساڵی 1485 کوژایەوەو 30 ساڵ بەردەوامی دا، بە دووشێوە کاری کردە سەر کۆمەڵگەی ئینگلیزی. یەکەم: ژمارەیەکی زۆر لە خانەدانانی هەردوو بنەماڵەی لەناو برد، ئەمەش وای کرد هنری دەست بەسەر ماڵیان دابگرێ و دەسەڵاتیان نەهێڵێ. دووەم: کاتێ کە ئەم ململانەیە درێژەی کێشا، خەڵکی تاسەر ئێسقان بێزار بوون لەم ئاژاوەیەو زۆر ئارەزومەندی ئاشتی بوون. چینی ناوەڕاست باوەڕی وابوو کە هێمنی و ئاشتی ناتوانێ سود بەخشبێت، تەنها کاتێك نەبێت کەدەسەڵاتی پاشا بەهێزبێت لەسەر حیسابی خانەدانان.

هەر چۆنێك بێت هنری حەوتەم توانی پاشایەتییێکی بەهێز بچەسپێنێ، بەشێوەیەك توانی بەردەوامی بەخۆی بدا تا ناوەڕاستی سەدەی حەڤدە و، هەڵگیرسانی شۆڕشی ئینگلیزی.

هنری حەوتەم بەدەستێکی پۆلاین هەموو شۆڕشێکی یاخی بوونی سەرکوت دەکرد، هەروەها دادگای باڵای دامەزراند بۆ دادگایی ککردنی خانەدانەکان کە دواتر بە دادگای هۆڵی ئەستێرە ناونرا. هنری حەوتەم ئابووری ناس بوو، سیاسەتێکی ئابوریانەی لەناوخۆدا گرتەبەرو لەدەرەوە

پابەندی سیاسەتێکی ئاشتیانەبوو. هنری بڕی تێچونەکانی کەم کردەوەو، بڕیاری زیاد کردنی داهاتی ولآتی دا لە ڕێگەی داچاندنی زەویەکانی پاشایی. هەروەها بڕیاری کۆکردنەوەی باجە دەرەبەگیەکانو سزامالیەکانو گومرگەکانی دەرکرد .

بەهۆی ئەمانەوە پشت بەستنی کەم بویەوە لەسەر بەخشینەکانی پەرلەمان، بەمەش دەسەلآتی پەرلەمان دای لەکەمی، بەشێوەیەك کەلە هەموو ماوەی دەسەلآتی هنری، تەنها پێنج جار کۆبونەوەی خۆی کردو بەدرێژایی ئەم ماوەیە ملکەچی فەرمانەکانی پاشا بوور هەموو ئارەزویەکی جێبەجێ دەکرد. هنری خۆی پاراست لەجەنگە دەرەکیەکانو هەوڵی دا بەرژەوەندی ولآتەکەی برەوپێبدا. لێرەوە هەستا بەبەستنی ژمارەیەك پەیمانبەستی بە سود بۆ بازرگانی ئینگلیز. گرنگترینیان ئەو پەیمان بەستنە بازرگانیە بوو کەناسرا بە"ئالۆگۆڕی گەورە". ئەم پەیمان بەستنە لەگەڵ میری بۆرگندیا بوو لە ساڵی 1496. بەپێی ئەم پەیمانبەستە میری بۆرگەندیا پەیمانی دا کە پێویستیەکانی زەویە نزمەکان بە کەلوپەلی ئینگلیزی پڕبکاتەوە. هنری شەریکاتە بازرگانیەکانی بەگەڕخستو هانی دان بۆ ئەنجام دانی بازرگانی درەوە، هەروەها"جۆن کابووت"ی- نارد بە مەبەستی دۆزینەوەی زەوی تازە لە جیهانی نوێ. "جۆن کابوت"یش توانی کەناری "نیوفاوندلاند" لە کەنەدای خۆرهەلآت بدۆزێتەوە. هنری بۆ بەرزو بەهێز کردنی بنەماڵەکەی، هەستا بەخواستنی "کاترین ئەراگۆن"ی کچی "فردیناردوئینرابیلا"ی-پاشای ئیسپانیا، بۆ "ئارسەر"ی- کوڕە گەورەی،

جا کاتێکیش "ئارسەر" بەچەند مانگێك دوای ئەم هاوسەر گیریە ماڵئاوایی لە ژیان کرد، هنری ئەم کچەی لە کوڕەکەی تری مارە کرد، بەناوی "هنریهەشتەم". هەروەها بە مەبەستی یەکانگیرکردنی تەختی ئینگلیزی وسکۆتلەدی لە داهاتودا، "ماری گریت"ی کچی دا بە"جیمسی چوارەم"ی پاشای سکۆتلەندا. بەم شێوەیە ئینگلترا لەسەدەی شازدەدا بووبە دەوڵەتێك کە دەسەلأتی پاشایەتی رەها پشتبەستوو بەگوێڕایەڵی گەل تیادا دامەزرا، لە هەمانکاتیشدا دەسەلأتی پەرلەمان دای لەکەمی.

سکۆتلەندا:ـ

سکۆتلەندا دەوڵەتێکی نەتەوەیی بوو لەدەوری سالأنی 1500ز، بەلأم لە ئینگلتەرا لاواز تر بوو. پاشاکانیان لە بنەماڵەی "ستیورات"بوونو وەك پاشاکانی ئینگلترا بەخت یاوەری نەکردن لە سەرکەوتن بەسەر دەسەلأتی خانەدانەکانو دەرەبەگەکان ودامەزراندنی دەسەلأتێکی رەها بۆخۆیان. سەرەڕای ئەمە دوژمنایەتی کرانی لە لایەن ئینگلتەڕاوە، ناچاری کردبوون پشت ببەستن بە هاوکاریە دەرەکیەکان بە تایبەت فەرەنسا. بەلأم لەگەڵ ئەمەشدا زمانی ئینگلیزی رەچەی بەست بۆ سکۆتلەنداو زاڵبوو بەسەرزمانی زۆرینە لە زۆربەی شوێنەکانی سکۆلەندا. هەرچۆنێك بێت، بنەماڵەی پاشایەتی سکۆتلەندا وەك داردەستو ئامێرێك بوون بەدەستی فەرەنساوە. ئەمەش لەدژایەتی ئینگلترا تەواو دەبوو.

پەرلەمانی ئینگلیز:-

پەرلەمانی ئینگلیزی لە دەزگایەکی خانەدانان ولۆردداتەوە لە پێش ساڵی 1066 گەشەی کردوو ناونرا ئەنجومەنی گەورە. ئەرکی ئەم ئەنجومەنە بریتی بوو لە ڕوێژکاری کردن لەگەڵ پاشاو ڕێگری کردنی لەوەی باجی گران بسەپێنێ بەسەر خەڵکی. پادشاش گوێی بۆ دەگرتن بەبێ ئەوەی پەیوەست بێت بە ڕاو ڕاوێژیان. جگە لەمە بانگهێشت کردنیان لەلایەن پادشاوە لە کاتە دیاری کراوەکان بە تێپەرینی کات بووبە شتێکی تقلیدی و، وای لێهات پادشا نەتوانێ دەستبەرداری ئەنجومەن بێت لەهەمبەر پرسە گرنگەکان.

پەیمانی گەورە " مانگاناگارتا"یان- لەساڵی 1215 پێشکەشی شاجۆن کردو بەگوێرەی ئەم گەلاڵە نامەیە 1- دەسەلاتی شاجۆن لە بەڕێوەبردنی دادگا کۆت دەکرێت.2- داڕشتنی یاساو سەپاندنی باجو کۆکردنەوەی بووبە مافی نوێنەرانی گەل لە ئەنجومەنیکی تایبەتیدا. 3- ڕەوایی بوونی شۆڕشکردن لەدژی پاشایەکی ستەم کار. دوابەدوای ئەوە ئەنجومەن لەکاتێکەوە بۆ کاتێکی تر بۆ چاوگێڕانەوە بەسەر پیادەکردنی ماددەکانی مانگاناگارتا کۆدەبوویەوە. لەکۆبوونەوەکانی پەرلەمانی ساڵی 1254و 1258 پادشا ناچار بوو ڕێگە بدات هەر هەرێمێك دوو نوێنەر لەسوارەکان بنێرێت، هەروەها پەرلەمان دوای لە پاشاکرد کە ئەنجومەنێکی هەمیشەیی لە پەرلەمان هەڵبژێرێ بۆ بەڕێوەبردنی دامو دەزگای حکومەتو چاکسازی کردنی پێویست تیایدا. ئەو پەڕلەمانەی لەساڵی 1295 کۆدەبوویەوە لەسەر شێوازی ئەنجومەنی چینەکانی فەڕەنسا بوو کە پێکهاتبوو لەسێ هۆڵ. پاش

تێپەڕینی ماوەیەك بەسەر ئەم میژووە پەرلەمان لەسەر ئەم شێوازە کۆدەبوویەوە. بەڵام لەگەڵ داهاتنی سەدەی چواردە پەرلەمان ڕووەو سیستەمی دوو ئەنجومەنی گەشەی کرد. ئەمەش بە کۆبوونەوەی پیاوە ئاینیە گەورەکان لەگەڵ لۆردەکان بەبێ پیاوە ئاینیە بچوکەکان، واتا ئەنجومەنی لۆرداتە دینیو دنیاییەکان، (ئەنجومەنی لۆردات) هەروەك سوارەکانی هەرێمەکانو نوێنەرانی دانیشتوانی شارەو نوێنەری پیاوەئاینیە بچوکەکان کۆبوونەوە بۆ پێکهێنانی ئەنجومەنی گشتی.

ئەنجومەنی گشتی لەماوەی سەدەی چواردەدا توانی بەربژاری زۆر بەدەستبێنێ. وەك :1- نەدەبوو دەنگ بدرێ لەسەر بووجە"میزانیە" ی دەوڵەت تا دواین دانیشتنی ئەنجومەنی گشتی، ئەمەش لەدوای جێبەجێ کردنی دواکاریەکانی ئەنجومەنی گشتی لەلایەن پاشاوە. 2- پێویستکرا لەسەرحکومەت کە لیستی حیسابات پێشکەشی پەرلەمان بکات بۆ زانینی داهاتو تێچونو خەرجی. 3-هیچ ماددەیەك هەڵناوەشێتەوەو ڕەت ناکرێتەوە کە پەرلەمان ڕەزامەندی لەسەر دەربڕیبێ تەنها بەرەزامەندی ئەنجومەنی گشتی نەبێت. 1-پێویستکرا پەرلەمان ڕەزامەندبێت لەسەر دامەزراندنی وەزیرانی پاشا بۆ چاودێری کردنی ئەو خاڵانە. 5- ئەگەر هاتو پاشا ڕەزامەند نەبوو لەسەر سنوردار کردنو دیاری کردنی دەسەڵاتی بەم شێوەیەی باس کرا، پێویست بوو لەسەر پاشا لەسەر تەخت بێتە خوار[1].

Monroe, D. The Middle Ages (new York, 1928) pp. 425- 426. 1

پێدانی خەرجی بە پاشا بە شێوەی باجی ڕاستەوخۆ ببوو بە کاری پەرلەمان. ئەنجومەنی گشتی پێداویستی پاشای بۆ خەرجی، کردە چەکێك بۆ دەستکەوتنی بەربژاری. لەمەوە دارشتنی یاساو دەرکردنی فەرمانبەری گەندەڵ بوو بە مافی ئەوان. یاسای پەرلەمانی بە شێوەی لیستە (لائیحە) لە سەدەی پازدە شوێنی یاسادانانی گرتەوە بەشێوەی (عریچە). بەم شێوەیە پەرلەمان توانی باڵادەستبێ بەسەر دامودەزگای حوکم لە ئینگلترا.

فەرەنسا:-

لە ساڵی 987 ز ئەو کاتەی کە "هیوکاپی" هاتە سەرتەخت، فەرەنسا بریتی بوو لە پاریسو دەوروبەری. یەکگرتنی فەرەنسا بەچاوپۆشین لە گەشەسەندنە مێژوویەکانو لەناوبردنی جەنگو پیلان گێڕی دەرەبەگەکان، پێنج سەدەی خایاند. هەریەکە لە"فلیپ ئۆغستس، لۆیسی نۆهەم، فلیپی چوارەم" لەپاشایە مەزنەکان بوون کەڕۆڵی سەرەکیان بینی لە بەهێز کردنی فەرەنسا لە سەدەکانی یازدەو دوازدەو سەرەتاکانی سەدەی چواردە. بەمردنی لۆیسی چوارەم لە ساڵی 1314 بارودۆخ گۆڕنکاری بەسەرداهات. ئەم گۆڕنکاریەش شتێکی چاوەڕوان نەکراو بوو، کاتێك بەشێوەیەکی سەیر هەرسێ کوڕی لۆیسی چواەرم {لۆیسی دەیەم ، فلیپی پێنجەم ، چارلسی چوارەم } یەك لەدوای یەك مردن. ئەمەش وای کرد کەهیچ کەسێ نەبێ جێگەی فلیپی چوارەم بگرێتەوە، لەبەرئەوە تەختی فەرەنسا گوازرایەوە بۆ "فلیپ ڤالوا"ی– کوڕی برای لۆیسی چوارەم.

ئیتر ئەمە بەس بوو بۆ هەڵگیرسانی جەنگ لەنێوان فەرەنساو ئینگلترا، چونکە "ئیدواردی سێەم"ی پاشای ئینگلترا خۆی بە شایەنتر دەزانی بۆ تەختی فەرەنسی، وەك لەڤالوا. چونکە خۆی کوڕی ئیزابێللای کچی فلیپی چوارەم بوو. لێرەوە جەنگی سەد ساڵە هەڵگیرسا. هەرچەند کە یاسای فەرەنسی ڕێگر بوو لە گواستنەوەی تەخت بۆ ڕەگەزی مێینە، بەلاَم لەگەڵ ئەوەش ئیدوارد کەوتە جەنگ لەگەڵ فەرەنساو توانی دەست بگرێ بەسەر زەویەکی زۆری فەرەنسا. بەم شێوەیە نزیکەی یەك سەدە ململانێ بەشێوە پچڕپچڕ بەردەوام بوو. ژاندارکی کچە دێهاتی فەرەنسی توانی گیانی نەتەوەیی‌و هەستی نیشتمانی بخاتە گەڕ لەناو دەرونی فەرەنسییەکان. لە ساڵی1429 جاندارك داوای لە چارلسی حەوتەم کرد کە سەرپەرشتی سوپایەك بکات بۆ شکاندنی ئەڵقەی گەمارۆی ئینگلتلرا لە سەرشاری ئۆرلیان. ژاندارك بەسایەی ئازایەتی خۆی توانی سەرپەرشتی سوپای فەرەنسی بکات وجۆش‌و خرۆشیان تیا دابگیرسێنێ‌و بیانگەیەنێتە سەرکەوتن، بەلاَم لەکۆتایدا جاندارك کەوتە ژێردەستی بۆرگەندیەکان‌و لەوانیشەوە کەوتە دەستی ئینگلیزەکان. ئەمانیش بەو پەڕی بێ ڕەحمانە لە ساڵی 1431 سوتاندیان. بەم شێوەیەجاندارك باجی ئازایەتی خۆی دا. سەرکەوتنی فەرەنسیەکان لە پاش ئەمە هەر بەردەوام بوو، تا ئەوەی ئینگلیزەکانیان بەتەواوی لە ولاَت دەرپەڕاند. لە کۆتایی جەنگەکە لە ساڵی 1453ڕێککەوتننامە بەسترا لە نێوان هەردوو لایەنی شەڕکەر، بەبێ ئەوەی

چارلس لەکاتی ڕێکەوتنەکەدا گوێی لە هاواری جاندارک بوو بێ، یان بەرگری لێبکات.

هەرچۆنێك بێت دەسکەتکەوتەکانی چارلس گەورە بوون، چونکە توانی کۆتایی بەجەنگی سەدساڵە بهێنێ و سوپا ڕێکبخات و خۆی باڵا دەست بکات بەسەر خانەدانەکان و پێشگیریان لێبکات لە دروستکردنی قەڵا، هەروەها ڕێگر بوو لەبەردەمیان لەوەی جارێکی تر بتوانن دەست بگرن بەسەر چەند دەڤەرێك و بیکەن بە ناوچەی دەرەبەگی. هەروەها باجی دەرەبەگی دیاریکردو سەروەری یاساو دەستوری حکومەتی چەسپاند وجێگەی دەستورە دەرەبەگیانی پێگرتەوە.هەروەك توانی خانەدانان بچوك بکاتەوەو بیانهێنێتە کۆشکی پاشایی لە ئیش و کاری حکومەتدا بیانخاتە کار، بەشێوەیەکیش هەڵسوکەوتی لەگەڵ کردن، وەك هەڵسوکەوت کردن لەگەڵ فەرمان بەران، نەوەکو هی پلەوپایەی خانەدان. بەڕاستی یەکانگیربونی دەوڵەمەندو خانەدانە بچوکەکان لەگەڵ پاشا، کاریگەری گەورەی هەبوو لە بوژاندنەوەی پاشایەتی فەرەنسا. جەنگی سەد ساڵە هۆکارێ بوو بۆ خراپ بونی بارودۆخی دارایی خانەدانان. ئەمەش بووە هۆی ئەوەی کە چیتر نەتوانن لەسەر خەرجی خۆیان جەنگ ئەنجام بدەن، هەر ئەمەش وای کرد پشتگیری پاشا بکەن. بەڵام ئەمە مانای ئەوە ناگەیەنێ کە گەورەخانەدانەکان و میری هەرێمەکان بوبن بەدارێك بەدەستی پاشاوە[1].

Wiley 1، op.cit; pp. 140-160.

دوای هەمووئەمانــە چـارلس لەسـاڵی 1461ز لـەدنیا دەرچـوو. بـەڵام هەرچـۆنێك بێـت وڵاتەکـەی دوای ئـەو وێرانکاریـە کـە توشـی هـات بـەهۆی جەنگـەوە، تـوانرا لـەڕوی ئابووریـەوە ببوژێنرێتـەوە. وەلێ حکومەتەکـەی هـەرلاواز بـوو، جـا ئـەوەی کەوتـە سەرشـانی کوڕەکـەی تـەواو کردنـی دەسکەوتەکانی باوکی بوو.

"لۆیسی یازدەم" کە کوڕی چارلـسی حەوتـەم بـوو، لـە سـاڵی (1461-1483) دەسـەڵات داربـوو. ئـەم یـەکێ بـوو لـە بـەناوبانگترین پاشـاکانی بنەماڵەی ڤالواو شوێن پێیەکی گرنگی جـێ هێشت لـە فـەرمانڕەوایی کردنـی وڵاتەکەیدا. لۆیسی یازدە بـەهۆی ئـەوەی کـە توشـی نەخۆشـی پێسـت هـات سەروسیمایەکی نامۆی بۆ ساز بوو، بەشێوەیەك هیچ سەرنج ڕاکێشیەکی تێدا نـەما. لـۆیس کەسـێکی ترسـنۆك نـەبوو، بـەڵام هەمیـشە دڕدۆنـگ بـوو، بەشێوەیەك لە نزیکترین کەسی خۆیشی بەد گومان بوو. لـۆیس کەسـێکی دڵ ڕەقو بێ بەزەیی بوو، خـۆیو دەسـتو پێوەنـدەکانی زۆر مانـدوکرد بـەهۆی کـاری بـەردەوام وگەشـتکردنی دوورەدەسـت بـەناو وڵاتەکەیـدا. لەگـەڵ ئـەو زیتەڵیەی کەهەیبوو کەچی ببو بەقوربانی وەهمو خەیاڵە پوچـەکانی. لۆیسی یـازدە سیاسـەتی میکـاڤیللی جێبـەجێ دەکـرد پـێش نوسـینی کتێبـە سیاسیەکەی میکاڤیلی بە پەنجا ساڵ. لەگەڵ ئـەوەی کـە ڕاسـتی نەدەناسـی بەڵام هەستی بە ئەرکی سەرشانی خۆی دەکـردو بەپێویـستیەکانی فەرەنـسا زانـا بـوو. بەڕسـتی شـایەکی بـەتوانا بـوو، بـواری بازرگـانی کـردن گەیـشتە شکۆفەی جوانیو هێمنیو ئاسیشی ئەو ناوبانگی پەیدا کرد.

سیاسەتی لۆیس لەسەر سێ خاڵ خۆی داکوتابوو کە ئەمانەن :ـ

1ـ ڕوخاندنی دۆقیەی بۆرگەندیاو بالأدەست کردنی فەرەنسا بە سەریدا.

2– لەناو بردنی ئەو دەسەلأتە ناوچەییانەی کە تا ئەوکاتە مابوونەوە.

3ـ کۆتایی هێنان بە خۆ هەڵقورتاندنی ئینگلترا لەکاروباری فەرەنسا .

بۆ هەموو ئەمانەش توانی سەرکەوتن بەدەستبێنێ .

لەبابەت خاڵی یەکەم دەتوانین بڵێین:ـ فلیپ میری بۆرگەندیا بوو، بەلأم نەك هەر میرێکی ئاسایی، بەڵکو گەورەترین میر بوو، بە شێوەیەك کە هیچی لە فەرمانداری بەریتانیا کەمتر نەبوو. هەڵسوکەوتی دەکرد وەك فەرمانڕەوایەکی سەربەخۆ. لە باشورو ناوەڕاستی فەرەنساشدا ژمارەیەکی بەرچاو میرو دەرەبەگ هەبوون، وەك "بۆرۆن‌و ئۆرلیان ...هتد". گیروگرفت‌و کێشەی دەرەبەگەکان دەگەڕێتەوە بۆ سەدەکانی ناوەڕاست. پادشاکانی فەرەنسا هەریەك لە کاپی‌و ڤالوا هەوڵیان دەدا خۆیان ڕزگار بکەن لەدەسەلأتی دەرەبەگو میرنشینەکان، ئەمەش بە فروان کردنی ئەو جێگایانەی کە لەژێر دەستی پاشا بوو، وەجێهێشتنی دەسەلأت ڕاستەوخۆ بۆپاشاو دەست‌و پێوەندەکانی‌و کەم کردنەوەی دەسەلأت لەدام‌و دەزگاکانی ترو خۆدەرخستن بەسیمای گەورەی خانەدانان‌و میران. بەلأم بۆ هێنانەدی ئەم ئامانجانە پادشا ڕوبەڕووی نەیاریەکی توندی کڵێساو دەرەبەگایەتی بویەوە.

کڵێسا وەك دامەزراوەیەکی بەهێزی ئەوروپا، لە ململانەیەکی بەردەوام دابوو لەگەڵ پادشاکانی فەرەنسا، چونکە پاشایە فەرەنسیەکان ڕێگربوون لە

دەست تێوەردانی پاپاکان لە دانانی پیاوانی ئاینی فەرەنسی. (واتا پاشاکان خۆیان پیاوانی ئاینی دەستنیشان کەن، نەوەك پاپا لەڕۆماوە دەستنیشانی کات) . هەروەها ڕێگربوون لە ڕۆیشتنی زێری فەرەنسا بۆ کۆشکی پاپای ڕۆما. جا لەبەر ئەمانە ڕیککەوتن هاتە ئارا لە نێوان چارلسی حەوتەمو کلێسا لە ساڵی 1438، بەناوی ڕێککەوتنی "بۆرجز"، بەپێی ئەم پێکهاتنە دەسەڵاتی ئەنجومەنی کلێسا بەرزتر دانرا لە پاپا، هەر بەپێی ڕێککەوتنەکە، پاپا چیدی دەستی وەرنەدەدا لەدیاریکردنی پیاوانی ئاینی بۆپۆستەکانی کلێسای فەڕەنسی. هەروەك ڕێگەگیرا لە دوبارە بونەوەی پێداچونەوەی سکالا لەڕۆما، هەروەها ناردنی دارایی بۆ گنجینەی پاپا بە پێی ئارەزووی پاشا دانرا. واتا:"پاپا فەرزی ناکات"، وە ئەگەر نا، وەك بەخشین ڕەوانی دەکات. بەڵام ئەمە بەردەوام نەبوو، چونکە کاتێ پاپا لە کۆنگرەی "فیرارە" سەرکەوت بەسەر ئەنجومەنی پاپا لە ساڵی(1449)، لەتوانادا نەبوو مادەکانی ئەم پێکهاتنە پراکتیزە بکات، لویسی پازدەش ڕازی بوو بەڕەفز کردنی مادەکانی پێکهاتنی بۆرجز. پاش ئەمەو لەدوای ئەوەی کە فەڕەنسوای یەکەم لەساڵی(1515)ز. توانی لەجەنگی "مارگینانۆ" سەرکەوێ بەسەر دژە کەیدا، لەگەڵ پاپا لیۆی دەیەم ڕێکەتنێکیان واژۆ کرد، بەپێی ئەمە پێویست دەبوو لەسەر پاپا ڕێگە بدات پادشا پیاوانی ئاینی لەسەر ئەرکەکانیان دابمەزرێنێت. لەبەرامبەردا داهاتی ساڵێکی(ساڵی یەکەمی دامەزراندن)ی، پیاوانی ئاینی بۆ پاپا بێت. بەهۆی ئەم پێکهاتنە کلێساو

دەوڵەتی فەڕەنسی بەشێوەیەك یەكانگیر بوون كە شۆڕشی پرۆستانتیش نەیتوانی كاری تێبكات.

خانەدانەكان گرێ دەرونیەكی تری پادشا بوو كە زۆر توند تربوو لەكڵێسا بەلای پادشاوە. بەڵام بەختی پادشا لەوە دابوو كەخانەدانەكان بەهۆی جەنگی "سەدساڵ"ەوە- توشی زیانێكی زۆر سەخت هاتبوون، ئەمەوجگەلە مردنی ژمارەیەكی زۆریان. لەلایەكی تریشەوە بەهۆی تێچونە جەنگیەكان، توانایەكی زۆری ماددیان بەهەدەرچوو. یاخود ئەو كاتەی دەبوون بەدیل بەپارەیەكی زۆر خۆیان دەكڕیەوە. سەرەڕای ئەمانە كەم بونەوەی ڕێژەی دانیشتوانیان بەهۆی جەنگو پەتای تاعون، وای كرد ڕوبەرێكی فراوان لەزەویەكانیان چۆڵ بێتو بەیاربمێتەوە، ئەمەش كاریگەری خراپی كردە سەر باری ئابوری دەرەبەگەكان. لەگەڵ ئەوەی كەخانەدانە بچوكەكان لەگەڵ پادشا بوون، بەڵام گەورە خانەدانەكان بەتایبەتی ئەو میرانەی كەدەچونەوە سەر بنەماڵەیەكی پادشایی وەك:"بۆربۆن، ئۆریلیان، ئەنجو" تا ئەو كاتەش دەیانویست سەربەخۆیی بەدەست بهێنن لەهەرێمەكانیانو هەوڵیان دەداسەربەخۆو بێ نیازبن لەپادشا. بەڵام چارلسی حەوتەمو لۆیسی یازدە كۆششیان كرد بۆ ڕزگار بوون لەدەسەڵاتیانو كەم كردنەوەی بەربژاریەكانیان. هەروەها ڕزگاركردنی ئەنجومەنی پادشا لەدەسەڵاتی ئەوان ئامانجی سەرەكیان بوو. لۆیسی یازدە ڕێگەی گرت لەخانەدانەكان كە باج بستێنن بەبێ مۆڵەتی خۆی. وای لێهات لۆیس خۆی هەڵدەقورتاند لە دادواری دەرەبەگەكانو دەسەڵاتی دامو دەزگاكانو ئەنجومەنی ناوچەكانی كەم

دەکردەوە. چونکە ئەوان بەرژەوەندیەکانی دەرەبەگەکانیان دەپاراست. ئەنجومەنی چینەکان یەکێ بوو لەودەزگایانەی کەدەسەلاّتی پاشای کۆت دەکرد. ئەم ئەنجومەنە شێوە دیموکراتیەك بوو کە لە سێ چینی کۆمەڵگای فەڕنسا پێك دەهات "پیاوانی ئاینی، خانەدانان، چینی گشتی گەل،(چینی سێیەم)". چینی گشتی نەیدەتوانی هەستێ. لەبەر ئەوەی دەنگدان بەگوێرەی ژمارەی تاك نەبوو، بەڵکو بەگوێرەی چینەکان بوو، هەر لەبەرئەوەش زۆر جار چینی خانەدانو پیاوانی ئاینی هاو بڕیار دەبوون لەدژی چینی گشتی گەل، واتا: "ئەو کات دەبوو بە دوو دەنگ بەرانبەر دەنگێك"*. پادشا پشتبەستوبوو بە ئەنجومەنی ڕاوێژکاری پادشایی و، داواکاری ئەنجومەنی چینەکانی کەم کردەوە، لە دوای ئەوەی توانی لە کۆبونەوەی ساڵی 1438 مافی سازکردنی سوپاو کۆکردنەوەی باج بۆ تێچونی سوپا لە ئەنجومەنی چینەکان دەستەبەر بکات. بەڕاستی دەسەلاّتی پادشا ڕووی لە بەهێزی کرد، دوای ئەوەی کە ئەنجومەنی چینەکان شکستی خوارد لە گەشەپێدانی ڕژێمی پەرلەمانی نوێنەرایەتی، بەشێوەیەك کەوەك

---

*ئەگەر هاتباو دەنگدان بەگوێرەی کەسەکان بوایە، ئەوا بەهۆی ئەوەی ژمارەی چینی گشتی زیاتر بوو، کارەکان لە بەرژەوەندی چینی گشتی دەڕۆیشتن بەڕێوەو بڕیاریش لە بەرژەوەندی ئەوان دەدرا. بەلاّم ئەگەر بەگوێرەی چینەکان بوایە، ئەوا چونکە بەرژەوەندی پیاوانی ئاینیو خانەدانان بەیەکەوە بوو، ئەوان بەیەکەوە دەنگیان دەدا. ئیدی دەبوو بە دوو دەنگ بەرامبەر بە یەك دەنگ واتا" دەنگی دوو چین بەرامبەر یەك چین". دیارە ئەمەش لە بەرژەوەندی ئەوانە. (وەرگێڕ).

ئینگلتەڕا بتوانێ دەسەلات بسەپێنێ بەسەر پادشا. سەرەڕای ئەنجومەنی تایبەتی هەرێمەکان، هەبونی چەندین ئەنجومەنی تر لە هەریەکە لە هەرێمەکان هۆکاری یەکەم بوو بۆ ئەم شکستەی کە ئەنجومەن خواردی. چونکە پادشا خۆی دنەی ئەم ئەنجومەنە ناوچایانەی دەداو هەڵسوکەوتی لەگەڵ هەریەکەیان دەکرد وەك ئەنجومەنێکی تایبەتی، لەبری ئەوەی هەمویان لەگەڵ یەك کۆبکاتەوەو وەك یەك ئەنجومەن سەیریان بکات. بەهۆی ئەوەش کە خانەدانەکان لە باج دان بەخشرا بوون، ناوەندی ئەنجومەن لاوازی تێکەوت. چونکە خانەدانەکان بەپێویستیان نەدەزانی جەخت بکەنەوە لەسەر بەستنی کۆبونەوەی ئەنجومەنی چینەکان بۆپرسی سەرپاندنی باجو کۆکردنەوەی. بەهۆی ئەوەی باجیان نەدەدا، هەر لەبەرئەوەش(گوێیان پێنەدەدا). جا لەبەرئەوهۆیانەی کەباسمان کردن، خانەدانەکان بالأدەستی خۆیان لەسەر گەنجینەکان لەدەستدا، بەرامبەر بەمەش دەسەلأتی پادشایی دای لە زیادی. ئەنجومەنی چینەکان نەیتوانی پیادەی دەسەلأتی دادوەری بکات، وەك ئەوەی لەئیگلتڕا، کەئەنجومەنی لۆردات دەسەلأتی بالأی دادوەری بوو لە ولأت.

لۆیسی یازدە بەکەم کردنەوەی هاوردە، توانی پیشەسازی ولأتەکەی گەشەپێبداتو دنەی پیشەسازی نیشتیمانی وەك: ئاوریشم بدات لە لیۆن. هەروەها توانی پەرە بدات بە بەندەری "مارسیلیاو شیربرگو لی هافر".

لۆیسی یازدە لەدوای کوژرانی چارلسی چاپوك توانی دۆقیەی بۆرگەندیا بخاتە پاڵ ولأتەکەی. لە خۆرئاواو باشوری خۆرئاوای فەرەنساش ئانجو

وپرۆفنسی خستە سەر ولاٚتەکەی. بەمانەش سنوری ولاٚتەکەی لەباشورەوە گەیشتە شاخەکانی برانس[1].

لەسەردەمی چارلسی هەشتەم 1483-1498، بەهۆی ئەوەی چارلس هاوسەرگیری لەگەڵ خانمی بریتانی ئەنجامدا، ئەم هەرێمە هاتەوە سەر فەڕەنسا، بەهۆی ئەمەوە یەکیەتی نیشتیمانی فەڕەنسی بەتەواوی هاتەدی.

دامەزراوە سیاسیەکانی فەرەنسا بەرە بەرە گەشەی سەند، سەرەڕای هەبوونی نەریتە ناوچەگەریەکان لەسەر خاکی فەرەنسا، هەر ئەمەش وایکرد یەکگرتنی فەرەنسا ماوەیەکی درێژبخایەنێ. بەلاٚم لەگەڵ ئەوەشدا لەسەرجەم ناوچەکانی فەرەنسا خەڵکی پاشایان بە سەرچەشمەی سەرەکی یاساو هێمنیو ئاسایشو پیادەکردنی دادگەری دەزانی. هەموو ئەمانەی کە باسمان کرد هۆکاربوون بۆ دروستبوونی دەوڵەتێکی نەتەوەیی، کە خاوەنی سوپاو دراوێکی سەرتاپاگیرو ئەنجومەنی چینەکان بوو. وەلێ ئەنجومەن گەشەی نەکردو توانای هیچی نەبوو.

فەرەنسای ئەو کات هیچ دەستەبەریەکی(چمنانەت)نوسراوی نەبوو، وەك ئەوەی کە لە ئینگلتراهەبوو بەناوی (المانگا ناگارتا). هەروەها خەڵکی فەرەنسا بەژداریەکی کردەیی نەبوو لەحوکمەتەکەیدا. لەدوای ئەوەی فەرەنسا بوو بە دەوڵتێکی یەکگرتوو، ئەوەندەی نەبرد دەستیکرد بە فراوان خوازی کردن لە دەوروبەری خۆی. چارلسی هەشتەم داوای تەختی ناپولی دەکردو لەساڵی 1494سەرپەرشتی سوپایەکی کردو هەڵمەتی کردە سەر

1 Ibid;pp.232-45 .

ئیتاڵیا، بەمەش دەرگەی ململانێیەکی خوێناوی بۆماوەی چەند سەدەیەك کرایەوە. لەگەڵ ئەوەی چارلس لە ساڵی 1498 گەڕایەوە، بەلاّم لویسی دوانزە لە ساڵی(1498-1515) بەردەوامی دا بە سیاسەتی باوکی‌و داوای تەختی نیشتمانی ناپولی‌و میلانۆی کرد، وەلێ لە ساڵی 1504 ناچار بوو واز لە ناپولی بێنێ بۆ فردیناندی ئیسپانی.

هەرچۆنێك بێت فەرەنسا لەساڵی1500دەوڵەتێکی نەتەوەیی بوو،خاوەنی‌زمان‌و وێژەی نەتەوەیی‌و حکومەتێکی ناوەندی بەهێز بوو،گەلی فەرەنسا فەرمانبەری پاشایان دەکردو بە هێمای نیشتمانی‌و نەتەوەیی خۆیان دەزانی.

ئیسپانیا:-

بە لاوازبوونی دەوڵەتی ئەندەلوس لەسەدەی یازدە، سەرەتای مێژووی تازەی ئیسپانیا دەست پێدەکات. میرنشینە مەسیحیەکان بەرەو هەماهەنگی دەڕۆیشتن‌و بە خۆپارێزیەکی وردەوە دەرفەتی ململانێکانی ناوخۆی ئەندەلوسیان دەقۆستەوەو بەرەو باشور ملیان دەنا.

ئەوەندەی نەبرد لە سەدەی یازدەدا میرنشینەکان دەستیان بەسەر شاری تولیدو ناوەڕاستی ئیسپانیادا گرت. پاشان لە سەدەی سێزدە دەسەلاّتیان نواند بەسەر ئیشبیلیەو ئەندەلوسدا. قشتالەش لەژێر چنگی میرە مەسیحیەکان دابوو، میرانێك هەرکات بەرەو باشوردەکشان زۆربەی دانیشتوانە مسوڵمانەکان شارەکانیان چۆڵ دەکرد لە ترسی ئەم میرانە. بە تێپەڕبوونی ڕۆژگار چوار میرنشینی مەسیحی هاتنە سەر شانۆی ڕوداوەکان،

ئەوانیش بریتی بوون لە:ـ (قشتالە، بەرشەلۆنە، ئەراگۆن، لیۆن). بەرشەلۆنەو ئەراگۆن کە دوو میرنشینی مەسیحی بوون، لەسەدەی دوازدەی زاینی یەکیان گرتو سەدەیەك دواتریش قشتاڵەو لیۆن بوون بەیەك. لە پاش ئەمانە، سەرجەم هەرێمەکان لە ژێربەیداغی دوو دەسەلآت خۆیان بینیەوە[1].

پاشاکانی قشتاڵە لاوازبوونو داهاتیان کەم بوو، لەگەڵ ئەمەشدا هەوڵیان دەدا سنورێك دابنێن بۆ دەسەڵاتی خانەدانەکان. ئەم لاوازییەی کە ئێمە ئاماژەمان پێدا لەسەدەی پازدەی زاینیو لەخودی "شا جۆنی دووەم"(1406-1454)و "هنری چوارەمی" کوڕی دەرکەوت، کە لە ساڵی(1454-1474) لەسەر تەخت بوو. لەم سەردەمەشدا جەنگی ناوخۆییو ئاشوب قشتاڵەی داگرتبوو، هەر لەبەرئەوەش فەرمانڕەواکانیان بۆ دەستخستنی پشتگیری هەڵدەستان بە بەخشینی زەویو پۆستو پلە وپایە. بەمەش زۆربەی زەویە بە پیتەکان کە سەرچاوەی بژێوی دەوڵەت بوون کەوتە دەستی گەورەخانەدانەکان. ئەم لاوازییەی کە حکومەت لە ڕووی ئابووریو سیاسیەوە تێیکەوتبوو، وای کرد دەولەت ببێتە دەوڵەتێکی لامەرکەزی، کەخانەدانان تیایدا بەهێزبوونو وایانلێهات هیچ پێویستیان بە مۆڵەتی پاشا نەبێ بۆ دامەزراندنی سوپاو ڕەتکردنەوەی باجەکانو جێبەجێ کردنی ئەرکەکان. شارانێکی زۆر بەربژاری وئازادیان بەدەست هێنا، چونکە

1 Green-،op.cit;PP.59-65

شارە چۆڵەکان ئەگەر بەربژاری فراوانیان پێ نەبەخشرابوایە لە بەڕێوەبردنی شارەکانیان‌و دەستگرتن بەسەر دێهاتەکانی دەوروبەری، مەسیحیەکان تێیدا نیشتەجێ نەدەبوون. بەسای ئەوەوە چەند شارێك لە قشتالە بەهرەمەند بوون‌و توانیان بەڕێوەبردنی شارەکانیان سەربەخۆ بکەن‌و ئەنجومەنی نوێنەران دابمەزرێنن بەناوی "کورێنز یان پەرلەمان". لە ڕۆژگاری پادشا لاوازەکان لەسەدەکانی سێزدەو چواردەدا، چەند هاوپەیمانیەتیەك بەناوی"هیرمنداد" واتا: "دەستەی برایان" لەنێوان شارەکان سازبوو. وەلێ لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا پادشاکان دەیانتوانی یاساکانیان بخەنە کارو باجەکانیان بسەپێنن، لەناو باجەکانیشدا ئەو باجەی کە لەسەر بازرگانی دانرابووبەناوی(کباله).

میرنشینی ئەراگۆن بەگوێرەی هەڵکەوتە جوگرافیەکەی کە کەوتبوە سەر کەناری خۆرهەڵاتی ئیسپانیا لەسەر دەریای ناوەڕاست، دەستی گرت بەسەر هەرێمەکانی باکوری خۆرهەڵات. لەم نیوانەو لەسەدەی سێزدە دەستیگرت بەسەر "بالنسیە"و دوورگەی "بالیار". میرنشینی ئەراگۆن بە هاوکاری کاتلۆنیا کە دەکەوتە باکوری خۆی، توانی لە ڕووی بازرگانی‌و سەربازییەوە لە دەریای ناوەڕاستدا فراوانخوازی بکات. موسڵمانەکان لە ئەڕاگۆندا مانەوەو وەکو براکانیان لە قشتالە جێگەو مەنزڵی خۆیان جێ نەهێشت، بەمەش ژمارەی خەڵکی ئەراگۆن دای لەزیادی‌و بازرگانیەکەی لەگەڵ کەنارەکانی

دەریای ئەدریاتیك و ئەستەمبوڵ و ئەسکەندەرییەو باکوری ئەفریقا قازانجی تێکەوت.

خانەدانەکان توانیان بەربژاری گەورە لە پاشای ئەڕاگۆن بەدەست بهێنن، لەوانە:

1- ئەرکی سەربازی لە دەرەوەی وولاتەکانیان هەڵبگیرێ لەسەرگەورە خانەدانەکان.

2-کۆبوونەوەی ساڵانەی "کۆرتیز" کرایە ئەرك و بەپێویست دانرا هەموو چینەکان نوێنەریان تیایدا هەبێت.3- تەنها لەڕێگەی ئەنجومەنی خانەدانانەوە، مافە دەرەبەگیەکان ڕەت بکرێنەوە. پادشا لەسەر هەموو ئەمانە ڕەزامەندی نواند. بەڵام لە کۆتاییدا لەئەنجامی ململانێی نێوان پادشاو گەورە خانەدانەکان بۆ زاڵ بوون بەسەر ئەنجومەنی دادوەری باڵا لەسەدەی چواردە، ئەو بەربژاریانە هەڵوەشانەوە. شیاوی باسە ئەم ئەنجومەنە لەبەرژەوەندی پادشا، چاوی دەخشاندەوە بەسەر پەیمانەکانی پادشا.

لەساڵی 1410، مارتنی یەکەم کۆچی دوایی کرد، بەمەش بنەماڵەی ئەڕاگۆن کۆتایی پێهات، چونکە لەدوای "مارتن" کەسێك نەبوو جێگەی بگرێتەوە. بەهۆی ئەمەوە ئەڕاگۆنیەکان "فردیناندی کوڕی جۆنی یەکەم"ی پادشای قشتالەیان هەڵبژارد. لەدوای ئەویش کوڕەکەی خۆی "فونزوی پێنجەم" هاتەسەر دەسەڵات لە 1416 تاوەکو 1458.

"جۆنی دووەم"ی پاشای ئەراگۆن، یەکێ لەکارەکانی بەئەنجام گەیاندنی هاوسەرگیری بوو لەنێوان ئیزابێلاو فردیناندی کوڕی. هنری چوارەم کە

پاشای قشتالە بوو لە سالانی(1458-1474)ز ئارەزووی دەکرد "فونزو"ی برای جێگەی بگرێتەوە. بەلام بە پێچەوانەی ئارەزووی هنری، لەسالی 1468 "فونزو" بەرەو پیری مەرگ چوو، ئیدی لەدوای ئەوە "هنری" بڕیاریدا "ئیزابێلای خوشکی فونزو" بکاتە جێنشین لە قشتالە. بەلام خانەدانان لە ترسی یەکگرتنی ولات بەربەرەکانی ئەم بڕیارەیان کرد. "جۆنی دووەم" دەیزانی کە "هنری" پادشای قشتالە ڕازی نییە بە هاوسەرگیری نێوان "ئیزابێلاو فردیناند"، بۆیە هەستا بە کێشانی نەخشەیەك، بەگوێرەی نەخشەکە، لە دوای تەواوبوونی بووك گواستنەوە، ئیزابێلا بەنهێنیو بە بەرگێکی نەناسراو بگەیەنرێتە شاری (بلوتولید). لەمەشدا سەرکەوتن بەدەست دێنێ. هنری لە سالی 1474ز کۆتایی بە ژیانی هات، بەمەش "ئیزابێلا" خۆی وەك پاشای قشتالە ناساندو توانی سەربکەوێ بەسەر شالاوی پرتوغالی، کە کردبوویانە سەر قشتالە بەمەستی داگیرکردنی.

"جۆنی دووەم " لە کانونی دووەمی سالی 1479ز کۆچی دوایی کردو فردیناندی کوڕی جێگەی گرتەوەو بوویەپاشای ئەراگۆن. فردیناند پێشتر هاوکاری خێزانەکەی" ئیزابیلا"ی دەکرد بۆ دەرکردنی پرتوگالیەکان.

لەڕاستیدا یەکانگیر بوونی پادشایی، بەمانای یەککگرتنی ئیسپانیا نەبوو، بەلکو لەڕاستیدا هەر دەسەلاتدارەو فەرمانڕەوایی سەرزەمینی خۆی دەکرد، فردیناند لە ئەراگۆنو ئیزابێلا لە قشتالە. ڕەنگیشە قشتالە بوونی فردیناند لە ڕووی ڕەچەلەکەوە، کاریگەری زۆری هەبووبێت لەسەریەکانگیری وولات.

فردیناند چونکە هەستی دەکرد کە خەڵکی قشتالەیە. شۆڕشی کاتلۆنیاش ئەم هەستەی زیاتر کرد، کاتێ وای لێکرد داوای تەختی قشتاڵە بکاتو کێبڕکێ لەگەڵ ئیزابێلا بکات بۆ سەرکورسی لەدوای مردنی هنری لە ساڵی 1474. بەڵام کاتێ داواکەی ڕەت کرایەوە، فردیناند ئەم حەزەی پشتگوێ خست.

قشتاڵە هەرێمێکی سەرەکیو فراوان بوو، وە لەگەڵ ئەراگۆندا یەکگرتنێکی شلوشۆقیان سازدابوو. هەردوو هەرێمەکە دامەزراوە سیاسیو یاساو سیستەمی دادوەریو بواری دارایيو هێزی سەربازی خۆی دەپاراستو سەربەخۆی دەکرد لە ئەوەی تر. ئەمەش شتێکی سەیر نەبوو، چونکە لە پێشدا فردیناند بەڵێنی بەئیزابێلا دابوو کەخۆی لە کاروباری قشتاڵە هەڵنەقورتێنێ. ئیزابێلا خۆی کاروباری قەڵەمڕەوی خۆی دەبرد بەڕێوە. بەڵام پرسە گرنگو فەرمانەکان، لەلایەن هەردوولایەنەوە ڕەزامەندیان لەسەر دەردەبردڕا.

ئیزابێلا کەسێکی بەتواناو دیندار بوو. لە کاتێکدا فردیناند فێڵاویو چروک بوو، بەڵام لەگەڵ ئەمانەشدا هاوکارێکی چاکو دڵسۆزی خێزانەکەی ئیزابێلا بوو، گوێڕیەڵیو خۆشەویستی لەنێوانیاندا بوو. هەردوولایان لەپێش چوونە سەردەسەڵات توانستو زانستی بەڕێوەبردنی وڵاتیان هەبوو، سیاسیو بەتوانا بوون. بەڵام لەگەڵ ئەم خاڵە ئەکتیڤانەی کە هەیانبو، وەلێ نەیانتوانی دەسەڵاتێکی یەکگرتووی ناوەندی بەهێز دابمەزرێنن، بە هۆی هەبوونی دەسەڵاتی بەهێزی دەرەبەگایەتیو داهاتی کەمو جیاوازی یاساو داب

ونـــەریتی هـــەردوو هـــەرێم.شـــیاوی باســـە هـــەردوولایان زۆر تونـــدو تیـــژبوون لەبەرامبەر مسوڵمانو جولەکەکان.

ئیـــزابێلا بـــە لـــەناوبردنی تاوانکـــارو ڕێگرانـــی وولآت، یاســـاو سیـــستەمی گێڕایەوە ولآت. سەرکزکردنی خانـەدانان، کـاری هـەرە گـرنگ بـوو لەهەمبـەر ئیزابێلا، کە ئیسپانیا ڕوبەڕی بویەوە. چونکە خانەدانان دەسەلآتی بـەهێزیان هەبوو، ئەمەش بەهۆی ئەوەی لەڕۆژگاری جـۆنی دووەمـی پاشـای ئـەراگۆنو هنـری چـوارەمی پاشـای قـشتاڵە، هـەلی باشـیان بـۆ ڕخـسا بـۆ بـەهێزکردنی دەســـەلآتیانو وەرگرتنـــی بەربـــژاری لەهەریەکـــە لـــەم دووپاشـــایە لاوازە. فردیناندو ئیزابێلا دوژمنی سەرسەختی خانـەدانان بـوونو بـۆ لـە باربردنیـان درێغیان نەدەکرد، ئیدی بەرەبەرە کەوتنە لاوازکردنی خانەدانان. لـە میانـەی ئەو هەولآنەی کە بۆ ئەم مەبەستە خستیانە گەڕ، دەرکردنی فەرمانێك بوو کە بەپێی ئەم فرمانە پێویست بوو قەلآی خانـەدانان تێکبـدرێو بەربژاریـەکانیان هەڵبوەشـــێتەوەو لەسەرپۆســـتەکانیان لادرێـــن. وە لەســـاڵی 1480 کورتیز(پەرلـەمان)ی قـشتالە دەسـتورێکی دەرکـرد لەلایـەن پاشـاوەو تیایـدا داوای دەکرد سەرجەم زەویەکان ببنەوە هی پاشاو جەنگی نێوان خانـەدانان بەری پێبگیریو چیتر ڕێگەیان پێنەدرێ قەلآ بنیـات بنـێن. ئـەم دەسـەلآتەی خانەدانان هـەیانبوو بۆپادشـا سەرئێـشە بـوو، ئـەم دەسـەلآت داریـە بـەهۆی سوارەکانەوەبوو کـە هـەردەم وەك هێزێکـی سـەربازی لەخزمـەتیان دابـوونو خزمەتکردنیشیان بۆخانەدان لەدژایەتی پادشا خـۆی دەبینیـەوە. بـەلآم ئـەم ڕەوشە هەروا بەردەوام نەبوو، بەڵکو لەساڵی 1523ز پاپا فرمـانی دەرکـردو

بەپێی فرمانەکەی دامەزراوەی سوارەکان دەبوونەوە هی پادشا. بەمەش پادشای ئیسپانی بووە خاوەنی دەسەڵاتو سامانێکی فراوان لەماڵو لەزەوی. لیرەشەوە بەهێز بوون بە هێزێکی کاریگەر.

پادشا دەیویست خۆی بسەپێنێ بەسەر خانەدانو نینۆکەکانیان بقرتێنێو بۆ دەسەڵاتی خۆی سەرکزیان بکات. بەڵام بەوریاییەوە کاری دەکردو نەیدەویست وەك چینێکی تەواو لە ناویان بەرێ، بەڵکو بەرەبەرە پەلکێشی دەکردن بۆ کۆشکی پادشاو پۆستی ڕەمزیو لاوازی پێ دەبەخشین، لە بری ئەمانە چینی خوێندەوارو دەرچوانی زانکۆی دەخستە کارو کارگێڕی حکومەتی دەخستە سەرشانی ئەوان. لە گرنگترین ئەو چاکسازیانەی کە فردیناندو ئیزابێلا بۆ ئیسپانیا کردیانو شوێنەواری ئەکتیفی بەجێهێشت، بریتی بوو لە ڕێکخستنی دامو دەزگای حکومەت.

هەریەکە لە هەرێمەکانی ئیسپانیا پەرلەمانێکی هەبوو لەسەرشێوەی پەرلەمانی ئینگلیزیو پێی دەوترا کورتیز. کورتیزی قشتاڵە لەسەروی هەموویانەوەبوو لە هەموویان گرنگتربوو. فردیناندو ئیزابێلا بۆ زاڵبوون بەسەرخانەدانان ولەباربردنی دەسەلاتیان، کورتزیان خستەکار. جا کاتێ ئەم کارەیان تەواوکرد، کورتیز گرنگیەکەی لەدەستدا. پادشا کورتیزی فەرامۆش کردو هیچ کاتێ بانگهێشتی نەدەکرد، خۆ ئەگەر بانگهێشتیشی بکردبا، ئەوا بۆ ڕاپی کردنی کارەکانی خۆی بوو، یان بۆ ئامادە کردنی خەرجی پێویست بوو، یاخود بۆ ڕەزامەندی نواندن بوو بۆئەو کەسەی کەجێگەی پادشا دەگرێتەوە لە دوای مردنی پادشا. لەگەڵ ئەوەی ئەرکی کورتیز پێشکەش

کردنی سکالآکان بوو بۆپادشا، کەچی بەرەبەرە خاسیەتی نوێنەرایەتی لە دەستدا.

لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا، کورتیز بە ڕێکخستنێکی ڕێكو تازە بەردەوامی دابەخۆی ودەسەلآتێکی بەڕێوە بردنی دادوەریو یاسادانانی بەرفراوانی بەدەست وەگرتو بەرەبەرە خانەدانانی لە دانیشتنەکانی دوورخستەوە. لەساڵی 1494 پەرلەمانی ئەراگۆن لەسەر شێوازی کۆرتیزی قشتاڵە داندرایەوەو وردەوردە کۆبوونەوەکانی کەم بوویەوەو ئەندامەکانی تەنها لەنوێنەرانی شارەکان کورتکرایەوە.

"فردیناندو ئیزابێلا" توانیان فەرمانڕەوایی بکەن بەسەر ئیسپانیادا، لەئەنجامی هەرەسهێنانی هەژمونی خانەدانانو نەمانی سەربەخۆیی ئەنجومەنە شارەوانیەکانیان، وە لەڕێگەی نوێنەری حکومەت کە لەڕاستیدا ملکەچی پاشا بوون. پادشا دوو نوێنەری لەسەر هەمان شێواز، لەئەنجومەنی شارەوانی بۆ هەر شارێکی هەرێمی قشتاڵەدیاری کرد. ئەمەش لە دوای ساڵی 1480 کە وەك نوێنەری دەسەلآتی مەرکەزی کاریان دەکردو چاودێری بزاوتن وجموجۆڵی خانەدانانیان دەکرد.

پاپا"سکستسی چوارەم" لەساڵی1482، بالآدەستی ئاینی بەهەردووکیا بەخشی ومافی ئەوەی پێدان کە دەسەلآت بنوێنن بەسەر کڵێساکانی ئیسپانیاداو خۆیان پیاوانی ئاینی لە پۆستە ئاینیەکان دامەزرێنن، لەبەرامبەر ئەوەشدا فردیناندو ئیزابێلا ئامادەبوون هاودەستی پاپا بکەن لەوسیاسەتە سەرکێشیانە(مغامرە)ی کە لەبەرامبەر ئیتالیا پیادەی دەکرد. پاپا

ئەسکەندەری شەشەمیش چەند دەسەلآتێکی تری پێدان و چارەسەری ناکۆکیەکانی نێوان ئیسپانیا و پرتوغالی کردو ڕێگەی پێدان سەروکاری باجی دەیەکی کلێسابکەن لە ئەمریکا "دوای دۆزینەوەی". دای ئەویش کاردینالٚ "گزیمیس" لەسەر ڕەچەی پێشینەکانی خۆی بەردەوام بوو، ئەمیش هاوکاری هەردوو شای ئیسپانیایی کرد لەسیاسەتیان لەدژی مسولمانان و جولەکەکان و ڕێگری کردن لەبلآو بوونەوەی ئاینزای پرۆتستانتی لە ئیسپانیا. هەر بەمانەشەوە نەوەستا، بەڵکو یاریدەی دان لەفراوان کردنی تۆڕی "دادگاکانی پشکنین" بە مەبەستی ڕاوکردنی هەموو ئەوانەی کە نەیاری کلێسا بوون. دامەزراندنی پیاوانی سەربەم دادگایانەو داهاتی سزامالٚی و زەویە دەست بەسەر گیراوەکانیش کرانە موڵکی پادشا.

فردیناندو ئیزابیلا بۆ زیاتر بەهێز کردنی خۆیان، هەستان بە دامەزراندنی سوپایەکی بەهێزی مەشق دراو لەژێرسەرکردایەتی خۆیان، هەروەها سازکردنی سەرکردایەتیەکی بەهێز، کە یەکێ لەسیاسەتەکانی یەکپارچەکردنی وولآت بوو. جا بۆبەدیهێنانی ئەم ئامانجانە، فردیناند هەرچی کۆسپ هەبوو بە وردبینانە لای بردو هەرچی بەباشی زانی بۆ بەدیهێنانی ئەم ئامانجانە درێغی نەدەکرد لە بە ئەنجام گەیاندنی. لەوانەش سیستەمی باج و کۆکردنەوەی باجی چاککردو ڕێکخست، هەروەها دراوی ڕێکخست و پێوانەیەکی سەرتاپا گیری بۆ دانا. لە دەرئەنجامی ئەمەشدا، داهاتی سالآنەی وولآت زیادی کردو گەیشتە ئەوپەڕی شکۆفەیی، بەشێوەیەك لە ساڵی1474 داهاتی لە"885000"وە گەیشتە 26ملیۆن ڕیاڵ. وە

لەساڵی "1504"، فردیناندو ئیزابێلا گومرگیان لەنێوان بەشەکانی وڵات هەڵگرت وبایەخیان دا بەبازرگانیو وەبەرهێنانی ئەمریکا، هەروەها بایەخیان دا پیشەی بەمەڕداری بە مەبەستی بەرهەمهێنانی خوریو هەناردەکردنی بۆهۆڵندا. چونکە بڕوایان وابوو ئەمە داهاتی وڵات زیاد دەکات. بەم شێوەیە ئابووری ئیسپانیا گەیشتە ئەوپەڕی جوانیو ڕەونەقی. شیاوی باسە لەو ساڵەی کە فردیناند لەسەرەمەرگدابوو، واتا ساڵی 1516، ئیسپانیا ئابووریەکی بەهێزو پەرەسەندوی هەبوو.

میرنشینی "غرناتەی ئیسلامی" لەباشوردا هەربەزیندویی مایەوە، لەگەڵ ئەوهەموو لاوازیو دوبەرەکییەی کە تێی کەوتبوو. ئیسپانیاش چاوەڕوانی ئەم دوبەرەکیانەی دەکرد، تائەوەبوو هەلی بۆ ڕەخساو لە2 کانونی دووەمی 1492، دای بەسەریداو دەستی بەسەرداگرت. لە پێش ئەم مێژووە جوتە شاکەی ئیسپانیا بەوریایی ولێزانیەوە چاوەڕوانی ئەم میرنشینەیان دەکرد. لەم ماوەیەشدا دووبەرەکی وجیاڕایی باڵی بەسەر ئەم میرنشینەدا کێشا بوو. هەریەکەیان دەیویست ببێ بە سەرداری ئەم میرنشینە، بەهۆی ئەمەشەوە دژایەتیو ناپاکی دروست بوو، کە ئاکامەکەی خۆ بەدەستەوەدانی ئەم میرنشینەی لێکەوتەوە لەوساڵەی ئاماژەمان پێدا. پێشتر لە ساڵی 1476 ئیزابێلا داوای سەرانەی لەمیری ئەم میرنشینە کردبوو، بەلاّم میری غەڕناتە وەلاّمی دایەوە بەوەی کە کارخەنەکەی دراوی زێڕی ڕاگرتوەو گۆڕیویەتی بە دراوی ئاسن، بەم بیانوە داوەکەی ڕەت کردەوە. جا لەدوای ئامادەکاری سەربازی بۆچەند ساڵێك، فردیناندو ئیزابێلا بە وریایی وبەرەبەرە بەرەو ئەم

میرنشینە پێشرەویان کرد، تا لەساڵی 1492 دەستیان بەسەردا گرت. لەگەڵ ئەوەی کە ڕێککەوتن کرا بە ڕێککەتنێکی دادوەرانە لە ڕوکەشدا، کەچی لەدوای رادەستکردنی میرنشینەکە، هەردوو پاشا داوایان لەموسڵمانەکان کرد یا مەسیحیەت پەسەندبکەن یا لەم وڵاتە بڕۆنە دەر. لە 12شوباتی ساڵی 1502ز، فردیناند فەرمانێکی داو بەپێی ئەم فەرمانە هەرکەسێ مەسیحیەت قبوڵ نەکات دەبێ کۆچبکات لەپێش هاتنی مانگی نیسان. تائەوەبوو مسوڵمانەکان لەکاتی جێهێشتنی وڵاتەکەیان توشی سەختترین وناهەموارترین بارو دۆخ بوونو زۆرێکیان ڕوبەڕووی مەرگ بوونەوە. ئەوانەیشی مانەوە ڕازی بوون بە ئاینی مەسیحی[1]. جولەکەکانیش وەك مسوڵمانەکان سیاچارەبوونو لە هەمان کاتدا دەرکران. لە ئەستۆگرتنی

* ئەگەر بێتو چاوێك بخشێنین بە مێژووی دەسەڵاتداریەتی ئیسلامی لەهەموو چاخەکانیدا، دەبینین موسڵمانەکان لەڕووی یەکتری قبوڵکردن وهەڵکردن لەگەڵ ئاینەکانی ترلەپێشەوەی هەمووئاینەکانن. ئەو لێبوردە ئاینیەی کە بیریارانی ئەوروپی بانگەشەیان بۆدەکرد، بەمەبەستی نەهێشتنی ئەم هەموو کوشت وبڕەی نێوان ئاینزاکانی مەسیحیەت، لەسەردەمی پێغەمبەرەوە(د-خ)، بەکردەوە پیادەکرابوو. لەهیچ سەردەمێکی ئیسلامیشدا ستەم کاریەکی هاوشێوەی ئیسپانیا دەرهەق بەئاینەکانی تر نەکراوە. تەنانەت خۆرهەڵاتناس "بێرنارد لویس"لەم بارەیەوە لە کتێبی "بەریککەوتنی کلتورەکان"دان بەو ڕاستیەدا دەنێت" کە چۆن موسڵمانان لێبوردەیی ئاینیان پیادە کردوە لەهەمبەر ئاینەکانی تر. هەروەك دەڵێ:" لەکاتی ڕوخانی ئەندەلوسدا سوڵتانی عوسمانی فەرمانی دەرکرد کە مسوڵمانانو جولەکەکان بێ جیاوازی لەهەموو جێگەیەك دەتوانن بژین". مانەوەی ئەم هەموو مەسیحیانەش لەسەر ئەرزی ئیسلامی بەڵگەیەکی حاشا هەڵنەگرە. جگە لەمە بابای مەسیحی زۆر جار خاچێکی دەکرد بەملدا لەکاتێدا بەدرۆ خستنەوەی ئایەتێکی قورئان بوو بە زمانی حاڵ، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ڕێگەی لێنەدەگیرا. (وەرگێڕ).

ئـەم تاوانـەش بەپلـەی یەکـەم لەئەسـتۆی ئیـزابێلا دایـە، ئـەمجا گزیمنمـسی ڕاوێـژکاری. میرنـشینی غرناتـە بـە قـشتالە وە لکێنـرا، لەبەرئـەوەی سـوپای قشتاڵە دەستی بەسەردا گرت.

بـەم شـێوەیە بـەهاتنی سـەدەی شـازدە فردینانـدو ئیـزابێلا دەوڵـەتێکی یەککرتوی دەوڵەمەندی خاوەن دەسـەڵاتێکی ناوەنـدیو بـەهێزیان دامەزرانـد کە زاڵ بوو بەسەر هەموو بەشەکانی[1].

سیاسەتی دەرەکی فردیناند:-

سیاسەتی دەرەکی فردیناند ڕووی لەفراوان خوازی بـوو، وێـڕای هەوڵـدانی بۆباڵادەست بوون بەسەر گشت بەشـەکانی ئیـسپانیاداوپاشانیش زیـادکردنی شـکۆمەندی پادشـا. ئەمـەش لـە پێنـاوی پارێزگـاری کـردن لـە هاوسـەنگی نێودەوڵـەتی، بـەوەی کـە بیـسەلمێنیێ پادشـایە بەسـەر صـقلیەدا. فردینانـد ململانێیـەکی تونـدو تیـژی تـوش هـات لەگـەڵ پرتوگـال، بـەهۆی پەیوەندیـە هەڵەکانی نێوان پرتوگالو قشتاڵە، وە بـە دۆزینـەوەی ئـەمریکاش ململانێکـە تونـدترو سـەختتر بـوو. هـەروەها فردینانـد لەگـەڵ فەرەنـسا هـەم دیـس کێـشەیەکی قـوڵو ترسـناکی هـەبوو، لەسـەر هـەرێمی نافـارا کـە دەکەوێتـە باکوری ئیسپانیا، بەهۆی ئەوەی بەشێك لـەم هەرێمـە دەکەوتـە نـاو سـنوری فەرەنـسا. فردینانـدیش دەیویـست بیخاتـەوە ژێـر ڕێکێفـی خـۆی. جگەلەمـە جێگرتنەوەی تەختی ئەراگۆنو قشتاڵە، ماوەیەکی زۆر سـەری قـاڵ کردبوو،

---

1 Ibid. 1

ئاکامەکەیشی بەجێمانی ململانێیەکی سەخت بوو لەنێوان بنەماڵەی هبسبرگو بنەماڵەی پاشایی فەرەنسا، کەچەند سەدەیەك بەردەوام بوو.

فردیناند گەرەکی بوو لەدوای مردنی، ئیسپانیا وەك ئیمپراتۆریایەکی بەهێزی یەکپارچە بمێنێتەوە. بۆ بەدیهێنانی ئەم مەرقاش هەستا بە دانانی سیاسەتێکی وردوپڕێك. ئیزابێلاو فردیناند کوڕێكو چوار کچیان هەبوو، کوڕەکەی ناوی "جۆن" بوو، کچەکانیشی ناویان"ئیزابێلا، جوانا، ماریا، کاترین"بوو، تاکە کەسێ کەجێگەی ئومێدی فردیناندو ئیزابێلا بوو بۆئەوەی جێگایان بگرێتەوە، جۆنی کوڕیان بوو. فردیناند ویستی بەهۆی ئەم کوڕەیەوە خزمەتی بەرژەوەندی بنەماڵەی پادشایەتی ئیسپانیا بکاتو سامو هێزی وولاتەکەی پێ زیاد بکات، هەر لەبەرئەوە پاش چەندین گفتوگۆ "مارگریت"ی کچی ئیمپراتۆر "ماکسیملیان"ی هبسبرگی خواست بۆ کوڕەکەی، ئەمە لەکاتێدا بنەماڵەی هبسبرگ یەکێ بوو لە گەورەترین بنەماڵەی ئەوروپا. ئەمە لە لایەك، لەلایەکی ترەوە بۆ کچەکانیشی هەمان دەستکەلای لە دەستگرت. ئەوەبوو جوانای کچی دایە "فلیپ هبسبرگ"ی کوڕی "ماکسیملیان"، هەروەها ئیزابێلای کچە گەورەی لە "فردناند عمانۆئێل" پاشای پرتوغال مارە کرد، ئەمەش بە مەبەستی ڕێخۆشکردن بۆ بەستنەوەی نیمچە دورگەی ئیبریا بە وولاتەکەی. "کاترین"ی کچیشی پێشکەشی "ئارسەر"ی کوڕی "هنری حەوتەم"ی پاشای انکلترا کرد. هەموو ئەم سیاسەتەی کە دەیبینین، ئەوەمان نیشان دەدات کە"فردیناند" ویستویەتی فەرەنسا لە هەرچوارلاوە گەمارۆ بدات. هەر بۆیە "لۆیسی

دوازده" لەبارەی فردیناندەوە وتویەتی: فردیناند "دوو جار فێڵی لێکردم". بەلاّم "فردیناند" لە ولاّمیدا وتی: "ئەو درۆ دەکات، بەڵکو دەیان جار فێڵم لێکردووە".

لەساڵی 1497 "جۆن" لەدونیا دەرچوو، هەروەك خێزانەکەیشی منداڵێکی بەمردوویی بوو. بەمەش هیواو ئاواتی فردیناندو ئیزابێلا تێکشکاو ترسو دڵەڕاوکێ دایگرتن‌و لەوە دەترسان کە تەختەکەیان بگوازرێتەوە بۆ دەرەوەی بنەماڵەی خۆیان. واتا بۆیەکێ لە "منداڵەکانی کچی سێیەمیان". ئەوەندەی نەبرد ئیزابێلای کچە گەورەشیان مەرگ یەخەی گرت. لەدوای مردنی ئەویش عمانوئێلی هاوسەری "ماریای" خوشکی ئیزابێلای مارەکرد، بەو مەبەستەی کە ئیسپانیا بخاتە سەر پرتوگال. کەچی ئەمیشیان زۆری نەبردو لەساڵی 1517، ماڵئاوایی لە ژیان کرد. بەهۆی ئەمەش تەختی ئیسپانیا گواسترایەوە بۆ جوانای کچی فردیناند. عمانۆئێلیش "ئاینورا"ی خوشکی ئیمپراتۆرچارلسی پێنجەمی مارە کرد.

ئیزابێلای دیندار،پاشای ئیسپانیا لەساڵی 1504، کەوتە جێگەی مەرگ. ئیزابێلا ڕای سپارد کە تەختی پادشایەتی ببەخشرێتەجوانای کچی‌و دواتر کوڕەکەی. بەو مەرجەی تا لە تەمەنی منداڵی بێت فردیناند سەروکاری بکات، فردیناند ئەو ڕاسپاردەی بە تەواوی جێبەجێ کرد، سەرەڕای ئەوەی حەزی نەدەکرد کوڕی جوانای کچی ببێتەپاشای ئیسپانیا، چونکە پەروەردەو فامینی هۆڵەندی بوو نەوەك ئیسپانی.

فردیناند بە مردنی "فلیپی کوڕی ماکسیملیان" ومێردی کچەکەی لە ساڵی 1506 لە دوژمنێکی سەر کەش ڕزگاری بوو، چونکە فلیپ لەبەڕێوەبردنی قشتاڵە کێبڕکێکی لەگەڵ دەکرد. سیابەختی فردیناند لەوەدابوو هیچ کوڕی نەبوو، تەنانەت کاتێکیش هاوسەرگیری کرد لەگەڵ "گیرمین"ی کچی خوشکی پادشای فەرەنسا "خانمی ناڤارا" لە ساڵی 1505 هیچ کوڕی لەپاش بەجێ نەما. چونکە ئەوکوڕەی لەم ئافرەتە بوو،پاش چەند کاتژمێرێك لەدوای هاتنە دنیای، کۆچی دوایی کرد. بەمەش تەختی ئیسپانی کەوتە دەستی "چارلسی کوڕی جوانا"ی نەوەی "مکسیمیلیان‌و فردیناند".

فردیناند کەسێکی سیاسی‌و دیبلۆماسی بوو، سیاسەتی میکافیللی ئەوسای پیادەکرد، هەتا ئومێدی ئاشتی هەبووایە پەنای بۆ جەنگ نەدەبرد. ساتێکیش فەرەنسا شالاوی بردە سەر ئیتالیا، فردیناند لەگەڵ "هەنری حەوتەم"ی پاشای ئینگلترا ڕێککەوت بەوەی هینری بچێتە ناو هەرێمی بریتانی. بەمەش چارلسی هەشتەم ی شای فەرەنسا ناچار بوو داوای ڕێککەوتن بکات‌و بەپێی پەیمانی "بەرشەلۆنە" لە ساڵی 1492فەرەنسا دەستبەرداری "روزولون، کارادگای" بوو بۆ ئیسپانیا.

فردیناند لە کۆتاییەکانی دەسەڵاتیدا توانی کێشەی ئیتاڵیا لەبەرژەوەندی ئیسپانیا چارەسەر بکات‌و فەرەنسا ی لێ دوور بخاتەوە. هەروەها توانی سنورێك بۆ داواکاریەکانی پاپا دابنێ. هەروەك توانی نیشتمانی ناپوڵی‌و صقلیە بخاتە ژێرچنگی خۆی‌و فەرەنسا ببەزێنێ وناچاری بکات بەپێی

ڕێککەوتنی "بلوا ناڤار"ی ساڵی 1504، دەستبەرداری ناپوڵی ببێت بۆ ئیسپانیا. هەروەها لەساڵی 1515، ناڤارای خستە ژێر ڕکێفی خۆی.

فردیناند لە ساڵی 1516 کۆچی دوایی کرد، دوای ئەوەی ئیمپراتۆریەتێکی فراوانی بنیات نا. ئەم ئیسپانیای لە دەولەتێکی بەش بەش وپارچە پارچەوە کردە ولآتێکی بەهێزو دەوڵەمەند،بەشێوەیەك کە لە ئەورووپادا وێنەی ئەونەبوو لەدەوڵەمەندی بەهێزیدا[1].

پرتوگال:-

ساڵی 1500، ئەو ساڵە بوو کە پرتوگال تیایدا بوبە دەولەتێکی نەتەوەیی، ئەمەش بەسایەی کۆششی پادشاکانی ودۆزینەوە جوگرافیەکان کە هنری دەریاوان پێی هەڵدەستاو بەهۆیەوە نەمری بەدەست هێنا. وێژەی پرتوگال پەرەی سەندو بووبە وێژەیەکی نەتەوەیی خاون شەقڵی خۆی، هەروەك وێژەی ئیسپانی بەهۆی زاڵ بوونی زمانی قشتاڵی بەسەر ئەراگۆندا گەشەی سەند. شێوازی فەرمان ڕەوایی پرتوگال ڕووەو پادشای ڕەها هەنگاوی هەڵگرت.

سویدو نەرویج ودانیمارك:-

ئەم سێ دەوڵەتە ئەسکەندەنافیانە لە سەدەکانی ناوەڕاست درووست بوون، ئەمش کاتێك ڤایکینگەکان ئایسلەنداو گرینلاندیان ئاوەن کردەوەو دەستیان گرت بەسەر فنلنداوڕوسیا. سێ گەلە ئەسکەندەناڤیەکە لەڕووی

Ibid1 1

زمـان وڕەگەزوخونەریتـە كۆمەڵاتیـەكان لەیـەك دەچـون. ئـەم سـێ دەوڵەتـە بەسەرۆكایەتی پادشای دانیمارك وبەپێی پەیمانی {كلمـر}ی سـاڵی 1397، یەكیەتیان پێكهێنا. بەڵام ئەم یەكیەتیـە بـەلای گەلـە ئەسـكەندەنافیەكانەوە پەسندنەبووپێی پەست بوون، ئەمەش هۆكارێ بـوو بۆئـەوەی سـوید شـۆڕش بكـاتو سـەربەخۆی بەدەسـت بێنـێو ببێتـە دەوڵەتێكـە نەتـەوەیی بەسەرۆكایەتی گوستافز فازا لەساڵی 1523–1560. هەڵبـەت ئەمـە تـەنها سویدی گرتەوە ولاتی نەرویج وئایسلەنداو گرینلاند لە ژێرچەپۆكی دانیماركدا مانەوە.

هەریەكە لەپاشای سویدو دانیمارك هەوڵیاندا بالآدەست بن بەسەر كلێساو زەویەكانیان فراوان بكەنو دەسەلاتی پەرلـەمانو خانـەدانان كـەم بكەنـەوە. لـەم ڕووەشـەوە هەوڵـەكانیان بـێ بەرهـەم نـەبوو، سـەركەتنی گـەورەیان بەدەستهێناو بوون بە دەوڵەتێكی پادشایی ڕەها.

چەند حكومـەتێكی نەتـەوەیی لەخۆرهـەلاتی ئـەوروپا سـەریان هەڵدا، كـە بەشێكیان گرنگی خۆیان هـەبوو لەسـەدەی شـازدە. گرنگترینـان "بوهیمیـا–هەنگاریا–پولندا– لیتوانیا– میرنشینی مۆسكۆ".

بۆهیمیا:-

بۆهیمیـا لـە سـەدەی دوازدەوە دەوڵـەت بـوو، خـاوەنی زمـانو وێـژەی نەتەوەییو هەستی نیشتمانی خۆی بوو. لە كاتێكدا چیك لەسلافیەكان بـوون ودەورە درابوون بەڕەگەزی ئەڵمانی. بۆهیمیا بەشداری دەكرد لە هەڵبـژاردنی ئیمپراتۆر بۆئیمپراتۆریەتی ڕۆمانی پیرۆز. بەڕستی بۆهیمیا شوێنێك بـوو وەك

پەناگە بەکاردەهات بۆکۆچکردوە ئەڵمانیەکان. هەر لەبەرئەمەش مێژووەکەی لەگەڵ مێژووی ئەڵمانیا دایە. پادشایەتی لە بۆهیمیادا بە هەڵبژاردن بوو، لەم کایەدا خانەدانان بەزۆری کەسانی بیانیان هەڵدەبژارد. لە ساڵی 1471 میری پۆڵندا بەپادشای بۆهیمیا هەڵبژێردرا. پاش نۆزدە ساڵ لەم پاشایەتیە بە پادشای هەنگاریاش پەسند کرا، بەمەش بۆهیمیا کەوتە ژێردەستی بێگانە.

لە ساڵی 1526، پادشای بۆهیمیاو هەنگاریا لەجەنگی موهاکس کوژرا، کەلەدژی دەوڵەتی عوسمانی هەڵگیرسا بوو. دوای ئەم کوژرانەی پادشای بۆهیمیاو هەنگاریا، خانەدانان هەستان بەهەڵبژاردنی "فردیناند هاسبرگ" برای ئیمپراتۆ "چارلسی پێنجەم" بەپادشای بۆهیمیا. ئیدی لێرەوە بۆهیمیاو هەنگاریا بوونە بەشێك لە موڵکەکانی بنەماڵەی هبسبرگو کەوتنە ژێردەسەلاتی ئەم بنەماڵەیە.

هەنگاریا:-

لە سەدەکانی ناوەڕاستدا هەنگاریا دەوڵەتێکی بەهێز بوو. دانیشتوانە مەجەریەکانی لەمەغۆلە کۆچکردووەکان بوون، کەزۆر بەوردیەوە پارێزگاریان لەخونەریتەکانیان دەکردو کیان ونیشتمانیان زۆر بەپەرۆشەوە دەپاراست، بەلاَم چینی خانەدان ودەرەبەگەکان دەسەلاَتێکی گەورەیان هەبوو، بەهۆیەوە توانیان ئاستەنگی گەورە دروست بکەن لەبەردەم سەرهەڵدانی چینی ناوەڕاست لەبازرگان وسەرمایەداران. لەبەرئەمەش جوتیارانی مەجەڕی لەدژوارترین بارودۆخدا دەژیان کە هیچ کات جوتیارانی ئەوروپای خۆرئاوا لەم بارودۆخەدا نەگوزەرابوون. خانەدانان پادشایەتیان کردە پادشایی

هەڵبـژێردراو، ئەمـەش وای کـرد بـوار نەڕەخـسێ بۆسـەرهەڵدانی پادشـایەتی ڕەها.

هەنگاریا لەساڵی 1526ز، لەبەردەم سوپای عوسمانی لەجەنگی موهاکس خۆی نەگرتو تێکشکا، بەمەش نیـشتمانەکەی لـەنێوان سـوڵتانی عوسمـانیو ئیمپراتۆری ئەڵمانیا دابەشکراو درایە فردیناند.

پۆڵەنداو لیتوانیا:-

پۆڵـنـدا لـە سـاڵی"1000ز"یـەوە- وڵات بـوو. بـەڵام بـوو بـە قوربـانی دابەشـبوونە نـاوخۆیو شـاڵاوە بیانیـەکان، بەتایبـەت ئـەڵمان. پۆڵـنـدا بـەم شـێوەیە مایـەوە تاسـەدەی چـواردە، کـە لـەو سـەدەیەدا خـۆی ڕزگـارکرد لەدەسەڵاتی ئیمپراتۆری ڕۆمانی پیرۆز. ئیدی لە پاش ئەمە بووبـە دەوڵـێتێکـی سەربەخۆ. لیتوانیاش لە ساڵی 1250، وەك دەوڵـەتێك سـەریهەڵدا. لەسـاڵی 1386، پادشای لیتوانیا بەسەر پۆڵنداش هەڵبژێردرا، بەمەش ئەم دوو وڵاتە بوون بە یەك دەوڵەت. ئەم دوو وڵاتە فـراوان بـوون بەئاڕاسـتەی خۆرهـەڵاتو ناوەڕاستی ئەوروپاو فراوانخوازیان ئەنجامدا تـا لـە سـاڵی 1500ز بـوون بـە بەهێزترین دەوڵەتی ئەوروپا. بەڵام سەرهەڵدانی ناکۆکی ودووبەرەکی لەنێوان پۆڵەندی ولیتوانی لە لایەك، لەلایەکی تریش هەبوونی چینی دەرەبەگ کـەزۆر بـەهێز بـوونو هـەردەم سـوربون لەسـەر سیـستەمی پاشـایی هەڵبـژێردراو، هـەروەها بەخـشینەوەی بەربـژاری لەلایـەن پادشـاوە لـە پـێش هەڵبـژاردنی، لەسەرووی هەموویەوە نەبوونی هیچ بوارێك بۆ گەشەکردنی چینی ناوەڕاستو کارە دوژمنکاریەکانی ئەڵمان بەبەردەوامی، لـەم لاشـەوە مەترسـی دەوڵـەتی

عوسمانی لەباشور، هۆشداریدا بە ئاوابونی ئەستێرەی هەردوو دەوڵەتی یەککگرتوو لە ئاسمانی ئەورووپا. هەرچەندە ئەمە نزیکەی دوو سەدە دواکەوت.

میرنشینی مۆسکۆو ڕوسیا:-

ڕوسەکان لە سلاڤیەکانن، لە زۆر کۆنەوە لە زەویەکانی خۆیانداژیان دەگوزەرێن. ئەسکەندەناڤیە سویدیەکان لە سەدەی هەشتەمی زاینیەوە پەلاماری ئەم وولاتەیان داو یەکێ لەسەرکردەکانیان بەناوی (روریك) دەوڵەتێکی دامەزراند بەناوی(کییف). ئەم دەوڵەتە توانی بەردەوام بێتو بمێنێتەوە تا هاتنی مەغولەکان. مەغۆلەکان توانیان زاڵ بن بەسەر ئەم دەوڵەتەو ڕوسیاش بۆ ماوەی 200ساڵ لەژێر ئەم دەسەلاتەدا مایەوە.

ئیڤانی سێیەم(1462-1505)ی- میری مۆسکۆ توانی خۆی لەدەسەلاتی مەغۆلەکان ڕزگاربکات. ئیڤان لە بەرەبابی روریکی ئەسکەندناڤی بوو، دەوڵەتەکەی بە ئاراستەی باکورو باشورو خۆرهەلات فراوان کردو دەستی بەسەر نوڤگوردو ویسکوڤ داگرت، دەسەلاتی لە باکورەوە گەیشتە زەریا بەستەڵەکەکانی باکور، لەخۆرهەلاتیشەوە گەیشتە چیاکانی ئۆراڵ. ئیڤانی سێیەم هاوسەرگیری کرد لەگەڵ خانم صوفیا کە یەکێ لەنزیکەکانی ئیمپراتۆر "قصتنتین" ی یازدەم بوو. شیاوی باسە ئەم ئیمپراتۆرە کۆتا ئیمپراتۆری بیزەنتی بوو. بەهۆی کاریگەری خێزانەکەی، ئیڤان خۆی وەك شوێنگرەوەی ئیمپراتۆریەتی ڕۆمانی خۆرهەلات ناساند، دەسەلاتەکەیشی بوو بەدەسەلاتێکی ڕەها، پاشان نەوەکەی "ئیڤانی چوارم" لە ساڵی 1547، وەك قەیصەر یا ئیمپراتۆری ڕوسیا خۆی ناساند. بەم شێوەیە

دەوڵەتێکی نەتەوەیی پادشایی ڕەها لەڕوسیا سەری هەڵدا وشاری مۆسکۆش بوو بەپایتەختی ئەم دەوڵەتە.

دەرکەوتنی نیشتمانپەروەری و نەتەوایەتی:-

هۆشیاری نەتەوەیی‌و گیانی نیشتمانی کاریگەریەکی گەورەی هەبوو لەسەر سەرهەڵدانی حکومەتە نەتەوەییە نوێیەکان لە ئەورووپای سەدەی شازدە. گەلانی ئەورووپا لە سەدەکانی ناوەڕاستدا بەزمانی جۆراوجۆر دەدوان، بەڵام کەم جار نەتەوەیەك بیری لەوە کردۆتەوە کە ئەم جیاوازە لە خەڵکانی تر لەڕووی زمان‌و ڕەگەزەوە. ئەو کاتێك گوێڕایەڵی بۆ ئیمپراتور یاخود پاشا یان بۆ میر یا بۆ کەنیسە هەبوو، گوێڕایەڵی نەبوو بۆ نەتەوەکەی خۆی.

بەڵام شەقڵ‌و سیمای نەتەوەکانی ئەورووپا دەستیان کرد بە دەرکەوتن‌و گیانی نەتەوەیی لە کۆتایی سەدەکانی ناوەڕاستدا گەشەی کرد. لە ڕاستیدا جەنگی خاچیەکان هۆکارێکی گرنگ بوو کە وای کرد هۆشی نەتەوەیی بڵاوبێتەوە. ئەمەش بە کۆبوونەوەی چەند گەلێکی زۆرو نەتەوەیەکی لەیەکتری جیاواز. ئەمانە ماوەیەکی زۆریان بڕی بوو، سەرەڕای جیاوازی زمانیان لەیەکتری پەیوەندیشیان کرد بە گەلانێکی نامۆ بەخۆیان لەڕووی زمان‌و ڕەگەزەوە. لێرەوە هەر نەتەوەیەك شانازی دەکرد بە بنەڕەت‌و ڕەسەنایەتی نەتەوەکەی خۆی‌و هی نەتەوەکانی تری بەپوچ‌و بێ بایەخ تەماشا دەکرد.

جگە لەمە، ئەو نەتەوانەی کە بەژداریان کرد لە شالاوی خاچی، دەستیان کرد بە کێبڕکێ کردن لەگەڵ یەکتری. ئەم کێبڕکێو منافەسە لەنێوان ئینگلیزو فەرەنسیو ئەڵمانی بووە هۆی سەرهەڵدانو گەشەکردنی هەستی نەتەوەیی ئینگلیزیو فەڕەنسیو ئەڵمانی. هەروەها پێشڕەوی کردنی ئەڵمانەکان بەئاراستەی خۆرهەلات هۆیەك بوو بۆ جولاندنو وەخەبەرهێنانی سلاڤەکان بۆ ڕاگرتنی پێشڕەوی ئەڵمانەکانو بەربەرەکانی کردنیان. هەروەك دروستبوونی چەندین جەنگی خوێناوی لەنێوان سوارە تیۆتینیە ئەڵمانەکانو پۆلەندیەکان لەسەدەی پازدە، بووە هۆی پەیدابوونی دەوڵەتی بەهێزی پۆڵەندا. لەڕووی ئایینیەوە بانگەشەی "جۆن هس" لە بۆهیمیاو، هەوڵی ئەڵمانەکان بۆ بنبڕکردنی بە کوتەك، بووە هۆی ملکەچ بوونی بۆهیمیا بۆ ئەڵمانیا.

لەشالاوی خاچیەکانو شالاوەکانی تریش مەبەستە ئاینیەکان گۆڕانی بەسەرداهاتو بوویە مەبەستو ئامانجی نەتەوەییو نیشتیمانی. جەنگی سەد ساڵەی نێوان ئینگلتەڕاو فەڕەنسا کە بەجەنگێکی بنەماڵەیی دەستی پێکرد، کۆتایەکەی وەك جەنگێکی نەتەوەیی لێهاتو بە جەنگێکی نەتەوەیش کۆتایی پێهات کە ژاندارك ڕابەرایەتی دەکردو گیانی نەتەوەیی لەناو فەڕەنسیەکان دادەگیرساند بۆ دەرپەڕاندنی ئینگلیزەکان لە ولات. لەمەوە فەڕەنسی زمانەکان لەژێر بەیداغی یەك پاشا یەکیان گرت، هەروەك ئینگلیزەکان لە ژێر ئالای پاشای ئینگلتەڕا یەکیان گرت . لەمەشەوە پادشایەتی ڕەها گەشەی کرد، ئەو پاشایەتیەی کەپشتی دەبەست بە نیشتیمانیەتی گەلەکەیو

بەدەنگەوە هاتنی ئەوان لـە چارەسـەرکردنی پرسـە ناوخۆیـەکانو مەترسـیە دەرەکیەکان.

"نیشتمانیو نەتەوەپەروەری" بەمانای گوێڕایەڵی کردن بۆ پاشا زۆر زیاتر بێت لە گوێڕایەڵی کردن بۆ گەلو نەتەوە. ئەم هەسـتە یـان ئـەم پابەندبوونـە زۆر بەهێزبوو لەو وڵاتانەی کە پاشاکانیان کردبوویان بە یەكو دانیشتوانەکەی بەیەك زمان قسەیان دەکردو ملکـەچ بـوون بـۆ دەسـتورو یاسـایەکی گـشتیو هاوبەش. ڕەگەزی سەرەکی لە مەسەلەی نیـشتیمانیەتیو نەتەوایـەتی بریتـی بوو لەزمانو دابو نەریتی هاوبەش. گیانی نەتەوەیی بە گوێڕایـەڵی تـەواو بـۆ پاشا گوزارشتی لێدەکرا. پادشاکان ڕۆڵێکی گرنگیان گێڕا لـە پەخـشانکردنو بەرزکردنەوەو بڵندکردنی هۆشی نەتەوەیی. بەهۆی ئەمە پادشا بووبە هێمـای یەکیەتی نەتەوەو سەربەخۆیی نەتەوە. پادشا خاوەنی سـەروەری نەتـەوەیی بوو. پادشا ئەو کەسە بوو کە جەنگی ڕادەگەیاندو پەیمانی دەبەسـتو بـاجی دەسەپاندو دراوی لێدەداو سوپای تـەیار دەکـردو بـەردەوامی پێـدەدا. دابو نەریت لەدەوری ئەم پاشایەتیە ڕەهایەدا گەشەی کـرد.تەنانـەت بەکاریگـەری پادشایە نەتەوەییەکان وێژەی نەتەوەی پەرەی سەند.

وێــــژەی نەتەوەیـــی:-

سەرهەڵدانی زمانە ناوچەییەکانو وێـژەی نەتـەویی لـەکۆتایی سـەدەکانی ناوەڕاست کاریگەریەکی کارای هەبوو لەسەر بڵاوبوونەوەی هۆشـی نەتـەویی. پێشتر لاتینی وئیغریقی زمانی وێژە بوون بۆ گـەلانی ئـەوروپا. لاتینـی زمـانی گەلانی خۆرئاوای ئەوروپابوو، ئیغریقیش زمانی خۆرهەڵاتی ئەوروپا بوو. لـەم

نێوانە زمانە نەتەوەییەکان تەنهاو تەنها زمانی قسەکردن بوو. بەڵام خەڵکی بەرەبەرە دەستی کرد بەنوسینی نامەو نوسینەکانیان بە زمانی نەتەوەیی خۆیان لەجیاتی لاتینی.

لە پێش کۆتایی هاتنی سەدەی پازدە زمانە نەتەوەییەکان بوون بە زمانی بەکارهێنراو لەناو چینی ڕۆشنبیرین. خەڵکی دەستیان کرد بە نوسینی بابەتەکانیان بە زمانی نەتەوەیی و ڕێزمانو بنچینەیان بۆ دانا. تا وای لیّ هات هەمووو زمانێك بوو بە زمانێکی نەتەویی دیارو جیاکراوە. نوسەرە ئینگلیزەکان بە ئینگلیزی دەیاننوسیو هۆنراوەیان بە ئینگلیزی دەهۆنیەوە. هەمان هەنگاو فەرەنسیو ئەڵمانی ئیتالیەکانیش گرتیانەبەر. بەرەبەرە خاسیەتە نەتەوەییەکان گوزارشتیان بە هەستو نەستی نەتەوایەتی لێدەکرا. هەروەك لە کتێبەکانی میکافیللی ئیتالیو لۆسەری ئەڵمانی شکسپیری ئینگلیزیو سێرفانتسی ئیسپانی هەستی پێدەکەین.

شانبەشانی سەرهەڵدانی وێژەی نەتەوەیی، هەستی پارێزگاریکردن لە نیشتمانو پابەند بوون بەنەتەوە سەریهەڵدا. ئەمەش کاردانەوەیەك بوو بۆ بەریەریەتو دەرەبەگایەتی کە پێشتر باو بوو.

سیاسەتی نویّو نیشتمانپەروەری کە بەزمانی نەتەوەیی گوزارشتی لێدەکرا مەترسی دروستکرد لەسەر دامەزراوە کۆنەکانی ئەورووپای وەك:"دەرەبەگایەتی، ئیمپراتۆریەتی ڕۆمانی پیرۆز، کلێسای کاسۆلیکی". تا ئەوەی لەپێش کۆتایی هاتنی سەدەی شازدە هەموو دەوڵەتێك بوو بەخاوەنی کلێسایەکی تایبەت بەخۆی. بە پێچەوانەشەوە بالآدەستی پاپا

بەسەر کڵێساکان کەم بوویەوە، تەنانەت بەسەر کڵێساکانی کاسۆلیکیەکانی دەرەوەی ئیتالیاش باڵادەستی جارانی نەما. ئیمپراتۆریەتی ڕۆمانی پیرۆزیش بەرەو لاوازی‌و پوکانەوە ڕۆیشت. لەملاشەوە پادشاکان هەستان بەقۆستنەوەی هەستی نەتەوایەتی بۆ خزمەتکردنی سودی ئابووری‌و برەودان بە بازرگانی نیشتیمانی.

بەشی دووەم

پێشکەوتنی هـزرو ڕێنیسانس "بوژانەوە"ی ئەوروپی

پێشکەوتنی هزرو ڕێنیسانس (بوژانەوە)ی ئەورووپی:

مەبەستمان لە(ڕێنیسانس)ی ئەورروپی چییە؟

مەبەست لە ڕێنیسانس ئەو گۆڕانە ڕامیاریو ئابوریو کۆمەڵایەتیو هزریە یە، کە لە کۆتایی سەدەکانی ناوەڕاست ئەورروپای گرتەوە {سەدەی یازدە تا سەدەی شازدە}. بزووتنەوەی زیندووکردنەوەو ژیاندنەوەی شارستانی کلاسیکی یۆنان وڕۆما کەپێی دەوترا:(Renassance)، لەئیتالیا دەستی پێکردوو زیاتر هونەرو مرۆڤبینی وئەو گۆڕانکاریانەی گرتەوە کە لەسەدەکانی (14-15-16) بەسەر ئەورروپادا هات. ئەم سەدانە بەسەردەمی گواستنەوە دادەنرێ لەسەدەکانی ناوەڕاستەوە بۆسەردەمی نوێ.

ئەوەی بەرچاوان دەکەوێ لە سەردەمی نوێ، زیاتر خۆی دەبینێتەوە لە بوژانەوەی ئابووری وسیاسی ولاتە ئەورروپا کە ولاتە خۆرئاواییەکانی ئەورروپاو باکوری شاخی ئەلپ پێشەوایەتیان دەکرد. بەڵام بزووتنەوەی هزری وهونەریو وێژەیی، ئیتالیا ڕابەرایەتی دەکرد. جیاوازییەك هەبوو لەنێوان ئیتالیاو ولاتە ئەورروپیەکان کە خۆی دەبینیەوە لە دیاردەی دەرەبەگایەتی، ئەمەش کاتێ دەبینین دەرەبەگی لەئیتالیا لە کاتێکی زوو دەرکرا. ئیتالیاش خۆی بەیەك ڕیزی نەدیتو قبوڵی حوکمی ئەڵمانیاشی نەکرد، بەڵکو بەپارچەپارچەیی مایەوە. هەروەها جوڵانەوەی قوتابخانەیی یاخود بزوتنەوەی سیکۆلائیستی(ڕێنیسانس لە سەدەی دوازدە) لەم ولاتە پەخش نەبوو، لەکایەی تەلارسازیشدا کاریگەر نەبوو بەشێوازی غوتی(کەوانەیی). لە هەموو ئەمانە گرنگتر ئەویە کە شێوازی فێرکردن لەئیتالیا جیاواز بوو لە چاو

وڵاتانی تری ئەوروپا. چونکە فێرکردن لە ئیتالیادا دونیایی بوو{واتە تەنها ئاینی نەبوو بەڵکو لایەنی دونیایشی تیا بوو}، بەپێچەوانەوەی کایەی فێرکاری بەشەکانی تری ئەوروپا، کە تەنها کاریگەری کڵێسای کاسۆلیکی لەسەر بوو. بەهۆی هەموو ئەمانەوە کە لەئیتالیادا هەبوو، نەریتی سەدەکانی ناوەڕاست لاوازو بێ ڕەمێن مایەوە. شارەکانی ئیتالیا بەهۆی بەهرەمەند بونیان لە سامانو سەربەخۆیی و بەبازرگانی کردن لەسەر پاکی ئەو شوێنانەی دەستیان پێی دەگەیشت، توانیان زاڵبن بەسەر لادێکانو دەسەڵاتی خانەدانان قەڵاچۆ بکەنو بوونی ئەم چینە لەکۆمەڵگا ڕەش بکەنەوە. شارە ئیتاڵیەکان توانیان لادێکان والێبکەن کە لەخزمەتی شاردابنو بیانخەنە پاڵ خۆیان. بە هەمان شێوە ئەزمونی وێژەو هونەرو ڕامیاری، وای کرد ئیتالیا شۆڕشی وێژەیی وهونەری بەرپا بکاتو بەهۆیەوە کار لەئەوروپا بکات. ئیتالیەکان توانیان هونەرێك بۆ دروستکردنی کۆشكو تەلارو وێنە کێشانو چێژی ئەدەبو بنەماکانی فێرکاری بە ئەوروپا ئاشنا بکەن. لەبەرئەمە ئیتالیا لە ڕۆژگاری گواستنەوە لە سەدەکانی ناوەڕاستەوە بۆ سەردەمی نوێ قوتابخانەیەك بوو بۆ ئەوروپا[1].

کاریگەری موسڵمانان و ئیسلام لەسەر بوژانەوەی ئەوروپا:-

شارستانیەتی مسوڵمانان دەکشا بەرەو خۆرئاواو کاریگەری گەورەی دەکردە سەریان. ئەم کاریگەریەش لەکۆتاییەکانی سەدەی یازدەوە دەستی

1 G.R.Story، E.H Herbision، main Stream of civiliziton (Newyork ، Har cant Bbrace)، (1947)

پێکرد. ئەم کشانە لە چەند ڕێگەیەکەوە ڕێچکەی بەست کە گرنگترینیان ئەندەلوس بوو. پاش ئەمیش دورگەی صەقلیەو دوای ئەویش جەنگە خاچیەکان. ئەندەلوس کە کاریگەرترینیان بوو، شارستانیەتی ئیسلامی تیایدا لە شکۆفەو گەشانەوە دابوو. دەوڵەتی ئەندەلوس لە سەدەی هەشتی زاینیەوە لەپێش چاوی ئەوروپیەکان بوو. جا ئەم ژیارە لەکایەکانی زانست وزانیاریدا کاری کردە سەر ئەوروپاو وایکرد خوێندکاران لە هەموبەشەکانی ئەوروپاوە بەرەوئەندەلوس بچنو بەهرەمەندبن لەمەشخەڵی شارستانی ئیسلامی. ئەمان لەوێدا کەوتنە خوێندنو لێکۆڵینەوەو وەرگێڕانی پەرتوکەکانی "ابن سینا– ابن رشدو رازی وخوارزمی...هتد" بۆسەر زمانی لاتینی. زانستی پزیشکی "ابن سیناو رازی"، سێبەری لەسەر زانکۆکانی ئەوروپادا هەبوو تاهاتنی سەدەی حەڤدەو دەرکەوتنی زانستی پزیشکی نوێ. فەلسەفەی "ابن رشد" هەتا سەردەمی"تومای ئەکوینی" کاریگەری گەورەی هەبوو بەسەر کڵێسای مەسیحی دا. لە دەرەنجامی ئەم لێکۆڵینەوەو وەرگێڕانانەدا، ئەوروپا بە هەژانێکی هزری هەژاو لەسەدەی سێزدەی زاینی بزوتنەوەی قوتابخانەیی دروست بوو، کە کاریگەری شارستانی ئیسلامی بەسەرەوە بوو. هەر بەهۆی ئەم بزوتنەوەیە بوو، ئەوروپیەکان توانیان پەیوەندی بکەنەوە بە شارستانی یۆنان وڕۆماو هەستن بەزیندوو کردنەوەی ئەم شارستانیەتە لەسەدەکانی چواردەو پازدە.

دیاردەکانی ڕێنسانسی ئەوروپا

1–دۆزینەوەی چاپو بلاوبونەوەی زانیاری.

2_ژیاندنەوەی شارستانی کلاسیکی کۆن وبلاوبوونەوەی کلاسیك وهیومانیستی (مرۆگەری).

3– پاك کردنو ڕۆشنکردنی هونەر، لەسەردەمی ڕێنیسانس.

4_گەشانەوەی وێژەی نیشتمانی ونەتەوەیی.

5_پێشکەوتنی زانستە سروشتیەکان ورەخنەی مێژوویی[1]

داهێنانی چاپ:-

تەمەنی چاپخانە لە (500)ساڵ تێناپەڕێ. کەواتە بەر لەم (500)ساڵە خەڵکی کتێبیان بەدەست نوسیوە. دەستکەوتنی کتێبیش لەتوانای هەموو کەسێکدا نەبوو، کتێبخانەکانیش تایبەت بوون بەدەوڵەمەندوخاوەن سامانەکان، ئەمەش هۆکارێ بوو بۆ ئەوەی زانستو زانیاری لەناو کۆمەڵێکی کەم لە خەڵکی قەتیس بمێنێ. داهێنانی چاپ لەسەردەمی نوێدا ڕۆڵی گرنگی هەبوو لەبلاوکردنەوەی بیروبۆچونەکان. چاپکردن کارێکی ئالۆزبوو، بریتی بوو لەپیتە بزۆکەکان، کەشوێنی خۆی لەسەر کاغەز جێدەهێشت. پێشکەوتنی کاغەزیش ماوەیەکی درێژی خایاند، بۆیە پێویستە بەتێروتەسەلی باسی لێوەبکەین.

کاغەز(پەڕە):

مەرەکەب وکاغەز لەلایەن چینیەکانەوە داهێنراوە، وەهەر ئەوانیش یەکەم کەسانێك بوون لەسەدەی دووی زاینی کاغەزیان بەکارهێنا. ئەوان کاغەزیان لەئاوریشم دروست دەکردو بەکاریان دەهێنا. کاتێکیش دەستیان گرت بەسەر وڵاتی ئەودیو ڕوبار، فێری ئەم پیشەیە بوون وتوانیان لەجیاتی ئاوریشم لۆکە بەکار بهێنن لە دروستکردنی کاغەزدا. پاشان ئەمە گواسترایەوە بۆ یۆنانو

C.op. Cit; pp. ‹1Hoyes

ئیتالیاو ئیسپانیا، ئیسپانیەکانیش توانیان کەتان لەجیاتی لۆکە بەکاربهێنن لەدروستکردنی کاغەزدا، هەڵبەت لەپێش سازکردنی کاغەزدا، خەڵکی لەسەر گیای زەل نوسینەکانیان دەنوسی، کەگەڵایەکی ئەستورو لوسەو لەسەر کەنارەکانی نیل گەشەدەکات. لەسەدەکانی ناوەڕاستیش خەڵکی پێستیان بەکاردەهێنا بۆ نوسینەکانیان بەتایبەت پێستی ئاسك، ئەمەش بە گران لەسەریان دەکەوت . خەڵکی تاماوەیەکی درێژ ئەم جورە پێستەیان بە باشتر دەزانی لە کاغەز، هەتا تۆماری گرێبەستی هاتەئارا، کە ئەم جورە پێستەی تیا بەکار نەدەهات. لەنیوەی دووەمی سەدەی پازدەهەم، کاغەز جێگەی ئەم جۆرە پێستەی گرتەوە، چونکە چاپ جۆرە کەرەستەیەکی هەرزانو گونجاوی دەویست بۆڕەنگ دانەوەی پیتەکانی.

چـــاپ :ـ

لە سەدەکانی ناوەڕاستدا هەڵکەندنی پیتەکان لەسەر پارچە تەختەو بەردەکان کارێکی بەربڵاوبوو، ئەم پیتانەش شوێنی خۆیان زۆر بەڕوونی بەجێ دەهێشت. میرپاشاکان واژۆکانیان لەسەر تەختەو پارچەکانزا هەڵدەکەند، بەمەبەستی واژۆکردنی بەڵگەنامەکانیان. ئەم شێوە بەکارهێنانە گەشەی سەندو بوو بەپیتە کانزاکان، وە بەشێوەیەك داڕێژران کەتوانانی چاپ بوونی هەبوو، سودی ئەم پیتە بزۆکانەش لەوە دابوو کە دەتوانرا بەردەوام بەکاربێتو ڕێكو پێکی تیادا پیادە بکرێ.

ئێمە نازانین کەی چاپکردن لە لەوحەی دارەوە بووە بەپیتی بزۆك. وە زانیارشمان نییە کەیەکەم کەس کێ بوو پیتی بزۆکی دۆزیەوە.

وادەگوترێ:"لۆرنس کاتر"، دانیشتوی شاری "هارلم"ی هۆڵندا، یەکەم کەس بوو پیتی بزۆکی بەکارهێناوە، ئەمەش لەکۆتایی سەدەی چواردەو سەرەتای سەدەی پازدە دا. بەڵام ئەمە هیچ بەڵگەیەکی لەسەر نییەو هیچ شتێکی چاپکراویش لەناوبراوەوە جێ نەماوە کە بیسەلمێنێ ئەوخاوەنی ئەم دۆزینەوەیە. ئەوەی کەزانراو بێت ئەوەیە، کە"جۆن گۆتەنبەرگ"لەساڵی(1450)، یەکەم کەس بووە پیتی بزۆکی بەکارهێناوە بۆچاپ."گۆتەنبەرگ" خەڵکی شاری"مینیز"ی ئەڵمانیا بوو. یەکەم شتێکیش کە چاپیان کرد بلیتی لێخۆش بوون بوو، هەروەها وەرگێڕانی ئینجیل بوو لەساڵی (1454)، کە گۆتەنبەرگ چاپی کرد.

بڵاوبوونەوەی چاپگەری:-

هەر لەگەڵ دۆزینەوەی چاپ، زانست وزانیاری هەژانی گەورەی بەخۆیەوە بینی، ئەوەندەی نەبرد لە هەر یەکە لە"ئەڵمانیا، ئینگلترا، فەرەنسا، ئیتالیا" بڵاو بویەوە، مامۆستایانی زانکۆو پاپاکان پێشوازی گەرمیان لێکرد. دوای شازدە ساڵ لەدۆزینەوەی چاپ، پاپا چاپخانەیەکی لەڕۆما دامەزراند، بەهەمان شێوە شارە گەورەکان گرنگیان بە چاپگەری داو، بڵاوکردنەوەو فرۆشتنی کتێب بووبەپیشەیەکی بەرمێن. لە سەرەتای سەدەی شازدەدا"ئەلدەس مانوشیس"چاپخانەیەکی بایەخداری لەڤینیسا بەڕێوەدەبرد، تیایداچەند کتێبێکی بەنرخی چاپکرد، کەگوزارشت بوو لە شاکارێکی هونەری جوان. وە بەدامەزراندنی چاپخانە لە وڵاتی مەکسیك لە ساڵی 1536، چاپخانە بۆ یەکەم جار چویە جیهانی نوێ.

دەرەنجامی دۆزینەوەی چاپ:

ئەم دۆزینەوەیەو بڵاوبونەوەی، چەندین ئەنجامی گرنگی لێکەوتەوە کە لەسەدەی شازدەدا ڕەنگی دەدایەوە. لەوانە:ـ

1- زۆربوونی کتێبو نوسین بەهۆی دۆزینەوەی چاپ، بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی کەپێش دۆزینەوەی چاپ، ساڵانە دووکتێب یان زیاتر دەنوسران، لەکاتێکدا دوای دۆزینەوەی چاپ ساڵانە بەهەزران کتێب چاپدەکران لەسەدەی شازدەدا.

2- کتێبی چاپکراو لەبەر چاوان جوانو خەت ڕێك بوو، وە هەروەها هەڵەو کەمو کوڕی کەمتر بوو.

3- یەکێ لەدەرەنجامەکانی تری دۆزینەوەی چاپ، بڵاو بونەوەی زانستو زانیاری بوو، پاشان بەهۆی زیاد بوونی کتێبو هەرزان بوونی نرخەکەی، ڕۆشنبیریو زانیاری لەناو خەڵکی بڵاو بویەوەو داوکاری کتێب دای لەزیادی، بەشێوەیەك خانەدانانو چینی ناوەڕاستیشی گرتەوە، ئەمانە بەهۆی ئەوەی دۆڵەمەند بوون، توانیان کتێب خانە لەماڵەکانیان دابمەزرێنن.

4- زۆرینەی خەڵکی گەڕانەوە سەر خوێندنەوەی کتێب، ئارەزووی وێژەو ئەدەب لەناو خەڵکی دروست بوو، هەروەها نامیلەکەی پڕبابەتی جۆراوجۆرو هەرزان لەناوخەڵکی بڵاوبویەوە، وای لێکردن هەستن بە کۆکردنەوەی ئەم بابەتانە. هەروەك ئارەزووی فێربوونو چالاکی هزری تێدا زیندوو کردەوە.

زیندوو کردنەوەی شارستانیەتی کلاسیکی:ـ

کەلە پور(سامان)ی کلاسیکی:ـ

بەڕاستی چاپ هۆکارێکی کاریگەربوو لەبڵاوکردنەی زانیاری ومەعریفەتی باوی ئەوکات. ئەم بڵاوبوونەوەو زیندوبوونەوەیەش، بەبزوتنەوەی کلاسیکی یاخود ژیاندنەوەی شارستانی یۆنانیو ڕۆمانی ناسرا.

ئەوروپیەکان پەیوەندییانکردەوە بەشارستانیەتی یۆنانی و ڕۆمانی و،پێشینەکانیان بە هی ئەم شارستانیتە دەزانی. چەندین نوسەرو فەیلەسوفی ناسراویان هەبوو، کە لەم شارستانیەدا ڕۆڵیان گێڕاوە وەك:ـ "هۆراس، شیشرۆن، قەیصر". زمانی لاتینی لەسەدەکانی ناوەڕاستدا زمانی کڵێسا بوو، سەرەڕای هەندێ گۆڕان کە بەسەری داهاتبوو. ڕۆشنبیران و پیاوانی ئاینی لە زانکۆکاندا ڕوبانکردە لێکۆڵینەوە لەبارەی ئەرستۆو یاسای ڕۆمانی، وە لەمەشەوە فەلسەفەو لاهوت و یاسای کڵێسایان هەڵێنجا. هەروەها هەندێ شێوە بیر کردنەوە لەبارەی پزیشکیو کیمیاو مێژوو گەردوون لەیۆنانو ڕۆما وەرگێڕدران. جا هەندێ لەو بیرو بۆچونانە سەبارەت بە سروشتو بونەوەر ڕێك لەگەڵ تەفسیری ئاینی گونجاو بوو، بۆیە پێشوازی لێکراو هانی بڵاوکردنەوەی درا. ئەوەی جێگەی سەرنجە ئەوەیە کە شوێنەواری یۆنانیو ڕۆمانیەکان بەسەر ئەوروپیەکان لەحاڵی حازردا زاڵە، ئەمەش لەدروستکردنی کۆشكو تەلارو داتاشینوپەیکەرتاشی ئیتالیاو وڵاتی یۆنان ڕەنگ دەداتەوە، تەنانەت هەندێ لەوڵاتی تیبری ئەوروپیش لاسای ئەوان لەزۆر شتدا دەکەنەوە.

لە ماوەی ڕۆژگاری گواستنەوە لەسەدەکانی ناوەڕاستەوە بۆ سەدەکانی نوێ "سەدەی چواردە هەتا سەدەی شازدە"، ئەورووپیەکان توانیان پەی بەرن بەشارستانی کلاسیکی کۆنو لەژیانیاندا پیادەی بکەن، بەتایبەت کاتێ زانیان ئەم ژیارە بیری زانستی ڕاستودروست لەخۆدەگرێو، دەتوانن خۆیانی لێ بەرهەمەند بکەن. بزوتنەوەی "سیکۆلائیستی" کە کاریگەر بوو بەشارستانی ئیسلامی، ڕۆڵێکی کارای گێڕا لەوهەولانەی کەدران بۆپەیوەندی کردن بە کەلەپوری یۆنانو ڕۆمانی کۆن. بێ گومان مەسیحیەکان کتێبەکانی یۆنان و ڕۆمایان کە کتێبەکانی "ئەفلاتونوئەرستۆ"و فەیلەسوفانو بیریارانی کۆن بوون، لە عەرەبیەوە وەریان گێڕایەوە سەر زمانی لاتینی، سەرەڕای هەبوونی ئەو زیادەو ڕاڤەو شەرحانەی کە زاناو فەیلەسوفە مسوڵمانەکان خستبوویانە سەر. ئەم هەوڵو کۆششانە حەزی پەیوەندی کردنیان بە شارستانی یۆنانو ڕۆمای تیادا دروستکردن، بەلام پەیوەندی کردنێك کە لەسەرچاوە ڕەسەنەکانی یۆنانو ڕۆماوە بێت، نەوەك لەڕێگەی ئەو کتێبانەی کە لەموسڵمانانەوە دەستیان دەکەوت. ئەمەش لەدوای دانانی سنورێك لەلایەن "تۆمای ئەکوینی" بۆکاریگەری فەلسەفەی"ابن الرشد"، لەسەرئاینی مەسیحی یەوە هاتە ئارا.

هەندێ لەبیریارانی وەك:"پترارك- یۆکاشۆ- سالیوتانی برونی"، واگوزارشت دەکەن کەسەردەمی گواستنەوە بریتییە لەگەڕانەوە بۆ شارستانی کلاسیکی، ئەمەش دوای سەردەمی تاریکی ئەنگوستە چاو. هەتا یەکێ لەوانە گوتی: "دووبارە ڕۆشنی گەڕایەوە، دوای چەندین سەدە

لەتاریکی وخامۆشی". مەبەستی "برۆنی" لەم وتەیە ئەوە نەبوو کەسەدەکانی ناوەڕاست بەگشتی تاریکی بوو، بەڵکو مەبەستی دووبارە گەڕانەوەی کلاسیکو هونەرو وێژەو مرۆڤ بینی بوو، بەومانایەی"مرۆڤ" بونەوەرێکی خاوەن ژیانەو لەم دنیایە دەژیو خاوەنی سەنگو قەوارەی خۆیەتی، بەپێچەوانەوەی تێڕوانینی پیاوانی ئاینی". مەبەست لەزیندوو کردنەوەی شارستانی کلاسیکی، گێڕانەوەی ڕێزو ڕەندی بوو بۆمرۆڤ. بیریارانی سەردەمی گواستنەوە یاخود سەردەمی ڕێنیسانس، گەرەکیان بوو خۆیان ڕزگار بکەن لەوکۆت وبەندانەی کەدابو نەریتی سەدەکانی ناوەڕاستو دامەزراوەکانی ئەم سەدانە بەسەریدا سەپاند بوون. وەك "کڵێسا- دەرەبەگ- دنیا نەویستی- خۆ بە سوك بینین- ئامادەگی بۆ دواڕۆژ". ئەوان هەستیان کرد کە شارستانی کۆن، تێڕوانینی لە بارەی:"ژیان- مرۆڤ- جیهان" جیاوازە لەو بارودۆخەی کە تیایدان، ئیدی لەمەوە تاموچێژیان لەم شارستانیەوە وەرگرت و، هەستیانکرد کەتێڕوانینی ئەم شارستانیەتە ڕاستو تەواوە. بە هەمانشێوە هەندێ لە بیریارەکانی سەردەمی ڕۆشنگەری ئەو ماوەیان بە شۆڕش لەدژی ئەقڵیەتی سەدەکانی ناوەڕاستو بەژیاندنەوەی ژیرییان داناوە، نەوەك بەزیندوو کردنەوەی شارستانیەتی کۆن. لەمەشدا مەبەستیان ڕێنیسانس یان ژیاندنەوەی ئەوروپا نی یە لەنوێیی[1].

1 Ernst Breisach ‹Renaissancnce Europe‹ 1300-1517 (newyork‹1973)‹pp.398-400.

لە سەردەمی گواستنەوەدا زیندوو کردنەوەی کلاسیکی لە ڕووی وێژەو هونەرو مرۆڤ بینیەوە، تایبەت بوو بە ئیتالیا، واتا هیچ پەیوەنیەکی بەو گۆڕانە سیاسیو ئابووریو کۆمەڵایەتیەی ئەوروپاوە نەبوو. وولاتە ئەوروپیەکان لە ڕووی سیاسیەوە گەشەیان سەندو ئابووریەکەیان پەرەی سەند، سەرەڕای هەندێ شکست کە بەسەریاندا هات. باری کۆمەڵایەتیش لە سەدەی یازدەوە یاخود پێش ئەم مێژووە گۆڕانی بەسەردا هاتبوو، بەچاوپۆشی لە شارستانی کۆن. ئەم بزوتنەوەیەش لە لایەن ولآتانی ئەوروپای خۆرئاواو باکوری شاخی ئەلپ پێشڕەوی دەکرا.

زیندوو کردنەوەی شارستانی کلاسیکی لەڕووی وێژەو هونەرەوە، یەکەم جار کورت هەڵات بوو لە لاسایی کردنەوەی کلاسیکە پێشینەکان لە کایەی نوسیندا. ئەم لاسایی کردنەوەش ئاسان کەوتبوو لەسەر ئەوانەی کە لاسایی پێشبینەکانیان دەکردەوە لە کتێب و ووتار، هەتا لە هەستو نەستو لێکۆڵینەوە فەلسەفیو ئەخلاقیەکانیشیاندا. واتا "لە هەموو ئەمانەدا شوێنی پێشینەکانیان کەوتبون". فەلسەفەی یۆنان کاریگەری بەسەر ئاینی مەسیحیەوە زۆر بوو، بەشێوەیەك کە زۆر لەبیریارانی وەك "مارسیلۆ ڤیسینیۆ، پیکۆدیلا، میراندولا...هتد"، لە هەوڵی بەیەکەوە گونجاندنی فەلسەفەی "ئەفلاتونو مەسیحیەتدا" بوون، بەلآم شکستیان هێناو هەوڵەکانیان بێ هودە بوو. دواتر ڕەخنەی زمانەوانیو مێژوویش پەیدا بوو. یەکێ لەو کەسانەی بۆ یەکەم جار ڕەخنەیی مێژویی گرت، "لۆرینزۆڤالا" بوو(1405-1457)، کەهەستا بە چاو خشاندنەوە بەسەر "پەخشی

قوستەنتین"ی گەورەو دەریخست کەئەم بەخشە کاری پاپاو قەشەکانەو لەسەدەکانی ناوەڕاستدا ساختەیان کردوە. بەهەمان شێوە لەدوای بەراورد کردنی ئینجیلی لاتینی بەئینجیلەکانی ئیغریق، چەندین غەڵەتو پەلەتی لەناو ئینجیل دەرخست. جائەم شێوە ڕەخنە گریەو لێکۆڵینەوە مێژوییە، ئاسەواری بەسەر لێکۆڵەرانو پیاوانی زانست خوازی دواتر هەبوو، وەك"ئیرازمۆس، پیربیل، ڤۆلتێر...هتد". هەرئەمەش هۆکارێك بوو بۆ سەرهەڵدانی لێکۆڵینەوەی زانستی لەسەدەی شازدە.

فرانسیسکۆ پترارك (1374-1306):-

زیندوکردنەوەی شارستانی کلاسیکی لەوێژەدا لەسەر دەستی "فرانسیکۆ پترارك" پەیدابوو. "پترارك" ژیانی خۆی تەرخان کرد بۆ فێر بوون ووردبونەوە لەئەدەب. هەندێ لەپارچە شیعریەکانی بەزمانی ئیتالی هۆنیوەو هانی ڕۆڵەکانی ئیتالیای دەدا کەلێکۆڵینەوە بکەن لەسەر کلاسیکیو شێوازی زمانی لاتینیان چاك بکەن. "پترارك" ناوبانگی پەیدا کرد لە ناو هاوچەرخەکانی، یارمەتی ماددی لەلایەن پاپاوە پێدراو میرو پاشاکان لەڕێزگرتنو هاوکاری کردنی کێبڕکێیان دەکرد. ئەنجومەنی پیرانی شاری ڤینیسیاش ئازادی دانیشتنی پێدا لەو شارەدا. ناوبانگی بەشێوەیەك بوو، تەنانەت زۆرێك لە نوسەرانی ئەورووپای خۆرئاوا شوێن پێی ئەویان هەڵگرت .[1]

Ibid; pp. 341-344. 1

"جۆڤانی بۆکاشیۆ" (1375-1313) هانی پەترارکی دا بۆسوربوون لەسەر وێژەی لاتینی کۆن. "بۆکاشیۆ" وەك پەترارك نوسینەکانی بەزمانی لاتینی دەنوسی. کتێبەکەی کە بەزوبانی لاتینی نوسی بوو، ئەوەندەی نەبرد لەئیتالیاو پاشان لەکیشوەری ئەوروپا بڵاوبۆوە لەهەردوو سەدەی چواردەو پازدە. لەدوای ئەمە ئینگلتراو فەرەنساش کەوتنە گرنگی دان بەزمانی لاتینی.

لەدوای کەوتنی ئەستەمبوڵو گیرانی لەلایەن "محمد فاتیح"ەوە، چەندین مامۆستای زمانو وێژەی یۆنانی کۆچیان کرد بۆ ئەوروپا. ئەم کۆچکردنە هەر لەدوای دروستبوونی مەترسی عوسمانیەکان بەسەر بیزەنتیەکان دەستی پێکرد، ئەمەش لەدەوری ساڵی1400. لەناو کۆچکردوەکانی سەدەی پازدە "کراسولوس" لەهەموویان بەرچاوتر بوو. ناوبراو هەستا بەدامەزراندنی قوتابخانەیەك لەفلۆرەنساو تیایدا وێژەو فەلسەفەی یۆنانی دەوتەوەو دەرسی بە ژمارەیەکی زۆر لە قوتابیانی دەگوتو لەسەر دەستی چەندین قوتابی پێگەیشت. بەهاتنی سەدەی شازدە لێکۆڵینەوە لەزمانو وێژەی یۆنانیولاتینی کۆن، بووبە کارێکی بەربڵاو لەئەوروپا. فێربوونی تازە شوێنی فێربوونی کۆنی گرتەوە، کەڕاوەستابوو لەسەر بزوتنەوەی سیکۆلائیستی.

بڵاوبوونەوەی کلاسیك:-

فێربوونی تازە لەسەر لێکۆڵینەوەو فێربوونی زمانو وێژەی یۆنانیو ڕۆمانی وەستابوو. بەهۆیەوە سەردەمێکی تازە دەستی پێکرد، کە کلاسیکیەت تیایدا بڵاو بوویەوە، بەوپێیەی کەشارستانی کلاسیك بەرزترینو شکۆدارترین شارستانیەتە کەمرۆڤ پێی گەیشتبێ. شێوازی کلاسیکی لە

ویــژەو هونــەردا هــەتا ســەدەی نــۆزدە بــاڵی بەســەر ئــەوروپادا کێشابوو. چاوەڕوان دەکرا لەڕۆشـنبیرانی ئـەوروپی سـەرەرای شـارەزابوونیان لـەزمانو ویـــژەی یۆنـــانی و لاتینـــی، دەســـتەواژەی کلاســـیکی لەنوســـینەکانیاندا بـەکاربهێننو نـاوە کلاسـیکیەکان بـەکاربێنن. کلاسـیك لـە شـێوازدا ڕێـڕەوی گرتو کۆشکی بەرزو جوانیان لەسەر شێوەی کلاسیکی دروست دەکرد کە بە پایەکانی پێشەوەی دەناسرا. هـەروەها گومبـەتی ڕۆمـانی دەپارێزرایـەوە بـە وێنەی زەیتیو ئەو پەیکەرانەی لەسەر تەرزی پەیکەری یۆنانی کـۆن دروسـت دەکران.

بزوتنەوەی مرۆگەری(هیومانسی):-

بزوتنــەوەی مرۆگــەری یــەکێکی تــر بــوو لــە دیاردەکــانی بڵاوبوونــەوەو فێربـوونی کلاسـیکی کـە ڕاوەسـتا بـوو لەسـەر متمانـە بـوون بـە گـەورەیی شارسـتانی کلاسـیك. مـرۆڤ لـە زمـانی شیـشرۆندا بـە مانـای تێگەیـشتویو ئەدەبـو گەشەی عەقڵو ژیـری دەهـات، کـە هـەموویان کۆڵەگـەی پـەروەردە بوونی مرۆڤن بە پەروەردەیەکی گەورە. پەترارك یەکەم کەسێ بـوو بەکایـەی مرۆگـەری هەسـتا، ئەمـەش بـەهۆی ئـەو گـەرمو گوڕیـەی کـە بـۆ کتێـبو نوسینەکانی شیشرۆن هەیبوو، هەروەها ئەو پەیوەسـت بوونـە بـەهێزەی کـە هەیبو بۆ شیـشرۆن لـەدونیابینیو ژیانناسـی دا. ئەمـەو جگـە لـە هـەڵێنجانی لێکدانەوەکانیو شوێن هەڵگرتنی هەنگاوەکانی شیشرۆن. پەترارك بەشـێوەی کلاسیکی کۆن نوسینەکانی دەنوسیو شـێوەی لاتینـی بـەربڵاوی سـەدەکانی ناوەڕاستی بە سوك دادەنا.

فێربوونی نوێ لەم کاتەدا شارستانی بوو نەك شێوەی ئاینی یان خوداناسی. پەترارك پێداگری دەکرد لەسەر دونیاو گرنگدانی بە دواڕۆژ کەم دەکردەوە. گرنگی دەدا بەمرۆڤو ئارەزووەکانیو داوای دابین کردنی ژیانێکی خۆشی بۆ دەکردو گەشەی بە تواناکانی دەداو دونیا نەویستیو خۆماندوکردنو خۆ ئازاردانی لەپێناو دواڕۆژ بەبێ بایەخ لە قەڵەم دەدا[1].

ئەوانەی بایەخیان دەدا بەتوێژینەوە کلاسیکیەکان، دەیانبینی یۆنانیو ڕۆمانییە کۆنەکان، گرنگیان بە ژیانی دونیاو مرۆڤ دەدا زیاتر لە گرنگی دانیان بە دواڕۆژ. لەبەرئەوە هەموو ئەوانەی کەگرنگیاندەدا بەکلاسیكو شارەزابوون لێی، حەزیان دەکرد وەك ژیانی کلاسیکیەکان بژین.جا هەر لێکۆڵینەو لێ ورد بوونەوەیەك کە بتگەیەنێتە ئەو ئامانجانە پێیان دەووت لێکۆڵینەوە مرۆیەکانو بزوتنەوەکەش پێی دەوترا: بزوتنەوەی "مرۆگەری". لەم کاتەدا زمانو وێژەو فەلسەفەو مێژووی یۆنانیو ڕۆمانی گوزارشت بوو لەلێکۆڵینەوە مرۆییەکان، وە ئەوانەشی کە ئەو لێکۆڵینەوانەیان بەرەوپێشەوە دەبردو بەیۆنانیو لاتینی دەیاننوسی، بریتی بوون لەمرۆگەران. ئەوان دەیانویست لەژیانیاندا بەسەر ڕێڕەوی کلاسیکە پێشینەکانیاندا بڕۆنو هەموو

1-پێشتریش لەناو ئێمەدا تێڕوانینی زۆر هەڵە دەکرا بۆ چەمکی دنیاداریو دنیاویستی. لەئەنجامی حاڵی نەبوون لەئیسلام خەڵکی دنیایان بەشتێکی پوچو بێ بایەخ سەیر دەکرد. تەنانەت یەکێ لەهۆیەکانی دواکەتنی موسڵمانان لە ڕیردوو گرنگی نەدان بوو بەدنیاو بە فیڕۆدانی کات بوو. ئەمە لەکاتێدا ئیسلام دوادەکات تا ئەوپەڕی توانامان هەوڵدەین دنیامان خۆش بکەین، چونکە بەبێ ژیانێکی خۆشو لەبار خواپەرستیەکی لەبارو تێرو تەواو ناکرێ. دنیا بەکەم گریش بەو مانایە نایەت کە دنیا بەهیچ نەگری، هەروەك وایان لێ فامی بوویەوە. بەڵکو بەمانای ئەوە دێت کە بەهۆی دنیاوە لە دواڕۆژ بێ ئاگا نەبی. هەروەك علی کوری ابو تالیب لەبارەی دنیا بەکەمگریەوە دەڵێ: دنیا بەکەم گری بەمانای ئەوە نایەت کە تۆ هیچ شتێکت نەبێت، بەڵکو بەمانای ئەوە دێت هیچ شتێك تۆی نەبێت. (وەرگێڕ).

شێوەوشـێوازی ژیانیـان لـەوان وەرگـرن. وەهەرلـەم کاتـەدا زانکۆکـان زۆر گرنگیان بەلێکۆڵینەوە مرۆییـەکان دەداو زمـانی یۆنـانیو لاتینـی چـووە پـاڵ پرۆگرامی زانکۆ لەزانکۆکانی ئەوروپا[1].

بەسوك سەیر کردنی سەدەکانی ناوەڕاست:-

جەخت کردنەوە لەسەر شارسـتانی کلاسـیكو لێکۆڵینـەوە لێـیو بەمـەزنو گەورە دانانیو بەهیومانیست سەیرکردنی لێکۆلەرانی ئەم شارستانیەتە، بـوو بەهۆی بەسوك سەیرکردنی سەدەکانی ناوەڕاست لەلایەن مرۆ گەرانو بەکەمو نابوت سەیرکردنی ژیارەکەی. ژیاری سـەدەکانی ناوەڕاسـت ڕەتدەکرایـەوەو سـەردەمەکەی بـە شـەوگارێکی تاریـك دادەنـراو وا گوزارشـتی لێ دەکـرا کـە نەزانیو بەرەبریەت باڵی بەسەر ئەم سەردەمەدا کێشاوە، تەنانـەت شـێوازی غوتی"کەوانەیی" لە دروستکرنی بیناو قەڵای میرەکـان بـەهێمای بەربەریـەت دادەنراو بزوتنەوەی سیکۆلائیستی بەبزوتنەوەیەکی نەخۆش لەقەڵەم دەدراو زمـانی لاتینـی کـارپێکراو لـە کلێـساکان لەسـەدەکانی ناوەڕاسـتدا بـەزمانی قەشـەو ڕەبەنـەکان دادەنـرا. بـەم شـێوەیە هـەموو دیاردەکـانی سـەدەکانی ناوەڕست بە هێماو نیشانەی نەزانیو پڕوپوچی پیشان دەدرا.

بڵاوبوونەوەی ڕۆشنبیر (سەقافە)ی نوێ:-

فێرکاری نوێ هۆیەك بـوو بـۆ گـەڕان وپـشکنینو گرتنـی ڕەخنـەی هـزریو سەقافی. نوسەرانو بیریاران لـە نوسـراوە کۆنـەکانیان دەکۆڵیـەوەو لـەدێرو شوێنە چۆڵ بووەکانو کتێبخانەی کلێساو کتێبخانە تایبەتیەکانی دۆڵمەنداندا

Op. Oit; pp. 350-301. ،Straeyer -1

بەدوای ئەم نوسراوو پەڕاوە کۆنانەدا دەگەڕان. لەئەنجامی ئەمەدا چەندین نوسراوی ونبوویان دۆزیەوە کە پێشتر لەبەرچاوان دیار نەبوون. وەك نوسراوەکانی "کونتلیانس" لەبارەی وتاربێژیو کتابەکانی "شیشرۆن"و "مێژووی ئیمپراتۆریەتی ڕۆمانی"هی مێژوونوسی بەناوبانگی ڕۆمی "تاکیتس"، هەروەها بیرکاریەکەی "ڤێمیکس"و کتابەکانی "ڤیزوڤیس" لەبارەی ئەندازیاری بیناسازی. ئەمەو سەرەڕای هەزاران نوسراوی تر کەهی بیریارانی کلاسیکی کۆن بوون. کۆکردنەوەی نوسراوە کۆنەکان بووبە پیشەی زۆرێك لەبیرمەندان، تەنانەت هەندێ لە دەوڵەمەندان بۆخودی خۆیان لە کتێبە کلاسیکیەکان کتێبخانەیان دروستکرد. شان بەشانی کۆکردنەوەی نوسراوە کۆنەکان، پرۆسەی کڕینو فرۆشتن وبڵاوکردنەوەی هاتە ناو، بەشێوەیەك بووبە بازرگانیەکی بەقازانج. بۆ ئەوەی ئەم نوسراوانە بڵاوبکرێنەوە، نوسەران هەستان بە بەراورد کردنی هەندێکیان بە هەندێکی تریان. ئەمان نوسراوەکانیان دەخستە بەر ڕەخنەو تەشەر. بەهۆی ئەمەوە ڕەخنەی مێژووییو شێوازەکانی نوسینی مێژوو هاتەئارا، وەك پێناوێك بۆدەرخستنی هەڵەی ئەوانەی کتابەکانیان نوسیبوویەوە، یاخود لەبەریان نوسیبۆوە. هەروەها بۆ مەبەستی ڕوون کردنەوەی ڕاستیو ساغی یاخود ساختەی ئەم نوسراوانە. بەم شێوەو ڕێگەیە "لۆرینزۆ ڤالا" بەڵگەی ساختەی "بەخشی قوستەنتین"ی دەرخست.

لەسەدەی شازدە کلاسیکیزمو مرۆگەری لەناو چینی ڕۆشنبیرانی ئەوروپا بەخێرای بڵاو بویەوە. ئوستازو مامۆستایان بە دوای ڕۆشنبیری

تازەدەکەوتن‌و زۆرێك لەزانكۆو دامەزراوە نوێیەکان جەختیان دەکردەوە لەسەر لێکۆڵینەوەکردن لەکلاسیکیەت‌و مرۆگەری. ئەمەش بەزۆری لەئەڵمانیاو زەویەنزمەکان‌و سویدو سکۆتلەندە بەدی دەکرا. "لۆرینزۆی گەورە"سەرۆکی بنەماڵەی "میدیتچی" لە فلۆرەنسا، لە ڕووی ماددیەوە هاوکاری مرۆگەرانی دەکردو کتێبخانەیەکی لە فلۆرەنسادا دامەزراند، کە ژمارەیەکی زۆر لە کتێبەکانی یۆنانی‌و ڕۆمانی لەخۆدەگرت. هەروەها "فرانسوای یەکەم"ی پاشای فەرەنساش کۆلێژێکی دامەزراند بۆ لێکۆڵینەوە مرۆگەریەکان‌و، هانی هونەرمەندان‌و بیرمەندانی دەدا بۆ کۆچکردنیان لەئیتالیەوە ڕووەو فەرەنسا، بەمەبەستی بڵاوکردنەوەی زانیاری ومەعریفەت لەناو فەرەنسیەکان.

گرنگی ڕۆشنبیری نوێ:-

بزوتنەوەی مرۆگەری بزوتنەوەیەکی زانستی‌و وێژەیی‌وفەلسەفی‌و کۆمەلایەتی بوو. مرۆگەران هەستان بەژیاندنەوەی کلاسیکی کۆنی لاتینی‌ویۆنانی‌و چینی دەسەلاتدارانیان والێکرد کە زۆر بەگەرم‌و گوڕیەوە پێشوازی لەم مەعریفەو کایە زانستیە تازەیە بکەن. مرۆگەران بەهۆی ئەمەوە شۆڕشێکیان بەرپا کرد لەڕووی تیۆرە فێرکاریەکان‌و پیادە کردنیان. هەروەها توانیان ئەقڵ‌و خەیاڵ‌و تێڕوانینیان ڕزگاربکەن لەتەوقی سەدەکانی ناوەڕاست، ئەمەش بە لێکۆڵیەنەوە وێژەیی‌و فەلسەفیەکان‌و گرنگی دانیان بە بیرکاری‌و وازهێنانیان لە شێوازی فێرکاری کۆن، کەپیاوانی ئاینی پیادەیان دەکرد لەسەدەکانی ناوەڕاست. لەئاکامی ئەمانەدا چینێکی ڕۆشنبیر

سەریهەڵدا کە کلاسیکیان بەرەو پێشەوە دەبردو لەسەر شێوازی کلاسیکەکان دەیاننوسیو دەیانخوێندەوە. ئەوان بەم لێکۆڵینەوە مرۆگەریانە بەهرە بەرزەکانیان گەشەپێداو هزریان لە کەلەپچەی سەدەکانی ناوەڕاست ڕزگارکرد. بەلاّم بەداخەوە ئەم بزوتنەوەیە لەناو چینی ئۆرستوقراتیو ژمارەیەکی کەمی خەڵکی چەقی بەستبوو، هەرئەمەشە لایەنی نێگەتیڤی ئەم بزوتنەوەیە بوو.

جەختکردنەوە لەسەر خودگەری، تاك (الفردانية):-

پێداگری کردن لەسەر تاك، یەکێ بوو لە تایبەتمەندیەکانی ڕۆشنبیری نوێو کۆمەڵگەی نوێ. مرۆگەران زۆر جەختیان دەکردەوە لەسەر باوەڕبوون یاخود متمانە بوون بەخود، وایان لێکدەدایەوە کە مرۆڤ تاکێکی جودایەو خاوەنی کەسایەتیو بەهرەی تایبەتی خۆیەتی، کە دەتوانێ گەشەیان پێبداتو بەهۆیەوە خزمەتی خۆیو دەرو بەری بکات. جا ئەم شێوە تاکگەریە، گوێڕایەڵی بۆ گەورەو دەرەبەگو سەندیکا ڕەت دەکردەوەو دانی نەدەنا بە ئیمپراتۆرو پاپاو پاشا، بەڵکو تەنها دانی بەگەورەیی خودی تاکدا دەنا. واتا(مرۆڤ خۆی گەورەی خۆیەتی). هەروەها بە قێزەون سەیرهەموو ئەو هۆکارانەیان دەکرد کە مرۆڤ لە حەزەکانی دەگێڕێتەوەو ڕێگرە لەبەردەم ئارەزووەکانی. مرۆگەران پیاوانی ئاینیوسەدەکانی ناوەڕاستیان بەبێ بایەخ لەقەڵەم دەدا. بەلاّم وەنەبێ ئەمانە بەتەواوی پیادە کرابن، بەڵکو لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا زۆربەیان پابەند بوون بەئاینەکەیانو نیشتمانی خۆیان خۆشدەویستو بۆ دەسەلاّتی ولاّتیان دڵسۆز بوون. بۆ نمونە ئەوانەی کە

هەستان بە پرۆسەی دۆزینەوە جوگرافیەکان وەك: "کولمبس، دیاز، ڤاسکۆدیگاما، بیزار، ماجەلان"، پابەند بوون بە ئاین و دڵسۆزی حکومەت بوون، لەگەڵ ئەوەی جەختیان دەکردەوە لەسەر خود.

بەڕاستی زیندوو کردنەوە شارستانی کلاسیکی و بزوتنەوەی مرۆگەری لە سەدە نوێیەکان، زۆر گرنگ بوو، لەبەرئەوەی گۆڕانی هێنا بەسەر بیرکردنەوەی خەڵکیدا. لەکاتێکدا بیرکردنەوەی سەدەکانی ناوەڕاست باڵی بەسەر خەڵکی دا کێشابوو.

لەدوای سەردەمی ڕێنیسانس کاریگەری کلاسیکی بەرەبەرە کەم بویەوە، هەروەها ئارەزووی لێکۆڵینەوە کردن لەیۆنانی و ڕۆمانی دای لەکەمی و شێوازو ئامرازی زانستی جێگەی شێوازی بەربلاو(شائع)ی گرتەوە لەلێکۆڵینەوە زانستی و مێژوویەکاندا. تێڕوانینی بیریاران لەدوای سەردەمی ڕێنیسانس لەمەڕ سەدەکانی ناوەڕاست گۆڕانی بەسەرداهات، چونکە لەدوای ئەم سەردەمە بیریاران تێڕاوانینێکی دادگەرانەیان هەبوو سەبارەت بەسەدەکانی ناوەڕاست. لەدوای ڕۆژگاری ڕێنیسانس ئەوان سەدەکانی ناوەڕاستیان بەقۆناغێك لەقۆناغەکانی گەشەسەندنی شارستانی ئەورووپا لێکدایەوە، کاتێك لەدوای ئەم سەردەمە سەردەمی‌نوێ دەستپێدەکات. هەروەها سەدەکانی ناوەڕاستیان وا لەقەڵەم نەدا کەبێ بەش بێت لەهەموو دیاردە وخەسڵەتێکی شارستانی، هەروەك خەڵکی لە سەردەمی ڕێنیسانس وەها بیریان لێی دەکردەوە[1].

1Ibid: PP.349 1

کاریگەری کلاسیك بەسەر ئاینی مەسیحی:-

مەسیحیە توندڕەوەکان دژایەتی فێرکاری تازەیان نەکردو دەسەلاتی کلێساش ڕێگری نەکرد. وەلێ لەگەڵ ئەمەشدا هەندێ لە پیاوانی ئاینی دژایەتی بزوتنەوەی کلاسیکیان دەکرد، بەو بڕوایەی کە شێوازێکە لە بت پەرستی، ئەمەوجگە لە ترسانیان لە دزەکردنی بت پەرستی بۆ ناو خەڵکی. بەلاّم ئەو لێبوردەییەو فراوانیەی کە دەسەلاّتی ئاینی پەیڕەوی کرد، وای کرد ئەمە بەمەترسی نەزانرێ. نەك هەرئەمە بەڵکو پاپاکان لە هاندەرانی کلاسیك بوون‌و برەویان پێدەدا، بەتایبەت پاپا نیکولاّی پێنجەم، کە دەستێکی کارای هەبوو لە بلاّوبوونەوەی کلاسیکداو چەندین خەلاّتی گرانبەهای دەبەخشی لەم بوارەدا. هەروەها ژمارەیەکی زۆر کتێبی کلاسیکی لە کتێبخانەی ڤاتیکاندا کۆکردەوەو گەورەترین خەلاّتی تەرخان کرد بۆ ئەو کەسەی کە جوانترین وەرگێڕان بکا بۆ "ئیلیازەو هۆمیرۆس". هەروەها پاپا "پیوسی دووم" لە پێش ئەوەی بگات بەپۆستی پاپەوی، ناوبانگێکی گەورەی دەرکرد لە کلاسیکدا. "لیۆی دەیەم"یش وەك ئەوانی تر هاوکاری هونەرمەندان‌و مرۆگەرانی دەکرد، ئەمەش ڕەنگدانەوەی ئەو حەزوئارەزوەی بوو بۆ هونەرو مۆسیقاو پارچە ئەدەبیە جوانەکان.

مەسیحیەکان وایان دەبینی کە لێکۆڵینەوە کلاسیکیەکان خزمەتی شارستانیەتی ئەوروپا دەکات‌و دەیگەێنێتە پلەی جوانی. بەلاّم بەپێچەوانەی ئەمانەوە کاریگەری کلاسیك بەرەبەرە ڕووی وەرچارخاندو بەرەو ناکۆك بوون ڕۆیشت لەگەڵ ویست ومەبەستی کلێسا. ئەمەش کاتێ ڕەخنەکانیان بۆ سەر

کڵێسا دای لە زیادیو مرۆگەران دژایەتی هەندێ لەدروشمو سروتی ئاینیان کردو لە گەورەییو گرنگی لاهوتیان کەم دەکردەوەو ژیانی ڕەبانیەتیو ئارەزوو گرتنەوەیان دایە بەر ڕەخنە، کە ئەوەندەی تر ڕەوشەکەی لەبارکرد بۆ شۆڕشی ئاینیو چاکسازی ئاینی[1].

بەناو بانگترین پیاوانی فێرکاری نوێ:-

ژمارەیەك لە نوسەرانی ئەوروپی بە بەناوبانگترین پیاوانی فێرکاری نوێ دادەنرێن. لەوانەش "جۆن دیکلین"ی شارەزا لە ئەدەبی یۆنانی، کە خەریکی پێگەیاندنی فرزەندەی میرو خانەدانان بوو. بەهەمان شێوە برازاکەی "فلیب میلانگتن" مامۆستای زمانی یۆنانی لەزانکۆی ویتەنربگ لە ئەڵمانیاو هاوڕێی مارتن لوسەر هەم دیس یەکێکی تر بوو لە پیاوانی فێرکاری نوێ. هەروەها "جۆن کۆلێت" یەکێکیتر بوو لەوانەو لە ئینگلتڕادا ناوبانگی دەرکردو وتاربێژێکی بەناودێر بوو. ناوبراو ڕاگری کەتدڕائیەی سنتپۆل بوو لە لەندەن.

مرۆگەران لەخۆرئاوای ئەوروپا ڕوویان کردە باشکردنی باری کۆمەڵایەتیو ناشیرین کردنی داب ونەریتی بەربڵاوی ئەوسا.

"سێرتۆماسمۆر"(1535-1427) ژمارەیەك کتابی مێژووی وسیاسی بەزمانی لاتینی بڵاوکردەوە. لەناویاندا ژیانی "ڕیچاردی سێیەم". لە بەناوبانگترین کتێبەکانیشی کتێبی یۆتۆپیایە، کە بەزمانی لاتینی نوسیویەتیو بەهۆیەوە ناوبانگی لەئەوروپادا پەیدابوو. نوسەر لەم کتێبەدا لەسەر شێوەی کۆماری ئەفلاتون باس لە وڵاتێکی خەیاڵی دەکات کە

Ibid; p. 350 1

دانیشتوانەکەی بە بەختەوەرانە ژیان بەسەردەبەن. لەم وڵاتەدا هەموو تاکێك کاردەکات وسودمەند دەبێتو دەرفەتی خوێندنەوەو خەوتن ونوسین هەیە. لایەنی ئابووری ژیانی هیچ کەسی تەنگ نەکردووە. چونکە دراوێك نییە ئاڵوگۆڕ بکرێ لە نێو ئەم وڵاتەدا. پادشایەتی قۆرغ کراو لەم وڵاتەدا بوونی نییەو جەنگو دووژمنایەتی تیادا نییە. ئەمەش بەهۆی لەباری سیستەمەکەی کە وای کردبوو هەموو تاکێك خاوەنی خۆی بێت. "تۆماس مۆر" لەم کتێبەیدا باسی لە کۆمەڵگەش کرادبوو. کۆمەڵگەی ناو ئەم وڵاتە خاڵی بوو لە تاوانبارانی ناو زیندان، پەرستش کردن بە ئازادی دەکراو جەنگ تەنها پارێزگاری بوو نەك هێرش.

لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا "تۆماس مۆر" چارەسەری بۆ کێشەکانی سەردەمی خۆی دانەنا، هەرچەندە بەشێوەیەکی تەواو ئاماژەی بەلایەنە گرنگەکاندا بۆ کێشەکانی کۆمەڵگە لە سەردەمی خۆیدا. ڕاوێژکار بوونی "تۆماس مۆر" بۆ "هنری هەشتەم"ی پاشای ئینگلترا هۆیەك بوو بۆ خۆ بەدوورگرتنی لە دانانی چارەسەر بۆ کێشەکانی سەردەمی خۆی.

هەرچەندە چەندین نوسەرو مامۆستا لە دانیمارکو فەرەنسادا هەبوون، بەڵام دیارترینیانو ڕێبەرو ڕابەری مرۆگەران لەم سەردەمەدا "ئیرازمۆس" بوو.

دیسیدریرس ئیرازمۆز 1466-1536:-

ڕەنگە بتوانین ئیرازمۆز بەدیارترین نوسەرو ڕۆشنبیری سەردەمی گواستنەوە دابنێین. ئیرازمۆز بیریارێکی مرۆگەربوو، لە شاری ڕۆتردامی هۆڵەندا لەدایك بووە. بەڵام زۆربەی ژیانی لە نێوان فەرەنساو ئینگلتراو

ئەڵمانیاو سویسڕاو ئیتاڵیادا بردۆتەسەر. ئیرازمۆز ماوەیەك سەرۆکی زانکۆی پاریس بوو. لە بواری لاهوتدا پسپۆڕو شارەزابوو، تا دواتر تیایدا بووبە قەشە. بەلأم ئەم زۆر شەیدای خوێندنەوەو موتالأکردن بوو، ژمارەیەك کتابی نوسیو لەنێو مرۆگەران وەك مامۆستاو بیریار ناسراو لەسەر ئاستی ئەورپا بە پلەو پایەکی وەها گەیشت کە پاترارکیش پێچی نەگەیشت لە پێش ئەودا. هاوڕێی باوەڕپێکراوی تۆماس مۆرو جۆن کۆلێت ولیۆی دەیەم بوو، هەروەك پەیوەندی هەبوو لەگەڵ "چارلسی پێنجەم" وپاشاکانی فەڕنساو ئینگلتڕاو، لای ئەوانیش جێگەی ڕێزومتمانە بوو.

"ئیرازمۆز" ڕاستیو لێبوردەییو ئازادی دەویست. ئەم ویستەشی زیاتر لەکایەی ئاینیدا بوو نەوەك کایەی سیاسیو ئابوری. بۆ هەموو ئەم مەبەستەناش چەندین نوسینی تەرخان کرد.

ئیرازمۆزی بلیمەت وەك پیاوێکی ئیماندار بەمەسیحیەت مشت ومڕی نەدەکرد لەمەڕ دەسەلأتی پاپاو کلێسا. وەك پیاوێکی مرۆگەریش نیگەران بوو لەوخورافیاتە باوانەی کە باڵی بەسەر لاهوتو کلێساو مەسیحیە توندڕەوەکاندا کێشابوو. هەروەك دووژمنی نەزانی وکاڵفامی بوو. ئیرازمۆز لەماڵی هاوڕێکەی تۆماس مۆر لە ساڵی 1511، کتابێکی لەژێر ناونیشانی"ستایشی دێوانەیی"دا بلأو کردەوە. ئەم لەم کتێبەیدا ڕەخنەی توندی گرت لەرەبەنوپیاوانی ئاینیو تاوانباریکردن بەوەی ئەوان ئاین کورت دەکەنەوە لەبەئەنجام گەیاندنی حەج بۆزەوی پیرۆزو پاڕانەوەو لالأنەوە لەقدیسان بەپیرۆز سەیرکردنی پاشماوەکانیان. ئیرازمۆز ئەم شتانەی لەسەر زاری ئافرەتێك گوزارشت کرد بە ناوی "فوولی"کە کەسایەتیەکی سەرەکی ناو کتێبەکەی بوو. جگەلەمە ئیرازمۆز ئینجیلی لە ئیغریقیەوە وەرگێڕایە سەر

زمانی لاتینی. ئەمەوئەم وەرگێڕانە جیاوازی زۆری تێدا بەدی دەکرا لەگەڵ وەرگێردراوی ڕسمی کڵێسا.

لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا ئیرازمۆز پشتگیری شۆڕشی نەکرد، کاتێ لەلایەن مارتن لۆسەرەوە لەدژی کڵێسا بەرپاکرا. ئەم پشتیوانی خۆی بۆ پاپا دەربڕی‌و ڕەخنەی لەلۆسەر گرت لەسەر دەرچونی لەفەرمانی پاپا.

بزوتنەوەی مرۆگەری لەنیوەی دووەمی سەدەی شازدەدا ڕوبەڕووی ئاستەنگ وناڕەحەتیەکی زۆر بوویەوە. وەلێ کلاسیکیەت هەتاوەکو کۆتایی سەدەی هەژدە بەردەوامی بە خۆی داو کاریگەری هەبوو لەسەر وێژەو هونەرو پێکهاتەی بیرو هزری نوێی تایبەت بەزانستە نوێیەکان.

هونەر لە ڕۆژگاری ڕێنیسانس:-

هونەرمەندان‌و وێژەوانان ئارەزوو شەیدایەکی زۆریان تیادا دەرکەوت بۆ شارستانیەتی کلاسیك. هونەر لە سەدەکانی ناوەڕاستدا ڕەنگدانەوەی ئاینی مەسیحی بوو، کاتدرائیەکان لەسەر شێوازی کەوانەیی بنیات دەنران. بەڵام مرۆگەران هونەرێکیان نیشانی خەڵکیدا کە دەگەڕایەوە بۆ پێش سەدەکانی ناوەڕاست. ئەم هونەرە بە سانایی وجوانی‌و کەم مەسرەفی جیادەکرایەوە، بەڵام کاریگەر بوو بەکلاسیەکیەتی کۆن.

کلاسیك‌و هونەر:-

لە هەریەك لە سەدەکانی پازدەو شازدە گەشەکردنی هونەرەکانی ئەورووپا لە ژێر کاریگەری کلاسیکدا بوو. لەگەڵ ئەوەی زۆرێك لەڕووەکانی شارستانی سەدەکانی ناوەڕاست مابوون، بەڵام لەزیندوو کردنەوەی هونەری کلاسیکی سودی زۆر بینرا. وینەکێشەکان‌و پەیکەرتاشان‌و بیناسازان، بەشێوەیەکی بەرچاو هاوکاری دەکران، بەمەبەستی ئافراندنی نمونەیەکی بایەخدار لەسەر

شێوەی هونەری یۆنانیو ڕۆمانی کۆن. هونەری مەسیحیو هونەری کلاسیکی بەشێوەیەکی لەسەرخۆ تێکەڵبوون، ئەمەش بە بەکارهێنانی هونەری کلاسیکی لەپرسەکانی ئاینی مەسیحی دا. لەئەنجامی ئەم تێکەڵ بوونەش هونەرێکی مەزن هاتە کایەوە کەخۆی دەبینێەوە لەهونەری سەردەمی ڕێنیسانس. ئەم هونەرە مەزنەش لەنێوان بیری کلاسیکیەتو مەسیحیەتدا پەیدابوو. بەم شێوەیە کلاسیکیەت لە هونەرەکانی تەلارسازیو داتاشینو نیگرکێشانو پەیکەرتاشیو مۆسیقادا بلاوبوویەوە.

بیناسازی:-

شێوازی کەوانەیی، کە لە دروستکردنی بینادا بەکاردەهات، بەهاتنی شێوازی یۆنانی ڕۆمانی کۆن بەرەبەرە گلۆڵەی کەوتە لێژیو شێوازی یۆنانی وڕۆمانی بۆ هەمان بوار شوێنی گرتەوە. کەوانە"قەوس"ی یۆنانیو گومەزی ڕۆمانی، شوێنی کەلو "بورج"ی نوك تیژی گرتەوە. هونەری کلاسیکی تازە، کە بە ئاسانوسانا ناسرابوو، لە سەردەمی ڕێنیسانس لە سازکردنی هەموو بیناو کۆشکێکدا دەخرایەکار. دیارترین نمونە بۆئەم بیناسازیە نوێیە، بینای کڵێسای"قدیس برتس"ە لەڤاتیکان، کە لەدروستکردنیدا دیارتینو باشترین هونەرمەندانی وەك:" برامانتی، رفائیل، میخائیل ئنجیلو، بلادیۆ"، کاریان تێداکرد. ئیتالیا ناوەندی زیندوکردنەوەی بیناسازی کلاسیکی یۆنانیو ڕۆمانی بوو، ئەم زیندوو کردنەوەیە لە ژێربالی میروخانەدانانو دەولەمەندان گەشەی دەکرد. پاشان ئەمە بلاوبوویەوە لە بەشەکانی تری ئەوروپا. هەر

چەندە ئیتالیا بەهۆی جەنگەوە لەڕووی سیاسیو بازرگانییەوە شەپرێوو تێکشکاو بوو، بەڵام توانی لەڕووی هونەریەوە ئەورووپا داگیربکات.

فەرەنسا لە سەردەمی "فرانسوای یەکەم"و ئیسپانیا لە سەردەمی "فلیپی دووەم" هونەری بیناسازی کلاسیکیان تیادا بڵاو بوویەوە. بەڵام لە ئەڵمانیاو هۆڵەنداو ئینگلترا ئەم هونەرە درەنگ بڵاوویەوە تا کۆتایی سەدەی شازدە.

داتاشینو پەیکەرتاشی:- (نحت ، تماپیل)

لە سەدەی چواردەدا بزوتنەوەی کلاسیکی لە داتاشیندا سەری هەڵدا، سەرەڕای هەبوونی جوداییە کۆنەکان، کە لە ئیتالیادا بەربڵاوبوو. بەهەمانشێوە چالاکی دۆزینەوەی ئاسەوارەکان لەسەدەی پازدە، کاریگەری کردە سەر بنەماڵەی مدیتچی لە فلۆرەنسا هانی هونەری داتاشینو پەیکەرتاشیان دەداو ئارەزووی کۆکردنەوەی پارچەو نمونەی کۆنو سەنج ڕاکێشیان هەبوو. لاسایی کردنەوەی کلاسیك لە بواری داتاشین، گەیشتە ڕادەیەك کە پارچەیەکی داتاشراو لە ئەسینای سەدەی چوارو‌پێنجی پێش زایین، تەواو بەپارچە هونەریە داتاشراوەکانی سەدەی پازدەو شازدە دەچوو.

"لۆرینزۆ گیبریتی" 1378-1455، پێشەنگی پەیکەرتاشان بوو لەسەردەمی ڕێنیسانس. وێنەی پاپا "پاپیستری" لەفلۆرەنسادا داتاشیو بەشێوەکیش سازیکرد کە"میخائیل ئەنجلۆ" لەبارەیەوە دەڵێ:"جێگەی خۆیەتی ئەم داتاشراوە لەبەردەم دەروازەی بەهەشت دابنرێ". هەروەها

هونەرمەنـد "دونـاتیللو" 1383-1466، بەیـەكێ لـە بـەناوبانگترین هونەرمەندانی سـەردەمی ڕێنیـسانس دەژمێـردریێو تـوانی پەیكـەری "سـنت مارك" بەشێوەیەكی سەرنج ڕكێشانە لەڤینیسیا دابتاشێ. هەروەك "لوكـادیرا ڕوبیا" 1400-1482، بەناوبانگ بوو بەلاسایی كردنەوی كلاسیكی سـادە. "روبیا" قوتابخانیەكی دامەزراند بۆ داتاشـینو نەخـشاندنی زەخرەفـە لەسـەر گۆڕەكان. ئەم هونەرە لەسەدەی شازدەدا، لە نەخشاندنی زەخرەفەی گـۆڕی دامەزرێنـەری بنەماڵـەی ڤیـسكونتی لـە میلانـۆ گەیـشتە چڵپۆپەی جـوانی. بەهەمان شێوە"میخائیل ئەنجلۆ" یەكێكیتر بوو لەهونەرمەندەكانو ناوبـانگی لەبواری داتاشـینو بیناسـازیو وێنەكێـشاندا دەركـرد. پەیكەرەكـەی ئـەو بـۆ پێغەمبەر "داود" لە فلۆرەنسا،پارچەیەكی هونـەری جـوانو سـەرنج ڕاكێـشە لەهونەری كلاسیكیدا. بەم شێوەیە هونەری كلاسیكی كۆن سەریهەڵدا.

هونەری داتاشین بە بەراورد لەگەڵ هونەری بیناسازی زیاتر لـە دەرەوەی ئیتالیادا بلاوبوویەوە. هەریەكـە لـە "هنـری حەوتـەم"و "فرانـسوای یەكـەم" بەمەبەسـتی داتاشـین و سـازكردنی پەیكـەری خۆیـان بانگهێـشتی پەیكەرتاشـانیان دەكـرد. لـەپێش هـاتنی "لۆسـەر"، داتاشـینی كلاسـیكی لەئـەڵمانیا سـەریهەڵدا. پاشـان لەئـەورووپای خۆرئـاوا لەسـەدەی شـازدە بلاوبوویەوە.

تابلۆو نیگاركێشان:-

هونەری وێنەكێشان زیاتر لـە داتاشـین گەشـەی سـەند. لەپێـشتردا وێنـەو تابلۆكـان لەسـەر دیـواری خـانوو كۆشكوكڵێـساكان، یـاخود لەسـەر قومـاش دەكێشرانو ڕەنگ دەكران بەڕەنگە ئاوییەكانو پێیان دەوترا:"فریـسكۆس". بـەلام ئـەم ڕەوشـە هـەروا نەچـووە پـێش، بـەڵكو لـە سـەدەی شـازدەدا

وێنەکێشان لەسەر لەوحو قوماش، لەگەڵ وێنەکێشانی سەر دیوارەکان جیابوویەوە. بە بەکارهێنانی ڕەنگی زەیتی لە هونەری وێنەکێشاندا گەیشتە پلەی کەماڵو تێرو تەواوی.

لەڕاستیدا هیچ نمونەیەکی کلاسیکی بۆ هونەری وێنەکێشان نەبوو. ئەو وێنانەش کە لەسەر دیواری خانوو بینا کۆنەکان کێشرابوون لەناچوبوون. شوێنەواری شاری "پومپی" تا ئەو ساش هەردارو پەردو بوو، تاکۆتایی سەدەی هەژدە نەدۆزرایەوە. ئەمەش وای کردبوو وێنەی سەر دیوارەکانی لەم کاتەدا ناسراو نەبن. کاتێکیش هونەرمەندان نمونەی وێنەی کلاسیکی کۆنیان لەلانەبوو، ناچاربوون بەردەوام بن لە پەیڕەوکردنی شێوازی مەسیحی.

ژمارەیەك وێنەکێشی مەزن پەیدابوونو لەناویاندا چواریان لەسەدەی شازدەدادە ژیان. بەهۆی ئەوەی ئەوانە لەهونەردا گەیشتنە پلەی کەماڵ. ئەمانیش برتیبوون لە:"لیوناردۆ داڤنشی- میخائیل ئەنجلۆ- رفائێل- تیتان".

لیۆناردۆ داڤنشی:- 1452-1519:-

ئەم بلیمەتە لە فلۆرەنسا لەدایك بووەو هەر لەوێشدا پێگەیشتووەو لەژێر چاودێری هەردوو بنەماڵەی "سفورزا"ی میلانۆ وبنەماڵەی"میدیتچی"فلۆرەنسادابوو. خوانی خودایی"عیشاءالربانی" لە بەناوبانگترین وێنەکانی بوو، کەجارجار پێیان دەووت: "خوانی پیرۆز"، ئەمەش بریتیبوو لە کۆبوونەوەی مەسیح لەگەڵ حەواریەکان لەسەر خوانی

ئێوارە. هەروەها داڤنشی وینەی "مۆنالیزا"ی کێشا کە وێنەی کچە لاوێك بوو. ئەم دوو وێنەی ئاماژەمان پێدان جوانترین داهێنانەکانی لیوناردۆ بوون. تەنانەت وێنەی مۆنالیزا بەیەکێ لە وێنە نایابەکانی لیوناردۆ دەژمێردرێ. ئەمەش بەهۆی هونەری ڕەنگکردنیو دروستکردنی سێبەرو ڕوناکی بەشێوەیەکی زیرەکانە. وێنەکان لەچڵەپۆپەی جوانیو سەرنج ڕکێشی دابوون. وەك باسکراوە لیوناردۆ وێنەکێکشێك بوو میکانیزمی زانستی لە وێنەکردندا بەکاردەهێنا بەهۆی شارەزابوونی لەزانستی توێکاریزانیدا ئەمەش لە لەوحەکانیدا ڕەنگی داوەتەوە. لیوناردۆ وەك ئەندازیارێك کەناڵێکی بنیات ناو شورایەکی لەدەوری میلانۆدا دروست کرد. ئەم کەڵەهونەرمەندە وەك میکانیکیەكو نەخشەسازو مۆسیقاژەن وفەیلەسوفێك کاری دەکرد. ئەم بلیمەتە ناوازەیە نوسینێکی زۆری نوسیوەو چەندەها قوتابی هەبووە. کۆتایی تەمەنیشی لەفەڕەنسادا بەسەربردو لەوێشدا هانی بلاّوکردنەوەی وێنەکێشانی دەدا.

میخائیل ئەنجلۆ 1475-1562:-

ئەمەش وەك لیوناردۆ ناوبانگێکی زۆری هەبوو. لە زۆرێك لەهونەرەکاندا لێوەشاوەییو بەسەلیقەیی تێدادەرکەوت. میخائیل لەشاری فلۆرەنسا لەدایك بووەو پەیکەرتاشێکی مەزنو ئەندازیارێکی تەلارسازو وێنەکێشێکی هەڵکەوتووبوو. تەنانەت گوتراوە:"شاعیرو فەیلەسوفیش بووە". میخائیل کاتەکانی خۆی لەنێوان فلۆرەنساو ڕۆمادا بەسەردەبرد، واتا"هەرکاتەولەشارێك بوو". ئەم خزمەتی ژمارەیەك لەو پاپایەنەی کرد کە

هونەریان خۆشدەویست. ئەم هەڵکەوتوە کەسایەتیەکی جێگیری هەبوو، دەستی دەگرت بە ئەخلاقە نەتەوەیەکان و خۆشەویستی زۆری هەبوو بۆ فلۆرەنسا. جوانترین داهێنانەکانی پەیکەری نەبی داود وپێغەمبەر موسی و کڵێسای قدیس پترۆس بوو لە ڤاتیکان. هەروەها نیگارو تابلۆی تۆفان وڕۆژی دوایی بوون، کە لەسەقف و بنمیچ و دیواری کڵێسادا نەخشاندبوونی و، بە نیگارە دەگمەنەکانی جیهان هەژمار دەکرێن.

ڕەفائێل 1520-1483:-

هونەری نیگارکێشان لەسەردەستی ئەم هەڵکەوتەیە گەیشتە لوتکەی کەماڵوجوانی. ڕەفائێل لەهونەری وێنەکێشاندا لەسەرووی ئەنجلۆوە بوو، پیاوێکی سەرنج ڕاکێش بوو، لە خزمەتی پاپا جولیسی دووەم ولیۆی دەیەم دابوو، وەك ئەندازیارێك لە دروستکردنی کڵێسای "قدیس پترۆس" کاری کردووە. ڕەفائێل ئارەزووی پەیکەرسازی وئاسەواری هەبوو، بەڵام بلیمەتیەکەی تەنها لە نیگارکێشاندا ڕەنگی دایەوە. لە بەناوبانگترین لەوحەکانیشی تابلۆی مەریم وعیسی ی فرزندەیەتی(د-خ).

تیتیان 1576-1477:-

تیتیان خەڵکی ڤینیسیا بوو، لەوێشدا سەرپەرشتی قوتابخانەیەکی نیگارکێشانی دەکرد. لەڕەنگە زەیتیە پڕشنگدارەکاندا ناوبانگی پەیداکرد. تیتیان بەهۆی پەیوەندی هەبونی بەئیمپڕاتۆر "چارلسی پێنجەم" و"فیلپی دووەم" ناوبانگێکی مەزن وسامانێکی زۆری پێبڕا. لە نیگارە زەیتیەکانیدا

شکۆمەندی وگەورەیی بەدیدەکرا، ئەم خاسیەتەش لەهەریەکە لەتابلۆی چارلسی پێنجەم وفیلیپی دووەم ڕەنگی داوەتەوە.

لەئەوروپای خۆرئاوادا هونەری نیگارکێشانی ئیتالی پەخشان بوو، هەریەکە لەفرانسوای یەکەم وفیلیپی دووەم، بۆ فێرکردنی خەڵکی وڵاتەکانیان هاوکاری ماددی هونەرمەندانیان دەکرد. لەئیتاڵیادا نیگارکێشێکی یۆنانی کارتێکراو بەتیتیان پەیدابوو، ئەم نیگارکێشە ناوی "گریکۆ" بوو، تابلۆکانی ئاینی بوون وئێش وژانیان تێدا بەدی دەکرا. لە ئەڵمانیاشدا دوو نیگارکێشی مەزن سەریانهەڵدا، بریتی بوون لە:"بریخت دووری"1471-1527، کە دانیشتوی شاری نورمبرگ بوو، بەهونەرمەندانی ئیتاڵیا کاریگەر بوو. پەیکەرەکانیشنمونە بوون لەجوانی دا، "دوری"وەك پەیکەرسازو نیگارکێشێك ناوبانگی دەرکرد، تابلۆی "سوارو مردن" لە نیگارە بەناوبانگەکانی بوو. دووەمیان "هانزهۆلبین"بوو، کە لەسالانی 1497-1543 ژیاوە. هۆڵبین لەشاری "ئۆکسبرگی" ئەڵمانیادا ژیانی دەبردەسەرو، سەربە خانەوادەیەکی نیگارکێش بوو، ماوەیەکیش لە شاری "بالی" سویسڕا نیشتەجێ بوو. سالانی کۆتایی تەمەنیشی لەئینگلتڕاو لەخزمەتی هنری هەشتەم دا بەسەربرد. هۆڵبین ناوبانگی دەرکرد بەکێشانی وێنەی هنری هەشتەم وخێزانەکەیو وێنەی ئیرازمۆز وتۆماس مۆرو فلیپ میلانگتن. شیاوی باسکردنە هۆڵبین هونەری ئەڵمانی هۆڵندی لێوان لێو بە بیری مرۆگەری تێکەڵ بەیەکتری کرد.

مۆسـيقا:-

نـاكرێ بڵـێین: مۆسـيقا وەكـوو كايـەو هونەريـەكانی تـر، كەوتۆتـە ژێـر كاريگەری كلاسيك. ئەمەش بەهۆی ئەوەی هيچ ئاسەوارێكی مۆسيقی يۆنـانی وڕۆمانی كۆن لەوێدا بوونی نەبوو. مۆسـيقا لەسـەدەی شـازدەو لـە مۆسـيقای باوی كۆتـايی سـەدەكانی ناوەڕاسـتەوە گەشـەی كـرد. لەسـەدەی شـازدەدا، مۆسيقا گۆڕانی بەسەردا هاتو توانرا هاوئاهەنگی بكرێ لەنێوان ئاوازەكانيداو بەيەكەوە بيانگونجێننو ڕێكيان بخـەن. هـەر لـەم سـەدەيەدا ئـامێری تـازەی مۆسيقی وبيركردنەوەی تازە سەبارەت بەمۆسيقا هاتەكايـەوە. مۆسـيقاژەنان بە ئەورووپاداو بەتايبەت بە ئيتاڵياو هۆڵەنداد بلاوبونـەوە. هـەروەها ژمارەيـەك مۆسيقاژەن لەئيسپانيا وفەڕنسادا هەبوون، لەئينگلتڕاش "جۆن پـۆل، وليـەم بيرد، ئورلاندگيپسن" وەك مۆسيقاژەنانی دەرباری پاشا ناوبانگيان دەركـرد. لەئەڵمانياشـدا ژمارەيـەك شـێوە ئـاوازی تايبـەت بـە بـواری ئـايینی لـەژێر سەرپەرشتی مارتن لۆسەردا بلاوبويەوە.

لـەئيتاڵيا "پاليـسترينا"1524-1594، مـەزنترين مۆسـيقاژەن بـوو لەسـەدەی شـازدەدا. پاليـسترينا لـە ڤاتيكانـدا مۆسـيقايدەژەنیو تێـرو تـەواوترينو جـوانترين مۆسـيقای ئـايینی بەرهـەم هێنـا. لـەئيتاڵيادا شـانۆو داسـتانی ئـايینی لاواندنـەوە لـەژێرناوی "ئواتوريـو" سـەريهەڵدا. لـەم كاتـەدا ئيتاڵيا ناوەندی ئاوازی مۆسـيقی بـوو. "جيۆڤانیگـابريلی"1557-1613، يەكێكبوو لەدامەزرێنەرانی "ئۆكسترا"ی نوێ. ڤينيـسياش بووبـە ئەوشـارەی بۆ يەكەم جارو لەساڵی 1501، ئاوازی مۆسيقی چاپ كرد.

وێـــژەی نەتەوەیـــی

زمانــە نەتەوەییــەکان لەســەدەکانی ناوەڕاســتدا بــەرەو دروســبوون‌و گەشــەکردن دەچــون. هــەروەها هەنــدێ پارچــەی ئــەدەبی نایــاب بەزمانــەکانی "ئیتـالی– فەرەنـسی– ئیـسپانی– ئـەڵمانی– ئینگلیـزی"پەیـدا بــوون. بــەڵام زینــدوو کردنــەوەی شارســتانی کلاســیکی لەســەدەکانی چـواردەوپازدەو زۆرپێـداگری کردنـی لەسـەر زمـانی لاتینـی وایکـرد نوسـین بەزمانی نەتەوەی پێشکەوتن بەخۆیەوە نەبینێ. ژمارەیەکی زۆر لـە ئـەدیب‌و لێکۆڵیـاران وبیریـاران بــەزمانی لاتینی‌ویۆنـانی دەیاننوســی. "پــترارك‌و ئیرازمۆس" لەنێوئەو کەسانەدابوون کـە بـەم زمانەنوسـینەکانیان دەنوسـی. ئەمانە دەستەواژەکانیان لە"فرجیل‌و هۆراس‌و شیشرۆن" هەڵدێنجا.

وەلێ‌بــارودۆخ لەســەدەی شــازدەگۆڕانی بەســەرداهات.ململانــێ نەتەوەییــەکان‌و دۆزینــەوە جوگرافیــەکان‌و پێــشکەوتنی ئــابووری وڵاتــە ئەورووپیەکان‌و پێویستی زۆرینەی خەڵکی بـە زمـانی نـاوخۆیی‌و بـەکارهێنانی لەژیانی ڕۆژانەدا، پاڵی نا بە زانایان‌و لێکۆڵیاران کـە گرنگـی بـدەن بـە زمـانی نەتەوەیی‌و هەوڵی دانانی فەرهەنگ وڕێزمان بدەن بـۆ هەریەکـە لەزمانـەکانی "ئینگلیـزی‌و فەرەنـسی‌و ئـەڵمانی‌و ئیتـاڵی هۆڵنـدی‌و ئیـسپانی". زانـای ئەڵمانی"کۆنبراد فۆن جیسنر"،پـەیامێك یـاخود نوسـینێکی نووسـی لەسـاڵی 1453، کە تیایدا وەسفی سەد زمانی نەتەوەیی کردبوو. شایەنی باسە ئەمە یەکەمین هەنگاو بوو سەبارەت بەلێکۆڵینەوە کـردن لەزانـستی بـەراوردکاری‌و

جیاوازی. ئیدی دانانی فەرهەنگو ڕێزمان بوونە هۆیەك بۆ دانانی بناغەی چەمك ودەستەواژەی ئەدەبی زمانەئەوروپیە نوێیەکان.

لەڕاستیدا بابەتە ئەدەبیە بلاوکراوەکانی ئەم سەردەمە بابەتی ئاینی بوون، وەك نوسینی صەلاواتو وەرگێڕانی ئینجیل. بەشێکیش لەوانە دادەنرێن بەمەزنترین پاچەی ئەدەبی نەمر لەهەگبەی وێژەی ئەلمانیو ئینگلیزیو فەرەنسی. وەك وەرگێڕدراوە ئینجیلەکەی ئەلمانی کەلەلایەن مارتن لۆسەرەوە وەرگێڕدرا. هەروەها نوسینەکەی ئوسقف کرامر بۆ سەلاوات بەزمانی ئینگلیزی. ئەمەو جگە لەدەستورە ئاینیەکەی کالڤن، کەدادەندرێت بە گەورەترین پارچەی ئەدەبی نەمر لەوێژەی ئینگلیزیو ئەلمانی وفەڕەنسی. مێژووی ژیانی "قدیس تریزا"ش کە لەلایەن خۆیەوە نوسراوە، لەجوانترین نوسراوەکانە کە بەزمانی ئیسپانی نوسرابێت. سەرهەڵدانی پرۆستانتیو چاکسازیو پاکسازی ئاینی، کاریگەری گەورەی هەبوو لەسەر پەرەسەندنی زمانی نەتەوەییو گەشەسەندنی. ئەمەش بەهۆی دانرانی کتێب و بلاوکراوەیەکی زۆر لەدژی کاسۆلیکی، یاخود بۆ پارێزگاری کردن لەکاسۆلێکی وەك دژە کاردانەوە لەبەرامبەر پرۆتستانتەکان. لەهەردوو لایەنیشدا خەڵکی ناچار بوون موتالاَی بکەنو بیخوێننەوە. ئیدی هەموو ئەمانەی باسمان کردن ڕێگەیان خۆشکرد بۆ نوسین بەزمانی نەتەوەیی

بەرهەمی وێژەیی لەسەدەی شازدەدا شەقڵ وخاسیەتی نەتەوەیی هەبوو. بەشێکی گەورەی بەرهەمەکانیش لەلایەنی سیاسیو مێژوویو ئاینی خۆی دەبینیەوە، بەشێکیش لەم بەرهەمەی سەدەی شازدە گەیشتە دەرەجەیەکی

زێــدە بــەرز لــە جوانیــدا. وەك کتــابی "مــیر"و"مێــژووی فلۆرەنــسا"ی میکاڤیللیو"ژیانی دوو هونەرمەندەکە لە ئیتالیا" کە "ڤێزار"ی نوسی بووی. هــەروەها کتــابی "یۆتۆپیــا"ی ســێرتۆماس مــۆرو "مێــژووی ئیــسپانیا"ی "جیزوت ماریانا"و کتێبی"کۆمار"ی "جان بوودان" لە فەلسەفەی سیاسیدا. شیاوی باسە هەموو ئەم کتێبانە لەبەرهەمە جوانو نایابەکان دەژمێردرێن [1].

لەڕاســتیدا بەرهەمــە ئەدەبیــەکانی ســەردەمی ڕێنیــسانس مــۆرکێکی بتپەرســتانەی کلاســیکیو مرۆگــەری وەرگرتبــوو. جــەختی دەکــردەوە لەچــێژوەرگرتن لــەژیان. بەشــێکی ئەمانــە نمونەیــەك بــوون لــەزیرەکیو بەهرەداری ئەدەبی. نوسەری کۆمیدی فەرەنـسی"ڕابێلـی"1553-1490، خاوەنی کتێبی"گاراگـانتو یانتـاگرول"، یەکێکـە لـەو نوسـەرانە. نوسـەر لـەم کتێبـەدا نمایـشێکی گاڵتـەجاڕی پیـشاندەدات سـەبارەت بـەژیانی سیاسـیو کۆمەڵایەتیو ئاینی. بەشێوەیەکی ئـەدەبی گاڵتەجاڕانـە ڕەخنـە لـەبارودۆخی کۆمەڵایـەتی خـراپو بۆگـەن دەگرێـتو پێـداگری لەسـەر ئاقـاری مرۆگـەری دەکـات. هــەروەها "مایکــڵ دی مۆنــت"1592-1513 کــە لــەباوکێکی فەرەنسیو دایکێکی جولەکەبوو، کتێبێکـی نوسـی بـە نـاوی"وتارەکـان" کـە بریتی بوو لە کۆمەڵـە وتـارێکی ئـەدەبی. ئـەم کتێبـە جـۆرێکی تـازە بـوو لـە ئــەدەب، کــە بەشــێوەی بابــەت بابــەت نوســرابێت. هــەموو بابەتــەکان شێوەپەخــشان ئــامێزێکی جــوان بــوونو جــەختیان دەکــردەوە لەســەر

1 Jouis Go ttschalk; Earope the Modern World(Chicago، 1951)،V.l، PP.140-144.

لێبـوردەییو ئـازادیو سەربەسـتی بیرکردنـەوەو تێگەیـشتن لـە کێـشەکانی ئادەمیزاد کە کۆتاییان پێ نایەت. ڕۆشنبیری ڕاستەقینە لە ڕووانگەی ئـەودا، تەنها لە ڕێگەی پرسیارکردنی ڕاستو ڕەوانو تێگەیشتن لە کێـشەکانی مـرۆڤ بەدەسـتدەهات. هـەروەها ڕای وابـوو کـە وڵامـەکان جێگـەی دڵنیـایی نـین، ئەمەش بەهۆی ونبوونی معریفەی مرۆڤایـەتی. "مایکـڵ دی مۆنـت" دوودڵـیو گومانکردنی لە دەستوورو بڕیار، یان لە هەموو بڕیارو یاساکاندا بە گەورەترین بەرهـەمی مرۆیـی دادەنـا. دی مۆنـت دەڵـێ:"بـێ گومـان ئێمـە لـە نەفـسی خۆمانەوە یان لەشتەکانی ترەوە ڕاستیەکان نـازانین، لەبـەر ئەوەیـە زۆربـەی جار بڕیارەکانمان ناتـەواون، ئێمـە دڵنیـانین لـەبیرو بۆچـونمان سـەبارەت بـە شتەکان، لەبەر ئەوە ناگونجێ بگەین بە ڕاسـتی". هـەروەها دەڵـێ: " مـادام مرۆڤ گوماندارە سـەبارەت بـە شـتەکان، کەواتـە نـاگونجێ بگاتـە ڕاسـتی لـە ڕێگەی ئەقڵو هەستەکان، لەکاتێکدا ئـەم دوو لایەنـە مـرۆڤ لـە گومـان ڕزگـار دەکەن. بۆیە پێویستە باوەڕێکی قوڵی هەبێ بە ئایین.

"سێرڤانتس"ی ئیسپانی کە لەنێوان ساڵی "1547_1616"ژیاوە. ئـەم لەڕووی ئەدەبیەوە لە لوتکەی بەهرەداری دابوو. لەکتێبی "دۆنکی شـۆت"دا گاڵتە بە ژیانی سەدەکانی ناوەڕاست دەکات، ئەمە لەکاتێکدا ئیـسپانیا ڕووی لەسـەردەمی ڕێنیـسانسو مرۆگـەری وەرچـەرخاندبوو بـەرەو سـەدەکانی ناوەڕاست هەنگاوی دەنا. سێرڤانس یـەکێ بـوو لـە مرۆگـەرەکان. یـەکێ لـە کتێبـە پڕچـێژە ئەدەبیـەکانی کتـابی"ژیـانی بینیڤینتـۆ چـیلینی"ە

1500_1517، کە تیایدا بە شێوەیەکی سەنج ڕاکێشانە باسی ڕەوشی باوی ئەو کات و کارە سەرکێشیەکان دەکات.

داستان و دراما:-

ڕەنگە بتوانین داستان و دراما بەدیارترینی ئەو بوارانە دابنێین کە هونەرو ئەدەب لەسەدەی شازدە پێیگەیشتووە. بەرهەمی ئەو دوو بوارە کاریگەری کلاسیکی و مرۆگەری بەسەرەوە بوو لەڕووی بابەت و جۆرەوە. کەس و شوێنەکان ناوی کۆنیان بۆ دادەنرا. تەنانەت ئەگەر بابەتێکی کلاسیکی نەبوایە ئەوا ئیتاڵیایان دەکردە شانۆیەك بۆ داستان و چیرۆکەکانیان و بە گیانێکی نەتەوەیی نوێ دەچوونە ناویەوەو خۆیان لەگەڵی تێکەڵ دەکرد. شیاوی باسە زۆرینەی ئارەزومەندانی دراما لەچینی خوێندەوار بوون.

بەناوبانگترین ئەدیبە ئیتالیەکان بریتی بوون لە "ئۆرلاندۆو ئاریستۆ" 1474_1533، کە بە شێوەیەکی کلاسیکی گوزارشتی دەکرد لەخۆشەویستیەکی ڕۆمانسی. هەروەها "تاسو"(1544_1585) بە شێوەیەکی داستان ئامێز لەسەر شێوازی فێرجێل باس لەڕزگارکردنی "بیت المقدس"دەکات و گوزارشت لە سۆزی خاچیەکان دەکات. هەروەها لەپرتوگال "لویسو ئۆف کاموین" 1562_1635، داستانێکی نەتەوەیی نوسی لەبارەی گەشتی "ڤایسکۆ دیگاما" بۆهیند. بەهەمانشێوە"لوپ دی ڤیکا" 1562_1635 چەند بابەتێکی نیشتیمانی لە مێژووی ئیسپانیا نوسی. جگەلەمانە لەفەرەنساش "پیردی ڕونسارد" هەبوو 1525_1585، کە ڕابەری کۆمەڵێ لە شاعیرانە، هەستا بە گرتنە بەری ڕێڕەوی

کلاسیکی. ڕونسارد لەژێر کاریگەری یۆنانیو ڕۆمانی دابوو، هەستەکانی لەخۆشەویستیو سروشتدا خۆی دەبینیەوەو هەستێکی قوڵو خەیاڵێکی داهێنەرانەی نمایش دەکرد. هەروەها "ئەدمۆند سبنسر"ی ئینگلیزی 1552_1599، لە بەرهەمەکەی دا بەناوی "شوان" گەیشتە قوڵی هەستی شیعری، بە شێوەیەك لەشعری کەسی تر ئەمە بەدی ناکرێتو جۆرێکە لەئەدەبی دێهاتی. ئەمەو جگە لەنوسینی داستانی "شاجوانی پەریەکان (حۆری)" لەسەر شێوەو شێوازی ئەرستۆو تاسۆ. "کریستۆفر مارلو" 1564-1593، بەهۆی شانۆی "تەیموری لنگ، فاوست، ئیدواردی دووەم، جولەکەی ماڵتا"، دەرگەی درامای خستە سەر گازی پشت. مارلو لەزانکۆی کمبرج کلاسیکی خوێندووەو هاوڕێو هاوچەرخانی پێی سەرسام بوون. شعرەکانی لە چڵەپۆپەی قەشەنگیو سەرنج ڕاکێشی دابوون[1].

ولیەم شکسپیر1564_1616:-

ئەم هەڵکەوتە ناوازەیە لە دایكو باوکێکی ئینگلیز، لە 26_نیسانی_1564 لە شاری ستراڤورد لەدایك بووە. سەرەتای ژیانو خویندنی سەرەتایی لەم شارە بووەو لەگەڵ کچێکی ئەم شارەش لەتەمەنی هەژدە ساڵی هاوسەرگیری پێکهێناو کچێکی بوو بەناوی "سوزانا". شکسپیر وەك نوسەرێکی شانۆیی لە لەندەن لەساڵی 1584 پرشنگی داو بە بەردەوامی تیایدا مایەوەو بەهرەمەند بوو لە ژیانو ناوبانگو سامان، هەروەك

1 Koehgsberger and Mosse، Europe in the 16th century (new york)19 PP.317-320;also Gotts chalk، op.cit;pp.138-139

ئەندامێك لە شانۆی سەرەكی لەندەن. شكسپیر لە ساڵی 1610 بۆ شوێنی لە دایكبوونی خۆی گەڕایەوە "ستراڤۆرد" و وەك كەسێكی ناسراو ژیا، هەتا لە 23_نیسانی_ 1616 چاوی لێكناو لە دونیا دەرچوو. نازانرێ شكسپیر كەی دەستی بە نوسینە شانۆیەكانی كردووە، كە ساڵانە دوو شانۆی دەردەهێنا. "بین بونسن"هەستا بەكۆكردنەوەی شانۆكانیو لەساڵی 1623، بڵاوی كردەوە. هەروەها شعرەكانی"سونیت" كە 154 پارچە بوونو لەساڵی 1609 بڵاو كرانەوە.

شكسپیر دوو چیرۆكی شیعری نوسی، بەناوانی"ڤینوس و ئەدینۆیس، زەوت كردنی لۆكریس". بەناوبانگترین شانۆكانیشی "هاملیت" بوو. هاملیت بریتی بوو لە ململانێی نێوان خۆشەویستیو تۆڵە سەندن. هەروەها "ڕۆمیۆ وجولیت" چیرۆكی دوو گەنج بوو كە شكستیان هێنا لەئەڤینی. "یۆلیۆس قیصر"یش كە درامایەك بوو، بریتی بوو لەململانێیەكی ویژدانی لەنێوان ئارەزوی دڵو ئەركی نیشتمان. هەروەها "پادشای لیر"، كە خۆی دەبینیەوە لەخۆشەویستیو ڕق لێبوونەوەی لە ناو خێزانێكدا. چیرۆكی "ڕیچاردی دووەم" باس لەهەستی نەتەوەیی گەشەسەندووی ئینگلتەراو دڵسۆزی بۆ ئەو پارچە زەویە مەزنو پایەدارە دەكات، واتا خاكی ئینگلترا. لەمانەدا شكسپیر پێداگری لەسەر تاكگەراییو نەتەوەیی دەكرد. هەروا چەند شانۆیەكی تری هەبوو كە تراژیدیو شۆخی ئامێزو مێژووی بوون، لەناویاندا "بازرگانی بندەقیە- چۆن خۆشی دەوێی- خەوبنین لە نیوەشەوی هاویندا-

گەردەلول- ئەنتۆنی و کیلۆ پاترا- شەوی دوازدەهەم"، لەگەڵ چەند شانۆیەکی تر، کە دواتر ڕۆژگارگەورەیی و مەزنی و نەمری دەرخستن.

شکسپیر کەسێکی مەزن بوو، ئەوەندە بەسە کە ڤۆڵتێر لەبارەیەوە دەڵێت: "ئەگەر شکسپیر تەنها شعرەکانی "سونیت"ی هەبووایە ئەوا بەسی بوو بۆ ئەژمارکردنی وەك مەزنترین شاعیری نەمر". هەروەها "بین جۆنسن" لەبارەیەوە دەڵێت:"شکسپیر نوێنەری جێلێ ناکات، بەڵکو بۆ هەموو جیلەکانە".

مرۆگەران باوەڕیان وابووگەشەسەندنیتەواوی تاك، هۆیەکە بۆ چاککردنی کۆمەڵگە. لەبیرو بۆچونی مرۆگەراندا ئەوە دەخوێنرایەوە، کە خەڵکی لێوان لێوە لە"شەڕ_ نەزانی_ ستەم_خراپ کەڵکوەرگرتن لەدەسەڵات". پێیانوابووهەموو ئەمانە پێویستە چارە بکرێن بە فەزیلەت و ڕۆشنکردنەوە وهەست کردن بە بەرپرسیاریەتی و ڕاستی.[1] .

بەراوردێك لە نێوان سێرڤانتس و شکسپیر:-

سێرڤانتسی ئیسپانی و شکسپیری ئینگلیزی، لەیەك ڕۆژدا مردن. واتا:هەرووکیان لەبەرواری 23-نیسانی-1616مردن. "سێرڤانتس" تەمەنی 69 ساڵ بوو، شکسپیریش تەمەنی 52 ساڵ. ڕەنگە نەتوانین بڵێین: کە ئەم دووانە یەکتریان ناسیوە یاخود ناوی یەکتریان بیستووە، هەرچەندە شکسپیر بەشی یەکەمی دۆنکیشۆتی بەزمانی ئینگلیزی خوێندوەتەوە. هەرچۆنێك بێت

1 Go ttscholk‹ pp. 138-139

ئـەم دوو پیـاوە گـەورەبوون بــە گـەورە بـونێکی نائاسـودەیی‌و نـاجێگیری لەسـەرەتای ژیانیانـدا. بـاوکی سـێرڤانتس(جـەراح) نـوژدارێکی فاشـیل بـوو، لەشارێکەوە بۆ شارێکی تر بـۆ بـەخێو کردنـی حـەوت منداڵەکـەی لەهاموشـۆ دابوو(ئەم شارو ئەو شاری دەکرد). شکسـپیریش منـداڵی زۆر بـوو، هەمیـشە قـەرزار بـوو. قـەرزەکان بـە شـێوەیەك بـوون، کـە لـە دادگـادا سـکاڵای زۆری لەسـەر تۆمـار دەکـرا تـا مایـە پـوچ بـوو ئەندامیـەتی خـۆی لـە ئەنجومـەنی شـارەوانی لـە دەسـتدا. هـەر لەبەرئەمـەش بـۆ هـیچ کـام لـەم دوو نوسـەرە دەرفەتی خوێنـدنی زانکۆیـان بـۆ نەهاتـەپێش. هەریەکـەیان پێـچەوانە بـوون لەگەڵ داب‌و نەریتی کۆمەڵایەتی، شکسپیر کچێکی زەوت کرد کە هەشت ساڵ لەخۆی بچوکتر بوو، ناچاری کرد شوی پێبکات. لـەم لاشـەوە سـێرڤانتس لـە زۆران بازیەکـدا پیاوێـك دەکـوژێ‌و بەهۆیـەوە نـەفی دەکـرێ بـۆ دەرەوەی ئیسپانیا.

لەڕاستیدا ژیانی هەردوو لایان جیاوازی تێدا هەبوو، سێرڤانتس کەسێکی سەرکێش بـوو، زۆرگەشـت وگـەڕانی دەکـرد. بەخۆبەخـشانە چـووە نـاو ئـەو سوپایەی کە ئیتالیـا ئامـادەیکرد بەسـەرکردایەتی "دون جـۆن" بـۆ جـەنگان لـەدژی دەوڵـەتی عوسمـانی لـە سـاڵی 1570. سـێرڤانتس تیایـدا پێکـراو سینگ‌و قـۆڵی برنـداربوو، ئـەو برینداریـەی قـۆڵی بـە درێـژایی ژیـانی لەگـەڵی مایـەوە. هـەر لەسـوپادابوو کاتێـك کەوتـە دەسـتی چـەند چـەتەیەك وپـاش چوارساڵ بردیـان بـۆ جـەزائیر. سـێرڤانتس چـەندین جـار هـەوڵی ڕاکردنـی دا بەشێوەیەك ئەوانەی دەستگیریان کردبوو، لێی بێزار بووبـوون‌و سـەریان لێـی

سورمابوو. سێرڤانتس بە ژێردەستەیی مایەوە تا لەساڵی 1580 ئازادیان کرد. ئەو خۆی سەبارەت بە جەنگی لیبانتۆ دەڵێ:" گەورەترین ڕوداوبوو لەمەڕ ڕابردوو ئێستاو داهاتوو". کاتێکیش گەڕیەوە بەرەو ئیسپانیا، هاوسەرگیری کرد لەگەڵ ئافرەتێکی ڕێزدار، ئەمە لەکاتێکدا کچێکی هەبوو لەئافرەتێکی تر. سێرڤانتس بەهۆی زۆری قەرزاریو نەتوانینی دانەوەیان، سێ جار کەوتە زیندان لە نێوان سالآنی 1592-1602. قەرزەکانی بەشێوەیەك زۆربوون، تەنانەت کتابی "دۆنکی شۆت" کە لەساڵی 1605 دەریکرد، لەگەڵ ئەو سەرکەوتنە گەورەی بەدستیهێنا سودێکی ئەوتۆی بەقەرزەکانی نەگەیاند.

دێینەوە سەر باسی شکسپیر. شکسپیر هەنگاو بەهەنگاو بەدوای ژیانی خۆیدا دەڕۆیشت. دوای ئەوەی لە ساڵی 1584 کۆچی کرد بۆ لەندەن، ژیانی خۆشتر بوو بوژایەوە. کاتێ چویە لەندەن جگە لە بەهرەی زیرەکی کە خوا پێی بەخشی بوو؛ هیچی تری لەگەڵ نەبوو. سەرەتا وەك ئەکتەرێك دەستی بەکار کرد، پاشان بوو بە نوسەری شانۆ بۆ سێ شانۆی گرنگی لەندەن. بەهاتنی ساڵی 1594 شکسپیر بوو بەسەرۆکی کۆمپانیایەك کە خۆی خاوەنی بوو. هەروەك بوو بەهاوڕێی ژمارەیەك کەسایەتی لەدەرباری "ئیلیزابێس". شعرەکانی (سونت)ی بە گۆرانی دەوتەوە. یەکێ لەڕەخنەگرە دیارەکان دەڵێ:"گیانی شیرینی ئۆڤید لەسەر زمانی شکسپیر دەژی". بەم شێوەیە شکسپیر بوو بە خاوەنی سامانێکی زۆرو کۆمپانیایەك کە پێکهاتبوو لەچەند سەرشانۆیەك لە لەندەن. لەهەمان ئەو کاتەی سێرڤانتس

لە زیندان ژیانی بەسەر دەبرد بەهۆی ئەو قەرزانەی ببونە ملۆزمی ژیانی[1].
شکسپیرببوو بە شێوە خانەدانێكو هەستا بە سازکردنی ساختامانێکی گەورە
لەسترافۆرد لەساڵی 1602.

لەکاتێکدا شکسپیر شانۆی نەمری "هاملیتو ماکبیسو ئۆتیلیۆ"ی
دەنوسی، سێرڤانتس سەرقاڵی نوسینی ڕۆمانە
کلاسیکیەکەی"دۆنکیشۆت"بوو، کە بەشێوەیەکی دڵخۆشکەرو سەرنج
ڕاکێشو هەست بزوێن دەینوسی. ناوەڕۆکی ئەم کتێبە گاڵتەدەکات بە
سەدەکانی ناوەڕاست، کە ئەوروپا لێی تێدەپەڕی وئیسپانیا تێیدا مابوویەوە.

پێشکەوتنی زانستی

گرنگی پێشکەوتنی زانستی لە سەدەی شازدە، کەمترنییە لە دۆزینەوە
جوگرافیەکانو ژیاندنەوەی شارستانی کلاسیك. ئەم پێشکەوتنە بەپلەی
یەکەم زانستی "ئەستێرناسی"و گەردونناسیو ماددە"ی- گرتەوە.
هەروەها پەرەسەندنێکی گەورە ڕویدا لە بواری فیزیاو پزیشکیو
زیندەوەرناسیو بیرکاریو زانستی کۆمەلایەتی.

1- ئەستێرە ناسی:-

ئەستێرەناسی سەدەکانی ناوەڕاست باوەڕیان وابوو کە زەوی جێگیرەو
ناوەندی گەردونەو خۆرو مانگو ئەستێرکان بەدەرویدا دەسوڕێنەوە

1 Marvin R. Oconnell ،the counter Reform ation (newyork،1974)، PP.363_366.

بەخێراییەکی لەڕادە بەدەر لـەماوەی 24 کاتـژمێر. ئەمـەش هـەمان بـیروڕای بەتلیمۆس بوو کە لە سەدەی دووی زاینی لە ژیاندا بوو. ئەم تیۆرە کڵێساش گرنگی پێداو پشتیوانی لێ کردو وای کرد خەڵکی بەگشتی باوەڕی پێ بهێنن. چونکە لەگەڵ ئینجیلـدا هـاوڕا بـوو هاوکـات سـەرنجی ڕۆژانـەی خـەڵکیش بـە هەمان شێوە لەگەڵی دا بوو. لەگەڵ ئەم تیۆرەشدا چەند تیۆرێکی ترهـەبوون سەبارەت بە فەلەک و ئەسـتێرە کـە لەبیرچـوبوونەوەو لـەهزرو بـیری خەڵکـیدا نەمابوون. لەناویانـدا تیۆرەکـەی "فیـساگۆرس" کـە دەڵـێ:"خـۆر سـەنتەری گەردونە". جا کاتێکیش شارستانی کلاسـیك لـە سـەدەی پـازدە بـەدیارخرا، ئەم تیۆرانەش دۆزرانەوەو کۆپەرنیکۆس بوو بە بەناوبانگترین پاڵەوان تێیدا.

کۆپەرنیکۆس1473–1543:-

کۆپەرنیکۆس قەشەیەکی پۆڵندی بوو، کاتەکانی خـۆی لـەنێوان کاروبـاری ئاینیو لێکۆڵینەوە لەکلاسیكو بیرکـاریو ئەستێرەناسـی دا دابـەش کردبـوو. نیکۆس لەئیتالیا دەساڵ مایەوەو لەوێدا خـەریکی لێکۆڵینـەو وخوێنـدن بـوو لەبواری پزیشکیو یاساکانی کڵێسا. پاشـان مرۆگـەرانی ناسـیو لەوانیـشەوە ژمارەیـەکی زۆر لـە ئەستێرەناسـە کۆنـەکانی ئیغریقـی ناسـی، لەهـەمان کاتیـشداگومانی هـەبوو لـە تیۆرەکـەی بتلیمـۆس. ئـەم زانایـە لـە ڕێگـەی بەدواداچـونو ئـەزمونو ئـەو ئامێرانـەی کـە لەبەردەسـتیدا بـوون، تـوانی بـە لێکۆڵینـــەوەو ســـەرنجدان، ئەزمونوســـەرنجو تێبینیـــەکانی لـــەبارەی ئەستێرەناسـیەوە بنوسـێتەوەوبە زمـانی لاتینـی چـاپیان بکـات. نیکـۆس لەکتێبەکەیدا باسی جوڵانی تەنە ئاسمانیەکانی کردبوو لە ساڵی 1543چاپ

کرد، کە هەر لەو ساڵەش کۆچی دوایی کرد. نیکۆس کتێبەکەی پێشکەشی پاپا "پۆلی سێیەم" کرد. لە کتێبەکەیدا ئەوەی ڕوونکردەوە کە زەوی هەسارەیەکە لەهەسارە گەڕۆگەکانو بەدەوری خۆردا دەسوڕێتەوە. هەروەها ئەوەشی خستەڕوو کە زەوی سەنتەری گەردوون نییە. بەمەش زەمینی لەپیرۆزیو گرنگی داماڵی. ئەمەش وادەکات مرۆڤ ناوەندو سەنتەربوونی لەناو دروستکراوەکان لەدەست بدات. تیۆرەکەی نیکۆس لەئەورووپادا دەنگی دایەوەو بەزوویی لەناو پشتگیرکارنیو نەیارانی داپەخشان بوو.

تیکۆ براهمی1546_1601:-

ئەستێرەناسە ئەورووپیەکان لەنیوەی دووەمی سەدەی شازدە ڕوویانکردە هاوکێشە بیرکاریەکان وپەرەپێدانی ئامێرە فیزیاییەکان، ئەمەش بۆ لێکدانەوەی تێڕوانینەکەی کۆپەرنیکۆس. ئەستێرەناسی دانیمارکی"تیکۆ براهمی"، یەکێ بوو لەو زانایانەی کەپاشای دانیمارك فردریکی دووەم، لەڕووی ماددیەوە هاوکاری کرد بۆ دامەزراندنی تاقیگەیەك لەو دورگەی کەوتبووە نێوان دانیمارکو سوید لە دەریای بەڵتیك. هەروەها لێنۆڕ وئامێرو کتێبخانەو هەموو ئەو پێداویستیانەی کەپێویست بوون بۆی لە کاغەزو چاپ بۆی دابین کرد. براهمی ماوەی بیست ساڵ سەرقاڵی لێکۆڵینەوە بوو لەگەردوونو لە هەوڵی پێکبەستنو پێکهێنانی تیۆری نیکۆسو بەتلیمۆس دا بوو. بەڵام بێ سەروبەرەییو لەخۆبایی بوونی، بووبە هۆیەك بۆ تێکچونی پەیوەندیەکانی لەگەڵ فردریك. بۆیە ساڵەکانی کۆتایی تەمەنی لە خزمەتی ئیمپراتۆری ڕۆمانی پیرۆز لە"پراگ"بەسەربرد. تیۆرەکەی براهمی وای

لێکدەدایەوە کە ئەستێرەکان بەدەوری خۆردا دەسوڕێنەوە، هەروەها خۆرو کەهکەشانەکانیش بەدەوری زەویدا دەسوڕێنەوەو زەویش لە جێگەی خۆیدا جێگیرە.

هۆکاری شکستی تیکۆبراهمی تاڕادەیەك دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە خۆی سەرقاڵ کردبوو بە ئەستێرەو ئەستێرەناسی، بەلاّم هۆکاری سەرەکی شکستهێنانی نەگرتنەبەری ئەم ڕێگەیە بوو کە کۆپەرنیکۆس گرتبوویەبەر[1].

کیپلەر1571-1630:-

لە کۆتایی سەدەی شازدە دوو زانا سەریان هەڵداو پشتگیری "کۆپەرنیکۆس"یان- دەکردو بەلێکۆڵینەوەکانیان دەیان چەسپاند. ئەمانیش کیپلەری ئەڵمانیو گالیلۆی ئیتاڵی بوون. "کیپلەر"هاوڕێی تیکۆبراهیمی بوو. لێکۆڵینەوەی لە گەردوون دەکردو لەیەکێ لەزانکۆکانی ئەڵمانیا لەم بارەیەوە دەیخوێند. کیپلەر لەبیرکاریو گەردوونناسیو بۆچونە فەلسەفیەکان لەمامۆستاکان زیرەکتر بوو. لەگەڵ باوەڕبوونی بەو خورافە باوانەی ئەم سەردەمە، بەلاّم سەلماندی کە زەویو هەسارەکان بەدەوری خۆردا لە هێڵێکی هێلکەیی دا دەخولێنەوە نەوەك هێڵێکی بازنەیی، ئاماژەشی بەوە کرد کە خێرایی هەسارەکان زیاد دەکات بەگوێرەی نزیکیان لەخۆرەوە. دووری نێوان هەسارەی گەڕۆكو خۆر هاوئاهەنگە لەگەڵ تێکڕای کاتی سوڕانەوەی هەسارەکان بەدەروی خۆردا.

1 Coenigsberger، eurpe in the 16th century . (newyork،1968) ،PP.356-358.

گالیلۆ 1564-1642:-

گالیلۆ زاناو پیتۆلێکی مەزن بوو، لە زۆر بواری وەك بیرکاریو میکانیك و فیزیاپسپۆر بوو، بەتایبەت لە بواری ڕوناکیو گەردبینیدا. سەرەڕای ئەوانە، گالیلۆ مۆسیقاژەن بوو، لەکلاسیکدا شارەزابوو،ئەمەو جگەلەوەیکە نوسەرێکی بەهرەمەندیش بوو. گالیلۆ لەزانکۆی پادوا لەنێوان سالآنی 1592-1610، هەستا بە بلآوکردنەوەی تیۆرەکەی کۆپەرنیکۆس. لێکچەر "محاچرە"کانی گالیلۆ بەشەوقو زەوق بوون، بەشێوەیەك لەهۆلێکی 1000کەسیدا وانەی دەوتەوە. گالیلۆ توانی بتەلیسکۆپ وپەرەپێدانو باشکردنی لەسالّی 1609، توانی بەلگەی ئەوە بهێنێ کەخۆر بەدەوری خۆیدا دەخولێتەوە. گالیلۆ هەولّیدا کلّێسا قەناعەت بەڕاستی تێڕوانینەکەی بهێنێ، بەلاّم بەپێچەوانەوە کەوتە دووبەرکیو ناکۆکیەکی بەردەوام لەگەلّ کلّێسا. تا لەسالّی 1616 "دادگاکانی پشکنین" تیۆری گالیلۆو هەموو ئەوانەیشی بڕوایان وابوو خۆر چەقی گردوونە، بەپوچو بێ بنەما لەقەلّەم دا وبەپێچەوانەی تێکستی کتابی پیرۆزی دانا. بەهەمان شێوەش تێروانینی ئەوەی کە گوایە زەوی هەموو ڕۆژێك بەدەوری خۆیدا دەخولێتەوە، وەك تێڕوانینەکەی پێشوو، بەپوچو بۆشی ناوزەدکرد، چونکە لەگەلّ ئایندا پێچەوانەیە. ئەمجا لەسالّی 1632، گالیلۆ لەبەردەم دادگا تاوانبارکرا بەوەی برەوی بەو تیۆرە داوە کە پێچەوانەی ئاینە. لەبەرئەمە گالیلۆ لە دە سالّی کۆتایی تەمەنی خرایە ژێر چاودێری.

بیرکاری:ـ

زانستی بیرکاری پێشکەوتنێکی گەورەو مەزنی بە خۆیەوە بینی. زانا بیرکاریەکانی سەدەکانی ناوەڕاست ژمێرەو لێکدانەوەو ئەندازەی یۆنانیەکانو ڕۆمانیەکانیان بە میراتگرت. هەروەها لە مسوڵمانەکان جەبرو ژمارە عەرەبیەکان فێربوون. پاشان ئەوانەیان کردە بناغەو زۆری تریان خستەسەر. مەبەستی بیرکاریزانەکان ڕوونکردنەوەی تیۆرەکەی کۆپەرنیکۆس بوو، لەڕووی چەندیەتی ڕاستو هەڵەی. هەروەها چاکسازیکردن لەڕۆژمێرودووری ڕۆیشتنی گوللەتۆپ لەتۆپخانەوە. جگەلەمە دروستکردنی قەڵای جەنگی پتەو بەکەمترین تێچونو ئاسانکردنی کاری ژمێریاری ئەوکەسانەی کاری بانكو بازرگانیو سەرمایەیان دەکرد. لەسەدەی شازدەشدا توانیان ئەم ئامانجانە بەدی بهێنن. بەڕاستی بیرکاریزانەکان هەوڵو کۆششێکی زۆریان داو سەرکەوتنێکی سەرسوڕهێنەریان بەدەستهێنا لەهەریەکە لەم ئامانجانەی گەرەکیان بوو.

دوو زانای ئیتاڵی بەناوبانگ لەکێبڕکێدابوون بۆ شیکارکردنی هاوکێشەی سێجاکان. ئەم دوو زانایەش بریتی بوون لە "تارتا گلیا"1506-1559و "کاردان"1501-1576. تارتاگیلیا چەند بابەتێکی زانستی لە بارەی تۆپو بورجو قەڵاوە نوسیو پاشان پێشکەشی "هنری هەشتەم"ی پاشای ئینگلترای کرد. "کاردان"یش پزیشکێکی بە برشتو زیرەك بوو، پاپاو پاشاکان هاوکاریان دەکرد، بەتایبەت پادشای دانیمارك. لە هۆڵنداش "ستیڤینس"1548-1620. ستینڤینس بڕەوی بەکەرتی دەیی داو

زۆرشتی لە بواری سەبازیدا داهێنا. ئامرازەکانی نوسینەوەی ژمێرەو دەفتەرداری لەهۆڵەندا جێبەجێ کرا، پاشان حکومەتی فەرەنسی خستیە کارەوە. لەهەمان کاتدا زانایانی بیرکاری هەوڵێکی زۆریانداو توانیان هێمای ژمارەو لێکدانەوە بخەنە ناو بیرکاریەوە وەك {×، \، =، ()، +،−،>} . هەروەك توانیان جەدوەلی سێگۆشەو لێکدانەوە کەرتیەکان دابنێن. زانایبیرکاریزانی سکۆتلەندی "جۆن نپیر"1550–1617، بۆ یەکەم جار لەساڵی 1614 "لۆگاریتم" ی داهێنا وتوانی هێمای فاریزە بۆ یەکەم جار لە کەرتی دەییدا بخاتەکار.

میکانیك و فیزیا:-

فیزیاو میکانیك بەهەمانشێوەی ئەوانیتر لەسەدەی شازدە پێشکەوتنی گەورەیان بەخۆوەبینی. (پرتا)ی ئیتالی1540–1615، فانۆسی سیحری داهێنا، هەروەها "جانس" لەساڵی 1590، توانی میکۆسکۆبێکی ڕێك و تەواو دروستبکات.

تەلیسکۆب لە هەریەکە لەئینگلتراو ئیتالیاو هۆڵندا دا پەیدا بوو.گوتراوە: کە "لیوناردۆ دیگس" لە ئینگلترا تەلیسکۆبی داهێناوە. هەروەها "ولیم گیلبرت"ی ئینگلیزی 1540–1603 توانی تاقیکردنەوە لەسەر تەنەموگناتیسەکان بکات و وشەی ئەلیکتریك"کارەبا"ی بۆ یەکەم جار بەکارهێنا. لەگەڵ هەموو ئەمانەی کە باسمان کرد، بەلاَم گالیلۆی ئیتالی بەناوبانگترین و مەزنترین زانای فیزیایی سەدەیشازدە بوو. ئەم زاناو پیتۆڵە چەندین داهێنانی کردو خستیە خزمەتی مرۆڤ. ئەوەندە بەسە ئاماژە

بەهەندیْ لە داهێنان و دەستەکەوتەکانی بکەین. لەوانە: گالیلۆ توانی گەرمی پێوو تەرازووی شلەمەنی دابهێنیْ، هەروەها پەرەپێدانی تەلیسکۆب و چاککردنی و دروستکردنی سعاتی فەلەکی لە دەستکەوتەکانی ئەوبوون، ئەمەو جگە لەلێکۆڵینەوە کردن لەدیاردەکانی جوڵەو دەنگ. جگە لەهەموو ئەمانە گالیلۆ ئەوەی ڕوونکردەوە کەدەنگ لەوشەپۆلانەی لەهەوادا تێدەپەڕن. لەبارەی "ئاواز"یشەوە ووتی: ئاواز لەئەنجامی جیاوازی لەدرێژی شەپۆلە یەککگرتووەکان پەیدادەبیْ. تیۆرەکەی ئەرستۆشی هەڵوەشاندەوە، کە دەڵیْ:"تەنەکان دەکەونە خواریْ بەخێراییەك، کە هاوڕێکە لەگەڵ قورسیەکەیان". لەکتێبە بەناوبانگەکەی بەناوی "بابەتەبیرکاریەکان" ڕوونکردنەوەی دا لەسەر دوو زانستی تازە. گالیلۆ توانی بناغەی میکانیك و دینامیك"جوڵە" دابڕێژیْ.

کانزاکاری(تعدین):-

سەرمایەداری نویْ، گرنگی گەورەیدا بە کانزاکاری و بەکارهێنانی کارگە لە بوارێکی بەرفراواندا. دواتر ئەمە سەری کێشا بۆ سەرهەڵدانی کانزاکاری. ئەگریکۆلای ئەڵمانی(1490–1555) یەکەم کەسیْ بوو خۆی سەرقاڵ کرد بەم زانستە. "ئەگریکۆلا" لەسەرەتای ژیانیدا دەستیکرد بە بەدواداچوون لەبارەی زانیاری تازەو لێکۆڵینەوە کردن لەیۆنانی و زانستی وشەسازی. دواتر بۆی دەرکەوت کەتەنها زانست ئارەزوی تێردەکات، نەوەك کلاسیك. ئەم هەستکردنە وای کرد لێکۆڵینەوە بکات لەبارەی "پزیشکی و فیزیا و کیمیا" لەئیتاڵیا. پاش ئەمە "ئەگریکۆلا" دەستیکرد بەکارکردن لەژینگەی دەوری

کارگەکانی پاڤاریاو بۆهیمیا، لەهەمان کاتیشدا چارەسەری نەخۆشی دەکردو بایەخی دەدا بەلێکۆڵینەوە وپشکنین لە زانستی کانزا. ئەگریکۆلا هەستا بەنوسینی کتێبێکی بەناوبانگ بەناونیشانی "دوازدە بەرگ لەبارەی کانزا" و تیایدا بۆ یەکەمجار باسی بەرهەمهێنانی ماددەی کانزایی کردبوو، ئەم بەرهەمهێنانەش بە گۆڕینی ئاسنی خاو بۆ پلێتی ئاسن ئەنجام دەدرا، ئەمەش بە تێکەڵکردنی لەگەڵ ماددەیەکی تواوەدا لە فڕنیەکی وەرگێڕدراو بە ماددەی ئۆکسێنراو. ئەم ڕێگەیەش ناسراوە بەڕێگەی فڕنی وەرگێڕدراوە.

پزیشکی:-

لەسەدەی شازدەدا پزیشکی پێشکەوتنی گەورەی بەخۆیەوە نەبینی، بەهۆی ئەوەی پێشکەوتن لەم بوارەدا لەسەدەکانی ناوەڕاست دابوو، وە بەهۆی ئەوەش کە پزیشکەکانی سەردەمی ڕێنیسانس گرنگیان دەدا بەکلاسیكو میکانیزەمەکانی کلاسیکی کۆن. ئەوان میکانیزمەکانی "ئەبی قراگ" و "جالینیۆس"یان خستبوویە کار لەبواری پزیشکیدا. "ئەستاشیو، فالوپیو"ی ئیتالی زۆری تریان خستەسەر زانستی توێکاریو کارئەندامزانی نوێ. هەروەها "میخائیل ڤیتس" باسی سوڕی خوێنی سیپەلاکی کرد. "فراسکاتور"ی ئیتالیش باسی نەخۆشیەکانی کردو ڕای وابوو: کە نەخۆشی بەهۆی تەنە بچوکەکانەوە پەیدادەبن، ئەم تەنانەش توانای زاوزێو بڵاوبونەوەیان هەیە. بەڵام بەهۆی نەبوونی مایکرۆسکۆبەوە فراسکاتور نەیتوانی ئەم تێڕوانینە بچەسپێنێ. هەروەها "سانتوریو"ی ئیتالی بە

بەکارهێنانی گەرمی پێوی گالیلۆ توانی پلەی گەرمی لەشی مرۆڤ دەربخاتو ئامێرێکیشی دۆزیەوە بۆ پێوانەکردنی تێکڕای خێرایی لێدانی دڵ.

لەئەڵمانیاش هەندێ پزیشك سەریانهەڵداو نەیاری باوەڕکردن بوون بە کایەی پزیشکی یۆنانیو هێرشیان دەکردە سەر کلاسیك. بەناوبانگترینی ئەوانەش "سیوفراتس هونهایم"بوو، کە ناسراو بە پاراسیلس 1493-151. ئەم ڕەخنەی دەگرت لەجالینیۆسو ڕوونی کردەوە کە پزیشکی بریتییە لەزانستێك جەخت لەسەر ئەزموونو تەجروبەی زانستی دەکاتەوەو ئەمەش پەیوەندی نێوان کیمیاو پزیشکیە. هەروەها جەختی لەوە کردەوە کەکاری نوژداری تایبەتمەندییەکی کیمیاییە. باوەڕیشی وابوو کانزاو ئاوی کانزایی دڵی کایەی پزیشکییە. "ئەندرفیزالیس"ی هۆڵندی 1514-1564، یەکێکیتربوو لەوانەی نەیاری باوەڕکردن بوو بەپزیشکیەتی "ابی قراگ،جالینیۆس".

"فیزالیس" پزیشکی لەزانکۆی لوڤێنو پاریسو پادوا خوێندو لێکۆڵینەوەی لەم بوارەدا دەکرد، دواتر بوویە مامۆستای زانکۆی پادوا. ئەم پزیشکە سەرەتا کاریگەر بوو بە جالینیۆس، بەلاّم چەندەها هەڵەی لەکتێبەکانی جالینیۆس گرت. فیزالیس باوەڕی وابوو کە لاشەی مرۆڤ پێوەرێکی ڕاستە بۆ لێکۆڵینەوە لەزانستی توێکاری، نەوەك کتێبە کۆنەکان. بەلاّم لەگەڵ ئەوەشدا بڕیاریدا پشتببەستێ بە ئەزمونی تایبەتیو وردبونەوەکانی خۆی. ئەندرڤیزالیس نەیتوانی لەسەر لاشەی مرۆڤ توێکاری بکاتو بەتەواوی تاقیکردنەوەکانی لەسەر ئەنجام بدات، بۆیە پەنای بردە بەر لاشەی سەگو لەزۆر بوارە مەترسیدارەکان توێکاری لەسەر ئەنجام دەدا.

ئەم زانایە کتێبێکی نوسی لەبارەی توێکاریو لەساڵی 1543 چاپی کرد. فیزالیس لەم کتیبەدا باسی موو دەمارەکانی خوێنو شادەمارەکانی خوێنهێنانو کۆئەندامی هەرسو هەناسەدان وسیپەلاكو مێشكو دەماخی کردبوو. فیزالیس پزیشکێکی مەزن بوو، بەهۆی لێهاتویی لەبواری پزیشکیدا، بووبەپزیشکی تایبەتی لەدەرباری "چارلسی پێنجەم" تا ئەوەبوو لەساڵی 1504 لەڕێگەی "بیت لموقدس" گیانی لەدەستدا.

ولیم هارڤی1578-1657:-

لەکۆتایی سەدەی شازدە، "ولیم هارڤی" ئینگلیزی سەریهەڵدا، زانستی پزیشکی بەهۆی دۆزینەوە مەزنەکانی پێشکەوتنو گەشەسەندنی بەخۆیەوەبینی. هارڤی لەزانکۆکانی "کمبرج-پادوا" دەیخوێندو لەساڵی 1602پلەی دکتۆرای لەبواری پزیشکیدابەدەستهێنا. کاتێکیش گەڕایەوە بۆ وڵاتەکەی، بوو بە مامۆستای پزیشکی لە لەندەن ولەوێدا پزیشکان سەردانیان دەکرد. هارڤی شەیدای لێکۆڵینەوەکردن بوو لەسەر دڵو خوێن، تا ئەوەی توانی پرۆسەی سوڕی خوێن بدۆزیتەوە، کە لەدڵەوە دەردەچێ بۆ شادەمارەکانو لەشادەمارەکانەوە بۆ خوێنبەرەکانو لەوێشەوە بۆ دڵ دەچێتەوە. پێشترجالینیۆس بە شێوەیەکی سادە سوڕی خوێنی ڕوون کردبۆەوە، بەڵام هارڤی ئەمەی دۆزیەوە کە خوێن دوبارە دەگەڕێتەوە بۆ ناو دڵ. هەروەها لە هۆڵندا پزیشکێ بەناوی"ڤان هیلمۆنت" لەساڵی 1577-1644، ناوبانگی دەرکرد. "هیلمۆنت" هەستا بەلێکۆڵینەوەکردن لەکیمیاداو گوتی: "گازەکانی ناو کەش جیاوازن لە هەوا"و یەکەم کەس بوو

بۆ یەکەم جار ناوی "گاز" دابهێنیێ. پاشان گازی دووانە ئۆکسیدی کاربۆنی دۆزیەوەو بۆی دەرکەوت کەمادده لەناوناچێت.

ڕووەك ناسی وگیانەوەرناسی "حیوان":-

لەسەدەی شازدەدا ژمارەیەك پزیشك، لێکۆڵینەوەیان دەکرد لەسەر زانستی توێکاریو بەراوردکاری وتونیان بناغەی زانستی "گیانەوەرناسیو ڕووەکناسی" دابڕێژن. "ئەندری سزالیپینۆ" پزیشکی پاپا "کلیمنتی هەشتەم"و مامۆستا لە زانکۆی پیزا، لێکۆڵینەوەیەکی سەبارەت بە ڕووەكو ڕووەك ناسی نوسی. هەروەها پزیشکی فەرەنسی "بیربیلون" کاری پشکنینو تاقیکردنەوەی لەسەر سەدان جۆر لە باڵندەو ماسی ئەنجامدا. وەلێ مەزنترین زانا لەم کایەدا لەسەدەی شازدەدا، "کونراد فون جیسنر"1516-1565، بوو. جیسنر پلەی دکتۆرای لەبواری پزیشکی لەیەکێ لەزانکۆکانی فەرەنسا پێ بەخشرا. ئەم زانایە مەزنە ژیانی خۆی لەسویسڕا بردەسەرو مومارەسەی لەسەر پیشەکەی دەکرد، لەهەمانکاتیشدا لێکۆڵینەوەی دەکرد لەبواری ڕووەكو گیانەوەرو سەرقاڵی پۆلێن کردنیان بوو ئەمەو جگە لە لێکچەردانیلە بواری فیزیادا. جیسنر توانی نەخشەیەك لەسەر ڕووەكو شینایی دابنێ، هەروەك کتابێکی چوار بەرگی نوسی لەبارەی مێژووی گیانەوەران.

زانستە کۆمەڵاتیەکان:-

شێوازی زانستی لەمێژوودا بە کۆکردنەوەی بەڵگەنامەو دەستنوسە مێژووییەکانو ڕخنە لێگرتنیان دەستی پێکرد. ئەمەش سەرەتای پێشکەوتنی زانستە کۆمەلأیەتیەکان بوو، بەتایبەتی کایەی مێژوو. بووژانەوەی شارستانی کلاسیك کاریگەری گەورەی هەبوو لەسەرئەم بوارە. زانستی سیاسیش بە نوسینەکانی "میکافیللیوجانبودان" دەستی پێکرد. هەروەها "کۆنرادڤۆن جیسنر" بنەمای زانستی وشەسازی دارشت. بەهەمانشێوە لێکۆڵینەوە لەبواری ئابووری لەسەر بنچینەیەکی زانستی جێبەجێ کرا. ئەمەش بەهۆی ئارەزووی خەڵکی لەفێربونی تیۆرەکانی دەرامەتو دەستهاتە نەتەوەییەکان، لە کۆتایی سەدەی شازدە.

جوگرافی:

بەڕاستی جوگرافیا لەسەدەی شازدە هەنگاوی گەورەی بەرەو پێشەوەبرد، ئەمەش بەهۆی دۆزینەوە جوگرافیەکانو، بازرگانیە بەرفراوانەکان. دیارترین جوگرافیناسی ئەم سەردەمە "گرادفۆن کریمر"ی هۆڵندی بوو،کە ناسراوە بە "میرکتر". میرکتر لەزانکۆی لۆڤین لەهۆڵندا خوێندویەتیو،هەر لەوێدا تاقیکردنەوەیەکی جوگرافی سازکردو چەند نەخشەیەکی ئامادە کرد بۆ "چارلسی پێنجەم"، بۆ ئەنجامدانی هەڵمەتە سەربازیەکانی. بەمەش هاوکاری چارلسو میرەکانی ئەڵمانیای بۆخۆی دەستەبەرکرد. گەورەترین بەرهەمە جوگرافیەکەی ڕزگارکردنی ئەورووپیەکان بوو، لەکۆتو بەندی جوگرافی ناسە یۆنانیەکان، ئەمەش بە دروستکردنی

ئامێری نوێو نەخشەو وێنەی ڕوونو نوێ، کە بەجوانترین نەخشە دادەنرێن. لەهەموو ئەمانەگرنگتر، دۆزینەوەی ڕێگەیەکی تازەبوو بۆ کێشانی نەخشە، کە ناسراوبوو بە "میرکتر پورو جیکسن". بەم ڕێگەیە توانی کاری نەخشە بۆ تەواوی زەوی ئەنجام بدات، یاخود نەخشەی بەشێکی زەوی بە درێژکردنەوەی هێڵە تەریبەکانو هێڵە پانیەکان لەسەر پەڕەی لاکێشەیی بنەخشێنێ.

فەلسەفەی نوێ :ـ

فەلسەفەی نوێ لەنێو هەژانە فیکریەکانو شۆڕشە ئاینیەکانی ئەوروپا دەرکەوت. فەیلەسوفەکان زانستی تازەیان داناو چاویان بڕیە شیکردنەوەیان. یەکەم فەیلەسوفی نوێ "جۆریدانوبرۆنۆ" 1548-1600) بوو لەئیتالیا. برۆنۆ قەشەیەکی دۆمنیکانیبوو، بەڵام کەوتە ژێرکاریگەری هەموو کایە تازەکانو شۆڕش وجوڵانەوە نوێیەکان. برۆنۆ پشتگیری کۆپەرنیکۆسی کرد لەبورای ئەستێرە ناسیدا وتەوڕاتی بە خورافە لەقەڵەمدا، هەروەك خورافەی یۆنانیە کۆنەکان،و معجیزە (دەرئاسا)ی بە فێڵی سیحری ناوزەد کرد. بەڵام فەلسەفەی بەیەکیەتی بوونو پەرستراوی گەردوون دادەنا. لەبەرئەمە بە چاوێکی پیرۆز سەیری سروشتی دەکرد، چونکە بەلایەوە گوزارشت بوو لەپەرستراویەتی. برۆنۆ پێی وابوو بونەوەر چەند یاسایەکی نەگۆڕو چەسپاو بەسەریدا باڵا دەستە. لەڕاستیدا فەلسەفەی برۆنۆ تێکەڵاو بوو لەزانستی نوێو ئاینی تازە، کە زۆر بەزەحمەت لەلایەن هاوچەرخانی قبوڵدەکرا. برۆنۆ لە ڕۆمادا ژیانێکی ڕەبەنیو گۆشەگیری هەبوو. پاش ئەمەپەنای بردە بەر وڵاتە

بیانیەکانو ماوەیەك لەژێر سایەی پاشای فەرەنسی مایەوە. لەم ماوەیەدا لەزانکۆی تۆلۆز لێکۆڵینەوەی لەگەردوون دەکردو لیکچەری لەزانکۆی پاریس دەگوتەوە، دوو سالیش وەك بالۆێزی فەرنسا لە لەندەن ماوەتەوە. بەلام لەهیچ شوێنێك ئۆقرەی نەدەگرتو دانەدەگیرسا،بەلکو پاش ماوەیەك دەڕۆیشت. ئەوەبوو لەندەنیشی جێهێشتو کۆچی کرد بۆ سویسرا. لەسویسراش کالڤنیەکان دەریانکرد، ونەشیتوانی هاوکاری لۆسەریەکانی ئەلمانیا دەستەبەر بکات. بەمەش ناچار بوو بگەڕێتەوە ئیتالیا. کاتێ گەیشتەوە ئیتالیا، دەستبەسەر کراو حەوت سالێ لەزیندان توند کرا، پاشان لە نێو بلێسەی ئاگردا لاشەکەی کرا بە سوتماك.

فرانسیس بیکۆن: 1561-1626:-

"فرانسیس بیکۆن" زانایەکی ئینگلیزی بوو، لەزانکۆی کمبرج خوێندنی تەواو کردو بووبەپارێزەر. پاشان بوو بەڕاوێژکاری شاجیمسی یەکەم. کاتێك خوێندکاری زانکۆ بوو، ئارەزووی زانستە سروشتیەکانی تیادا چەکەرەی کرد.

بیکۆن فەلسەفەی ئەرستۆی بەکەم دەگرتو گاڵتەی پێدەهاتو بڕوای وابوو تەنها لە ڕێگەی وتووێژو گفتوگۆوە دەتوانرێ چاکبکرێ. بڕوای وابوو هەر هۆیەك ببێتە هۆی پێشخستنی زانستە سروشتیەکانومعریفەتی حەقیقی، پێویستە بەدەست بهێنرێو کەلکی لێ وەربگیرێ. هەولو کۆششێکی زۆریدا بۆ بەدەستهێنانی ماددەو ناوبانگو پلەوپایە.

بیکۆن هەستا بەنوسینی سێ کتێب لەژێرناوی "گوتارەکان و، پێشکەوتنی زانستو، نیوئەنتلاس". لە نیوئەنتلاسدا باس لەکۆمارێکی

خـەیاڵی دەکـا، کـە حکومـەت فەلـسەفەی نـوێ پیـادە دەکـات. هـەروەك دەڵێ: "پێویستە فەلسەفەی نوی بکرێتە هەڵسەنگاندێکی تاقیکاری بەسـودو بەکەڵك، کەڕاوەستابێت لەسەر دۆزینەوە نوێیەکانی لەزانـستە سروشـتیەکان. ئەو زانستانەش ڕزگاربووبن لەوەردەکاری وتاقیکردنەوەی تاقیگـەو ئامـانجی ڕاستەقینەشـی کـاروکردەوە بـێ". هـەروەها دەڵـێ: "بەڕاسـتی زانـستەکان گـرنگترین شـتن بـۆ فەلـسەفە وپێکهێنانـەری ڕاسـتەقینەی داهـاتووە. وە بێگومان زانست، سنوری هێزو مەزنی مرۆڤ فراوان دەکات".

وەڵێ پێشکەوتنی زانست لەسەدەی شازدە بەم شـێوەیە نـەبوو کـەبڕۆنۆو بیکـۆن بـۆی چـووبن. ئـەمان نـەیانتوانی باڵادەسـتبن بەسـەر بیرکردنـەوەی خەڵکیو کردەوەکانیان. لەسـەدەی شـازدەدا خـەڵکیو تەنانـەت بیرمەنـدانو مرۆگەرانیش لاقرتێو تانەیان دەدا لەسەدەکانی ناوەڕاست وبەکەمو بێ بایەخ سەیریان دەکـرد.ئـەمان ئاگادارنـەبوون لەبـەردەوامی گەشـەکردنو ڕەخنـەی زانـستیو پێـشکەوتنی مەعریفـەتو زانـستی سـەدەکانی ناوەڕاسـت. دەبـێ ئەوەش لەبەرچاوبگرین کـە پیـشکەوتنو گەشـەکردنی زانـستی لەسـەدەکانی ناوەڕاسـتدا لەسـەرخۆو سـست بـوو، بـەڵام لەگـەڵ ئەوەشـدا مرۆگـەرانی سەردەمی ڕێنیسانس ئەم پێشکەوتنەیان نەبینیو بەخێرییئەم شێوە بڕیارە خراپەیان لەبەرامبەر سەدەکانی ناوەڕاستەوە داو دەیـانگوت: هەرشـتێ نـوێ بێ چاكو مەزنە[1] .

1 White. the origin of modern Europ (Newyork)! (1966)،pp.496-576.

پاشماوەی سیحرو خورافات:۔

زۆرێك لەو زانایانەی کەپێشتر ئاماژەمان پێدان، باوەڕیان بەکاری جادوگەریوخورافات هەبوو. هەریەکە لە"تیکۆبراهمیو کیپلەر" بۆ بەدەستهێنانی ماددەو سامان، گەردونناسیوبیرکاریان لە جادوگەریو ئەستێرەدا بەکاردێنا. باوەڕبوون بە بورجو ئەستێرە لەناو خەڵکیدا بەربڵاوبوو، زۆرینەی خەڵکی باوەڕیان پێی هەبوو.تەنانەت زۆرێك لەخەڵکی باوەڕیان وابوو کە دەتوانرێ ماددەی بێ بایەخو هەرزان بگۆڕدرێ بۆ زێڕ. هەروەها باوەڕیان وابوو کە بەردی بەنرخ، زاڵە بەسەر داهاتوی خەڵکیو ئەستێرەکانیش کاریگەریان هەیە بەسەر داهاتوی مرۆڤ، بۆیە دەیانگووت: پێویستە لەسەر هەرکەسێ، پێش ئەنجامدانی هەر کارێك ڕاوێژ بە ئەستێرەناسێ بکات. هەریەکە لەچارلسی پێنجەمو فرانسوای یەکەم ئەستێرەناسی تایبەت بەخۆیان هەبوو، کە پشتیان پێدەبەستن بۆ دیاری کردنی کاتی بەختەوەری بۆ ئەنجامدانی گەشت، یان بۆ جەنگو ئاشتیو ڕێککەوتنو پەیمان بەستن.

جادوگەری لەنیوەی دووەمی سەدەی شازدە تاوەکو نیوەی یەکەمی سەدەی حەڤدەم، بەردەوام لەناوخەڵکی بڵاو دەبویەوە. بەشێوەیەك لەپێش ئەو کاتە هیچ کات وێنەی نەبووە. هەرچەندە کڵێسا لە جادوو دەگەڕانو دەیسوتاندن.

هەرچۆنێکبێت پێشکەوتنی زانستی کەمتر نەبوو لەپێشکەوتنی بوارەکانی تر لەلایەنی زانیاری ومەعریفەت.

بەشی سێیەم

پێشڤەچونی ئابوری و دۆزینەوە جوگرافیەکان

کۆمەڵگای ئەوروپی لە دەوروبەری ساڵی (1500) ز:ـ

لەپێش ساڵی 1500 زۆرینەی ئەورووپیەکان بە کشتوکاڵەوە خەریك بوون‌ولەلادێکان نیشتەجێ بوون. بەهۆی بارودۆخی ناجێگیرو نەبونی ئارامی‌و ئاسایش لەلایەك، لەلایەکی تریشەوە بەهۆی پچڕنی ڕێگە بازرگانیەکان، ئەو شارانەی کە لەناو ئیمپراتۆریەتی ڕۆمانی پیرۆزدا هەبوون، لەپێش سەدەی یازدەوە بەرەو نەمان‌و چۆڵ بوون ڕۆیشتن، جگە لەهەندێ لە شارە ئیتاڵیەکان‌و ئەو شارانەشی کە کەوتبوونە سەر شوێنگەو پێگە گرنگەکان. کە ئەمانە توانیان بەردەوامی بدەن بەخۆیان‌و بمێننەوە.

کۆمەڵگەی دێهاتی هیچ کات هانی نیشتەجێ بوونی نەدەدا لە شارەکاندا، ئەمەش بەهۆی پیادە کرانی دەسەڵاتی لامەرکەزی لە گشت شوێن و ناوچەکاندا. ناوەندی فەرمانڕەوایی خۆی دەبینیەوە لە قەڵای میرو دەرەبەگەکان کە لەناوچەکانی ئەورووپادا بەپەرت وبڵاوی فەرمانڕەوایان دەکرد. بازرگانی ناوەخۆش یا نەبوو، یائەوەتا بەهۆی تێچونی زۆرو نەبوونی هیچ پاڵنەرێك بۆی، بە شێوەیەکی خاوو سست دەڕۆی بەڕێوە. سەرەڕای ئەونەی باسمان کرد، نەبوونی نرخ وبایەخ‌و کار لەسەر مەوادی خواردن، ئەوەندەی تر بارەکەی خراپتر کرد بوو. جا بۆ بەردەوامی دان بە کۆمەڵگەیەکی فراوان، شار نرخ‌و کاری خۆبەخۆ بەکاردەهێنا.

لەو کاتەوەی سەرەتاکانی سەدەی یازدە وەکو خۆر پڕشنگی دا،ئەورووپیەکان لەدێهاتەوە بۆ شارەکان دەستیانکرد بە کۆچکردنو بارودۆخیان بەهۆیەوە گۆڕا. بەم کۆچ کردنە شارەکان فراوان بون‌و

خەڵکەکەی زیادی کردو چەندین شاری تر لەسەر پێگەی گرنگ بنیات نران. وەك: باکوری ئیتاڵیا وزەویەنزمەکانو حەوزی ڕوباری ڕوونو ڕاینو کەنارەکانی خۆرهەلاتی ئیسپانیا. کە ئەمانە یاردەدەر بوون بۆ بازرگانی کردن لەگەڵ شوێنە دوورەکان.

ژمارەی دانیشتوانی شارەکان بەردەوام زیادی دەکردو نرخەکان بەرزدەبوونەوەو بەهای زەوی بەرەو بەرزبوونەوە هەنگاوی دەنا. بەلام لەگەڵ هاتنی سەدەی چواردە بەهۆی برسیەتیو نەخۆشی لەناوبەری وەك نەخۆشی تاعون، ژمارەی خەڵکی دای لە کەمی.

لەماوەی چارەکی یەکەمی سەدەی ناوبراو بەهۆی خراپهێنان لەدەسکەوتی کشتوکاڵ، واتا:"نەهاتی" برسیەتی لەزۆرێك لەناوچەکانی ئەوروپادا بلاوبۆوە. لەم لاشەوە لە نیوەی یەکەمی سەدەی چواردە(1348-1350) نەخۆشی تاعون بلاو بۆوەو خەڵکێکی زۆری دروێنە کرد. نەخۆشی لە ناوبەری وەك: مەلاریاو سفلس-یش تا کۆتای سەدەی پازدەش ناوە ناوە بەرەو ڕووی خەڵکی دەهات .

ئابوری دێهات:-

وەك پێشتر ئامەژەمان پێدا، زۆرینەی ئەوروپیەکان لەپێش سەدەی شازدە لەلادێکان دەژیانو بە کشتوکاڵەوە سەرقاڵ بوون. واتا: لەهەمان ئەو بارودۆخە دابوون کەپێش سەدەی چواردە تێیدا بوون. وەلێ لەگەڵ ئەوەشدا هیچ گۆڕانێك لەکرۆکی ژیانی لادێ ڕووی نەدا. لە زۆربەی ناوچەکانی ئەوروپا دەرەبەگایەتی بنەمای ئابوری بوو. میر یاخود خان سودی ئابوری

هەرێمەکەی خۆی دەدووریەوە. "کۆیلەی زەوی" بە زەویی دۆڵەمەندو خانەدانەکان پەیوەست بوو. جوتیاران "کۆیلەی زەوی" سەرەڕای ئەوەی کە لە کێڵگەی خانەدانەکان کاریان دەکرد، لەهەمان کاتیشدا لەژێر نیری بێ گاریو ئەنجام دانی هەندێ ئەرك‌وپێدانی هەندێ باج دابوون بۆ خانەدانەکان. ناوچە بێ بەرهەمو کەم بەروبومەکانیش نەدەبوونە هۆی خڕبوونەوەی خەڵك لەسەریان.وەك ناوچەکانی سکۆتلەنداو ئەپینایین وصقلّیە.

لە سەدەی یازدەوە شارستانی بوونو سەقامگیری لەشارەکانو کۆچکردن لەلادێکانەوە بۆ شارەکان بەرەبەرە زیادی کردو ئەمان لەئابوری دێهاتدا هاوبەشیان دەکرد. لەم نێوانە چەند هۆکارێك بوونە هۆی ئەوەی شارەکان هاوبەشی ئابوری لادێ بکەن، بەتایبەت شارەکانی باکورو ناوەڕاستی ئیتاڵیاو ئینگلتراو زەویەنزمەکان "هولندا ، بلجیکا". ئەم هۆیانەش بریتی بوون لە:-

1- بەکارهێنانی ئەو سامانەی کە لەشارەکاندا کۆبووبۆوە. ئەم سامانەش لەم زەویانەدا خۆی دەبینیەوە کە کێشمەکێشمی فرۆشتنو بەکرێدانی درێژخایەنی لەسەربوو. جا ئەم زەویانە سەرچاوەیەك بوون بۆ هێمنیو سەقامگیریو شکۆمەندیو بە دەستهێنانی سودو قازانج بۆپاشا. بۆیە هەوڵی دەستخستنی دەدرا. .

2- کۆچکردنی بەردەوامی خەڵکی لەلادێیەوە بۆ شار، ژمارەی خەلکی لادێیەکانی کەمکردەوە. ئەم کۆچکردنە کێشەی "زۆری خواستی"ی درووست کرد، چونکە ئەم کۆچکردووانە هەموویان بوونە بەکاربەر، لەکاتێکدا پێشتر بەرهەمهێن بوون. ئەمەش زیادکردنی بەرهەمی لادێی پێویست کرد بە تایبەت

دانەوێڵە. جا بە مەبەستی ڕووبەڕووبونەوەی زۆری خواست، پێویست بوو لەسەر خەڵکی لادێ بەرهەمەکانیان دوو قات زیاد بکەن.

3ـ شارەکان بوون بە هێزێك کە توانیان دەسەڵات بەسەر لادێکاندا بنوێنن و بەرهەمی کشتوکاڵ دابەشبکەن لەناوەندی بەکاربەرە نوێیەکاندا. کەلوپەلی بەکاربەری وەك: "مەوادی خواردن" بەمەبەستی فرۆشتن دەگوازرایەوە بۆ بازاڕەکانی شار. سکاڵای لادێکان لەدەست زاڵ بوونی شار بەسەریاندا زیادی کرد. بەتایبەت لەشارەکانی ئیتاڵیادا.

بەمەبەستی دورخستنەوەی چینی قورغکار، شارەوانی شارەکان خۆی باڵادەستکردو چەند مەرج و شەرتێکی دانا لەسەر جوتیاران لە هەمبەر فرۆشتنی دەستکەوت و دیاری کردنی شوێنی فرۆشتن. چونکە قورغکارەکان بەرهەمی خەڵکی دێهاتەکانیان یاخود هی بازاڕی شاریان دەکڕی وپاشان بۆئەوەی نرخی بەرزبێتەوە لە عەمبارەکانیان عەمباریان دەکرد، ئەمەش بارودۆخی شاری بەرەو نالەباری بردبوو.

لە سەدەی چواردەدا گۆڕانکاری گەورە ڕویدا لە کشتوکاڵ و بە موڵك کردنی زەوی. برسیەتی و تاعون ونەخۆشی...هتد لە نیوەی یەکەمی سەدەی چواردە تەشەنەی سەندو بووە هۆی کەم بوونەوەیەکی گەورە و مەترسیدار لە ژمارەی دانیشتوان، بەتایبەت لەناوچەی لادێ نشینەکانی ئەوروپای خۆرئاوا باکورو باشور. هەربۆیە لەسەریان پێوست بوو هەستن بە هەڵوێست وەرگرتنێکی چارەساز، بەتایبەت لەو ناوچانەی کە دانیشتوانیان سودمەند دەبوون لە دانەوێڵە و ماددەی خاوی ئەو شوێنانەی تیایدا نیشتەجێ بوون.

کاتێکیش برسیەتی‌و تاعون دەستی کاری لەباربرد، کارکەران وجوتیاران کەم بونــەوە، بەتایبــەت لــە ناوچــە لادێنــشینەکاندا. کۆچــکردنی بــەردەوام لــەم ناوچــەنەوە بــۆ شــارەکان، بووبــە هــۆی زیــاد کردنــی ژمــارەی کرێکــاران لــە شارەکانداو نزم بونەوەی نرخی زەویەکان. زۆر لەزەویــەکان نــرخ‌و بایــەخیان کەم ببۆوە، مەگەر زەویەکی بە پیت وبەبرشت، کە هەر ئەمــەش وای کردبــوو بۆ کشتوکاڵ بە کاریان بێنن.

لەم کاتەدا "یــەك بەرهــەمی کــشتوکاڵی" لەبازارەکانــدا بــەرمێن کــەوتبوو، بەپێــچەوانەی جــاران کــە جۆراوجۆریــەتی هــەبوو لــە کــشتوکاڵدا، وەك بەرهەمهێنانی گەنم‌و جۆ وپەقلیات(فاسۆلیا،لۆبیا،پاقلە). جــا ئــەم بەرهەمانــە بەگوێرەی پێویستی خەڵکی بوو بۆیان. لەم لاوە ڕووبەری فراوان دابین کرا بۆ ئاژەڵداری وبەخێوکردنیان، وەك: "پەز،ڕەشەولاخ" کە بەرهەمیان بریتی بــوو لە خوری وگۆشت وپێست کە لەم کاتــەدا بــەرمێن کــەوتبوو. کــەم بوونــەوەی جوتیاران لەلایەك، داچاندنی کشتوکاڵ لــە زەویــە بەپیتەکانــداو تایبــەتکردنی بەم زەویانە، نرخی کرێی بەرزکردەوە.

لەئەنجامی بەرمێن کــەوتنی خــوری، پرۆســەی پــەرژین کــردن لــە ئینــگلترا ســەریهەڵدا.ئــەم پرۆســەیە خــۆی دەبینیــەوە لــە پــەرژین کردنــی زەویــەکان‌و کردنــی بــە جێگــای بــەخێو کردنــی ئــاژەڵ. لــە کاتێکدا پێــشتر ئــەم زەویانــە جوتیاران کشتوکاڵیان تیادا دەکرد. ئیدی ئەم پرۆسەیە وای کرد ناوچــەیەکی بەر فروان لە کێڵگەوە بگۆڕدرێت بــۆ لەوەڕگــە. بازرگــانی خــوری کــە خــاوەن زەویەکان دەستیان پێکردبوو، ببوو بە سەرچاوەیەکی تری داهاتی دەوڵــەت.

هەرلەبەرئەوە حکومەت دەستی نەدەخستە ناو کاروبارەکانیان، چونکە دەیتوانی باج لەسەر قازانجیان دابنێت. وەنەبێ ئەمە تەنها لە بەریتانیا کورت هەلاتبێ‌و ولاتانی تر لێی بێبەش بوون. بەڵکو دەبینین ولاتێکی وەك ئیسپانیا بەهۆی نزیکی لەشارە ئیتالیەکان، بارودۆخێکی هاوشێوەی بەریتانیای هەبوو. بەشێوەیەك خوری ئیسپانیا منافەسەیەکی بەهێزی خوری بەریتانیای دەکرد.

کەمبوونەوەی دەستی کار، کرێی کارکردنی بەرزکردەوەو، لەسەربەدەست هێنانی دەستی کار منافەسەیەکی گەورەی دروستکرد لە نێوان خاوەن زەویەکان. هەموو ئەمانەش لەبەرژەوەندی جوتیاران دابوو. خاوەن زەویەکان شکستێکی گەورەیان خوارد لە بەکۆیلەکردنەوەی جوتیار بۆ ئەرزەکەی (پەیوەست کردنی جوتیار بەزەوی)و سەپاندنی ئەرکەکان بەسەریاندا. هەروەك چۆن لە پێشدا لەئارادابوو. خاوەن زەویەکان زیاتر بە کۆچکردنی خەڵکی لادێکان بۆ شار باریان کەوتبووە لێژی، چونکە خەڵکی شارەکان پێشوازیان لە کۆچی بەردەوامی دێهاتیەکان دەکردو لەپیشە جۆربەجۆرەکان دایاندەمەزراندن. جوتیارانیش توانیان بە پێدانی بڕێك پارە یان مالّ بە خانەدانان، خۆیان ڕزگاربکەن. ئەم دیاردەیەش لە سەدەی دوازدەوە دەستی پێکردو گۆرانی گەورەی بەسەرداهاتو لەسەدەی چواردە بەردەوامیدا بەخۆی تا سەدەی دواتر. لەدوای سالّی 1300، بە مەبەستی لەدەست نەچوونی جوتیاران خانەدانان هەندێ کرێ یان بۆ جوتیاران ڕەت کردەوەو دەستیانکرد بە کەمکردنەوەیئەرکەکان لەسەریان. لە ناوەڕاستی

سەدەی چواردەوە لە باکورو ناوەڕاستی ئیتاڵیا کۆیلایەتی زەوی کۆتایی پێهاتو ئینگلتڕاش لەدوای ئەو کۆتایی بەم دیاردەیە هێنا،و پاش ئەمیش باکوری فەڕەنساو بەشێکی گەورە لەئەڵمانیای باشورو خۆرئاوا کۆیلایەتی زەویان تیاداکۆتایی پیچهات. بەڵام جوتیارانی ئەڵمانیای خۆرهەلاّت (ناوچەی دەریای بەلتیق‌و پروسیا) هیچ سودێکیان لەم گۆڕانکاریانە نەدی. ئەمەش بەهۆی سەپاندنی هێزو بەکارهێنانی کوتەك بەرامبەریان‌و خستنەکاری جوتیاران لە کارەکانیان، بەمەبەستی دەستخستنی کاری هەرزان‌و قازانجی زۆر لە بازاڕەکانی خۆرئاوا.

بەگشتی بەهاتنی سەدەی پازدە جوتیارانی ئەوروپا ڕزگاریان بوو لە کۆیلەیی زەوی. وەلێ ئەوروپای خۆرهەلاّت لەم حاڵەتە بە دوور بوو.

هەر لە سەرەتاکانی سەدەی چواردە دیاردەی بەکرێ گرتنی زەوی پەیدابوو. خاوەن زەویەکان بۆئەوەی جوتیاران لەدەست نەدەن، هەستان بە ڕێککەوتن لەگەڵیان‌و لە دەستکەوتدا هاوبەشیان پێدەکردن. جوتیارو کەشاوەرزەکان لەبەرامبەر نیوەی بەرهەم یان سێ یەکی بەرهەم بۆچەند ساڵێك یاخود بۆ مانەوەیان لەسەر زەویەکە بە درێژایی ژیانیان، خۆیان بە زەویەکان خەریك دەکرد. (ئەمە بەپێی ڕێککەوتنەکە لەنێوان خاوەن زەوی‌و جوتیار، ماوەی مانەوەی جوتیار لەسەر زەویەکە دیاری دەکرا بەڕەزامەندی هەردوولا). لەسەدەی پازدە کاتێ نرخی بەرهەمی کشتوکاڵی بەرز بۆوە، جوتیاران زەویان لە خاوەن زەویەکان وەردەگرت‌و دایاندەچاند، لە بەرامبەردا بڕێ پارەی دیاریکراویان دەدا بە خاوەن زەویەکان. خراپی

ئەمەش لەوەدابوو ئەگەر بەروبومی جوتیار باشبایە یان خراپ (ساڵەکە هاتی بوایە یان نەهاتی) ئەوا جوتیار دەبوایە کرێی زەویەکە بدات. لەبەرئەوە زۆرجار جوتیار ناچار بوو پارە قەرز بکات بۆ دانەوەی بڕە پارەکە بە خاوەن زەویەکە.

لەگەڵ ئەوەی جوتیاران‌و کۆیلەی زەوییەکان ئازادییان بەدەستهێنابوو، بەڵام لە زۆرێك لە شوێنەکان بارودۆخیان ئەگەر خراپتر نەبووبێ لە پێشوتر باشتر نەبوو. ئەمەش بەهۆی نەمانی پارێزگاری خانەدانەکان‌و گەورە پیاوان لە سەریان. چونکە پێشتر پارێزگاریان لێدەکردن‌و بە نەمانی ئەم پارێزگارییە جوتیاران ئاوەلابوون لە بەردەم هێرشی چەتەکان‌و بەکرێ گیراوەکان.

هەرچۆنێك بێت بەهاتنی سەدەی شازدە لادێکانی ئەوروپا گۆڕانی گەورەیان بەسەرداهات. دیاردەی کۆیلەیی زەوی هەڵوەشایەوەو زەوی کشتوکاڵی دای لە زیادی‌و شێوازی کشتکاری گۆڕانی بەسەرداهات. ئەم گۆڕنەش خۆی دەبینیەوە لەوەی کە خاوەن زەوی بڕێ پارەی وەردەگرت لە جوتیار، لەبری ئەوەی زەویەکەی پێدابوو، یان خاوەن زەویەکان جوتیارانیان لەسەر زەویەکە دادەنا لە بەرامبەر هاوبەشی پێکرانی لە بەرهەمدا، یاخود کرێکارانیان بەکرێ دەگرت بە کرێیەکی ڕۆژانە.

پیشەسازی‌و بازرگانی:-

ئابووری لادێ هەر لە سەرەتاکانی سەدەی ناوەڕاست تا سەدەی یازدە لەسەر ئابووریەکی خۆبژێوی ڕاوەستا بوو. بازرگانیش کە ئەگەر بریتی بێت لە بازرگانی دەرەوە بۆ شوێنە دوورەدەستەکان ئەوا هەربوونی نەبوو، جگە

لە شارە کەنارییەکانی سەر دەریای ناوەڕاست کە بازرگانی دەرەوەی تیادا ئەنجام دەدرا. جوتیار لەژێرسیستەمی دەرەبەگی دابوون و لە ماڵەکانی خۆیاندا هەڵدەستان بە سازکردنی ئەو کەلوپەلانەی کە لەژیانی ڕۆژانەدا پێویستیان پێهەبوو. وەك:ـ ئامرازەکانی کشتوکاڵ و کەلوپەلی پێویستی ناوماڵ و پۆشاك و کانزاسازی...هتد. ئەمەش بۆ پڕکردنەوەی پێویستیەکانی خانەدانان لەو شتانەی کە پێویستیان پێهەبوو.

بە پەرەسەندن و گەشانەوەی شارەکان ئابووری لادێ گۆڕانی بەسەرداهات و ئابووری نوێ سەریهەڵدا، کە لەسەر بنەمای دابەشکردنی کار ڕاوەستا بوو. لێرەوە شارولادێکان بوون بە تەواوکەری یەکتری. کاری لادێ تەنها لەبەرهەمهێنانی خواردەمەنی و سازکردنی کەلوپەلی سەرەتایی خۆی دەبینیەوە. شارەکانیش بوون بە جێگەی پیشەسازی و کارەکان لەسەر بنەمای کاردابەشکردن ڕێکخران. واتا هەریەکە خەریکی ئەو کارە بوو کە تیایدا بەهرەمەند بوو. وەك:ـ قەساب، نانەوا، چەك ساز، ئاسنگەر ، کەوش ساز، بەرگ دروو. ئەمانە هەریەکەیان سەرقاڵی کاری خۆی بوو. ڕەوتی کارکردن و دابەشکردنی کار بەشێوەیەك چووە پێشەوە، کە پێویستی کرد یەك پیشەش دابەشکردنی تیا ئەنجام بدرێ. وەك ئەوەی پیشەسازی چنین دابەشبوو لەنێوان(پەرەچی، ڕستن، چنین). ئەم دیاردەیە بەشێوەیەك پەرەی سەند، کە لە شوێنێکی وەك فلۆرەنسا، تەنها لە سەدەی چواردە ژمارەی کرێکارانی گەیشتە سی هەزار کرێکار. ئەم ژمارە زۆرە کاریان دەکردو بەرهەمی ساڵانەیان دەگەیشتە 1200000 فلۆرین.

فلاندروز لە زەویەنزمەکانو ئیتاڵیا، ناوبانگیان لە خوریدا پەیداکرد.بەلاَم ئیتاڵیا لەم ڕووەوە بەناوبانگتربوو. ئیدی ئەم دوو ناوچەیە بوونە مەکۆی پیشەسازی خوریو خوریان لە ئیسپانیا(ارگۆن)و ئینگلترا هاوردە دەکرد.

سەندیکاکان:

سەرهەڵدانی بازرگانی پیشەسازی ودابەشکردنی کار،بووبەهۆی پەیدابوونی سەندیکای بازرگانیو پیشەیی. کاری ئەم سەندیکایانە خۆی دەبینیەوە لەهاوسەنگکردنی پیشە ئاڵۆزەکان وبیروباوەڕە کۆنەکانی سەدەکانی ناوەڕاست. بەو مانایەی"ئایە مرۆڤ چۆن کارە ئابوریەکانی بەڕێوەبەریَ؟.

سەندیکا بەمانای ئەوە نایەت کەهەموو بەرهەمێکی ئابوری دەگرێتە خۆی. بەڵکو زۆرێك لە بەڵێندەرەکان خۆیان دوور دەخستەوە لەسەندیکاکان، لەملاشەوە بەشێکیتریان بەهۆی گرێبەستەکانیان بەسەنیکاکانەوە بەسترابوونەوە. ئەوەی ماوەتەوە بڵێین: ئەوەیە کە توانای سەندیکاکانو ڕێکخستنیان لەشوێنێکەوە بۆ شوێنیکی ترو لەوڵاتێکەوە بۆ وڵاتێکی تر جیاوازبوو. بۆنمونە ڕێکخستنی سەندیکایی هۆڵندی جیاوازبوو لەڕێکخستنی سەندیکایی فلۆرەنسی یان میلانۆیی.

ئەرکی سەنیکاکان:

لەڕاستیدا چەندین ئەرکی کۆمەڵایەتیو ئاینی لەدامەزراوە کۆنەکانەوە بۆ سەندیکاکان بەجێما. سەندیکاکان بەسەرپەرشتی هەندێ قەشە دامەزران، بۆ مەبەستگەلی وەك گرنگیدان بە نەخۆشو پەککەوتەو بێ نەواو ئامادەبوون

لەپرسەو بردنی تەرمەکان، وە ئەو ئاهەنگانەش کە بەبۆنەی جەژنەکان بەڕێوە دەبران (یاخودجێبەجێ کردنی کاری بازرگانی لەکاتی گرێدرانی بازاڕدا). ئەم سەندیکایانە بەهرەمەند بوون بەدەسەلآتێکی بەر فراوانو چەندان ئەرکی جۆراوجۆری لەسەرشان بوو لەسەدەکانی ناوەڕاست. لەوانە ڕێکخستنی بازاڕە ناوخۆیەکانو دیاری کردنی کەلوپەکانو دانانی نرخ لەسەریان بەشێوەیەکی دادگەرانە. هەروەها کۆتکردنی ئەوانەی کە دەیانویست سود لە بازاڕە ناوخۆیەکان وەربگرن،بەبێ ئەوەی لەکارەکانی سەندیکا بەشداری بکەنو توشی ئەو ماندووبوونە بن کە ئەندامانی سەندیکا توشی دەبوون. سەندیکا ڕێگەی دەگرت لەناردنە دەرەوەی هەر کەلوپەلێك کە لە ناوخۆدا زیاد نەبوایە. واتا تا خەڵك پێویستی بووایە نەیدەهێشت بچێتە دەرەوە. سەندیکاکان باجیان دەخستە سەر ئەو کەلوپولانەی کە لەدەرەوە دەهاتنە ناوخۆ. بۆئەوەی کەلوپەلی دەرەوە نەتوانێ منافەسەی بەرهەمی ناوخۆ بکات. خەڵکی لەو بڕوایە دابوون کە سەندیکاکان ڕێگەیەکی شەریفانە پەیڕەو دەکەن لەمامەڵەکردنو چاودێریو ڕێگریەکانی ڕێگریەکانی لە غەش کردن ولەهەمبەر ئەو فرۆشتنانانەش کە لە دەرەوەی بازاڕی ناوخۆیی دەفرۆشران.

سەندیکاو دەسەلآتی شار هاوکاری یەکتریان دەکرد لەبەڕێوەبردنو ئاسانکردنی کاروبارو قەدەغەکردنی قۆرغکاریو بەرزکردنەوەی نرخەکان.هەموو ئەمانەش لەڕێگەی یەك سەندیکا یاخود کۆمەڵێ سەندیکا بەئەنجام دەگەیەنرا. بەڕاستی سەنیکاکان دەسەلآتێکی سیاسی گەورەو

گرانیان لەزۆرێك لەشارەکانی ئەروپادا پیادە کرد. بەڵام ئەم پیادە کردنە سیاسیە بەگوێرەی شوێنەکان جیاواز بوو. لەهەندێ شاردا سەندیکاکان لە ئەنجومەنی شارەوانیدا خۆی دەنواند وەك "فلۆرەنسا" کە سیاسەتی ئابووری تیادا پەیڕەو دەکرد. لەهەندێ شاری تر سەرپەرشتیاری سەندیکاکان فشاریان دەخستەسەر بەڕێوبەرێتی شار، بۆ جێبەجێکردنی پرۆژەو پیادەکردنی سیاسەتەکانیان.

سەندیکاکان بە گشتی دوو جۆر بوون:-

1ـ سەندیکا سەرەکیە گەورەکان. ئەمانە ئەندامەکانیان بەهرەمەند دەبوون لەو دەسەڵاتە گەورەیەی هەیانبوو.

2ـ سەندیکا پیشەییە بچوکەکان. ئەمانە لاواز بوون ولەماوەیەکی کەمدا نەبێت دەسەڵاتێکی فراوانیان نەبوو.

سەندیکا پیشەییەکان پێداگریان دەکرد لەسەر تایبتمەندی کارو بەردەوامی پیشەسازیو هەناردە کردنی بەرهەم بۆبازاڕەکان. ئەوانەی سەر بەسەندیکاکان بوون لەپێناوی فێربون وشارەزابوون لەکار وپیشەدا، بەشداریان دەکرد لە خولی تایبەت. بەشداربووی خول لەسەرەتادا لەخولی شاگردی دابوو.ئەم خولەش ئەم کەسانەی دەگرتەوە کە لەتەمەندا بچوك بوون. ئەمانە بە مەبەستی فێربوون حەوت تا هەشت ساڵ بەکارێکەوە سەرقاڵ دەکران بەبێ ئەوەی هیچ کرێیەکیان پێبدرێت، تەنها ئەوەندە نەبێت لەلایەن خاوەنکارەوە ژیانیان دابین دەکرا. پاش تەواوکردنی ئەم خولە، بەژداربوو دەبوو بە کرێکارێکی ئازادو کاری بەکرێ دەکردو لە هەرکوێ

یەکیش مەبەستی بوایە کاری دەکرد. ئەمجا لەدوای ئەمەسەندیکا دانی پیادادەناو دەبوو بەکارمەندێکی پسپۆڕ کەمافی دانانی دوکان یاخودکارگەی هەبوو. هەروەك دەیتوانی ڕاستەوخۆ بەرهەمەکەی بەرێتە بازاڕەکانو بیفرۆشێ.

ئەندام بوون لەسەندیکا پیشیەکان دیاری کراو بنچینەو بنەما داندرا بۆ دەستنیشان کردن ودیاری کردنی جۆری کەرەستەو ڕێگەی دروستکردنی.

لەوکارەکۆمەڵایەتیانەشی کەسەندیکا بەهاوکاری دەسەڵاتی شارەکان ئەنجامی دەدا، بریتی بوو لەهاندان ورێخۆشکردنی کۆچکردن لە لادێکانەوە بۆشارەکان. ئەمەشی بەمەبەستی لاوازکردنی خانەدانانو پەیداکردنی دەستی کار دەکرد. ساکاتێکیش منافەسەو کێبڕکێ لەنێوان خانەدانانو شارەکان گەرمبوو، سەندیکاکان بەهاوکاری دەسەڵاتی شارەکان هەستان بەپاراستنی جوتیاری کۆچکردوو، لەملاشەوە خانەدانان دەیانویست جوتیاران دووبارە بگێڕنەوە سەر کێڵگەکان. زۆرێك لەشارەکان هەستان بەداڕشتنی چەند یاسایەك، کەبەگوێرەیان: جوتیاری ڕاکردوو ئەگەر بۆماوەی ساڵێك ویەکرۆژ توانیبێتی لە شار بمێنێتەوە، ئەوا ئازادبوو نەدەبوایە بگێڕدرێتەوە بۆ سەر کێڵگە. هەروەك سەندیکاکان بەهاوکاری لەگەڵ حکوماتە شاریەکان، ئەندامەکانی لەدزی وڕاو وڕووت دەپاراست. هەروەها لەکاتی گیرانو زیندانی کرانیشی، ئامەدە بوو پێناو "فدیە" بدات بۆ ڕزگار کردنی.

سەندیکای شاربۆ دوورخستنەوەی ئەندامەکانی خۆی لەو زەرەرو زیانانەی کە ڕووبەڕوویان دەبۆوەو توشیان دەبوو، وە بۆ زیادکردنی چالاکی بازرگانی، لەگەڵ دەسەلاتی شارانی ترو سەندیکای تر کەوتە وتوویژ.شیاوی باسە سندیکا جگە لەم ئەرکانە، بەرپرسیاریش بوو لەقەرزی ئەندامەکانی.

لەناوچونی سەندیکاکانی بازرگان و پیشەسازان:-

کاتێ بازرگانیو پیشەسازی لەماوەی هەردوو سەدەی چواردەو پازدە فراوانی بەخۆیەوە بینی، سەندیکا بازرگانی وپیشەوەریەکان لەتوانایاندا نەما خۆیان بگونجێنن لەگەڵ بارودۆخی نوێ.پێشتر بەرهەمهێنان لە جوغزی ناوچەیەکدا بوو، سەندیکاکان کاروبارەکانیان هەڵدەسوڕاند. کاتێکیش بەرهەمهێنانی ناوخۆیی بەهۆی بەرەوپێشچوونی پیشەسازیو سەهەڵدانی ئامێری تازە، دای لەزیادی وفراوان بوو، وەك (ئامێری پیشەسازی ڕستنو چنینو کانزاسازی وبەکارهێنانی هێزی ئاوی بۆ هەڵسوڕاندنی ئەم ئامێرانە، بەتایبەت بەکارهێنانی لە پیشەسازی ڕستن وچنین،کانزاسازی). چیتر لەتوانای پیشەوەرە ناوخۆییەکاندانەما کێبڕکێ بکەن لەگەڵ بەڵێندەرەکان. ئەو بەڵێندەرانەی کە لەدەرەوەی سەندیکاکان بوون وبەو سامانە زۆرەی کە خاوەنی بوون دەیانتوانی کارەکانیان باشترکەن وبەرهەمیان زیاتربکەن. بەهەمانشێوە بازرگانی دەرەوەش گۆڕانی تێکەوتبوو، بەوەی کە پشتی دەبەست بەبەرهەمهێنان لەسەر پشتێنەیەکی بەرفراوان. لەلایەکی تریشەوە بەڵێندەرەکان لەتوانایاندا هەبوو ماددەی خاو لەخوری وکانزاکان بکڕن، یاخود ماددەی خاو دابەشبکەن بەسەر پیشەوەرە جۆراوجۆرەکاندا

بەمەبەستی دروستکردنی شتومەکی خواست لەسەر. کە لەبەرمبەردا کرێیەکی ڕۆژانەیان دەدا بە پیشەوەرەکان وکەلوپەلە دروستکراوەکانیشیان بە قازانجێکی زۆرتر دەفرۆشتەوە. ئەم ڕێگەیەش پێی دەوترا: (putting out system).

سەندیکاکانیش پارێزگاریان لە خۆیان دەکردو دژی هەموو جۆرە نوێکاری‌و نوێگەریەك بوون کە بەسەر پیشەسازیدا هاتبایە. هەروەها پێداگریان دەکرد لەسەر یەکە پیشەوەریە بچوکەکان، هەروەك کە لە پێشوو باوبوو. لە ڕاستیدا هەر سەندیکاکان دژی نوێکاری نەبوون، بەڵکو کرێکارانیش بەهۆی ئەوەی ئامێری نوێ ئەوانی بێکاردەکرد بەربەرەکانی نوێکاریان دەکرد.

بەداهاتنی سەدەی شازدە سیستەمی سەندیکایی بازرگانی‌و پیشەوەری پوکایەوە. بەشێك لە سەندیکا پیشەوەریەکان کاریگەربوون بە فکرەی نوێ. سەندیکا کۆنەکان لە ژێر دەسەلاتی خاوەن پیشەیەکی دەوڵەمەند دابوون، یاخود لە ژێر دەستی کۆمەڵێك لە بەڵێندەران دابوون کەخۆیان کۆمپانیای بازرگانیان ڕێکدەخست بۆ بەڕێوەبردنی بازرگانی کردن بە کەلوپەلێکی دیاریکراو بە کۆ(جملە)، بەبێ ئەوەی خۆیان بەشداری بکەن لە دروستکردنی ئەو کەلوپەلەدا. کریکاری‌و شاگردی بە شێوەیەك دابەزی کە کرێکاری دەکرا بۆ بازرگانە سەرمایەدارەکان لە ژێر سیستەمی کەرتی تایبەت. هەر ئەم سیستەمەش دواتر بووە هۆی لەناوبردنی سەندیکاکان.

شۆڕشی بازرگانی :-

فراوانبوونی شارەکان، هۆکارێك بوو بۆ پەرەسەندنی پیشەسازیو بەرفراوانبوونی بازرگانی. لەهەندێ لە شارە گرنگەکانی ئەوروپا بازاڕە وەرزیەکان گرێ دەدران بەمەبەستی خستنە ڕووی کەلوپەلو ئالوگۆڕکردنی ئەم کەلوپەلانەو بازرگانی پێکردنی. سا کاتێکیش بازرگانی بەرفراوان بوو، خرانەڕووی شتومەکی زیاتر لە شارە جیاوەزەکانو بازاڕی گەورە، بووبە پێویستیەکی ڕۆژگار. "برۆفنسو ترویو شامین" چەند ناوچەیەکی گرنگبوون کە دواتر بازرگانان لە هەموو شوێنەکانی ئەوروپا تیایدا کۆدەبوونەوە بۆ کارو ئالوگۆڕی بازرگانی. بەڵام لە سەرەتای سەدەی چواردەوە گۆڕان بەسەر بارودۆخەکەداهات، ئەمەش بەهۆی ئازدبوونی بازاڕەکان نەمانی باج لەسەریان.

فلیپی چوارەمی پاشای فەرەنسا، هەستا بە سەپاندنی باجی قورس لەسەر بازاڕەکان، بەمەش بازرگانان لە بازاڕەکانی شامینو پروفنس دوورکەوتنەوەو ڕوویان کردە جنێفو سویسراو برجس لە هۆڵندا. بەڵام ئەمەش هەروا نەڕۆی، بەڵکو کاتێ لەنیوەی سەدەی پازدە (1463)،لۆیسی یازدە هاتە سەر تەخت مەرکەزی گرێدرانی بازاڕەکان گەڕایەوە لیۆنی فەرەنسا.ئەمەش بەهۆی برەودانی بە بازرگانی حەریر.

ڕێگە بازرگانیەکان :-

ڕێگەی سەرەکی بازرگانی بۆ شوێنە دوورەکان گوزارشتی دەکرد لە ڕێگەی دەریای ناوەڕاست کە شارە ئیتالیە گرنگەکانی دەبەستەوە بە هەندێکیان و، وە بە ناوەندە پڕ بایەخەکانی نیشتمانی ئیسلامیو ئاسیای بچوكو بەرشەلۆنەی گرێ دەدان. لەپێش جەنگی خاچیەوە شارە ئیتالیەکان

پەیوەندی بازرگانیان لەگەڵ خۆرهەلاتی دەریای ناوەڕاست پێکهێنا بوو. بەلام لەدوای جەنگی خاچی ئەم بازرگانیە چالاکترو گەشاوەتر بوو لە نێوان ئیتالیاو هەریەکە لە ناوەندەکانی خۆرهەلات. ئیتالیا ئاوریشمو خامی لە چین دەهێنا، بەردی بەنرخو بەهاراتیشی لەولاتی عەرەبیو هیندەوە وە چنگ دەکەوتو لە ڕێگەی (میصرو دەریای سور)ەوە دەیهاورد. بە هەمانشێوە شارەکانی سوریا بەهۆی بازرگانی هیندەوە، بە ئیتالیا بەسترابوونەوە. هەر یەکە لە جەنەواو ڤینیساش ناوەندی بازرگانیان لە هەریەکە لە ئەستەمبوڵ - ئەزمیر - شارە یۆنانیەکان - نیمچە دوورگەی قرم - باشووری ڕوسیادا دامەزرندبوو.

ڕێگەی دووەم کە کاری بازرگانی تیادا بە جموجۆڵ بوو، بریتی بوو لە ڕێگەی باکور. کە بە ئینگلتراو زەویە نزمەکان (شارەکانی باکوری ئەلمانیا)و شارەکانی سەر دەریای بەلتیق تێدەپەڕیو ڕوسیاو هەندێ جاریش ئەستەمبوڵی دەگرتەوە. ئەو کەلوپەلانەی کە ئالوگۆڕیان پێدەکرا، بریتیبوون لە: گەنم، کەلە باکوری ئەفریقاو باشوری ڕوسیاو صقلیە دەگوازرایەوە بۆ ئەوروپا، هەروەها دارو تەختە لە ڕوسیاو باکوری ئەوروپاوە دەگوێزرایەوە بۆ ولاتانی ئەوروپا، ئەمەش بەهۆی بێ توانایی ئەوان لەبەرهەمهێنانی ئەم پێداویستیانە.

تا هاتنی نیوەی سەدەی چواردە بریتانیا کارگەی چنینو قوماشی خوری دانەمەزراندبوو،هەربۆیە خوری بۆ هەریەکە لە زەویە نزمەکانو ئیتالیای دەنارد، ئەمە لەکاتێدا ئیسپانیاش خوری دەناردە شارەکانی ئیتاڵیا. بەلام

دوای ئـەم مێـژووە بـەریتانیا نـاردنی خـوری قەدەغـەکرد.هـەروەها مـاددەی (شەب)زاخ-یان لە باشووری ڕوسیاو ئاسیای بچوکەوە دەهاورد.ئەم ماددەیە بەمەبەســـتی خاوێنکردنەوەوچەســـپاندنی ڕەنـــگ لەســـەر کوتاڵـــە پیـشەسازیکوتاڵو گلێنەســازیدا بــەکاردەهات. ئیتالیــا لــە بەرامبــەر ئــەم هاوردانـەدا، کوتـاڵی ئاوریـشمو خـوریو پۆشـاکو چـەکی دەنـاردە ئـەورووپا. ناوەندە گرنگـەکانی ئیتالیـا بریتـی بـوون لـە: لۆمباردیـاو لۆکـاو فلۆرەنـساو ڤینیسیا. هەروەك لە زەویـە نزمەکانیشـچەند ناوەنـدێکی گرنگـی پیـشەسازی هـەبوون، وەك: (بـرجس - یپـرس - کمپـریو لیـل) کـە بـەناوبانگ بـوون بـە پیشەسازی خوریو لەدوای نیوەی سەدەی چـواردە خوریـان لـە ئیـسپانیاوە هاوردە دەکرد. دوای ئەمە بەهۆی کەمی دەستی کارەوە بازرگـانی کـردن بـە کەلوپەلی ئامادە نەکراو دەکرا.

شـاری ئـەنتۆریپ لـە سـەدەی پـازدەدا ناوبـانگی بـە پیشەسازی کوتـاڵی خوری دەرکرد. کوتاڵی چنراو لە بەندەری بسکای بە ئاسنی خـاوی ئیـسپانیا دەگۆڕدرایەوەو بەکەشتی هۆڵەندی ئینگلیزی فەرەنسی دەگوێزرایەوە.

کۆمەڵەی هنسی:-

ناوچەکانی باکوری ئەورووپا لەهەردوو سەدەی چواردەو پازدە ناوچـەیەکی سـەرەکی بازرگـانی بـوون. بـە مەبەسـتی پاراسـتنی دەسـتکەوتەکانیانو بەربژاریەکانیان کە لەلایەن دەسەلاتەوە بە بازرگانـان بەخـشرابوو، کۆمەڵـەی "هنسی"یان- پێکهێنا. سەرەتا ئەم کۆمەڵەیە بریتـی بـوو لـە ڕێککـەوتنێکی سـادە کـە لـە نێـوان بازرگانـەکانو بـە شـێوەیەکی تاکتـاك بەسـترابوو. ئـەم

بەربژاریانەی کە لەسەرەوە ئاماژەمان پێدا، بریتی بوو لە سوککردنی باج و ئەرکێك کە لەسەریان بوو، سەرەڕای پارێزراویان لە یاساکان.

لەدوای سالّی 1350ز کۆمەڵەی هنسی گۆڕانی بەسەرداهات و لە ڕێککەوتنی نێوان بازرگانانەوە بووبە ڕێککەوتنی نێوان شارەکان. هەر تاکێك لە تاکەکانی ئەو شارانە بەشداربوون لە کۆمەڵەی هنسی وسودمەند بوون لە سودەکانی بازرگانی. هەریەکە لە شارەکانی (لوبیك و کولون و بریمن و هامبرگ) بالآدەست بوون بەسەر کۆمەڵەی هنسی و لەنێوانیاندا یەکیەتیەکی بەهێزهەبوو کە پێکەوەی گرێی دەدان. نوێنەرانی شارە ئەندامەکان کۆدەبوونەوەو بڕیارەکانیشیان گوزارشت بوو لە شارە ئەندامەکان. بەلآم خۆ هەموو شارەکانیش وەنەبێ بەشدار بووبن لەم کۆبونەوانە. هەروەها هەموو کاتێك بڕیارەکان بێ ئەو کۆبونەوانەش جێبەجێ نەدەکران وبە بەردەوامی ململانێ هەبوو لە نێوان شارە سەرەکیەکانی کۆمەڵەی هنسی. لەگەڵ هەموو ئەوانەشدا ئەم کۆمەڵە مایەوەو بەردەوام بوو، ئەمەش بەهۆی ئەوەی کە ئەندامەکانی سودێکی زۆریان دەبینی لە مانەوەی ئەم کۆمەڵەیە.

سەرچاوەی سەرەکی دارایی و داهاتی کۆمەڵەی هنسی، بریتی بوو لە لێشاوی هێنان و بردنی کەلوپەل لەنێوان شارەکانی نوفگوردی ڕوسیا(نزیك لینیگرادی ئەمڕۆ) و شاری لوبیك و هامبرگ و لندن و برجس. وە هەر لەم ڕێگەیەشەوە ڕێگەیەکی تر بەرەو ئەسکەندەنافیاو ڕوسیاو ئەستەمبوڵ دەڕۆیشت. کەلوپەلی بازرگانی پێوەکراو، بریتی بوو لە "ماسی و مێوو تەختەو خوری و دانەوێڵەو کانزاو هەنگوین و عەنبەرو قەتران" لە خۆرهەلآت،

لە خۆرئاواشەوە گۆشتی فەرەنساو پۆشاکی هۆڵەنداو کەلوپەلی دروستکراوی تریان ڕووەو خۆرهەلأت دەبرد. کۆمەڵەی هنسی هەروا نەڕۆی، بەڵکو کاتێ کێبڕکێ توندبوو لەنێوان دەوڵەتە تازەکان دەسەلأتی لەدەستداو لەنیوەی سەدەی شازدەشدا ئەم دەسەلأتەشی ڕۆیشت.

شتومەکەکانی ئیتالیاو باشووری ئەوروپا لە ڕێگەی شاخی ئەلپەوە دەهێندرانو لەوێش لەگەڵ کەلوپەلی خۆرهەلأتو باکوری ئەوروپا لە ئەڵمانیاو هۆڵنداو لە بازاڕە وەرزیەکان ئاڵوگۆڕدەکران. شیاوی باسە بازاڕە وەرزیەکان لەناوەڕاستیئەوروپا لە باشوری ئەڵمانیاو سویسرا دەکرانەوە.

سەرهەڵدانی دراوو بانكو سەرەتای سەرمایەداری:ـ

دراو لەسەدەی دوازدە زاینی لە ئیتالیا سەریهەڵدا. دراوی زیو لەلایەن بنەماڵەی میرۆفنجی بەکار دەهات. وەلێ دراوی زێڕ بۆ یەکەم جار لە ناپولیو صقلیە بەکارهێنرا. ئیمپراتۆر"فردریکی دووەم" ئەمەی لە نورماندیانە وەرگرت کە پێشتر حوکمی هەردوو صقلیەیان دەکرد. پاش ئەمە لە ئیتالیاو لەسەدەی سێزدە ئەم دراوە بلأو بویەوە. بەلأم فلۆرەنسا فلۆرینی وەك دراوێکی زێڕ بەکاردەهێناو ڤینیسیاش دۆکی بەکاردەهێنا. پاش هەموو ئەمانە ئینجا دراو بلأو بویەوە لە سەرجەم ناوچەکانی ئەوروپای خۆرئاوا، بەهەمانشێوە "خانەی سامان" وەك سەرەتایەك بۆ بانك سەریهەڵداو بەرامبەر بە وەرگرتنی سوو قەرزی بە خەڵکی دەدا. لەپاشاندا بانك لە ئیتالیا پەیدابووو هەڵدەستا بە ئاڵوگۆڕی دراوو قەرزی دەدا بە بازرگانانو پادشاو میرەکان. ئەم بانکانە توانیان چەندین لق لەسەرجەم شوێنەکانی ئەوروپادا

بکەنەوەو سودی گەورە وەچنگ خۆیان بخەن. هەروەها چەندین بنەماڵەی دەوڵەمەند سەریهەڵداو بوونە خاوەنی بانك. وەك بنەماڵەی میدیچی وفوگر. ئەمانە بوون بە دەوڵەمەندترین بنەماڵەی ئەوروپا لە هەردوو سەدەی پازدەو شازدە .

بازرگانی نێوان ئەوروپاو ئاسیا:-

لەدوای ڕمانی ئیمپراتۆریەتی ڕۆمانی کۆنو هێرشی هۆزە بەربەریەکان لە سەدەی پێنجی زایینی، بازرگانی نێوان ئەوروپاو ئاسیا وەستا. ئەم وەستانە لە سەرەتای سەدەکانی ناوەڕاست هەر بەردەوام بوو، بەهۆی جەنگو ئاژاوەی نێوان میرەکانو ئەو پەشێویەی کە لەو کاتەدا ئەوروپای‌داگرتبوو.شارەئیتالیەکان کە کەوتبوونە سەردەریای ناوەڕاست چالاکی بازرگانی خۆیان گەڕاندەوەو بەهۆی جەنگی خاچیشەوە زیاتر گەشەی کرد. شارە سەرەکیەکانی ئیتالیا هەستان بە بنیاتنانی ناوەندی بازرگانی لە ئەسکەندەریەو سوریاو کەنارەکانی ئاسیای بچوك (تەرابزون،ئەزمیر،ئەستەمبوڵ).

لە ڕاستیدا عەرەبەکان بازرگانی گەورەبوون، کە بەدرێژایی کەنارەکانی سوریاو باکوری ئەفریقا تاوەکو چین بازرگانیان تیا دەکردو توانیبوویان زاڵبن بەسەر بازرگانی ئاسیادا. ئەوان شتومەکی جۆراوجۆری وەك بەهاراتو ئاوریشمو بەردی بەنرخیان لە چینو هیندو باشوری خۆرهەڵاتی ئاسیاوە دەهێنا. لەم لاشەوە بازرگانە ئیتالیەکان، کەزۆربەیان بندوقیو ڤینیسی بوون، ئەم شتومەکانەو هەندێ لە بەرهەمەکانی تری وڵاتانی ئیسلامیان

دەكڕی‌و دەیانگواستەوە ئیتالیا. بازرگانە مسوڵمانەكانیش لە هیندەوە كەلوپەلیان دەبردە بەسرەو لەوێشەوە بەهۆی كاروانە بازرگانیەكان‌و لەڕێگای بیابانەوەبۆ دیمەشق‌و حەلەب‌و شارە كەناریەكانی تری سوریایان دەبرد، یاخود لە بەسرەوە بەرەو بەغداو موصل‌و دیاربكرو تەرابزونیان دەبرد. لە هەردوو حاڵەتەكەشدا ڤینیسیەكان ئەم كەلوپەلانەیان لەو شارە كەناریانە دەكڕی‌و پاشان بەرەو ئیتالیایان دەگواستەوە.

لە حاڵەتی دووەمیشدا بازرگانانی مۆسكۆو ئەوروپای باكورو خۆرهەلاَت، هەموو ئەم كەلوپەلانەیان دەگواستەوە بۆ بەشەكانی باكورو ناوەڕاستی ئەوروپا. ڕێگەیەكی تریش كە كەمتر نەبوولە ڕێگای یەكەم‌و ڕێڕەوی بازرگانی بوو، بریتی بوو لە دەریای سور. كەشتیە بازرگانیەكان كە لەهیندو باشوری خۆرهەلاَتی ئاسیاوە دەهاتن‌و لە جدە یاخود لە عەدەن لەنگەریان دەگرت‌و لە سوێس بارەكانیان دادەگرت.وەبەهۆی كاروانە بازرگانیەكانیش ئەم شتومەكانەیان بەرەو قاهیرەو ئەسكەندەریە دەگواستەوە. بازرگانە ئیتالیەكانیش ئەم كەلوپەلانەیان دەكڕی‌و بەرەو ئیتالیایان دەبرد. بەلاَم بەهۆی گومرگ‌و ئەو باجە قورسانەی كە لەلایەن میرو پاشاكان لێیان دەسەنرا كاتێك بە سنوری ئەواندا تێدەپەڕین.ئەم شتومەكانە زۆربەگران دەكەوت لە سەر ئەوروپیەكان.

سوڵتان‌و دەسەلاَتی مەمالیك باجی زۆر قورسیان دەخستە سەر ئەو شتومەكانەی كە بە ولاَتی ئەواندا تێدەپەڕین. دەسەلاَتی مەمالیك سێیەكی ئەو كەلوپەلانەی بۆخۆی وەردەگرت كە بە سنوری ئەودا ڕەت دەبوو.وە

بەهەمان ئەو نرخە لێیانی دەکڕی، کە بازرگانان لە هیند کڕیبوویان، واتە هیچ حسابێك بۆ تێچونی ئەم کەلوپەلانە نەدەکرا کە بازرگانان خەرجیان کردبوو، بەهۆی بارکردنو داگرتن وتێچوونی ڕێگە. بازرگانان جگە لەم باجانەی کە لە سوێسو شارە میسریەکان لێیان دەسەنرا، بەهەر ولاتێکی تریشدا تێپەڕیبان هەمان باجو گومرگیان لێ دەسەنرا.

جگە لەهەموو ئەمانە، بازرگانان بەهۆی ئەوەی کە کەشتیەکانیان توانای بەرگەگرتنیان نەبوو لە بەرامبەر مەترسیەکانی دەریاو شەپۆلە توندەکانو هەروەها هێرشی چەتە دەریایەکان بۆسەریان، توشی باری سەختو نالەبار دەهاتن وتەنگوچەڵمەی زۆریان دەهاتەڕێ. ڕێگەی وشکانیش لە ڕێگەی دەریا باشتر نەبوو، بەهۆی ڕێگرو چەتەی سەر ڕێگەکان. لەلایەکی تریشەوە گەشتی بازرگانانی لەم ڕێگەیەدا کاتێکی زۆری دەویستو سەختو دژوار بوو، کە جاری وابوو چەند مانگو ساڵی پێدەچوو سەرەڕای هەموو ئەو چەرمەسەریانەی کە ڕووبەڕوویاندەبوویەوە. بەلاّم لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا بازرگانی فراوان بوو، چالاکی بازرگانی گەشانەوەی بەخۆیەوە بینیو شارەکانی ئیتالیاو ئەڵمانیاو هۆڵندا بەرەو شکۆفەی پەرەسەندن ڕۆیشتن.

کەلوپەلی هاوردە لە ڕێگەی ئەڵپەوەدەگەیەنرانەشارەکانی ئەڵمانیاو هۆڵندا. لەوێشدا لەگەڵ کەلوپەلەکانی باکورو خۆرهەلاّتو ناوەڕاستی ئەورووپا ئاڵوگۆڕیان پێدەکرا. ئەم کەلوپەلانە بریتی بوون لە: کانزا، پۆشاکی خوری، پێستەو فەرو، دارو تەختە...هتد. شیاوی باسە ئەم شارانەی کە ئەم پرۆسەیەی تیادا تەواودەبوو، بریتی بوون لە: بەندەری دانزگر لەسەر دەریای

بەڵتیك، لوبیل، هامبرگ، بیرمن، برجس، ئەنتۆریب. هەروەها شاری بندقیەش لە ئیتالیا ناوەندی سەرەکی بووبۆهێنانی کەلوپەلی ئاسیاوی بۆ ئەوروپا.

پێش هاتنی سەدەی شازدە ناوەندە بازرگانیەکانی ئیتالیاو ئەڵمانیا بوونە شوێنکەوتەی کۆمەڵەی هنسیو نەیانتوانی بەرەنگاری فراونبوونی بازرگانیو خواستەکانی ببنەوە. ئیتالیا بوو بە گۆڕەپانی جەنگو کێشەو ناکۆکی نێوان شارە دەوڵەمەندەکان، کە لەگەڵ خۆیدا کارەساتی هێنایە سەرئەم شارانە.

بە هەمانشێوە کۆمەڵەی هنسی توشی لاوازیو شلۆقی هات. بەهۆی دووبەرەکیو جیاخوازی شارە ئەندامەکان لەگەڵ یەکترو نوشستی ئیمپراتۆری ڕۆمای پیرۆزو سەرهەڵدانی دەوڵەتی سلاقی[1].

دۆزینەوە جوگرافیەکان

هۆکاری دۆزینەوە جوگرافیەکان:-

لە سەدەکانی کۆنو ناوەڕاست پەیوەندی ئەوروپاو ئەوپەڕی خۆرهەلات لاواز بوو یاخود هەر نەبوو، بەلاّم لەگەڵ ئەوەشدا ئەوروپا پشتی بەستبووۆبە ئاسیاو جیهانی ئیسلامی. بەلاّم لەدوای جەنگی خاچیەوە ئەم پەیوەندیە لاوازە وردە وردە بەرەو بەهێزی ڕۆیشتو چالاکی بازرگانی بە جموجۆڵ بوو.بەهۆی ئەوەی کە ئەوروپا لەم کاتەوە پێویستی بە کەلوپەلی ئاسیاوی هەبوو کە لەناوخۆیدا وەچنگی نەدەکەوت. گرنگترینی ئەم پێداویستیانەش

1 Ibid: Also. Op.cit;g5-113; Gilmore, M.p.
The World of Humanism. 1453-1517 (New york,1962) pp.43-70

بریتی بوون لە: "کوتاڵی لۆکەو ئاوریشمو کەتانو گۆزەو گڵێنەو زێڕو زیوو بەهاراتو بەردی بەنرخ وتەختەو، بیبەر" بەتایبەتی. شارە ئیتالیەکان بەتایبەت ڤینیسیا، هەستا بە دامەزراندنی ناوەندی بازرگانی لە میسرو سوریاو ئاسیای بچوك. لە پەیوەندی بازرگانی بەردەوامیش دابوو لەگەڵ بازرگانە موسڵمانەکان. ئەمان پێداویستیەکانی خۆیان دەکڕیو پاشان بە قازانجی زۆرەوە بۆ ئەورووپایان دەگواستەوە. بەلاّم بە هاتنی تورکە عوسمانیەکان لە کۆتاییەکانی سەدەی چواردەو بالاّدەست بوونیان بەسەر ولاّتی بەلقانو خۆرهەلاّتی دەریای ناوەڕاست لە هەردوو سەدەی پازدەو شازدە لە لایەك، لەلایەکی تریشەوە باجی قورسی دەسەلاّتی مەمالیك لەسەر ئەو کەلوپەلانەی بەلایدا دەڕۆیشت،وای کرد ئەم ڕێگە بازرگانیە تەگەرەی تێکەوێت لە مەڕ ئەورپیەکان. بەمەش نرخی کەلوپەلەکان بەشێوەیەك بەرزبوونەوەکە زۆرێك لە ئەوروپیەکان نەیاندەتوانی بەدەستی بخەن. ئیدی لێرەوە ئەورووپیەکان کەوتنە بیری دۆزینەوەی ڕێگەیەکی تازە، کە بەهۆیەوە بگەنە خۆرهەلاّتی دوور بەبێ ئەوەی بەناو ولاّتی عوسمانیدا تێپەڕن.[1]

سەرەڕای ئەوانەی باسمان کرد، هۆگەلی تریش هەبوون یاریدەدەر بوون لە چالاك بوونی دۆزینەوە جوگرافیەکاندا.وەك پۆیستی ئەورووپیەکان بۆ کەلوپەلە ئاسیاویەکان. هەروەها ئارەزوی کڵێسای کاسۆلیکی بۆ دەستگرتن بەسەر ناوچە دوورە دەستە بت پەرستەکان، کە وای کرد کڵێسا دنەی ئەم

1 Hayes,Op.47-95

هەڵمەتـە بـداتو لەگەڵیـدا چـەندان قەشـەو رەهبـان بنێـریّ بـە مەبەسـتی بلاٌوکردنەوەی ئاینی مەسیحی لەم ناوچانە.

بەڕاسـتی زانیـارە جوگرافیـەکانیش هاوکـاری گـەورەی چـالاکی دۆزینـەوە جوگرافیەکانی کرد. ئەم زانیارانەی کە ئەورووپیەکان لەیۆنان وڕۆمانەوە بۆیان جێمابوو، وەئەوەشی کە لەموسڵمانانەوە دەستگیریان ببوو، لە پالّ ئەزمونی دەریاوانانی خۆیان کـە لەئـەنجامی گەشـت وگـەڕان بـەناو دەریـاو زەریاکـانی دەوروبەری ئەورووپا بە دەستیان هێنابوو. جا هەموو ئەم زانیاری وئەزموونانـە بەرچاو ڕوونی زیاتری پیّ بەخشین بۆ ئەنجامدانی ئەم چـالاکیە مەزنـە. جگـە لە هەموو ئەوانەی باسمان کرد، لەسەدەکانی ناوەڕاستیشدا پاپاکان چـەندین نمایندەی خۆیـان هـەناردەی خۆرهـەلاّتی دوور کردبـوو، کـە ئەمـەش دیـسان گرنگـی گـەورەی هـەبوو لـە کۆکردنـەوەی زانیـاری لەسـەر ئـەم ناوچـانە. لـە بەناوبانگترین ئەو زانیاریانەی کە لەم ڕێگەیەوە بە دەستهێنرا، ئەو زانیاریانـە بوون کە مارکوپۆلۆی ئیتالی هاوردەی ئەورووپای کـرد. نـاوبراو ماوەیـەکی زۆر لـە چـین مایـەوەو کـاتێکیش گەڕایـەوە (لـە کۆتـایی سـەدەی سـێزدە) دەولّەمەنـدیو خۆشـنودی ئـەم ناوچـانەی باسـکرد کـە بینیبـووی. ئەورووپیـەکانیش بـە حـەزێکی زۆرەوە نوسـینەکەیان دەخوێنـدەوە. لـە بەناوبانگترین خوێنەرانی کتابەکەی مارکوپۆلۆ،"کریستۆفەر کولّمبس"بوو.

هـەروەها ئـەو بیروباوەڕانـەی کـە لـە نـاو خـەڵکی داهـەبوو سـەبارەت بـە گەشتکردن لەناو دەریادا "لە سـەدەکانی ناوەڕاسـت" بریتـی بـوو لـە تـرسو بیمو دلّەڕاوکیّ. خەلکی لەو بڕوایـە دابـوون کـە ئاوەکـانی ئیـستیوائی "هێڵـی

یەکسانی" لە پلەی کولان دایەو پڕی شەیاتینو خێوو دێوو درنجەو ئەم ناوچەیە شوێنی ژیانیانە. هەروەها پێیان وابوو زەوی لە شێوەی بانێکی پان دایەو تەختە. بەلام وەنەبێ ئەم بیرە پڕوپوچونە هەر بەم شێوە مابنەوەو هەر ئەمە بیروڕا بوو بێتو خەلکی هەرلەسەرئەمە چەسپاو بووبن. بەلکو بە پێچەوانەوە، ئەم بیروڕایانە بەرەبەرە بەرەوئاوابوون چوون. ئەمەش سەرەتا لەناو چینی ڕۆشنبیران سەریهەلدا، کە لە کۆتایی سەدەکانی ناوەڕاست چینی ڕۆشنبیران باوڕیان بەوە هێنا کە زەوی خڕەو هەرکەسێ لە خۆرهەلاتەوە بڕوات لە خۆرئاوا دێتەوە، هیندیش دەکەوێتە کەنارەکانی خۆرئاوای زەریای ئەتلەسی، لەمەشەوە بڕوایان وابوو کە دەگونجێ لە خۆرئاواوە بگەیتە خۆرهەلات. بەلام فراوانی زەریای ئەتلەسی پێویستی دەکرد کورتترین ڕێگە بدۆزنەوە، ئەمەش یا بەئاڕاستەی باکوری خۆرئاوای ئەورووپا، یاخود بەسوڕانەوە بەدەوری کیشوەری ئەفریقا.

بەمەبەستی گەیشتنیان بە چینو هینددەریاوانو کەشتیوانەکان لەسەدەی پازدە نەخشەو نەخشەسازی ڕوونیان خستەکارو هەستان بە چاککردنو بەکارهێنانی قیبلەنماو توانیشیان بەهۆی ئوستوڕلابەوە هێلەکانی پانیو درێژی دابنێن. لەگەلّ هەموو ئەمانەشدا گەشتکردن بۆ ناو زەریایەکی پانو پۆڕی وەك زەریای ئەتلەسی، پێویستی بە ئازاییو بوێریەکی بێ وێنە بوو کە بە کەشتیەکی قایمو پتەو سازبکرێ.

بەم شێوەیە دەبینین کە هۆکارەکانی ئابووریو ئاینیو زانیارە جوگرافیەکان کە لەلای ئەورووپیەکان هەبوو، یاریدەدەربوون بۆ هەستان بە

دۆزینەوە جوگرافیەکان. شایەنی باسە ئەم دۆزینەوە جوگرافیانە لەلایەن حکومەتە نەتەوەییەکانەوە بایەخیان پێ دەدراو هاندەدران. بەهەمانشێوە کڵێسای کاسۆلیکی بەمەبەستی بڵاوکردنەوەی ئاینی مەسیحی ئەم کایەی گەرم دەکرد.

ئەوەی ماوەتەوە بڵێین: ئەوەیە کە دەریاوانە ئیتالیەکان هەستان بەم کارە سەرکێشیانە (دۆزینەوە جوگرافیەکان)،وەلێ وڵاتانی خۆرئاوای ئەورروپا ئەرکی دۆزینەوە جوگرافیەکانیان گرتە ئەستۆو بەماڵو سامان پشتگیریان کرد.

دۆزینەوەکانی پرتوگال:

پرتوگالیەکان یەکەم خەڵکانێ بوون کە دۆزینەوەی جوگرافیان خستە ئەستۆ. پرتوگالیەکان دەستیان بە هونەری دەریاوانی گەیشتو فێری دروستکردنی کەشتی بەهێزو گەورە بوون، کە بەهۆیەوە لە دەریاکانی جەنەوە هاتو چۆیان دەکرد. دەتوانین بڵێین: خەڵکی جەنەوا یەکەم خەڵکێ بوون کە هەوڵیاندا بسوڕێنەوە بەدەوری کەناری ئەفریقیادا.

بەمەبەستی گەڕان بەدوای ڕێگەیەکی تازەی دەریایی بۆ گەیشتن بە هیند، لە مانگی مایسی ساڵی 1291 "گلینودی ڤیڤاڵدو" بە دوو کەشتی گەورەوە گەشتی دەریای دەست پێکرد، بەلاَم بەخت یاوەری نەکردو کەشتیەکانی لە کەناری ئەفریقیادا تێکشکاو سەرجەم سەرنشینانی بوون بە خۆراکی ماسی. لەدوای ئەوە هیچ کەسێ زاتی نەکرد کارێکی لەم شێوە سەرکێشیە ئەنجام بدات تا سەدەی پازدە.

هنری دەریاوان(1394- 1460)ی کوڕی پادشای پرتوگال(جۆری یەکەم) بە مەبەستی فێرکردنی کەشتیوانان، یەکەم کەس بوو بیری لە دامەزراندنی قوتابخانەیەکی دەریاوانی لە لیشبۆنە کردەوە. بۆ دنەدانی ئەمەش هنری بەشداری کرد لەو هەڵمەتە دەرياييەی کە باوکی ئامادەی کرد بەمەبەستی دەستگرتن بەسەر بەندەری سەبتەی سەر گەروی (جبل گاريق). پاشان خۆی بوو بەسەرداری ئەم شوێنە لە ساڵی 1415ز. هەروەها لەساڵی 1436ز هەوڵیدا زاڵبێت بەسەر تەنجەد، بەلاّم کارەکەی سەری نەگرتو شکستی خوارد. هنری بەخەونی ئەوەوە بوو دەستبگریَ بەسەر کەنارەکانی مراکیش (مەغريبی عربی) لەسەر زەریای ئەتڵەسی. چونکە دەوڵەمەندی ئەم ناوچەیەی بیست بوو، هەر ئەمەش وایکرد زۆر سور بێت لەسەر دەستگرتن بەسەریدا. لەڕاستیدا هنری دەریاوان نەبوو، بەڵکو ئەو دەیویست لەم ڕێگەیەوە زانیاری کردەیی جوگرافی دەستبکەویَ، بەتایبەت دوای ئەوەی(دون پدرو)ی مارکۆپۆلی کڕی. هنری لە پشت ئەمەوە دەیویست ئابووری پرتوگال گەشەپێبداتو ئاینی مەسیحی بلاّوبکاتەوە. هەر ئەمەش بوو وای لێکرد قوتابخانەیەکی دەریایی بکاتەوە لە پرتوگالو بەهرەمەندترین دەریاوانانی ئیتاڵیو بەناوبانگترین جوگرافی ناسانی ئەم سەردەمەی بۆ کەمەندەکێش بکات. هنری زۆر تێکۆشا بۆ چاککردنی کەشتیو سازکردنی بە شێوەیەکی چاك، وە توانی کەشتیەك بخاتەناو دەریا کە توانای هەڵگرتنی 80-100 تەنی هەبوو.

پرتوگالیـەکان دوای ئـەوەی دوورگـەی (مـایراو ئـازرووس)یـان دۆزیـەوە، داگیریان کردو کشتوکاڵی قامیشی شەکرو مێویان بۆ بـرد. هـەروەها لەسـاڵی 1446ز گەیشتنە ڕێژگەی ڕووباری سەنیگالو دواتر توانیان بگەن بە سـەری سـەوزو وڵاتـی غانـا. بازرگانـان ئەمـەیان بـە هـەلو دەرفـەت زانـی بـۆ خـۆ دەوڵەمەند کردن. ئەوەبوو دەستیان کرد بە ڕاوکردنی خـەڵکی ڕەسـەنی ئـەم ناوچـانەو بـە کۆیلـەکردنیان.ئـەمان ئـەم خەڵکانـەیان دەگواسـتەوە بـۆ بازاڕەکانیـانو لەوێدا وەك کۆیلـە دەیانفرۆشـتن. پرتوگالیـەکان بـەهۆی ئـەم بازرگانیـە کـە مـووی سـەری مرۆڤـی خـاوەن ویـژدانی لەگـەڵ گـرژ دەبێـت، قازانجێکی خەیاڵیان دەستکەوت.

پرتوگالیەکان چەندین قەڵایان لە ناوچـە کەناریـە جیاجیاکـان دروسـتکردو وەك ناوەنـدێکی جـەنگیو بازرگـانی بەکایانـدەهێنا. بـە تێپـەڕینی ڕۆژگـار هۆکاری ئاینیو ئابووری تێکهەڵکێش بـوونو وای کـرد پرتوگالیـەکان بکەونـە گەرمـەی دۆزینـەوەی ڕێگـەی ئـاوی، ئەمـەش بەمەبەسـتی گەیـشتن بـە هینـد(سـوڕانەوە بـە دەوری ئـەفریقیا). دەریاوانـە پرتوگالیـەکان لەسـاڵی 1471ز هێڵـی یەکسانیان بـڕیو لـە سـاڵی 1473ز گەیـشتن بـە ڕێژگـەی ڕووباری کۆنغۆ.

دیـــــاز:-

"پرسـلیمۆدیاز" لـە سـاڵی 1488ز تـوانی بگاتـە کۆتـایی باشـووری کیشوەری ئەفریقیا. ئەمەش بە ڕۆیشتنی بـە لاکـانی کـەناری خۆرئـاوای ئـەم کیشوەرەدا. دواتر ناوی لێنا سەری گێژەڵوکە. "دیاز" کـاتێ لـە گەشـتەکەی

بەردەوام بوو، بینی کەناری ئەفریقی بەرەو لای چەپ دەڕوات، لەمەشەوە زانی کە کەنارەکە ڕووەو باکور پێچ دەخواتەوە. بەڵامبەهۆی ڕازی نەبوونو هەڵگەڕانەوەی هاوڕێکانی ناچاربوو بگەڕێتەوە. سا کاتێکیش گەیشتەوە لیشیۆنە ڕاپۆرتێکی سەبارەت بە دۆزینەوەکانی پێشکەشی جۆنی دووەمی کرد. ئەم ناوەی کۆتایی باشوری ئەفریقا گۆڕانی بەسەردا هاتو بوو بە لوتکەی ئاوات.

ڤاسکۆ دیگاما:-

دوای ئەوەی پرتوگالیەکان ماوەیەك لەم پرۆسەیە ساردیان نواند، دەستیان کردەوە بە کاری گەڕانو دۆزینەوە. پادشای پرتوگال ئیمانۆئێلی دووەم لەساڵی 1497 بە ڕابەریەتی ڤاسکۆ دیگاما هەستا بەناردنی سەدوپەنجا دەریاوان. ئەمانە بە چوار کەشتی بەڕێخرانو ئیمانۆئێل خۆی لە بەندەرەوە بەڕێکردن. دیگاما هەمان ئەو ڕێگەیەی گرتەبەر کە "دیاز" دەساڵپێشتر گرتبوویەبەر.

دیگاما لە مانگی تەموزی ساڵی 1497 گەشتی دەستپێکردو لە مانگی ئازاری ساڵی 1498ز، توانی بگاتە کەناری خۆرهەڵاتی کیشوەری ئەفریقا لە نزیك مۆزەنبیقو زنجبارو دورگەی مالیندی لە زەریای هیندی کە ئێستا سەر بە وڵاتی کینیایە. دیگاما بە ڕێنمونی ئەحمەدی کوڕی ماجد لە مایسی 1498گەیشتە "کلیکۆت"و سێ مانگ لە شاری "کلیکۆت"دا-مایەوە. ناوبراو لە مانگی ئابی هەمان ساڵدا لە ڕێگەی ماڵیندیەوە گەشتی گەڕانەوەی دەستپێکردو لە مانگی ئەیلولی ساڵی 1499ز گەیشتەوە زێدی خۆی. دیگاما

بە بڕی شەست ئەوەندەی تێچونی گەشتەکەی کەلوپەل‌و دیاری هێنایەوە. ئەم لە ڕێگەی سوڕانەوە بە دەوری کیشوەری ئەفریقادا توانی بگاتە هیند.

پرتوگالیەکان ناوەندیکی بازرگانیان لە هیند بە تایبەت لە شاری گوام دامەزراندو حاکمێکی گشتیان وەك سەرپەرشتیاری کاروباری بازرگانی‌و پاراستنی بەرژەوەندیەکانیان دامەزراند. بەهەمانشێوە ناوەندێکی بازرگانیان لە سەیلان‌و سومەتراو جاواو دورگەی بەهار(ئەندەنوسیا)جێگیرکرد. پرتوگالیەکان لە ساڵی 1517 گەیشتنە بەندەری کانتۆن لە چین‌و لە ساڵی 1524 چونە ژاپۆن. شایەنی باسەپرۆسەی دۆزینەوەی جوگرافیەکان بەمەبەستی بلاوکردنەوەی ئاینی مەسیحی، لەگەڵ خۆی چەندەها نێردراوی مژدەدەری مەسیحی دەبرد بۆ ئەو ناوچانەی کە بت پەرست بوون. ئەمە بەشێوەیەك کاریگەری هەبووکە لە پێش کۆتایی هاتنی سەدەی شازدە دووسەد هەزار ژاپۆنی بوون بە مەسیحی، تەنانەت لە ولاتی هیند ئەم ڕێژەیە زۆر زیاتر بوو. لەگەڵ ئەوەی زاڵ بوونی بازرگانی پرتوگالی کاتی بوو بەلام دەرگەی ڕۆژگارێکی نوێی والاکرد بۆ داگیرکاری ئەورووپی لە ئاسیا.

دۆزینەوەی ئیسپانیەکان:-

ناوناوبانگی ئیسپانیا لە دۆزینەوە جوگرافیاکاندا، کەمتر نەبوو لەهی پرتوگال. چونکە ئەگەر پرتوگالیەکان ڕێگەیەکی تازەیان دۆزیبێتەوە بۆ گەیشتن بە هیند لەڕێگەی سوڕانەوەیان بە دەوری ئەفریقیا، ئەوا ئیسپانیەکانیش هەوڵیاندا ڕێگەیەك بدۆزنەوە بۆ گەیشتن بە چین‌و هیند بە

ئاراستەی خۆرئاوا. کریستۆڤەر کۆلۆمبسیش یەکەم کەس بوو ئەو ناوبانگەی بە ئیسپانیەکان بەخشی.

کریستۆڤەر کۆلۆمبس 1446-1506:-

کۆلۆمبس خەڵکی شاری جنەوای ئیتالیا بوو، سەرقاڵ بوو بە کەشتیوانیو بە هۆیەوە زانیاریەکی زۆری بە دەستهێنا لە بارەی جوگرافیا. کۆڵمبس وەك تەواوی ڕۆشنبیران ئەوسا باوەڕی بە خڕیەتی زەوی هەبوو، باوەڕی وابوو هەرکەسێ لە خۆرئاواوە بڕوات لە خۆر هەڵاتەوە دەگەڕێتەوەو ئاسیا کەوتوەتە خۆرئاوای ئەورووپا. ئەم فکرەیەش ئەوەی خستە کلێشەی سەری کە بە دەریاکانی خۆرئاواداڕێگەیەکی نوێ بدۆزێتەوە بۆ گەیشتن بە چینو هیند. کۆلۆمبس پاش بەدەستهێنانی شارەزاییەکی کردەیی لە کەشتیوانیو دەریاوانیدا لە دەریای ناوەڕاستو دەوروبەری دورگەی بەریتانیا، چووە خزمەتی شا (جۆنی دووەمی پاشای پرتوگالو داوای لێکرد هاوکاری بکات لە جێبەجێ کردنی ئەو پڕۆژەیەی کە لە هزریدا چەکەرەی کردوە، بەوەی تێبپەڕێ بەناو زەریای ئەتلەسی. وەلێ پاشا بەهۆی گرنگی دانی بە ڕێگایەکی نوێ بە دەوری قارەی ئەفریقیا، ئەمەی بە دڵ نەبوو ولامێکی دڵخۆشکاری نەدایەوە. ئەمەش وای کرد کۆلۆمبس ڕووی وەرچەرخی بەرەو لای فردینانەو ئیزابێلا. پاش کۆششو هاتوچۆیەکی زۆر بۆلای هەردوو پاشا، بێ ئومێد بوو لێیان. هەوڵدانی کۆلۆمبس بۆ گەیشتن بۆ لای پاشای فەرەنسا یا ئینگلترا، ئیزابێلای والێکرد ئامادەکاری گەشتەکەی بۆ سازبکات. ئەوەبوو لە 3\ئابی\ 1492، کۆلـۆمبس لەبەندەری "سنتپلوز"ەوە لەگەڵ سێ کەشتیو

"هەشتاوحەوت" دەریاوان بە ئومێدی هێنانەدی خەونەکەی ڕێگەی بێ ئامانو پانو پۆڕی زەریای ئەتلەسی گرتە بەر. کۆلۆمبس لەگەڵ خۆی نامەیەکی شاژنی پێبوو بۆ خانی گەورەی چین. پاش تێپەڕینی چەند هەفتەیەكو نەگەیشتنیان بە ئامانج، کەشتیوانە هاوڕێکانی لێی هەڵگەڕانەوە، بەڵام کۆلۆمبس ڕێنمونی کردن. هەرچۆنێك بێت، لە 12/تشرینی یەکەمی هەمان ساڵ توانیان بگەن بە دورگەی سان سلڤادۆر. پاشان لە کوباو هایتی دابەزین. دوای ئەوە چەند مانگێك لە دورگەی کاریبی هاتوچۆی دەکرد، ئەوەی ڕاگەیاند کە ئەم ناوچانە موڵکی ئیسپانیان. دوای ئەمە لە مانگی ئازاری ساڵی 1493 بەرەو وڵاتی خۆیان ڕێگەیان گرتە بەرو لەگەڵ خۆیاندا بارێك لە دارو تەختەو زێڕو ژمارەیەك لە هیندیە سورەکانیان ڕاپێچ دان. لە ئیسپانیاش جەماوەر بە گەرمیەوە پێشوازیان لێکردنو شاژنی ئیسپانی نازناوی ئەدمیراڵی وەك پاداشت بە کۆلۆمبس بەخشی.

کۆلۆمبس پاش ئەنجامدانی گەشتەکەی، هەستا بە ئەنجامدانی سێ گەشتی تر، کە بەهۆیانەوە توانی دورگەکانی دەریای کاریبیو کەنارەکانی ئەمریکای ناوەڕاستی نزیك پەنەما بدۆزێتەوە. لە گەشتی دواهەمیندا کۆلۆمبس بە هۆی باسکرانی بە خراپەو لێداوان لەبارەیەوە بە لێدوانێکی پڕ لە ئێرەیی"هەڵبەسترانی بوختان بۆی"، بە کۆتکراوی بە زنجیری ئاسن گەڕایەوە ئیسپانیا، بەڵام کاپتنی کەشتیەکە کەسێکی بەڕێزبوو نیگەرانی ئەو پیاوە مەزنە بوو، کاتێك بەو شێوەیە مامەڵەی ڕەقی لەگەڵدا دەکرا. هەربۆیە فرمانیدا زنجیر لە دەستو قاچی کۆلۆمبس بکرێتەوە، وەلێ کۆلۆمبس ئەمەی

ڕەت کـردەوە. کـاتێکیش گەڕانـەوە بـۆ ئیـسپانیا شـاژن ئیـزابێلا فرمـانی لێخۆشبوونی بۆ دەرکرد. بەڵام ئەم ڕوداوە لـە مێـشکیدا تـا کۆتـایی تەمـەنی مایەوە، هەر ئەمەش وای کرد کە ئەم زنجیرەی پێی کۆتو بەند کرابوو لـەلای خۆی بیپارێزێ. دوای ئەوەش ئیزابێلا مرد لە ساڵی 1504، شان وشەوکەتـی کۆلۆمبس فەرامۆشکرا، بەمەش کۆلۆمبس توشی خەمۆکی بوو لەناو دەرونـی خۆیدا پەنگی دەخـواردەوەو دابـڕاوو گۆشـەگیر بـوو بـەهۆی داخو حەسـرەت هەڵکێـشانیبۆ ئـەو چارەنوسـەی بـەرۆکی گرتبـوو. پـاش ئـەم ئـازارە زۆرە لەساڵی 1506 کۆچی دوایی کرد. بەڵام پێش ئەوەی بمرێ زنجیری پیێ کۆت کراوی لەبیر نەکرد، بەڵکو ڕای سپارد لەگەڵ خۆیدا بیخەنە ناو گۆڕ.

کۆلۆمبس مرد، بەبێ ئەوەی بزانێ کیشوەرێکی تـازەی دۆزیوەتـەوە. ئـەم ناوچەیە ناونرا هیندی خۆرئاوا، بەو بڕوایەی ئەم دورگـەی دۆزراوەتـەوە نزیـك بە کەنارەکانی هیندە. ئەمـەش وای کـرد دانیـشتوانە ڕەسـەنەکەی بـە هینـد بناسرینو دواتر ناوی هیندە سورەکانیان بەسەردابڕا.

واگومان دەبرێ خەڵکانێ هەبن لەپێش کۆلۆمبس لە زەریای ئەتلەسیەوە تێپەڕی بن. بەڵام نەگەڕاونەوە تاوەکو بە خەڵکی بڵێن کیشوەرێکی تر هەیـە. ئەوان لە ئەمریکادا ونبـوونو هـیچ شـوێن پەنجـەیان بـەجێ نەهێـشت، بـەڵام کۆلۆمبس خاوەنی گەورییو مەزنیە چونکە کیشوەرێکی تازەی دۆزیەوە.

جۆن کابوت:ـ

کەشتیوانی ئیتـالی جـۆن کـابوت خـەڵکی جەنـەوا بـوو. بـە فرمـانی هنـری حەوتەمی پاشای ئیـنگلترا، هەسـتا بـە سـازکردنی گەشـتێکی دەریـایی. لـەم گەشتەدا کـابوت تـوانی کـەنارەکانی نیوفاوندلانـد لـە خۆرهـەڵاتی کەنـەدا لـە ساڵی 1497ز بدۆزێتەوە.

گابراڵ:ـ

لەساڵی 1500ز، کاتێك پیدروگابراڵ بەمەبەستی گەیشتن بە هیند ڕابەرایەتی کەشتیگەلێکی دەکردو بە کەنارەکانی ئەفریقیاو لوتکەی ئاوات ڕێگەی دەریای تەی دەکرد،گەردەلولو تەوژمی شەپۆلی دەریایی توشیان هاتو بە هۆیەوە کەشتیەکانی بەرەو لای کەنارەکانی ئەمریکای باشور ڕامالدران. کە هەرئەمش وایکرد بەشێکی گەورە لەم کیشوەرە بدۆزرێتەوە، دواتر ناوی لێنرا بەڕازیلو بوو بە مولکی پرتوگال.

ئەمریکۆ:ـ

ئەوەی کۆلمبس دۆزیەوەو ناوی لێینا ئاسیا، هەر بەم شێوەیە نەمایەوە، بەلکو پاش ماوەیەك بۆ خەلکی دەرکەوت ئەم شوێنە تازانە هیچی ئاسیا نین، بەلکوو کیشوەرێکی تازەی زەویە. لەساڵی 1503 یەکێ لە سەرکێشەکانی فلۆرەنساو دانیشتووی ئیسپانیا (وەك نوێنەری بنەماڵەی میدیتچی لەئیسپانیا کاری دەکرد)، نامەیەکی نوسیو ئەمەی ڕوون کردەوە کە ئەم جێگایەی کۆلمبس پێی زانیوە کیشوەرێکی تازەیە. پاش ئەمە یەکێ لەجوگرافی ناسە ئەلمانیەکان لەساڵی 1507 ناوی لێینا ئەمریکا، بەهۆی ئەوەی ئەمریکۆ یەکەم کەسێ بوو هەستی بەم ڕاستیەکردوو زانی ئەم شوێنە کیشوەرێکی تازەیە.

بالبۆ:ـ

لەساڵی1513، یەکێ لە دۆزەرەوانی ئیسپانیا لەئەمریکا بەناوی (بالبۆ)، گوێبیستی ئەوەبوو کە دەریایەکی مەزنو بەرفراوان دەکەوێتە خۆرئاوای کیشوەری نوێ. لەبەرئەوە بالبۆ لەپەنەماوە بە ئاراستەی خۆرئاوا ڕێگەی گرتەبەر. پاش ماوەیەك گەیشتە دەریای ئارامو ئەو زەریایەی دۆزیبوویەوە ناوی لێینا زەریای باشور.

ماجــەلان :ـ

یــەکێ لەدەریاوانــە پرتوگالیــەکان بــەناوی "فردیناندماجــەلان" کــە لــە خزمــەتی پاشــای ئیــسپانیادابوو، لــە ســاڵی 1519 بەمەبەستی دۆزینــەوەی ڕێگەی خۆرئاوا لە ئەمریکاوە بۆ ئاسیاگەشتێکی دەریایی سـازکرد. ماجـەلان بەپێنج کەشتی لەئیـشبیلیەوە بەڕێکـەوتو لـە زەریـای ئەتڵەسـی پەڕیـەوەو بەدەوری ئەمریکای باشوردا سوڕایەوەو بـە تەنگەبـەری ماجەلانـدا تێپـەری. ماجەلان توانی بە نەوەت وهەشـت ڕۆژ زەریـای ئارام بـبڕێو بگاتـە دورگـەی گوام، پاش ئەمە گەیشتە دورگەی فلیپین. ماجەلان بە هۆی بەشداری کردنـی لــە جــەنگێکی نێوخــۆی ئــەم ناوچــەیە کــوژرا. شــیاوی باســە تــەنها یــەکێ لەکەشــتیەکان تــوانی لەســاڵی 1522 بگاتــەوە ئیــشبیلیەو بــسوڕێتەوە بەدەوری ئەفریقادا.

لە ڕاستیدا گەشتەکەی"ماجـەلان" یەکـەم هـەوڵێك بـوو بـۆ سـوڕانەوە بـە دەوری گۆی زەوی. بەم هەوڵە ڕێگەیەکی نـوێ دۆزرایـەوە کـە لـە خۆرئـاواوە دەڕۆیشتو دەگەیشتەوە ئاسیا. بەمە خەونی دێرینـی ئەورووپیـەکان هاتـەدی لە گەیشتنیان بە ئاسیا لە ڕێگەی خۆرئاواوە.

کاتێك پرتوگالیـەکان ناوەنـدە بازرگانیـەکانیان لـە کـەنارەکانی ئـەفریقاو هیندو چینو دورگەی بەهار بەکاردەهێنا لـەماوەی نیـوەی یەکـەمی سـەدەی شــازدەدا، ئیــسپانیەکانیش بــەردەوام بــوون لــە دۆزینــەوەکانیانو توانیــان دورگــەی کــاریبیو فلۆریــداو مەکــسیكو ئــەمریکای ناوەڕاســتو بەشــێکی گەورەش لە ئەمریکای باشور بدۆزنەوە. فەرەنساش لـەم پرۆسـەیە بـێ ئاگـا نـەبوو، بـەڵکو فرانـسوای یەکـەمی پاشـای فەرەنـساش هەسـتا بـە نـاردنی

دەریاوانی ئیتالی "جۆن ڤارازانو" بەمەبەستی کاری گەڕانو سوڕان بەناو دەریاکاندا. فرازانو توانی کەنارەکانی نوڤاسکوشیاو نیوئاینگلاند لە کەناری خۆرهەلاتی ئەمریکای باکور بدۆزێتەوە. بە دە ساڵ دوای ئەمە فرانسوای یەکەم بەمەبەستی دۆزیەنەوەی ڕێگەی باکوری خۆرئاوا بۆ بۆ ئاسیا، دەریاوانێکی تری بەناوی "جاك کارتر" نارد. بەلاّم کارتر ئەم ڕێگەیەی نەدۆزیەوە، بەلّکو دۆلّی ڕوباری"سنت لۆرنس" تاوەکو شاری مۆنتریالّی کەنەدایی دۆزیەوە. بەم شێوەیە بە تێپەڕینی نیوەی سەدەی شازدە، ئەوروپیەکان زانیاریەکی زۆریان سەبارەت بە جیهانو شوێنی زەریاکانو کیشوەرە سەرەکیەکان بەدەستهێنا. بەم دۆزینەوانە دوو ڕێگەی بازرگانی پەیدا بوون، یەکەمیان بە دەوری کیشوەری ئەفریقیا بۆ ئاسیا، دووەمیان ڕێگەی خۆرئاوا بۆ ئەمریکا.

سەرەتای بەکارهێنانو قۆستنەوەی بازرگانی خۆرهەلاّت لەلایەن ئەوروپیەکان دەستپێکردو کیشوەری ئەمریکا بوو بە داگیرگەی ئەوروپیەکانو سەرەتای دامەزراندنی ئیمپراتۆرە داگیرکاریەکان دەستی پێکرد.

ئیمپراتۆرە داگیرکارەکان

ئیسپانیاو پرتوگال ئەم دوو دەولّەتە بوون سەرکەوتنیان بەدەست هێنا لە فراوانکردنو فراوانخوازی ئەوروپیەکان، ئەمەش لە نیوەی دووەمی سەدەی پازدەو نیوەی یەکەمی سەدەی شازدە. پاپا لە ساڵی 1480 قورغکردنی بازرگانی خۆرهەلاّتو زالّبوون بەسەر ولاّتی کافرانی بەخشی بە پرتوگال. واتا لە کەناری خۆرئاوای ئەفریقا تاوەکو دورگەی هیندی خۆر هەلاّت.

بەهۆی کێبڕکێی داگیرکاری نێوان ئیسپانیاو پرتوگال خەریك بوو جەنگ لە نێوانیان هەڵبگیرسێ. بەڵام پاپا ئەسکەندەری شەشەم بەسەربارودۆخەکەدا ڕاگەیشتو مافی بازرگانی وداگیرکاری لەهێڵی خەیاڵی جەمسەری باکور کە درێژ دەبێتەوە تاکو جەمسەری باشور بە ئیسپانیا بە خشی، کە لە خۆرئاوای دورگەی ئازۆرس لەزەریای ئەتلەسی 100 فەرسەخ دووره (ئەم هێڵە بە 100 فەرەسخ دووره لە خۆرئاوای دورگەی ئازرۆس). بەم شێوەیە ئاسیاو ئەمریکا لەنێوان ئیسپانیاو پرتوگال دابەشکرا. بەمەش بەرازیل کەوتە ژێر دەستی پرتوگال لەکاتێکدا ناوچەی دەسەڵاتی ئیسپانیا بوو، لەم لاشەوە فلیپین کەتە ژێردەسەڵاتی ئیسپانیا لە کاتێکدا ناوچەی دەسەڵاتی پرتوگال بوو.

ئیمپراتۆریەتی بازرگانی پرتوگال:-

ئیمپراتۆریەتی پرتوگال لەخۆر هەلات ئیمپراتۆریەتێکی بازرگانی بوو. پاشای پرتوگال لە ساڵی1505ز (مادیا)ی هەڵبژارد وەك حاکمی گشتی بەسەر داگیرگەکانیدا. مادیا توانی زاڵبێ بەسەر هەندێ لە میرە هیندیەکان لە هەرێمەکانی باشوری هیند. هەروەها لە ساڵی 1509 توانی سەرکەوێ بەسەر کەشتیگەلی میسری و هیندی. پادشای پرتوگالی لەساڵی 1510 لەجێگەی "مادیا"، "فونزوبوکرك"ی وەك حاکمی گشتی بەسەر ناچە داگیرگراوەکاندا دەستنیشان کرد.حاکمی تازە توانی ناکۆکی نێوان هیندەکان بقۆزێتەوەو دەستبگرێ بەسەر شاری گوادا.کە دواتر قایمی کردو کردی بە پایتەختی ئیمپراتۆریەکەی. پاشان هەندێ شاری سەرکەناری لە هیند

داگیرکردو توانی دەستی بەسەر دورگەی هورمز دابگریّ، ئەم دورگەیە شوێنێکی قایمو دەروازەی(مدخل) کەنداوی عەرەبی بوو. لەسەردەمی ئەم حاکمەو جێگرەوەکانیشیدا حکومەتی پرتوگال توانی بالآدەستی بنوێنیّ بەسەر کەنارەکانی خۆرئاوای هیند "کەناری مالا بار". بوکرك هانی هاوسەرگیری دەدا لەنێوان پرتوگالیەکانو خەڵکی ناوچە دگیرکراوەکانو ناچاری دەکردن بە زمانی پرتوگالی بدوێن، هەروەك هەوڵی بلآوکردنەوەی ئاینی مەسیحی دەدا لەنێو خەڵکی ئەم ناوچانە. بەمانە دەرگەی بازرگانی بۆ پرتوگالیەکان لە هیندو چینو یابانو ملایو کەوتە سەر گازی پشت. پرتوگالیەکان نەیانتوانی کاریگەری دروستبکەن لەسەر شارستانیەتی ئاسیا، هەروەك چۆن نەیانتوانی قاچەکانیان بچەسپێنن لە ئاسیا، ئەمەش بەهۆی بەرفراوانی ئەم کیشوەرە. لەلایەکی تریشەوە ئەم کیشوەرە خاوەنی شارستانیەتێکی قوڵو دانیشتوانێکی زۆربوو، کە ئەمە هۆکارێك بوو بۆ ئەوەی پرتوگالیەکان نەتواننبە داهاتە سنوردارەکەیان ئەم شارستانیە بشکێنن. هاوکات لە جیهانی ئیسلامیشدا مسوڵمانان لە دژی پرتوگال دەستیان کردە بەربەرەکانی کردنیان. جگە لەمە پرتوگالیەکان نەیاتوانی دەسەلآتیان بنوێنن بەسەر چینو یابانو دورگەی هیندی خۆرهەلآت، لەبەرئەوە تەنها بە ئەنجامدانی بازرگانی لە ناوەندە بازرگانیەکانیان ئۆقرەیان گرت. پرتوگالیەکان چەند ناوەندو وێستگەیەکی بازرگانیان لەسەر کەنارەکانی ئەفریقیادا دامەزراند. وەك: مۆزەمبیق لەساڵی 1520ز، ساوپاولو لە ساڵی 1576. هەروەها چاودێری خۆیان بەسەر حەبەشەدا

سەپاند. ئەم ناوەندە کەناریانە گوزارشتی دەکرد لە وێستگەی گەشەپێدان‌و ناوەندی بازرگانی نێوان ئاسیاو ئەوروپا. وە بۆ ئەم بازرگانیە زێڕو عاجیان بەکاردەهێناو بازرگانی کۆیلەیان دەرکرد. بەلاّم پرتوگالیەکان نەچوونە ناو کیشوەری ئەفریقاو موڵك‌و ماڵیان دای لە کەمی. لەساڵی 1666 لەحەبەشە دەرکران. وەلێ گواو مۆزەنبیق‌و ئەنگۆلا تاماوەیەکی درێژ وەك داگیرگەی پرتوگالی مانەوە. لەناوەراستی سەدەی بیستەم گواو مۆزەبیق‌و ئەنگۆلا توانیان سەربەخۆیی بەدەستبێن "گوا لە سەرەتاکانی شەستەکان چوو پاڵ هیند، لەناوەڕاستی حەفتاکانیش مۆزەبیق‌و ئەنگۆلا سەربەخۆبوون" . بەلاّم بەرازیل لەسەرەتاکانی سەدەی نۆزدە سەربەخۆیی خۆی بەدەستهێنا. بەڕازیل تاکە داگیرگەیە کە خەڵکە سەرەتاکەی پرتوگالین‌و زمانی ئەمڕۆیان پرتوگالیە. پرتوگالیەکان چەند شارێکی گەورەیان بنیاتنا وەك:"باهیا، ساوپاولو، ریودی، جانیرۆ". ئەمەیان لە ساڵی 1558 دروستکراو بوو بە پایتەختی بەڕازیل لە ساڵی 1567.

پرتوگالیەکان توانیان قازانجێکی زۆر دروێنە بکەن لە ڕێگەی بازرگانی‌و لیشبۆنەش ماوەیەك بوو بە ناوەندی بازرگانی ئەوروپا. بەلاّم ئەوروپیەکان بە چاوی ئێرییەوە سەیری داهاتی پرتوگالیان دەکردو دانیان نەهێنا بە بڕیاری پاپا سەبارەت بە قۆرغکردنی بازرگانی داگیرگەکان لەلایەن ئیسپانیاو پرتوگال. هۆڵندا دەستی کرد بە ناردنی کەشتیگەلی بۆ سەر کەشتیگەلی بازرگانی پرتوگال. ئەوەبوو کەشتیگەلی بازرگانی و جەنگی لێ شکاندن‌و کۆڵەگەی سیاسەتی پرتوگالی لە داگیرگەکاندا هەڵتەکاند. کاتێکیش لە

سەرەتاکانی سەدەی حەڤدە کێبڕکێی ئەوروپیەکان بەهێزو سەخت بوو، پرتوگال قۆرغکاریە بازرگانیەکەی لە دەستداو نەیتوانی ڕوبەڕوی دوژمنکاری ئاسیاو بەربەرکانی ئەوروپا بوەستێ. بەمەش ئیمپراتۆریەکەی تێکشکاو پایەکانی داڕما.

ئیمپراتۆریەتی ئیسپانیا:-

کاتێ کۆلۆمبس ئەمریکای دۆزیەوە ئەم کیشوەرە بێدانیشتوان نەبوو، بەڵکو خاوەنی خۆی هەبوو، کە بریتی بوو لە هیندە سورەکان ئەمانە لە سەرەتاکانی شارستانیەتی دابوون. پێشوازی هیندەسورەکان لە ئەوروپیەکان جیاواز بوو، بەشێ بە باشی پێشوازی کران، چونکە ئەوان بەجوانی کردەوەیان دەنواندو حیکمەتیان دەخستەکار، بەمەش ئیسپانیەکان لەگەڵ ئەوان تێکەڵبوون، بەلاَم بەشێکی تریان دژی کۆچکردووەکان وەستانو لەگەڵیان هاوبەشیان نەنواند، بەڵکو چەندین جەنگ لە نێوانیان هەڵگیرسا کە لەو پەڕی خەستیو خوێنی دابوو.

کۆرتیز مەکسیك دەکاتەوە:

ئیسپانیا زاڵ بوو بەسەر هیندی خۆرئاوا، دوای ئەوەی کۆلۆمبس ئەمریکای بینیەوە. دورگەی سانت دومینگو، یەکەمین دورگەیەك بوو، کە ئیسپانیا کردی بە داگیرگەی خۆی. لەوێشەوە بالاْدەستبوو بەسەر هەموو دورگەکانی دەریای کاریبی. لە ساڵی 1519 "هێرناندکورتیز" سەرکێشی ئیسپانی، توانی لە کەناری مەکسیك دابەزێ، کورتیز پێش ئەوەی لەوێ بگیرسێتەوە، لە خزمەتی حاکمی ئیسپانیا بوو لە کوبا.

ئیمپراتۆری ئەزتیك كە لە مەكسیك بوو، بەهۆی ناكۆكیو ناتەبایی ناوخۆ ڕووەو هەڵوەشانو لێكترازان دەچوو.كۆرتیز لەكاتی چوونی بۆ ئەم ناوچەیە دە كەشتیو هەژدە ئەسپو ژمارەیەك كەشتیو ژمارەیەك تۆپی لەگەڵ خۆی برد، تۆپێك كە لە كاتی تەقاندنی دا بەدەنگی بەرزی ورەو هێزی هیندیە سورەكانی دەڕوخاند. كۆرتیز سودی لە جیاوازیو دووبەركی ئەمان وەرگرتو ڕووی كردە شاری مەكسیكۆو ژمارەیەكی زۆری لە هۆزە نەیارەكانی ئیمراتۆری ئەزتیكی بەلای خۆیدا كەمەندەكێش كرد. ئیمپراتۆر یەكەمجار پێشوازی لە ئیسپانیەكان كرد، بەڵام كوژرانی ژمارەیەك لە هیندە سورەكان بەدەستی ئیسپانیەكان، ئیمپراتۆری والێكرد ژمارەیەك ئیسپانی بكوژێ.وەلێ ئەمە هەروا بە سانایی بە سەریدا نەڕۆیی، بەڵكو "كورتیز"لە تۆڵەی ئەمەدا بڕیاری دەستگیركردنی ئیمپراتۆر دەركرد. جا پاش ئەوەی زیندانی كرد، لە بەرامبەر بڕێك زێڕی پوخت ئازادی كرد، هەروەها وای لێكرد دان بنێ بە سەروەری ئیسپانیەكان بەسەر مەكسیكەوە. بەڵام ئیمپراتۆر لە دوای ئازاد بوونی هیچ خۆشیەكی نەبینی، بەڵكو مەكسیكیەكان بە تاوانی ناپاكی لێی ڕاپەڕینو توانیان دەستگیری بكەنو بیكوژن.

هەرچۆنێك بێت "كورتیز" توانی زاڵ بێت بەسەریانداو دەستی بەسەر شارەكاندا گرتو باڵی بەسەر زەویەكانیاندا كێشا. پاش ئەمەش بەندەری "ڤیراكروزی" لە ساڵی 1520ز دروستكرد.

دۆزینەوەی پیرۆ:-

ئەوەی کۆرتیز پێی هەڵسا لە مەکسیك، "فرانسیسکۆ"ش- لە پیرۆ پێی هەڵسا. فرانسیسکۆ شان بەشانی بالبۆ لە دۆزینەوەی زەریای ئارام بەشداربوو. ئەو پێش ئەوەی بگاتە ئەم ناوچەیە گوێبیستی هەبوونی ئیمپراتۆریەتی ئەنکا ببوو. ئیدی لە ساڵی 1531ز بەمەبەستی دەستگرتن بەسەر "پێرۆ"و بردنی سەروەت و سامانی ئەم ناوچەیە لە پەنەماوە لەگەڵ ژمارەیەکی کەم لە سەرباز ڕووی تێکرد. فرانسیسکۆ توانی سەرکەوتن بەسەر هیندەسورەکان بەدەستبێنێ و بەسەر پایتەختیاندا زاڵ بێت. پاش ئەمە لە ساڵی 1535ز شاری "لیما"ی دروستکردو کردی بە پایتەختی پیرۆ. بەم شێوەیە دۆزەرەوەکان یان هێرش بەرەکان دەستیان بەسەر مەکسیك و پیرۆ داگرت و سەروەت و سامانێکی زۆری وەك زێڕو زیوو بەردی بەنرخیان دەستخست، هەروەك دەستیانگرت بەسەر چەندین کان و چەندین هەرێمی بەرفراوان. پیدرۆ یەکێ بوو لە خانەدانەکان لە چینی ئەرستۆکراتی، توانی بەربژاریەك لە پادشای ئیسپانیا وەربگرێ، بەوەی ڕووبەرێکی فراوانی لە کەناری خۆرهەلاتی ئەمریکای باشور دەستبخات، بەمەش بناغەی ئەرجەنتین و پاراگوای بۆ داهاتوو دڕێژرا. پیدرۆ شاری "بۆینس ئایرس"ی لە ساڵی 1535 دروستکرد کە لە دواتر بوو بە پایتەختی ئەرجەنتین. بەهەمان شێوە شاری "ئاسان سیون"ی- دروستکرد لە ساڵی 1536 کەئەمیش دواتر بوو بەپایتەختی پاراگوای.

یەکێ لە فەرماندەکان بەناوی "پیزاو""دۆزەرەوەی پیرۆ" لە ساڵی 1541 توانی دەست بەسەر شیللی دابگرێو شاری "سانتیاگۆ" بنیات بنێ لەسەر زەریای ئارام، دواتر بووبە پایتەختی شیللی. لە هەنکاتیشدا ئیسپانیەکان ئیکوادۆریان لە ساڵی 1535 دروستکردو کۆڵمبیاشیان لە ساڵی 1538دروستکرد. بەم شێوەیە هێشتا ساڵی 1517 بە کۆتا نەگەیشتبوو، کە ئیسپانیا بەسەر ئەمریکادا زاڵ بوو،وە ژمارەی خەڵکی ئیسپانیا لە جیهانی تازەدا گەیشتە 175هەزار کەس"32هەزار خێزانی ئیسپانی".

ئیمپراتۆریەتی ئیسپانیا لە جیهانی تازەدا، پێکهاتبوولە دوو ناوچەی کارگێڕیو هەر ناوچەیەو حاکمێکی گشتی بەسەریدا زاڵ بوو. حاکمی گشتی یەکەم ناوەندەکەی کوبا بوو، لەوێشەوە فەرمانڕەوایی دورگەکانی کاریبیو مەکسیكو ئەمریکای ناوەڕاستو بەشی باکوری ئەمریکای باشوری دەکرد. بەلام حاکمی گشتی دووەمفەرمانڕەوایی پیرۆو شیللیو ئەرجەنتینو ئیکوادۆری دەکرد. دەستەو کۆمەڵە ئاینیەکانیش هەڵدەستان بە پەخشان کردنی ئاینی مەسیحی لەناو بتپەرستەکان. لە ساڵی 1542 ئیسپانیا باڵی بەسەر دورگەی فلیپیندا کێشاو شاری مانیللای دروستکرد، کەە دواتر لە ساڵی 1571 بوو بە پایتەختی ئەم ولاتە، هەروەها خەڵکی ڕەسەنی ئەم ناوچەیە وەك چۆن ئاینی مەسیحیان قبوڵکردو باوەڕیان پێهێنا، بەهەمانشێوە زمانی ئیسپانیایان کردە زمانی خۆیانو ئەم زمانەبووبە زمانی ڕەسەنی ناوچەکە.

ئەم سامانەی لە جیهانی تازەوە بۆ ئیسپانیا دەچوو کەمبوو، ئەگەر بێتوو بەراوردی بکەین لەگەڵ ئەو سامانەی کە لەبازرگانی خۆر هەڵاتەوە بۆ پرتوگال دەڕۆیی. هەر لەبەرئەوە ئیسپانیا دەیویست پرتوگال بخاتە پاڵخۆی. جا کاتێك لە ساڵی 1580 پادشای پرتوگال کۆتایی بە ژیانی هات، فلیپی پادشای ئیسپانیا بوو بە پادشای پرتوگالیش واتا یەکانگیری لە نێوان ئیسپانیاو پرتوگال دروستبوو. ئیمپراتۆریەتی بازرگانی پرتوگالو ئیمپراتۆریەتی داگیرکاری ئیسپانیا بوون بەیەك.بەڵام ئەم یەککرتنە زۆری نەخایاندو دوای شەست ساڵ لەم یەککرتنە پرتوگال جیابوویەوە. وەلێ ئەم ئیمپراتۆریەتە لەماوەی یەککرتنیدا لەبری سودو کەڵك وەرگرتن زیانی بەرکەوت،بەتایبەت بەهۆی ئەوەی کە وڵاتە ئەورورپیەکان لە دژی ئسپانیاو پرتوگال هاتنە ناو ململانێی داگیرکاری. کەشتیەکانی هۆڵندا هێرشیان دەکردە سەر کەشتیەکانی ئیسپانیاو پرتوگالو داگیرگەکانیان، وە بەهۆیەوە زەرەرو زیانی قورسیان پێگەیاندنو داگیرگەکانیان ڕووەو وێرانیبرد. سا کاتێکیش ئەم پێکەوەییە کۆتایی پێ هات، پرتوگال بازرگانیەکەی لەدەستچوو بوو، هەروەك زۆرینەی داگیرگەکانیشی لەدەستدا.

سەرهەڵدانی سەرمایەداری نوێ

"هۆسین" ئابووری ناسی ئینگلیزی لە پێناسەی سەرمایەداریدا دەڵێ:"بریتییە لە ڕێکخستنی کاروبار، لە پانتایەکی بەرفراوان، لەلایەن خاوەن کار یان کۆمەڵێ لە خاوەن کارەکان". ئەوانە خاوەنی زۆرێك لە سامانن، کە بەهۆیەووە ماددەی خاوو ئامێر دەکڕنو کرێکاران بە کرێ دەگرن، بەمەبستی بەرهەمهێنانی بڕێکی زۆرترو زیادکردنی قازانجو

سامانیان[1] .هەروەها زانای ئەڵمانی "ماکسوبیر" دەڵێ:" سەرمایەداری سیستمێکی دێرینە لە مێژوودا ئەگەر بێتو بریتی بێت لە پڕۆژەی گەورە، کە بەهۆیەوە باڵادەستی سەرمایەدار بەسەر سەرچاوەی دارایی گەورە دەستەبەر دەکاتو سامانێکی زۆر بۆ خاوەنەکەی وەبەردێنێ، کە لە ئەنجامی قەرزو پڕۆژەی بازرگانیو جەردەییو دزیو جەنگەوەپەیدا دەبێ. بەڵام سەرمایەداریەت وەك سیتمێکی ئابووری ڕاوەستاوە لەسەر ڕێکخستنو بەکرێ گرتنی کرێکاری ئازاد، لەلایەن سەرمایەدار یان بریکاری سەرمایەدار[1]".

چونکە پێشتر مەبەستی بەرهەمهێنان خۆژیاندن بوو نەوەك زیادبوونی بەرهەمهێنان واتا "ئابوری سروشتی بوو، نەوەك ئابووری کالآیی". هاوکات ئاینی مەسیحیش سوی حەرام کردبوو. بەڵام بەرەبەرە بەهۆی گەشەسەندنی بازرگانی لەنێوان خۆرهەڵاتو خۆرئاواو گەشانەوەی ئەم بازرگانیە لە کاتی جەنگی خاچیدا، گۆڕانکاری ئابووری ئەورووپای گرتەوە. ئەم گۆڕانکاریەش لەسەدەی دە بۆ سەدەی یازدە دەستی پێکرد. ئیدی شارەکان سەریان هەڵداو بەرەو گەشەکردن ڕۆیشتنو داهاتیان دای لە زیادی. حکومەتی نەتەوەییو پادشا ڕەهاکان هانی بازرگانیو خاوەن سامانیان دەداو پارێزگاری تەواویان لێدەکردنو هێمنیو دڵنیاییان بۆ دەستەبەردەکردن.

---

1 J.A. hobson, Erolution of Modern Capitalism(London, 1954)pp. 1

1- Moxweber, protestant Ethics and the spirtof Capitism(Newyork)1950, pp.1

بەمەش چینی ناوەڕاست گەشەیکردو سامانیان زیادی کرد. کە دواتر هەر ئەم سامانەیان لە پڕۆژەی پڕبەرهەم دەخستەکار. هێشتا سەدەی شازدە تێنەپەڕی بوو، سیستەمی دەرەبەگیو سەندیکاکان بەرەو لەناوچوونو هەڵوەشانەوەیەکی گەورە ڕۆیشتن. خاوەن موڵك داوای دراوی دەکرد لەبری پیدانی بەشەشمەك. سەندیکای بازرگانو پیشسازان توشی کێبڕکێیەکی بەهێز بوون لەگەڵ سارمایەدارەکانی دەرەوەی سەندیکا. ژمارەیەکی زۆر لە شوێنکەوتەکتنیان بوونە کرێکار لای سەرمایەدارانی دەرەوەی سەندیکا. هەندێ لە سەندیکاکان هەلیان قۆستەوە بۆ زیادکردنی سەروەتو سامانیانو هەستان بە بەکارهێنانی شاگردەکانیان بە بەکارهێنانێکی خراپو نەشیاو.

سەرمایەدارانو خانەکانی سامان"بیوت الّموال"و دارایی هەڵدەستانبە پێدانی قەرز بە بازرگانو خاوەن پڕۆژەکان، کە ئەوانە پێویستیان بە خەرجی هەبوو، قەرز پێدانیشیان لە بەرامبەر قازانجێکی زۆرو بێ ویژدانانە بوو. هەروەها خانەدانو خاوەن زەویە گەورەکان لە شارەکاندا نیشتەجێ بوونو دارایی خۆیان لە پڕۆژەی جۆراوجۆرادا لە بازرگانیو پیشەسازی وەبەردێنا. لەملاشەوە کارمەندانی دەوڵەتو پیاوانی ئاینی پۆستەکانی خۆیان بەکاردەهێنا بۆ بەدەستهێنانی سامانو وەسەریەکنانی سەرمایە. بەم شێوەیە بازرگانی فراوان بوو، نرخی زەوی بەرەو بەرزبوونەوە ڕۆیشتو سەروەتو سامان پەرەی سەندو سەرمایەداری هاتە گۆڕێ[1].

---

1 Hosbon, op. Cit; 3-24.

بازرگانی ئیتاڵیا وبنەماڵەی میدیتچی:-

شارە ئیتاڵیەکان یەکەم شارانێك بوون لەناو شارە ئەوروپیەکان کە دەستیان بەبازرگانی کرد لەگەڵ خۆرهەلاّت وناوەندی بازرگانیان لە هەریەکە لە:ئەسکەندەریەو کەنارەکانی سوریاو لوبنان و ئاسیای بچوك دامەزراند. ئەم بازرگانیەش لەکاتی جەنگی خاچی و پاش جەنگەکەش فراوانبوون وگەشەسەندنی بەخۆیەوەبینی.

سەرمایەداریەت پەرەی سەند، بەتایبەت لەشارەکانی جەنەواو ڤینیسیاو فلۆرەنسا. خانەی سامان و دراو وەك پێداویستیەکی ئەو ڕۆژگارە سەریهەڵداو دواتر بەتێپەڕینی کات بوون بەبانك. خاوەنی ئەم بانکانە لە بەرامبەر قازانجێکی زۆرداقەرزیان دەدایە میرو پاشاو پاپاو بازرگان و خاوەن پرۆژەگەورەکان، بەمەش قازانجی زۆریان وەچنگ دەخست وسەرمایەیان بەگەشەسەندێکی گەورە گەشەی دەسەند.

بنەماڵەی میدتچی کە لە فلۆرەنسا نیشتەجێ بوون، یەکێ بوون لەوانەی خاوەنی خانەی سامان ودراو بوون و لەسەدەی شازدەدا بوون بە یەکێ لەگەورەترین خاوەن بانکەکانی ئەوروپا. ئەم بنەماڵەیە لە سەندیکایەکی بچوکەوەلەسەدەی چواردەدا گەشەی کردو بووبە یەکێ لەگەورەبنەماڵە دەوڵەمەندەکانی ئەوروپاو لەهەردوو سەدەی پازدەو شازدە دەسەلاّت و نفوزیان ڕووەو زیادبوون دەڕۆی. ئەم بنەماڵەیە بووبە خاوەنی چەند بانك و صیرفەیەك، کە قەرزیان دەبەخشی بەپاشاو میرو دەوڵەتانی ئەوروپا. سەروەت وسامانی خۆیان لەپرۆژەی گەورە لەناوەو دەرەوەی کیشوەری

ئـەوروپادا خـستبووەگەڕ، وەبـۆ بانکـەکانیان چـەندین لقیـان لەشـارە هـەرە گرنگەکانی ئەوروپا دامەزراندبوو بەتایبەت لەناوەندە بازرگانیەکان. دەتوانین ئەم بنەماڵەیە وەك نمونەی سەرمایەداری نویّ سەیر بکەین.

سەرمایەداری و پەرەسەندنی ئەوروپا:-

سـەرمایەداریەت بـەم شێوەیەگەشـەی نەدەسـەند، ئەگـەر تـەنها پـشتی بەئـەوروپا بەسـتبوایە. چـونکە زۆر لەسەرچـاوەکانی سـەروەت وسـامان لەئـەوروپادا بـوونی نـەبوو. لەڕاسـتیدا سـەرمایەداریەت لەئـەنجامی بازرگـانی خۆرهەڵاتو دۆزینەوە جوگرافیەکانو سازبوونی پەیوەندی ئەوروپا بە ئاسیاو ئەفریقاو ئەمریکا، پاشان زاڵ بوونی ئەوروپا بەسـەریانداو خـستنەگەڕی ئـەم ناوچانە لەلایەن ئەوروپیەکانەوە گەشـەی سـەند. چـونکە هـەر سەرچـاوەیەك لای خۆیان کەم بوایە، ئەوان لەناوچـەکانی تـر هاوردەیـان دەکـرد بۆخۆیـان. هەروەها بۆ دەرکردنی دراو، زێڕو زیوی ناوچە دۆزراوەکانیان بە تاڵان دەبرد. ئـەوەش دەزانـین کـە دراو کۆڵەگـەی گەشەسـەندنی سـەرمایەداریەتە. ئەوروپیەکان سەرچاوەی سامانی سروشتیو ماددەی بە نرخیان لـە هەریەکـە لە ئەمریکاو ئاسیاو ئەفریقیا بەدەستهێنا، ئەم بەدەستهێنانەش بـە جۆرەهـا ڕێگـەی وەك دزیو ڕاوو ڕووت دەسـتەبەرکرا. ئـەم کـارە قێزەونـە زیـاتر لـە دۆزەرەوە ئیسپانیەکان ڕەنگـی دەدایـەوە کـە لـە مەکسیكو پـیرۆ و هینـدی خۆرهـەڵات پیادەیـان دەکـرد، هـەروەها لـە ڕێـی چـەتەگەریو سـەپاندنی سەرانەو باج بەسـەر دانیـشتوانی داگیرگـەکان بەدەسـتیاندەهێنا، بازرگـانیو

کۆیلەو ڕژێمی کۆیلەگەریش لەلایەکی ترەوە ئەوەندەی تر قازانجی زۆری خستە سەر سامانی ئەوروپیەکان.

لە ڕاستیدا سیستەمی کۆیلەگەری لە ماوەیەکی زووەوە کۆتایی پێ هاتبوو و سیستەمی کۆیلەی زەوی جێگەی گرتبوٚوە. ئەم سیستەمەش (کۆیلەی زەوی)ی لە ئینگلترا هەندێ ناوچەکانی ئەورووپای خۆرئاوا توایەوە، تاوەکو سەدەی شازدە لە زۆربەی زۆری ناوچەکانی ئەورووپای خۆرئاوادا کۆتایی پێهات. بەلاّم لە ئەورووپای خۆرهەلاّت سیستەمی کۆیلەی زەوی مایەوە تاکو سەدەی نۆزدە. خەلّکی ئەوروپا لەگەلّ ئەو هەژارییەی کە تیای دابوون، بەلاّم توانیان بەهرەمەندبن لەو ئازادییە تایبەتییەی کە بەدەستیانهێنابوو.

کاتێك ئەوروپیەکان هەستان بە دۆزینەوە جوگرافیەکان، لەسەریان گران و زەحمەت بوو لە ناوچەکانی هێلّی یەکسانی و خولگەیی کاری کشتوکالّی ئەنجام بدەن، لەبەرئەوە هیندییە سورەکانیان خستەکار لە کارگەو کێلّگەو هەموو ئەو کارانەی کە جەستەی مرۆڤ شەکەت و ماندو دەکەن.

ئیدی لە ئەنجامی ئەمەدا خەریك بوو هیندیە سورەکان لە کیشوەری ئەمریکادا قڕانیان تێبکەوێت و قەلاچۆبن، چونکە هیندیەسورەکان کاری لەم جۆرە قورس و ماندوکارەیان بۆ نەدەکرا کە ئەوروپیەکان پێیان ئەنجام دەدان، "فێری ئەم کارە قورسانە نەبوو بوون". ئەمەش وایکرد مرۆگەرەکان دەنگی خۆیان بەرز بکەنەوە لە دژی ئەم کارە دڕندانەیە کە مرۆڤی پیادەی

دەكات لە دژی برا مرۆڤەكەی[1]. ئەمەش وایكرد ئیسپانیەكانو پرتوگالیەكان ناچاربن دەست لەمكارە دڕندانەیە هەڵگرن، بەڵام وەنەبێ كارێكی باشتریان هەڵبژاردبێو وازیان لە چەوساندنەوەی مرۆڤهێنابێ. بەڵكو هەستان بە گۆڕینی هیندیەسورەكان بە زنجیەئەفریقیەكان، زنجیەكان یان ئەفریقیەكان لە تێڕوانینی ئەواندا گونجاوترن لە هیندیە سورەكان بۆ سەرجەم كارەكان. ئیدی هەستان بە دامەزراندنی چەند ناوەندێكی گرنگ لەسەر كەنارەكانی ئەفریقیا بۆ ڕاوكردنی زنجیەكان. حكومەتی ئیسپانیا لەساڵی 1517 هەستا بە بەخشینی بەربژاریەك بە یەكێ لە بازرگانە هۆڵندییەكان بۆ ئەنجامدانی بازرگانی كۆیلە، كە ساڵانە 4000 كۆیلەی بەرەو هیندی خۆرئاوا ڕاپێچ دەدا. ئەم بازرگانە هەستا بە فرۆشتنی ئەم بەربژاریە بە بازرگانێكی ئیتالی لە جەنەوا، ئەمیش كۆیلەی لە پرتوگالیەكان دەكڕیو بە ئیسپانیەكانی

---

1 ئەوروپا هەتا ئەمڕۆش وازی نەهێناوە لە كوشتنو برسی كردنی گەلانی جیهانو بە كۆیلە كردنیان. ئەگەر پێشتر بەناوی پەیامی پیاوی سپیو بردنی شارستانیەت جیهانیان داگیر دەكرد. ئەمڕۆش لەژێرناوی هەناردەكردنی دیموكراسیەت وڵاتان داگیر دەكەن ودانیشتوانەكەی دەكەن بەكۆیلە. هەر لەدەرنجامی ئەوەش بوو كە دوو جەنگی جیهانیان هەڵگیرساندو دەیان ملیۆن مرۆڤیان كردە قوربانی. هەموویشی لەژێرناوی دیموكراسیەت ئەنجام دەدەن. لەهەموویشی سەیرتر ئەوەیە چەكی ئەتۆمی بەرهەم دێننو دوای پاراستنی مافی مرۆڤیش دەكەن" لەڕاستیدا ئەوان ئەوە دووپات دەكەنەوە كە ئەگەر لە سیاسەتیاندا بەرژەوەندیو ئەخلاق لەگەل یەك تەبابوون ئەوە ئامادەن پابەند بن بە ئەخلاقی مرۆیی، خۆئەگەر بەرژەوەندیو ئەخلاق دژی یەكتر بوون لەسیاسەتدا ئەوا پشت لە ئەخلاق دەكەنو دەست بە بەرژەوەندیەكانیان دەگرن" هەروەك ئەمە لە هێرۆشیماو ناكازاكی ڕوویدا كاتێ بەرژەوەندیو بەكارنەهێنانی بۆمبی ئەتۆمی بووبە ئەم دوو ڕێگەیەی كە پێویست بوو لایەك هەڵبژێرن، هاویشتنی بۆمبی ئەتۆمیان هەڵبژاردو ئەخلاقیان وەلانا. "وەرگێڕ"

دەفرۆشت لە ئەمریکا. بەم شێوەیە بازرگانی کۆیلە لە نێوان ئەفریقاو ئەمریکا بوو بە دامەزراوەیەکی ڕێکخراوو دانپێداهێنراو لەلایەن ئەوروپییەکان. ئیدی بەهۆی ئەمەوە بە هەزاران کۆیلە بەبێ ڕۆژانەو کرێ کاریان دەکرد لە کێڵگەکان.

سەرهەڵدانی سەرمایەداری لە ئیسپانیاو پرتوگال:-

شتێکی چاوەڕوانکراوە کە ئیسپانیاو پرتوگال قازانجبکەن لە بازرگانی خۆرهەلاتو بازرگانی کۆیلەو داگیرگەکانی ئەمریکا. بەلام لە ڕاستیدا گەلی ئیسپانی نەیتوانی سود لەم سامانە ببینێ کە لە ئەمریکا وە ڕێچکەی گرتبوو بەرەو ولاتەکەیان. جوتیارو خانەدانی ئیسپانی لەسەر زەویو کێڵگەکانیان مانەوەو بەرهەمیان دەستدەکەوت لە بەروبومی کشتوکاڵو ئاژەڵداری، یاخود بەرهەمو دەستکەوتەکانیان چنگ دەکەوت بەهۆی ناردنە دەرەوەی خوری بۆ پیشەسازیە قوماشە خوریەکانی فلاندروز. ئەو کەمینیەی کە سودیان بینی بریتی بوون لە پاشای ئیسپانیاو پرتوگالو دەستو پێوەندەکانیانو بازرگانانو هەندێ لە خانەدانان. ئەوانە توانیان ناوەندی بازرگانی دابمەزرێنن لە ئیشبیلیەو لیشبۆنە، کە هەر لەوێشدا سامانی ئەمریکاو بازرگانی خۆرهەلات کەڵەکە ببوو، لەوێشەوە دەڕۆیشتە ولاتە ئەوروپیەکان. بەمە ئەم دوو شارە جێگەو شوێنی ڤینیسیا وجەنەوایان گرتەوە. ئیمپراتۆر چارلسی پێنجەم دەرگەی ئاوەلا کرد بۆ بازرگانانی ئەڵمانو هۆڵندا کە سامانیان وەبەربێنن لە پرۆژەی زەبەلاح لە ئیسپانیاو ئەمریکا. سامانو قازانج لە ئیسپانیاوە گوازرایەوە بۆ زەویە نزمەکانو شاری "ئەنتۆریب" بوو بە

پایتەختی بازرگانیو سەرمایەداریەتی ئەوروپی. ئەوانە قازانجو سودیان پێبڕا لە بازرگانیو سامانی ئیسپانیو پرتوگالی، کە یەکەم جار خاوەن سامانو بازرگانی ئیتالیەکان بوون. لەم نێوانەدا بنەماڵەی میدتچی ئیتالی بریکاریان لە مەدریدو لیشبونەدا هەبوو. بەلاّم لە ماوەی یەکەمو دووەمی سەدەی شازدە ئەڵمانیو هۆڵەندیەکان لە گۆڕەپانی صیرفەو وەبەرهێنانی سەروەتو سامانی ئیسپانیو پرتوگالی کە لە خۆرهەلاّتو جیهانی نویّ وە دەهات کێبڕکێیان دەکرد لەگەڵ ئیتاڵیەکان.

کایەی بازرگانی ئیتالی توشی داڕمانو هەرەسهێنان هات بەهۆی زاڵ بوونی عوسمانیەکان بەسەر دەریای ناوەڕاستو پەیدابوونو بەکارهێنانی ڕێگەی نویّ بۆ ئەمریکا یان ڕێگەی لوتکەی ئاوات بۆ خۆرهەلاّت لەلایەن ئەوروپیەکانەوە، بەمەبەستی دەستکەوتنی کەلوپەلی خۆرهەلاّتیو هاوردەی ئەمریکی. بازرگانی ئەوروپیەکان بەرەو ئیشبیلیەو لیشبۆنە ڕوووی وەرچەرخاند. تێکچونی بازرگانی ئیتالیو تێکچونی پیشەسازی بووە هۆی تێکچوونو هەرەسهێنانی سیستەمی ئالۆوێری ئیتالی. بالاّدەستی سەروەتو دارایی لە بانکی ئیتالیەوە گوازرایەوە بۆ ئەڵمانیو هۆڵندیەکان. ئەمانە بەهۆی یەکگرتنی سیاسی نێوان ئەڵمانیاو ئیسپانیاو زەویە نزمەکان لە ژێربالّی ئیمپراتۆر چارلسی پێنجەم، بوونە پێشەنگی فراوانبوونی ئابووری ئەوروپیو سودی گەورەیان بینی بۆ بەهێزکردنی ئابوریان.

بنەماڵەی ڤیگوری سەرمایەداری:-

بەڕاستی بنەماڵەی ڤیگور ڕونترین نمونەی سەرمایەداری ئەڵمانیایە. ئەم خانەوادەیە بنەماڵەیەکی جولاّبوون لە شاری ئۆکسبرکی ئەڵمانیا. ڤیگور توانی ببێ بە ڕابەری سەندیکای بازرگانیو پیشەسازی شاری ناوبراو. ساکاتێکیش لە ساڵی 1408 لە دونیا دەرچوو بڕی 300 جنیەی زێڕی جێهێشت. بواری فراوانکردنی سەروەتو سامان بۆ کوڕەکەی ڕەخسا. ئەوەبوو لە سەدەی پازدە لە ژێر چاودێری خۆی "یعقوب ڤیگور" هەستا بە وەبەرهێنانی کارگە زیوەکانی لە تروپل مس لە هەنگاریا. شایەنی باسە یعقوب ڤیگور لە ڤینیسیا فێری ئەم پیشەیە بوو. جگە لەمە بازرگانی دەکرد بە خوریو ئاوریشمو بەهارات لەگەڵ هەموو بەشەکانی ئەوروپا. سامانی ئەم بنەماڵەیە لە کۆتایی سەدەی پازدە گەیشتە 200 هەزار جینەی زێڕ. ئەوان قەرزیان دەبەخشی بە پاپاو ئیمپراتۆر چارلسی پێنجەم. سامانی ئەم بنەماڵەیە بەشێوەیەك زیادی کرد کە لە ساڵی 1527خاوەنی یەك ملیۆن جینەی زێڕبوون. بەلاّم ئەم سامانە هەروا زیادی نەکرد، بەڵکو لە ناوەڕاستی سەدەی شازدە دای لەکەمیو لاوازی تێکەوت.

بایەخی ئەنتۆریب

بنەماڵەی ڤیگور تێبینی گوێزرانەوەی ناوەندی بازرگانیان کرد لە ئیتالیاوە بۆ کەنارەکانی زەریای ئەتلەسیو ناوەڕاستی ئەوروپا. لەبەرئەوە لەسەر بەندەری ئەنتۆریب لە زەویە نزمەکان، چەندین لقیان بۆ بانکەکانیان دامەزراند. ئەم بەندەرە ناوەندێکی بازرگانی پڕبایەخ بوو لە ئەوروپا،

بەتایبەت لە کۆتاییەکانی سەدەی پازدە. ئەم بەندەرە جێگای شاری(برجس)ی گرتەوە، کە شارێکی بازرگانی بوو لە فلاندروز. بازرگانی لە ئنتۆریب گەشەی کردو سەروەت‌و داهاتی دای لە زیادی، بەشێوەیەك ئەنتۆریب بوو بە ناوەندێك بۆ بازاڕی دارایی‌و ئالۆیر لە ئەوروپا لە نیوەی یەکەمی سەدەی شازدە. بەهۆی گرنگی ئەنتۆریب لە ڕووی بازرگانی‌و ماڵیەوە، سامانی یعقوب ڤیوگر لە ساڵی1525 خۆی لە یەك ملیۆن جنیەدا بینیەوە. بەهەمان چەشن بنەماڵە سەرمایەدارەکانی تری ئەڵمانیا وەك بنەماڵەی ڤیوگر چەند لقێکیان لەسەر ئەم بەندەرە جیهانیە دامەزراند. بایەخی ئەم بەندەرە گەیشتەڕادەیەك کە بەهەزاران بازرگانی بیانی لە ئەوروپای خۆرهەڵات‌و ئەسکەندەنافیاو باشوری ئەوروپاو خۆرئاوای ئەوروپا تیایدا کۆدەبونەوە.ئەم بەندەرە بازاڕێکی بەڕمێن بوو بۆکاڵاکانی ئینگلتراو پرتوگالیەکانیش بەمەبەستی دەستخستنی ئەوبڕەزێڕەی کەلە ئەڵمانیادەردەهێنرا، ناوەندێکی بازرگانیان بۆ بازرگانی بەهارات لە ئەنتۆریب دامەزراند.گوتراوە: کە ژمارەی ئەو کەشتیانەی باریان بۆ ئەنتۆریب دەبرد لە ڕۆژێکدا 400 کەشتی دەبوون، ئەمەو سەرەڕای ئەوەی بە هەزاران گالیسکەش بار دەکران‌و ڕێگەی وشکانیان تەی دەکرد.

چەندین دامەزراوەی دارایی نویێ لەئەنتۆریب دامەزرا،وەك:ـ بورصە بۆ ئالوێری دراو وەبەرهێنانی سامان، هەروەها دامەزراوەی ڕهن‌و حەواڵەکاری یان دڵنیایی دان لەسەر ژیان ئەو سامانەشی خراوەتە کار بەتایبەت لە هەمبەر شوێنەدوورە دەستە دەریایەکان کە مەترسیداربوون. میرو پاشاو

دەلاڵە"جامباز"[1] کان پارەیان قەرز دەرکرد لە بورصەی ئەنتۆریب. بەم چەشنە بە تێپەڕینی نیوەی سەدەی شازدە ئەنتۆریب بوو بە بازاڕێکی بازرگانیو ئاڵوێر، بەشێوەیەك کەنەوەك تەنها لە ئەوروپا بەڵکو لە هەموو جیهان وێنەی نەبوو. وەلێ لەساڵی 1549 ڕەوشەکە گۆڕانکاری بەسەرداهات، بەوەی کە پرتوگالیەکان بەمەبەستی بەدەستهێنانی زێڕی ئەمریکی هەرزان، ناوەندە بازرگانیەکانیان بۆ بەهارات داخست. ئەمەش وایکرد کانە زێڕەکانی ئەڵمانیا نەتوانن وەك جاران بە پێشەنگی بمێننەوەو کێبڕکێی زێڕی ئەمریکی بکەن. بەهەمان شێوە ئەو بازرگانە ئەڵمانیانەی بەهاراتیان لە ئەوروپا دابەشدەکرد ناوەندی خۆیان گواستەوە بۆ لیشبۆنەو ڤینیسیا. ئەمەش کاریگەری دروستکرد لەسەر بازرگانی ئەنتۆریب، بەشێوەیەك ئەنتۆریب نەیتوانی لە نیوەی دووەمدا چالاکی خۆی بگێڕێتەوە وەك چۆن لە نیوەی یەکەمدا هەیبوو.

لەگەڵ هەموو ئەوانەشدا ئەنتۆریب بە دەوڵەمەندی مایەوە، بەڵام چەند هۆکارێکی تر چالاکی بازرگانیو ئاڵوێری ئەنتۆریبیان ئیفیلج کرد. وەك جەنگە بەردەوامەکانی نێوان فەرەنساو ئیمپراتۆر چارلسی پێنجەم، هەروەها ئەو قەرزە کەڵەکەبووانەی کە ئیسپانیا لەسەری بوون، پاشان هەڵوەشانەوەو رەتکردنەوەی ئەوقەرزانە ناوبەناو. یاخود ئیسپانیابەزۆرو بەسوی5٪ قەرزەکانی دەدایەوە. ئەمە لەلایەك لەلایەکی تریشەوە فەرەنساش بەکاری ئیسپانیا هەڵساو ئەوەندەی تر شکستی بە ئابووری ئەنتۆریب هێناو دواتر

---

1 کەسێك لە نێوان چەند کەسێکدا کار بکاتبەعەرەبی(مماسیر)ی پێدەڵێن.

داڕوخانی ئابوریو هەرەسهێنانی بانکەکانی لێکەوتەوە لەپێش کۆتایی هاتنی سەدەی شازدە. شۆڕشی زەویە نزمەکانیش دیسان هۆکارێك بوو بۆ ئەم ڕەوشە، کە لەساڵی 1566 هەڵگیرساو کاری کردە سەر داڕوخانی ئابووری. دزیو ڕاوڕووتی سەربازە ئیسپانیەکانیش لە سەروەتو سامانی شارە هۆڵندیەکان، لەناویشیاندا بەندەری ئەنتۆریب لە ساڵی 1576 هۆکارێکی تری نشوستی هێنانی ئەنتۆریب بوو. هەرچۆنێك بێت ئەنتۆریب توانی وەك ناوەندێکی بازرگانیو سەرمایەداری ئەورووپی بمێنێتەوە لە ماوەیەکی درێژی سەدەی شازدە.

کاریگەری سەمایەدای لەسەر کشتوکاڵو پیشەسازی:-

بەڕاستی سەرمایەداری نوێ لەماوەی سەدەی شازدەدا بەشێوەیەکی لەسەرخۆوهێواش گۆڕانکاری گەورەی هێنا بەسەر دامەزراوەو ڕژێمی کۆمەڵایەتیو شێوەی کۆمەڵگەی ئەورووپی. دامەزراوە دەرەبەگایەتیەکان بەرەبەرە ئەستێرەیان ئاوا دەبوو(کۆتایی پێدەهات)، سەندیکاکانیشیان ڕووەو نەمان ملیاندەنا یاخود گۆڕانی بەسەردا دەهات. بەڵام ئەگەر گۆڕانکاریەکان لەسەرەتای سەدەکان بەرەبەرەبووبێ ئەوا لەکۆتاییەکەیدا بووبە گۆڕانێکی شۆڕش ئاسا. سەرمایەداری نوێ گورزێکی کوشندەو گورچکبڕی لە ڕژێمی دەرەبەگیو کشتوکاڵی دا. خانەدانەزلەکان کەتاوەکو ئەوکاتیش بەهرەمەنددەبوون لەداهاتی گەورەی زەویەکانیان، لەم کاتەدا خۆیان خزاند بووە شارەکانو بە بازرگانیەوە خۆیان سەرقاڵکردبوو، زەویەکانیشیانبە پارەیەکی زۆر بەکرێ دابوو داهاتیشیان لە بازرگانیدا بەکار

دەهێنا وخۆشیان ببونە خاوەنی موڵکی غائیب. هاوکات جوتیارانیشببوونە کرێکاری کشتوکاڵیو بەڕۆژانە کاریان دەکرد. هەروەها جوتیاران هەندێ لە سامانی خۆیان لەگەڵ گەشەپێدانی کشتوکاڵیدا بەکاردەهێنا. ئەمەش بە خستنە کاری چەند ئامێرێکی نوێی وەك هەوجار"کە ژمارەیەك ئاژەڵ ڕایاندەکێشا". بەلاّم هەندێ لە خانەدانەداکان زەویەکانیان دەکردە پەرژینو تیایدا مەڕیان بەخێو دەکرد، خۆشیان بە بازرگانی خوری خەریك دەکرد. کە هەر ئەم بازرگانیە پڕ قازانجو بەرمێنە هاندەری سەرەکی بوو بۆ سەرهەڵدانی پڕۆسەی پەرژین لە ئینگلترا. سەبارەت بەپیشەسازی سارمایەداری نوێ دەتوانین بلێین: کە سەرمایەداری نوێ سەندیکاکانی لەباربرد. ئەم سەندیکایانە لەسەرەتای سەدەی شازدەوە لەداڕوخانو هەرەسهێناندابوون، ئەمەش بەهۆی ئەوەی لەسنورێکی بەر تەسکدابوونو دەسەلاّتێکی ئەوتۆیاننەبوو کە بەهۆیەوە بتوانن ڕوبەڕووی خواستو خستنەڕووی جیهانی ببنەوە کە لەسەر شتومەکە پیشەسازیەکان هەبوو.

کەرتی تایبەت لە پیشەسازیدا سەریهەڵدا، بەمەبەستی دروستکردنی کەلوپەلی خواست لەسەربە کرێیەکی دیاریکراو. ئەمەش خۆی دەبینیەوە لە هەستانی سەرمایەدار بە کڕینی ماددەی خاوو دابەشکردنی ماددە خاوەکە بەسەر پیشەوەرەکاندابە مەبەستی دروستکردنی کەلوپەلو دواتر فرۆشتنی بەرهەمەکان بەنرخێکی بەرز. بەگوێرەی ئەم سیستەمە سەرمایەدارییە دەتوانرێ ژمارەیەکی زۆر لە پیشەوەران لەبەرامبەرکرێیەکی دیاریکراوو کەم لە پیشەی جیاوازدا کۆبکرێنەوەو پاشان ماددەی خاوی جۆربەجۆریان بەسەردا دابەشبکرێت.بۆ نمونە خوری دەدرایە جۆلاّ، ئاسن

بەئاسنگەر،پیستە بۆ کەوش ساز. پاشئەمە سەرمایەدار سەرجەم ئەم کەلوپەلە سازکراوانەی کۆدەکردەوەو بە قازانجێکی زۆر دەیفرۆشتەوە. سەرمایەدار پابەند نەبوو بەهیچ یاساکی سەندیکا چونکە هیچ لایەنگری بۆ ئەو نەبووەو شوێنکەوتەی نەبوو، بەڵکو ئەو مەبەستی کۆکردنەوەی سامانێکی زۆر بوو کە بە ڕێگەیەکی نوێو لەسەر بنەمای بەرهەمهێنان لە بوارێکی بەرفراوان دەهاتە دەستی.

لە دەرەنجامی ئەمانەدا جیاوازییەکی گەورە دروستبوو لەنێوان خاوەن کارو کرێکار. پەیوەندی سۆزو بەزەیی لە نێوان سەرمایەدارو کرێکاردا نەماو کێبڕکێیەکی توند لەنێوان سەرمایەدارو کرێکار سەریهەڵدا. سەندیکاکان نەیانتوانی کێبڕکێیەکی سارمایەداری نوێ بکەن لە پیشەسازیدا. بۆیە سەندیکاکان دوو ڕێگەیان لە بەردەم بوو، یان ئەوەتا خۆیان خستبوایە نێو ئەم کێبڕکێیە لەگەڵ سەمایەداران، یاخود دەبوو سەرمایەدار بە ئەندامی سەندیکا پەسند بکەن، لەم کاتەشدا سەرمایەدار هەڵدەستا بە ڕێکخستنی سەندیکا بە گوێرەی سیستەمی تازە. لە هەندێ بارودۆخیشدا سەندیکا مایەوەو لەگەڵ سەرمایەدار سەرقاڵ بوو. کرێکاریش لە کاردا لە بەرامبەر کرێیەکی دیاریکراو کە لەسەری ڕێککەوتبوون لە ژێر سایەی کەرتی تایبەتیدا کاری دەکرد.

ڕێباز"مەزهەب"ی بازرگانی:-

مەبەست لە ڕێباز"مەزهەب"یبازرگانی، ڕێکخستنی کاروباری ئابووریە لەلایەن حکومەتەوە لە بورای پیشەسازیو بازرگانیدا. بەڵام لەسەدەی شازدە هیچ شتێکی لەم شێوەیە نەبوو، کاتێ دەبینین شارە ئیتالیەکان چەندین سەدە ئەرکی باری ئابووریان ڕێکدەخستو سەرپەرشتیان دەکرد. بە

هەمانشێوەش سەندیکاکانیش ئەم سیاسەتەیان پیادەدەکرد. بەلاّم شتێکی نویٚ کە لەسەدەی شازدەدا سەریهەڵدا، بریتی بوو لە فراوانی ئەم سیاسەتەو پیادەکردنی لەلایەن حکومەتە نەتەوەییەکانو پاشایە ڕەهاکان، بەتایبەت لە سەدەی دواتردا ئەمە باشتر ڕەنگی دایەوە. ڕێبازی بازرگانی پێداگری دەکرد لەسەر زێڕو زیو، بەوەی کە کۆڵەگەی سەروەتو سامانە بۆ دەوڵەتو خەڵك، بۆیە پێویستە بڕێکی زۆر لە زێڕو زیو پەیدابکریٚو لە گەنجینەی دەوڵەتو لەلای خەڵك بوونی هەبێت. چونکە ئەمە شانو شکۆی دەوڵەت زیاد دەکاتو توانای پێدەداتو هۆکارێکە بۆ بلاّوکردنەوەی خۆشنودیو هێمنیو ئاسایش لە ولاّتدا. زێڕو زیو دوو ماددەی سەرەکین لە لێدانی "دراو"دا کە یەکەی سەرەکی ئالوێرە. هەروەها هۆکاری پێدانی موچەی فەرمانبەرانەو هۆی هەڵسان بە پرۆژەی ئابووریو دامەزراندنی سوپای هەمیشەییو بەهێزکردنی سوپاو بنیاتنانی کەشیگەلی جەنگی بۆ پارێزگاری لە ولاّت. جا زۆرو کەمی ئەو دوو ماددەیە لە هەموو ئەو بوارانەدا دەوردەبینیٚ. ناتوانریٚ پارێزگاری لە سامانی نەتەوەیی بکریٚ بەبیٚ ئەوەی دەوڵەت بازرگانیو پیشەسازی ولاّت ڕێکنەخاتو سەرپەرشتی بازاڕ نەکاتو برەو بە پیشەسازی ناوخۆ نەدات. ئەم برەودانەش بەباج خستنەسەر شتومەکی هاوردە دەبیٚ، چونکە شتومەکی هاوردە کێبڕکیٚ دەکات لەگەڵ بەرهەمی ناوخۆ. هەروەها یارمەتیدانو هاندانی کەشتی ناوخۆ(نیشتمانی) بۆ هێنانی کەلوپەلو بەکارنەهێنانی کەشتی بیانی و، دامەزراندنی داگیرگە بۆ زیادکردنی ماددەی خاو لە ولاّت بە مەبەستیٚنەکڕینی ئەو ماددانە لە ولاّتە بیانیەکانو فرۆشتنی

کاڵای بەرهەمهێنراو لە داگیرگەکاندا لەوانە بوون کە ڕێبازی بازرگانی جەختی لەسەر دەکردەوە. ئیدی بەمانە سەروەتو سامانی وڵات زیاد دەکاتو کۆسپ دروستدەبێ لەبەردەم دەرچونی کانزای بەنرخ(زێڕو زیو) بۆ دەرەوەی وڵات. وەبە زیادکرنی ناردەنیو کەمکردنەوەی هاوردە پارێزگاری دەکرێ لە تەرازووی بازرگانیو دراوی نیشتمانیش لە وڵاتدا دەمێنێتەوە.

بەمەبەستی یەکانگیرکردنی ئابووری نیشتمانیو ڕێکخستنی بازاڕی وڵات، ڕێبازی بازرگانی بە پێویستی دەزانی کە گومرگی ناوخۆیی هەڵبگیرێ، هەروەها داوای دەکرد بازرگانی وڵات وەك پایەکی سەرەکی ئابووری وڵات سەیربکرێ لەلایەن دەوڵەتەوەو گرنگی پێبدرێو ڕێکبخرێ ئەمەش لە پێناو (ئیکتیفای زاتی) خۆژیاندنو ئامادەکاری جەنگ.

لایەنگرانی ئەم مەزهەبەپێگریان دەکرد لەسەر داگیرگەکانی ناوچەی یەکسانی، ئەمەش بەهۆی هەبوونی شەکروچاو تەختەو بەرهەمەکانی تر کە لەوێدا هەبوونو لە کیشوەرەکانی تر دەستنەدەکەوتن. هەروەها داوای دەکرد کە ئابووری داگیرگەکان لەگەڵ ئابووری وڵات بکرێتە یەكو بکرێنە بازاڕی ساغکردنەوەی کەلوپەلەکان. ڕێبازی بازرگانی بەهۆی جۆراوجۆری وڵاتەکانو پیادەکردنی ئەم سیاسەتەو بەرژەوەندی چینی دەسەڵاتدارەکان، شێوەی جۆراوجۆری وەرگرت. لە ئینگلترا شێوەی ئابووری لە بەرژەوەندی حکومەت دابوو. حکومەتی ئینگلیز وەڵامدەرەوەی داواکاری خاوەنکارو بازرگانان بوو، بەڵام لەهەڵەداین گەر بڵێین: ئینگلیز ئابووریەکەی لە بەرژەوەندی دەوڵەتدابووە بەگشتی یان لەبەرژەوندی خاوەنکارو بازرگانان

دابوو‌بێ. بەلاّم لە فەرەنسادا ڕێبازی بازرگانی بەمانای سیاسەتی ئابووری ولاّت دەهات. دەولّەت کاروباری ئابووری هەلّدەسوڕاندو بواری بۆ تاکەکەس نەدەرەخساند. خەلّکیش هەستیان کە دەولّەتدەستی بەسەر ئابووری ولاّتدا گرتووە. وەلێ ولاّتانی تریش هەمان ڕێرەوی فەرەنسایان گرتەبەر، کە خۆی دەبینیەوە لە سەرپەرشتیکردنی تەواوی کایەکانی ئابووری ولاّت.

زەویە نزمەکان کە کۆماریێ بوو لە سەدەی حەڤدە، ڕەنگدەرەوەی خاوەنکارەکان بووو ئەوان نوێنەرایەتیان دەکرد. بەرژەوەندی ئەوان لەگەلّ بەرژەوەندی ولاّت هاوڕێکبوو. ئەوان زالّبوون بەسەرسیاسەتی ئابوری ولاّت. ئیسپانیاو پرتوگالیش داگیرگەکانی ئەمریکاو بازرگانی خۆرهەلاّتیان بۆخۆیان قۆرخکردبوو ڕێگریشیاندەکرد لەولاّتە ئەوروپییەکان کەبازرگانی بکەن لەناوەوەی ئیمپراتۆریەتەکەیاندا.ئەمەش وایکرد کە فەڕەنساو ئینگلتراو هۆلّندا پەنابەرنە بەر چەتەگەری دەریایو هێرش کردنە سەر کەشتیەکانی ئیسپانیاو پرتوگال لەناو دەریاداو پاشان بە تالاّن بردنی هەموو ئەو سامانە، بەمەبەستی بەدەستهێنانی کانزا بەنرخەکان. ئەم ولاّتانە هەولّیاندا داگیرگەو ئیمراتۆریەت بۆخۆیان دابمەزرێنن. هەموو ئەمانە وایانکرد بەدرێژایی سەدەی حەڤدەو هەژدە ململانێیەکی توندوتیژ سەرهەلّبدات لەنێوان ئەم دەولّەتانە. دواتر سەریکێشا بۆ لەناوچوونی ئیمپراتۆریەتی ئیسپانیاو پرتوگال.

کاریگەری سەرمایەداری لەسەر کۆمەلّگەی ئەوروپی:-

سەرمایەداری نوێ هانی پاشاو حکومەتە نەتەوەییەکانی دا کە بزاڤی گەڕانو دۆزینەوەکان بە جولّەبخەنو داگیرگە لە پشتەوەی دەریاکاندابمەزرێنن. بازرگانی گۆڕانی بەرچاوی بەخۆیەوە بینی لەڕووی

ئاڕاستەو بەڕێوەبردن و برەکەیەوە "چەندیەتی کەلوپەلی بازرگانی پێوەکراو". بازرگانی لە ئاڕاستەی ڕۆیشتنیدا گۆڕانی بەسەرداهات. ئەمەش خۆی دەبینیەوە لە گوێزرانەوەی ڕێرەوی بازرگانی لە باشوورو باشووری خۆرهەڵاتەوە بۆ خۆرئاوای ئەورووپا. لەدەریای ناوەڕاستەوە بۆ زەریای ئەتلەسی. وە بەڕێوەبردنی بازرگانی دیسان گۆڕانی بەسەرداهات. ئەم گۆڕانەش بریتی بوو لە بەڕێوەبردنی کاری بازرگانی لەلایەن دەوڵەت یان حکومەتە نەتەوەییەکان. چونکە پێشتر دەسەڵاتی شارەکان بە پرۆسەی بازرگانی هەڵدەستان.

هەروەها لە بواری برۆچەندیەتیەوە گۆڕانی بەسەردا هات. لەدوای سەرهەڵدانی سەرمایەداری نوێ، کەشتیەکان گەورەترو تیژڕەوتر بوون و کەلوپەلی جۆراوجۆرو بڕێکی زۆرتری باردەکرد. لەئەنجامی ئەمانەشدا ئەورووپا فراوان بوو سەرمایەداری گەشەی سەند، کەمالیات و فەنتازی ئاسیا خرۆشا وپەلی هاویشت ڕووەو ئەورووپا. پێشوازی ئەورووپیەکان لە هەمبەربەرهەم و ماددەی ئاسیا زۆر گەرم و گوڕبوو، بەتایبەتبەرهەمی وەك: "بەهارات بەهەموو جۆرەکانیەوە، لۆکە، ئاوریشم، شەکر، قاوە، چا، عاج، سەندەڵ، دارو تەختە،...هتد"، کە ئەمانە لەو بەرهەمانە بوون کەلەلای ئەورووپیەکان وەچنگ نەدەکەوت. "زێڕو زیوو توتیا وپەتاتەو کاکاوو داری ماگۆنی-یش" لە ئەفریقا هاوردە دەکرا.ئەورووپیەکانیش لەبەرامبەردا "ئەسپ و مانگاو

میوەی وەك: زەیتون، ترێ، سەوزەوات، زەلی شەکر،میوە مزرەمەنیەکانیان، هەناردە دەکرد بۆ ئەمریکا. سەرەڕای ئەمانەش بەرهەمی پیشەسازی خوریو لۆکەو باروتو دروستکراوە کانزاییو فەخاریەکانیان دەناردە دەرەوە.

بەشی چوارەم

شۆڕش و چاکسازی ئاینی

شۆڕشی ئاینی و چاکسازی نێو ئاین:-

گۆڕانی سیاسیو ئابووریو کۆمەڵایەتی، بوونە هۆی ئەوەی دامەزراوە کۆنەکان نەسازێنو توانای ڕووبەڕووبوونەوەی پێداویستیە تازەکانیان نەمێنێت. ئیدی ستەمو یاخی بوون بڵاوبوویەوەو ئاژاوەو شڵەژاوی هەموو لایەکی گرتبویەوەو بارودۆخ تەواو ناهەموار ببوو. بێ گومان شۆڕش بەبێ وروژاندن ڕونادات، کاتێکیش وەکو بورکان تەقیەوە، تۆڵەی ڕابردو دەکاتەوەو ئەوچارەسەریانە بەدەستدەهێنێ کە بۆ کێشەکانی کۆمەڵگە چارەسەرن.

بەڕاستی سەردەمی شۆڕشو چاکسازی ئاینی سەردەمی ئەو گۆڕانە بەرفراوانە بوو کە سەرجەم لایەنەکانی گرتبۆوە. شۆڕشی ئاینی دەرەنجامی گەلێ هۆکار بوو. سەرەڕای هۆی ئاینی، هەریەکە لە هۆشیاری نەتەوەییو هەڵپەی بنەماڵە پاشایەتیەکانو ناکۆکیەکانیان و، بزوتنەوەی هزریو مرۆگەریو دۆزینەوە جوگرافیەکانو پێشکەوتنی ئابووریو سەرهەڵدانی چینی ناوەڕاستو سەرمایەداریەتی نوێ، لەو هۆکارانە بوون کە لەپاڵ هۆی ئاینی، زەمینیەی شۆڕی ئاینیان خۆش کرد.

خەڵکی هەستیان دەکرد کە گەندەڵیەکی گەورە کڵێسای داپۆشیوە. ئەم گەندەڵیانە گەلێ زۆربوون. خراپەکاری قەشەو پیاوانی ئاینیو سەپاندنی باجی زۆر بەناوی ئاینو دواکەوتوویی تەعالیمی ئاینی بەبەراورد لەگەڵ پێشکەوتووی کۆمەڵگەی ئەوروپی لەنیشانەکانی گەندەڵ بوونی ئەم کڵێسایە

بــوون.هەریەکــە لەمانــە بوونــە هــۆی ئــەوەی خــەڵکی بــیر لــە گــۆڕان بکەنەوەلەسیستەمی ئاینی.

توانجوپلار لە کلێسا دەدرا وەك دامەزراوەیـەکی ئـاینی، نـەوەك لـە دژی هەنـدێ پیـاوی ئـاینی گەنـدەڵکار[1]. لەملاشـەوە مرۆگـەرو ڕۆشـنبیران کـە ڕەخنەیان لەکلێسا دەگرت، خاوەنی یەکیەتی نەبوون، بەڵکو چەندین گروپ‌و کۆمەڵەی جیاجیا بـوون لەکۆمەڵگـەدا. ئەمـە لەکاتێکدا هـەموویان داخـوازی چاکسازی بـوون لــە جـوغزی کلێـسادا. دەسـەڵاتی پادشـاش لــەم کاتــەدا دەسەڵاتێکی بەرفراوان بوو، زۆرجـار بـەبێ لەبەرچـاوگرتنی هەسـت‌و نەسـتی خەڵکی ئەم دەسەڵاتەی بەکاردەهێنا. کلێسا لەم کاتەدا بەشێوەیەك بوو، کـە زۆر لەچـین‌و توێـژەکان بەکۆسـپی سـەر ڕێگـەی خۆیـان دەزانـی. ئـەوەتا: مرۆگەران گازەندەی ئەوەیان لەکلێسا دەکرد، کە لەگەڵ پێشکەوتنی فیکـرو هزردا ناڕوات‌و لەگەڵی هەڵناکات. بەهەمانـشێوە چـینی بۆرجـوازی هەسـتیان دەکرد کە پیاوانی ئاینی دەست لە کاروبـاری ئـابووری‌و زانـستی‌و بوارەکـانی تر وەردەدەن، لەکاتێکدا ئـەم بوارانـە پەیوەنـدی بـە دونیـاوە هەیـە، نـەوەك پەیوەنـدی هـەبێت بـە دام‌و دەزگـای کلێـسا. لـەم لاشـەوە پادشـاو مـیرو خانەدانـەکان ئێرەییـان بـە پاپـاو پیـاوانی ئـاینی دەبـرد، کـاتێ دەیـانبینی خاوەنی ئەم دەسەڵاتە بەرفراوانەن‌و بەهۆیـەوە سـامانێکی زۆر کۆدەکەنـەوە بەناوی باجی "قدیس بترس‌و باجی تەوبەو هاوسـەرگیری.....هتـد"، لـە پـاڵ

1 Louis Gottschalk Europe and Modern World Chicago، 1951، pp. 149-151.

هەمووئەو بەخشش‌و خەڵاتانەش کە بۆیان دێت‌و خەزێنەکانیانی پێ سیخناخ دەکەن.

بەکورتی گشت خەڵکی لەم کاتەدا دەسەڵاتی بەرفراوانی کڵێسایان دەبینی‌و هەستیان دەکرد ئەم دەسەڵاتە لەگەڵ کۆمەڵگەی ئەوروپی ناگونجێ، کاتێك کۆمەڵگەی ئەوروپی ڕووی کردبووە پێکهێنانی حکومەتی نەتەوەیی یەکگرتووی خاوەن سەروەری، کە لایەنگری چەندان دین‌و مەزهەبە[1]. کڵێسای کاسۆلیکیش خاوەنی دەسەڵاتێکە کە سنوری جوگرافی ناناسێ .

کڵێسای کاسۆلیکی لە سەدەکانی ناوەڕاست

کڵێسای کاسۆلیکی لەژێر سایەی ئیمپراتۆریەتی ڕۆمانی سەریهەڵداو لەهەناوی ئەودا گەشەی کرد. پاش ئاوابونی ئەم دەوڵەتە مەزنەش، کڵێسای کاسۆلیکی لەڕۆمادا شوێنی گرتەوە. کڵێسا بە شێوەیەکی هەرەمی ڕێکخرا، کە پاپا لە لوتکەی هەرەمدا بوو لەلایەن ئەنجومەنی کاردیناڵەوە هەڵبژێردرا. ئەوانەشی لەخوار پاپاوە بوون لەپلەی کاردینال دابوون. پاشان سەرۆکی ئوسقوف، ئەمجا قەشە، کە ئەمانە هەڵدەستان بە بەڕێوەبردنی کاروبارەکانی کڵێساو موڵکەکانی. لەبەر ئەوە بە فەرمانبەرانی کڵێسا یاخود مۆزەفە دونیاییەکان ناودەبران. هەروەها بەشێك لەمانە حوکمی هەندێ شارو هەرێمیان دەکرد. چینی ژێرەوەی ئەمانە خزمەتکارانی کڵێسا بوون‌و بریتی

---

1 IB ID.

بوون لـەپیاو وئافرەتـە ڕەبەنـەکان. ئەمانـە وازیـان لـە دونیـا هێنـابوو زیـاتر خەریکی خواپەرستی بوون بۆ ڕۆژی دوایی، یاخود ئامۆژگاری کردنی خەڵکی. هەروەها پێیان دەوتن: پیاوانی ئاینی * . لەمـەوە شـێوازی ڕێکخستنی کڵێسا لەگەڵ ڕێکخستنی ئیمپراتۆری لەیەك دەچوو، کـاتێ دەبیـنین پاپـا هاوشـانی ئیمپراتۆرەو، ئەنجومەنی کاردینال هاوئاستی ئەنجومەنی پیرانە، کە بەرپرس بـوون لـە هەڵبـژاردنی ئیمپراتـۆر، ئەوانەشـی سـەرۆکایەتی ئوسـقوفەکانیان دەکرد، هاوشێوەی دەسەڵاتداری هەرێمەکان بون. لەمەوە ئەوە دەردەکـەوێ کە کڵێسای کاسۆلیکی ویستویەتی شوێنی ئیمپراتۆریـەتی ڕۆمـانی بگرێتـەوە لە سەرجەم لایەنەکاندا.

کڵێسای کاسۆلیکی خاوەنی زەویەکی بەرفراوان بوو لە ئەورووپا، هـەروەها یاسـاو دادگـای تایبـەتی خـۆی هـەبوو، چـاودێری پێکهێنـانی هاوسـەرگیریو مـیراتو ڕاسـپاردەکانی مـردوی دەکـرد. لەملاشـەوە لەڕێگـەی فەرمانبـەرانی

-* پلەو پایەکانی کڵێسا بەم شێوەیە بوو: 1 پاپا گەورەی هەموو مەسیحیەکان بـوو.2-کاردینـاڵ سەرۆکی چەند کڵێسایەك بـوو لەهەرێمێکدا، وە لەهەڵبژاردنی پاپـا بـەژداری دەکـرد. 3-ئوسـقف سەرۆکی چەند کڵێسایەك بوو لە ناوچەیەکداو لەخوار کاردینالەوە بوو.4-قەشە سەرۆکی کڵێسایەك بوو.5- خزمەتکارانی کڵێسا خۆیان تەرخان کردبوو بۆ دوارۆژ. جائەوەی جێگەی سـەرنجە ئەوەیـە کـە ئـافرەت بـۆی نـەبوو بگاتـە پلـەو پایـەکانی کڵێسا جگەلـە پلـەی پێنجـەم نـەبێت، واتـا چـوار پۆستەکانی تر تایبەت بوون بە پیاوان، هەربۆیـە لەئـەوروپادا بـە کەسـێکی ئاینیـان دەوت: پیـاوی ئاینی. لەناو ئێمەشدا ئەم دەستەواژەیە "پیاوانی ئاینی" بەهەڵە بەکاردەهێنرێ لەهەمبـەر زانایـانی ئـاینی دا، چـونکە لـەئاینی ئیسلامدا ئـافرەتو پیـاو وەك یـەك دەتـوانن خۆیـان پرزانسـت بکـەنو هەرکامیان زانابێت دەتوانێ فەتوا بدات. پێشم وایە بەکارهێنانی ئەم دەستەواژەیە هەڵەیـە، کاتێـك دەبێتە هۆی تایبەت کردنی زانستە شەرعیەکان بەپیاوان. وەرگێڕ

کڵێساوە سەرپەرشتی قوتابخانەکان و زانکۆو پەناگەو نەخۆشخانەکانیان دەکرد. لە هەموو ئەمانەشدا کڵێسا سودمەند بوو لە دەسەڵاتێکی سیاسی مەزن، کە بەهۆیەوە باجی بەسەر خەڵکدا دەسەپاندو دەستی لە کاروباری دەوڵەت وەردەدا. لە خۆرئاوادا پاپا سەرۆکی کڵێسای کاسۆلیکی بوو، سەرۆکی ئەنجومەنی کاردینالْ بوو. ئەم ئەنجومەنە پێکهاتبوو لە گەورەپیاوە ئاینیەکانی کاسۆلیکی.

کتێبی پیرۆز بەشێوەیەك پارێزگاری لێدەکرا، کە لە توانای هیچ پاپاو ئەنجومەنێك دانەبوو، دەقێك لەدەقەکانی کتێبی پیرۆز یان دەقێکی پەرتوکی قدیسە پێشینەکان دەستکاری بکات، وە هیچ کات نەیاندەتوانی یاسایەك دابڕێژن کە لەگەڵ دەقێکی ئینجیل پێچەوانە بێت.

هەوڵەکانی کۆتکردنی دەسەڵاتی پاپا:ـ

لەسەرەتای سەدەی پازدە هەندێ لەپیاوانی ئاینی شانبەشانی هەندێ لەڕۆشنبیران هەستان بە سازدانی جوڵانەوەیەك بەمەبەستی کۆتکردنی دەسەڵاتی پاپاو زیادکردنی دەسەڵاتی ئەنجومەن، بەشێوەیەك کە ئەنجومەن سەرچاوەی یاسادانان بێت لەجیاتی پاپا. هەردوو کۆنگرەی کونستانس 1414–1418، گوزارشت بوون لەو هەوڵانەی کە دەدران بۆ ئەوەی کڵێسا زیاتر بە دیموکراتیزە بکرێت. بەڵام پاپا لەدژی هەموو ئەو هەوڵانە وەستا کە دەبوونە هۆی کۆتکردنی دەسەڵاتەکەی. لە کۆنگرەی سێیەمیش کە لەفلۆرەنسا بەسترا لەساڵانی 1438–1442 ئەندامانی کۆنگرە ناڕەزاییان

دەربڕی، وەلێ سەرکەوتنی کۆتایی بۆ پاپا بوو کە پاپا بە ئۆتۆکراتیانە پیادەی دەسەلاتێکی ڕەهای دەکرد.

دەسەلاتەکانی پاپا:ـ

دەسەلاتەکانی پاپا خۆی دەبینیەوە لە :ـ

1- پاپا، بریتیە لە دەسەلاتی هەرەبەرز سەبارەت بە دەرکردنی هەر بڕیارێکی تایبەت بە کلێسا. هەروەها هیچ دەسەلاتێکی ئەوسا نەیدەتوانی مەراسیمەکانی پشتگوێ بخات و هیچ ئەنجومەنێکیش نەیدەتوانی بەبێ ڕەزامەندی ئەو هیچ یاسایەك دابڕێژێت. دەسەلاتی پاپا بەشێوەیەك فراوانبوو کە مەگەر کەسێك سەرپێچییەکی ئاینی ئەنجام دابایە، ئەگینا پاپا دەیتوانی لە هەرکەسێك خۆشبێت گەر گەرەکی بوایە، هەرچەندە تاوانەکەی گەورە بوایە یاخود سەرپێچییەکی گەورەی یاسایی بوایە.

2- پاپا حاکمی هەرە بالای جیهانی کاسۆلیکی بوو، دادگای پاپەوی پێی دەوترا "بیکریا" کەوەك سەرچاوەی هەرە بالا بوو بۆ تەواوی دادگاکانی تر لە جیهانی کاسۆلیکدا.

3- پاپا سەرۆکی بەڕێوەبردن و روحی بوو بۆ کلێسای کاسۆلیکی، هەر ئەویش سەرجەم کارمەندانی گەورەی کلێسای دادەمەزراند و دەیگواستنەوە. ڕەبەنە ئاساییەکان ڕاستەوخۆ بەخۆیەوە پەیوەست بوون. ئەم ڕەبەنانەشی دەنارده کۆشکی پاشاکان بۆ جێبەجێ کردنی کارەکان.

4- هەندێ لەئیمپراتۆرەکانی ئیمپراتۆریەتی ڕۆمانی پیرۆز، وەك:ـ "چارلسی پێنجەم(1529)، شارلمان، ئۆتۆی مەزن...هتد"، بە ڕەزامەندی

پاپا تاجی ئیمپراتۆریان خستە سەر. بەشێکیشیان بەبێ هیچ کارێکی پێش وەخت ڕەزامەندیان بەدەستهێناوەو تاجیان خستۆتە سەر. هەندێ لە ئیمپراتۆرەکانیش، وەك: "هنری چوارەم، فردریکی دووەم، لویسی پاڤاری"، لەلایەن پاپاوە فەرمانی بێ بەری بون (تحریم)یان بۆ دەرکراوە. پاپا وەك پاشایەکی ڕەها لە ڕۆماو دەوروبەری حوکمی دەکردو لە دەسەڵاتی داهەبوو هەر جۆرە یاسایەك ڕەتکاتەوە کە لەگەڵ بەرژەوەندی کڵێسای کاسۆلیکی نەسازێت، جا لە هەر دەوڵەتێ بوایە.

5- پاپا دەسەڵاتێکی دارایی هەبوو دەیتوانی تێچونەکانی کڵێسا بە باجی دەیەكو هەندێ باجی تر کە لەبەرامبەر خزمەتگوزاری ڕۆما وەردەگیرا پڕبکاتەوە. ئەمەو جگە لە باجی قدیس بترس کە لە هەموو خێزانێکی کاسۆلیکی وەردەگیرا.

پەیامی کڵێسای مەسیحی:-

لە تەعالیمەکانی کڵێسای مەسیحیدا هاتووە، هەروەك کڵێساش بانگەشەی بۆ دەکرد بەوەی کە مەبەست لەکڵێسای مەسیحی بەگوێرەی ئاینی مەسیحی ڕزگارکردنی مرۆڤە لە سەرپێچیو سزای تاهەتایی، وە هیچ کەس ڕزگاری نابێت لەو سزایە جگە لە کەسێك کە سەر بە کڵێسای مەسیحی بێت.

لێرەدا پێویستە لێکۆڵینەوەیەك بکەین لەبارەی "لاهوتو نهێنییە پیرۆزەکان"و تاڕادەیەك بیانخەینە بەرباس. "لاهوت" لێکۆڵینەوەو خوێندن بووسەبارەت بە خودا. بریتی بوو لەلێکۆڵینەوە کردن لەبارەی پرسە گرنگەکانی، وەك بۆچی مرۆڤ ئافرێنرا؟ پەیوەندی مرۆڤ چی یە بەخودا؟

چارەنوسی مرۆڤ لە داهاتوودا بەچی دەگات؟ بەناوبانگترین فەیلەسوفی ئەم بوارەش، "توماس ئەکویناس" بوو، کە لە ئینجیلو تەوراتو یاساکانی کڵێساو فەلسەفەی "ئەرستۆتالیس" لێکۆڵینەوەی کردو لەژێر ڕۆشنایی ئەم لێکۆڵینەوانەدا بناغەی ڕەوشتی بۆ کڵێسا دانا.

نهێنیە پیرۆزەکانیش بەشێبوون لەلاهوتو تاکە هۆکاری ڕزگاری مرۆڤ بوو لەسزای تاهەتایی. لەبەرئەوە کڵێسا بە پەرۆشەوە ئەم نهێنیانەی پیادە کرد. ئەم نهێنیانە بەوە ناسرابوون کە پەیوەندیەکی ڕواڵەتیەو "عیسا" مەسیح لەپێناوی دەستخستنی چاودێریو ڕەحمەتی خودا داینـاون. نهێنی پیرۆز بریتی بوون لەحەوت نهێنی بەم شێوەیەی خوارەوە:-

1- ڕاگیرکردن:- شۆردنی منداڵ بوو بە ئاوی پیرۆز، بەمەبەستی خاوێن کردنەوەی منداڵ لەتاوانی یەکەمو هەموو ئەو سەپێچیانەی کە مرۆڤ ئەنجامی دەدات لە ژیانیدا. هەروەها منداڵ لەپاش ڕاگیرکردن دەبووە مەسیحی. شایەنی باسە قەشە ئەنجامدانی کاری ڕاگیرکردن یان خاوێنکردنەوەی لەئەستۆ بوو.

2- چەسپاندن:- ئوسقوف هەڵدەستا بە شۆردنی گەنجی مەسیحی بە زەیتی پیرۆز، بۆ ئەوەی گیانی پیرۆز لەناو لاشەیدا جێگیربێت. ئیدی لەدوای ئەمە دەبوو بەئیمانداریکی بەهێز.

3- نهێنی تەوبە:- ئەمە گرنگترینی نهێنیەکان بوو لەئاینی مەسیحیداو مەبەستیش لێی بەدەستهێنانی لێخۆشبوون بوو لەبەرامبەر ئەو تاوانانەی کە مرۆڤ لەدوای ڕاگیرکردن توشی بووە. پێویست بوو لەسەر تەوبەکار دەرونو

ویژدانی خۆی بخاتە ژێر لێکۆڵینەوەو بە ڕابردووی خۆیدا بچێتەوە، هەروەها هەست بەئازاری ویژدان بکاتو سەرکۆنەی نەفسی خۆی بکات، پاشان بڕیاربدات چیدی لەفەرمانی خودا دەرنەچێ. لەپاش ئەمە لەسەر دەستی قەشە تەوبەی دەکردو دانی بە گوناهەکانی دا دەنا، بەمەش لێخۆشبونی لەقەشەوە مسۆگەر دەکرد. جا بۆ ئەوەی تەوبەکەی گیرا بێت، پێویست بوو لەسەری سەردانی کڵێسا بکاتو هەندێ پاڕانەوە بکات. لەدوای ئەمانە بڕێ بەخششو سەدەقە بدات بەو شێوەی کە قەشە لەسەری پێویست دەکرد. هەموو ئەم کارانەش بە کارە پەسەندو باشەکان ناوزەد کرابوو.

4- نهێنی تێکەڵکردن"خوانی خودایی":- بریتی بوو لە تێکەڵکردنی "نانو مەی" بە ئامادەبوونی ئوسقوف یان قەشە کەبە "خوانی خودایی"ناسرابوو. ئەم نانو مەی یە تێکەڵکراوە لەکاتی ئاماژەدانی قەشە یان ئوسقوف، دەگۆڕا بۆ خوێنو گۆشتی مەسیح "د-خ"."ئەم گۆڕانە شتێکی مەعنەوی بوو نەوەك بەرهەست" . ئەم پەرجووە(معجیزە)یە ناسرابوویە: Transubstantiation.

5- سڕینەوەی پیرۆز، بریتی بوو لە چەورکردنی لاشەی نەخۆش کە لەسەر لێواری مردن بوو. قەشە بەم ڕۆنە چەوری دەکرد بۆ بەهێزکردنی ئیمانی.

6- نهێنی قەشە:- بریتی بوو لەپیرۆزبایی کردنی ئوسقوف لەپیاوی ئاینی، کە تازە پۆستی ئاینی وەردەگرت، بەمەبەستی بەسەرا ڕژانی فەڕو ڕەحمەتو توانا لەجێبەجێ کردنی ئەرکە ئاینیەکانیدا.

7- نهێنـــی هاوســەرگیری:ــ مــارە بــڕین نهێنیــەکی پــیرۆز بــوو. بــە یەککەیشتنێکی تاهەتایی بوو لەنێوان پیـاو ئافرەتـداو بـە هۆکـارە مرۆڤیـەکان هەڵنەدەوەشایەوە[1].

ئەمانە چەند بنەمایەکی ئاینی مەسیحی بوون لەسـەدەکانی ناوەڕاسـتداو هیچ کەسێك بۆی نەبوو گومانی لە ڕاستیو دروستیان هەبێت، یـاخود هـەوڵی گـۆڕینو دەسـتکاری کردنیـان بـدات. وەڵێ ئـەم بارودۆخـە بـە بڵاوبوونـەوەی بزوتنـەوەی کلاسـیکیو مرۆگـەری(هیومـانیزم)و فێرکـاری تـازە کـە لەسـەر شارسـتانی یۆنـانیو ڕۆمـانی کـۆن وەسـتابوو، هـەروەها بـەهۆی دۆزینـەوە جوگرافیەکانو پێشکەوتنی ئـابووریو سـەرهەڵدانی سـەرمایەداریەتی نـوێو گەشە کردنی چینی ناوەڕاست لەلایەك، لەلایـەکی تریـشەوە هەڵپـەی بنەماڵـە پاشایەتیەکانو ناکۆکیەکانیانو پەخشان بـوونی هۆشـی نەتـەوەیی، گـۆڕانی بەسەرداهاتو بوونە هۆی گۆڕینی سروشتو شێوازی بیرکردنـەوەی خـەڵکی. ئیـدی ئارەزوویـەکی زۆر لـەناو خەڵکیـدا پەیـدابوو بـۆ شارسـتانیەتی بـت پەرستی، هەروەها حەزیان دەکرد چێژ لەژیان وەرگرنو نـەریتی مەسـیحیەت لابدەن کە ڕاوەستابوو لەسەر دونیا نەویستیو خۆگرتنەوە لە خۆشیەکان.

زۆرێـك لـە مـیرو پاشـاو خـاوەن سـەرمایەو بازرگانـان ڕۆچـون لـە چـێژو ئـارەزودا. زۆرێکـیش لـە پیـاوانی ئـاینی لـەم چـێژو ئارەزوبازیـە تێـوەگلان. تەنانەت هەندێ لە پاپاکان کاروباری ئاینیەکانیان فەرامۆش کردبوو.

1 Hayes، op. cit; pp. 136-219

گەندەڵییەکانی کڵێسا

گەندەڵی سیاسی:ـ

لەماوەی سەدەکانی ناوەڕاستدا کڵێسای کاسۆلیکی لەپاڵ دەسەڵاتە ئاینیەکەی پیادەی دەسەڵاتێکی سیاسی بەرفراوانی دەکرد. فەرمانبەرانی کڵێساو پاپاو ئوسقوفەو قەشەکان ڕێکخستنێکی ئاینی تۆکمەیان دەبرد بەڕێوە، کە لق وپۆپەکانی لەسەرجەم ناوچەکانی ئەوروپای خۆرئاواو ناوەڕاستدا بڵاوبووبوویەوە. ئەمانەسەربەخۆبوون و بانگەشەی بەرزی "گەورەیی" خۆی دەکرد بەسەر دەوڵەت و هەموو جۆرە دەسەڵاتێکی سیاسیدا. کڵێسا خاوەنی ڕووبەرێکی بەرفراوانی زەوی و زار بوو کە داهاتەکەی بۆخۆی بەکاردەهێنا.ئەم سیستەمە ملکەچنەبوو بۆ باجەکانی دەوڵەت و باجی خۆیشی سەپاند بوو بەسەر شوێنکەوتەکانی، ئەمەو جگە لەهەبوونی دادگای تایبەت بە خۆی.

کڵێسا بەشێوەیەك توشی گەندەڵی و بێ سەروبەرەیی ببوو، کە لەکۆتایی سەدەی پازدەو سەرەتای سەدەی شازدە ناتەواوی و ئابڕو چونەکانی لەسەرانسەری ئەوروپادا بڵاوببوویەوە. پاپا ئەسکەندەری شەشەم (1492-1503) یەکێکە لەو پاپایانەی کە لە خراپەو بێ ڕەوشتیدا نغرۆ ببوو لە داوێن پیسیدا گەیشتبووە لوتکە. "ئەسکەندەری شەشەم" هەوڵی خۆی چڕکردبۆوە لەکۆکردنەوەی سەروەت و سامان، جا بەهەر هۆیەك بۆی لوابایە، ئەمەش بۆ مەبەستی دەستخستنی میرنشین بۆ کوڕە ناشەرعیەکەی"سیزار بورجیا" و کچەکەی"لیکریس بورجیا". ئەم گەندەڵی و ئابڕوچوونە لەناو

زۆرێك لەپاپاكاندا تەشەنەی سەندبوو. ئەوەتا دەبینین، "جۆلیسی دووەم" كە لەسالآنی 1503–1513 لەپۆستی پاپەویەت دابوو، هەمیشە ئارەزوی جەنگی دەكردو سامانو مەملەكەتەكانی پاپەوی بەهێزدەكردو زۆر هەوڵی دەدا فەرەنسیەكان لە ئیتالیا دەربكات. لەبەر ئەوە سەرقاڵی سازكردنی پیلانو نەخشە بوو لەگەڵ میرەكانی ئیتالیاو ولآتانی بیانی. ئەمەش وای لێكردبوو زۆر بە سیاسەتەوە سەرقاڵ بێت. وەلێ پاپا "لیوی دەیەم"ی كوڕی لۆرینزۆی مەزن1513–1521، وەك ئەوانی پێش خۆی نەبوو، بەڵكو ئەوگرنگیدا بە بزوتنەوەی هزریو فێركاری نوێو دنەی هونەرو ئەدەبی دەدا. بەلآم بەهەموو شێوەیەكیش هەوڵی كۆكردنەوەی داهاتو سامانی دەدا بەمەبەستی نۆژەنكردنەوەی كلێسای "قدیس بترس" لە ڤاتیكان.

پیاوانی ئاینیش شوێنی پاپاكان كەوتنو وەك ئەوان لەسەر حسابی كلێسا كەوتنە هەڵپەی كۆكردنەوەی سامانو هەوڵدان بۆ خۆشگوزەرانیو ڕۆچون لەئارەزووەكان. زۆرێك لەوان بە گەورەو بچوكیان بەدوای دنیاداریدا بوونو هیچ گرنگیان بە كاروباری ئاینی نەدەدا، بەڵكو لەبری ئاینداری بون بە سیاسەتوانێكی پیلانگێڕ، یاخود بوون بەكەسانێكی سامان ویستو بە هۆكاری جیاجیا كەوتنە كۆكردنەوەی ماڵو دارایی، ئەمجا لە ئارەزووەكانیاندا سەرفیان دەكرد. بەلآم لەگەڵ ئەمانەشدا كلێسا بەتاڵ نەبوو لەپیاوی دڵسۆزو دلگەرم كە هەمیشە ڕەخنەیان لە گەندەڵیەكانی كلێسا دەگرتو بە ڕاپۆرتی سالآنەیان پاپایان لەم گەندەڵیو بێ سەروبەرەییانە

هۆشداری دەداو پێویستی چاکسازیان بە ئەرکی گرنگ دەزانیو پاپایان لێ ئاگادار دەکردەوە.

گەندەڵی لەڕووی ئابووری:-

کڵێسای کاسۆلیکی خاوەنی زەویەکی بەرفراوان بوو لەئەوروپا، ئەم زەویانەش لە باج دان بەخشرا بوونو هیچ باجێك نەیدەگرتنەوە. پیاوانی ئاینیش هەر لەسەر ئەم زەویانە داهاتی ساڵانەی پێدەدرا. یەکێ لەبنەما باوەکانی کڵێسا لەم کاتەدا ئەوەبوو کە پیاوی ئاینی لەسەری پێویست بوو لەساڵی یەکەمی دامەزراندنیدا هەندێ لەداهاتی خۆی ببەخشێ بەو کەسەی کە لەسەرووی خۆی بوو، یاخود دەبوو ڕاستەوخۆ بە پاپای بەخشیبایە. شایەنی باسە ئەم بنەمایە لەقەشەوە بۆ پاپا بوو. لەپاڵ ئەمەشدا هەندێ لەئوسقوفەکان بڕێ لەپۆستەکانی کڵێسایان بۆ خۆیان قۆرغکردبوو، بۆ ئەوەی لەپشتیەوە داهاتێکی زۆر بۆخۆیان بدرونەوە. لەدەرەوەی ئیتاڵیاشدا زۆرێك لەپیاوانی ئاینی لەگەڵ ئەوەی کە داهاتی کڵێساشیان هەبوو، بەلاّم لە شوێنەکانیاندا کاریان نەدەکرد. سەرەڕای هەموو ئەمانەش باجی کڵێسا لە سەرجەم جیهانی کاسۆلیکی کۆدەکرایەوەو بەرەو ڕۆما بەڕێ دەخرا، ئەمەو جگە لەو دیاریو خەلاّتانەی بۆیان دەچوو. بەلاّم وەنەبێ خەڵکی بێ ئاگا بێت، یان لەم بارودۆخە نالەبارە ڕازی بووبن، بەڵکو زۆرێك لەخەڵکی ئەوروپا توانجیان لەپاپا دەگرتو تاوانباریان دەکرد بە بەکارهێنانی مەسحیە خاوەن ڕێزەکانی دەرەوەی ئیتاڵیا بۆبەرژەوەندی ئیتاڵیا گەندو بەدڕەفتارەکان.

هەر لەم سەرو بەندەدا سەرمایەداری بەرەوخەملێنو پەرەسەندن دەچوو. چینی ناوەڕاستو خانەدانەکانیش بۆ کۆکردنەوەی سەروەتو سامان شوڵیان لێ هەڵکێشا بوو، زۆر بە تاسەی سەروەتو سامانی زۆری کڵێساوە بوونو چاویان تێبڕی بوو، کە تەنها گەورە پیاوانی ئاینی سودیان لێ دەبینی. ئەمەو جگە لەو زەویە بەندکراوانەی کە کڵێسا خۆی خاوەنی بوو. ئەمانە لە دەوڵەتیان دەویست کە دەست بەسەر سەروەتو سامانی کڵێسادا بگرێو لەپڕۆژەی پڕبەرهەم بیخاتە گەڕ. لەم نێوانەشدا چینی ناوەڕاست پشکی شێری بەرکەوت. میرو پاشاکانیش وەك چینی ناوەڕاستو بگرە لەوان زێدەتر لەهەوڵی دانانی سنورێك دابوون بۆ دەسەلاتی سیاسی وئابووری کڵێسا، ئەمەش لەپێناوی چەسپاندنی دەسەلاتی پاشاو دەستێوەردانی دەوڵەت لەکاروباری کڵێساو دەستگرتن بەسەر سەروەتو سامانیدا. لەمەوە دەتوانین بڵێین پیاوانی کارو سەرمایەدار ڕێگەخۆشکەر بوون بۆ شۆڕشە کۆمەلایەتیەکانی سەدەی شازدە، سەرەڕای شۆڕشی ئاینی. پادشاو میرەکان نەوەك هەر لەدژ بەرهەڵستکاریەکانی کڵێسا ڕانەوەستان، بەڵکو بۆ بەرژەوەندی خۆیان زیاتر گرنگیان پێداو گەرمو گوڕتریان کرد. وە لەهەمان کاتیشدا هەوڵی گوێزانەوەی دەسەلاتی ئابووریان دا لە پیاوانی ئاینیەوە بۆ سەرمایەداران. دەتوانین ئەمەبە یەکێك لە ئاکام وهۆکارەکانی سەرهەڵدانی سەرمایەداری نوێ دابنێین.

لەگرنگترین ئەو مەترسیانەی کە لەسەر کڵێسا بوو، توانجو پلاری بیرمەندانو مرۆگەرانو سکالای جوتیارانو پیشەوەران بوو، کە هەموویان بۆنی شۆڕشێکیان لێدەهاتو زەنگی هەڵگیرسانیان لێدەدا.

هەر لەسەدەی شازدەدا ململانێی سیاسی گەیشتە لوتکە. پادشاکان ئەوانەی توانیان دەرەبەگایەتی لەناو بەرنو حکومەتی نەتەوەیی دامەزرێنن، هانی بلاوکردنەوەی هۆشیاری نەتەوەیان دەداو هەولی بەهێزکردنی دەسەلاتو زۆرکردنی داهاتی نەتەوەییان دەدا. ئەوانە کەمتەرخەم نەبوون لەسەرکزکردنی کلێساو دەستگرتن بەسەر سەروەتو سامانیداو دابەشکردنی بەسەر شوێنکەوتوەکانیاندا، وەخستنە پالی کلێسا بۆ سەر دەسەلاتی خۆیان. بەشێك لەپادشاکان لەترسی ئەوەی چاکسازی هەلپەو هەولی ئەوان بۆ بەدەستهێنانی سامانی کلێسا لەکاربخات، خۆیان خستە ڕیزی پێشەوەی شۆڕشگێڕانی دژ بە کلێسا.

بەرهەلستکاریە ئاینیەکانی پێش لۆسەر:-

بەڕاستی بەرەنگاریو بەرهەلستکاری "ئاریۆسی" لەسەدەی چواری زاینی، لەڕوانگەی کاسۆلیکیدا مەترسیدارترین بەرهەلستی بوو کە کلێسا ڕوبەڕووی بوویەوە. لەسەدەکانی ناوەڕاستیشدا جیاوازی نێوان کلێسای کاسۆلیکیو ئەرسەدۆکسی زیاترو قلشی نێوانیشیان فراوانتر بوو. هیچ هەولێکیش نەبوو بۆ نەهێشتنی ئەم قلیشە. کاتێك کلێسای ئەرسۆدۆکسی پاپای کاسۆلیکی بەزەوتکەری دەسەلاتی ئیمپراتۆر دادەنا. هاوکات پاپاکاسۆلیکی کلیسای خۆرهەلاتی تۆمەتباردەکرد بەگوێڕایەلی کردنی بۆئیمپراتۆری بیزەنتی وپاشکۆکردنی کلێسا بۆدەولەت. بەم شێوەیە جیاوازی وکەلەبەری نێوان خۆرهەلات وخۆرئاوا فراوانبوو، وە بووبە هۆی لێك ترازانی یەکیەتی ئاینی مەسیحی.

لە ناو کڵێسای کاسۆلکیش بارودۆخ باشترنەبوو، بەڵکو ئەویش لەماوەی سەدەکانی ناوەڕاستدا چەندین گروپو تاقمی جیاجیای لێجودابویەوە. بەجیابونەوەشیان یەکسەر تۆمەتباردەکران بە "هەرتقە"، ئەمەش بەهۆی ڕەت کردنەوەی هەندێ لەبیروڕاکانی کڵێسا. بەناوبانگترینیان بریتی بوو لە "والیدینسە کانی ئیتاڵیاوئەلبیجینسەکانی باشوری فەرەنسا" ، هەروەها "جۆنوێکلف" لە ئینگلتراو "جۆن هس" لەبۆهیمیا. لەلایەکی تریشەوە ململانێی نێوان پاپاو ئیمپراتۆرەکان، یان پادشاو پاپاکان لەسەدەکانی ناوەڕاستدا، یەکێکی تر بوو لەو دووبەرەکیانەی کە ئەوەندەی تر کڵێسای کاسۆلیکی لاواز کرد.

هەرچۆنێك بێت، سەرەڕای ئەو هەموو شۆڕشانەی کە لەدژی کڵێسا سازکران، بەڵام کڵێسا توانی بەسەریاندا سەربکەوێتو سەرکوتیان بکات، ئەمەش بەهۆی بەتوانایی کڵێساو پشتیوانی خەڵکی بۆ کڵێساو گوێڕایەڵیو باوەڕداریان. وەلێ لەسەدەی شازدە بەهۆی سەرهەڵدانی پاشایەتی ڕەهاو دەوڵەتی نەتەوەییو پەخشان بوونی هۆشی نەتەوەییو بزوتنەوەی هزریو شارستانی کلاسیکیو دۆزینەوە جوگرافیەکانو سەرهەڵدانی سەرمایەداریەت، بارودۆخەکە زۆر گۆڕانی بەسەرداهات. هەموو ئەمانە بوونە هۆی وریابونەوەی خەڵکی لەگەندەڵیەکانی کڵێساو خەڵکی والێکرد داواکاری چاکسازی بن، یان ئەگەر هاتو ملی بۆ چاکسازی کەچ نەکرد، ئەوا شۆڕشی لەدژ سازکەن.

مارتن لۆسەر 1483-1546:-

"مارتن لۆسەر" لەساڵی 1483 لەشاری "ئایزل بین"ی ئەڵمانیا لە دایك بووە. سەرەتای خوێندنی لەلای کۆمەڵەیەك بوو کە ناوی خۆیان نابوو"برایانی ژیانی هاوبەش"لەشاری "مگدبرگ". پاش ئەمە لە زانکۆی "ئیرفۆت" لەبواری لاهوتو مرۆیی دەستی بە خوێندنکردو لەساڵی 1505 وەك ڕاهیب دەرچوو. پاشان ڕووی کردە شاری "وتن برگ"و لەزانکۆدا بە مامۆستای وانەی لاهوت دامەزرا.

"لۆسەر" لەناو خوێندکارەکانیدا جێگەی خۆی کردبووەوەو خۆشەویست بوو لەلایانو گوێ بۆ وتەکانی ڕادەگیرا. "لۆسەر" لە ڕادەبریندا ڕاشکاوانە قسەی دەکرد وچاو نەترس بوو. وە لەگەڵ ئەوەی ڕەوانبێژ نەبوو، بەڵام بەهۆی بەهێزی لۆژیکیو بەرزی ئاستی ڕۆشنبیرەکەی، کەسایەتیەکی بەهێزی هەبوو کە بەهۆیەوە بەسەر ڕکەبەرکەیدا زاڵ دەبوو. لەگەنجیدا بێ هیچ دوودڵیو گومانێك باوەڕی بەبیروباوەڕو دروشمەکانی کڵێسای کاسۆلیکی هەبوو. وە کاتێك "مارتن لۆسەر" وەك کەسێکی"زاهید" دونیانەویست لەساڵی 1511 سەردانی ڕۆمانی کرد، تۆوی شۆڕشی لەلای خۆی نەشاردبۆوە.

هەرچەندە لۆسەر کەسێ بوو کە سەرجەم دروشمو ئەرکەکانی بەباشی پیادە دەکردو نوێژو ڕۆژووی ئەنجام دەداولەپاڕانەوە بەردەوام بوو، بەڵام گومانی هەبوو لەوەی ڕەزامەندی خودا بەدەستبهێنێو ڕزگاری بێت لەسزای هەمیشەیی. لەگەڵ ئەوەی لەزانکۆ ئەرستۆو تۆماس ئەکیوناسو هەموو ئەو

شـتانەی کـە بزوتنـەوەی "سیکۆلائیـستی" جـەختی لەسـەر دەکـردەوە، دەیخوێند. لۆسەر دوای ئەوەی ناوبانگی پەیدا کرد، دەڵێـت: "ئەگـەر هاتبـاو ڕەبـەن تـەنها بـە ڕەبەنیەکـەی لێخۆشـبوونی دەسـتگیر بووایـەو بەهەشـتی بەدەست هێنابایە، ئەوا من دەمێـك بـوو بەدەسـتم هێنـابوو". ئـەم هـەروەکو تاوانبار سەیری خۆی دەکرد، تائەو کاتـەی یـەکێ لەمامۆسـتاکان ئامۆژگـاری کردو ڕای سپارد کـە "سـنت ئوگسـتین" بخوێنێتـەوە. ئیـدی لەوێـدا ئـەوەی بینیەوە کەتەوبەکار لەڕێگەی باوەڕ بە خودا، ڕەزامەندی خودا بەدەستدێنێو ڕرزگاری دەبێت لەسزای هەمیشەیی. ئەم دڵنیایەی لۆسەر بوو بەهۆی ئەوەی بتوانێت شۆڕش لەدژی کلێسا هەڵبگیرسێنێ. لۆسەر پێـداگری دەکـرد لەسـەر بەزەیی خوداو لێخۆشبونی بەتەنها، لەکاتێکدا کلێسا سوربوو لەسـەر بـاوەڕو کرداری چاكو ئەنجامدانی هەندێ ئـەرکی وەك: دان پێـداهێنانو خێـرو حـەج کردن بۆ ڕۆما[1].

شـۆڕشـەکەی:-

یـاخی بـونی لۆسـەر لەکاسـۆلیکیەت بـە شـێوەیەکی لەسـەرخۆو هێـواش هێواش بوو، تا ئەو کاتەی ڕەخنـەی تونـدی گرتـە"تێتـزل"ی نێـردراوی پاپـا لێوی دەیـەم، کـە بەمەبەسـتی فرۆشـتنی بلیتـی لێخۆشـبوون ڕەوانـەکرابوو. شیاوی باسە بـەهۆی ئـەم بلیتـەوە، یـا ئـەوەتا مـرۆڤ لێخۆشـبونی دەسـتگیر دەبوو، یان سزای سوك دەکرا.

---

1 Gott shalk، p. 153.

تیتزل بە فرۆشتنی بلیتی لێخۆشبوون پارەو ماڵی کۆدەکردەوە بۆ بنیاتنانەوەی کلێسای قدیس بترس لەڤاتیکان. جا دوای ئەوەی لۆسەر لەگەڵ تیتزل تێکگیرا، بەیانێکی 95 ماددەیی لەبەر دەرگەی کلێسای "وتن برگ" هەڵواسیو تیایدا هێرشی تەواوی کردە سەر کلێسای کاسۆلیکیو زۆر لەپایە بنەڕەتیەکانی هەڵوەشاندەوە. لەو ماددانەدا هاتووە کە کلێسا ناتوانێ هیچ کەسێ ڕزگار بکات لەسزاو ئەشکەنجەی خودا. هەروەها کەسی مەسیحی لە ڕێگەی باوەڕی تەواو بەخودا، لێخۆشبوونی خودا بەدەست دەهێنێو هیچ پێویستی بە کرداری چاك نییەو کلێسایەکیش لە ئارادانییە بەو شێوەیەی کە ببێتە گەیەنەری پەیوەندی نێوان بەندەو خودا. چونکە تەوبەکاری ڕاستەقینە لێخۆشبونی خودای دەست دەکەوێ، بەبێ ئەوەی لێخۆش بوونی کلێسای دەستکەوێ. پاپا "لیۆیی دەیەم" ویستی بانگی لۆسەر بکات بۆ ڕۆما، بەمەبەستی پۆزش هێنانەوە سەبارەت بەو کارەی کە ئەنجامی دابوو لەکلێسای وتن برگ، "هەڵواسینی 91 ماددە لەسەر دەرگای کلێسا". بەلاّم فردریکی میری سەکسۆنیا پاپای لەم بانگهێشتە پاشگەز کردەوە[1].

لە ساڵی 1519 لۆسەر لەشاری "لایبزیك" لەگەڵ یەکێ لەزاناکانی بواری لاهوت گفتوگۆ دەکاتو لەم گفتوگۆیە دەردەکەوێ کە لۆسەر هەبوونی دەسەلاّتی یەزدان لەدەستی پاپا، یاخود ئەنجومەنی پاپەوی لەهەمبەر لێکدانەوەی ئینجیل دا ڕەت دەکاتەوە، وە هەبوونی دەسەلاّتێکی لەم شێوەی بە درۆ لەقەڵەم داوە. هەندێ لە بیروڕاکانی لۆسەر لەگەڵ بیروڕاکانی

---

1 -Ibid ; pp. 154-156.

"جۆنهس" چوونیەك بوون، بەتایبەت پرسی هەبوونی پەیوەندی مرۆڤ بە خودا بەشێوەیەكی ڕاستەوخۆ. چونكە جۆنهس‌و لۆسەر یش باوەڕیان وابوو كە مرۆڤ پەیوەندی ڕاستەخۆی بە خوداوە هەیەو ئەم پەیوەندییە پێویستی بە نێوانی كلێیسا نییە. بەم شێوەیە هیچ پەیوەست بوونێك لەنێوان لۆسەرو كلێسای كاسۆلیكی دا نەما، جگە لەلێك جودایی نەبێت. جیابوونەوەش تەنها پێویستی بە هەنگاوێك بوو، ئەم هەنگاوەشی هەڵنا لەساڵی (1520) .

تێزە شۆڕش ئاساكانی لۆسەر:-

لۆسەر بە بوێرییێكی بێ وێنە لەهەرسێ تێزەكەیدا هێرشی كردە سەر كلێسای كاسۆلیكی. لە تێزی یەكەمدا كە بۆ میرەكانی گەلی ئەڵمانیای نوسی بوو، دەڵێت: "هیچ شتێك نییە داوای پیرۆز بوونی سیستەمی كەهەنوتی بكات. پێوستە پیاوانی ئاینی لەسەرجەم بەربژاریەكانیان دابماڵرێن". هەر لەم تێزەدا لۆسەر بانگی میرو خانەدانەكانی ئەڵمانیا دەكات كە "خۆیان لە دەسەڵاتی بێگانە ڕزگار بكەن". هەروەها میرانی ئەڵمانیای وشیار كردەوە "لەپێویستی دەستبەسەرداگرتنی سامان‌و موڵكی كلێساو ئەوەشی بەمافی ڕەوای ئەوان لە قەڵەم دا". لەتێزی دووەمیدا بەناونیشانی "دیلی بابلی" ، لۆسەر كلێسای بەدیلی ژێردەستی پاپاكان لەقەڵەمداو، دەیچواند بە جولەكەكانی سەردەمی "بەختو نەصر"ی بابلی، كە لەژێر دەستی ئەم پاشایە دیل كرابوون. لۆسەر هەر بەمە نەوەستا، بەڵكو هێرشێكی توندی كردە سەر پاپەویەت‌و حەوت نهێنیەكە. لەتێزی سێیەمیشدا بەناوی "ئازادی مرۆڤی مەسیحی" دەڵێ: "ڕزگاربوون لە سزا بەهۆی حەوت نهێنیەكەو كرداری

چاکە بەدەست نایەت، بەڵکو لەڕێگەی نائومێدی تاوانبارەکەو دان پیدانانێکی دەرونی(خودی) بە گوناهباریو پاشان خۆ خستنە ژێر سۆزو میهری خودا دێتەدەست، دوای ئەوەی پەشیمان دەبێتەوەو تەوبە دەکاتو ناچێتەوە سەرتاوانو خراپە".

بێبەری کرانی لۆسەرو ئامادەبوونی لەبەردەم "دایت"ی ئەڵمانی لەشاری ورمز 1521:-

پاپا "لیۆی دەیەم" لەسەرەتادا ئەم ڕوداوەی تەنها بەدەمەقاڵەی نێوان ڕەبەنەکان لێکدایەوەو باوەڕی وابوو کە بە شێوەیەکی دیبلۆماسی چارەسەر دەکرێت. بەڵام دواتر ئەوەی دەرکەوت ئەوەبوو کە لۆسەر هەستاوە بە بەربەرەکانێی پاپاو هێرش کردنە سەر دەسەلاتی پاپاو ڕەتکردنەوەی بنەماکانی کلێسای کاسۆلیکی. ئەم کارەی ئەو کارێکی هرتقیو هۆیەك بوو بۆ نانەوەی دووبەرەکی. دوو مانگ دانرا بۆئەوەی لۆسەر پەشیمان ببێتەوە، ئەگینا فرمانی بێبەر کرانی بۆ دەردەکرا. پاپا ئەم "فەرمان"ەی بە مۆری ڕەصاص مۆرکرد"ئەو مۆرەی تەنها لەکێشە مەترسیدارەکان بەکار دەهێنرا". بەڵام وڵامی لۆسەر بۆئەم هۆشداریە زۆر توندتربوو، کاتێك لەبەردەم ئاپۆڕای خەڵكو لەناو دەنگ وسەدای هوتافەکانیان هەستا بە سوتاندنی فەرمانەکەو هەندێ لەنوسراوەکانی یاسای کەنەسی.

لەساڵی 1521 مارتن لۆسەر بانگهێشتکرا بۆ ئامادەبوونی لەبەردەم دایتی ئەڵمانی، کە لەشاری ورمزی ئەڵمانیا بە سەرۆکایەتی "چارلسی پێنجەم" کۆبوویەوە بەمەبستی دادگایی کرانی. نوێنەری پاپا داوای لە

لۆسەر کرد لە هەموو ئەو کارانەی کە پێی هەڵساوە تاکو کاتی ئامادە بـوونی لە بەرامبەر "دایت" پاشگەز ببێتەوەو داوای بەخشین بکات. بەڵام لۆسەر لـە بەرامبەر ئیمپراتـۆرو سـەرجەم ئـەو میرانـەی کـە لـەم کۆبونەوەیـەدا بەشـدار بوون، ئەم داوایەی ڕەت کردەوەو گوتی: "ویژدانم ئەسیرە لای خودا، نـاتوانم لە هیچ شتێك ئافەرۆز بکەمو پەشـیمان ببمـەوە. ڕەوانیـە مـرۆڤ کارێـك بکـات پێچەوانەی ویژدانو قەناعەت بێت، لەخودای گەورە داواکـارم دەسـتم بگـریۆو هاوکـاریم بکـات". لۆسـەر بـەم چـەند وشـەیە کاریگـەری لەسـەر هەنـدێ لـە میرەکان دانا جگە لە ئیمپراتۆر، کە لەسەر ئەم قسانەی داوای لێکرد هۆڵەکـە جێ بهێڵـێ. "فردریـك"ی مـیری سەکـسۆنیا سـەبارەت بـەم قـسانەی لۆسـەر گوتی: "وتەکانی دکتۆر مارتن لۆسەر کاریگەر بوون". لۆسەر بەهۆی ئـەوەی ئیمپراتـۆر لـە مـاوەی دادگایکردنەکەیـدا دڵنیـایی‌و ئـەمانی پێـدا، تـوانی بگەڕێتەوە سەکسۆنیاو لەنێوان ورمزو سەکسۆنیا هاموشۆ بکات.

خۆئەگەر ئیمپڕاتۆر دڵنیای‌و ئەمانیشیی بە لۆسەرنەبەخشی با، دەسـتگیر کـران‌و سـزادانی هـەروا ئاسـان نـەبوو. خـەڵکێکی زۆر هوتافیـان بۆدەکێـشاو زۆرێکیش لەمیرەکان پشتگیریان دەکرد. سوارەکانیش لەئـەڵمانیادا فـەرمانی بێ بەریبوون "حیرمان" ی مارتن لۆسەریان سوتاندو لـە قـەڵای "واتنبـەرگ" لە سەکسۆنیا پارێزگاریان لێکرد. سا کاتێکیش ماوەی دڵنیایی کۆتایی پێهات کە ئیمپراتۆر دایینابوو، دەستوری دەرکـراو تیایـدامارتن لۆسـەر لـە دەرەوەی یاسا دانرا. هەروەك دەسـتگیر کرانیـشی بـە مـردووی یـاخود بـە زینـدوی بـە پێویـست دانـدرا. بـەڵام مـیری سەکـسۆنیا بۆئـەوەی مـارتن لۆسـەر بپـارێزێ

لەسـزای ئیمپراتـۆر هەسـتا بـە پارێزگـاری لێ کـردن. وە لـەم ماوەیـەی لەژێرچاودێری میری سەکسۆنیادابوو، توانی ئینجیـل وەرگێڕێتـە سـەر زمـانی ئەڵمانی، واتا لەساڵی "1522". ئەوەرگێرانەبووبە سەوقاڵێکی[1] جوان لـەناو ئەدەبی ئەڵمانیادا.

ئەوسەرچاوانەی کە لەژێر دەستماندان باس لەوە ناکەن کـە مـارتن لۆسـەر کاریگەری بوبێت بە عوسمانیەکان، یاخو قورئـانی خوێندبێتـەوەو کاریگـەری بـووبێیپێی .بـەلاّم "دولانـدبینتون" لەپەرتوکەیـدا"مێـژووی ژیـانی مـارتن لۆسەر" ئاماژە دەکات بەوەی کەمارتن لۆسەر لە کاتی گفتۆگۆکردنیدا لەگەڵ "جون ئیك" گوتویەتی:"تورکەکان یاسایەکی مـەدەنی یـاخود کلێـسایی یـان نییە، وە تەورات‌و ئینجیل دەناسن، بەلاّم کـاری پێناکـەن. دەسـتوری ئـەوان قورئانەو حکومەتەکەشیان باشترین حکومەتە لەسەر زەوی"[2].

بلاّو بونەوەی لۆسەریزم:-

بەهۆی پەرتوکەکانی لۆسەر لەساڵەکانی دواییدا، لۆسـەریزم لەئـەڵمانیادا بـلاّو بویـەوە. زرنگـی‌و لێوەشـاوەیی مـارتن لۆسـەر لەکەمەنـدەکێش کردنـی خـەڵکی بـەلای خۆیـدا بەدیارکـەوت. مەسـیحیە ئیمانـدارەکان بـەهۆی گەندەڵیـەکانی کلێـسا شـوێنی کـەوتن. لـەم لاشـەوە نیـشتیمانیەکان بـۆ ڕزگاربوونیان لە دەسەلاّتی پاپاو نەدانی باج بە پاپـای ئیتـاڵی‌و دادگـا، بوونـە

1سەوقات ـ پەرو۔ تحفه

2 Raland H. Bajnton، Here 1 stand: The life of Martin Lother New york، 1956; pp. 185-196.

شوێن کەوتەی. خانەدانانو چینی ناوەڕاستیش بەهۆی ئەوەی سامانو دەسەڵاتیان بۆ دەگەرایەوە لەسەر حسابی کڵێساو سەروەتو سامانە زۆرەکەی، بوونە شوێنکەوتەی لۆسەر. ئیمپراتوریش بەهۆی سەرقاڵ بوونی بە جەنگەکانی لەگەڵ فەرەنسا لەئیتاڵیادا، وە لەگەڵ عوسمانیەکان لەڕۆژهەلاتی ئەوروپا، نەیتوانی هەڵبستێ بەبنبڕکردنی لۆسەریزم.

سەبارەت بە میرەکانی ئەڵمانیا دەتوانین بڵێین: جگە لەوەی ئیمان بویە هۆی قبوڵ کردنی لۆسەریزم لەلایەن میرەکانەوە، بەلام دەستگرتنی ئیمپراتۆر بە کاسۆلیکیو بڕیاردانی لەسەر پارێزگاری کردن لەم کڵێسایە، وە ئارەزووی میرەکان بۆ سەربەخۆبوونو ڕزگاربوون لەبالادەستی ئیمپراتۆر، کە ئەمەیان هۆکارێکی زۆرکاریگەرتر بوو بۆ پەسەند کردنی لۆسەریزم، سەرەڕای حەزکردنی ئەوان بە دەستگرتن بەسەر سامانی کڵێسا. هەموو ئەوانە هۆکاری بلاوبوونەوەی لۆسەریزم بوون لەناو میرو خانەدانەکان[1].

لۆسەر لە کەسایەتیە سەرنج ڕاکێشەکەی بەهرەمەند بوو، ئەمەش وای لێکرد سەرکردایەتی کردنی لەلا سانا بێت. لۆسەر بە ئازایەتیەکی بێوێنەو بەتواناو ورەیەکی بەرزەوە تێزەکانی بلاو کردەوە، بەشێوەیەك کە قەڵەم ناتوانێت گوزارشتی لێ بکات. مارتن لۆسەر توانایەکی گەورەی هەبوو، بەهۆیەوە توانی چەندان کۆمەڵی جیاجیا بکاتە یەك دەستە. خانەدانانو پیاوانی ئاینیو جوتیارانو چینی ناوەڕاست دەستیان خستە ناودەستی یەك بۆپشتگیری کردنی لۆسەرو پارێزگاریلێی کرنی. هەموو ئەمانە لە دژی

---

1 Koem Igsb erg، and moss، op. p. 118

کڵێسای کاسۆلیکی شۆڕشیان کردو دەستیان بەسەر موڵكو سامانی داگرتو ڕێوڕەسمو تقوسەکانی کاسۆلیکیان ڕەت کردەوە. بەم شێوەیە بانگەوازەکەی لۆسەر بە پەخشان بونێکی گەورە پەخشان بوو، وە لەگەڵیدا گەلی ئەڵمانی بە تەواوی پێکهاتەکانی لەکاسۆلیکی هاتنە دەر.

لەساڵی 1525 جوتیاران شۆڕشیان لەدژی خانەدانانو پیاوانی ئاینی هەڵگیرساند، بۆ ڕزگار بوون لە باجی قورسو بێ گاریو سزای "کیفی". لۆسەریش هانی ئەو شۆڕشەی دا، چونکە ئەم شۆڕشە بە زیانی موڵكو ماڵی کڵێسا تەواو دەبوو. سا کاتێکیش شۆڕش کەوتە ناو زەوی میرو خانەدان و مەترسیان لەسەر جوڵانەوەکەی دروست کرد، ئەمەی بە مەترسی زانی لەسەر خودی خۆی، بۆیە لەبەرەی خانەدانەکان ڕاوەستاو پشتگیری ئەوانی کرد لەسەرکوت کردنی شۆڕشەکە. هەروەك لە بەشی داهاتو ڕونی دەکەینەوە.

دامەزراندنی کڵێسای لۆسەری:-

بەهۆی ئەوەی کە لۆسەریزم لەڕووی بیروباوەڕەوە لەگەڵ ڕۆما لێك جودابویەوەو زۆر لە شارەکان یاخود هەموویان بوون بە لۆسەری، کڵێسای تایبەت بەخۆیان لە شارەکانی ئەڵمانیادا دامەزراند. "مارتن لۆسەر" بۆخۆی سەرپەرشتی دامەزراندنی کڵێسای تازەی دەکردو لایەنگرە دڵسۆزەکانیشی هاوکاریان دەکرد. لۆسەر ئافەڕۆی لەبنچینە سەرەکیەکانی کرد، تەنانەت لەحەوت نهێنیەکەش تەنها سیانی هێشتەوە کە بریتی بوون لە: "نهێنی تەوبەو چەورکردنی نەخۆشو ڕاگیرکردن". "شامی خودای"شی- دەستکاری کردو ڕەبەنیو پاپەویەتو ڕژێمی کەهەنوتیڕەت کردەوە. میرەکانی ئەڵمانیا

لەجیاتی پاپا بوونە سەرۆکی کڵێسای پرۆتستانتیو "منستر" جێگەی قەشەی گرتەوە لەبەڕێوەبردنی کاروباری کڵێسا، هەروەها زمانی ئەڵمانیا لەجیاتی زمانی لاتینی لە وتارە ئاینیەکان خرایە کار. لۆسەر کرداری چاکی وەك: "حەجو ڕۆژوو ئافرەتی ڕەهیبەو قدیسەکانو بلیتی لێخۆشبوون"ی هەڵوەشاندەوە. وەرگێڕدراوەکەی ئینجیل بۆسەر زمانی ئەڵمانی لەلایەن لۆسەرو هاوەڵانی، بوو بەسەرچاوەی سەرەکی پرۆتستانتی.

هەر لەو کاتەوەی خانەدانان جوتیارانیان شەپرێوکرد، بڵاوبوونەوەی لۆسەر توشی وەستان هاتو دەسەڵاتی مارتن لۆسەر دای لەکەمی. میرە کاسۆلیکیەکانیش لەسەر ئاینی خۆیان مانەوە، بەهۆی ئەوەی لۆسەریزم هۆیەك بوو بۆ ئەوەی شۆڕش لە دژیان سازبێت. ئەمە لەکاتێکدا خەریك بوو باوەڕ بەلۆسەریزم بکەن. پاش ئەمە دەسەڵاتی خانەدانان دای لەزیادیو بارودۆخی جوتیاران زۆر بەرەو خراپی ڕۆیشتو شەپرێو تر بوون لە سالآنی بەر لە شۆڕش، "جگە لە هەردوو هەرێمی بادنو تیرول" کە ڕەوشەکەیان کەمێ باشتر بوو لە هەرێمەکانی تر.

کاتێکیش دایتی ئەڵمانی لەساڵی 1526 لەشاری "سپایر" کۆبۆوە، میرەکان بوونە دوو بەش. بەشێکیان کاسۆلیکیو بەشەکەی تر بوونە لۆسەری. ئیمپراتۆر چارلسی پێنجەمیش لە کاتێکی زۆر ناسك دابوو، کاتێك سوپای عوسمانی بەسەرکردایەتی سوڵتان "سلێمانی قانونی"پێشڕەوی کردبوو، توانی بووی بگاتە مەجەڕ. لەلایەکی تریشەوە جەنگ لەنێوان خۆی فرانسوای یەکەمی پادشای فەرەنسا لە هەمان کاتدا دەستی پێکردبوویەوە. لەبەر ئەمانە ئیمپراتۆر ناچار بوو ملبدات بۆ داواکاری لۆسەریەکان. دایتی

ئەڵمانی بڕیاری دا" هەموو میرێك شێوەیەك رەفتار بنوێنێ، کەلەبەرامبەر خودا بەرپرسیاربێت". بەڵام لە کۆبونەوەی ساڵی 1529 کە لە هەمان شاردا ئەنجامیاندا، بارودۆخ شێوەیەکی تر بوو، چونکە لەو کاتەدا ئیمپڕاتۆر کۆتایی هێنابوو بە جەنگی نێوان خۆیو فرانسوای یەکەم، وە توانی بووی دەسەڵاتی خۆی بەسەر ئیتالیادا بسەپێنێ، لەملاشەوە ئیمپراتۆری عوسمانی پاشەکشەی بە سوپاکەی کردبوو. جا ئەم بارودۆخە گونجاوە توانای دا بە ئیمپراتۆر کە ویستی خۆی بسەپێنێ. لەبەرئەمە وتی: یاسا لەدژی هەرتەقەیەو پێویستە لەبەرامبەر لۆسەریەکانیش پیادە بکری، هەروەها داهاتی کلێسای لۆسەریەکانی قەدەغە کرد. ئیدی لەو کاتەدا میرە لۆسەریەکان نارەزایەتی خۆیان دەربڕیو داوایان لە ئیمپراتۆر کرد بگەڕێتەوە سەر بڕیارەکانی ساڵی 1526، کە دایتی ئەڵمانی تێیدا کۆبوویەوە.

ئەوەی لەبڕیارەکانی ئەو ساڵەدا هاتبوو بریتی بوو لە "گوێڕایەڵی بەرامبەر خودا نەوەك لە بەرامبەر ئیمپراتۆر". شیاوی باسە ئەم نارەزایەتی دەربڕینە بوو ناوی پرۆتێست "Protest"ی بەسەر پرۆتستانتیەکاندا بڕی. پرۆتستانتیەت لەپرۆتیست وەرگیراوە، واتا نارەزایی.

بڵاو بوونەوەی لۆسەریزم لەهەندێ لەویلایەتەکانی ئەڵمانیاو ئەسکەندەنافیا:-

یەکێ لەهاوڕێیانی مارتن لۆسەر بەناوی "فلیپ میلانکتن"، کە یەکێ بوو لەمرۆگەران لەزانکۆی وتن برگ، هەولێدا پێکهێنانێك بکات لەنێوان لۆسەریزمو کاسۆلیکیەت. "میلانکتن" بۆ ئەم مەبەستە هەستا بە دانانی بنەمایەکی دینی لۆسەری لە خاسیەتدا، کە دەگونجا لەلایەن کاسۆلیکەکان پەسند بکرێت، بەهۆی ئەوەی هەندێ لە شتەکانی لەگەڵ بنەماکانی لۆسەر

جیاواز بوون. پاشان لە ساڵی 1530 پێشکەشی دایتی ئەڵمانی کرد کە لە "ئۆکسبرگ" کۆبووبۆوە. بەڵام دایت ڕەتی کردەوەو بڕیارەکانی "ئۆکسبرگ" بوو بە بیروباوەڕێك کە لەلایەن لۆسەریەکانەوە جێبەجێ کرا.

ئیمپراتۆر بە بڕیارکانی "ئۆکسبرگ" ڕازی نەبوو، وە بڕیاری دا سزای هرتقە بداتو لۆسەریزم بە زەبری هێز لەئەڵمانیا لەناو بەرێ. لەبەرئەوە میرە لۆسەریەکان بۆ پاراستنی خۆیان، کۆبونەوەیەکیان ئەنجامداو کۆمەڵەیەکیان پێکهێنا بەناوی کۆمەڵەی "شمولکالد".

لێرەولەوێ جەنگی پچڕپچڕ لەنێوان کاسۆلیكو پرۆتستانت بەردەوام بوو، بەبێ پچڕان لەساڵانی 1546–1555 جەنگێکی بەردەوام لەئارادابوو. بەم شێوەیە ئەڵمانیا بوو بە گۆڕەپانی جەنگی ناوخۆیی. پادشای فەرەنسا بەهۆی بەرژەوەندی سیاسییەوە هاوکاری پرۆتستانتیەکانی دەکرد. شایەنی باسە ئەم جەنگە بە ئاشتەوایی ئۆکسبرگ کۆتایی هات و لەسەر ئەم خاڵانە ڕێککەوتن:-

1– میرە ئەڵمانیەکان ئەو ئاینە هەڵدەبژێرن کە ئارەزووی دەکەنو دەتوانن بەسەر ژێردەستەکانیاندا بسەپێنن.

2– پرۆتستانتیەکان سەرجەم موڵکەکانی کڵێسایان بەدەستەوە دەمێنێت کە لەپێش 1552 دەستیان بەسەرا گرتووە.

3– پێویستە ڕێگە نەدرێ جگە لەپرۆتستانتی لۆسەری، هیچ ئاینزایەکی تر بڵاو بکرێتەوە.

4– لە وڵاتە کاسۆلیکەکان نابێت لۆسەریەکان ناچاربکرێن دەستبەرداری ئاینزاکەیان بن.

5- ئەگەر پیاوی ئاینی کاسۆلیکی، ئاینزای پرۆتستانتی بۆ خۆی پەسەند کرد،پێویستە دەستبەرداری پۆستەکەی بێت.

بەم شێوەیە لەنێوان سالأنی 1520بۆ 1555 پرۆتستانتیەتلەباکوری ئەڵمانیادا بلاّوبوویەوە.فیلپ میلانگتن ئەو کەسەی بنەماو بناغەی لۆسەریزمی نوێی دارشت، لەساڵی 1555 بەفەرمی دانی پێدا هێنرا.

ئەگەرچی لۆسەریزم نەیتوانی لەسەرجەم ناوچەکانی ئەڵمانیادا بلاّوبێتەوە، بەلاّم ئەم نەتوانینەی لە ولاّتانی ئەسکەندەنافیا قەرەبوو کردەوە. "کریستنی دووەم" 1513-1523، پادشای هەڵبژێردراو بەسەر دانیمارك‌و نەرویج، لەو کاتەی کە لۆسەر شۆڕشەکەی دەستپێکرد، دەستی بەسەر سویدیشدا گرت. ئەم پاشایە پارێزگاری لەئاینزای کاسۆلیکی خۆی کرد، هەروەها دانی هێنا بە دەسەلاّتی ئاینی پاپا. بەلاّم وەنەبێ پاشا خێری لەخۆی بینیبێ‌و توانیبێتی هەروا فەرمانڕەوایی بکات، بەڵکو کەوتە ململانێ لەگەڵ گەلەکەی، بەتایبەت سویدیەکان. ئەمانە شۆڕشیان کردو جیابوونەوە، کریستنیش بەهۆی شۆڕشێکی گشتیەوە تەختەکەی لە دەستدا. دوای ئەوەی ئەم پادشایە لادرا سویدیەکان "گوستاڤازا"یان- وەك پادشایەك بەسەر خۆیاندا هەڵبژارد. "گوستاڤازا" لەساڵی 1523 تاوەکو ساڵی 1560 فەرمانڕەوایی کرد. لەملاشەوە نەرویج‌و دانیمارك "فردریکی یەکەم"ی مامی کریستین "پادشای پێشوی دانیمارك ونەرویج"یان- کردە پادشا بەسەر خۆیاندا. "فردریك" لۆسەریزمی بە هەندوەرگرت‌و بایەخی پێدا، چونکە لۆسەریزم دەسەلاّتی پاشای زیاتر دەکردو کڵێساشی دەکردە پاشکۆی

دەوڵەت. بەلآم "فردریك" باش دەیزانی کاسۆلیکیەت لەولآتەکەیدا بەناو ناخی خەڵکیدا ڕۆچووە، لەبەرئەوە هەروا بە ئاسانی ناتوانێ ڕیشەکێشی بکات. جا بەمەبەستی بلآوکردنەوەی لۆسەریزم لە ولآتەکەیدا، مامۆستا لۆسەریەکانی لە دەوری خۆی کۆکردەوە. ئەم بانگەوازە بەشێوەیەك سەرکەوتنی بەدەستهێنا کە لەساڵی 1527 کاسۆلیکیو لۆسەری لە جەماوەردا لە ئاستی یەك دابوون. سا کاتێکیش فردریك لەو ساڵەدا مرد، کاسۆلیکیەکان هەوڵیاندا کۆسپ بخەنە بەردەم هەڵبژاردنی "کریستنی سێیەمی کوڕی فردریك"، چونکە ئەم شازادەیە لۆسەریەکی توندبوو، ئارەزووی دەسەلآتێکی ڕەهای دەکرد.

نارەزایی خەڵکی لەهەمبەر دەسەلآتی ڕەها شکستی هێناو "کریستن" توانی لەساڵی 1536 بێتە سەر تەخت، بەمەش کۆتایی بە کاسۆلیکیەت هات لە دانیمارکو نەرویج.

یەکەم کارێك کە "کریستین" پێی هەڵسا، بریتی بوو لە دەرکردنی دەستورێك کە بەهۆیەوە توانی دەستبگرێ بەسەر موڵکی کڵێساو دەسەلآتی دینو دونیا لەپیاوانی ئاینی بستێنێتەوە. ئەمجا پاش گفتوگۆکردن لەگەڵ مارتن لۆسەر لەساڵی 1537، ئاینێکی تازەی ڕێکخستو لۆسەریزمی کردە ئاینی ڕەسمی ولآت. بەلآم کاسۆلیکیەت هەروا تەواو نەبوو، نارەزایی جوتیارانو مرۆگەران ڕۆژگارێك بەردەوام بوو. "هیلگیسن" کە یەکێ بوو لەمرۆ گەرەکان، نارەزایی خۆی دەربڕی دەرهەق بەم گۆڕانە ئاینیە. بەلآم دەوڵەت بەهۆی دەستگرتنی بەسەر سامانی کڵێسا، توانی سامانێك

کۆبکاتەوە کە بەهۆیەوە بوو بە دەوڵەمەندترین وڵاتی ئەسکەندەنافیاو توانی بەرەبەرە زاڵبێت بەسەر گروپە نەیارەکان. وە بە شێوەیەك بە هێزبوو کە لەنیوەی دووەمی سەدەی شازدەو سەرەتای سەدەی حەڤدە،ڕۆڵی سەرەکی دەگێڕا لەسیاسەتی ئەورووپا. ئیدی لۆسەریزم بووبە ئاینێکی نەتەوەیی لەدانیمارك ونەرویج.

سەرکەوتنی لۆسەریزم لەسوید، بەهەمانشێوە دەگەڕێتەوە بۆ پاشاکەیان"گوستاڤازا". ئەم پاشایە بە سایەی کۆڕو کۆمەڵە نەتەوەییەکان توانی بچێتە سەرتەخت، هەرچەندە نەیارانی تا ئەو کاتەش لەژێر کاریگەری پیاوانی ئاینی کاسۆلیکی دابوون‌و سەرۆکی ئوسوقفەی "ئەپسالا" ڕابەرایەتی دەکردن. سەرۆکی ئوسوقفە دەیویست لەگەڵ دانیمارك بمێنێننەوە، پادشاش بۆ ئەوەی ڕزگاری بێ لەسەرکردەی یەکیەتی خوازان، داوای لەپاپا کرد سەرۆکی ئەسوقفە لابەرێ‌و یەکێکی تربخاتە جێگەی. کاتێکیش پاپا ئەمەی ڕەت کردەوە، پەیوەندی نێوانیانپچڕا. گوستاڤازا توانی دەست بەسەر سامانی یەکیەتی خوازان دابگری، وە بەرەبەرە دەستی کرد بە بڵاو کردنەوەی پرۆتستانتی لە وڵاتەکەیدا.

لەسەرەتادا پادشا بەکاسۆلیکی مایەوەو تەنها بە نەهێشتنی دێرەکان‌و پچڕاندنی سێیەکی باجی کڵێساو وەرگێڕانی ئینجیل بۆ سەر زمانی سویدی‌و بڵاوکردنەوەی وەرگێڕاوەکە ئۆقرەی گرت. وەلێ لەساڵی 1527 دەستی گرت بەسەر تەواوی کڵێساو دوو ئوسوقفی کاسۆلیکی لەداردا، لەهەمان کاتیش بانگهێشتی پیاوانی ئاینی لۆسەری کرد بۆ سوید. دوای ئەمە لەساڵی 1530

یەکێ لەپرۆتستانتیەکانی کردە سەرۆکی ئوسوقفەی ئەپسالا. ئیدی لەدوای ئەمە لۆسەریزم بە خێرایی بلاّوبویەوە.

سەرەڕای هەندێ بەرەنگاریو نەیاری کاسۆلیکیەکان لەبەرامبەر ئەم گۆڕانە ئاینیە لەنیوەی دووەمی سەدەی شازدە، بڕیارەکانی ئۆکس برگلەسالّی 1593 بوونە باوەڕ پێکراوی فەرمی حکومەتی سویدی. پادشای سوید لەسالّی 1604 کاسۆلیکیەکانی لەپۆستە حکومیەکان دامالّیو نەفی کردنە دەرەوەی ولاّت. شیاوی باسە لە هەموو ئەمانەدا پەرلەمانی سودیدی کە پێکهاتبوو لەخانەدانانو چینی ناوەڕاست، پشتیوانی پاشایان کردو هۆکاری سەرکەوتنی بوون.

زوینگلیو کالڤن لە سویسرا:-

لۆسەریزم نەبوو بە تاکە بیروباوەڕی پرۆستانتیزمی بەربلاّو لەئەوروپادا، بەلّکو لۆسەریزم لە ئەلّمانیاو ولاّتانی ئەسکەندەناڤیا بلاّوبوویەوە و، ولاّتانی تر ئەو پرۆتستانتیەیان پیادە کرد کە بۆ ولاّتیان گونجاو بوو. سا کاتێکیش سەرکردە پرۆتستاتیەکان نەیانتوانی لەسەر یەك بیروباوەڕ پێکبێن، هەر لەو ساتەوە پرۆتستاتی بوو بە چەندین لقو بیروڕای جیاجیا.

هەر لەو کاتەی شۆڕشی لۆسەری لەئەلّانیا دەستی پێکرد، دوای کەمێك شۆڕشێکی تر لەسویسرا سەریهەلّدا، کە "ئەلریك زوینگلی" پێشەوایەتی دەکرد. زوینگلی لەسالّی 1516 وەك قەشەیەکی کاسۆلیکی ڕۆیشت بۆ شاری "ئاینزیدلن" لەهەرێمی "شوایزی" سویسڕا. ئەم لەخانەوادەیەکی دەولّەمەند لە دایك بووە. وە لە "ڤینناو بال" بە ڕۆشنبیریەکی بەرز ڕۆشنبیر

بوو. ئارەزووی لەمرۆگەری‌و فێرکاری تازە بوو، ئەم ئارەزووەشی زۆر زیاتر بوو لەئارەزووی بۆ لاهوت. کاتێك زوینگلی لەلایەن پاپاوە موچەی پێ درا، هیچ گومانی نەبوو لەبیروباوەڕو دڵسۆزی خۆی بۆ کڵێسا، تەنانەت لەڕێگەی ئایندا دەساڵی بەسەر برد.

بەرەنگار بوونەوەی زوینگلی بۆ پاپا بەهۆی هۆکاری سیاسیەوە بوو، چونکە زوینگلی زۆر لەدژی بەکرێ گرتنی سەرکردە بیانیەکان بوو بۆ سەربازە بەکرێ گیراوە سویسرییەکان. بۆ ئەمەش لێدوانی داو سەرزەنشتی پاپاو پیاوانی کڵێسای کرد، بەهۆی دنەدانی ئەوان بۆ ئەم کارە گەندەڵ‌و بۆگەنە. پەرۆشی زوینگلی وای کرد هێرش بکاتە سەر تەواوی گەندەڵیەکانی کڵێسا. بەلاّم دەسەلاّتی پاپای ڕەت نەکردەوە، تەنها دوای ئەوە نەبێ کە لەساڵی 1518، مۆزیارێك بۆ کەتدرائیەی زویریخ دیاری کرا. ئەمیش لەوێوە دەستیکرد بە دژایەتی کردنی پاپاو دەسەلاّتی پاپاوی ڕەت کردەوەو ڕایگەیاند کە ئینجیل بنچینەی ڕەوشتەو تاکە ڕێنوێنیکەرە بۆ ئیمان. ئەمجا هێرشی کردە سەر هەندێ تەعالیمی مەسیحی وەك: "ڕۆژوو بەپیرۆززانینی پاشماوەی قدیسان"، هەروەها رەوای دا بۆ پیاوانی ئاینی کە هاوسەرگیری بکەن‌و خۆیشی هاوسەر گیری ئەنجام دا. ئیدی ئەوانەی گوێبیستی وتارەکەی بون کاریگەر بوون پێی‌و پەیامەکەی ئەویان خستەگوێ‌و جێبەجێیان کردو هێرشان کردە سەر کڵێساو ئەوەی تیایدا بوو سوتاندیان‌و پاشان ڕوخاندیان.

پاپا هیچی پێنەکرا، ئەوەندە نەبێ لەساڵی 1523 داوای لە خەڵکی زویریخ کرد پشتی زوینگلی بەردەن. بەلاّم خەڵکی سەربەخۆیی خۆیان لەپاپا

ڕاگەیاند. لەمەوە سەرجەم ناوچەکانی سویسرا ئاگری شۆڕشیان تێدا هەڵگیرسا، جگە لەپێنج کانتۆنەکەی قەد پاڵی چیاکانی ئەلپ، کە بەکاسۆلیکی مانەوە. پەیامی زوینگلی بە تەواوی لەپەیامەکانی لۆسەر دەچوو، وەلێ هەمو ئەو هەولانەی کە دران بۆ یەکخستنی بەرەکان لەدژی کاسۆلیکی شکستی هێنا. هەردوو پێشەنگ "لۆسەرو زوینگلی" لەساڵی 1529 لە "ماربرگ" کۆبوونەوەو هەردوو لایان لە زۆرێك لە بناغەو تعالیمی پرۆتساتی هاوڕابوون، بەلام لە"نهێنی تێکەڵکردن" دا– جیاوازیان تێکەوت. چونکە لۆسەر نانومەی "خوانی خودایی" بەرامبەر خوێنو گۆشتی مەسیح هەژمار دەکرد، بەلام زوێنگلی ئەمەی تەنها بە هێمایەك دادەنا بۆ خوانی خودایی. هەروەها زوێنگلی پێچەوانە بوو لە لۆسەر، کاتێك ئەم جەختی دەکردەوە لەسەر چاکسازی دەولەتو ڕێکخستنیو دامەزراندنی دەولەتێکی نمونەیی کە کارە سیاسیو دینیو دیموکراتیەکان ڕێك دەخات. لەڕاستیدا زوێنگلی زۆر زیاتر لە لۆسەر لەکاسۆلیکی دورکەوتەوەو، بوو بە پرۆتسانتیەکی ڕووت.

لەساڵی 1531 زوینگلی بڕیاریدا بە زەبری هێز پرۆتستانتیەت بەسەر پێنج کانتۆنەکەی قەدپاڵی چیاکانی ئەلەپ بسەپێنێ. بەهۆی ئەمەوە جەنگی ناوخۆیی لەسویسرا هەلگیرساو پێنج کانتۆنەکە سەرکەوتنیان بەدەستهێناو زوێنگلی کوژرا. دواتر هەردولا ڕێککەوتنو بڕیاریاندا هەر هەرێمێکی سویسری ئازاد بێت لەهەلبژاردنی ئەو بیروباوەڕەی دەیەوێ. لەم کاتەوە سویسرا لەنێوان پرۆتستانتو کاسۆلیکەکان دابەش بوو. پرۆتستانتیەکانیش لەدوای

کـوژرانی زوینگلـی هـیچ پێـشەوایەکیان نـەبوو تـا هـاتنی جـۆن کـالڤن‌و گیرسانەوەی لەجنێف، پاشان پێشەوایەتی کردنی کالڤن بۆ ئەوان.

جـۆن کـالڤن:ـ

لەوانـەی کـە لەکڵێـسای کاسـۆلیکی جیابوونـەوە، کـالڤن بەکەسـی دووەم دادەنـدرێ لـەدوای لۆسـەر. کـالڤن لەسـاڵی 1509 لەشـاری "لیـۆن"ی- فەڕەنسا لەهەرێمی "پیکاڵدی" لەبنەماڵەیەکی چینی ناوەڕاست لەدایك بووە. هەر لەمنداڵیەوە گـەرەکی بـوو خـۆی ئامادەکـات بـۆ کڵێـسا. ئیـدی لەشـاری پاریس دەستی بەخوێندن کردو ئارەزووی چـووە سـەر لاهـوت ووێـژە. بـەڵام کاتێ گەیـشتە تـەمـەنی نـۆزدە سـاڵی، بـاوکی ئامۆژگـاری کـرد بـەوەی یاسـا بخوێنێ بۆئەوەی ببێتە پارێزەر، لەجیاتی ئەوەی لە کڵێـسادا بێـت. ئەمـەش بوویە هۆی ئەوەی خۆی خەریك بکات بەلێکۆڵینەوەو خوێندنی یاسا.

لەسـاڵی 1529 ز، بـیروڕای گـۆڕانی بەسـەرداهات‌و بـاوەڕی وابـوو کەدەنگێکی خودایی بانگی دەکات بۆئەوەی کڵێساجێبێڵێ‌و کڵێسایەکی نـوێ وەباربێنێ. ئەوکاتەی قوتابی بوو لەزانکۆی پـاریس پەیوەنـدی کـرد بەوانـەی کەکاریگـەر بـوون بەلۆسـەر. لەوکاتەشـدا ئەوانـەی ڕەخنـەگربوون لەکڵێـسای کاسـۆلیکی ژمارەیـان زۆربـوو، بـەڵام ئـەوان ئـەوەیان بـەگونجاو دەزانـی کەلەڕێگەی جەخت کردنەوە لەسـەر ڕەوشـتە بـەرزەکان ورۆشـنبیریەکی بـاڵا چاکـسازی لەکڵێـسادا بکـەن. وەلێ کـالڤن سـوربوو لەسـەر کـارێکی نـوێ، بەشێوەیەك کە گرنگی بەهیـچی ترنـەدەدا، هەرچـەندەبەتەواوی ئـەوانی تـری پشتگوێ نەخستبوو. کاتێکیش فرانسوای یەکەمی پاشای فەڕەنـسا لەسـاڵی

1532 بڕیاری لەناوبردنی جوداوازی ئاینیدا لەناو وڵاتدا، سەرەتای چەوساندنەوەی پرۆتستانت دەستی پێکرد. کالڤنیش فەرەنسای جێهێشتو رووی کردە سویسراولەشاری "بال" گیرسایەوە. لەوێشدا ڕێبازی زونگلی بلاوبوو. کالڤن دەستی کرد بەنوسین لەبارەی پرۆتستانتیو بەراوردکردنی لەگەڵ کاسۆلکی. وەهەستا بەبلاوکردنەوەی کتێبێك بەناوی "دەستوری ئاینی مەسیحی"و پێشکەشی فرانسوای یەکەمی کرد لەساڵی 1536، بەو مەبەستەی کاریگەری لەسەر دروستبکات. کالڤن ویستی والە فرانسوا بکات پرۆتستنتیەت بسەپێنێ بەسەر فەرەنسادا. وەلێ لەم هەنگاوەی شکستی خوارد، بەلام بووە هۆی پەیداکردنی ناوبانگێکی مەزن بۆ کالڤن. بیروڕاکانی کالڤن بەشێکی لەلوسەرو بەشێکی تری لەزوینگلیو چاکسازەکانی تر وەرگیراوە.

کتێبەکەی پوختو ڕێك بوو، هەر تەنها ئەوە نەبوو کە لە زوینگلیو مرۆگەرەکان وەرگیرابێ، بەڵکو ئەم کتێبە خزیە ناو دەمەتەقێی ئاینیو گومان دروستکردن لەو بانگەشانەی کە کڵێسا دەیکرد بەوەی ڕاستەوخۆ لە عیسیو حەواریەکانەوە هاتووە.

بە ڕەتکردنەوەی بیروڕای کڵێسا، دەستی کرد بەپیادەکردنی بیروڕای پێشەنگە دێرینەکانی کڵێسا، وەك باشترین سیستەمی دینی. کالڤن باوەڕی وابوو کەمەبەستی سەرەکی لەژیانی دونیا، ڕزگار بوونە لەسزای ڕۆژی دوایی. دەربازبوونی مرۆڤیش لەبیروباوەڕی ئەودا پەکی لەسەر کڵێسا نەدەکەوت. باوەڕی تەواو بە خوداو بەمەسیح لەڕوانگەی ئەودا، مانای هەڵبژێردراوی ئەو

کەسە دەگەیەنێ لەلایەن خوداوە، لەبەر ئەمە پێویستی بە نێوانی کڵێسا نییە لەنێوان خوداو مرۆڤ. بەڵام ئەم هەڵبژێردراوە خودا لە ئەزەلەوە دیاری کردووە. پیاوی چاك لە تێروانینی کالڤندا، ئەو کەسەیە کە ڕەوشتەکانی لە هەڵسوکەوتە جوانەکەی‌و باوەڕە پتەوەکەی‌و دەستگرتنی بە ڕەوشتە جوانەکان ڕەنگ دەداتەوە.جا هەرکەسێ ئەم ڕەوشتانەی لێ دیاریدا، لەلایەن خوداوە لە ئەزەلەوە لەناو بەندەکاندا هەڵبژێردراوە، چاکی مرۆڤو پێچەوانەکەی، بەدەستی خودی خۆی نییە. چونکە مرۆڤ ناچارە کراوە(مجبیر[1]).

لەساڵی 1536 کالڤن ڕووەو جنێف هەنگاوی گرت لێی گیرسایەوە، کە لەم ساتەدا شۆڕشیان لە دژی میری ساڤوای سازکردبوو. ئەم میرە دەیویست کاسۆلیکیەت بەسەرخەڵکی ئەم شارەدا بسەپێنێ. کالڤن پشتگیری خەڵکی ئەم شارە پرۆتسانتیەی کرد لەدژی ئەم میرە، ئەمانیش لەبەرامبەر ئەم هەڵوێستەیدا، پاش ئەوەی کە سەرکەوتنیان بەدەستهێنا، کردیان بە سەرۆکی ئاینی خۆیان. کالڤنیش ئەم بۆستەی خۆی پاراست تا ئەو ڕۆژەی دونیای بەجێهێشت لەساڵی 1564. حکومەتی جنێف لەسەردەمی کالڤن سیوکراتی بوو، واتا کالڤن هەم سەرۆکی ئاینی‌و هەم فەرمانڕەوایەکی سیاسی بوو. لەم کاتەشدا دین‌و دەوڵەت یەکانگیر بوون. کالڤن خۆی وا حسابی دەکرد کە نێردراوێکی خواییە لەم شارەداو نمونەی پاکیزەیی وپاکزادەیی‌و سادەژینیە لەژیانی دونیادا. کالڤن کەسێکی توندبوو لەسەردەمی خۆیداو

1 Cottscholk pp. 161-163

کەرنەڤاڵو بۆنەکانو ماددە بێ هۆشکەرەکانی قەدەغە کردو دەرگەی مەلهاو بارو هەموو ئەو شوێنانەی داخست کە جێگەی هەوەسو ڕابواردن بوون. هەروەك سزای لەداردانی سەپاند بەسەر هەرکەسێ کە توشی زینا بێت و، سوتاندنی بەسەر گومرایانو تاوانکاراندا پیادەکرد. هەر لەم نێوانەدا هەستا بە سوتاندنی پزیشکی بەناوبانگ "مایکل سیرڤێس" بەهۆی ئەوەی بەشێوەیەکی کردەیی کارەکانی نەدەکرد. داپلۆسینو خۆسەپاندنی کالڤن لەئەوروپادا ناوبانگی دەرکردو شاری جینێفیش بووە نمونەیەك بۆ دەسەڵاتی پرۆتستانتی.

پەخشان بوونی کالڤنیزم:-

جۆن کالڤن گرنگی دا بە فێرکاریو چەندین خوێندنگەو شوێنی فێرکاری دامەزراند. لەناویشیاندا زانکۆی جنێف، کە لەسەرجەم شوێنەکانی ئەوروپاوە قوتابیانی بۆ لای خۆی کەمەندەکێش دەکرد. کالڤن چەندین پەیامو نوسراوی نوسیو ئینجیلی وەرگێرایە سەرزمانی فەرەنسیو پەیوەندی کرد بە قوتابیەکانی لەشوێنە جۆراوجۆرەکانی ئەوروپاو هانی دەدان بۆ بڵاوکردنەوەی پەیامەکانی. هەر ئەمەش بوو وای کرد کالڤنیزم بەشێوەیەك بڵاو بێتەوە، کە هیچ مەزهەبێکی پرۆتستانتی نەیتوتنی شانی لەشان بدات.

کالڤنیزم لە لۆسەری زیاتر پەخشان بوو، بەهۆی ئەوەی کالڤن بەشێوەیەکی لۆژیکی بنچینەکانی ئاینی دامەزراند، کە خەڵکی لێی تێدەگەیشتو چینی ڕۆشنبیریش بۆی بەپەرۆش بوون.بەهۆی ئەوەی کالڤنیزم بەشێوەیەکی راشکاوانە سوی بەڕەوازانی، لەکاتێکداپێشترحەرام

کرابوو زۆر بەتوندی ڕەت دەکرایەوە، چینی سەرمایەدار مەیلیان بەلایدا کردو کالڤنیزمبوو بە مەزهەبی چینی ناوەڕاست. کالڤیزم بە ڕونیو ئاسانی دەناسرا، لە جیاتی سیستەمی کەهەنوتی چینێکی تری لەپیاوانی ئاینی دامەزراند کە بە منستر ناودەبران. کالڤن جەختی دەکردەوە لەسەر فێرکاریو دامەزراندنی قوتابخانەو زانکۆ، هەروەها وەرگرتنی قوتابیان لە سەرجەم شوێنەکانی ئەوروپا، کەئەمە کاریگەری گەورەی هەبوو لەسەر بلاوبوونەوەی کالڤنیەت. ئەم قوتابیانە دوای گەڕانەوەیان بۆ ولاتانی خۆیان، دەستیان دەکرد بە بلاوکردنەوەی بیروڕاکانی کالڤنیزم، دواتر لەهەریەکە لەهۆلنداو سکۆتلەنداو بۆهیمیاو سویسراو هەندێ لە ویلایەتەکانی ئەلمانیادا بلاوبوویەوە. تەنانەت لە هۆلندا کالڤنیزم یەکێ بوو لە هۆیەکانی شۆرشی هۆلندییەکان لەدژی ئیسپانیا لەسەردەمی فیلپی دووەم.بەهەمانشێوە جەنگی سی ساڵەی نێوان پرۆتستانتیەتو کاسۆلیك لەئەلمانیادا سەرەتاکەی لەوانەوە دەست پێکرد، شایەنی باسە ئەم جەنگە بە بەفەرەمی بەپەیمانبەستی "ویستڤالیا" کۆتایی پێهات، کە تیایدا ئیمپراتۆر بە فەرمی دانی هێنا بە کالڤنیزمو وەك کاسۆلیكو لۆسەریەت گوزارشتی لێ کرد.

کالڤنیزم لەهەندێ بەشەکانی هەنگاریادا بلاو بوویەوەو ژمارەیەکی زۆریش لەفەرەنسیەکان باوەڕیان پێهێنا، هەروەها لەسەر دەستی "جون نوکس"، کالڤنیزم لەسکۆتلەنداش بلاو بۆوە. "جۆن نۆکس" لە جنێفدا کالڤنیزمی خوێند. پاش ئەوەش کە لەساڵی 1560 گەڕایەوە خانەدانانی سکۆتلەندای والێکرد کاسۆلیکیەت ڕەت بکەنەوەو کالڤنیزم بکەنە ئاینی فەرمی ولات.

کالڤنیزم لە سکۆتلەنداو لەکیشوەری ئەورووپاوە دزەی کردە ئینگلترا، پەیرو کارانی کەوتنە خەباتێکی بێوچان بۆ ئەوەی کالڤنیزم بکەنە ئاینی فەرمی ولات. سا کاتێکیش ئەمەیان بۆ نەچووە سەر، تەنها لە پێناوی دەستەبەرکردنی ئازادی ئاینی خەباتیان دەکرد. لەسەرەتای سەدەی حەڤدەشدا بەهۆی چەوساندنەوەی ئاینی بەشێکیان کۆچیان کردە ئەمریکا.

هنری هەشتەم و کلێسای ئینگلیزی

لە سالانی 1520–1530 پرۆتستانتی لە ئینگلترا سەریهەلداو بلاوبۆوە. شێوەی تەواوی خۆیشی وەرگرت لەماوەی پەنجا سالدا (1520–1570). پرۆتسانتی لەسەردەستی هنری هەشتەم (1509–1547) پەرەی گرت. هنری بەهۆی بارودۆخی تایبەتی و بارودۆخی سیاسی ناچار بوو پەیوەندی خۆی لەگەل کلێسای ڕۆما بپچڕێنێ و کلێسایەکی نەتەوەیی و ملکەچ بۆ ویستی پاشا دابمەزرێنێ.

وەنەبێ هنری لای بەلای بیروڕاکانی لۆسەر بوبێ و لەگەلی هاوڕا بوبێ، بەلکو ئەم لەدژیشی وەستاو لەسالی 1541 کتێبێکی لەدژ دەرکرد. لەکتێبەکەیدا پارێزگاری لەحەوت نهێنیەکە دەکرد. دوای ئەوەی کتێبەکەی تەواو کرد، پێشکەشی پاپای کردو بەهۆیەوە نازناوی پارێزەری ئیمانی لەلایەن پاپاوە پێ بەخشرا. هنری تا کۆتایی تەمەنی پارێزگاری لەم نازناوە کرد. تەنانەت تاوەکو ئەمڕۆش شاکانی ئینگلترا پارێزگاری لەم نازناوە دەکەن. هنری لەبانگەشەکەیدا دژایەتی بۆ پاپا نەبوو، هەروەك لەژمارەیەك

بۆنەدا دۆستو هاوپەیمانی لیۆی دەیەم بوو، تەنانەت دۆستی پاپا کاردینال "ولزی"کردبوو بە ڕاوێژکاری خۆی.

بەلام لەسیابەختی پاپا بارودۆخی ئینگلتراو رەوشی تایبەتی هنری لەبیستەکانی سەدەی شازدە گۆڕانی بەسەردا هات.

گۆڕانەکانیش سەبارەت بەئینگلترا بریتین لە:-

1-لۆسەریزم لەسالی 1521 دزەی کردبووە بەریتانیاو کاری کردبووە سەر کۆمەلێ لە قوتابیانی زانکۆی کامبریج، لەوانیشەوە بیروڕاکانی لۆسەر دزەی کردە زانکۆی ئۆکسفۆرد، پاش ئەمە لەنێو چینی ڕۆشنبیری لەندەنو ناوەندەکانی تری ڕۆشنبیری بلاو بۆوە. شایەنی باسە ئەوانەی لەسەرەتاوە باوەڕیان بە بیروڕاکانی لۆسەرکرد بریتی بوون لەپیاوانی ئاینی بچوكو بازرگانە گەورەکانی لەندەن.

2- هەستو نەستی خەلکی ئەو کاتی ئینگلترا خۆی دەبینیەوە لەئارەزووکردن بۆ چاکسازی لە کلێساو ڕاستکردنەوەی هەلسوکەوتی پیاوانی ئاینی. هەر ئەم هەستەش لەم کاتەدا لەتەواوی ئەوروپادا بەربلاوبوو. لەناو ئەوانەی بەپێوستی دەزانی چاکسازی لەکلێسادا بکەن، بیریارانی هاوشێوەی "تۆماسمۆرو جۆن کۆلیت" بوون، کە کاریگەربوون بە ئیرازمۆس.

3-گیانی نەتەوەیی گەشەسەندووی بەربلاوی ئینگلترا، لەگەل ئەو دووبەرکییەی کە لەجیهانی کاسۆلیکی دا هەبوو بەریەك دەکەوت. هەروەك سەرهەلدانی پاشایە بەهێزەکانو پشتگیری لێکرانیان لەلایەن چینی ناوڕاستەوە،پاشان زالبوونی ئەم پاشایە بەسەر خانەدانانو میرەکان، ڕێگەی

خۆشکرد بۆ چەسپاندنی دەسەلاتی پاشایەتی ڕەها. ئەمانە بەشێوەیەك بەهێز بوون، کە جگە لەکلێسا هیچ شتێك کۆسپ نەبوو لەبەردەمیان. بەلام دلسۆزی پاشاکانی ئینگلترا بۆ پاپاکان کە تا ئەو کاتەش بەهێزبوون، جیا بونەوەی کلێسای ئینگلیزی تا چەند سالێك وەدرەنگ خست.

وەلێ بارودۆخ وای لە"هنری هەشتەم" کرد خۆی لەکلێسای ڕۆما جیاکاتەوە، لە دوای ئەوەی کە جیاوازی کەوتە نێوان هنریو پاپا "کلمینتی حەوتەم". ئەم جیاوازیە بەهۆی ئەوە ڕویدا کە هنری دەیویست "کاترین ئەراگۆن" خێزانی تەلاق بدات. بەلام پاپا ڕەزامەندی لەسەر ئەم تەلاقە نەنواند. شایەنی باسە"کاترین ئەراگۆن" کچی فردیناندو ئیزابێلا بوو،پێش ئەوەی لەهنری هەشتەم مارە بکرێ، مارە کرابوو لە "هنری ئارسەر"ی براگەورەی. مردنی ئارسەر وایکرد کاترین بدرێ بە هنری هەشتەم، دوای ئەوەی هنری حەوتەم ڕەزامەندی پاپای بۆ ئەم هاوسەرگیریە بەدەستهێنا. ئەم هاوسەرگیریە بە مەبەستی بەردەوامی دان بوو بە دۆستایەتی ئیسانیاو ئینگلترا. هنری هەشتەم دوای ئەوەی کە شەش مندالی لە کاترین بوو، وە جگە لە مندالێکی نەخۆش بەناوی "ماری تیودور" هیچی تری بۆ نەژیا، بەتەواوی بێ ئومێدبوو لە کاترین. کاتێ سەیر دەکەین ئەم هاوسەرگیریە ماوەی هەژدە سال بوو ئەنجام درابوو. جگە لەوە هنری وەك تەواوی پاشاکانی تر حەزی دەکرد کوڕێکی هەبێت جێگەی بگرێتەوە لە دوای خۆی، وەلێ لەمەشدا بێ بەرهەم بوو، چونکە کاترین لەبەدی هێنانی ئەم ئاواتە دەستە پاچەمابوو. لەبەر ئەوە دەیویست خۆی لێ ڕزگاربکات. هنری لەبارەی

ئەوەوە دەڵێت: "هاوسەرگیریمان تاوانێکە لێخۆشبوونی بۆ نییە، سەرەڕای ڕەزامەندی پاپاش لەسەری، چونکە کڵێسا ڕێگە نادات بە هاوسەرگیری کردن لەگەڵ خێزانی برا، پاش مردنی براخاوەن ژنەکە". لەهەمانکاتیشدا هنری کەوتبووە ئەویندارى "ئان پۆلین"، کە یەکێ بوو لە خزمەتکارەکانی کۆشک. هنری ئومێدی ئەوەی هەبوو کە بە هاوسەرگیری کردنی لەگەڵ ئەو ئافرەتە کوڕێکی ببیٚو ئەم کوڕە بتوانێ جێگەی بگرێتەوە.

لەساڵی 1527 هنری ڕاوێژکاری خۆی کاردینالٚ "ولزی" ڕاسپارد بە نێوبژیوانی کردن لە نێوان خۆی وپاپا، بەو هیوایەی بتوانێ پاپا ڕازی بکات وڕێگە بەهنری بدات کاترین تەلاق بداتو ئان پۆلین بخوازێ. وەلێ پرسی تەلاق سەبارەت بە پاپا هەروا ساناو ئاسان نەبوو، بەتایبەت لەم کاتو ساتە ناسکەدا، کاتێ سەیردەکەین کاترین پوری چارلسی پێنجەمی ئیمپراتۆری ئیمپڕاتۆریای ڕۆمانی پیرۆزو پاشای ئیسپانیاو زەویە نزمەکانو سەرجەم داگیرگە ئیسپانیەکان بوو. چارلس لەم کاتەدا بەهێزترین شای ئەوروپا بوو. سوپای ئیمپراتۆر دەستی بەسەر ئیتالیاو دەروازەکانی ڕۆمادا گرتبوو، هەڕەشەیان لەپاپا دەکرد بەهۆی هاوپەیمانی بووونی لەگەڵ شای فەرەنسا. جا شەرعیەت دانبە تەلاق لەلایەن پاپاوە، دەبووە هۆی تووڕە بوونی ئیمپراتۆر. چونکە ئیمپراتۆر ئەمەی بە سوکایەتی لێك دەدایەوە لەهەمبەر خۆیو بنەماڵەکەی. هەروەك ڕێگەدانی بەتەلاق کارێکی سەخت بوو، چونکە پاپا ئەمەی بە کارێکی پڕ مەترسی دەزانی بۆ داهاتوی. بۆیە پاپا خاوەخاوی لەکارەکە دەکردو دواخستنی کارەکەی بەباش دەزانی بۆ ئەوەی هنری

لەبڕیارەکەی سارد بێتەوە. وەڵێ خۆشەویستی‌و شەیدا بوونی هنری بۆ "ئان بۆلین" گەیشبووە لوتکەو توانای چاوەڕوانی نەمابوو، هەر ئەمەش دواتر بویە هۆیەك بۆ جیابوونەوەی کڵێسای ئینگلیزی لە ڕۆما لە ساڵی1531. پاش ئەم جیابوونەوەش ولزی"گەورە ڕاوێژکار"ی لاداو زیندانی کرد.

لەم کاتەشدا پەرلەمانی ئینگلیزی لە ژێر دەستی هنری دابوو،بۆیە بۆ هنری ڕازی کردنی پەرلەمان سەخت نەبوو،وە دەیتوانی وایان لێبکات چەند یاسایەك دەربکەن. لەساڵی1534 چەند یاسایەك بەناوی"یاسای سەرۆکایەتی" دەرکرا. بەگوێرەی ئەم یاسایە پادشا لەجیاتی پاپا سەرۆکی کڵێسایە لەئینگلتراو بە ویست‌و حەزی خۆی دەتوانی تەڵاق‌و هاوسەرگیری بکات. هەروەها ئەم یاسایە ئەوەی قەدەغەکرد کەپیاوانی ئاینی‌باج بدەنبەپاپا. جگە لەمە دامەزراندنی پیاوانی ئاینیشی وابەستەی پاشا کرد.وە ئوسقوف "کرامر" وەك سەرۆکی ئەساقیفەی کانتربەری دیاری کرا. بەم شێوەیە گرێبەستی هاوسەری کاترین هەڵوەشایەوەو "ئان پۆلین" شوێنی گرتەوە.

لەئەنجامی ئەم هەڵوێست‌و کارانەی کە هنری پێی هەڵسا، "پاپا کلمینت" ی حەوتەم، وەك پەرچەکردارێك فەرمانێکی‌پاپاوی دەرکردو تیایدا هنری بێ بەری کردو هاوسەرگیری کاترین‌و هنری بەبێ شەرعی نیشاندا. بەم شێوە پەیوەندی نێوان ئینگلتراوڕۆما پچڕا.

هنری ڕوبەڕوی بەرەنگاریەکی توند بوویەوە لەلایەن گەورە پیاوانی ئاینی‌و رەهبان‌و ژمارەیەك لە بیریارە گەورەکان‌و ئەو خەڵکانەی بە

گەرمیەوە دەستیان بە ئایین گرتبوو. بەلاّم ئەم فرمانیدا بە سزادانی هەر کەسێ کە دان بەسەرۆکایەتی پاشادا نەنێ بۆ کلێسا. هەروەك هەستا بە بلاّوکردنەوەو بانگەشەیەکی بەرفراوان لەدژی دێرو رەهبانەکان، بەهۆی ئەوەی ئەوان ملکەچی پاپا بوون. هەروەها فرمانی دەستبەسەراگرتنی سامان‌و موڵکی کلێساو دێرەکانی داو بەشێکی بۆخۆی پچڕاندو بەشەکەی تری دابەشکرد بەسەر ئەوخەڵکانەی دژایەتی پاپایان دەکردو شوێنکەوتەی خۆی بوون لەخانەدان‌و چینی ناوەڕاست دا. لەئەنجامی ئەوانەدا کاردانەوەیەکی جەماوەری لێکەوتەوەو جەماوەر شۆڕشی بەرپا کرد، کەناونرا شۆڕشی خەبات کاران. بەلاّم هنری بە خێرایی ئەم شۆڕشەی سەرکوتکردو بەزەبروزەنگێکی زۆر شۆڕشگێڕانی داپۆڵسی‌و زۆرێکی لێ لە سێدارەدان. ئەم کوشت‌و برەش بەزۆری لەنێو پیاوانی ئاینی‌و رەهبەن‌و گەورە بیریارەکانی وەك "تۆماس مۆر، ئوسقوف مسن جۆن فیشر" بەڕێوە چوو.

لەگەڵ ئەوەی هنری پەیوەندی لەگەڵ ڕۆما پچڕاندو خۆی کرد بە سەرۆکی کلێسای ئینگلیزی، بەلاّم پەرلەمانی ئینگلیزی، لەساڵی 1539 یاسایەکی شەش ماددەی دەرکرد، کە پارێزگاری لە تەعالیمە گرنگەکانی کاسۆلیکی دەکردو نەریت"گقوس"ی کاسۆلیکی بەهەند هەڵدەگرت، بە توندترین سزاش سزای ئەو کەسانەی دا کە یاخی‌و سەرپێچی کاربوون. لەملاشەوە هنری هەموو ئەوانەی لە سێدارەدا کە دژی سەرۆك بوونی پاشا بون بۆ کلێسا. هەروەك هەموو ئەو پرۆتسانتیانەی سوتاند کە باوەڕیان بە نهێنی

تێکەڵکردن"خوانی خودایی" یاخود نهێنیەکانی تر نەبوو. ئیدی قوربانیانی کوشتو بڕی هنری بەهۆی ئەمانەوە گەیشتە چەندین هەزار کەس.

لەو سالآنەی کە ئیدواردی شەشەم "1553-1547"پاشای ئینگلترابوو، بەتوندی کەوتە ژێر کاریگەری لۆسەریزمو کالْفنیزم. ئاینزای پڕۆتستانتی بەهاندانی ئەنجومەنی ڕاسپاردن بۆسەر پاشای پچوك"ئیدواردی شەشەم"، دەستی بەبلاّوبوونەوە کردوئینگلتڕاش بەشێوەیەکی بەرچاو پڕۆتستانتیەتی تێدابلاّوبوویەوە. ئیدی ئینجیل وەك تاکە ڕێنوێنیکار لەقەڵەم دراو باوەڕبوون بەکرداری چاك بە پووچ وبێ بایەخ سەیرکرا. ئەمجا هەستان بەگۆڕانکاری کردن لەحەوت نهێنیەکەو "ئوسقف کرامر" ئینجیلی وەرگێڕایە سەر زمانی ئینگلیزی. پیاوانی ئاینی ڕێگەیان پێدرا هاوسەرگیری بکەنو قانونی گونجاندن پیادە کرا، کە بەهۆیەوە کلێسای ئینگلیزی پرۆتستانتی پێکهێنرا. جوتیاران هەستان بە هەڵگیرساندنی چەند شۆڕشێك، کە گوزارشتی لە تورەیی ئەوان دەکرد لەهەمبەر ئەو گۆڕانانەی کە بەسەر ئایندااهاتووە.

لەدوای ئیدواردی شەشەم بارودۆخگۆڕانی بەسەر داهات. ئەمەش لەدوای ئەوەی "ماری تیۆدۆر"ی کچی هنری هەشتەم "1558-1553" لەکاترین ئەراگۆن، هاتە سەر دەسەلاّت" کچی خێزانە کۆنەکەی هنری". ئەم کلێسای گێڕایەوە ناو جوغزی کاسۆلیکیو دانی هێنا بە دەسەلاّتی پاپا بەسەر کاروباری ئایینی ئینگلترا. دەستی کرد بە چەوساندنەوەی پرۆتستانتییەکان. ئەمە بەهۆی ئەمەوە بوو کە ماری تیۆدۆر کچی کاترین ئەراگۆن بوو. وەك ئامەژەمان پێدا کاترین کاسۆلیکی بوو، کۆتایی ژیانیشی لەزینداندا

بردەسەرو هەر لەوێشدا گیانی سپارد. لەبەرئەوە ئاساییە کە کچەکەشی "ماریتیۆدۆر" بەکاسۆلیکی بمێتەوە. چونکە "ماری" بە کچی شەرعی "هنری" دانەدەندرا، تاوەکو دایکی بە هاوسەری شەرعی هنری دانەندرێ. ئەم هاوسەرگیریەش کاتێ بە شەرعی دادەنرا کە خودی"ماری" دەستبگرێ بە مەزهەبی کاسۆلیکی، چونکە پاپا وەك باسمان کرد جەختی دەکردەوە لەسەر شەرعیەتی هاوسەرگیری "کاترینو هنری". "ماری" پرۆتستانتیەکانی دەچەوساندەوەو سەرکردەکانی دەکوشتن. لەناو ئەو سەرکردانەی کە سوتێندران "ئوسقف کرامەر بوو.

دوای ئەوە "ماری" شوی کرد بە "فیلپی دووەمی" پاشای ئیسپانیا. ئەم پاشایە دەیویست پرۆتستانتیەکان بگێڕێتەوە جوغزی کاسۆلیکی. وەلێ ئەم سیاسەتە شکستی خوارد، چونکە لەڕووی ئابووریەوە زیانی لەبەرژەوەندیەکانی بەریتانیا دا، کاتێك ئیسپانیا دەوڵەتێکی قۆرغکار بوو لەسەر بازرگانی جیهانیو داگیرگەکان، جا هاوپەیمانی لەگەڵ ئەو، مانای دەست هەڵگرتن بوو لە بەربەرەکانی کردن لەگەڵ قۆرغکاریەکانی ئیسپانیا. لەهەمان کاتیشدا ئینگلترا دەستیکرد بە هێرش کردنە سەر کەشتیەکانی ئیسپانیاو داگیرگەکانی. وە هەروەها مانەوەی ئینگلترا بە کاسۆلیکی مانای ملکەچبوونی ئینگلترا بوو بۆ دەسەلاتی کاسۆلیکی، هەروەها کۆسپو ئاستەنگ دروستکردن بوو لەبەردەم گەشەکردنی سەرمایەداری، بەهۆی حرامکردنی سوخۆریو پابەند بوون بە فرمانەکانی پاپا، کاتێك پاپا ڕێگەی

دابــوو بــە قۆرغکــاری ئیــسپانیاو پرتوگــال لەســەر بازرگــانی جیهــانیو داگیرگەکان.

بــەلام لەســەردەمی شــاژنە ئیلازابــێس"1558-1603" پرۆتــستانیەت لەبەریتانیادا چەسپیو ڕەگو ریشەی داکوتا. "ئیلازبێس" کچی "ئان پـۆلین" بـوو، ژمارەیـەکی زۆر لەگـەلی ئیـنگلترا متمانـەیان بـە پرۆتـستانتیەت کـردو کاسۆلیکیش ڕوەو کـەمی ڕۆیـشت. پەرلـەمان لەسـەردەمی ئەمـدا یاسـایەکی دەرکردو جارێکی تر خۆی لەکلێسای ڕۆما جیا کـردەوەو "ئیلازبـێس" کرایـە سەرۆکی بـالای کلێـسا. هـەروەها پەرلـەمان لەیاسـایەکی "39" ماددەییـدا، کلێسای ئینگلیزی کردە کلێسایەکی پرۆتـستانتی ڕووت. ئەمـەش بـە جـەخت کردنەوەی لەسـەر ئینجیـل وەك تاکـە ڕێنوزێنیکـارو ڕەت کردنـەوەی کـردارە چاکەکان، بەوەی کە ببنە هۆیەك بـۆ ڕزگـاربوونی مـرۆڤ. هـەروەها بـەلابردنی ئەو پیاوە ئاینیانەی کە "ماری تیۆدۆ" داینـا بـوون. هـەموو ئەمانـە کلێـسای ئینگلیزی وەك کلێـسایەکی پرۆتـستانتی دەرخـست. "ئیلازبـێس" لەجێگـەی ئەمانـەدا هەسـتا بـە دیـاری کردنـی کۆمەڵەیـەکی نـوێ لـەپیاوانی ئـاینی پرۆتـستانتی. "ئیلیـزابێس" زۆر جـەختی دەکـردەوە لەسـەر گونجانـدن لـە ئایندوایەرستشکاری جـوداوازانی کلێـسای ئینگلیـزی بـە ئاشـکرایی قەدەغـە کرد.

لێرەدا جێگەی خۆیەتی ئاماژەیەك بە ئێرلەندا بـدەین. ئێرلەنـدا سـەرەڕای هـەوڵو کۆشـشەکانی پادشـایانی ئیـنگلترا بـۆ بلاوکردنـەوەی پرۆتـستانتیزم تیایــدا، وەلێ هــەر بەکاســۆلیکی مانــەوە، هەرچــەندە ژمارەیــەکی زۆر

لەئینگلیزەکان لەهەرێمی "ئەلستر"ی باکوری ئێرلەندا نیشتەجیّ بوون. بەلاّم تاوەکوو حالّی حازریش زۆرینەی زۆریان کاسۆلیك مەزهەبن.

سەرهەلّدانی پرۆتستانتیزمی توندڕەو"پەڕگیر":-

لـەماوەی سـەدەی شـازدەداو لەشـوێنە جیاجیاکـانی ئـەورووپا چـەندین کۆمەڵی ئـاینی پەیـدا بـوون کـە لەکاسـۆلیکی دەرچـون. ئـەم دەرچـوونە زۆر زیاتر بوو لەو دەرچونەی کە "کالڤن و لۆسەرو هنـری" لێـی دەرچـوون. ئەمـە جگە لەوەی دژی کاسۆلیکی وپاپەوەیەت بوون، دژی کلێسای پرۆتـستانتیش بوون. ئەمە لەکاتێدا کلێسای پرۆتستانتی دەیویست بالاّدەسـت بێـت بەسـەر کلێـسای پرۆتـستانتیە بـچوکوکان. بەشـێوەیەکی گـشتی ئـەمان دژی هـەموو جۆرە سیستەمێکی ڕێکخستنی کەنەسی بوون. مەسیحیەت لەڕوانگەی ئەواندا شـێوەیەکە لـەژیان و لەتاکـدا بەشـێوەیەکی نادیـار پەیـدادەبێت، نـەوەك گوزارشـت بێـت لەڕێکخـستن ولێکۆلێنـەوەو فێربـوونی بیربـاوەڕێکی ئـاینی. ئەمانە هاوڕابوون لەگـەڵ "لۆسـەرو کـالڤن" لـەوەی کـە ئینجیـل سەرچـاوەی ئاینی مەسیحیو بنەما ڕەوشتیەکان بێت، بەلاّم لەڕاڤە کردنی ئینجیل لەگـەڵ ئەواندا لێك جودا بوون.

کۆمەلّەی "ئەناباپتیست"ەکان، یەکەمینی ئەو کۆمەلّە پەڕگیرانە بوو. ئەم کۆمەلّەیـە لەلایـەن "تۆمـاس مـونزر 1489-1525"لـە ئـەلّمانیا دامـەزرا. "مونزر" دوای ئەوەی چویە "گۆتەمبەرگ" داوای لە "لۆسەر" کرد بەتـەواوی لەکاسـۆلیکیەت دوور کەوێتـەوە. بـەلاّم "لۆسـەر" ڕەتـی دایـەوەودەریکرد. بەهۆی ئەمەوە بە ئەلّمانیادا دەگەڕاو بانگەشـەی گـۆڕینی ئـەم حکومەتانـەی

دەکرد، بەدامەزراندنی سیستەمێکی هاوبەشی کۆمۆنیستی لەجێگەیاندا. "تۆماس منزر" ڕاگیر کردنی مندالآنی ڕەت دەکردەوەو جەختی لەسەر ڕاگیرکردنی ئەو تازەپێگەیشتوانە دەکرد کە لەبیروباوەڕیانپاشگەز ببوونەوە. لەبەرئەوە ئەم کۆمەڵەیە بە "ئەناباپتیستەکان ، دووجار ڕاگیرکارەکان" ناسران. پاش ئەوە تاقمێکی تر چوونە پالْیان کە شوێنکەوتەی "جون لیدن" بوون"1536-1510". "لیدن"بڕوای بەفرەژنی هەبوو خۆی چوارژنی هێنا بوو. هەروەها کۆمەڵەیەکی تریش بەناوی "مانوناتیس"دەرکەوتن. ئەمانەش شوێنکەوتەی "مینوسیمنسی"هۆڵندی بوون. "مینوسیمنیس" لەسالیٚ "1536" لەکاسۆلیکیەت هەلگەڕایەوەو بووبە ئەناباپتیستو داوای ژیانێکی تازەی دەکرد لەئاسانکاری ئاینیداو جەنگو سوێند خواردنی حەرام کردو ڕگیرکردنی مندالآنو پێکەوەیی کلێساو دەولەتی قەدەغەکرد. یەکێکی تر لەتاقمو گرۆهانە تاقمی "مانونی" کان بوون. ئەمانیش ناویان لەخۆیاننابوو"ئەناباپتیست"و تاوەکو ئەمڕۆش لەهەریکە لەهۆلْنداو باکووری خۆرئاوای ئەلْمانیاو سویسڕا بوونیان هەیە. هەروەها کۆمەلەی "ئەندرو بودنشتاین1541-1480" کۆمەڵەی "کارلستاد" لە کۆمەلە پڕۆتستانتیە توندڕەوەکان بوون. "ئەنرو بودنشتاین" دان پێدا هێنانو وێنە ئاینیەکانو نهێنی تێکەلْ کردنو چینی پیاوانی ئاینی حەرام کرد. ئەمان نەك هەر ئەوەندە بەلْکو زیاتر تێیان پەڕاندو گومانیان کرد لەهەندیٚ بەشی ئینجیلو دەیانووت: "هەندیٚ بەشی ئینجیل ناگونجیٚ پشتی پێببەستریٚ".

کۆمەڵـەی "ئەبریـشین" یـەکێکی تربـوو لـە کۆمەڵـە توندڕەوەکانو شێنکەوتەی "ڕوبرت براون" بوون. "براون" دوای ئەوەی لـە زانکۆی کمبرج دەرچوو، کۆمەڵەیەکی دروستکردو پەیمانو بـەڵێنی لێوەرگرتن کـە خۆیـان بپارێزن لەخەڵکی خـراپ. پـاش ئەمـە لەسـاڵی "1582" کتێبێکـی نووسـی. "بـراون" لەکتێبەکەیدا دەڵـێ:"پێویسته کڵێسای مەسیحی لـەژێر دەسـتی پاپاو پیاوانی ئاینی بهێنرێتە دەرێو ڕێکبخرێ بە شێوەی لیژنـەی سـەربەخۆ کە مەسیحیە باوەڕدارەکـان بگرێتـە خـۆ. هـەروەها بنچینەو بنـەمای خـۆیو شێوازی تایبەتی خۆی هەبێ بۆ ڕێکخستنی، ئەمجا بەشـێوەیەکی دیمـوکراتی ڕابهێنرێنو بەهەڵبژاردنێکی ئازاد قەشە هەڵببژێردرێت لەناو ڕێکخراوەکەیدا". لەگـەڵ ئـەوەی "بـراون" لـەکۆتایی تەمەنیـدا لەگـەڵ تـەعالیمی کڵێـسای ئینگلیزی سازا وکۆك بـوو، بـەڵام بیروبۆوچـونە سـەرەتاییەکانی بووبـە هـۆی سـەرهەڵدانی تـاقمو گروپـی پرۆتـستانتی جیاجیـا، کـە ناسـران بـە "سەربەخۆخوازان"و، دواتر وشەی "پیۆریتان- توندڕەو"یان- بەسەردا برا.

یەکێکیتر لـە کۆمەڵـەکان، کۆمـەڵی "ئەبرشـی" بـوون. ئەمانـە ئیلـهامیان لەپرۆتـستانتەڕادیکاڵەکان وەردەگـرتو بەرەبـەرە مـەیلیان بـەلای "ئەناباپتیستە"کاندا-دەکـردو نـاوی"باپتیـستا"یـان- بەسـەرابرا. هـەروەها بزوتنەوەیـەکی عەقڵانیـەت پەیـدابوو بـەناوی "بزوتنـەوەی "خودابەیەکگرەکان،یەکتاپەرسـتاکان".ئەوانەلـەجیاتی سـۆزو "عاگیفـە" ئاوەزیان بەکاردەهێنا. جەختیان دەکردەوە لەسەر ڕاڤـە کردنـی ئینجیـل لـە ڕێگەی ئاوەزەوە، هەروەها پەرجوو، خورافاتو شتە نادیارەکانیان لێ لابـردو

بە شێوەیەك شتەكانیان ڕاڤە كرد كە لەگەڵ ئاوەزی سەلیم تێك نەگیرێ*.
ئەمانە باوەڕیان بە پەرستراویەتی مەسیح و بنەمای سێینە نەبوو، بەهۆی ئەمانەوە لە هەردوو مەزهەبی پرۆتستانتی و كاسۆلێكی چونە دەر. زانای بیركاری زانی ئیسپانی "مایكل سێرڤیتس 1511-1553" یەكێ بوو لەو قوربانیانەی كە یەكتاپەرستەكان بەختیان كرد. "سێرڤیتس" مامۆستای

* لەڕاستیدا ناكرێ مرۆڤ هەموو شتەكانی دەوروبەری بەئاوەز لێكداتەوە، بەتایبەتی ئەو شتانەی كە بەرهەست نین و پەیوەندیان بەئەو دیو سروشتەوە هەیە. چونكە ئاوەز پشت بەپێنج هەستەكان دەبەستێ، پێنج هەستەكانیش تەنها شتە بەرهەستەكان هەست پێدەكەن. هەروەها پێنج هەستەكان لەڕووی وەرگرتنی زانیاریەوە سنوردارن. بۆیە زانیاری ئاوەزیش سنوردارە، تەنانەت زۆرجار چاو تەڕاویلكەت لێدەكات بەئاو" لەشوێنێكی وشك و گەرم گەر زۆر دوور بڕوانی دەبینی ناوچەیەكی سەوزو پڕئاو هەیە، كەدەشچی لەناوچەكەی خۆت گەر گەرمترو وشكترنەبێت خۆشتر نی یە"، دەبینین لێرەدا ئاوەز بەهەڵەدا دەچێت. بۆیە ناكرێ ئێمە هەموو شتەكان بەئاوەز لێكبدەینەوە. بەتایبەت ئەوەی پەیوەندی بەئەو دیو سروشتەوە هەیە، وەك ڕوح چی یە؟ لەكوێوە هاتووین؟ بۆكوێ دەچین؟ خودا چۆنە؟ وڵامی ئەمانە لە سنوری ئاوەزی ئێمە بەدەرە بۆیە دەبینین خودا وڵامی ئەوانەی داوینەوە.
لێكدانەوەی شتەكانی ئەو دیو سروشت و هەندێ لەو شتە ئاینیانەی كەئەمڕۆ ئاوەزی تۆ نایبڕێ وەك ئەوە وایە بتەوێ ئاوی دەریایەك لەپەرداغێك بكەیت. لێرەدا مەبەستمان ئەوە نییە ڕۆڵی ئاوەز كەم بكەینەوە بەڵكو پێمان وایەئاوەز لە كایەی خۆیدا ڕۆڵی سەرەكی دەبینێت لە پێشخستنی شارستانیەكان و پێویستیشە ڕۆڵی خۆی بگێڕێ لەو بوارانەی كەدتوانی ئەسپی خۆی لێ تاوبدا. هەر لەبەرئەوەشە پیشەوا غزالی لە بارەی ڕۆڵی ئاوەز لە كایەی خۆیدا دەڵێ:"ئاوەز چاوەو شەریعەت ڕوناكیە" تەنانەت بەركارهێنانی ئاوەز لە بابەتە شەرعیەكاندا بە كارێكی پەسەند داندراوە. هەربۆیە گەر زانایەك ئاوەزی بەكاربێنێ لەبواری شەریعەتدا گەر ئیجتیهادەكەیشی ڕاست دەرنەچێ ئەوا پاداشتێكی هەیە.بەڵام دەبێ وریابین ئاوەز گەر لە كایەی خۆیدا بەكارنەهێنرێ توشی چەندان هەڵە دەبێ. (وەرگێڕ).

زانکۆ بوو لەژمارەیەك لەزانکۆکانی ئەوروپای وەك زانکۆی پاریس لۆڤین. پاشان لەڤیننا گیرسایەوەو لەوێ لەگەڵ کلێسای کاسۆلیك تێکەڵ بوو. بەڵام لێکۆڵینەوەیەکی نوسی کە تیایدا سێینەی‌و پەرستراویەتی مەسیحی ڕەت کردەوە. "سێرڤیتس" ئەم کتێبەی پێشکەشی "جۆن کالڤن" کرد، بەو مەبەستەی کاریگەری لەسەر کالڤن دروست بکات، کەچی بە پێچەوانەوە کالڤن توشی شۆك بوون هات‌و مووی سەری لەگەڵ گرژ بوو. هۆشداری ئەمەی دا، بەڵام ئەمە لەلای کاسۆلیکیەکان زانراو بوو. سێرڤیتس بەهۆی مەترسی لەسەر ژیانی لە ڤییناوە ڕووی کردە جنێڤ. بەڵام لەوێدا ژیانی نەبردە سەرو لەلایەن کالڤنەوە سوتێنرا.

وەلێئەوانەی کاریگەربوون بە یەکتاپەرستەکان، بنەمای ئەم ئاینزایەیان بڵاوکردەوە، کە هەندێ جارپێیان دەوترا بنەماکانی "سۆزینی"، بەهۆی ئەوەی دوو کەس لە ئیتالیا بەم ناوە بنەماکانیان بڵاو دەکردەوە، کە خۆیان دەبینیەوە لە "لیلۆ سۆزینی"و برازاکەی "فاوستو سۆزینی". هەروەها "جاکوب هێرمانس 1560 -1609" یەکێ بوو لەوانەی رەخنەی لە پرۆتستانتی دەگرت‌و دژی دەمارگیری‌و دۆگماوی کالڤنی بوو، هەروەها دژایەتی چەوسانەوەی شوێنکەوتەکانی دەرکرد لە هۆڵندا. شاینی باسە سێرڤیتس خەڵکی هۆڵندا بوو.

گرنگی کلێسای پرۆتستانتی دەمارگیر:-

لەسەدەی شازدە کلێسای پرۆتستانتی دەمارگیر گرنگی نەبوو، بەهۆی ئەوەی کە شوێنکەوتەکانی لەچینی ژێرەوە بوون، کە ئەمانە لەلایەن کاسۆلیکی‌و پرۆتستانتی دەچەوسێنرانەوە. بەڵام بە تێپەڕینی ڕۆژگار

کاریگەریان لەسەر کلێسا سەرەکیەکانی پرۆتستانتی دروستکرد. چونکە زۆرینەی خەڵکی ئەوەیان بۆدەرکەوت کەئەمە دەرنجامێکی سروشتی بیرکردنەوەی تاکە، کاتێک پێشتر لۆسەر جەختی دەکردەوە لەسەر بیرکردنەوەی تاک بۆخۆی، هەروەها بڕیاردانی تاک لەسەر شتەکان پشت بەستن بوو بە دەقی ئینجیل. بەهەمان شێوە کالڤن ئاماژەی پێدابوو.

کلێسای توندڕەوی کالڤنیزم جیاوازی تێکەوتو کاریگەری لەسەر لۆسەریزم دروستکرد. بەهۆی ئەمەوە "دنیانەویستانو تەقوا دارەکان" سەریانهەڵدا. هەروەها لەکلێسای ئینگلیزی "پیۆریتانو میسودیستەکان" بە دیار کەوتن، کە ڕێگەیان خۆش کرد بۆ سەرهەڵدانی کۆمەڵەیەکی تر لەئەمریکا بەناوی "فێندەمیتالیست". ئەمانە زۆر توندڕەوو دەمارگیرتر بوون لەپیۆریتانیەکان. ئەمانە دەیان وت ئینجیل دوورە لەهەڵەو کەمو کوڕی. بەلاّم بزوتنەوەی یەکتاپەرستی وەك پێشتر باسمان کرد، جۆرێك لەبیرکردنەوەی ڕەخنەیی ئاوەزگەری لەناویاندا سەریهەڵدا، ئەمانە بە ڕەخنەگرتنیان لەئینجیلو ڕەتکردنەوەی سێینەو پەرستراویەتی مەسیح، ڕێگەیانخۆشکرد بۆ بلاّو بونەوەی بیرکردنەوەی ئازادانە لە ئاینی مەسیحیدا.

ئەنجومەنی تەرنتو چاکسازی کردن لەنێو کلێسای کاسۆلیکی

"1563-1545"

لەهەریەکە لەولاّتانی ئیتالیا، نەمسا، فەڕەنسا، ئیسپانیا ، چەندەها جولاّنەوەی ئاینی سەریانهەڵدا کەمەبەستیان چاکسازی کردن بوو لە کلێسای کاسۆلیکی، بەبێ ئەوەی لەم مەزهەبە دەربچن. ئەوان زیاتر مەبەستیان لادانو بنبڕکردنی ئەو گەندەڵیانە بوو کە کلێسای کاسۆلیکی گەندەڵ کردبوو.

ژمارەیـەكی زۆر لەخـەڵكی هـەبوون داوای ڕۆشـنبیركردنی پیـاوانی ئـاینی كاسۆلیكیان دەكرد، هەروەها داوای لابردنی ئەو بنەما خراپانەیان دەكرد كـە چووبووە ناو كڵێسای كاسۆلیكی. پاپاكان جوڵانەوەو بزوتنـەوەی لۆسـەریان وەك كێـشەیەكی نێـوان ڕەهبەنـەكان نـەدەبینی، بـەڵكو زۆر لـەوە بەمەترسیدارتریان سەیر دەكرد. بەڵگەشمان بۆ ئەمە، بێ توانـایی ئیمپراتـۆر چارلسی پێنجەمە لەزاڵ بـوونی بەسـەر لۆسـەر، بـەوەی نـەیتوانی كاریگـەری لەسەر لۆسەر دابنێت. توانجەكانی لۆسەر لەدژی ڕەهبەنیـەت وگۆشەنـشینی، كاریگەری لەسەر رەبەنیەت دانا لەئیتالیا.

رەبەنیەت دووبارە بوژایەوە، ئەمەش بە سەرهەڵدانی ژمارەیەك ڕێكخستنی ڕەبەنی نوێ، بە ناوی "برایانی ئاینی"، كە بەناوبانگترینیان "كیچوجین"بوو. ئـەم نـاوە دەدرایـە پـاڵ ئـەو ڕۆبـو كـڵاوە خۆڵەمێشییەی كـە دەیانپۆیـشی. ئەمانە لەو پەڕی سادەیی دەژیان و هاوكاری بێدەرامەتان و هەژارانیان دەكردو ئامۆژگاریان دەكردن. بەمە چینی خوارەوەی ئیتالیا، تەواو تەواو گەردن كەچ بوون بۆ كاسۆلیكی.

لە ساڵی "1545" هەوڵی چاكسازی كردن لەكڵێسای كاسۆلیكی دەستی پێكـرد. پاپـا بانگهێـشتی پیـاوانی ئـاینی مەسـیحی كـرد بـۆ سـازكردنی كۆبونـەوەك لـە شـاری ترینتـی ئیتالیـا. ئـەم كۆبونەوانـە بەشـێوەی زنجـیرە كۆبونەوەیەك بەڕێوەچوو تاوەكو ساڵی "1563" بەردەوام بوو. پاپـا داوای لەپیاوانی ئاینی كرد بە مەبەستی چاكسازی كردن ئامادەبن. بەڵام ئـەمان لـە ترسی كاریگەریەكانی ئیتالیا لەسەر ئەنجومەن، چەند مەرجێكیان پێـشكەش كرد. وەلێ ئەم مەرجانە هیچكات بـۆ كڵێـسای كاسـۆلیكی نـەدەگونجا قبـوڵی

بکات، بەتایبەت سازش کردن لە بیروباوەڕ لەڕووی کردەیی و نەزەریەوە. سازشێك بتوانێ لەگەڵ پێشکەوتنی زانستو فیکر بێتەوە، واتا بیروباوەڕ وایلێبکرێ لەگەڵ زانستو فکر تێکنەگیرێ. بەلاّم بەپێچەوانەوە کلێسای کاسۆلیکی گورزێکی توندی لەهەموو بەهاو قیەمە تازەکان وەشاندو دەستی گرتەوە بە بیروباوەڕی کۆن. ئەمەش بە جەختکردنەوەی لەسەر "حەوت نهێنیەکان" وەك ئەرکێ لەسەر هەموو تاکێکی کاسۆلیکی، هەروەها پێداگری کردنی لەسەر کردارە باشەکانو دانهێنان بە دەسەلاّتی پاپا بەسەر هەموو کاروبارێك کە پەیوەندی بە کلێسا وبەڕێوەبردنیەوە هەبێت. هەروەها بەرزکردنەوەی دەسەلاّتی رۆحی بەسەر دونیایی و بە تاکە سەرچاوە دانانی پاپاو کلێسا بۆ لێکدانەوەی ئینجیل، وە جەخت کردنی لەسەر رۆشنبیرکردنی پیاوانی ئاینی.

لەهەمانکاتدا هەندێ چاکسازی دارایی و فێرکاری ڕەگەڵ چاکسازییەکانی ترخرا. بەرتیل وکۆستەکی "واسگە" کردن وفرۆشتنی پۆستەکانی کلێسا قەدەغە کراو جەخت کرایەوە لەسەر کردارە بەرزو پەسندەکان، بەتایبەت بۆپیاوانی ئاینی. هەروەك زمانی لاتینیش بە زمانی فێرکاری ئاینی گوزارشتی لێکرا.

سەرەڕای ئەوەی باسمان کرد، کتێبێکی پوخت لەڕۆما دەرکرا کە تەعالیمەکانی کلێسای کاسۆلیکی لەخۆ گۆتبوو. هەروەها کۆپیەکی نوێی ئینجیل بە زمانی لاتینی دەرکراو کرایە کۆپیەکی پشت پێبەستراو. لیستێکیش ڕاگەیەندراو تیایدا ناوی ئەو کتێبانەی تیادا نوسرابوو کە لەلایەن

کاسۆلیکەکانەوە خوێندنەوەیان حەرام کرا بوو، بەهۆی هەرتەقە بووونی کتێبەکان"بە بڕوای کاسۆلیکەکان". شایانی باسە کتێبەکانی "لۆسەرو کۆپەرنیکۆس" لەناو ئەو لیستەدا ناویان هاتبوو. دادگاکانی پشکنینیش بەو دەسەلاتە بەرفراوانەی کە هەیان بوو ڕاسپێردران بۆ لەناوبردنی هەلگەڕاوەکان. ئەنجومەن جەختی کردەوە لەسەر ڕاستی پەرەجوو ئامادە بوونی گیانەکانو خوانی خودایی‌و پیرۆزی پاشماوەی قدیسەکان.

بزوتنەوەی یەسوعی:-

لەم ماوەیەدا بزوتنەوەیەکی نوێ دەرکەوت، کە کاریگەریەکی کارای هەبوو بەسەر بوژانەوەی کاسۆلیکی. ئەم بزوتنەوەیەش پێی دەوترا: "بزوتنەوەی یەسوعی". "ئەگناتیوس لیولا1491-1556"بە دامەزرێنەری ئەم بزوتنەوەیە دادەنرێ لەسالی "1534".پاپاش لە سالی "1540" دانی بەم بزوتنەیەداهێناو ڕەزامەندی لەسەر پەیرەوی ئەم دامەزراوەیە نیشاندا.

ئەکناتیوس سەربازێکی سوپای ئیسپانی بوو، ئیسپانیاش لەم کاتەدا شوێنەکەوتەی ئیمپراتۆر چارلسی پێنجەم بوو، کە لەم کاتەدا جەنگی لەگەڵ فەرەنسادا سازکردبوو. ئەگناتیوس بەشداری لەم جەنگەدا کردو بریندار بوو، بەهۆی برینەکەیەوە بەرەو نەخۆشخانە بەڕێخرا. لەکاتی برینداریدا ژیانی مەسیح‌و قدیسەکانی خوێندەوەو کاریگەر بوو پێیان. ئەم کاریگەریە وایکرد بڕیاربدات ژیانی خۆی بۆ مەسیح‌و کلێسا تەرخان بکات‌و خەباتبکات بۆ بەرزکردنەوەی وشەی خودا. جا پاش بەسەربردنی چەند سالێك لەبێبەرهەمی کە بەسەری بردبوو لە خزمەتی کلێسا، بڕیار دەدات لە ڕووی ڕۆشنبیریەوە

خۆی پێبگەیەنێت. بۆیە چوو بۆ زانکۆی پاریس‌و لە کلاسیك‌و فەلسەفەو لاهوت دا دەستی بە خوێندن کردو هەر لەوێشدا ژمارەیەك ڕۆشنبیرو باوەڕدارە توندەکانی ناسی، کە دواتر بوونە لایەنگرە سەرەتاییەکانی بزوتنەوەی یەسوعی. مەبەستی ئەم کۆمەڵەیە بلاوکردنەوەی مەسیحی بوو لەناو مسوڵمانان، بەلام دواتر بوونە مژدەدەر لەناو پرۆتستانتیەکان‌و خەڵکی شوێنەکانی تر لە دەرەوەی ئەورووپا.

شێوازی ڕێکخستنی یەسوعی هاوشێوەی ڕێکخستنی سوپا بوو، ئەمەش بەهۆی ئەوەی کە دامەزرێنەرەکەی سەرباز بوو. بنچینەکانی ئەم بزوتنەوەیە خۆی دەبینیەوە لە سادە ژینی‌و پاکیزەیی‌و گوێڕایەڵی‌و پشتگیری بۆ پاپا. ناوەندی بزوتنەوەکەش لەڕۆما بوو. یەسوعی پێداگری دەکرد لەسەر بالادەستی تەواو بەسەر ئەندامەکانی‌و گوێڕایەڵی کردنی ئەوان بۆ سەرکردەکانیان. کاتێکیش "ئەگناتیوس"کاتێ سەیری کرد کە کڵێسای کاسۆلیکی لەشەڕدایە لەگەڵ پرۆتستانتی، تێکۆشانی لایەنگرانی تەرخانکرد بۆ گێڕانەوەی پرۆتستانتیەکان بۆ جوغزی کاسۆلیکیەت.

یەسوعیەکان لەو کاتەوەی کە کۆمەڵەکەیان دامەزراند، چوونە نێو خەباتی ئاینی‌و چەندین خوێندنگەو زانکۆیان دامەزراند، کە بەجوانی‌و نایابی سیستەمی فێرکاری ناوبانگیان دەرکرد. هەرچی کڵێسا لەپیرۆزی‌و پیرۆزڕاگرتن لەدەستی دابوو، ئەوان بەهۆی کۆششی زانایانیان گێڕایانەوە کە لەو پەڕی بەرزی ئاستی زانست‌و زانیار دابوون. ئەوان لەگۆڕەپانی گوتارو ئامۆژگاریدا گەیشتنە چڵەپۆپەی ڕوونی گووتەو جوانی گوزارشت‌و دەربڕین‌و

زمان پاراوی، هەر ئەمانەش هۆیەك بوون بۆ ئەوەی لە مەیدانی تەبشیریدا سەرکەوتنێکی بەرچاو بەدەستبهێنن.

کاریگەری یەسوعیەکان زۆر بەهێز بوو، ئەوەتا کاتێك پۆڵەندا زۆری نەمابوو ببێتە پرۆتستانتی، ئەوان توانیان وابکەن پۆڵەندا بە کاسۆلیکی بمێنێتەوە. بەهەمانشێوە توانیان کاسۆلیکیەت لە باشوری ئەڵمانیاو بەلجیکاو لەناو کۆمەڵە گەورەکانی هەنگاریاو چیکۆلۆفاکیاش بەردەوامی پێبدەن. بەلاّم لەهەمبەر بەریتانیا سەرکەوتنیان بەدەستنەهێنا. ئەوان لەشوێنەکانی تری جیهان توانیان ژمارەیەکی بەرچاو لەهیندیە سورەکانو چینیەکانو هیندیو خێڵە سەرەتاییەکان بکەنە مەسیحی. وەك قەرەبوو کردنەوەیەك لە بەرامبەر لەدەستچوونی باکوری ئەوروپا.

پاپا ڕێککەوتنێکی مۆر کرد کە ناسراوبوو بە کۆنکوردات. لەم ڕێککەوتننامەیە بەربڕاری ئاینی بەخشی بە ئیسپانیاو پرتوگالو ئیتالیاو فەرەنساو نەمسا، ئەم بەربڕاریەش وایکرد کڵێسای ئەم ناوچانە ببنە کڵێسای نەتەوەیی .

ئاکامەکانی شۆڕشی ئاینی

1ـ بەش بەش بوونی کڵێسای مەسیحی:ـ

جگەلەوەی کە کڵێسای مەسیحی پێشتر دوو بەش بوو، کە خۆی دەبینیەوە لە ئەرسەدۆکسیو کاسۆلیکی، وەلێ بەهۆی شۆڕشی ئاینی بەشێکی تریشی لێ جیابویەوەو ناسرا بە پرۆتستانتی.

ئەرسەدۆکس:ـ

ئەرسەدۆکسی وەك ئاینزاو بیروباوەڕێك باڵی کێشا بوو بەسەر نیمچە دوورگەی بەڵکان‌و ڕوسیا. ئەستەمبۆڵ پایتەختی کڵێسای ئەرسەدۆکسی بوو. ئەرسەدۆکسی لەگەڵ کاسۆلیکی لێك جیاوازی تێکەوت لەو کاتەی کە دانی نەهێنا بە سەرۆك بونی پاپا بۆ کڵێسای مەسیحی. کڵێسای کاسۆلیکیش دانی نەدەنا بە پاشکۆیەتی کڵێسا بۆ دەوڵەت، هەروەك بارو دۆخی کڵێسای ئەرسەدۆکسی وەها بوو.

دوای کەوتنی ئەستەمبۆل لەساڵی 1453. بەتریاریکی ئەرسەدۆکسی زۆرێك لە بەربژاریەکانی لە دەستدا کە پێشتر بەهرەمەند بوو لێی، وەك سەرۆکی ئەرسەدۆکسی لە ئەوروپای خۆرهەلآت. بەلآم دوای کەوتنی ئەستەمبۆل بە تریاریك بوو بە شوێنکەوتەی سوڵتانی عوسمانی. لەساڵی 1582 بە تریاریك "قستنتین" لەبەر ڕێزی قەیسەری ڕوسی ڕەزامەند بوو لەسەر بەخشینی هەندێ بەربژاری بە سەرۆکی کڵێسای ئەرسەدۆکسی لەڕوسیا. وەك دەسەلآتی بەڕێوەبردنی کڵێسای ڕوسیاو چاودێری کردنی پرسە ئاینیەکانی ئەوێ. بەم شێوەیە کڵێسای ئەرسەدۆکسی لەڕووی بەڕێوەبدنەوە بوو بە دوو بەش، بەشێکی لە ئەستەمبۆڵ‌و بەشەکەی تری لە مۆسکۆ مایەوە. ئەرسەدۆکسی بە شۆڕشی پرۆتستانتی کاریگەر نەبوو، هەروەها دانی نابوو بە حەوت نهێنیەکەو شێوازی کەنەسەیی وخوایەتی سێ کوچکەی پیرۆز "باوك ـ کوڕ ـ گیانی پیرۆز"،وە هەموو ئەو کاروبارانەی کە کاسۆلیکی دانی پێداهێنابوو، ئەمیش باوەڕی پێیان هەبوو.

کاسۆلیکی:-

کاسۆلیکی هەروەك پێشوو مایەوە، تەنها ئەوەندە نەبێ کە لەکۆنگرەی "تەرنت"هەندێ گۆڕانی بەسەرداهات، هەروەك پێشتر باسمان کرد. کاسۆلیکی لەهەر یەکە لەولاّتانی "ئیتالیا - پۆلندا - نەمسا - باشوری ئەلّمانیا - ناوچەی ڕاینو بەلجیکا - ئێرلەندا" مایەوەو لە ئەمریکای لاتینیو فلیپینیش بلاّو بویەوە.

پرۆتستانتی:-

ئاینزای پرۆتستانتی لە"ناوەڕاستو باکوری ئەلّمانیاو دانیمارکو سویدو نەرویجو فنلنداو باکوری ئێرلەنداو ئەمریکای باکور (کنداو ویلایەتی یەکگرتووەکان)و ئیستوانیاو لیتوانیا" پەخشان بوو. پرۆتستتانتی لەکاسۆلیکیو ئەرسەدۆکسی جیاواز بوو لەبارەی حەوت نهێنیەکە. پرۆتستانتی جگە لە "ڕاگیرکردنو خوانی خودایی"، پێنج نهێنیەکەی تری بە پوچو بێ بەها دادەنا. ئەم دووانەشی وەك خۆی نەهێشتبۆوە، بەلّکو باوەڕی وابوو کە تێکەلّکردن تەنها هێمایەکە بۆ "خوانی خودایی"، نەوەك بەوشێوەی کە کاسۆلیکەکان باوەڕیان پێی هەبوو بەوەی لەگەلّ ئامازە کردنی قەشە نانەکە دەگۆڕێ بۆ خوێنو گۆشتی مەسیح. هەروەها "ڕاگیرکردن"یشی- تەنها بۆ هەرزەکاران هێشتەوە. پرۆتستانتی پێداگری دەکرد لەسەر باوەڕ ی ڕووت، ئەمەش لەپێناو ڕزگاربوونی هەمیشەیی. هەرچەند ئەمەش لەلایەن کالّڤنیەکانەوە شێوازێکی تری هەبوو، کاتێ کالّڤنیزم باوەڕی وابوو کە کە

ڕزگاربوون لەئەزەلەوە بڕیاری لەسەر دراوە. کڵێسای ئینگلیزیش کە پێشتر ئاماژەمان پێدا، لەسەر بنچینەکانی لۆسەر بوو.

پرۆتستانتی سیستەمی کەنەسیو چینی پیاوانی ئاینی ڕەت دەکردەوە، هەروەك لەلایەن کاسۆلیکیو ئەرسەدۆکسی پەیڕەوی لێدەکرا. لۆسەر ئوسقوفی وەك ڕێکخەری کاروباری کڵێسای هێشتەوە. وەلێ کالڤن سیستەمی کەنەسی بەتەواوی ڕەت دەکردەوەو منستری وەك مۆژیار[1] و بەڕێوبەری کڵێسا دانا. لەملاشەوە کڵێسای ئینگلیزی سیستەمی کەنەسیو چینی پیاوانی ئاینی هێشتەوە، بەلاّم پاشاو حکومەتی ئینگلیزی لەجێگەی پاپا داندران و، ئەمان کڵێسایان بەڕێوەدەبرد. دروشمی ڕێوڕەسمی ئاینیشیان لەگەڵ ئەم کڵێسایانە لێك جودا بوو.

2- دەمارگیری ئاینیو نەمانی لێبوردەیی:-

یەکێکی تر لەئاکامەکانی شۆڕشی ئاینی، دەمارگیری ئاینیو پەیڕەو کردنی سیاسەتێکی توندو تیژو دلڕەقانە بووبەرامبەر یەکتر. دەمارگیری ئاینی شتێکی نویێ نەبوو لەسەدەی شازدە، بەڵکو دەمارگیری وخەسڵەتی چاونەپۆشین دێرینەو لەگەڵ مرۆڤدا سەری هەڵداوە، بۆ ئەمەش نمونەی مێژوییمان زۆرە. دەمارگیری لەنێو هۆزو خێڵو نەتەوەو گروپە ئاینیەکان بوونی هەبوو. ئەگەر بێتو باسەکەمان تایبەتتر بکەین بە دەمارگیری ئاینی، هەروەك تایبەتە بەم لایەنە، ئەوا دەبینین هەمیشە کەمە ئاینیەکان لەلایەن

---

1 مۆژیار : ئامۆژگاری کەر

زۆرینەکانەوە توشی چەوساندنەوە بوون، هەروەك لەکاتی بلاّوکردنەوەی ئـاینی مەسـیحی دا لـەڕۆما کـە مەسـیحیەکان لەلایـەن ڕۆمەکانـەوە دەچەوسێنرانەوە. بەلاّم لەکۆتایی ڕۆژگاری ئیمپڕاتۆری ڕۆمانی، ئاینی مەسیحی بوو بە ئاینی زۆرینە، ئیدی ڕەوشەکە پێچەوانە بویەوەو ئەمجارە مەسیحی بت پەرستی کەمینەی دەچەوساندەوە.

کاسۆلیکیش لەم دەمارگیریە بەشدارەو ئەمیش لەخۆرئاوادا پیادەی سیاسەتێکی توندڕەوانەی کرد بەتایبەت لەهەمبەر هرتەقەو هەلگەڕاوەکانی کلێسا، کە زۆر بە توندی دژاتی دەکرن، لەسەدەکانی ناوەڕاستدا. ئەم دژایەتیبەی ئەمان بۆ هەرتقەو هەلگەڕاوەکان زۆر زیاتر بوو لە دژایەتی کاسۆلیك بۆ مسولّمانانو جولەکە. "هرتقە یان هرتقی بە ڕۆیشتن ڕووەو گومڕاییو مەترسی لەسەر کۆمەلگە لەقەلّەم دەدرا. ئەوانەشی تومەتبار بوون بە هرتقە، ناپاكو ئاژاوە گێڕەکان بوون کە شۆڕشی کۆمەلاّیەتیان مەبەست بوو. سا کاتێکیش هرتقە نەیاری سیاسیو ئابووری خۆی دەرخست، لەباربردنی بە هۆکاری سیاسیو ئابووری دەکرا. کلێسای کاسۆلیك بۆ لەڕەگوڕیشە دەرهێنانی هرتقە هەستا بە دامەزراندنی دادگای پشکنین لەسەدەی سێزدە. ئەندامانی ئەم دادگایانە بریتی بوون لەڕەبەنەکان، کە بە دڕندانەترین شێوە، ئەشکەنجەی گومان لێکراوانو تۆمەتبارانیان دەدا، بەمەبەستی ئەوەی دان بنێن بەوتۆمەتەی کە پێی تۆمەتبارن "زۆر جار ئەو تۆمەتانە تەنها لەسەر گومانێك هەلّچنرابوون....(وەرگێڕ)". کلێسا بڕیاری مردنی بەسەر کەسدا نەدەسەپاند، تەنانەت هەرتەقەش، بەلاّم دادگاکانی

پشکنینلەتوانایاندا هەبوو بڕیاری مردن بەسەر خەڵکدا بدەن‌و ڕادەستی دەسەڵاتی بکات بۆ جێبەجێ کردنی ئەم بڕیارە. زۆرێك لە تاوانباران‌و ئەوانەی کە بە هرتقە تاوانبار کرابوون، بەدڕندانەترین شێوە ڕووبەڕوی مەرگ دەکرانەوەو دەسوتێنران، چونکە هەموو ئەوانە دژایەتی کۆمەڵێ بیروباوەڕی کلێسایان دەکردو ڕەخنەیان لە گەندەڵیەکانی کلێسا دەگرت.

وەلێ لەئەنجامی بلاوبوونەوەی هزری نوێ‌و کلاسیکیەت‌و بزوتنەوەی مرۆگەری‌و پەیوندی کردنی ئەوروپیەکان بە خەڵکانی شوێنەکانی تر بەهۆی دۆزینەوە جوگرافیەکان. دەمارگیری لەناو ئەوروپیەکان دای لەکزی‌و کلێسای کاسۆلیکی لە نیوەی دووەمی سەدەی پازدەو سەرەتای سەدەی شازدە، لێبوردەی زۆری پەیڕو دەکرد. بەلاّم ئەم بارو دۆخە هەروا نەڕۆیشتو لەئەنجامی شۆڕشی ئاینی، دەمارگیری ئاینی بەشێوەیەکی زۆر خەست سەریهەڵدا کە لە پێشتر وێنەی نەبووە. پەیڕەوکردنی ئەم سیاسەتی دەمارگیریە لەم کاتەدا دەگەڕێتەوە بۆ چەند هۆیەك، لەوانە:-

پادشاکانی کاسۆلیك‌و پرۆتستانتیەکان دەیانویست یەکیەتی ولاّتیان بەدی بێنن‌و هێمنی‌و ئاسایش لەولاّتیاندا بچەسپێنن بۆ مەبەستی بەرمێن خستنی بازرگانی‌و زیادبوونی سەروەت‌و سامانیان. بەلاّم پارچەپارچەیی‌و بەشبەش بوونی ئاینی‌و تایفی، نوێنگەی دروستبونی ئاژاوەو پەشێوی‌و تێکدانی ڕیزەکانی گەل بوو، وە هۆکارێك بوو بۆ دروستبونی تەگەرە لەبەردەم یەکیەتی نیشتمانی‌و گەشانەوەی بازرگانی. ئەمەش وایکرد

پاشاکان لە هەوڵی لەناوبردنی هەموو ئەو شتانەدابن کە ڕۆڵەکانی گەل بەرەو ناکۆکیو پارچەپارچەیی دەبات.

لە وڵاتە کاسۆلیکیەکان بەو پەڕی بێ باکیەوە دەکەتنە وێزەی پرۆتستانتیەکانو لەناویان دەبردن، هەروەك فەرەنسا نواندی. وڵاتە پرۆتستانتیەکانیش بەهەمانشێوەی کاسۆلیکیەکان هەموونەو کەسانەیان دەچەساندەوەو لەناویاندەبردن کە هاومەزهەبیان نەبوون، هەروەك وڵاتە ئەسکەندەنافیەکان. جەنگی سی ساڵە"1618-1648" بەشێکە لەو دەمارگیریە سەرشێتانەیە، کە ئەو کاتە پەیڕەوی لێ دەکرا. بەڵام بە تێپەڕینی ڕۆژگار چەند هەنگاوێکی ئازایانە نراو داوادەکرا سیاسەتی لێبوردەیی ئاینی بگیرێتە بەر. "سیگسموند"ی کاسۆلیکی کە پادشای پۆڵندا بوو، لە ساڵانی "1548-1572" هەستا بە پەیڕەو کردنی سیاسەتێکی مامناوەند لەگەڵ پرۆتستانتەکان، بەهۆی ئەوەی خێزانەکەی میرێکی ئەڵمانی پرۆتستانتی بوو. لەدوای مردنی ئەم پاشایە، پەرلەمانی پۆڵندی ئازادی ئاینی بەخشی بە خەڵکانی غەیرە کاسۆلیك. لەملاشەوە دەوڵەتی عوسمانی ئازادی تەواوی ئاینی بەخشی بە دانیشتوانی بەلقان. لەفەرەنساش هنری چوارەم، بەپێی پەیمانی نانت "1598" ئازادی ئاینی بەخشی بە پرۆتستانتی. چەند هۆکارێك هەبوو بۆ ئەوەی کە لێبوردەیی ئاینی جێگەی دەمارگیری ئاین بگرێتەوە. چونکە لەدوای ئەم هەموو کوشت وبڕە خەڵکی گەیشتنە ئەو ڕاستیەی کە لەدووبەرەکیو پارچەپارچەیی سود نابینن‌و بە پێچەوانەوە لێبوردەیی ئاینی مایەی یەکیەتی نیشتمانیو سەربڵندی

پاشایەتیە. کەسە دڵسۆزو خەمخۆرەکان لەهەردوو بەرەی کاسۆلیكو پرۆتستانتی، وایان دەبینی کە پێویستە لێبوردەیی بەرامبەر یەکتری بنوێننو سەربەستی جێبەجێ کردنی دروشمە ئاینیەکان بەیەکتری ڕەوا ببینن. هەروەها جەنگو شەڕە ئاینیەکان پەرچەکردارێکی دروستکرد لەدژی توندو تیژی، ئەو توندو تیژیەی کە لەهەناویاندا بێزاریو بوغزو کینەی هەڵگرتوەو خستویەتە هەناوی زۆرینەی خەڵکی. لەملاشەوە بزوتنەوەی ئاوەزگەری سەریهەڵدا کەداوی لەخەڵکی دەکرد گرنگی بدەن بە کاروباری زیندوی وەك زانستیە سروشتیەکان، کە مایەی خێری تاكو کۆمەڵە.

کاریگەری شۆڕشی ئاینی لەسەرئاکارو ڕەوشتو بنبڕکردنی جادوگەریو وە درەنگ خستنی فێرکاری:-

یەکێ لەو بوارانەی کە کاریگەر بوو بە شۆڕشی ئاینی، بواری ڕەوشتو ئاکار بوو. هەریەکە لە کاسۆلیكو پرۆتستانتەکان هەوڵیاندەدا لەڕێگەیهەڵسوکەوتەکانیانەوە، بەڵگەی ئەوە بهێننەوە کەمەزهەبەکەیان بەرەو ڕەوشتە بەرزەکان هەڵیان دەنێ. وە هەریەکەو ئەوی تری تۆمەتبار دەکرد بە نەمانی ڕەوشتو داتەپینی ئەخلاقی. پرۆتستانتەکان، کاسۆلیکیەکانیان تۆمەتبار دەکرد بە درۆکردنو چەواشەکاری،لەملاشەوە کاسۆلیکەکان پرۆتستانتیان بە گەندەڵی داریی وڵات تۆمەتبار دەکرد.

لەم کەشو هەوایەدا کەپڕی بوو لە تۆمەت وتەشەر لەیەکتردان، پیۆریتانیەکان سەریانهەڵدا، کە پێداگریان دەکرد لەسەرخۆ بەدورگرتن لەچێژەکانو پیادەکردنی ڕەوشتە بەرزو پەسندەکانو کاری بە بەرهەمو

کەمکردنەوەی پەشێویە ئاینیەکانو زیاد کردنی ڕۆژانی کار. بیۆریتانی لەنێوانی کالڤنیو پرۆتستانتیە دەمارگیرەکاندا بەپلەی یەکەم بلاّوبویەوە. بەلاّم کاسۆلیكو لۆسەریەکان بە هەمانشێوە پیادەی یاسایەکی توندیان دەکرد لەدژی داتەپینی ڕەوشتو پابەند نەبوون بە ئاین.

جگە لەمانەی باسمانکرد، شۆڕشی پرۆتستانتی کاری کردە سەر هونەر، بەتایبەت هونەری بیناسازی. کاسۆلیکەکان کلێسای گەورەو کتدرائیەیان بنیات دەنا، وەلە دروستکردنیدا بەناوبانگترین هونەرمەندو بیناسازیان دەخستە کار، ئەمەش لەپێناوی سازکردنی ئاهەنگو کەرنەڤالی ئاینی، بەتایبەت بۆ ئەنجامدانی کۆنوێژ. کاسۆلیکەکان تەنها گرنگیان بە کلێسا سازکردن نەدەداو بەس، بەلّکو گرنگی زۆریشیان بە پەیکەرو وێنەدەداو کلێساکانیان بە وێنەی جوانو پەیکەری ناوازە دەڕازاندەوە. وەلیّ پرۆتستانتەکان زۆرێك لەبیروباوەڕی کاسۆلیکیەکانی ڕەت دەکردەوە، لەوانە کۆنوێژ، کە بەهۆیەوە ڕۆژگاری سازکردنی کاتدرائیدیەکان ئاوابوو. دروستکردنی پەیکەرو نەخشاندنی وێنەو نیگار کۆتایی هاتو هونەر لەناو جیهانی پرۆتستانتیەکاندا توشی لەناوچوون هات. پاش ئەمە ماوەیەکی زۆری پێچوو، تا دیسان ولاّتە پرۆتستانتیەکان گرنگیان بە هونەر دایەوەو گەڕانەوە سەری.

هەروەها شۆڕشی ئاینی کاریکردە سەر جادوگەریش. یەکیّ لە ئاکامەکانی شۆڕش لەناو بردنی جادوگەری بوو. بنبڕکردنی جادوگەری لەسەدەی شازدەدا شتێکی نویّ نەبوو، بەلّکو پاپاکانیش دژایەتی جادو نوشتەکاریان

دەکرد. کڵێسای کاسۆلیکی لەهەموو جێگایەك بەدوای جادوگەراندا دەگەڕان‌و سزایان دەدان. بەلاّم بە تێپەڕینی ڕۆژگار کاسۆلیکەکان سزای جادوگەرانیان سووککرد، پاشان بە تەواوی سزایان لەسەر هەڵگرتن. لەکاتیکدا ولاّتە پرۆتستانتیەکان تاماوەیەکی درێژ لەسزادانی جادوگەران بەردەوام بوون.

شۆڕشی ئاینی فێرکاریشی بەدرەنگ خست، دوای ئەوپێشکەوتنە گەورەی کە زانست بەخۆیەوەدی لەسەدەکانی چواردەوپازدە. سەرچاوەکانی سامانی سەروەتی کڵێسا لەسەدەی شازدەدا دەستی بەسەرداگیرا، لەکاتێکدا ئەم سامانەی کڵێسا هۆی بەڕێوەبردنی زۆرێك لەخوێندنگەو زانکۆکان بوو. لەبەرئەمە شوێنە پرۆتستانتیەکان دەرگەکانیان داخست‌و خوێندنیش تەنها لەناو چینی ئەرستۆکراتی خۆی گرمۆڵەکرد. جەنگە ئاینیەکانیش کە لەنێوان کاسۆلیك‌و پرۆتستانتەکاندا هەڵدەگیرسا ئەوەندەی تر خوێندن‌و فێرکردنی دوادەخست. لەملاشەوە زانکۆکان بوونە جێگەی دەمەتەقێی ئاینی، هەردەم لەژێر هەڕەشەی هێرشی سەربازیدا بوون. ئەم ڕەوشە ناهەموارە بووە هۆی دابەزاندنی ئاستی زانکۆو قوتابیانی زانکۆ. پرۆتستانتیەکان ڕێگەیان بە خۆیان نەدەدا ڕۆڵەکانیان بنێرنە زانکۆ کاسۆلیکەکان. لەملاشەوە کاسۆلیکەکان چاودێری زانکۆکانیان دەکردو خوێندنی پرۆتستانتیزمیان قەدەغە دەکرد. قەڵسی‌و تووڕەیی پیۆریتانەکانی ئینگلتڕاش گەیشتە ڕادەیەك، کە "ئۆلیڤەر کرۆمۆویل"ناچار بوو دەرگەی هەردوو زانکۆی ئۆکسفۆردو کمبرج دابخات.

وەلێ لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا خوێندن بایەخی خۆی لەدەست نەدا. سویسرا لەم کاتەدا بەهۆی هەوڵو کۆششی جۆن کالڤن وهاوەڵانی، کە لەڕێگەی کردنەوەی زانکۆو خوێندنگەکان گرنگی زۆریان بەبڵاوکردنەوەی ڕۆشنبیری دەداو توانیان ببنە گرنگترین ناوەندی خوێندن ولێکۆڵینەوە. یەسوعیەکانیش لەملاوە چەندین خوێندنگە وزانکۆیان بنیاتناو هەوڵی بڵاوکردنەوەی ڕۆشنبیریان دەدا. ئیدی لەدوای نیوەی سەدەی حەڤدە، بوژانەوەیەکی سەرتاپاگیر دەبینین لەکایەی زانست وفێرکاری لە نێو هەردوو ئاینزای پرۆتستانتیو کاسۆلیکی.

کاریگەری شۆڕشی ئاینی بەسەر دەوڵەت وکۆمەڵگە :ـ

بێگومان پێشکەوتنی لایەنی سیاسیو کۆمەڵایەتی ڕۆڵێکی گرنگی گێڕا لەهەڵگیرسانی شۆڕشی ئاینی. بەڵام ئەمجارە شۆڕشی ئاینی کاری کردەسەر پێشکەوتنی کایەی سیاسیو لایەنی کۆمەڵایەتی. ئەم کارتێکاردنە دوولایەنیە چەند هۆیەکی لەپشتە:

1–هۆشی نەتەوەیی کەبوو بەهۆی سەربڵند کردنی حکومەتە نیشتیمانیە نویەکان، بەهۆی شۆڕشەوەئەم هۆشی نەتەوییە زیاتر خەملی. لەوڵاتەکاندا کلێسا لەسەر بنەمای نەتەوەی دامەزرێندرا. لۆسەریزم ببوو بەئاینزایەکی نەتەوەیی، کەزۆرترینی ئەڵمانی وئەسکەندەناڤیەکان پەیڕەویان لێ دەکرد، هۆڵندیو سکۆتلەندیەکانیش، شوێنی کالڤنیزم کەوتن. ئەم بڵاوبوونەوەی کلێسای نەتەوەییە، هەر لەناو پرۆستانتیەکان کورت هەڵنەهات، بەڵکو کاسولیکیەکانیش پێی کاریگەر بوون. هەریەکە لەفەڕەنساو ئیتاڵیاو ئیسپانیا

توانیان بەربژاری لە ڕۆما وەرگرن، بۆ بنیاتنانی کلێسای نەتەوەیی. بەم شێوەیە شۆڕشی ئاینیو پاکسازی ئاینی قالبێکی نەتەوەیی وەرگرتو بوو بەهۆی زیاتر بەگەڕخستنو کلێپەسەندنی بزوتنەوە نەتەوەییەکان.

2-کاتێ شۆڕشی ئاینی هەلگیرسا، سەرمایەداری لەپەرەسەندندا بوو، بۆیە زۆرێك لەمیرو پاشاکان پێشوازییان لەبیروڕاکانی لۆسەرو کالڤن کرد. هەروەها چینی ناوەڕاست گرنگیان دا بەو بیروڕایانەی کە کالڤن خستبوویە بەرچاوان سەبارەت بە کارکردنو هاندانی کاری بە بەرهەمو، لێدوانەکانی سەبارەت بە سوخواردن. کالڤن سوی بە حەلاڵ دەزانیو ڕایگەیاند کە ئەوەی کاسۆلیکەکان کردویانە سەبارەت بە حەرام کردنی سوو نا دادگەری تێدایە. لەبەرئەوە دەبینین کاتێك سەرمایەداریەت لەهەریەکە لەئینگلتراو فەرەنساو هۆلندا خەملی، کالڤنیزم لەنێو چینی ناوەڕاست بلاوبویەوەو هاوکاری چینی ئەرستۆکراتیو پادشایانیان کرد لەدەستگرتن بەسەر سەروەتو سامانی کلێسا. بیروڕای خەلکی لەهەمبەر سامان، گۆڕانی بەسەرداهاتو دەولەمەندیو سامانیان بە بەخششی خودا دەزانی بۆ بەندە چاکەکانی.گەیشتنە ئەو باوەڕەی کە سەروەتو سامان گوناهو تاوان نییە هەروەك خەلکی سەدەکانی ناوەڕاست کە باوەڕیان وابوو. بێ کاریو کلۆلی "بێ دەستو پلی" بە دوو گوناهیان دادەنا کە لێخۆشبونی بۆ نییە.

3- لە کۆتایدا ئەوە ماوە بلێین: کە شۆڕشی ئاینی جگە لەمانەی سەرەوە، بەهۆی خۆمالی کردنی سامانی کلێسا. بوو بە هۆیەك بۆ سەربلندکردنی پاشایەتی ڕەها. پاشاکان تەنها بەوەندە نەوەستان، بەلکو

پیادەی دەسەلاَتی پاپایان کرد لەهەمبەر کلێساکانیان. دوای ئەوەی کە پەیوەندی ئەم کلێسایانەیان بە ڕۆماوە پچڕاند. تەنانەت لە ولاَتە کاسۆلیکیەکانیش پاشاکان لەلاوازی پاپا سودیان بینیو توانیان چەندین بەربژاری وەربگرنو کلێسا بەپاشاوە پەیوەست بکەن. هەر ئەمەش یارمەتی سەرهەلّدانی مافی خودایی پاشاکانی دا، بەوەی پاشاکان لەلایەن خوداوە دەسەلاَتیان پێدراوە، هەروەك پاپاکان پێشتر بانگەشەیان بۆ دەکرد.

5/پەیوەندی شۆڕشی ئاینی بە دیموکراتیەتی نویێ:-

سەرهەلّدانی دیموکراتیەتی نویێ زۆرێك دەیگێڕنەوە بۆ شۆڕشی پرۆتستانتی. وەنەبیێ ئەم فیکرەیەش دووربیێ لەڕاستی. پرۆتستانتیەکان جەختیان دەکردەوە لەسەر تاك گەرایی. هەروەها هەلّبژاردنی ئەندامانی کلێسا لەناو هەندیێ لەگروپە پرۆتستانتیە دەمارگیرەکان، بەشێوەی دیموکراتیەت بەڕێوەدەبرا. هەروەك کەمینەی پرۆتستانتی دژایەتی زۆرداری دەکردو ڕوبەڕوی دەبونەوەو شۆڕشیان لەدژی ئەرستۆکراتی سازدەکرد. بەلاَم لەگەلّ ئەوانەشدا کۆمەلّە پرۆتستانتیە سەرەکیەکانی وەك "لۆسەریو کالڤنیو ئینگلیکانی"، خۆیان ئۆرستۆکراتی بوون، نەوەك دیموکراتی، کاتیێ دەبینین لۆسەریزم لەناو میرەکانی ئەلّمانیاو ئەسکەندەنافیا پەرەی سەند. هەروەها کالڤنیزم لە جنێفدا دەسەلاَتی ئاینیو دونیای تێکەلاَوکردو هنری هەشتەمیش کە کلێسای ئینگلیزی دامەزراندو ئینگلیکانی قبولّ کرد، لە چینی ئەرستۆکراتی بوو.

ئەوەی جێگەی سەرنجە ئەوەیە کە دیموکراتیـەت لەئـەورووپای سـەدەکانی ناوەڕاستدا لـەناو هەنـدێ لـە دەسـەڵاتی شـارەکاندا بـوونی هـەبوو، هـەروەك هەندێ لەشارەکانی هۆڵنداو شـاری فلۆرەنـسای ئیتالیـا. دیموکراتیـەت لـەناو هەنـدێ لەدەوڵەتـە نەتەوەییـە نوێیـەکان گەشـەی سـەند، وەك پەرلـەمانی ئیـنگلترا لـەپێش سـەرهەڵدانی پرۆتـستانتی. هـەروەها هەنـدێ لـە دێرەکـان کارەکـانی خۆیـان بـە دیموکراسـی دەبـرد بـەڕێوە. وە هەنـدێ لەنوسـەرە کاسۆلیکەکان بانگەشەیان بۆ دەکردو داوای ڕووبەڕووبوونەوەی زۆرداریو مافی خـودایی پاشـاکانیان دەکـرد، وەك "جیزویـت ماریانـا1536-1624، فرانسیسکۆ سواربزا 1548-1617".

لەگەڵ ئەوەی هەنـدێ لـە کڵێسا پرۆتـستانتیە دەمارگیرەکـان، بەتایبـەت "ئەبرشـیەکان"لەبـەڕێوەبردنی کاروبارەکانیـان پیادەیدیموکراتیـەتیان دەکرد.وەلێ ڕەگوڕیشەی دیموکراتیەت دەگەڕێتەوە بۆ ڕۆژگاری یۆنانی کۆن. ئەوکاتەی دەسەڵاتی ئەسینا لە سـەدەی"5پ.ز" بـە میکـانیزمی دیمـوکراتی هەڵدەسـوڕا. هـەر ئـەم فکرەیـەش لەسـەردەمی ڕێنیـسانس دووبـارە زیندوکرایـەوە. هـەروەك پەرلـەمانی ئینگلیـز لەسـەرەتاکانی سـەردەمی نوێگەشـەی کـردو بنـەمای نوێنەرایـەتی پـەیرەو کـردو خـەڵکیش لـە بەڕێوەبردنی کاروباریان لەڕێگەی ئـەم نوێنەرانـەوە پێویـست بـوو دەنگێکـی ئازادیـان هـەبێت. بیریـارە پرۆتـستانتیەکان لـە ئیـنگلتراو ئـەمریکا ڕێگـەیان خۆشـکرد بـۆ دیموکراتیـەتی نـوێ. بـەڵام نمونـەی دیمـوکراتی فەرەنـسای کاسۆلیك ماوەیەك دواکەوت، وە لە ڕووی فکریو کردەییەوە کاریگـەر بـوو بـە

ئینگلتراو ئەمریکا. ئەمریکاش بە پیادەکردنی دیموکراتیەتێکی کردەیی، کاریگەری لەسەر فەرەنسا دروستکرد. ئەوەی ماوەتەوە بڵێین ئەوەیە کە جۆن لۆك بە پێشەنگی فکری دیموکراتی سیاسی دادەنرێت.

بەش (پشك)ی جوتیاران :ـ

بارودۆخی جوتیاران بە شۆڕشی پرۆتستانتی، بەرەو باشی نەڕۆیشت، بەڵکو لە زۆر ڕووەوە نالەبارترو پڕچەرمەسەری تر بوو. ئەو بەرەو پێش چوونەی کە بارودۆخی ئابووری ئەوانی گرتبویەوە لەپێش شۆڕش، بەهۆی کەم کردنەوەی باج و ئەرکەکانی کڵێسا بوو. وەلێ ئەمەش گۆڕانی بەسەرداهات و ڕووەو تێك چونێکی سەرلەبەری هەنگاوی نا، ئەمەش بەهۆی زیاد بوونی باجەکانی حکومەت و، ئەو ئەرکانەی کە خاوەن زەوییەکان بەسەریاندا دەیسەپاندن. هەروەها بەبێ بەشکردنیان لەزۆرێك لەو بەربژاریانەی کە پێش تر لێی بەهرەمەند ببوون، "بەشێك لەپارچە زەویەك تایبەت کرا بوو بە جوتیار، کەتەنها خۆی دای دەچاند". بەڵام حکومەت و خاوەن زەویەکان دووبارە دەستیان بەسەردا گرتەوە. هەروەك دەستیانگرت بەسەر موڵك و سامانی دێرەکان، بەهۆی ئەمەشەوە جوتیاران بێ بەش بوون لەزۆرێك لەو بەخششانەی کەپێشتر لەلایەن دێرەکانەوە پێیان دەبەخشرا. ئەو یاسا نوێیانەی کە داڕێژران مافی جوتیارانی کەمکردەوەو ئەرکەکانی لەسەر زیادکردن، بەتایبەت دوای ئەوەی کەزۆرێك لەپشووەکان لابران، کە لەپێش شۆڕشدا هەبوون و جوتیاران لێی بەهرەمەند بوون. وەلێ زۆر لەو پشوانە لابران و ڕۆژەکان کران بەڕۆژە ماندووکارەکان. کاڵفنیەکانیش هەستان

بـە قەدەغـەکردنی سـەماو گاڵتـەو گـەپ، لـە کاتێـدا ئەمانـە وزەو توانـای دەگێڕایەوە بۆ جەستە دوای ماندوبوونێکی زۆر.

لە بەرامبەر ئـەم بارودۆخـەدا جوتیـاران چـەندین شۆڕشـیان هەڵگیرسـاند، وەلێ بەوپەڕی دلڕەقانە سەرکوتکران. جوتیـارانیش لـە وڵاتەپرۆتـستانتەکان، بارودۆخیان زۆر خراپتربوو لە پێشووتر.

ئەوەی جێگەی سەرنجە ئەو کاریگەریانەی کە باسمان کردن تەنها بەهۆی شۆڕشی ئاینی نەبوو بە تەنها، بەڵکو چەندەها هۆکاری تری وەکو گۆڕانکاریە ئابووریو سیاسـیو فکریـەکان کـە لەسـەدەی شـازدەدا گۆرانکاریـان بەسـەر داهات، لەو هۆکارنە بوون، کە بوونـە هـۆی دروسـتبوونی ئـەم دەرەنجامانـە، لەناویشیاندا شۆڕشی ئاینی.

ئاراستەگرتن ڕووەو عەلمانیەت "لائیکی":-

دوای شۆڕشی ئاینی دەوڵەت خۆی سەرپەرشتی ئـەو کارانـەی دەکـرد کـە پێشتر کلێسای کاسۆلیکی پێی هەڵدەستا. ئـەم کارانـەی دەوڵـەت تـەنها بـە دەستگرتن بەسـەر زەویـەکانی کلێـساو باجـەکانی کـورت هەلنـەهات، بـەڵکو تـەواوی پرۆسـەی فێرکـردنو چـالاکیە خێرخوازیـەکانی گرتـەوە. کلێـسا پێشترخۆی سەرپەرشتی کاری فێرکردنو کاری ڕۆشـنبیری دەکـردو تێچونی لـە ئەسـتۆی خـۆی گرتبـوو دێرەکـان هەڵدەسـتان بـە چـالاکی خێرخـوازیو چاکەکاری. بەڵام دوای دەستگرتن بەسەر موڵکی کلێساو لەناوبردنی دێرەکان لەلایـەن دەوڵەتـەوە، سـەرجەم ئـەو کارانـە کەوتنـە سەرشـانی دەوڵـەت. لەڕۆژگاری شـاژن "ئیلیـزابێس" حکومـەتی ئینگلیـزی هەسـتا بـە دەرکردنـی

زنجیرە یاسایەك بەمەبەستی بەدیهێنانی ئەوانەی باسمان کرد، لەوانە: باجی نوێی سەپاند بۆ بەڕێوەبردنی خانەکانی فێرکردنو بەخێوکردنی پەککەوتەکان، کەجگە لەمانە هەژارەکانیشی دەگرتەوە. هەروەك هەستا بەکردنەوەی خانەکانی کاروبەکرێ گرتنی خاوەن تواناکان بۆ کارکردن بەمەبەستی کارپێکردن. هەروەها حکومەتە ئەسکەندەنافیەکانو میرە لۆسەریەکان لە "سەکسۆنیاو لۆتەنبەرگ" هەستان بە هەمان ئەو کارانەی کە شاژن ئیلیزابێس پێی هەستا بوو. دەسەلاتەپرۆتستانتیەکان هەستان بە کردنەوەی خوێندنگەو زانکۆکانو سەرپەرشتی کردنیان. لایەنی ئاینیش بە بەردەوامی دەخوێنران لە قوتابخانەکاندا.

بەلام لەولاتە کاسۆلیکیەکاندا هەتا کۆتایی سەدەی نۆزدەش هەر کلێسا سەرپەرشتی کارە خێرخوازیو فێرکاریەکانی دەکرد. وەلێ دوای ئەم مێژووە دەولەت لەم کارانەدا شوێنی کلێسای گرتەوە. هەموو ئەو دەرەنجامانەی کە باسمان کردن، وەنەبێ تەنها شۆڕشی ئاینی هۆکار بووبێ، بەلکو چەندەها هۆکاری تریش هەبوو بۆ هەریەکە لەم گۆڕانکاریانە. شۆڕشی ئاینیش یەکێ بوو لەوانە.

بەشی پێنجەم

بارودۆخی سیاسی لەسەدەی شازدە سەردەمی ئیمپراتۆرچارلسی پێنجەم 1558-1519

هەڵبژاردنی چارلسی ئیمپراتۆر:-

لەکانونی دووەمی 1519 ئیمپراتۆر ماکسیملیان لەدونیا دەرچوو. ئەو باوەڕی وابوو کە دەنگدەرانی ئەڵمانی"نەوەی خۆی"چارلسی یەکەمی پادشای ئیسپانیا هەڵدەبژێرین بە ئیمپراتۆر، بەتایبەت دوای ئەوەی کە ماکسیملیان بەوپەڕی دەستکراوەیی بەخششی پێدان. لەپاش مردنی ئیمپراتۆر وەك ئەوەی هیچ ڕووی نەدابێت کاروبارەکان چونەوە جێگەی خۆیان. سەرەڕای کاندیدی چارلس بۆ ئیمپراتۆر، هەریەکە لە "هنری هەشتەم و فرانسوای یەکەم"، کاندیدبوون بۆ ئیمپراتۆر.

فرانسوای یەکەم لەکاتی هەڵبژاردندا، بەمەبەستی پاراستنیئیمپراتۆریەت بەڵێنی جەنگیدا لەدژی تورکە عوسمانیەکان. هەروەها بەڵێنی دامەزراندنی تۆڕێکی بەرفراوانی هاتوچۆیدا، وە بەڵێنیدا سەروەری یاسا بپارێزێو ئەمن و ئاسایش بۆ ئەڵمانیا بگێڕێتەوە. پاش ئەوەی ئاژاوەو پەشێوی ڕووی تێکردبوو. بەڵام لەڕاستیدا ئەگەر فرانسوا هەڵبژێردرابا تەنها گرنگی بە فەرەنسا دەدا. دەنگدەرانی ئەڵمانیش ئەوەندەی پاراستنی سەربەخۆی خۆیان و دەستوەرنەدان لەکاروبارەکانیان بەلاوە گرنگ بوو، ئەوەندە ڕێگەو سەروەری یاسایان بەلاوە گرنگ نەبوو. لەملاشەوە هنری هەشتەم بەشێوەیەکی گەرمو گوڕ هەوڵی نەدەدا بۆ پۆستی ئیمپرتۆری، لەبەرئەوە هەریەك لە دوو کاندیکەی تر هەوڵی بەدەستهێنانی پشتیوانی ئەویان دەدا. کاتێك پاپاش پشتگیری خۆی بۆ فرانسواڕاگەیاند، دەنگدەران قەڵس بوون،

چونکە حەزیان نەدەکرد پاپا دەست لەم پرۆسەیە وەربدات. ئەمەش زیانی بە بەرژەوەندی فرانسوا گەیاند.

لەگەڵئەوەی دەنگدەران سەرجەمیان ئەڵمانی بوون، بەلاّم هەر بەرژەوەندی تایبەتیان دەخستەپێش بەرژەوەندی گشتی، سەرەڕای کاریگەری بەخشش بەسەرایاندا. هەرچەندە فرانسوا ئامادەیی هەبوو بۆ پێدانی بەرتیلو بەخشش بەوپەڕی دەستکراوەیی، بەلاّم سیابەختی ئەم لەوەدابوو کە بە قەدەر چارلس داهاتو خەرجی لەبەردەستدا نەبوو. لەسەرەتادا دەنگدەری "برندن برگو براکەیشی" پشتگیریان لەفرانسوا کرد،میری پلاتیناتو سەکسۆنیاش بەهۆی ئەوەی لەسەردەمی ماکسیملیاندا زیانبار ببون،پشتگیریان جێگەی گومان بوو.

لەم کەینو بەینەشدا بنەماڵە سەرمایەدارەکان ڕۆڵیان هەبوو، لەم نێوانەشدا بەمەبەستی بانگەشەکردن بۆ چارلس نزیکەی یەك ملیۆن جونەیهیان خەرجکرد. بەتایبەتیش بنەماڵەی فوگور.

کاتێك پاپا"لیۆی دەیەم"پێشنیاری فرانسوای کرد بۆ میری سەکسۆنیا، بەمەبەستی هەڵبژاردنی فرانسوا یان خۆکاندیدکردنی، فردریکی میری سەکسۆنیا ئەمەی ڕەت کردەوەو چارلسی کاندید کرد، ئەمەش لەلایەن دەنگدەرانەوە پشتگیری لێکرا. ئیدی چارلس لە "28/حوزەیرانی1519، بەناوی چارلسی پێنجەم" لە شاری "فرانکفۆرت" وەك ئیمپراتورێك بۆ ئیمپراتۆریای ڕۆمانی پیرۆز هەڵبژێردرا. پاش ئەمە لەشاری "ئەکسی لاشبیل" پایتەختی "شارلەمان" لە "23/تشرینی یەکەم 1520" تاجی کردە سەر.

لەپاش هەڵبژاردنی، "گاتینـاری" ڕاوێـژکاری لەنوسـینیکدا بۆچارلـسی نوسی:"گەورەم، خوای گەورە لەگەڵ تۆ دلۆڤانـە، تـۆی بـەرز کـردەوە لـەناو جیهانی مەسیحیو بەسـەر مـیرو پاشـایان گـەورە کـردی بـۆ دەسـەڵاتێك کـە لەسەردەمی باپیرە گەورەت شارلمانەوە کەسێ خەوی پێوە نەبینیوە. خـودا تـۆی لەسـەر پایـەو پلەیـەك جـێگیر کـردوە، بەهۆیـەوە دەوڵـەتێکی جیهـانی بەدیدێتوجیهانی مەسیحیەت لەژێر سێبەری بەیداغەکەیدا یەکدەگرێ".

چارلس ئیمراتوریایەکی بـەرفراوانو سـامانێکی زۆری لەئـەوروپاو ئـەفریقاو ئەمریکا بە میراتگرت. بەڵام گەورەیی ئیمپراتۆریەکەی زیاتر لەگەڵ سەدەکان ناوەڕاستدا دەگونجا، نەوەك سەدە نوێیەکان. چـارلس لـەم نێوانـەدا ئـامرازو میکانیزمێکی لەدەستدا نەبوو کە بە هۆیەوە ئیمپراتۆریەکەی یـەکانگیربکاتو بەیەکتریـەوە ببەسـتێتەوە. یەکیـەتی ئـەڵمانیش لەهەمبـەر سـەربەخۆخوازی میرە ئەڵمانیەکانو هەولەکانیان بۆ ڕزگار بوون لەدەسـەلاتی ئیمپراتـۆر ببـوە شـتێکی خـەیاڵی. لەملاشـەوە شۆڕشـی لۆسـەرىو جەنگـە خوێناویـەکانو بڵاوبوونەوەی ئاژاوەو پەشێوی، بارودۆخەکـەی دژوارتـر کـردو کارەکـانی زۆر زیاتر ئاڵۆز کـردو یەکیـەتی وەدرەنـگ خـست، بەشـێوەیەك تـاوەکو سـەدەی نۆزدە ئەمە بەدی نەهات.

ئیمپراتۆر دەسـەلاتێکی ناوەنـدی بـەهێزو بـە گڕوتینـی نـەبوو کـە بتـوانێ بەسـەر ئـەم ئیمپراتـۆرە فراوانـە ڕابگـات. هـەروەك سـوپایەکی هەمیـشەیىو بوجـەو خەزێنەیـەکی تایبـەتی لەبەردەسـتدا نـەبوو. هـەموو ئەوانـە وایـانکرد ئیمپراتۆر هەمیشە لەنێوان پایتەختەکاندا لەهاتوچۆ دابێت.

ڕەوشت و ئاکارەکانی:-

ئیمپراتۆر چارلسی پێنجەم لەزیرەکی باپیری ماکسیملیان و لەسەرنجڕاکێشی باوکی "فیلپ" سودمەند نەبوو. لەگەڵ ئەوەی چارلس لەئەسپسواریو لەشەڕە شمشێردا بەتوانابوو جەربەزەبوو، بەلاّم بۆ بەڕێوەبردنی ئەم ئیمپراتۆرە فراوانە بەتواناو بیرتیژ نەبوو. جگەلەمە ئەم زمانی ناسازبوو، هیچ زمانێکی بەپاراوی و ڕەوانبێژی نەدەزانی. تەنانەت زمانی فەرەنسیشی نەدەزانی لەکاتێکدا لەفەرەنساپەروەردە ببوو. هەروەها زمانی ئەڵمانی و لاتینیشی بەباشی نەدەزانی، زمانی ئیسپانیش بەهەمان شێوە. بەلاّم لەپێش ئەوەی بگاتە تەمەنی پێگەیشتن زمانی هۆڵندی فێر ببوو. هەروەها لەبیرکاری و مێژوودا شارەزایی هەبوو، بەهۆی ئەوەی بیرکاری لەجەنگدا یاریدەی دەدا، هەروەك مێژووش هیوایەتێکی بنەماڵەی پاشایی بوو.

لەگەڵ ئەوەی سالآنی فەرمانڕەوایەکەی پڕبوو لەکێشە، بەلاّم ئەم گرفتانە ئەزمونی پێداو پێی گەیاندو شارەزای کردو کردیە کەسێکی ئیداری و توندو تۆڵ و زانا بەکاری خۆی.

چارلس کەسێکی دیندارو دڵسۆز بوو بۆ کڵێسای کاسۆلیکی "دینی باب و باپیرانی". لەکاتی وەلاّمدانەوەی لۆسەردا ئەم دڵسۆزیەی خۆی و باوك و باپیرانی خستە ڕوو. چارلس بەئەرکی سەرشانی خۆی دەزانی لە بەرامبەر هەرتەقەپارێزگاری لەکاسۆلیکیەت بکات.هەرتەقەش لە بیروبڕوای ئەمدا بریتی بوون لە پرۆتستانتیەکان. بەهەمانشێوە بەپێویستی دەزانی جەنگ

لەگەڵ فرانسوای یەکەم سازبکاتو دژایەتی بکات. چارلس فرانسوای بە"دوژمنی ئاشتیو سەقامگیری ئەوروپا" دادەنا، هەروەها دەیویست لەدژی عوسمانیەکان بجولێتەوەو بەربەست دابنێ لەبەردەم پێشڕەوی کردنیان ڕووەو ئەوروپا، ئەمەش بۆ پاراستنی شارستانیەتی خۆرئاوا، بەپێی گووتەی خۆی. بەلاّم کێشە زۆرو زەبەندەکانی ئەویان بەدرێژایی ژیان سەرقاڵکرد، بەبێ ئەوەی هیچ ئامانجێکی دەستگیربێت.

گیروگرفتە کارگێریەکان:-

چارلس گرنگیدەدا بەو ئیمپراتۆریەی کە بنەماڵەکەی ڕابەرایەتی دەکرد، هەروەها ئەو موڵکە میراتیەی کە بۆی مابۆوە. ئەم گرنگی دانەی زۆر زیاتر بوو لەگرنگی دانی بە ئەڵمانیا. ئەمە لەکاتێکدا بەشێك بوو لەئیمپراتۆرە بەرفراوانەکەی. ئەو ئیمپراتۆرە بەرفراوانەش پێکهاتبوو لە:"ئیتالیا، ئەڵمانیا، نەمسا".ئەم ناوچانە لەڕێگەی ژنو ژنخوازیو هاوسەرگیریەوە هەندێکیان بەهەندێکیان بەسترانەوەو بوون بە موڵکی بنەماڵەیەك، کە بریتی بوو لە بنەماڵە هبسرگی نەمساوی. ئەم بنەماڵیە تاکە هاوبەندیەك بوو توانیبووی بەشەکانی ئیمپراتۆریەت بەیەکەوە ببەستێتەوەوپابەندی کات بە خودی ئیمپراتۆر. سەرۆکی ئەم بنەماڵەیەش لەباوکەوە پشتاوپشت دەرایە کوڕ.

ئەم ئیمپراتۆریەتە دەسەلاّتێکی ناوەندی نەبوو کە بتوانێ دەسەلاّتی خۆی بسەپێنێ بەسەر سەرجەم بەشەکانی. وە کارگێڕیەکی گشتیو یەکگرتوی نەبوو کە سەرپەرشتی بکاتو سەرجەم بەشەکانی بەڕێوەبەرێت. بەڵکو هەر پارچەو عاداتو یاساو دامەزراوەو سیستەمی فەرمانڕەویی خۆی هەبوو، بەبێ

ئەوەی لێکچوونێك لەنێوانیاندا هەبێت. یاخود هاوبەندیەك هەبێت ئەو بەش‌و پارچە لێك ترازاوانە بەیەکترەوە وابەستە بکات. تەنها "ئیمپراتۆر چارلسی" پێنجەم بوو کە وابستەی یەکتری کردبوون. ئەم شەقڵە بەشێوەیەك بووتەنانەت شوێنێکی وەك زەویەنزمەکان کە پێکهاتبوو لەحەڤدە هەرێم، هەر هەرێمە یەکیەتیەکی سیاسی تەواوی هەبوو، لەپاڵ ئەوەی کە کاگێڕیەکی ناوەندی‌و سیستەمێکی نوێنەرایەتی هەبوو بۆ سەرجەم هەرێمەکان. شیاوی باسە میرنشینی"بۆرگەندیا" شوێنکەوتەی ئەوان بوو، وەلێ ڕێکخستنێکی سیاسی جیاوازی هەبوو.

ئیسپانیاش بەهەمان شێوە یەکانگیر نەبوو. هەرێمی قشتاڵە زۆرینەی بەشەکانی ئیسپانیاو ئەو موڵکانەشی دەگرتەوە کە لەئەمریکا دۆزرابوونەوە، لەپاڵ هەندێ بەشی ئەفرقیا. "ئەراگۆن"یش-پێکهاتبوو لەچوار هەرێمی سەربەخۆ، کە بریتی بوون لە:"ئەرگۆن - کاتۆلنیا - بلنیسیا - ناڤار". سەرەڕای ئەوەی "ناپولی‌و صقلیەو سەردینیا"ش- بەشێك بوون لە مەملەکەتی ئەراگۆن. شیاوی باسە هەریەکە لەم دەوڵەت‌و هەرێمانە کارگێڕیەکی سەربەخۆو پەرلەمانێکی تایبەتی‌و سیستەمێکی باجی تایبەتی خۆی هەبوو. هەروەها موڵکەکانی بنەماڵەی "هبسبرگ"یش- کەپێکهاتبوو لە:"نەمسا - ستریا - کارنیولا - کارنسیا - تیرول"، بەهەمانشێوەی ناوچەو بەشەکانی تری ئیمپڕتۆریەتەکەی بوون لەڕووی کارگێڕیەوە.

گیروگرفتەکانی چارلس لە ئەڵمانیا:۔

کاتێك چارلسی پێنجەم لەساڵی 1520 هاتە سەر تـەخت، ئیمپراتۆریـەتی رۆمـانی پیرۆزکـورت هـەڵاتبوو لەگـەڵی ئـەڵمانیا، سـەرەڕای چـیك لـەبۆهیمیا. ئـەڵمانیاش چـاوەڕوانبوو هاوشـیوەی فەرەنـساو ئیـنگلترا یـەکێتی تـەواو بەخۆیەوە ببینی بەهۆی ئەو هەستەی هەیانبوو بـەوەی کـە لەیـەك ڕەگـەزن‌و بەیـەك زمـان قـسەدەکەن‌و عـادات‌و نـەریتی هاوبەشـیان هەیـە.ئەڵمانـەکان لـەڕووی هەسـتی نیشتمانیەوە بـێ هێـز نـەبوون، کاتێـك سـوارەکان‌و شـارە ئازادەکـان‌و تەنانـەت خانەدانـەکانیش بانگەشـەیان دەکـرد بـۆ شـێوەیەك لەنیشتمانی بوون‌و پێویستی چاکسازی کـردن لەدامـەزراوە کۆنـەکان. بـەڵام لەمیکانیزمەکانی چاکسازی کردن جیاوازیان تێکـەوتبوو. هەرچـەندە چـارلس هێـزو توانـای خـۆی خـستبۆ گـەڕ بـۆ ئیمپراتۆریـەتی ئـەڵمانیا، بەمەبـستی یەکخـستنی ئـەڵمانیا سـەرەڕای هۆڵنـداو نەمـسا، کـە بـە هۆیـەوە دەبـووە بـەهێزترین دەوڵـەت لەکیـشوەری ئـەوروپادا، بـەڵام ئـەو گـیرو گرفتانـەی کەپاشاکانی ئینگلتراو فەرەنسا دەیانخستە بەردەمبـەدیهێنانی ئەو ئامانجـە هیچی وای کەمتر نەبوو لە گرفتانەی کە دەهاتنـە ڕێـی لەهەمبـەر بـەدیهێنانی ئامانجەکانیدا.لەلایەکی تریشەوە چارلس هیـچکات ئامادەنـەبوو لـەپێناو ئـەو ئامانجـەدا قوربـانی بـە موڵکـەکانی بـدات لەئیـسپانیاو ئـەمریکا، وە دەسـتبەرداری ئـەو موڵکانـە بێـت کـە بـە سـەروەت‌و سـامانیان خەزێنـەی ئیمپراتۆریان پڕ دەکرد. واتا ئامادە نەبوو لەپێناو ئەڵمانیادا هـیچ قوربانیـەك بدات، کە داهاتەکەی کەمتر بوو لەداهاتی زەویە نزمەکان.

میرەکانی ئەڵمانیا سەرکۆنەی ئیمپراتۆیان دەکردو تاوانباریـان دەکـرد بـە نیشتمانی نەبوون و فەرامۆشکردنی کاروباری ئـەڵمانیا. لەڕاسـتیدا ئیمپراتـۆر بە فەرەنسی قسەی دەکردو هیچ لە ڕوایژکارەکانی خەڵکی ئـەڵمانیا نـەبوون. ئەمەلەکاتێدا پـێش ئـەوەی کـە لەسـاڵی 1519 بـە ئیمپراتـۆر هەڵبـژێردرێ، دەنگدەران لەمیرەکان داوایان کرد کە زمـانی ئـەڵمانی وەك زمـانێکی فـەرمی جێگەی زمانی لاتینی بگرێتەوە، هەروەها پۆستەکانی ئیمپراتۆریەت تەنها بـۆ ئەڵمانەکان بێت، وە داوایان لێکرد سوپای بیـانی نەخاتـەکار لـەو جەنگانـەی کە ئیمپراتۆر هەڵیان دەگیرسێنێ، تەنها کاتێك نەبێت کە "دایـت"ڕەزامەنـدی لەسـەری بنوێنێـت. هـەروەك نـابێ دەسـتبەرداری زەویـە نزمـەکان بێـت بـۆ دەسەڵاتە بیانیەکان، یاخود نابێت میرەکان ناچار بکـات ملکەچـی بنـوێن بـۆ خەڵکی بیانی. هـەروەها دان بهێنـێ بەسـەربەخۆیی ویلایەتـەکانو لەناویانـدا ئەنجومەنی ڕاسپاردن دیاری بکات. کە هەر ئەم ئەنجومەنەش بەشداری بکات لەفەرمانڕەوایەتی کردن.

"دایت"ی ئەڵمانیا لەساڵی 1521 کاتێك لەشاری ورمز کۆبونەوەی گرێدا، بڕیـاری دامەزرانـدنی ئەنجومـەنی ڕاسـپاردنی دەرکـرد. پیویـستبوو ئـەم ئەنجومەنە پێکبێت لە بیستو سێ ئەندام کە نوێنەرایەتی خواستی میرەکانی ویلایەتە ئەڵمانیـەکان بکـات. هەرچـەندە ئەنجومـەنی ڕاسـپاردن لەسـەرەتای فەرمانڕەوایی چارلسدا بە پێکهێنانی یەکێتی گومرگی لـەنێوان ویلایەتـەکانو سەپاندنی باج بەسـەر کەلوپـەلی هـاوردەدا تـوانی دەسـتەبەری سـەربەخۆیی ئابووری بکات. هەروەها بەمەبەسـتی کەمکردنـەوەی پـشتبەستنی ئیمپراتـۆر

بە دیاری میرەکان، دەستەبەری داهاتی دیاری کراوی کرد بۆ خەزێنەی ئیمپراتۆر،ئەمەش وایکرد ئەڵمانیا ڕووەو یەکێتی سیاسی هەنگاو بەرەو پێشەوە بەرێت. بەلاّم لەناو دەوڵەمەندانی شارو بازرگانانی کۆمەڵەی هنسی نارەزایی زیادی کردو سکالاّیان کرد لەگرانی باجە نوێیەکان بەسەر شانیانەوەو دەیانگوت: ئەم باجانە بازرگانیەکەیان هەرەس پێدەهێنێ. ئەمەش ئەنجومەنی ناچار کرد واز لەم بیرۆکەیە بهێنێو دووبارە پشتببەستێ بەو بەخشیشانە کە ویلایەتەکان پێشکەشیان دەکرد. ئەنجومەنی ڕاسپاردان جارێکی ترو پاش سێ ساڵ، لەنورمبرگ کۆبونەوەی سازدا، بەلاّم بەهیچ کارێك هەڵنەستا جگە لەدانانی کۆمەڵێك بڕیارو یاساو لەساڵی 1532 خستیە بواری جێبەجێ کردن. بەم شێوە هەستدەکەین کە ئیمپراتۆر نەیویستووەو ئارەزوی بەشداری کردنی نەکردووە لەئەنجومەنێك کە دەسەلاّتی کۆت بکات. بەمەش جڵەو بۆ میرەکان شلبوو بۆ ئەوەی سودمەندبن لەسەربەخۆی خۆیان.

چارلس و سوارەکان :-

لەسەدەکانی ناوینداسوارەکان پەیوەست بوون بە دەرەبەگ. سوارەکانی ئەڵمانیش پاشماوەی سیستەمی سوارەکانی ئیمپراتۆری بوون. بەلاّم بەهۆی بەرزبوونەوەی نرخەکانو زیادبوونی دەسەلاّتی میرەکان،سنور بۆ ئازادی هەڵسوکەوتیان داندرا، لەملاشەوە قەدەغەکرانی جەنگە ناوخۆییەکانی نێوان خانەدانانو پیادەکرانی یاسای ڕۆمانی لەبری بنەماو یاسای دەرەبەگی، گورزی کاریگەری لەسوارەکان سرەواندوداهاتو دارایی کەم کردنەوە. بەهاتنی

سەدەی شازدە سوارەکان بوونە نیشتمانیو نەتەوەپەروەرو ڕقیان لەمیرو خاوەن قەڵاکان بوو، ئەوانەی هیچ کارێکیان نەبوو جگە لەجەنگو بڵاوکردنەوەی پەشێویو ئاژاوە نەبێت. بەهەمانشێوە بەچاوێکی سوكو کەم بایەخ سەیری بازرگانیان دەکرد. هەرچەندە بەشێك لەمان ڕۆشنبیر بوون بە ڕۆشنبیریەکی بەرز، بەلام مەیلو ئارەزویان بەلای سەقامگیری دانەبووو شانانازیان دەکرد بە ئەڵمانی بوونی خۆیان. ئەم سوارانەی لەژێر سەرکردایەتی "فرانزون سیکینگف"و "ئولریك فونهتن"دابوون، لەدژی هەڵبژاردنی چارلسی پێنجەم بە ئیمپراتۆر ڕاوەستانو بەتوندی لەدژی بە گەورەگرتنی چارلس بوون بەسەر کاندیدکراوەکانی تر لەغەیری ئەڵمانیو فرانسوای یەکەمو هنری هەشتەم. سوارەکان چاوەڕوانی ئەوەیان لە ئیمپراتۆر دەکرد کە یەکیەتی ئەڵمانیا بەدی بێنێت. وە لە ناکۆکی خۆی لەگەڵ میرو دەوڵەمەندەکانی شار، پشت بەتوانای ئەوان ببەستێ وبە هێزی ئەوان ملی میرەکان کەچ بکات. لەمەشدا بەمەبەستیان ڕێگە خۆشکردن بوو بۆ دامەزراندنی دەسەلاتێکی ئەڵمانی ناوەندی یەککگرتووی بەهێز.

بەلام کاتێ پرۆتستانتیو شۆڕشی مارتن لۆسەر وەك دوو ڕوداوی تازە هاتنە سەر شانۆی ڕوداوەکان، سوارکان بەپاڵنەری نەتەوەیی باوەڕیان بە لۆسەریزم کرد. بەوپێیەی کە جیابوونەوەی لۆسەر لەپاپا، دەبێتە هۆی جیابوونەوەی ئەڵمانیا لەئیتالیاو دامەزراندنی کڵێسای تایبەتی ئەڵمانی. ئەمەش هۆیەکە بۆ یەکیەتی ئەڵمانیا. جا کاتێك دایتی ئەڵمانی لەورمزدا لەژێر کاریگەری ئیمپراتۆر لەساڵی 1521 فەرمانی بێبەری بوونی بۆ مارتن لۆسەر

درکرد، سوارەکان لەدژی ئیمپراتۆر وەستان و شۆڕشیان لەدژی بەرپاکرد. "سیکینگف" دادگای بالآی ڕەتکردەوە، کە دایت لە "ورمز"دا-دایمەزراندبوو، هەروەها هێرشیکردە سەر ئوسقوفەی"ترير"ی کاسۆلیکیو مولّكو سامانی کلّێسا. "سیکنینگف" و هاوڕێکەی لۆسەریزمیان خستە سەرشانی خۆیان. بەلآم میرەکان لەناخیاندا ڕوحی دوژمنکارانەی کۆنیان هەلّگیرساند بەبێ لەبەرچاوگرتنی ئاینو لەسالّی1523 شۆڕشی سوارەکانیان سەرکوتکرد. "سیکینگف" کوژراو "هۆتن"یش-بەرەو سویسرا ڕای کردو پەنای برد بۆ دورگەیەك لەدەریاچەی زوریخ، پاشان هەرلەوێدا مردو جگە لەقەلّەمەکەی هیچی تری لەپاش خۆی جێنەهێشت بەپێی گووتەی زوینگلی. بەم شێوەیە دوایەمین هەولّی یەکیخستنی ئەلّمانیا لەسەدەی شازدە کۆتایی پێهات.

چارلس بە کاسۆلیکی مایەوە بەهۆی ئەوەی باوەڕی وابوو دەسەلآتە سیاسیەکەی سەرکەوتوو دەبێت ئەگەر پارێزگاری لەمەزهەبی کاسۆلیکی بکات. وەپێویستی چارلس بۆ هاوکاریەکانی پاپا لەڕووی سیاسی و، وەبە مەبەستی جێبەجی کردنی پرۆژەکانی هۆکارێکی تربوو بۆ ئەوەی چارلس پارێزگاری لە کاسۆلیکیەت بکات. ئەمەش هۆکاری سەرەکی بوو بۆ ئەوەی میرەکان لۆسەریەت قبولّ بکەنو لەکاسۆلیکی دەربچنو دەسەلآتی ئیمپراتۆر لەسەرخۆیان کەم بکەنەوە. خۆ ئەگەر ئیمپراتۆرو میرە ئەلّمانیەکان بەیەکەوە پرۆتستانتیان وەرگرتبا یان ڕەفزیان کردبا، ئەوا یەکیەتی تەواو دەبوو جەنگی ناوخۆش هەلّنەدەگیرساو دەسەلآتێکی ناوەندیش هەلّدەستا

بە دامەزراندنی کڵێسایەکی یەکگرتوو. بەڵام میرەکان جیاوازی ئاینیان کردە ئامرازێک بۆ دژایەتی کردنی ئیمپراتۆریی کاسۆلیکیو دەستەبەرکردنی دەسەلاتی خۆجێیو نەهێشتنی ئومێدی یەکیەتی ئەڵمانیا. بەم شێوەیە ئیمپراتۆری ڕۆمانی پیرۆز شلەژاو شپرزە بوو لەڕۆژگارێکدا کە گەورەترین ئیمپراتۆری هەبوو.

شۆڕشی جوتیاران:ـ 1525ز

هەروەك چۆن میرەکان لەپەنامو غیابی چارلسی پێنجەم بەسەر شۆڕشی سوارەکاندا زاڵ بوون، بەهەمانشێوە لەساڵی "1525" توانیان بەسەر شۆڕشی جوتیاراندا سەرکەون. لەسەدەی پازدە بەهۆی کەمی دانیشتوانو کەم بوونەوەی دەستی کار، جوتیاران بارودۆخیان باشتر بووو توانیان هەندێ ئازادی بەدەستبهێنن. ئیدی هۆشیاریان زیاد کردو ڕەخنە گرتنیان لەباجە دەرەبەگیەکانو ڕاوکردن لەکێڵگەکانیاندا زیادی کرد. وەلێ لەسەدەی شازدە بەهۆی کەمبوونەوەی داهاتی خانەدانانبارودۆخ گۆڕانی بەسەرداهات. ئەم کەمبونەوەی داهاتە بەهۆی قەیرانە ئابووریەکانو بەرزبوونەوەی نرخەکان لەسەرەتای سەدەی شازدە هاتە ئاراو بەهۆیەوە خانەدانان ویستیان دووبارە باجە درەبەگیەکان بسەپێننەوە، ئەمە لەکاتێکدا جوتیاران دەیانویست ئازادی زیاتر بەدەستبێنن. خۆ لەڕاستیدا داواکاری جوتیارانیش ڕاستوڕەوابوو کاتێك سکاڵایان دەکرد لەدەستبەسەراگرتنی دارستانەکانیانو ناچارکرانیان بە خزمەتکردنی خانەدانان.

پەیامەکانی لۆسەریش لەملاوە بۆ خۆی هانداندان و گەرمکردنبوو بۆ سازکردنی شۆڕش. ئەمەش بەجەخت کردنەوەی لەسەر برایەتی مرۆڤەکان گرنگی دەستگرتن بەسەر داهاتی کلێسا. هەروەها "توماس مونزو ساکاو" وەك چۆن لەهاندانی جوتیارانی "نوڤرنجیا" ڕۆڵیان گێڕا، بەهەمانشێوە لەوروژاندنی جوتیاران بۆ دامەزراندنی کۆمەڵگەیەکی شیوعیەتی لە"ملهاوزنی سەکسۆنیا" ڕۆڵی کارایان بینی. ئەوتا دەبینین یەکێ لەبانگەشەو دروشمەکانیان کە لەناو جوتیاران بڵاویان دەکردەوە، دەڵێ:"شۆڕش بکەن، بکوژن و بجەنگن لەپێناوی خودا، بەردەوام بن..... هۆ خەڵکی شارو لادێو کرێکارانی کارگەکان بەردەوام بن.....دەمێکە ئاگر داگیرساوە، با خوێنی سەر شمشێرەکانتان وشك نەبێتەوە..... خودا لەگەڵتان دایە"[1].

شۆڕش لە ساڵی 1525 لەدارستانی ڕش دەستیپێکردو لەباشوری خۆرئاوای ئەڵمانیا بە ئاراستەی نەمساو سەکسۆنیا تەشەنەی سەند. بەهۆی ئەوەی لەسەرەتادا شۆڕش لە دژی کلێساو پیاوانی ئاینی کاسۆلیکی بوو مارتن لۆسەر پێشوازی لێکرد. بەڵام کاتێك شۆڕش چووە حاڵەتی دژایەتی کردنی خانەدانان لەناوەڕاستو باشوری ئەڵمانیا، لۆسەر هەڵوێستەی کردو ئەمەی بە مەترسی زانی لەسەر لۆسەریزم. لەبەرئەوە لەدژی شۆڕش ڕاوەستاو هانی خانەدانانیدا بۆ سەرکوتکردنی. میری سەکسۆنیا "هست دارمشتات" لەمایسی ساڵی "1529" توانی لە "فرانکهاوزن" بەسەر جوتیاراندا زاڵبێت. جێگەی باسە ئەم جوتیارانە لەلایەن "تۆماس

1هەمان سەرچاوەی پێشو.

مونزر"ەوە–سەرکردایەتی دەکران. پاشئەمە زۆری نەبرد شۆڕش شکستی هێنا. بەڕاستی شکستی شۆڕش سەرکەوتنی خانەدانان بوو بەسەر ئیمپراتۆر، کاتێك کە ئیمپراتۆر پارێزەری جوتیاران بوو. دەسەلاتی خانەدانان لەسەر حیسابی ئیمپراتۆر دای لە زیادیو بارودۆخی جوتیاران زۆر لەپێشو خراپترو نالەبار تر بوو[2].

جەنگەکانی چارلسی پێنجەم:-

گیروگرفتەکانی چارلسی پێنجەم بەهۆی جەنگە درەکیەکانەوەئالۆز بون. چارلس لەپێشینەکانی خۆیەوە لەجیاتی ئاشتی، ململانێیەکی بەردەوامی لەگەڵپاشایانی فەرەنسا بۆ بەجێمابوو. سەرەڕای هەڵپەو تموحی فرانسوای یەکەم بۆ تەختی ئیمپراتۆری ڕۆمانی پیرۆز. هەر ئەمەش هۆکارێ بوو کە چارلسی ناچار کرد بە درێژایی ژیانی دژایەتی بکات.

جەنگی نێوان ئیمپراتۆر چارلسی پێنجەمو فرانسوای یەکەمی پاشای فەرەنسا

فرانسوای یەکەم پیاوێکی سەرەڕۆو کەمتەرخەم بوو، هەستی بە بەرپرسیاری نەدەکرد. بە هێزی سەربازی خۆیو بەکەسایەتی خۆی سەرسام بوو. فرانسوا لەساڵی 1515 هاتە سەر تەخت. کاتێك هاتە سەر تەخت بینی وڵاتەکەی بە مولکی بنەماڵەی هبسبرگ گەمارۆ دراوە، لەبەرئەوە هەوڵی دا خۆی لەم گەمارۆیە ڕزگار بکات، ئەمەش بە کۆکردنەوەی وڵاتە بچوکەکان لەدەوری یەکترو هاندانیان لەدژی بەهێزترین دەسەلاتی ئەووروپا.

---

2 Ibid; 135-146

فرانـــسوا وەك پێـــشینەکانی شکـــستی هێنـــا لەدەستخـــستنی تـــاجی ئیمپراتـــۆری. لەبەرئـەوە لەهەنـدێ هۆکـار دەگـەرا تـا شـەرعیەت بـدات بـەو جەنگەی کە لەگەڵ چارلس هەڵیدەگیرسێنێ. ئەو هۆکارانەی کە ئەم پاساوی جەنگەکەی پێ کرد، بریتی بوون لە:

1. لۆیـسی دوازدەهـەمی پاشـای فەرەنـسا لەسـاڵی 1512 میلانـۆی لەدەست هاتەدەر، فرانسواش لەساڵی 1515 گێڕایـەوە ژێردەسـتی خـۆی. سا کاتێکیش چارلسی پێنجەم هاتە سەر تەخت لەسـاڵی 1519، بڕیـاری دا ئـەم دۆقیـە بخاتـەوە سـەر ئیمپراتۆریەکـەی، بـەو پێیـەی میرنـشینێکی شوێنکەوتەی ئیمپراتۆرە

2. فرانسوا داوای تەختی ناپوڵی دەکرد، کە کاتی خـۆی لۆیـسی دوازدە لەساڵێ 1504 بۆ فردیناندی پاشای ئیسپانیی چۆڵی کردبوو. فردینانـدیش باپیری چارلس بوو لەدایکیەوە.

3. فرانسوای یەکەم نیشتمانی ناڤـارای بـەهی خـۆی دەزانـی، لەکاتێکـدا بەشـێکی زۆری بـە ئیـسپانیاوە لکێنرابـوو. دوای ئـەوەی بـە زەبـری هێـز فردیناندو ئیـزابێلا دایانپـچراند. جـا فرنـسوا گێڕانـەوەی ئـەم ناوچـەیەی بـە پێویست دەزانی.

4. فرانسوا دەیویست دەستبگرێ بەسەر زەویە نزمەکان. بـەڵام چـارلس کۆسپێکی بەهێز بوو لەبەردەمیدا.

سیاسەتی چارلسی پێنجەم لەدەوری مافە نەریتیـەکان "نـەریتی ئەوسـا" هەڵدەسوڕا. وەك ڕێزگرتنو پاراستنی مافە دەرەبەگایەتیەکان.

ڕاوێژکارەکەی ئامۆژگاری کرد بەوەی کە دۆقیەی برگندیا کەچارلس خۆی تیایدا پەروەوەردە ببوو، لە بنەڕەتدا بەشێك نییە لەفەرەنسا. بەهەمان شێوە دۆقیەی میلانۆ لەباکوری ئیتالیا، کە لەجەنگی "ماریگنانوی" ساڵی 1515 کەوتبووە ژێردەستی فرانسوا، ناوچەیەکی دەرەبەگی ئیمپراتۆری ڕۆمانیە. مانەوەشی لەدەستی فەرەنسا، ڕێگەکانی نەمسا بەدەریای سپی ناوەڕاست دەپچڕێنێ. چارلس گێڕانەوەی ئاشتی بۆ ئەوروپا بە ئەرکی سەرشانی خۆی دەزانی، تەنانەت باوەڕی وابوو ئەگەر پێویستکات هێز بەکاربێنێ، ئەوا بەئەرکی سەرشانیەتی بەکاریبێنێ.

بە تێکهەڵچوونە سەربازیەکانی فەرنساو ئیمپڕاتۆر لەسەر سنوری نێوان ئەڵمانیاو فەرەنسا، سەرەتای چالاکیە جەنگیەکان لەساڵی 1521ز دەستی پێکرد. بەم تێکهەڵچوونە ئیمپراتۆر گوشاد بوو، چونکە بووە هۆی خۆشکردنی ئاگری جەنگو پاڵی نا بە سوپای فەرەنسا ڕووەو باکوری ئیتالیا. سوپای ئیمپراتۆریش توانی دۆقیەی میلانۆ بگێڕێتەوە ژێر دەستی خۆیو فەرەنسیەکانی تێیدا دەرپەڕێنیو بنەماڵەی سفورزا لەم ناوچەیە بخاتە سەرکار، بەو پێیەی ئەم ناوچەیە میرنشینێکەو پەیوەستە بە ڕۆمانی پیرۆز. لەملاشەوە پاپا لەبەرامبەر هاوکاریکردنی کردنی ئیمپراتۆر"پارما"ی دەستکەوت. لەم کاتەداو لەسەرەتاکانی ساڵی 1524، سوپای ئیمپراتۆری شاخەکانی "ئەڵپ"ی بڕیو بە درێژایی هاوینی ئەم ساڵە گەمارۆی فرانسوای یەکەمی دا لە"میرسیلیا". بەڵام فرانسوا بەسەریاندا سەرکەوتو بە خراپی تێکشکاندن بەبێ ئەوەی دوایانکەوێت. پاشان بەشێکی سوپاکەی بەرەو

ناپوڵی ناردو خۆیشی سەرکردایەتی بەشەکەی تری کرد بەرەو پێدەشتی "پاڤیا" لەنزیك "میلانۆ" بە مەبەستی گەمارۆدانی سوپای ئیمپراتۆر.

سوپای تێکشکاوی ئیمپراتۆر توانی بۆ کۆکردنەوەی هێزەکانی پاشەکشە بکات بۆ میلانۆ، تاوەکو هێرش بکاتە سەر فرانسوا. سوپای فەرەنسی لەمانگی شوباتی 1525 لە"پاڤیا" تێکشکاو توشی زیانێکی قورس هاتو فرانسوا دەستگیرکراو بەرەو مەدرید بەڕێخرا، کە لەوێدا ئیمپراتۆر چاوەڕوانی دەکرد. فرانسوا نزیکەی ساڵێك بە دیلی مایەوە سەرەڕای ئەو زیانە قورسەی کە توشی سوپاکەی بوو. چارلس بەسەرکەوتنی هاوسەنگی نێودەوڵەتی ئەورووپای لاسەنگ کردو کەوتە دووڕیانێك لە بارەیەوە، یان ئەوتا پەلاماری فەرەنسا دەداتو هێرشی دەکاتە سەرو ویستی خۆی بەسەریاندا دەسەپێنێ، یا لەدیلی ئەو سود وەردەگرێو ڕێککەوتنێکی لەگەڵدا ساز دەکات کە لەقازانجی ئیمپراتۆریەتەکەی دابێت. لەڕاستیدا سەخت بوو بەهۆی هێرشەوە سەرکەوتنێکی یەکلاکەرەوە بەسەر فەرەنسیەکاندا بەدەست بێنێ، چونکە فەرەنسیەکان خۆیان بۆ پارێزگاری کردن لە وڵاتەکەیان ئامادەبوون، هەروەك چارلسیش بەو ڕادەیە بەهێز نەبوو کە زاتی ئەم کارە بکات. لەلایەکی تریشەوە ئەگەر چارلس بەگوێی ڕاوێژکارەکەی "گاتیانارا"ی کردبا کە ئامۆژگاری کرد بەوەی فرانسوا لەئیتالیادا بۆ ماوەیەکی درێژ بهێڵێتەوەو وەك دەستەبەریەك بۆ هەر هەوڵێکی دوژمنکارانەی فەرەنسیەکان بیخاتە کار. جائەگەر بەم ڕایەی کردبا، ئەوا لەسەری پێویستبوو هەڵسوکەوت لەگەڵ دیلەکەی بکات بە"جوامێریو گەورەییەك کە هێزی تێدا دەرکەوێ، وە

بەزەییەك كە سەرچاوەكەی لە خواوە بێت". هەر هەمان ڕاوێژكار ئامۆژگاری كرد بەوەی "داوای هەموو دۆقیەی بۆرگەندیا بكات، چونكە مافی شەرعی خۆیەتی، ئەمجا پەیمانێكی ڕەقی لەگەڵ ببەستێ، بەو مەرجەی پەیمانەكە دادوەرانەبێتو دەستەبەری ئاشتی بكات، هەروەها لۆسەریزم ڕیشەكێش بكاتو عوسمانیەكانیش بەرەو ولاتی خۆیان ڕاوبنێ". بەلاّم چارلس بەگوتەی ڕاوێژكارەكەی نەكردو وتوێژی هەڵبژارد لەگەڵیدا. واتا لەبری ئەمە هەستا بە سازكردنی وتووێژ لەگەڵ فرانسوا. جا لەكانونی دووەمی ساڵی 1526 پەیمانبەستی مەدرید لەنێوانیاندا بەسترا. بەگوێرەی ئەم پەیمانە پێویستبوو لەسەر فرانسوا واز لەزەویە نزمەكانو ئیتالیاو بۆرگەندیا بهێنێ بۆ ئیمپراتۆر. هەروەها چەند جارێك بە كتێبی پیرۆز سوێند بخوات كە پابەندبێت بە بەڵێنەكەیو خوشكی گەورەی ئیمپراتۆر "ینورا" بخوازێ. "خێزانی فرانسوای یەكەم پێشتر لە ساڵی1524 لەتەمەنی بیست وچوار ساڵیدا كۆچی دوایی كرد".

بەلاّم فرانسوا هەرزوو پەیمانەكەی شكاندو قاچەكانی خۆی لەسەر زەویەنزمەكان گیركردەوە. بەوپاساوەی كەسوێند خواردنەكەی لەژێر فشاردا بووە. ئەمجا ڕێككەوتنەكەی ڕەتكردەوەو دەستیكرد بەهاندانی میرنشینە ئیتاڵیەكان لەدژی چارلس، وەك "پاپا كلیمێنتی حەوتەم، فرانسیسكۆ سفورزا، فلۆرەنسا، ڤینیسیا، هنری هەشتەمی پاشای ئینگلترا". ئەمەش بە پێكهێنانی كۆمەڵەی"كونیاگ" لە22/ مایسی/1526. ئیدی بە تەواوی دەركەوت كەجەنگی نێوان فەرنساو ئیمپراتۆر نوێ دەبێتەوە. چارلس

لـەبارەی فرانـسواوە وتویـەتی: "ئەگـەر فرانـسوا پارێزگـاری کردبایـە لـە بەڵێنەکـەی، جـەنگ نـوێ نەدەبویـەوە............ ئـەو ناپـاکیو غەشـی لێکردم، بەڕاستی ئەم وەك کەسێکی خانەدانانو پاڵەوانانـە مامەڵـەی نـەکرد، بەڵکو وەك کەسێکی نامەردو ناپیاومامەڵەی کرد".

تالآنکردنی ڕۆما:-

سوپای ئیپراتۆر شاخەکانی ئەلپی بڕی ڕووەو ئیتالیا. لەمکاتەشدا موچەی سەربازان وەدرەنگ کەوتبوو ئەو ئازوقەی کـە لایـان بـوو بەشـی نـەدەکردن. ئیدی سوپا بە فلۆرەنسادا تێپەڕی ڕووەو ڕۆمـا، بـەو بڕوایـەی ڕۆمـا سـامانی هەموو جیهانە. سەرکردەی فەرەنسی نەیتوانی بەسەریاندا زاڵ بێتو سـوپای ئیمپراتۆر هێرشی کردە سەر شارەکە. ئیـدی ڕاو ڕووتو ئـەتککردنی ئـافرەت بەتایبەت رەهیبـە جوانـەکان بـۆ مـاوەی نـۆ مـانگ بـەردەوام بـوو. "سـوپای ئیمپراتۆر لەمانگی مایسی 1527 هێرشی کردە سەر شـارەکە". لەملاشـەوە پاپا لەقەلای "سنت ئەنجلۆ" خۆی حەشاردا. دواتر ناچـاربوو پـەیمان لەگـەڵ چارلس ببەستێو بەگوێرەی ئەم پەیمانە سفورزا گەڕایـەوە میلانـۆو میدتـچی بۆ فلۆرەنساو پاپاش هەندێ لەزەویەکانی گێڕایەوە.

تالآنکردنی ڕۆما جیهـانی کاسـۆلیکی هەژانـدو ورووژانـدی. تەنانـەت هنـری هەشتەم کە ئەو کاتەش دڵسۆزی پاپا بـوو، هاوکـاری فرانـسوای کـرد لـەدژی چارلس. بـەلآم هەڵـە سـەربازییەکانی فرانـسوا گـەلێ زۆربـوو، بۆیـە نـەیتوانی قاچەکانی خۆی گیربکات لەسەر ئیتالیا، لەبەرئەوە ئاشـتەوایی "کمـبری" لـە ساڵی 1529 لەگەڵ چارلس بەست. بە گوێرەی ئەم ئاشـتەواییە بەنـدەکانی

پەیمانبەستی مەدرید نوێ کرایەوە، ئەمەش بە وازهێنانی لەزەویە نزمەکان‌و ئیتالیا. چارلس سەبارەت بە دۆقیەی بۆرگەندیا زۆر پێداگری نەکرد. لەساڵی 1530 ئیمپراتۆر سەردانی ئیتالیای کردو لەوێدا تاجی لۆمباردیاو تاجی ئیمپراتۆریەتی ڕۆمانی دێرینی لەلایەن پاپاوە خرایەسەر. شیاوی باسە ئەمە دواین جاری پاپا بوو لە هەمبەر تاج خستنەسەر سەری ئیمپراتۆرانی ئیمپراتۆریای ڕۆمانی پیرۆز. لەم کاتەشدا تەمەنی چارلس سی ساڵ بوو.

جەنگ‌و هەرای نێوان چارلس‌و فرانسوا کۆتایی پێنەهات‌و لە ساڵانی 1536-1538 گۆبەندەکە نوێ بویەوە. فرانسوا بە هاوپەیمانی لەگەڵ میرە پرۆتستانتیەکان لەئەڵمانیاو سکۆتلەنداو سویدو دانیمارك، هاوشان لەگەڵ دەوڵەتی عوسمانی کەوتە جەنگ لەدژی چارلس. هەروەها لەساڵانی 1542-1544 دیسان جەنگ دووبارە بوویەوە. لەپاش مردنی فرانسواش تاوەکو ساڵی 1547 جەنگ بەردەوام بوو. ئەم جەنگانە بە ئاشتەوایی "کاتو کامبریس" لەساڵی 1559 کۆتایی هات. ئەم پەیمانە لەنێوان هنری دووەمی پاشای فەرنساو "1547-1559" فیلپی دووەمی پاشای ئیسپانیا کوڕی چارلس بەسترا. بەگوێرەی ئەم پەیمانە ئیتالیا کەوتە ژێردەستی بنەماڵەی پاشایی ئیسپانیا، فەرەنساش سێ شاری قایمی لەناو ئمپراتۆریای ڕۆمانی کەوتە دەست، کە خۆی دەبینیەوە لە "میتز - تول - ڤیردون". بەمەش فەرنسا لەسەر حسابی ئەڵمانیا فراوان بوو.

ئەنجامی کێشەو هەرای بنەماڵەی هبسبرگ‌و فەرەنسا بریتی بوو لەپارێزگاریکردن لەهاوسەنگی نێودەوڵەتی‌ونەهێشتنی خۆتێهەڵقورتاندی

فەڕەنسا لەکاروباری ئەڵمانیا. بەلام لەهەمانکاتدا ئەم دووبەرکیانە دەرفەتی دایە دەوڵەتی عوسمانی تاوەکو لەخۆرهەلاتی ئەوروپا دەرکەوێ. هەروەها هۆکارێکیش بوو بۆ پەخشانبوونی پرۆتستانتی لەئەڵمانیا. لەلایەکی تریشەوە بوو بە هۆیەك بۆ هاوپەیمانبوونی فەرنساو دەوڵەتی عوسمانیو وەرگرتنی بەربژاری لەلایەن فەرنساوە لەناو دەوڵەتی عوسمانیدا[1].

چارلسی پێنجەمو دەوڵەتی عوسمانی:-

لەو ساڵەی چارلسی پێنجەم هاتە سەر تەختی ئیمپراتۆری، دەوڵەتی عوسمانیش یەكێ لەمەزنترین سولتانەكانی بەخۆیەوە بینی، كە هەر لەو ساڵەدا هاتە سەرتەخت. ئەمیش سولتان سلێمانی قانونی بوو"1520-1566". سلێمانی قانونی بەهۆی دەستگرتنی بەسەر وڵاتی قەفقاسو باشوری ڕوسیا، سنوری ئیمپراتۆریەكەی فراوان بوو كە بەهۆیەوە ناوچەی دەریای ڕەش بوو بەهی دەوڵەتی عوسمانی. هەروەها دەستی گرت بەسەر دۆڵی ڕافدینو توانی بگاتە كەنداوی عەرەبی لەلایەك، لەلایەكی تریشەوە سەركردەی دەریایی عوسمانی "خیردین بربرۆسا" توانی زاڵ بێت بەسەر دەریای سپی ناوەڕاستو بندوقی جەنەویەكان دەربكات. بەمەش دەریای سپی ناوەڕاست بەشێوەیەك لەشێوەكان بوو بە دەریایەكی عوسمانی. ئەمجا سلێمانی قانونی ئاراستەی ڕووەو خۆرئاوا وەرچەرخاندو جەنگی لەدژی

---

1 Ibid; 146-155

مەجەر ڕاگەیاند، بەو پاساوەی پاشای مەجەر پیرۆزبایی لێ نەکردوە لەو کاتەی چۆتە سەر تەختی عوسمانی. واتا "پاشا پیرۆزبایی لەسولتان نەکردوە بەو بۆنەیەی بووە بە سوڵتان". پاشان لەجەنگێکی یەکلاکەرەوەدا بەناوی جەنگی "موهاکس" لەساڵی1526 توانی سەرکەوێ بەسەریانداو"بودابیست"ی پایتەختیان بگرێ. هەروەها سوڵتان سلێمان توانی پێشڕەوی بکات ڕووەو نەمساو لەساڵی 1529 گەمارۆی ڤیننای دا. چارلسی پێنجەم کە لەهەموو لایەکەوە بەلای بۆ دەهات، ناچار بوو بگەڕێتەوە ڤیننا بۆ پارێزگاری لێکردنی. هەرچۆنێك بێت گەمارۆی ڤیننا سێ هەفتە زیاتری نەخایاند. بەڵام سوڵتان توانی دەست بەسەر سێیەکی زەوی مەجەڕدا بگرێ، وە پاش کێشەو ململانێیەکی درێژی نێوان سلێمانو چارلسی پێنجەم ڕێککەوتنێکیان لەساڵی 1547 مۆرکرد. بەگوێرە ئەم پەیمانە سوڵتان دەستی بەسەر بەشێکی زۆری خاکی مەجەڕدا گرت. لەناویشیاندا "بودا بیست". هەروەها پاشای مەجەڕ ڕازی بوو ساڵانە "30000"لیرە بدات بە سوڵتانی عوسمانی.

هاوپەیمانی نێوان فرانسوای یەکەمی پاشای فەرەنساو سلێمانی قانونی لەدژی چارلسی پێنجەم، وایکرد سوڵتان سلێمان چەندین بەربژاری مەترسیدار ببەخشێ بەفەڕەنسا. وە هەر ئەمەش دەرگەی والاکرد بۆ

وەرگرتنی بەربژاری لەعوسمانیەکان لەلایەن بیانیەکانەوە. ئەم بەربژاریانەش خۆی دەبینیەوە لە :ـ

1. فەرەنسا ئازادی تەواوی پێدرا لە بواری بازرگانیو کەشتیوانی دا لەبەندەرەکانی دەوڵەتی عوسمانی، بەمەرجێ ڕەسمی "5٪" لە نرخی بازرگانیەکەی ببەخشێ بە عوسمانیەکان.

2. عوسمانیەکان ڕێگە نەدەن بەهیچ کەشتیەکی بیانی بە هاتوچۆکردنی لەبەندەرەکانی دەوڵەتی عوسمانی، تەنها بەو مەرجە نەبێت کە ئالأی فەرەنسا بەرز بکاتەوە.

3. لەکێشە مەدەنیو تاوانەکاندا خەڵکە فەرنسیەکان لەقونصلەکانیان دادگایی بکرێن.

4. جالیەی فەرنسی دامەزراو لە دەوڵەتی عوسمانیدا بەربژاری تایبەتی هەیە لە بواری گواستنەوەی کالأو کەلوپەلەکانیدا لەناوخۆی دەوڵەتی عوسمانیدا.

5. فەرەنسیەکان ئازادیی ئاینی تەواویان پێبدرێو فەرەنساش ببێتە پارێزەری مەسیحیەکانی نیشتەجێ لەزەویەپیرۆزەکان[1]

بەم شێوەیە چارلس بە درێژایی ژیانی لەژێر هەڕەشەی دەوڵەتی عوسمانیدا بوو. جەنگ لەساڵی 1551 دووبارە بۆوەو دوای مردنی چارلسیش هەر کۆتایی نەهات، تا لەساڵی 1562 ڕێککەوتن سازبوو. پاش

1 Hayes، op. cit; pp. 225-241

ئەمە فردیناند لەساڵی 1564کۆچی دوایی کردو سلێمانی قانونیش لەساڵی 1566کۆتایی بەژیانی هات.

ئیسپانیا لە رۆژگاری چارلسی پێنجەم:ـ

"چارلس" بەناوی چارلسی یەکەم لەدوای مردنی فردیناندی باپیری لەساڵی 1516 چووە سەر تەختی ئیسپانیا. "فردیناند باوکی دایکی چارلس بوو (لەدایکیەوە باپیری بوو) کە لەساڵی 1516 لە دونیا دەرچوو"، ئاوابونی کەسایەتیەکی بەهێزی وەك فردیناند لە ولاتێك کە هیشتا بە تەواوی یەکانگیر نەبوو، دەرفەتی رەخساند بۆ سەرهەڵدانی گێرمەوکێشە کۆنەکان‌و هەولدانی خانەدانان بۆ گێڕانەوەی دەسەلاتیان‌و خۆ زالکردنیان بەسەر شارەکاندا، لەکاتێکدا شارەکان بەرەنگاری ئەمەیان دەکرد. خانەدانان‌و شارەکان هاتنی هۆلندیەکانیان لەگەڵ چارلسدا بۆ ئیسپانیاپێ ناخۆش بوو. چارلسیش بەسەر زەویە نزماکاندا دەسەلاتدار بوو لەو کاتەوەی باوکی "فیلپ" لەساڵی 1506 کۆچی دوایی کردبوو. لەئەیلولی 1517 چارلس زەویە نزماکانی جێهێشت‌و بەرەو ئیسپانیا کەوتە ڕێ‌و لەکۆتایی تشرینی یەکەم گەیشتە قشتالە. وە لەشوباتی 1518 کۆبونەوەی بە کورتیزی قشتالە بەست‌و پەیمانی دا کە ڕێز لەداب‌و نەریتی ولات بگرێ‌و جگە لەئیسپانیەکان هیچ کەسێکی بیانی لەپۆستە حکومیەکان دانەمەزرێنێ. لەملاشەوە کورتیز ڕەزامەندی نواند لەسەر بەخشینی خەرجی بۆ ماوەی سێ ساڵ.

چارلس هەوڵیدەدا ئیدارییەکی ڕێکوپێکو حکومەتێکی سەقامگیر دابمەزرێنێ.هەر کاتێك سەردانی هەر شارێکی دەکرد داوای خەرجیو داهاتی دەکرد، ئەمەش شوێنەوارێکی پەستیو نیگەرانی لەناو خانەدانو دەوڵەمەندان دروستکرد، کاتێك ئەوان لەدوای مردنی فردیناند خۆیان لەم بارە ناهەموارەی کە فردیناند بەسەری هێنابون ڕزگارکردبوو. ئیدی ورووژان‌ودەستیانکرد بە نانەوەی ئاژاوەو کاری فرانخوازیان لەسەرحسابی یەکتری ئەنجامدا. سەرەتاکانی ئاژاوەو پەشێویو ئاڵۆسکاوی دەرکەوتو زەنگی شۆڕشی لێدەدا، بەتایبەت کاتێ سکالاکان زۆر بوون. وە پاش ئەوەی کە هەواڵی مردنی ئیمپراتۆر ماکسیملیان گەیشت، شۆڕش بە تەواوی دەستی پێکرد. دەنگدەرانی ئەڵمانیا داوای گەڕانەوەی چارلسیان دەکرد بۆ ئەڵمانیا بە مەبەستی هەڵبژێردرانی وەك ئیمپراتۆر. لەم لاشەوە ئیسپانیەکان دژی پاشکۆیەتی بوون بۆ ئیمپراتۆریەتی ڕۆمانی پیرۆز، هەروەك لەدژی ئەوەبوون کە لەلایەن ئەلمانیو هۆڵندیەکان فەرمانڕەوایی بکرێن. لەبەرئەوە شۆڕشگێڕان هەوڵیاندا ڕێگە بگرن لەڕۆیشتنی چارلس. بەلام چارلس توانی لەم ولاتە بچێتە دەرەوەو یەکێ لە هۆڵندیەکان وەك جێگری خۆی دیار بکات لەقشتالە بۆ ئەوەی ڕووبەڕوی ئەو شۆڕشە زیان بەخشە ببێتەوە.

شۆڕش لەیەك کاتدا کاری خانەدانانو دانیشتوانی شار بوو. کلێساش لەزۆربەی شوێنەکان پشتیوانی لەبەرگریکاری ئسپانیەکان دەکرد لەمەڕ دژایەتی کردنی بێگانە. شۆڕشگێڕان بەشێکی زۆری ولاتیان داگرتو حکومەتێکیان لە ساڵی 1520 بۆ خۆیان دامەزراندو حکومەتی جێگری

پاشایان ڕوخاندو شەرعیەتی حکومەتی خۆیان ڕاگەیاند. شۆڕشگێڕان گەیشتنە پایتەخت"قشتالە"وڕایانگەیاندکە تەندروستی"خانمجوانا"باش بۆتەوە. ئەوەبوو داوایان لە"جوانا" کردڕەزامەندی بنوێنێ لەسەر شەرعیەتی حکومەتەکەیان. وەلێ "جوانا" پێش ئەوەی وتەیەك لە دەمی بێتەدەر لەسەر ڕەزامەند بوونی، دووبارە هۆشی لەدەستدا. داواکاری شۆڕشگێڕان بریتی بوو لەسکالا کۆنەکانو چاکسازی کردن لە دەستورو دامەزراندنی خەڵکی ئیسپانیا لەسەر پۆستەکانی دەوڵەت، لەجیاتی خەڵکی غەیرە ئیسپانی. هەروەهاداوایان دەکرد ڕێگە بگیرێ لەدزەکردنو ڕۆیشتنی زێڕو زیوی هاتووی ئەمریکا بۆ دەرەوەی ئیسپانیاو چارەسەری بەرز بوونەوەی نرخەکان بکرێ. بەلآم داواکاری خەڵکانی شارەکان خۆی دەبینیەوە لەچاکسازی کردن لە "کورتیز". ئەوان داوایان دەکرد "کورتیز" لەهەموو دووساڵێك جارێك کۆبێتەوە بەبێ بانگهێشتکردنی پاشا. هەروەها داوای هەڵوەشاندنەوەی بەربژاری خانەدانیان دەکردو دەیانویست باج لەسەر ئەوانیش دبنرێ.

چارلسیش لەدژی خەڵکانی شار پشتیوانی خۆی بۆ خانەدانەکان دەربڕی. بەوەش گوێڕایەڵی خەنەدانەکانی بۆ خۆی مسۆگەرکردو سەرکەوتنێکی گەورەی بەدەستهێنا. ئیدی هەر ئەم خانەدانانە شۆڕشیان داپلۆسی. پاش ئەوەش کەچارلس کرایە ئیمپراتۆری ئیمپراتۆریای ڕۆمانی پیرۆزو گەڕایەوە ئیسپانیا، شۆڕشی "کوسییناروس" کۆتای پێهاتبوو. بەسەرکوتکردنی شۆڕش سیستەمی پەرلەمانی لەئیسپانیا کۆتایی پێهاتو دەسەلآتی ڕەها دەستی پێکرد، بەبێ ئەوەی کورتیز هەڵوەشێتەوە. دوای ئەوەی چارلس

لێخۆشبوونی گشتی ڕاگەیاند بۆ هەموویان، خانەدانانو خەڵکی شارەکان پشتیوانی چارلس یان کرد. شیاوی باسە شۆڕشی لۆسەرو دەستگرتنی چارلس بەکڵێسای کاسۆلیکیو پارێزگاری لێکردنیو دەستکەوتنی پۆستی ئیمپڕاتۆری، ئیسپانیەکانی لەچارلس نزیك خستەوەو، وای لێکردن فەخرو شانازی پێیّ بکەن. سەروەتو سامانی ئەمریکا و ئیسپانیا بەسەر چارلسدا دەڕژا، ئەمەش چارلسی والێکردخۆشەویستی هەبێت بۆ ئیسپانیاو سیاسەتێکی ئیسپانی ڕووت پەیڕەو بکات. ئەمجا تاکاتی مردنی ڕەچاوی هەر مامەڵەیەکی دەکرد گەربەزیان تەواو بوایە لە هەمبەر ئیسپانیەکان.

کۆتایی چارلسی پێنجەم:-

پاش ئەوەی جەنگو ناکۆکیەکان جەستەی چارلسی شەکەتو ماندوو کرد، چارلسی پێنجەم لە ساڵی 1556 لەتەختی ئیمپراتۆری دابەزیو وڵاتە بەرفراوانەکەی دابەش کرد لەنێوان کوڕەکەی فیلپو براکەی فردیناند. ئیسپانیاو زەویە نزمەکانو ئەمریکاو ئیتالیا بوونە بەشی فیلپ. لەکاتێکدا فردیناند موڵکە ویراسیەکانی خۆی لەئەڵمانیا بە میراتگرت، کە لەساڵی 1531ەوە- فەرمانڕەوایی ئەڵمانیای دەگێڕا لەبری براکەی چارلس، کە زۆربەی کاتەکان لە ئەڵمانیادا ئامادە نەبوو. چارلس جگە لەنازناوی ئیمپراتۆر هیچی تری بۆ نەمایەوە، ئەو نازناوەی تا مردنی پارێزگاری لێکرد. چارلس دوو ساڵی کۆتایی تەمەنی لەدێرێکی ئیسپانیا بردەسەرو لەوێدا خۆی خەریکی پەرستشی پەروەردگاری کرد. تا لەساڵی 1558 گیانی سپارد.

ئینگلترای ڕۆژگاری هنری هەشتەم

1527-1509

هنری هەشتەم لە باوکیەوە ولاتێکی یەکگرتوو سیاسەتو ئابووریەکی لەنگەرگرتوو هاوسەنگی بۆ بەجێما، لەپاڵ ئاشتیو ئاسایشێکی گشتیو سەروەتو سامانێکی زۆر. لەمکاتەدا کاردینالْ تۆماس ولْزی "1475-1535" هاوکاریو یاریدەدەری بوو لەحوکمکردنیدا. ئەم پێش ئەوەی ببێت بە کاردینالْو ڕاوێژکار، سەرقالْ بوو بەپۆستە ئاینیو دونیایەکەی لە کلێساو دەوڵەت دا. ولْزی خۆی خۆشەویستکرد لەلای پیاوانی ئاینیو سیاسەتوانان. بەرەبەرە بەرزبوویەوە تا بوو بە وەزیر. ولْزی پۆستەکەی خۆی قۆستەوەو بەکاری هێنا بۆ بەدەستهێنانی دەسەلآتو ناوبانگ. دەسەلآتیشی بەرفراوانبوو پاش ئەوەی بوو بە ڕاوێژکاری هنری هەشتەم. ئیدی بوو بە ئاڕاستەکاری سیاسەتی دەوڵەت لەناوەوەو دەرەوە.

ئەم بەشێوەیەك بەرزفڕبوو کەئارەزوی دەستکەوتنی پۆستی پاپەوی دەکرد. "ولْزی" توانی دەسەلآتی پاشا بەهێز بکاتو خانەدانان لاواز بکاتو دادگای هۆڵی ئەستێرە بەکاربێنێ بۆ دادگایی کردنیان. وە بە بەرتیلو بەخشیش پشتگیری پەرلەمانی بەدەست هێنا. "ولْزی" تێبینی ناکۆکی نێوان چارلسو فرانسوای کرد، لەبەرئەوە ویستی سود لەم ناکۆکیە وەربگرێ، بۆ ئەوەی پێگەی خۆیو ولآتەکەی بگەیەنێتە ئاستێکی بەرچاو.

لەم کاتەدا لەئینگلترادا هەبوو دەیگوت: ئینگلترا سیاسەتێکی دابڕاوی هەیە، ئەمەش بەهۆی بچوکی ئینگلترا لەم کاتەداو نەبوونی پایەکی گەورە

لەناو وڵاتە گەورەکان. بەڵام وڵزی بیروڕای بە پێچەوانەی ئەمە بوو، هنریش هاوکاری کرد. ئیدی جارێك دەچووە پاڵ چارلسی پێنجەمو جارێك لای فرانسوای یەکەم. بەمەش هێزێکی لەناوخۆو ناوەندێکی بەرزی لە دەرەوە دا بۆ وڵاتەکەی دەستەبەر کردو خودی خۆیشی بووە پیادە کاری. لەبەرئەوە بە دامەزرێنەری سیاسەتی هاوسەنگی نێودەوڵەتی دادەنرێ.

"وڵزی" بەهۆی لەبەرچاو گرتنی خزمایەتی نێوان هنری وچارلس لەلایەك،لەلایەکی تریشەوە بەهۆیهەبوونی بەرژەوەندییەکی زۆری بەریتانیا لە زەویەنزمەکاندا کەچارلس بەسەریدا فەرمانڕەوابوو، لایەنگری چارلسی دەکرد. هەروەها ئەم لایەنگیریە کاریگەری گەورەی هەبوو لەسەر بەدەستهێنانی چاوتێبڕینەکانی وڵزی لەڕۆمادا. هەرچەندە "هنریو وڵزی" ماوەیەك لایەنگری فرانسوایان کرد، بەڵام چارلس دوای ئەوەی بەرتیلی پێ بەخشین هەرچۆنێکبێت توانی بەلای خۆیدا کێشیانبکات. ئیدی وڵزی بە مەبەستی هاوکاری چارلس هێرشی کردە سەر فڕانسوا، بەڵام ئەم هێرشە کاریگەیەکی ئەوتۆی نەبوو. لەتاڵانکردنی رۆماشدا لەساڵی1527، هنری بەلای فرانسوادا شکایەوە، بەهۆی ئەمەش چارلس تووشی سەرلێشێوان هات.

بەڵام وەنەبێ تاڵانکردنی ڕۆما تاکەهۆکاربووبێ بۆتێکچونی پەیوەندیەکانی نێوان "هنری وچارلس"، بەڵکو چەند هۆکاری تریش هەبوون کە کاریگەریان بەسەر ڕەوشەکەدا هەبوو. چونکە دەمێك بوو هنری دەیویست خۆی لەخێزانەکەی"کاترین ئارگون" رزگاربکات. "بەهۆی ئەوەی ئەم

هاوسـەرەی هـیچ کـوڕێکی نـەبوو کەجێگـەی بـۆ بگرێتـەوە"، وەك پێشتر ڕونمـانکردەوە. بـەڵام کـاترین پـوری چـارلس بـوو، ئەمـەش کارەکـەی سەختکردبوو. لەملاشەوە پاپا ئامادەنەبوو مافی تەلاق ببەخشێ بە هنری. ولزی دەیویست سود لـەم هەلومەرجـە وەرگرێ.ولـزی حـەزی دەکـرد کـاری تـەلاق سـەربگرێ، چـونکە ئەمـە پاشـای ڕزگـار دەکـرد لەدۆسـتایەتی‌و پەیوەسـتبوونی بـە ئیسـپانیا. هـەر ئەمـەش دەرفـەتی دەڕەخسـاند بـۆ هاوسـەرگیری کردنـی هنـری لەگـەڵ خـانمی فەڕەنسا، کەبەهۆیـەوە فەڕنسا دەبوو بە دۆستی ئینگلتڕا. بەمەش دەیتوانی پاریزگاری بکات لـە هاوسـەنگی نێودولەتی.

وەلێ هنـری لـەدۆلێکی تـردا بـوو، ئـەم بـیروڕای تایبـەت بـەخۆی هـەبوو لەبارەی ئافرەتدا. لەبەرئەمە هیچ گرنگی نەدا بە بیروڕاکانی ولـزی‌و بـە کـارە دیبلۆماسیەکانی خانمی فەڕەنسی. هەروەك هیچ بەزەیی نەهاتەوە بە ئەشك‌و ئەسرینەکانی کاترینی خێزانی. لەنێو هەموو ئەمانەدا هەستا بـە ئەنجامـدانی هاوسەرگیری لەگەڵ کچە لاوێکی ئینگلیزی بـەناوی "ئـان بـۆلین" کـە دەمێـك بوو شەیدای ببوو. بەمەش هیوای فرانسوا تێکشکاو ولزی لە وەزارەت کەوت‌و لەزینداننــدا بـــە غەمــــەوە گیــــانی ســـپارد. پەیوەندیــــەکانی نێــــوان ئیــنگلتڕاو"چارلــسیپێنجەم"یــش تێکــچوو. هــەروەها ئیــنگلتڕا لەکلێــسای کاسۆلیکی جیابوویەوەو پرۆتستانتیەتی ڕاگەیاند.

بەلأم لەدوای کوشتنی ئـان بـۆلین‌و مردنـی کـاترین ئـەراگۆن لەلایـەك، وە هاوسـەرگیری هنـری لەگـەڵ خـانمێکی ئینگلیـزی، پەیوەندیـەکانی چـارلس‌و

هونەری ڕووەو باشبوونەوەچوو، بەمەش هۆی سەرەکی تێکدانی پەیوەندیەکانی نێوان ئەم دوو پاشایە کۆتایی پێهات. پاش ئەمەش هنری چەندین هاوسەرگیری تری بەئەنجام گەیاند، تا ئەو کاتەی مەرگ بووبە میوانیو تەختو تاجی جێهێشت.

ئیسپانیای ڕۆژگاری فیلپی دووەم

1598-1558

ئاکارەکانی فیلپو گیروگرفتەکان:-

فیلپی دووەم، کوڕی چارلسی پێنجەم لەساڵی 1527 لەدایك بووە. ئەو سەرجەم موڵکی باوکی بە میرات گرت، بەهۆی ئەوەی فردیناندی مامی بە ئیمپراتۆری ئیمپراتۆریای ڕۆمانی پیرۆز هەڵبژاردو موڵکی بنەماڵەی هبسبرگی نەمساوی بۆخۆی بەمیرات گرت.

بیروڕاکان سەبارەت بە فیلپ جیاوازن، بەریتانیەکان فیلپ بە کەسێکی خۆسەپێنو زۆردار لەقەڵەم دەدەنو گوزارشتی لێدەکەن بەوەی کە چاکەی بۆ غەیری خۆی نەدەویست. لەهەمانکاتدا ئیسپانیەکان بە ڕەمزو هێمای وڵاتی دادەنێنو بە پاڵەوانێك لە پاڵەوانانی ئاینی مەسیحیو پارێزەری شارستانیەتی خۆرئاوا ئەژماری دەکەن. هۆکاری ئەم لێکنەچوونەی بیروڕاکانیش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو پیلان وپیلانگێڕیەی کە فیلپ لەدژی بەریتانیا پێی هەڵدەستا، کە لەئەنجامدا گەلی ئینگلیزی ڕقو قینیان لەبەرامبەریدا دروستبوو. وەلێ ئسپانیەکانیش بە مەزنی دەگرن، چونکە لەناو

ئەوان لەدایك بووە، هەر لەناو ئەوان دەژیاو نیشتەجیٚ بوو، بەزمانی ئەوان دەئاخافتو پارێزگاری لەکاسۆلیکی دەکردو خۆشگوزەرانی بلآوکردەوە. ئیسپانیا لەسەردەمی ئەودا لەڕۆژگاری زێڕیندا دەگوزەرا، بەلآم بەهۆی سیاسەتی زۆردارانەی فیلپ هەرەسو داڕوخانلەکۆتاییەکانی ژیانی دەستی پێکرد. فیلپ لەڕوخساردا زیاتر وەك کەسێکی ئەلمانی دەهاتە بەرچاو نەوەك ئیسپانی. کاتێك ڕوویەکی سەرنجڕاکێشو قژێکی زێڕینو دووچاوی شینی هەبوو. فیلپ هاوسەرگیری لەگەلٚ "ماریا"ی پرتوگالی ئەنجام دا، وەلیٚ ماریا لەکاتی مندالبوونیدا گیانی سپارد. ماریا مرد، بەلآم کوڕێکی شێتو خوێنڕێژی بەجێهێشت بەناوی "کارل" لەبەرئەوە باوکی زیندانی کرد، گوتراویشە فرمانی داوە بە کوشتنی. وە دەشگوترێ: "کارل" بە مردنی سروشتی خۆی مردووە. ژنی دووەمی فیلپ "ماری" خانمی ئینگلترا بوو، کە بەبیٚ ئەوەی خۆشەویستی ئالۆگۆڕبکەن فیلپ بووبە ئەویندارى. خێزانی سێیەمیشی "ئیلازبێسی فالوای کچی هنری دووەمی" شای فەرەنسا بوو. ئەم ژنەیان سەبارەت بە فیلپ خێزانێکی ڕۆمانسی بوو، بە مردنیشی خەمێکی گەورەی توشی فیلپ کرد لەسالی 1568. فیلپ لەپاش مردنی ئەم هاوسەرەی، "ئان"ی نەمساوی خواست بۆ مەبەستی سیاسی، بۆ ئەوەی کوڕێکی ببیٚ بتوانیٚ تەختی ڕادەست بکات، بەلآم کوڕەکەی "فیلپی سیٚ یەم" نەیتوانی جێگەی باوکی بگرێتەوە.

فیلپی دووەم پیاوێکی زۆردار بوو لەفەرمانڕەواییدا، خۆی سەرپەرشتی سەرجەم کاروبارو کێشەکانی دەولەتی دەکرد. بەهۆی زۆر سەرقالٚ بوونی بە

کارەکانی، نەیتوانی بە وریایو زرنگیەوە کارە گرنگەکان چارەسەر بکات لەبواری کارگێڕیو سیاسی دا. فیلپ کاسۆلیك مەزهەبی بوو، زۆر بە پەرۆش بوو بیروباوەڕەکەی. پەرۆشی فیلپ بۆ بیروباوەڕەکەی گەیشتە ڕادەی دەمارگیری. ئەوەبوو هەستا بە دامەزراندنی داداگایپشکنین بەمەبەستی دادگاییکردنو لێپێچینەوەی پرۆتستانتیو غەیرە مەسیحیەکان. لەڕەوشتەکانی تری ئەوە بوو کە کەسێکی فێڵاوی بوو سیاسەتی میکیاڤیللی پەیڕەو دەکرد. ئەگەر جەنگی بە پێویست نەزانیبا پەنای بۆ جەنگ نەدەبردو دەیویست چارەسەری کێشەکانی بەڕێگەچارەی دیبلۆماسی بکات، بەلاّم کاتێکیش جەنگی بەکاریکی پێویست هاتبایە بەرچاو، ئەوا لەچوونە ناو جەنگ دوو دڵی نەدەکرد. گەورەترین ئامانجی ئەم یەکپارچەکردنی جیهانی مەسیحیو کردنی ئیسپانیا بوو بەمەزنترین دەوڵەت لەجیهاندا. بەلاّم لەم ئامانجەدا شکستی خوارد. چونکە فیلپ دەیویست خۆی موڵکە بەرفراوانەکانی بەڕێوەبەریّ. ئەم لەیەك کاتدا دەستی دەخستە سەرجەم کارەکان. لەکاتێدا سەرپەرشتی کارە برێوەبەریو کاگێڕیە ئاڵۆزەکانی دەکرد، لەهەمانکاتیشدا پێویست بوو لەسەری داگیرگەکانی بە گیانێکی سیاسیو بازرگانیەوە بەڕێوەبەریّ لە ئەمریکاو ئاسیاو ئەفرقیادا، هەروەك لەسەریشی پێویست بوو شۆڕشو ئاژاوەکان سەرکوتبکات، کە لەزەویە نزمەکان هەڵگیرسابوو. هەروەها دەبوایە ڕووبەڕووی پرتستانتیەت ببێتەوە لەهەریەکە لەئینگلتراو فەرەنسا، لەگەڵ هەموو ئەوانەدا دەیویست مەسیحیەتیش سەربخاو پشتگیری بکات لەدژی مسوڵمانان کە لەم کاتەدا

زاڵبوون بەسەر باشوری خۆرهەلاتی ئەوروپاو خۆرهەلاتی دەریای سپی ناوەڕاست. دەرەنجامی هەموو ئەمانەش کارەساتێك بوو بۆ دەوڵەتی ئیسپانیاو داهاتی ئەم وڵاتە. ئیدی دەرەنجامەکان دەرکەوتن پێش ئەوەی سەدەی شازدە کۆتایی پێبێت. ئەوەبوو هۆیەکانی داڕوخان دەستی پێکرد، بەشێوەیەك فیلپی دووەم پێش ئەوەی بمرێ لەساڵی1598 تێبینی ئەم هەرس هێنانەی کرد.

سیاسەتی فیلپی دووەم:-

فیلپی دووەم باوەڕی بە یەکپارچەیی وڵات هەبوو. ئیسپانیای کردە خاوەنی یاساو ڕێسایەکی یەکانگیرو عاداتو نەریتێکی تێکەڵ. ئەمەش بەمانای بەهێزکردنی پاشایەتی ڕەها دێت. فیلپ بە پێویستی دەزانی یەکیەتی نیشتمانی لەگەڵ پادشایتی ڕەها دابێت. کورتیزی ئیسپانیاش نەیاری فیلپ نەبوو، کورتیز تاوناتاوێك کۆبونەوەی خۆی سازدەکردو ڕەزامەندی خۆی لەسەر باجە نوێیەکان نیشان دەدا، لەکاتێکدا باجە کۆنەکان هەر بەردەوام بوونو ببوونە داهاتێکی ساڵانە بۆ خەزێنەی دەوڵەت، بەبێ ئەوەی هەوڵی لابردنی بدرێ. ئەمە ڕەچەیەکی دروستکرد کە دواتر پاشاکانی ئیسپانیا بەسەریا ڕۆیشتن. فیلپ خانەدانەکانی لەکۆشکی شاهانە نزیکدەخستەوە، بەبێ ئەوەی کاری گرنگیان پێ بسپێرێ. لەملاشەوە پشتی دەبەست بە چینی ناوەڕاستو لەپۆستەکاندا دای دەمەزراندن.

فیلپ لەڕێگەی سکرتێرەکان کارەکانی ڕادەپەڕاند، وە لەسەر هەموو بچوكو گەورەیەك بیروڕای وەردەگیرا. بەهۆی ئەمە ڕێوشوێنگرتنە بەرەکانی

حکومەت بێ بەرهەم بوون و زۆرێکیان فەرامۆشکران، هەموو ئەوانەش گیانی داهێنانی لەناو فەرمانبەران لەناوبردو ئیدارەی ناوەندی لاواز کرد.

وەنەبێ باری ئابووری و دارایی ئیسپانیا لەڕەوشی سیاسی و کارگێڕیەکەی باشتر بوبێ، بەڵکو ئەمیش خراپتر بوو. پرۆژە دەرەکیەکان بارگرانیەکی قورسیان لەسەر قشتاڵە دروستکردبوو. ئەراگۆنیش بەهۆی کەم دەرامەتیەوە نەیدەتوانی خەرجی پێشکەش بکات. لەملاوە داهاتی زەویەنزمەکان بەهۆی شۆڕشەوەپچڕانی تێکەوتبوو. داهاتی ئیتالیاش کەم جار وابووە بەشی ڕاپەراندنی کارەکانی بکات. ئەو سەروەت و سامانە بەردەوامەشی کە لەکانەکانی ئەمریکادا هەیبوو، سەرمایەدارە بێگانەکان زیاتر سودیان لێ دەبینی وەك لەحکومەتی ئیسپانیا. ئەمانە لەباج بەخشرا بوون، تەنهاکاتێك نەبێتکە حکومەت گەرەکی بوایە هەندێ پارەی لێدەسەندن. وەبەهۆی ئەوەی باجی دەیەکیان خستەسەر گشت فرۆشراوەکانی پرۆژە پیشەسازیەکان شکستیان هێنا. سەرەرای ئەمەش چەوساندنەوەی مۆریسکۆس وجولەکەکان بووە هۆی کەمبوونەوەی داهات و سامانی ئەم وڵاتە. چونکە ئەم چینە خاوەنی سامان و پیشەسازی بوون. لەبەرئەوە ئیسپانیا لەکۆتایی سەدەی شازدە کەوتە سەر لێواری ناپوتی و مایەپوچی.

لەڕووی ئاینیشەوە فیلپ باوەڕی وابوو کە جیاوازی مەزهەبی و فرەئاینزایی لە دەوڵتدا دەبێتە هۆی دووبەرەکی و ێرانکاری. کاتێکیش فیلپ ئارەزووی لە یەکڕیزی و یەکدەنگی وڵات دەکرد، کڵێسای کاسۆلیکی وەك عقیدەو بیروباوەڕی فەرمی دەوڵەت ناساندو جەختی لەسەر کردەوە. هەموو

ئەمانەشی لەبەر مەرامی سیاسیو ئاینی کرد. لەڕووی سیاسیەوە دەتوانین بڵێین: ئیسپانیو پرتوگالیەکان کاسۆلیکی بوون، ئەوان لەهەر کوێیەك بوونیان هەبوایە دەستیاندەکرد بە بڵاوکردنەوەی کاسۆلیکیەت، جا ئەم هۆیە هۆکارو یاریدەدەر بوو بۆئەوەی لەداهاتوودا پرتوگال بچێتەپاڵ ئیسپانیا. فیلپ بۆجێبەجێ کردنی سیاسەتەئاینیەکەی وەك باوەڕدارێکی دڵسۆز بۆکاسۆلیکی، هانی پاپایدا لەسەر بەردەوام بوون لەچاکسازی کردنی کڵێسای کاسۆلیکی، بەتایبەت لەئەنجومەنی "تەرنت" لەئیتاڵیا. هەروەك هەستا بەدامەزراندنی دادگاکانی پشکنین بۆپیادەکردنی سیایەسەتە زۆرداریەکەی، بەتایبەت لەبواری ئاینیدا. لەهەمان کاتیشدا هەوڵیدا پرۆستستانتیەت لەفەرەنسادا لەناوباریو ئینگلتراش بگێرێتەوە جوغزی کڵێسای کاسۆلیکی[1].

فیلپ بۆ جێبەجێ کردنی ئەم سیاسەتەی کە بەرەو یەکپارچەکردنی نیمچە دورگەی ئیبیریا دەیبرد. لەساڵی 1580 داوای تەختی پرتوگالی کرد، بەو پاساوەی دایکی کچی پاشای پرتوگال بووە. بۆ ئەمەش بنەماڵەی "براکنز" لەبەرامبەر وەرگرتنی بڕێکی زۆرو زەبەند لەماڵ، ڕەزامەندیان نیشاندا لەهەمبەر ئەم داوایەی فیلپ. لە کاتێکدا تەختی پرتوگالی بۆ ئەم بنەماڵەیە ڕەوایی تر بوو وەك لە فیلپ. ئیدی سوپای ئیسپانی ڕووەو پرتوگال کشاو خستیە پاڵ ئیسپانیا. فیلپیش دانی هێنا بە دامەزراوە ومونەسەسە سیاسیەکەی پرتوگالو حەقو مافی دەستوری بۆ

1 ibid; pp. 234-237

پرتوگالیەکان. هەروەها خانەدانە بچوکەکان و خاوەن کێڵگەکانی لەخۆی نزیکخستەوە. بەلاّم ئەم یەکیەتیە گەلی پرتوگالی پێی ڕازی نەبوو هەرچەند بۆ ماوەی شەست ساڵ لەژێر دەستی ئیسپانیادا مانەوە. تا ئەوە بوو لەساڵی 1640 بە سەرداریەتی بنەماڵەی "بڕاکنز" جارێکی تر پرتوگال لەئیسپانیا جیا بوویەوە[2].

چەوساندنەوەی مۆریسکۆس و ڕاوەدونانیان لەئیسپانیا :.

فیلپی دووەم سیاسەتی سەرکزکردنی موسڵمانە تورکەکان و ملکەچکردنی مۆریسکۆسەکانی گرتبۆبەر. ئەمانە پاشماوەی موسڵمانەکان بوون لەئیسپانیا کە مەسیحیەتیان قبوڵ کردبوو. بەلاّم زۆرینەیان بەنهێنی دەستیان بەئیسلامەوە گرتبوو. پەیڕەوکردنی دروشمەکانی خۆیان و بەژداری نەکردنیان لەڕێوڕەسمی ئاینی ئیسپانیەکان، بەڵگەیەك بوو بۆئەمە. گوتراوە: فیلّپی دووەم لەساڵی1564 ئامۆژگاری دادگاکانی پشکنینی کردووە بەوەی لەگەڵ مۆریسکۆسەکاندا زۆر توندنەبن، بەڵکو کڵێسای کاسۆلیکی هەولبدات دروشمەکانی کڵێساو سروتە ئاینیەکانیان فێربکات. وەلێ هیچ شتێ لەمانە نەهاتنە بواری جێبەجێ کردن. فیلّپی دووەمیش وەك فەرمانڕەوایەکی زۆردار چاوپۆشی نەدەنواند لەسەرپێچی کردن لەسیاسەتەکەیداو هەبوونی پەیوەندی موسڵمانەکانی ئسپانیا بەعوسمانیەکان.

---

2 هەمان سەرچاوەی پێشوو.

لەساڵی"1566"فەرمانێکیان دەرکردو تێیدا داوای گێڕانەوەی یاسای ساڵی 1526 دەکرد. ئەو یاسایە زمانی عەرەبی ڕەتدەکردەوەو گەرماوی ڕۆژهەلاتی قەدەغەدەکرد. هەروەها بەکارهێنانی مامانە مەسیحیەکانی لەلایەن خێزانە موسڵمانەکانەوە لەکاتی منداڵبووندا فەرزکردبوو. هەر بەپێی ئەم یاسایە دەبوایە لەماوەی سێ ساڵدا زمانی ئیسپانی فێربن، بەبێ ئەوەی مامۆستایان بۆ دابنرێ. هەندێ لەحاکمو سەرکردەکان نەیاری پیادەکردنی ئەم سیاسەتە نائەقلانیە بوون، وەك فەرمانڕەوای غەرناتە"دی منوزا"و"دیوکئۆفئالفا"، بەلام هیچ کەسیان نەیانتوانی فیلپ لە پیادەکردنی ئەم سیاسەتە پەشیمان بکەنەوە. ئیدی وێرانکردنی گەرماوەکان لەساڵی1567 دەستی پێکرد. مۆریسکۆسەکان لەبەرامبەر ئەم دەستدرێژیەداو وەك کاردانەوەیەك لەساڵی 1568 شۆڕشێکیان بەرپاکرد، بەلام کوشتارگەی گەورەیان بۆسازکراوسەرکوتکران. ئیدی مۆریسکۆس سەری ئیسپانی دەبڕیو ئیسپانی سەری مۆریسکۆسی دەبڕی.ئەم کوشتوبڕە بەشێوەیەك بەڕێوەدەچوو، کەیەکێ لەسەربازانی ئیسپانیا لەبارەیەوە دەڵێ:"ئێمە هەموومان درو جەردەبووین، منیش لەناویاند یەکەم بووم". کاتێکیش یەکێ لەسەرکردە ئیسپانیەکان ویستی بە ڕێگەچارەی ئاشتیانە کۆتایی بەم کوشتارە بهێنێ، فیلپی دووەم لەسەر کار لایداو براکەی خۆی خستە جێگە بەناوی "دون جوانا". جوانا توانی شۆڕش سەرکوت بکات. لەئاکامی ئەم گۆبەندەدا خانەوەدەکان لەناوچە جۆربەجۆرەکاندابەرێشانو پەڕاگەندە بوون. وە بەبێ ئەوەی لێیان خۆشبن دەستیان بەسەر

مولکومالّیانداگرتو هەموو شتێکیان لێ زەوت دەکرا، مەگەر شتێ کەلّکی گوێزانەوەی هەبوایە. ئەمانە لەهەرجێگەیەك بووبان کۆتو بەندیان بەسەردا دەسەپێنرا. بەلاّم وەنەبێ مۆریسکۆسەکان بەتەواوی گلۆلەیان کەوتبێتەلێژیو بێ دەرەتان مابنەوە، بەلّکو ئەوان بەهۆی ئەوەی پیشەگەرو کارزان بوون، لەهەر شوێنێك گیرسابنەوە بەزوویی دەیانتوانی بارودۆخیان باش بکەنو خۆشگوزەرانیو خۆشنودی لەم ناوچەیەدا بلاّوبکەنەوە کەتیایدا ئۆقرەیان لێ دەگرت. ڕەنگە ئەوە هۆکاری سەرەکی بووبێ بۆئەوەی سۆزی هەندێ لەفەرمانڕەواو سەرکردەکان بەلای خۆیاندا ڕابکێشن، بەوەی کەچیتر فیلپی دووەم مۆرسیکۆس نەچەوسێنێتەوە. بەلاّم کارەکە بەوەندە کۆتایی نەهات، بەلّکو ئەمجارەشیان فیلپی سێ یەمی کوڕی فیلپی دووەم لەساڵی 1609 فەرمانیدا مۆرسیکۆس لەئیسپانیا بەتەواوی ڕاوبنرێن.[1]

جەنگی "لیپانتۆ" لەنێوان گەلەکەشتی ئیسپانیو عوسمانی 1571:-

دوای ئەوەی فییلّپی دووەم سەرکەوت بەسەر شۆڕشی مورسیکۆس. براکەی خۆی "دون جوانە"ی– وەك سەرۆکی کەشتیگەلی "هاوپەیمانان پیرۆز" دیاری کرد. هاوپەیمانی پیرۆز پێکها تبوو لە"ئیسپانیا، ڤێنساو هەندی شاری تری ئیتالّیا". ئیسپانیەکان لەساڵی 1564 لەبەرامبەرکەشتیگەلی عوسمانی تێکشکان. فیلپیش دەیویست

1 هەمان سەرچاوەی پێشو.

عوسمانیەکان دوورخاتەوە لەدەریاکانی دەوری ئیسپانیا، بەبێ ئەوەی پەل بهاوێتە خۆرهەڵاتی دەریای ناوەڕاست، یاخود توشی جەنگێکی بەردەوامبێ لەگەڵ دەوڵەتی عوسمانی. کاتێك عوسمانیەکان لەساڵی 1570دەستیانگرت بەسەر"قبرس"دا، پاپا هاوپەیمانیەکی پێکهێنا لەنێوان ڤێنساو ئیسپانیاو پاشان لەجەنگێکی توندوتیژدا لەنزیك لیپانتۆ لەتشرینی یەکەمی 1571 کەشتیگەلی هاوپەیمانان کەشتیگەلی عوسمانیەکانی تێکشکاند. ئەم سەرکەوتنە سەبارەت بەعوسمانیەکان خاڵی وەرچەرخانبوو، ئیدی لەمەوە عوسمانیەکان نەیانتوانی بەشێوەیەکی کارا فراوانخوازی ڕووەو ئەورووپا پیادەبکەن. هەروەك فیلیپیش لەئاوەکانی خۆرهەڵات لە جەنگکردنی لەگەڵ دەوڵەتی عوسمانیدا بەردەوام نەبوو، بەهۆی ئەوەی ڤینیسیا لەم ناوچەیەدا بازرگانی دەکردو دوژمنی لەمێژینەی بنەماڵەی هبسبرگ بوو[2].

شۆڕشی زەویە نزمەکان:-

هۆکارەکانی شۆڕش:-

لەبەشی یەکەمدا ئەوەمان ڕوون کردەوە کە زەویەنزمەکان لەسەدەی پازدە کەوتبووە ژێر دەسەڵاتی میرەکانی بۆرگەندیا. بەڵام بەمردنی چارلسی چاپوك لەساڵی 1477، تەخت گوازرایەوە بۆ کچەکەی ماری. "ماری"ش– خێزانی ئیمپراتۆر ماکسیملیانی ئیمپراتۆری ئیمپراتۆریای ڕۆمانی پیرۆز بوو. ساکاتێکیش "ماری" لەساڵی 1481 مرد، فیلیپی کوڕی تەختەکەی بە میرات

---

2 هەمان سەرچاوەی پێشو.

گرت. کاتێکیش فیلپ لەساڵی 1506 لەدونیا دەرچوو، چارلسی کوڕی بووە میر بەسەر زەویەنزمەکان. سەرەڕای ئەوەش چارلس لەساڵی 1516 بووە پاشای ئیسپانیا، ئەمەش لەدوای مردنی "فردیناند"ی باپیری لەدایکیەوە، واتا "فرردیناند باوکی دایکی چارلس بوو". هەروەها بوو بە ئیمپراتۆری ئیمپراتۆریای ڕۆمانی پیرۆز لەساڵی 1519، دوای ئەوەی باپیری ماکسیملیان بەرەو پیری مەرگ چوو.

لەگەڵ ئەوەی چارلس بەشێك لەکۆتایی ژیانی لەدەرەوەی زەویە نزمەکان بەسەربرد، بەڵام خۆشەویستی بۆ زەویەنزمەکان هەر هەبوو. ئەو شوێنەی کە لێی لەدایك بووەو پەروەردە کراوەو لێی گەورە بووە. خەڵکەکەشی هەر بۆی دڵسۆز بوون سەرەڕای هەبونی هەندێ ناڕەزایی. چارلس هەوڵی دا لەژێربالی حکومەتێکی مەرکەزیدا هەرێمەکان بکات بەیەك ، بەلام ڕووبەڕووی بەرەنگاریەکی توند بوویەوە، بەهۆی ئەوەی کە خەڵکی هەرێمەکان ڕاهاتبوون لەسەر دەسەلاتی خۆجێی، هەربۆیە هەروا سانا نەبوو ملکەچبکرێن بۆ ئیدارەیەکی ناوەندی. سەرەڕای ئەوانەش چارلس باجی قورسی خستە سەرشانی خەڵکی شارو خانەدانان، بەمەبەستی پڕکردنەوەی خەرجی ئەوجەنگە زۆرانەی کە لەدژی فەرەنساو پرۆتستانتیەکان ئەجامی دەدان. خەڵکی زەویەنزمەکانیش بەگشتی ئاشتیو سەقامگیریان گەرەك بوو، بۆئەوەی بازرگانیەتی خۆیان ئەنجام بدەن، سەرەرای ئەوەشکە جەنگ بە زیانی بەرژەوەندیە ئابووریەکانی ئەوان تەواودەبوو. هەرچەندە سەرەتاکانی شۆرش لەکۆتایی ژیانی چارلس دەرکەوتبوو، بەلام هەرچۆنێکبێت توانی

پارێزگاری بکات لەگوێڕایەڵی دانیشتوانی زەویە زمەکان. ئەمەش بەهۆی ئەو کارگێڕیە وردو لێزانانەی کە "مارگریت ئوف ستریا"و پاش ئەویش "ماری ئوف هنگاریا"ی خوشکی چارلس پیادەیان دەکرد. ئەم دوانە بەدوای یەکدا لەجیگەی براکەیان فەرمانڕەوایان دەکرد بەسەر زەویەنزمەکان.

پرۆتستانتیەت لەرێگەی خەڵکانی دەرەوەی زەویە نزمەکان لەناو زەویە نزمەکان پەخشان بوو. ئەم خەڵکانە بەمەبەستی ژیانو بەدیهێنانی ژیانێکی باشتر هاتبوونە شارە هۆڵندیەکان و تیایدا نیشتەجێ بوون. ئەو خەڵکانە ئاینو ئاینزای نوێیان بلاوکردەوە وەك "ئەناباپتیست، لۆسەریەت". چارلس هەوڵیدا هەڵگەڕاوانو هرتقە ڕیشەکێش بکات، بۆ ئەو مەبەستە لەساڵی1550 دادگای پشکنینیی دامەزراند. بەلام ئەوە لەسەرشانی دانیشتوان گرانبوو، چونکە ئەوان لەسەر ئازادییو سەربەخۆیی سیاسیو ئابووری ڕاهاتبوونو هەرلەبەرئەوەش کاڵفنیەتیان وەرگرت. لەپاڵ ئەوانەداو ئەو لێپێچانەوەو ئیجرائاتانەی چارلس گرتنیەبەر، بووبەهۆی پەیدابوونی ناڕەزایەکی گشتی. ساکاتێکیش "فیلپ"ی کوڕی هاتە سەر دەسەلات، بارودۆخەکە خراپتر بوو. چونکە کوڕەکەی ویستی سیاسەتی باوکی توندتربکات. بەوەش بەرەنگاریەکی گشتی لەسەرجەم چینەکانەوە دەستی پێکرد[1].

خانەدانان یەکەم چینێکی کۆمەڵگە بوون کەناڕەزایی خۆیان دەربڕی، دوای ئەوەی هەستیان بەوە کرد کەفیلپ دەیەوێ لەپۆستە حکومیەکان دوریانخاتەوەو لەئەنجومەنە ناوچەییەکاندا مافیان نەهێڵێت. هەروەها فیلپ

1 Ibid: pp 231-232.

ئەنجومەنی دەوڵەتی لەگشت دەسەلاتێك داماڵی، کە پێشتر لەم دەسەلاتانەی بەهرەمەند بوو. فیلپ خانەدانانی تۆمەتبارکرد بەوەی خۆیان بە بەرپرسیار نازانن لەبەرامبەر گەل و بەکۆمەڵەیەکی خۆویستو بەدکرداری ناوزەد کردن. بەلام ئەم پرسە لەوە زیاتر بوو، لەڕاستیدا فیلپ دەیویست نەك هەر زاڵبێت بەسەر خانەدانانو بەربژاریەکانیان نەهێڵێت، بەڵکو مەبەستی بوو زاڵبێت بەسەر ئازادی دەستوری شارنشینانو دەسەلاتی ڕەهای خۆی بەسەر ولاتدا بسەپێنێ.هەروەك بڕیاریدا هرتقە لەناوبەریێو پرۆتستانتیەت لەڕەگو ڕیشەوە دەربهێنێو کلێسای کاسۆلیکی لەزەویەنزمەکان دابمەزرێنێتەوە. بەلام ئەمە ناڕەزایی لێکەوتەوە. خانەدانان نیگەران بوونو ناڕەزایان دەربڕی لە لەدەستچونی سەروەتی کلێساو دەسەلاتی ئەم کلێسایە بەسەریاندا. بازرگانانیش ڕەخنەیان هەبوو ناڕازی بوون لەدەستێوەردانی پیاوانی ئاینی لەکاروباری ئابووریان.

خەڵکی شاری "ئەنتۆریب" داوایان لە"فیلپ" کرد کە ڕێکخستنەوەی کلێساو سەپاندنی کاسۆلیکی بەسەریاندا بوەستێنێ. وەلێ "فیلپ" بە سەپاندنی ویستو مەبەستی بەسەر گەل، ڕوبەڕووی ئەم ناڕەزاییە توندە بوویەوە.

فیلپی دووەم قەرزێکی زۆرو بەسەریەکداکەڵەکە بووی هی سەردەمی باوکی بۆ بەجێمابوو، ئەوەش بەهۆی سیاسەتی دەرەوەی چارلسو جەنگە بەردەوامو بە مەسەرەفەکانی. دانیشتوانی زەویە نزمەکانیش پشکی شێریان بەردەکەوت لەو خەرجیانەی کە پاشاکانی ئیسپانیا خەرجیان دەکرد،

بەبێئەوەی هیچ بەرژەوەندیەکیان لەوەدا هەبێ. ئەوان هەبوونی سەربازە ئیسپانیەکانیان لەولاَتی خۆیاندا بەلاوە ناخۆش بوو. ئەمەش لەدوای بەستنی ڕێککەوتننامەی "کاتو کامبریس"ی- ساڵی 1559، کە بەهۆیەوە کۆتایهات بە جەنگی ئیسپانیاو فەرنسا.

پێویست بوو لەسەر هۆڵەندیو بەلجیکیەکان خەرجی ئەم سوپایە بدەن بەشێوەیەکی نەقدیو دیار. لەڕاستیدا هەبوونی ئەم سوپایە نیشاندانی دەسەلاَتی فیلپی دووەم بوو لەزەویەنزمەکان.

فیلپ نەیدەزانی لەوێدا چی ڕوودەدات. ئەم جگە لەتەنها جارێك نەبێت سەردانی زەویەنزمەکانی نەکرد، ئەم سەردانەشی لەسەرەتای دەسەلاَتداریو لەساڵی 1559دا بوو. بەلاَم دەبێ ئەوە بزانین کە مەدریدو ئەمستردام یاخود برۆکسل لەیەکترەوە دور بوون. ئەم ڕاپۆرتانەشی بۆی ڕەواندەکران هەمویان جێگەی بایەخ نەبوون. ئەو کێشەو گیروگرفتانەی کە هەبوون سانا بوونو دەتوانرا چارەسەر بکرێن، ئەگەر فیلپ خۆی لەناویان بووبا. بەلاَم دواتر ئاڵۆز بوون و شۆڕشێکی بەرفراوانی نەتەوەیی لێکەوتەوە[1].

لەسەرەتاداناڕەزایی لەدژی هەبونیهێزەسەربازیەکانی ئیسپانیاو دادگاکانی پشکنینبوو لە شارەکاندا. خانم"مرگریت ئۆف پارما" کە بەسەر هۆڵندا فەرمانڕەوا بوو، هەولێدا پشکی گەورە لە بەربژاری ببەخشێ بەهۆڵندیەکان، ئەمەش بە کشاندنەوەی هێزە ئیسپانیەکان لەشارەکانو دەرکردنی هەندێ لەو فەرمانبەرانەی کە ناحەز بوون بەلای دانیشتوانەوە.

1 Ibid; pp. 232-234.

بـــەلاّم فیلـــپ ســـوربوو لەســـەر پیـــادەکردنی سیاســـەتە ئاینیەکـــەیی‌و هۆشداریدایە"مرگرێت" بۆ پیـادە کردنـی ئـەم سیاسـەتە، سـەرەڕای ئـەوەی خانەدانان ئاگاداریانکردەوەو لەم بارەیەوە پێیـان ڕاگەیانـد کـە پیـادەکردنی ئەم سیاسەتە لەم کاتەپڕ لەپەشێوی وشلّەژاویەدا کە ولاّتی گرتۆتوە کـارێکی گەوجانەیـەو لـۆژیکی نییـە. کـاتێ فیلـپ سـوربوو لەسـەر پیـادەکردنی پێـشنیارەکانی ئەنجومـەنی تـەرنتی کەنەسـی لەزەویەنزمـەکان، خانـەدانان لەساڵی1566 کۆبونەوەو سکالاّنامەیەکیانپێشکەشی"مارگریت"کـرد. تیایـدا گوێڕایـەڵێ خۆیـان دەربـڕیی‌و هۆشداریـشیاندایە بـە هەڵگیرسـانی شـۆڕش‌و تەشەنەسەندنی لەولاّتدا، ئەگەر بێت‌و دادگاکـانی پـشکنین هەڵنەوەشـێتەوەو سـتەم لەسـەریان هەڵنـەگیرێ. لەسـەرەتادا "مارگریـت" گـوێی بـۆ گـرتن‌و سـکالاّکانی پەسـەند کـردن. بـەلاّم یـەکێ لەڕاوێـژکارە ئیـسپانیەکانی پێـی ڕاگەیانـد: "کەپێویـست ناکـات لـەم سـواڵکارانە بترسـن" مەبەسـتی پێـی میرەکانی زەویە نزمەکان بـوو. ئیـدی لەمـەوە شۆڕشـگێڕان ناویـان لـەخۆیان نـا"سـواڵکاران" دواتـر دروشمـی"تورەکەوکەشـکۆڵ"[1]"یـان– بـەرزکردەوە. سـواڵکاران بـۆ پێـشکەشکردنی سـکالاّکانیان شـاندێکیان چوویە لای پاشـا. لەسـەرەتادا پاشـابەڵێنی جێبـەجێکردنی داواکاریـەکان‌و هەڵوەشـاندنەوەی دادگای پشکنینی دا، بەلاّم هـەر زوو لەبەڵێنەکـەی پەشیمان بویـەوە. ئیـدی لـەم کاتـەدا جـەماوەری تـوڕە لەپرۆتـستانتە تونـدڕەوەکانی زەویەنزمـەکان هێرشـیانکردە سـەر کڵێـسای کاسـۆلیکی‌و تێکیانـداو وێنەوپەیکـەرەکانیان

[1] مەبەست لە کەشکۆڵ:ـ تورەکەی سواڵکەرە.

شکاندو دێرەکانیان وێرانکرد، ئەمجا کتدرائیەی ئەنتۆربیان لەهاوینی 1566 ڕوخاند.

فیلیپی دووەم لەبەرامبەر ئەمەداو بەمەبەستی سەرکوتکردنیخەڵکی زەویەنزمەکان،"دۆف ئەلڤا"ی وەك بەناوبانگترین سەرکردەی سەربازی بە سوپایەکەوە نارد بۆ ناوچەکە. "ئالڤا" لەئابی 1567 گەیشتە زەویەنزمەکان. لەوێشدا بەوپەڕی تواناو لێهاتوییەوە دەستیکرد بەجێبەجێ کردنی فەرمانەکانی پاشا. ئەمجا هەستا بە دامەزراندنی ئەنجومەنی شۆڕش بۆ چاوخشاندنەوە بەو گیروگرفتانەی تایبەت بوون بەناپاکی. بەڵام ئەنجومەن گۆڕا بۆ دادگایەکی عورفی، کە خەڵکی ناویان نابوو دادگای خوێن. ئالڤا وەك حاکمی گشتی بۆ ماوەی شەش ساڵ لەزەویە نزمەکان مایەوەو لەم ماوەیەدا هەشت هەزار کەسی لەسێدارەدا، کە لەناویاندا گەورە خانەدانان هەبوون. هەروەها سێ هەزار کەسی لەسەروەتو سامانی تایبەتی خۆیان بێ بەش کرد، ئەوانەیشی کە وڵاتیان جێهێشت لەسەد هەزار کەس کەمتر نەبوون. لەپاڵ ئەوانەشدا "ئالڤا" هەستا بە وەرگرتنی دەیەك لەنرخی هەموو شتێکی فرۆشراو. جا ئەم باجانەو نەمانی سەقامگیریو لەبارچونی هێمنیو ئاسایش، بوو بەهۆی تێکچونی باری ئابووری وڵات. لە دەرەنجامی ئەمەدا دانیشتوانی شارە بۆرجوازیەکانی باشور لەگەڵ خانەدانانو بازرگانانی باکور کە پرۆتستانتی بوون ڕیزەکانیان پتەو کردو شۆڕشیان لەدژی ئیسپانیا ڕاگەیاند[1].

---

1 Ibid; pp. 134-137

هەڵبژاردنی ولیەم ئۆرنج بەڕێبەری شۆڕش:-

خانەدانانی زەویەنزمەکان،"ولیەم ئۆرنج"ی میری "هۆڵنداو زیلندا"یان "1533_1584"بەسیاسەتوان‌و سەرکردەیەکی گەورە دەهاتە بەرچاو. "ولیەم ئۆرنج" پرۆتستانتی مەزهەب بوو. کاتێکیش "ئالڤا" گەیشتە زەوییەنزمەکان، ئەم وڵاتی جێهێشت‌و ڕویکردە ناوچەکانی خۆی لە"ناساو" لە ئەڵمانیا. ئەم خانەوادەیە بەهۆی ئەوەی خاوەنی هەرێمی "ئۆرنج" بوون لەباشوری فەرەنسا، نازناوی "ئۆرنج"یان-بەسەردابڕا. "ئالڤا" دەستیگرت بەسەر گشت موڵك‌وماڵی"ولیەم ئۆرنج"لەهۆڵندا. کاتێکیش شۆڕشگێڕان چەند کەمە سەرکەتنێکیان بەدەستهێنا، بانگهێشتی"ولیەم ئۆرنج"یان- کرد بۆ گەڕانەوە بۆ وڵاتەکەی‌و ڕابەڕایەتی کردنی شۆڕش.

لەسەرەتادا سەرکەوتن بەلای هاوپەیمانی ئالڤاو ئیسپانیادا بوو، بەڵام ئۆرنج لەساڵی 1569، توانی هێزێکی دەریایی لەخۆبەخشان‌و چەتەکان دروستبکات. ئەوانە بەسوالکارانی دەریایی ناسران‌و ئامانجیان هێرشکردنەسەر کەشتیەئیسپانیەکان بوو. کاتێکیش ئەم هێزە لەیاخی بوان‌و تاوانباران تەیار کرا، لەدڕندانەترین کار لەدژی ئیسپانی‌و کاسولیکەکان خۆیان نەدەبوارد. ئەم هێزە بووە کرۆکی هێزی دەریایی هۆڵندی‌و بوونە دێوەزمەیەکی وا کەخەوی لەئالڤاو حکومەتی ئیسپانی تێکداو شۆکی کردن. ئەوانە شۆڕشگێڕانیان هاندەدا کەبەردەوام بن لەشۆڕشکردن. هاوکات "ولیەم ئۆرنج" بەمەبەستی بەرەنگاربوونەوەی سوپای ئالڤا، هەستا بە دامەزراندنی سوپایەکی بەهێز. جا دوای ئەوەی ئالڤا نەیتوانی بارودۆخەکە ڕێکبخاتەوە،

لەساڵی 1573 "فیلپ" هەستا بەلابردنی "ئاڵڤا"و، "ڕێکوینرتز"ی لە جێگە دانا. هەرچەندە "ڕێکورتیز" کەسێکی دیبلۆماسی بوو، وەلێ لەئاڵڤا بەتواناتر نەبوو، ئەوەبوو شکستی هێناو لەساڵی 1576 بەنەخۆشی ڕەشەگرانەتا مرد. لەدوای مردنی، سەربازان بەبێ مووچە ماوەیەك مانەوە، هەربۆیە هێرشیانکردە سەر هەندێ شارو هەستان بە نانەوەی پەشێویو ئاژاوەو ئەنجامدانی تاوانو دزیو ڕاوڕووت. لەو کاتەشداو لەساڵی1576 نوێنەرانی هەرێمەکان کۆبوونەوەو ڕێککەوتنێکیان کرد بۆئاشتەواییو یەکدەنگ بوون لەسەر بەرەنگاربوونەوەی ئیسپانیەکانیان، تائەوەی دادگاکانی پشکنین لادەباو سەربەستی ڕابردوویان بۆ دەگێڕێتەوە. لە هەمان کاتدا فیلپی دووەم براکەی خۆی "دۆن جوانی" دیاری کرد وەك حاکم بەسەر زەوییەنزمەکان. "دۆن جوانی" وای بینی کە ڕێککەوتنو لەیەکترگەیشتن لەگەڵ پرۆستانتیەکان کاتی بەسەرچووە. بەڵام ئەویش وەك حاکمی پێش خۆی نەیتوانی چارەسەرێك بۆ بارودۆخەکە بدۆزێتەوە ولەساڵی 1578 لەدنیا دەرچوو[1].

پاش ئەوە فیلپ "ئەسکەندەر فورینزای" میری پارما لە ئیتاڵیادا، وەك فەرمانڕەوای زەوییەنزمەکان دیاری کرد. ئەمەش بەهۆی ئەوەی لەلای فیلپ بەکەسێکی سیاسیو بەتوانا دادەنرا. "ئەسکەندەر" توانی بۆماوەی چواردەساڵ دەسەلات بەسەر زەویەنزمەکاندابنوێنێ "1578_1592". ئەو سیاسەتوانە لێهاتوە توانی پیادەی سیاسەتی میکافیللی بکات. ئەوە بوو

1 Ibid; pp.237-238

هەستا بەچاندنی تۆوی دووبەرەکیو ناکۆکی لەنێوان هەرێمەکانی باکور کەدانیشتوانەکەی بەئەڵمانی دەدوانو زۆرینەیان بازرگانو پڕۆستانتی بوون، لەگەڵ هەرێمەکانی باشور کەدانیشتوانەکەی بە فەرەنسی قسەیان دەکردو زۆربەیان پیشەسازو کاسولیکی بوون. "فورینزا" بەدانیشتوانی باشوری دەووت: "هیچ شتێك نییە کەپەیوەندی ئێوەو ئیسپانیا لێکبکات، بەهۆی نزیکی ئایینو زمانتان. بەڵام وشیاربنو بەئاگا بن لەپڕۆتستانتەکانی باکور کە لەزمان وئاینتان جودان. لەهەمان کاتیشداو لەساڵی "1579" ڕێککەوتننامەی "ئاراز"ی بەست لەگەڵ نوێنەرانی دە ویلایەتی باشور، بۆ پارێزگاری کردن لە کاسۆلیکیو بەرژەوەندیەکانی فیلپی دووەم. لەهەمان ساڵیشدانوێنەرانی هەرێمەکانی باکور کۆبوونەوەو پەیمانی "ئۆتریخت"یان- بەست، بە مەستی هەوڵدانو کۆششکردن بەماڵو گیان لە پێناوی پارێزگاری کردن لەئازادیو سەربەستی زەوت کراوو مافی پێشێلکراوو هەپرون کراویان، بۆ دژایەتی کردنی ئیسپانیای سەرکێش. هەموو ئەمانەش بۆ بەدەستهێنانی ئازادی پەرستشکاریو ڕێزدانان بوو بۆ وڵات. بەم شێوەیە فورینزاپەیمانی "ئاشتەوای"ی -لەناو بردو زەویە نزمەکانی کردە دوو بەشو دوو ڕکەبەری یەکتر. بەشی باشور لەسەرەتادا لەژێردەستی بنەماڵەی "هبسبرگ"ی ئیسپانی مایەوە. بەلام لەدوای پەیمانی "ئورتریخت"ی 1713 کەوتە ژێر دەستی نەمسا. لەکاتێکدا بەشی باکوری سەربەخۆو ئازاد بوو، ناونرا هۆڵندا. هۆڵندا توانی پێگەیەکی نایاب لەناو گەلانی شارستانی ئەورووپا بۆ خۆی بنیات بنێو تا ڕۆژگارێکی درێژ سەروەتو سامانی زۆرترو خۆشگوزەرانو

بالآتر بوو لە بەلجیکا. هاوکات دژایەتیو جەنگو ناکۆکی بەشی باشوری زەویە نزمەکان "بەلجیکا"ی توشی داڕوخان کردبوو. وە بەهۆی بەربەستی هۆڵندیەکان لەسەر ئاوەڕۆی "شیلت"و زاڵ بونیان بەسەر ئاوەکانی دەوروبەر، ئابووری بەلجیکا هەرەسی هێناو گوزەرێکی کەمەرشکێن لە بەندەری ئەنتۆریب دراو بازرگانیو پیشەسازی گواسترایەوە شاری ئەمستردامی هۆڵندا. هەموو ئەمانەش بەهۆی دروستکردنی بەربەستی هۆڵندیەکان لەسەر ئاوی شیلت ڕوویدا.

جەنگو شەڕو ناکۆکی بۆ ماوەیەکی دورو درێژ لەنێوان ئیسپانیاو هۆڵندا بەردەوام بوو. "فورینزا" لەو باوەڕە دابوو کە دەتوانێ باکوریەکان بەزەبری هێز سەرکوتبکات، هەروەك چۆن بەهۆی زرنگیو سیاسەتەوە باشوریەکانی ملکەچکرد. بەلام هۆڵندییەکان براوەبوونو سەرکەوتنی یەکلاکەرەوەیان بەدەستهێناو سەربەخۆی خۆیان دەستکەوت بەهۆی کۆمەڵێ هۆکار. لەوانە:

1. سروشتی سەر زەمینی هۆڵندا گونجاو نەبوو بۆ جموجۆڵی سەربازی، ئەمەش بەهۆی نۆکەندی زۆر کە پێکهاتبو لەتۆڕێك. ئەم تۆڕە لەکاتی کردنەوەی بەربەستی سەر ڕوباری شلێت،دەتوانرا بکرێتە هێڵی بەرگریو بەهۆیەوە ئەرزەکان بە ئاو دادەپۆشران.

2. شارەزایی هۆڵندیەکان لە دەریاوانی دا، هەروەها ڕێکخستنی جموجۆڵی چەتە دەریاییەکانو هێرشە بەردەوامەکانیان بۆ سەر کەشتیە ئیسپانیەکانو بازرگانیو داگیرگەکانیان لەدەریادا. ئیدی ماوەیەکی زۆری

نەبرد کە هێرشکردنە سەر کەشتیە ئیسپانیەکان بوویە پیشەیەك ولآتو کۆمەڵەکان ئەنجامیان دەدا.

3. هۆڵندیەکان لەجەنگەکانیاندا پشتیاندەبەست بە سەربازانی بەکرێ گیراو. لەملاشەوە هەوڵەکانی خۆیان چڕدەکردەوە لەبواری بازرگانیو گەشەپێدانی ولآت لەڕووی ئابووریەوە، کە بەهۆیەوە خۆشگوزەرانیو خۆشنودی پەخشان بوو. ئەوەبوو هۆڵندا بوو بە ولآتێکی بازرگانیو داگیرکاری گەورە لەئەوروپادا. هەروەك ئەمستردام بووبە یەکێ لەشارە هەرە گەورەکانی بازرگانی لە جیهاندا.

4. سیاسەتی جەنگی "ولیم ئورنج" خۆی دەبینیەوە لە ڕووبەرونەبوونەوە لەسەر زەویەکی بەرچاو. واتا" بەشێوەیەك جەنگی نەدەکرد کە دوژمن ئەوی لێ دیار بوایە". هەروەك سوپای ئیسپانی کەوتبووە بەر هێرشی بەردەوامی دوژمنانیان، تا بەرەو بێ توانیی چوون.

5. هۆڵندا توانی هاوکاریەکی زۆری جیهانی پرۆتستانتی بەتایبەت ئەڵمانیاو ئینگلتڕاو پرۆتستانتیەکانی فەرەنسا بەدەست بێنێ.

6. فیلیپ خۆیشی هۆکار بوو، کاتێك دەیویست لەیەککاتدا زۆرترین پرۆژەکانی جێبەجێ بکات. هەربۆیە لەهیچیاندا سەرکەوتنی تەواوی بەدەستنەهێنا. ئەوکاتێك لەململانێیەکی توندو تیژدابوو لەگەڵ هۆڵندا، جەنگی لەدژی شاژن ئیلیزابێس ڕاگەیاند. هەروەك دەستی لەکاروباری ناوخۆی فەڕەنساش وەردەدا. هەرئەمەش وایکرد هۆڵندیەکان کارەکانیان ڕێکخەن وسەرکەوتن بەدەستبێنن.

لەساڵی 1581 فیلیپی دووەم ولیەم ئۆرنجی بەناپاك لەقەڵەم داو لەدەرەوەی یاسای هەژمارکرد، هەروەك خەڵاتێکی تەرخانکرد بۆهەرکەسێ ئەو بەزیندویی یان بەمردویی بهێنێ. ولیەم ئۆرنج بە پۆزش هێنانەوەوپوچەڵکردنەوەی ئەوەی کە پێی تاوانبار کرابوو بەرپەرچی فیلپی دایەوە. پاشان نوێنەرانی هەرێمەکانی باکور لە "لاهای" کۆبوونەوەو بڕیاری جیابوونەوەیاندا لەپاشایەتی ئیسپانیاو ڕایانگەیاند کە پادشا هیچ دسەڵاتێکی نییە بەسەریاندا. شیاوی باسە وسیقەی "لاهای" ساڵی 1581 دادەنرێ بەبناغەی ڕاگەیاندنی سەربەخۆی هۆڵندا. هەرچەندە "ولیەم ئۆرنج" لەساڵی 1584 لەلایەن بەکرێ گیراوانی ئیسپانیەوە تیرۆرکرا، بەڵام هۆڵندییەکان لەژێر سەرکردایەتی "مۆریس"ی کوڕی ولیەم ئۆرنج، هەر بەردەوام بوون لەخەبات و تێکۆشان لەدژی فیلپی دووەم . لەم کاتەشدا پەیوەندی نێوان ئینگلتراو ئیسپانیا زۆر ئاڵۆز ببوو، بەتایبەت پاش ئەوەی "ئەسکندەر فورینزا" لەساڵی 1585 توانی ئەنتۆریب داگیربکات و لە دەستی هۆڵندییەکان بیهێنێتە دەر. هاوکارییەکانی ئینگلتراش بۆ هۆڵندا دەستی پێکردو شۆڕش بەشێوەیەکی پچڕپچڕ هەرلابەردەوام بوو تاوەکوساڵی 1609، کاتێك فیلپی سێیەم ناچاربوو ئاگربەستێك لەگەڵ هۆڵندییەکان بۆماوەی دوازدە ساڵ ڕابگەیێنێ.

بەگوێرەی ئەم ئاگربەستە هۆڵندییەکان زۆر لەوەی پێشبینیان دەکرد زیاتریان دەستکەوت. بەڵام دانهێنان بە هۆڵندا وەك وڵاتێکی سەربەخۆ بەدرەنگ کەوت تاساڵی 1648ز.

حەوت هەرێمەکەی باکور بەیەکەوە ڕێککەوتن لەسەر پێکهێنانی دەوڵەتێکی یەکگرتووو ملکەچ بۆ پەرلەمان، کە نوێنەرایەتی هەرێمەکان بکات، وە فەرمانڕەواییەکی گشتی پشتاوپشتی هەبێت لە بنەماڵەی ئۆرنج. بەڵام هەر هەرێمێك کارگێڕیو ئیدارەی تایبەت بەخۆی هەبێتو پارێزگاری لێ بکرێت. ناکۆکی دەستوری لەنێوان فەرمانڕەوایی گشتیو پەرلەمان دروست بوو، وە بەردەوامیدابە درێژایی سەدەی حەڤدە. چینی سەرمایەدارو دەوڵەمەندی شارەکان پشتگیری پەرلەمانیان دەکردو ئارەزویان لەئیدارەیەکی ئۆلیگاریکی بوو. کە لەم شێوەیەدا حکومەتی مەرکەزی دەستخستنە نێو کاروباری هەرێمەکانی کەمترە. ئەمە لەکاتێکدا چینی هەژارایش پشتگیری فەرمانڕەوایان دەکردو هاوکاریان دەکرد لەدامەزراندنی حکومەتێکی پاشایی دەستوری بەڕابەرایەتیو سەرکردایەتی بنەماڵەی ئۆرنج، لەگەڵ هەبوونی پەرلەمانێکی گشتی هاوشێوەی ئینگلترا. لەماوەی سەدەی حەڤدە هۆڵندا بوو بە دەوڵەتێکی پەرلەمانی کۆماری، لەگەڵ هەبونی ئازادی گەورە بۆتاك وکۆمەڵ و گەشانەوەیەکی ئابوری بە شێوەیەك پێشتر وێنەی نەبوو.

نیوەی سەدەی حەڤدە لەژێر سایەی سیستەمی کۆماری سەردەمی زێڕینی هۆڵندا بوو. سەرۆکی ئەو کاتە "دی ویت" بوو1663-1672 کە لەلایان دانیشتوانی شارەکانەوە پشتگیری دەکرا، ئەوانەی کەپشتیوانی کۆماریان دەکرد. بەڵام کارە دوژمنکارەکانی لویسی چواردە بۆسەر هۆڵندا، بووبە هۆی پەستبوونو ناڕەزاییو بێزاری خەڵکی. بەوهۆیەوە "دی ویت" یان کوشت وپشتگیریان لە فرمانڕەوای نوێ "ولیم ئۆرنج"کرد. "ولیم

ئۆرنج"ی نوێ، نەوەی ولیەم ئۆرنجی فەرمانڕەوایی پێشوی هۆڵندابوو، وەك پێشتر ئاماژەمان پێکرد. ولیمی نوێ هەر لەکۆنەوە خەڵکی لادێکان پشتگیریان لێدەکردو لەلایەن گەلی هۆڵندیشەوە دەسەڵاتێکی فراوانی پێ بەخشرا، بەمەبەستی بەرەنگاربوونەوەی کارە دوژمنکاریەکانی لۆیسی چواردە. شیاوی باسە کۆماری پێشوو نەیتوانی بەرەنگاری لۆیسی چواردە ببێتەوەو زۆر لەداگیرگەکانی لەدەستدا.

لەدوای مردنی ولیەم ئۆرنج لەساڵی 1702، سیستەمی پەرلەمانی هەر بەردەوام بوو. پاشایەتی لەسەدەی هەژدە پێگەی بەهێزتربوو لەناو بنەماڵەی ئۆرنج. تەنانەت تاوەکو ئێستاش ئەم بنەماڵەیە بە دەسەڵاتداریەکی دیموکراتی پەرلەمانی لەسەر شێوازی سیستەمی ئینگلترا فەرمانڕەوایی بەسەر هۆڵندادا دەکات. لەملاشەوە بەلجیکا لەژێردەستی ئیسپانیادا مایەوە. پاشان کەوتە ژێردەستی نەمسا، وەلە دوای هەلگیرسانی شۆڕش لەدژی هۆڵندا لەساڵی 1831، سەربەخۆیی لەساڵی"1839" بەدەستهێنا.

ئینگلترای ڕۆژگاری شاژنە ئیلیزابێس "1558-1603"

"ماری تیۆدۆر" کچی "هنری هەشتەم‌و خێزانی فیلپی دووەم"ی پاشای ئیسپانیا لەساڵی "1558" تالآوی مەرگی چەشت، بەمەش تەختی ئینگلیزی گواسترایەوە بۆ زڕخوشکی خۆی "ئیلیزابێس"ی کچی"ئان بۆلین". فیلپی دووەم ڕۆڵی هەبوو لەپاراستنی ئیلیزابێس‌و گواستنەوەی تەخت بۆ ئەو. بەو ئومێدەی هاوسەرگیری لەگەڵدا ساز بکات، لەپاش مردنی خێزانەکەی"ماری".

ئیلیزابێس خۆسەپێن و سەرکەشبوو، بەڵام بەناوبانگ بوو بەزیرەکیەکی کەم وێنەو بەتوانایی لەبڕیارداندا. کارزانی‌و سیاسەتوانی لە "ئیلیزابێس"دا

دەرکەوت بەشێوەیەك لەناو کەمێ لەسەرکردەکانی ئەورووپای ئەوکاتدا نەبێ، وێنەی نەبووە. کەسایەتی سەرنجڕاکێشی ئەو کاریگەریەکی گەورەی هەبوو لەبەدەستهێنانی ڕێزوخۆشەویستی وەزیرو ڕاوێژکارەکانی.

ئیلیزابێس سیاسەتی میکاڤیللی پیادەکرد کە بنیات نرابوو لەسەر فێڵو تەڵەکەبازی. فیلیپی دووەم هەوڵیدا لەڕێگەی هاوسەرگیریەوە لێی نزیك ببێتەوە، بەڵام ئەم ڕەتی کردەوە. ئیلیزابێس پرۆستانتی بوونیو نەتەوەیی بونی خۆی ڕاگەیاندو لەگەڵ تەوژمی بەرزی ئەوکاتی ئینگلترا دەڕۆیشت. کاتێك ئیلیزابێس لەدژی ئیسپانیا هاوکاری شۆڕشی پرۆستانتیەکانی کرد لەزەویەنزمەکان، پەیوەندییەکانی لەگەڵ فیلیپی دووەم گرژی تێکەوت، هەروەها دنەی چەتە دەریاییەکانی دا لەدەریاکانداو هێرشکردنە سەربازرگانیەتی ئیسپانیای گەرمترکردو هانی دەدا. لەپاش ئەوە فیلیپی دووەم دەستی کرد بەڕێکخستنی پیلانو دەسیسە بۆ لادانو کوشتنی ئیلیزابێس. هەروەها هەستا بەبەخشینی پارەو بەخشش بەخەڵکی لەهەریەکە لەئینگلتراو فەرەنساو ئێرلەنداو بە پارەومالْ هەڵیخەڵەتاندن بۆ بەئەنجامگەیاندنی پیلانو دەسیسە لەدژی ئیلیزابێس. هەروەها فیلپ، ماری ستیوارتی شاژنی سکوتلەندای بە داردەستێك زانی بۆ جێبەجێ کردنی پیلانەکەی[1].

ماری ستیورات:ـ

ماری ستیورات کچی جیمسی پێنجەمی پاشای سکۆتلەندا لەساڵی 1542 لەدایك بووە، ماری نەوەی "مرگریتی خوشکی هنری هەشتەم" بوو"پاشای

1 Cant‹W.E. History of Enland‹(Harper‹1957) pp.335_351.

ئینگلترا". هەربۆیە لەدوای مردنی ئیلیزابێس دەبوایە ماری کاندید بکرێت بۆ تەختی ئینگلیزی. شایانی باسە ئیلیزابێس شوی نەکردو هاوسەرگیری ئەنجام نەدا. لەهەمان کاتدا ماری نزیکایەتی هەبوو لەگەڵ بنەماڵەی "گیمز"ی فەرەنسی. هنری هەشتەمیش هەوڵی دەدا ماری لە "ئیدواردی شەشەم"ی کوڕی مارە بکات، بە ئومێدی یەکانگیرکردنی دوورگەی بەریتانیا. بەڵام پەیوەندییەکانی نێوان بەریتانیاو سکۆتلەندا بەهۆی سیاسەتی چەوتی هنری هەشتەم لەبەرامبەر سکۆتلەندە گرژی تێ کەوت. ئەمەش بەهۆی هەوڵەکانی هنری هەشتەم بۆئەوەی سکۆتلەندا بخاتەپاڵ خۆیو پرۆستانتیەت بەسەریاندا بسەپێنێ. سکۆتلەندیەکانیش "ماری"ان– نارده پاریس بە مەبەستی پەروەدەبوونی لەدەرباری شاهانەی فەرەنسا.

لەم کاتەدا ئینگلترا ڕووبەڕوی مەترسی پەلاماری سکۆتلەندیو فەرەنسیەکان بوویەوە، ئەمەش بەهۆی ئەوەی جەنگی نێوان فەرەنساو ئیسپانیا بە پەیمانبەستی "کاتۆکامبریس"ی ساڵی1559کۆتایی پێهات. ماری هاوسەرگیری کرد لەگەڵ فرانسوای دووەم کە تازە ببوە پاشای فەرەنسا. سکۆتلەنداش لەلایەن دایکی ماری بە وەصی فەرمانڕەوایی دەکرا، وە لەلایەن سوپای فەرەنسیەوە پشتگیری دەکرا. فرانسوای دووەم تا ئەو کاتەش تەمەنی بچوك بوو لەپازدە ساڵ تێ پەڕی نەدەکرد، بۆیە ڕاوێژکارەکانی حکومیان بەسەردادەکرد، کە دوانیان لەبنەماڵەی گیزبوونوخاڵی ماری ستیوراتبوون. ئەمانە دەیانویست ماری شاژنی فەرەنسا بکەن بەشاژنی بەریتانیا، بەوپێیەی ماری میراتگریشەرعیە. ئەمانە بۆ

مەبەستی خۆیان بانگەشەی ئەوەیان دەکرد کە کاترین ئارگۆن خێزانی شەرعی هنری هەشتەمە، چونکە پاپا "کلێمنتی حەوتەم"ڕەوایی نەداوە بە تەلاق دانی کاترین، لەبەرئەوە گرێبەستی هاوسەری "ئان بۆلین" ڕەوانیە بە گوێرەی یاسای کڵێسا. کاتێکیش ئیلیزابێس کچی ئان بۆڵینە کچی ناشەرعی هنری هەشتەمە. لەڕاستیدا ئەم تەفسیرولێکدانەوەیە پەسەندو ڕاست بوو لەلایەن کاسۆلیکەکان، چونکە لەدیدی ئەواندا پرۆتستانتیەت هرتقە بوو. هەرچەندە فیلپی دووەم دەیویست ئینگلترا بە کاسۆلیکی بمێنێتەوە، بەڵام ئارەزووشی نەدەکرد فەرەنسا بەسەریدا باڵادەستبێ.

لەم کاتەدا ڕوداوەکان یاریدەی شاژن ئیلیزابێس-یان کردو "با" بەقازانجی ئیلیزابێس هەڵیکردو ڕزگاری بوو لەمەترسی پەلاماردران. ئەمەش کاتێ شۆڕشی پڕۆستانتی لەساڵی 1559 لەسکۆتلەندا هەڵگیرساو "جون نوکس"ی قوتابی جۆن کالڤن لەسویسڕاوە گەڕایەوە سکۆتلەنداو لەوێدا ژمارەیەکی زۆری سکۆتلەندیەکانی قەناعەت پێ هێنا. هەروەك لەم کاتەشدا بزوتنەوەی نەتەوایەتی بەهێزبوو کە دژایەتی باڵادەستبوونی فەرەنسایان دەکرد بەسەر سکۆتلەندا. کاسۆلیكوپرۆتستانتیەکان یەکیانگرتو شۆڕشگێڕەکان داوای هاوکاریان کرد. هەرچەندە هاوکاری ئیلازبێس واتای بەهێزکردنی پڕۆتستانتیەکانی دەگەیاند لە ئەوروپاداو سۆزی ئەوانی بۆ لای خۆی کێش دەکرد. وەلێ بێ وەی نەدەبوو لەمەترسی کاسۆلیکەکان، بەتایبەت فەرەنسیو ئیسپانیەکان لەبەرامبەریدا.

لەساڵی 1560 ئیلازبێس بڕیاریدا هاوکاری سکۆتلەندیەکان بکات. لەمیانەی هاوکاری کردنەکەدا سوپای ئینگلیزی سەرکەوت بەسەر سوپای فەرەنسیدا، وە بەگوێرەی پەیمانبەستی"ئەدینبر"کە لەنێوان وەصیو

ئینگلیز بەسترا، وەصی ڕەزامەندی نواند لەسەر پاشەکشەی سوپای فەرەنسی، بەو مەرجەی سوپای ئینگلتراش سکۆتلەندا جێبێڵێت. وەلەهەمانکاتداپەرلەمانی سکۆتلەندی کاسۆلیکیەتی لەکارخستو پرۆتستانیەتی کردە کڵێسای فەرمی. مەترسی فەرنسیەکانیش بەمردنی فرانسوای دووەم لەساڵی 1560 کۆتایی پێهات، ئیدی هیچ هیواو ئاواتێك بۆ بێوەژن "ماری ستیورات" لەفەرەنسا نەمایەوە، لەبەرئەوە ڕووەو سکۆتلەندا گەڕایەوە لەساڵی1561 کە ئەوکاتە تەمەنی هەژدە ساڵ بوو.

ماری ستیوراتی کاسۆلیکی مەزهەب هەستی کرد گەلی سکۆتلەندی پرۆتستانتی مەزهەب مەیلیان بەلای ئینگلترا دایە. ئیدی هەرچی زیرەکیو زرنگی هەبوو خستیەکار بۆ زاڵ بوونی بەسەر کێشەکان. ماری لەلوتکەی زیرەکیوجوانی دابوو، ئەو دوو بەهرەیەی خستە کار بۆ کێش کردنی هەرچی پەیوەندی پێوە ئەکرد، وە هەوڵی بەدەستهێنانی سۆزی گەلەکەیداو ڕێچکەوپەرتەوازەیی ئایینی فەرامۆشکردو جەختی دەکردەوە لەسەر لایەنی نەتەوەیی، بەمەستی بەدەستهێنانی هەندێ سەرکەوتن. لەساڵی 1565 ماری شوی کرد بە "لورد درانیلی"کاسولیکی مەزهەب. درانیلی نزیکایەتی هەبوو لەگەڵ بنەماڵەی پاشایەتی ئینگلیزی، ئەمەش ماری بەهێزکرد بۆ داواکردنی تەختی ئینگلیزی[1].

لەهەمان کاتدا کڵێسای کاسولیکی لەئیتاڵیا کۆتایی هێنا بەکۆبوونەوەو بەخۆداچوونەوەکانی کە لەچوارچێوەی ئەنجومەنی تەرنت بەڕێوە دەچوو. ئەنجومەنی تەرنت لەکۆتایی دانیشتنەکانی لەساڵی1563 بڕیاریدا

---

1 هەمان سەرچاوەی پێشوو

پرۆتستانیەت بنبڕ بکاتو فیلپی دووەمیشی بۆ ئەنجامدانی ئەم کارە وەك سەرپەرشتیار دیاری کرد. فیلپی دووەم وای پێ باشبوو لەپێش هەستانی بە هەرکارێك، هەستێ بەشۆڕشێکی دیبلۆماسیو هەموو پرسەکان دوابخات بە مەبەستی لەناوبردنی پرۆتستانیەت. فیلپ وەك هەنگاوی یەکەم، لەسالی 1565لە"پوین"ی باشوری فەڕەنسا کۆبوونەوەیەکی گرێدا لەنێوان "کاترین میدتچی وەصیو نوێنەری فیلپی دووەم". ئەوەشی کەلەوێدا گوزەرا بەنهێنی مایەوە، بەلام کۆبوونەوە کۆتاییهێنا بەجیاوازی نێوان ئیسپانیاو فەڕنساو هەموو هەولی خۆیان خستەگەڕ بۆ لەناوبردنی پرۆتستانیەت لەئینگلتراو فەڕەنساو هۆلندا. ئەوەش لەهەمبەر ئینگلترا مانای پشتگیری ئیسپانیاو فەڕەنسای دەگەیاند بۆ "ماری ستیورات".

دیسان وەك جاری ڕابردوو بەخت یاوەری ئیلیزابێسی کرد، ئەوەش لەڕوودانی شۆڕشی زەوییە نزمەکان دەردەکەوێ، کەلە هەمان کاتدا ڕویداو فیلپی دووەمی ناچار کرد هێزێکی گەورە بنێرێ بۆ ئەم ناوچەیە بەمەبەستی سەرکوت کردنی شۆڕش. بەهۆی ئەوەش ماوەیەکی زۆر توشی سەرقالی بوو. هەروەها لەفەڕەنساش شۆڕشی ئایینی سەریهەلداو شۆڕشەکە گەورە بوو دواتر جەنگی نێوخۆیی لێکەوتەوە، بەشێوەیەك تا سالی 1589 کۆتایی نەهات.

لەسکۆتلەنداش ماری ستیورات بیروباوەڕی کاسولیکی خۆی ئاشکرا کرد. بەمەش پرۆتستانیەتیەکان لێی دوور کەوتنەوە. لەملاشەوە "دارانلی" کەسێکی لوتبەرزو گێلبوو، هیچ هاوکارییەکی ماری نەدەکرد لەوتووێژکردنی لەگەڵ وولاتە کاسۆلیکیەکان. "درانیلی" بە مامەلەیەکی ڕەق مامەلەی لەگەڵ

ماری دەکرد، بەوەش ماری ناچار بوو پشت ببەستێ بە سکرتێرەکەی "داڤید ڕیزو". ئەمە بووە هۆی جولاندنی دەماری "غیرە"ی درانیلی هەتا ڕادەی سەرشێتی. تادواتر بە هاندانی لۆردە مەزهەب پرۆتستانتەکان درانیلی لەبەرچاوی ماری ستیورات "ڕیزو"ی کوشت.

پاش ئەمە ڕێککەوتن لەنێوان شاژن و هاوسەرەکەی دروست بوو، کە ماوەیەك بەردەوامی دا. لەم ماوەیەدا واتا ساڵی "1566" ماری کوڕێکی بوو ناوی لێینا "جیمس". بەلاّم پاش لەدایکبوونی ئەم کوڕەش "درانلێ"لەهەڵسوکەوتە گەوجانەکەی دەرهەق بە"ماری" هەر بەردەوام بوو. تا ئەوەبوو ماری هەستی بە هاوکاری یەکێ لەڕاوێژکارە دڵسۆزەکانی کرد بەناوی"بوسویل". مامەڵەی خراپی "درانیلی"بووە هۆی ئەوەی ماری بکەوێتە ئەڤینی "بوسویل". بوسویل دوودڵی نەکرد لەکوشتنی درانلیو ڕفاندنی ماری ستیوراتو تەلاّقدانی هاوسەرەکەی ، پاشان گەڕانەوەی بۆ "ئەندبرە"و مارە کردنی ماری لەخۆی لەسەر شێوازی پرۆتستانتی .

بەلاّم،لەئەنجامی ئەم ڕووداوانە "ماری" سەرجەم هاوکارییەکانی لەدەستداو گەلی سکۆتلەندی بوونە نەیاریو کەوتنە دژایەتی کردنی. هێزەکانی پرۆتستانتی توانیان "ماری" دەستگیر بکەنو بەسەر هێزەکانی "بوسویل"دا زاڵ بن. شیاوی باسە "ماری" دەستبەرداری تەختەکەی بوو بۆ کوڕەکەی. "ماری" بۆ ماوەیەك دەستبەسەر کرا، بەلاّم ئەو پیلانانەی کە ئەنجامدران هاوکاری هەلاّتنی مارییان کرد بۆ ئینگلترا لەساڵی1568.

وەنەبێ "ئیلیزابێس" حەزی کردبێت ماری ڕادەستی دوژمنەکانی بکات، یاخود هاوکاری بکات لە دژی دوژمنەکانی. بەڵکو ئیلیزابیس لەجێگەی ئەم دوو هەڵوێستەدا، ڕێگەی سێیەمی هەڵبژارد کە بریتی بوو لەزیندانی کردنی

لەلای خۆی. لەبەرئەوە لەقەڵایەکدا زیندانی کرد. دواتـر ئەوزیندانـە بـۆی بـوو بە جێگەیەك تا کۆتایی ژیانی.

ئـەو مەترسـیانەی لەسـەر "مـاری" بـوو لەزینـدان، کـەمتر نـەبوو لـەو مەترسـیانەی کـە لەسـەری بـوون لـەکاتی پاشـایەتی. کاسـۆلیکەکانیش لەساڵی1569 بەسەرکردایەتی"نۆرفولك" شۆڕشێکیان هەڵگیرساند لەباکوری ئینگلتڕا، بە هیوای ئەوەی "نورفولك" هاوسەرگیری سازبکات لەگـەڵ مـاریو دواتـر بیکـەن بەسـەرۆکی ئیـنگلتڕاو بیروبـاوەڕی کاسـۆلیکی بەسـەر وولاّتـدا بـسەپێنن. واتـا (دوای ئـەوەی شـۆڕش سـەرکەوت، ئـەوان ئـەم هیوایـەیان هەبوو). خانەدانانیش بەهۆی نیگەرانیو دڵگرانیان لەکەمبوونەوەی چانـسیان لەپۆستەحوکومیەکانو لەرزۆك بوونی دەسـەلاّتیانو زاڵبـوونی "لۆردسیـسل" بەسەر حوکومەتداو زیادبوونی دەسەلاّتی، هاوکاریو پـشتگیری "دیـوك ئۆن نور فولك"یان– کرد. لەپاڵ ئەمەشدا هەستی ئایینی پاڵنەرێکی تریان بوو بۆ ئەوەی پشتگیری لە "نور فولك" بکەن، هەروەها فیلیپی دووەمـیش لەڕێگـەی باڵوێزی خۆی لـە لەنـدەن هـانی "نـور فولـك"ی– دەدا لەسـەر شۆڕشـکردن. بەلاّم سەرەڕای هەموو ئەوانەش شۆڕش پێش دەستپێکردنی هەرەسی هێنـا. بـەهۆی ئـەوەی ئینگلیـزە کاسـۆلیکەکان شۆرشـیان لـەدژی حکومـەت ڕەت کـردەوە، لەملاشـەوە هاوکارییـەکانی ئیـسپانیا نەهاتنـە بەرهـەم. بـەهۆی ئەوانــەوە ســەرکردایەتی شــۆڕش بــەزیو "ئیلازبـێس"یـش– تۆڵـەی لـە شوێنکەوتەکانی شۆڕش کردەوە. هەروەها حکومەتی سکۆتلەنداش سەرکردە شۆڕشگێڕەکانی دەستگیرکردو ڕادەستی ئیلازبێـسی کـردن بۆئـەوەی توشـی هەمان چارەنوسی شوێنەکەواتەکانیان بکات.

لەساڵی 1570 پاپا فرمانی بێبەری بوونی لەهەمبەر "ئیلازبێس" دەرکردو فرمانەکەشی لە ئینگلترا بلاوکرایەوە. بەلام ئەم فرمانە ئەگەر هاتبایەوپێش شۆڕش دەرکرابوایە، ئەوا کاریگەری دەبوو لەسەر کاسۆلیکە ئینگلیزەکان. بەلام دەرکردنی فرمانەکە لەدوای کۆتایی هاتنی شۆڕش بوو. ئەمەش ڕەنگدانەوەو کاریگەری پێچەوانەی دروستکردو بووبە هۆی ڕق و کینە لەدژی کاسۆلیك.

لەساڵی 1571 "ڕیدۆلفی" ئیتالی پارەگۆڕ، بەڕەزامەندی پاپاو فیلپی دووەم، هەستا بە سازدانی پیلانێك بۆ گۆڕینی سیستەمی دەسەلاتی ئینگلترا. ئەمەش بە مارەکردنی ماری ستیورات لەنورفلك. "نورفولك" پێشتر دەستی لەشۆڕشەهەلگرت، بەمەش خۆی ڕزگارکرد لەسزای سێدارە. هەروەهاپیلانەکە بۆ ئەوەش بوو بەهاوکاری هێزی ئیسپانی "نورفولك" بچێتە سەرتەختی ئینگلیزی. وەلێ ئەمانە بوونە پۆشی دەم ڕەشەباو "لوردسیسل" هەر لەسەرەتاوە هەستی بەو پیلانەکردو ئاشکرای کرد. بەلام لێی گەڕا بۆ ئەوەی سەرجەم نەخشەکانی بۆڕوون بێتەوەو سەرجەم سەرەداوەکانی بێتەدەست. لەو کاتەدا بالوێزی ئیسپانی لەولات دەرکردوپیلانگێڕانی گرت، لەسەروی هەمووشیانەوە "نورفولك". دواتر سەرجەمیانی لەسێدارەدا. ئیدی لەدوای ئەمانە پەرلەمان گەیشتە ئەو بڕوایەی کە ژیانی ئیلازبێس لە مەترسی دایە، مادام ماری ستیورات لە ژیان دایە. لەبەرئەوە داوایان لە ئیلازبێس کرد ماری لەداربدات، بەلام ئیلازبێس

ئەمەی ڕەت کردەوە. پاش ئەمە ئیدی پیلانگێڕی کۆتایی پێهات تاکۆتایی سالّی1584.

ئیلازبێس بەنهێنیو جارجارەش لەڕێگەی پرۆتستانتە فەرەنسیەکانەوە هاوکاری شۆڕشی پرۆتستانتی دەکرد لەزەویەنزمەکان. بەلاّم زەویە نزمەکان لەسالّی 1579 دابەش بوو بۆ دووبەش، کە بریتی بوون لەباشوریەکانی لایەنگری ئیسپانیاو باکوریەپرۆتستانتیەکان، کە بڕیاریاندا خەبات بکەن لەپێناوی سەربەخۆیی. لەم ماوەیەی کە ئیلازبێس هەولّیدا هاوکاری باکوریەکان بکات. داوای لەمیر"ئەنجوی" برای پاشای فەرەنسی کرد، هاوکاری هۆلّندیەکان بکات لەبەرامبەر دیاری کردنی وەك فەرمانڕەوا بەسەر هۆلّندا. بەلاّم بۆ بەدبەختی ئەم میرە مرد. هەروەك"ولیم ئۆرنج"ی پێشەوای پرۆتستانتیەکان لەسالّی 1584 بەنهانکوژکرا. ئیدی هیچ بوارێك بۆ ئیلازبێس نەمایەوە کە هاوکاری پرۆتستانتیەکان بکات، تەنها بە ئاشکرایی نەبێت. لەمەوە هەر شالاّوکی ئیسپانیا بۆسەر هۆلّندا، هەلّمەتی ئینگلتراشی بەدوادا دەهات.

ئیلازبێس بۆ هاوکاری حەوت هەرێمەپرۆتستانتیەکە، وە لەدژی ئیسپانیا لەسالّی1585 سوپای وەڕێخست ڕووەو هۆلّندا. فیلپی دووەمیش پیلانێکی ڕێکخست لەدژی ئیلازبێس، کە کاسۆلیکەکان پێی هەلّدەستان بە مەبەستی هەلّگێڕانەوەی دەسەلاّتی ئینگلتراو کوشتنی ئیلازبێسو هێنانە سەرتەختی "ماری ستیورات". بەلاّم یەکێ لە وەزیرەکانی ئیلازبێس بەناوی"ولّشانگهام"، بەپیلانەکەی زانیو ئاشکرای کردو پیلانگێڕانی دەستگیر کردو هەموویانی لەسالّی 1586 لە سێدارەدا. لەهەمانکاتدا پەرلەمان هاتە ئەو بڕوایەی کە سەقامگیری تەواو لەولاّتدا پەرەناگرێ، مادام

"ماری ستیورات" لەژیاندا بێت. لەمەشەوە پەرلەمان بڕیاری لەسێدرەدانی "ماری ستیورات"ی- دا. "ئیلازبێس"یش ڕەزامەندی لەسەر نواندو لەساڵی1587 لەسێدارە درا. شیاوی باسە ئەم پیلانە دواین چەك بوو لەدەستی فیلپی دووەم بۆ سەرکزکردنی ئینگلترا. ساکاتێکیش شکستی خوارد، جەنگی لەدژی ئینگلترا ڕاگەیاند.

جەنگی ئارامادا 1588:-

فیلپی دووەم باش دەیزانی، کە ناتوانێ حوکم بکات بەسەر هۆڵنداو ئەمریکا، وە ناتوانێ پارێزگاری بکات لەرێگە بازرگانیەکان، تەنها بەوە نەبێ کە ئینگلترا سەرشۆڕ بکات. ماوەیەکیش دەبوو ئینگلیزەکان هێرشیان دەکردە سەر کەشتیەکانو داگیرگەکان. "سێرڤانتیس دریك" یەکەم کەس بوو کەشتیە ئیسپانیەکانی ڕووت کردەوە لەکەلوپەلەکانی لەزێڕو زیو، وە بەرەو بەندەرەکانی ئینگلیز ڕاپێچی دان. "ڕیچار هوکنز"و "والترڕایلی" لە لەناوبردنی قۆرغکاری بازرگانی ئیسپانیو پرتوگالی لەداگیرگەکان کەمتر نەبوون لەدریك.

فیلپی دووەم بۆ تۆڵەسەندنەوە لەئینگلیز کەشتگەلێکی گەورەی ئامادەکرد. ئەم کەشتیگەلە بەشێوەیەك بوو، جیهانی مەسیحی لەپێشتردا وێنەی ئەمەی بەخۆیەوە نەدی بوو. ئەم کەشتیگەلە پێکهاتبوولە 130 کەشتی گەورەو هەشت هەزار دەریاوانو نۆزدە هەزار سەرباز، سەرەڕای ئەوەی کە "ئەسکەندەر فرتیزای" فەرمانڕەوای زەویە نزمەکانیش بە 33 هەزار سەرباز گەیشتەوە پێیان. فیلپ وای دەزانی ئینگلترا بەهۆی

دووبەرەکی نێوان پرۆتستانتی‌و کاسۆلیکی لەناوخۆدا توشی دابەشەکی هاتوون. بەلاَم بۆچوونەکەی فیلپ ڕاست دەرنەچوو، بەڵکو ئینگلیزەکان هەستی نەتەوەییان زیاتر بوو. وە هەر ئەم هەستەش زاڵ بوو بەسەر بیروباوەڕو ئاینیان‌و دەستیان خستە ناودەستی یەك بۆ پارێزگاری لەولاَت. لەلایەکی تریش کەشتگەلی ئینگلیزی لەگەڵ ئەوەی ژمارەی کەم‌و قەبارەی بچوك بوو، بەلاَم بەخێرایی دەجولاَن‌و سەرپەرشتی کرانیان ئاسانبوو، هەر ئەمەش سەری لە کەشتیگەلی‌و کەشتیە گەورەکانی شێواندو سەرپەرشتی کردنیانی قورس کرد. سەرەڕای ئەمەش ئینگلیزەکان کەشتیوانی شارەزایان هەبوو، هەروەها دەریاوانی بە ئەزمونیان هەبوو، کە ئەزمونیان لە جەنگی دەریاداپەیداکردبوو، بەتایبەت سەرکەوتنیان بەسەر کەشتیە ئیسپانیەکان‌و زاڵ بوونیان بەسەر کەشتیوانە ئیسپانیەکان لەم بوارەدا. کەشتیە ئیسپانیەکان لە گێژەلۆکەیەکی توندی دەریایدا تێکشاکان، ئەمەش لە دەریاکانی دەورەی ئینگلترادا، بەتایبەت لەکەنداوە بەردینەکانی سکۆتلەندا. بە شکستی ئارمادا هۆڵندا ڕزگاری بوو، ڕۆژگاری قۆرغکاری ئیسپانی بۆ بازرگانی‌و داگیرگەکان بەسەرچوو، هەروەك یەکەم هەنگاوی دەسەلاَت‌و شکۆی بەریتانیا بوو بەسەر دەریاکاندا[1].

لەپاش جەنگی ئارمادا ئینگلترا سەقامگیر بوو، سکۆتلەنداش بوو بەدەوڵەتێکی دۆست. دانیشتوانی "ویلز"یش- بنەماڵەی تیۆدۆریان بە بنەماڵەیەکی "ویلز"ی دانا، بەهۆی ئەوەی هنری حەوتەمی پاشای ئینگلترا

1 Travelyan ، B.M. Hstory of England (Ronmup . 1958) pp . 323-360.

بە رەسەنویلزیە. ئەم شۆڕشانەشی کە لەم کاتەدا هەڵگیرسان لە ئیرلەندا ئلازبێس بەئاسانی سەرکوتی کردن.

فەرەنسای ڕۆژگاری جەنگ و کوشتارە ئاینیەکان

1598-1558

فرانسوای یەکەم لەساڵی 1547 لەدونیا دەرچوو. دوای ئەم هنری کوڕی فرانسوا بەناوی هنری دووەم لەجێگەی دانیشت. هنری دەسەلاتی پاشای زیاد کردو لەسەر حسابی ئەڵمانیا فرانخوازی کرد ڕووەو خۆرهەلات. دواتر هاوسەرگیری ئەنجامدا لەگەڵ "کاترین میدتچ"ی فلۆرەنسی، کە بەناوبانگ بوو بە زیرکیەکی بێ وێنەو بیرتیژی لەفێڵ و تەڵەکە بازیدا، لەگەڵ ڕوویەکی ناشرین و کەلەشێکی گەورە.

جەنگی نێوان فەرەنساو ئیمپراتۆری ڕۆمانی پیرۆزو ئیسپانیا لەسەردەمی ئەمدا هەر بەردەوام بوو، تا بە پەیمانبەستی "کاتوکامبریس" کۆتایی پێهات لەساڵی 1559. بەگوێرەی ئەم پەیمانبەستنە فەرەنسا شاری "میتزو تول و ڤیردون"ی ئەڵمانیای وەچنگ کەوت. ئیسپانیاش بەتەواوی قەڵەمڕەوی چەسپی بەسەر زەویە نزمەکان و ئیتالیا. بەلام لەمانگی تەموزی هەمان ساڵدا هنری دووەم بەهۆی زۆر پێداگرتنی لەئەنجامدانی تفەنگبازی لەگەڵ سەردەستەی پاسەوانان،گیانی لەدەستدا. لەبەرئەوە کاترین میدچی ناچاربوو لەگەڵ منداڵەکانیدا هاوبەشی بکات لەفەرمانڕەوایدا. لەگەڵ هەریەکە لە:"فرانسوای دووەم 1559- 1560، چارلسی نۆیەم 1561-

1574هنـری سـێیەم 1572-1589". کـاترین بـڕوای وابـوو کەپێگـەو دەسەلاتی خۆی ومندالەکانی لەسێ لاوە هەڕەشەی لەسەرە. کەبریتین لە:

1. بلاوبوونەوەی پڕۆتستانتی لەفەڕەنسا، کەپێیان دەگوترا "هیگۆنت"
2. فراوان بوونو بەهێزبونی دەسـەلاتی گـەورە خانەدانـەکان، بەتایبـەت بنەماڵەی گیزو بۆرۆن.
3. دەسـتتێوەردانی فیلپـی دووەمـی پاشـای ئیـسپانیا لـە کاروبـاری فەرەنسا.

جائیستا یەکە یەکە شرۆڤیان دەکەین.

1_ هیگۆنۆت"پرۆتستانت":-

لەناوەڕاسـتی سـەدەی شـازدە پرۆتـستانتی کـالڤنی بەخێرییـەکی بێوێنـە لەفەرنسادا گەشەی سەندو پەخشان بـوو، بەشـێوەیەك لـە30٪ فەرەنـسایی گرتەوە. بەداهاتنی شەستەکانی هەمان سەدە، خانـەدانانیش دەسـتیان کـرد بەخۆخزاندنە ناو کلێسای پرۆتستانتی. "جۆن کـالڤن"یش سـور بـوو لەسـەر هێنانو کەمندەکێش کردنی خانەدانان بۆ نێو ئاینزاکـەی. ئیـدی زۆری نـەبرد کە خانەدانان زالبوون بەسەر کۆبونەوەکانی کلێسای پرۆتستانتی.

دوای ئەوەی "کولینی" سەرکردەی هێزی دەریـای فەرەنـسیو "کونـدی" سوپاسـالاری فەرەنـسی لەبنەمالـەی بۆربـۆن "لقێکـی بنەمالـەی پاشـایی" چـوونە نـاو کلێـسای پرۆتـستانتی، دەسـەلاتی سیاسـیو سـەربازی ئـەوان گەیشتە ترۆپك. لەگەڵ هـەبوونی دەسـەلاتی سیاسـیو سەبازیشیان، کەچـی ئارەزوویان نەدەکرد کێشە دروستکەن بۆ بنەمالـەی پاشـایی یـا سـنورێك بـۆ

دەسەلاتی پاشا دابنێن، واتا ئەوان "ئارەزوی ئەم کارەیان نەدەکرد". بەڵکو ئازادی ئاینیان دەویست بەگوێرەی پرۆتستانتیەت. وەلێ "کۆندی" کە لە بنەماڵەی بۆربۆن بوو، ئارەزووی دەکرد بۆماوەیەك بچێتەپاڵ ئەنجومەنی ڕاسپاردن، تاوەکوپادشا؟دەگاتە تەمەنی پێ گەیشتن. ئەم دووانە واتا "کۆلێنیو کۆندی" بالادەستبوون بەسەرجولانەوەی شۆڕشێکی خاوەن ڕێکخستنێکی سەربازیو سیاسیو ئایینی. فرنسوای یەکەمیش هەربچوك بوو کاتێ باوکی مرد، بەمەش بوو بە ئالەتێك بەدەستی خاڵەکانی لە بنەماڵەی گیز. ساکاتێکیش لەکانونی یەکەمی 1560 گیانی سپارد، براکەی "چارلسی نۆیەم" شوێنی گرتەوە کە گەیشتبووە تەمەنی دە ساڵان. ئیدی کاترین ئەم هەلەی قۆزتەوە بۆئەوەی لەجێگەی ئەوان فەرمانڕەوای بکات.

ئامانجی کاترین خۆی دەبینیەوە لەپارێزگاری کردن لەیەکیەتی فەڕەنساو هێشتنەوەی پادشایی لەناو مندالەکانی. وە لەساڵی 1560 ئازادی پەرستشکاری بەپرۆتستانتیەکان بەخشی، لەبەرامبەر وازهێنانیان لەڕێکخستنی سەربازی. وەلێ کاترین وای بینی کەئەم لێبوردەییو ئازادی ئاینیە، ئەزیەتی کەمتر نییە لەپارێزگاری کردن لەیەکڕیزیو ڕێگری کردن لەدووبەرەکی. لەگەڵئەوەش کە هیگۆنۆت کەمینە بوون لەفەڕەنسا، بەلام باشترینی چینی ناوەڕاست بوون لەدەوڵەمەندیو ڕۆشنبیری داو لەسەردەمی فرانسوای یەکەمەوە زۆرینەیان خاوەن دەسەلاتو پۆستە بەرزەکانی دەوڵەت بوون. ئەوان جەختیان دەکردەوە لەسەر لێ بوردەیی ئاینی بۆ خۆیان، هەروەك داکۆکیان دەکرد لەسەر کۆبونەوەی پەرلەمان بەشێوەیەکی

ڕێکوپێکو بالأدەستی نوێنەرانی گەل بەسەر خەزێنەی دەولەت. بەلاّم ئەمە تێکدەگیرا لەگەلّ دەسەلاتی پاشایی ڕەهاو یەکیەتی نیشتیمانی. لەبەئەوە هێرشو هەلّمەتی زۆرکرایە سەریانو لەهەموو ناوچەکان دەچەوسێنرانەوە. هەروەك کوشتارگەو جەنگی ئاینی بەردەوام بوو بەدرێژایی سالأنی 1562-1593 کە ئامانج تیایدا لەباربردنی پرۆتستانتی بوو.

2-خانەدانان:-

دوو بنەمالّەی سەرەکی خانەدانان لەفەرەنسادا هەبوون، کەلەگەلّ دەسەلأنی بنەمالّەی پاشایی ناکۆکبوون. ئەوانیش بریتی بوون لەبنەمالّەی "گیز، بۆربۆن". بنەمالّەی بۆربۆن دەچونەوە سەر لۆیسی نۆیەم کەلەسەدەی سێزدە بووە پادشای فەرەنسا. لەبەرئەوە لقێك بوون لەبنەمالّەی پاشایی. سەرۆکی ئەم بنەمالّیەش ناوی "ئانتۆنی" بوو لەسەردەمی "هنری دووەم،کاترین میدتچی"، کە بەسەر هەرێمێك بەناوی "ناڤار" لەنێوان ئیسپانیاو فەرەنسادا دەسەلأتداربوو. پێشتریش ئەوەمان ڕوونکردەوە کە "کۆندی" برابچوکی "ئانتۆنی"چووە سەر ئاینزای پرۆتستانتی. بە مردنی یەکلەدوایەکی مندالّەکانی "هنری"ش کە پاشابوون بەسەر فەرەنسادا، بەبێ هەبوونی میراتگرێك لەناو بنەمالّەکەیان بۆ تەختی فەرەنسا، بنەمالّەی بۆربۆن بوو بە تاکە میراتگری تەختی فەرەنسی. وە بەگوێرەی یاسای فەرەنسی ئەوکاتیش کچ نەیدەتوانی بچێتە سەرتەختی فەرەنسا.

"ئـانتۆنی" هاوسـەرگیری کـرد لەگـەڵ شـاژنە ناڤـار، بەمـەش بووبەپاشـا بەسـەریدا. شـایەنی باسـە بەشـی باشـوری ئـەم هەرێمـە لەسـاڵی1512خرابووەسـەر ئیـسپانیا. براکەیـشی بـەناوی"لـۆیس"میربـوو بەسەر هەرێمی "کۆندی"، ئەو بەئازایی‌و دڵسۆزی ناسـرابوو، هەردوکیـشیان پڕۆتستانتی بوون.

بەڵام بنەماڵەی گیز دەچوونەوە سەر"دۆق لۆرین". شایانی باسـە هـەرێمی لۆرین بەشێك بوو لە ئیمپراتوریای ڕۆمانی پیرۆز. بەڵام میرەکەی مەیلی بەلای فەرەنـسادابوو، پەیوەنـدیی کـرد بـە دەربـاری فرانـسوای یەکـەم‌و تـوانی شاری"متیز" لەئیمپراتورو شـاری "وەکـال"ی لـەئینگلترا بەدەسـتبخات‌و بـە فەرەنساوە گرێی بدات. بەمەش جـەماوەرێکی گـەورەی لـەناو فەرەنـسیەکان بۆخۆی گل دایەوە. "دۆق لۆرین" وەك کاسـۆلیکیەك مایـەوە، براکەیـشی کـە کاردینال بوو، بەناوبانگ بوو بە سەروەت‌و سامان ولوت بەرزی‌و کەشخەیی.

دەسەڵاتی ئەم بنەماڵەیە لەسەردەمی "هنری دووەم" زیادی کرد.ئەمـەش بـەهۆی بەشـداری کردنیـان لـە جەنگـەکان دژی چارلـسی پێنجـەم‌و فیلپـی دووەم، وە هانـدانی پاشـا بـۆ بنبڕکردنـی پرۆتـستانتیەت،لەلایەکی تریـشەوە بەهۆی ئەوەی یەکێ لەنزیکانی خۆیان بـەناوی "مـاری سـتیوات"یـان– دا بـە فرانسوای یەکەمی جێگرەوەی پاشا. بـەڵام باردۆخیـان هـەروا نەچـووەپێش، بـەڵکو بـە مردنـی فرانـسوای یەکـەم لەسـاڵی 1560بارودۆخیـان گـۆڕانی بەسەرداهات.

بەمردنی فرانسوای یەکەم بنەماڵەی "گیـز" ڕووبـەڕوی نەیاریـەکی تونـدو سـەختبوونەوەلەلایەن بنەماڵـەی بۆربـۆنی ڕکەبـەریانو کـاترین "میدتـچی" شاژنی فەرەنسا. تا ئەوەبوو کـاترین "دۆق گیـزی" لەئەنجومـەنی ڕاسـپاردن دەرکرد.

"کـــاترین" لەهەلپـــەی بنەماڵـــەی گیـــزو زیـــادبوونی دەســـەلاتی پرۆتـستانتیەکاندەترسا. لەبەرئـەوە زنجیرەیـەك کوشـتارگە "قـصابخانە"و جەنگی ناوخۆیی نایەوە لەنێوان گەرموگوڕەکانی بنەماڵەی گیـزی کاسۆلیكو بۆربۆنی پرۆتستانتو هەرجارەو لایەنگری لایەنێکی دەگرت، تاوەکو ژمـارەی قەسابخانەکان گەیشتنە هەشت کوشتارگەو لەناویاندا قەسـابخانەی "سـانتی بـــارتلیمۆ" لەهـــەموویان خوێنـــاویو توندوتیـــژتر بـــوو کـــە لـــە 24\ئابی\1572ڕویدا. کۆتایی هەموو کوشتارگەکان پێدانی بەربژاری بوو بە پرۆتستانتیەکان.

کـاترین میدتـچی لەبالادەسـتیو دەسـەلاتی ئـەدمیراڵ کـۆلینی دەترسـا. "کۆلێنی" بەهۆی توانا لەڕادەبەدەرەکەیو کەسایەتیە ڕێزدارکەی بالادەستی بەسەر پاشادا نواندبوو. لەبەرئـەوە کـاترین داوای هاوکـاری لەبنەماڵـەی گیـز کردو کوڕەکەی چارلـسی والێکـرد دەسـتورێك دەربکـات بـۆ تـەفروتوناکردنی پرۆتستانتیەکان. نیـشانەی دەسـپێکردنی کوشـتارەکەش لێـدانی زەنـگ بـوو لەکلێسای پاریس لەکاتژمێر دووی پاش نیـوە شـەوی 24\8\1572. ئیـدی ئـەم شـەوە کوشـتارێك ڕویـدا کـە بەدرێـژایی ئـەو ڕۆژە بـەردەوام بـوو، وە لەهەرێمە جیاجیاکانیش حەوت ڕۆژی خایاندو بەهۆیەوە دەهەزار کەس بوونە قوربانی. ئەم کارە وەحشی گەرانەیە دەستی نەپاراست لەمنـداڵو ژنو پـیرو پەککەوتە. شیاوی باسە ڕابـەری پرۆتـستانتیەتیەکان ئـەدمیڕاڵ کـولینی لـەم

کوشتوکوشتارەدا کوژرا. بەڵام هەموو ئەو دڕندەیی و وەحشی گەریەتیەش نەیتوانی پرۆتستانتیەکان لەناوبەرێ و وڕەیان دابەزێنێ.

لە دەرەنجامی ئەوەدا فەرنسابوو بە دوو بەش، بەشێکیان جەختیان دەکردەوە لەبەردەوامبوونی کوشتارەکان و لەناوبردنی پرۆتستانتیەکان[1]. کە ئەمانە لەبنەماڵەی گیز بوون. بەشەکەی تریشیان کە لەکاسۆلیکە میانڕەوەکان بوون، دژی کوشتارەکان وەستان و دژی بەکارهێنانی چەك و توندو تیژی بوون بۆ مەبەستی ئاینی. بۆ ئەو مەبەستەشپارتێکی سیاسیان دروستکرد بەناوی "پالۆتیك" واتا سیاسیەکان. هەروەها سەرزەنشتی بنەماڵەی گیزیان کرد لەسەر بەکارهێنانی سیاسەتی قبوڵنەکردنی یەکتری و پەنابردن بۆ جەنگی ئاینی بۆ مەبەستی سیاسی.

کاتێك کاروبارەکانی فەرەنسا ڕووەو خراپی ڕۆیشت، ڕۆڵە لاوازەکانی کاترین نەیانتوانی بەسەر کارەکانی دەوڵەت ڕابگەن. ئیدی جەنگێکی ناوخۆیی هەڵگیرسا لەنێوان هەرسێ بنەماڵەی "گیزو، بۆرۆن و، بنەماڵەی پاشایی". ئەم جەنگە ناسرا بە جەنگی سێ هنری، چونکە هەریەکەلە"هنری دۆق گیز، هنری ناڤار سەرۆکی بنەماڵەی بۆرۆن، هنری سێیەم پاشای فەرەنسا" بەژداریان تیاداکرد. ئەم جەنگە تا ساڵی 1589 بەردەوام بوو، کە تیایدا هنری "دۆق گیز" کوژراو "هنری سێیەم"یش-مرد، بەبێ ئەوەی هیچ میراتگرێ بەجێبهێڵێ بۆ تەختەکەی. بەمەش تەختی فەرنسی گوازرایەوە بۆ "هنری ناڤار"ی- سەرۆکی بنەماڵەی بۆربۆن. پاش ئەمە هنری ناڤار

---

[1] Green، op. cit; pp. 247-266

بەناوی هنری چوارەم لەساڵی 1589 هاتە سەر تەختی فەڕەنسی. لەم جەنگەدا فیلپی دووەمی پاشای ئیسپانیا هاوکاری دۆق گیزی کاسۆلیکی دەکردو، ئیلازبێس هاوکاری هنری ناڤارو پرۆتستانتیەکانی دەکرد.

بەهاتنی هنری چوارەم بۆ سەرتەختی فەرمانڕەوایی، ڕۆژگارێکی نوێ دەستی پێکرد. کە ڕۆژگاری مەزن بونی فەرەنسایە لەسەدەی حەڤدەو ئاوابوونی ئەستێرەی ئیسپانیاو پرتوگالە لەئاسمانی ئەورووپا.

بەشی شەشەم

ئەروپا لەسەدەی حەڤدە

ئەوروپا لەسەدەی حەڤدە

ئەوروپا لە دوای ساڵی 1600:-

پاش ئەوەی ئەورووپا نزیکەی سەدەیەك شاهیدی بینینی جەنگی ئاینیو ڕکەبەری سیاسی بوو لەناو یەکتری، وەلێ لە سەرەتای سەدەی حەڤدەو لەگەڵ هاتنی ئەم سەدەیە، ئاشتییەکی ڕێژەیی ئەروپای داگرت. خەڵکیش هیچ چارەسەرێکیان شك نەدەبرد بۆ ئەو کێشانەی کە پێشتر ببوونە هۆی سەرهەڵدانی ئەم جەنگ و ناکۆکیانە. لەبەرئەوە لە چاوەڕوانی داگیرسانی ئاگری جەنگێکی وێرانکار دابوون، کە ئەورووپا هەرگیز جەنگی وەهای بەخۆوە نەدیبێ. ئەوەبوو چاوەڕوانیەکەیان شکاو ئەوەی چاوەڕوانیان دەکرد هاتەدی. کاتێك جەنگی سی ساڵە هەڵگیرسا.

لەفەرنسادا هنری چوارەم هاتە سەرتەختوجەنگی ناوەخۆش لە نێوان کاسۆلیك و پرۆستانت هەر بەردەوام بوو. کۆتایشی پێنەهات، هەتا لە کۆتاییدا بەربژاری تایبەت بەخشرا بە پرۆتستانتیەکان. ئەمەش بەگوێرەی فەرمانی "نانت"ی ساڵی1598. ئیدی لەم کاتەوە ئاشتی ئەم وڵاتەی داگرت. داگیرکاری لەنێوان ئیسپانیاو ئینگلترا کۆتایی پێهات. ئەمەش دوای ساڵێك لە هاتنە سەرتەختی "جیسمی یەکەم" بۆ سەر تەختی ئینگلیز لە ساڵی 1603. ئەم شایە سیاسەتی هێمنی گرتەبەر لەگەڵ ئیسپانیا، کە بە هۆیەوە چینی ناوەڕاست دلگرانوپەست بوون، ئەو چینەی کە لەسەر تالانکردنی داگیرگەکانی ئیسپانیا ڕاهاتبوون. هۆڵنداش لەجەنگەکانی لەگەڵ ئیسپانیادا لە پشتێنەیەکی تەسکدا جەنگەکانی بەڕێوەدەبرد، ئەوەندەش بەئاگربەستێکی دوازدە ساڵانە لەنێوانیاندا کۆتایی پێ هات لەساڵی 1609. وەلێ پێش ئەوەی ئەم ئاگربەستە کاتەکەی کۆتایی پێ بێت، جەنگی سی ساڵە هەڵگیرساو زۆربەی وڵاتانی ئەورووپا بەژداریان تیاداکرد[1].

---

1 COTTSHALK. 1 . EUROPPE AND MODERN WORGD(CHICAGO .1951) V.I.P.P.260_277;298_304;353_360

کۆمەڵگەی ئەوروپا لەسەدەی حەڤدە

سەرەڕای ئەو پێشهاتە سیاسیو ئابوریو ئاینیو شۆڕشگێڕیانەی ڕوویاندا، کە گەشەسەندنێکی مەزنبوون ئەورووپای گرتەوە. بەڵام کۆمەڵگای ئەورووپی بەلای کەمی لەڕوکەشدا تاڕادەیەك هەر بە کۆمەڵگەی سەدەی شازدە دەچوو. پادشاکان سەرۆکی وڵات بوون بێجگە لە هەندێ لە وڵاتە کۆمارییەکان. هەروەها پێگەی پیاوانی ئاییني لە کۆمەڵگادا پێگەیەکی گەورە بوو، هەروەك خانەدانەکانیش لە پۆستە بەرزەکانی دەوڵەتدا کاریان دەکردو لە سەرەوەی چینەکان بوونو بەچاوی سوك سەیری چینی بۆرجوازیان دەکرد. ئەو چیینەی تا ئەو کاتەش هەوڵیان دەدا یەکسان بکرێن لەمافەکاندا. بەڵام زۆرینەی دانیشتوان بریتی بوون لە جوتیارانو هەژار انی فەرامۆشکراوی شارەکان.

دەسەلاتی ڕەهاو مافی خودایی پاشاکان:-

پادشاکان لە فەرمانڕەوایەتیدا پشتیان دەبەست بەتیۆری مافی خودایی. چونکە پادشاکان سەرۆکی دەوڵەت وکلێسا بوون و دەیانتوانی فکرو بیروباوەڕی خەڵك لە وڵاتەکانیاندا ئاڕاستە بکەن. پادشا دامەزراوەو داموو دەزگای دەوڵەتی بەگوێرەی ویستو مەبەستی خۆی دەگونجاند. هەروەها خەڵکی ژێر دەسەڵاتی خۆی ناچار دەکرد ئەو ئاینو ئاینزایە هەڵبژێرن کەخۆی هەڵیبژاردبوو. مەبەستمان لەپادشاکان ئەوانە بوون کە وڵاتەکانیان یەکخستو هەموو ئەو شتانەشیان لەناوبرد کە ببووە هۆی دوبەرەکیو تێکدانی ڕیزەکانی گەل. هاشێوەی بارودۆخی فەڕەنساو ئینگلترا، کاتێك توشی ناکۆکیو دووبەرەکی ناوخۆیی ببون. پروسیا ئەو وڵاتە بوو کە بەهەوڵو تێکۆشانی کۆمەڵێ لەپادشاکانی دامەزرا. ڕوسیاش هەر لە سەدەی حەڤدە پادشایەتی ڕەهای تێدا چەسپی. دروشمی باوو بەربلاوی ناو پادشاکانی ئەورووپا بووبەدروشمی:"یەك پاشا فەرمانڕەوایی دەوڵەتێکی یەکگرتوویی خاوەن یەك یاساو

یەك ئایین‌و یەك بیروباوەڕ دەکات". بەڵام لەگەڵ هەمووئەمانەشدا دەوڵەت دانی دەنا بە دامودەزگاو داب‌و نەریتی ناوچەیی. خانەدانان‌و پیاوانی ئایینی‌و تەنانەت سەندیکاکانیش بەرەنگاری پێ درێژیەکان‌و تێپەڕاندنەکانی پادشاکانیان دەکرد، کاتێك لەسەر حیسابی بەربژاریەکانیان زیادی دەکرد. وەلێ لەگەڵ هەبوونی بەرەنگاری‌و دووبەرەکی‌و جیاوازی ئاینی لە هەندێ لەدەوڵەتەکاندا، بەلأم پادشاکان بەشێوەیەکی گشتی توانیبویان زاڵبن بەسەر بارودۆخی وولأتەکانیان‌و شێوەیەك لە یەکیەتی ئاینی‌و سیاسی لە وولأتدا بەدی بهێنن.

پادشا ببوو بە سەرۆکی کڵێساو هەستا بەجێگیرکردن وسەقام گیرکردنی هێمنی‌و ئاسایش لەولأتەکانیاندا، وە بەهۆی یاریدەرانیان ڕێکیانخست‌و داهاتی دەوڵەتیان بەکاردەهێنا لەسودی ولأت‌و پڕۆسەی داگیرکاری‌و فراوانخوازی[1]

ڕۆڵی سوپا لەسەر چارەنوسی دەوڵەت:-

لە ئەوروپای سەدەی حەقدە سیاسەت و پەیوەندیە دەرەکیەکان لە گرنگترین کارەکانی پاشا بوون. پێگەو گرۆتینی دەوڵەت، پەیوەست بوو بە بەهێزی سوپاکەی لە گۆڕەپانی جەنگدا. جا لەبەرئەمانەو لە پێناوی پارێزگاری کردن لە نیزامی ناوخۆو چەسپاندنی دەسەلأتی پاشایی، دەوڵەت گرنگی زۆری دەدا بە هێزی سەربازی. بەسەربازیکردن لەم کاتەدا بوونی نەبوو، پاشاکان پشتیان دەبەست بەو کەسانەی کە ژیانی خۆیان لەسەربازیدا بەسەردەبردو سەربازی بۆیان ببوو بە پیشەیەك. هەروەها ئەفسەرانی سەربازیش بریتی بوون لەو خانەدانانەی کە خزمەتی سەربازی بۆیان شانازی بوو. جگە لەمە سەربازانی کاسەلێس‌و بەکرێگیراوەکان[2] پێکهێنەرێکی تر بوون

---

1 Ibid.

2 بەکرێ گیراوەکان: پێشتر ئەمەمان روون کردەوە

لە سوپادا. زۆینەی ئەم بەکرێگیراوانە پێکهاتبوون لە سویسریو ئەڵمانیە مەشق دراوەکان کە بە باشترینی سەربازانی ئەوروپا دەژمێردران لەم کاتەدا.

جەنگەکان جۆراوجۆر و بەردەوام بوون و ئاگربەستو ئاشتیەکان ماوەکورت بوون. بەمەش جەنگ ببوو بە بارێکی قورس لەسەر شانی چینی ناوەڕاستو هەژارو خەزێنەی دەوڵەت. پادشاکان بەسەر بارودۆخی ولاتەکانیاندا زاڵ بوون. داهاتی ولاتو هێزی سەربازیان بۆ مەبەستی فراوانکردنی ولاتو قەڵەمڕەوی خۆیان دەخستە گەڕ، ئەمەش لەسەر حسابی ولاتانو میرنشینانی تر تەواو دەبوو. جەنگەکانیش جەنگانێکی بەرفراوان نەبوون وەك جەنگی ئەمڕۆ، لەبەرئەوە زیانەکانیان سنوردار بوو.

دەسەلاتی پیاوانی کۆشك"دەربار"، "بلاگ":ـ

هەرچەندە دەسەلاتی پیاوانی دەربار لە ولاتێکەوە بۆ ولاتێکی تر جیاوازبوو، بەلام دەسەلاتێکی فراوانو گەورەیان هەبوو لە ئەوروپا. زۆرێك لە پۆستو پیشە گرنگەکان تایبەت بوو بە ئەوانو بەخشرابوون لەباجەکانو تەنانەت باجو پیتاکی دەرەبەگایشیان وەردەگرت لەو جوتیارانەی کە لە زەویەکانیاندا کشتوکاڵیان دەکرد. ئەوان وەك پیاوی سەربازی یاخود پیاوی دیبلۆماسی یان وەك کارمەندی تەکنیکی گرنگی زۆریان هەبوو لە دەوڵەتدا. گەنجەکانی ئەم چینە هەر لە بچوکیەوە ڕادەهێنرانو مەشق دەدران بۆ ئەو ئیشو کارانەی لە داهاتودا پێیان دەسپێردرا یا بۆیان دەمایەوە. زۆرێکیان بوونە پارێزەری زانستو هونەرو ئەدەب. بەلام بارودۆخی ئەوان هەروا نەمایەوە، بەڵکو دەسەلاتی سیاسیان بەرەو شکستو لەناوچون ڕۆیشت، ئەمەش بەهۆی بالادەست بوونی پاشاکانو مەزن بونی چینی ناوەڕاست. ئەو چینەی داوای بەشداری کردنی دەکرد لە دەسەلاتی سیاسی.

بەلام خانەدانانی هەرێمەکان هەژاربوون. بارودۆخی ماڵیان بەشێوەیەك نەبوو کە بەهۆیەوە بتوانن دزە بکەنە کۆشكو دەربار. گەورەکانیشان خۆیان کاروباری ناوچەکانیان دەبرد بەڕێوەو قبوڵیان نەبوو ببنە شوێنکەوتەی پادشاو دەرباری پادشا.

ئەمە بارودۆخی خانەدانانی پروسیاو فەرەنساو تەنانەت ئینگلتراش بوو. ئەوانە پارێزگارییان لە پێگەی خۆیان دەکردو جێگەی ڕێزبوونو ڕێزیان لێ دەگیرا لە لایەن دانیشتوانی هەرێمەکان، بەڵام ناوبانگیان کەمتر بوو لە ناوبانگی پیاوانی کۆشك.

گەشەسەندنی چینی بۆرجوازی:-

لە کاتێکدا زەوی و زار هۆکار بوو بۆ سەروەتو سامانو چینی ئەرستۆکراتی پیادەی دەسەڵاتێکی سیاسی بەهێزی دەکرد. لەهەمانکاتدا چینی ناوەڕاست خۆی دەبینیەوە لە بازرگانو خاوەن سامانو خاوەن کارگەو فابریقەکان. ئەمانە خەباتیان دەکرد لەپێناوی دوورخستنەوەی چینی ئەرستۆکرتی و دەستخستنی مافە سیاسیەکانیانو بەشداری کردنیان لە دەسەلات. دەبینین لە ئینگلترادا هەر بۆ ئەم مەبەستە لە نیوەی سەدەی حەڤدە چینی ناوەڕاست شۆڕشێکیان هەڵگیرساندو کۆماری "ئۆلیڤەر کرۆمۆویل"یان– دامەزراند. وەلێ فەرەنسا تا ئەم کاتەش لە ژێر دەسەڵاتی پاشایی ڕەهایی دابوو. هۆکاری پشتبەستنی پاشاکان بە چینی ناوەڕاست دەگەڕێتەوە بۆ ئەوکاتەی کە دەرەبەگایەتی ببوو بە سەرسەختترین دوژمنی پاشاکان، ئەمەش لەکۆتاییەکانی سەدەکانی ناوەڕاستو سەرەتاکانی سەدە نوێیەکان. چینی ناوەڕاست کە بریتی بوون لە بازرگان و سەرمایەدارو خاوەن کارگەو کارخانەکان، دەیانویست ڕزگاریان بێت لە دەرەبەگایەتیو بەربەریەت. لەبەرئەوە بەسەروەتو سامانیان پاشاکانیان دەکردو بوونە هاوپەیمانیان ئەمەش لەپێناوی زاڵ بوونی پاشاو لەناوبردنی دەسەلاتی خانەدانو میرو دەرەبەگەکان. ئەم هاوپەیمانیو دۆستیە لە سەدەی حەڤدە هەربەردەوام بوو، تەنها لە ئینگلیترادا نەبێت، لەوێ چینی ناوەڕاست هەستی کرد ناتوانێ بەرژەوەندییەکانی بپارێزێو گەشەی پێبدا، ئەگەر بێتو بەشداری نەکات لە دەسەلاتو مافە سیاسیەکانی بەدەستنەهێنێو سنورێك دانەنێ بۆ پاشایەتی ڕەها. پاشایەتیەك کە دەستی کردبوو بە دەستدرێژیکردنە سەر مافەکانی چینی ناوەڕاست، ئیدی ئەوەش بووە هۆی دروستبوونی شۆڕشی پەرلەمانو جەنگی ناوخۆیی لە نیوەی سەدەی حەڤدە. بەڵام ئەوە لەئینگلترا ڕویداو لەوێدا بارودۆخ بەم شێوەیە

بوو. ئەگینا لە شوێنەکانی تری کیشوەری ئەورووپا شۆڕشکردن لە دژی پاشایەتی ڕەها بەدرەنگ کەوت تا کۆتیی سەدەی هەژدە، کە تیایدا شۆڕشی فەرەنسی هەڵگیرساو کۆتایی بەسەردەمی کۆن هێنا.

هەرچۆنێك بێت لە سەرەتاکانی سەدە نوێیەکان، پاشاکان دنەی بازرگانی و پیشەسازییان دەداو گرێبەست و بەڵێندەرایەتی بازرگانیان دەبەست لەگەڵ وڵاتانی دەرەوە. هەروەها بەربژاریان دەبەخشیو کۆمپانیای بازرگانیان دادەمەزراندو هەڵدەستان بەسازکردنی پرۆژەی ئابوری بەرمێن بۆ تاکەکانی چینی ناوەڕاست، ئەوانەی کە تواناو هێزی خۆیان سەلماند لە کایەی بازرگانیو پرۆژەی ئابوریدا. لەمەشەوە سەرمایەدارو خاوەن پیشەو وەچەی چینی ناوەڕاست بە شێوەیەکی گشتی ویستو دەسەلاتی پاشایان چەسپاند.

بەلأم ڕۆچونی پاشاکان لە دەسەلأتداریەتی ڕەهاو سەپاندنی باجی قورس بەسەر شانی چینی ناوەڕاستو یەکسان نەکردنی ئەم چینە لەگەڵ چینی ئەرستۆکراتی خاوەن زەویوزارەکان لەڕووی مافو بەربژارییەکان، بوو بەهۆی هەوڵدانی ئەم چینە بۆ دانانی سنورێك بۆ ئەم بارودۆخە، بە تایبەت لەپاش زیادبونی ژمارەی ئەم چینەو زۆربوونی سەروەتو سامانیان لەلایەك، لەلایەکی تریشەوە قەتیس بوونی ڕۆشنبیریو مەعریفەت لەناو ڕۆڵەکانیان. جا هەموو ئەوانە زەمینەی شۆڕشکردنی بۆڕەخساندن. لەبەرئەوە لە ئینگلترا هەستان بەسازدانی شۆڕش لە سەدەی حەڤدە. وە لە فەرەنساش لە کۆتایی سەدەی هەژدەو لە ناوچەکانی ئەورووپاش لە سەدەی نۆزدە شۆڕشەکانیان دەست پێکرد[1].

قورسی باجەکان لەسەر خەڵك بەگشتی:-

قورسی باجەکان کەتبووە سەرشانی جوتیاران، جوتیارانێك کە بەبێ ئەوەی ژیانیان باش بکرێ خەرجی دەوڵەتو دەربارو جەنگەکانیان دەکێشا. جوتیاران سێ لەسەر چواری دانیشتوانی ئەورووپایان پێکدەهێنا.

---

1 Ibid.

لە کاتێکدا زەوی‌و کێڵگەکان تا ئەو کاتەش بەسەرچاوەی سەروەت‌و سامان دادەنرا، قورسایی باجەکان کەوتبووە ئەستۆی جوتیاران، بەهۆی ئەوەی خانەدانان‌و خاوەن زەویەکان لەباج بەخشرابوون. شارە ئەورورپیەکان لە سەدەی حەڤدە قەرەباڵغ نەبوون بەچڕی دانیشتوان، کەم جار وابووە دانیشتوانی شارەکان لە 100000 کەس تێپەڕبووبێ مەگەر پایتەختە گەورەکانی وەك پاریس، لەندەن، لەوە زیاتر بووبن. لە کاتێدا ئەوانیش ژمارەی دانیشتوانیان نەدەگەیشتە نیو ملیۆن کەس. کرێکارانی شاروپیشەوەران نەیاندەتوانی باج بدەن، ئەمانە هەستان بە پێکهێنانی یەکیەتی کرێکاری، کە بەشێوەیەکی سەرەتایی پێکهاتبوو. بەلام هەرگیز لەلایەن حکومەتەکانەوە دانی پیا نەدەهێنرا.

خۆ هەرچەندە بازرگان‌و سەرمایەدارو خاوەن کارەکان بەشی گەورەی باجەکانیان دەدا. بەلام بەهۆی ئەوەی ئەوان ژمارەیان کەم بوو باجی قورس دەکەوتە ئەستۆی جوتیاران.

نەبوونی هێزی گەل بۆ گۆڕانکاری:.

زۆر بەکەمی خاوەن دەسەلات‌و سیاسەتوانان گرنگیان دەدا بە ڕای گشتی‌و هێزی جەماوەر. خۆ وەنەبێ جەماوەریش لە وێنەی هێزێکی شۆڕشدا بووبن، بەڵکو ئەمانیش بەوبەشە ڕازی بوون کە لەژیانیاندا بەشیان بوو. ئەمەش بەهۆی ئەوەی باوەڕیان وابوو ویستی خودا وایەو هەر چینەو ڕۆڵی خۆی لەژیاندا بۆ براوەتەوە، بەشی خانەدانان ئیدارەو سیاسەتەو بەشی جوتیارانیش کێلانی زەوی‌و زارە. لەتوانای پاشاکاندا بوو کە بەسەر جەماوەردا دەست ڕۆیشتوبن‌و ئیدارەیان بکەن بەشێوەیەکی کاراو گوێڕیەڵیان دەستەبەر بکەن بۆ خۆیان. وە هەرچەندە کێشەکانیان ڕوون‌و دیاربوو، بەلام ئەم کێشانە نەدەبوونە مەترسی بەسەر سیستەمی دەسەلات. کەم وابووە جوتیاران شۆڕشبکەن، ئەو شۆڕشانەیشی کە ئەنجامیان دەدا، کێشەیەکی بچوك‌و ئاسان بوو

بەخێرایی سەرکوت دەکرا. سەرکردەکانی بزوتنەوە فیکریەکانیش لە چینی ناوەڕاست دابوون‌و کەمێکیان لە چینی ئەرستۆکراتی بوون.

کاتێکیش هۆشیاری سیاسی‌و فکری بەشێوەیەك لەشێوەکان لەناو جوتیاران لەئارادا نەبوو، ئەوان گرنگیان نەدەدا بە تەیاری سیاسی‌و فکری‌و ئاینی باوی ئەوروپا. هەروەك بە هیچ جولانەوەیەکی کاریگەر هەڵنەدەستان کە ببێتە هۆی باشکردنی بارودۆخی ژیانیان، یاخود ببێتە هۆی ئەوەی بیانکاتە خاوەن زەوی. ژیانی جوتیاران سادەو ساکار بوو، شێوازی سەرەتایان بەکاردەهێنا لە کشتوکاڵدا، جگە لە هەندێ ناوچەکانی ئەوروپا کە لەم قاعیدەیە لایاندا. بۆ نمونە لە ئینگلترا گەشەپێدانی سەرمایەداری و بازرگانی خوری بەرمێن و پڕقازانج، کاریگەری گەورەی هەبوو لەسەر لەناوبردن‌و نەهێشتنی دەرەبەگی‌و پەیدابوونی پڕۆسەی پەرژین بۆ سازکردنی لەوەڕگە بۆ بەخێوکردنی مەڕومالآت. ئیدی جوتیاران یا بوون بە کرێکاری کشتوکاڵ، کە بەکرێ کاریان دەکرد، یا بوونە شوان‌و چاودێری مەڕو مالآت. بەشێکیشیان کۆچیان کرد بۆ شارەکان بۆ ئەوەی لەژێر سیستەمی کەرتی تایبەت یاخود لە کارگەیەکی بچوك سەرقاڵ بن‌و دەست بەکاربکەن.

بە تێپەڕینی ڕۆژگار دەوڵەمەندو خاوەن سەرمایەکان توانیان زەوی هاوسێکانیان لە خاوەن زەویەکان بکڕن‌و پاشان بەیەکیانەوە گرێ بدەن‌و بیانخەنە پاڵ یەك، بەمەبەستی ئەوەی بیانکەن بەکێڵگەیەکی گەورە. جا هەر ئەم پڕۆسەیە کە دەوڵەمەندو خاوەن سەرمایەکان دەستیان پێکردبوو وایکرد ئینگلترا بە کێڵگەی فراوانەکانی ناوبانگ دەربکات.

بەلآم لە ئەوروپای خۆرهەلآت ڕەوشەکە بەم شێوەیە نەبوو، بەڵکو بارودۆخی جوتیاران تێکچوو، ئەمەش بەهۆی فراوانکردنی کێڵگە گەورەکان و پابەندکردنی جوتیاران بە زەویەکانیان. ئەم بارودۆخەش تاوەکو سەدەی نۆزدەو بیست هەربەردەوام بوو.

فراوان بونی (کەلەبەر) نێوانی دەوڵەمەندو هەژار:-

نێوانی چینی ئەرستۆکراتی و چینەنزمەکان لە کۆمەڵگەدا فراوانی تێکەوت. خاوەن سامانەکان لە سەدەکانی ناوەڕاستدا لە دێهاتو لادێکان لەگەڵ جوتیاراندا ژیانیان بەسەر دەبردو بەشداریان لەگەڵ دەکردن لە شێوازی ژیان. بەڵام دواتر ئەمە گۆڕانی بەسەرداهات. ئەمجارە ئەوان لە شارەکان نیشتەجێ بوونو لە ژیانی شارنشینی بەهرەمەند بوونو دەستبلاویو زیادەڕۆییان دەکرد لە خواردنو پۆشاکو چێژو خۆشیەکان، بەشێوەیەك کە پێشینەو باوك وپیرانیان لەلادێکاندا پێشتر خەونیشیان پێیەوە نەدیبوو. وەلێ بۆ هەژاران هیچکات بوار نەدەڕەخسا بۆ گەیشتنیان بەم چینە، لەبەرئەوە لە سەریان پێویست بوو دەستگرن بەو پێگە کۆمەلایەتیەی کە هەیانبوو. دەوڵەمەندو خاوەن سامانەکانی چینی ناوەڕاستیش بەهۆی سەروەتو سامانیان توانیان بەربەستو لەمپەرەکان بشکێننو ژنو ژنخوازی لەگەڵ چینی ئەرستۆکراتی ئەنجام بدەنو خۆیان بخزێننە ناو ڕیزەکانیان. هەروەها ڕۆڵەکانی چینی ناوەڕاست، ئەو ڕۆڵەو زارۆکانەی کە پشکی گەورەیان هەبوو لە مەعریفە، توانیان پۆستە بەرزەکانی دەوڵەت بخەنە دەستی خۆیانو درزەبکەنە نێو ڕیزی چینە بەرزەکان.

لەگەڵ هەبوونی ئەم نێوانە فراوانە لە نێوان چینەکانی کۆمەڵگە، بەلام لە دیدی خەڵکیدا ئەمە بەئاسای سەیر دەکرا. سەروەتو سامان مەگەر بەدەگمەن ئەگینا نەدەبووە هۆی گۆڕانکاری، بەڵکو بەهۆیەوە هەندێ ماف بە دەستدەخراو نزیکتر دەبوونەوە لەچینی سەروتر. گۆڕانی کۆمەلایەتی سستو خاو بوو، منداڵ لەسەر پیشەی باوکی دەڕۆیشتو خۆی لەسەر ڕادەهێناو مەشقی تیادا دەکرد بەبێ ئەوەی هیچ گۆڕانێکی ڕواڵەتی لەشێوازەکانی ژیانو گوزەران ئەنجام بدات. جیلی تازە پاشکۆی جیلی پێشوتری بوو، جیلی نوێ لە هەموو لایەنەکانی خوو نەریتو شێوەی گوزەران بەتەواوی لە جیلی پێش خۆی دەچوو. تەیارە شۆڕشگێڕیەکان زیاتر سیاسیو هزری بوون، وەك لەوەی کۆمەلایەتیو ئابووری بن. ئەم تەیارو تەوژمانە نەدەبوونە

ڕێگر لـە بەربـژاری خانـەدانانو پاشـاکان، هـەروەك نەدەبوونـە هـۆی وەرگرتنـی مـافی چینی گشتی لە پۆستە حکومیەکانداو دابەشکردنی سـەروەتو سـامان لـەناو خەڵکیـدا بەشێوەیەکی یەکسان. بزوتنـەوەی بانگەشـەی یەکسانی "الیڤر" لـە ئینگلترا کـە لـە نیوەی سەدەی حەڤدە سازکرا، زیاتر وەك بزوتنەوەیەکی پەرگیرو توندڕەو گوزارشتی لێکراو کەمێك لـە خـەڵکی نـەبێ، پـشتگیریان لێنـەکرد. لەسـەر ئـەورووپا پێویـست بـوو سـەدەیەکی تـر چـاوەڕوان بێـت بـۆ دروسـتبوونی گۆڕانـە سیاسـیو کۆمەلایـەتیو ئابووریەکان.

ئیمپراتۆریەتی ڕۆمانی پیرۆزو جەنگی سی ساڵە

بنەماڵەی هبسبرگی نەمساوی بەردەوام بوو لە فەرمانڕەوایی کردنـی بەسـەر موڵكو خاکە میراتیەکانی خـۆی لـە نەمـسا، بۆهیمیـاو هـەنگاریا، سـەرەڕای هەڵبـژاردنیان بـە ئیمپراتـۆری ئیمپراتۆریـای ڕۆمـانی پـیرۆز. لەسـاڵی 1558 فردینانـدی یەکـەم بـرای چارلسی پێنجەم جێگـەی چارلـسی گرتـەوە. سـاکاتێکیش فردینانـد لـە سـاڵی 1564 دونیای جێهێشت، ماکسیملیانی دووەمـی کـوڕی هەڵبـژێردرا بـە ئیمپراتـۆر. بـەلاَم ئـەم ئیمپراتۆریایە لە کۆتاییەکانی ڕۆژگاری چارلسی پێنجەم هێزو شکۆمەندی لـە دەسـتدا. ئەمەش بەهۆی بایەخدانی چارلس بە ئیـسپانیا، ئـەو ئیـسپانیایەی خـاوەن سـوپایەکی بەهێز بوو، کە بەهێزی خۆی لـە جەنگـەکانی چارلـسدا سـەلماند، وە داهـاتی سـالآنەی موڵکەکانی ئیسپانیا یاریدەی بـەردەوام بـوونی ئـەم جەنگانـەی دەدا. فیلیـپی دووەمـی پاشای ئیسپانیا لەباوکیەوە "چارلس"هێزو سەرەوتو سامانی بـە مـیرات گـرت. بێجگـە لە فردیناندی مامی کە ئەمیش ئیمپراتۆریەتی بـۆ بـەجێما. لەملاشـەوە دایتـی ئـەڵمانی بەرەبـەر سـەرجەم دەسـەلاَتەکانی لەدەسـتدا، ئەمـەش لـەدوای سـەردەمی چـارلسو براکەی فردیناند. ئیتر دایت وای لێهات تەنها بۆ دەنگدان لەسەر باج کۆدەبویەوە[1].

1 Pennington، D.H. 17th Euorope(rondon 1974).

ئیمپراتۆر ڕۆدۆلف"1576-1612" کوڕی فردیناند، شاری "پراگ"ی لە بۆهیمیا کردە پایتەخت، بە مەبەستی خۆبەدورگرتنی لە پیلانگێڕیەکانی براکەی "ماسیۆز" 1612-1619. شیاوی باسە "ماسیوز" دەستیگرت بوو بەسەر موڵکەکانی بنەماڵەی هبسبرگ لە ڤیننا. لە سەردەمی جوتە براکە"ڕۆدۆلف-ماسیۆز" بارودۆخی ئیمپراتۆری ڕۆمانی پیرۆز توشی پەشێویو ئاژاوە بوو لە ڕووی سیاسیو ئابووریو ئاینی کە دواتر سەری کێشا بۆ جەنگی ناخۆیو دواتریش لایەنە بیانیەکان چوونە نێوی. لە ڕاستیدا ئاشتەوایی "ئۆکسبرگ" لە ساڵی 1555 ئومێدی ئەوەی لێدەکرا کە کێشە ئاینیەکان بە کاتی لەناو ئیمپراتۆریەتی ڕۆمانی پیرۆز چارەسەربکات. وەلێ ئەم ئاشتەواییە لەم بوارەدا شکستی هێنا، ئەمەش بەهۆی:-

1. بەردەوام بوونی میرە پرۆتستانتیەکان لە دەستبەسەرداگراتنی زەویەکانی کڵێسا لەلایەك، لەلایەکی تریشەوە پیاوانی ئاینی کاسۆلیك داهاتو سامانی کڵێسایان بۆ خۆیان هەڵدەگرت. ئەمەش پێچەوانەی ئاشتەوایی ئۆکسبرگ بوو.

2. ڕێککەوتننامەی ئۆکسبرگ دانی هێنا بە لۆسەریزمو کاسۆلیکیەت، ئەمە لەکاتێکدا کالڤنیزمیش لەباشورو ناوەڕاستی ئەڵمانیاو بۆهیمیا سەری هەڵدا بوو. جا ئەمانیش داوایان دەکرد کالڤنیزم لە مافدا یەکسان بێت بە لۆسەریزمو کاسۆلیکیەتو بەیەك چاو سەیر بکرێنو بە فەرمی دان بهێنرێ بە کڵێسای کالڤنی.

جا بۆ چاوگێڕانەوە بە ڕێکەوتننامەی ئۆکسبرگو بە دەستهێنانی بەربژاری زیاتر لە ئیمپراتۆری کاسۆلیکی ڕۆدۆلف، میرە پرۆتستانتەکانی ئەڵمانیا بەسەرکردایەتی "فردریك"ی هەڵبژێردراوی ویلایەتی "پلانتیات لەسەر ڕاین"، لە ساڵی 1608 یەکیەتیەکیان پێکهێنا. لە بەرامبەر ئەمانیشدا میرە کاسۆلیکەکانی ئەڵمانیا بۆ بەرەنگاربوونەوەی پرۆتستانتیەتو ڕێگەگرتنو پێشگری کردنیان لە دەست بەسەرداگرتنی موڵکی کڵێسای کاسۆلیکی، هەروەها بۆ گێڕانەوەی ئەو زەویوزارانەی کە کڵێسای کاسۆلیکی لە دەستی چوبوو، بەسەرکردایەتی "ماکسیمیلیان"ی میری

"پاڤاریا" یەکتریانگرتو جۆرە یەکیەتیەکان بەدیهێنا، ئەمەش بۆ دروستکردنی کۆمەڵەی کاسۆلیکی لەساڵی 1609. بەم شێوەیە ئەڵمانیا دابەش بوو بۆ دوو سەربازگەی دژ بەیەکو دوو بەرەی جەنگ خواز، کە هۆشداری دەدایە ئیمپراتۆری ڕۆمانی پیرۆز بە جەنگێکی ناوخۆیی وێرانکارو کاولکار.

بێ گومان کۆمەڵەی کاسۆلیکی پشتیوانی ئیمپراتۆری کاسۆلیکی دەکرد لە دژی یەکیەتی پرۆتسانتی، بەلاّم بەهیچ شێوەکیش میرە کاسۆلیکیەکان ئارەزویان نەدەکردو نەیاندەویست ئیمپراتۆر بەهێز بێت لەسەرحسابی خۆیان، بەڵکو دەیانویست سەربەخۆیی خۆیانو بەرژەوەندیەکانیان بپارێزن لەپێ درێژیەکانی ئیمپراتۆر. ئارەزوی میرە پرۆتستانتەکانیش لەمە کەمتر نەبوو. وە نەبێ ئیمپراتۆریش لەمە بێ ئاگا بێت، بەڵکو ئیمپراتۆریش ئەمەی باش دەزانی. دەیزانی لە دەرەنجامی جەنگدا دەسەلاّتی ئیمپراتۆر وردە وردە لەناو دەچێو کەم دەبێتەوە، وەلێ نەیدەتوانی پێشگری بکاتو ڕێگە لەڕوودانی بگرێ. بەم شێوەیە هۆکارە سیاسیو ئابووریو ئاینیەکان کۆمەکی یەکتریان کردو بەیەکەوە بوونە سوتەمەنی بۆ هەڵگیرسانو خۆشکردنی ئاگری جەنگی سی ساڵە.

شۆڕشی بۆهیمیا:-

ئیمپراتۆر ماسیوز"1612-1619" هیچ کوڕێکی نەبوو جێگەی بگرێتەوە، بۆیە کوڕی مامی خۆی"فردیناند"ی کاندید کرد بۆ ئەوەی جێگەی بگرێتەوە. کاتێ فردیناند ژیانی خۆی تەرخان کرد بۆ کاسۆلیکیو دەسەلاّتی ڕەها، لە هەریەکە لەنەمساو هەنگاریاو بۆهیمیا بە تایبەتی نەیارانی زۆر بوونو دژایەتی هەڵبژاردنی ئەویان کرد. میرە کالڤنیەکانی چیك لە بۆهیمیا دەترسان لەوەی ئیمپراتۆری کاسۆلیك قەدەغەی پیادەکردنی دروشمی ئاینزاکەیان بکاتو بەربژاریەکانیان ڕەت کاتەوەو دەست بەسەر موڵكو سامانیان دابگرێ. هەربۆیە کۆمەڵێك لەوانە هێرشیان کردە سەر دائیرەیەکی

فەرمانبەرانی ئیمپراتۆر لە 23\مایسی\1618ئەوەی تیایدا بوو دەستگیریان کردو لەپەنجەرەی یەکێ لە ژورەکان فڕێیاندانە ناو ئەو کەناڵەی کە دەوری ئەو قەڵایەی دابوو کە دائیرەکەی تیادا بوو. شیاوی باسە ئەمانە لە بەرزی شەست پێ وە فڕێدرانە خوارەوە. شۆڕشگێڕان لادانی ئیمپراتۆریان ڕاگەیاندو فردریك یان لەسەر بۆهیمیا کردە پاشا. فردریك هەڵبژێردراوی پلاتینات بوو. فردریکیش تاجی پاشایی لە"پراگ" وەرگرتو ئامادەیشی نیشاندا بۆ پارێزگاری کردن لە نازناوی پاشایی.

لەهەمانکاتدا ئیمپراتۆر "ماسیوز" کۆچی دوایی کرد. دوای ئەویش فردیناند هەڵبژێردرا بە ئیمپراتۆر بەناوی "فردیناندی دووەم" 1619-1637. ئیمپراتۆری نوێ ڕێوشوێنی خێرای گرتەبەر بۆ دەرپەڕاندنی "فردریك" لە بۆهیمیا، هەر بۆ ئەم مەبەستەش لەگەڵ پاشای ئیسپانی "فیلپی سێیەم" ڕێککەوت لەسەر ئەوەی کە "فیلپ" سوپا بنێرێ بۆ دەستگرتنی بەسەر پلانتینات. هەروەها سوپای نەمساو کۆمەڵەی کاسۆلیکی بە سەرکردایەتی سەرکردەی ئیمپراتۆری "تیلی"بەرەو بۆهیمیا بەڕێ بکەوێت. "فردریك" پێشبینی دەکرد لەلایەن زاواکەی "جیمسی یەکەم"ی پاشای ئینگلتراوە هاوکاری بکرێت، هەروەك پێشبینی هاوکاریشی دەکرد لەلایەن میرە لۆسەریەکانی باکوری ئەڵمانیا. بەڵام لە هەردوو بارەکەدا پێشبینەکەی ڕاست دەرنەچوو. چونکە جیمسی یەکەم سەرقاڵ بوو بە ململانێی لەگەڵ پەرلەمانی ئینگلیزیو حەزی لە دژایەتی کردنی ئیسپانیا نەدەکرد، هەر بۆیە بەچەند ئامۆژگاریەکی پوچەڵ وازی لێهێنان. ئەمە لە کاتێکدا گەلی ئینگلیزی سور بوو لەسەر هاوکاری کردنی فردریك و پشتگیری کردن لەپرسی پرۆتستانتیزم. میرە لۆسەریەکانیش بە گوتەو ئامۆژگاریەکانی "جۆن جۆرج" ی میری سەکسۆنیایان کرد، بەوەی کەبێ لایەن بن لەم نێوانە، بەو هیوایەی بەربژاری زیاتر وەچنگ بخەن لەئیمپراتۆر.

"تیلـی" سـەرکردەی ئیمپراتـۆری لەجـەنگی "گـردی سـپی" لـە بۆهیمیـا لەساڵی1520سەرکەوتنی بەدەستهێنا بەسەر هێزەکانی پرۆتستانتی. "فردریك"ی ناسـراو بـە"پاشـای زسـتان"، تێکشکاو وڵاتەکـەی خرایـەوە جـوغزی ئیمپراتۆریـەتی ڕۆمـانی پـیرۆز لـەژێر سـایەی ئیمپراتـۆر فردینانـدی دووەم. بەشـێکی زۆریـش لـە خانـەدانانی چـیك ژیـانو زەویـەکانیان لەدەسـتدا، لێـرەوە پیـادەکردنی دروشمـە پرۆتستانتیەکان لە بۆهیمیـا قەدەغـە کـرا. سـوپای ئیسـپانیش تـوانی دەسـت بەسـەر ویلایـەتی پلاتینیـات دا بگـرێو بیخاتـە سـەر هـەرێمی پاڤاریـا کـە لـە ژێردەسـتی "ماکسیمیلیان" دابوو. "فردریك"یش سەرجەم موڵکەکانی ئەوێی لەدەست چوو. بەم شێوەیە گەڕی یەکەمی جەنگ لە بەرژەوەندی ئیمپراتۆری کاسۆلیکی کۆتـایی پێهـاتو دانیشتوانی پلاتینیات لەسەر ڕوباری ڕاین ناچار کران کاسۆلیکی پەسەند بکـەن، پـاش ئەوەی ببوون بە کالڤنی. هـەروەك ئیسپانیاش وای لێهـات ڕۆڵـی سـەرەکی بگێـڕێ لـە ئەورووپا لە نێوان ساڵانی 1621-1625[1].

نوێ بوونەوەی جەنگ لەنێوان ئیسپانیاو هۆڵندا:-

فیلپی سێیەم کۆچـی دوایـی کـردو کوڕەکـەی فیلپـی چـوارەم چـووە سـەر تـەختی ئیـسپانیو جێگـەی بـاوکی گرتـەوە. پـێش ئـەوەی مەسـتیو دڵخۆشـی سـەرکەوتنی ئیسپانیا بەسەر پلاتینیات کۆتایی بێـت، فیلپـی چـوارەم بڕایریـدا جـارێکی تـر هۆڵنـدا داگیربکاتـەوە. بـۆ ئەمـەش دەیویـست سـود ببینـی لـە هـەبوونی سـوپای ئیـسپانیا لـەپلاتنیات، هـەروەها ئـاگر بەسـتیش کـە ڕاگەیـەنرا بـوو ماوەکـەی دوازدە سـاڵ بـوو لەساڵی 1621 کۆتایی پێدەهات. واتا سودی لەکۆتایی هاتنی ئـاگر بەسـتو هـەبوونی سوپای ئیسپانی لەپلانتیات دەبینی.

1 Ibid; pp. 282-288.

هۆڵندا هاوکاری لە هەریەکە لەئینگلتراو فەرەنساوە وەچنگ کەوت، هەروەها شالاّویکیان لە دژی بەرازیل دەست پێکرد، بەلاّم شالاّوەکە شکستی هێنا. لەملاشەوە ئینگلیزەکان لەساڵی1625 شالاّوێکیا بەرەو بەندەری قادسی ئیسپانی وەرێخست، وەلێ ئەم شالاّوەش بەرپەرچ درایەوە وشکستی هێنا. لە هەمان ساڵدا ئیسپانیا توانی دەستبەسەر شاری "بریدا"ی-هۆڵندا دا بگرێ. ئەمەش دوای گەمارۆ دانێکی دووردرێژ لەهەمبەر ئەم شارە. ئەم سەرکەوتنە ئیسپانیەکانی دڵخۆش کرد، ئەوەبوو هونەرمەندی ئیسپانی "فیلاسکویز" بەلەوحەیەکی هونەریجوان نەمری بەم سەرکەوتنە بەخشی.

سەرکەوتنی ئیمپرتۆری کاسۆلیکیو ئیسپانیا، کاری کردە سەر میرە پرۆتستانتەکانی ئەڵمانیاو راپچڵەکاندنو ترسی خستە دڵیانەوە. لەگەڵ ئەوەی میر لۆسەریەکان نیگەران بوون لە هەڵەشەیی فردریکی لاو لە بۆهیمیا، کە هەڵدەستا بەکاری دزیو ڕاوو ڕووتو سوتاندنی دێهاتەکان شان بەشانی پاشماوەی سەربازەکانی، بەلاّم هەرچۆنێك بێت بەلای دا وەرچەرخان، بەهۆی ترسانیان لە فراوانخوازیەکانی پاقاریای کاسۆلیکیو بە هێزبوونی ئیمپراتۆریەتی ڕۆمانیو ئیسپانیا، لە دوای ئەو سەرکەوتنانەی کە بەدەستیان هێنا لە هەریەکە لە هۆڵنداو پلانتیناتو بۆهیمیا. هەرچەندە میرە لۆسەریەکان کاتی خۆی چاوەڕوانی وەرگرتنی بەربژاری بوون لە ئیمپرتۆر، بەلاّم بەپێچەوانەوە بەهۆی بەردەوام بوونی فردریك لە کارە چەوتەکانی، ئیمپراتۆر بەخشینی هەرجۆرە بەربژاریەکی بەمیرە لۆسەریەکان ڕەت کردەوە.

خزینی دانیمارك بۆ ناو جەنگی سی ساڵە :1625-1629:-

لەکاتێکدا میرە پرۆتستانتیەکان واق ورماو مابوون لە هەمبەر دەربڕینی هەڵوێستیان لە نێوان گوێرپەڵی کردن بۆ ئیمپراتۆریان سازکردنی شۆڕش لە دژیدا. "کریستنی چوارەم" خۆی خزاندە نێوجەنگ، ئیدی ئەڵمانیاش وەك گەڕی دووەم چوویە نێوجەنگ کە ناسرا بەگەڕی دانیمارکی. کریستنی چوارەم لە ساڵی"1588-

1648" پیاوێکی بە جۆش وخرۆش‌و بەرزەفڕبوو. کاتێك میر بوو بەسەر هۆڵشتاین وەك ئەندامێك بەشداری دەکرد لە "دایت"ی ئیمپڕاتۆریەتی ڕۆمانی پیرۆزو تێیدا دژایەتی بنەماڵەی "هبسبرگ"ی دەکرد. کاتێکیش بووبە پاشا بەسەر دانیمارك‌و نەرویج، ویستی قەڵمڕەوی خۆی فراوان بکات‌و باڵادەست بێت بەسەر کەنارەکانی دەریای باکور. وە وەك کەسێکی باوەڕدار بەلۆسەریزم ویستی هاوکاری لۆسەریەکانی ئەڵمانیا بکات‌و ئەو زەویانە بگێڕێتەوە کە پرۆتستانتیەکان لەدەستیان چووبوو.

لە ساڵی 1625 بەمەبەستی هاوکاری کردنی سوپای پرۆتستانتی لۆسەری کالڤنی، سوپای دانیمارکی هێرشی کردە سەر ئەڵمانیا. لەملاشەوە ئینگلتڕا هاوکاری ماددی خۆی پێشکەشی پرۆتستانتیەکان کرد لە جەنگەکانیاندا لە دژی ئیمپڕاتۆری کاسۆلیکی.

خۆ ئەگەر هاتباو "وڵشتاین"ی سەرکەش‌و ئازا سەری هەڵنەدابا کە دەیویست پارێزگاری بکات لەئیمپڕاتۆرو کاسۆلیکیزم، ئەوا سەرکردەی ئیمپڕاتۆری "تیلی" نەیدەتوانی ڕووبەڕووی سوپای پرۆتستانتی ڕابوەستێ. "ولشتاین" دوای ئەوەی دەستیگرت بەسەر موڵکی خانەدانەکان لە بۆهیمیا، سامانێکی زۆری وەچنگ کەوت. ئینجا داوای لە ئیمپراتور کرد کە ڕێگەبدات بە دامەزراندنی سوپایەکی سەربەخۆ کە بەهۆیەوە بتوانێ هێمنی‌و ئاسایش بگێڕێتەوە بۆ ئیمپراتوریەت‌و دانیمارکیەکانیش دەربەڕێنێ. "ولشتاین" بەهۆی سوپای گەورەو زۆرو زەوەند کە ژمارەیان پەنجا هەزار سەرباز دەبوو، توانی ترس‌و دڵەڕاوکێ بخاتە گشت ناوچەکانی ئەڵمانیا. شیاوی باسە ئەم سوپایە پێکهاتبوو لەو بەکرێگیراوانەی کەلەسەر ڕاوو ڕووت دەژیان‌و بەبێ ڕەچاوکردنی گەل‌و هۆزو جیاوازی ئایینزا"پرۆتستانت،کاسۆلیك" کۆمەڵ ببوون لەسەر گوێرپەڵی تەواو بۆ سەرکردە.

لەو تێکهەڵچونەی کەلە"لۆتەر"ی باکوری ئەڵمانیا ڕوویدا لە ساڵی 1626، سوپای دانیمارکی لە بەرامبەر سوپای هاوبەشی هەردوو سەرکردە "تیلی‌و، وڵشتاین"

تێکشکاو ویلایەتە ئەڵمانیە لۆسەرییەکانیش کەوتنەژێر ڕکێفی دلۆڤان"رەحمەت"ی کۆمەڵەی کاسۆلیکی. میری براندنبرگ پشتیوانی ئیمپراتۆری کرد لە دژی هاتنە ناوەوەی سوپای دانیمارك بۆناو ئەڵمانیا. لە ڕاستیدا لە دەستچوونی هێزی دەریایی هۆکارێك بوو بۆ نەهێشتنی داگیرکاری دانیمارکی لە بەرامبەر سوپای ئیمپراتوریدا. ترسان لە هاتنە ناوەوەی سوپای سوید بۆ ناو جەنگو بێ هیوابوونی خودی پاشای دانیمارك لە سەرکەوتن، بوو بەهۆی ئەوەی ئاشتەوایی"لوپیك" ببەسترێ لەنێوان ئیمپراتورو دانیمارك لەساڵی1629. کە بەگوێرەی ئەم ئاشتەواییە پاشای دانیمارکی توانی هەرێمی "شلزویك وهۆڵشتاینو جیتلەند" لەدەستی خۆی بهێڵێتەوە، بەلام لەئەڵمانیا دەرپەڕێنرا[1].

فەرمان(مەرسوم)ی گێڕانەوە 1629 :-

کۆمەڵەی کاسۆلیکی فشاری خستەسەر ئیمپراتۆرو ناچاری کرد فەرمانێك دەربکات بەمەبەستی گێڕانەوەی ئەو زەوییانەی کەپرۆتستانتیەکان دەستیان بەسەرداگرتبوو. ئەم دەست بەسەرداگرتنەش پێچەوانەی بەندەکانی پەیمانی ئۆکسبرگی ساڵی 1555بوو. ئەم کۆمەڵەیەی کە ئیمپراتور ڕێکیخست هەموویان کاسۆلیکی بوونو هەستان بەجێبەجێ کردنی ئەو فەرمانە. وە لە ماوەی سێ ساڵدا توانیان پێنج ئوسقوف وسێ شار لە شارەکانی کۆمەڵەی هنسی پێشوو لەگەڵ سەد دێرو ژمارەیەکی زۆر ئەبریشیات بگێڕنەوە.

پیشتر تورەیی ئیمپراتورو هەرجۆرە هێرشێکی لۆسەرییەکانی نەدەگرتەوە، بەلام فەرمانی گێڕانەوە لۆسەریەکانی ترساندو لە تۆڵەی کۆمەڵەی کاسۆلیکی زراوی بردن، هەربۆیە پەنایان بردە بەر سوید کە بەهێزترین دەوڵەتی پرۆتستانتی ئەورووپابوو. بەلام

1 Ibid; pp. 289-291

ئیمپراتور نەیدەتوانی خۆی ئامادەکات بۆ بەرەنگاریو ڕووبەڕوبونەوەی شالاَوێکی بیانی تازە بەهۆی لاوازبوونی سوپاکەی . شیاوی باسە دوای لادانی "وڵشتایین" لە سەرداریەتی سوپا لەساڵی1630، سوپاکەی لاوازبوو. ئیمپڕاتۆر لەسەر داوای کۆمەڵەی کاسۆلیکی "وڵشتاین"ی-لادا لەسەرداریەتی سوپا، کاتێك ناڕەزاییان دەربڕی لە کاری تێکدەرانەی سەربازەکانی ئەم سوپایە.

سوید دەچێتە ناو جەنگی سی ساڵە 1630-1635:-

گەڕی سێیەمی جەنگی سی ساڵە بەچوونە ناوەوەی سوید بۆناو ئەم جەنگە دەستی پێکرد، لە ساڵی 1630. "گوستاف ئەدولف" 1611-1632 نەوەی گوستاف ڤازا، لەسەر لەسوید دەسەلاَتدار بوو لۆسەریزمی کردە کلێسای ڕەسمی ولاَتەکەی. گوستاف ئەدۆلف پیاوێکی سەرنجڕاکێش بووخاوەنناوبانگو ڕۆشنبیرییەکی بەرز بوو، ئەو جگە لەوەی حەوت زمانی دەزانی ئارەزوی لەشیعرو مۆسیقاش دەکرد. لەپاڵ ئەوانەشدا کەسێکی بەرزخوازو چالاکو دلێر بوو. "ئەدۆلف" لەخەونی پێکهێنانی دەوڵەتێکی سویدی گەورەدا بوو، بەشێوەیەك بتوانێت زاڵ بێت بەسەر باکوری ئەوروپا. جا وەنەبێ هەر لە خەونی ئەوەدا بوبێو تەواو، بەڵکو کاریشی دەکرد بۆ وەدیهێنانی ئەم خەونە. ئەدۆلف توانی دەریای بەڵتیق بکاتە دەریایەکی سویدی، ئەمەش بەهۆی دەستگرتنی بەسەر فنلنداو ئیستوانیا. هەروەها لەوملمڵانێیەشی کەلەنێوان سویدو پۆڵندا دروست بوو لە ساڵی1621-1629،سوید "لیۆڤینیا"و ڕێژگەی ڕووباری "ڤیستۆلای" کەوتە ژێرچنگ. هەروەك بەپەیمانبەستنی لەگەڵ ڕوسیا، ڕوسیا وازی لە هەنگیریا هێنا بۆ سوید. شیاوی باسە بەهۆی زاڵ بوونی بەسەر لیۆڤینیاو ڕێژگەی ڕووباری ڤیستۆلا، سوید کەنارەکانی خۆرهەلاَتو باکوری دەریای بەڵتیقی چنگ کەوت. لەدوای ئەمانەوە چاوتێبڕینەکانی ڕووەو کەنارەکانی باکور لەئەڵمانیا وەرچەرخا، ئەمەش لەکاتێکدا بوو کە ئیمپراتۆر فەرمانی گێڕانەوەو دەستگرتنەوەی بەسەر

موڵکەکانی کڵێسای پڕۆتستانتی لە ئەڵمانیا دەرکرد. واتا: "ئیمپراتۆر فرمانی دەستگرتنیدا بەسەر موڵکەکانی کڵێسای پڕۆتستانتی لە ئەڵمانیا". لەهەمانکاتیشدا کاردینالْ ریشیلۆی وەزیری لویسی سێزدەی پاشای فەرەنسا، دەیویست جەنگی سی ساڵە بەردەوام بێت، بۆ ئەوەی بنەماڵەی هبسبرگ لاواز بێتو بنەماڵەی بۆربۆنی فەرەنسی جێگەی بگرێتەوە. هەروەها لەسەر حیسابی ئەڵمانیا هەندێ سودو قازانجی دەستکەوێ. جا بۆجێبەجێ کردنی ئەم سیاسەتە ڕشیلیۆ هاوپەیمانیەتێکی لەگەڵ "گوستاف ئەدۆڵف" بەست، لەسەر ئەوەی هاوکاری پاشای سوید بکات بە ماڵوچەك، لە بەرامبەردا "ئەدۆلف" ئازادی ئایینی بدا بە کاسۆلیکی ئەو ناوچانەی داگیری دەکات.

لە ساڵی1630"گوستاف ئەدۆڵف" لە پۆمیرانیا"باکوری ئەڵمانیا" دابەزی و دەستیکرد بە بەستنی هاوپەیمانیەتی لەگەڵ میرە پڕۆتستانتەکان بەتایبەت لەگەڵ میری براندبرگو سەکسۆنیا. بەڵام کاتێك کە "ئەدۆڵف" خەریکی ووتووێژکردن بوو لەگەڵ میری براندنبرگ لە پۆتستدام،"تیلی"سەرکردەی ئیمپراتوری لەساڵی1631 دەستیگرت بەسەر شاری "مگدبرگ"ی قایمو سەنگەربەند. ئەمەش لە دوای گەمارۆدانێکی درێژ. دوابەدوای ئەم دەستبەسەرداگرتنەش دەستی کرد بەسازکردنی کوشتو کوشتارێك کە نزیکەی بیست هەزار کەس لە دانیشتوانی ئەم شارە کوژرا بەبێ جیاوازی کردن. هەروەها دەستیانکرد بەڕاو ڕووت وێرانکاری بۆ لە ناوبردنی دانیشتوانی ئەم شارە. بەهۆی ئەوەی ئەم شارە لۆسەری بوونو بەهۆی ئەمەوە میرە ئەڵمانیەکان تورەو دەهری بوون. لە هەمانکاتیشدا گوستاف ئەدۆڵف لەگەڵ میری براندنبرگو سەکسۆنیاو میرە پڕۆتستانتیەکانی تر سوپای "تیلی"یان– لە ناوچەی "برایتنفلد" لە نزیك شاری "لاییزیك" لە ئەیلولی 1631 تێکشکاندو کەنەفتیان کردن. پاش ئەوە ڕووەو باشوری خۆرئاوای ئەڵمانیا بەئاراستەی ڕووباری ڕاین ڕۆیشتن، بەمەبەستی هاوپەیمانی بەستن لەگەڵ کالڤینیەکانی ئەوێ.

ئوسقوفیەی "مینز،کولون،تریر" دەکەوتنە ژێر دەسەڵاتی پاشای سوید، ئەگەر هاتبایە کردینالّ ڕیشیلۆ نارەزایی خۆی دەرنەبڕیباو داوای لە پاشای سوید نەکردبا ئەم سێ ناوچەیە جێبێڵێ. بەهۆی ئەمەوە گوستاف ڕووی کردە خۆرهەڵاتو شالآوی بردە سەر پاڤاریاو داگیری کردو سوپای تیلی جارێکی تر لە جەنگی"لیك" لە نیسانی 1632 تێکشکاندو توانی تیلی هەر لەم جەنگەدا بکوژێ. پاش ئەوە پاشای سوید ڕوویکردە نەمسا. لەم کاتەدا ئیمپراتور سەرکردەی لابراو "ولّشتاین"ی گێڕایەوە سەر پۆستەکەی بۆ ڕوبەڕوبوونەوەی گوستاف ئەدۆڵف، هەروەها لەگەڵ فیلیپی چوارەم ڕێککەوتننامەیەکی بەست، بۆ ئەوەی لەگەڵ خۆی بەژداری جەنگبکات[1].

لە پاییزی ساڵی 1632 سوپای سوید گەیشتە سوپای "ولّشتاین"و لە جەنگێکی یەکلاکەرەوەدا، کە لە "لوتنزن" ڕویدا سوپای "ولّشتاین" تێکشکا، بەلآم گوستاف هەر لەو جەنگەدا کوژراو سەرکەوتنی نەبینی. لەگەڵ ئەوەی سوپای سویدی لە سەرکەوتنەکانی بەردەوام بوو، بەلآم کەسێ نەبوو شوێنی سەرکردەی کوژراوییان بۆ بگرێتەوە. ئیمپراتور هەواڵی پێ گەیشت کە "ولّشتاین" هەوڵدەدات لەگەڵ پرۆتستانتیەکان پەیمانی ئاشتەوایی ببەستێ، وەلێ لەلایەن یەکێ لەو کەسانەی کە پەیوەندی بە ئیمپراتورەوە هەبوو لە سەربازگەی خۆی لە ساڵی 1634 پەنهانکوژ کرا. جا بە نەمانی هەردوو سەرکردە "گوستاڤو ولّشتاین" لەسەر شانۆی ئەم جەنگە خوێناویە، هەردوو لایەن "کاسۆلیك، پرۆتستانت" گەیشتنە ئەو بڕوایەی کە بەردەوام بوون لە جەنگێکدا کە هەردوو لای شەپرێو کردوەو ئابووری ئیمپراتۆریەتی هەرەس پێهێناوە، هیچ سودو کەڵکی نییە. هەروەها ئارەزووی ئەوان بۆ دەرکردنی بیانی لە ئەڵمانیا، ئاشتەوایی پراگی ساڵی 1635ی لێکەوتەوە، کە لە نێوان ئیمپراتۆرو ئەو میرانە بەسترا کە ئارەزویان لەوەستانی جەنگ دەکرد.

---

1 Ibid; pp 292-297.

بەگوێرەی ئاشتەوایی پراگ بڕیاردرا میرە ئەڵمانەکان چەك دابنێن‌و سوپای ئەڵمانیا بکەوێتە ژێر دەسەڵاتی ئیمپراتۆر، جگە لە میری سەکسۆنیا کە هەندێ جیاوازی بۆخۆی دەستەبەر کرد. هەروەها بڕیاردرا کوتلەگەری کاسۆلیکی‌و پرۆتستانتی نەهێڵدرێ‌و ئەو زەوی‌و موڵکانەشی کە هەردوولا لە کاتی جەنگدا دەستیان بەسەردا گرتووە، بگێڕدرێنەوە بۆ خاوەنە ڕەسەنەکان. سەبارەت بە زەویەکانی کلێساش بڕیاردرا ئەم زەویانە بگێڕدرێنەوە دەستی خاوەنە ڕەسەنەکانی بۆ ماوەی چل ساڵ، تا ئەم دوو لایەنە دەگەنە کۆتا چارەسەر. بەم شێوەیە ڕۆڵی سوید لە جەنگی سی ساڵە کۆتایی پێهات.

خۆ خزاندنی فەرەنسا بۆ ناو جەنگی سی ساڵە 1635-1648:-

کاردینال ریشیلۆ باوەڕی وابوو مەزن بوونی فەرەنسا بەندە بە زاڵ بوونی بەسەر بنەماڵەی هبسبرگی نەمساوی‌و ئیسپانی. هەر بۆیە سوربوو لەسەر تەمبێ کردنی ئیمپراتۆرو وێرانکردنی تەواوی ئەڵمانیا. جا سەرەڕای ئەو هاوکاریانەی کە پێشکەشی میرە پرۆتستانتیەکانی ئەڵمانیاو پاشای سویدی دەکرد، جەنگیشی لە دژی بنەماڵەی هبسبرگو ئیسپانیا ڕاگەیاند. مەبەستی ریشیلۆ سەرکزکردنی ئیمپراتورو دەستگرتنی بوو بەسەر هەرێمی ئالازاس. مەبەستی سەرەکیشی خۆڕزگارکردن بوو لە فیلیپی چوارەمی پاشای ئیسپانیا. ریشیلیۆ بۆ بەردەوامی دان بەجەنگی دژ بە ئیمپراتور، پشتی دەبەست بە سویدو میرە پرۆتستانتیەکانی ئەڵمانیا، ئەمە لە کاتێکدا خۆیشی ئامادە دەکرد بۆ ڕووبەڕونەوەی ئیسپانیا. ئیسپانیایەك کەچوار دەوری موڵکی فەرەنسای دابوو.

فیلیپی چوارەم تاوەکو ساڵی 1635 هاوکاری کوڕە مامەکانی دەکردو درێژەی بەجەنگەکانی دەدا لە هۆڵنداو ئەڵمانیا. بەڵام لە پاش ئەم مێژووە ڕووبەڕوی هێرشێکی توندو سەختی فەرەنسیەکان بوویەوە لە هەر یەکە لە هۆڵنداو بەلجیکاو زەوییەکانی

فەرەنساو باکوری ئیتاڵیاو تەنانەت لەناو خودی ئیسپانیاش. بەمەش فیلپ ناچار بوو واز لە هێرش بهێنێتو بچێتە قۆناغی بەرگریکردن لە زەوییەکانی. لە سەرەتادا سەرکەوتن بەلای هاوپەیمانی ئیسپانی دابوو، ئەمەش بەهۆی ئەوەی سوپاکانیان مەشق دراو بوونو باشترینی سەرکردەکانیش سەرپەرشتی ئەم سوپایانەی دەکرد، وەك "پیکلۆمینی" ئیتاڵی، کە لەگەڵ ولّشتاین جەنگی دەکردو لە پەنهانکوژ کردنیشی بەشداری کرد. ئەمە لە کاتێکدا سوپای فەرەنسی ژمارەیان لە دووسەد هەزار سەرباز زیاتر بوو، بەڵام لە ڕووی مەشقو سەرکردەی کاراوە کەمو کورتیان هەبوو. سوپای ئیسپانی لە ساڵی 1636 ز چوویە باکوری فەرەنساو خەریك بوو دەست بەسەر پاریس دا بگرێ. وە لەساڵی 1637سوپای ئیسپانی کۆتایی شاخی "برانس"ی بڕیو دەستی گرت بەسەر باشوری فەرەنسادا. بەڵام بەرەبەرە لەگەڵ شارەزابوونی فەرەنسیەکان لەجەنگو پەیدابوونی سەرکردەی سەربازی بەهێزو لێهاتوو لەناویاندا، سوپای ئیسپانی ڕووەو تێکشکان چوو، تا ئەوەبوو لەهۆڵنداو ڕاینو باکوری ئیتاڵیا سوپای ئیسپانیا بە تەواوی تێکشکا.

ئیدی خاڵی وەرچەرخان لەۆململانێی نێوان ئیسپانیو فەرەنسی دەستی پێکرد. خانەدانانی پرتوگال کە لە لیشبۆنەوە کۆببوونەوە لابردنی فیلپی چوارەمو دانانی "جۆنی چوارەم"یان–وەك پاشایەك بەسەر پرتوگال ڕاگەیاند. شیاوی باسە "جۆنی چوارەم" لە بنەماڵەی "براگنز"ی پرتوگال بوو. لەملاشەوە هۆڵندییەکان دەستیان کرد بەهاوکاری کردنی سوپای فەرەنسی لە جەنگەکانیان لە دژی ئیسپانیا. هەروەها لە"ئەڕاگون وناپولی" شۆرش لە دژی فیلپی چوارەم سەریهەڵدا، بەڵام فیلپ بەخێرایی دایپلۆسی.

لەگەڵ ئەوەی فیلپ دەیتوانی پارێزگاری بکات لەمیلانو بەلجیکا، بەڵام ئەمە لەسەر حیسابی سەروەتو سامانی تەواو ئەبوو، ئەو سامانەی کە خەریك بوو کۆتایی پێ دەهات. ئەم بارە هەر بەردەوام بوو تا لە جەنگی "ڕوکری" لە ساڵی1643،

فەرەنسیەکان بە سەرکەوتنێکی پلێشێنەر سەرکەوتنیان بەسەر سوپای ئیسپانیا بەدەستهێناو بەهۆیەوە سەرەتای هەرەسهێنان و نشوستی ئیسپانیا دەستی پێکرد.

بەلام لە ئەلمانیا ئیمپراتور توانی ڕووبەڕووی پرۆتستانتیەکان ببێتەوە. بەلام لەپاش تێکشکانی ئیسپانیەکان، فەرەنسیەکان توانیان سوپا بۆهاوکاری پرۆتستانتیەکان بنێرن. "فردیناندی سێیەم" کە لەپاش مردنی باوکی "فردیناندی دووەم" لە ساڵی 1637 بوو بە ئیمپراتور، هەوڵیدا ئاشتەوایی لەگەڵ فەرەنسادا ببەستێ. بەلام هەتا مردنی "ڕیشیلۆ" لە ساڵی 1646 هەوڵەکانی شکستی خوارد. شیاوی باسە "فردیناند" لە ساڵی "1641"ەوە– لەهەوڵی ئاشتەوایی دابوو. سوپاکانی فەرەنسی سەرکەتنی تریان بەدەست هێنا و"پاڤاریا" یان–لە ساڵی 1646 داگیرکرد. تا لە کۆتایی دا ژمارەیەك پەیمانبەست بەسترا لە شارەکانی "مونستەرو ئۆزنابرك" لە هەرێمی "ویستڤالیا" لە ساڵی 1648، کەبەپێی ئەم پەیمانە جەنگی سی ساڵە لە ئیمپراتوریەتی ڕۆمانی پیرۆز کۆتایی پێهات[1].

پەیمانبەستی ویستڤالیا 1648:-

بەگوێرەی پەیمانبەستی ویستڤالیا بنەماڵەی هبسبرگی نەمساوی فەرمانڕەوایی ناوچە ویراسیەکانی دەکرد، لە هەریەکە لە "نەمسا، بۆهیمیا، هەنگاریا"، وەلێ دەسەلاتی سیاسیان لە ئیمپراتۆریەتی ڕۆمانی پیرۆز دای لە کزی، هەروەك گۆڕانکاری گەورەو گرنگ لە خودی ئەلمانیا دروستبوو. کە بریتین لە :

1. هەموو میرێك فەرمانڕەوایی ڕەهایە لە ویلاتەکەیدا، دەتوانی جەنگ ڕاگەیەنێ و پەیمان ببەستێ، بەبێ ئەوەی ڕێگری بکرێ لەلایەن ئیمپراتۆر.
2. فەرەنسا هەرێمی ئەلازاسی چەنگ کەوت جگە لەشاری "سترازبورگی ئازاد" کە هەلاوێر بوو لەمەدا. هەروەك دان هێنرا بە خاوەنداریەتی فەرەنسا لە هەمبەر هەرسێ ئوسقوفەی ئەلمانی "مینز، تول، ڤیردون".

---

1 Ibid; pp. 297- 302

3. سوید پۆمیرانیای کەوتە دەست، کە کەوتبووە سەر ڕێژگەی ڕوباری ئودر، هەروەها باڵادەستبوو بەسەر ڕێژگەی ڕوباری "ئیلپ و لیر". هەروەك توانی ئوسقوفەی بریمنی دەستکەوێت لەگەڵ زەویەکانی دەوروبەری.

4. فەرەنساو سوید مافی دەستوەردانیان هەبوو لەکارو باری ئەڵمانیا، بەهۆی ئەوەی خاکیان هەبوو لە ئەڵمانیا. تەنانەت مافی ئەوەیان پێدرا دەنگ بدەن لە دایتی ئەڵمانی.

5. میرنشینی برادنبرگ پومرانیای خۆرهەلاتو ژمارەیەك ئەوسقوفیەی وەچنگ کەوت، لە ناویاندا ئوسقوفیەی مگدبرگ، بەمە تۆوی دەوڵەتی پروسیا چەکەرەی کرد.

6. ویلایەتی پلانتینات لەسەر ڕاین، دابەشکرا لە نێوان ماکسیملیانی پاڤاری سەرۆکی کۆمەڵەی کاسۆلیکی لە جەنگ، وە کوڕی فردریکی میری پلانتینات و سەرکردەی پرۆتستانتی لەگەڕی بۆهیمی یەکەم لە جەنگی سی ساڵە. بەمەش پاڤاریاو پلانتینات مافی بەشداری کردنیان هەبوو لە هەڵبژاردنی ئیمپراتۆرو دەنگ دان لە دایت.

7. هەریەکە لە هۆڵنداو سویسڕا بوون بە دەوڵەتی سەربەخوو لەلایەن ولاتانەوە لەپەیمان بەستی ویستڤالیا بە فەرەمی دانیان پیاداهێنرا.

هەموو ئەم خالانە لەڕوی سیاسیەوە بوون، وە لە ڕوی تریشەوە دەتوانین بلێین:

1. دان هێنرا بە کلێسای کالڤنیو هەمان ئەو مافانەی پێ بەخشرا کە بە لۆسەریزم بەخشرا بوو.

2. خاوەنداریەتی زەوی کلێسای کاسۆلیکیو پرۆتستانتی بە گوێرەی بنەمای ساڵی 1624 دانەرا.

3. هەریەکە لەپرۆتستانتیو کاسۆلیك لەدادگای ئیمپراتۆری دا وەك یەك دادوەریان دەکرا.

ئاکامەکانی جەنگی سی ساڵە:-

جەنگی سی ساڵە کۆتا جەنگی ئاینی بوو لە ئەوروپا. هەرچەندە ئەم جەنگە کە هەڵگیرسا وەك ململانێیەکی ئاینی لە نێوان کاسۆلیك‌و پرۆتستانتی دەستی پێکرد، بەلاّم لەپاڵ ئەوەشدا هۆی سیاسی‌و ئابووری ڕۆڵیان تیا گێڕاوە. دەتوانین ئەمە لە جەنگەکەدا تێبینی بکەین، کاتێك میری "براند نبرگ" پرۆتستانتی مەزهەب هاوکاری ئیمپراتۆری کاسۆلیکی دەکرد. لەملاشەوە فەرەنسای کاسۆلیك هاوکاری میرە پرۆتستانتیەکانی ئەڵمانیای دەکرد. ئەم جەنگە ڕێگەی خۆشکرد بۆ ئازادی ئاینی‌و لێبوردەیی بیروباوەڕ لە بەرامبەر یەکتریدا.

سەرهەڵدانی نوێنەرایەتی دیبلۆماسی لە پەیوەندی نێودەوڵەتی:-

لەدوای جەنگی سی ساڵە نوێنەرایەتی دیبلۆماسی‌و ئاڵوگۆڕکردنی باڵوێز لە نێوان وڵاتانی ئەوروپادا بوو بە کارێکی بەربڵاو. لەڕاستیدا پێشترو لەسەدەی پازدە دیبلۆماسیەت لە نێوان شارەکانی ئیتالیادا سەری هەڵدا، پاش ئەمەو لە سەدەی دواتر لە هەریەکە لە ئیسپانیاو فەرەنساو ئینگلترادا بلاّو بویەوە. بەلاّم ئیمپراتۆریەتی ڕۆمانی پیرۆز لە جوغزی ئەم بوارەدا نەبوو، بەهۆی ئەوەی دەسەلاّت‌و نفوزێکی زۆری هەبوو لەناو ئەو وڵاتانە. بەلاّم جەنگی سی ساڵە ئیمپراتۆری ڕۆمانی پیرۆزی هێنایە ئاستی وڵاتانی تری ئەوروپا.

دەوڵەتانی ئەوروپا لەگەڵ یەکتری دا لەسەر بنەمای هاوئاستی لە سەربەخۆی‌و خاوەن هێزو شکۆمەندیەت مامەڵەیان لەگەڵ یەکتری دەکرد. دیبلۆماسیەت‌و ئاڵوگۆڕی نێردە لە نێوان وڵاتان کاریگەری زۆری هەبوو لەسەر چەسپاندنی پەیوەندیە نێو دەوڵەتیەکان، بەتایبەت لە کاتی ئاشتیدا. ڕێککەوتنە بازرگانیەکان‌و هاوپەیمانیەتی، بوون بە بنەمایەك بۆ ئەم پەیوەندیانە، دوای ئەوەی ژن‌و ژنخوازی بنەمای پەیوەستکردن بوو لە نێوان وڵاتان. کایەی دیبلۆماسی بوو بەپیشەیەك یاخود

شارەزاییەك، کە لەناو چینی ئەرستۆکراتی کورتهەلات. ئەم چینە ڕاهاتبوون لەسەر خوونەریتی کۆمەڵگە خۆشنودەکانو دەیانزانی ڕۆڵی دیبلۆماسی ببینن، بۆ ئەوەی نوێنەرایەتی وڵاتی خۆیان بکەنو ناوندو پێگەیەکی شیاو بۆ وڵاتەکەیان لەنێو وڵاتان دەستەبەربکەن. ویستڤال یەکەمین کۆنگرەیەکی نێودەوڵەتی بوو کە وڵاتان نوێنەری خۆیان بۆی نارد بە مەبەستی گێڕانەوەی هێمنیو ئاشتی بۆ ئەوروپا، پاش ئەوەی جەنگو تێکهەڵچونەکان بۆ ماوەی سی ساڵ ئەوروپای هەپرون کردبوو[1].

سەرهەڵدانی یاسای نێو دەوڵەتی:-

یەکێکی تر لە دەرەنجامەکانی جەنگی سی ساڵە سەرهەڵدانی یاسا نێو دەوڵەتی بوو. لەم جەنگەدا ژمارەیەکی زۆری خەڵکی زەرەرمەند بوون بە کاری دزیو ڕاووڕوتو سوتاندنی دێهاتو لادێکانو ڕژانی خوێنی بێتاوانان . ئیدی خەڵکی وایاندەبینی کە دانانی هەندێ بنەماو بنچینە کارێکی پەسەندو چاکە. ئەمەش بۆ پاراستنی وڵاتانی بێ لایەنو چارەسەرکردنی نەخۆشو بریندارو قەدەغەکردنی ڕشتنی خوێنی بێتاوانان و کاری وێرانکاری. بەناوبانگترین نوسراویش کە لەم بارەیەوە نوسرابێت کتێبی "هۆگۆ گرۆشێس"ە.

گرۆشیس خەڵکی هۆڵندابوو، یەکێ بوو لە بەناوبانگترینی پیاوانی زانستو مەعریفە. بەهۆی چالاکی سیاسیەوە لە دژی فەرمانڕەوایانی هۆڵندا بە درێژایی ژیانی زیندانی بوو. گروشیس بانگەشەی دەکرد بۆ لێبوردەیی ئاینی. ئەو لە زیندان بوو تا ئەوەی لە ساڵی 1619 لە زیندان ڕایکردو لە پاریس نیشتەجێ بوو، وە لەوێدا هەستا بە نوسینی کتێبە بەناوبانگەکەی بەناوی"گوتارێك لەمەڕ یاسای جەنگو ئاشتی" کە لە ساڵی 1625 بڵاوی کردەوە. ئەم کتێبە بووبە یەکەم کتێب کە بەشێوەیەکی ڕێکوپێك چارەسەری بابەتیانەی بۆ یاسای نێودەوڵەتی کردبوو.

---

1 Gotts chalk، op. cit، 304-308.

گرۆشیس وایبینی کە یاسای سروشتی ڕێبازێکی ئاکاریەو پەسندە لەلای خەڵکی، ئەمەش بەهۆی ئەوەی لەگەڵ سروشتی مرۆڤدا کۆکە. لەگەڵ ئەوەی ئەم یاسایە لە فەلسەفەی یۆنانی کۆن وەرگیراوە، بەلاّم لەگەڵ بنچینەی ئاین دێتەوە کە دەڵێ: "ئەوەی بۆخۆت پێت خۆشە بۆ خەڵکیشت پێ خۆشبێ". گرۆشیس تیۆرەکەی لەسەر ئەم بنەمایە دانا بۆ دەستەبەرکردنی دادگەری لە جیهاندا. ئەم جەختی دەکردەوە لەسەر ئەوەی کە "جەنگ دەربازبوونی بۆ نییە لەنێوان دوڵەتان، ئەمەش بەهۆی ئەوەی پشت دەبەستێ بە هەواو ئارەزوو جۆشو خرۆش، هەر بۆیە ڕێگری لێکردنی زەحمەتە. کەواتە مادام جەنگ هەر بەرپادەبێت، پێویستە جەنگ بەرتەنگ بیکرێتەوەو ڕێگری لێبکەن لەوەی فراوان بێتو سەربکێشێت بۆ ناو ئەو دەوڵەتانەی کە بەشداری تێدا ناکەن. هەروەها خۆ بەدووربگیرێ لەکاری دزیو ڕاوو ڕوتو ڕشتنی خوێنی بێ تاوانانو سوتاندنی تەڕو وشك".

بەڕاستی کتێبەکەی گروشیس کاریگەری گەورەی هەبوو لەسەر سوككردنی ئەزیەتو ئازارو ناخۆشیەکانی جەنگ. ئیدی لە دوای ئەمە ڕێککەوتنە نێودەوڵەتیەکان زۆرێك لە بیروڕاکانی ئەم یاسا داڕێژراوەیان لەخۆ دەگرت. یاسای نێودەوڵەتی لەسەدەی حەڤدە لە ئەورووپا گەشەیکردو دەوڵەتەکان لە کێشەلاوەکیەکاندا دەستیان پێوەدەگرت، تەنانەت لە پەیمانە نێودەوڵەتیەکانیش، دەوڵەتانی پەیمانبەست پەیوەست دەبوون بە یاسای نێودەوڵەتیو بنەماکانی، هەروەك دابو نەریتی پیادەکراو لە نێوان دەوڵەتان بۆ یاسای نێودەوڵەتی زیادکراو خرایە سەری، کاتێك پێشتر ئەمە دەقی پەیمانە ڕەسمیەکان نەبوو، سەرەڕای ئەوەی کە سودێکی زۆری هەبوو بۆ چاککردنی پەیوەندی نێوان دەوڵەتان و چارەسەر کردنی کێشە نێودەوڵەتیەکان. بەلاّم لە کاتی تێکگیرانی بەرژەوەندیە گەورەکانو سودو قازانجە زۆرەکان، دەوڵەتان خۆیان پابەند نەدەکرد بە یاسای نێودەوڵەتیو تەنها بەرژەوەندی

خۆیان دەبینی، ئیدی پەیماننامەو هاوپەیمانەتیەکان دادەڕمان هەڵدەوەشانەوەو بەبێ ئەوەی کەس گوێی پێ بدات.[1]

سەرهەڵدانی بنەمای هاوسەنگی نێودەوڵەتی:-

ئەو هەوڵەی کە هەبوو بۆدانانی سنورێك لە بەردەم فراوانخوازیو هەڵپەکارییەکان، ناونرا هاوسەنگی نێودەوڵەتی. ئەمەش بە مانای نەهێشتنی هەلو دەرفەت دێت لە بەردەم دەڵەتێك یان کۆمەڵە دەوڵەتێك کە بتوانن بەشێوەیەك خۆیان بەهێز بکەن مەترسی دروست بکەن لەسەر بەرژەوەندی دەوڵەتێکی تر. نەهێشتنی ئەم هەلو دەرفەتەش بە پێکهێنانی بەریەکی دژ پەیدا دەبێ، بەوەی کە بتوانێ هاوسەنگی نێوان دەوڵەتانی ئەوروپا بێگرێتەوە. پێشتر شارە ئیتاڵیەکان لە سەدەی پازدە ئەم بنەمایەیان لە سنورێکی بەرتەسکدا جێبەجێ دەکرد. هەروەها ڕاوێژکاری هنری هەشتەم کاردینالێ "ولزی" لە سەدەی شازدە لەسەر ئەم بنەمایە دەڕۆیشت. بەلاّم "هۆگۆگرۆشیس" سیاسەتی هاوسەنگی نێودەوڵەتی کردە بنەماو ڕێبازێك، کە دەوڵەتان لە سیاسەتی جیهاندا لەسەری دەڕۆیشتن. ئەمەش بەدانانو دامەزراندنی هاوسەنگی لەنێوان دەڵەتانی ئەوروپا بۆمەبەستی پارێزگاری کردن لەئاشتی. کۆبوونەوەی دەوڵەتانیش بەیەکەوە لەجەنگی سی ساڵەدا لە دژی بنەماڵەی هبسبرگ ڕاستیەکی ڕوونە سەبارەت بەم سیاسەتە. هەروەها کۆنگرەی ویستڤالیا هەم دیس گوزارشتە لە هەوڵی دەوڵەتان بۆ کەم کردنەوەی باڵادەستی بنەماڵەی هبسبرگ بەسەر ئەوروپادا، ئەمەش بەلێداماڵینی هەندێ بەشی خاکەکەی، بە شێوەیەك کە هێنایانە ئاستی وولاّتانی تر. بەمە توانرا پارێزگاری بکرێ لە هاوسەنگی نێودەوڵەتی و ئاشتی ئەوروپا.

---

1 Ibid. 304-308.

بنەمای هاوسەنگی نێودەوڵەتی بووبە بناغەو ڕێڕەوێك كە دەوڵەتان لە دوای جەنگی سی ساڵەوە لەسەری دەڕۆیشتن. هۆكارێكیش بوو بۆ پاراستنی ئاشتیو ڕووبەڕووبونەوەی دوژمنكاری لەلایەن كۆمەڵێك لە دەوڵەتان. زۆربەی جاریش بەرەی ناكۆكو ناتەبا كە لەسەر دەستكەوت دەكەوتنە كێشە، بەهۆی ئەم بنەمایە ناچاربوون واز لە هەندێ لە هەڵپەو چاو چنۆكیەكان بێنن تا ئەوەی تەرازوو هاوسەنگ دەبوو لە نێوانیان.

وەلێ دواتر بنەمای هاوسەنگی نێودەوڵەتی بوو بەهۆو ئامرازێك بۆ دەوڵەتەگەورەكان، بەوەی كە پاساو بدەنە خۆیان و بیانوو بهێننەوە لەهەمبەر دابەشكردنی دەوڵەتە لاوازەكان. ئەمەش كاتێ دەوڵەتێكی بەهێز دەیویست بەشێك لە وڵاتێك بۆخۆی بپچڕێ، وە دەوڵەتانی بەهێزی دووەم هەندێكی تر یاخود بەشێكی تریان دەبرد، هەتاوەكو هەردوولا هاوسەنگ دەبون. هاوسەنگی نێودەوڵەتی مایەوەو بەردەوام بوو لەسەدەی دواتریش، وە لەسەدەی بیستەمیش لە بوارێكی فراوانتر بەكارهێنرا.

كاتێ كە هاوسەنگی نێودەوڵەتی نەیتوانی كاریگەری هەبێت لەسەر چەسپاندنی ئاشتیو دوژمنكاری هەر بەردەوام بوو لە دوای جەنگی جیهانی یەكەم، دەستەبەری پێكەوەیی(كۆمەڵكاری) لەپێناوی ئاشتی بووبەبنچینەی دیبلۆماسی نوێ.

هەر لە دەرەنجامەكانی جەنگی سی ساڵە كزبوونو پوكانەوەو نوشستی هێنانی ئیمپراتوری ڕۆمانی پیرۆز بوو، هەروەها بەدرەنگ كەوتنو دواكەوتنی یەكیەتی ئەڵمانیا بوو. ئەمەش بەهۆی خۆپەرستی میرەكانی ئەڵمانیاو دەستوەردانی بێگانە لە كاروبارەكانی ئەڵمانیا، وەك فەرەنسا، سوید، دانیمارك، ئەمە لەڕووی سیاسیەوە. لە ڕوی ئابوریشەوە بەهۆی كاری جەنگ و وێرانكاری، ئەڵمانیا گۆڕا بۆ زەوییەكی وشكو دێمەڕۆك. ئەم جەنگە سێیەكی دانیشتوانی "یازدە ملیۆن كەس"ی لەناوبرد، هەروەها پێنج لەسەر شەشی ئاوەدانیەكانی كاولو وێرانكرد، هەروەك سێ یەكی زەوییەكانی

باکوری ئەڵمانیا بووبە زەوییەکی بەکەڵك نەهاتوو بۆ کشتوکاڵ. ئەم تێکچوون‌و وێرانکارییە تەنها کشتوکاڵی نەگرتەوە، بەڵکو چالاکی بازرگانیشی توش کردو بووەهۆی گواستنەوەی بازرگانی لە ئەڵمانیاوە بۆ هۆڵنداو فەرەنسا. خوێندن‌و فێرکاری بەرەو نەمان ڕۆیشت‌و خورافیەت سەرجەم شوێنەکانی وڵاتی گرتەوە. ئەڵمانیا بەشێوەیەك توشی چەرمەسەری‌و هەژاری‌و وێرانکاری بوو، کە ئەوەندە بەسە نمونەی خانەوادیەکی هەرێمی پلانتینات بهێنینەوە کە تەنها لە ماوەی دووساڵ هەشت جار تالأنکرا، لە سەکسۆنیاش ڕەوە گورگ وەکو مێش لە دەوری کەلاك‌و مردوەکان دەهاتن‌و دەچوون.

ئیسپانیاش سەرەڕای ئەوەی کە وڵاتەکەی گۆڕەپانی جەنگ نەبوو، بەهۆی ئەوەی جەنگەکانی لە هۆڵنداو ئیتالیاو باشوری ئەڵمانیا ئەنجام دەدا، بەلأم سوپاکەی توشی زیانی گەورە بوو بەوەی ژمارەیەکی زۆری گەنجەکانی لە دەستدا. ئەمەش لە دەرەنجامی جەنگە بەردەوامەکانی لە سەدەی شازدەدا. کە لە ئاکام دا ئیسپانیا لە ڕووی ماڵی‌و سەربازی پوکایەوەو لاواز بوو.

لەگەڵ ئەوەش کە فیلپی چوارەم تێکۆشاو هەوڵێکی زۆری دا بۆ ڕزگارکردنی بنەماڵەی هبسبرگی نەمساوی، وەڵێ ئیمپراتۆر تێنەکۆشاو هەوڵی نەدا بۆ ڕێگری کردن‌و بەربەست کردنی فەرەنسا، کاتێ فەرەنسا ویستی زەویەکانی ئیسپانیای داگیربکات. تەنانەت کاتێك فیلپ داوای لە ئیمپراتۆر "فردیناندی سێیەم" کرد کە شانبەشانی ئیسپانیا بەردەوام جەنگ بکات لە دژی فەرەنسا لە دوای ساڵی 1648، وەڵێ فردیناند ئەم داوایەی ڕەت کردەوە. بەمەش ئیسپانیا ناچار بوو بە تەنیا بەردەوامبێت لەجەنگ کردن بۆماوەی دە ساڵی تەواو. واتا تاوەکو ساڵی1659 کە جەنگیان کۆتایی پێهێنا بەگوێرەی پەیمانی "برنس".

بەگوێرەی ئەم پەیماننامەیە ئسپانیا دەستبەرداری هەرێمی "رونسیلی" بوو لە خۆرهەڵاتی چیاکانی "برانس"، هەورەها دەەستبەرداری بەشی باشوری بەلجیکا بوو،

کە شاری "ئۆراتۆ"و ژمارەیەك شاری تری قایمو پتەوی تێدابوو بە نسبەت فەرەنسا. هەروەك فیلپی چوارەم ڕەزامەندی نواند لەسەر بەخشینی کچەکەی "ماریا تریزا" بە پاشای فەرەنسی لۆیسی چوارده. لەبەرئەوە فەرنسا داوای زێدەتری لەئیسپانیا نەکرد، بەو هیوایەی کە کچی فیلپی چوارەم لەگەڵ خۆیدا سامانێکی زۆر بهێنێ. بەلام لەڕاستیدا ئیسپانیا بە کردەیی هەژار بوو نەیدەتوانی تێچوونی خانمی نوێ بۆ فەرەنسا بدات. فیلپی چوارەم هەوڵیدا پرتوگال بگێڕێتەوە، بەلام شکستی خواردو لە ساڵی 1665 بەرەو پیری مەرگ چوو تەختی ئیسپانیای جێهێشت بۆ کوڕەکەی چارلسی دووەم. بەمردنی فیلپ پێشڕەوی کردنی ئەوروپا لە ئیسپانیاوە کەوتە دەستی فەرەنسا

نوشستیو داڕوخانی ئیسپانیا لەسەدەی حەڤدە:-

ئیسپانیا تاوەکو نیوەی سەدەی حەڤدە سودو کەڵکی وەردەگرت لە شکۆمەندیو گەورەبوونی لە ئەوروپادا. بەلام بەرەبەرە بەرەو داڕمان ڕۆیشت. ئەم داڕمانە لە کۆتاییەکانی دەسەلاتی "فیلپی دووەم" دەستی پێکرد. دەتوانین جەنگی "ئەرمادا" بەخاڵی وەرچەرخانو گۆڕان دابنێین لە مێژووی ئیسپانیا دا، بەهۆی ئەوەی کە دەستەپاچەییو بێ هێزی فیلپی دووەمی سەلماند لە ڕێکخستنی کاروباری ئەوروپیو نواندنی دەسەلات بەسەریدا. لەگەڵ ئەوەشدا شکست کاریگەری نەبوو لەسەرحوکمو دەسەلاتی بنەماڵەی هبسبرگی ئیسپانیا.

ئیسپانیا لەماوەی نیوە یەکەمی سەدەی حەڤدە وەك بەهێزترین دەوڵەت لە ئەوروپاو خاوەنی زۆرترین سەروەتو سامان دەڕۆیی بەڕێوەو هەر بەردەوم بوو تێیدا. هەروەك پەیوەندیە بەهێزەکانی نێوان لقی بنەماڵەی هبسبرگی ئیسپانیو نەمساوی هەر بەردەوام مایەوە. فیلپی سێیەم لە دوای باوکی "فیلپی دووەم" هاتە سەرتەخت لەساڵی 1598، لەسەری بەردەوام بوو تا ساڵی 1626. بەهەمان شێوە کوڕەکەیشی

"فیلپی چوارەم" جێگەی فیلپی سێیەمی گرتەوەو تا سالّی 1665 لەسەر دەسەلاّت مایەوە. "فیلپی چوارەم" بۆ هاوکاریکردنی نزیکەکانی لە نەمساویەکان، وە بۆ گێڕانەوەی پرتوگالو هۆلّنداو سەرکزکردنی فەرەنسا خۆی خزاندە ناو جەنگی سی سالّە. شیاوی باسە ڕەوشی نێودەولّەتی هۆکارێکی گرنگ بوو بۆ ئەوەی ئیسپانیا بتوانێ پارێزگاری لەشکۆمەندی خۆی بکات. کاتێ دەبینین جەنگی ناوخۆیی لە کۆتاییەکانی سەدەی شازدە فەرەنسای وێران کردبوو. هەروەها کوژرانی "هنری چوارەم"و ئەو پەشێویو ئاژاوەو ئالّۆزکاویەی کە لەڕۆژگاری "ریشیلۆو مازارین" ڕویدا. هەروەك لە بەشی داهاتو ڕوونی دەکەینەوە کە چۆن فەرەنسای هەلّپروکاندو تاقەتو توانای فەرەنسای لە نیوەی یەکەمی سەدەی حەڤدە نەهێشت. ئەلّمانیاش لە هەمانکاتدا بەهۆی جەنگی سی سالّەوە وێران ببوو. ئینگلتراش خەریك بوو بەوپەشێویو ململانێیەی کە لە نێوان پاشاو پەرلەمان بەڕێوەدەچوو، کە دواتر بە هۆیەوە جەنگی ناوخۆیی سەریهەلّدا. لەبەر هەموو ئەم هۆکارانە ئیسپانیا لە ماوەیەکی ئاشتیو خۆشگوزەرانیەکی ڕێژەیی دا دەژیا، جەنگیش لە نێوان خۆیو هۆلّندا بەپێی ئاگربەستی سالّی1609 کۆتایی پێهێنرا. ئیدی ئیسپانیا بەهرەمەند بوو بەسەروەتو سامانو داگیرگەکانیو لە بازرگانی خۆرهەلاّت کەلّكوسودی وەردەگرت. هەروەها کایەی هونەرو وێژە لەم ماوەیەدا پێشکەوتنی بەخۆیەوە بینیو هونەرمەندو وێژەزانانی چەشنی "ڤالاسکویز، جینروین، ماریانە...هتد" دەرکەوتن. بەلاّم سەرەڕای ئەو هەموو سەروەتو سامانەی کەلێی هەلّدەقولاّ، ئەو گەشانەوەیەی کەهونەرو وێژە بەخۆیەوە بینی، کەچی ئیسپانیا دەستی بەداڕوخان کردو دەسەلاّتو پایەی لە ئەوروپا لە دەستدا. بەهۆی ئەوەی:

1- لە ڕاستیدا ئەو سەروەتو سامانەی کە هەلّدەقولاّو لەم دیوی دەریاکانەوە بۆئیسپانیا ڕێچکەی بەستبوو، گەلی ئیسپانی لێی سودمەند نەبوو، بەلّکو ئەوەی کەلّکی لێ وەردەگرت کۆمەلێکی کەم بوون لە بازرگانو خانەدانان. هەروەها زۆرترینی ئەوانەی

سودمەند بوون لێی، بازرگانو سەرمایەدارانی بیانی بوون، بەتایبەت هۆڵندیو ئەڵمانیەکانو بەپلەی دووەم ئیتاڵیەکان. هەروەك پێشتر ئەوەمان باسکرد.

2- پیشەسازو دەسترەنگینەکان لەچینی ناوەڕاست بوون و زۆربەیان لەمۆرسیسکۆسەکان بوون (مەغریبیەکان لەپاشماوەی عەرەب، کە مەسیحیتیان وەرگرتبوو). حکومەت بۆ بەدیهێنانی یەکیەتی گەلو ولات دەستی کرد بەچەوساندنەوەی ئەم خەڵکانە. ئەوەبوو لە ساڵی 1609 ناچارکران وڵات جێبێڵن، بەمەش ئیسپانیا چینێکی خاوەن پیشەی لە دەستدا، چینێك کە لە توانادا هەبوو سودیان لێ وەربگیرێ بۆ پەرەپێدان و گشەپێدانی سەرمایەداریەت لە ئیسپانیا.

3-ئەو باجە زۆرو قورسانەی کە خرابوونە ئەستۆی گەل، دواتر بووە هۆی لاوازکردنی باری ئابووری گەلی ئیسپانی.

4-دەستوەردانی ئیسپانیا لە کاروباری ئەوروپاو خۆخزاندنە نێو جەنگی سی ساڵە کە لە ڕاستیدا بۆ ئیسپانیا پەنجا ساڵ بوو، ئاکامێکی شکست ئامێزی هەبوو، بەوەی ئیسپانیا لە کایەکەدا تێکشکاو سەرجەم

سامانی لە دەست داو داگیرگەکانی لە دەست دەرچوو.

5-پادشایی ڕەهاو کارگێڕی ناوەندی هۆکارێکی تربوو بۆ هەرەسهێنانی ئیسپانیا. خودی پاشا نەیدەتوانی هەموو کارو بارەکانی ئیمپڕاتۆریەتە بەرفراوانەکەی ڕاپەڕێنێ. ساکاتێکیش فیلپ مرد، چەندپاشایەکی لاواز هاتن کە خەڵکانێکیان دامەزراندو کردیانن بەدەسەلاتدار کە بە تواناو لێهاتوو نەبوون، ئەمەش بووبە هۆی تێکچوونو ئیفلیج بوونی دامو دەزگاکانی دەوڵەتو نشوستی هێنانی لە دوای هاتنی نیوەی سەدەی حەڤدە. لاوازی پاشاکانی ئیسپانیا وایکرد هاوسەرگیری پێکبهێنن لە نێوان کوڕو کچە ئامۆزاکانی بنەماڵی هبسبرگی نەمساویو ئیسپانی. چارلسی پێنجەمو فردینانەی یەکەم برای دایكو باوکی یەکتری بوون. هەروەها فیلپی دووەم کوڕی چارلسی پێنجەم هاوسەرگیری کرد لەگەڵ کچی ئیمپڕاتۆر ماکسیمیلیانی دووەمی کوڕی فڕدینانەی

یەکەم "کە دەکاتە مامی، واتا ماکسیمیلیان مامی فیلپ بوو". هەروەها ماکسیمیلیان خوشکی فیلپی دووەمی خواست، لەبەرئەوە فیلپی سێیەم ی کوڕی فیلپی دووەم نەوەی ماکسیمیلیان بوو. بەم شێوەیە ژن وژنخوازی لەنێوان هەردوو بنەماڵە بەردەوام بوو تا ئەوەی چارلسی دووەمی کوڕی فیلپی چوارەم دوایەمین پاشای بنەماڵەی هبسبرگی ئیسپانی بوو. ئەم شایە بەدرێژای سیوحەوت ساڵی فەرمانڕەوایی نەخۆشو دەردەداربوو، پادشاکانی ئەوروپاش زۆر بەپەرۆشەوە لە چاوەڕوانی مردنی دابوون، تا لەساڵی 1697 چاوەڕوانیەکەیان شکاو چارلس تەختو تاراجی جێهێشت.

بەشی حەوتەم

فەڕەنسا لەسەدەی حەڤدە

(1589 - 1715)

ڕۆژگاری مەزن بوونی فەڕەنسا

ڕۆژگاری مەزن بوونی فەرەنسا

جەنگە دەرەکییەکانو شۆڕشەنێوخۆییەکان ڕۆڵێکی کاریگەری بینی لە وێرانکردنی فەرەنسای سەدەی شازدە. شارەکان چۆڵ بوون وئاگری جەنگ ژمارەیەکی زۆری لێ خاپور کردن، ڕێگەو بانەکان پشتگوێ خران، ڕێگرو چەتەکان خراپەکاریان دەنایەوە. بەهۆی وەستانی چالاکی بازرگانیش کشتوکاڵ پەکی کەوتو بێکاری بڵاوبوویەوە. لە هەموو ئەمانەدا بەشی دەوڵەت مایەپوچ بوونی خەزێنەو ئیفلیج بوونی دامو دەزگاکانی بوو، کە هەرئەمەش وای لە خانەدانان کرد گوێڕایەڵی بۆ حوکومەت نەنوێننو دەسەڵات بەدەستەوە بگرن. ئەم هەموو ناخۆشیو تاڵیو وێرانکاریەی کە فەرەنسای گرتەوە، زۆری نەمابوو ئەو هەوڵ و کۆششانە بەهەدەر بدات کە لە سەدەی پازدەوە لەپێناوی چەسپاندنی پایەکانی دەوڵەت درابوون. بەلاَم سەرهەڵدانی چەند کەسایەتیەکی بەهێز، بووە هۆی گێڕانەوەی ئەم هەوڵو کۆششانە. ئەمەش کاتێك ئەم کەسانە توانیان هێمنیو ئارامی بگێڕنەوەو کارەکان بخەنەوە جێگەی خۆیانو هەستان بە زنجیرەیەك چاکسازی کە بەهۆیەوە دەسەلاَتی ناوەندیو پادشایەتیان بەهێزکردو فەرەنسایان کردە بەهێزترین دەوڵەتی ئەورووپای سەدەی حەڤدە. یەکەمینی ئەوکەسانەش هنری ناڤار بوو، یاخود هنری چوارەم.

بنەماڵەی بۆربۆن و پادشایەتی ڕەها:-

وەنەبێ فەرمانڕەوایی ڕەها لەسەر دەستی بنەماڵەی بۆربۆن لە فەرەنسا چەسپی بێت، بەڵکو لەپێش ئەوانیشەوە هەبوو، کاتێك دەبینین نوسەری فەرەنسی "جان بودان" پشتگیری ئەم جۆرە دەسەلاَتەی دەکردو باوەڕی وابوو کە پادشا لەسەرووی یاساوەیە، هەروەك هەموو شتێك ملکەچی فەرمانو ویستەکانیەتیو گشت تاکەکان پێویستە گوێڕایەڵی بن. پەرلەمانیش مافی ئەوەی نیە هاوبەشی پادشا بکات لە دەسەلاَتی بالاَداو پەرلەمان هیچ نییە تەنها ئەنجومەنێکی ڕاوێژکاری نەبێت. شیاوی

باسە "جان بودان" ماف ناس بووەو لە ساڵی 1576 پشتیوانی لەم شێوە دەسەلاتە کردوەو خۆیشی کاریگەر بووە بەکلتوری کلاسیکی.[1]

هنری چوارەم، یەکەم پاشای

بنەماڵەی بۆربۆن(1589-1610)

ڕەوشتو ئاکاری:-

"هنری چوارەم" بە سەرۆکی بنەماڵەی بۆربۆن دادەنرێ. لە ساڵی 1589 تەختی فەرەنسی کەوتە بن دەست. جەنگە خوێناویەکان بەمردنی هنری سێ یەمی پاشای فەرەنساو کۆتایی بنەماڵەی ڤالوای پاشای فەرەنسی کۆتاییان هات. هنری پیاوێکی بەهێزو وریاو چالاك بوو. بیرتیژو زیرەك بوو، زەردەخەنە ڕووی بەرنەدەداو هەمیشە لەسەر لێوی بوو، کە گوزارشت بوو لەسەر ڕۆح سوکیو زیرەکیو وورە بەرزی. هنری زۆر حەزی لە چاککردنی کاروباری وڵاتەکەی بوو. بەڵام لەگەڵ ئەمانەشدا ناسراو بوو بەڕژدیو خۆویستی، وە بەهۆی ئەوەی کەسێکی سەربازی بوو، حەزی لە هەبوونی نەیاری نەدەکردو دەیویست فەرمانەکانی بەبێ ئەملاولا جێبەجێ بکرێت.

هنری چوارەمو فرمانی نانت:-

دوای چوار ساڵیش لە هاتنە سەرتەختی هنری چوارەم جەنگی ناوخۆیی لە فەرەنسا هەربەردەوام بوو. هنری بۆ ئەوەی پێگەی خۆی بچەسپێنێ، لە ساڵی 1593 ئایینزای پرۆتستانتی واز لێهێناو چووە سەر ئایینزای کاسۆلیکی، کە ئاینزای زۆرینەی خەڵکی فەرەنسا بوو. لەهەمان کاتیشدا شۆڕش کۆتایی پێهات. لە ساڵی 1598 هنری فرمانی"نانت"ی لە شاری نانت دەرکرد، کە ئازادی پەرستشکاریو ئاینی دەدا بەپرۆتستانتیە فەرەنسیەکان"هیگۆنۆت".

1 Gottschalk‹op.cit;pp.261-178 Hayes‹cit;pp.276-319

بەپێ ی ئەم فرمانە:-

1- پرۆتستانتیەکان مافی پیادەکردنی دروشمە ئاینیەکانو نەریتە ئاینیەکانی خۆیان هەیە لە شوێنی تایبەتی خۆیان بەبێ ئەوەی حکومەت یا هەرلایەك دەست لە کاریان وەربدات.

2- پرۆتستانتیەکان مافی پیادەکردنی دروشمە ئاینیەکانی خۆیان هەیە لە شوێنە گشتیەکان لە دووسەد شارو سێ هەزار قەلاّی ناو فەرەنسا.

3- حکومەتی فەرەنسی هاوکاری ماددی دەبەخشێ بەقوتابخانە پرۆتستانتیەکان.

4- ڕێگە درا بە بلاّوکردنەوەی پەرتوکە پرۆتستانتیەکانو نەهێشتنی کۆسپ لە بەردەمیانو پشتگیری کردنیان لەلایەن حکومەتو کاسۆلیکەکان.

5- پرۆتستانتیەکان مافی ئاینیو سیاسی تەواویان هەیە.

6- پرۆتستانتیەکان مافی ئەوەیان هەیە سەبارەت بەهەندێ کاری دادوەری کۆبونەوە بکەن.

7- بۆ دەستەبەری و زامنی جێبەجێ کردنی ئەم بڕیارانە، حکومەت بۆ ماوەی هەشت سالّ مافی دەسەلاّتداریەتی بەخشی بەپرۆتستانتەکان کە دەسەلاّتیان هەبێت لە دووسەد شار.

ئەم فرمانە سەرەتای ئازادی ئاینی بوو لە فەرەنسا، بەلاّم بەهۆی ئەوەی ئەم بەربژاریانەی کەپێیان بەخشرابوو بەهۆی بیروباوەڕەوە نەبوو، بەلّکو بەهۆی پێویستی سیاسیەوە بوو، بەوەی کە هنری باوەڕی وابوو پێویستە لەسەر فەرەنسیەکان بەهۆی ئاینو جیاوازی بیروباوەڕەوە جەنگی یەکتری نەکەن، هەروەك خۆیشی چووە سەر ئاینزای کاسۆلیکی. بەهەمان شێوە کاسۆلیکەکانیش بەمەڕازی نەبوون چونکە ئازادی ئاینی بەخشیبوو بەپرۆتستانتەکان. ئەم ناڕازی بوونە دواتر سەری کێشا بۆ پەنهانکوژ کردنی هنری بەدەستی کاسۆلیکێکی توندڕەو خۆی کردە قوربانی ئەم فرمانە. جەنگی

هنری چوارەم لەگەڵ فلیپی دووەمی پاشای ئیسپانیا هەر بەردەوام بوو تاوەکو ساڵی1589، لەم ساڵەدا بەپەیمانی "ڤێرڤین" کۆتایی هات. ئەم پەیمانە جەختی دەکردەوە لەسەر بڕیارەکانی پەیمانی ساڵی 1559، کە بەگوێرەی پەیمانی ساڵی ناوبراو فەرەنسا دانی نابوو بە باڵادەستی ئیسپانیا بەسەر ناپۆلیو صقلیەو دۆقیەو میلانۆ لە ئیتاڵیا، هەروەك ئیسپانیاش دانی نابوو بە باڵادەستی فەرەنسا بەسەر سێ شارە ئەڵمانیە کە"میتیز-تول-ڤیردون".

چاکسازییەکانی سۆلی:-

پاش ئەوەی هنری چوارەم زاڵ بوو بەسەر پەشێویەکانی ناوخۆو هێمنیو سەقامگیری گێڕایەوە وڵات، بەیاریدەی وەزیری دارایی"دیوك ئوف سۆلی" هەستا بەچاکسازیەکی فراوان.

"سۆلی"پڕۆتستانتیەکی دڵسۆز بوو، مەیلو ئارەزووی لە کەمکردنەوەی خەرجیەکان بوو. "سۆلی" هەستا بە ئەنجامدانی گەشتێك بەناو فەرەنساو لەم گەڕانەیدا لە نزیکەوە ڕەوشی خراپی دارایی بەرچاوکەوت. ئیدی دوای ئەمە بڕیاری چاکسازیدا. یەکەم ڕێوشوێنێك کە گرتیەبەر ڕێگریکردن بوو لە دەسەڵاتدارانی ناوچەو هەرێمەکان لە سەپاندنی باجو کۆکردنەوەی. هەروەها نەهێشتنی گەندەڵی بوو لە کۆکردنەوەی باج. بەهۆی ئەمەوە لە ماوەی ساڵانی1600-1610توانی ساڵانە یەك ملیۆن جونیە پاشەکەوت بکات. پاشا زۆر بەگەرمیەوە پشتیوانی لە سیاسەتی سۆلی کرد و هەستا بەکەم کردنەوەی هاوکاری ماددی هونەرمەندان و دۆستو نزیکانی، هەروەها فەرمانیدا بەناردنەوەی (تسریح)سوپا، لەمەدا هیچی نەهێشتەوە تەنها ژمارەیەکی پێویست نەبێ، ئەویش بۆ چەسپاندنی هێمنیو ئارامی فەرەنساو زاڵ بوون بەسەر یاخی بووەکان.

سۆلی لە پێناوی ئاشتی جیهانی دا پێشنیازی شێوەیەك لە كۆنفیدراڵی كرد لە نێوان وڵاتانی جیهان و ناونرا پڕۆژەی مەزنی سۆلی. وەلێ بەهۆی تێكگیرانی بەرژەوەندی وولاتانی ئەورووپا ئەم پڕۆژەیە شكستی هێنا. لەڕاستیدا ئەمە سەرەتای بیركردنەوە بوو لەپرسی داماڵینی چەك و ئاشتی جیهانی. كەچی تاوەكو ئەمڕۆش كاتی جێبەجێ كردنی نەهاتووە.[1]

جگە لە هەموو ئەمانە، سۆلی هەوڵی بەدیهێنانی سەرچاوەی تری سەروەت و سامانیدا لە وڵاتدا، ئەمەش بۆ بڵاوكردنەوەی خۆشگوزەرانی و بەرزكردنەوەی گوزەرانی خەڵكی. "سۆلی" باوەڕی وابوو كە كشتوكاڵ سەرچاوەی سامانی وڵاتە، هەربۆیە بەپێویستی دەزانی دنەی كشتوكاڵ بدرێ، هەتا ئەگەر ئەم دنە دانە لەسەر حیسابی بازرگانی وپیشەسازی بێت. ئیدی لەپێناوی ئەم ئامانجەو جێبەجێ كردنی، گومرگی ناوخۆیی لەسەر بەرهەمی كشتوكاڵی لابرد لەنێوان هەرێمەكان و هاوكاری بەخێوكردنی ئاژەڵ و وشككردنەوەی زۆنگ و زەلكاوەكانی دا. وە بۆ پارێزگاریكردن لە دارستانەكان بڕینی داورەختی قەدەغەكرد. جگە لەمانە سۆلی ڕێگەو بانەكانی چاككردو پڕۆژەیەكی دانا بۆ كردنەوەی نۆكەندو دروستكردنی پردو ئاوەڕۆ. بۆ پیشەسازی "ئاوریشم" كرمی ئاوریشمی هاوردەكرد، كە بە ناوبانگ بوو لە فەرەنساو بەهۆیەوە هەریەكە لە شارەكانی پاریس و لیۆن و مارسیلیا پێشكەوتن.

لەملاشەوە هنری گرنگی بە بازرگانی دەداو كەشتی بازرگانی بنیات ناو دەستی بە دامەزراندنی كەشتی جەنگی كردو قۆرغكاری بازرگانی و داگیركاری ئیسپانیای لەبەریەك هەڵدەوەشاند. هەروەها دەستیكرد بە كێبڕكێ كردن لەگەڵ هۆڵنداو ئینگلترا لەكایەی بازرگانی و دەریاوانی. لەمانەوە توانی شوێنی بازرگانی لە هیند بۆ فەڕەنسا بەدەستبێنێ. هەروەك تۆوی ئیمپراتۆریەتی داگیركاری فەرەنسی لە ئەمریكا چاند.

---

1 David ogg، Europe in th 17 th Century.(London، 1965، pp.72

بەم شێوەیە هنری چوارەم بناغەیەکی تۆکمەی داڕشت بۆ مەزن بوونی فەرەنسا. هنری چوارەم لە ساڵی1610 پەنهانکوژ کرا. بەئاوابوونی ئەم گەورە سەرکردەش لەسەر شانۆی سیاسی فەرەنسا، خەریك بوو داڕمانێکی خێرا فەرەنسا بگرێتەوە، بەڵام سەرهەڵدانی چەند کەسایەتیەکی وەك "ڕیشیلیۆو مازارین" بوو بەهۆی ڕێگری لەم داڕمانەو درێژەدان بەکارکردن بۆ بەهێزو شکۆمەندکردنی فەرەنسا.

شاژنە ماری میدتچی:-

کاتێك هنری چوارەم پەنهانکوژ کرا، لۆیسی سێزدە لە تەمەنی نۆساڵی دا بوو. بۆیە کەوتە ژێر سەرپەرشتیاری دایکی "ماری میدتچی". پرۆتستانتەکان خۆشیان نەدەهات لە سیاسەتی ماری کاسۆلیك، هەروەك خانەدانانیش بە تەواوی پێی ڕازی نەبوون، بەهۆی ئارەزوومەند بوونیان بۆ دەسەڵاتو بەربژاریەکانیانو پەرۆشیان بۆ پارێزگاریکردن لێی. خەزێنەی دەوڵەت توشی مایەپووچی بوو بەهۆی ئەوەی ماری دەوری خۆی دەورە دابوو بە لایەنگرو دۆستانی خۆی، ئەمانەش خەرجی زۆریان دەویستو قورساییان لەسەر دەوڵەت دروست کردبوو. بۆیە حکومەت ڕووبەڕووی قەیرانی دارایی بویەوەو ناچار بوو بانگهێشتی ئەنجومەنی چینەکان بکات لە ساڵی 1614، بە مەبەستی دانانی باجی تازە. لە ڕاستیدا پاشاکانی فەرەنسا لە سەردەمی لۆیسی یازدەوە هەوڵی نەهێشتنی ئەم دامەزراوەیان دەدا، ئەمەش بەهۆی ئەوەی ئەنجومەنی چینەکان لەپەرلەمان دەچوو دەسەڵاتی ڕەهای کەم دەکردەوە. بۆیە هیچ کات ئامادە نەبوون بانگهێشتیان بکەن، مەگەر لەکاتی قەیرانەکانی ئابووریو پەشێویو ئاڵۆزی ناوخۆ. دیارە لاوازی ئەنجومەنی چینەکان تەنها بەهۆی بەهێزی پاشاکانەوە نەبوو، بەڵکو ئەنجومەنی چینەکان بۆ خۆیشی نەیدەتوانی ڕۆڵی گرنگ بگێڕێت لە پێکهێنانی حکومەتێکی دەستوری پەرلەمانی هاوشێوەی ئینگلترا. ئەمەش بەهۆی پێکهاتەی ئەم ئەنجومەنە، کاتێك دەبینین ئەم ئەنجومەنە خۆی لەسێ چین

دەبینیەوە. هەریەکە لەپیاوانی ئاینیو خانەدانان هیچ کات ڕازی نەبوون لە یەك هۆڵدا لەگەڵ چینی گشتی کۆببنەوەو ڕازی نەبوون دەنگدان بەگوێرەی تاکەکان یان کەسەکان بێت، بەڵکو دەبوو بەگوێرەی چینەکان بێت. هەروەها بەخشینی باجیان بەهەموو شێوەیەك ڕەت دەکردەوەو تووڕەیی خۆیان دەرخست لە هەمبەر پرۆتستانتیەکان کە ژمارەیان زۆربوو لە چینی گشتیو سۆزو بەزەییان نەبوو بەرامبەر بە جوتیارانو بەلایاندا نەدەشکانەوە. جوتیارانێك کە زۆرینەی دانیشتوانی فەرەنسایان پێکدەهێنا. لەبەرئەم دوبەرەکیو ناکۆکیانە ئەنجومەن لە سێ هەفتە زیاتر نەیتوانی بەردەوام بێت لە کۆبونەوە. ئەم ئامانجەشی لەپێناویدا کۆبوونەوە شکستی هێنا. هەر بۆیە شاژن فەرمانی داخستنی هۆڵی کۆبونەوەی دا بەو بیانوەی ئیشی پێ هەیە بۆ سەما. نوێنەرانیشی بەرەو ماڵ ڕەوان کردنەوە. ئیدی لەدوای ئەمە ئەنجومەن بانگهێشت نەکرایەوەو کۆبونەوەی بەچاوی خۆی نەبینیەوە هەتاوەکو شۆڕشی فەرەنسی 1789.

لە دوای ئەمە کاروباری دەوڵەت تێکچووو بارودۆخ دژوار بوو، ئاژاوەو پەشێوی وڵاتی گرتەوەو دووبەرەکی نێوان خانەدانانو پرۆتستانتیەکان بەرەو بارگرژی هەنگاوی نا، وە لەنێوان ئەوان" خانەدانو پرۆتستانت"و دەرباری شاژن لەلایەکی ترەوە دوبەرەکی پەرەی سەند. سیاسەتی "ماری" لەسەر باشکردنی پەیوەندیەکانی لەگەڵ ئیسپانیا دەڕۆیشتو دەیویست پەیوەندیەکانی لەگەڵ ئەم وڵاتە پەرەپێبداتو هەوپەیمانی بێت، بەو پێیەی کە ئیسپانیا دەوڵەتێکی بەهێزەو دەتوانێ هاوکاری بکات لە زاڵ بوونی بەسەر کێشە ناوخۆییەکان، ئەمە لە کاتێکدا "هنری چوارەم" ئیسپانیای بە دوژمنێکی دێرینی فەرەنسا دادەناو هەوڵی دەدا هەوڵەکانی فلیپی دووەم لە دەستخستنە ناو کاروباری فەرەنسا شکست پێ بێنێ.

ماری بەهۆی ئەوەی دەیویست کوڕەکەی هاوسەرگیری بکات لەگەڵ خانمی نەمساوی"ئان"ی کچی فیلپی سێیەمی پاشای ئیسپانیا، ڕووبەڕووی ناڕەزاییەکی

توندو دژوار بوویەوەو خانەدانان لـە دژی شۆڕشـیان کـرد. بـەم شـێوەیە مـاری لەسـەر حوکم بوو، تا لۆیسی کـوڕی گەیـشتە تەمـەنی پێگەیشتن. جـا کاتێـك لـۆیس گەیـشتە تەمـەنی پێگەیـشتن خـۆی حـوکمی گرتەدەسـتو دایکـی ناچـار کـرد دەسـتبەرداری کاروباری دەوڵەت بێت.

لۆیسی سـێزدە

لۆیـسی سـێزدە وەکـو بـاوکی خـاوەن بـەهرەی لێهـاتووی‌و توانـاداری نـەبوو لـە فەرمانڕەوایدا. ئەم شەیدای ڕاوکـردن‌و گەمـەو یـاری‌و کـۆڕی ڕابـواردن‌و مۆسـیقا بـوو. بـەهۆی ئەمـەوە نەیـدەتوانی ئـەم پەشـێویە بنبڕبکـات کـە لـە دوای مردنـی باوکیـەوە فەرەنسای گرتبۆوە. بەڵام وەنەبێ لەم نێوانە بەتەنها مابێتەوەو کەسێ نەبوبێ پـشتی پێ ببەستێ، بەڵکو ئەم بۆ کاروباری وڵاتاکەی و بەڕێوەبردنی کارەکان پشتی بەستبوو بە وەزیری بەناوبانگی خۆی کاردینالّ ڕیشیلیۆ.

کاردینالّ ڕیشیلیۆ 1585-1642:ـ

کاردینالّ "ئارماند دی ڕیشیلیۆ" لەساڵی 1585 لەدیك بووە. شایستەیی ڕیـشیلیۆ لەپۆستە ئاینیەکاندا وایکرد لە تەمەنی بیست‌ویەك ساڵیدا ببێتە ئوسقوف لـە یـەکێ لـە هەرێمە بـچوکەکان. چـاپوکی‌و لێوەشـاوەیی ڕیـشیلیۆ بـۆ یەکـەم جـار لـە کۆبونـەوەی ئەنجومەنی چینەکان لە سـاڵی 1614 دەرکـەوت، کاتێـك بـە زوبـانێکی ڕەوان و پـاراو پارێزگاریکرد لە پیاوانی ئاینی کاسۆلیکی‌و کاری کردە سەر خانم "ماری میدتچی"، کە هەر ئەم کارتێکردنە وایکرد "ماری"بانگهێشتی "ڕیشیلیۆ" بکاتە کۆشك‌و بیکاتە یەکێ لە ڕاوێژکارانی خۆی. ماری پێـشنیازی بـۆ پاپـا کـرد کـە ڕیـشیلیۆ بکاتـە کاردینـاڵ لـە کڵێسای فەرەنسا. ئەوەبوو بەرەبەرە پێگەی بەرز بویەوەو پلـەو پایـەی گـەورەبوو تـا بوو بە ڕاوێژکاری سەرەکی لۆیسی سێزدە لە ساڵی 1624.

"ڕیشیلیۆ" خاوەنی دانایی و بلیمەتی و ژیری بوو. سەرەڕای ئەوەی پۆستێکی بەرزی کلێسای فەڕەنسی لەژێردەست بوو، بە کاروباری دەوڵەتیش شارەزاش بوو . ئەوەندەی ڕیشیلۆ کاری دەکرد لەپێناوی بەرز کردنەوەی پلەوپایەی وڵات، ئەوەندە لە پێناوی خودا کاری نەدەکرد. ڕیشیلیۆ ویستێکی بەهێزو بیرتیژیی‌و توانای سەرکردایەتی لەخۆیدا کۆکردبوویەوە. لە ڕەنگوڕووی دەموچاوە لاکیشەیەکەیدا دڵڕەقی و جەربەزەیی و توانایەکی زۆر دەدرەوشایەوە، ئەم دوژمنەکانی خستبووە دۆخێکی دڵەڕاوکێ‌و لە دەستو بازوی ترسیان لێ نیشتبوو.

سیاسەتی ڕیشیلۆ:ـ

ڕیشیلیۆ بە زیرەکی‌و ژیریە بەهێزەکەی، پەی بە ڕەگو ڕیشەی گەندەڵی‌و فەسادی فەرەنسا برد، هەر بۆیە بڕیاری ڕیشەکێشکردنی دا. ئەو کاتەی دامەزرا، ڕیشیلیۆ بەڵێنی دا کە هەرچی لە توانای دا هەیە بیخاتەکار بۆ لەناوبردنی هیگۆنۆتەکان‌و سەرکزکردنی خانەدانان‌و ئاراستەکردنی خەڵکی بەرەو ئەرکەکانیان‌و هەوڵدان بۆ بەرزکردنەوەی پلە وپایەی پادشا لەناو وڵاتان. ئیدی ڕیشیلیۆ ژیانی خۆی تەرخان کرد بۆ جێبەجێ کردنی ئەو بەڵێنانە. کاتێك "ماری میدیتچی" نەیاری کرد، ڕیشیلیۆ فەرمانی دوورخستنەوەی دا. وەنەبێ لویسی سێزدەش خۆشی ویستبێ، بەڵام ئەم لێی دەترساو نەیدەتوانی دەستبەرداری بێت، بەتایبەت کاتێ خۆی بەدڵسۆز پادشاو فەڕەنسا پیشان دا.

سەرکزکردنی پرۆتستانت یا "هیگۆنۆت":ـ

بەڕاستی ڕیشیلیۆ کەسێکی سیاسی بوو، ئەم سیاسەتەشی لە خزمەتی دەوڵەتدا خستەکار. ئەو کاتێك دژ بە ئیمپراتۆر هاوکاری پرۆتستانتەکانی ئەڵمانیای دەکرد، دەستی کرد بەوەشاندنی گورزەکانی لە دژی هیگۆنتەکان، لەسەر ئەوبڕوایەی ئەمانە سازکەری کێشەو گرفتن بۆ دەوڵەت. پرۆتستانتی فەرەنسا کۆمەڵێکی سیاسی‌و ئایینی

بەهێز بوون، هۆکاری پارچە پارچەکردنی یەکیەتی وولات بوون. هنری چوارەم بەربژاریەکی زۆری پێ بەخشین. "ڕیشیلیۆ"ش-حەزی نەدەکرد ئەوان لە پەرستشکاری قەدەغە بکات، بەڵکو دەیویست لە ڕووی سیاسیەوە ملکەچیان بکات بۆ دەوڵەت. کاتێکیش لە ساڵی 1625 شۆڕشیان هەڵگیرساند، ڕیشیلیۆ بڕیاریدا تێکیانبشکێنێ. پڕۆتستانتەکان هەرچەندە هاوکاری ئینگلیزیان دەستگیربوو، بەڵام نەیانتوانی خۆیان ڕابگرن لەبەردەم دەستە ئاسنینەکانی ڕیشیلیۆ. ئەوەبوو لەشاری لارۆشتیل بۆ ماوەی پانزە مانگ لەلایەن ڕیشیلیۆوە گەمارۆ دران و ناچارکران سەریان شۆڕ بکەن. ڕشیلیۆ ئازادی پەرستشکاری ئاینی بۆ دەستەبەر کردن و پۆستەکانی دەوڵەتی لەبەردەم خستنە سەر گازی پشت. ئەمەش بەگوێرەی فەرمانی "ئالی Alais-"ی ساڵی 1629، بەلام گرێدانی کۆبوونەوەی سیاسی لێ قەدەغەکردن و قەلاکانی خاپور کردن.

تێکشکاندنی خانەدانەکان:ـ

ڕیشیلیۆ لە چارەسەرکردنی نەیاریی خانەدانان ڕووبەڕووی سەختیو نارەحەتیەکی زۆر بوویەوە. دامەزراندنی هەندێ لە خانەدانان بەحاکم و دەسەڵاتدار لە هەرێمە جۆراوجۆرەکان، لەم کاتەی فەرەنسادا باوبوو،و نەریتی ئەو کاتەی فەڕەنسا وابوو. کەچی لە جیاتی ئەوەی ئەوان ببن بە فەرمانبەری ئیداری و ملکەچ بۆ دەسەڵاتی ناوەندی، سەربەخۆبوون و بەربەرەکانێی فرمانەکانی حکومەتی ناوەندیان دەکردو سوپای تایبەتی خۆیان پێکدەهێنا. قەڵاوبورجی خانەدانان لە ناوچە جیاجیاکانی فەڕەنسادا بلاوبوو، تاوایلێهات بووە هۆی ئەوەی هەرکاتێ بیانەوێ مەترسی دروستکەن و هەڕەشەبکەن لە دەسەلاتی ناوەندی. ئەوەی کە قوڕەکەی خەستترکرد، ئەوەبوو کە خانەدانان لە کۆشکی پادشایی هەستان بە داڕشتنی پیلان لە دژی کردینال ڕیشیلیۆ، ئەوپیاوەی گەیشتبووە پلەی بەرزی دین‌ودنیا "کڵێساو دەوڵەت".

"دیوك ئۆف ئۆرلیان"ی برای پادشاو ماری میدیتچی دایکی پادشا ڕابەرو پێشەوای ئەم خانەدانانە بوون کەهەستان بەسازکردنی پیلان[1].

جا لەپێناوی لە ناوبردنی خانەدانان، ڕیشیلیۆ هەستا بەبڵاوکردنەوەی سیخوڕو شۆڤار لە سەرجەم ناوچەکانی فەرەنسا، بە مەبەستی ئاشکراکردنی پیلانو دەسیسەکانیان. "ڕیشیلیۆ" هیچ کات دوودڵی نەدەکرد لە کوشتنی گەورەو پێشەواکانیان و سەرکوتکردنی شۆڕشەکانیانو یاریدەدەرانی ئەمانی بەمردن سزادەدا هەرچەندە مەترسیشی هەبوایە. ڕیشیلیۆ لە هەڕەشەو گوڕەشەی خانەدانان نەدەترسا، هەروەك بە سکاڵاو دادو فیغانو داواکانیان کاریگەرنەبوو، هەربۆیە ترسو بیمی خستبوە دڵیان. لەبەر ئەوانە ڕیشیلیۆ وەك لەناوبەری پێگەوپایەیان داهاتە بەرچاو.

بارودۆخ بەم شێوەیە ڕۆیشت تاوەکو لە ساڵی 1626 ڕیشیلیۆ فرمانی خاپورکردنی قەڵای خانەدانانی دەرکرد، بەو پاساوەی کە وڵات پێویستی بە قەڵای خانەدانان نەماوە بۆ بەرگری کردن لە مەترسی دەرەکی. بۆ جێبەجێ کردنی ئەم فرمانەش جوتیاران و شارنشینان هاوکاریان کردو ئامادەیی خۆیان نیشاندا. ئەوانەی بەهۆی زۆرداری خانەدانانەوە چەرمەسەری زۆریان چەشت بوو.

بەناوەندی کردنی کارگێڕی وڵات:

وەنەبێ دەسەڵاتدارو دەرەبەگەکان هەمیشە بەتواناو لێهاتوو بووبن بۆ کایەی بەڕێوەبردن. ئەوان پێویستیەکانی دەوڵەتیان لە ڕێگەی بەرتیلو لایەنگریەوە کەوتبووەدەست، هەربۆیە ڕیشیلیۆ بڕیاریدا دەسەڵاتی فەرەنسا بەناوەندی بکات. ئیدی دەسەڵاتداری تازەی دامەزراند لە پارێزەرانو ڕۆشنبیرانو هەموو دەسەڵاتێکی

1 Ibid;pp.183-226

پێدان وەك: سەرپەرشتی کردنی کۆکردنەوەی باجو ڕێکخستنی پۆلیسی ناوخۆو سوپاو پارێزگاریکردن لە هێمنیو ئارامیو چاوگێڕانەوە بە کاروبارەکانی دادوەری.

فەرەنسا لە سەردەمی ڕیشیلیۆ وەك ئەمڕۆ نەبوو کە سەرجەم ناوچەو دەڤەرەکانی بەیەکترەوە گرێ درابێ، بەڵکو ئەوکاتە فەرەنسا لە ڕووی کارگێڕییەوە بریتی بوو لە ڕیشیلیۆو دەسەڵاتداران، ئەو دەسەڵاتدارانەی فرمانەکانی ئەویان جێبەجێ دەکرد. ئەو کاتە حکومەتێکی ناوەندی بەهێزنەبوو کە دام و دەزگاکانی لەسەرجەم ناوچەکانی فەرەنسا بڵاوکردبێتەوە، هەرروەك ڕیشیلیۆش نەیدەویست دامو دەزگایەکی لەم شێوە دروست بکات.

بەڵام لەگەڵ هەموو ئەمانەدا ڕیشیلیۆ توانی دەسەڵاتی دەرەبەگو خانەدانان کەم بکاتەوەو دەسەڵاتی پادشا بەرزو بەهێز بکاتو خەڵکی گوێڕایەڵ بکاتو فەرمانەکانی بسەپێنێ بەسەر تەواوی بەشەکانی فەرەنساو ناچاریان بکات ملکەچی فەرمانەکانی بن. لەگەڵ ئەوەی ڕیشیلیۆ ئەنجومەنی چینەکانی بە فەرمی هەڵنەوەشاندەوە، بەڵام لە ترسی ئەوەی دەسەڵاتی پاشا کەم ببێتەوە، فرمانی بە کۆبونەوەی ئەم ئەنجومەنە نەکرد، بەڵکو لەم نێوانەدا هێشتیەوەو فەرامۆشی کردن. بەم شێوەیە ڕیشیلیۆ بە لە ناوبردنی دەسەڵاتی دەرەبەگو خانەدانان، وە کەمکردنەوەی لایەنی سیاسی هیگۆنۆتەکان، بناغەی پادشایی ڕەهایی خۆسەپێنی دارشت، دوای ئەمەش سوپا بووبە سوپای پاشاو خەزێنەش بوو بە خەزێنەی پاشا.

هەروەك باسمانکرد ڕیشیلیۆ بەشداری کرد لە جەنگی سی ساڵە. فەرەنسا لە سەردەمی ئەودا پێگەو پلەو پایەی مەزنی دەستکەوت لەناو وڵاتانی ئەوروپا، ئەمەش کاتێك بەسایەی جوتە سەرکردەی گەورە "تورین، کۆندی" سەرکەوتنی بەرچاویان بەدەستهێنا. ڕیشیلیۆ کەسێکی نیشتمانیو دڵسۆز بوو بۆ بنەماڵەی بۆرۆن. بە لاوازکردنی ئیسپانیاو بنەماڵەی هبسبرگی نەمساوی، توانی فەرەنسا بکاتە دەوڵەتیکی مەزن. ڕیشیلیۆ لە جەنگی سی ساڵەدا هاوکاری هەر دەوڵەتێکی دەکرد کە جەنگی

کردبایە لەگەڵ بنەماڵەی هبسبرگ. وەڵێ لەگەڵ ئەم هەموو هەوڵو کۆششەی کە خستیە گەڕ، بەڵام نەژیا تا لە سیاسەتی دەرەوەیدا بەرهەمی ڕنجو هەوڵی ببینێ، کاتێك پێش کۆتایی هاتنی جەنگی سی ساڵە بە شەش کەوتە جێگەی مەرگو گیانی سپارد . پاش ساڵێك لەدوای مردنی ڕیشیلیۆ، لۆیسی سێزدەش بەهەمان شێوە کۆچی دوایی کردو، تەختەکەی بۆ کوڕی بچوکی تەمەن پێنج ساڵانە جێهێشت. ئەم منداڵەش پادشای مەزنی فەڕەنسا لۆیسی چواردە بوو.

ڕۆژگاری لۆیسی چواردە

کاردینال مازارین 1602-1661:-

فەرمانڕەوایەتی ڕەها لە ڕۆژگاری لۆیسی چواردە گەیشتە ترۆپك. ڕۆژگارێك کە زیاتر لەحەفتا ساڵی خایاند. ئەگەر هاتباو لە دوای مردنی ڕیشیلیۆ، کاردینال مازارین 1643-1661 بەدەستێکی پۆلاین حوکمی نەگرتبایە دەست، ئەوا دوور نەبوو فەڕنسا توشی کارەساتێکی گەورەو زیان و زەرەرێکی ترسناك بوبا.

مازارین خەڵکی ناپۆلی ئیتالیا بوو، لە ڕۆماو ئیسپانیا لەخزمەتی کڵێسا دابوو، هەستا بە ژمارەیەك کاری دیبلۆماسی بۆ پاپا کە دوایەمینیان لەپاریس بوو. مازارین لەڕیشیلیۆ نزیکبوویەوەو لۆیسی سێزدە دایمەزراندو بوو بە هاوڵاتیەکی فەرەنسی لە ساڵی 1639. لە پۆستە حکومیەکان بەرز بوویەوەو بووبە کاردیناڵو جێگری ڕیشیلیۆ لە دوای مردنی.

مازادین وەك ڕیشیلیۆ حەزی بە کاروباری دەوڵەت بوو، وە لە زیرەکیو لێوەشاوەییو لێهاتووی لە بەڕێوەبردنی سیاسەتدا کەمتر نەبوو لە ڕیشیلیۆ. جەنگی سی ساڵە لە سەردەمی ئەودا کۆتایی پێهاتو ئەوەی ڕیشیلیۆ چاندبووی ئەو دروێنەی کرد. هەروەك بە پەیمانی "برانس"ی ساڵی 1659 کۆتایی بە جەنگی درێژخایەنی دژ

بە ئیسپانیا هێنا. مازارین کۆتا شۆڕشی سەرکوتکرد کە خانەدانان لە دژی دەسەڵاتی ڕەها هەڵیانگیرساندبوو، کە بریتی بوو لەشۆڕشی فروند.

شۆڕشی فروند 1648–1652:-

شۆڕشی فرۆند دوایەمین هەوڵی خانەدانان بوو کە پێی هەستان بۆ گێڕانەوەی دەسەڵاتو کۆتکردنی دەسەڵاتی پاشا. ڕیشیلیۆ توانی یاخی بوونو سەرکێشان دابمرکێنێو خەیاڵو هەوەسیان نەهێڵێو زاڵ بێت بەسەر دەسەڵاتیانو باڵادەستیان لەباربەرێ. بەڵام لەپاش مردنی ڕیشیلیۆ خانەدانان دەرفەتیان قۆستەوە لە دژی کاردینالی تازە. مازارینی ئیتالی کە لەلایەن چینی ناوەڕاستەوە هاوکاری دەکرا، تاوانباریان کرد بە تالآن بردنی خەزێنەی فەرەنساو دەستوەردان لەکاری پەرلەمانەکانی فەرەنسا.

ئەم پەرلەمانانە بریتی بوون لە دەزگا دادوەریەکان و ژمارەیان سێزدە دەزگابوو لە سەدەی حەڤدە. ئەمانە بڕیاریان دەدا لەسەر پرسە گرنگەکانی دەوڵەتو چاویان دەگێڕایەوە بە تێهەڵچوونەکانی دادگا بچوکەکان. پەرلەمانی پاریس گرنگترینی ئەو پەرلەمانانە بوو. هەروەها یەکێکی تر لە ئەرکو فرمانەکانی تۆمارکردنی ئەرکو فرمانەکانی پاشایی بوو. دەسەڵاتی پەرلەمانی پاریس گەیشتە ڕادەیەك کە هەندێ جار تۆمارکردنی هەندێ لە فرمانو دەستورەکانیپاشایان ڕەت دەکردەوە، بەوبیانوەی پادشا بە نەشارەزایی لە یاسای وولآت ئەم فرمانەی داوە، یاخود ئەم دەستوردانەی پاشا لەگەڵ یاساو ڕێساکانی پێشوو یەکناگرێتەوە. هەربۆیە تکایان لەپاشا دەکرد بیروڕاکەی بگۆڕێو فرمانەکەی هەمواربکات، یاخود هەڵیبوەشێنێتەوە.

شۆڕشی ئینگلیزی کە لەم کاتەدا هەڵگیرساو پارێزراوی پەرلەمانی ڕاگەیاند لە زەبرو زەنگی دەسەڵاتی پاشا، کاری کردە سەر پەرلەمانی پاریس و ئەوانیش بەرهەڵستی "لویسی چواردەو کاردینال "مازارین"یان کرد. ئەمەش بە ڕەوایی نەدان "شەرعیەت نەدان" بەسەپاندنی باجو کۆکردنەوەی باج، ئەگەربێتو ئەم باجە

سەپێنراوانە لەلایەن نوێنەرانی گەلەوە ڕەت بکرێتەوە. هەروەها بە هەڵوەشاندنەوەی هەندێ لە دەزگاکانی حکومەتو ناڕەزایی دەبڕین لە دژی دەستەبەسەرکردنو زینداني کردن بەبێ یاسا، دیسان بەرهەڵستی پادشایان کرد. ئەمانە لەلایەن خەڵکی پاریسەوە پشتگیری کران، بەڵام بەهۆی ئەوەی مازارین تا ئەم کاتەش سەرقاڵبوو بە جەنگی سی ساڵە، لە بەرامبەر داواکارییەکانی پەرلەمان ملی کەچ کرد. وەلێ کاتێك جەنگی سی ساڵە کۆتایی پێهاتو سوپای فەرەنسی گەڕایەوە نێو وڵاتەکەی، مازارین دەسەلاتی پەرلەمانی هەڵوەشاندەوە. بەلام خەڵکی بەردەوام بوون لە شۆڕش تا ئەوەبوو لە ساڵی1652 بەتەواوی کۆتایی بەشۆڕشەکەیان هات.

هەڵگیرسانی شۆڕشی فروند بوویەهۆی:-

1- لە ناوبردنی دەسەلاتی خانەدانان بەتەواوی.

2- دەست وەردانی پەرلەمان لە کاروباری سیاسیو دارایی کۆتایی پێهێنرا.

3- ڕێگری گرتن لە خەڵکی پاریس لەمەڕ هەلگرتنی چەكو هەڵبژاردنی فەرمانبەرانی شارەوانی.

4- زیادبوونی دەسەلاتی پاشا لەچاو سەردەمی ڕشیلیۆ. واتا لە دوای کوژاندنەوەی ئەم شۆڕشە دەسەلاتی پاشا زۆر زیاتر بوو لەپێشتر.

بەم شێوەیە مازارین هەموو هەلێکی دەقۆستەوە بۆ بەهێزکردنی دەسەلاتی پاشا. کاتێکیش لە ساڵی 1661 مرد، لۆیسی چواردە گەیشتبووە تەمەنی پێگەیشتووییو ڕێگەی بۆتەخت کرابوو. کە بەهەوڵو کۆششی ڕیشیلیۆو مازارینو باپیرەی هنری چوارەم بۆی فەراهەم هاتبوو.

لۆیسی چواردە

دەسەلاتی ڕەها:-

لەدوای مردنی مازارین لۆیسی چواردە ڕایگەیاند: کە ئەم بەتەنها فەرمانڕەوایی وڵات دەکاتو سیاسەتی ناوخۆو دەرەکی بە تەنها بەڕێوەدەبات. لۆیس پیاوێکی شەنگو جوانو کەشخەو بەشکۆ بوو بەشێوەیەك "پادشایی ڕەها"ی تێدا دەدرەوشایەوە.

لۆیس پشتی بەستبوو بە تیۆری مافی خودایی پاشاکان، ئەم نازناوی شای مەزنی لێنرابوو چونکە ئەوەی مەبەستی بوایە جێبەجێی دەکرد. بەرجەستە بوونی دەوڵەت لە لۆیس دا بەشێوەیەکی جوان لەلای ئوسقوف "بوسویە"1627-1704 ڕوون بوویەوە.

بوسویە فێرکاری منداڵەکانی پادشا بوو. دەسەڵات لە ڕوانگەی "بوسویە" دا بریتی بوو لە "خەڵاتێکی خودا بۆ ڕێکخستنی مرۆڤو بەیەکەوە ژیان. ئەم پێی وابوو سیستەمێکە بەلێهاتوویو هێز جیادەکرێتەوەو سروشتیە، هەر بۆیە باشترین سیستەمو ڕێکخەرە. بۆسۆیە ئەم سیستەمە دەچوێنێ بە خێزان کە باوک سەرۆکایەتی دەکات، هەر بۆیە پێویستە سیستەمی پادشایی پشتاوپشت بێت. پادشا پیرۆزە چونکە لە کاتی تاج لەسەر نانی بەڕۆنی پیرۆز چەور دەکرێت. دوژمنایەتی کردنی پاشاو لە دژ بوونی گومڕاییو بێ باوەڕییە. پادشا لەجێگەی باوکە وەك باوکە بۆ گەلەکەی. دەسەڵاتەکەی ڕەهایەو جگە لە خوا هیچ کەس بۆی نیە لێ پێچانەوەی لەگەڵ بکات، یاخود لە فەرمانەکەی دەربچێ. پادشا سێبەری خودایە لەسەر ڕووی زەویو بەهرەدارە بە ژیرییەکی جیاواز لە ژیری خەڵکیو پێویستە تەنها وەك مرۆڤێك سەیرنەکرێت، چونکە ئەو کەسایەتیەکی گشتگیرەو ڕەنگدانەوەی تەواوی خەڵکە. ئەگەر هەڵەیەکی کرد وکارێکی خراپی کرد، خەڵکی دەبێ تەنها داوا لەخودا بکات ڕێنوێنی بکات بۆسەر ڕێگەیەکی ڕاست".

ئەمە تیۆری مافی خودایی پاشاکانەو بۆسویە بەم شێوەیە ڕازاندیەوە. ئەم تیۆرەی لۆیسی چواردە لە فەرمانڕەوایەتیدا پشتی پێ دەبەست و هاوچەرخەکانی و هەروەها خەڵکانی دوای خۆیشی باوەڕییان پێ هەبوو.[1]

1 Ibid ;pp.281-322

ڕێکخستنی کارگێڕی وولات:ـ

لۆیسی چواردە ئیدارەی ولاتەکەی بەناوەندی کردو ژمارەیەك وەزارەتی وەك: دارایی‌و سوپاو دەریایی‌و ئیشغالی گشتی دامەزراند. لەپێش لۆیسی چواردەشدا ئەم وەزارەتانە هەبوون، بەلام لە ژێردەستی یەك وەزیردابوون.[2] وەزیرانی ئەم وەزارەتانە کەوتنە ژێر دەسەلاتی خودی لۆیس، ئەم وەزیرانە فرمانەکانی و ئەو سیاسەتەیشی بڕیاری لەسەر دەدا جێبەجێیان دەکرد. وەزیران‌و ئەمیندارانی سڕ" ئەمینداری نهێنی"و یاریدەدەرانی لەپایتەخت لەفەرمانڕەوایی کردندا هاوکارییان دەکرد. دەسەلاتداران‌و فەرمانبەران لە هەرێمەکاندا ڕاپۆرتەکانیان سەبارەت بەکارەکانیان پێشکەشی پاشا دەکرد، وە هەتاکو ڕەزامەندی پاشایان وەرنەگرتبا، هیچ ڕێوشوێنێکی پێویستیان نەدەگرتەبەر. وە لە پێناوی لاوازکردنی خانەدانان، پۆستی حکومیان لە پایتەختدا پێشکەش بەخانەدانان کرد، بەبێ ئەوەی هیچ دەسەلاتێکی هەبێت. دەسەلاتی ئەوکەسانەی لە هەرێمەکاندا دەسەلاتیان هەبوو، زیاتر بوو وەك لەوەی لە سەردەمی ڕیشیلیۆ هەیانبوو، ئەمەش لەسەر حیسابی ئەنجومەنی شارەوانی‌و ئەنجومەنەکانی ئیدارە تەواو دەبوو. ئەم دەسەلاتدارانە بەرپرسیاربوون لە دارایی هەرێمی ژێر دەستیان وپیشەسازی‌و کشتوکالی ناوچەکانیان، سەرەڕای بەڕێوەبردن‌و بەرپرسیاریان لە دادوەری‌و هێمنی‌و ئاسایش ناوچەی بن دەستیان. پادشا خۆی ئەمانەی دادەمەزراندو ملکەچیشی دەکردن بۆ فرمانەکانی.

لۆیس دوای ئەوەی چووە سەرتەختی دەسەلات، سی سالْ کاری کرد بۆ ڕێکخستنی دام‌و دەزگای حکومی‌و چاکترکردنی، هەروەها بەهێزکردنی بەڕێوەبردنی‌و ئاسان کردنی. ئیدی ئەمە گەورەترین کارێك بوو کە لۆیس لە ماوەی دەسەلاتیدا ئەنجامی دا. لۆیس خاوەنی دەسەلات بوو لە کارەکەیداو بەشەو بەڕۆژ کاری دەکرد بۆ

---

2 واتا پێشتر ئەم وەزارەتانە هەرهەبوون بەلام دوایی لۆیس هەمووی لەیەك جیاکردنەوە

بەڕێوەبردنی وڵاتەکەی. کاتێکیش لەسەر تەخت دادەنیشت، دەستوپێوەندەکانی بەڕەنگو ڕوویەك بەپیریەوە دەچوونو پێشوازیان دەکرد کە خۆ فیدا کردن وگوێڕیەڵی دەنواند.

ڤێرسای:-

لۆیسی چواردە لە دووری دوازدە میل لە پاریس کۆشکێی فراوانی بنیاتنا کە هیچ کۆشکێکی تر لە قەشەنگی و جوانیو گەورەیدا شانیان لە شانی نەدەدا. ئەم کۆشکەش ڤێرسابوو. کۆشکی ڤێرسای بەشێوەیەك فراوان بوو کە سەرەڕای ماڵ و منداڵەکەی سەدان لە خانەدانان و ژمارەیەکی زۆری لە خزمەتکارو سەربازانی لە خۆدەگرت. ژوورو هۆڵەکانی ڕازێنرابوویەوە بەجۆرەها کەلوپەلی ناومالو تابلۆو نیگاری نەخشکراو بەزێڕو جۆرەها وێنەوپەیکەر. هەرچی تێیدا بوو بە شێوازێك نەخشکرابوو کە گەورەیی لۆیسی چواردەی تیادا دەدرەوشایەوە. ڤێرسای شاکارێکی بیناسازی بوو لەجوانیداو بە جۆرەها پەیکەر ڕازێندرابۆوە. ئەم کۆشکە حەوزو مەلەوانگەی لە خۆگرتبوو، هەروەك دەورە درابوو بە دارستانو سەوزایی کە پاشا هەرکاتێك ئارەزووی کردبا ڕاوی تیادا دەکرد. جوانی ڤێرسای تاکو ئێستاش میوانانیو سەیرکارانی سەرسام دەکات.

پادشایان هەوڵیاندا لاسایی ئەو بکەنەوە لە دروستکردنی نشینگەی گەورەو سەرنج ڕاکێش، بەلاَم هیچ یەکێکیان نەیانتوانی شان لە شانی بدەن. ڤێرسای خانەدانانی بەلای خۆیدا کەمەندەکێش دەکرد، وەك چۆن ڕۆشنایی پەروانە بۆلای خۆی کێش دەکات. خانەدانان لەوێدا ژیانیان بەکەشخەییو خۆنواندن دەگوزەراند بەبێ ئەوەی هەستن بەئەنجام دانی هیچ کارێکی سەخت. "کۆنت یاخود دۆق" شانازی دەکرد ئەگەر هەندێ لە پۆشاکەکانی پاشای وەچنگ کەوتبا، یاخود پاشا دوای خۆشۆردنی خاولیەکەی پێبداباو بەدەستی کەوتبا. خانەدانانو دەرەبەگەکان لەوێدا ببوونە

کەلوپـەلی جوانکـاری. ئـەوان کەلوپـەلی ڕازاندنـەوە بـوونو خەرجیـەکی زۆرو لـە ڕەدەبەدەریان لێ خەرج دەکرا.

جگـە لەمـە ڤێرسـای ببـوە جێگـەی هونەرمەنـدانو ئـەدیبانیش، ئەمـەش بەسـایەی پاشاو برەودانی لۆیس بەهونەرو ئەدەب. لە وێژەی شانۆیی "کورنیلی"کە دامەزرێنـەری شانۆی فەرەنسیو هۆزانڤان "مولێر" مەزنترین نوسەری دراما کە فەرەنـسا بەخۆیـەوە بینی بووی "لەم کاتەدا". هەروەها نوسەر "ڕاسـین"و "ڕۆمـاننوس "لاڤـۆنتین"، جگـە لەمانـە وێـژەوان "مـادام سـیڤینی" کـە لێهـاتو بـوو لـە نوسـینی یاداشـتدا، لەوێـدا خزمەتـدەکران. ئەمانـە بەپەرۆشـەوە پێـشوازیان لێ دەکـراو بەهۆیـەوە سـودمەندی گەورەبوون.

بەڕاسـتی لۆیـسی چـواردە پـشتیوانی هونـەری بیناسـازیو پەیکـەر تاشـیو نەخشەسازو وێنەکێشو مۆسیقاژەنان بوو. ڤێرسای ژمارەیەکی زۆری لە هونەرمەندانی بـەلای خۆیـدا کێـشکرد، "لـۆیس"یـش خـستنیە ژێرسـایەی خـۆی. ئیـدی چـاپوکیو سەلیقەی هونەری لەجوانکردنی ڤێرسا دەرکەوت. "مانزرت"ی بیناساز ئەو کەسـە بـوو کە بەشی سەرەکی ڤێرسای بنیاتنا، بەهەمان شێوە هۆڵی گەورەی ناسراو بـە "بگرانـد تریانۆی"ی دروست کرد. جگەلەمە"مانزرت جیرادرون"پەیکەرتاشی فەرەمیو "لیبرن" وێنەکێشی تایبەتی لۆیس بوو. "لـولی" مۆسـیقا ژەنـیش چـەند پارچـەیەکی بـەجۆشو خرۆشـی مۆسـیقای ئـۆپرای داهێنـا. جگـە لـەم هونەرانـە، سـازکردنی چێـشتو خواردەمـەنیش لـە سـەدەمی لیـسی چـواردەدا ببـووە هونـەرێك. "ڤاتیـل" کـە سەرپەشـیاری شێوسـازان بـوو، بـەهۆی ناتەواویـەکی هونـەری لـە بابـەت جۆرێـك لـە جۆەکانی خـواردن گیـانی سـپارد. شـیاوی باسـە "لۆیسی چـواردە" تـەنها مەبەسـتی ژیانێك نـەبوو کـە بەخۆشـیو چـێژەوە بـژیتو تـەواو، بـەڵکو ئـەم جگەلـەوە ئاگـاداری کارەکـانی دەکـردو هەڵدەسـتا بـە خوێندنـەوەی ئـەو ڕاپۆرتانـەی کـە بـاڵوێزو دەسەڵاتدارەکانی خـۆی بۆیـان دەنـارد، هـەروەها خـۆی سەرپەرشـتی ئـەو دانیـشتنو

کۆبونەوانەی دەکرد کە لەگەڵ گەورە وەزیران سازی دەدانو لەوێدا بڕیاری لەسەر سیاسەتی دەوڵەت دەدا لە کاتی جەنگو ئاشتی. هەروەك یاسای دادەڕشتو پیاوانی دەوڵەتی دادەمەزراند لە شوێنە جیاجیا کانی وڵات، چ وەك دەسەڵاتدار لەسەر ناوچەیەك، یاخود وەك فەرمانبەرێکی دەوڵەت.

کۆلبێر 1619-1683:-

لۆیسی چواردە لە جێبجێ کردنی سیاسەتی ناوخۆیدا لەلایەن وەزیری بەناوبانگ "کۆلبێر" هاوکاری دەکرا. "کۆلیبێر" کوڕە بازرگانێك بوو، "مازارین" لە حکومەتدا دایمەزراندو بە پۆستەکاندا سەرکەوتو لە دوای مردنی مازارین بوو بە وەزیری سەرەکی لۆیسی چواردە. ئەم وەزیرە جگە لە جەنگ سەرپەرشتی تەوای وەزارەتەکانی دەکرد. کۆلبێر نۆبەرەی کارەکانی بەچاککردنی دارایی دەوڵەت دەست پێکرد. ئەم هەستا بە دەرکردنی هەرکەسێ کە بە ناپاکی کردن ناسرابێت لەکۆکردنەوەی باج دا. هەروەها باجی ناڕاستەخۆی سەپاند بەسەر کەلوپەلدا، بەو مەبەستەی قورسایی باج بکەوێتە سەرشانی سەرجەم چینەکانی وڵات. وە بۆ کەم کردنەوەی قورسایی لەسەر شانی جوتیاران، باجە ڕاستەوخۆکانی سەرزەویو زاری سووککرد. جگە لەمە کۆلبێر برەوی دا بە بەخێوکردنی ئاژەڵیماڵیو ڕێگەکانیو ئامرازەکانی هاتوچۆی چاککرد.

برەو دانی بە بازرگانیو پیشەسازی:-

"کۆلبێر" بە پێویستی زانی برویدات بە بازرگانیو پیشەسازی، بەهۆی ئەوەی هێزو توانای جەنگی پشت بەم دوو لایەنە دەبەستێ. باوەڕی وابوو گەلێکی هەژار ناتوانێ لە ڕێگەی باجەوە داراییەکی تەواوبدات بە حکومەت. هەربۆیە بە ئەرکی حکومەتی دەزانی کە بە هەر میکانیزمو ئامرازێك بۆی بلوێ ئابووری وڵاتەکەی ببوژێنێتەوە. لۆیسی چواردەش ڕەزامەندی لەسەر ئەمە نواند. کولبێر بۆ بەدیهێنانی ئەم ئامانجانە بە

توانابیەکی بێ وێنەوە قۆڵی لێهەڵماڵی‌و دەستی کرد بە پاداشت دانەوەی داهێنەرانو یارمەتی پێشکەشی هەرکەسێ دەکرد کە پرۆژەیەکی بازرگانی نوێی هێنابایە ئارا. هەروەها هانی کرێکارانی دەرەوەی فەرەنسای دەدا بۆ ئەوی لەفەرەنسادا کاربکەنو ڕێگەی گرت لە کرێکارە فەرەنسیەکان لەوەی ولات جێبهێڵن. وە بۆ زیادکردنی ڕۆژانی کار، حەڤدە ڕۆژی لە ڕۆژانی پشوی هەڵوەشاندەوە کە لەناویاندا ژمارەیەك پشوی دێرینی تیادابوو. ئامانجی بەرزی کۆلبێر دروستکردنی ولاتێکی پیشەسازی بوو کە سەرجەم تاکەکانی سەرقاڵی کارکردن بن تیایدا.

کۆلبێر بانگەشەکاری مەزهەبی بازرگانی بوو، لەو بڕوایە دابوو کە ئەگەر بیەوێت فەرنسا بکاتە ولاتێکی دەوڵەمەند، ئەوا پێوستە هەناردەی زیاتر بێت لە هاوردە. ئەمەش لەڕێگەی زیادکرنی بەرهەمهێنانە خۆماڵیەکانو کەم کردنەوەی هاوردە کردن دهاتەدی. جا بۆ گەیشتن بەم ئامانجە، کۆلیبێر برەوی دا بە پیشەسازیو بەرهەمە ناوخۆییەکانو کۆسپی خستە بەردەم هاتنە ناوەوەی بازرگانە بیانیەکان، هەروەها هاوکاری دارایی پێشکەش دەکرد بۆ دروستکردنی کەشتی لە ناوخۆی فەرەنساداو بارکردنی کەشتیە فەرەنسیەکان بە کەلوپەل. هەروەك باجی قورسی سەپاند بەسەر شتومەکی هاوردەکراوداو چەند مەرجێکی درێژی خستە سەر پیشەسازی فەرنسی‌و وای لێکرد بەرهەمەکە چاك بێتو سەرنجی بیانیەکان ڕاکێشێ بۆ کڕینی. کۆلبێر باوەڕی وابوو کە داگیرگەکان سودێکی بازرگانی گەورەیان تێدایەو دەتوانرێ بکرێتە بازاڕێکی گەرم بۆ کالای فەرەنسی. لەبەرئەمە دورگەی "مارتینك"و "کوادا لوب"ی لە هیندی خۆرئاوا کڕی‌و هانی نیشتەجێ بوونی فەرەنسیەکانی دەدا لە "کەنەداو لوێزیانا" لە ئەمریکای باکورو "سنت دومینکۆ" لە ئەمریکای ناوەڕاست. جگەلەمە ناوەندی بازرگانی لە هەریەکە لە "هیندو مەدغەشقەرو سەنیگال" دامەزراند. بەمەش فەرەنسا بوویە دەوڵەتێکی داگیرکاری گەورە.

وە لەڕووی بازرگانی ناوخۆی فەرەنسا، کۆلیبێر بە ئاسانکردنی هاتوچۆو گەیاندن‌و لابردنی گومرگ لە ناوخۆدا، کاری کرد بۆ ئاسانکردنی هێنان وبردنی کەلوپەل لەنێوان ناوچەکانی ولات. کۆلیبێر لە هەریەکە لە "تۆلۆن ڕۆشفوردو وکالی‌و بریست هاڤر" بەندەرو وێستگەی دامەزراندو هەولێکی زۆریدا لە پێناوی بەهێزکردنی بواری دەریایی فەرەنسی. هەر لەم نێوانەشدا چەند قوتاپخانەو کۆگاو جبەخانەیەکی بنیاتنا، ئەمەو جگە لە دروستکردنی کەشتی جەنگی فەرەنسی. هەروەها دەریاوانانی ناچارکرد بۆ ماوەیەکی دیاری کراو لە ئاوەکانیان بمێننەوە. هەروەك فرمانی کرد بەدادوەران کە ژمارەیەکی گونجاو تاوانبارانی بۆهەناردە بکەن بەمەبەستی بەکارهێنانیان لەکاری صەوڵ لێداندا.

بەڕاستی کۆلیبێر پیاوی هەڵکەوتووی دارایی‌و ئابوری بوو. بەلام لەگەڵ ئەمەشدا دەسکەوتی لەبوارەکانی تردا هەیەو دەستکەوتی بوارەکانی تریشی کەمترنییە لەپڕۆژە دارایی‌و ئابوریەکانی. ئەوەتا دەبینین لەبواری زانستی‌و هونەریدا هەنگاوی ناوەو بە مەبەستی برەودان بەزانست وهونەرو مۆسیقا توانیویەتی چەندەها ئەکادیمیای زانستی یاخود پەیمانگەی فەرەنسی"بەپێی گوتەی ئەمڕۆ" بنیات بنێ. ئەمجا فرمانی دا بە بەرزکردنەوەی ئاستی ئەکادیمیای فەرەنسی کە ریشیلیۆ کاتی خۆی دایمەزراندبوو، هەروەها بەردی بناغەی نۆڕینگەی"مرصد" ئەستێرەیی لە پاریس دارشت. ئیدی بەهۆی کارەکانی کۆلیبێر، شێوە کارگێڕیەکەی ریشیلیۆ بەهێزتر بوو. وەلێ لەگەڵ هەموو ئەمانەدا کۆلیبێر خۆی لەبیرنەکردو زۆر گرنگی بەکاری تایبەتی خۆی دەداو، کاتێکی زۆری تەرخانکرد بۆ برەودان بەکارو بارەکانی. ئەمە بەشێوەیەك بوو کە کاتی لە ساڵی 1683لە دنیا دەرچوو سەروەت‌و سامانێکی زۆری بەجێهێشت، دوای ئەوەی وەك وەزیرێك نزیکەی بیست ساڵ خزمەتی ولاتی کرد[1].

---

1 IBID;PP.323-364

کەمووکورتیەکانی ڕۆژگاری لۆیسی چواردە

پاشایەتـی ڕەهـا:-

سـەرەڕای ئـەوەی لـە سـەردەمی لۆیـسی چـواردە، بـەهۆی کارەکـانی کـۆلیبێر خۆشـگوزەرانی بڵاوبوویـەوەو کۆشـکی جـوانو قەشـەنگ بنیـات نـران. وەڵێ شـتێکی ئاساییە ڕەخنەگەلێکی زۆر لە سیاسەتەکەی بگیرین. یەکێ لەوانە پادشـایەتی ڕەهایـە. کاتێـك سـەیر دەکـەین لەپاشـایەتی ڕەهـادا هـەموو شـتێك بەسـتراوەتەوە بـە ویـستو مەبەستی پاشا، تاکە کەسێکەو هەردەم کەسێکی باشە، لەمەشدا کەمو کورتیـەکی زۆر هەیە. هیچ کەس ناتوانێ کاروباری وڵات بەڕێوەبـەرێ هەرچـەندە کەسـێکی لێوەشـاوە بێـت. لـۆیس لەگـەڵ ئـەوەی کەسـێکی بـەتواناو چـالاك بـوو، بـەڵام زۆر خۆهـەڵکێشو لەخۆبایی بوو. بەشەیدا بوونی بۆ سـەرکەوتن بـەڵاو کارەسـاتی توشـی فەڕەنـسا کـرد. لـۆیس پـەی نـەدەبرد بـەو کێـشانەی کـە ڕووبـەڕووی دەبوویـەوە. ئـەم بـە لـە دەورهەڵـسوڕنو مـەرایی کردنـی ئـەو خەڵکـە کاڵفامانـەی دەورەیـان دابـوو، بەئاسـانی لەخشتەدەبرا. تەنانەت هەندێ جار لۆیس بەبیرو بۆچونەکانی ئەوان هەنگاوی دەنا.

چەوساندنەوەی پرۆتستانتەکان:-

سیاسـەتی ئـاینی لۆیـسی چـواردە یەکێکـە لـە کەموکورتیـەکانی ڕۆژگارەکـەی. "پرۆتـستانتی یـان هیگۆنـۆت" کەمایەتیـەکی کـەم بـوون لـە فەڕنـسا، بـەڵام پیـادەی دەسەڵاتێکی گەورەیان دەکرد. ئەمانە بەهرەمەنـد بـوون لـەو بەربژاریانـەی کـە هنـری چوارەمی یەکەم پاشای بنەماڵی بۆربۆون لەسـاڵی 1598 پێـی بەخـشین. لـۆیس لـەم سەرو بەندەدا بەشێوەیەکی تر بـیری دەکـردەوەو حـەزی لـە یەکیـەتی ئـاینی بـوو لـە فەڕەنسا، لەبەرئـەوە سیاسـەتی چەوسـاندنەوەی هیگۆنۆتـەکانی گرتەبـەرو ئەوانەشـی دەبەخشی کە دەستبەرداری ئاینزاکـەیان دەبـوونو کاسـۆلیکیەتیان پەسـەند دەکـرد. بەم شێوەیە کارەکان ڕۆیشتن تا لـە سـاڵی1685 فرمـانی "نانـت"ی هەڵوەشـاندەوە،

بەمەش سەربەستی پەرستشکاری لێ قەدەغەکردن. هەربۆیە فەڕنسا لە کایەی کێبڕکێو پێشکەوتن ڕوەو ئازادی ئاینی دواکەوتو ئەو ژێرخانە ئابوریەی تێکشکا کە کۆلبیێری مەزن بنیاتینا. ئەمەش بەهۆی ئەوەی هیگۆنۆتەکان چینێکی بەرهەمهێن بوونو زۆرینەیان لە چینی ناوەڕاست بوونو بەهۆی ئەو ستەم زۆرداریەی لە دژیان پیادەکرا ناچاربوون ولآت جێبهێڵنو ڕووەو هۆڵنداو ئینگلتراو پروسیا ڕەویکەن. تەنانەت ژمارەیەکی بەرچاویان چوونە پاڵ ئەو سوپایانەی کە لە دژی لۆیسی چواردە لە جەنگ دابوون. ژمارەی کۆچکردوە پرۆتستانتەکان بە هەشت سەد هەزار کەس دەخەملێندرێو بە کۆچکردنیان باری ئابووری فەڕنسا داڕوخاو هەریەکە لە هۆڵنداو ئینگلترا لە ڕووی ئابووریەوە بوژیان دایەوە.

ناکۆکی لەگەڵ پاپاو لەناوبردنی جانسینیەکان:ـ

لەسەر کێشەیەکی بچوك ناکۆکی لەنێوان لۆیسو پاپا سەریهەڵدا. کێشەکەش خۆی دەبینیەوە لەو باجانەی کە لۆیس لە پیاوانی ئاینی وەردەگرت لەو کاتەی لە پۆستێکی کڵێسا دای دامەزراندن. جا پاپا ڕایگەیاندو ئەوەی بەمافی خۆی دەزانی، نەوەك مافی لۆیس. ئەم کێشەیە لە جوغزی گفتوگۆ نەمایەوەو سەری کێشا بۆ ناو دەستورو بوو بەپرسێك بەوەی ئایا پاپا مافی ئەوەی هەیە دەست لە کاروباری حکومەتی فەرەنسیو حکومەتەکەی وەربدات؟. بەمە ناکۆکی نێوان کڵێسای کاسۆلیکیو حکومەتی فەرەنسی توندتر بوو. لەم کاتەشدا داواکاری بۆ لەیەکتری جیا کردنەوەی کڵێسای فەرەنسی لەپاپای ڕۆما زۆربوو. فەرەنسیەکان گەرەکیان بوو کڵێسایەکی سەربەخۆ لەسەر شێوازی ئینگلترا بنیات بنێن، لەم نێوانەشدا کۆمەڵێك لە پیاوانی ئاینی پشتیوانی لۆیسی چواردەیان دەکرد. ئەوەبوو لە ساڵی1682 ئەنجومەنی ئەکلیرۆس ی فەرەنسی فەرمانێکی ڕاگەیاندو بەپێی فەرمانەکە:

1-پادشا لەمەڕ کاروباری دنیایی سەربەخۆیە لەپاپا. 2-ئەنجومەنی پاپەوی بالاترە لە پاپا. 3- ئەو بڕیارە پاپەویانە پووچن گەر پێچەوانەبن لەگەڵ نەریتی کلێسای فەرەنسی. 4-پێویستە ڕەزامەندی پیاوانی ئاینی لەسەرجەم بڕیارە پاپەویەکان وەربگیرێ.

ڕاگەیاندنی ئەو فەرمانە بووبە هۆی توندتربوونی ناکۆکی نێوان لۆیسی چواردەو پاپا "ئانوسنیتی" یازدە. ئەم ڕەوش و پەیوەندیە بارگرژە بۆ ماوەی یازدە ساڵ بەردەوام بوو. بەلاّم ئەو جەنگە زۆرانەی لۆیسی چواردەیان بەخۆیانەوە خەریك کرد، بووە هۆی ئەوەی لۆیس بڕیاری سەربەخۆکردنی کلێسا هەڵبوەشێنێتەوە. هەرچۆنێك بێت "لۆیس" توانی ڕەزامەندی پاپا بەدەستبهێنێت بۆ کۆکردنەوەی باجی سەپێنراو لەسەر پیاوانی ئاینی لە کاتی دامەزراندیاندا و، پاپا ئەوەی بەمافی پاشا دانا لە کاتێکدا بنەچەی ناکۆکیەکانیان بوو.

بەلاّم ناکۆکی ئاینی هەر کۆتایی نەهات، ئەمەش کاتێك لە هەناوی کلێسای کاسۆلیکی ئاینزایەکی تر سەریهەڵدا بەناوی "جانسینەکان". ئەوانە شوێنکەوتەی "کورنیلس جانسن" بوون، کە یەکێ بوو لە زاناکانی لاهوت"خوداناسی"لە هۆڵندا لە سەدەی حەڤدە. "جانسن" کتێبەکانی "سانت ئۆگستین"ی- خوێندبوویەوەو گەیشتبووە ئەو ئاکامەی کە کالڤن لەمەڕ ئیمانو باوەڕ پێی گەیشتبوو. بەومانایەی کە باوەڕ بەناچاریو قەزاو قەدەرو ئیلهامە. ئەم بیروڕایە لەگەڵ بیروباوەڕی یەسوعیەکان تێکدەگیرا، کاتێ ئەوان باوەڕیان وابوو مرۆڤ ڕزگاربوونی دەستگیردەبێ لە ڕێگەی ئەنجامدانی کرداری چاکەوە، ئەمەش لە ژێر ویستی ئازادی خۆیو بەسەرپەرشتی قەشە دێتەدی. جانسینەکان لە سادەژینیو دەستگرتنیان بە ئاکارە بەرزو پەسەندەکانو جەخت کردنەوەیان لە کەم کردنەوەی خەرجیەکان، لە کالڤینیەکان دەچوون. هەربۆیە چینی ناوەڕاست بەلایاندا دەهاتن. بەلاّم کەوتنە بەردەم هەڕەشەو بنبڕکاری یەسوعیەکان.

پاپا دەستی کرد بەگرتنەبەری ڕێوشوێنی پێویست لە دژی جانسیەکان‌و ناچاری دەکردن دەستبەرداری زۆرێك لەبیروباوەڕەکانیان بن. ڕیزەکانی پارچە پارچە دەکردن لە سەردەمی لۆیسی چواردە. "لۆیس" هەرگیز بواری نەدەدا هیچ بزوتنەوەیەکی ئاینی سەرهەڵبدات. هەروەك کۆمەڵەی هادیئیەکانی لەناوبرد، ئەوانەی پێداگیریان دەکرد لەسەر خۆشەویستی خوداو ڕۆچوون لەخۆشەویستیداو بیرکردنەوەی قوڵ لەجیاتی ڕزگاربوون. لۆیسی چواردە ڕابەرانی ئەم ئاینزایەی وەك "فینیلون، مدام گۆیان"ی ناچارکردو ئەوانی خستە دورپیانی دەستهەڵگرتن لەپۆستەکانیان یاخود گەڕانەوە سەر بیروباوەڕی پێشوویان. ئەم بزوتنەوەیە نوشستی هێنا هەروەك چۆن جولانەوە ئاینیەکانی تریش شکستیان هێنا.

لۆیس ئەوەندەی پەرەی بە بەرژەوەندی بنەماڵەی بۆربۆن دەدا ئەوەندە گرنگی بەوڵاتەکەی نەدەدا. لۆیس زۆر شەیدای ڤێرسای بوو، هەڵدەستا بەسازکردنی کەرنەڤاڵ‌و ئاهەنگ تیایداو خانەدانانی بۆ بانگهێشت دەکرد. حەزکردنی لۆیس بۆ ڤێرسای گەیشتە ڕادەیەك کە جگە لەخۆی گرنگی بە ژان‌و ژینی کەس نەدەدا، بەمەش ڕەچەیەکی خراپی بۆ ئەوانەی دوای خۆی کردەوە. کاتێك دەبینین ئەوانەی پێش "لۆیسی چواردە" بەناو فەرەنسادا دەگەڕان بە مەبەستی لە نزیکەوە بینینی بارودۆخی خەڵکی، بەلاَم ئەوانەی لە دوای "لۆیسی چواردە"وە- هاتن بەهیچ شێوەیەك ڤێرسایان بەجێنەدەهێشت.

ئیدارەی وڵات بەئەوەوە بەسترایەوەو دەسەلاَتی ڕەهای بەرەو لوتکە دەڕۆی. لۆیس لە کۆتاییەکانی ژیانی کەسانی ناشیاوی دەکردە دەسەلاَتدار لەهەرێمەکان‌و گوێی بەسکالاَی خەڵکی نەدەدا لەدژی ئەوان. "لۆیسی چواردە" بەبێ ئەوەی لایەنە ئەکتیڤەکانی دەسەلاَتی خۆجێی بزانێ، سیستەمی ناوەندی بەلاوە پەسندتربوو. بەمەش گیانی داهێنانکاری لە ناو خەڵکی خامۆشکرد. ئەم باوەڕی وابوو کە ئەگەر حکومەت کار نەکات، ناگونجێ لەلایەن خەڵکانی ترەوە ئەنجام بدرێ.

سەرەڕای ئەوانەی باسمان کردن "لۆیس" لەهەمبەر خەڵکی بێ پەروابوو، هیچ هەوڵی نەدەدا بۆ لابردنی قورسایی دارایی لەسەر شانی گەلی فەرەنسی. جەنگە زۆرەکانی‌و ئەو خەرجیانەشی کە لە بنیاتنانی ڤێرسای سەرفی دەکرد، خەزێنەی دەوڵەتی توشی کورتهێنان کرد. هەرچەندە لۆیس هەوڵی دەدا باجەکان بەشێوەیەکی دادگەرانە گشت چین‌و توێژەکان بگرێتەوە، بەڵام چینی دەولەمەندەکان لەخانەدانان‌و پیاوانی ئاینی بەخشرابوون لەم باجانەو هەر چینی ناوەڕاست‌و هەژاران بوون خەرجیەکانی "لۆیسی چواردە"یان- کەتبووە ئەستۆ، کە لە ئاکامی دا بەفەتارەت چوونی گەلی فەرەنسی لێکەوتەوە.

جگەلەمە لۆیسی چواردە دەستکاری لایەنی ژیاری فەرەنسی کرد لە بواری وێژەو هونەرو ئارەزووەکان‌و لە بواری ڕەفتارە بەرزە کۆمەڵایەتیەکان. لەم نێوەندەدا هەستا بەدانانی چەند یاسایەك لە بارەی هەڵسوکەوتی کۆمەڵایەتی ڕاستودروست لە دەربارو کۆمەڵە یاسایەکی تریشی دانا بۆ ڕێکخستنی خوونەریتە شارستانیەکان، کەدواتر بەنەریتی لۆیسی چواردە ناسرا. هەروەها چەند یاسایەکیشی بۆڕێکخستنی بازرگانی کۆیلە داڕشت. ئیدی شارستانیەتی فەرەنسی لە ئەوروپادا بلاوبوویەوەو زمانی فەرەنسی وەك زمانی وێژەو دیبلۆماسی شوێنی زمانی لاتینی گرتەوە.

سیاسەتی دەرەوەی لـــۆیـــس:-

یەکێکی تر لە ناتەواوی‌و کەم‌وکورتیەکانی ڕۆژگاری لۆیسی چواردە، بریتی بوو لە جەنگە زۆرەکانی، ئەو جەنگانەی کە داهات‌و دارایی دەوڵەتی بەهەدەرداو هێزی لە گەلی فەڕەنسی بڕی. سیاسەتی دەرەوەی لۆیس لە دوو بواردا خۆی دەبینیەوە کە بریتین لە 1-گەیشتن بەسنوری سروشتی، ئەمەش بە مانای گەیشتن بە چیاکانی ئەلپ‌و بڕانس لە خۆرهەلات‌و باشوروی فەڕەنسا، هەروەها ڕووباری ڕاین لە خۆرهەلات.
2- بەهێزکردنی پێگەی دەسەلاتی بنەماڵی بۆربۆن‌و بەرزکردنەوەی ناوو ناوبانگیان

لەسەرحیسابی بنەماڵەی هبسبرگی نەمساوی‌وئیسپانی. جا لەپێناوی بەدی هێنانی ئەم ئامانجانە لۆیس لەنێوان ساڵانی 1667-1713 زنجیرەیەك جەنگی هەڵگیرساند.

جەنگەکانی لۆیسی چواردە:-

لۆیسی چواردە پیاوێکی سەربازی نەبوو، وە لەژیانیشیدا بە جل‌و بەرگی سەربازی دەرنەکەوتووە، هەروەك پێشەوایەتی سوپاکەیشی نەکردوە بەرەو گۆڕەپانی جەنگ، هیچ شتێکیشی سەبارەت بەزانستی سەربازی نەزانیوە. بەڵام ئەم ناتەواویەی پڕکردەوە بە هەڵبژاردنی باشترین کەسە سەربازیەکان بۆ وەزارەتی جەنگ‌و سەرکردایەتی کردنی سوپا. لە وەزارەتی جەنگدا لۆیسی چواردە " لوڤوا"ی خستە سەرکار 1641-1691. "لوڤوا" لە بەڕێوەبردنی کاروباری سەربازی هیچی کەمتر نەبوو لە "کۆلیبێر" لە بەڕێوەبردنی باری دارایی فەرەنسا. واتا:"وەك چۆن کۆلیبێر شارەزابوو لە بەڕێوەبردنی باری دارایی، بەهەمانشێوە "لوڤوا" شارەزابوو لە سەروکاری کردنی کاری سەربازی". تەنانەت لە مێژووی ئەوروپای نوێدا ئەم یەکێکە لە گەورەترینی وەزیرانی جەنگ.

"لوڤوا" سوپایەکی دامەزراند کە باشترینی سوپاکانی ئەوروپا بوو لەم ڕۆژگارەداو تەیاری کردن بەسەرجەم پێداویستیەکانی جەنگی‌و بە ڕێکخستنێکی توندوتۆڵ ڕێکیخست. ئەمجا مەشقی ئەم سوپایەی دا بە باشترین مەشق‌و ڕاهێنان‌و ژیانی سەربازی خێوەتگەکانی تەندروست کردو پێشکەوتن‌و بەرزبوونەوەی لەسەر بنەمای لێهاتوویی‌و توانا داری دانا، نەوەك لەسەر بنەمای لایەنگری لێکردن.

یەکێکی تر لە ئەندازیارە سەربازیەکان "ڤوبان" بوو، کە ناوبانگی هەبوو لە دارشتنی نەخشەی بەرگری جەنگی‌و لە بنیاتنانی قەلای بەهێز لە سنووری باکورو خۆرهەلاتی فەرەنسا. جگە لەوانە"کۆندی‌و تۆرین" بەناوبانگترین سەرکردە بوون لەنێو

سەرکردەکان. ئەم جووتە سەرکردەیە لە جەنگی سی ساڵە دا چەند سەرکەوتنێکی بێ وێنەو لە ڕادەبەدەریان بە دەستهێنا بۆ فەڕنسا.

لۆیسی چواردە مەزنترین دیبلۆماتکاری سەردەمی خۆی بوو، بەهاوکاری "کۆلیبێر، لۆڤوا" توانی سیاسەتی دەرەوەی جێبەجێ بکات. کاتێ لۆیس لە ساڵی 1661 هاتە سەرتەخت، ئیسپانیا لە خۆرهەڵاتی فەڕنسا فەرمانڕەوایی بەلجیکاو هەرێمی "فرانش ، کونتی" دەکردو بەسەر میلانۆشەوە دەسەڵات داربوو لە باکوری ئیتاڵیا. لەملاشەوە بنەماڵەی هبسبرگی نەمساوی فەرمانڕەوایی ویلایەتەکانی "ڕاین"ی دەکرد لە سنورەکانی خۆرهەڵاتی فەڕەنسا. "لۆیسی چواردە" بۆ پاساودان بەجەنگەکانی جەختی دەکردەوە لەسەر سنوری سروشتی لە چیاو ڕوبارو دەریاچەکان، ئەمەشی بۆیە دەهێناوە چونکە کاتی خۆی فەڕەنسا دەورە درابوو بەسنوری سروشتی. ئەم سنورەش خۆی دەبینیەوە لە چیاکانی "ئەلپ ، بڕانس"و ڕوباری "ڕاین"و زەریای "ئەتلسی". جا بەپێی ئەمە لەسەر فەڕەنسا پێویستبوو ئەم زەویانە بگێڕێتەوە کە لە ژێر دەسەلاتی فەڕنسا نەماوە لەجوغزی ئەم سنورەدا. بۆ بەدیهێنانی ئەم ئامانجەش لۆیسی چواردە خۆی خستە نێو چوار جەنگی گەورە. ئەمانەش بریتین لە جەنگی "گوێزانەوە، جەنگی دژبە هۆڵندا، جەنگی دەستەی ئۆکسبرگ، جەنگی دژ بە ئیسپانیا".

جەنگی گوێزانەوە "حرب الانتقال" 1667-1668:-

کاتێك فیلیپی چوارەمی پاشای ئیسپانیا لە ساڵی 1665 مرد، لۆیسی چواردە بانگەشەی ئەوەی کرد کە خێزانەکەی کچی فیلیپی چوارەمە، بۆیە پێویستە زەویەنزمەکانی ئیسپانیا بۆ ئەوبێت" بەپیی ئەو ڕێکەوتنەی کە پێشتر واژۆکرا، کچی فیلیپی چوارەم درایە لۆیسی چواردە". لەمەشدا دەیویست ئەم ناوچەیە بلکێنێ بەفەرەنسا. ساکاتێکیش ئیسپانیا ئەوەی ڕەت کردەوە، جەنگ لەنێوان هەردوولا دا هەڵگیرساو فەڕەنسا سەرکەوتنی بەدەستهێنا. فەڕەنسا توانی بێلایەنی هۆڵنداو سویدو

ویلایەتــە پرۆتــستانتیەکانی ئــەڵمانیا بەدەســتبێنێ. هــەروەها هەڕەشــەی لــە ئیمپراتۆریەتی نەمساوی کرد بەجەنگی ناوخۆ، ئەگەربێتو بۆ پارێزگاری ئیسپانیا خۆی بخاتە جەنگ. لەم ماوەیەشدا واتا لە ساڵانی 1665-1667ئینگلترا لە جەنگی بازرگانی دابوو لەگەڵ هۆڵندا لە ئەمریکاو زەریای باکور. دەوڵەتانی ئەورووپاش مەترسیان هەبوو لە فراوانخوازیەکانی فەرەنسا، لەبەرئەوانە هۆڵندا جیاوازیەکانی لەگەڵ ئینگلترا کۆتایی پێهێناو هاوپەیمانیەکی سیاسی پێکهێنا. کە پێکهاتبوو لە سویدو هۆڵنداو ئینگلیرا، بەمەبەستی هەلوێست وەرگرتن لەبەرامبەر لۆیسی چواردەو گێڕانەوەی هاوسەنگی نێودەڵەتی. بەمەش لۆیس ناچار بوو داوای ئاشتی بکات. ئیدی ولاتانی شەڕکەر کۆبوونەوەو پەیمانی "ئەکسی لاشبیل" بەسترا لە ساڵی 1668. بەپێی ئەم پەیمانە فەرەنسا بەشی باشووری بەلجیکاو کۆمەڵێ شاری قایمی پێدرا کە بریتی بوون لە "لیل ، تورینە، شالروا". بەڵام بەشی گەورەی بەلجیکا لەژێر دەسەلاتی ئیسپانیادا مایەوە.

دووەم: جەنگ لەدژی هۆڵندا:- 1672 -1678:-

لۆیسی چواردە فرمانی بەسوپاکەیدا هێرش بکەنە سەر هۆڵندا، بەو بیانوەی لە جەنگی فەرەنساو ئیسپانیادا، هۆڵندا لە دژی فەرەنسا ڕاوەستاوەو دەوڵەتانی لێ وزاندوە "ولاتانی لەسەر کۆکردبویەوە". بەڵام لە ڕاستیدا بەمەبەستی گەیشتن بە ڕوباری "ڕاین"، لۆیس دەیویست هەندێ لە زەویەکانی هۆڵندای وەچنگ کەوێ. "لۆیسو کۆلیبێر" لەو باوەڕەدابوون کە چینی بازرگانی فەرەنسی کەڵکوسودی زۆر دەبینێ، ئەگەر بێتو قۆرغکاری بازرگانی هۆڵندا لە ناوبرێ. لەملاشەوە هۆڵندا نەیدەویست فەرەنسا لەتەکی دابێتو دراوسێی بێت بەتایبەت لە دوای سەرهەڵدانی کێڕکێی توند لە نێوان هەردوولایاندا. لەم سەرو بەندەدا کۆلیبێر هەستا بە دامەزراندنی پرۆژەی گەورە لە فەرەنسا، لەمەشدا دەیویست قۆرغکاری بازرگانی هۆڵندا تێکبشکێنێ. هەروەها لۆیس هەوڵیدا بە هەڵوەشاندنەوەی هاوپەیمانی سێینە"سوید،

ئینگلتەڕا، هۆڵندا"، هۆڵندا گۆشەگیر بکاتو بەتەنیا بیهێڵێتەوە. بۆئەمەش لە ساڵی 1670 پەیمانی ژێربەژێری لەگەڵ ئینگلتڕا بەست. بەگوێرەی ئەم پەیمانە "لۆیسی چوارده" ساڵانە بڕی دووسەدهەزار پاوەندی ئیسترلینی دەبەخشیّ بە پادشای ئبینگلتڕا، لەبەرامبەردا "چارلس" ئاینزای کاسۆلیکی پەسەند بکاتو بیسەپێنیّ بەسەر گەلی ئینگلیزیو لە هاوپەیمانی سێینە پاشکشە بکاتو بیّ لایەن بوەستیّ. لەراستیدا ئەم بڕە پارەیە کە درا بەچارلس بۆئەوەش بوو کە چارلس بۆ خەرجیەکانی پێویستی بە پەرلەمان نەبێت". بەهەمانشێوە لۆیس توانی سوید بیّ لایەن بکات، ئەمەش دوای ئەوەی بڕێکی بەرچاو دارایی پێشکەش کرد. بەمەش هۆڵندا بە تەنها لە گۆڕەپانەکەدا مایەوە. هۆڵندا لەناوەوەدا بەهۆی کێبڕکێی ناوخۆیەوە توشی دووبەرەکیو لێکجودایی هاتبوو. ئەم دووبەرەکیە لەنێوان شوێنکەوتوانی بنەماڵەی "ولیەم ئۆرنج"و لایەنگرانی "جۆن دی ویت" دابوو. لایەنگرانی ولیەم ئۆرنج ئەوانە بوون کە دەیانویست پادشایەتی بگێڕنەوە ولاّت. ئەمانە لەلایەن دانیشتوانی لادێکانو بەشێکی خانەدانان وپیاوانی ئاینی پشتیوانیان لیّ دەکرا. لەملاشەوە "جۆن دی ویت" کە سەرۆکی کۆماربوو، لەلایەن چینی ئەرستۆکراتیو لیبڕاڵەکانو خەڵکی شارەکان پشتیوانی لێدەکرا. بەلاّم بەسەرهەڵدانی "ولیم ئۆرنج" "با" بەلای پادشاخوازەکان هەڵیکردو ڕەوشەکەبەلای ئەواندا شکایەوە.

لە هەمانکاتداو لە ساڵی 1672 لۆیسی چوارده جەنگی لە دژی هۆڵندا ڕاگەیاندو دەستیگرت بەسەر هەرێمی "لۆرین"، بەو بیانوەی میری ئەو هەرێمە هاوکاری هۆڵندیەکان دەکات، دوای ئەوە ڕووی کردە ئەمستردام. لەم کاتەشدا "جۆن دی ویت" لەلایەن هۆڵندیەکان کوژراو "ولیم ئۆررنج"ی- لە جێگەداندرا. "ولیەم ئۆرنج" فرمانی دا بەکردنەوەی بەربەستەکان، کە بەهۆیەوە ناوچەیەکی گەورەو فراوانی باکوری هۆڵندای بەئاو داپۆشی، ئەمەش هەڵکشانی سوپای فەرەنسی وەستاندو، وەستانەکەشی کردە کارێکی پێویست.

ساکاتێکیش لۆیس مەرجەکانی هۆڵندای بۆ ئاشتی ڕەفز کرد، هۆڵندیەکان لەگەڵ ئیمپڕاتۆر "لیوپۆڵد" ئیمپڕاتۆری نەمساو میری براندنبرگ"پروسیا" پێکهاتن لەسەر پێکهێنانی بەرەیەکی سەربازی هێرشبەری. دوای ئەوە ئەوەندەی نەبرد ئیسپانیاو هەندێ میرنشینی ئەڵمانیای باکور هاتنە ناو ئەم هاوپەیمانیەتیەوە. کاتێکیش فەڕەنسا دەوڵەتی سەرکەوتووبوو لە کایەکەدا، ئینگلترا چوویە ناو جەنگ بەلایەنگری هۆڵنداو لە دژی فەرەنسا، چونکە ئینگلیزەکان وایان دەبینی کە فەرەنسا تاکە هێزی گەورەی وشکانیە کە بتوانێ کێبڕێیان لەگەڵ بکات لە بازرگانیو داگیرکاریدا. بەلاّم هۆڵندایەکی بچوکیان بە جێگەی مەترسی نەدەزانی، بەمەش لۆیس ناچاربوو پەیمانی ئاشتەوایی ناسراو بە "نیموینگ" لە ساڵی 1678 ببەستێ، کە پەیمانەکە لۆیس دانی نا بەسەربەخۆیی هۆڵندا. بەلاّم هەرچۆنێك بێت هەرێمی "لۆرینو فرانش کونتیە"لە ئیسپانیای چنگ کەوتو هەندێ قەلاّوپێگەشی لە بەلجیکا دەستکەوت. وە لەهەمان کاتیشدا میری براندنبرگ "پروسیا" ناچار بوو دەستبەرداری سەرجەم ئەو شوێنانە بێت کە دەستی بەسەرداگرتبوون لەپومیرانیا بۆ سوید بەگوێرەی پەیمانێکی تر لەهەمان ساڵدا، کە بە پەیمانی "سان جرمان" ناسرا.

لۆیس بەئاراستەی ڕاین هەرێم وناوچەیەکی زۆری دەستکەوت، هەرچەندە نەیتوانی تۆڵە بستێنێ لە هۆڵند. لە دەرەنجامی ئەم جەنگە خەزێنەی فەرەنسا توشی نابوتی هاتو "تۆرین" کە بەناوبانگترین سەرکردە سەربازییەکانی فەڕەنسا بوو لە کۆتایی جەنگەکەدا کوژرا. لەملاشەوە "کۆندی" بەهۆی خراپبوونی باری تەندروستی لە کارو فرمان دوور کەوتەوە.

جەنگی دەستەی ئۆکسبرگ 1689-1698

لۆیسی چواردە فرمانی کرد بەدەستوپەیوەنیەکانی کە لێکۆڵینەوەبکەن لەسەر تۆمارە فیودالیەکان، بۆ سەلماندنی ئەوەی کە هەر شوێنێك ڕۆژێك لە ڕۆژان سەر بەپاشای فەرەنسا بووبێتو ئەمڕۆ کەوتۆتبێتە ژێر دەستی وولاّتێکی تر. واتا:"پارچە

خاکێکی ولاتێکی هاوسێ پێشتر هی فەڕەنسا بووبێ". لەسەر ئەو ئەساسە لۆیسی چوارده کۆمەڵەیەکی دروستکردو ناوی لێنان کۆمەڵەی گێڕانەوە، بۆگێڕانەوەی موڵکەکانی فەرەنسا. ئەم کۆمەڵەیەپێکهاتبوو لەو دادوەرانەی کە سەر بە لۆیسی چوارده بوون.

لەسەر لێکۆڵینەوەکانیان "لۆیس" بانگەشەی ئەوەی کرد کە شاری "سترازبرگ"ی ئازاد لە هەرێمی ئەلازاسی ئیمپراتۆری ڕۆمانی پیرۆز لە بنەڕەتدا شارێکی فەرەنسیە. پاشان لە ساڵی1681 سوپای فەرەنسی داگیریکرد هەروەك بەقۆستنەوەی هەلی بۆ ڕەخساو بەهۆی هێرشی سوپای عوسمانیەکان لەم کاتەدا بۆسەر ئیمپراتۆری ڕۆمانی پیرۆزو گەمارۆدرانی ڤیننا لەلایەن عوسمانیەکانەوە، لۆیسی چوارده"لۆکسمبۆگ"و ژمارەیەك شاری ئەڵمانی داگیرکرد. ئیمپراتور لیۆپۆلد لەساڵی 1686 توانی هاوپەیمانیەتێك پێکبێنێ لەهەریەکە لەئیسپانیاو سویدو هەندێ لە میرنشینەکانی ئەڵمانیا "سەکسۆنیا- پاڤاریا-پلانتینات لەسەر ڕین-ساڤۆیی ئیتاڵیا". لۆیس لە داگیرکردنی پلانتینات داوای مافێکی ناڕەوای دەکرد لەم ناوچانەدا. لەم کاتەدا شۆڕشی ساڵی1688 لە ئینگلترا هەڵگیرساو "جیمس ی دووەم" تێکشکاو پەنای برد بۆ فەرەنسا، ولیەم ئۆرنج ی حاکمی هۆڵنداش بەناوی "ولیەمی سێیەم" بووبە پاشای ئینگلترا*. "ولیەم ئۆرنج" دوژمنێکی سەرسەختو ڕکەبەرێکی سەرڕەقی لۆیس بوو، خێزانەکەی کچی پاشای لادراوی ئینگلترا" جیمس" بوو. بەمە هۆڵنداو ئینگلترا لەژێر فەرمانڕەوایەتی یەك پاشادا یەکیگرتو ناکۆکیە بازرگانیەکانی نێوانیان کۆتایی پێهاتو بەیەکەوە چوونە جەنگ کردن لە دژی لۆیسی چوارده. جەنگ کردن بەردەوام بوو بۆماوەی هەشت ساڵ و شێوە جەنگێکی جیهانی بەخۆیەوە گرت، بەهۆی ئەوەی هێزی ولاتە بەشەڕ هاتووەکان سەرەڕای ئەوروپا، لە دەریاکانو لە ئەمریکاش تێکهەڵدەچوون. ئەم جەنگە لە ئەمریکا ناونرا جەنگی شا "ولیەم". لۆیسی چوارده بەڵێنی دابوو بەجیمسی دووەم کە یارمەتی بدات بۆ گێڕنەوەی تەختەکەی، هەربۆیە

---

* ئەمە لەبەشی هەشتەم بەڕوونی باسی لێوەکراوەو بەدرێژی شرۆڤە کراوە..

جـیمس بەسـەرکردەیی سـوپایەك لـە ئێرلەنـدا لـە سـاڵی1690 دابـەزی، بـەڵام لـە تێکهەڵچونی "پوین" تێشکا، کە لە نێـوان خـۆیو ولیـەم ئـۆرنج هەڵگیرسـا. سـەرەڕای هەنـدێ سـەرکەوتن کـە فەرەنـسیەکان لەسـەرەتای جـەنگ لـە کیـشوەری ئـەوروپا بەدەستیان هێنا، بەڵام لە دوای ئەوە بـارودۆخی جـەنگ گۆڕنی بەسـەرداهاتو نەمـسا بەسایەی سـەرکردە "بـوجین" مـیری سـاڤۆی سـەرکەوتو لـۆیس ناچـار بـوو پـەیمانی "ڕیزویك" ببەستێ لەگەڵ هاوپەیمانان لەساڵی1697. بـەگوێرەی ئـەم پەیمانـە لـۆیس هیچ قازانجێکی نەکردو دەستی هەڵگرت لە داواکانی لەهەرێمی پلانتینات لەسـەر ڕایـنو هەرێمی لۆرینی گێڕیەوە بۆ میرەکەی. هەروەك ڕێگەی دا بە هۆڵندیەکان کەقەڵاو بـورج دروستبکەن لەسـەر سـنوری فەرەنـسا، وە لەگەڵیـشیان پـەیمانێکی بازرگـانی بەسـت. لەملاشەوە دانی هێنا بەپاشایەتی ولیەم ی سـێیەم بەسـەر ئینـگلتراو بـەڵێنی پێـدا کـە لەدژی ئەوهاوکاری جیمسی دووەم نەکات. بەڵام هەرچۆنێك بێت شـاری "سـترازبرگی" لە هەرێمی ئەلازاس بۆخۆی هێشتەوەو پاراستی.

بەم شێوەیە دەبینین کە بەهاتنی دە ساڵی کۆتایی سەدەی حەڤـدە، فەرەنـسا لـە پێـشرەوی کردنـی ئـەوروپا جێگـەی ئیـسپانیای گرتـەوەو بنەماڵـەی بۆربـۆن بـووە هاوئاستی بنەماڵەی هبسبرگو فەرەنسا لەلای ڕۆژهەڵاتیەوە فراوان بوو بـەبێ گەیـشتنی بەڕووباری ڕیـنو شـاخی بـرانس، سـەرەڕای دەسـتگرتنی بەسـەر "ئـەلازاسو فـرانشو کۆنتە". بەڵام ئەمە بووە هۆی مایەپوچ بوونی خەزێنەی فەرەنسیو خـەڵکی سـکاڵایان دەکرد لە دەسەڵاتی ڕەهاو داوای چاکسازیان دەکرد لە سیستەمی دەسەڵاتی وڵات.

جەنگی ویراسەی ئیسپانیا1701-1713:-

ماوەیەکی کەم تێنەپـەڕی بـوو بەسـەر پەیمانبەسـتی ڕیزوریـك، کەلۆیـسی چـواردە هەلێکی باشو لەباری بینی بۆ مەبەستی لاوازکردنی بنەماڵەی هبسبرگو کردنی روباری ڕاین بەسنوری فەرەنسا. چارلسی دووەم ی پاشای ئیسپانیا پیاوێکی نەخۆش بوو لـەو کاتەوەی لەدایك ببوو، هیچ کوڕێکیشی نـەبوو لـە دوای مردنـی جێگـەی بـۆ بگرێتـەوە. هەریەکەش لە لۆیسی چواردەو ئیمپراتۆری نەمساوی لیوپۆڵد بانگەشـەیان دەکـرد بـۆ جێگرتنەوەی تەختی ئیسپانی، واتا:"هەم لۆیس تەختەکەی بەمافی خۆی دەزانی هـەم

لیوپۆڵد". لۆیس پاساوو بیانوی جێگرتنەوەی تەختەکەی بەوە دەهێنایەوە کە دایکی "دایکی لۆیسی چواردە" خوشکی فیلیپی چوارەمەو خێزانیشی کچیەتی و خوشکی چارلسی دووەمی پاشای نەخۆش‌و دەردەداری ئیسپانیایە. لەملاشەوە ئیمپڕتۆر "لیوپۆڵد" بانگەشەی دەکرد کە چارلسی دووەمی پاشای ئیسپانیا، کوری کچیەتی واتا نەوەیەتی، وە ئەو نزیکترە بەتەختی ئیسپانیا لە دوای مردنی نەوەکەی چارلس، هەروەها بنەماڵەی پاشایی ئیسپانیا لقێکە لەبنەماڵەی هبسبرگ. جگەلەمە "لۆیسی چواردە" لەساڵی 1659 بەگوێرەی پەیمانبەستی بڕانس ی نێوان ئیسپانیاو فەڕەنسا بەڵێنی دابوو بەوەی کە داوای تەختی ئیسپانیا نەکات، ئەمەش بەهیوای وەچنگ کەوتنی مارەیەکی زۆر لەکاتی هاوسەرگیری کردنی لەگەڵ "ماریا تریزا"ی خوشکی چارلسی دووەم. جا کاتێکیش لۆیس ئەوەی دەستنەکەوت وەك باسمان کرد، خۆی بینیەوە لەوەی کە هەوڵدا ئەو ماددەیە هەڵبوەشێنێتەوە. هەردولا فەڕەنسی‌و نەمساوی هەوڵیاندا لەم کێشەیەدا بگەنە چارەسەرێکی ئاشتیانە. دەوڵەتانی ئەوروپاش ڕازی بوون بە گوێزانەوەی تەختی ئیسپانیا بۆ میری پاڤاریا، وەڵێ ئەم میرە لەپێش چارلس مرد. ئیدی پێویست بوو لەسەر دەوڵەتان کە جارێکی تر کۆببنەوە بۆ چارەسەرکردنی ئەو کێشەیە. خۆ وەنەبێ ولآتانی ئەوروپی هاودەنگ بووبن، بەڵکو ئەوانیش لەلایەکەوە نەیاندەویست تەختی ئیسپانیاو داگیرگەکانی بدرێتە ئیمپڕاتۆریەتی نەمساوی لە ترسی دووبارە هاتنەوەی سەردەمی چارلسی پێنجەم، لەملاشەوە نەیاندەویست پاشایەتی ئیسپانیاو فەڕەنسا ببن بەیەك‌و یەکیەتی لەنێوانیان بێتەدی، بەڵکو ئەمان زیاتر هاوسەنگی نێودەوڵەتیان گەرەك بوو، لەگەڵ پاراستنی بەربژاری بازرگانی ئیسپانیا.

بەلآم چارلسی دووەم کە لەساڵی 1700 مرد، ڕایسپارد بە گواستنەوەی تەختەکەی بۆ فیلیپی نەوەی لۆیسی چواردە، ئەمەش بۆ یەکنەگرتنی پاشایەتی فەرەنساو ئیسپانیا. پاش دوو دڵیەکی کەم لۆیسی چواردە ڕازی بوو لەسەر ئەوەی کە نەوەی ببێتە پاشای ئیسپانیا بەناوی فیلیپی پێنجەم، بەلآم لەهەمانکاتدا پێشبینی جەنگی دەکرد لەگەڵ نەمساو ئینگلترا.

لەم کاتەدا "ولیمی سێیەم"و ئیمپراتۆری نەمساوی "لیوپۆلد" هاوپەیمانیەکیان پێکهێنا، کە هۆڵنداو براندبرگی بروسیاو هانوڤەرو پلانتینات چونەپاڵی و پرتوگالیش بە کاریگەری ئینگلترا چووە ناو ئەم هاوپەیمانیەتە. شیاوی باسە پرتوگال لەم کاتەدا لە ساڵی 1713 پەیمانێکی بازرگانی لەگەڵ ئینگلترا بەست، هەروەها میری ساڤوێ چووە ناو ئەم هاوپەیمانیە لەسەر ئەوەی کە لەدوای جەنگ دان بنێن بە دۆقیەکەی دا وەك شانشینێك. هاوپەیمانان داوایان دەکرد تەختی ئیسپانیا بگوازرێتەوە بۆ ئەرشیدۆق چارلسی دووەمی کوڕی ئیمپراتۆری نەمساوی لیوپۆلدو، قۆرغکاری ئیسپانیا لەمەڕ بازرگانی لە نابرێ‌و سنورێك دابنرێت بۆ دەسەڵاتی زۆرداری پادشای فەرەنسا.

لە ڕاستیدا کاروبارو لایەنی بازرگانی‌و داگیرکاری تێکەڵ ببوو بە لایەنی سیاسیەوە. بەگوێرەی تیۆری مەزهەبە بازرگانیەکانی ئەوکاتە کە لە ئەورووپادا باوی هەبوو، وڵات ئەوەیە کە خاوەنی داگیرگەیەو مافی بازرگانی بۆ هاوڵاتیانی لەم داگیرگانەدا دەپارێزێ. جا ئەگەر بێت‌و فەرەنساو ئیسپانیا لەیەکترجودا بن ئەوا ئینگلتراو هۆڵندا دەگونجێ بۆیان بەربژاری بازرگانی لەداگیرگە فەرەنسی‌و ئیسپانیەکان وەرگرن، وەلێ ئەگەر بێت‌و هەردوو وڵات بن بە یەك، ئەوا پاوانکردنی بازرگانی‌و داگیرکاری ئەوەندە بەهێز دەبێت کە ڕێگری دەکات لە فراوانبوونی بازرگانی ئینگلیزی‌و هۆڵندی. ئەمە لەکاتێکدا خۆشگوزەرانی‌و بوژانەوەی ئابووری ئیسپانی‌و فەرەنسی بەرز دەبێتەوە. هەر بۆیە ولیمی سێیەم بەهەموو توانای هەوڵی دەدا پارێزگاری بکات لەهاوسەنگی نێودەوڵەتی لە ئەورووپا.

جەنگی ویراسەی ئیسپانی لەساڵی 1702 تا 1713 بەدەوام بوو. لەگەڵ ئەوەی کە "ولیمی سێیەم" لە سەرەتای جەنگەکەدا مرد، بەڵام دڵنیا بوو لەوەی حکومەتی ئینگلیز بەردەوام دەبێت لەجەنگکردن. جەنگ لە داگیرگەکاندا بە جەنگی "شاژن ئان" ناسرا، ئەوەی کە لەدوای ولیمی سێیەم هاتە سەر تەخت ی ئینگلترا. جەنگ لەهەریەکە لەهۆڵنداو باشوری ئەڵمانیاو ئیتاڵیاو ئیسپانیا هەڵدەسوڕا.

لەسەرەتا سەرکەوتن بەلای هاوپەیمانانی فەرەنسی دابوو، بەلاّم بەسایەی سەرکردە سەربازیە بەهێزەکانی هاوپەیمانان چەند سەرکەوتنێکی مەزنیان بەدەستهێنا، وەك سەرکردەی سەربازی ئینگلیزی "مالبور" 1650–1722، میر"بوجین میری ساڤوێ 1663–1736". "بوجین" توانی فەرەنسیەکان لەساڵی 1804 لە نەمسا دەربکات، پاشان لە ساڵی 1706 لە ئیتاڵیاش دەریپەڕاندن، هەروەها "مالبور" دوای تێکشکاندنی فەرەنسیەکان لە جەنگی "پلینهام" لە ساڵی 1704 توانی ئەڵمانیا لە فەرەنسیەکان پاك بکاتەوە. وە لەهەمان ساڵدا ئینگلترا دەستیگرت بەسەر "جبل گاریق"دا. "مالبورو" لە ساڵی 1709 بەسایەی دلێری‌و بلیمەتیەکی جەنگی، سوپای فەرەنسیەکانی لە زەویە نزمەکان وەدەرنا. تێکشکانی یەك لەدوایەکی فەڕەنسیەکان بوو بەهۆی پێشڕەویکردنی سوپای هاوپەیمانان لەزەویەکانی فەرەنسادا، کەخەریك بوو بگەنە پاریس. بەلاّم درووستبوونی ناکۆکی‌و دووبەرەکی لە ناو ڕیزەکانی هاوپەیمانان ڕێگەی گرت لەپێشڕەویکردنی هاوپەیمانان بەرەو پاریس.

لەساڵی 1710 کابینە لە ئینگلترا گۆڕاو ئەوەی هاتە سەر دەسەلاّت ئارەزوی ئاشتی دەکرد. ئەوەبوو هەستا بەلادانی مارلبور لەسەرکردایەتی هەروەها ئیمپراتۆر "جوزێف" کە لە دوای ئیمپراتۆر "لیوپۆلد" لەساڵی 1705هاتبووە سەرتەخت، لە ساڵی 1711مردو برای ئیمپراتۆر چارلس هاتەسەرتەخت. شیاوی باسە پێش ئەو "چارلس" کاندیدو پاڵێوراوی هاوپیمانان بوو بۆ سەرتەختی ئسپانی. وڵاتانی ئەروپی حەزیان نەدەکرد تاجی ئیسپانیاو نەمسا یەکبگرێ، بەلاّم زۆرتر ڕەتی یەکگرتنی تاجی ئیسپانیاو فەرەنسایان دەدایەوە. واتا:"زیاتر یەکگرتنی تاجی فەرەنساو ئیسپانیایان بەلاوە ناخۆشبوو". ئەمەش بۆ پاراستنی هاوسەنگی نێودەولەتی. هەر بۆیە ناچاربوون لە شاری "ئەتریختی" هۆڵندا لە ساڵی 1713کۆببنەوەو پەیمان ببەستن .

پەیمانبەستی ئەتریخت 1713

1-دەوڵەتانی هاوپەیمان دانیان هێنا بەفیلپی پێنجەم ی نەوەی لۆیسی چواردە بەپاشایەتی کردن بەسەر ئیسپانیاو داگیرگەکانی، بەومەرجەی لەداهاتوودا ئیسپانیاو فەرەنسا یەکنەگرن.

2- بنەماڵەی هبسبرگ ی نەمساوی هەریەکە لەناپۆلیو سەردینیاو میلانۆو بەلجیکایان دەستکەوت، کەناونرا زەوییەنزمەکانی نەمسا. ئەم ناوەش تاساڵی 1797 بەردەوام بوو.

3- ئینگلترا بەپشکی شێر براوە بوو لەکایەکەدا، بەم شێوەیە:

أ- دەستکەوتنی بازرگانیو داگیرکاری، ئەمەش بەدەستکەوتنی نیوفاولاندو نوڤاسکوشیا.

ب- دەستکەوتنی کەنداوی "هوسن" لە فەرەنساو جبل تاریقو دورگەی مینورکە لە ئیسپانیا.

ج- دەستکەوتنی هەناردەکردنی زۆرترین کەلوپەل بۆبەندەری قادس واتا ""ئینگلترا لەهەناردە کردنی شتومەك بۆ ئەم بەندەرە جیاواز بوو لەولآتانی تر"ئەفچەلیەت"ی هەبوو""، ئەمە جگە لە پاوانکردنی بازرگانی کۆیلە. وە ساڵانە مافی ناردنی کەشتی هەبوو بۆ داگیرگەکانی ئیسپانیا.

و- فەرەنسا بەڵێنی دا هاوکاری بنەماڵەی ستیورات نەکات بۆ گێڕانەوەی تەختی ئینگلیزی بۆخۆیان.

4- هۆڵندیەکانیش تواناى ئەوەیان پێدرا کەقەڵاو بورج دروستبکەن لەسەر سنوری فەرەنسا بەلجیکا، نەمساش بەڵێنی هاوکاری ماددی دا بۆپارێزگاری لێ کردنیان. هەروەك هۆڵندا مافی پاوانکردنی بازرگانی دەستکەوت لە ڕووباری "شیلت".

5-هەڵبژێردراوی"براندنبرگ"بوو بە پادشا بەسەر پروسیاو ئیمپراتور یش- لە ساڵی 1720 دانی پێدا هێنا، بەمەش تۆوی یەکیەتی ئەڵمانیا چەکەرەی کرد.

6- دۆقیەی ساڤویَ بووبە ولاتێكو دورگەی صقلیەی دەستكەوت، كاتێكیش صقلیەی گۆڕیەوە بە سەردینیا، ناونرا شانشینی سەردینیا. بەمەش تۆوی یەكیەتی ئیتالْیا هاتە دروست بوون.[1]

كۆتایی لۆیسی چواردە:-

لۆیس چواردە هەستی بەهەڵەی خۆیی كرد لەپاش تێپەڕینی ڕۆژگار بەسەریدا. لەكاتێكدا ئەو لەسەر جێگەی مردن پاڵ كەوتبوو، ئەم لاو ئەولای كردو ڕووی كردە نەوەكەی‌و، گووتی:"ئاگاداربە لەوەی شەیدای كۆشكی جوان‌و جەنگ بیت، هەروەك من شەیدایان بووم. بەڵكو كاربكە بۆ سوككردنی ئێش‌و ئازارەكانی گەل. ئەگەر هاتباو فەرەنسا توشی ئەم كارەساتانە نەبوایە،ئەوا دەوڵەمەندترین‌و خۆشگوزەرانترین دەوڵەت بوو لەئەوروپا".

لۆیس وەك سەرجەم پادشاكانی تری دونیا مردن یەخەی گرت‌و لەساڵی 1715 تالأوی مەرگی نۆشی. ئەمەش لە دوای فەرمانڕەواییەكی حەفتاو دوو ساڵی كە درێژترین فەرمانڕەوایی بوو لەمێژوویەكی سەخت كە تیایدا گەلی فەرەنسی توشی جۆرەها ناخۆشی‌و ئێش وژان بوون. كاتێك لاشەی لۆیس بەشەقامەكانی پاریس تێدەپەڕی لەلایەن جەماوەرەوە پەیتاپەیتا نەفرینی لیَ دەكرا، بەهۆی ئەوەی لەسەردەمی ئەودا توشی تاڵی‌و چەرمەسەری‌و برسیەتی زۆر بوون.

---

1 games white. The Origins of modern Europe(New uork،1966)،pp.97.

بەشی هەشتەم

ئینگلتەرالەسەدەی حەڤدە

سەردەمی بنەماڵەی ستیوڕات

(1714-1603)

شاژن ئیلازابێس لە ساڵی (1603) کۆتایی بەژیانی هات، بەڵام پێش ئەوەی بمرێ ڕاسپاردەی دا کە جیمسی شەشەم کوڕی ماری ستیوڕاتو پاشای سکۆتلەندا ببێتە پاشای ئینگلتەڕا بەناوی "جیمسی یەکەم". گەلی ئینگلیزی زۆربەگەرمیەوە لە سکۆتلەندەوە تاوەکو لەندەن پێشوازیان لێی کرد، کە نزیکەی مانگێکی تەواو بەڕێگەوەبوو[1]. لەوێدا هیچ ڕکابەرێك نەبوو کێبڕکێ بکات لەگەڵ جیمس بۆ تەختی ئینگلیزی. لەبەرئەوەی ئیلازابێسو پێشینەکانی دەسەڵاتو هێزی خانەدانانیان لەناوبردو پرۆتستانتیەتی ئینگلیزی ببووە کڵێسای پەسەندکراوی گەلی ئینگلیزوپرسی ئاینی سەقامگیرکرابوو. جەنگی "ئارمادا" ئینگلیزی کردبووە بەهێزترین دەوڵەتی ئەوکاتەی ئەوروپا بەمەش کۆتاییان هێنا بە شاڵاوی دەرەکی. هەموو ئەوانە ئیلازابێسو پێشینەکانی تەواویان کرد، ئیدی ئینگلتەڕا بەدڵنیاییو گەشاوەییو خۆشنودی کەوتە ژێردەستی جیمسی یەکەم. ساکاتێکیش گەلی ئینگلیزی پێویستیان بە پەشایەتیەکی بەهێزنەبوو لە شێوەی بنەماڵەی تیۆدۆر، بڕیاری ڕزگاربوونیان دا لە هەندێ لەو زەحمەتیو تەگەرانەی دەسەلاتی پێشوو. هەربۆیە لە کۆتایی فەرمانڕەوایی شاژن "ئیلازابێس" پەرلەمان دەستی کردبوو بە هەندێ بزاوتن بۆ کۆتکردنی دەسەلاتی پاشایەتیو جڵەو کردنی، بەلام خزمەتو کاری زۆری "ئیلازابێس" بۆ ئینگلتەڕاو نەرمی سیاسەتی لە بەرامبەر پەرلەمان وپیاوانی سیاسەتوانو گەلی ئینگلیزی، وایکردبوو ئیلازابێس جێگەی خۆی بکاتەوە لەدڵی خەڵکی. جا هەر لەبەرئەوانە پەرلەمان نەیدەویست لەکۆتایی ژیانیدا زۆری لێ بکەنو وەڕەسو بێ زاری

1LUNT،W E HISTORY OF ENGLAND (NEW YORK.1957)P385

بکەن، ئەمەش بەهۆی وەفاو دڵسۆزی نواندن بۆی. بەڵام کاتێك ئیلازابێس مرد پەرلەمان لە گوێڕایەڵی کردن بۆ ویستی پادشا ڕزگاری بوو.

جیمسی یەکەم

(1625-1603)

جیسمی یەکەم پێشبینی کێشەو گرفتی نەدەکرد. لە تەمەنی سیو شەش ساڵیدا هاتە سەرتەختی ئینگلیزیو، ئەم تەمەنەی هەموو ئەزمونو تەجروبەو ململانێی بوو لەگەڵ خانەدانانی سکۆتلەندا. لەگەڵ شارەزابوونی لەپرسی ئایینو پەروەردە بوونە ئینگلیکانیەکەی، بەڵام هیچ شتێکی نەدەزانی سەبارەت بە ئینگلتراو سروشتی گەلی ئینگلیزی.

لە ڕاستیدا جیمس لە خۆباییو چەنەباز بوو، کەموکورتی هەبوو لە ناسینی خەڵکیو بڕیاردانی گونجاو لە کاتی گوجاو. بۆ نمونە لە کاتێکدا کە پێویست بوو لەسەر بیروڕاکەی سور بێت، ئەو لە بیروڕاکەی دەستی هەڵدەگرتو ڕاوێژی دەکرد. لەکاتێکیشدا کە پێویست بوو لەسەری نەرم بێتو لەیەك تێگەیشتن پیادەبکاتو ڕاوێژ بکات، ئەم بە پێچەوانە سور دەبوو لەسەر ئەو ڕایەی کە هەیبوو. هەروەها یەکێ لە کێشەکانی جیمس نائاگایی بوو لە ئینگلتراو گەلی ئینگلیزیو دەستوری ئینگلیزی. جیمس بە گوتەو ڕاوێژی مێشك پوچەکانی دەکردو ئامۆژگاریەکانی "فرانسیس بیکۆن"ی- فەرامۆش کرد. جیمس "ڕوبەرت سیسلی" وەك ڕاوێژکاری سەرەکیو وەزیری یەکەم هێشتەوە، کە ڕێگەی خۆش کرد بۆچوونە سەر تەختی جیمس. هەروەك فرانسیس بیکۆنی کردە راوێژکاری دووەم. بەهەمان شێوە تەواوی پیاوانی سەردەمی ئیلازابێسی لە پۆستەکاندا هێشەوە جگە لەهەندێ لەکەسە سەربازیەکان. ڕوبەرت سیسل کاروبارەکانی چارەسەردەکرد پێش ئەوەی بەسەریەکدا بکەونو ئاڵۆز بن، بەڵام لە دوای مردنی کەسێ نەبوو بتوانێ کارەکان بۆ جیمس بەڕێوەبەرێو کێشەکانی بۆ چارەسەربکات.

تیۆری مافی خودایی :-

جیمسی یەکەم هات بۆ ئینگلترا بۆ پیادەکردنی تیۆری فەرمانڕەوایی ڕەهاو مافی خودایی پادشاکان، لەکاتێکدا ئەمەی لەسکۆتلەندا بۆ نەچووە سەر. جیمس باوەڕی وابوو کە ژێردەستەکانی خاوەنی ماف نین، بەڵکو ئەوان بەهرەمەند دەبن لەوەی کە پادشا پێیان دەبەخشێت، لە بەرامبەر بەجێهێنانی ئەرکەکانیان. پادشا لە تێڕوانینی "جیمس"دا- دەگەڕێتەوە بۆ خوداو دەچێتەوە سەری، چونکە خودا خۆی پادشاکان دیاری دەکات بۆ فەرمانڕەوایی، پێغەمبەرانی نەوەی ئیسرائیل پادشاکانی یەهودیان پیرۆز کرد، هەروەك "قدیس بگرس و پۆڵس"یش- ئامۆژگاری مەسیحیەکانیان کردوە بە گوێڕایەڵی نواندن بۆ گەورەکانیان. هەروەك پێی وابوو: وەك چۆن باوك منداڵەکانی پەروەردە دەکاتو ئاگاداریان دەکات، بەهەمان شێوەش پادشا کۆمەڵگە بەڕێوە دەبات. پادشا کۆمەڵگەی سیاسی دەباتبەڕێوە وەك چۆن سەر لاشە هەڵدەسوڕێنێ. هەربۆیە دەسەلاتی پادشایی دەسەلاتێکی سروشتییەو کاریگەرترین هێزە بۆ لەناو بردنی شەڕوئاژاوە. پادشا لەلایەن پەرلەمان و گەل بەپرسیار نییە، بەڵکو لە بەرامبەر خودا بەرپرسیارەو تەنها خودا لێپرسینەوەی لەگەڵدا دەکات. پەرلەمانو دامو دەزگاکانی تری حکومەت لە دەسەلاتیان پشت بە پاشا دەبەستن. هیچ شتێك لەسەر گەل نییە جگە لەگوێڕایەڵیو ملکەچیو جێبەجێکردنی ئەرکەکان نەبێت. یاخی بوونو لاملی کردنی لە فەرمانەکانی پاشا گومڕاییو کوفرە، چونکە پادشا ئەو کەسەیە بەرژەوەندی گەلەکەی دەزانێو هۆکارەکانی خۆشنودیو ئاشتی دەزانی. هەربۆیە پاشا لەسەرەوەی گەلو پەرلەمان.[1]

---

1 Lant، op. cit; p.386

ململانێی پادشاو پەرلەمان:-

جیمسی یەکەم باوەڕی وابوو کە سیاسەتی تاقیکردۆتەوە شارەزا بووە لەسەرجەم لق و پۆپەکانی، وە ئەوەشی بۆ پەرلەمان و خەڵکی ڕوونکردەوەو وتی:"لێکدانەوەو سەرنجەکانم هەمووی حیکمەت و پەندەو گەل سودی لێدەبینێ". جیمس وەك چۆن سەیری پەرلەمانی سۆکۆتلەندەی دەکرد، بەهەمان شێوە سەیری پەرلەمانی ئینگلیزی دەکرد، کاتێك پەرلەمانی سکۆتلەندی بە هۆڵی پاشایی دادەنا بۆ تۆمارکردنی فەرمانەکانی پادشا.

"جیمس" مەبەستی ئەوەبوو کە هەموو دەسەڵات لە دەستی خۆی کۆبکاتەوە. باوەڕی وابوو کە پادشایی بێ کۆت و بەندە، ئەمەش وایکرد پەرلەمان دژایەتی بکات. بنەماڵەی تیۆدۆر توانیان فەرمانڕەوایی ڕەهای خۆیان بسەپێنن وە هەر کاتێك هەلیان بەرچەنگ کەوتبا وازیان لەپەرلەمان دەهێناو فەرامۆشیان دەکرد، تەنانەت لە قەیرانە داراییەکانیش هەوڵیان دەدا دەسەڵاتیان زیاتر بسەپێنن، ئەمەش لە ڕێگەی کەمکردنەوەی خەرجیەکان و بایەخدان بە کۆکردنەوەی باج و دەستگرتن بەسەر سامانی کڵێساو دابەشکردنی و خۆپاراستن لە دروستبوونی قیرانی دارایی و کارکردن بۆ برەودان بە بەرژەوەندی ئینگلترا. لەبەرئەوانە لەم کاتەدا جیاوازیەك نەبوو لە نێوان بیروڕاکانی پادشاو پەرلەمان.

بەڵام لە دوای ئەوان ململانێ دەستی پێکرد، نەوەك هەر لەسەر پرسی دەستورو دەسەڵات، بەڵکو سەریکێشاو ململانێ لەسەر سیاسەتی گشتی بۆ وڵاتیش دەستی پێکرد. "جیمس" پیادەی سیاسەتێکی دەکرد کە نەیارو ناسازبوو لەگەڵ بەرژەوەندی ئینگلتراو گەلی ئینگلیزی، سەرەڕای مامەڵەکردنی لەگەڵ پیۆریتانە توندڕەوەکان و کاسۆلیکەکان. ئەم گرنگی نەدەدا بە ئارزو ویستی گەل، کاتێکیش پەرلەمان خەریك بوو ویستی گەلی بەسەردا بسەپێنێ، "جیمس" بە ڕاشکاوانە بە ئەنجومەنی گشتی گووت:" ئەمە لەئاستی شانی پەرلەمان نییە کە قسە لە پرسی سیاسی بکات، لە

کاتێکدا ئەمە پیشەی پاشاکان بێت و، پیشەی ئەوان نەبێتو لەسەروی تواناو لێهاتووی ئەوانە بێت". پەرلەمان سەرەتا ئەم تەنگ پێ هەڵچنینو ئەو کارانەی پاشای قبوڵکرد، بەڵام کاتێك دووبارەبۆوە، پەرلەمان بڕیاریدا سنورێك بۆ دەسەڵاتی پاشا دابنێت. هەوڵەکانی پادشا بۆ زیادکردنی دەسەڵاتی بووە هۆی دروستبوونی ناکۆکی لەگەڵ پەرلەمانو دواتر بە شەڕی ناوخۆیی کۆتایی هات.

جیمس پاشایەکی دەست بڵاوبوو، پێویستی بە ڕەزامەندی پەرلەمان هەبوو بۆ بەدەستهێنانی خەرجی. کاتێکیش پەرلەمان بەخشینی خەرجی بە تەواوی ڕەت کردەوە، "جیمس" بۆ دابین کردنی خەرجی پەنای بردە بەر کارە نادەستوریەکانی وەك سەپاندنی باجو گومرگو پێدانی قۆرغکاریو فرۆشتنی پۆستەکان. پەرلەمان لە دژی ئەم کارانەو لە دژی سیاسەتی ناوخۆو دەرەکیو باڵاداستی ڕەها لەسەر دامەزراندنی پۆستەکان ناڕەزاییان دەربڕی. وەلێ ئەم ناڕەزاییە هۆکارێك بوو بۆ زیادبوونی قینو تورەیی پادشا.

سەرهەڵدانی پیۆریتانە توندڕەوەکان لە پەرلەمان:-

سەرهەڵدانی پیۆریتانەکان دیسان بووە هۆیەك کە ململانێی پاشاو پەرلەمانی توندتر کرد. جیمسی یەکەم پەروەردە ببوو بە پەروەردەیەکی "ئینگلیکانی"و دەیویست ئەو پێکهاتنە پیادە بکات کە لە نێوان پادشاکانی بنەماڵەی تیدۆرو کاسۆلیکی ئینگلیزی سازدرابوو. ئەم پێکهاتنەش خۆی دەبینیەوە لە ملکەچ بووونی پیاوانی ئاینی کاسۆلیکی بۆ پادشا. وەلێ ئەم پێکهاتنە لەلای زۆرینەی زۆری گەلی ئینگلیزی ڕەت دەکرایەوەو قبوڵیان نەبوو کاتێك پرۆتستانتی بوونو بەشێکی زۆریشیان ببون بە کالڤنی. لە کاتێکدا کاسۆلیکەکان کەمینەکی کەمبوون لە سەردەمی جیمسی یەکەم. لە کۆتاییەکانی سەردەمی شاژن ئیلازبێس تاقمێکی پەڕگیرو توندڕەو لە پرۆتانیەکان سەریانهەڵدا، کە بەشی زۆریان بریتی بوون لە بازرگانو ڕووناکبیرو

سەرمایەدارەکان لە شارنشینان، سەرجەمی ئەمانەش لە چینی ناوەڕاست بوونو داوایان دەکرد هەرشتێ پەیوەندی هەبێت بە کاسۆلیکیزم یان پاپەویەت وازی لێبهێنرێ، هەروەك جەختیان دەکردەوە لەسەر دەستگرتنی تەواو بە ئینجیلو ناوەڕۆکی تەوراتو گرتنەبەری ئادابی جوان لە خواردنو پۆشینو ...هتد. هەروەها دەستهەڵگرتن لە مەلهاو سەماگەو هەرشتێك کە خۆی دەبینێتەوە لە ڕابواردنو چێژبەخشەکان. ئەمانە پێیان دەوترا "پاکخوازەکان ـ المتگهرین ـ پیوریتانەکان". پێشتریش شاژنە ئیلازبێس ئەمانەی بەدڵ نەبووو ترسی لێیان هەبوو.

بەشێك لە پیۆریتانەکان لە جوغزی کڵێسای ئینگلیزی مانەوەو هەوڵی چاکسازی کردنی کڵێسایان دەدا بەپێی بیروباوەڕی خۆیان، وە بەشێکی تریان پەرگیر بوونو دەیانویست کڵێسایەك لەسەر شێوازی کڵێسای سکۆتلەندی دامەزرێنن، بەشێکی تریشیان چەند کڵێسایەکی لێکجودایان دامەزراندو ناونران سەربەخۆکان[1].

بەڕستی سیاسەتی توندی ئیلازبێس پیۆریتانەکانی سەغڵەت کرد. کاتێکیش "جیمسی یەکەم" هاتە سەر تەخت پیۆریتانەکان لەساڵی 1604 داخوازیەکیان پێشکەشی پادشا کرد کە لەلایەن هەزارپیاوی ئایینی پیۆریتانی واژۆکرا بوو. تێیدا داوایان لە پادشا کرد، لە جێبەجێ کردنی تعالیمی کڵێسای ئینگلیزی میانگیر بێت.

لە توانای پاشادا هەبوو لەم کاتەدا لێبووردە بێت، بەهۆی ساکاری داواکاریەکانیان. بەڵام ناجێگیری جیمسو سروشتە توڕەکەی وای لێکرد لە بۆنەیەکەدا بەسەریاندا هەڵبشاخێو بیانخاتە دووریانێکەوە، بەوەی یانەوەتە خۆیان بگونجێنن لەگەڵ تەعالیمی کڵێسای ئینگلیزیو دروشمەکانی ئەم کڵێسایە، یا وڵات جێبێڵن. ئیدی لێرەوە ململانێ لەنێوان پیۆریتانو پاشا جیمس دەستی پێکرد.

پیۆریتانەکان ناڕەزایی خۆیان دەربڕی لەهەمبەر ئەونەرمیەی پاشا لەگەڵ کاسۆلیك دەینوێنێو پیادە نەکردنی هەمان ئەم نەرمییە لەگەڵ پیۆریتانەکان. ئەم نەرمیەی

1Ibid; p

جیمس دەگەڕێتەوە بۆ کاسۆلیکی بوونی دایکی جیمس "ماری ستیورات" و، نزیکی خێزانی جیمس "کچی پادشای دانیمارک" لە کاسۆلیکیەت. لە ڕاستیدا پادشا لەگەڵ کاسۆلیکیەکانیش توندو ڕەق بوو، وە ئەوانیش چەند جارێك پیلانیان لەدژ سازداوەو دوایەمینیان پیلانی "باروت"ی ساڵی 1605 بوو، کە خۆی بینیەوە لە تەقاندنەوەی هۆڵی پاشاو ئەنجومەنی گشتیو لۆردات کە تیایدا کۆببونەوە، پاشان بە دەستەوگرتنی جڵەوی وڵاتو گەیشتنیان بە دەسەلات. وەلێ ئەم پیلانە ئاشکرا بوو پیلانگێڕانیش سزادران. خەڵکی دەترسان لە هاتنەوەی کاسۆلیکیەت بۆ وڵات لە دوای جەنگی "ئارمادا"و سەقامگیربوونی وڵات. بۆیە پەرلەمان یاسای توندی داڕشت کە زۆربەیان دژی کاسۆلیکیەت بوون، بەلام پاشا ئەمەی جێبەجێنەکرد، بەمەش پرۆتستانتەکان بەگشتیو پیۆریتانەکان بەتایبەتی بەتوندی ناڕەزایی خۆیان دەربڕی[1].

دەست وەردانی جیمس لەهەڵبژاردن:-

جیمسی یەکەم لە یەکەم دانیشتنی پەرلەمانی ساڵی 1604 لەگەڵ پەرلەمان تێکگیرا. جیمس بڕیاری ئەوەی دا کە دەرەنجامی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی گشتی دەبێت بچێتە بەردەم دەستەیەکی پایە بەرز بۆ ساغکردنەوەو خاوێنکردنەوەی. لە هەڵبژاردنەکەدا "گۆدۆن" سەرکەوتنی بەدەستهێنا بەسەر ڕکەبەرەکەی "فۆرتیسکۆ" کە نزیك بوو لە پاشا، هەر بۆیە ئەم دەستەیە "گۆدۆنی" لە دەرەوەی قانون لە قەڵەم داو ڕەوایی نەدا کورسی هەبێت لەئەنجومەنی گشتی. ئەمجا فەرمانی دا بە هەڵبژاردنێکی تازە. لە هەڵبژاردنی دووەم جاردا فۆرتیسکۆ دەرچوو. کاتێکیش پەرلەمان کۆبوویەوە ئەنجومەنی گشتی بڕیاری شەرعی بوونی هەڵبژاردنی گۆدۆنی داو ڕایگەیاند کە ئەم لەدەرەوەی قانون نییە، خۆ ئەگەر لەدەرەوەی قانونیش بێت،

Ibid. 1

قەدەغەی ئەوەی ناکات کە خۆی بپاڵێوێ‌و دەربچێ. جیمس بەمە تورە بوو لەپەرلەماندا وتی: " ئەنجومەنی گشتی مافی ئەوەی نییە دەستبخاتە ناو دەرەنجامی هەڵبژاردن". لەهەمانکاتدا ئەنجومەن هەستی بەمەترسی کردو ڕیگەیاند کە پادشا دەیەوێت ئازادی هەڵبژاردن نەهێڵێ‌و لەناوی بەرێ. ئەنجومەن بڕیاری دا بەردەوام بێت لە پارێزگاری کردن لە دەسەڵاتەکانی. هاوکات پادشا پۆزشی هێنایەوەو دانی نا بە مافو دەسەڵاتەکانی پەرلەمان‌و مافی ئەنجومەنی گشتی لە هەڵبژاردنی ئەندامەکانی. بەم شێوەیە دەبینین کە پادشا پرسێکی وەك دەستوری خستۆتە بەردەم قسەلەسەرکردن، لە کاتێدا گەلی ئینگلیزی لە زۆر کۆنەوە دانیان پیادا هێنابوو، هەروەك پاشاکانی پێشووش ڕەزامەندبوون لەسەری‌و بێ ئەوەی پێویستیان بەم وروژاندنە هەبووبێت.

ئەنجامی کارەکانی پەرلەمانی یەکەم:-

پەرلەمانی یەکەم لەساڵی 1604–1611 بەردەوامی دا بەخۆی. لەماوەی ئەم ساڵانەدا پێنج کۆبونەوەی گرێ دا، کە تێیدا وتووێژیان دەکرد لەسەر پرسەکانی دەسەڵات‌و مافو بەربژاریەکانی پەرلەمان‌و پاشا. هەندێ لەو ململانێیانەمان باسکرد کە لەنێوان هەردوو دەسەڵاتدا هەبوو.

لەڕاستیداپرسی دارایی گرنگترین پرس بوو کە هەردوو لای وەرەس‌و بێ تاقەت کردبوو. پادشا بڕیارەکانی دادگای بۆخۆی دەقۆستەوەو بەکاری دەهێنا بۆ سەپاندنی باج، لە کاتێکدا پەرلەمان ڕەزامەندی لەسەر نەدەنواند. پادشا دانی نابوو بە مافو دەسەڵاتەکانی پەرلەمان، هەروەك پەرلەمانیش ئەوەی بە پادشا ڕاگەیاندبوو کە سەپاندنی باج مافی پەرلەمانە وپادشایەتی لە ئینگلترا کۆتکراوەو یاسا سەروەرە لەسەر پاشاو گشت هاوڵاتیەك.

لەساڵی 1606 یەکێ لەوان بەناوی "بەیت" ناچارکرا بەشێوەیەکی نایاسایی باج بدات، چونکە پەرلەمان ئەم باجەی نەسەپاندبوو سەرەڕای ئەوەی لە سەردەمی ئیلازبێس کۆ دەکرایەوە. بڕیاری دادگا بۆ ئەمە لەبەرژەوەندی پاشادا بوو، کاتێ ئەوەی ڕوون کردەوە کە پاشا مافی ئەوەی هەیە داهات کۆبکاتەوە هەرکاتێك پێویستی پێبێ، چونکە ناگونجێ پادشا فەرمانڕەوایی بکات بەبێ خەرجیەك. لەگەڵ ئەوەی پەرلەمان ڕەخنەی لە شەرعیەتی باج گرت، بەڵام پادشا ئەم باجەی کۆکردەوە لە هاوردەی مەی "خمر". هەروەها دەستیکرد بە کۆکردنەوەی پاشماوەی ئەو باجە دەرەبەگیانەی کە ماوەیەکی زۆربوو وازی لێهێنرابوو، بەبێ ئەوەی پەرلەمان بە فەرمی هەڵیوەشێنێتەوە. لەگەڵ ئەوەی ئەنجومەنی گشتی بڕیاریدا ساڵانە بڕی 100هەزار پاوەندی ئیسترلینی ببەخشێتە پادشا بەرامبەر هەڵوەشاندنەوەی ئەم باجە، کەچی ئەم باجەکەی هەر کۆدەکردەوە. گفتوگۆو وتوویژ بەردەوام بوو لەسەر هەموو ئەم پرسیارانەی کەپەیوەندی هەبوو بەدارایی‌و ئازادی ڕادەربڕین‌و پاراستنی دەسەڵاتی پەرلەمان‌و ئەندامانی ئەنجومەنی گشتی، کە لە دواتر جیمس ناچار بوو ڕزامەندیان لەسەر بنوێنێ. بەڵام لەهەمان کاتداو لە سەرەتاکانی 1611" جیمس" بڕیاری هەڵوەشاندنەوەی پەرلەمانی دا.

لەدوای هەڵوەشانەوەی پەڕلەمانیش، داهات‌و دارایی کەمتربوو لەوەی جیمس پێویستی پێ هەبوو، وە نەیدەتوانی بژی لەناو ئەو جوغزەی کە پەرلەمان بۆی دیاریکردبوو لە داهات‌و دارایی، هەروەك نەی دەتوانی خەرجیەکان کەم بکاتەوە، شکستیشی هێنا لە هەوڵەکانی چاکسازی دارایی، لەبەرئەوە ناچار بوو بانگهێشتی پەرلەمان بکاتەوە لەساڵی 1611. کاتێك لەنیسانی ئەو ساڵەدا ئەنجومەن کۆبوویەوە دەمەتەقێیەکی توند بەڕێوە چوو کە گوزرشتی دەکرد لەبەرنگاری ئەندامانی پەڕلەمان لە بەرامبەر پادشا. ئەندامان گوێیان نەگرت بۆ داواکاریەکانی پادشا لە هەمبەر پێدانی خەرجیەکی تەواو. هەروەها بەردەوام لەمەڕ گەندەڵیەکانی ئیدارەو ڕێوشوێن گرتنە

"اجرائات" نایاساییەکان لەگەڵ پادشا دەدوانو خەریکی وتووێژکردن بوون لەگەڵیدا. کاتێك حکومەت پیادەی ئەم ڕێوشوێن گرتنە نایاسایانەی کردبوو. بەمە پادشا تورەبوو بڕیاری هەڵوەشاندنەوەی پەڕلەمانی دەرکرد لە حوزەیرانی هەمان ساڵدا بەبێ دارشتنی هیچ یاساو ئەنجامدانی هیچ کارێك. لەپاش هەڵوەشاندنەوەی پەرلەمانیش جیمس ژمارەیەك لەو ئەندام پەرلەمانانەی دەستگیر کرد کە بەتوندی لەپەرلەمان لەگەڵی دوابوون قسەی زبریان لەگەڵدا کردبوو. ئیدی لەماوەی سالآنی 1614 بۆ 1621پادشا بەبێ پەڕلەمان فەرمانڕەوایی دەکرد. تەنانەت یەك جاریش بانگهێشتی نەکردن.

سیاسەتی دەرەوەی جیمس:-

جیمس لە سیاسەتی دەرەوەیدا شوێن سیاسەتێك کەوت کە لەگەڵ ویستو ئارەزووی گەلی ئینگلیزی تێکدەگیرا. لە ساڵی 1604 جیمس پەیمانی ئاشتی لەگەڵ ئیسپانیا بەستو کۆتایی بە دوژمنایەتی لە مێژینەی هەردوو ولآت هێنا. لەگەڵ ئەوەی هیچ پاساوێك نەبوو بۆ مانەوەی ڕەوشی جەنگو کێشە لەگەڵ ئیسپانیا، کەچی گەلی ئینگلیزی لەمە نیگەران بوون و ئیسپانیایان بە دوژمن سەیر دەکرد. لەڕاستیدا ئەوان بۆ ئەمە ناحەقیان نەبوو، چونکە ئەم پەیمانە هیچ دەستکەوتێکی بۆ گەلی ئینگلیزی تێدا نەبوو لە مەسەلەی مافی ئینگلیز لە بازرگانی کردن لەگەڵ داگیرگەکانی ئیسپانیا. بەمە ئینگلترا بازرگانیە بەرمێنەکەی توشی زیان بوو، کاتێك لەسەردەمی جەنگدا ئەنجامیان دەدا لەگەڵ داگیرگەکانی ئیسپانیا. لەگەڵ ئەوەی جیمس لەساڵی 1612 کچەکەی خۆی "ئیلازبێس"ی لە "فردریك"ی میری ویلایەتی پلانتنیاتی ئەڵمانیا لەسەر ڕوباری راین مارەکرد، کەچی لەجەنگی سی ساڵەدا هاوکاری فردریکی نەکرد. کاتێك فردریك ببوو بە سەرکردەی پرۆتستانتیەکان لەدژی کۆمەڵەی کاسۆلیکی (1618–1620). لەگەڵ ئەوەی گەلی ئنگلیزی پشتگیری ئەم هاوسەرگیریان کرد کە

جیمس پێکیهێنا لەساڵی 1612، بەلاّم لە دوو دلّ بوونی جیمس لە هەمبەر هاوکاری کردنی فردریك نیگەران بوون. هەروەها گەلی ئینگلیزی بەوەش پەستو نیگەران بوون کاتێك "جیمس" دەیویست کچی فلیپی سێیەمی پاشای ئیسپانیا بکاتە هاوسەری "چارلس"ی کوڕی لەساڵی 1623، تەنانەت لەسەر ئەوە جیمس توشی ناڕەزایەکی توند بوو. بەلاّم کاتێك چارلس بە توڕەیی لە کۆشکی شاهانەی ئیسپانیا گەڕایەوە، خەڵکی زۆر دڵخۆش بوون. ئەم توڕەبوونەش بە هۆی ویستی ئیسپانیا بوو بۆ بە کاسۆلیکی کردنی چارلس پێش هاوسەرگیری کردن.

کاتێك گەلی ئینگلیز سور بوون لەسەر چوونە نێوجەنگ لەدژی ئیسپانیا، ئەو ولاّتەی کە لەجەنگی سی ساڵەدا بوو، ویلایەتی پلانتیناتی داگیرکردبوو، فردریکی لەمیرنشینەکەی دەرپەڕاندبوو. جیمس ناچار بوو لە ساڵی 1621بانگهێشتی پەرلەمان بکات بۆ کۆبوونەوە بەمەبەستی ڕەزامەندی نواندن لەسەر جەنگ کردنو هاوکاری کردنی پرۆتستانتیەتو دابین کردنی بڕی خەرجیو تەواو بۆ ئەم مەبەستە.

گەلی ئینگلیزی بەم دەستپێشخەریە دڵخۆش بوون. ئەمجارەیان پەرلەمان بەوهیوایەی کە پادشا دەچێتە جەنگەوە بۆ هاوکاری کردنی پرۆتستانتیەکان و، هەروەها بە ئومێدی هەڵکەوتنی دەرفەتێکی باش بۆ لەیەکتری تێگەیشتنو نەهێشتنی ناکۆکیەکانی نێوان هەردوولا، پەرلەمان کۆبویەوەو تەواو ملکەچی فرمانەکانی پاشا بوو، وە هیچ توڕەییو ناڕەزاییەکی خۆیان نیشان نەدەدا لەبەرامبەر کارە نادەستوریەکانی پاشا، کە لە ساڵی 1611 وە- بەتایبەت لەدوای ساڵی 1614ەوە -پادشا حوکمی دەکرد بەشێوەیەکی نادەستوری. بەلاّم پادشا بەبێ ئەوەی باس لەهیچ هۆکارێك بکات داوای خەرجی کرد. پەرلەمانیش بڕێك پارەی بەخشی، بەهیوای ئەوەی هاندەرێك بێت بۆ پادشا بۆ هەڵگیرساندنی جەنگ لەدژی کۆمەڵەی کاسۆلیکیو پشتگیری کردنی پرۆتستانتیەت.

جـیمس وای دەبینـی کـە هەڵگیرسـاندنو ڕاگەیانـدنی جـەنگ مـافی خۆیـەتیو لـە دەسەڵاتی خۆیدایەو نەوەك پەرلەمان. سا کاتێکیش ئەندامان هـەر چاوەڕوانی وڵامێـك بوون لەلایەن پاشاوە بەڵام هیچیان دەستگیر نەبوو، دەستیانکرد بە وتوێژکردن لەسەر کارە نادەستوریەکان، بەتایبەت قۆرغکاریو ڕێگەدان بە کاری نایاسایی کە گەیشتبووە ڕادەیـەك قبـوڵ نـەدەکرا. پەرلـەمان یـەکێ لەوانـەی بەهرەمەنـدبوون لـە قۆرغکـاری تۆمەتبارکرد. تۆمـەتبارو ژمارەیـەك لەوانـەی تۆمـەتبارکرابوون بـە دزینـی سـامان، لـە کارەکانیـان دوورخرانـەوە. جـیمس ویـستی ڕێگـری بکـات، بـەڵام ئەنجومـەنی گـشتی فرمـانی کـرد بـە دەرکردنـی "سێرفرانـسیس بـیکن" لـە وەزارەت بـەهۆی وەرگرتنـی بەرتیل. لەڕاستیدا ئەمە تۆڵە بوو کە لەفرانسیس کرایەوە، بەهۆی پشتگیری کردنی بۆ پاشا لەسەرجەم کارەکانی، وە هۆشداریەکیش بوو بۆ هـەموو ئەوانـەی کـە ئامۆژگـاری پاشایان دەکرد بۆ دژایەتی کردنی پەرلەمان. پـێش ئـەوەی پەرلـەمان قۆرغکاریـەکانی هەڵوەشێنێتەوە، جیمس ئەنجومەنی دواخست، لـەم لاشـەوە هـەژدە قۆرغکـاری لابـرد لەخراپترینی قۆرغکاریەکان.

کاتێـك پەرلـەمان جـارێکی تـرو لەهـەمان سـاڵدا کۆبوویـەوە، دووبـارە پاشـا بـەبێ ڕونکردنەوەی هیچ هۆیەك داوای خەرجی کرد. بەڵام ئەنجومەن گەرەکی بوو جـەنگ لـە دژی ئیسپانیا هەڵگیرسێنیو نێردەی ئسپانیا دەربکات، ئەمەش لە ترسی هاوسەرگیری کردنی جێ نشین "ولی عهد" لەگەڵ خـانمی ئیـسپانی. شـیای باسـە نێـردەی ئیـسپانی "گونـد مـار" هەسـتی بـەخاڵی لاوازی جـیمس کردبـوو، هـەر بۆیـە ئەمـەی بـۆ بەرژەوەندیەکانی ئیسپانیا بەکاردەهێناو، دەیویست خزینی ئینگلترا بۆ جـەنگ لـەدژی ئیـسپانیا ڕاگـریو جـیمس لـە دژی پەرلـەمان بجـوڵێنێ. جـیمس ئەنجومـەنی گـشتی ئاگادارکرد بەوەی کـە دەسـت لـەکاری دەوڵـەتو هاوسـەرگیری کوڕەکـەی وەرنـەدەن، چونکە ئەمە لـە دەسـەڵاتی ئەوانـدا نییـە، وەئەگـەر بـەردەوام بـن لەسـەر ئەمـە، ئـەوا سزایان دەدات. لە هەمانکاتداپەرلەمان داوای لە جیمس کرد ڕونکردنەوەیـەك بـدات بـۆ ئـەو هەڕەشـانەی کـە کردوونـیو هـیچ پاسـاوێکیان نییـە. هـەروەك ڕایگەیانـد ئـازادی

گوتوێژو گفتوگۆکردن مافی پەرلەمانە هەر لە کۆنەوە. لەگەڵ ئەوەی جیمس دانی نا بە سەربەستی قسەکردن، بەلاّم ڕێگریشی کردن لەوەی دەست لە سیاسەت وەردەن، چونکە ئەمەی بە مافی خۆی دەزانی. لە هەمانکاتدا پەرلەمان نارەزاییەکیان پێشکەش کرد. پەرلەمان ڕایگەیاند کە مافی ئەوەیان هەیە لێکۆڵینەوەو وتوێژ بکات لەو پرس و مەسەلانەی کە تایبەتە بەپاشاو هەروەها لەبارەی ڕەوشی وڵاتو بارودۆخی دەوڵەتو هی تریش لە کاروبارەکان. وە هەموو ئەندامێك مافی تەواوی هەیە کەگفتوگۆ بکات سەبارەت بە هەریەکە لەم پرس و بابەتانە بەوپەڕی ئازادیەوە. لەم کاتە جیمس پەرلەمانی دواخستو ئەو ڕەش نوسەشی "پەڕە – صفحە"ی دڕاند کە نارەزایی پەرلەمانی تیادا نوسرا بوو، پاش ئەمەش ئەنجومەنی هەڵوەشاندەوە[1].

بەڕاستی "گوندمار"نێردەی ئیسپانیا توانی "جیمس" هەڵخەڵەتێنێو لەو باوەڕەشدا بوو کە "جیمس" لەو کەسانەیە دەتوانرێ بەردەوام هەڵخەڵەتێنرێ. "گۆندمار" ویستی ناردنی شالاّوی ئینگلز ڕاگرێو دوای بخات، هەربۆیە بە پادشای ووت: "کە ئیسپانیا لە داهاتوودا لەپلانتینات پاشەکشە دەکات". بەمەش توانی هێرشی ئینگلیزی دوابخات. لەم کاتەشدا هەوڵەکانی سازکردنی هاوسەرگیری چارلس لەگەڵ خانمی ئیسپانی شکستی خوارد. "چارلس" باوکی هاندا بۆ بانگکردنی پەرلەمانو ڕاگەیاندنی جەنگ لە دژی ئیسپانیا.

پەرلەمانی ئینگلیزی لەساڵی 1624 کۆبوویەوە. گەلی ئینگلیزی لە چارلس یان ڕادەبینی کە کەسێك بێت بتوانێ ڕابەرایەتی ئینگلترا بکاتو بەرەو خۆشیو خۆشگوزەرانی ببات.

لەکاتێکدا پەرلەمان دەیویست جەنگێکی دەریایی هاوشێوەی جەنگی ئارمادا لەگەڵ ئیسپانیا سازکات بۆئەوەی سەرکزی کات، کەچی "جیمس" دەیویست جەنگی دژی ئیسپانیا لەپلانتینات هەڵبگیرسێنێ. نێردەی ئیسپانیش بە هەرچی لەتوانای داهەبوو هەوڵیدەدا ڕێگری بکات لە ڕوودانی جەنگ لە دژی وولاتەکەی. کاتێکیش چارلس هەستی کرد کە باوکی بە ووتەکانی وەزیری دارایی لایەنگر بە ئیسپانیا هەڵدەخەڵەتێ،

1Davies‹ G‹ theEearly Start‹ 1603- 1660(oxord‹ 1959) ‹ PP. 1-33

هانی ئەنجومەنی گشتی دا بەدەرکردنی، هەربۆیە ئەنجومەنی گشتی دەریکرد، لەبەرئەوەی ئامۆژگاری پادشای کردوە لە دژی ویستی پەرلەمان. پادشا پەرلەمانی دواخستو لەهەمانکاتیشدا هەوڵیدا هاوپەیمانی لەگەڵ فرەنسا ببەستێ بەمەبەستی ئەوەی فرەنسا سوپایەك بنێرێ بۆ پلاتنینات لە دژی ئیسپانیا، هەروەها ویستی"هناریتا ماریا"ی- خوشکی لویسی سێزدەی پاشای فرەنساو چارلسی کوڕی بکاتە هاوسەرو هاوسەرگیریان لەنێوان پێکبێنێ. لەگەڵ ئەوەی فرەنسا بەڵێنی تەواوی نەدا بەناردنی سوپا بۆ پلانتینات لە دژی ئیسپانیا، بەلام جیمسی دڵنیا کردەوە کە ئەوە دەکات "ناردنی سوپا بۆ پلانتینات" بەمەرجێ ئینگلترا لەمامەڵە کردنی لەگەڵ کاسۆلیکەکان باش بێتو زیندانیەکانیان ئازاد بکات. جیمس ئەوەی بەڵێنی دابوو بردیە سەر، وەلێ فرەنسا جەنگی ڕانەگەیاند. بارودۆخیش- بەم شێوەیە مایەوە تا کاتێك جیمس لە سەرەتای ساڵی 1625 ماڵئاوایی لە دنیا کرد.

"دین جۆنز" لەبارەی جیمسی یەکەمەوە دەڵێ[1] : "جیمس" لەڕووی فکریەوە لە زۆربەی لایەنەکاندا ڕاستو تەواو بوو، کاتێك خۆی نەکردە بەرپرسیاری هەڵسوکەوتو کردارەکانی فردریکی سەرەڕۆو کەودەن. وەئەم حەقی بوو کاتێك ڕێگری کرد لەبە فیڕۆدانی سەروەتو سامانی ئینگلیز لەسەر فردریكو پرۆتستانتیەکان هەروەك وولاتەکەشی ڕزگار کرد لەو وێرانکارییەی کە ئەورووپای باکورو ناوەڕاست توشی هاتبوو. بەلام لەڕووی سیاسیەوە پێویستە سەرزەنشتی جیمس بکرێ، بەهۆی ئەو ئامرازانەی بەبێ هۆ گرتنیە بەر. دیبلۆماسیەتە ناڕۆشنەکەی سیاسەتەکەی تێکداو دەسەلاتەکەی لاوازکرد. جیمس بە دڕاندنی ڕەشنوسەکەی پەڕلەمانو چەند جارێك هەڵوەشاندنەوەی ئەنجومەن سوکایەتی بەگەلی ئینگلیزی کرد[1] .

1Lunt ‹OP.Cit;pp.394-401

1 Deane Jones‹ The English Revolution‹ 1603- 1714(London‹ 1931) ‹pp. 17-18.

پادشا چارلسی یەکەم

چارلس بەپێچەوانەی باوکی ڕەنگو ڕوویەکی پاشایانەو جوامێرانەی هەبوو، هەروەها خۆشەویست بوو لەلای گەلی ئینگلیزی. بەخۆی دەنازیو لافو گەزافی بە پادشایی ڕەهاو مافی خودایی پاشایان لێدەدا. خەڵکی دڵخۆش بوون بە شکستی ئەو هاوسەرگیریەی کە خەریك بوو لە نێوان ئەوو کچی فلیپی چوارەمی پاشای ئیسپانیا ئەنجام بدرێ، بەڵام وەنەبێ لە دوای نەبوونی ئەم هاوسەرگیریە، کەسێکی تری خواستبێ بە دڵی گەلی ئینگلیزی بووبێ، بەڵکو هاوسەرگیری کرد لەگەڵ "هنریتامارپای" کچی هنری چوارەمی پاشای فەرەنساو خوشکی لۆیسی سێزدە. جا ئەم هاوسەرگیریە جێگەی دڵخۆشی گەلی ئینگلیزی نەبوو، بەهۆی کاسۆلیکی بوونی ئەم خانمە.

لەگەڵ ئەوەی چارلس وەك باوکی نەبوو لەڕوی ڕەوانبێژیو وتاردان، بەڵام باوەڕی تەواوی بە تیۆری مافی خودایی پاشاکان هەبوو پێداگریشی لەسەر دەکرد.

کاتێك چارلس لە ساڵی 1625 چووە سەرتەختی دەسەڵات، پێویست بوونی بە داهاتو ماڵ ناچاری کرد بانگهێشتی پەرلەمان بکات بۆ کۆبوونەوە. خۆ ئەگەر دەوڵەت لە جەنگدا نەبووایە لەپلانتینات لە دوای هەناردەکردنی سوپا بۆ ئەم هەرێمە، ئەوا ئەو بەو پارەیەی پەرلمان پێی بەخشی بوو بەسی بوو بۆ پڕکردنەوەی پێداویستیەکانی پاشا. بەڵام ڕەوشی جەنگ دارایيەکی زۆر زۆر لەمە زیاتری لەباربرد کە هەر ئەمەش وای لەپەرلەمان کرد حەوت یەکی خەرجی پێبدات[1]. ئەندامانی پەرلەمان دەستیان کرد بە وتوێژکردن لەسەر پێشێلکاریەکان، ئەمەشیان ڕاگەیاند کە هۆکاری جەنگ کردن لەگەڵ ئیسپانیا شکستی هاوسەرگیریەکەی پادشا بوو، نەوەك هۆکاری تری، هەروەها پێویستە لەسەر پاشا ڕاوێژ بکات بە ڕاوێژکارنی لە ئەنجومەنی ڕاوێژ لە جیاتی گوێ

---

1 Dravies. Op. Cit; p. 34

گرتنی لە یەکێك دوان لەلایەنگرانی. هەروەها پەرلەمان لێکۆڵینەوەی لە هاوسەرگیری چارلس کردو نزیکی ئەم خانمەی لە کاسۆلیکیەت دەرخست، وە ڕێککەوتنێکی ژێر بەژێریشی بۆ دەرکەوت، کە بەگوێرەی ئەم ڕێککەوتنە سیاسەتی لێبوردەیی بگرێتە بەر بەرامبەر کاسۆلیکیەکانو زیندانیەکانیش ئازاد بکرێن. پەرلەمان بەئەرکی سەرشانی زانیو وای بەباشتر دەبینی کە پاشا کاسۆلیکیەت لەناوبەرێ.

وەزیری یەکەمو سیقە پێکراوی پاشا "بیکینگهام" کوێرانە کەوتەپارێزگاری کردن لەسیاسەتی پاشاو داواکردنی خەرجی بۆ تێچونەکانی جەنگ، چونکە پەرلەمان گەرەکی سازکردنی جەنگێکی دەریایی بوو لە دژی ئیسپانیا لەسەر شێوەی جەنگی ئارمادا، ئەمەش بەهۆی کەمی تێچوونی جەنگو هەبوونی ئەگەری سەرکەوتن لەجەنگی دەریاییدا. هەروەك ناڕازی بوون لە بەرامبەر فکرەی "بکینگهام" لەبارەی ئەنجامدانی ئەم جەنگە، چونکە بکینگهام باوەڕی وابوو کەپاشا سوپا بنێرێ بۆ پلانتینات بە مەبەستی سەرخستنی پرۆتستانتەکانو هاوکاری کردنی هۆڵندیەکانو دانیمارکەکان. جا ئەندامەکان ئەم فکرەیان بەهەڵەزانیو لایان وابوو ئەم پلانە فراوانە مەترسیدارەو تێچوونی زۆرەو ئەگەری سەرکەوتنیشی کەمە. هەر بۆیە ئەندامان "بکینگهام"یان- بەمە تۆمەتبارکرد.

لەلایەکی تریشەوە کاروبار بە هەڵوەشاندنەوەی پەرلەمان چارەسەر نەدەکرا، هەتاوەکو پەرلەمان ڕەزامەندی نەنواندبایە لەسەر خەرجی تر. لەملاشەوە ڕەوشی جەنگ تێکچوبوو، چونکە ئینگلترا سوپای بۆ ئەڵمانیا ناردبوو بەڵێنی هاوکاری بە دانیمارك دابوو. لەلایەکی تریشەوە پەیمانی هاوپەیمانی بوونی لەگەڵ فەرەنسا دابوو. جگەلەمە هاوسەرگیری چارلس لەگەڵ خوشکی لۆیسی سێزدە، ماددەیەکی لەخۆگرتبوو، کەبە گوێرەی ئەم ماددەیە ئینگلترا هەشت کەشتی ڕادەستی فەرەنسا دەکات، بە مەبەستی جەنگ کردنی لە دژی ئیسپانیا. بەڵام لە هەمانکات دەرکەوت کە ڕیشیلیۆ ئەم کەشتیانەی بە مەبەستی گەمارۆ دانی لارۆشیل لەدژی پرۆتستانتەکان

ویستووە، ئەمەش ئەوندەی تر ئینگلترای توڕەو نیگەران کرد. جابۆ ڕزگار بوون لەم تەنگو چەڵمەیە "بکینگهام" شالاویکی کردە سەر "قادس" ی بەندەری ئیسپانیا بە مەبەستی تالانکردنی بەندەرەکانی ئیسپانیاو کەشتیەکانی. بەڵام ئەم شالاوە شکستی هێناو دەریاوانان بە ئەسپاییو تاسەوە گەڕانەوە. کەچی چارلس نەیدەویست بەم شێوەیە دەست لەجەنگ هەڵبگرێت لە کاتێکدا شورەییە بۆی. هەروەك بەهۆی کەمی خەرجیش نەیدەتوانی بەردەوام بێت لەجەنگ، چونکە پەرلەمان خەرجی تەواوی پێنەدەدا. هەربۆیە چارلس لەساڵی 1626 ناچار بوو بانگهێشتی پەرلەمان بکات.

بەڕاستی پادشا ڕێگەی خۆشکرد بۆ پەرلەمانی دووەم بەوەی سەرکردەکانی خۆیان لەپۆستەکان دابمەزرێنن‌و قانون لەدژی کاسۆلیکەکان جێبەجێ بکەن. هەروەك ئوسقوف (لود) یان" وەك وتاربێژ لەئەنجومەنی گشتیو ئەنجومەنی لۆردات دامەزراند لە کاتی کۆبونەوەکانیان. گوتارەکەی نمایشێکی گشتی بوو بۆ یەکگرتنەوەی دین‌و دەوڵەت، کاتێ ووتی:" گوێڕایەڵی فەرمانەکانی پادشا وەك سوپاس کردن‌و بەندایەتی کردنی خودایە. پادشا لانادا لەگوێڕایەڵی خوداو خزمەتکردنی گەل‌و گرنگی پێدانیان‌و بەڕێوەبردنی خەزێنە بە بەڕێوبردنێکی لێزانانەو حەکیمانە"[1]

لەگەڵ ئەوەی پەرلەمان پشتیوانی لەو گوتانە کرد بەڵام زۆر گرنگی پێ نەداو، گوێی گرت بۆ گوتەکانی سەرکردەی ئۆپۆزسیۆن"سێرجۆن ئیلیوت". ئیلیوت جەختی کردەوە لەسەر ئەو کارەساتەی ڕووبەڕووی وڵاتانی ئەوروپا بوویەوەو گوتی:"کەشتیەکانمان نوقم بوون، پیاوەکانمان لەناوچوون، بەڵام نەك بەشمشێری دوژمنان بەڵکو بەهۆی ئەو کەسانەی متمانەمان پێیان هەیە.

پەرلەمان گوێی نەدایە دواکاری پادشا لەمەڕ پێدانی خەرجی، بەڵکو بڕیاریدا لێپێچانەوەبکات لەگەڵ ئەو کەسانەی کە بەرپرسیاری ئەو کارەساتانە بوون کە سوپاو

1Ibid; pp. 35-36.

هێزی دەریایی ئینگلترا لە ئەڵمانیاو قادس توشی هاتبوو، بۆ ئەمەش بکینگهام یان" تۆمەتبار کردو داوای دەرکردنیان کرد. لەهەمان کاتدا پادشا"چارلس"، "ئیلیوت"ی سەرکردەی ئۆپۆزسیۆن و"دودلی دیگز"ی سەرۆکی ئەنجومەنی گشتی دەستگیرکرد. ئەنجومەنیش کاروبارەکانی ڕاگرت تاوەکو ئازادکردنیان، واتا "ئازادکردنی ئەوان وەك مەرج دانرا". بۆیە پادشا ئەمەی کردو داوای گفتوگۆی کرد سەبارەت بەپێدانی خەرجی، کاتێکیش ئەنجومەنی ئەمەی نەکرد، پادشا فرمانی هەڵوەشاندنەوەی ئەنجومەنی دەرکرد.

ئەو نەهامەتیانەی کە بەدوای یەکدا بەسەر سوپای ئینگلیزی داهات، دەرەنجامی کەمی خەرجیو تفاقو ڕەتکردنەوەی داواکانی پادشا بوو لەلایەن پەرلەمانەوە، کاتێ داوای خەرجی تەواوی دەکرد. پادشا داوای بەخششو دیاری لە خەڵکی کرد، بەلاّم گەلیش ڕەتی کردەوە، نەك هەرئەمە بەڵکو خەڵکی ئەو قەرزەشیان ڕەت کردەوە کە پادشا دەیویست بە زۆر لێ یان وەربگرێ. بەهۆی ئەمەوە ژمارەیەك لە خەڵکی دەستگیرکران کە لەنێوانیاندا پێنج ئەندام هەبوون داوای ڕوونکردنەوەی هۆکاری زیندانی کرانیان دەکرد. بیکینگهام شالاّوێکی دەریایی ئامادەکرد کەخۆی سەرکردایەتی دەکرد، بەمەبەستی هاوکاری کردنی پرۆتستانتەکان لەلارۆشیل. بەلاّم شالاّوەکەی شکستی خوارد، دوای ئەوەی بیکینگهام لە دورگەی "ڕەی" تێکشکا. شیاوی باسە هۆکاری ئەم تێکشکانەش کەمی خەرجیو تفاق بوو. دەریاوانەکانی ئینگلیز بەڕێکەوتنیان بۆ لارۆشیلو دوای گەڕانەوەشیان بۆ ئینگلتەڕا، بەمەستی دابینکردنی خواردنو خەوتن، بەسەر ماڵەکاندا دابەشبوون، بەلاّم هەندێ جار ڕوبەڕووی ڕەت کردنەوەو دەرکران دەبونەوە، هەروەها دەبوونە هۆی ناڕەحەتی بۆ ماڵەکانو تەنانەت بۆ ئەو شوێنانەشی لێی دەگیرسانەوە.

لە ئەنجامی ئەم بارودۆخە ئاڵۆزو شێواوەو مایەپوچیەی خەزێنەو بێزاری خەڵکی، پادشا لەسەرەتای ساڵی 1628 فرمانی ئازاد کردنی زیندانیەکانی دەرکرد، هەروەك فرمانی جێبەجێ کردنی هەڵبژاردنی دا بۆ پەرلەمانی سێیەم.

بەدبەختی پاشا لەوەدا بوو کە گەل لەم هەڵبژاردنەدا ئەو کەسانەیان هەڵبژارد کە دژی پاشا بوون، بەتايبەت ئەوانەی زیندانی بوون. ئیدی کاتێك پەرلەمان کۆبویەوە، پرسی قەدەغەکردنی کۆکردنەوەی خەرجیو داهاتیان تاوتوێ کرد، کاتێك بەبێ ڕەزامەندی پەرلەمان کۆکرابوویەوە. هەروەها نەهێشتنی زیندانی کردنی خەڵکی بەبێ هەبوونی هۆکارو ڕوون کردنەوەی هۆکاری زیندانی کردن بە شتێکی پێویست لە قەڵمدا. پەرلەمان گەلاڵەنامەیەکی خستە بەردەم پاشا، بەناوی "داواکاری ماف". کە تیایدا هاتبوو:

1- بەبێ ڕەزامەندی پەرلەمان نابێ باجو قەرزی زۆرەملێ وەربگیرێ، هەروەها بەخششو دیاریش بەبێ ڕەزامەندنەبوونی پەرلەمان داوانەکرێت. 2 - دەستەبەرسەرکردنو دەستگیرکرانی خەڵکی بەبێ فرمانی فەرمی دادگا قەدەغە بکرێ. 3- کۆتایی هێنان بە دابەزینی سەربازو دابەشبوونیان بەسەرماڵی هاوڵاتیانو نەهێشتنی حوکمی عورفی لەکاتی ئارامیدا.

پاشا ڕەزامەندی لەسەر ئەمانە نواند، پەرلەمانیش ڕازی بوو بە پێدانی خەرجی پێویست. بەختی پاشا لەوەدابوو کەپێش ئەوەی پەرلەمان دەستبکات بە گفتوگۆکردن لەسەر پێشێل کاریەکان، "بیکینگهام" کوژرا. ئەمەش بووە هۆی سوککردنی ناکۆکی نێوان پاشاو پەرلەمان. کوژرانی "بیکینگهام" لەکاتی پشووی پەرلەمان دابوو، لەم ماوەیەشدا پاشا هەستا بەکۆکردنەوەی گومرگ لەسەر ئەو هاوردانەی کە پەرلەمان لەسەری نەسەپاند بوون. هەندێ لە بازرگانانو ئەندامانی پەرلەمان کە ئەمەیان ڕەت کردەوە، توشی دەستگیرکران هاتنو نێردرانە دادگای هۆڵی ئەستێرە، ئەو هۆڵەی کە گەلاڵەنامەی داواکاری مافەکان نەیدەگرتەوە.

کاتێك پەرلەمان لەساڵی 1629 کۆبونەوەی خۆی سازدا، هێرشیان کردە سەر ئەو باجانەی کە پەرلەمان ڕەزامەند نەبوو لە سەری، هەروەها دژی هەندێ پرسی ئاینیو پیادەکرانی بوون. هۆکاری دروست بوونی ئەم ناکۆکیو دووبەرەکیەش دەرکەوتنی ژمارەیەکی بەرچاوی پیۆریتانەکان بوو لە ئەنجومەنی گشتیداو، پاشان نەیاربونیان

لەگەڵ پیاوانی ئایینی کڵێسای ئینگلیزی. لەم نێوانەشدا مەیلیان بەلای کالڤنیزم داکردو دژایەتی پیاوانی میانڕەوی کڵێسای ئینگلیزیان دەکرد. یەکێ لە ئوسقوفەکانی کڵێسای ئینگلیکانی بەناوی "مۆنتگ" لە بەرامبەر ئەم دژایەتیە وتی:"پاپەویەت پشتیوانی دیکتاتۆریە، لەهەمان کاتیشدا پیۆریتانیزم هۆکاری پەشێوی‌و ئاژاوەیە، هەردوولاشیان دووژمنی سەقامگیری‌و میانڕەوین"[1]. ناکۆکی ئاینی لەنێوان "ئیلیوت‌و سەرکردەکانی پەرلەمان، وایکرد پاشا لایەنگری ئەساقیفەی کڵێسای ئینگلیزی بکات. لە دانیشتنی دوایدا ئەنجومەن پشتیوانی کردنی لە کاسۆلیکیەت بە خائینی‌و ناپاکی کردن لەقەڵەم دا. هەروەك هەموو ئەو کەسانەی کە بەبێ ڕەزامەندی پەرلەمان باج لە هاوردە دەسەنن بەخائین‌و ناپاك لەبەرامبەر وڵات لەقەڵەمی دان. لە ئەنجامی ئەم دووبەرەکیەدا پاشا فرمانی هەڵوەشاندنەوەی پەرلەمانی دەرکرد.

ناکۆکی ئاینی هەر ئەوە ئەنجامی نەبوو، بەڵکو بووە هۆی دروستبوونی دووبەرەکی لەنێوان ئەنجومەنی لۆردات‌و ئەنجومەنی گشتی. مامەڵەی "ئیلوت" و"پیم"و ئەنجومەنی گشتی بووە هۆی ئەوەی ئەنجومەنی لۆردات دورەپەرێزبن‌و هەندێ جاریش لایەنگری پاشا بن. پادشا تا ئەو کاتەش دەرکی بەوە نەکردبوو کە گەلی ئینگلیزی پشتیوانی سیستەمی پەرلەمانی دەکەن، وە عەقیدەو بیروباوەڕی پیۆریتانی بڵاو بووەتەوەو زۆرینەی ئینگلیزەکان پشتگیری دەکەن. "چارلس" باوەڕی وابوو کە مامەڵەی ئەنجومەنی گشتی بەهۆی وتاری هەندێ لەسەرکردەکانە. هەربۆیە "ئیلویت"ی دەستگیر کردو لەزیندانی بورجی لەندەن زیندانی کرد. "ئیلیوت" لە زیندان مایەوەو بە زیندویی چاوی بە دەرەوە نەکەوتەوە، بەڵکو هەر لەوێداو لە ساڵی 1632 چاوی لێکنا.

Ibid; pp: 41-44 1
bid; pp. 44-45 I
bid; pp 44-46 I

هەڵبــژاردنی نــەیارانی پاشــا لەلایــەن گەلــەوە بەشــێوەیەکی بەرچــاو لــە هــەموو هەڵبژاردەنەکاندا زیادی دەکرد. ئەمــەش بەڵگــەی پــشتیوانی گــەلی ئینگلیــزی بــوو بــۆ داواکــانی ئەنجومــەنی گــشتی، هــەروەها بــۆ سیــستەمی پــەرلمانی. کەچــی پادشــاو نەدەستوپێوەندەکانی دەرکی ئەمەیان نەکرد[1].

دەسەڵاتی تاکڕەوی 1629-1640:

چارلس دەستی کرد بەفەرمانڕەوایی کردنـی ئینـگلترا بەشێوەیەکی تاکڕەوانـە بـۆ ماوەی یازدە ساڵ، بەبێ بانگهێـشت کردنـی پەرلـەمان. چـارلس بـە هەڵوەشـاندنەوەی پەرلەمان هەستی کرد کە ڕزگاری بووە لەبارێکی گران. وە خۆی دادەنـا بـە پـارێزەری کڵێسای ئینگلیزیو دەستور، لە دژی ئاژاوەگێڕانو ئەوانەشی پیرۆزیە ئاینیـەکان پـێس دەکـەن. هــەروەها خــۆی بــە پــارێزەری دروشــمو تقوســی ئینگلیــزیو مــافو ئــازادی ژێردەســتەکانی دادەنــا[1]. چــارلس وای دادەنــا دەســتگرتن بــە کڵێــسای نیــشتمانی، نیشتیمان پەروەریەکی ڕاستە، پیاوانی ئـاینیش بەتـەنها دەتـوانن چارەسـەری پرسـە بیروباوەڕیەکان" عەقیدە" بکەن، ئەمەش بە کۆبونەوەیان لەگەڵ ئەنجومەنێکی ملکەچ بۆ پادشا. هەروەها بۆ خەڵکی ڕەشۆکی ڕەوا نیە وتوێژو قسە بکەن لەسەر بڕیارەکـان، بەڵکو پێویستە بەبێ پرسیارو وەڵام ملکەچ بن بۆی.

هــەروەها هــاوڵاتی مــافی ئــەوەی نییــە قــسە لەســەر بڕیارەکــانی کڵێــسا بکــات، وە جەختی لەسەر گوێڕایەڵی ملکەچی نواندن دەکردەوە بۆ قانون. چارلس بـاوەڕی وابـوو کە "ئەو لۆژیـك دەزانـێ، وە دەزانـێ پێویـستە قـانون بـە چ شـێوازێك بێـت"، وە ئـەو دادوەرەشی کـە لەگـەڵ بیروڕاکـەی نەبوایـە دەری دەکـردو جێگاکـەی بـەدادوەرێك پـڕ دەکردەوە کە ملکەچی خۆی بوایـە. لەئـەنجامی ئـەم بارودۆخـەدا بڕیـارە دادگاییـەکان

Ibid; pp. 45-46 2

Ibid; pp. 82 3

لەلای خەڵکی هیچ نرخو بەهایەکیان نەما، داوەر لەلای خەڵکی وەك ئامرازێك وابوو بەدەستی پاشایەکی تاکڕەو. لەڕاستیدا دادگا کرنگیەکی زۆری هەبوو، چونکە جێگەی پشت بەسترانی پاشا بوو لەجێگای پەرلەمان[1].

پێشتر پاشا ناچار بوو دەستبگرێتەوە لەو خەرجیانەی کە دەیکرد، بۆ ئەوەی بتوانێ لەو داهاتەی کە پەرلەمان بۆی دیاری کردبوو هەڵبکات. کاتێك پاشا بینی داهاتەکەی بەشی جەنگە دەرەکیەکان ناکات، پەیمانبەستی ئاشتی لەگەڵ ئیسپانیاو فەڕەنسا کرد، بەمەش بەشێکی زۆری پارەو پولی بۆخۆی گلْ دایەوە. وەلێ لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا چارلس لەو قەیرانە داراییە ڕزگاری نەبوو کەلەسەر شانی مابوویەوە. قەرزی نیشتیمانی گەیشتە یەك ملیۆن پاوەندی ئیسترلینی، ئەمەش بەهۆی ئەو جەنگانەی کە بەرۆکی گرتبوو، ئەم قەیرانەماڵیە بەشێوەیەك بوو کە داهاتی وڵات بەشی تێچونەکانی دەوڵەتی نەدەکرد، ئەمە لەکاتێکدا پاشا قەرزەکانی فەرامۆش کردبوو. ئیدی پادشا بە هەموو هۆکارێك دەستی کرد بە کۆکردنەوەی ماڵو داهات،چا چ یاسایی بوایە، یاخود نایاسایی، وە نەبێ چارلس لە جوغزی داواکاری مافەکان چوبێتە دەرێ، بەلام ئەمانە لەگەڵ روحیەتی گەلی ناڕازیو پەرلەمان نەدەهاتەوە .

لەو بوارانەی کە چارلس پەنای بۆ برد، بەمەبەستی کۆکردنەوەی داهاتو دارایی، وەرگرتنی سالانەی هەر ئەرزو عەقارێك بوو لەشێوەی غەرامە، کە لە چل پاوەند کەمترنەبوو. هەرچەندە ئەمە شتێکی یاسایی بوو بەڵام لەسەردەمی هنری حەوتەمەوە پشت گوێ خرابوو،پادشا جگە لەمە داهاتی لەباجی دارستانەکانیشەوە دەست دەکەوت، جاهەر زەویەك پێشتر دارستان بوایە بەلام لەم کاتە دارستان نەبوایە، ئەوا پێویست بو سەوز بکرێتەوەو باجی بخرێتەسەر. چارلس لەپال ئەمانەدا لەگەڵ کۆمپانیاکانیش ڕێککەوت، بەوەی قورغکاری پێدان لەبەرامبەر وەرگرتنی بڕێك دارایی،

---

1 Ibid; p. 82

بۆ نمونە قۆرغکاری پیشەسازی صابون‌و مەی‌و خوێ. جگە لەمانە چارلس باجی کەشتی گێڕایەوە کە ئەمەش بوە هۆی تورەکردنی خەڵکی . بەندەرەکانی ئینگلیز پێشتر کەشتی لێ دروست دەکرا بەمەبەستی پارێزگاریکردن لە وڵات، بەڵام کاتێك حکومەتی ئینگلیزی گەلە کەشتی دامەزراند هەر بۆ ئەم مەبەستەی پێشوو، ئەم بەندەرانە لەپیشەسازی کەشتی قەدەغە کران. چارلس داوای لەم شارانە کرد سالانە برێك پارە بدەن بۆ گەلە کەشتی ئینگلیزی، لە بەرامبەر لاچون‌و نەمانی دروستکردنی کەشتی. کاتێکیش یەکێ لەخەڵکی ئەم شارانە بەناوی جۆن هامرن، بەخشینی ئەم باجەی ڕەت کردەوە، بەبیانوی ناقانونی بوونی ئەم باجە، بەرەو دادگایان ڕاپێچ کردو هەر لەوێش سەر زەنشت کرا. بێوریتانەکان لە هەموو ناوچەکانی ئینگلتەرا نارەزاییان دەربری‌و باجی کەشتیان بە باجێکی ناشەرعی دایە قەڵەم، هەروەك ڕایانگەیاند: ئەم باجە پێچەوانەیە لەگەڵ داواکاری مافەکان کە چارلس خۆی لە ساڵی 1628ڕەزامەندی لە سەری نیشانداوەو پەسەندی کردوە. لە هەمان کاتدا چارلس پەنای برد بۆ دادگا بۆ ئەوەی ئەم باجە بە یاسایی‌و شەرعی دابنێت، ئەمانیش لە بەشەرعیبونی ئەم باجە پێداگریان کردو تەئکیدیان لە سەرکردەوە [1]. جگە لەهەموو ئەمانەی بوونە هۆی نارەزایی بوونی خەڵکی، هۆکارێکی تریش پاڵنەربوو بۆ بێزاری دەربرین، ئەمیش هۆکاری ئایینی بوو.

پرسی ئایینی لایەنێکی گرنگی گەلی ئینگلیزی بوو. چارلس "ولیم لود"ی کردە سەرۆکی ئەساقیفەی "کانتربەری" بۆ بەڕێوە بردنی کاروباری کلێسای ئینگلیزی، کە بەرزترین پۆستی ئایینی بوو لە ئینگلتەرا. کاتێك "ولیم لود" ئەم پۆستەی پێدرا، هەموو یاسا توندو تیژەکانی دەرهەق بە کاسۆلیکی سوك کرد، وە مۆلەتی پێدان ئاهەنگ سازکەن‌و بەرەو یانەی شەوانە بڕۆن بە مەبەستی گوێ گرتن لە مۆسیقاو کات

1 Ibid:pp.83-85

بە سەر بردنو ڕابواردن "مەبەستمان لەڕابواردن ئەو مانایە نیە کە لە کوردیدا هەیەتی"، ئەمە لە کاتێکدالەلای پیۆریتانەکان حەرام کرابوو. ئەمانە بەشێوەیەك پیۆریتانەکانی پەستو بێزارکردو ناڕەزاییو نیگەرانیان گەیشتە ڕادەیەك، کە هەزارانیان ولاتیان جێهێشتو ڕوویان کردە ئەمریکا. شیاوی باسە "ولیم لود" لەگەڵ پیۆریتانەکان بە توندی دەجولایەوەو باش نەبوو لەگەڵیان.

شۆڕشی سکۆتلەندە (1638):-

"چارلس" دەیویست تعالیمی کلێسای سکۆتلەندی کالڤنی بگۆڕێو ڕێکیبخات بەگوێرەی تعالیمو سیستەمی کلێسای ئینگلیزی، کەپاشماوەی سیستەمی کاسۆلیکی بوو. لەم کاتەدا پیاوانی ئاینی سکۆتلەندی پەیمانێکیان لە نێوان خۆیاندا بەستو، سوێندی یان خوارد کە پارێزگاری لە کلێساکەیان بکەنو هەموو ئەو ئوسقوفانە دەربکەن کە "چارلس" دەیاننێرێ بۆ جێبەجێ کردنی پرۆسەی گۆڕانکاری. پاش ئەمە شۆڕشیان بەرپاکرد. کاتێك چارلس لە یەکەم تێکهەڵچوندا لە ساڵی 1639 نەیتوانی بەسەر شۆڕشگێڕاندا زاڵ بێت، لەساڵی 1640 بانگهێشتی پەرلەمانی کرد بۆ کۆبوونەوە، بە مەبەستی دەستکەوتنی خەرجی پێویست بۆ سەرکوت کردنی شۆڕش. کاتێك پەرلەمان کۆبویەوەو پادشا ئاماژەی نەدا بە پێشێلکاریەکان، سەرکردەی نەیاران دەستیان کرد بە گفتوگۆکردن لەسەر پێشێلکاریەکان بەبێ ئەوەی ئاماژە بدا بە خەرجی، هەروەك کردەوەکانی حوکمی تاکڕەوی یان خستە بەرباس کە لەساڵی 1629 ەوە دەستی پێ کردبوو. کاتێك پاشا بێ ئومێدبوو لە دەستکەوتنی خەرجی، دووبارە پەرلەمانی هەڵوەشاندەوە. شیاوی باسە ئەم پەرلەمانە بە پەرلەمانی کورت خایەن ناسرا، چونکە لەسێ هەفتە زیاتر بەردەوام نەبوو. هەڵوەشاندنەوەی پەرلەمان لە 5/مایسی 1640 لەلایەن پاشاوە هەڵەیەکی گەورەی سیاسی بوو کەپاشا ئەنجامیدا. بەهۆی ئەوەی پەرلەمانی کورت خایەن ئەو کارانەی ئەنجام نەدا کە

پەرلەمانی دوای خۆی ئەنجامی دا، واتا: "پەرلەمانی دوای پەرلەمانی کورت خایەن، بەو کارانە هەستا، کە پەرلەمانی کورت خایەن ئەنجامی نەدا". ئەنجومەنی لۆردات ئامادە بوو بۆ ناوبژی نێوان پاشاو ئەنجومەنی گشتی، بە تایبەت کاتێ کە بڕیار وابوو باس لە شۆڕشی سکۆتلەندی بکرێ، هەروەها کاتێك داواکاری ئەم پەرلەمانە کورتخایەنە کەم بوون و نەدەگەیشتە ڕادەی بێ ئومێدبوون، بەو شێوەی کە پەرلەمانی دواتر پێی گەیشت.

جەنگی ناوخۆیی و شۆڕشی ئینگلیزی

1649-1644

پادشا بە مەبەستی تەیارکردنی سوپا بۆ دەرپەڕاندنی سکۆتلەندیەکان لە باکوری ئینگلترا، ویستی بە هەموو هۆکارێك ماڵ و دارایی کۆبکاتەوە. پادشا نەیتوانی پەرلەمان لە تشرینی دووەمی 1640 کۆبکاتەوە. چونکە 60٪ ی ئەندامە هەڵبژێردراوەکانی لەپەرلەمانی پێشوو دانیشتبوون. گوتراویشە کە زۆرینەی ئەندامانی هەرێمە دەوڵەمەنەکان دژو نەیاری پادشاو کۆشکی شاهانە بوون.

پەرلەمانی درێژخایەن:-

پەرلەمانی درێژخایەن بۆیە پێی دەوترێ درێژخایەن، چونکە لە ساڵی 1640 تاوەکو ساڵی 1660 بەردەوام بوو. ئەم پەرلەمانە سوور بوو لەسەر ئەوەی کە بەهرەمەند بێت بە دەسەلاتی بالای دەوڵەت، هەروەها خۆی گێل دەکرد لە فەرمانەکانی ئەنجومەنی لۆردات و پادشا کە لەگەڵ بەرژەوەندیەکانی گەل تێکدەگیرا. کاتی خۆیشی "جیمسی یەکەم" دانی نابوو بە مافی پەرلەمان لە دەرکردنی وەزیر. لەم کاتەشدا ئەنجومەنی گشتی دەیتوانی زیندانیان بکات و لە داریان بدات، لەم نێوانەشدا سەرۆکی ئەساقیفەی کەنتربری "ولیەم لود، توماس و ینتوروس" ناسراوبە

"ئـایرل ئـۆف سـترافۆرد" دەسـتگیرکرد، تەنانـەت بـە تۆمـەتی ناپـاکی گـەورە "سـترافۆرد"ی – لـە داردا. ناپـاکی "سـترافۆرد" ئـەوە بـوو کـە ویـستبووی سـوپای ئێرلەندی بهێنێتە ئینگلترا بۆ سـەرکزکردنی پەرلـەمان. شـیاوی باسـە "سـترافۆرد" لـە ساڵی 1629 تا ئەو کاتە ڕاوێژکاری چارلسی یەکەم بوو. هەرچەندە ئەنجومەنی گشتی بەڵگـەی تـەواوی لـە بەردەسـتا نـەبوو بۆسـەلماندنی تۆمەتەکـە، بـەڵام گـەورەکانی ئەنجومەنی گشتی ترسان لە "سترافۆرد". لەبەرئـەوە بـە لـەداردان خۆیـان لێـی ڕزگـار کرد. "ولیەم لود"یش– کە سەرۆکی ئەساقیفەی "کەنتەربەری"بـوو چارەنوسـی لـەهی هاودەردەکەی خۆی باشتر نەبوو، چونکە ئەویش تا ساڵی 1645 لـە زینـدان مایـەوەو دواتـر لـە داردرا. بەڵگـەکان ئـەوەیان دەسـەلماند کـە سـترافۆرد بـێ تاوانـە، وەلێ نەیانهێشت پارێزگاری لەخۆی بکات.

چاکسازیەکانی پەرلەمان:ـ

پەرلەمان بەردەوام بوو لە چاکسازیە دەستوریەکانی بە:

1– هەڵوەشاندنەوەی دادگە تایبەتیەکانی وەك دادگـەی هـۆڵی ئەسـتێرە، دادگـەی بالاّ. هەروەها بە نەهێشتنی دروستکردنی هەر جۆرە دادگەیەکی لەو شێوە لە داهـاتوو، جگە لەمە بە داماڵینی ئەنجومەنی ڕاوێژکاری لەهەموو دەسەلاّتیك.

2– ڕێگری کردن لە سەپاندنی باج و کۆکردنەوەی، تا ئەوکاتەی ئەنجومـەنی گـشتی بڕیارنەدات، نابێ پەرلەمان لە کاربخرێ یا هەڵپەسێردرێ یاخود هەڵوەشێنرێتەوە.

3– دادوەر لەسەر بنەمای ڕێزو جـوان ئاکـاری‌و خـۆش ڕەفتـاری دابمـەزرێ نـەوەك لەسەر بنەمای ڕەزامەندنی پاشا. شیاوی باسە پاشا لەسەر هـەموو ئەمانـە ڕەزامەنـدی دەربڕی.

پەرلـەمان جـەختی لەسـەر ئـاینزای پرۆتـستانتی دەکـردەوە وەك ئـاینزای ولاّت‌و پارێزگاری لێدەکرد، کەچـی ئەنجومـەنی گـشتی بڕیاریـدا پیـاوانی ئـاینی دووربخاتـەوە

لەکاری دەوڵەتو ڕێگری لێکردن لـە ئەنـدام بـوونی ئوسـقوفە لـە ئەنجومـەنی لـۆردات. دووبەرەکی لە نێوان ئەنجومەنی گشتیو ئەنجومەنی لـۆردات ڕویـداو، دواتـر ئەنـدامانی ئەنجومەنی گشتیش بوونـە دوو بـەش. چاکسازی ئـاینی زیـاتر مـەیلی بـەلای پـەیامو بنەماکانی ئاینزای پیۆریتانی دابوو. پیۆریتانـەکان زۆرینـەی پەرلـەمانیان پێکهێنـابوو، ئەنجومـەنی لـۆرداتیش نەیدەویـست پێکهاتەکـەی بگـۆڕێ. کاتێـك ئەنجومـەنی گـشتی جێبـەجێکردنی بڕیارەکـانی کـردە فرمـانو بەسـەر لایـەنی بەرپرسـیاری داسـەپاند، ئەنجومەنی لۆردات ناڕەزایی دەربڕی، بەوبیانوەی کـە ئـەوەی ئەجومـەنی گـشتی پێـی هەڵدەستێ چاکسازی نییە، بەڵکو شۆڕشـێکە لـە هـەموو بوارەکـانی وڵات. بـەو بیـانوە ڕەزامەندی لەسەر بڕیارەکان نەنواند.

لەهاوینی 1641 پادشا بەمەبەستی ڕاکێشانی سەرکردەکانی سکۆتلەندا بـەلای خۆیدا، سەردانی سکۆتلەندای کرد. وەلێ پەرلەمانی سکۆتلەندی سوربوو لەسەر ئەوەی کە دامەزراندنی فەرمانبەرانی پادشا دەبێ لەلایەن پەرلەمانەوە بێت، پادشـاش ئەمـەی ڕەتکـردەوە. بەمـەش پادشـا ڕێـسەکەی بوویـەوە خـوریو نـەیتوانی هاوکـاری سکۆتلەندیەکان بەدەستبێنێ[1].

کاتێـك پادشـا گەڕایـەوە ئینـگلترا بینـی کـە ئەنجومـەنی لـۆردات چاکسازی ئـاینی پەسـەند نـەکردوەو قبـوڵی نییـە، لەمەشـدا بەشـێك لەئەنـدامانی ئەنجومـەنی گـشتی پیشتیوانیان دەکردن. پاشا لەلێدوانێکدا ووتـی:" کۆمـەڵێك لەپیۆریتانـەکان دەیانـەوێ ویستی خۆیـان بەسـەر ئینـگلترا بـسەپێنن". بەشـێکی زۆر لـە خـەڵکی هەسـتیان کـرد کەمافی پاشا زیاد لە پێویست لەلایەن پەرلەمانەوە پێشێل دەکرێ. ئەنجومەنی لۆردات نەیدەویست ئەنجومەنی گشتی بەهرەمەنـد بێـت لـە دەسـەڵاتێك کـە زیـاتر بێـت لـەهی پاشا، بەڵکو دەیویست دەسـەڵاتی پاشـاو پەرلـەمان یەکسان بێـت. سـەرەڕای ئەوانـە چەندین دەستەو گروپی ئاینی پەیدابوون کە بـەبێ وابەسـتە بـوون بـە تەعالیەمـەکانی

---

1 Ibid; pp. 99-105

کڵێسا ئینجیلیان ڕاڤەدەکرد بە گوێرەی ئارەزووی خۆیان. لە ڕاستیدا هۆکاری سەرەکی بۆ بە جەماوەرنەبوونی پادشا، ترسان بوو لە گەڕانەوەی کاسۆلیکو پاپەویەت بۆ وڵات بەهۆی هەڵگیرسانی شۆڕش لە ئێرلەندا. پەرلەمانیش بۆ ئەوەی جەماوەربوونی خۆی بگێڕێتەوە، لە پایزی 1641 ڕەشنوسێکی 119مادەیی لەژێرناوی "نارەزایی گەورە" پێشکەشی پاشاکرد. مەبەستی سەرەکیشی لەم ڕەشنوسە ڕاکێشانی میللەت بوو، وە وڵامێکیش بوو بۆ ئەوانەی لایەنگری پاشا بوون و دەیانوت: "پەرلەمان خەریکە دژایەتی مافە سەرەکیەکانی پاشا دەکات". لەبەرامبەر هەموو ئەمانەداپاشا ڕەزامەندی نواند لە هەمبەر هەموو ئەو چاکسازییانەی کە پەرلەمان پێی هەستابوو.

"نارەزایی گەورە" دادەنرێت بە ڕەشنووسی مەترسیدارو گرنگترین بەڵگەنامەی مێژوویی دەستوری ئینگلیزی کە خەڵکی لە سەردەمی خۆیدا دانیان پێیداهێنا. پاشا ویستەکان پێیانوابوو مەبەست لەم ڕەشنوسە تۆمەتبارکردنی پاشایە بەشتێك کە نەیکردووە. لە دیدی خەڵکانی بیانی "نارەزایی گەورە" فێڵێك بووە کە سەرکردەکانی ئەنجومەنی گشتی ویستویانە بەهۆیەوە جەماوەری خۆیان دروست بکەنەوە، ئەو جەماوەرەی کە لە هاوینی 1641 لە دەستیان چووبوو، بەهۆی تۆمەتبارکردنی پادشاو بە سوك دانانی کارەکانی پاشا لەڕابردووو ئەم کاتە. ئەم ڕەشنوسە تێکپەڕێندرا بە زۆرینەیەکی کەم[1] واتا: "نیوە کەمێ زیاتر دەنگیان لەسەری داوە". دواتر پێشکەشی پاشاکرا بۆ پەسەندکردنی[2].

"چارلس" خۆی بەرپرسیار نەکرد بەڕەت کردنەوەی ئەم ڕەشنوسە و، ڕایگەیاند کە لە ماوەیەکی دیاری کراودا دەیەوێت نەك هەر ڕەزامەندی دەنوێنێ لەسەر ئەو یاسانەی داندراون، بەڵکو ئەو ئازادیانەش دەبەخشی کە لە سنوری دادو ویژدان دایە، پارێزگاریش دەکات لە کڵێسای ئینگلیزی. لە ڕاستیدا چارلس لەم کاتەدا خاوەنی

Ibid;PP.118-123 2

هێزبوو، زۆرینەی ئەنجومەنی لۆردات لەگەڵی دابوون و دەیتوانی زاڵ بێت بەسەر سەرکردەکان‌و گەورەکانی ئەنجومەنی گشتی، ئەگەر هاتبایە وابەستەی ئارام گری‌و دانایی‌و حیکمەت بوایە.

شۆڕشی ئێرلەندی لە دوای لە داردانی "سترافۆرد" هەڵگیرسا، ئەم بە دەستێکی ئاسنین زاڵ ببوو بەسەر ناوچەکەدا. ئێرلەندیەکان زۆرێك لە پرۆتستانتیەپیۆریتاتیەکانیان کوشت. کەهەر ئەمە وایکرد پەرلەمان سوپایەك دیاری بکات بۆ سەرکوتکردنی شۆڕش، لەپاڵ ئەوەشدا پەرلەمان مەبەستی ئەوەبوو کە خۆی سەرکردەی سوپا دیاری بکات، لە ترسی ئەوەی پادشا نەتوانێ سوپا بخاتەکار بۆ ملکەچکردنی پەرلەمان. لەم کاتەدا درۆیەك لە ئینگلترا بڵاوبوویەوەو کەوتە سەرزاران، بەوەی کە ئێرلەندیەکان بەناوی پادشاوە شۆڕش دەکەن. لە بەرامبەر ئەمەدا پەرلەمان لە دەسەڵاتی دەستوری‌و پادشا تێپەڕاند، سەرەڕای ئەوەی ئەنجومەنی گشتی بەوەندە نەوەستا، بەڵکو ویستی سوکایەتی بکات بە پادشا، بەتایبەت بە هەڵوەشاندنەوەی سیستەمی ئوسقوفیەت لە ئینگلتراو کردنی بە کالڤیزم، ئەمەش بە دامەزراندنی منستر لە جیاتی ئەساقیفەو دەرکردنی دوانزە ئوسقوف لە ئەنجومەنی لۆردات.

کاتێك قورەکە خەستر بوو گەورەکانی ئەنجومەنی گشتی لیستەیەکیان پێشکەشی پەرلەمان کردو تیایدا پێشنیاری دامەزراندنی سەرکردەیەکی گشتیان کرد بەمەبەستی هەستانی بەکاری سەربازی‌و کۆکردنەوەی باجی پێویست بۆ موچەی سوپاو ڕاگەیاندنی حوکمی عورفی.

لەم کاتەدا چارلس خۆی بە خاوەن نەکردو بڕیاری دەستگیرکردنی پێنج سەرکردەی ئەنجومەنی گشتی دەرکرد کە گرنگترینیان "جۆن پیم"ی سەرکردەی نەیاران‌و "هامدن"و "هالس" بوون. چارلس ئەمانی تۆمەتباری کرد بەوەی کە هەوڵدانیان داوە یاساکانی وولات پێشێل بکەن‌و سکۆتلەندیەکان بانگهێشت بکەن بۆ

هێرش کردنە سەر ئینگلترا. ئەمجا بەشی باکوری ولاَتە بخەنە ژێر ڕکێفی خۆیان. بەلاَم ئەم پێنج ئەندامە دەست پێشخەریان کردو زوو بە فریای خۆیان کەوتن‌و هەلاَتن‌و خۆیان حەشاردا. ئیدی پاشا گەیشتە ئەو بڕوایەی کە جەنگی ناوخۆیی هەردەبێ ڕوویدات‌و قۆناغێکە دەبێ پێیدا گوزەر بکات[1] .

جەنگی ناوخۆیی:-

چارلس لە سەرەتای 1642 لەندەنی جێ هێشت‌و لە گەڵیشدا جگە لە سی کەس کەسی تری لەگەڵ نەبوو، ئینجا دەستی کرد بە ئامادەکاری بۆ بەرەنگاری کردنی سوپای پەرلەمانی، ئەمەشی تەواو کردو لە دوای دە مانگ "10مانگ" لە "ئەیدج هێل" توانی ڕووبەڕوی سوپای پەرلەمانی ببێتەوە بەهۆی ئەو سیاسەتەی کە "ئیدوار هاید" بۆی داڕشت بوو. "ئیدوارد هاید" ئەندامێکی دیاری ئەنجومەنی لۆردات بوو، بەلاَم بوو بەپشتیوانی پاشا. "ئیدوارد هاید" لە ئەنجومەنی گشتی هەندێ لە گوتەکانی "جۆن پیم"ی بەکار هێناو، ئەمەی کردە بنچینەیەك بۆ پەیڕەوکردنی سیاسەتی خۆی. "جۆن پیم" لە یەکێ لە بۆنەکان‌و لە پەرلەمان ووتی: "یاسای ڕاست ئەو یاسایەیە کەدەتوانێ ڕەوا لە ناڕەوا جیاکاتەوە. پادشا لەپێداگیریەکانی لە مافی شەرعی خۆی‌و نایاسایی کردنی داواکاری پەرلەمان پشت دەبەستێ بە لە دەستدانی ویستی پەرلەمان لە دانپێدانان بە دەستوری پەیڕەو کراو، بەو پێ یەی کە ناگونجێ بۆ وولاَت وپێویستە بگۆڕدرێ. بەشی زۆری پەرلەمان ڕەزامەند نی یە لەسەر یاسایەك کەلە بەهرەمەند بوون لە هەرێمەکان دیاندەماڵێت، لە کاتێکدا یاسا پارێزگاری دەکات لە پەرلەمانتاران‌و لە لێپرسینەوە دەیانپارێزێ. سەرکردەکانی پەرلەمان لە کاتێك گۆڕان لە دەستوردا دەکەن‌و نەیارەکانیان دەردەکەن کە ئەوان نوێنەرایەتی تەواوی خەڵکی ناکەن، ئیدی

1 Ibid;PP.124-125.

زۆر بـە ئاسـانی دەتوانرێـت تۆمـەتی ئـەوەیان بخرێتـە پـاڵ کـە ئـەوان حکومـەتێکی خۆسەپێن دادەمەزرێنن".

مەبەستی "پیم" لەم قسانە ئەوەبوو کە بڵێ: "ڕای گشتی ئینگلیزی لە مـاوەی دوو ساڵدا گۆڕاوەو زۆرینەی بۆتە چەپڕەو". کەواتە ئەگەر بێت هەڵبژاردنێکی نـوێ بـەڕێوە بـچێ ئـەوا چـەپڕەوەکان زیـاتر دەتـوانن حکومـەتێك دامـەزرێنن کـە زیـاترو تـەواوتر نوێنەرایـەتی خـەڵکی دەکـەن. وە هـەر حکومـەتێکیش پەرلـەمانی ئـەمڕۆ دایمـەزرێنێ نوێنەرایـەتی گـەل ناکـات، چـونکە حکومەتەکـە ڕاسـتڕەوەو بـەلای چـەپڕەوەکان حکومەتێکی خۆسەپێنە.

نەخشەو بەرنامەی سیاسی پەرلەمان لە (19) مادەدا کورت ببوویەوە کە پەرلـەمان لـە حـوزەیرانی (1641) پێشکەشی پاشـای کـردو بـوو بـە بناغـەو ئەساسـی شـەڕی ناوخۆ. پوختەکەیشی بریتی یە لەوەی کە بە ڕەزامەندی پەرلەمان ڕاوێژکاری دەوڵەتو گەورە فەرمانبەرانو دەسەڵاتدارانی قەڵا دابمەزرێنن، تەنانەت پەروەردەو پێگەیانـدنو ڕۆشنبیرکردنی منداڵانی پاشا بەڕەزامەندی پێویستە پەرلـەمان بێـت، نـەك هـەر ئەمـە بەڵکو هاوسەرانیان کەسانێك بن پەرلـەمان متمانـەی پێیـان هـەبێت. هـەروەها یاسـای توندو ڕەق لە هەمبەر کاسۆلیك پیادەبکرێو لۆردە کاسۆلیکەکانی ئەنجومەنی لـۆردات دەربکرێن، هەروهاپادشا بـە گـوێرەی ڕێنماییـەکانی پەرلـەمان چاکسازی لـە کڵێـسادا بکاتو وازۆ بکات لەسەر دامەزراندنی میلیشیا. وە ئەو لۆردانەی کە چارلس هـەقی بـوو بەتوندی ڕەتی کاتەوە، چونکە هیچ دەسەڵاتێکی بۆ پاشا نەهێشتبوویەوە. ئەوەبوو لە وەڵامـی دا ووتـی: "ئەمـە هەسـتی گاڵتـەکاری سـوکایەتی پێکـردن دەجـوڵێنیو هـیچ دەسەڵاتێك بۆ پاشا ناهێڵێتەوە جگە لە ناوێکی بـێ نـاوەڕۆك". سـەبارەت بـە کڵێـساو دەوڵەتیش چارلس ووتـی: "لێرەدا هیچ شتێك نییە بگاتە کڵێسای ئینگلیزیو بنەماکانی لەڕاستیو پاکیدا، وە هیچ حکومەتێكو یاسـاو کـارێکی جـوانترو باشـتری نییـە لـەوەی ئێمە. منیش دەیپارێزم لەپاپەویەتو پیۆریتانیە جوداخوازەکان[1] ".

I bid;PP.126

ئەوانەی کە لە ژێر بەیداخی پادشایەتی ڕادەوەستان، ئەوانە بوون کە بەپاڵنەری گوێڕایەڵی بۆ تەختی ئینگلیزیو پارێزگاری کردن لە کڵێسا پاڵ دەنران. زۆرێکیش لە بەرئەوەی باوەڕییان بە تیۆری مافی خوداییو پیرۆزی پادشا هەبوو بەلای پادشادا هاتن. ئەوەتە "ئایدمۆند ڤیرنی" دەڵێ:" من حەز ناکەم دووبەرەکی دروست بێت، بەڵکوپڕبەدڵ حەز دەکەم پادشا داواکاریەکانی پەرلەمان جێبەجێ بکات، تاوەکو ویژدانم ئارام دەبێتو شوێنی پاشای گەورەم دەکەوم، ئەو پاشایەی بەنیعمەتەکانی ئارامشی پێدام. من خواردنی ئەو دەخۆمو ماوەیەکی زۆر خزمەتم کردوە، لە خۆشم ڕازی نابم لەکاتێکی تەنگانەدا جێیبهێڵم".

جگەلەمە هۆکاری کۆمەڵایەتیش هۆکارێکی تربوو بۆ پیشتیوانی پادشا، کاتێك دەبینین خاوەن زەوییەکان لە گوتارەکانی دژە پادشا دەترسان کاتێك دەیانووت:"هەتا ئێستا ئەوان خزمەتی خانەدانانیان کردو ئەوان گەورە بوون، ئێستاش دەوری ئەوان کۆتایی هاتووەو پێویستە خزمەتمان بکەن". لەبەرئەوە زۆرێك لە خاوەن زەوییەکانو خانەدانان لایەنگری پاشا بوونو بینیان بەرژەوەندییان دەکەوێتە مەترسی ئەگەربێتو پاشایەتی بکەوێت.

ئەوانەی کە لایەنگری پەرلەمانیان کرد زۆربەی زۆریان لە چینی ناوەڕاستو بازرگانانو فرۆشیاران بوون، ئەوانەی بەهۆی لێپێچانەوەو سەندنی باج لێیان زیانیان بەرکەوتبوو. ئەوانە زۆرینەیان لە پیۆریتانیەکان بوونو نوێنەرەکانیان زۆرینەی پەرلەمانیان پێکهێنابوو. بەشێکیش لەوانە ئەوانەبوون کەلە دەسەڵاتی پاپەویەت دەترسانو لەو بڕوایەدابوون کەپادشایەتی بایەخی پێدەدات. هەروەها هۆکاری ئاینی لەگەڵ هۆکاری سیاسیو ئابوری بوو بە یەك، زۆرینەی پشتیوانانی پەرلەمان گۆڕانکاری کۆمەڵایەتیان گەرەك بوو، پەرلەمانیش سەروەری پەرلەمانو ئازادییان دەویستو دژی پادشایەتی ڕەها بوون.

پەرلەمان باوەڕی وابوو کە پادشا ناتوانێ سوپا ڕێکبخات‌و دایمەزرێنێ، چونکە کاتێك لە کانونی دووەمی 1642 لەندەنی جێ هێشت، بێ هیوا بوو. پادشا لە مانگی ئازار گەیشتە شاری "یۆرك"، دواتر ڕووەو باشور ئاراستەی گرت. لە ئابی هەمان ساڵدا "نوتنگهامی" خستە ژێرپارێزگاری خۆی، تەنانەت لەم کاتەشدا جگەلە "800" سوارو "300" پیادە، هیچی تری لەگەڵ نەبوو، بەمەش توشی بێ هیوایی بوو. تەنانەت هەندێ لە ڕوێژکارانی پێشنیازیان بۆکرد کە لەناکاو بگەڕێتەوە لەندەن.

لەڕستیدا پادشا پێش ئەوەی لەندەن جێ بێڵێ، هەرلە سەرەتاوە خێزان‌و منداڵەکانی نارده فەرەنسا. لە شەشی ئەیلولی هەمان ساڵدا پەرلەمان بەیانێکی درکردو تیایدا هاتبوو: "کە ئەوان سەربازەکانیان لە خزمەتی سەربازی دەرناکەن، مادام "چارلس" ملکەچی داوای پەرلەمان نابێت. ئەو کەمتەرخەمانەی پەرلەمان دەنگی لە دژ دەرکردن پێویستە لەسەریان ئەرکی سوپا بخەنە ئەستۆی خۆیان، وە پێویستە نەیارانی پەرلەمان قەرزەکانی پەرلەمان بدەنەوە. ئەم گوتارەی پەرلەمان گشتیگربوو. هەر کەسێ لە خۆی ترسابووایەو بێلایەن بووایە خۆی چەکدار دەکردو بەلای پادشادا دەچوو بە مەبەستی پارێزگاری کردن لە خۆی. ئیدی لەپێش کۆتایی هاتنی ئەیلول پادشا توانی هەزار سووارو شەش هەزار پیادە بۆخۆی کۆبکاتەوە، بەلام سیابەختی لەوەدابوو چەك‌و تفاقی کەم بوو. "هناریتا ماریای" خێزانیشی لە هۆڵنداوە نەیدەتوانی چەك‌و تفاقی پێبدات، بەهۆی ئەوەی هێزی دەریای ئینگلیزی لایەنگری پەرلەمان بوون. جگە لەمە پادشا بواری مادیشی کەم بوو. هەر ئەمەش ناچاری کرد موڵکەکانی زانکۆی "کمبرج‌و ئۆکسفۆرد"و کەلوپەلی زێروزیو بفرۆشێ‌و بڕێ ماددەو خەرجی لە بنەماڵە دەوڵەمەندەکان دەست خۆی بخات.

بەپێچەوانەوە پەرلەمان لە ڕووی چەك‌و مادده وە لە بارێکی زۆر باشدا بوو، بەلام پەرلەمانیش لەلایەکی ترەوە کەم‌و کوڕی هەبوو، کەخۆی دەبینیەوە لە سەربازەکانی. بەو پێیەی سەربازەکانیان ئەزمونی جەنگیان کەم بوو شارەزایی‌و چاونەترسی‌و

جەرەبەزیان کەم بوو. سوپا سالاری پەرلەمان " ئاسیکس"بوو کە پێشڕەوی پێنج هەزار سوارەو بیستو پێنج هەزار پیادەی چەکداری دەکرد. هەموو ئەم هێزە لە تشرینی یەکەمی 1642 لە ئیدج هێڵ ڕووبەڕوی پادشا بویەوە.

سوارەکانی پادشا توانیان سوپای پەرلەمان لە "ئیدج هێڵ" گەمارۆ بدەنو بەسەریاندا سەرکەون، وەلێ هەلیکی زێڕینیان لەدەستدا بۆ لە ناوبردنی دوژمنانیان، کاتێك بەدوای سوارەکانی پەرلەمان کەوتن، کە بەهۆیەوە پیادەکانی پەرلەمان توانیان سەرکەون بەسەر پیادەکانی پاشادا، بەڵام کاتێك سوارەکانیان گەڕانەوە هەردوو سوپا هاوسەنگ بونەوەو جەنگەکە یەکلانەبوویەوە. چارلس توانی باڵادەست بێت بەسەر شاری "بانبری"و بگەڕێتەوە ئۆکسفۆرد، لە کاتێکدا هێزەکانی پەرلەمان گەڕانەوە لەندەن.

سوارەکان لە دوو ساڵی یەکەمی جەنگ سەرکەوتنیان بەدەستهێنا. سوارەکان توانیان دەستبگرن بەسەر باشوری خۆرئاوای ئینگلترا، کە بە هۆیەوە پادشا ویستەکان بەهێز بوون لەخۆرئاواو باکور. لە کاتێکدا پەرلەمانیەکان لە خۆرهەڵاتو باشور خاوەن هێز بوون. پەرلەمان بەسەرکردایەتی "بیم" توانی لەگەڵ سکۆتلەندیەکان پێکبێتو ناکۆکیەکانیان نەهێڵن، دوای ئەوەی کڵێساکانیان کردە یەك کڵێسای کالڤنی لە هەردو وڵات لەسەر شێوازی کڵێسای سکۆتلەندی. بەمەش پێش ئەوەی مانگی دیسمبر "کانونی یەکەم"ی 1643 بێت، "پیم" توانی سکۆتلەندیەکان لە خزمەتی خۆیدابخاتەکار، وەلێ لەمانگی دیسمبر "پیم" لە دونیا دەرچوو چاوی لێکنا. پاش هەشت مانگ لەمردنی پیم هەردوو سوپای پادشاو پەرلەمان لە تەموزی 1644 کەوتنە جەنگ. سوپای پادشا بە هەژدە هەزار سەربازەوە بە سەرکردایەتی "ڕوبرت"ی کوڕی خوشکی چارلس، ڕووبەڕووی سوپای پەرلەمانی سەرخڕ بوونەوە"سوپای سەرخڕ: هی پەرلەمان بوو، کەسەریان دەتاشی. پێدەچێ تاشینی سەریان بە شێوەیەك بووبێ، کە سەریان شێوەیەکی خڕی نواندبێ". سوپای پەرلەمان لەگەڵ

سوپای سکۆتلەندی ژمارەیان دەگەیشتە "27" هەزار سەربازو لە بەرامبەر "18" هەزارسەربازی سوپای پادشا کەوتنە جەنگو لە تێکهەڵچونی "مارستن مور" سوپای پەرلەمانی توانی سەرکەوێ بەسەر باشترین سەرکردەی سوپای پادشا "ڕوبرت". بەڕاستی ئەم تێکهەڵچوونە گەورەترین ڕووبەڕووبونەوە بوو لە جەنگی ناوخۆداو بەهۆیەوە باکوری ئینگلترا لە بەردەم پەرلەمان ئاوەلا بوو کەوتە دەستیان. لەملاشەوە پادشا ویستەکان بەهۆی سەرکەوتنیان بەسەر هێزەکانی "ئیسکیس"ی سەرکردەی پەرلەمان، باشوری خۆرئاوای ئینگلترایان کەوتە بن دەست، دوای ئەوەی ئەم سەرکردەیە لە ئەیلولی "1644" خۆی ڕادەستی پادشاخوازەکان کرد.[1]

ڕۆڵی کرۆمۆویل لەم کاتەدا دەرکەوت، کاتێك هەستا بە ڕێکخستنی سوپاو ناوی لێینان سوپای نمونەیی. پەرلەمان لە توانای دا هەبوو سوپاکەی بە ماددەو چەك تەیار بکات، ئەمە لە کاتێکدا پادشا خوازەکان لەم دوو بوارەیان کەم بوو.

جەنەڕاڵ "فیرفیکس" بووبە سەرۆکی گشتی سوپاو "کرۆمۆویل" بووبە جێگری وفەرماندەی سوارەکان. جوتە سەرکردە لە هاوینی 1645 لە جەنگی نیسبی لە "12/حوزەیران" توانیان سەرکەوتنێکی مەزن بە دەست بێنن بەسەر سوپای پادشا. سوپای پەرلەمانی توانی ناوچەکان لە بەرهەڵستکاری سوارەکان پاك بکەنەوە. ئیدی پادشا وەك پەنابەر لە "ئۆکسفۆرد" بە تەنها مایەوەو لە 24/ حوزەیرانی 1646 خۆی ڕادەستی سکۆتلەندیەکان کرد[1].

---

1 Trevelyan.G M England under the Stuarts(Penguin،1960)،pp.226-227. also pp.245-246 -

1 Ibid;pp.254-259.

شۆڕشی دووەمی ئینگلیزی (1647-1649)

جەنگی ناوخۆیی بە خۆبەدەستەوەدانی پادشا کۆتایی هات، پەرلەمانش هەر وابەستە بوو بەو پەیمانەی کە لەگەڵ سکۆتلەندیەکان مۆری کردبوو. سکۆتلەندیەکان ڕۆڵی سەرەکیان گێڕا لە هەردوو جەنگی یەکلاکەرەوەی "مارستن مۆرو، نیسبی"، کە لە هەردووکیاندا پەرلەمان سەرکەوتنی بەدەستهێنا. ناوەڕۆکی پەیمانەکە باس لە دامەزراندنی کڵێسای سکۆتلەندی"پریسپیتاری"دەکات لە ئینگلتەرادا، کە ملکەچی دەوڵەتە. بەبۆچونی زۆرینەی پیۆریتانەکان کڵێسای سکۆتلەندی جیاوازی نییە لەگەڵ کڵێسای ئینگلیزی لە هەمبەر دەسەڵاتی دەوڵەت بەسەریداو سەپاندنی دروشمە پەرستشکاریەکان. ئەم پیۆریتانانە دەیانویست کڵێسای سەربەخۆو ئازاد دابمەزرێنن، کە بەهۆیەوە ناونران سەربەخۆخوازان. بەرەبەرە ژمارەیان زیادی کردو بوونە خاوەن هێزو کەسی خاوەن پێگە لەسوپای نمونەییدا.

لەهەمان کاتدا پەرلەمان پەیمانەکەی بەجێهێناو کڵێسای پریسپیتاری سکۆتلەندی لە ئینگلترا دامەزراند بێ گوێدانە سەربەخۆخوازەکانو ئامانجی ئەوان لە دامەزراندنی کڵێسای ئازاد. لە سەرەتایسالّی (1647) پەرلەمان فرمانی دا بە ئافرۆز " تسریح" بوون لە سوپای نمونەیی بەبێ پێدانی پاشماوەی موچەکانیان. بەلاّم سوپا ئەمەی ڕەت کردەوەو بە هەڵبژاردنی سەرکردە بۆسوپا نەخشەی کاری خۆی داڕشت. کاتێك پەرلەمان هەستی بە سازبوونی شۆڕشی سوپا کرد، ویستی لەگەڵ پاشا ڕێککەوێتو بیگێڕێتەوە سەر دەسەلاّت. بەلاّم سوپا دەست پێشخەری کردو خێرا پادشای دەستگیرکرد. لەم ماوەیەشدا بیرە سیاسیە تازەکان لەسوپادا لە پەرەسەندن دا بوون. وەك تیۆری "مافە سروشتیەکان بۆ مرۆڤ"، کە کاریگەری هەبوو بەسەر نوسەرانو بیرمەندان لە ئینگلتراو ئەمریکاو فەرەنسا. ئەم تیۆرە پێداگیری دەکرد لەسەر ئەوەی کە "حکومەتی شەرعی پشت دەبەستێ بە ڕەزامەندی ژێردەستەکانی. حکومەتی پەرلەمانیش پێویستە پێکبێت لە یەك ئەنجومەن، ئەم ئەنجومەنەش لە ڕێگەی دەنگ

دانێکی گشتی هەڵبـژێردریٚو تـەنها نێرینـەکان بەگشتی دەنـگ بـدەنو دیموکراتیـەتی سیاسی پێکبێت".

کرمۆویل باوەری بە دیموکراتیەت نەبوو، خۆیشی لـەم بارەیـەوە دەڵـیٚ: "زۆرینـەی گەلی ئینگلیز دیموکراتیـەتیان ناوێت، هەرچـەندە لـە ڕوویـی تیۆریـشەوە چـاك بێـت." کرۆمۆویل بە پێشکەش کردنی "سەری پێشنیازەکان" سوپای هێنایە ئەو بڕوایـەی کـە نـەیاری کردنـی پادشـا چارەسـەرە. ئەمـەی کرۆمۆویـل باسـی لـە لێبـوردەیی ئـاینیو باڵادەستی پـەرلـەمان بەسـەر میلیـشیاو کاروبارەکـانی دەوڵـەت دەکـرد بـۆ مـاوەی دە ساڵ. هەروەها داوای دەکرد هیچ کەس ناچار نەکریٚ کلێسای پریسپیتاری سـکۆتلەندی پەسـەند بکـات، وە دەسـەڵاتێك نـەدریٚ بـە ئەسـاقیفە کـە بتـوانیٚ زۆرە ملێـی بکـات. هەروەك داوای هەڵوەشاندنەوەی پەرلەمانی درێژخایەنو هەڵبـژاردنی پەرلـەمانی نوێی دەرکـرد لەسـەر بنـەمای بەخـشینی مـافی زیـاتری هەڵبـژاردنو دامەزرانـدنی بازنـەی یەکسانی زۆرتر بۆ هەڵبـژاردن. سـاکاتێکیش چـارلس ئـەم داواکارییانـەی ڕەتکـردەوە، کرۆمۆیـل کەوتــە هەڵوێـستێکی ناڕەحەتــەوە. ڕادیکاڵیــەکان کــە خۆیــان نــاو نــابوو "ئیلیڤێر[1]"، کاریگـەریان هـەبوو بەسـەر سـوپا. کرۆمۆیـل هەوڵیـدا خـۆی بپـارێزیٚ لـە شـۆڕش. سـەربازانی سـوپا بـە کاریگـەری "ئیلیڤێـر" دەسـتورێکیان دانـا بـەناوی "ڕێککەوتنی گەل"و، تیایدا داواکرابوو بە ڕیفراندۆمێکی گشتیو وازهێنـان لـە پادشـاو پەرلەمانو گەڕانەوە بۆ گەل وەك سەرچاوەیەك بۆ تەواوی دەسەڵاتەکان. "ڕێککەوتنی گەل" پاشایەتیو ئەنجومەنی لۆردانی ڕەت دە کردەوەو دەسەڵاتی دەخستە پەرلەمان ، پەرلەمانێك کە لە یەك ئەنجومەن پێکبێتو لە ڕێگەی هەڵبژاردنێکی گشتی "نێرینـە" هەڵبژێردریٚ. جگـە لەمـە بەندوباریـشی لەسـەر پەرلـەمان دانـا، بەوپێیـەی کـە هەنـدیٚ

---

1 بۆیە ئەم ناوەیان لە خۆیان نابوو، چونکە دەیانویست خـەڵکی واڵێبکـەن یەکسان بـن لـە ڕووی سیاسەتەوە.

ئازادی تاکە کەس هەن پەرەلمانیش ناتوانێ قەدەغەی بکاتو لە خەڵکیان بستێنێ. کرۆمۆیل دەیگوت:" ئایا بەڕاستی گەلی ئینگلیزی ئامادەیە ئەم سیستەمە وەرگرێ؟". کرۆمۆیل سەختیو قورسی دەدیت لە جێبەجێکردنی ئەم دەستورە. ئیدی لەگەڵ هاوەڵانی توانی بڕوا بە سوپا بێنێ کە زیاتر میانگیربن لە داواکاریەکانیان. ئەم گوتوێژو گفتوگۆیانەی کە لەنێوان ئەندامانی سوپا بڕێوەچوو بوو بە بەشێك لە دەستوری ویلایەتە یکگروتوەکان.

کرۆمۆیل هەوڵیدا پاشایەتی ڕزگاربکات، بەڵام نەیتوانی چارلس ڕزگاربکات. وتوێژەکانی نێوان سوپاو پادشا دەریخست کە پاشا هەوڵدەدات سود وەرگرێ لە جیاوازیو ناکۆکی نێوان شۆڕشگێران، بەو مەبەستەی ئەوەی لەجەنگ لەدەستی دا، بەدەستی بێنێتەوە. هەروەك یەكێ لەپیاوانی سوپا دەڵێ :" کاتێ چارلس پێشنیازەکانی سوپای ڕەتکردەوە، پەرلەمانیش متمانەی خۆی لە بەرامبەر سوپا لەدەستدا. کاتێکیش پاشا ڕێککەوتنی کرد لەگەڵ سکۆتلەندیەکان لەسەر ئەوەی کە سوپاو تەخت بگێڕێتەوە بۆ پاشا لەبەرامبەردا پاشا بۆماوەی سێ ساڵ کڵێسای پریسپیتاری دابمەزرێنێ، سوپای بەتەواوی لە خۆی تورەکرد". لەم کاتەدا سکۆتلەندیەکان شاڵاویان هێنایە سەر ئینگلتراو، زۆرێك لەپادشا ویستەکانیش پشتیوانی پادشایان کرد. بەڵام سوپا دووبارە یەکی گرتەوە، دوای ئەوەی ناکۆکیەکانیان نەهێشت، وە لەساڵی 1648 ڕووبەڕووی سوپای سکۆتلەندی بوونەوەو سەرکەوتن بەسەریاندا. لەم ماوەیەی کە سوپا لەجەنگدا بوو لەگەڵ سکۆتلەندیەکان، پەرلەمان لەگەڵ چارلس ڕێککەوت بەوەی کە چارلس بگەڕێتەوە سەرتەخت بەو مەرجەی نەرم ونیانی لە ئایندا نەنوێنێ. ئەمەش کۆتایی سەردەمی پادشایی بە دیارخست.

کاتێك سوپا بەسەرکەوتویی گەڕایەوەو بڕیاری کۆتایی هێنانی پادشاو پەرلەمانی دەرکرد. ئیدی لە (6/کانونی یەکەمی/ 1648) سەرهەنگ "پراید"[1] لەگەڵ دەستەیەك

1سەرهەنگ :عەقید

لــە ســەربازان لــە بــەردەم دەروازەی پەرلــەمان ڕاوەســتاو پــشتیوانانی کڵێــسای سـکۆتلەندی لـە چـوونە ژوورەوە قەدەغـە کـرد. ئـەوە بـوو پەرلـەمان لـە هـەموو ئـەو ئەندامانە پـاك کرایـەوە کـە پـشتیوانی سـوپایان نـەدەکرد. بەهۆیـەوە لـە کۆی 504 ئەندام کە لە ساڵی 1604 هەڵبژێردرابوون تەنها شەست ئەندام مانەوە. پەرلەمان پاك کرایەوەو، ناوی ڕامـپ Rampی بەسـەردا بـڕا، ئینگلترا لـە ئێـستاوە بـەرەو داهـاتوو کەوتە ژێر فەرمانی سوپا[1].

لەداردانی چارلسی یەکەم:-

دوای ئەوەی سوپا کۆتایی هێنا بە پاك کردنەوەی پەرلەمان، ئەو ئەندامانەی کە لـە ئەنجومەنی گشتی دا مابوونەوە داوایان کرد ئەنجومەنی لۆردات لیژنەیەك پێکبێنێت بـۆ دادگایی کردنـی چارلـسی یەکـەم. کـاتێکیش ئەنجومـەنی لـۆردات بڕیـاری ئەنجومـەنی گشتی ڕەت کردەوە، ئەنجومەنی گشتی لەسەرەتای ساڵی 1649 بڕیاریـدا دەسـەڵاتی دادوەری بۆ گەل بێت، مادام پـەرلەمانیش نوێنەرایەتی گەل دەکات، ئـەوا بەهرەمەنـدە لە دەسەڵاتی باڵا، وەپەرلەمان هەر یاسایەك دەربکات یاسایە، جا پادشـاو ئەنجومـەنی لۆردات لەگەڵ ئەم یاسایە بن یا لەگەڵی نەبن. لە ژێر ڕۆشنایی بارودۆخی تـازە چـارلس لە 30/کانونی دووەمی 1649 لە سێدارە درا. لەڕاسـتیدا ئـەو لیژنەیـەی دانیـشت بـۆ دادگایی کردنی چارلس، نوێنەرایەتی گەلی ئینگلیزی نـەدەکرد لـەم کاتـەدا، لەبەرئـەوە ئەم دادگایی کردنـەو ئـەم لـە سـێدارەدانە نـا یاسـایی بـوو. لـە سـێدارە درانـی پادشـا کاریگـەری دروسـتکرد لەسـەر گـەلی ئینگلیـزیو کیـشوەری ئـەوروپا، زۆرینـەی زۆری خەڵکی پەرۆش بوون بۆی، تەنانـەت ئەوانەیـشی کـە لـە دژیـشی ڕاوەسـتانو لەگەڵیـدا دەجەنگان حەزیان نەدەکرد چارەنوسی بـەم ڕۆژە گەیـشتبا. کاتێـك سـەری خوێنـاوی پادشا کەخوێنی لێ دەتکا لە بەرامبەر خـەڵکی بەرزکرایـەوە دوای لـە سـێدارەدرانی بـە

I bid;pp.260-276.

شێوەیەکی ڕاستەوخۆ، هوتاف کێشانی سەربازان لە نێو گریانو شینو شەپۆڕی جەماوەر وون بوو[2].

وەنەبێ شۆڕشی ئینگلیزی بەهۆی تێکچوونی کۆمەڵگەی ئینگلیزی ڕوویدابێ، یاخود بەهۆی ململانێی چینایەتی هەڵگیرسابێ، وەك ئەو ململانێی چینایەتیەی کەفرەنسا پێش شۆڕشو لەکاتی شۆڕش بەخۆیەوە بینی. بەڵکو شۆڕشی ئینگلیزی لە ئەنجامی ململانێ کردن بوو لەسەر جێبەجێ کردنی پرسی ئاینیو سیاسی لە کۆمەڵگەیەکی خۆشگوزەرانو بەهێز سەریهەڵدا. لەمەوە دەتوانین بڵێین: کە هۆکارەکانی شۆڕش تەنها ئابوری یان کۆمەلایەتی نەبوو بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ. بەڵکو ئەمە گەلی ئینگلیزیش بوو کە بوویە دووبەرەی ناکۆكو دژ بە یەك، لەهەر بەرەیەکدا ژمارەیەك خانەدانانو چینی ناوەڕاست هەبوون. هۆکاری ئاینیش ڕۆڵێکی سەرەکی گێڕا هەر لە سەرەتای شۆڕشەوە تاکۆتایی. کاریگەری ئەم پرسەش کەمتر نەبوو لەپرسی سیاسی.

دیکتاتۆریەتی سەربازی ئۆلیڤەر کرۆمۆویل

1658-1649

ئەنجومەنی گشتی پاك کرایەوەو ڕایەگەیاندرا کە ئینگلترا کۆماریەو پادشاو ئەنجومەنی لۆرداتی نی یە. ئەم کۆمارە دیموکراتی نەبوو، کاتێك دەبینین ئەفسەرە پیۆریتانیەکان نەیانهێشت هەڵبژاردن بەڕێوەبچێت، بەهۆی ئەوەی دەیانزانی کە زۆرینەی گەلی ئینگلیزی لە دژیانن. هەر لەبەرئەوەش پشتیان بە سوپا بەستبوو، بەمەبەستی بالادەست بوونیان بەسەر دامو دەزگاکانی دەوڵەت. پەرلەمان دەسەلاتی جێبەجێ کردنی گەڕاندەوە بۆ ئەنجومەنی دەوڵەت، کەپێکهاتبوو لە چلو یەك ئەندام، کە سی ئەندامیان لە ئەنجومەنی گشتی ئەندام بوون. دەسەلاتی یاسادانانیش لەپەرلەمانی کۆن دامایەوە کە لە شەست ئەندام پێکهاتبوو. ئەوانە نوێنەرایەتی کەمێك لە گەلی ئینگلیزیان دەکرد، ئەم کەمەش پیۆریتانیە توندڕەوەکان

بـوون. کۆماریـەکان پـشتیوانیەکی گـەرمو گـوڕی لـە دەرەوە بەدەسـتنەهێنا، چـونکە کۆماریـەکان کەمینـە بـوون لـە ئیـنگلتراو بەکوتـەك خۆیـان بەسـەر گـەلی ئینگلیـزی دا سەپاندبوو. ئەو کۆماریانە پیاوانی سوپا بوون و تانیبوویـان دەسـەلاتیان بەدەسـتەوە بگرن.

حکومەتی کۆماری لە دوای لەداردانی پاشا لـەژێر هەڕەشـەی هەلگەڕانـەوەی پاشـا ویـستەکان دابـوو. سـکۆتلەندیەکان هاوکـاری ئینگلیکانـە ئینگلیزەکانیـان کـرد بـۆ پارێزگاری کردن لە چارلسی دووەمی کوڕی چارلسی یەکەم. کاسۆلیکەکانی ئێرلەندیش شۆڕشی سەرکەوتوویان لەدژی حکومەتی ئینگلیـز ئەنجامـدا. وەلێ حکومـەتی ئینگلیـز ڕووبـەڕووی ئـەم کێـشانە بوویـەوە زۆر بـە ئاسـانی بـەهۆی ئـەوەی لـە ڕووی ئـابوریو سەربازیەوە بەهێزبوو. ئەمە لەکاتێکدا دژەکانیان لە هەردوو ڕووەکەوە لاواز بوون.

کرۆمۆویل لەساڵی1650 توانی سوپای ئێرلەندی بەخراپی تێکبشکێنێ، پاش ئەمە لەسـاڵی1651 ڕووی کـردە سـکۆتلەنداو تێکیـشکاندن، ئیـدی چارلـسی دووەم جگـە لەڕێگەچارەی هەلاتن هیچی تری بۆنەمایەوە، هەربۆیە ڕای کردە فەڕەنـسا. کرۆمۆویـلێ لە کێبڕکێی بازرگانیدا لەگەڵ هۆڵندا سەرکەوتنی بەدەست هێناو پەڕلەمانی ئینگلیزیش بۆئـەم مەبەسـتە یاسـای کەشـتیوانی دەرکـرد. بـەپێی ئـەم یاسـایە دەبوایـە کـالای ئینگلیزی لەسەر پشتی کەشتی ئینگلیـزی یـاخود لەسـەر کەشـتی داگیرگـەکانی بێـت. هەرچـەندە کرۆمۆویـلێ ئـەم کارانـەی ئـەنجام دا، وەلێ لـە دامەزرانـدنی دەسـەلاتێکی بەردەوام شکستی هێنـا. دەسـەلاتێك کـەبتوانێ جێگـەی سیـستەمی پاشـایەتی دێـرین بگرێتـەوە کـە سـاڵەهابوو ئینگلیزەکـان پێـی ڕاهـاتبوون. هاوکـات هـەر گـەلی ئینگلیـز پیۆریتانو سوپایان بەشومو نەگبەت سەیر دەکرد.

کرۆمۆویلێ دەبێتە چاودێری بالای دەوڵەت (1653 -1658):-

"ئۆلیڤـەر کرۆمۆویـلێ" لەسـاڵی(1599) لـەدایك بـووەو سـەر بـەخاوەن زەویـە بچوکەکان بوو، وە لە ساڵی (1629) دەبێتە ئەندام پەڕلەمان . دەرکەوتنی کرۆمۆویلێ

دەگەڕێتەوە بۆ جەنگی ناوخۆ، چونکە لەوێدا وەك سەرکردە هەرە بەرچاوەکان ڕۆڵی دەگێڕا. کرۆمۆویڵ خاوەن ویستێکی پۆڵاین‌و سروشتێکی ئاگرین‌و بیروباوەڕێکی قوڵ‌و بەهێزبوو، هەمیشە تێکستەکانی ئینجیلی لەسەر زمان بوو، هەروەك خۆیشی دەڵێ:" کاردەکەم بۆ ئەو ئەرکەی خودا خستویەتیە ئەستۆم". ئینگلتەڕا لەسەردەمی ئەودا گەیشتە خۆشگوزەرانی‌و پێشکەوتنێك کە مەگەر لەسەردەمە کورتکانی پادشا بەهێزەکان پێی گەیشتبێ، ئەگینا پێی نەگەیشتبوو.

کرۆمۆویڵ پۆستەکەی بە زەبری هێز بەدەست هێنا، بۆیە سەخت بوو بۆی کە بتوانێ فەرمانڕەوایی بکات بەفەرمانڕەوایەکی دەستوری پەرلەمانی. هەبۆیە فرمانی هەڵوەشاندنەوەی پەرلەمانی دەرکرد، کاتێکیش پەرلەمان فرمانەکەی ڕەت کردەوە، کرۆمۆویڵ لەساڵی (1653) گەمارۆی دان‌و فرمانی چۆڵ کردنی دەرکرد. ئیدی دەستی کرد بە دەسەڵاتێکی دیکتاتۆری بۆماوەی پێنج ساڵ‌و نیو. پاش ئەمە لەژێر سەرپەرشتیاری ئەنجومەنی سەربازی دەستورێکی دەرکرد بەناوی "دەستوری نوێ". بەگوێرەی ئەم دەستورە خۆی بووبە سەرۆکی دەوڵەت تا کۆتایی ژیانی و، خۆی ناونا چاودێری باڵای ئینگلتەڕاو ئێرلەنداو سکۆتلەندا. هەروەها ئەم دەستورە دەسەڵاتێکی فراوان پێ بەخشی، تەنانەت مافی ئەوەی پێدا کە لە دوای خۆی سەرۆکی دەوڵەت دیاری بکات.

لە فەرمانڕەوایی کردنیدا ئەنجومەنی دەوڵەت هاوکاری دەکرد، کەپێك هاتبوو لە ئەندامە مەدەنیەکان‌و هەڵدەستان بە مشورگێڕانی دەسەڵاتی جێبەجێ کردن. "دەستوری نوێ" وازی لە پەرلەمان نەهێناو دەستبەرداری نەبوو، بەڵام پەرلەمانیش ئەو پەرلەمانە بەهێزە نەبوو، بەڵکو داردەستێك بوو بە دەستی کرۆمۆویڵ‌و بەئارەزوی خۆی هەڵیدەسوڕاند. دیکتاتۆریەت لە ئینگلتەڕا سەرکەوتنی بەدەستهێنا، چونکە کرۆمۆویڵ کەسێکی چاپوك‌و بەهێزو کارا بوو، لەژێر سەرکردایەتی‌و باڵی ئەمدا سوپا شکانی بەخۆوە نەدەبینی‌و خەزێنەش بەتاڵ نەدەبوو، سیاسەتێکیشی لە دەرەوە

پـەیڕەودەکرد کەبەرژەوەنـدی ئینگلتـەڕای تیـادا ڕەنـگ دەدایـەوەو پێگـەو سـەنگی ئینگلتەڕاشی دەپاراست.

گەڕانەوەی پاشایەتی بۆ ئینگلتەڕا

کاتێك کرۆمۆیل سالّی 1658 مرد، "ریچاردی" کـوڕی بـوو بـە چـاودێری بـالاّ. ئـەم گەنجە نیازپاکو بێ توانا بوو، نەیدەتوانی بەسـەر ئـەم ناکۆکیانـەدا زالّ بێـت، کـە لـە ولاّتدا پەرەی سەند بوو. لەوێدا سـەرکردە هـەبوو دەسـەلاّتێکی دیکتـاتۆری دەویـست، هەشبوو کۆماری گەرەك بوو، هەروەك تیایاندا هەبوو دەیویست بەگێڕانەوەی بنەماڵەی سـتیورات پادشـایەتی بهێننـەوە سـەر دەسـەلاّت. هەربۆیـە ڕیـچارد دەسـتبەرداری پۆستەکەی بوو. ئیدی هەر لەم کاتەدا جەنەراڵ "مۆنك" یـەکێ بـوو لـە سـەرکردەکانی هێزی کرۆمۆیل" ڕێگری کـرد لـە کەسـی سـەربازی کـە جێگـەی کرۆمۆیـلو کوڕەکـەی بگرێتەوە.

پاش ئەمە سوپاسالار فرمانیدا بە کۆبونەوەی ئەنجومەنی نیشتیمانی، بە مەبەسـتی هەڵبـژاردنێکی ئـازاد. وتوێـژیش لەگـەڵ بنەماڵـەی سـتیورات دەسـتی پێکـرد، بـۆ گەڕانەوەیان بۆ سەر دەسەلاّت لەسەر ئەو مەرجانـەی کـە چارلـسی دووەم لـە نیسانی 1660 لە "بریدای" هۆڵندا ڕایگەیاندو دەڵێ: "ئەو پارێزگاری دەکات لـە "ماگناگـارت ،پەیمانی مەزن"و "داواکاری مافەکان"، ئەوەی کە باوکی لەسـالّی 1628 ڕەزامەنـدی لەسەر دابوو. هەروەك ئەوەشی ڕاگەیاند کە کاروباری ئاینیو دارایی بۆ پەرلـەمان جـێ دەهێلـێو ڕادەسـتی ئـەوانی دەکـات. پاشـان لێبـوردنێکی دەرکـردو، تـەنها ئەوانـەی نەگرتەوە کە پەرلەمان بە پێویستی دەزانی سزا بدرێن، بەهۆی ئەوەی دەنگیـان دابـوو لەسەر لە سێدارەدانی بـاوکی. جگـە لەمـە چارلـسی دووەم بڕیاریدارێکخستنی زەویو موڵـکو سـامانەکان بخرێتـە سـەر کارەکـانی پەرلـەمانو بـۆ ئـەمانی جێبێلـێ، کـە لـە سەردەمی شۆڕشەوە لەدەستیان بوو. هەروەك ڕەزامەندی نیـشاندا لەسـەر گـشت ئـەو قانونو یاسانەی کـە بـاوکی لەسـالّی 1642 واژۆی کردبـوو، وە سـەرجەم ئـەو بڕیـارو

گەلاڵەنامانەی هەڵوەشانەوە کە لە دوای ئەم مێژووە داڕێژرابوو. ڕۆژی لەسێدارەدانی باوکیشی کردە مێژووی هاتنی بۆ سەرتەخت1649.

چاررلسی دووەمی کوڕی چارلسی یەکەم لە "دۆڤەر" دابەزیو لە مایسی 1660 بوو بەپاشای ئینگلترا. بەگەڕانەوەی بنەماڵەی ستیورات بۆ سەر تەختی دەسەلآت کۆتایی بەسەرجەم ئەم بارگۆڕانانە هات کە ولآت پێیدا تێپەڕیو دەسەلآتی تاکڕەویش ئاوابوو، کە جیمس ی یەکەمو چارلسی یەکەم دەستیان پێوە گرتبوو. گەلی ئینگلیزی بە گەرمو گوڕیەکی زۆرەوە پێشوازیان لە چارلسی دووەم کرد. لەژێر سایەی پادشایەتیدا کاروبارەکان چونەوە شوێنی خۆیانو کلێسای ئینگلیزی بوو بە کلێسای ڕەسمی.

چالس پیاوێکی زیرەكو ڕوخۆشو جوانپۆش بوو، سەرەڕای دەستگرتنی بەدەسەلآتی ڕەها، بەلآم دەیزانی تاچەندو تاکوێ بەردەوام بێت لەسەری، بەبێ تێکگیرانی لەگەڵ پەرلەمان. چارلس ئەزمونی دەبینیو دەیدی کە بە جەخت کردنەوەی باوکی لەسەر مافی خودایی پاشاکان، خودا دەستی نەخستە ڕزگارکردنی. هەربۆیە هەر کاتێك کارێك لەنێوان خۆی پەرلەمان ئاڵۆزبووایە، ئەوا خۆی دەخستە ژێربار. چارلس چەند جارێك دووپاتی کردبوویەوە، کە ئەم حەزناکات جارێکی تر دوورکەوێتەوەو بچێتە ولآتانی بیانی. ئەم خۆی بە پاشایەکی دەستوری پەرلەمانی لە قەڵەم دەدا. هەروەك لە لێدوانەکانی "بەریدا" ئاماژە بەوە بوو.

بەلآم چارلسی دووەمو براکەیشی جیمس کاریگەر بوون بە ئایینزای کاسۆلیکیو دەسەلآتی ڕەها. ئەمەش شتێکی ئاسایی بوو کاتێ دەبینین دایکیان "هنریتا ماریا"کچی هنری چوارەمی کاسۆلیکیە، وە چارلسو جیمس هەر لە منداڵیەوە لەکۆشكو دەرباری لۆیسی چواردەدا پەروەردە ببونو کاریگەر بوون بە دەسەلآتی فەرەنسا. جا کاتێك چارلس لە ساڵی 1660 گەڕایەوە، نەیتوانی بۆ ماوەیەکی زۆر بەردەوام بێتو خۆڕاگرێ لە دەسەلآتداریەتی پەرلەمانو دەستگرتن بە کلێسای

ئینگلیزی. لەگەڵ ئەوەشدا کە کاسۆلیکیو دەسەڵاتی ڕەهای لە خۆدا دەرنەخست، بەڵام لە ناکۆکیەکی بەردەوام دابوو لەگەڵ پەرلەمان، ئەم ئاشکرانەکردنەش نهێنی مانەوەی بوو لە دەسەڵات. چارلس بەهۆی زمان لوسیو شاردنەوەی ڕووی ڕاستی خۆی ئامانجەکانی خۆی دەشاردەوەو بەخۆ هەڵکێشانەوە سەرزەنشتی وەزیرو ڕاوێژکرانی دەکرد، ئەوانەی ببوونە قوربانی هەڵەکانی چارلس.

پەرلەمان پاش ماوەی مافە دەرەبەگیەکانی هەڵوەشاندەوە، ئەو مافانەی پادشا بە کۆکردنەوەی داهات پشتی پێدەبەست. ئەم هەڵوەشاندنەوە لە ترسی دووبارەبوونەوەی هەمان ئەو ڕەوشە بوو کە لەسەردەمی چارلسی یەکەمو جیمسی یەکەم هاتە ئارا لە ناکۆکیان لەگەڵ پەرلەمان. ئەم ڕێوشوێنەی کە پەرلەمان لەهەمبەر مافە دەرەبەگیەکان گرتییە بەر، خاڵی وەرچەرخان بوو بۆ ئاوابوونی هەموو تیۆرە دەرەبەگیەکان لە ئینگلترا، هەروەك پێداگریش بوو لەسەر تیۆرە سەرمایەداریەکان و کەرتە تایبەتیەکان. خاوەن زەویەکان سودێکی زۆریان بینی لە هەڵوەشاندنەوەی پاشماوەی کارە دەرەبەگیەکان، لەم نێوانە چارلس لەبەرامبەر ئەمەدا 100000 پاوەندی ئستریلینی لە پەرلەمان وەچنگ کەوت، کە وەك باجێك دانرا بوو لەسەر ماددە کهولیەکانو، سەرجەم چینەکانی گەل دەیاندا. ئەمەو لەگەڵ کۆی باجەکانی تری وەك باجی عقاراتو داهاتی بەرید، کە ساڵانە دەگەیشتە 1200000 پاوەندی ئەستریلینی، ئەمەش بەس بوو بۆ خەرجیەکانی دەربارو حکومەت. بەڵام بە نسبەت چارلسی دووەم ئەوەندە بەس نەبوو، کاتێ دەبینین چارلس کەسێکی دەست بڵاوو مسریف بوو، بەرتیلی دەدا بە ئەندامانی پەرلەمانو دەیویست سوپایەکی سیستماتیك دابمەزرێنێ بۆ بەهێزکردنی دەسەڵاتی خۆی.

بێزاریو ناڕەزایی باڵی بەسەر خەڵکیدا کێشا، تەنانەت خاوەن زەویەکانیش بێزار بوونو خەرجی دەربارو کۆشکی پاشایان بە زۆر دادەناو ئیدانەی ئەم هەموو خەرجیە زۆرەیان دەکرد، هەروەك لەناو خەڵکی ئەمە بڵاوبوویەوە کە گوایە چارلس سوپای

بێگانە بەکاردەهێنیّ بۆ ملکەچکردنی ئینگلیز. لە ئەنجامی ئەوەدا پەرلەمان زۆر زیاتر لە جاران بە وردیو خەرجیەکانی دەرباری هەڵدەسەنگاندو بودجەی پاشایی دادەنا بەگوێرەی پێداویستیەکان، هەروەك داوای لیستەی حیساباتیشی دەکرد.

لەگەڵ ئەوەشدا چارلس بە هەموو هۆیەك بەردەوام بوو لە قەرزکردنی سەروەتو سامان. لەم نێوانە هەستا بەقەرز کردنی بڕی ملیۆنێكو دووسەدوپەنجا هەزار پاوندی ئیسترلینی، پاشان لە ساڵی 1672 ڕایگەیاند کە پێویستە ئەم قەرزە ببێتە قەرزێکی بەردەوام. هەروەها لە ساڵی 1672 ڕێکەوتنێکی ژێربەژێری لەگەڵ لۆیسی چواردەدا سازدا. بەگوێرەی پەیمانەکە لۆیس دەبوایە ساڵانە بڕی دووسەد هەزار پاوند بدات بە چارلس لەبەرامبەر هاوکاری کرانی لە جەنگی هۆڵنداو ئیسپانیاو خۆیشی بچێتە پاڵ کڵێسای کاسۆلیکی. بەلاّم لەگەڵ ئەوەشدا کە هاوکاری لۆیسی کرد، نەچووە پاڵ کڵێسای کاسۆلیکی.

لەبارەی سیاسەتی ئاینیەوە، چارلس بە هاوکاری چینی ئەرستۆکراتی توانی پرۆتستانتیە پەڕگیرەکان"پیۆریتانیەکان" ناچار بکات خۆیان بگونجێنن لەگەڵ کڵێسای ئینگلیزی، ئەمەش بەگوێرەی یاسای گونجان کە پەرلەمان لە ساڵی 1662 دایڕشت. بەلاّم جوداخوازەکان لە پیاوانی ئاینی لەپۆستەکانیان داماڵرانو ناچارکران لە دوری پێنج میل لە کڵێساکانیان جێگیر بن، ئەمەش بەپێی یاسای "پێنج میل" کە پەرلەمان لە ساڵی 1665 دایڕشت. تەنها کاتێك ئەمەیان لەسەر هەڵدەگیراو وازیان لیّ دەهێنرا ئەگەر ڕەزامەندیان لەسەر تعالیمی کڵێسای ئینگلیزی نواندبایەو سوێندی گوێڕایەڵیان خواردبا بۆ پاشا. وە ئەگەر سەردانی کردنی جواداوازەکان بەمەبەستی کۆبوونەوە بۆ کڵێساکانیان دووبارە بێتەوە ئەوا بەگوێرەی یاسای کۆبوونەوەی ساڵی 1664 سزادەران بە کارکردنی قورسو زەحمەتی هەمیشەیی لەدورگەی هیندی خۆرئاوا.

کاتێك پەرلەمان زانی کە دژایەتی کردنی پیۆریتانەکان لەلایەن چارلسی دووەمەوە بەهۆی سۆزو خۆشەویستی چارلس نی یە بۆ ئینگلیکانی ئەوەندەی بەهۆی سۆزو لایەنگریەتی بۆ کاسۆلیکیەت. لەگەڵ پیۆریتانەکان ڕێککەوتن لەدژی سیاسەتی پادشا. جیمسی برای پادشاش لە ساڵی 1672 بە ڕاشکاوانە کاسۆلیکی بوونی خۆی ڕاگەیاند، لەهەمانکاتدا چارلس بەیانی لێبوردەییو ڕاگرتنی ئیجرائاتەکانی لە بەرامبەر کاسۆلیكو جوداخوازەکان ڕاگەیاند. لەم کاتەشدا ئەوەبڵاوبۆوە کە چارلس پارەی وەرگرتوە لە لۆسی چواردە.

پادشا مافی ئەوەی هەبوو کە یاساکان لە نێوان کاتێك بۆ کاتێکی تر هەڵپەسێرێ. بەڵام ئیدی پەرلەمان ئەوەندە بەهێز ببوو دەیتوانی ئەم یاسایانەی دایان دەڕێژێ بیان سەپێنێ، ئەوەبوو داوای لە پاشا کرد ئەم بەیانە هەڵوەشێنێتەوە. لەم کاتەدا ئەوە بڵاوبۆوە کە کاسۆلیکەکان پیلان دەگێڕن لەدژی ئاسایشی وڵات، کە ئەمە بووەهۆی چەوساندنەوەی کاسۆلیكو کوژرانی ژمارەیەك لەکاسۆلیکە دیارەکان.

لە ساڵی 1679 پەرلەمان گەڵاڵە نامەیەکی دەرکرد، بۆ لادانی جیمس ی برای چارلس لەسەر تەخت. لە ماوەی دەمەتەقێ کردن لەسەر لادانی جیمس، پەرلەمان ڕەزامەندی نواند لەسەر یاسای "هیبس کورپس، Habeus cor pus "، بە گوێرەی ئەم یاسایە دەست بەسەرکردنو زیندانی کردن بەبێ بڕیاری فەرمی دادگاو ڕوونکردنەوەی هۆی گیران وبەندکرن قەدەغە دەکرێ. ئەرستۆکراتیەکان لە پەرلەمان لەبارەی پرسی لادانی جیمس کە ببوو بە کاسۆلیکی، ببوون بە دووبەش. بەشێکیان پشتیوانی لادانیان دەکردو لەمەدا پیۆریتانو جواداواز پرۆستانتەکان بە شێوەیەکی گشتی پشتگیریان دەکردن، ئەمانە ناونران "هویگ، شۆڕشگێڕان"،"چونکە پرۆتستانتەکان هەستان بە شۆڕش کردن" بەشەکەی تریشیان کە زیاتر میانڕەو بوون بەلای جیمس داو، دەیانویست ئەو بارودۆخەی کە لەکڵێساو دەوڵەتدا هەیە ڕایبگرن لەپێناوی ڕێگری کردن لە دووبارە بوونەوەی جەنگی ناوخۆیی. ئەمانە پابەند بوونو

دەستیان گرتبوو بە کڵێسای ئینگلیزیو ڕایانگەیاند کە پادشا دەستەبەرکاری ئاسایشی ململانێی نێوان ئەرستۆکۆاتیو بازرگانانە. هەر بۆیە مل دان بۆ پادشایەکی کاسۆلیکی باشترە لەوەی وولات ڕووبەڕووی جەنگێکی تری ناوخۆیی بێتەوە. ئەمانە سەرکەوتنیان بەدەستهێنا لە دوای ئەوەی ئەنجومەنی لۆردات گەلاڵە نامەی لادانی جیمسی ڕەت کردەوەو لە ساڵی 1680. ئەمانە کە پشتیوانی "جیمسی کاسۆلیکیان کرد ناسران بە "تۆری".

لە ساڵانی کۆتایی فەرمانڕەوایی چارلسی دووەم، نەیاری کردنی هویگز بە سەرکردایەتی لۆرد "شافستبری" دای لە زیادی. پڕوپاگەندەیەك بلاّووبۆوە بەوەی کە "هویگز" پیلان دەگێڕن بۆ کوشتنی چارلسو لەسەر تەخت لادانی کوڕە ناشەرعیەکەی "مونماوت". ئەمەو چەند پڕوپاگەندەی تریش کاردانەوەی دروست کرد لەلای تۆریەکان، بۆیە بەبێ بانگ کردنی پەرلەمان لە 1681تا 1685، سەرکردەکانیان دوورخرانەوە بۆ تاراوگە. کاتێکیش چارلسی دووەم کۆچی دوایی کرد لە ساڵی 1685، مونماوت هەستا بە هەڵگیرساندنی شۆڕش، بەڵام بەخێرایی شۆڕشەکەی سەرکوت کراو جیمس بەناوی جیمس ی دووەمەوە بووبە پادشا.[1]

جیمس ی دووەم 1685-1688 :-

جیمس ی دووەم وەك براکەی چارلس زمان لوس نەبوو، لەبەر ئەوەی ئەو سروشتێکی تووڕەی هەبوو، هەروەك کاسۆلیکی بوونی خۆیو دەستگرتنی بە حوکمی ڕەها ڕاگەیاند. وە ئەوەشی خستەڕوو کە ئەو مافی خۆیەتی تاکەکانی گەلەکەی والێبکات لە یاساکانی پەرلەمان ئازاد بن. جیمس هەوڵیدا سوپایەکی سیستماتیك دابمەزرێنێ کە ئەفسەرەکانی کاسۆلیکی بن. لەمەدا "هویگز" دژایەتی ئەم سیاسەتەی

1 Ibid.

جیمس یان کردو تۆریش هەم دیس پێی ڕازی نەبوون. جیمس لە ساڵی 1687 یاسای لێبوردەیی دەرکرد، کە بەگوێرەی ئەم یاسایە کاسۆلیکو پرۆتستانتە جوداخوازەکان بەخشرابوو لەسەرپێچی کردنیان بەرامبەر ئەو یاسایانە. هەروەها فەرمانبەرە کاسۆلیکەکانی لەپۆستە سەربازیو مەدەنیەکان دامەزراند. لەگەڵ هەبوونی ناڕەزاییەکی توندیش جیمس دووەم لە ساڵی 1688 یاسای دووەمی لێبوردەیی دەرکردو فەرمانی دا بە خوێندنەوەی ئەم فەرمانە لە کڵێسا ئینگلیکانیەکان. کاتێکیش حەوت ئوسقوف خوێندنەوەی ئەم فرمانەیان ڕەت کردەوەو ڕازی نەبوون بە خوێندنەوەی یاسایەکە، جیمس بەسەرپێچی کردن تاوانباری کردن. وە کاتێک سوێند خۆران لە دادگە تۆمەتباریان نەکردن، ئەو ئەساقیفانە ئازاد کران. "توری" لە هێرشەکان بۆ سەر کڵێسای ئینگلیزی نیگەران بوون، هەروەها بە دامەزراندنی سوپایەکی هەمیشەیی قەڵس بوون، لەملاشەوە هویگز ناڕەزاییان دەربڕی لەهەمبەر لایەنگری کردن لە کاسۆلیکەکانو نزیک خستنەوەیانو فەرامۆش کردنی یاساکانی پەرلەمان .

لەڕاستیدا ئاسان بوو ئارام بگرن لە بەرامبەر ئەو گەندەڵیانەی کە لەسیاسەتی توندڕەوی جیمس کەوتبوونەوە، مادام هیوایەکی گەورەیان هەبوو بە هاتنی "ماریو ئان" بۆ سەر تەختی دەسەڵات. ئەم دووانە کچی پرۆتستانتی جیمس بوون. بەڵام جیمس لەساڵی 1688 لە هاوسەری دووەمی کوڕێکی بوو، کە بێگومان ئەوە وادەکات کوڕەکەشی کاسۆلیکی بێت. ئیدی هیواکان تێکشکان لەهەمبەر باشکردنی بارودۆخەکان لە دوای جیمس. ئەوەبوو شوێنکەوتەکانی کڵێسای ئینگلیزی لە پارتی "هویگزو تۆری" لە پرۆتستانتیە جوداخوازەکان لەگەڵ یەکتری ڕێککەوتنو بانگهێشتی

"ماری" هاوسەرەکەی "ولیم ئۆرنج" ی دەسەلآتداری هۆڵندایان کرد بۆ ئەوەی تەختی ئینگلیزیان پێشکەش بکرێ بەناوی "ولیەم ی سێیەم" [1].

شۆڕی جەلیلە(1689)

بە بانگهێشتی سەرکردەکانی تۆریو هویگز، "ولیمو ماری" هاوسەری بە سەرکردایەتی سوپای هۆڵندی لە ئاوەکانی نێوان ئینگلتراو هۆڵندا پەڕیەنەوە ئینگلتەڕا بۆ مەبەستی وەرگرتنی تەختی ئینگلیزی، بەبێ هاتنەڕێی هیچ بەرەنگاریەك. کاتێك جیمس بینی سوپاکەی ئافەرۆزی لێکردو وازی لێهێنا، ڕایکردە فەرەنسا. بەمەش شۆڕش کاری خۆی تەواو کرد بەبێ ڕژانی خوێن. ئیدی لەلایەن کۆنگرەی نیشتیمانی ئینگلیزی کە لەساڵی 1689 بۆ ئەم مەبەستە کۆبوویەوە، تاجی پاشایەتیان پێشکەشکردن.

ولیەم ئۆرنج فەرمانڕەوای هۆڵندا بوو، وە کوڕی خوشکی چارلسی دووەمو جیمسی دووەم بوو. بەناوی ولیەمی سێیەمەوە بوو بەشای ئینگلترا. پەرلەمانیش لادانی جیمسی دووەمی ڕاگەیاند، ئەوەشی ڕوون کردەوە کە هۆکاری لادانی جیمس سەرپێچی کردن بوو لە دەستوری ئینگلیزیو نەریتی وڵات.

شۆڕشی"جەلیلە" کۆتایی هێنا بە دەسەلآتی ڕەها لە ئینگلترا، وە داکۆکی کرد لە سەروەری کردەیی پەرلەمان لە دامو دەزگای وڵات، ئیدی لەم کاتەوە پادشایەتی بەشێوەیەکی کۆتکراو مایەوە.

یاسای مافەکان 1689:-

پەرلەمان ڕەزامەندی نیشاندا لەسەر گەلآڵەنامەی مافەکان، کە تیایدا دەستەبەری تەواوی دەسەلآتی پەرەلمانی دەکردو ئینگلیکانی بوونی پادشایی بە پێویست دادەنا، هەروەها دەسەلآتی پەکخستنی یاسای لە پادشا دەسەندەوەو ڕێگری دەکرد لەپاشا

Ibid. 1

کە باج کۆبکاتەوەو لە تاوانباران ببورێ. پەرلەمان داکۆکی دەکرد لەسەر پاراستنی ئەندامەکانیو مافی گەلی ئینگلیزی لە هەلگرتنی چەكو پێشکەشکردنی سکالاو، دەستەبەرکردنی ئازادی قسەکردنو ئازادی دەربڕینی بیرو بۆچونەکان بەبێ هیچ کۆتو بەندێك. هەروەها پێداگری دەکرد لەسەر هەڵبژاردنی ئازادو بەستنی کۆبوونەوەی پەرلەمانی بەشێوەیەکی بەردەوامو دادوەری کردنی ڕۆڵەکانی گەل لەلایەن دادوەری دادگەرو پیادەکردنی سوێندخواردنو خۆبەدورگرتن لە سزا قورسو گرانەکان[1].

بەپێی ئەم گەلاڵەنامەیە پەرلەمان مافی سەپاندنی باجی هەیە، وە دەتوانێ سوپا تەیار بکات بۆ ماوەی ساڵێك بە خەرجی تەواوە. وە دەبێ ساڵانە پەرلەمان داوابکات بۆ موچە، ئەگەر داوای نەکرد ئەوا موچەی سەربازان نادرێ، هەروەها ئەگەر پەرلەمان داوانەکات هیچ سەربازێك لەژێر باری نائاسایی سزا نادرێ لە ڕەوشێکی پەشێوو ئالۆزدا.

لەڕوی ئاینیشەوە کۆتو بەندەکان لەسەر کاسۆلیکیزم هەر مایەوە، لەکاتێکدا بەپێی یاسای لێبوردەیی پرۆتستانتە جوداخوازەکان ئازادی پەرستشکاریان پێ بەخشرا[1].

لەماوەی دەسەلاتی ولیەمی سێیەمو شاژنە ئان، پەرلەمان ژمارەیەك یاسایی دەرکرد. لەوانە: یاسای کۆبوونەوەی پەرەلمان 1694، کە باس لەوە دەکات، نابێ هەڵوەشاندنەوەی پەرلەمان لە سێ ساڵ زیاتر بێت. جگە لەمە یاسای جێگرتنەوەی لەساڵێ (1701) دەرکرد، بەپێی ئەم یاسایە لەدوای مردنی ولیەم، تەختی ئینگلیزی دەگوازرێتەوە بۆ"ئان"ی کچی جیمسی دووەم، وە لە دوای مردنی کوڕی شاژنە ئان، بڕیاردەدرێ کە تەخت بگوازرێتەوە بۆ هەڵبژێردراوی بنەماڵەی هانۆڤەر. هەروەها

1Clark، G.M. The laler Start (oxord، 1955)، pp. 144-145; Also pp. 145-FF
2Ibid.

پەرلەمان لەساڵی (1707) یاسای یەکیەتی دەرکرد، بەگوێرەی ئەم یاسایەش سکۆتلەنداو ئینگلترا بەیەکخستنی پەرلەمانەکانیان بوونە یەك دەوڵەتو وڵاتێکی نوێیان دروستکرد بەناوی بەریتانیای مەزن.

سەرهەڵدانی پارتە سیاسیەکان لە ئینگلتەرا

لەکۆتایەکانی سەردەمی چارلسی دووەم دوو پارتی سیاسی لەیەکتر جیاواز هاتنە سەر شانۆی سیاسی ئینگلتەرا. ئەمانیش "هویگز، تۆری"بووون. پارتی هویگز بەشێوەیەکی گشتی پشتیوانی دەکران لەلایەن هەمان ئەو گروپو کۆمەڵانەی کە لەجەنگی ناوخۆیدا پشتیوانی پەرلەمانیان دەکرد. ئەمانەش بریتی بوون لە پرۆتستانتە پیۆریتانەکان وجوداخوازەکان ئەرستۆکراتیەکان. بەڵام تۆری لەو ئەرستۆکراتیانەبوو کەپشتیوانی کلێسای ئینگلیزیوسیاسەتە کۆنو پادشایەتیان دەکرد. جیاوازیەکی ئەتۆو ڕوون نەبوو لەنێوان ئەم دوو پارتە جگە لەوەی کە هویگز بە سەرۆکایەتی "ایرل شافستبری" زۆر نەیاری سیاسەتی مەیل بوونی چارلس ی دەکرد بۆ فەرەنسا. بەلایانەوە ئاسایی بوو، کە پادشا دینی خۆی پارێز پێوەبکات، بەمەرجێ نەبێتە نەیاری کلێسای ئینگلیزیو دژایەتی نەکات واتا (پادشا وەك خۆی هەر ئاینزایەکی هەبێت بەلایانەوە ئاسایی بوو، بەو مەرجەی کە دژی کلێسای ئینگلیزی نەبێت".

لە دەرەنجامی شۆڕشی ساڵی 1688 پێگەو گرنگی ئەم دوو حیزبە زیادی کرد، کە هەر دوولایان پشتیوانی دەسەڵاتی پەرەلمانیان دەکرد بۆ هەبوونی هەژمونی بەسەر کاروبارەکانی دەوڵەت. ئەم دوو حیزبە لە سەردەمی "ولیم"دا بە نۆرە لە حوکم دا بوون. هەرچەندە "ولیم" مەیلی بەلای حیزبی تۆری دابوو، بەڵام کاتێ بینی کە مەی دەخۆنەوە. پشتی بە هویگز بەست، بەتایبەت کاتێ تێبینی ئەوەی کرد، کە سیستەمو دامو دەزگای دەوڵەت ڕێكو پێك بەڕێوەدەچێت بەنسبەت خۆی ئەگەر بێتو هویگز لە حوکم دابن. "ولیمی سێیەم" لە ئازاری 1702 کۆچی دوایی کرد، ئەمە لە کاتێکدا

دەوڵەتەکانی ئەوروپا لە دژی لویسی چواردە بەیەکەوە کۆبوونەوەو لەگەڵ یەك بوونو جەنگیان لەدژی ڕاگەیاند. هەروەك لە شوێنی خۆی باسمان کرد. ئەم دوو پارتە لە سەردەمی خانم "ئان" بەردەوام بوون لەسەر حوکم کردن بە نۆرە. "ئان" لە سەرەتادا تاوەکو ساڵی ساڵی 1710 پشتی دەبەست بە پارتی هویگز، بەلام لە دوای ئەم مێژووە پارتی تۆری هاتە سەر حوکمو وەزارەت لەوان پێکهێنرا تاوەکو ساڵی مردنی خانم "ئان" 1714. ئەم باودۆخە بەنسبەت ئەم دوو پارتە بەردەوامی دا بەخۆی، سیستەمی دوو پارتی بوو گرنگترین دیاردەو ڕوخساری ژیان سیاسی لە ئینگلترا.

پەیدابوونی وەزارەت (کابینە)

سیستەمی وەزاری بوو بە نایابترین دۆخی سیاسی لە ئینگلترا. پادشاکانی بنەماڵەی ستیورات واڕاهاتبوون کە کەسێکی خاوەن دەسەڵاتی سیاسی لە خانەدانان هەڵبژێرنو پشتی پێ ببەستن لە بەڕێوەبردنی کاروباری داراییو سەربازی. ئەو کەسەش چەند ڕاوێژکاری هەبوون کە هەریەکەی دەکردە سەرپەرشتیاری یەکێ لەدامو دەزگانی دەوڵەت. هەروەها جارجارە بۆ چاوگێڕانەوە بە کاروباری دەوڵەت لەگەڵ پادشا کۆ دەبوونەوە. ئەم کۆمەڵە کەمە لە پیاوە دیارەکانی دەوڵەت ناونران وەزارەت یاخود کابینێت، ئەمەش بەهۆی کۆبونەوەکانیان لەگەڵ پادشا لە ژورێکی بچوك، کە پێی دەگوترا کابینێت.

وەزیرانی دەوڵەت لەپێش شۆڕشی جەلیلە لەو کەسانە پێکدەهاتن کە پاشا هەڵیدەبژاردن، بەلام بەرەبەرە لە دوای شۆڕش بارودۆخ گۆڕانی بەسەرداهات، هەتا پادشا وای لێهات ناچار بوو ئەندامانی وەزارەت لە بەرپرسەکانی ئەم پارتە هەڵبژێرێ کە لەپەرەلمان زۆرینەن. لەسەردەمی پاشا ولیمی سێیەم پارتی هویگز بە بەردەوامی لەسەردەسەلات بوون، بەهۆی ئەوەی زۆرینەی پەرلەمان لەئەوان بوو. هەمان ڕەوش لە

سەردەمی شاژنە ئان بەردەوام بوو. لەگەڵ ئەوەی پادشاکان مەیلیان بەلای پارتی تۆری دابوو، بەڵام وایان بە چاک دەزانی کە ڕەزامەندی لەسەر زۆرینە بنوێنن و سەرپێچیان نەکەن. پادشا سەرپەرشتی کۆبوونەوەی وەزیرانی دەکرد. بەڵام لەسەردەمی بنەماڵەی "هانۆڤەر " بە هۆی ئەوەی"جۆرجی یەکەم" زمانی ئینگلیزی نەدەزانی خۆی بە دوور دەگرت لە کۆبوونەوەکانی ئەنجومەنی وەزیران و، وەزیری یەکەمی لە جێگەی خۆی دانابوو جڵەوی کارەکانی بۆ ئەم وەزیرە جێ هێشتبوو. ئیدی لەم کاتەوە وەزیری یەکەم ناونرا سەرۆك وەزیران. بەم شێوەیە:

1- بالآدەستی وەزارەت بەسەر کاروباری دەوڵەت.

2- پشت بەستن بە زۆرینە لە پەرلەمان لە هەمبەر دەسەلآتداری.

بوون بە خاسیەتی سیستەمی دەسەلآتی ئینگلترا.

بەشی نۆیەم

سەرهەڵدانی ئیمپراتۆریەتی ڕوسیا

سەرهەڵدانی ئیمپراتۆریەتی ڕوسیا

لە بەشی یەکەمدا باسی ڕزگارکردنی ڕوسیامان کرد لە دەسەلاتی مەغۆل. ئەمەش لە سەردەمی ئیڤانی سێیەم کاتێك کە توانی هەرێمی نوڤگۆرد بخاتە پاڵ میرنشینەکەیو بە هاوسەرگیری کردنیشی لەگەڵ یەکێ لە نزیکانی قوستنتینی یازدە بەناوی خانم "صوفیا"، ئیڤان بانگەشەی جێنشینی قەیسەری بۆخۆی کردو ئەموستیلەی خێزانی بەکارهێنا کە هەڵۆی دووسەری ئیمپراتۆریەتی ڕۆمانی پیرۆزی لەسەر نەخش کرابوو. ئیمپراتۆر ماکسیملیانی یەکەم ئیمپراتۆری ئیمپراتۆریای ڕۆمای پیرۆز نازناوی پادشا "ڤاسیلی" سێیەمی کوڕی ئیڤانی پێبەخشی. بەلام ئەم ڕەتی کردەوە، چونکە نازناوی ئیمپراتۆری بۆخۆی هەڵبژاردبوو[1].

ئیڤانی تۆقێنەر:-

لە سەردەمی ئیڤانی چوارەمی 1533-1584 کوڕی ڤاسیلی، میرنشینی مۆسکۆ بەهۆی دەستگرتنی بەسەر قازانو ئستراخان فراوانی بەخۆیەوە بینیو توانی بالادەستی بنوێنێ بەسەر حەوزی ڕوباری ڤۆلگا. ئیڤان توانی چینی دەرەبەگو خانەدانان کە ناسرا بوون بە "بویارس" لەناوبەریو زەویو زارەکانیان دابەش بکات بەسەر دەستو پێوەندەکانی، بەمەش چینێکی نوێی ئافراند لە خاوەن زەویو زار کە ملکەچی خۆی بوون. لەملاشەوە جوتیارانی ناچار کرد لەسەر زەویەکانیان بمێننەوەو ئۆقرە بگرن بۆ خزمەتی ئەم چینە. پاشان بە یاسای ڕەقو توند بە زەویەکانی پەیوەست کردن. ئیڤانی چوارەم بەهۆی مامەڵەی توندو ڕەقی لەگەڵ "بویارس" بە ئیڤانی تۆقێنەر ناسرا. ئیڤان نازناوی قیصری بۆ خۆی هەڵبژارد بەو پێیەی کەنەوەی صۆفیای خانمی بێزەنتیە. "ئیڤانی تۆقێنەر" هەستا بە کاری ئاوەدانکاریو

Koenigs burdg, op. Cit, pp. 196-203 1

تەلارسارسازی. ئەندازیاری ئەڵمانیو هونەرمەندانی ئیتالی بەکارهێنا لە بنیاتنانی مۆسکۆی نوێ، کە "کرملن"و کڵێساو چەندەها کۆشکی تریان بنیاتنا. پاشان هەستا بە پەیمانێکی بازرگانی لەگەڵ ئینگلترا. کە ئەوەی دواییان کۆمپانیای "مۆسکۆ ڤی" دامەزراند لەساڵی 1558. هەروەها دەستیگرت بەسەر بەشی خۆرئاوای سیبیریا. کە بەهۆیەوە دەرگەی ئاوەڵاکرد لەبەردەم نەوەکەی بۆ گەیشتن بە زەریای ئارام.

بوریس گۆدۆنۆڤ:-

ئیڤانی تۆقێنەر لە ساڵی 1584 مرد. کوڕە گەورەکەی خۆیشی کوشت بەناوی "ئیڤان" لەساڵی 1582. کوڕەکەی تریشی بەناوی "تیودۆر" لە ڕووی عەقڵیەوە تەواو نەبوو، هەربۆیە خاڵی "بۆرسین گۆدۆنۆڤ" کرا بەوەصی لەسەری. کاتێکیش تیۆدۆر" ڤیدۆر" لەساڵی 1598 مرد ، بارودۆخی وڵات تێکچوو بەهۆی بەردەوام بوونی "بۆریس" لەسەر سیاسەتی ئیڤانی چوارەم لە برەودان بە بەرژەوەندیەکانی بازرگانو خاوەن زەویە بچوکەکان لە دژی چینی "بویارس"، کە بووە هۆی بێزارکردنو تووڕە بوونی ئەم چینە لە سیاسەتی "بوریس" و، دەیانویست دەسەڵاتو بەربژاریەکانیان بگێڕنەوە. لەملاشەوە بۆریس ناچار بوو تەنگ بە جوتیاران هەڵچنێ، بەمەبەستی ڕازی کردنی خاوەن زەویە بچوکەکان. کە ئەمەش بووە هۆی تووڕەبوونی جوتیاران بشێوەیەکی توند[1] .

جا لە دوای مردنی "تیۆدۆر"، خێزانەکەی تەختی قەیسەری ڕەت کردەوە، براکەیشی کە توشی شەلەل ببوو لە ساڵی 1591 خۆی کووشت. هەربۆیە پەرلەمان کۆبوویەوە بۆ هەڵبژاردنی قەیسەر. پەرلەمان "بوریس گۆدۆنۆفی" هەڵبژارد بە قەیسەر. کە دڵ کراوەو کارزان بوو، حەزی لەچاکە بوو بۆ گەلەکەی. ئەم یەکەم کەس

Vernadskv. B.A. History of Russia (New york, 1967) pp.98- 107. 1

بوو کە گەنجانی ناردە ئەوروپا بۆ ئەوەی لە شارستانی ئەوروپی شارەزابن[1]. بەڵام قەدەر دژایەتی کردو هیچ یەکێکیان نەگەڕانەوە. بەهەمانشێوە برسیەتیش گەلی روسی هیلاك وشەپڕێو کردو خەڵکی تاوانباریان کرد بە دەرمانخواردکردنی ئیڤانی چوارەم‌و کوڕەکەی قیسەر سیۆدۆر، کە بوریس خۆی وەصی بوو بەسەریەوە. هەروەها تۆمەتباریان کرد بە کوشتنی دیمیتری برای بچوکی قەیسەر سیۆدۆر.

مێژوونوسی ڕوسی " کرمزین" ئەو تۆمەتانە بەدرۆ دەخاتەوە تەنها کوشتنی دیمیتری نەبێت، زۆربەی مێژوونوسانیش لەمەدا پشتیوانی کرمزین دەکەن تەنها کەمێکیان نەبێت. بەڵام بەڵگەکان ئەوە دەسەلمێنن کە دیمتری خۆی خۆی کوشتووە.

جەنگی ناوخۆ:

لەساڵی 1601ەوە- بەهۆی شکست هێنانی بەرهەمی کشتوکاڵی برسیەتی لەڕوسیا بلاوبوویەوە. لەملاشەوە "بوریس" کوێرانە هەوڵیدا کار بۆ خەلکی وە دۆزێ بە سەرقاڵ کردنیان لە دروستکردنی تەلارو کاری ئاوەدانکاری. ڕێژەی مردن زیادی کردو چەتەو ڕێگر دایانە زیادی‌و کاری دزی‌و ڕاووڕووت پەرەی سەند. لەم نێوانەشدا چینی "بویارس" سودیان لە ڕەوشی شێواو وەرگرت‌و ویستیان بەربژاریەکانیان بسەننەوە کە کاتی خۆی ئیڤانی تۆقێنەر لێی سەندبوون. هەربۆیە هەستان بە تۆمەتبار کردنی بوریس بە ناپاکی‌و پیلان دانان بۆ ئاسایشی ولات. یەکێ لە سەرکردەکانی ئەم چینە "سیۆدۆر ڕۆمانۆفی" یەکێ لە کوڕە مامەکانی "ئیڤانی چوارەم"ی ناچار کرد بچێتە سەر ژیانی رەهبەنیەت، هەروەك خێزانەکەیشی ببوو بە

---

1 ئەوەی جێگەی سەرنجە ئەوەیە کە نوسەر لەسەرەتادا بە خراپ باس لە "بوریس گۆدۆنۆڤ" دەکات، کەچی دواتر بە باش‌و کارزان‌و دڵ کراوە وەسفی دەکات. بەڵام لێرەدا دەتوانین بڵێین کە بوریس گۆدۆنۆڤ لەگەڵ ئەو خراپیانەی کە هەیبوو، خاوەنی ئەم ڕەوشتە باشانەش بووە. ئەمەشیان بیروڕای خۆمانە سەبارەت بە نوسینەکەی نوسەر. چونکە باسەکە بە باشی ڕوون نییە. " وەرگێڕ"

رەهبەنـە. ئـەمجا تـەواوی ئەنـدامانی بنەماڵـەی "ڕۆمـانۆف" دورخرانـەوە بـۆ بـاكوری ڕوسیا. لێرەوە "بویارس" دەستیانكرد بەهاندانی گەلی ڕوسـی بـۆ شۆڕشـكردن لـەدژی "بـوریس گۆدۆنـۆف"و بـەهاوكاری پۆڵەنـدا توانیـان شـۆڕش بەرپابكـەن. لـەناو چـینی "بویارس" گەنجێك بانگەشەی ئەوەی بۆ خۆی كـرد كـە ئـەو "دیمـیتری كـوڕی ئیڤـانی چـوارەم"ەو- خۆكوشـتنی خـۆی بـە هەڵبەسـتراو دایـە قەڵـەم. دیمـیتری لەسـاڵی 1603بەسەركردایەتی سوپایەك لەخۆبەخشان دەستیكرد بەسـازدانی شـۆڕش. بـەڵام بەخت یاوەری نەكرد بۆ سەركەوتن تەنها لەدوای مردنـی "بـوریس گۆدۆنـۆڤ" نـەبێ لـە نیسانی ساڵی 1605. "دیمیتری" دوای ئەوەی لەلایەن هەندی لەسوارە زویربووەكانی قۆزاخ هاوكاری كرا، توانی لەمایسی 1605بچێتە ناو مۆسكۆ.

دیمیتری بەو جۆرە نەبوو كە چـینی بویـارس پێشبینیان كردبـوو بـەوەی وایـانزانی ئـالـەتێك دەبێـت بەدەسـت خۆیانـەوە. بـەڵكو هـەرزوو كەسـایەتی خـۆی دەرخسـتو سەلماندی كە ئەم لە لێوەشاوەیی‌و زیرەكیدا لەپێشینەكانی كەمتر نییـە. هـەر كەهاتـە سەر دەسەڵات ویستی حـوكم هـەر بـۆ خـۆی بكـات. لەبـەر ئـەوە چـینی بویـارس هـەر لـەڕۆژی یەكەمـەوە پیلانیـان بـۆی سـاز كـرد. لـەخۆبایی بـوون‌و فیزنوانـدنی دیمـیتری سەریكێشا بۆ سازبوونی شۆڕشێك لەلایـەن دانیـشتوانی مۆسـكۆوە كەبەهانـدنی چـینی بویارس سازیان كرد. كە دواتر هەر ئەوانیش بۆی چوونە كۆشك‌و كوشتیان. پاشان میر "باسل شوسكی"یان- كردە قەیصەر[1].

ڕەوشـەكە بـۆ "شوسـكی" هێمنـی بەخۆیـەوە نـەبینی، بـەڵكو هـەرزوو لەلایـەن جوتیاران‌و كۆیلەكانەوە شـۆڕش سـەریهەڵداو بەشـێوەیەكیش پەرەیسەند كـە لـەدوای داپڵۆسینیشی پەشێوی ونائارامی هەربـەردەوام بـوو. دوای ئەمـە كسێكی هەڵبـژێردراو بانگەشەی قەیصەر بوونی بۆ خۆی كردو خەڵكێكی زۆر شوێنی كەوتن‌و تـوانی سـوپای

Ibid, PP. 113- 121.– 1

"شوسكی" تێكبشكێنێ. ئەمەش وای لە"شوسكی" كرد داوای هاوكاری لەسوید بكات. ساكاتێكیش سوید لەجەنگ دابوو لەگەڵ پۆڵەندا، ڕازی بوو هاوكاری ڕوسیا بكات بەو مەرجەی كە هاوپەیمانی سویدبكات بە بەردەوامی. ئەوەبوو كارەكەی "شوسكی" بەری گرتو توانی ڕكەبەرەكەی بەهاوكاری سوید بشكێنێ. بەڵام پاشای پۆڵندا "سیگسمۆند" بەمە ڕازی نەبوو و، لەدژی ئەم هاوپەیمانیەتیە ڕاوەستاو جەنگی لەدژی ڕوسیا ڕاگەیاندو لەساڵی 1610 سوپای شوسكی تێكشكاند. لەم كاتەشدا خەڵكی مۆسكۆ شوسكیان لەسەر دەسەلآت لادا.

لەدوای گفتوگۆو وتووێژكردن لەگەڵ پاشای پۆلەندا، بڕیاریاندا "ڤلادسلاڤ"ی كوڕی سگسمۆند وەك قەیصەر هەڵبژێرن. بەلآم پاشای پۆلەندا دەیویست خۆی قەیصەر بێت نەوەك كوڕەكەی. وەلێ گەلی ڕوسی ئامادە نەبوون خۆیان ملكەچ بكەن بۆ دەوڵەتێكی بیانی. هەربۆیە كلێسای ئەرسەدۆكسی داوای لەتەواوی گەلی ڕوسی كرد كە سوپایەك پێكەوە بنێن بۆ ئەوەی پۆڵەندیەكان لەمۆسكۆ بەدەرەوە بنێن. ئەوەبوو بەداهاتنی ساڵی 1613گەلی ڕوسی توانیان پۆڵەندیەكان دەرپەڕێنن.

میخائیل ڕۆمانۆف:-

لەكانونی دووەمی 1613، ئەنجومەنی نیشتیمانی كە هەڵبژێردراوی سەرجەم ناوچەكانی ڕوسیا بوو، بەمەبەستی دەستنیشان كردنی قەیصەری تازە لە مۆسكۆ كۆبونەوەی سازدا. لەپاش وتوێژێكی زۆر میخائیل ڕۆمانۆفی كوڕی سیۆدۆر ڕۆمانۆف بە قەیصەر هەڵبژێردرا.

میخائیل توانی هێمنیو ئارامی لە ڕوسیا بەرقەرار بكاتو سنورەكانی وولآت لە دەستدرێژی بێگانە بپارێزیو شاری "نۆڤگورد" لە سوید بستێنێو ڕووباری دانیپر بكاتە سنووری نێوان خۆیو پۆڵندا. بەلآم ڕوسیا هەر دوور بوو لە دەریای بەلتیق و،

ئەنگارياو كاريلياش هەر لە ژێر دەستی سويدا مانەوە. ميخائيل لە ساڵی 1645 مردو "ئەليكسس"ی كوڕی جێگەی گرتەوەو بوو بە قيصر.

فراوان خوازيەكانی ڕوسيا:-

گەلی روسی لە دەشتەكانی باشووری خۆرهەلاتو بە ئاراستەی سيبيريا پەرتوبلاو بوونەوەو بەدرێژايی ڕوبارەبەلق جۆگەكان سەرقاڵی كشتوكاڵو ئاژەڵداری بوون. خەڵكە سەرەتاييەكانيان بريتيبون لە قۆزاقيەكان كە لە حەوزی روباری "ڤۆلگاو دون و دانيپر" نيشتەجێبون. ئەمانە لەماوەی سەدەی شازدەهەم و حەڤدەهەمدا بەئاراستەی سێبيريا بلاوبونەوەو هەستان بە بنيات نانی شاری "توبولسك" لە ساڵی 1587و "تومسك" لە 1604و "باكوتسك" لەسەر ڕووباری "لينا" لە ساڵی 1632و "ئاركوتسك" لەسەر دەرياچەی "بايكاڵ" لە ساڵی 1653. پێش كۆتايی هاتنی سەدەی حەڤدە نيمچە دوورگەی "كامشتكاوە يان" داگيركردو بەمەش گەيشتن بە زەريای ئارام. وە لەسەرەتای سەدەی هەژدە "ئالاسكا"يان- داگيركرد. سيبيريا لە ساڵی 1662 حەفتا هەزار ڕووسی تيادا نيشتەجێ بوو. ئەم ژمارەيە لە پاش سەدەيەك گەيشتە يەك مليۆن كەس، ڕاست لە ساڵی 1783. ڕووسيەكان لە نێوان ساڵانی 1640-1650 پەليان هاويشت بۆ دۆڵی "ئەمور"و، بۆ يەكەمجار لەگەڵ چينيەكان بەريەك كەوتن. بە داهاتنی هەشتاكانی سەدەی حەڤدە 1680 چينيەكان تەگەرەيان خستە بەردەم پێشڕەويەكانی ڕووسيا بەم ئاڕاستەيە. لەهەمان كاتداجەنگاكانی نێوان مۆسكۆو پۆڵندا، لەسەر ئۆكرانيا دروستبوو. لە ساڵی 1569 ئۆكرانيا چوويە پاڵ پۆڵنداو لەهەمان ساڵدا ليتوانيا لەگەڵ پۆڵندا يەكيەتی يان پێكهێنا. خانەدانانی پۆڵندا زەوی و زارێكی زۆريان لە ئۆكرانيا كردە هی خۆيان و هەوڵياندا جوتياران بگێڕنەوە سەر سيستەمی كۆيلايەيی زەوی. بەلام ئەمان كۆيلە بوونيان بۆ زەوی ڕەت كردەوەو نەيانويست، هەر بۆيە لەگەڵ ميرەكانی قرم (نيمچە دوورگەی قرم لەسەر دەريای ڕەش) ڕێككەوتن دژی پۆڵندا. لە جەنگێكدا كە لە ساڵی 1648 هەڵگيرسا ئۆكرانيا بە هاوكاری سوارەكانی قۆزاف سەركەوتن بەسەر

پۆڵندیەکان. وە بەگوێرەی پەیمانبەستێك کەلە نێوان هەردوولادا سازبوو، دەرەبەگە پۆڵندیەکان زەوییەکانیان لە پۆڵندا بەدەست خۆیان هێشتەوە بەبێ هەڵوەشاندنەوەی سیستەمی کۆیلەیی زەوی، هەرئەمەش بوو بەهۆی تورە بوونی جوتیارانی ئۆکرانیاو قۆزافیەکانیان تۆمەتبار کردبە ناپاکی. ئیدی بە هەزاران جوتیار کۆچیان کرد بۆ دەووروبەری مۆسکۆو لەسەر کەناری ڕووباری "دونیتز" نیشتەجێ بوون.

جەنگ لەنێوان پۆڵنداو قۆزاقیەکان هەڵگیرسایەوەو پۆڵندیەکان سەرکەوتنیان بەدەست هێنا. ئۆکرانیەکان داوایان لە قیصر "ئەلیکیس" کرد ئۆکرانیا بخاتە پاڵ دەوڵەتەکەی. قیصریش لە پاش ڕەزامەندبوونی پەرلەمانی ڕووسی لە ساڵی 1653، ئەمەی پەسەند کرد. وە بەگوێرەی پەیمانبەستێك کەلە نێوان قیصرو ئۆکرانیەکان بەسترا، ئۆکرانیەکان بەربژاری فراوانیان دەستگیر بوو، لەگەڵ حوکمی خۆجێیو سوپایەك کەپێك بێت لە (60000) سەرباز. بەو مەرجەی بە قیصر فەرمانڕەوایی بالاَ دادەنرێت. جەنگ لەنێوان مۆسکۆو پۆڵندا سەریهەڵداو ئۆکرانیا لە نیری دەرەبەگە پۆڵندیەکان ڕزگارکرا. بەلام لە ساڵی 1657 ناکۆکی کەوتە نێو خودی ئۆکرانیەکانو بە شێك لەخاوەن زەویە ئۆکرانیەکان پۆڵندایان بەباشتر زانیو چوونە پاڵی. لە هەمان کاتدا سوید هێرشی کردەسەر پۆڵنداو جەنگیش لەنێوان ڕوسیاو پۆڵندا هەڵگیرساو بە دابەشکردی ئۆکرانیا لە ساڵی 1667 لەنێوان خۆیاندا کۆتایی هات. بەم پێیە بەشی خۆرئاوای ڕووباری دانیپر بووە بەشی پۆڵندا و، خۆرهەلاتی ڕووبارەکەش چوویە پاڵ مۆسکۆ. واتا (لە خۆرهەلاتی ڕووبارەکەوە کەوتە دەستی مۆسکۆ، وە لەخۆرئاوای ڕووبارەکەوە کەوتە دەستی پۆڵندا).

شۆڕشە نێوخۆییەکان :-

لەماوەی نێوان 1650-1700 پەشێویو ئاڵۆزی سیاسیو کۆمەلایەتی ڕووسیای گرتەوە. جوتیاران بەهۆی یاسای سیستەمی کۆیلەیی زەوی تورەبوونو نارازی بوون. ئەم یاسایەی کە حکومەتی مۆسکۆ لە ساڵی 1649 دەریکرد. هەربۆیە هەستان بە سازدانی چەند شۆڕشێك، گرنترینیان شۆڕشی "ستیڤن ڕازین" بوو لە ساڵی 1667.

ئەم شۆڕشە قۆزاقیەکان پێشڕەویەکان دەکرد لەدژی حکومەتی مۆسکۆ. شۆڕشگێڕان توانیان شارەکانی سەر ڕووباری "ڤۆلگا"یەك لەدوای یەك بگرنو داگیریان بکەن، لەناویاندا "ئستراخان، ساراتوف، سامارا". لە ئەیلولی 1670 حکومەتی مۆسکۆ سوپایەکی مەشق دراوی نارد بۆ ڕووبەڕوو بوونەوەی شۆڕشگێڕانو لە تێکهەڵچوونێکی توندو تیژ کەلە نێوان هەردوولادا ڕوویدا لەمانگی تشرینی یەکەم سوپای حکومەت هێزی شۆڕشگێڕانی پەرێشانو تەفروتونا کردو دەسەلاتی قەیصەری گێڕایەوە ئەم ناوچەیەی کە شۆڕشی تیادا بوو. پاشان "ستیڤن ڕازین" دەستگیر کراو لە سالّی 1671 لە سێدارە درا.

لە پاش ئەم شۆڕشە دەسەلاتی قیصر بووبە دەسەلاتێکی دیکتاتۆری و، ئەو شوێنانەی کە شۆڕشی تیادا هەلگیرسا بوو خەلّکەکەی ناچار کرا سوێندی گوێڕایەلّی بخۆن بۆ قیصر. پاشان پەرلەمانی "زیمسك سوبور"ی پشت گوێ خست. لەکاتێدا پەرلەمان لە بەڕێوە بردنی وولاّت هاوکاری قیصری دەکرد. هەربۆیە دوا ئەمە قیصر لەسەرجەم کۆتو بەندێك ڕزگاری بوو.

ناکۆکی بنەماڵەی پاشایی:-

قیصر "ئەلیکسیس" لە سالّی 1676 مرد، کوڕە گەورەی خۆی لەخێزانی یەکەم جێگەی گرتەوە. ئەمەشیان لە سالّی 1682 مرد، بەبێ ئەوەی هیچ جێ گرەوەیەك جێ بهێلّێ. هەر بۆیە برای بچوکی خۆی "ئیڤان"ی لە جێگا دانرا. بەلاّم ئەمیش بەهۆی نەخۆشیەوە نەیدەتونی فەرمانڕەوایی بکات. گەورە بەرپرسانو سەردارانی کلّێسا لە هاوسەری دووەمی ئەلیکسیس بترس یان هێنا، کە برای بچوکی ئیڤان بوو وە لەم کاتەدا تەمەنی دە سالّ بوو. بەلاّم پشتگیریان کردو بۆ ئەم مەبەستە گەورە خانەدانان لەگۆڕەپانی سور لە مۆسکۆ کۆبوونەوەو کردیان بە قیصری ڕووسیا. بەلاّم صوفیای خوشکی ئیڤان دامەزراندنی بترسی بە قیصر ڕەت کردەوەو هانی پاسەوانانی مەلەکی

(پاشایی) دا بەیاخی بوونو هەڵگەڕانەوە. لە دەرەنجامی ئەوەدا بڕیاردرا ئیڤانو بترس شانبەشانی یەکتر دامەزرێندرێنو صوفیاش بەوەصی لەسەریان دابنرێت، چونکە تائەم کاتەش ئیڤان تەمەنی لە پانزە ساڵ تێپەڕی نەدەکرد.

قیصرە صوفیا:-

صوفیا هەستی کرد کە حکومەتەکەی لە ژێر ڕەحمەتی پاسەوانانی پاشایی دایەو هەردوو قیصر (ئیڤانو بترس)ی بردە دەرەوەی شاری مۆسکۆ. لەوێدا گوێبیستی ئەوەبوو کە پاسەوانانی قەیصر پلانێك ڕێکدەخەن بۆ لادانی. هەر بۆیە صوفیا بانگهێشتی میلیشیای دەرەبەگیو هەندێ لەبەشەکانی سوپای کرد. بەمەش پاسەوانانی مەلەکی ترساندو وولاتی خستەوە ژێر کورسی خۆی لە ئەیلولی 1682.

صوفیا حەوت ساڵ فەرمانڕەوایی کردو سیاسەتی پێك هاتنی گرتەبەر لەگەڵ پۆڵندا. کۆیلایەیی زەوی هەڵوەشاندەوەو شارستانی ئەورووپی هێنایە وولات. لە سەردەمی ئەودا بارودۆخی ناوخۆی وولات ئارامو هادی بوو، صوفیا بە هاوبەشی لەگەڵ پۆڵندا توانیان ڕێگری بکەن لەو شالاوەی تورکەکان کردیانە سەر ئەورووپا. لە سالانی 1687-1689 دوو هەڵمەتیشکست خواردووی کردە سەر نیمچە دوورگەی قرم. هەروەك چینیش" سین" ڕێگری کرد لەپێشڕەوی کردنی ڕووەو دۆڵی ڕووباری ئەموور لەو پەڕی خۆرهەلات. وە بەگوێرەی پەیمانبەستی (نیرچینکس) ڕووسیا دەست بەرداری دۆڵی ڕووباری ئەموور بوو.

شکستەکانی لەسیاسەتی دەرەوەیدا زیانی بە ڕێزو شکۆی صۆفیا گەیاند. لەم کاتەشدا هەستی بە لێ هاتوویو چالاکی بترس کرد، هەربۆیە پێشبینی ئەوەی کرد کە لە تەمەنی پێگەیشتوویدا کودەتای لەدژ ئەنجام دەدات. لەبەر ئەوە دووری خستەوە لەخۆی لەگوندێکی نزیکی ڕووسیا. لەوێدا بترس لە شارەزایانی هۆڵندا فێری دروستکردنی کەشتی بوو، هەروەك بیرکاریشی خوێندو لە هاوڕێیانی خۆی دوو

دەستەی سەربازی دروستکرد. کاتێك گوێبیستی ئەوەبوو کە بەکرێگیراوانی صوفیا هەوڵی کوشتنی دەدەن، هەستا بە سازکردنی کودەتایەکو دەستی گرت بەسەر کۆشکی قیصرو صوفیان ی دەستگیر کردو ناردیە دێرێك. خۆیشی کردە قیصر لە ساڵی 1689. لەم کاتەشدا تەمەنی حەڤدە ساڵ بوو[1].

پترسی گەورە (1725-1689)

ڕەوشتو ئاکاری:—

بترسی گەورە کەللە ڕەقو توڕەو ترشو جل شڕو بەهێزو ئازاو زیرەك بوو. هەر لەمنداڵیەوە ئارەزووی دروستکردنی کەشتی هەبوو، تاوای لێهات گەشتێکی سازدا بە نهێنی ڕووەو ئەوروپای خۆرئاوا بە مەبەستی ئاگادرابوون لە پێشکەوتنەکانیان. لەم گەشتەیەدا سەردانی ئینگلتراو فرەنساو هۆڵندای کرد. ئەم گەشتانە گرنگی گەورەی هەبوو بۆ گەشەسەندنی ڕووسیا. چونکە ئەم گەڕانە بترس ی دڵنیاکرد لە گرنگی شارستانی خۆرئاواو هاوردەکردنی ئەم شارستانیەتە بۆ ڕووسیا. وە وای لێکرد هەوڵبدات وولاتەکەی بگەێنێتە ئاستی ئەوان.

بەهۆی دابو نەریتی کۆمەلآیەتی کە وەرگیرابوو لە مەغۆلەکان، ڕوسیا وەك ولآتێکی خۆرهەلآتی بوو. بەهەمانشێوە مەزهەبی ئەرسەدۆکسی کە ڕووسەکان باوەڕییان پێی هەبوو خۆرهەلآتی بوو. هەربۆیە ڕووسەکان زیاتر خۆرهەلآتی بوون نەوەك خۆرئاوایی. وە لەڕوویەکی تریشەوە ئەگەر سەیر بکەین دەبینین ڕووسیا داخراو بوو بەڕووی دەرەوەدا. چونکە دەوڵەتی عوسمانی دەستی گرتبوو بەسەر باکوری دەریای ڕەشو وولآتی بەلقان، لەم لاشەوە سویدو پۆڵندا بالآدەست بوون بەسەر کەنارەکانی خۆرهەلآتی دەریای بەلتیق، ئەمەش هۆی دروست بوونی تەگەرە بوو

Ibid; pp. 121-138 1

لەبەردەم بازرگانییان. کاتێکیش" خانەدانانو پیاوانی ئاینی خاوەن دەسەڵاتو هێز بوون، دەسەڵاتی قیصر بەهۆیەوە کۆت کرابوو. بۆیە لەسەر بترس پێویست بوو لەهەموو ئەمانە خۆی ڕزگار بکات بۆئەوەی ڕووسیا بکات بە دەوڵەتێکی خۆرئاوایی.

چاکسازییەکانی بترس:-

هیچ هەلێك نەبوو تێپەڕێت کە بترس نەیقۆزێتەوە لە پێناوی بەهێزکردنی فەرمانڕەواییەکەی. تەنانەت دەیگوت: "قیصر گەورەی ڕەهایە بەرامبەر هیچ کەسێ بەرپرسیار نیە لە جیهان". هەروەك باسمان کرد سەردانی ئەورووپای کردو لە هۆڵندا فێری دروستکردنی کەشتیو شیکاریو زەخرەفە بوو، لە ئینگلتراش لە بواری بازرگانی پیشەسازی لێکۆڵینەوەی کرد، وە لەپروسیا ڕێکخستنی سەربازی بە ووردی تێبینی کردو لێی ڕووانی. لە هەموو ئەم شوێنانە هونەرمەندو دەست ڕەنگینو ئەندازیارانی کۆکردەوەو ناردنی بۆ ڕووسیا بە مەبەستی فێرکردنی ڕووسەکان لەم بوارانەی کە شارەزانەبوون تیایدا. کاتێك بترس لە ڕێگەی نێوان ڤیەننا و ڤینیسیا بوو، یاخی بوونی پاسەوانە تایبەتیەکانی لە مۆسکۆ زانی. بۆیە گەرایەوەو تۆڵەی لە یاخی بووان سەندەوەو (7000)هەزار کەسی لێ لە سێدارەدانو ڕێکخستنە سەربازییەکەیانی هەڵوەشاندەوەو بڕیاری گۆڕانی گشتی دا لە وولاتدا. لەم گۆڕانکارییانەش:-

1-ڕێکخستنی سەربازی:-

بترس کەسێکی سەربازی بوو، بڕیاری دروستکردنی سوپایەکی بەهێزی دا لە دانیشتوانی ڕووسی کە سەرپەرشتیارانو ڕێکخەرانیان لە خەڵکانی غەیرە ڕووسی بنو بۆ هەموو شتێکیش پشت بە قیصر ببەستن. ئەم دەیویست ئەم سوپایە شوێنی سوپای ڕابردوو بگرێتەوە. چونکە سوپای پێشو پێکهاتبوو لەپیاوانی دەرەبەگ کە بە تەواوی ملکەچی خۆیان نەدەنواند بۆ قیصر. سوپای تازە کە بڕیاری دروستکردنی درابوو، لەسەر شێوازی سویدیو ئەڵمانی ڕێکخرا. بەرزبوونەوە لەم سوپایەدا لەسەر بنەمای لێهاتوویو لێوەشاوەیی بوو، نەوەك لەسەر بنەمای بنەماڵەو لایەنگری.

2-کارگێڕی:-

بترس ئەنجومەنی دۆما "پەرلەمان"ی هەڵوەشاندەوە. ئەو ئەنجومەنە لە سەدەکانی ناوەڕاستەوە بە هەندێ دەسەڵاتی یاسادانان بەهرەمەند بوو. بترس لە جێگەی ئەو ئەنجومەنە، ئەنجومەنی ڕاوێژکاری دامەزراند کە خۆی ئەندامەکانی دیاری دەکرد. بەڕێوبەرایەتیە ناوچەییەکانی نەهێشتو وڵاتی دابەشکرد بۆچەند هەرێمێك کە هەریەکەیان لەلایەن خەڵکانی خۆیەوە بەڕێوە دەبران. بەهۆی زۆری دژایەتیو نەیاری، بترس پشتی بەخەڵکانی دەرەوەی ڕووسیا بەست بۆ جێبەجێ کردنی چاکسازییەکانی. هەروەها هەستا بە دامەزراندنی پۆلیسی نهێنی بۆ گەڕانو زانینی ئەو پیلانانەی کەلە دژی ساز دەکرێن. شیاوی باسە بترس کاریگەر بوو بە لۆیسی چواردە و، وای بیردەکردەوە کە حوکمی ڕەها لە بەرژەوەندی ڕووسیادایە. هەربۆیە خۆی کردە گەورەی ڕەهای وڵات.

3-خانەدانانو جوتیاران:-

بترس توانی بە هەژانێکی گەورە کۆمەڵگەی ڕووسی بهەژێنێ. ئەمەش بە دروستکردنی ژمارەیەکی زۆر لە خانەدانانی نوێ، کە دواتر خستنیە پاڵ چینە کۆنەکە. خانەدانانی تازە خزمەتێکی کارایان لە سوپادا دەکردو "پترس"یش- زەوی بەسەردا دابەشکردن. ئەمانە بوونە دڵسۆزترین پیاوانی سوپا. بەمە پترس چینێکی لە خانەدانانو خاوەن زەویو زار دروستکرد کە خاوەنی زەویەکی زۆری کشتوکاڵی بوون لە ڕووسیا. لەساڵی" 1700" 2985 بنەماڵەی خانەدانی هەبوون. بەڵام لە دوای پرۆژەکەی بترس 100هەزار بنەماڵەی خانەدان لە ڕووسیادا هەبوو. واتا لەساڵی1737.

جوتیارانیش، ئەوانەی کە لەزەویەکانی دەوڵەت کاریان دەکرد ئازادبوون، بەڵام باجیان دەداو بێگاریان دەکرد. ئەو جوتیارانەشی کاریان لە زەوی خانەدانەکان دەکرد، دەچوونەوە سەر چینی کۆیلە، بەپێی یاساش ئەمانە ئازاد نین. ئەوەی بترس

کردی داڕشتنی چەند یاسایەکی توندو ڕەق بوو لەهەمبەر جوتیارانو بە زەویەکانیەوە بەستینەوەو کردنی بە کۆیلەی زەوی. بە شێوەیەکی گشتی بترس بەرپرسیارە لە ڕەوشی نالەبارو پڕ لە چەرمەسەری جوتیاران.

4-کلێسا:-

کلێسای ئەرسەدۆکسی ملکەچی بە ترياریکی مۆسکۆ بوو. کلێساش کاریگەری زۆری هەبوو لەسەر گەلی ڕووسی، هەر ئەمەش وایکرد بترس هەڵبدات بالادەست بێت بەسەر ئەم هێزە کاریگەری ولات. بەرترياركی مۆسکۆ لەلایەن پیاوانی ئاینیەوە هەڵدەبژێردرا. بترس ئەمەی هەڵوەشاندەوەو ئەنجومەنێکی ئاینی بالای دامەزراند کەپێکدەهات لەژمارەیەك ئوسقوفو بترس خۆی هەڵیدەبژاردنو لەلایەن کەسێکی غەیرە پیاوی ئاینی سەرپەرشتی دەکرا کە ئەمیش بترس خۆی دیاری دەکرد. بەم شێوەیە بترس توانی بالادەستی بنوێنێ بەسەر کلێساو بیکاتە پایەك لە پایەکانی دەولەت.

5- دابو نەریت لەڕووی کۆمەلایەتیەوە:-

بترس تێبینی بلاوبوونەوەی ڕیشی درێژو سمێڵی زلی کرد لە ڕووسیا. هەربۆیە فرمانی تاشینی سمێڵو ڕیشی دا. هەروەها سزای سەپاند لەسەر هەرکەسێ کە فەرمانەکانی جێبەجێ نەدەکرد. بەهەمانشێوە بڕیاری نەهێشتنی پۆشاکی فراوانو فشی دەرکردو پۆشینی پۆشاکی خۆرئاوایی سەپاند. هەروەها ڕێگری کرد لە دابڕانی ئافرەت لە کۆمەلگاو ، فرمانی گێڕانی ئاهەنگی دەرکرد.

6-پەروەردەو فێرکردن:-

بترس ژمارەیەك خوێندنگەی دامەزراند بە مەبەستی دەرچواندنی ئەندازیارانو ئەفسەرو دەریاوانان. ئەم بوارە لەسەرەتادا سنورداربوو، وە سەرەتایی دزەکردنی ڕۆشنبیری خۆرئاوا بوو بۆ ڕووسیا. خوێندنو فێرکاری کورت ببویەوە لە خوێندنەوەو نوسینو ژمێرەو ئەندازەو دروستکردنی کەشتی.

ئەوەی بترس پێی هەستا بەکارهێنانی هونەرمەندانو دەستڕەنگینانی ئەوروپابوو لە دروستکردنی هەموو ئەو ئامرازو پێداویستیانەی کە سوپاو بواری دەریایی پێویستی پێبوو. ئەمانە دنەدەرو هاندەری بە هێزبوون بۆ خەملێنی پیشەسازی لە ڕووسیا. جگەلەمە بترس ڕووی کردە باری ئابوری وولاتو ئاوڕ لێدانەوەی. بترس جەختی لەسەر کشتوکاڵ کردەوەو برەوی پێدا. ئەم هەستی کرد کە ڕووسیا لەچینی ناوەڕاستی کەمە، هەربۆیە دەستی کرد بەبرەودان بە بازرگانیو پیشەسازی بە مەبەستی دروستکردنی ئەم چینە. بترس حەزی لە دامەزراندنی پیشەسازی دەکرد کە دەوڵەت خاوەنی بێتو حەزی لە پێکهێنانی سەندیکادەکرد. بەلاّم جەنگە زۆرەکانی ئەمەی هێشتەوە بەبێ هێنانەدی پرۆژەکانیو جێبەجێ کردنی.

سیاسەتی دەرەوەی پترس

سیاسەتی دەرەوەی بترس لەسەر فراوانخوازی ڕاوەستابوو لە چەند ڕوویەکەوە. لەوانە فراوانخوازی ڕووەو خۆرهەلاّت بەئاڕاستەی سیبریاو ناوەڕاستی ئاسیا، هەروەها ڕووەو باشور بەئاڕاستەی ئێرانو دەوڵەتی عوسمانیو دەریای ڕەش، وە ڕووەو خۆرئاوا بەئاڕاستەی دەریای بەڵتیق، لەلایەکی تریشەوە پتەوکردنی پەیوەندی بازرگانیو ڕۆشنبیری لەگەڵ ئەوروپا.

بترس وای دەبینی کە دەریای بەڵتیقو دەریای ڕەش دوو ڕێگەی گەیەنەرن بە ئەوروپاو ئاوە گەرمەکان. بەلاّم دەریای بەڵتیق دەریایەکی سوید بوو، لەملاشەوە دەریای ڕەش لەژێر دەسەلاّتی دەوڵەتی عوسمانی دابوو، ئەمەش لەسەری پێویست دەکرد کە جەنگ لەدژی ئەم دوو دەوڵەتە ڕاگەیەنێ. بەلاّم نەیدەتوانی شتێك بکات لەدژی دەوڵەتی عوسمانی، چونکە تا ئەو کاتەش دەوڵەتێکی بەهێزبوو. وەلێ لە بەرامبەر سوید جەنگی ڕاگەیاندو سەرکەوتنی بەدەستهێنا لە ململانێ کردن لەگەڵیدا.

سوید لەم کاتەدا دەوڵەتێکی گەورە بوو لە جەنگی سی ساڵەوە باڵادەست ببوو بەسەر دەریای بەڵتیق و باکوری ئەڵمانیا.

لێرەوە کەمێك باسی سوید دەکەین لە پێش ئەوەی ململانێ بکات لەگەڵ بترس.

سوید لەسەدەی حەڤدە:-

گوستاف ئەدۆڵف پاشای سوید بەسایەی بەژداری کردنی لەجەنگی سی ساڵە توانی دەریای بەڵتیق بکاتە دەریایەکی سوید. سوید فەرمانڕەوایی فنلەنداو هەرێمەکانی کاریلیاو ئینگریاو ئیستوانیاو لیڤونیای دەکرد. وە بەگوێرەی پەیمانبەستی ویستڤالیا هەرێمی پومیرانیای خۆرئاواو ڕێژگەی ڕووباری "ئیلپو ئودرو ویزری" دەستکەوت، هەربۆیە سوید زۆردەستی لە کاروباری ئەڵمانیا وەردەدا. بازرگانی سوید لەگەڵ دەوروبەری دەریای بەڵتیق پەرەی سەندو گەشایەوە، ڕووسیاو پۆڵنداش کەلوپەلەکانیان لەڕێگەی بەندەری "ڕێگە"ی سویدو بەندەرەکانی تر لەباکوری ئەڵمانیا بەرێ دەرکردو لەکەشتی سویدی باریان دەکرد.

پۆڵنداو دانیمارك و براندنبرگ هەوڵیاندا قۆرغکاری سوید لەهەموو ئەم ناوچانە بۆ بازرگانی نەهێڵن. سویدیش بەردەوام سەرکەوتوو بوو، هەروەك بەپێی پەیمانبەستی 1660 دەیتوانی ئەم ناوچانەی دەستی بەسەردا دەگرێ خۆی بەخاوەن بکات. لەم کاتەشدا سوید ناوچەیەکی بەرفراوانی لەبەر دەست بوو کە بەقەدەر وڵاتی ئەسکەندەنافیاو ئەڵمانیا دەبوو. ستۆکهۆڵم پایتەختی ئیمپراتۆری مەزنی سویدبوو. سویدپێشڕەوی پرۆتستانتتی دکرد لەئەوروپا. بەڵام گەورەیی هەژموونی سوید کاتی بوو چونکە نەیدەتوانی فەرمانڕەوایەتی بکات بەسەر نەتەوە جیاجیاکان کە هیچ هەلو دەرفەتێکیان لەدەست نەدەدا بۆ ڕزگاربوون لە دەسەلاتو چنگی سوید، بەتایبەت ئەڵمانو ڕووسو پۆڵندیەکان. جابۆ ملکەچ کردنی ئەم وڵاتو ناوچانە، لەسەری پێویست بوو زۆرینەی سویدیەکان بکاتە سەربازو بوجەیەکی زۆر لەسوپا سەرف بکات.

ئەمە لەکاتێکدا ئەو شوێنانەی لەژێردەستی دابوون دانیشتوانی کەم بوو، جوتیارانیش لە ئاستێکی نزمی هەژاریدا ژیانیان دەگوزەراند وباج و سەرانەیەکی قورسیش خرابووە سەر شانی گەلی سوید. هاوکارییەکانی فرەنسا وایکرد بوو بالادەستی سوید بەسەر ئەو ناوچانە بەردەوام بێت. بەلام بەسەر هەلدانی ڕووسیاو پروسیا وەك دوو دەوڵەتی بەهێزو نزم بوونەوەی هەژموونی لویسی چواردەو دابەزینی دەسەلاتی لە کۆتاییەکانی سەدەی حەڤدە، دەسەلاتی سویدی بەسەر ئەم ناوچەو شوێنانەدا لاواز کرد.

ئەوەی بوو بەهۆی نوشوستی هێنانی ئیمپراتۆریەتی سوید بریتی بوو لە پاشاکانیان. پاشاکانی ئەم ئیمپراتۆریەتە بەگشتی شەڕخواز بوون و گرنگیان نەدەدا بە کاروباری ناوخۆی سویدو بەهێزکردنی و چەسپاندنی هێمنی و ئاسایش کە هەریەکە لەمانە گەلی سوید زۆری پێویست پێبوو. سەرەڕای هەزاران قوربانی کە گەلی سویدی کردبووی بە سوتەمەنی جەنگە زۆرەکانی، باج و سەرانەی قورس و تێچونەکانی جەنگ لە ڕادە بەدەر بوون و شانی گەلی سویدی دا دابوو و، بوو بەهۆی بلاوبوونەوەی پەشێوی و گەڕەلاوژەیی لە ئیدارەداو بەرەبەرە هاتنە خوارەوەو خزینی دەسەلات لەدەستی پاشاکان. ئەمە لەکاتێکدا هەبوونی دەسەلاتی پاشا زۆر پێویست بوو بۆ ڕووبەڕوو بوونەوەی مەترسی دەرەکی. ئەوەی سودی بینی لەم ڕەوشە خانەدانان بوون، کە توانیان بەربژاریە سیاسی و ئابوریەکانیان بگێڕنەوەو چاوچنۆکی و هەلپەکاریان بوو بەهۆی داڕمانی وولات.

چارلسی دوانزە پاشای سویدو جەنگی باکور:-

چارلسی دوانزە لە تەمەنی پانزە سالی و لەسالی 1697 چوویە سەرتەختی دەسەلات. وولاتە دراوسێ یە هاوپەیمانەکانیش ئەمەیان بە دەرفەت و هەلێکی باش زانی بۆ گێڕانەوەی زەوییەکانیان و هێنانەدەری لە دەستی سوید. لەمەوە ڕوسیاو پۆلنداو دانیمارك و ساکسۆنیا ڕێککەوتن لەسەر ڕاگەیاندنی جەنگ لەدژی سوید.

پادشای ساکسۆنیا ئۆغستسی دووەم پادشاش بوو بەسەر پۆڵنداو بڕیاری دا پۆڵنداو لیوڤینیا بگرێتەوەو ئیستوانیاشی بخاتە پاڵ. بەهەمان شێوە ڕووسیا ویستی دەستبگرێ بەسەر ئەنگریاو کریلیاو بەندەری دەریای بەڵتیق. هەروەها براندنبرگ مەبەستی بوو هەرێمی هۆڵشتاین‌و ڕێژگەی ڕووباری ئلپ‌و وینریر بخاتە ژێر دەستی خۆی. چارلسی دوانزە لەم نێوانەدا تەنها سویدو فنلەندای بۆ دەمایەوە. کاتێکیش جەنگی ویراسەی ئیسپانیا لە ساڵی 1700 لەلێواری هەڵگیرسان بوو، وڵاتانی ئەورووپای خۆرئاوا نەیاندەتوانی ڕێگری بکەن لە داڕووخانی ئیمپراتۆریەتی سوید. بەڵام چارلسی دوانزە بلیمەت‌و عەبقەریەکی دەگمەنی تیابوو لەجەنگداو بە خێرایی دانیمارکی تێك شکاندو پادشاکەی ناچارکرد بەبەستنی پەیمانی ئاشتی بە تەنها. دوای ئەمە سوپای ڕوسی بە سەرکردایەتی بترس بەتوندی لە جەنگی ناڤار لەبەرامبەر پاشای سوید تێکشکاو سوپاکی تەفروتونا بوو. پاش ئەمە سوپای سوید ڕووی کردە باشورو پۆڵەندی‌و سەکسۆنی‌و ڕوسەکانی لەلۆڤینیاولیتوانیا لەکەناری خۆرهەڵاتی دەریای بەڵتیق دەرپەڕاند. پاشان ڕووی کردە دڵی پۆڵنداو دەستی گرت بەسەر "وارشۆو کراکاو"و پەرلەمانی پۆڵەندای ناچار کرد پاشاکەیان ئۆغصتس لابەرن وپادشایەکی نوێ لەناوخۆیانداو لەساڵی 1704هەڵبژێرن. چارلس هەموو ئەم کارانەی بەتەنها کردو لەم کاتەشدا تەمەنی لەنێوان هەژدەساڵ بۆ بیست ساڵ دابوو. هەربۆیە ئاسایی بوو کە ئەمە چارلس توشی لەخۆبایی بوون‌و مەغروری بکات‌و وای لێبکات شانازی بکات بە لێهاتووی ولێوەشاوەیی خۆی. جنگ چارلسی کردە کەسێکی دڵڕەق وتوند، ئەوەبوو خەڵکی دەکوشت وکێڵگەکانی وێران دەکرد.لەسەر ئەو بڕوایەی کە کوشتنی بێ تاوانان باشترە لەوەی تاوانبارێك لەناویاندا هەڵبێت.

بترس لە سەرقاڵی چارلس بە پۆڵنداو سەکسۆنیا کەڵکی وەرگرت بۆ دووبارە ڕێکخستنەوەی سوپاکەی لەسەر شێوازی سویدی. لە هەموو ئەم ماوەیەشدا خۆی دوور

دەگرت لەجەنگکردن لەگەڵ چارلس. بترس بەرەو کەناری دەریا پێشڕەوی کردو لەساڵی1703شاری پترۆگرادی بنیاتنا.

بترس دەیویست لەگەڵ چارلس پێکبێتو تەنها بەهەندێ سەرزەمین لە کەناری خۆرهەلاتی دەریای بەلتیقو بەندەرێك لەسەر دەریا ئۆقرەی دەگرت. بەلأم چارلس حەزی بە پێکهاتن نەدەکردو بەسوپاکەی ڕووەو مۆسکۆ پێشڕەوی پێکردو لەساڵی 1707 چوویە قولأیی ڕوسیا. گەلی ڕوسی وەك خووی خۆیان هەر پاشەکشەیان کردو سوپای چارلسیش دەچوونە ناو ڕوسیا تا زستانی سەخت وساردی ڕوسیا هاتو کاری کردە سەر سوپای چارلسو دەستەپاچە مانەوە لە پەیداکردنی خواردن وکەرەستەی ڕۆژانەیان.

کاتێك چارلس ئارەستەی گرت ڕووەو سوارەکانی قۆزاق لەباشور، لەناکاو کەوت بەسەر سوپای بترسو لەوێدا لاوازی سوپاکەی دەرکەوت. ئەمجا لەجەنگی باتاڤا لەساڵی 1707سوپای ڕوسی بەتەواوی سوپای سویدی تێك وپێکشکاندو پەرتەوازەی کردن. لەباتاڤا چارلس لەگەڵ پاشماوەی سوپاکەی ڕای کردە ئەستەمبوڵو توانی سوڵتان والێبکات جەنگ لەدژی ڕوسیا هەڵگیرسێنێ. هەربۆیە عوسمانیەکان بەهۆی ئەم جەنگانە توانیان ئەو زەویانە بگێڕنەوە کە بترس دەستی بەسەردا گرتبوون, وەك: بەندەری ئازۆف لەنیمچە دوورگەی قرم. چارلس لەلای سوڵتان پێنج ساڵ مایەوەو سوڵتانی هاندەدا بۆ جەنگ کردن لەدژی ڕوسیاو سوڵتانیش لەسوربوونی چارلس بێزاربببوو. چارلس لەپڕ ئەستەمبوڵی جێهێشتو گەڕایەوە وڵاتەکەی کە لەم کاتەدا لەڕەوشێکی نالەباردابوو. ئەمجارەیان هەندێ لەدەوڵەتانی وەك: ئینگلتەڕاو هانۆڤەرو پڕوسیا لەپاڵ هاوپەیمانەکانی پێشو لەدژی سوید بوون بەیەك، لەپێناوی دەستگرتن بەسەر هەندێ لەزەویەکانی سوید. چارلسیش لەجەنگێکدا لەگەڵ نەرویج لەساڵی 1718کوژرا[1].

Ibid, PP. 138- 158. 1

پەیمانی ستکۆهۆڵم ونیستاد

لەدوای مردنی چارلس ئاشتی لەنێوان سویدو دوژمنانی شتێکی چاوەڕوانکراوبوو. بەگوێرەی پەیمانی ستۆکهۆڵمی ساڵی 1719 ، سوید دەستبەرداری سەرجەم زەوییەکانی بوو لەئەڵمانیا جگە لەبەشێکی پومێرانیای خۆرئاوا کەشاری سترازەندی تیادا بوو. دانیمارکیش جگە لە قەرەبووی جەنگی، هۆڵشتاین دەستکەوت. هەروەها هانۆڤەر ڕێژگەی ڕووباری ئیلپو ویزری کەوتە چنگ. پرۆسیاش توانی ڕێژگەی ڕووباری ئۆدەرو پومێرانیای خۆرئاواو شاری ستاتنی وەچنگبخات. لەملاشەوە هیچ ڕێگریەك نەمایەوە لە چوونەوەی ئۆغصتسی دووەم بۆ سەر تەخت، هەربۆیە ئۆغصتسیش چوویەوە سەر تەختی پۆڵندی.

بەگوێرەی پەیمانی نیستاند لەگەڵ ڕوسیا لەساڵی 1721، بترس توانی کریلیاو ئانگریا لەسەر کەناری دەریای بەڵتیق بخاتە پاڵ خۆی، هەروەها توانی ئیستوانیاو لیوڤینیاو بەشێکی کەم لەباشوری فینلەندا کە قەڵای ڤایبرگی تیادا بووو، بخاتە پاڵ ناوچەکانی پێشوو. بەمانە بترس ئەو خەونەی هێنایە دی کە بریتی بوو لە گەیشتن بە دەریای بەڵتیق. ئیدی ڕوسیا شوێنی سویدی گرتەوە لە پێشڕەوی کردنو سیادەکردنی ئەورووپای باکور. لەگەڵ ئەوەی بترس ئەوەی نەهێنایە دی کە مەبەستی بوو بیهێنێتەدی لەسەر دەریای ڕەش، بەڵام ئیمپراتۆریەتێکی فرراوانو سوپایەکی بەهێزی جێهێشت کە ڕۆڵی سەرەکی دەگێڕا لە گۆڕەپانی سایاسەتی ئەورووپا لەدوای مردنی لەساڵی 1725. ئیدی ڕوسیا بووبە دەوڵەتێکی مەزن وەك چۆن بترس بووبە پاڵەوانێکی مەزنی نەتەوەیی.

بەشی دەیەم

کۆمەڵگەی ئەوروپی لەسەدەی هەژدە

کۆمەڵگەی ئەوروپی لەسەدەی هەژدە1

سەرەڕای پێشکەوتنی زانستیو گەشەکردنی فەلسەفی، بەڵام کۆمەڵگەی ئەوروپی لەسەدەی هەژدە گۆڕانکارییەکی زۆری بەسەردا نەهات، وەك ئەوەی لەدووسەدەی پێشوو بەسەری داهات. چینەکۆمەڵایەتیەکان وەك پێشترمابوونەوە، کە خۆیان دەبینیەوە لە بنەماڵەی پاشاییو چینی ئەرستۆکراتیو پیاوانی ئایینیو چینی بۆرجوازی خاوەن پیشەو پیشەسازیە جۆربەجۆرەکانو چینی ڕۆشنبیرینو هەروەها جەماوەری ڕەشۆك یاخود جوتیاران کەبەشی زۆری کۆمەڵگەی ئەوروپایان پێکدەهێنا

پادشایەتی ڕەها:-

پاشایەتی ڕەها جگە لە هۆڵنداو ئینگلترا، ئەگینا لەسەرجەم وڵاتانی تری ئەوروپا سیستەمی کارپێ کردن بوو. پادشاکان لەفەرمانڕەوایەتیان پشتیان بەتیۆری "مافی خودایی" دەبەست. فرمانەکانیان بریتی بوون لەیاسا. سەرەڕای هەبوونی دەوڵەتی نەتەوەییو نیشتیمانیو مافی چارەی خۆنوسین بۆ گەلان لە شۆڕشی فەرەنسیەوە، بەڵام دەوڵەت چەندین گەلی لێکجیاوازی لە ڕووی زمانو ڕەگەز لەخۆدەگرتو هەموویان تەنهاو تەنها لەسەر گوێڕیەڵی بۆ پاشا بەیەکەوە لە وڵاتێکدا کۆکرابونەوە. وولاتیش وەك میراتی خانەوادە بۆ پادشا گوزارشتی لێ دەکرا. هەربۆیە بەمانای نوێ وڵاتی "نەتەوەیی"و "نیشتمانی نەتەوەیی" بوونی نەبوو.

خانەدانان:-

خانەدانان یاخود ئەوانەی خاوەن زەویو زاربوون لەکۆمەڵگە، چینی ئەرستۆکراتی باڵایان پێك دەهێنا. ئەم چینە بەهرەمەند بوون لە چەندین بەربژاری بەرفراوانی وەك پاوانکردنی پۆستی بەرزی دەوڵەت لەڕووی مەدەنی وسەربازییەوە.

1 Anderson،M.S.Europe in the 18th Centry (London،961،pp.24-58

ئەگەر دەرگەی شوێنە جۆربەجۆرەکان یان بەرز وپێشکەوتووەکان بۆ ڕۆڵەکانی ئەم چینە ئاوەلاّ بووبێت، ئەوا دەبێ ئەوەبزانین کەهەمان ئەم دەرگایانە بۆچینی نزمی کۆمەڵگا کلۆم درابوو. جگە لەمانە نازناوی گەورەو قۆرغ کردنی بازرگانی تایبەت بوو بە ئەوان. ئەوەندە بەسە کە بڵێن: هەموو خانەدانێك خاوەنی کۆشکێكو ڕووبەرێکی بەرفراوانی زەوی کشتوکاڵیو بەربژاری دەرەبەگی بوو. خانەدانان پێش ئەوەی بمرێ ڕایدەسپارد کە"موڵكو ماڵم لەدوای خۆم بۆکوڕی گەورەمە". سەرەڕای ئەو دیاریو بەخششانەی کە دەم نا دەمێك لەلایەن پاشاوە پێ یان دەبەخشرا، ئەوان لەباج دانو جێبەجێ کردنی ئەرکەکان بەخشرابوون، لە کاتێکدا لەسەرشانی تەواوی گەل بوو.

پیاوانی ئاینی:-

پیاوانی ئایینی هیچیان کەمتر نەبوو لە خانەدانان. ئەوانیش خاوەنی هەمان ئەو بەربژاریانە بوون کەخانەدانان خاوەنی بوون. پیاوە ئاینیە گەورەکان خاوەنی چەندین ئوسقوفەو ئەبرشیە بوون، موڵکی ئەوانەش هەزاران دۆنم زەویو زاربوو کەپێی دەوترا موڵکی کلێسا. گوتراوە کە ئوسقوفی سترازبورگ لە هەرێمی ئەلازاس ئەو داهاتەی لە موڵکی کلێساوە چەنگی دەکەوت ساڵانە500 هەزار فرەنك بوو، سەرەڕای ئەو کۆشك وزێڕو سەروەت وسامانەی دەچویە کلێساو کلێسا خاوەنی بوو. ئەی کەواتە جیاوازی لەنێوان ئەوانو خانەدانان چی یە؟ دەتوانین بڵێین: جیاوازییان خۆی دەبینیەوە لەوەی کە پیاوانی ئایینی لە هەڵبژاردنێکدا هەڵدەبژێردرانو موڵكو بەربژارییان بەمیرات نەدەگرتو میرات گرتن تایبەت بوو بە خانەدانان.

هەریەکە لەخانەدانانو پیاوانی ئاینی خاوەنی پێنج یەکی زەوی فەنسا بوون. هەروەها کلێسا خاوەنی سێیەکی زەوی ئەورووپاو چواریەکی داهاتو سێیەکی سەرمایە بوو. ژمارەی خانەدانان لەفەرەنسا دەگەیشتە"150" هەزار خانەدان، هەروەها

پیاوانی ئاینیش ژمارەیان دەگەیشتە "130" هەزار. ئەمە لە کاتێدا ژمارەی خەڵکی فەرەنسا لەپێش ساڵی 1789 بیستوپێنج ملیۆن کەس بوو.

دەرەبەگ یاخود خانەدانو پیاوانی ئاینی هیچ خزمەتێکیان بە دەوڵەت نەکرد، هیچ قورسیو گرانیەکیان نەدەخستە سەر شانی خۆیان. هەرچەندە جارجارە کلێسا ساڵانەیەکی دەبەخشی بە دەوڵەت کە خۆی دەدا لە سەدان هەزار دۆلار، بەڵام نەدەگەیشتە سەدا یەکی داهاتەکەی. باجی دەوڵەت کلێساو پیاوانی ئاینی نەدەگرتەوە. بەهەمانشێوە خانەدانانیش لە باجی ڕاستەوخۆ خۆیان دەبوارد، جگە لە ئینگلترا کە لەم بارەوە هەڵاوێرە.

جوتیاران (کشتاکار):-

جوتیاران زۆرینەی زۆری خەڵکی ئەورووپایان پێکدەهێناو بە کشتوکاڵەوە خەریک بوون. هیچ جیاوازیەك نەبوو لەنێوان جوتیاری وڵاتێك لەگەڵ وڵاتێکی تر لەڕووی گوزەرانو ئامرازی کشتوکاڵو شێوازی کارکردنیو چۆنیەتی کارو ئاستی بژێویو کۆمەڵایەتیان مەگەر لە بەریتانیا کە کەمێ جیاوازی هەبوو لەم ڕووەوە. لەوانەیە ڕەوشی جوتیاری فەرەنسی زۆر باشتربووبێت لە ڕەوشی جوتیارانی وڵاتانی تری ئەورووپا. جارێ وڵاتانی خۆرهەڵاتی ئەورووپاو بەتایبەت ڕوسیا ئەوە هەر لێی گەڕێ، لەوێدا جیاوازی نەبوو لەنێوان جوتیارو کۆیلە.

ئامرازو میکانیزمی کشتوکاڵ لە سەدەی هەژدە هەمان ئەو ئامرازو میکانیزمانە بوون کە لەسەدەی پێشتر هەبوون، هەر چەندە لە بەریتانیا چاککردنو بەرەو پێشچوون کشتوکاڵو میکانیزمەکانی گرتەوە، هەندێ وڵاتی وەك پروسیاو هۆڵنداش ئەم ئامرازە تازەباوەیان هاوردە کردە وڵاتیان، کە لەبواری کشتوکاڵو ئاژەڵداری لەبەریتانیا ئیشی پێدەکرا.

جوتیاران باجەکانی دەوڵەتیان دەداو هەموو قورسیو کارە ناهەموارە کانیانی دەوڵەتیان دەخستە سەرشانی خۆیان، ئەوان سەرەڕای ئەو باجانەی کە دەیاندا دەبوایە کارو ئەرکەکانی کڵێساو دەرەبەگیان ڕاپەڕاند بوایە. جوتیار باجی داهاتو سەرانەو باجی زەویانەو چەندین باجی تری لە ژمار نەهاتویان لێ دەسەنرا. ئەمە بارودۆخی جوتیاران بوو، وەلێ نارازیش نەبوون لەم بارودۆخەی کە تێیدابوون، چونکە باوەڕیان وابوو ویستو قەدەری خوا وای کردوە ئەمان بەم شێوەیە گوزەران بکەنو بێ بەش بن لە هەرچی بەربژاریە.

بارودۆخی کۆمەلآیەتی لە شارەکاندا :-

خانەدانو پیاوە ئاینیە بچوکەکان بەشدار نەبوونو هاوەبەش نەبوون لەو خۆشگوزەرانیەی کە ڕۆڵەی گەورە خانەدانو پیاوەئاینیە گەورەکان لێی بەهرەمەند بوونو لەو ژیانە دەیانگوزەراند. چینی بۆرژوازی پێگەیشتوش ببوو بە خاوەن پێگەو قورسایی خۆی لەناو کۆمەڵگەدا، ئەمەش بەهۆی سەروەتو سامانو سەرمایەی بازرگانیو پیشەسازیو ئەو ڕۆشنبیریە بەرزەی کە پێی دەناسرانەوە. بۆرژوازیەت واتا دانیشتوانی شار، ئەمانە لەگەڵ هاتنی سەدەی هەژدە بەرەبەرە ژمارەیان دای لەزیادی لە ئەوروپای خۆرئاواو ناوەڕاست، بەتایبەتی دانیشتوانی لەندەن، کە لەنیوەی ئەم سەدەیەدا ژمارە دانیشتوانی گەیشتە نیو ملیۆن کەس، پاریسو ڤیەناش ژمارەیان گەیشتە 250 هەزار کەس، هەروەها دانیشتوانی بەرلین ژمارەی دانیشتوانی خۆی دا لە 120 هەزار کەس. ڕێژەی مردن لەناو منداڵو زارۆکاندا کەم بوویەوە. بەلآم لەسەرتای سەدەی هەژدە ڕێژەی مردن لە شارەکاندا زیاتر بوو لەڕێژەی لەدایك بوون. وەلێ بەهۆی کۆچکردنی خەڵکی دێهاتەکانەوە بۆ شار، ئەم ڕێژەیەی هاوسەنگ دەبۆوە. وەزیری دارایی لۆیسی شازدە "نیکەر" 1776-1781 ئەم ڕێژەیەی بەم شێوەیە داناوە کە دەڵێ:"چارەکی خەڵکی فەرەنسا پێش گەیشتنیان بە تەمەنی سێ

ساڵان دەمردن واتا منداڵان، وە چارەکی خەڵکی پێش گەیشتنیان بە تەمەنی بیستو پێنج ساڵی دەمردن، هەروەها چارەکی دانیشتوانی دەمردن بەرلەوەی بگەنە تەمەنی پەنجا ساڵی، ئەوەشی کە لە پەنجا ساڵی تێدەپەڕی بەتایبەت لەناو چینی کرێکاردا ئەوا ژێری وجەستەی داهێزراوە.

ئەنجومەنی گشتی بەریتانی پرۆژە یاسایەکی لەساڵی 1772 گەلاڵە کرد، سەبارەت بە پێدانی خانەنیشی بە پیرو بەساڵا چوان، بەڵام ئەنجومەنی لۆردات ئەمەی ڕەت کردەوەو، ئەوەشی ڕونکردەوە کە ئەم گەلاڵەنامەیە هیچ پێویست نییە، چونکە خەڵکی پێش گەیشتنیان بەتەمنی پیری دەمرن. هۆکاری مردن بەم ڕێژە زۆرە بەهۆی نەخۆشی بوو، کە هەرکاتی دەهات خەڵکی شڕ دەکرد بەتایبەت بۆ هەژارو کەم دەستەکان کە دەردە سەریان زۆر زیاتربوو. نەخۆشی ئاوڵەو مەلاریاو گرانەتاو سیلو بەدخۆراکی بەشێوەیەکی گشتیو چەندەها نەخۆشی تریش، لەو نەخۆشیانە بوون کە هەرکاتێ دەهاتن خەڵکێکی زۆریان دەخستە ئاوزینگی سەرە مەرگ.بەهۆی نەبوونی خۆپارێزی تەندروستیەوە دەردو پەتا بەخێرایی بەناو خەڵکدا بڵاو دەبوویەوە بەتایبەت نەخۆشی ڕشانەوەو کۆلێرا. بەڵام گولی لە سەدەی هەژدە لە ئەورووپادا کەم بوویەوەو نەخۆشی سفلس یاخود زوهری مەترسی کەم بوویەوەو ئەمەش بەهۆی پێشکەوتنی زانستی بەتایبەت پزیشکیو تەندروستیەوە کە کاریگەری بەرچاوی هەبوو لە کەم کردنەوەیان.

پێشکەوتنی تەندروستیو بەرزبوونەوەی ئاستی گوزەران کاریگەری زۆری هەبوو لە زیادکردنی چینی هەژارو نەدارەکان، ئەمەش هۆیەك بوو بۆ ئەوەی کرێکارانو کارکەران بە بەلێشاو ڕووبکەنە کارگەو کارخانەکان. ئەوەتا یەکێ لە مێژونوسان دەڵێ:" ئەگەر زۆری هەلی کار نەبووایە، لەکوێ شۆڕشی پیشەسازی سەرکەوتنی بەدەست دەهێنا". لەشارەکاندا باخچەو گەشتیاری زۆر بوون، حکومەت دەستی کرد بە ڕوناك کردنەوەی شەقامەکان بە چرای کیرۆسین.

پیشەسازی و بازرگانی:ـ

گەشەسەندنی شارەکان لەگەڵ بازرگانیو پیشەسازی بەیەکەوە دەچونە پێش، بەرهەمی پیشەسازی سنوری داواکاریو خواستی ناوخۆی تێپەڕاند، هەروەك لەسەدەی پێشتر بوو بە هۆی ئەوەی بەرهەم لە بواری فراوان بەهەم بێتو بۆ زۆربەی شوێنەکانی جیهان هەنارده بکرێ.

لەسەدەی هەژدە لە ئینگلترا دا شۆڕشی پیشەسازی بە داهێنانی هەندێ ئامێرو ئامراز دەستی پێکرد، وەك دەکارهێنانی هێزی ئاویو هێزی هەڵمی بۆ بزواندن، بەتایبەت لەپیشەسازی چینینی کوتاڵ. بەرهەمی سەرمایەداری لەبوارێکی فراوان خرایەکارو سەرمایەی پیشەسازی بە گەشەسەندنێکی گەورە گەشەی سەند. ئەم گەشەکردنە کایەی بازرگانیشی گرتەوەو ئەوێ بوو بە بازارێکی جیهانی بۆ بەرهەمی ئەوروپاو سەرمایەی تەواوی هەبوو بۆ خستنەکاری. بازرگانی نێوان ئاسیاو ئەمریکاو ئەوروپا بە جوڵەتر کەوت، بەرهەمەکانی ئەوروپاو ئەمریکاو ئاسیا بازاڕەکانی جیهانیان سیخناخ دەکرد. بازرگانی دەرەکی بەریتانیا لە سەرەتای سەدەی هەژدە دەگەیشتە "60" ملیۆن دۆلار، هی فەرەنساش خۆی دەدا لە "40" ملیۆن دۆلار. حکومەتەکان بازرگانی ناوخۆیان ئاسان دەکرد، ئەمەش بە دروستکردنی ڕێگەو بانی ڕێك وپێكو بیناکردنی پردو نۆکەندو بەکارهێنانی ڕێگەی ئاوی بۆ ئاسان کردنی گواستنەوەی کاڵاکان، پاشان خستنە ڕووی ئەم کاڵایانە بۆ هاوڵاتیان.

گەشەسەندنی بۆرژوازی:ـ

گەورە وڵاتانی ئەوروپا لەسەدەی هەژدە ببوونە خاوەنی ئیمپراتۆریای بەرفروان، کە بووە هۆی فراوانکردنی بازرگانی، کە دەوڵەتەکان پێی هەڵدەستانو ئەنجامیان دەدا لەگەڵ وڵاتانی دەرەوەو داگیرگەکانیان. بازرگانو پیشەسازی سەرنجی جوتیارانی بۆ لای شارەکان ڕکێشاو بەدەیان هەزاری ڕاکێشانە شارەکان. چینی بۆرژوازی کە پێکهاتبوو لەسەرمایەدارو خاوەن کار لە بازرگانو خاوەن کارگەو بانكو هەروەها

چینی ڕۆشنبیر لە پزیشك وماف ناسانو ....هتد، تا دەهات پێگەیان گەورەو بەهێز دەبوو لەکۆمەڵگەی ئەوروپیداو، سەروەت و سامانیان زیاتر دەبوو. چینی بۆرژوازی چینێکی بەهەڵپە بوو، بە فەرمانبەرانی توانیبووی لەکایە جۆربەجۆرەکاندا جێگە بۆ دەوڵەت پڕ بکاتەوە "کاریان بۆ دەوڵەت ئاسان کردبوو". ئەم چینە لە سەرەتاکانی سەدە نوێیەکان پشتیوانی پادشا ڕەهاکان بوونو توانیان لە ئینگلترا هەندێ بواری سیاسی بۆ خۆیان دەستگیر بکەن، ئەمەش بە نوێنەرایەتی کردنیان لە ئەنجومەنی گشتی. بەلاّم لەگەڵ ئەوەنەشدا ئەوان داوای یەکسانیان دەکردو داخوازی ئەوەیان دەکرد هاوکوفی خانەدانە ئەرستۆکراتیەکان بن، هەروەها هاوبەشی بکەن لە فەرمانڕەوایەتیدا.

کاتێ ئەم چینە بووبوونە خاوەنی سەروەت وسامان دەیانویست لەبارەی سەپاندنی باجو کۆکردنەوەی قسەی کۆتایی لەدەستی خۆیان دابێت. وە کاتێك بینیان خۆیان خاوەنی زانیاریو مەعریفەتن خۆیان پێ لەهەموو چینەکان بەشیاوتر دەبینی بۆ هەڵسوڕاندنی کاروباری حکومەتو دەوڵەت بەڕێگەیەکی نوێ. ئەمانە هانی چینی ڕۆشنبیریان دەداو نوێترین کتێبیان دەخوێندەوە کاتێ دەردەچوو، هەربۆیە پشتیوانی داواکاری سەروەری گەلیان دەکردو پشتگیری نوێنەرایەتیو حکومەتی دەستوریان دەکرد.

خواستی چاکسازی:-

لەسەر ئەوەی کە باسمان کرد، ئەم چینە داخوازی لە حکومەت دەکرد بە چاکسازیەکی ڕادیکالانە[1]. چینی بۆرژوازی لە ڕێگەی شۆڕشی پیۆریتانی ساڵی 1648و شۆڕشی جلیلەی ساڵی 1689، ڕۆڵێکی کارای گێڕا لە چاکسازی کردنی ئینگلترا. شۆڕشی ئەمریکیش سەرکەوتنێکی گەورەو وزەبەخش بوو بۆ چینی

---

1 ڕادیکاڵ واتا: دەستەیەك یان کەسانێ داوای چاکسازیەك بکەن کە ڕەگو ڕیشە بگرێتەوەو، هەموو شتێ سەر لەبەر بگۆڕن. (وەرگێڕ).

ناوەڕاستو فەلسەفەی ئاوەزگەریو ڕۆشنگەری. ئەم چینە وای لێهات داوای چاکسازی سیاسیو کۆمەڵایەتی دەکرد لە ئەورووپا. شۆڕشی هزریش ڕێگە خۆشکەر بوو بۆ ئەم چاکسازیانە. بەڵام فەرەنسا ئەو وڵاتەی کە لە دوای بەریتانیا دەهات لە ڕووی پیشەسازیو بازرگانیو داهاتو سامانو معریفەوە، لە دژی چاکسازی ڕاوەستا بەهۆی لاوازی پاشاکانی بەتایبەت لۆیسی پازدە.

فەرەنسا لەسەردەمی لۆیسی پازدە

وەصی (ڕاسپێردراو):

لۆیسی چواردە ئەنجومەنێکی دیاری کرد بۆ چاودێریو سەرپەرشتی کردنی نەوەکەی تاوەکو دەگاتە تەمەنی پێگەیشتوویی. بەڵام دۆق "ئۆلیریان" ی کوڕی مامی لۆیسی چواردە لەم ماوەیەدا هەمووشتێك بوو.

فیلپ "دۆق ئۆلیریان" پیاوێکی بەهرەمەند بوو، بەڵام ئەوەی لە ئارەزوو هەوەسیدا بەزایەداو، تێگەیاندنو ڕۆشنبیرکردنی شای بچوکی خستە پشتگوێ. ئەو سیاسەتێکی لاوازی لە دەرەوەدا گرتەبەرو هیچ سەرکەوتنی بەدەستنەهێنا لە هەوڵەکانی بۆ چاکسازیو لادانی گەندەڵی لە دامو دەزگای ئابووریو سیاسی دەوڵەت، کە لۆیسی چواردە دوای خۆی جێیهێشت بوو. یەکێ لە سکۆتلەندییەکان بەناوی "جۆن لو"(1671-1729) توانی فریوی بدات، کاتێك لە ساڵی1717 پێشنیازی دامەزراندنی کۆمپانیایەکی کرد بۆ کاری بازرگانی لەداگیرگە فەرەنسیەکانو فرۆشتنی پشك و بەش لە سەرجەم وڵاتو خستەنەکاری دەستکەوتەکەشی بۆ نەهێشتنی قەرزە نیشتیمانیەکان. "جۆن لو" ساڵێك پێشتر بەڕەزامەندی ئۆلێریان بانکێکی دامەزراند، سەرکەوتنی بەدەستدەهێنا ئەگەر تەنها بەبانکەکەوە سەرقاڵ بوایە، بەڵام ئەو هەستا بانکەکەی بەچەند کۆمپانیایەکی تر وابەستە کرد، وەك کۆمپانیای میسیسپیو کۆمپانیای هیندی خۆرهەڵاتی فەرەنسیو کۆمپانیای ئەفریقی. ئیدی ئەم بانكو

کۆمپانیایانە وەك دامەزراوەیەکی حکومی لێهات. لە ساڵی1720 "جۆن لو" بوو بە بەڕێوەبەری گشتی دارایی فەرەنسی کە بەرزترین پۆستی دارایی بوو لە وڵاتی فەرەنسا. بەڵام لەئەنجامی چەند هەڵەیەك کە ڕوویدا، وەك کۆتو بەند خستنەسەر دراوی کانزاو داشکاندنی نرخی دراوی کاغەز بۆ نیوە، بووە هۆی ئەوەی کە لە ماوەی چەند ڕۆژێکی کەمدا نرخی پشكو بەش بەخێرایی دابەزێو متمانەی خەڵکی بەم پرۆژەیە کەم ببێتەوەو هەرەس بهێنێ. "جۆن لو" شکستی خوارد. ساکاتێکیش حکومەت ئەوەی ڕاگەیاند کەئەو پارەی کاغەز وەرناگرێ، ئەوەندەی تر نرخی پشكو بەش دابەزی تاگەیشتە سێ یەك. وەلێ دامەزراوەیەکی دارایی لە پاریس بەناوی "برایانی دۆفرو" بەسەر کێشەکە ڕاگەیشتنو بۆ ڕزگارکردنی کەوتنەکار، تائەوەبوو کێشەکە کۆتایی هات.

کردینالْ فلۆری:-

دۆق ئۆرلیان لەساڵی1723 کۆچی دوایی کردو لەم کاتەشدا لۆیسی پازدە گەیشتە تەمەنێکی گونجاو، ئەمجا کاردینالْ "فلۆری" دانا بەڕاوێژکار وسەرۆکی وەزارەت. "فلۆری" هەوڵیدا ئاشتیەکی بەردەوامو درێژخایەن بۆ فەرەنسا دەستەبەر بکات، هەروەها چاکسازییەکی گەورە لەناوخۆدا بکات، بەتایبەت لەبواری دارایی. هەربۆیە خەرجیەکانی کەم کردەوەو برەوی بەبازرگانیو پیشەسازی فەرەنسی دا. هەروەك هەوڵیدا هاوسەنگی ڕابگرێت لەبودجەی دەوڵەت، ئەمەش بۆ بەرژەوەندی چینی ناوەڕاست. بەڵام فلۆری پیاوێکی پیرو بەساڵا چووبوو، لە کۆتاییدا خۆی بە شکست خواردویی بینیو هەستیکرد نەیتوانیوە سەرکەوتووبێت لەچاکسازی کردنو چەسپاندنی ئاشتی، بەهۆی ئەوەی بۆربۆنیەکان حەزییان بەجەنگو دەست بڵاوی دەکرد.

لۆیسی پازدە هاوسەرگیری کرد لەگەڵ"ماری لیبنیسکا"ی کچی پادشای پۆڵندا. ماری ئافرەتێکی ناحەز وناشیرین بوو، نەبووە جێگەی سەرنجی پاشاو نەکەوتە دڵی، هەربۆیە مەیلی کرد بەلای دۆستو عاشیقەکانی،بە شێوەیەك کۆشکی ڤێرسای لێ پڕکردن. بەناوبانگترینیان"مدام دی باریو مدام بمبادور" بوون. لۆیس بەمەبەستی سەرخستنی سەرۆکی پۆڵنداو لەدژی دەستوەردانی ڕوسیا لەکاری پۆڵندا، هەروەها لە دژی هەوڵی ڕوسیا بۆلادانی سەرۆکی پۆڵنداو دانانی کەسێکی تری لایەنگری ڕوسیا، چوویە نێو جەنگی ویراسەی پۆڵندا(1733-1738). دواتر ئیسپانیاش چویە پاڵ فەرەنساو لەدژی ڕوسیاو نەمسا.

ئەم جەنگە بەپەیمانی"ڤیننا" کۆتایی پێهات لە ساڵی1738. لە ئاکامیدا تەختی ناپۆلیو صقلیە درایە ئیسپانیا. دواتر لە ساڵی1744 دۆقیەی بارماش گواسترایەوە بۆ ئیسپانیاو بەخشرا بە ئەو وولاتە. دۆقیەی لۆرین یش لە ساڵی 1766 خرایە پاڵ فەرەنسا. بەم شێوەیە بنەماڵەی بۆربۆن جێگەی بنەماڵەی هبسبرگی گرتەوە لە ئیسپانیاو هەردوو صقلیەو بارما. تەختی ئیسپانیا لەدوای فلیپی پێنجەم بوو بە بەشی کوڕەکەی چارلسی سێیەم دواتر نەوەکەی لە1759-1788.

داڕوخانی فەرەنسا لە سەردەمی لۆیسی پازدە:-

فەرەنسا لە سەردەمی لۆیسی پازدە "1715-1774" دەستیکرد بە هەرەسهێنان، ئەم هەرەسهێنانەش لە بواری بەڕێوەبردنی گشتیو دارایيو زیادبوونی دەسەلاتی خانەدانان بەڕوونی دەرکەت. لە دوای کاردینال فلۆری لە ساڵی1743 لۆیس بۆخۆی حوکمی دەکرد. لۆیس هیچ هەوڵی چاککردنی بارودۆخی وولاتی نەدا، نەك هەر ئەمە بەڵکو ئەو لەچاکسازی کردن خۆی گێل دەکردو کاتەکانی لەڕاوکردنو نێچیرگرتنو کۆڕی شەوانە بەسەر دەبرد. "مدام بمادور" بەشێوەیەکی کردەیی بۆ ماوەی بیست ساڵ 1745-1764 دەستی لەبەڕێوەبردنی وولات وەردەدا.

فەرەنسا لەم ماوەیەدا لەجەنگێکی سەختو دژواردا بوو، کە جەنگی ویراسەی نەمساویو جەنگی حەوت ساڵە بوو"1740-1748" "1756-1763". ئەم جەنگانە داڕمانی فەرەنسی خێراترکردو خەزێنەی وڵاتی مایەپوچ کرد، هەروەك ڕێگەی خۆشکرد بۆ شۆڕشی فەرەنسی. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا فەرەنسا تا ئەوکاتەش بەهێزترینو دەوڵەمەندترین دەوڵەتی ئەورووپا بوو، شارستانی فەرەنسی لە هەموو شوێنەکان ئەورووپیەکانی سودمەنددەکرد وێژەو هونەروزیانی کۆمەڵایەتی باڵای فەرەنسا شکۆمەندترین و بەرزترین ئاست بوو لەم کاتەدا کە ژیاری ئەورووپا پێی گەیشتبێ.[1]

ئیمپراتۆری نەمساو سەرهەڵدانی پروسیا:-

ئیمپراتوری ڕۆمانی پیرۆز بە درێژایی هەردوو سەدەی حەڤدەو هەژدە مایەوەو ئەو ڕەگەزانەی دەگرتەوە کە بەزمانی ئەڵمانی قسەیان دەکرد، "دایت"یش وەك جاران مابوویەوەو ئیمپراتور سەرپەرشتی دەکرد. بەڵام ئەڵمانیا دابەش ببوو بەسەر کاسۆلیكو پرۆتستانت، تەنانەت پرۆتستانتیەکان لەنێوان خۆیاندا دووبەش بوونو بریتی بووون لە لۆسەریو کالڤنی،و هەردەم لەنێوانیاندا ناکۆکی هەبوو. جەنگی سی ساڵە لە نیوەی یەکەمی سەدەی حەڤدە وێرانکاریەکی گەورەی هێنا بەسەر ئەڵمانیا. ئەڵمانیا نیوەی دانیشتوانو سێیەکی موڵكوداهاتی لەدەستدا. ئەم جەنگە وێرانکارە هەروەك چینی بۆرجوازی لە باربرد، باری ئابوری ئەڵمانیاشی داڕماندو کۆمەڵەی هنسی هەڵوەشاندەوە، بەهۆی خراپ بوونی باری ئابوری ئەم کۆمەڵەیە.

ئەم جەنگە کارەساتبارە وەنەبێ جوتیارانی نەگرتبێتەوە، بەڵکو بۆ ئەوانیش مایەی مەینەتیو ناسۆری بوو. لە هەمانکاتدا میرە ئەڵمانیەکان بۆ بەهێزکردنی

---

1 Gottschalk، op. Cit;pp.481-48

دەسەلاتیان هەلیان قۆستەوە بۆ لەناوبردنی ئەو دامەزراوە دیموکراتیانەی پێشتر هەبوون.

لەکۆتایەکانی سەدەی حەڤدە چەند قەوارەیەکی بەهێز لە ئەلمانیا دەرکەوتن و توانیان ڕۆلێکی گرنگ بگێڕن لەسەر شانۆی سیاسی سەدەی هەژدە. گرنگترینی ئەمانەش پروسیا بوو.

پرۆسیا:-

پرۆسیا لەسەر دەستی بنەماڵەی "هوهنزلن" چەکەرەی کردو گەشەی سەند. ئەم بنەماڵەیە لە کۆتایەکانی سەدەی پازدە توانی هەرێمی براندنبرگ بخاتەپاڵ خۆیو دەستی بەسەردابگریّ. ئەم هەرێمە کەوتۆتە نزیکی شاری بەرلین. بەرلین لەم کاتەدا جگە لەدێهاتێکی بچوك هیچی ترنەبوو. بەلام ئەو هەرێمانەی کە پێیان دەگوترا: پروسیا، کەوتبوویە خۆرهەلاتی براندنبرگ. ئەمانە تاوەکو دەوروبەری سەدەی حەڤدە نەچونە ژێرباری سەروەری بنەماڵەی "هوهنزلن" تائەوەی لە ساڵی "1618"ئەم دوو هەرێمە لەژێر سایەی ئەم بنەماڵەیە یەکیانگرت. لە ئاکامی جەنگی "سی ساڵە" بنەماڵەی هوهنزلن توانی پروسیا بکاتە دەوڵەتێك لە دەوڵەتە گەورەکانی ئەوروپا، دوای ئەوەی لەپەیمانی "ویستڤالیا" ئیمپراتور هەر جۆرە دەسەلاتێکی کرداری لەسەر دەوڵەتۆچکەکانی ئەلمانیای لیّ سەندرایەوە.

"فردریك ولیەم"، ناسراو بە هەلبژێردراوی گەورە:-

میرەکانی پروسیا لە بنەماڵەی هوهنزلن لە سەدەی حەڤدە ناودەبران بە هەلبژێردراوانی براندبرگ. فردریك ولیەم 1640- 1688 لەبەر گرنگیو گەورەیی بە هەلبژێردراوی گەورە ناوی دەهێنرا. فردریك ولیەم لە جەنگی "سی ساڵە" بۆ فراوانکردنی ولاتەکەی سودی وەرگرت، ئەمەش بە قۆستنەوەی هەلی لاوازی ئیمپراتۆر.

لەونێوانە توانی "پومیرانیای خۆرهـەلاتو ژمارەیـەك ئوسـقوفە بخاتـە دەسـتخۆی، کـە ئوسوقوفەی "مکدبرگ" لە گرنگترینیان بوو. دواتر بوویە خاوەنی سوپایەکی بەهێز.

فردریك باوەڕی بەپێویستی دەسەلاتی ڕەها هەبوو، هەروەك پادشاکانی ئـەوروپای خۆرئاوا، وە ئەو تیۆری مافی خـودایی بـۆ پاشـاکان بـە ڕەوا دەزانـی. کاتێـك فریـدریك دەسەلاتی ڕادەستکرا، بینـی ولاتەکـەی "پڕوسـیا، براندنبرگ" بـەگوێرەی سیـستەمی دەسـتوری بەڕێوەدەچـێت، چـونکە ئەوانـەی پێـشخۆی بەهاوبەشـی لەگـەڵ "دایـت" فەرمانڕەوایان دەکـرد، واتـا دەسـەلاتی ڕەهـا نـەبووە. هەربۆیـە هەوڵـەکانی خـۆی لـە لەناوبردنی دەسەلاتی ئەم ئەنجومەنە چڕکردەوە. جا بەتێپەڕینی کات دەسەلاتی بالای لە دەستی خۆیدا کۆکردەوە. هەر لەبەرئەوە لە کاتیّ مردنیدا دەوڵەتێکی بەجێهێشت، کە بەپاشایی ڕەها فەرمانڕەوایی دەکراو مافی خودایی بەکردارکی بوونی هەبوو.

سەرهەڵدانی پاشایەتی لە پڕوسیا:-

پروسـیا گەشـەی کـردو بووبـە دەوڵـەتێکی گـەورەو بـەهێزی ئـەوروپا. دانیـشتوانی شـاری بـەرلین لـە کۆتـایی سـەدەی حەڤـدە دەگەیـشتنە بیـست هەزارکـەس، ئـەوە لەکاتێکدا لە نیوەی ئەم سەدەیە"سەدەی حەڤدە" ژمارەی دانیشتوانی ئەم شـارە لـە هەشـت هـەزار کـەس تێنەدەپـەڕی. ئیمپراتـور "لیۆپۆلـدی یەکـەم" لـە سـالّی1701 نازنـاوی پاشـای بـەمیری پروسـیا بەخـشی، بـەهۆی ئـەوەی مـیری پروسـیا لەجـەنگی ویراسەی ئیسپانیا لەدژی لۆیسی چواردە وەستاو لایەنگری ئیمپراتوری کرد. هـەروەها لەپەیمانی ئەتریختو لە سالّی 1713 ولاتـانی ئـەوروپا دانیانهێنـا بەپروسـیا. وە هـەر ئەو پروسـیایە لـە سـەدەی هـەژدە لـە گـەورەییو بەهێزیدا گەیـشتە ڕادەیـەك کـە لـە پێـشەوایەتی کردنـی ئـەڵمانیادا هاوبەشـی نەمـسای دەکـرد. ئەمـەش هـەر بـەهۆی ئەوەوەبوو، کە ببوو بە دەوڵەتێکی مەزنو بەشکۆ.

فردریك ولیەمی یەکەم1740-1713:-

بەهۆی هەوڵ و کۆششەکانی فردریك ولیەمی یەکەم نەوەی فردریك ولیەم "هەڵبژێردراوی گەورە". پروسیا لە سەدەی هەژدە بووبە دەوڵەتێکی گەورەو خاوەن پێگە. فردریك ولیەمی یەکەم زۆر بەتوندی دەستی گرتبوو بەدەسەلآتی ڕەها. ئەم زۆر دژی بێکاری بوو هەوڵی نەهێشتنی دەدا وبایەخی تەواوی بەسوپاکەی دەدا، کە هەر ئەوسوپایە لە سەدەی هەژدە بوو بە جێگەی شانازی ئەڵمانیا. بەڕاستی فردریك سەرکەوتنی بەدەستهێنا لەوەی کە توانی پروسیا بکاتە خاوەن پێگەیەکی سەربازی بەهێزو مەزن لەناو ولآتە ئەورووپیەکان. لەگەڵ ئەوەی پروسیا لەڕووی ڕووبەرو ژمارەی دانیشتوانەوە دوازدە دەوڵەت لە پێشیەوە بوون، بەلآم بووبە چوارەمین دەوڵەت لەڕووی سەربازییەوە. ژمارەی سوپاکەی"85" هەزار سەرباز بوو.

پادشا فێرکردنی سەرەتایی زۆرەملێی لەپروسیا خستەکار، بەهۆی ئەوەی باوەڕی وابوو کە فێرکردنو پەوەردەکردن سەرباز چاکتر دەکات. هەروەها هەوڵیدا ولآتەکەی لە ڕووی ئابوریەوە بەرەوپێشەوە بەرێت، چونکە دەوڵەتی دەوڵەمەند دەتوانێ خەرجی سوپایەکی بەهێز ئامادەبکات. فردریك هەروەك چۆن سودی لە سوپاکەی بینی لە کاتی جەنگدا، بەهەمانشێوە لە کاتی مەترسیدا سودی لێ دەبینی. فردریك توانی زەوییەکانی سوید کە لەسەر کەناراوەکانی باشوری دەریای بەلتیق بوو "پومیرانیای خۆرئاوا" بخاتە سەر وولآتەکەی. بەم شێوەیە فردریك سوپایەکی بەتوانا وسامانێکی زۆری بەجێهێشت بۆ ڕۆڵەکەی.

پادشا فردریکی دووەم "فردریکی گەورە"1786-1740:-

ئەو فردریکەی ئێستا باسی دەکەین، دادەنرێ بەمەزنترین پاشای بنەماڵەی هوهنزل. لەسەردەمی ئەودا پادشایەتی ڕەها لە پروسیادا زیاتر چەسپی. فردریکی گەورە توانی سوپاو سەروەتو سامانی زۆری باوکی بۆ مەبەستە هەمەجۆرەکانی

بەکاربێنێ. لە ڕووی جەستەیەوە فردریك کەسێکی کورتەباڵا بوو، لەسەر ڕوویدا دووچاوی شین دەدراوشایەوە. ئەم خاوەنی هەستێکی ناسك بوو هەربۆیە ئارەزووی هونەر ومۆسیقاو شیعرو سەمای دەکرد. کاتێکیش تەختی ڕادەستکرا ئارەزووی دەکرد لەڕێگەی جەنگو فراوانخوازیەوە ناوبانگو شکۆداری پەیدابکات. فردریك بە "دادگەری خۆسەپێن"یش ناودەبرا. سەرەتای کارەکانی بە دەستگرتن بەسەر ناوچەی "سیلیزیا" دەستی پێکرد، کە شاری "برسلاوی" لەخۆگرتبوو، جا لەپێناوی پاراستنی ئەم ناوچەیە لەدەستی خۆی، چووە ناو دووجەنگی وێرانکارو نزیکەی پازدە ساڵ پێیانەوە خەریك بوو. بلیمەتی فریدریك بوو بەهۆی ئەوەی لە هەردوو جەنگەکەدا بەسەرکەوتوویی بێتەدەرو ئەو ناوچەیەشی دەستی بەسەرداگرتبوو لەژێر ڕکێفی خۆیدا بیهێڵێتەوە. دواتر لەساڵی 1772 لەگەڵ ماریاتریزا "دایکی ماری ئەنتوانێت" ئیمپراتورەی نەمساو کاترینای دووەمی قەیسەرەی ڕوسیا ڕێککەوتنیان بەست لەسەر دابەش کردنی پۆلۆنیا. بەمەش وولاتەکەی فراوانتر کرد.

فردریکی خۆسەپێنی دادگەر:-

لەماوەی دووەمی سەدەی هەژدە شەپۆلێکی هزری بەسەر ئەورووپادا هات، کە پاشا ڕەهاکانی ئەورووپای بەڕۆشنگەر ناودەبرد. چونکە ئەوان گەرەکیان بوو کاروبارەکانی دەوڵەت بەوپەڕی ڕێکوپێکیو گرنگی پێدانەوە بەڕێوەببەن. ئەوان لە بواری چاککردنی کاروباری خەڵكو بەرزکردنەوەی ئاستیان شوێنی بنەماکانی ئاوەزو لۆژیك دەکەوتن. "فردریکی گەورە" بە یەکەمینی ئەو پاشایانە دادەنرێ بەپێی ئەم دەربڕینە. فردریك خزمەتکاری یەکەمی وڵات بوو، لەم بارەیەشەوە دەڵێ: "گەلەکان لەپێناوی سەرکردەو فەرمانڕەواکانیان ناژین، بەڵکو ئەوە سەرکردەو فەرمانڕەواکانن لەپێناوی گەلەکانیانو بەرژەوەندیەکانیانو بەرزکردنەوەی ئاستی تەندروستیو گوزەرانو ڕۆشنبیریان دەژین". فردریك زۆر بە کارو سەرقاڵ بوو، زۆرینەی کاتەکانی ڕۆژی لە کارەکانی

دەوڵەتدا دەبردەسەر. پۆستەکانی دەوڵەتی پڕکردەوە بەو کەسانەی بەناوبانگ بوون بە توانادارى لە کارکردنداو دڵسۆزبوو بۆ ئەرکەکانیان. سەرەڕای ئەوەش ئەم پاشایە جوانخاسە بەوردی چاودێری کارەکانی دەکردن. فردریك گرنگی زۆری دەدا بەپەوشی ئابوری وولات، بەتایبەتی کشتوکاڵ، ئەمەش بەبەکارهێنانی ئامرازی زانستی. جگە لەمەو هەر لەچوارچێوەی گرنگی دانی بەکشتوکاڵ فردریك هەستا بە وشککردنی زۆنگو زەلکاوەکان، بە مەبەستی زۆرکردنی زەوی وزاری کشتوکاڵیو چاندنی داری میوەو سەوزەواتو بەخێوکردنی ئاژەڵ بەشێوەیەکی زانستی. هەر لە درێژەی کارەکانی، فردریك هەوڵی سوك کردنی باجەکانیدا لەسەر شانی جوتیاران. جا بەهۆی ئەم سیاسەتە ئابوریەی کەپیادەی کرد توانی سامانی ولآت زۆر بکاتو ژمارەی سەربازانی بگەیەنێتە دووسەد هەزار سەرباز. فردریك سەرپەرشتی مەشقدانو پێشڕەوانی دەکردن. ئیدی پروسیا گەیشتە ئاستێك کە ولآتە ئەوروپیەکان ئێرەییان پێی دەبرد. فردریك لەدوای ساڵی 1763 خۆی نەخزاندە ناو هیچ جەنگێك جگە لە ساڵی1779، ئەمەشی بۆڕێگریکردن بوو لەپاڤاريا کە نەچێتە پاڵ نەمسا.

هەروەها فردریکی مەزنو لێهاتوو گرنگی زۆریدا بەڕەوشی دادگاو پیادەکردنی دادگەری. زۆر ڕقی لە کاری ڕۆتینی بوو لە دادگەکان، ئەم جێبەجێ کردنی یاسای مەبەست بوو لەدادگەکاندا. هەروەك لە یەکێ لە دادوەرییەکاندا فردریك دوای ئەوەی بۆی دەرکەت دادوەرێك بڕیارێکی ستەم کارانەی لەسەر بێ دەسەلآتێك دەرکردوە، دەریکردو پاشان بۆماوەی ساڵێك زیندانی کردو ناچاریشی کرد قەرەبووی ئەو کەسە بکاتەوە کەبۆتە قوربانی ستەمکارییەکەی.

فردریك ئەشکەنجەدانی بەندکراوانی لەپێناوی دانهێنان هەڵوەشاندەوەو چەند چاکسازییەکی تری لەزیندانەکاندا ئەنجامدا. ئەم کەڵەپیاوە کەسێکی توندڕەو نەبوو، تەنانەت لە ئاینی مەسیحیو ئینجیلو هەندێ بنەمای تر بەگومان بوو، ئەو لەگەڵ سەرجەم ئاینو ئاینزاکان لێبوردەو سینەفراوانبوو. هەروەك لەیەکێ لەبۆنەکاندا

گووتبووی: "ئەگەر موسڵمانان لە وولاتمان هەبوان مزگەوتم بۆ بنیات دەنان". بەلأم لەگەڵ ئەوەشدا ڕقی لە جوولەکەکان بوو، ئەمەش نەك لەبەرهۆی ئاینی، بەڵکو بەهۆی هەندێ ئاکارو ڕەفتار کە لەناویاندا بوونی هەبوو، وە باوەڕیشی وابوو ئەم ڕەوشتانە لە ڕەگەزی یەهوددا ڕەگی دا کوتاوە. هەربۆیە چەندەها کۆتو بەندی لەسەر دانان.

فردریك ئەکادیمیایەکی زانستی لە برلین دامەزراندو گرنگی زۆریدا بەپێشکەوتنی زانستیو هەڵسەنگاندنی ژیریانە، هەروەها بۆ فێرکردنو خوێندەوارکردنی چینی گشتیو بلأوکردنەوەی مەعریفەت لە ناویاندا، لە ڕادەبەدەر قوتابخانەی سەرەتایی کردەوە. ئەم برەوی بە وێژەوانانو نوسەران دەداو زۆر حەزی لە وێژەی فەرەنسی بوو، بانگهێشتی نوسەرە فەرەنسیەکانی دەکرد بۆکۆشکەکەی، تەنانەت "ڤۆڵتێر"بەناوبانگترین هاوڕێی بوو.

ئیمپراتورە "ماریا تریزا" ئیمپراتورەی نەمسا:-

لەم کاتەدا نەمسا لەلایەن ئیمپراتۆرە ماریا تریزا فەرمانڕەوایەتی دەکرا، ئەوەشیان دادەنرا بە خۆسەپێنە ڕۆشنبیرەکان، بەلأم نەشدەگەیشتە ئاستی فردریکی گەورە. ڕۆشنبیری ئەو بەشێوەیەکی سۆزداری ئایینی بوو، خێروخۆشی دەویست بۆگەلەکەیو بە کەسێکی لێبوردە ناسرابوو، هەردەم هەوڵی چاککردنی دامو دەزگاکانی دەوڵەتی دەدا. لەم ڕووەشەوە هاوسەرەکەی "فرانسیسی یەکەم"و کوڕەکەی "جۆزیفی دووەم" هاوکارییان دەکرد. بەلأم بەپێچەوانەی فردریك لە بلأو بوونەوەی مەعریفەو زانست دەترساو زیاتر جەختی دەکردەوە لەسەر دەسەلأتی ڕەها لە دەوڵەتدا. "تریزا" فرمانی داخستنی پەرلەمانە خۆجێیەکانی دەرکرد، کە ناسرابوون بە دایت. هەروەها دەسەلأتی کردە دەسەلأتێکی ناوەندیو سوپای ئیمپراتوری یەکخستو لە جیاتی زمانی لاتینی زمانی ئەڵمانی کردە زمانی فەرمی سوپاو باجەکانی زیاد کردو

یەسوعیەکانی لەناوبرد، بەلاّم لەگەڵ ئەوەشدا هاوکاری مۆسیقاژەنانی دەداو، وەبە کردنەوەی ژمارەیەکی زۆر لەقوتابخانە خوێندنی سەرەتایی بلاّو کردەوە.

پاش ئەوەی ماریا تریزا لەساڵی 1780 مرد، کوڕەکەی "جۆزیفی دووەم" جێگەی گرتەوە، "جۆزیف" لەساڵی 1765 ەوە" هاوکاری دایکی دەکرد لەفەرمانڕەوایەتی کردندا. جۆزیف پیاوێکی ڕۆشنبیر بوو، کایگەر بوو بە "ڕۆسۆو ڤۆلتێر" . لە گەرمو گوڕی بۆ چاکسازی کردن و بلاّو کرنەوەی مەعریفەت و هۆشیاری کێبڕکێی فردریکی گەورەی دەکرد. لەم بارەیەوە دەڵێ"من فەلسەفەم کردۆتە سەرچاوەیەکی یاسا بۆ ولاّت، بنچینە لۆژیکیەکانی نەمسا دەگۆڕێ". "جۆزیف" گەشەسەندنی نەمسای لەسەر فەلسەفەی سیاسی ڕۆسۆو سەروەری گەل دەبینی.

ئێمە نازانین تا چەندێك جۆزیف توانیویەتی چاکسازییەکانی جێبەجێ بکات، بەلاّم ئەوەندە دەزانین کە گەرمو گوڕ بوونی بۆچاکسازی زۆر زیاتر بووە لە توانای ئەو بۆجێبەجێ کردنی. کاتێك دەبینین ئەو دەیویست هەموو شتێك لەیەك کاتدا چاك بکات، دەرکەوت کە هیچ شتێکی چاك نەکردووە.

پوختەی سیاسەتی ئەو بریتی بوو لە فراوانکردنی وولاّتەکەی بە ئاراستەی خۆرهەلاّت تاوەکو دەریای ڕەش و ئەدریاتیك، هەروەها ڕزگاربوون لەئەنجومەنە ناوخۆییەکان و دامەزراندنی فەرمانبەران یاخود کەسانی ملکەچ بۆ ئیمپراتۆر، کە هەر ئەوان جێگەی ئەنجومەنەکان بگرنەوە، هەروەها هەوڵدان بۆ بەرزکردنەوەی چینی گشتی و نزمکردنەوەی خانەدانان بەشێوەیەك تا لە بەرامبەریدا هەموویان وەك یەکیان لێدێت و هەموویان لەبەری بپارێنەوە. هەروەها هەوڵدان بۆ دەستکەوتنی پاڤاریا، ئەمەش بەگۆڕینەوەی زەوییەنزمەکان پێی. کەچی جۆزیفی دووەم لەهیچ لەم هەولاّنەی بەخت یاوەری نەکردو سەرکەوتنی بەدەستنەهێنا. فردریکی گەورە لە بەرامبەریدا وەستا لەدژی دەستکەوتنی پاڤاریا. وە لە جەنگەکانیشی لەگەڵ دەوڵەتی عوسمانی هیچی دەستنەکەوت و نەیتوانی بەلقان بەدەستبێنێ. "جۆزیفی دووەم" لە سیاسەتی

کارگێڕی یاخود ئیداریشدا توشی شکستێکی گەورە بوو. کاتێك جۆزیف دایتی مەجەڕی هەڵوەشاندەوەو تاجی قەدیس"اصتفانی" لەپوداستەوە بۆ ڤیێنا لەسەرنا، کە بووە هۆی پەرێشانبوونی مەجەڕییەکان. جۆزیفی دووەم سوپای لەسەر شێوازی پروسی ڕێکخستو ئیدارەی کردە ناوەندی. بەڵام زەوییەنزمەکانی نەمساوی لێی هەڵگەڕانەوەو دواتریش ئەم هەڵگەڕانەوەیە "تیرۆلی" باکوری ئیتالیاشی گرتەوە، مەجەڕییەکانیش لەبەرامبەر سیاسەتەکەیدا ناڕازیو سەغڵەت بوون. لەملاشەوە خانەدانانو چینی ناوەڕاستیش ڕقیان لە سیاسەتی جۆزیف بوو، ئەمەش کاتێك جۆزیف هەڵی دەدا جوتیاران لە چنگی خانەدانان ڕزگار بکاتو بەربژارییەکان لابەرێو باج لەسەر هەموو چینەکان بسەپێنێ. بەڵام وەنەبێ جوتیاران جۆزیفیان بە دڵ بوویێت، بەڵکو ئەوانیش ناڕازی بوونو نەیاندەویست بچنە ژێر باری بەسەربازی کردن. بارودۆخ بەم شێوەیە بوو تا جۆزیف لەساڵی 1790 مرد، بەبێ ئەوەی شتێك جێبەجێ بکات. ئەوەی بەرچاومان کەوتو خوێندمانەوە بارودۆخی نەمساو ئیمپراتۆریەتی پیرۆز بوو بەشێوەیەکی گشتی لەسەدەی هەژدە.

لەنیوەی سەدەی هەژدە هەردوو دەوڵەتی پروسیو نەمساوی لەچەند جەنگێکی پلێشێنەردا تێکهەڵچون. هەموو ئەم جەنگانەش لە پێناوی فراوان کردنی زەوییەکان بوو. بەڵام فردریکی گەورە بە دەستگرتنی بەسەر سیلیزیا سەرەتا دەستی پێکرد.

جەنگەکانی فردریك:-

جەنگی ویراسەی نەمساوی 1740-1748 :-

ساڵی 1740 ئەو ساڵە بوو کە هەریەکە لە ماریاتریزاو فردریکی گەورە چونە سەرتەخت، فردریك چوویە سەر تەختی پروسیو ماریاتریزا تەختی ئیمپراتۆریەتی نەمسای پادەستکرا. پێشتر باسی ئەوەمان کرد کە فردریك یەکەمین کارێکی دەستگرتنی بوو بەسەر سیلیزیا لە ئیمپراتۆریەتی ماریاتریزا. ئەم کێشەیەش بەشێکە

لەو کێشە گەورەیەی کە لەسەرەتای چونە سەرتەختی ئیمپراتۆرە ماریا ڕووبەڕوی بویەوە، هەروەها ناڕازی بوون و نەیاری کردنی ئەوانەی چاوچنۆك بوون بەرامبەری، لەهەمبەر وەرگرتنی تەختی هبسبرگ لەلایەن ئافرەتەوە کێشەیەکی تر بوو بۆ ماریا تریزا. ئەمەو سەرەڕای ئەو فرمانەشی کە باوکی دەریکرد لەهەمبەر ڕێگەدانی بە کچەکەی بۆ چوونە سەر تەختی ئیمپراتۆری،و بەدەستهێنانی ڕزامەندی دەوڵەتانی ئەوروپا لەسەر ئەم فرمانە. بەڵام هەندێ لەپاشایانی ئەوروپا چوونی ئافرەتێکیان بۆ سەر تەختی ئیمپراتۆری بە ڕەخسانی هەلو دەرفەت دەزانی بۆ دابەشکردنی موڵكو ماڵی بنەماڵەی هبسبرگ. لەم نێوانەشدا هەریەکە لە فردریکی گەورەو پاشای فەرەنساو پاشای ئیسپانیای کە لە بنەماڵەی بۆربۆن بوو لەسەر ئەوە ڕێککەوتن. بەڵام ئەم جارەشیان بەرژەوەندی پاڵی نا بەهەریەکە لە ئینگلتراو هۆڵندا، کە بەلای نەمسا بن و دژی پروسیاو فەرەنساو ئیسپانیا بوەستن، ئەمەش بۆ ڕاگرتنی هاوسەنگی نێودەوڵەتی و پارێزگاری لێ کردنی. کێبڕکێی داگیرکاری نێوان ئینگلتراو فەرەنساش هۆیەك بوو بۆئەم دووبەش بونەی ئەوروپا بەرامبەر یەك. ئەم جەنگەشی کەبە هۆی ئەم گۆبەندە سازبوو، ناونرا جەنگی ویراسەی نەمساوی 1740-1748.

ئەم جەنگە وێرانکارە لە داگیرگەکانیشدا شوێنەواری دەرکەوت و کاریگەری هەبوو. لە ئەمریکا ئەم جەنگە ناونرا جەنگی شا جۆرج " دەدرێتە پاڵ جۆرجی دوومی پاشای ئینگلترا"لە کۆتاییشدا ئەم جەنگە بە پەیمانی "ئەکسی لاشبیل" لەساڵی 1748 کۆتایی پیهات. بەگوێرەی ئەم پەیمانە، هیچ یەکێ شتێکی دەستنەکەوت، تەنها پروسیا نەبێ کە توانی سیلیزیا لە دەستی خۆیدا بهێڵێتەوە. بەڵام هەر ئەم پەیمانەش هاوکاری ماریای کرد بۆ پاراستنی موڵکەکانی.

جەنگی حەوت ساڵە 1756-1763

سیلیزیا کەوتبووە دەستی فردریکی گەورەو ماریاتریزاش هەر چاوی بەدواوە بوو. تا ئەوە بوو بۆ گێڕانەوەی بۆ ژێر دەسەلاتی خۆی، لە میرە ئەڵمانیەکان نزیك بوویەوەو دەستەیەکی لێ پێکهێنان. سەکسۆنیاش یەکێ بوو لەو دەوڵەتانەی کە

دەگونجا پشتی پێ ببەستێ، هەروەك ئەمیش بە هەوڵە دیبلۆماسیەکانی "کۆینتز"، فەرەنسای هێنایە بەرەی نەمسا، دوای ئەوەی هەرێمی ڕاینی پێببەخشێ.

هەروەها کاتێك قیصرەی ڕوسیا دژی فردریك وەستا، ماریا توانی بەلای خۆیدا کێشی بکات. بەلاّم ئینگلترا لە ناکۆکیو دوبەرەکیەکەی لە هەمبەر داگیرگەکان لەگەڵ فەرەنسا بەردەوام بوو. جەنگی نێوان ئەم دوو دەوڵەتە لەساڵی 1754 لە ئەمریکاو هیند نوێ بوویەوە، هەر لەهەمان کاتدا ئینگلترا بەلای فردریکدا شکایەوە، بۆ ئەوەی ئەڵمانیا بەگشتیو هانۆڤەر بپارێزێ. لەو کاتەدا ئینگلترا بڕیاریدا هاوکاری ماددی فردریك بکات لەکاتی جەنگ کردنی لەگەڵ فەرەنساو نەمسا.

فردریك چاوەڕێی ڕاگەیاندنی جەنگی نەکردو هێرشی کردە سەر سەکسۆنیاو سزای جەنگی بەسەردا سەپاندو سوپایەکی بەهێزی لەوێ پێکهێنا، پاشان بەرەو بۆهیمیا ئاراستەی گرتو پێشڕەوی کرد، بەلاّم هەر لەم سەروبەندەدا سوپای فەرەنسی لەخۆرئاواوەو، سوید لەباکورو ڕوسیا لە خۆرهەلاّتو نەمسا لە باشورەوە پێشڕەویان کردو سوپای بروسیایان لە هەموو لایەکەوە گەمارۆ دا. ئیدی لەوێدا بلیمەتی فردریکی گەورە دەرکەوت، ئەمەش بە خۆ ڕزگارکردنی لەو تەنگەژەو مەترسیە گەورەیە. فردریك بلیمەتیەکەی خۆی دەرخست کاتێك بەخێرایەکی بروسك ئاسا هێرشی کردە سەر سوپای فەرەنساو لەتێکهەڵچونی "ڕوزباخ" لە ساڵی 1757 تێکی شکاند، شیاوی باسە سوپای پروسی کەمتربوو لەسوپای هەریەکە لەوانەی جەنگیان لەدژی هەڵگیرساند بوو. پاش ئەمە گەڕایەوە سیلیزیاو سوپای نەمسای لە "لیۆسین"و لە ساڵی 1758 بەزاند، پاشان سوپای ڕوسیای لە "زروندورف" تێکشکاند. بەهۆی کەمی سوپایەکەیەوە فردریك ناچاربوو هەڵوێستی بەرگری بنوێنێ. فریدریك لە بەرامبەر هەلاّتوەکانی سوپاکەی چاو پۆشی دەکردو دوژمنانی دەخستە سوپاکەی، جا بۆ ماوەی پێنج ساڵ بەهۆی نەتوانینی هێرش کردن هەر لەبەرگری دابوو. سوپای ڕوسیا لە پروسیای خۆرهەلاّت پێشڕەوی کرد، کەچی لەگەڵ ئەوەشدا فردریك توانی

سوپای فەرەنسا لەساڵی 1759 تێکبشکێنێ. پاش ئەمە ئیسپانیاش وەك هێزێکی تر هاتە ناو ئەم گۆبەندەو هاتە لای فەرەنسا لەساڵی 1761. بەڵام بەخت یاوەری فردریکی کرد کاتێ قیصرە مرد، ئیسپانیا لای بەلای فردریك کردو پاشەکشەی کرد لە جەنگ، بەمەش هەریەکە لەنەمساو فەرەنسا ناچاربوون پەیمانی ئاشتەوایی لەگەڵ ببەستن. دەوڵەتە ئەورووەپیەکانو فەرنسا کۆبونەوە بۆ بەستنی ئاشتەوایی لەگەڵ پروسیا، ئەم دەوڵەتانە لەپاریس کۆبوونەوە بۆ بەستنی پەیمانی ئاشتی لەساڵی 1763.

پەیمانی "هبرنسبرگ" لەنێوان فردریك و ماریاتریزا سەرکەوتنێکی گەورە بوو بۆ پروسیا. ماریا دانی هێنا بە دەسەلاّتداریەتی پروسیا بەسەر سیلیزیادا، فەرنساش داگیرگەکانی لەدەستدا جگە لە کەمێك لە ئاوەکانی ئەمریکاو هەندێو وێستگەی بازرگانی نەبێت لە هیندستان. بەم شێوەیە باڵادەستیو شکۆمەندی بەریتانیا لە ئەمریکای باکورو هیندستان دەستی پێکردو، ئینگلترا بوو بە مەزنترین دەوڵەتی دەریایی لە جیهاندا. یەکێکی تر لە ئاکامەکانی جەنگی حەوت ساڵە نوشستی هێنانی دەسەلاّتی ڕەها بوو لە هەریەکە لە ئیسپانیاو فەرەنسا. دەسەلاّتدارە ڕەهاکان لە هەریەکە لەم دوو دەوڵەتە لەو جەنگانەی کە لە سەدەی هەژدە سازیان کرد، تێکەوتنو بەهۆیەوە کەوتنە ئاوزنگی سەرەمەرگ. فەرەنسا توشی خەسارەیێکی گەورەی ماددیو گیانی بوو کە زۆربەیان لە گەنجان بوون، ئەمەو سەرەڕای لە دەستدانی داگیرگەکانی. *ئیدی بارودۆخێك لەناو فەرەنسا هاتەکایەوە کە هۆشداری دەدا بە هەڵگیرسانی شۆڕشێکی گەورەی وەها کە دەسەلاّتی ڕەها لەناوی دەبات ژێراوژووری دەکات.*

یەکێکی تر لە ئاکامەکانی جەنگی حەوت ساڵە بەهێز بوونی پروسیا بوو، ئەم بەهێزبوونەی پروسیا بەشێوەیەك بوو، پرووسیای کردە دەوڵەتێکی بەهێزی ئەورووپا.

هەروەها بنەماڵەی هوهنزلی کردە ڕکەبەری بنەماڵەی هبسبرگ لەسەرکردایەتی کردنی ئەڵمانیا[1].

روسیا لە ڕۆژگاری کاترینای دووەم

پەترصی گەورە لە ساڵی 1725 کۆچی دوایی کرد، بەبێ ئەوەی کەسێ لە جێگەی خۆی دابنێ. ئەمەش بەهۆی ئەوەی کوڕەگەورەی خۆی کووشت بوو. کووشتنەکەیشی لەسەر سەرپێچی کردنو نەیاری نواندن بوو لەهەمبەر بیروڕاکانی پەترص. ئیدی کاتێ پەترص مرد لەژێر فشاری پاساوانانی کۆشك کاترینا بوویە قیصر. بەلاَم دەسەلاَتی تەواوی نەبوو، بەڵکو دەسەلاَتی کردەیی گواسترایەوە بۆ ئەنجومەنی بالاَ، کەپێکهاتبوو لە گەورەپیاوانی دەوڵەت. ئەنجوومەن بەبەردەوامی پیادەی ئەم دەسەلاَتەی دەکرد تا ئەو ڕۆژەی کاترینا لەساڵی 1727 لە دنیادەرچوو. پەترصی دووەمی کوڕی، جێنشین"ولی عهد" ئەلیکسیسو نەوەی پەترصی گەورەبوو. بەلاَم هەر بە منداڵی بە هۆی نەخۆشی ئاوەڵە لەساڵی1730پێش ئەوەی ببێتەپاشا مرد. هەربۆیە ئەنجومەنی بالاَ هەندێ لەنزیکانی قیصرەی ڕوسیاو خێزانی پەترصی بانگهێشت کرد، ئەوانیش ئانو ئیلیزابێس بوون، کەبە دوای یەکدا فەرمانڕەوایی ڕوسیایان کرد. بەلاَم هەمدیس دەسەلاَتی کارا لەدەستی ئەنجومەنی بالاَدا بوو. وەلێ پاسەوانان ئەوەیان قبولێ نەبوو، ئیدی لەم کاتەدا ئیمپراتۆرە هەلی قۆستەوەو بەڵێنیدا بەپاسەوانان کە بارودۆخی ئابورییان چاك بکاتو ئاستی گوزەرانیان باش بکاتو بەربژاریان چاکتر بکات. ئەمجا ئەنجومەنی بالاَی هەڵوەشاندەوەو دەسەلاَتی گێڕایەوەو ئەوانەی لەخۆ نزیك کردەوە کە بە لای ئەڵمانیادا بوون. سا کاتێکیش کۆچی دوایی کرد شڵەژاویو بارودۆخێکی ئاڵۆز هاتەکایەوە هاوشێوەی بارودۆخە ئاڵۆسکاویەکەی دوای مردنی پەترص. پاشان

1 Ibid;pp. 424-26; 478-79; 507-508; Hayes، op. cit; pp. 320-56.

"ئیلیزابێس" لە سەرەتای ساڵی 1742 چووە سەرتەختی ڕوسیا. خانەدانانی ڕووس پشتگیریان لە ئیلیزابێس کرد، ئەویش ئەوانی لە خۆی نزیک کردەوەو ئەو خانەدانانەشی کە مەیلی ئەڵمانیایان هەبوو لەخۆی دوورخستنەوە. هەروەها ئیلیزابێس لەجیاتی سەقافەتو ڕۆشنبیری ئەڵمانیا برەوی بە ڕۆشنبیری فەرەنسادا. بەلاّم لەگەڵ ئەوەشدا شارستانی خۆرئاوا بە ڕۆشنبیری ئینگیلیزیو فەرەنسیو ئەڵمانی لە کۆشکی ڕووسیدا باو بوو. لەماوەی فەرمانڕەوایەتی جێگرەوەکانی پترِصی گەورەدا واتا لەسەردەمی هەریەکە لەکاترینو ئانو ئیلیزابێس، ڕوسیا نەیتوانی هیچ دەستکەوتێکی سیاسی بەرچاوو گەورە بەدەستبهێنێ. قیصرە "ئان" بەژداری لەجەنگی ویراسەی پۆڵندا کرد، لەسالأنی 1732-1738، ئەمەش بەهۆی ئەوەی ڕوسیا ناڕازی بوو لە کاندیدیفەرەنسی بۆ تەختی پۆڵندا. شیاوی باسە ئەم ململانێیە هیچ بەرژەوەندیەکی ڕوسیای تیادا نەبوو. جگەلەمە ئەو جەنگەشی کەلە دژی دەوڵەتی عوسمانیدا هەڵیگیرساند هیچ بەرهەمێکی نەبوو.

بەهەمان شێوە ئیلیزابێسیش خۆی خستە جەنگێکی تری ویراسیەوە، کەخۆی دەبینیەوە لە جەنگی ویراسەی نەمساوی1740-1748. هەروەك خۆشی خستە ناو جەنگی حەوت ساڵە 1763-1765، لەبەرەی فەرەنسا جەنگی دەکرد لەدژی پروسیا. بەلاّم بەبێ ئەوەی هیچ دەستکەوتێکی گەورە یا سودێك کەشیاوی باس بێت بەدەستبێنێ.

جاکاتێك ئیلیزابێس کۆچی دوایی کرد، کوری براکەی"پترِصی سێیەم" هاتە سەرتەخت. بترصی تازە لەگەڵ ئەڵمانیا ئاشتەوایی کرد. بەلاّم نەیتوانی زۆر لەسەر تەخت بمێنێتەوە، بەڵکو مردن یەخەی گرتو تەختی جێ هێشت بۆ هاوسەرە ئەڵمانیەکەی. هاوسەرەکەی ناوی "کاترینا" بوو بە کاترینای دووەم ناودەبرا. بەم شێوەیە ڕوسیا لەدوای بترسی گەورە تا هاتنی کاترینای دووەم چل ساڵی زیو بێ بەرهەمی گوزەراند.

کاترینای دووەم 1762–1769 شاژنێکی پرۆتستانتی ئەڵمانی بوو. دەگوترێ: کاترینا کچی فردریکی گەورە بوو، باوکی هەڵیبژارد بۆ هاوسەرگیری کردن لەگەڵ پترصی سێیەمی قیصری ڕوسیا. کاترینای دووەم خانمێکی زیرەك بوو، توانی خۆی بگونجێنێ لەگەڵ بارودۆخی تازەو، فێری زمانی روسی بوو. وە لەجیاتی ئەڵمانەکان لە ڕووسەکان نزیك بوویەوەو نیشتیمان پەروەری خۆی دەرخستو ئەرسۆدۆکسیەتی بوونی خۆی نیشاندا. خەڵکی بەرەو لای دەچوونو کێشەکانی خۆیان دەخستە بەردەمی. لەڕوویەکی ترەیشەوە کاترینا لەگەڵ زۆرزانیو زیرەك بوونیشی ئافرەتێکی بەدرەفتارو دڵڕەق بووە. کاترینا فەرمانڕەوایی ڕوسیای کرد بە دەستێکی پۆڵاینو کارەکانی پترصی گەورەی تەواو کرد.

سیاسەتی ناوخۆ:-

کاترینای دووەم هەستا بەڕێکخستنی حکومەتو کارگێڕی گشتیو هەرێمەکان. کاترین کارگێڕی کردە ناوەندی، ئینجا لەڕێگەی ئەو دەسەڵاتدارانەی کە خۆی کردبوونی بە دەسەڵاتدار بەسەر هەرێمەکان کارگێڕی سەرجەم ناوچەکانی پەیوەست کرد بەخۆیەوە. هەروەها دەستی گرت بەسەر موڵکی کڵێساو کردی بە موڵکی دەوڵەت. ئینجا پیاوانی ئاینی خستە ژێر دەسەڵاتی دەوڵەت.

کاترینا لەژێر کارگەری فەلسەفەی ڕۆشنگەری بەربڵاوی ئەم کاتەدا بوو. ئەو یەکێ بوو لە ڕۆشنگەرە خۆسەپێنەکان. ڤۆڵتێرو دیدرۆی بانگهێشت کردە ڕوسیا. کاترین بۆ فێرکردنی چینی سەرووی ڕوسیا چەندەها قوتابخانەو ئەکادیمیای دامەزراند، زمانی فەرەنسی کردە زمانی دیبلۆماسیو کۆمەڵگەیەکی پێشکەوتوو. گەنجانی چینی ئەرستۆکراتی ناردە ئینگلترا، بەمەبەستی ئاگاداربوون لە دوا گەشەسەندنە زانستیو هونەرییەکان "فننی"، بەتایبەت لە بواری کشتوکاڵ.

کاترین هیچ سۆزێکی نەبوو بۆ جوتیاران، باشکەری بارودۆخو گوزەرانیان نەبوو، هەوڵی نەدا ڕزگارییان بکات لەهەژاریو نەزانی. ڕاشکاوانەش ووتی: "یەکێ

لەخانەدانان ئەگەربێتو بارودۆخی جوتیاران چاك بكات یان بیگۆڕێو فێریان بكات، ئەوا حوكمی قیصرو خانەدانان كۆتایی پێ دێت". وە هەڕەشەی كرد لە خانەدانە پیلان گێڕەكان ئەمەش بەبەخشینی شەرەفی خانەدانی بە ژمارەیەك لەشارنشینان لەسالی 1767. ئەوانە بوون بە خزمەتكاری بە وەفای كاترین. كاترین ئەو شۆڕشەی سەركوت كرد كە جوتیاران بەڕابەرایەتی "بیكاشیف" هەڵیانگیرساند بوو. بیكاشیف داوای هەڵوەشاندنەوەی سیستەمی كۆیلایەتی زەوی دەكرد لە ڕوسیا، وەلێ "بیكاشیف" دەستگیركراو لە سالی 1775 لەدار درا. بەلام ئەو شۆڕشە كاریگەری دروستكرد لەسەر خانەدانانو خاوەن زەوییەكان، وای لێكردن پشتگیری لە قیصر بكەنو چیتر نەیاری نەكەن.

سیاسەتی دەرەوەی كاترین:—

ڕوسیا، ڕوسیای جاران نەما، بەڵكو لەسەردەمی كاترین بوو بە دەوڵەتێكی گەورەی ئەوروپا. پێشتر پترصی گەورە توانی دەسەلاتی سوید لە باربەرێو دەستبگرێ بەسەر ئەو هەرێمانەی لەخۆرهەلاتی دەریای بەلتیق دا بوونو لە ژێردەستی سوید بوون، بەلام پۆڵندا"پۆلۆنیا"و دەوڵەتی عوسمانی لەخۆرئاواو باشور هەر زیندوو بوونو پێویست بوو لەوانیش ڕزگاربێت. لەڕاستیدا پۆڵندا وولاتێك بوو سێ ڕگەزی لەخۆ گرتبوو، ئەوانیش بریتی بوون لەپۆلۆنییو لیتوانیو لاتڤینیەكان لە "كورلاند". پۆڵندا لە سەدەی حەڤدە ڕۆڵێكی دیارو بەرچاوی لەسیاسەتی ئەوروپادا دەگێڕا. تەنانەت لەسالی 1683 پشتگیری لەنەمسا كرد لەدژی دەوڵەتی عوسمانی. بەلام ئەمە هەروا نەمایەوە بەڵكو لەگەڵ هاتنی سەدەی هەژدە لاوازی وپوكانەوەی پۆڵندا دەستی پێكرد. لە ڕستیدا پۆڵندا دەوڵەتێك بوو ئابووری لاواز بوو، نەیدەتوانی سوپایەكی هەمیشەیی دابمەزرێنێ كە لەبەرامبەر ڕوسیاو پروسیاو نەمسا ڕووبەرو بوەستێ. لەپۆڵندادا چەند ڕەگەزێكی تری ڕوسینی هەبوون لە باشور وە ئەڵمانی لە حەوزی بەلتیق. واتا" ئەڵمانەكان لەحەوزی بەلتیقو ڕوسینیەكان لەباشور نیشتەجێ بوون".

حکومەتی پۆڵەندی شێوەیەك لەسەربەستی ئاینیو ڕەگەزی پەیڕەو دەکرد بۆ هەموویان، بەهۆی ئەوەی ڕوسینیەکان ئەرسەدۆکس بوونو ئەڵمانیەکانیش پرۆتستانتی بوون. هەریەکە لەم دوو ڕەگەزە لەیەکتر جیاوازە، داوای یەکسانیو مافی زیاتریان دەکرد لە حکومەتی پۆڵندا. سا کاتێکیش داواکارییەکانیان وەرنەگیرا، ئەڵمانیەکان پەنایان بردە بەر پروسیاو ئەرسەدۆکسیە ڕۆسینیەکانیش پەنایان بردە لای ڕوسیا. فردریكو کاترینای دووەمیش بەسەرپێەوە بوون بۆ قۆستنەوەی وەها بارودۆخێك، هەربۆیە ئامادە بوون بۆ بەدەنگەوە چوونیان.

لەڕاستیدا ڕەوشی سیاسیو کۆمەلایەتی پۆڵەندا زۆر شێواو بوو. بالادەست بوونی سوید بەسەر بەلتیق دا لەکۆتایی سەدەی حەڤدە بوویە هۆی بەرتەنگبوونی باری ئابوری پۆڵندا، چینی ناوەڕاستی ئەم ولاتە لەبەریەکهەڵوەشاو سەروەت وسامانیان دای لەکزیو شارەکانی پوکانەو. لەملاشەوە چینی ئەرستۆکراتو خاوەن زەویو خانەدانان پیادەی دەسەلاتێکی سیاسیایان دەکردو لەنێوخۆیشیاندا لە دووبەرەکیو ناکۆکیەکی بەردەوام دابوونو جوتیارانیان دەچەوساندەوە، هەربۆیە لەسەدەی هەژدە پۆڵەندا لە گیژاوو قەیرانێکی سیاسیو کۆمەلایەتیو ئابوری دا دەژیا. وە بەهۆی ئەوەی پادشایەتی پۆڵندا بەشێوەیەی هەڵبژاردن بوو، پادشاکان پێش ئەوەی هەڵبژێردرێن بەربژاری فراوانیان دەبەخشی بە خانەدانان، ئەمەش دەسەلاتی پاشایەتی لاواز کردو تەنها وەك ڕەمزێك هێشتیەوە. زۆرینەی پادشا دوایەمینەکانی پۆڵندا بیانی بوونو لە ئەڵمانیە سەکسۆنیەکان بوون، جا ئەمانە سەروەت و سامانیان خەرج دەکرد لەپێناو سەر بلندکردنی سەکسۆنیا.

دەستوری پۆڵندی ڕێککەوتنێکی خانەدانانی لەخۆگرتبوو بەناوی "لیپرام ڤیتو"، بەگوێرەی ئەمە هیچ یاسایەك دەرناچێ لەپەرلەمان ئەگەربێتو یەکێ لەوان بەدژی بەرژەوەندی خۆی بزانیو ڕەتی بکاتەوە. جا ئەم یاسایە بوو بەهۆی دروستبوونی

شێوەیەك لە بێ سەروبەرەیی‌و پەشێوی، چونکە خانەدانان هەر جۆرە یاسایەکیان ڕەت دەکردەوە کە لەگەڵ بەرژەوەندییەکانیان تێکگیرابوایە.

لە دوای کۆتایی هاتنی جەنگی حەوت ساڵە، ئۆغستسی سێیەمی پاشای پۆڵندا لەدنیا دەرچوو، دوابەدوای ئەمە کاترینای دووەم دەستی خستە ناو کاروباری پۆڵندا. لەلایەکی ترەوە خانەدانانی پۆڵندا بە هاندانی فردریکی گەورە، "بونیا توفسکی یان" لە ساڵی1764 وەك پاشای پۆڵندا هەڵبژارد. شیاوی باسە توفسکی یەکێ بوو لەنزیکانی قیصرەو بەناوی "ستانسلاوس"ی دووەم بوو بە پادشا. کاتێکیش بوو بە پادشا، ڕوسەکان بەسەر پۆڵندا باڵادەست بوون و بە ئارەزووی خۆیان دەستیان لەکاری ناوخۆی پۆڵندا وەردەدا. کاتێك پۆڵندییەکان ویستیان چاکسازی لەدەستوردا بکەن، ڕوسیا دەستی خستە ناو ڕەوشەکەو ناچاری کردن ئەم فکرەیە لەبیربەرنەوە.

ساکاتێکیش بۆ هێنانەدی ئەم ئامانجەو لەدژی دەستتێوەردانی بێگانە شۆڕشیان هەڵگیرساند، کاترینا بۆ سەرکوتکردنی شۆڕش سوپای وەڕێخست. کاتێکیش سوپای ڕوسی هەندێ لە زەویەکانی دەوڵەتی عوسمانی بەزاندو پێیداتێپەڕی بە مەبەستی گەیشتن بە پۆڵندا، جەنگ لەنێوان هەردوو دەوڵەت هەڵگیرسا.

جەنگی ڕوسیاو دەوڵەتی عوسمانی:-

جەنگ لەنێوان دەوڵەتی عوسمانی‌و ڕوسیا بە درێژایی ساڵانی 1768-1774 بەردەوام بوو. دەوڵەتی عوسمانی لە سیاسەتی دەرەوەی ڕووسیا ترسی لێ نیشتبوو، ئەم سیاسەتە وەستا بوو لەسەر باڵادەست بوون بەسەر پۆڵنداو پاشان خۆ تەرخانکردن بۆ دەوڵەتی عوسمانی. لەملاشەوە فەرەنسا هانی دەوڵەتی عوسمانی دەدا بۆ شەڕکردن لە دژی ڕوسیا، بەلام لۆیسی پازدە خۆی لە بارودۆخێکی دارایی خراپ دابوو نەیدەتوانی بۆ ڕزگارکردنی پۆلندا بچێتە ناو جەنگو هاوکاری ماددیش پێشکەشی دەوڵەتی عوسمانی بکات.

دەوڵەتی عوسمانی لە داڕووخانێکی بەردەوام دابوو. سوپای عوسمانی هەر لەسەر شێوەی جاران مابوویەوەو هیچ تازەگەرییەکی تێدا نەکرابوو، چ لەڕووی ڕێکخستن، چ لەڕووی مەشقی سەربازی. ئیدی تێکشکان لەدوای تێکشکان بووە بەشی سوپای عوسمانی، سوپای ڕوسیا دەستی گرت بەسەر ئازوفو ویلایەتی ولاکیاو مولدافیا لە ڕۆمانیا، هەروەها سوپای ڕوسی چووە ناو بوخارست. ڕوسیا خەریك بوو دانۆب تێپەڕێنێو بگاتە بەلقان، بەلام پەیماننامەی "کوچك کنارچی" لەسالی 1772بەسترا. بەگوێرەی ئەم پەیمانە دەوڵەتی عوسمانی

1- دەستبەرداری ئازۆفو دەوروبەری بوو لە زەوییەکانی باکوری دەریای ڕەش بۆ ڕوسیا.

2- دەوڵەتی عوسمانی ڕۆمانیای بۆ خۆی هێشتەوە، بەهەمان شێوە یۆنانیش لە بەرامبەر ئەوەی سوڵتان بەڵێن بدات بە ئیدارەیەکی باشتر ئیدارەی یۆنانو بەلقان بکات.

3- کەشتیە بازرگانیەکانی ڕوسیا لە ئاوەکانی دەوڵەتی عوسمانی هاموشۆ بکەن.

4- ڕوسیا پارێزەری کلێسای ئەرسەدۆکسە لەناو دەوڵەتی عوسمانی .

پاش ئەمەلە سالی1792 پەیمانێکی تر لەنێوان هەردوولایندا بەستراو، پێی ئەم پەیمانە ڕووباری "دنیستر" بووبە سنوری نێوان ڕوسیاو دەوڵەتی عوسمانی.

بەم شێوەیە، ڕوسیا گەیشتە سنوری سروشتی خۆی لەباشور، وە ڕوسیا بوو بە دەڵەتێکی سەرەکی لەسەر دەریای ڕەشو کەشتیەکانی بە ئاسانی لە تەنگەکاندا هاموشۆیان دەکردو توانی بگاتە ئاوە گەرمەکان. ڕوسیا خۆی بە دۆستی مەسیحیەکانی ناو دەوڵەتی عوسمانی دادەنا. لەپاش پەیمانی "کوچك کینارچی" دەوڵەتی عوسمانی دەستی کرد بە هەرەسهێنانێکی خێرا.

دابەش کردنی پۆڵندا:-

کاتێك ڕوسیا لەجەنگ کردندا بوو لەگەڵ عوسمانیەکان، لەساڵی1772 لەگەڵ هەریەکە لەپروسیاو نەمسا پێکهات لەسەر دابەشکردنی پۆڵندا. ڕوسیا سەرجەم زەوییەکانی کەوتوو لەسەر خۆرهەلآتی ڕووباری "دوناودبنر" بۆخۆی سەند، پروسیاش پروسیای خۆرئاوای پێبڕا بە هەلآوێری بەندەری "دانزك". بەهەمان شێوە نەمساش "غالیسیا"ی بۆخۆی پچڕاند جگە لەشاری "کاراکاو". بەمشێوەیە پۆڵندا چواریەکی زەوییەکانیو پێنج یەکی دانیشتوانەکەی لەدەستدا. وەلێ ئەوەندەشیان پێ ڕەوانەبینیو هەم دیس لە ساڵی1793 لە نێوان خۆیاندا دابەشیان کردەوەو لەسەر نەخشەی ئەورووپا سڕیانەوە. ئەم جارەیان پروسیا ڕێژگەی ڕووباری "ڤستولا"ی بەرکەوت، نەمساش دەستیگرت بەسەر ئەو بەشەی تری، وە ئەوەشی کە مابوویەوە بوو بە بەشی ڕوسیا.[1]

دوای ئەوەی کاترینای دووەم ڕوسیای کردە دەوڵەتێکی مەزن، لەساڵی 1796 مرد. مەزن بوونی ڕوسیا بەهۆی گەیشتنی بوو بە دەریای بەلتیقو دەریای ڕەش، هەروەها بە دەستگرتنو خستنەپاڵی ڕوسینیا"ئۆکرانیا"و بەشێکی گەورەی پۆڵندابوو.[2]

ئینگلترا لە سەردەمی بنەماڵەی هانۆڤەر

شازنە"ئان"ی کچی جیمسی دووەم لەسەرەتای مانگی ئابی1714کۆچی دوایی کرد، تەختەکەی چۆڵ بوو چاوەڕوانی پاشایەکی تازەی دەکرد. "ئان" برایەکی کاسۆلیکی هەبوو، بەلآم پەرلەمان ڕێگری گرت لەوەی کە تەختی ئینگلیزی

1دوای دابەشکردنی یەکەم، لە ساڵی1793دوبارە لەنێوان خۆیاندا دابەشیان کرد، دواتر لە ساڵی1795بە تەواوی دابەشیان کردو هیچیان لێ نەهێشتەوە.

2 Verna dsky‹of Russia(New Haven‹1967).pp.158-170.

بگوازرێتەوە بۆ برای کاسۆلیکی ئان"جیمسی سێیەم"، بۆیە تەختی ئینگلیزی گوازرایەوە بۆ هەڵبژێردراوی بنەماڵەی هانۆڤەرو بانگهێشت کرایە لەندەن، بۆ ئەوەی ببێتە پادشا بەناوی جۆرجی یەکەم[1].

پادشای تازە وەزارەتی لە هویگز بە سەرکردایەتی"تاوەزن" پێکهێنا. پەرلەمانیش لەگەڵ ئەوەی زۆرینەی تۆری بوون، بەلام نەیاری نەبوون. زۆرینەی تۆرییەکان داواکاری پاشایان ڕەت کردەوە لە هەمبەر پۆستە وەزارییەکان، کاتێك پادشا داوای لێ کردن. پاش ئەمە لەساڵی 1715 هەڵبژاردن ئەنجام دراو هویگز زۆرینەی لەپەرلەمان بەدەست هێنا. ئەمجا هویگز ڕێوشوێنی لەدژی هەندێ لە گەورە سەرکردەکانی تۆری گرتەبەر، بەو بێنوەی ئەمانە نەخشەدەکێشن بۆهێنا سەر تەختی جیمسی سێیەمی کاسۆلیك. هەربۆیە ژمارەیەك لە تۆرییەکان ڕایانکردە بەشەکانی تری ئەورووپا، کە لەنێوانیان "بولینبروك"و "ئارمەند" هەبوون. لەملاشەوە ئۆکسفۆرد لەزیندان ڕزگاری بوو ئەنجومەنی لۆرداتیش دەستی لێ هەڵگرت، دوای ئەوەی ئەنجومەنی گشتی سوور نەبوو لەسەر دەرکردنی، هەروەها پەرلەمانیش نەیتوانی بەژداری کردنی تۆری لە سازکردنی پیلان بسەلمێنێ. لەڕاستیشدا تۆری بەژدارنەبوون لەدانانی پیلانو دەسیسە، تەنها ئەوەندەنەبێ کەئەوان هەوڵیان داوبوو جیمس واڵێ بکەن ئاینزای خۆی بگۆڕێ بۆپرۆتستانتی.

چەوساندنەوەی تۆری لەلایەن هویگزەوە، بوو بەهۆی هەڵگیرسانی شۆڕشێك لە ساڵی 1715، ئەمەش بۆ پشتگیری کردنی جیمسی سێیەم. جێگەی باسە زۆرینەی

1- بە گوێرەی یاسای گرتنە دەستی دەسەلات، یان جێ گرتنەوەی تەخت) ساڵی 1701، تەخت گوازرایەوە بۆ بنەماڵەی هانۆڤەر، جۆرجی یەکەمیش" بوو بە پاشای ئینگلترا. شیاوی باسە جۆرج کوڕی خانم صۆفیاو نەوەی جیمسی یەکەمی پاشای ئینگلترا بوو. (نوسەر)

ئەندامانی تۆری خۆشیان بەجیمس دەهاتو نامەو دیاریان بۆ دەنارد. وەلێ شۆڕشی جیمس شکستی هێنا. ئەم شۆڕشە ناسرابوو بە شۆڕشی تۆڵەو بۆ گێڕانەوەی تەختی ئینگلیزی بوو بۆ بنەماڵەی ستیوڕات. لەگەڵ ئەوەی شۆڕش شکستی هێنا بەلاّم بنەماڵەی هانۆڤەر هەتاوەکو ساڵی 1745 لەلایەن بنەماڵەی ستیوڕاتەوە لەژێرمەترسی دابوون، کاتێ لەم ساڵەدا توانیان دواین شۆڕشیان کۆتایی پێبێنن، کە چارلس ئیدواردی کوڕی جیمسی سێیەم هەڵیگیرساندبوو. لەڕاستیدا هۆکاری کوژانەوەی شۆڕشی تۆڵەو شکستهێنانی لەساڵی 1715 خودی جیمس بوو، کاتێ ئەم نەیتوانی ڕابەرێکی لێهاتوو بێتو دەستەوستان بوو لە دانانی نەخشەیەکی سەربازی گونجاو بۆ شۆڕشەکەی، هەروەك بۆ پشتگیری کارانی ئەوەی دەرنەخست کە پشتیگری کلێسای ئینگلیزی دەکات یاخوو نا. جگەلەمە لۆیسی چواردەش لەم کاتەدا ماڵئاوایی لە دنیاکرد، ئەمە لەکاتێکدا کە بەڵێنی هاوکاری پێ دابوو، لەملاشەوە وەصی پادشای بچووك لۆیسی پازدە، کەخۆی دەبینیەوە لەدۆق ئۆلێریان، بەهۆی هەبوونی ناکۆکی لەگەڵ فلیپی پێنجەمی پادشای ئیسپانیا نەیتوانی بەڵێنی لۆیسی چواردە بەجێبێنێ بۆ جیمس. هەروەها کاتێك شۆڕش دەستی پێکرد جیمسی سێیەم لە بەرزایەکانی سکۆتلەندا بەبێ هیچ نەخشەیەکی پێش وەخت سەرکەوت. بەلاّم کەمی پشتیوانی جیمس وایکرد حکومەت بتوانێ بەخێرایی شۆڕشەکە لەناوبەرێ. شیاوی باسە شۆڕشی تۆڵە هۆکارێ بوو بۆئەوەی کە شا جۆرج تاماوەیەکی زۆر مەیلی بەلای هویگز دابێو پشتیان پێ ببەستێ.

ڕەوشی سیاسی ئەوروپا شێواوبوو بەهۆی ئەوەی پەیمانی "ئەترێخت" شوێنەواری توورەیی جێهێشت بوو لەناوەندەکانی ئەوروپا. ئیسپانیا نارازی بوو لەوەی نەمسا بالاّدەست بوو بەسەر ئیتاڵیادا، لەپاڵ ئەوەشدا هەوڵی دەدا تەختی فەرەنسی وەچنگ خۆی بخات، لەملاشەوە ئیمپرتۆری نەمساوی چارلسی شەشەم تەختی ئیسپانیو دوورگەی صقلیەی دەویست، لەکاتێکدا ساڤۆی بۆخۆی دایپچڕی بوو. وەهەر

لەهەمانکاتدا وڵاتانی باکور لە گەرمەو کێشەدابوون لەگەڵ سویدو جەنگیان لەدژی دەکرد، هەروەها ئەو جەنگەش کە لەنێوان پترصی گەورەی قیصەری ڕوسیاو چارلسی دوازدەی پادشای سوید هەڵگیرسابوو لە ساڵی1707 کەمترنەبوو لەجەنگە گەورەکانی تر. جالەم بێنەو بەردەیەدا شاجۆرجی یەکەم توانی دوو ڕێکەوتننامە گرێ بدات. یەکەمیان ڕێکەوتن نامەی "ویستمنسەر" لەساڵی 1716 لەنێوان ئینگلتڕاو نەمسا، ئەمەش لەسەر هاوکاری کردنی هەریەکەیان بۆیەکتری لەمەڕ پارێزگاری کردن لەوڵات. دووەمیان لەنێوان فەڕەنساو ئینگلیتڕا بوو لەدژی ئەوانەی چاویان بڕی بوویە تەختی فەڕەنسی یاخود ئینگلتڕا. هەرچەندە ئەم ڕێکەوتن نامەیە لەپێناوی پشتیوانی کردن بوو بۆ بنەماڵەی پاشایی هانۆڤەر لەدژی جیمسی سێیەم کەچاوی بڕی بوویە تەختی ئینگلیزی، وە فەڕەنسا پێشتر پشتیوانی دەکرد، هەروەها لەپێناوی پشتیوانی کردن بوو لەبنەماڵەی فەڕەنسا لەدژی فلیپی پێنجەمی پاشای ئیسپانیا. بەڵام ئەمەیان واتا ڕێکەوتن لەگەڵ فەڕەنسا بەزیانی بەرژەوەندیەکانی بەریتانیا تەواو دەبوو، چونکە فەڕەنسا ڕکەبەرو دوژمنی لەپێشتربوو بۆ چالاکی بازرگانیو داگیرگەکاری. لەسەر ئەمە (تاوزەند) لەدژی ئەم ڕیککەوتنە ڕاوەستاو دەستی لەکارکێشایەوە، پادشاش "ستانهوب"ی خستە جێگەی "تاوزەند". ستانهوب پشتگیری ئەم ڕێککەوتنەی دەکرد بەو بێنوەی کە هێمنیو ئاسایشی بەریتانیا لەژێر مەترسی ئەوانە دایە کە داوای تەخت دەکەن، جا دۆستایەتی کردنی فەرەنسا ئەم هێمنیو ئاشتیە چەسپاو تر دەکات.

ستانهوب بەهۆی پێکهێنانی هاوپەیمانی چوارینە لەساڵی 1718 توانی پارێزگاری لەئاشتی ئەورووپا بکات، ئەمەشی بەمەبەستی ملکەچکردنی ئیسپانیابوو کاتێك ئیسپانیا ساڵێك پێشتر هێرشی کردبوویە سەر نەمسا لە ئیتالیادا. بەڵام کاتێ ئیسپانیا ملی نەدا، فەرەنسا لە باکورەوە شاڵاوی کردە سەرو کەشتیگەلی ئینگلیزیش کەشتیگەلەکانی تێکشکاند، ئیدی ئیسپانیا تەمێ خواردو کراو ناچار کرا لە ئیتالیا پاشەکشە بکات. پاش ئەمە وڵاتانی ئەوروپا لە کۆنگرەی ئەورووپی لەساڵی 1722

کێشەکانیان چارەسەر کرد. جەنگی نێوان سویدو ڕوسیاش ساڵێك پێشتر کۆتایی پێ هێنرا.

لە ڕاستیدا جەماوەری "ستانهوب" کاتی بوو. لەساڵی 1721 ئەو کۆمپانیایەی "جون لو" لە فەرەنسا دای مەزراندبوو هەرەسی هێنا. "جۆن لوو" پشتگیریەکی بەهێزی لەئینگلترا بەدەستهێنا بوو، ئەم کۆمپانیایە چووە نێو چەند گرێبەستێکی داراییو چەندین وەزیر بەرتیلیان لێوەرگرت. هەرەسهێنانی ئەم کۆمپانیایە کاریگەری دروستکرد لەسەر متمانەی خەڵکی بە حکومەتەکەیان. ئەگەر"سێر روبرت پۆل" نەبوایە، کە توانی بارەکە ڕاست بکاتەوە ئەوا هویگز دەکەوت.

سێر ڕۆبەرت وەلپۆل، یەکەم سەرۆك وەزیرانی ئینگلیز 1721-1742:

"سێر رۆبەرت وەلپۆل"، کوڕی یەکێ لەخاوەن زەویەکان بوو لە هەرێمی "نورفولك". ولپۆل قوتابی بوو لەزانکۆی کمبرج. هێشتا هەر قوتابی بوو، کە برا گەورەکەی کۆچی دوایی کرد، هەربۆیە سەرجەم موڵكو ماڵی باوکی بووە بەشی. جا لەبەرئەمە باوکی لە زانکۆ هێنایە دەرەوە بۆ ئەوەی کاروباری ئەو موڵكو ماڵە بەڕێوەبەرێت. ئیدی ولپۆل بوو بە پیاوێکی چاپوك لە کرکردندا. "ولپۆل" لەساڵی 1700 چووە پەرلەمانو توانی لە پۆستەکاندا بەرەو پێشەوە بچێتو بەرز بێتەوە. لێهاتویی ئەم لە ژمێرەو بیرکاریدا هۆیەك بوو بۆ ئەم بەرز بوونەوەیە. لەساڵی 1714 بوو بە وەزیر لەحکومەتی هویگز. کاتێك کۆمپانیای "جۆنلوو" هەرەسی هێنا، وەلپۆل تاکە کەسێ بوو کە لە کێشە داراییەکان لەگەڵ کۆمپانیاکە تێوەنەگلا، هەربۆیە بە وەزیری دارایی دیاریکراو، پاشان بوو بە وەزیری یەکەمو سەرۆکی حکومەت. ئیدی چاکسازیو چاکردنی ڕەوشی درایی کەوتە ئەستۆی.

وەلپۆل لە ساڵی 1721 تاوەکو ساڵی 1742 بەردەوام لەم پۆستەدا بوو. لەم ماوەیەدا توانادای لە بەڕێوەبردنی دەوڵەتدا دەرکەوتو، سەلماندی کە ئەو پیاوی

دەوڵەتە. ئەم سیاسەتێکی گرتبووە بەر کە لەگەڵ نەیاران کۆك نەبوو، لە کاتێکدا نەیارانی تۆڵە بەهێز بوو، وە بنەماڵەی هانۆڤەر جەماوەریان لەدەستچوو بوو. وەلپۆل کاتێ هەستیکرد کە چاکسازی کردن لە باجەکاندا ڕوبەڕووی نارەزاییەکی توندی خەڵکی دەکاتەوە، چاکسازی خستە پشتگوێ. ئەمە لەکاتێکدا زۆرینەی پەرلەمان پشتگیری چاککردنی باجیان دەکرد.

لە سیاسەتی دەرەوەشدا وەلپۆل سەیری کرد کە بەرژەوەندی بەریتانیا لەگەڵ هەریەکە لە فەرەنساو ئیسپانیا بەریەکدەکەوێ لە بواری بازرگانیو داگیرکاریدا. بەڵام ئەم سیاسەتێکی ئاشتیانەی گرتەبەر لەگەڵیانو ئاشتی بە پێویست دەزانی بۆ بڵاوکردنەوەی خۆشگوزەرانیو خۆشنودی ئابووریو سەقامگیری لە بەریتانیا. لە سیاسەتی ناوخۆشدا "وەلپۆل" گرنگیدا بە پیشەسازیو هەناردە کردنی کاڵا، بەمەبەستی دەستکەوتنی دراوو کەلوپەلی بیانی. هەروەها باجی سەپێنراوی سەر هەناردەکانی هەڵگرتو باجی لەسەر ئەو هاوردانەش کەم کردەوە کە بەریتانیا پێویستی پێبوو. بەمشێوەیە بازرگانیو پیشەسازی لەسەردەمی ئەودا جموجۆڵی تێکەوتوو بەریتانیا بوو بە خاوەنی باشترین سیستەم لەناو دەوڵەتەکانی تردا، لەڕوی ئابووریەوە.

ڕوبروت ولپۆل بەمانای نوێ دادەنرێ بەیەکەم سەرۆك وەزیران. لەژێر فەرمانداری ئەودا سیستەمی وەزاری گەشەی سەندو سەربەخۆ بوو لەپاشا. کەم جار پادشا لەدانیشتنەکانی وەزیران ئامادە دەبوو. پادشا لەبەرئەوەی بە زمانی ئینگلیزی قسەی نەدەکرد سەرۆکایەتی دانیشتنەکانی بەجێهێشت بۆ وەزیری یەکەم "روبۆرت ولپۆل". ئیدی ئەم دیاردەیە بوو بە بنەمایەکی گشتی لە سەردەمی جۆرجی دووەم 1727-1760، کاتێك ئەمیشیان زمانی ئینگلیزی باش نەبوو. ئیدی بوو بەشتێکی ئاسایی بۆ وەزیرەکان کە جیاوازیەکانیان یەکلایی بکەنەوە پێش ئەوەی پەیوەندی بەشاوە بکەن.

کاتێك پاشا لەتوانایدا نەبوو کاریگەری لەسەر بڕیارەکانیان دروست بکات، بە پێویستی دەزانی کابینەی حکومەت لەم قەوارەیە پێك بهێنێ کە زۆرینەیە لە پەرلەمان، ڕۆبەرت ولپۆل تاکەکەسێ بوو بتوانێ ئەنجومەنی گشتی بەڕێوە بەرێ‌و لێیان تێبگات "لێك تێگەیشتن"، هەر بۆیە لەپۆستەکەی خۆی مایەوە.

پێشتر کابینەی حکومەت بەتەواوی لە قەروارەیەك پێکنەدەهات هەرچەندە زۆرینە بوایە، کاتێك سەیر دەکەین کابینەی هویگز ژمارەیەك لە تۆریەکانی بەخۆیەوە گرتبوو، بەهەمانشێوەش کابینەی تۆری هەندێ لە "هوینگز" بەشداریان تیادا کرد. بەڵام ئەمە لەسەردەمی ڕۆبەرت ولپۆل گۆڕا، بەشێوەیەك کە کابینەی هویگز سەرجەمی ئەندام‌و بەشداری کارانی لە قەوارەی هویگز پێکدەهات. هەروەك گونجانی وەزارەت‌و بەرپرسیاری وەزارەت بوو بە شتێکی پێویست، کە یارمەتی پیادەکردنی هەرجۆرە سیاسەتێکی دا. وە بۆ یەکەم جار وشەی سەرۆك وەزیران لە سەردەمی "سیر ڕۆبەری ولپۆل" بەکاهێنراو کابینە لە پاشا سەربەخۆ بوو، پشتی دەبەست بە متمانە پێدانی زۆرینەی ئەنجومەنی گشتی بۆ مانەوەی لەسەر حوکم.

لەساڵی 1742 دوای ئەوەی "ڕۆبرت ولپۆل" متمانەی زۆرینەی پەرلەمانی لەدەستدا، دەستی لەکار کێشایەوە. نەمانی متمانە بەهۆی یەککگرتنی هەندێ لە گەنجە دیارەکانی قەوارەی هویگز بوو، ئەوانەی "وەلپۆل" لە کابینە دووری خستبوونەوە بەهۆی دژایەتیان بۆ سیاسەتی دەرەوەی وەلپۆل. لەڕاستیدا ئیسپانیا لەم کاتەدا مەترسی دروستکردبوو لەسەر سەقامگیری ئەورووپاو لەگەڵ فەرنساش لە ساڵی 1733 کێشەی خانەوادەییان لەنێوان خۆیان چارەسەرکردو بە ڕێککەوتنێکی ژێربەژێر لەگەڵ یەکترپێکهاتن لەسەر برەودانی هەردوولایان بە سیاسەتی بازرگانی‌و داگیرکاری دژ بە بەریتانیا،واتا:"بەیەکەوە پێکهاتن لەسەر دژایەتی کردنی بەریتانیا. هەر بەهۆی ئەم پێکهاتنەش کێشەی خانەوەدەییان چارە کرد". بەڵام سەرقاڵبوونی فەرەنسا لەم کاتەدا بەجەنگی ویراسەی پۆلندیەوە 1733-1738 هۆیەك بوو بۆ دەرنەکەوتنی

ئاكامی ئەم ڕێككەوتنەو دەرەنجامەكانی. "رۆبەت ولپۆل"یش–بێلایەنی بەریتانیای لەم جەنگەدا ڕاگەیاند، سەرەڕای ئەوەی "ڕۆبەرت ولپۆل" بۆ كۆتایی هێنان بە جەنگو پێكهێنانی پەیوەندی دۆستایەتی لەگەڵ فەرەنساو ئیسپانیا ڕۆڵی ناوبژیوانی دەبینی. ئاشكرابوونو زانینی ئەم ڕێككەتنە ژێربەژێرییە بوو بە هەلێك بۆ نەیارانی" وەلپۆل" لە هەردوو قەوارەكە، ئیدی ئەم هەلەیان قۆستەوە بۆ هێرش كردنە سەر سیاسەتی ولپۆل، كە زیانی گەیاند بوو بە بەرژەوەندی بریتانیا لەبواری بازرگانیو داگیركاریدا. ئیسپانیا تا ئەو كاتەش بازرگانیو داگیرگەكانی ئەمریكای قۆرغ كردبوو، هەروەها كەشتیە ئینگلیزیەكانی لە دەریاكاندا دەپشكنیو بەمامەڵەیەكی خراپو ڕەق مامەڵەی دەكرد لەگەڵ دەریاوانانی ئینگلیز. نەیارانی "ڕۆبەرت وە لپۆڵ" دەستیانكرد بە هێرش كردنە سەر سیاسەتی سەرۆك وەزیران، بەهۆی ئەوەی پارێزگاری نەدەكرد لە بەرژەوەندی بازرگانی بریتانیاو تۆڵەی لە ئیسپانیەكان نەدەسەندەوە.

هاوكات ئەنجومەنی گشتی ژمارەیەك لەو دەریاوانانەی بانگهێشت كرد كە لەلای ئیسپانیەكان توشی سزای جۆربەجۆر ببوون، یەكێ لەوان ئەوەی باسكرد كە ئیسپانیەكان گوێیان بڕیوە، بۆ ئەمەش قتویەكی دەرهێنا هەر دوو گوێچكەی بڕاوی خۆی نیشان دان. جا كاتێك یەكێ لەئەندامانی ئەنجومەنی گشتی پرسیاری لە گوێ بڕاوەكە كردو پێی گووت: "چیت كرد دوای ئەوەی گوێچكەیان بڕی"؟ ئەویش ووتی: "پشتم بە خوداو ووڵاتەكەم بەست بۆ تۆڵە سەندنەوەم(داوام لە خوداو ووڵاتەكەم ئەوەیە كە تۆڵەم بستێنن)" شیاوی باسە ئەو دەریاوانەی بەم شێوە دڕاندانە مامەڵەی لەگەڵدا كرابوو ناوی"كابتن جینكنز" بوو.

ئەم بەسەرهاتەو نمونەی ئەم بەسەرهاتانە ئەوەیان دەردەخست كە دەریاوانانی ئینگلیز لە زیندانەكانی ئیسپانیاو لەسەر دەستی دادگاكانی پشكنین ئەشكەنجە دەدرێنو بە زنجیر كۆت دەكرێن. جا ئەمانە بەس بوون بۆ دەربڕینی بێزاریو ناڕەزایی گەلی ئینگلیزی. "وەلپۆل" هەوڵیدا كێشەكە بە وتووێژ چارەسەربكاتو ئیسپانیا

والێبکات قەرەبووی زیانەکان بدات، بەلاّم نەیارانو ئەوانەی نەیاری ولپۆل بوون، تۆمەتی ملکەچیو بێ هێزییان دایە پالّی. جا کاتێك ڕای گشتی گەلی ئینگلیزی دژی پەیمانبەستنو ڕێککەوتن بوونو بە توندی ناڕەزاییان دەربڕی، ڕۆبەرت ولپۆل لە سالّی1739جەنگی ڕاگەیاند. بەلاّم بەهۆی ئەوەی ئەم جەنگە دژبە ویستو ئارەزووی بوو، دەستی لەکار کێشایەوە. بەلاّم شا "جۆرج" سوور بوو لەسەر مانەوەی.

جەنگەکە لە بەرژەوەندی بریتانیا بوو کاتێ توانی هەندێ سەرکەوتن بە دەستبێنێ. بەلاّم هەلّگیرسانی جەنگی ویراسەی نەمساوی لەسالّی1740، پاشان چوونە ناوەوەی فەرەنسا بۆ جەنگ، بە مەبەستی پارچەپارچەکردنی ئیمپراتوریەتی نەمساوی، وایکرد بەریتانیا ئارەزووی چوونە ناو جەنگە بکات لەدژی فەرەنساو بۆ پاراستنی نەمسا. بەلاّم شا "جۆرج" لە ترسی لە دەستچوونی هەرێمی هانۆڤەر بێ لایەن مایەوە، هەر بۆیە ڕای گشتی گەلی ئینگلیزی ناڕازی بوونو ڕەزامەند نەبوون لەحکومەتی ئینگلیزی و، ئەو حکومەتەیان تۆمەتبار کرد بەوەی بەرژەوەندی هانۆڤەر لەسەروی بەرژەوەندی بریتانیا دادەنێت.

دوای ئەوە لە سالّی1741هەلّبژاردن بەڕێوەچوو. ئەم هەلّبژاردنە بووبە هۆی بردنەوەی ئۆپۆزسیۆن، هەربۆیە "سێرڕۆبەرت وەلپۆل" لەسەرەتای سالّی1744 دەستی لەکارکێشایەوە.

شا "جۆرج"ی- دووەم پێشەوایەتی شالاّوێکی کرد لە دژی فەرەنساو توانی سەرکەتن بەدەستبهێنێ، بەلاّم کوڕەکەی لەتێکهەلّچوونی"فونتینو ی"سالّی1745لە بەرامبەر فەرەنسیەکان تێکشکا. لەم کاتەدا "چارلس ئیدواردی" نەوەی جیمسی دووەم" لە بنەمالّەی ستیوڕات" هەلی قۆستنەوەو بە هاوکاری سکۆتلەندیەکان جەنگیان لەسەر ئینگلترا ڕاگەیاند. وەلێ ئینگلیزەکان توانیان سەربکەون بەسەریانداو لە تێکهەلّچوونی "کلودین" لە سالّی1746 تێکیانشکاندن. بەمەش دواین هەولّی بنەمالّەی ستیورات بۆ گێڕانەوەی تەخت کۆتایی پێهات.

جێگرەوەکانی ڕۆبەرت وەلپۆل تواناداروو چاپوک نەبوون، جگە لە"ولیەم پیت"، بەڵام پادشا بەهۆی ئەوەی ڕقی لە "ولیەم پیت" بوو، ڕێگەی نەدا بچێتە سەر کورسی. وەلێ ڕۆیشتنی ئینگلترا بۆ جەنگی حەوت ساڵەو بێ توانایی کابینە لە هەڵسوڕاندنی جەنگ، پادشای ناچار کرد بانگهێشتی "ولیەم پیت" بکات بۆ سەرۆکایەتی کردنی کابینە.

ولیەم پیتو جەنگی حەوت ساڵە:—

ولیەم پیت بەبێ ئەوەی بەهرەمەند بێت لەهیچ پێگەیەکی سیاسیو کۆمەڵایەتیو سامانێکی زۆر یا پێگەیەکی خانەوادەیی، وەك پیاوێکی دیارو هەڵکەوتوو لە پەرلەمانی ئینگلیزی دەرکەوت. "پیت" خۆی پێگەیاندو لە ڕێگەی بازرگانیەوە سامانێکی زۆری بەچنگ کەوت. بە پشت بەستنیش بەم سامانە چووە ئەنجومەنی گشتی. چاپوکیو سەلیقەیی ئەو لە گفتوگۆکانی پەرلەمان دەرکەوت، بە شێوەیەك بە زمان پاراوترین کەس دادەنرا. هەر لەیەکەم ڕۆژدا نەیاری وەلپۆلی کردو بووبە سازمانی جەماوەر. بەهۆی سیاسەتە وردو جوانەکەی توانی وڵاتەکەی ڕزگار بکات و لەجەنگی حەوت ساڵەدا هێزەکانی فەڕەنسا تێکبشکێنێو کۆتایی بێنێ بە ئیمپراتۆریە داگیرکاریەکەیو خۆی شوێنی بگرێتەوە.

ولیەم پیت هەستی کرد کە ئیسپانیا ڕێکەوتنی ژێربەژێری هەیە لەگەڵ فەڕەنسا بۆ ڕاگەیاندنی جەنگ بەسەر ئینگلتەرادا، هەرچەندە لە جەنگی حەوت ساڵەدا بێ لایەن بوو تاساڵی1759. جا کاتێك پیت پێشنیازی هەڵگیرسانی جەنگی کرد بەسەر ئیسپانیادا، یاوەرانی ڕەتیان کردەوە. بە هۆیەوە"پیت" دەستی لەکارکێشایەوە.

جۆرجی دووەم مردو جۆرجی سێیەمی نەوەی هاتە سەر تەختی ئینگلیزی. "جۆرجی سێیەم" لۆرد بیوتی کردە سەرۆك وەزیران. "لۆردبیوت" جەنگی لەدژی ئیسپانیا ڕاگەیاندو ئینگلیزەکان لە ساڵی 1762 دەستیانگرت بەسەر کوباو مانیلا لەفلیپین. بەڵام هەردوولا لە ئینگلزیو فەڕەنسی جەنگ شەپرێوی کردبوون، هەربۆیە

لـە سـاڵی 1763 لـەپاریس ئاشـتەواییان بەسـت. بـەگوێرەی ئـەم پەیمانـە ئینگلیـز دەستیگرت بەسەر کەنەداو دەسەڵاتی نواند بەسەر ویلایەتـە یـەکگرتووەکانی ئـەمریکا تاوەکو ڕوباری میسیسپی، هەروەها فلۆریدای لە ئیسپانیا چنگ کـەوتو "هاچـانا"ی- بۆ گەڕاندەوە، بەمەش ئیمپراتۆریەتی داگیرکاری فەرەنسی کۆتایی پێهات.

سەردەمی شاجۆرجی سێیەم: 1760- 1820:.

جۆرجی سێیەم لەساڵی 1738 لە ئینگلتەرا لەدایك بووە. باوکی ناوی فردریـك بـوو کە لە ساڵی 1757 کۆچی دوای کرد بە سێ ساڵ پێش مردنی باوکی خـۆی "جـۆرجی دووەم". لەبەرئـەوە تـەخت لـەدوای مردنـی جـۆرجی دووەم درایـە جـۆرجی سـێیەم. "جۆرجی سـێیەم" لەسـەرەتایی دەسـەڵاتیدا گـەلی ئینگلیـزی خۆشدەویستو گرنگـی بەکاروباری وڵاتەکەی دەداو وەك پاشایەك دەیویـست خـۆی حـوکم بکـات. ئـەم مـەیلی بەلای تۆری دابوو، وە بـەهۆی بـەرتیلو ڕاکپـشان تـوانی لەهـەردوو پارتەکـە زۆرینـەی پەرلەمان بەلای خۆیدا کێش بکات.

"جـۆرجی سـێیەم" ولیـەم پیـت ی خۆشنەدەویـست. ئـەم بەرەبـەرە خـۆی لـە وەزیرەکانی هویگز ڕزگار کردو بە تۆریەکان جێگەی گرتنەوە. پاشان "لۆرد بیوت"ی- کردە سەرۆکی وەزیران لە ساڵی 1761. بیوت تا سـاڵی 1763و "پـەیمانی پـاریس" لەسەر تەخت بەردەوام بوو، کە بەگوێرەی ئەم پەیمانـە جـەنگی حـەوت سـاڵە کۆتـایی پێهات. لەگەڵ ئەوەی نەیاری کردنی ئەو ڕێکەوتنە لـە پەرلـەمان زۆر تونـد بـوو، بـەڵام زۆرینە دەنگی پێدا. ئەوانەش کە دژی ڕێککەوتنەکە بوون، سـەرۆکی وەزیـران"بیـوت" لەسەر کارەکانیانو لە پەرلەمان دەریکردن.

بەهۆی ئەوەی بیوت لـە نزیکـانی پاشـا بـوو نـەیتوانی خـۆی بەجـەماوەری بکـات، هەربۆیە ناچار بوو دەست لەکاربکێـشێتەوە. لـەدوای ئەمـەو لـە شەسـتەکانی سـەدەی

هەژدە ژمارەیەك سەرۆك وەزیر هاتنە سەر دەسەلات، لەم ماوەیەشدا کێشەی "جۆنوێلکس" سەریهەلدا کە ماوەیەك بەریتانیای بەخۆیەوە سەرقالّ کرد.

کێشەی جۆن ویلکس:-

جۆن وێلکس خاوەنی ڕۆژنامەی "نورس بریتۆن" بوو. ئەم ڕۆژنامەنوسە بە توندی هێرشی دەکردە سەر سیاسەتی لوردبیوت، هەروەك ڕەخنەی توندی گرت لەوتارەکانی پادشا، کە لەپەرلەمان بۆ پارێزگاری کردن لەپەیمانی پاریس پێشکەشی کرد. بەلام بێ ئەوەی ناوی پادشا بێنێ لەڕەخنەو توانج گرتنەکانیدا. ڕێسای ئەم کاتە وابوو کە وەزیران وتاری پاشایان دەنوسی، هەربۆیە شتێکی بەلگەنەویستە کە بەرپرسیاری دەکەوتە ئەستۆی ئەوان. بەلام پادشا دەورێکی گرنگی دەگێڕاو نەدەترسا لەئەنجام دانی پەیمانەکە، لەبەرئەوە ڕەخنەکان ڕووەو ئەو لێکدەدرایەوە. ئەمە وایکرد فرمانبدا بە گرتنە بەری ڕێوشوێنی یاسایی لەدژی جۆن وێلکس. وە بە ئاشکرا کابینە فرمانیدا بەپشکنینی مالّی وێلکس لە کاتێکدا وێلکس ئەندامی ئەنجومەنی گشتی بوو. جا ئەم ڕێوشوێن گرتنەبەرە لەدژی جۆن وێلکس، سەرپێچی ئاشکرای قانون بوو. لە هەمانکاتدا وێلکس داوای جێبەجێ کردنی یاسای "هیبس کوریس"ی دەکرد، کە بەپێی ئەم یاسایە بەبێ ڕێپێدانی دادگاو روون کردنەوەی تۆمەت، کەس بۆی نەبوو هیچ کەسێ دەستبەسەربکات یان بەند بکات.

بەلام پادشا بەردەوام بوو لەچەوساندنەوەی جۆن وێلکس‌و توانی پەرلەمان ڕازی بکات بە دەرکردنی لەئەنجومەنی گشتی. ئەمجا وێلکس هەلات بۆ فەرەنسا. لەمەوە پەرلەمان بە غیابی بڕیاری لەسەرداو لە دەرەوەی یاسای لە قەلّەم دا.

ئەم توند ڕەویەی کە گیرایەبەر ڕقی خەلّکی هەستاند وسۆزیان بۆ وێلکس جولاّو بە قوربانی دەستی زۆرداریان لە قەلّەم دا، لەمەوە بۆ دەربڕینی پشتگیریان بۆ وێلکس‌و داخوازی بۆ ئازادکردنی، خۆپیشاندانیان دەستپێکرد. لەم ماوەیەدا چەند کابینەیەك

بەدوای یەکتریدا هاتن و چوون. "وێڵکس"یش- لەساڵی 1778 گەڕایەوە ئینگلتراو خۆی پاڵاوت بۆ نوێنەرایەتی. جالەپاش ئەوەی سەرکەوتنی بەدەستهێنا بۆ ئەندام بوون لە ئەنجومەنی گشتی، زیندانیان کرد بەهۆی ئەو بڕیارەی کە بە غیابی بەسەریدا درابوو. بەهۆی ئەوەوە خۆپیشاندان دەستیپێکردو پەرلەمانیش هیچ گرنگی پێنەدا، دواتر ئەم خۆپێشاندانەتەشەنەی سەندو بووە هۆی کوژرانی ژمارەیەك لەخەڵکی. "وێڵکس" بەیانێکی دەرکردو کابینەی تۆمەتبارکرد بەنەخشەکێشی ئەم کوشتارە. لەم کاتەدا سەرجەمی ئەندامانی پەرلەمان ڕێککەوتن لەسەر دەرکردنی وێڵکس لەئەنجومەنی گشتی. پاش دەرکردنیشی چەند جارێك لە هەڵبژاردن دەردەچوو، بەڵام ئەنجومەنی گشتی ڕەتی دەکردەوەو ئەندام بونی وێڵکسی لە پەرلەمان پەسەند نەدەکرد.

لوردنورسی1770-1782

جۆرجی سێیەم کابینەی ڕێکخست بەسەرپەرشتی "لورد نورسی"و تاساڵی 1782 لەم پۆستە مایەوە. "لۆردنورس" پیاوێکی زمانپاراوو ڕەوان بێژبوو لەوتووێژی پەرلەمان، توانی ئەنجومەنی گشتی بەڕێوەبەریّو زۆینە بەدەستبێنیّ. لەبەرئەوە پاشا خۆشی دەیویست. ئەگەر لەپرس‌و ڕاوێژدا بیرکردنەوەیان جیاواز بوایە، "نورس" ناچار بوو فرمانی پاشا جێبەجیّ بکات. لەسەردەمی ئەودا شۆرشی ئەمریکی سەریهەلداو بوو بەهۆی سەربەخۆی ئەم ئەمریکا. پەرلەمانی ئینگلیزی لە ماوەی سەدەی هەژدە لەپەشێوی دابوو، بەشێوەیەك کە گەیاندیە ئاستێکی نزم.

دەستوری ئینگلیزی لە سەدەی هەژدە:.

یەکیّ لە خاڵە جیاکاریەکانی بەریتانیای ئەمڕۆ لەچاو وڵاتانی تر، نەبوونی دەستورێکی نوسراوە. دەستوری ئینگلیزی بریتی یە لە کۆمەڵێك دابونەریت‌و کەلتوری بۆماوەیی‌و گرتنەبەری ڕێوشوێنە حوکمیەکان، کەحکومەتی بەریتانی بەهۆیەوە ڕێکدەخراو هەڵدەسوڕێندرا بەبیّ ئەوەی بنوسرێتەوە: دەستوری ئینگلیزی

بەشێوەیەکی تەدریجی"بەرەبەرە" گەشەی سەندو گۆڕانکاری بەسەرداهات بە درێژایی مێژوو. بەتایبەت لە ئاکامی شۆڕشی ئینگلیزی لە سەدەی حەڤدە. کە دەستوری کردە بەخاوەن تایبەتمەندی خۆی:-

بەگوێرەی یاسا پادشا وەك سەرۆکی دەوڵەتو مەملەکەت مایەوە. وە ئەو یاسایانەی کە دەردەکران و ئەو پەیمانانەی کە دەبەستران و ئەو فەرمانبەرانەبەرانەشی کە دادەمەزران بەناوی ئەوەوەبوو، وتا"بەناوی پادشاوە هەموو ئەمانە ئەنجام دەدران". پادشا سەرۆکی دەوڵەتو کڵێسایە. وەلێ لەڕووی کردەیەوە کابینە بەمانە هەڵدەستاو هەر ئەوانیش بەرپرسیاربوون بەرامبەر پەڕلەمان. ئیدی دروشمی "پادشا خاوەنەو حوکم ناکات" بووبە دروشمی باوو بەربڵاو.

پادشا موچەیەکی ساڵانەی هەبوو، دەسەڵاتیشی کۆتکراو توانای باج سەپاندنو کۆکردنەوەی نەبوو. شا ولیەمی سێیەم لەساڵێکدا"700" هەزار پاوەندی ئیستەرلینی وەردەگرت. وەلێ نەیدەتوانی یاسا دابنێ یاخود لەکاری بخاتو هەڵیوەشێنێتەوە، بەڵام مافی ڤیتۆی هەبوو، لەگەڵ ئەوەشدا لەڕووی کردەیەوە لەسەردەمی شاژنە "ئان"ەوە پەنایان بۆ ئەم مافە نەبردبوو. پادشا دەسەڵاتی بەسەر دادگاکانەوە نەماو نەیدەتوانی دادوەر لەکاربخات، هەرچەندە بڕیارەکانیشی دژی پادشا بوایە. هەروەك یاسای "هیبیس کوربوس" قەدەغەی بەندکردنی هەر کەسێکی کردبوو، مەگەر بەنوسراوی فەرمی دادگاکان، وە دەبوایە تێیدا هۆکاری تۆمەت بارکردنو بەندکردنی ڕوون بکرێتەوەو بە دادوەرییەکی دادگەرانە دادگایی بکرێت.

پادشا بۆی نەبوو سوپا دابمەزرێنێ لە کاتی ئاشتیو بۆی نەبوو حوکمی عورفی ڕابگەیێنیو جەنگ بەرپا بکات. بەهەمانشێوە دامەزراندنی کابینەو هەڵوەشاندنەوەی لەتوانادا نەبوو، ئەم مافەبوو بە مافی پەرلەمان.

کابینە دروستدەکرا لەو پارتەی زۆرینە بوایە لە پەرلەمان، خۆ ئەگەر کابینەی حکومەت متمانەی زۆرینەی لەدەستدابایە، ئەوا کابینەی حکومەت دەکەوت.

دەسـەلاتەکانی پادشـا گواسـترایەوە بـۆ پەرلـەمان، کـە بەهرەمەنـدبوو لـەئازادی ڕادەربڕین. ئیدی پەرلەمان بوو بەدەسەلاتی بالآی دەوڵەتو پێویست بـوو نوێنەرایـەتی دەسەلاتی بالآی دەولـەت بکـات. وە دەبووایـە پەرلـەمان نوێنەرایـەتی گـەلی بـەریتانی بکات. بەلام لەڕاستیدا ئەم نوێنەری بوونە نادادگەری بوو. پەرلەمان پێکدەهات لـەدوو ئەنجومەنی یاسادانان، کەچی یەکێکیان نەیدەتوانی یاسا دابنێت.

بەهۆی ئەوەی کورسیەکانی پەرلـەمان بەشـێوەیەکی دادگەرانـە دابەشـنەکرابوو بـۆ سەرجەم خەلکی، شـارە تازەکـان بـێ بەشـبوون لـە نوێنـەری پەرلـەمانی یـا ئەنـدامی پەرلەمان، کەچی شارە کۆنەکانو تەنانەت شارە وێرانو کاولەکانیش ئەندامیان هـەبوو بەبێ ئەوەی لە ئاراداهەبن یاخود قەرەبالغ بن بەدانیشتوان. هەرچـەندە لـە هەنـدێ لـە شارەکان هەلبژاردن لـەژێر دەسـەلاتی خاوەنکارەکـان دابـوو، بـەلام لـە شـارەکانی تـر خانەدانانو گەورە بازرگانەکان بالآدەست بوونو هەنـدێ جـار بـەبێ هەلبـژاردن ئەنـدام بوون لەپەرلەمان. خاوەن سامان وخاوەن کـارو ئەرسـتۆکراتو گەورەسـەرمایەدارەکان لەئەنجومـەنی گـشتی ئەنـدام بـوون و، هـەموو هۆکـارێکی وەك: هەرەشـەو بـەرتیل ودامەزراندنیان دەگرتەبەر بۆبەیهێنانی ئامانجەکانیان.

ئائەوە بـوو پەڕلـەمانی بـەریتانی لـە سـەدەی هـەژدە، کـە نوێنەرایـەتی کـەمێك لـە دانیـشتوانی بـەریتانیای دەکـرد. ئـەم کەمـە خەلکـەش بریتـی بـوون لەخانـەدانو دەوڵەمەندو خـاوەن سـامانەکان. سیـستەمی دەسـەلات هـیچ کـات دیمـوکراتی نـەبوو، بەلکو ئۆلیگاریکی بوو کە دەستەیەك لەخانەدانان بالآدەست بوون تیایـداو سیاسـەتیان وەك پیشەیەکی تایبەت بەخۆیان سەیردەکرد.

لەساڵی 1707 سکۆتلەنداو ئینـگلتڕا بەتـەواوی یەکیـەتیان پێکهێنـاو پەڕلـەمانیش ڕەزامەندی لەسەر نیشاندا. ئیدی لۆردو ئەندامە ئینگلیزو سکۆتلەندیەکان لەپەڕلـەمانی لەندەن بەیەکەوە کۆدەبوونەوە. لێرەوە ئینگلتڕا نـاونرا بـەریتانیا. بـەلام ئەمـە بـواری ئاینی نەگرتەوە کاتێك کلێسای سکۆتلەندی مایـەوەو جیـاوازبوو لەکلێـسای ئینگلیـزی.

پەرلەمانی نوێ باڵادەست بوو بەسەر دورگەی بریتانیاو ئیمپراتورییەکەی. حکومەت حاکمی بەسەر داگیرگەکان دادەناو یاسای دەردەکرد بۆ بەڕێوەبردنو کۆکردنەوەی باج تیایدا.

سەبارەت بە ئێرلەندە، لە سەدەی دوازدەوە پاشاکانی ئینگلیز هێرشیان دەکردەسەرو پەلاماریان دەدا، جا بەتێپەڕینی ڕۆژگار کەوتنە ژێر دەسەڵاتی ئینگلترا. ئێرلەندییەکان بێگانە بوون بەلای ئینگلیزەکانەوەو دەستیانگرتبوو بەکڵێساکەیانەوە کە کاسۆلیکی بوو، ئینگلتراش نەیتوانی ئاینزای خۆی بسەپێنێ بەسەریانداو وایان لێبکات دەستبەرداری کاسۆلیکیزم بن. ئێرلندیەکان لە هەمبەر ئینگلیز لەسەر بنەمای"دوژمنی دوژمنم دۆستمە" کاریان دەکرد. ئەوان هاوکاری هەر دەوڵەتێکیان دەکرد کە دژایەتی ئینگلترای بکردایە، وەك ئیسپانیاو فەرەنسا. هەروەها پارێزگارییان لەچارلسی یەکەمو جیمسی دووەم دەکرد دژ بە پیۆریتانە توندەکانی پەرلەمانی ئینگلیزی. پرۆتستانتەکان لەباکوری ئێرلەندەو لەهەرێمی "ئالستر" نیشتەجێ بوون بۆ گەردن کەچکردنی کاسۆلیکەکان، بەڵام لەم سیاسەتە هیچ سودو کەڵکیان نەبینی، جگە لەدروستبوونی ڕقو کینە لەنێوان ئێرلەندیە قین لە دڵەکان. ئێرلەندە پەرلەمانێکی هەبوو، بەڵام لەسەدەی پازدەوە پەرلەمانی ئینگلیز دەبوایە ڕەزامەندی بنوێنێ لەسەر ئەو یاساو بڕیارانەی کە دەریاندەکرد. بارودۆخیان لەسەدەی حەڤدە خراپتر بوو، کاسۆلیکەکان لەپەرلەمان یاساغ کران و پەرلەمان کەوتە ژێر دەسەڵاتی ئەرستۆکراتە پرۆتستانتەکانی ئینگلیز، لەوانەی کە کرمۆویل لە ئێرلەندە نیشتەجێی کردبوون.

بە کورتی سیستەمی دەسەڵاتی ئینگلیز لەسەدەی هەژدە دەسەڵاتێکی دەستوری پەرلەمانی ئۆلیگاریکی بوو، بە دەستی ئەرستۆکراتیەکان لەخانەدانانو گەورە سەرمایەداران بوو، هیچ کات دیموکراسی نەبوو. ئەم پەرلەمانە فەرمانڕەوایی ئیمپراتۆرییەکی فراوانی دەکرد. هەموو هۆکارێکی دەگرتە بەر بۆ زیادکردنی دەسەڵاتی بریتانیاو پەیداکردنی سامو شکۆمەندیو بەرمێن خستنی بەرژەوەندیە ئابوریەکانی.

لەسەردەمی کابینەی درێژخایەنی "لۆرد نورس" شۆڕشی ئەمریکا هەڵگیرساو دواتر سەربەخۆی ئەمریکای لێکەوتەوە لەساڵی 1783. ئەمە گورزێکی گەورەبوو کە بەریتانیای حەپەساند. توانجو ڕەخنەگرتن لە سیستەمی دەسەڵاتی ئینگلیزی دای لەزیادبوون. "تۆماس پین" یەکێ بوو لەڕەخنەگرانو دەڵێ:"سیستەمی دەسەڵاتی تازەی ئەمریکا نزیکە لەفەلسەفەی جۆن لۆکو بیروڕاکانی جۆن مڵتن، وە ئەمان نزیکترن لەم ئایدیاو فکرانە وەك لە سیستەمی دەسەڵاتی ئینگلیزی ڕاوەستاو لەسەر پەڕلەمان، کە تیایدا ئەرستۆکراتیەت باڵادەستەو ئازادی خەڵکی کۆتو تەوقی خراوەتە سەرو لەگەڵ فەلسەفەی ڕۆشنگەری ناسازێت. کاتێك شا"جۆرجی سێیەم" بینی کە حکومەتە کۆنەپارێزەکەی ناپەسەند بووەو لەلایەن خەڵکیەوە نەویستراوە، "لۆردنورس"ی- لاداو حکومەتێکی تازەی دامەزراند لەساڵی 1782بۆ چاکسازی کردن.

چاکسازیەکان پەڕلەمان:-

لەناو ئەو چاکسازیانەی کە حکومەتی ئینگلیزی پێی هەستا، سەربەخۆکردنی پەڕلەمانی ئێرلەندی بوو لەساڵی1782، هەروەها کاسۆلیکەکان مافی ئەوەیان پێدرا کە لە هەڵبژاردنەکانی پەڕلەمانی ئێرلەندیدا دەنگ بدەن. پاش ئەمە لەساڵی 1800 ڕەوشەکە زیاتر بەرەپێشەوە ڕۆیشت، ئەمەش کاتێ پەڕلەمانی ئێرلەندیو پەڕلەمانی ئینگلیزی بەیەکەوە گرێدران، لەسەر هەمان ڕەچەی پەڕلەمانی سکۆتلەندیو ئینگلیزی ساڵی 1707. ئیدی دوای ئەمە بۆماوەی سەد ساڵ ئینگلتەڕا بە دەوڵەتی یەکگرتووی بەریتانی ئێرلەندی ناودەبرا.

داواکاری بۆچاکسازی پەرلەمانو دانانی کۆت لەسەر سیستەمی پاشایی هەربەردەوام بوو، پێویست بوو پەرلەمان زیاتر نوێنەرایەتی کردنی خەڵکی بنوێنێ، ئەمەش بەفراوان کردنی بنکەی هەڵبژاردنو نەهێشتنی بەرتیلو لایەنگری"خزم

خزمێنە"و بەدیهێنانی بنەماکانی دیموکراتی دەهاتەدی. ئەو بنەمایانەی کە هەموو دەم شۆڕشگێڕانی شۆڕشی ئینگلیزیو شۆڕشی جەلیلەی ساڵی1688بەسەر زاریانەوە بوو.

چارلس جیمس فۆکسو بانگەشەکانی چاکسازی:-

زۆرینــەی ئەوانــەی داواکـاری چاکـسازیان دەکـرد لـەحیزبی هـویگز بـوون. هـویگز ئەوپارتە بوو کە بەهۆی گەندەڵکاریەوە پارتی تۆری بێ بەشـی کردبـوو لـە دەسـەڵات. گەندەڵیش لە ڕێگـەی لایـەنگریو بـەرتیلکاری یـەوە پـەیدا دەبـوو. "چـارلس جـیمس فـۆکس"1749- 1806یـەکێك بـوو لـە بـەناوبانگترینی ئـەو کەسـانەی کـە داوای چاکسازیان دەکرد. فۆکسو جێنیشین"وەلی عەهد"ناویـان دەرکـرد بـوو بەسـەرخۆشو هەوەسباز، ئەمەش بووبە هۆی ئەوەی کە نەتوانێ بێتـە سـەر دەسـەڵات. وەلێ لەگـەڵ ئەوەشدا فۆکس پیـاوێکی بـەتواناو ووتاربێـژێکی زمـان پـاراوبوو، حـەزی لەچاکەکردن دەکرد لەگەڵ هەژارانو چەوسـاوانو هێرشـی دەکـردە سـەر سیاسـەتی کۆنەپەرسـتیو فەرمانبەرە گەندەڵەکان. بەڵام بەهۆی ئەوەی نەیتوانی پێگـەی سیاسـی خـۆیو ژیـانی تایبەتی خۆی لەگەڵ یەکتر بگـونجێنێ سـەرکەوتنی بەدەستنەهێنا. لەخـەم خـواردنی بۆچاکسازی پرۆژەیەکی پێشکەش کـرد بۆچاکـسازی پەرلـەمان کـە لەشـەش داواکـاری پێك هاتبوو:

1-دەنگدانی تـەواو بـۆ نێرینـە2-نوێنەرایـەتی پەرلـەمانی بـە گـوێرەی دانیـشتوان بێت.3-پێدانی موچە بە ئەندام پەرلەمان بۆ ئەوەی هەژارانیش بتوانن خۆیان بپـاڵێون بۆ پەرلەمان.4- لابردنی مەرجی خاوەنداریەتی بۆ ئەندام پەرلەمان. 5- پیـادەکردنی دەنگدانی نهێنی. 6- هەڵبژاردن ساڵانە بێت بۆ پەرلەمان.

فوکس بەهۆی کەمی پشتیوانی لەئەنجومـەنی گـشتی، نـەیتوانی ئـەم پرۆژەیـە بـەم شـێوەیە بنێـرێو پێـشکەشی پەرلـەمانی بکـات. ئیـدی ئـەم ڕێوشـوێن گرتنـە کەوتـە ئەستۆی ولیەم پیتی بچوکی.

ولیەم پیتی بچوک:- 1759-1806:-

"ولیەم پیت"کوڕی پیتی گەورەی ناسراو بە "ئێرل ئۆف جاتام"ە. پیتی بچوک لە کلاسیکدا دەیخوێندو لەگفتوگۆ کردندا چاپوكو لێهاتوو بوو، خۆی ڕاهێنابوو لەسەر وتاربێژی. لە تەمەنی بیستو یەك ساڵی پیاوێکی زمان پاراوو سیاسیو زیرەك بوو، هەرچەندە لەڕووی جەستەییەوە لاواز بوو، بەڵام کەسێك بوو متمانەی بەخۆی هەبوو. "پیت" خۆی کاندید کرد بۆ پەرلەمانو توانی ببێتە ئەندامی پەرلەمان لەپارتی هویگز، لەگەڵ ئەوەی کە لەسەرجەم ئەندمان بچوکتر بوو، بەڵام توانی ڕێزو سەنگی خۆی بپارێزێو وابکات لە ئەنجومەندا ڕێزی لێ بگیرێ.

ولیەم پیتی بچوك توانی پارتێکی نوێ دروست بکات، بۆ کۆنپارێزەکانی تۆری. ئەوانەی چاکسازی پەرلەمانو نەهێشتنی گەندەڵی ویستو مەبەستیان بوو. "پیتی بچوك" کەسێکی خۆشەویست بوو جوامێریو حەزکردنی بە چاکسازی هۆیەك بوو بۆ بە جەماوەر بوونی، هەروەك هۆیەکیش بوو وای کرد ببێتە سەرۆك وەزیران لەلایەن شاجۆرجی سێیەم. "ولیەم پیت" بووە جێگەی سەرنجی کۆنپارێزەپێشینەکانو پیاوانی ئاینی لەوانەی پشتیوانی پاشا بوون. وە لەهەڵبژاردنی1784 "پیت" زۆرینەیەکی زۆری بەدەستهێنا.

پاش ئەوە چاکسازی نزیك بوویەوەو "پیت" کاتی بە گونجاو زانی بۆچاکسازی. ئەمەش بەکەمکردنەوەی بازرگانی کۆیلەو ئازادی ڕۆژنامە گەری. "پیت" گەڵاڵەنامەیەکی پێشکەشی پەرلەمان کردو تیایدا داوای کرد ئەو ناوچانە لەهەڵبژاردندا لا ببرێن، کە وێرانەو بێ دانیشتوانن. ئەمجا دابەشکردنی کورسی ئەم ناوچانە بەسەر ئەو ناوچانەی کە دانیشتوانی تیادا کۆبۆتەوە. بەڵام پێش ئەوەی ئەم چاکسازیانە کۆتاییان پێ بێت، شۆڕشی فەرەنسی سەریهەڵداو چاکسازییەکانی پەنجا ساڵ دواکەوت، واتا نزیك تاساڵی1832[1].

W.E.op.cit;pp.505-526;541-563،cunt 1

گەشانەوەی ئابوری و پێشکەوتنی کشتوکاڵی لە ئینگلترا

ئینگلترا نزیك تا کۆتایی سەدەی حەڤدەیش ولاتێکی کشتوکاڵی بوو. حکومەتە جۆراوجۆرەکان بەتایبەت "تۆری" سیاسەتی کشتوکاڵیان دەگرتەبەر. شایانی باسە زۆربەی ئەوانەی لە پارتی "تۆری" دابوون لەخاوەن زەوییەکان بوون. پەرلەمانی ئینگلیزی ڕەسم و باجی خستەسەر دانەوێڵە بەمەبەستی پاراستنی بەرهەمی ئینگلیزی لەکێبڕکێی دەرەکی. لەهەمان کاتیشدا حکومەت بڕێك هاوکاری پێشکەشی خاوەن زەویەکان دەکرد لەهەر بشلێك دانەوێڵە کە بەرهەمیان دەهێنا ئەگەر هاتباو نرخی فرۆشتنەکەی کەمتر بوایە لەشەش شلن لەیەك بشل دا. ئەم سیاسەتە لەسەدەی هەژدە بەردەوام بوو تاوەکو پەرلەمان زنجیرەیەك یاسای تایبەت بەدانەوێڵەی دەرکرد. مەبەستیش لەمە زیادکردنی ڕێژەی کشتوکاڵی دانەوێڵە بوو، هەروەها بەرزکردنەوەی نرخی مەوادی خواردەمەنی بوو بۆ دەوڵەمەندانی دێهات. لەملاشەوە پەرلەمان و گەورە خانەدانەکان هاوکاری پرۆسەی پەرژین کردنی زەویە کشتوکاڵیەکانیان دەکرد، ئەمەش بە بەیەکتر بەستنەوەی ناوچەکان و پاشان پێکهێنانی کێڵگەیەکی گەورە و فراوان بۆ خۆیان، ئینجا قەدەغەکردنی جوتیاران لە سود وەرگرتن لەو زەوییانە.

ئەو جەنگە ئەوروپیانەی کە لۆیسی چواردە لەنێوان1689-1714 هەڵگیرساندن، ئاکامەکەی بەسودی ئینگلترا تەواو بوو، کاتێك توانی داگیرگەی زۆر لە ئەمریکای باکورو دورگەی هیندی خۆرئاوا بۆخۆی مسۆگەر بکات، کە بەهۆیەوە بازرگانی ئینگلیزی گەشانەوەی بەخۆیەوە بینی. هەروەك بووەهۆی بەستنی چەند پەیمانێکی بازرگانی. وەك ئەوەی هەستا بەبەستنی پەیمانی"میسون" لە ساڵی1703 لەگەڵ پرتوگال، کە بەهۆیەوە پرتوگال بوو بە دۆستی ئینگلتراو هەڵدەستا بەناردنی بادە[1]، لەبەرامبەریشدا کەلوپەلی ئینگلیزی هاوردە دەکرد.

1بادە–عەرەق

حکومەتی ئینگلیزی لەساڵی 1694هەستا بە دامەزراندنی بانکی ئینگلترا، گەلی ئینگلیزیش نزیکەی یەك ملیۆن‌و دووسەد هەزار پاوەندی ئیسەرلینیان خستە ناوی، حکومەتی ئینگلیزیش پارەی لەم بانکە بە سودی 8٪ قەرز دەکرد. بەم شێوەیە سامان‌و داهات لەم وڵاتەدا لەئەنجامی فراوان بوونی بازرگانی‌و داگیرکاری کەڵەکە بوو. هەروەها بەکۆبوونەوەی سەرمایە لەدەستی خاوەن زەویەکان، شێوازێکی نوێ لە سەرمایەداری کشتوکاڵی‌و بازرگانی سەریهەڵدا. ئەمانە ئەندامی دیارو گەورەبوون لەکۆمپانیا بازرگانیە گەورەکان، ئەم ئەندامانە هەستان بە بەکارهێنانی سەروەت‌و سامانیان لە چاککردنی بواری کشتوکاڵیدا.

زیاد کردنی بەرهەمی کشتوکاڵی بوو بە پێویستیەکی سەرەکی بەهۆی ئەم جەنگانەی کە لە چارەگی کۆتایی سەدەی حەڤدەو سەرەتای سەدەی هەژدە لەنێوان ئینگلتەراو فەرەنسا هەڵگیرسابوون. هەروەك پیشەسازی خوری گەشەی سەندو بازرگانی ئینگلتەرا فراوانی بەخۆیەوە بینی‌و ژمارەی دانیشتوان بەخێرایی زیادی کرد، ئەمەش بارودۆخی زۆرێك لەخەڵکی ناجێگیر کرد، بەوەی کە هۆیەکی تریان شك نەدەبرد بۆ زیادکردنی موادی خۆراکی وماددەی خاو. ئەویاسایانەشی کە "کرۆمۆویل‌و چارلسی دووەم" دەریان کرد"یاسای کەشتیوانی‌و یاسای دانەوێڵە" تەنها جەخت کردنەوە بوو لەسەر پارێزگاری کردن لە بازرگانی ئینگلیزی‌و بەرهەمی کشتوکاڵی لەکێبڕکێی دەرەکی، هەروەها هەولێکیش بوو بۆ زیاتر بەرهەمهێنانی کشتوکاڵ لەئینگلترا. ئەوەی کەجێگەی سەرنجە ئەوەیە کە زیادکردنی بەرهەمی کشتوکاڵی هەروا کارێکی سانا نەبوو، چونکە ئەمە پێویستی بە دەکارهێنانی میکانیزمی زانستی هەبوو، لەم کاتەشدا ئامێری تازەی کشتوکاڵی لەئارادا نەبوو، هەروەك زانیاری زانستی لەبواری کشتوکاڵی لە بەردەستدا نەبوو، بەهەمانشێوە لەڕووی داراییەوە توانادار نەبوون، بەڵکو دارایی تەنها لەدەستی گەورە سەرمایەدارەکان‌و خاوەن زەوی وسامانەکان بوو. هەربۆیە دەبێت بەلامانەوە ئاسایی بێت کاتێك ببینین ئەوانەی هەستاون بە شۆڕشی

کشتوکاڵی دەوڵەمەندو خانەدانەکان بوون، ئەوانەی کە زەویەکی زۆریان لە بەردەستدابوو.

شۆڕشی کشتوکاڵی :-

یەکەم کەسێ کە دەستیکرد بە شۆڕشی کشتوکاڵی‌و بەناوبانگترینیان "جیسرۆ تول" (1740-1674) بوو. "جیسرۆ تول" کوڕی یەکێ لەخاوەن زەویەکانی "یۆرك شایەر" بوو لەئینگلترا. "جیسرۆ" یاسای لە لەندەن‌و کلاسیکی لەئۆکسفۆرد خوێند، پاش ئەمە هەستا بە سازدانی گەشتێك بەناو کیشوەری ئەورووپاو دوای گەڕانەوەشی لەناوچەکەیدا نیشتەجێ بوو. جیسرۆ هەوڵێکی زۆریدا بۆ زیادکردنی بەرهەمی کشتوکاڵی. بەهۆی ئەزمونی تایبەتی خۆی لە کشتوکاڵدا توانی تۆوی چاك‌و گەند لەیەکتری جیا بکاتەوە، وە دەریخست کە چاندنی تەنك دەبێتە هۆی بڵاوبوونەوە و، کێڵانی بەردەوام هۆیەکە بۆ بەرهەمهێنانی تازە(زیاد بوونی بەرهەم). جیسرۆ بە کرێکارانی خۆی هۆشداریدا لەوەی کە تۆودان بە شێوەیەکی کەڵەکەو خڕبوونەوە نەچێنن، وە لەسەر یەکتری‌و لەیەك جێگادا نەیان وەشێنن، بەڵکو بەشێوەیەکی ڕیز ڕیزو لەیەکتری دوور تۆودان بوەشێنن، بۆ ئەوەی بە جوانی سود وەرگرێ لەڕوناکی‌و هەوا، هەروەها بۆ ئەوەی گیای زیانبەخشی لێ جیابکرێتەوە. کاتێك کرێکارانی لەسەر ئەمە سکالایان لێی کرد بەوەی کاری زیادەیان پێدەکات، "جیسرۆ" ئامێری کێڵانی زەوی داهێنا کە تۆودانەکەی بەشێوەیەکی ئۆتۆماتیکی خێرا دادەچاند. بەم شێوەیە جیسرۆ توانی بەرهەمی خۆی زیادبکات لەشەش بوشل لە یەك دۆنم دا، بۆ بیست‌و چوار بوشل لە یەك دۆنم.

لە هەمان کاتیشدا "فیسکۆت تاونسید1674-1738"، بە بەکارهێنانی شێوازو میکانیزمی جیسرۆ لەکشتوکاڵ کردندا توانی بەرهەم زیادبکات. هەروەها ڕێگەیەکی تازەشی خستە سەر داهێنانەکەی "جیسرۆتول"، کە خۆی دەبینیەوە لەبەکارهێنانی

خولی داچاندنی یەك لەدوای یەكو لەیەكتر جیاواز لەچەند ساڵێكی بەدوای یەكدا، بەچاندنی گەنمو جۆو لۆبیاو شێلم، كە ئەمانە چوار ساڵ دەخایاند واتا "هەر ساڵەو بابەتێكی دەچاند". هەروەها بە بەكارهێنانی پەینی چاكو نایاب، "تاونسید" توانی دوو ئەوەندەی جوتیاران بەرهەم بهێنێ.

لەلایەكی ترەوە "ڕوبرت پاكویل 1725-1775" شێوەیەكی تری خستە سەر شێوازەكانی "تاونسیدو جیسرۆ"، ئەمیش چاككردنی ئاژەڵ بوو، بەتایبەتی ئاژەڵی شیرەمەنیو ئاژەڵی بەكارهێنراو لە كشتوكاڵ. گرنگترینیان چێڵو پەزو ئاژەڵی بەرز "ئەسپو ئێستر". لەئەنجامی تاقیكردنەوەكەیدا گۆشتی فرۆشراو لەنێوان ساڵانی 1710-1795 سێ ئەوەندە زیادی كرد. ئیدی دوای ئەمانە خانەدانانو پادشاكان هەستان بە بەكارهێنانی ڕێگەو شێوازی تازەو نوێ لەكشتوكاڵداو هەروەها چاكترکردنی ئاژەڵان. لەم نێوانە جۆرجی دووەمی شای ئینگلترا هەستا بە بڵاوكردنەوەی كتێبەكەی جیسرۆ، كە لەبارەی كشتوكاڵدا نوسی بووی لەساڵی 1730. "جیسرۆ زانیاریو ئەزمونەكانی لەكتێبێكدا نوسی لەساڵی 1730". خەڵكیش دەستیان كرد بەبڵاوكردنەوەی ئەم زانیاریانە لەئینگلتراو كیشوەری ئەوروپا.

بەناوبانگترینی ئەوانەی كە زانیاریان لەبارەی كشتوكاڵی تازە بڵاوكردەوە "ئارسەرپونك" بوو 1741-1820. ئارسەر نوسەرێكی ئینگلیز بوو، هەروەك یەكێكیش بوو لەخاوەن زەویەكانی ئینگلترا. ئارسەر نەیدەتوانی بەو داهاتە كەمەی زەویەكانی بژی، هەربۆیە دەستی كردە نوسین لەبارەی كشتوكاڵی تازە لەڕۆژنامەی "ڕوداوە كشتوكاڵیەكان" كە بە هۆیەوە كاریگەری لەسەر خەڵكێكی زۆر دروست كرد لەئینگلتراو كیشوەری ئەوروپاو ئەمریكا. جگە لەمە ئارسەر هەستا بەڕێكخستنی گەشتێكی زۆر لەئینگلتراو ئەوروپا و، لیكچەری پێشكەش دەكرد لەفەرەنساو پروسیاو ئەمریكاو، هانی خەڵكی دەدابۆ پیادەكردنی ڕێگەو شێوازی نوێ لەكشتووكاڵ كردندا. جا لەئەنجامی بەكارهێنانی ئامرازو میكانیزمی زانستی لە

کشتوکاڵدا کێڵگەکانی ئینگلترا بوون بە کێڵگەی تاکەکەسی "تایبەت"، کە ژمارەیەك خانەدانان‌و سەرمایەدار لە چینی ئەرستۆکراتی خۆیان دەکردە خاوەنی. کێڵگە بچووکەکان کەم بوونەوەو خرانە پاڵ کێڵگە فراوانەکان، ئەمەش لەڕێگەی پەرژین کردن. بەو بیانوەی کەمیکانیزمی نوێ لە کشتووکاڵدا ناتوانێ بەرهەم زیادبکات ئەگەر لەناوچەیەکی فراون نەبێت. ساکاتێکیش ئەمەپێویستی بەخەرجی‌و تێچونێکی زۆر بوو لەتوانای کەسێك دانەبوو پێی هەستێ، جگە لە دەوڵەمەندو خانەدان‌و سەرمایەداران، کە ئەمانە بەهۆی بالآدەستیان بەسەر پەرلەمان‌و هەروەها هەبوونی توانای داڕشتنی یاساو قانونی پێویست لەهەمبەر پاراستنی کێڵگەکانیان، وەك یاسای دانەوێڵە، دەیانتوانی پڕۆسەکە جێبەجێ بکەن‌و قازانجی زۆر بەدەستبێنن.

ئەوەبوو لە ئەنجامی پێشکەوتنی زانستی لەبواری کشتوکالدا، بەرهەمی کشتووکاڵی دای لەزیادی‌و کرێی زەوی کشتووکاڵی بەرز بوویەوە، هەروەك داهاتی سالأنەی کشتووکاڵ زیادیکردو نرخی کرێی کرێکارانی کشتووکاڵیش لەسەدەی هەژدەدە بەرزبۆوە.

بەشی یازدەهەم

ململانێی داگیرکاری لە هەردوو سەدەی حەڤدەو هەژدە

ململانێی داگیرکاری لە هەردوو سەدەی

حەڤدەو هەژدە.

پێشەوا پێشینەکان:-

ئیسپانیاو پرتوگال دوو دەوڵەتی داگیرکار بوون و بازرگانی خۆرهەلاتو داگیرگەکانی ئەمریکایان لەسەرەتای دۆزینەوە جوگرافیەکانەوە تاوەکو کۆتایی سەدەی شازدە بۆ خۆیان قۆرغ کردبوو. ئینگلیزو فەرەنسیەکانیش ئەو گەڕان ودۆزینەوە کەمانەیان نەقۆستەوە کە لەکۆتایی سەدەی پازدەو سەرەتای سەدەی شازدەپێی هەستان.

بەلام کاتێك بازرگانی خۆرهەلاتو داگیرگەکانی ئەمریکا بەرهەمو قازانجێکی زۆری باراند بەسەر پرتوگالو ئیسپانیا، ئینگلیزو فەرەنسیەکانیش چاویان لە ئەوان کردو دەرکیان بەگرنگی بازرگانیو داگیرگەکان کرد. لەسەردەمی شاژنە ئیلیزابێس 1558-1603 ئینگلترا دەستیکرد بە شالاوێکی دەریایی کە لەڕێگەی ڕفاندنو چەتەکاریو بازرگانی کۆیلەوە ئەنجامی دەدان. لە بەناوبانگترینی ئەوانەی کە هەلدەستان بەو کارە، جۆن هوکنز بوو 1532-1595. "هۆنکنز" شاری بلیموس شوێنی لەدایکبوونی بوو، هەر لەوێش دەستیکرد بە کاری بازرگانی زنجەکان لەگەل پرتوگالیەکان. ئەوان زنجەکانیان لەغینیا لە کەناری خۆرئاوای ئەفریقاوە دەهێناو پاشان دەیانگواستەوە جیهانی نویٚ، هەر لەوێش دەیانفرۆشتن بە داگیرکەرە ئیسپانیەکان. جا "هوکنز" لە شەستەکانی ئەم سەدەیە دەستیکرد بە شالاوەکانیو لە قازانجیشدا بەشی شاژنە ئیلیزابێسی دیاری کرد. هۆکنز لەحەفتاکاندا بەشێوەیەك دەولەمەند بوو، کەوەك سەرمایەدارێك خۆی نواند. چەندان هەلمەتی ڕێکخست بۆ کارکردنو سەرقال بوون بە بازرگانی کۆیلەو هێرش کردنە سەر داگیرگەکانی ئیسپانیا لەئەمریکاوڕفاندنی کەشتیە پڕ لەزێڕەکانی ئیسپانیا لەکاتی گەڕانەوەیان لەئەمریکا. هەروەها هەستا بەڕێکخستنی کەشتیگەلی ئینگلیزی لەژێر سەرپەرشتیاری پاشایەتی.

جگەلەمە وەك ئەدمیرالێك لەجەنگی ئارمادا ڕۆڵێکی گرنگی گێڕا لەڕێگری کردن لە کەشتیەکانی ئیسپانیا. شیاوی باسە هۆکنز خۆی وەك پیۆریتانە توندڕەوەکان حیساب دەکرد.

ئیلیزابێس بە فەرمی ئامۆزای "جۆن هۆکنزی" کرد بەبریکاری خۆیو دەسەلاتی پێدا، کە ناوی "سێرفرانسیس دریك"(1545-1595) بوو. ئیلیزابێس بۆ مەبەستی هەستانی بە کاری چەتەییو ڕفاندن ئەوی بەم شێوەیە لەخۆی نزیك کردەو. دریك توانی لەسەر حیسابی ئیسپانیەکان ناوبانگو سامانێکی زۆر بەدەستبهێنێ. لە سالی 1577 هەستا بە ئەنجامدانی گەشتێکی دەریایی بە دەوری جیهان، کە سێ سالی خایاند، ئەم گەشتە دووەمین گەشت بوو لە دوای گەشتەکەی ماجەلان. دریكو یاوەرانی لەڕێگەیاندا هەلدەستان بەکاری چەتەییو ڕفاندن. ئەمانە کەشتەیەکانیان بەو شتومەکانە پڕکردبوو کە لەئیسپانیەکانیان بە تالان بردبوو لە ڕێگەدا. هەروەها "تۆماس کاڤیدش" یەکێکی تر بوو لەپیاوە سەرکێشەکانی ئینگلیزو، هەستا بە ئەنجامدانی گەشتی سێیەم بەدەوری جیهان 1586-1587، کە نزیکەی دوو سالو پەنجا ڕۆژی خایاند. ئەویش وەك پێشینەکەی خۆی لەهەرکوێ بۆی لوابا چەتەیی دەکرد. هەربۆیە کاتێك گەڕانەوە دەریاوانەکان ئاوریشمیان دەپۆشی، هەتا گوتراوە:" چارۆگەی کەشتیەکەی داپۆشرا بوو بە ئاوریشمی بەزێڕ نەخشکراو".

"سێر همفری گیلبرت 1539-1583، والتد ڕایلی 1552-1618 " لەو سەرکێشە بەناوبانگانە بوون. "گیلبرت" بەهۆی ڕێگریو چەتەییەوە قازانجێکی زۆری کردو بەژداری کرد لەجەنگی هۆلندای دژ بە ئیسپانیا. بەلام هۆی ناوبانگی ئەو هیچ کام لەوانە نەبوو، بەلکو بەهۆی ئەمەوە بوو کە باوەڕی وابوو دەتوانرێ لەڕێگەی باکور واتا ڕێگەی دەریای باکور، یاخوود باکوری ڕۆژهەلات بگەی بە هیندو چین، بەو پێیەی ئەم ڕێگەیە کورتترین ڕێگەیە بۆ گەیشتن بە هیند لە ئینگلتراوە. جا باوەڕەکەی خۆی خستە بواری جێبەجێ کردنو لەگەل ژمارەیەك لە هاوڕێیانی لەسالی (1578-

1579) ڕێگەی باکوری گرتە بەر. کەچی هەوڵەکانی بەهۆی سەهۆڵبەندی دەریاکان شکستی خوارد، بەلاّم هۆکارێکیش بوو بۆ زیادبوونی زانیارییە جوگرافیەکان‌و بالأدەستبوونی بەریتانیا بەسەر ڕاوگەی ماسی لە دەریاکانی باکور، بەتایبەت نەهەنگ. لەلایەکی تریشەوە "گلیبرت" داگیرگەی "سنتجون"ی لە نیوفاولاندو لە ساڵی 1583 بنیاتنا. لەگەڵ ئەوەی نیشتەجێگەی یەکەم شکستی هێنا، بەلأم بەردەوامیان لەکاری داگیرکاری بووە هۆی پێکهێنانی ئیمپراتوریەتی داگیرکاری لە کەنەدا.

"والتد ڕایلی" کە لەسەرەتادا ناومان هێنا، یەکێ بوو لەنزیکانی شاژنە ئیلیزابێس، بەهۆی هێرشکردنی بۆ سەر داگیرگە ئەمریکیەکان‌و بازرگانیەتی ئیسپانیا، سامان‌و ماڵێکی زۆری بەدەستکەوت. ئەم سامانەیشی بەوپەڕی دەستکراویەوە لەپرۆژەکانیدا خستەکار. گلیبرت بەژداریکرد لە دامەزراندنی داگیرگەی نیوفاولاندو ناوی لێینا ڤیرجینیا. هەروەها لە دورگەی "رونوك" لە"نورس کارلانیا" چەند داگیرگەی تری دامەزراند، جا هەرچەندە ئەم داگیرگەیە بەردەوام نەبوو، بەلأم بەهۆی ئەم شەپۆلە کۆچکردنانە کە لەدوایدا بەردەوام بوون بۆ سەری، ئەم ناوچەیەی بەتەواوی ئاوەدان بوویەوە.

ژمارەیەکی بەرچاو لە سەرکێشە توندو چاوقایمەکان، ویلایەتە یەکگرتووەکان‌و کەنەدایان ئاوەدانکردەوە، وە لە پشتەوەی کارە سەرکێشیەکانیان قازانجێکی بێ شوماریان دەستکەوت، لەم قازانجەش بەشی ئیلازابێسیان دابین دەکرد، هەمویشی بەناوی پرۆتستانتیەتی دژ بەکاسۆلیکیەت بوو.

بەڕاستی ئینگلترا ئەو دەوڵەتە بوو، کە بە هاوکاری هۆڵندی‌و فەرەنسیەکان قۆرغکاری ئیسپانیای تێکشکاند. لەدوای جەنگی ئارماداش دەریاوانانی ئینگلیز لە دژی ئیسپانیا لەدەریاو زەریاکان بلأوبوونەوەو دەستیانکرد بە بازرگانی کردن لەگەڵ خۆرهەلأت‌و خۆرئاواو هەستان بە دامەزراندنی چەندین کۆمپانیاو شەریکە. ئیدی

بەهۆی ئەمانەوە سامانێکی زۆر بۆ ئینگلترا هەڵڕژاو ژمارەیەکی زۆر لەخەڵکی لەئەرستۆکراتیو چینی ناوەندو خەڵکانی سەرکێش بوونە خاوەنی سامانێکی زۆر.

لەسەردەمی جیمسی یەکەم بازرگانی کردن هەربەردەوام بوو، بەلاّم هێرشو پەلامار بۆ سەر کەشتی ئیسپانیەکان کۆتایی پێهات، ئەمەش بەهۆی سیاسەتی ئاشتی خوازانەی جیمس لەبەرامبەر ئیسپانیا. هەروەها شەریکەو کۆمپانیای بازرگانیان دامەزراندو یەکەمینی ئەو کۆمپانیایانە کۆمپانیای "مۆسکۆڤی" بوو، کە لە سەردەمی "ماری تیۆدۆر" بۆ بازرگانی کردن لەگەڵ ڕوسیا دامەزرێندرا. ئەم بازرگانیە لەگەڵ ڕوسیا لەسەردەمی ئیلازابێسو جیمسی یەکەم هەر بەردەوام بوو، بەلاّم بەهاتنی "پترسی گەورە" پچڕانی تێکەوت.

لە پێناوی قۆرغکردنی بازرگانی خۆرهەلاّتی لوتکەی ئاواتو بازرگانی کردن لەگەڵ ئەو ولاّتانەی کە لەژێر دەستی ئەوروپادا نەبوون، لەساڵی 1600 بەریتانیا کۆمپانیای هیندی خۆرهەلاّتی دامەزراند. لە سەرەتادا هەندێ سەرکەوتنی بەدەستهێنا، بەلاّم دوای نوێ کرانەوەی بەربژاریەکان لە ساڵی 1609، وە زیادبوونی سەرمایەداران بە بەردەوامی، کۆمپانیای هیندی خۆرهەلاّتی بوو بە سەرچاوەیەکی گەوری سەروەتو سامانی ئینگلیز لەهیند. ناوەندی ئەم کۆمپانیایە لە شاری"سورات" لە کەناری خۆرئاوای هیندستان بوو. کەشتیگەلی ئینگلیزی توانی پرتوگالیەکان لە هەندێ لە شارەکانی کەناری خۆرئاوا دەربکاتو دەستیش بگرێت بەسەر بەندەری گرنگی "مزولی باتام" لە کەناری خۆرهەلاّت. لەساڵی 1622 کەشتیگەلی کۆمپانیا دەستیگرت بەسەر دورگەی هورمز یاخود تەنگەی هورمزو پرتوگالیەکانی لەوێ دەرپەڕاند. بەهۆی ئەمەش بناغەی ئیمپراتۆریەتی بازرگانی ئینگلیزی لەهیندو ئێران داڕێژرا.

لە سەردەمی جیسمی یەکەم پیۆریتانە توندڕەوەکان دەستیانکرد بە کۆچکردن ڕووەو ئەمریکا. شاری "جیمس تاون" لەسەردەستی ئەوان بنیات نرا، هەروەها شاری "بلیموس" لە کەناری "نیوئاینگلند" لەسەر دەستی بەشێکی تر لەو پیۆریتانانەی کە

کۆچیان کردبوو لە ساڵی 1620بنیات نرا. ئیدی لەم کۆچڕەوانەوە کۆچکردنی ئینگلیزەکان بۆ ئەمریکا ڕێچکەی گرت. دواتر لە بەشێکی تایبەت باسی دەکەین.

هەروەها چەند نیشتەجیگەیەکی تری ئینگلیزی لەساڵی 1630لە بوستن پەیدابوو، هەروەها لە"پرۆڤیدس" لە 1636، وە لە "هارتفۆرد" لە 1636،جگە لەمەو لە ساڵی 1638 لە "نیوهایڤن" نیشتەجێگە دروستکرا. ژمارەی دانیشتوانی فەرجێنیا دای لەزیادیو "لۆرد بیتیمۆر" نیشتەجێگەی "میریلاند"ی- لە ساڵی1634 بنیاتنا. هەروەها ئینگلیزەکان دەستیانگرت بەسەر دورگەی "سنت کریستۆفەر"و "باربادوس" لەساڵی 1625. وە توانیان دەستبگرن بەسەر "نیفیس"و "مونتیسیرات" لەدورگەی هیندی خۆرئاوا.

گەورەبوونی بازرگانیو داگیرکاری فەرەنسی :-

وەنەبێ تەنها بەریتانیا چاوی بەدوای بازرگانیەتی ئیسپانیاوە بوبێو تەنها ئەویش هەوڵی نەهێشتنی ئەم قۆرغکاریەی دابێ، بەڵکو فەرەنساش هەوڵی زۆریدا بۆ لەباربردنی قۆرغکاری ئیسپانیا لەبواری بازرگانیو داگیرکاری. سەرمایەداریەت لەفەرەنسا گەشەی دەکردو فەرەنسیەکان بە خەستی کێبڕکێیان لەسەر بازرگانیو قازانج دەکرد. کێبڕکێی داگیرکاریش لەنێوان ئینگلتراو فەرەنسا لە هەردوو سەدەی حەڤدەو هەژدە زۆر خەستو خۆڵ بوو. فەرەنسیەکان لەسەردەمی لۆیسی دوازدەو فرانسوای یەکەم، دەستیان کرد بە دامەزراندنی ناوەندو مەرکەز لەئەمریکا. هەروەها دۆزەرەوەیان هەبوو بۆ گەڕانو پشکنینو بە جیهاندا. بەناوبانگترینی دۆزەرەوەکانیشیان "فیرازانواو کارتیل" بوون. بەمەبەستی دەستبەسەرداگرتنی کەشتیو داگیرگەکانی ئیسپانیا، ئەدمیراڵ "کۆلینی" هانی فەرەنسیەکانی دەدا بۆ هەڵکوتانە سەر کەشتیو داگیرگەکانی ئیسپانیاو پرتوغالو تالان کردنیان، بەتایبەت لەفلۆریداو بەرازیل. داگیرکاریەکانی فەرەنسا لەسەردەمی هنری چوارەم هەر بەردەوام

بوو. یەکێ لەو سەرکێشە فەرەنسیانە ناوی "سموئیل چاپلن" بوو، کە توانی ڕووباری سنت لۆرنس بدۆزێتەوەو شاری کیویکیش لەساڵی 1608 بنیات بنێ. فەرەنسیەکان پێش ئەوەی بگەنە نیوەی سەدەی حەڤدە، کەنداو ئاکادیا "نوڤاسکوشیا"یان-داگیرکردو بازرگانی فەرو"کەوڵ" ماسیو تەختەیان لەئەمریکای باکور بۆخۆیان قۆستەوە. جگە لەمانەش فەرەنسەیەکان بەشداریان دەکرد لەبازرگانی کۆیلە لە کەناری خۆرئاوای ئەفریقا.

بازرگانی هۆڵنداو داگیرکاری هۆڵندی:-

لە نیوەی سەدەی حەڤدە هۆڵندا لەدوای ئیسپانیاو پرتۆگال دەهات لە چالاکی بازرگانیو داگیرکاریدا. هۆڵندا ولاَتێك بوو کە سودمەندبوو لە داگیرگەکانی ئیسپانیاو بازرگانی پرتوگال. هەربۆیە بووبە دەوڵەمەند ترین دەوڵەتی ئەورووپا لە سەردەمی چارلسی پێنجەم. ساکاتێکیش هۆڵندا جەنگی هەڵگیرساند لە دژی فلیپی دووەمو شوێنگرەوەکانی، ئاکامەکەی بۆ ئەوان زیانو کارەسات باری نەبوو، بەڵکو سەرکەوتنو سەربەخۆیی بوو. هۆڵندا لەساڵی1595-ەوە-دەستیکردبوو بە ئەنجام دانی بازرگانی کۆیلە لە کەناری غینیای ئەفریقای خۆرئاوا. وە لەساڵی 1595 یەکەم شالاَویان بۆ هیندو دورگەی هیندی خۆرهەلاَت (دورگەی بهار) نارد. پاش ئەمەو لە ساڵی 1602 دوای ئەوەی بە کۆمپانیای پێشوویان گرێ دا، کۆمپانیای هیندی خۆرهەلاَتی هۆڵندیان دامەزراند. دواتر پرتوگالیەکانیان لە "سەیلانو جاوەو سومترا" دورگەی بهار "ملاقە" دەرپەڕاند. ئەو سەرکەوتنەی کە هۆڵندیەکان لەساڵی 1606 لە ملاقە بەدەستیانهێنا لەبەرامبەر کەشتیگەلەکانی پرتوگالیو ئیسپانیو هەروەها تێکشکاندنی پاشماوەی کەشتیگەلەکانی ئیسپانیا لە"جبل تاریق" لە ساڵی 1607، هۆیەکی کاریگەربوو بۆ نشوستی هێنانی ئیسپانیاو پرتوگال، هەروەك هۆیەکیش بوو بالاَدەستبوونی هۆڵندا بەسەر دەریاو ڕێگە بازرگانیەکان.

دوای زاڵ بوونیان بەسەر ناوچەکاندا "جۆن کوین" هەستا بە بەڕێوەبردنی ئەم ناوچانەو بەستنی پەیمان لەگەڵ سەرکردەی ناوچەکان لەو شوێنانەی کە دەیانکرد بە ناوەند یاخود دامو دەزگایان لێ دادەمەزراند. ئەمەش نیمچە دورگەی "مالایەو فورامەوزاو بورینوو سیلیبیس"، هەروەها بەشێکی "نیوگینیا"و کەناری خۆرئاوای ئوستورالیای گرتەوە. هەموو ئەمانە هۆڵندایان کردە ئیمپراتۆریەتێکی بازرگانیو داگیرکاری. نابراو"کوین" شاری "باتاڤیا"ی لە ساڵی 1619 لە دورگەی "جاوە" بنیاتنا، وەك ناوەندێك بۆ ئەم ئیمپراتۆریەتە.

ئیدی لە دوای ئەمە هۆڵندا لە بواری بازرگانی خۆرهەلات بەتایبەت خۆهەلاتی دوور"چین، یابان، هیند" جێگەی دەوڵەتە گەورەکانی گرتەوە. پاش ئەمە دەریاوانی هۆڵندی "ئەبیل تاسمان" (1603–1653) بەدەوری ئوستورالیادا سوڕایەوەو نیوزلەنداو دورگەی "تونگاو فیجی" دۆزیەوە. بەهەمانشێوە دەریاوانێکی تریان لەساڵی 1645 دەستیگرت بەسەر دورگەی "سنت هیلانە". لە ساڵی 1645 کاتێك لە نزیك لوتکەی ئاوات گەردەلولو باوبۆران کەشتیەکانی تێکشکاندن، ئەوان لە نزیك شوێنی ڕوداوەکە هەستان بە بنیاتنانی شاری "کاپتۆن"و داگیرگەی ئەفریقای باشور.

لەهەمان کاتدا بناغەی داگیرکاری هۆڵندیان لەئەمرکا داڕشت، ئەمەش بە دەستگرتنیان بەسەر بەڕازیل لەساڵی 1624، هەروەها دورگەی "توبوگو"و "کراسا"یان–لەهیندی خۆرئاوا 1632–1632 لە ئیسپانیایان سەند. هەندێ لە هۆڵندیەکان لەدۆڵی ڕوباری هەندسن نیشتەجێ بوونو لەسەر ڕێژگەی ئەو ڕوبارە شاری نیو ئەمستردام یان– بنیاتنا "نیوۆرك ی ئەمڕۆ"، وە بە 150 میل لە باکوری ئەم شارە قەڵایەکیان دروستکرد بەناوی قەڵای ئۆرنج و، سەرجەم ناوچەکەشیان بە نیوزلاند"زەویە نزمە نوێیەکان" ناوزەد کرد. بەم شێوەیە لەنیوەی سەدەی حەڤدە هۆڵندا جێگەی ئیسپانیاو پرتوگالی گرتەوە لە بواری بازرگانیو هەبوونی داگیرگەدا لەئاسیاو ئەفریقیاو ئەمریکا. وە بووبە ڕکەبەری سەرەکی ئینگلتراو فەرەنسا

بەشێوەیەك ولاّتە ئەوروپییەكان ئێرەییان بە خۆشگوزەرانی هۆلّندا دەبردو چاویان تێبڕیبوو.

جەنگی بازرگانی لەنێوان ئینگلتەرا و هۆلّندا :-

دەولّەمەندبوونی هۆلّنداو هەولّدانی بۆ پاوانكردنی بازرگانیو قۆرغكردنی داگیرگەكانو دورخستنەوەی خەلّكانی تر لەم كایە، بووە هۆی پەیدابوونی ناڕەزاییو ڕكەبەری كرانی. هەروەها بووە هۆیەك بۆ دەولّەتە گەورەكان كە هەولّدەن قۆرغكاری هۆلّندا تێكبشكێنن. فەرەنساو ئینگلتراش لەپێشەوەی ئەم دەولاّتانە بوون. بێ گومان گەشەكردنی سەرمایەداری دەوری گرنگی لەم كایەدا دەگێڕاو وای لەهەریەكە لە دەولّەتە سەرمایەدارەكان كرد كە بەرژەوەندی ئابووری بخەنە پێش تەواوی پرسە نەتەوەییەكان.

لەماوەی سەدەی حەڤدە زنجیرەیەك جەنگ لەنێوان ئینگلتەڕاو هۆلّندا هەلّگیرسا. كێبڕكی كردنی ئەم دوو ولاّتە لەزەریای باكوری ئەتلّەسی لەسەر ڕاوگەكانی ماسی دەستی پێكرد، وە لە هیندی خۆرئاواو كەناری ئەفریقای خۆرئاوا لەسەر بازرگانی كۆیلەو ناوەندە بازرگانیەكان دەستی پێكرد. دامەزراندنی داگیرگەی زەویە نزمەكان "لەباشوری نیوئاینگلاند" كاریگەری گەورەی هەبوو لەدروستكردنی مەترسی لەسەر فەرجێنیا. كۆمپانیای هیندی خۆرهەلاّتی هۆلّندی ڕێگری كرد لەنوێنەرانی كۆمپانیای هیندی خۆرهەلاّتی ئینگلیزی لەمەڕ ئەنجامدانی هەر چالاكیەكی بازرگانی لەگەلّ دوورگەی بەهار" هیندی خۆرهەلاّتی". وە لەسالّی 1623 كەشتیگەلی هۆلّندی هەستا بە سازدانی كوشتارگەیەك بۆ بازرگانە ئینگلیزەكانو سەرجەم بازرگانە ئینگلیزەكانی لەوێدا كوشت. شیاوی باسە ئەم كوشتارگەیە بە كوشتارگەی "ئامبۆیانا" ناوی دەركرد.

لەساڵی 1651، حکومەتی کرۆمۆویل یاسای کەشتیوانی دەرکرد، کە بەگوێرەی ئەم یاسایە دەبوایە بازرگانی ئینگلیزی لەسەر کەشتی ئینگلیزی بێت. لەمەوەشەوە ڕێگری کرد لە هۆڵندیەکان لە بازرگانی کردن لەگەڵ ئینگلیزەکان بەشێوەیەکی ڕستەوخۆ. لەم کاتەشدا زنجیرەیەك جەنگ لەنێوان هەردوولادا هەڵگیرسا. ئەم جەنگانە لەنێوان ساڵانی 1652- 1654هەڵگیرساو هۆڵندیەکان بەسەرکردایەتی ئەدمیراڵ "دی رویتر" و" فان ترومب" سەرکەوتن بەسەر ئینگلیزەکان. بەڵام هەندێ سەرکەوتنی ئینگلیزەکان هۆڵندیەکانی والێکرد بە پێی پەیمانی "ویستمنسری" ساڵی 1654دەستبەرداری ناوەندەکانی بازرگانی ببن لە هیندی خۆرهەڵات بۆ ئینگلیزەکان. هەروەها هۆڵندا قەرەبووی کوشتارگەی "ئامبۆیانا"ی بۆ ئینگلیزەکان کردەوە. وە لەئەنجامی شۆڕشێك کە لەبەڕازیلو لەدژی هۆڵندا بەرپابوو لەساڵی 1623، هۆڵندا دەستبەرداری بەرازیلو تەواوی داگیرگە بچوکەکانی ئەمریکای باشور بوو بۆ پرتوگال.

جەنگی دووەمیش کە لەنێوان ئینگلتەڕاو هۆڵندا هەڵگیرسا، لەساڵی 1665 دەستی پێکردو تا 1667بەردەوام بوو. "دی رویترز" کەشتیەکی ئینگلیزی لەڕێژگەی ڕوباری تایمز سوتاندو دانیشتوانی لەندەنی تۆقاند. بەڵام سەرکەوتنی ئەمجارەش بۆ ئینگلیزەکان بوو کاتێك توانیان دەستبگرن بەسەر شاری نیو ئەمستەردامو ناویان لێینا نیویۆرك.

جەنگی سێیەمیش لەساڵانی 1672 تا ساڵی 1674 بەردەوام بوو. ئەم جەنگەش لەئەنجامی کارە دوژمنکاریەکانی لۆیسی چواردە بوو بۆسەر هۆڵندا. چارلسی دووەمی پاشای ئینگلتەڕا لەم کاتەدا بەهۆی ئەوەی باوەڕی وابوو کە هۆڵندا مەترسی گەورە دروستدەکات لەسەر بازرگانی ئینگلیزی، هاوپەیمانی لۆیسی کرد. وەلێ پەڕلەمانی ئینگلیزی باوەڕی وابوو کە هۆڵندا بەهیچ شێوەیەك لەشێوەکان نابێتە مەترسی لەسەر بازرگانی ئینگلیزی، بەڵکو ئەوە فەڕەنسایە کە دەبێتە دوژمنی یەکەم لەداهاتوودا. لەمەشەوە هەریەکە لە چارلسو جیمسی برای سیاسەتێکی ئەم بەرەو ئەم بەرەیان

پیادە کرد لەهەمبەر هۆلنداو فەرەنسا. واتا" هەرجارەو لایەنگری لایەنێکیان دەکرد". لەم ماوەیەداو تا ساتی هەلگیرسانی شۆڕشی جەلیلە، ئینگلتەڕا هاتە ئەو باوەڕەی کە ڕۆڵی هۆڵندا کۆتایی پێهاتو فەرەنسا تاکە ڕکەبەری بەردەم مەزنبوونیانە. ئیدی لەساڵی 1689ەوە- ململانێی ئینگلیزیو فەرەنسی دەستیپێکردو تا سەدەی نۆزدەی خایاند.

ململانێی ئینگلیزیو فەرەنسی

فەرەنسا لەئەمریکا:-

لەکۆتاییەکانی سەدەی پازدەوە فەرەنسیەکان بە ڕاوکردنی ماسیەوە خەریك بوون لەکەنارەکانی کەنەدا. فرانسوای یەکەمی پاشای فەرەنسا لەساڵی 1524 "فیرانزاوای" ناردە ئەمریکا. دواتر لەساڵانی 1534-1542سێ شاڵاوی تری وەڕێخست بەسەرکردایەتی "جاك کارتر". ئەمەیان توانی دۆڵی ڕوباری "سنت لۆرنس" تاوەکو "مۆنتریاڵ" بدۆزێتەوە. وە کاتێك "سموئیل چاپلن" لەساڵی 1608شاری "کیوبك"ی دامەزراند، ئینگلیزەکان پێش ئەوان بەساڵێك شاری "جیمس تاون"یان- لەفەرجێنیا بنیات نابوو. "چاپلن" ژمارەیەك دەریاچەی دۆزیەوەو پەیوەندیەکی دۆستانەی بەهێزی لەگەڵ هیندیە سورەکان بەست. کاتێك "چاپلن" لەساڵی 1635مرد، فەرەنسیەکان دەستیانگرتبوو بەسەر ڕووبەرێکی بەرفراوانی کەنەدا کە فراوانتر بوو لەڕووبەری فەرەنسا. ئەم ناوچەیەش بریتی بوو لە نێوانی دۆڵی ڕووباری "سنت لۆرنس"و دەریاچە گەورەکان. ئەم ناوچەشیان ناونا فەرەنسای نوێ.

کاردینال "ڕیشیلیۆ" لەساڵی 1627 بۆ وەبەرهێنانی ناوچە داگیرکراوەکان "فەرەنسای نوێ" کۆمپانیایەکی فرە بەشی دامەزراند. ئەوەندەی نەبرد کە ئەم کۆمپانیایە بازرگانی فەروی قۆرغکرد لەم ناوچانەی کە ئەم بازرگانیە دەیگرتەوە. حکومەتی ڕیشیلیۆ مەرجی کرد لەگەڵ کۆمپانیا بەوەی چوار هەزار فەرەنسی

نیشتەجێ بکات لەماوەی پازدە ساڵو بۆماوەی سێ ساڵیش بیانژیێنێ لەدوای گەیشتنیان بە ئەمریکا. لەساڵی 1637 کۆمپانیا تەنها دوو کێڵگەی دامەزراندبوو، فەرەنسیە دواینەکانیش بریتی بوون لە سەربازانو قەشەو بازرگانانی فەروو فەرمانبەران. هەندێ لەفەرەنسیەپرۆتستانتەکان نیشتەجێ بوون لەناوچەکانی بەرازیلو فلۆریدا، بەلاَم لەناو دانیشتوانی ئەم ناوچانە توانەوە. ڕێگە نەدەدرا فەرەنسیە پرۆتستانتەکان کۆچ بکەن بۆ ئەمریکا، ئەوانەیشی توانیان کۆچ بکەن، دوورگەی "کاریبی" یان- هەڵبژارد، ئەمە لەکاتێدا ژمارەیەکی زۆر لەفەرەنسیەکان لەکەنەدا بوون.

لەسەردەمی لۆیسی چواردەش کۆلیبێر سیاسەتێکی نوێی گرتەبەرو لەساڵی1674کۆتایی هێنا بە کۆمپانیاو کارگێڕیەکی ڕاستەوخۆی بەسەر ناوچەکەدا سەپاند. لەساڵی 1672 کۆلیبێر "کومت دی فۆرتیناک"ی- دامەزراند وەك فەرمانڕەوای گشتی بە سەرناوچەکە بۆ بەڕێوەبردنی فەرەنسای نوێ. "فۆرتیناك" تا ساڵی 1698بەردەوام بوو لەفەرمانڕەوایی کردن. بێجگە لەساڵانی 1682 بۆ 1689. "فۆرتیناك" فەرەنسای نوێی بە ئاراستەی خۆرئاواو باشور فراوان کرد. لە ساڵی 1673"لۆیس جولێت" لەڕوباری میسیسپی تاوەکو ئۆرکنسا دۆزیەوە. هەروەها "سوێر دی لاسال" ویلایەتی "وێنوی" دۆزیەوە. وە لەساڵی 1682لە ڕوباری میسیسپی دابەزیو تەواوی ڕوبارەکەی دۆزیەوەو دۆڵی ئەم ڕوبارەی بەهی فەرەنسا دانا بەبێ گەیشتنی بە "نیو ئۆرلین". وە ناوی لێینا "لویزیانا". "لاسال" لەیەکێ لەشالاَوەکانیدا لەلایەن کۆمەڵەکەیەوە کوژرا. بەلاَم هەرچۆنێك بێت نیشتەجێگەیەکی فەرەنسی دامەزراند لە کەنداوی مەکسیك لەساڵی 1699. بەم شێوەیە فەرەنسا تۆوی ئیمپراتۆریەتی خۆی لە ئەمریکادا چاند، کە لە ڕێژگەی ڕوباری سنت لۆرنس ەوە- درێژ دەبوویەوە بۆ ڕێژگەی ڕوباری میسیسپی.

فەڕەنسیەکان تەنها بە نیشتەجێبوونیان لە دۆڵی ڕوباری سنت لۆرنسو کەنەدا ئۆقرەیان نەگرت، بەڵکو بەشێکیان لە " نیوئاینگلاند" نیشتەجێبوون. بەهەمانشێوە چوونە دۆڵی ڕوباری میسیسپیو لەساڵی 1717شاری " نیوئۆرلین"یان- بنیاتنا. هەروەك چەند شارێنکی تری وەك: سنت لویسو دیترۆیتیان بنیاتنا.

ئینگلیزو فەڕەنسیەکان لەئەفریقا:-

ئینگلیزەکان داگیرگەیان دروستکرد لەکەناری زیڕو کامبیا لەئەفریقای خۆرئاوا. ئەمە لەکاتێدا فەڕەنسیەکان نیشتەجێ بوون لەڕێژگەی ڕوباری سەنیگال ومەدغەشقەر لەکۆری. ئەم ناوەندە ئەفریقیانەش وێستگەی بازرگانی کۆیلەو زێڕو عاج بوون. وە ئەفریقا ئاوەدان نەبوویەوە تا هاتنی سەدەی نۆزدە. لە زێڕی غینیاشەوە وشەی جنیە "گینیا"ی ئینگلیزی وەرگیرا.

ململانێی ئینگلیزی وفەڕەنسی لە هیند

هیندستان لەسەدەی حەڤدە:-

هیندستان لەهەموو وڵاتێکی جیهان زیاتر سەرنجی ئەورووپیەکانی بۆلای خۆی ڕاکێشاوە. هەربۆیە ئامانجی وڵاتە ئەورووپیەکان لەکۆتاییەکانی سەدەکانی ناوەڕاستەوە گەیشتن بووە بە هیند. نیمچە کیشوەری هیند لە ڕووی ڕووبەرەوە بە قەدەر نیوەی ئەورووپا دەبێتو ژمارەی دانیشتوانی لەسەدەی حەڤدەدا نزیکەی دووسەد ملیۆن کەس بوو. دەمێك بوو ئەورووپیەکان دەیانویست بەرهەمەکانی هیند لە لۆکەو کەتانو بەهاراتو ئاوریشمو بەردی بەنرخو دروستکراوە ڕەنگینەکان بەدەسبخەن.

هیندستان لەلایەن بنەماڵەیەکی مەغۆلی موسڵمانەوە لەسەدەی شازدەوە فەرمانڕەوایی دەکرا. ئیمپراتۆری گەورە لە ساڵانی 1555 بۆ 1605مەزنترین

ئیمپراتۆری ئەم بنەماڵەیە بوو کە سیاسەتێکی لێبوردەییانەی پیادە کرد لەگەڵ ڕەگەزو ئاینە جۆربەجۆرەکانو دەرفەتی بۆ کایەی بازرگانی ڕەخساندو لەسەردەمی ئەودا هیند یەکگرتووی بەخۆیەوە دی. لەدوای ئەمیش چەند ئیمپراتۆرێکی بەهێز هاتنە سەر دەسەلآت کە هونەر لەسەردەمی ئەواندا پێشکەوتنی بەخۆیەوەبینی. لە جوانترین شاکارە هونەریو تەلارسازیەکانی ئەوکاتەش مزگەوتی "تاج المحل"ە-کە لەبەردی مەڕمەڕی سپی بنیاتنراوە لەنێوان سالآنی 1635- 1653، ئەم شاکارە بۆتە جوانترین شاکاری هونەری لەجیهانداو ڕەنگدانەوەی هونەری ئیسلامی لەخۆیدا بەرجەستە دەکات.

لەڕووی کارگێڕیەوە ئیمپراتۆرە دواینەکان لە"دەلهی"ەوە- فەرمانڕەواییان دەکرد بەسەر ناوچەیەکی بەرفراوان کە دابەشکرابوو بەسەر ژمارەیەك ویلایەتو لەڕێگەی نوێنەرەکانەوە فەرمانرەوایی دەکران. ئەوانە زۆرینەیان شێوەیەك لەسەربەخۆیان هەبوو لە هەرێمەکانیان. بەلآم زۆرینەی هیندۆسەکان گوێڕایەڵیان بۆ ئیمپراتۆری مەغۆلی هەبوو. ئەوروپیەکانیش ئەمەیان بەخاڵی لاوازبینیو قۆستیانەوە بەشێوەیەك کە لەسەدەی دواتردا خۆیان سەپاند بەسەر هیندو ئیمپراتۆرەکان.

پرتوگالیەکان لەناو ئەوروپیەکان یەکەم خەڵکانێك بوون کە لەسەردەمی "ڤاسکۆدیگاما" وە- ناوەندی بازرگانیان لە هیند دامەزراند. هۆڵندیەکانیش لە کۆتایی سەدەی شازدەوە بەسەر پرتوگالیەکاندا سەرکەوتنو شوێنیان گرتنەوە لەسەرەتاکانی سەدەی دواتردا. لەم کاتەشدا ئینگلیزەکان دەستیان کرد بە ڕێکخستنی شالآوەکانیان بۆ هیندو باشوری خۆرهەلآتی ئاسیا. وە لە ساڵی 1611ئینگلیزەکان یەکەم وێستگەی بازرگانیان لە" مزولی بتام" دامەزراندو، لە1612 لەساڵی لە "سورات" وێستگەیەکی تریان کردەوە. کەشتیگەلی کۆمپانیای هیندی خۆرهەلآتی ئینگلیزی چەند جارێك لەگەڵ پرتوگالیەکان ڕووبەڕوو بوویەوەو توانی لەساڵی1622پرتوگالیەکان لە

دوورگەی "هۆرموز" دەرپەڕێنیّ کە دەکەوێتە دەروازەی کەنداوی عەرەبی. هەروەها لەساڵی 1689 ئینگلیزەکان سێ ناوەندی سەرەکی بازرگانیان لە هیند وەچنگ کەوت.

یەکەم: کیلیکتا: لەڕێژگەی ڕووباری کەنج لەسەر کەنداوی پەنغاڵ, کە لەساڵی 1786 بنیاتیان نا. بەلاّم دڵنیانین لەوەی کە ئینگلیزەکان توانیان بەرگری لێبکەن و بیپارێزن لەئیمپراتۆری مەغۆلی یاخود نەیانتوانی. دووەم: "سێر فرانس دەی" کە قەلاّی "سەنت جۆرج"ی بنیات نا لەساڵی1640لە باشوری میدراس. سێیەم: شاری " بۆمبای" لەسەر کەناری خۆرئاوای هیند کە ئینگلیزەکان لەساڵی 1662 وەچنگ خۆیان خست. ئەمەش وەك مارەیی کچی پاشای پرتوگال بوو کە درایە چارلسی دووەمی پاشای ئینگلتەرا.

فەرەنسیەکان لە هیندستان:-

لە سەردەمی "هنری چوارەم" لە ساڵی 1604 حکومەتی فەرەنسی" کۆمپانیای هندی خۆرهەلاّتی فەرەنسی" دامەزراند. وەلێ دامەزراندنی ناوەندی بازرگانی لە سورات تاساڵی1668 بە درەنگ کەوت. فەرەنسی و هۆڵندی و ئینگلیزەکان تاوەکو کۆتایی سەدەی حەڤدە کێبڕکێیان لەگەڵ یەکترنەدەکرد. بەلاّم دامەزراندنی مەرکەزی بازرگانی لە"شاندرناغار" لەساڵی1672 لە نزیك "کیلکتا"، هەروەها مەرکەزێکی تریش لە دووری سەد میل لە"میدارس"، بوونە مەترسی گەورەو پەیوەندی هەردوو دەوڵەتی بەرەو ئاڵۆزی برد لە هیندستان.

تێکچوونی پەیوەندییەکانی نێوان ئینگلیزو فەرەنسیەکان لە داگیرگەکان:-

پێشتر ئەوەمان ڕوونکردەوە کە فەرەنسا بە لەسەرخۆیی هاتە نێو گەمەی داگیرکاری، کەچی لەگەڵ ئەوەشدا بوو بە دەوڵەتێکی ڕکابەرو بەهێزی بریتانیا. لێرەوە سەلماندنی هەبوونی خۆیان و پیشاندانی هێز وەك جاران نەمایەوە کە بریتی بێت لە بنیاتنانی ناوەندی بازرگانی و دروستکردنی قەلاّ، بەڵکو سەلماندنی بوونی هێزو

دەسەلأت لە گۆڕەپانی جەنگدا نیشان دەدراو دەسەلمێنرا. بۆیە لەسەر هەردوو دەوڵەت پێویست بوو هەبوونی خۆیان لە گۆڕەپانی جەنگ دا بسەلمێنن. پێشتر ئەوەمان خستە بەرچاو کە فەرەنسا دەوڵەمەندترو لەڕووی ژمارەی دانیشتوانەوە لەئینگلترا بەرەو ژوورتربوو، وە لە گۆڕەپانی سیاسی ئەورووپاش لە هەموویان بەهێزتر بوو. بەلأم هەردوولایان لاواز بوون لە دروستکردنی ئیمپراتۆریەتی جیهانی. هۆکاری ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆئەوەی ئینگلترا بە بەردەوامی گرنگی دەدا بە بەهێزکردنی کەشتیگەلی، فەرەنساش خۆی خستبووە ناو گێژاوی سیاسەتو جەنگی ئەورووپا، سەرەڕای ئەو برەودانەی کە " کاردینال ڕیشیلۆ" بە دروستکردنی کەشتیگەلی دا. لۆیسی چواردە بەهۆی جەنگە زۆرەکانی پرسی بەهێزکردنی کەشتیگەلی بەجێهێشت. ئەمە لەکاتێکدا ئینگلترا بەهۆی پێگە جوگرافیەکەی لەناوەڕاستی دەریاو دابڕانی لە کیشوەری ئەروپا، زیاتر گرنگی دەدا بەهێزی دەریاییو دروستکردنی کەشتیگەلی، بەتایبەت لەدوای جەنگی ئارمادای ساڵی1588. هەربۆیە دەبینین لە زۆرینەی جەنگە دەرياییەکان ئینگلیز سەرکەوتن بەدەست دێنێت.

ئەدمیراڵی ئینگلیزی" ڕۆبرت بلیك" توانی چەند سەرکەوتنێکی دەریایی لەبەرامبەر هۆڵندیەکان بەدەستبێنێ. ئەم سەرکەوتنە لەلایەك، لەلایەکی تریشەوە یاسای دەریاوانی ساڵی(1651-1660) قازانجێکی زۆرو سامانێکی گەورەی بۆ خاوەن کەشتیە ئینگلیزەکان هاورد، ئەمەش بەهۆی ئەوەی یاسای کەشتیوانی بازرگانی کردنی لەنێوان ئینگلتراو داگیرگەکان بەکەشتی غەیرە ئینگلیز قەدەغەکردبوو.

ولأتانی ئەورووپا زۆر لەوە دەترسان کە لەناو دەریادا ڕووبەڕووی کەشتیگەلی ئینگلیزی ببنەوە، هەربۆیە پیشەسازی بازرگانی ئینگلیزی کە لەژێر سایەی بنەماڵەی تیۆدۆرو ستیورات گەشەی کرد، چینێکی دەوڵەمەندی سەرمایەداری وای دروستکرد، کەتوانیان مافو بەربژاری لەپەرلەمانی ئینگلیزی بەدەست بێنن.

بەپێچەوانەوە فەرەنسیەکان کێشەی تایبەتی خۆیان هەبوو، ئەمەش بەهۆی ئەو باج و ڕەسمە زۆرانەی کە لەنێوان هەرێمە فەرەنسیەکان بەسەریاندا سەپا بوو. کەهەر ئەمەش بازرگانی فەرەنسی دواخست. پاشماوەی سەندیکاکانی سەدەکانی ناوەڕاستیش ئەوەندەی تر تەگەرەی خستەبەردەم بازرگانیو سەمایەداری. فەرەنسا تەنها بەهۆی ئەمەوە کاری دوانەکەوتبوو، بەڵکوو جەنگە ئایینیو نێوخۆییەکانیش هەڵیان پڕوکاندبوو چینی کارکەری بەرەو نەمان برد بوو موڵکو سامانی بازرگانیەتی بەهەدەردابوو، بەشێوەیەك لەپێشهاتنی ساڵی 1600 بازرگانی فەرەنسی وێران بوو، هاتە ئەو پەڕی نزمی.

بەڵام بارودۆخ لەسەردەمی هنری چوارەم بەرەو پێشەوە ڕۆیشت. فەرەنسا لەسەردەمی ئەودا بوژایەوەو چالاکی بازرگانی دووبارە ژیایەوەو ئابوری وولات گەشەی سەندو خۆشگوزەرانیو خۆشنوودی لەدەیەی یەکەمی سەدەی حەڤدە بڵاوبوویەوە. بەڵام زیادبوونی دەسەڵاتی پاشایەتی وایکرد بە دەستهێنانی دەسەڵاتی سیاسی لەلایەن بازرگانەپڕۆتستانتیەکان لە فەرەنسادا یەکجار قورس بێت. ئیدی چینی بازرگانی فەرەنسی نەیاندەتوانی ڕێگری بکەن لە لۆیسی چواردە کەچیتر بەهۆی جەنگەکانیەوە ولآت کاول نەکات. بارودۆخی فەرەنسا واتێکچوبوو پیشەسازی بەشێوەیەك لە دوابوو، کە ئەگەر کەسانی پسپۆریش ڕێوشوێنی گونجاویان گرتبایەبەر، ئەوا زەحمەت بوو فەرەنسا بەتەواوی هەستێتەوە. ئەوەتا هەرچەندە کۆلبێر بە سیاسەتەوە ووردو گونجاوەکەی توانی دووبارە برەوبدات بە پیشەسازیو بازرگانی، بەتایبەت ئاوریشم، هەروەها دانانی یاسای پێویست بۆ چاککردنی پیشەسازی، وە دانانی باج لەسەر کەلوپەلی هاوردە بۆ ئەوەی بتوانێ کێبڕکێ بکات لەگەڵ کەلوپەلی بیانی. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا پیشەسازی فەرەنسی نەیتوانی کێبڕکێی پیشەسازی ئینگلیزی بکاتو شان لەشانی بدات. خۆ هەرچەندە کۆلبێر بە سەپاندنی باج لەسەر کەلوپەلی بیانی هاوردە، سیاسەتەکەی گونجاو بوو، بەڵام لەڕاستیدا جەنگە زۆرو

بۆرەکانی لویسی چواردەو ڕیشیلیۆ و، ئەو باجە زۆرانەی داسەپا بوون بۆ تەواوکردنی جەنگەکان، بوویە هۆی بەهەدەرچوونی سەروەتو سامانو نەمانی زیندەگیو نشوستی هێنانی فەرەنسا لەهەرسێ بواری سیاسیو ئابوریو کۆمەڵایەتی.

سیاسەتی داگیرکاری فەرەنسا بەشێوەیەکی گشتی توندتر بوو لە سیاسەتی ئینگلیز. فەرەنسیەکان توانیان بالادەستبن بەسەر فەرەنسای نوێ لە ئەمریکاو، کۆچبەریان لەماوەی بیست ساڵدا بە ڕێژەی 300٪ زیادی کرد. هەروەك توانیان پەیوەندی دۆستانە لەگەڵ دانیشتوانی ڕەسەنی ئەوێ ببەستن. ئەمە لەکاتێکدا ئینگلیز لەجەنگی بەردەوام دابوو لەگەڵ هیندیەسورەکان. لەلایەکی ترەوە فەرەنسیەکان ڕێگربوون لەکۆچکردنی فەرەنسیە پرۆتستانتیەکان بۆ داگیرگەکان، کەچی ئینگلیزەکان گوێ یان نەدەدا بەجیاوازی ئاینو ئاینزاکان، هەموویان بە جیاوازی پێکهاتە ئاینیەکان کۆچیان بۆی دەکردو لەوێشدا هاوکاری ئینگلیزیان دەکرد لەجەنگەکاندا لەدژی دوژمنانیان.

هاوپەیمانی ئینگلیزیو هۆڵندی لەدژی فەرنسا:-

هەتا کاتێك بنەماڵەی ستیوڕات لە ئینگلتەڕا دەسەڵاتدار بوون، بارودۆخ گونجاو نەبوو بۆ تێکگیرانی ئینگلتەڕاو فەڕانسا، بەهۆی ئەوەی ئەم بنەماڵەیە مەیلیان بەلای کاسۆلیکی دابوو، وە دۆستایەتیان لەگەڵ لویسی چواردە بەهێز بوو. بەڵام کاتێك شۆڕشی جەلیلە هەڵدەگیرسێو ئەوان لەسەر تەخت لادەچنو پەرلەمان بەسەر وڵاتدا بالادەست دەبێ و، ولیەمی سێ یەم دێتە سەرتەخت، بارودۆخ گۆڕانی بەسەردا دێت. بەهۆی ئەوەی ولیەم پرۆتستانتی بوو، لەلایەکی تریشەوە بەسەر هۆڵنداشەوە دەسەڵاتدار بوو، سەرسەخترین ڕکەبەری لویسی چواردە بوو. ئەمەش بەمانای یەکگرتنی دوو وڵات دەهات بەرامبەر فەڕەنسا.

جەنگی شا ولیـــەم:ـ

کاتێك ولیەم ئۆرنج هاتە سەر تەختی ئینگلیزی، ئەوەندەی نەبرد جەنگی دەستەی ئۆکسبرگ هەلگیرسا. ئەو جەنگانە لەسالّی 1689دەستی پێکرد تاوەکو سالّی 1697بەردەوام بوو. لەجەنگی "پوین" ولیەم بەسەر جیمسی یەکەمو فەرنسیو ئێرلەندیەکاندا سەرکەوت، کەهەر سێ لایان هاوپەیمان بوون. هەروەها کەشتیگەلی "ولیەم" سەرەڕای تێکشکانی لەسەری "بێچی" لە سالّی 1690، بەلاّم هەرچۆنێك بێت لەسالّی 1692، بە تەنها لەجەنگێکی دەریای سێ ڕۆژی دا لەنزیك لاهای توانی کەشتیگەلی فەرەنسی تێکبشکێنێ.

ئەم جەنگانە لە داگیرگە ئەمریکیەکان بە جەنگی شاولیەم ناسرابوون. ئینگلیزەکان لەداگیرگەکانی ئەمریکا توانیان دەستبگرن بەسەر بورتو ڕیالّو کیوبك لە کەنەدا. فەڕەنسیەکانیش هەستان بەسوتاندنی هەندێ شوێن لە نیوهامشەرو نیویۆرك. بەلاّم بەپێی پەیمانی ڕیزوریکی سالّی 1667فەڕەنسا ئەم زەویانەی گێڕییەوە.

جەنگی شاژنەئـــان:ـ

جەنگی ویراسەی ئیسپانیا کە لەنێوان ئینگلتراو هاوپەیمانەکانی لەگەلّ فەڕەنسا هەلگیرسا لەسالّی1702-1713. ئەم جەنگە لەئەمریکا بەجەنگی شاژنە"ئان" ناسرا. هیندیە سورەکان "نیوئاینگلاند"یان- وێرانکرد، لەملاشەوە ئینگلیزەکان دەستیانگرت بەسەر "بورتو ڕیالّ وکیووبك". فەڕەنسا لەگەلّ ئەو خەسارەتانەی بەهۆی جەنگەوە لێی کەوت، بەلاّم تائەوکاتەش زۆرێك لەداگیرگەکانی لەئەمریکاو هیند بەدەستەوەمابوو.

سەرکەوتنەکانی ئینگلتەرا بەسەر فەرەنسادا :-

ململانێی ئینگلیزو فەرەنسی لەئەمەریکاو لەهیندو لە دەریاکاندا زۆر توندوتیژبوو. لەئەمریکادا فەرەنسا تائەوکاتەش لەدوای پەیمانی "ئەترێخت "، دۆڵی ڕوباری سنت لۆرنس‌و دوورگەی کەپ بریتۆن‌و بەربژاری ڕاوگەکانی ماسی لەرنیوفاوندلاندی بەدەستەوە مابوو. هەروەها سەربەستی بازرگانی هەبوو لەدوورگەی خۆرئاوا. ئەمەو جگە لەداگیرکردنی دۆڵی ڕوباری میسیسپی. فەرەنسا ژمارەیەکی زۆری بورج‌و قەلای دروست کردبوو بەمەبەستی پارێزگاری کردن لەموڵکەکانی لەدەریاچەی چاپلن تاوەکو نیاگرا وسەنت ماری‌و دەریاچەی وێنبیک‌و ڕوباری واباش‌و وێنوی، وە بە درێژایی ڕوباری میسیسپی تاوەکو کەنداوی مەکسیك. جگەلەمە فەرەنسیەکان لەساڵی 1760لەمۆبیل وە لەساڵی 1718لەنیوئۆرلین نیشتەجێ بوون. کە پاش ئەمە فەرەنسا بانگەشەی ئەوەی دەکرد کە ڕوباری میسیسپی موڵکی خۆیەتی.

لەهیندستانیش حاکمی گشتی فەرەنسی "دوپلی" لەسەرکردە هیندیەکان نزیك بوویەوەو سوپایەکی پرمەشقی سازکرد لە سیبوی "هیندەکان". هەروەها شاری "بوندشیری" قایم کرد کەبارەگای گشتی بوو. جگەلەمە بەڕووکەش پۆست‌و پلەی بەخشی بەمیرە هیندیەکان.

لەماوەی ئەو جەنگەی کە لەنێوان هەردوو وڵات لەسەردەمی شاجۆرج هەڵگیرسا، گۆڕانێکی یەکلاکەرەوە ڕووی نەدا لەبالادەستی هەردوو وڵات بەسەر داگیرگەکانیان.ئەوەندە نەبێ کە ئینگلتەرا بەگوێرەی پەیمانی "ئەترێخت"، "نیوفاسکوشیا"و "نیوفاندلاند"و کەنداوی "هندسن"ی- بەدەست مایەوەو توانی پارێزیان پێوە بکات. ئەوەی کە پێویست بوو لەنێوان هەردوولادا یەکلابێتەوە خۆی دەبینیەوە لەو پرسەی کە ئایە فەرەنسا بەسەر دۆڵی ڕوباری میسیسپی دا بالادەستی دەمێنی؟. ئایە ئینگلتەرا بەگۆشەگیری لەکەناری خۆرهەلاتی ئەمەریکا دەمێنێتەوە؟. یان ئایە فەرەنسا لەهیند هەر بالادەست دەبێت‌و دەتوانێ ئیمپراتۆریەتی هیندی

دروستبکات؟. هەموو ئەم پرسانە لەجەنگی حەوت ساڵەدا وڵامیان درایەوەو یەکلایی بوونەوە. ئەم جەنگە لەداگیرگەکاندا نۆ ساڵی خایاند 1754-1763. فەڕەنسا لەم جەنگەدا نزیکەی هەموو داگیرگەکانی لەدەستدا. فەڕەنسا نەوەك هەر لەداگیرگەکان بەڵکو سوپاکەی لەئەوروپاشدا لەبەرامبەر فردریکی گەورە خۆی نەگرتو تێکشکا. ئینگلیزیش هێزە دەریایەکەی لەناوبردو کردی بەپۆشی دەم ڕەشەباو دەستیگرت بەسەر زۆرینەی داگیرگەکانی لەهیندی خۆرئاواو بازرگانی فەڕەنسی هەرەس پێهێنا. لەهیندستانیش کلایف توانی نەخشەکانی دوپلی پووچەڵ بکاتەوە. بەمەش هەڵپەی فەڕەنسا لەئەمریکا کۆتایی پێهات.

ئینگلیزەکان دوای کۆمەڵێ شکستو تێکشکان توانیان لەساڵی 1756 چەندین سەرکەوتنی بێ وێنە لەئەمریکا بەدەستبێنن، ئەمەش لە دوای هاتنە سەرتەختی "ولیەم پیت" بۆسەر تەختی ئینگلیزی لە ساڵی 1757، کە لەدوای ئەمە ئینگلیزەکان دەستیانگرت بەسەر پێگەو شوێنە گرنگەکانی فەڕەنسا. جەنراڵ "وۆڵف"ی- ئینگلیزیش لەساڵی 1759-1760 توانی دەستبگرێ بەسەر کیوبكو مۆنتریاڵ. ئیدی دوای ئەمە ئینگلیزەکان توانیان فەڕەنسای نوێ داگیر بکەن.

لە وڵاتی هیندیستان ئیمپڕاتۆری مەغۆلی لە سەدەی هەژدە هەرەسیهێنا. بەمە فەرمانڕەوای ویلایەتەکان خۆیان سەربەخۆ کرد، بەتایبەت فەرمانڕەوایانی دیکن. "دوپلی" هاوپەیمانیەتی لەگەڵ زۆرێك لە فەرمانڕەوایانی "پەنغالو ئۆز" بەست. وە لە ساڵی 1750 توانی بەسەر دەسەڵاتداری کەناری "کارناتیك"سەرکەوێ. کلایف پێشتر فەرمانبەرێ بوو لە کۆمپانیای هیندی خۆرهەڵاتی ئینگلیزیو لەمیدراس کاری دەکرد. ئەم خۆی خزاندە نێو سوپاو لێهاتویو بەتوانایی خۆیی لەجەنگدا دەرخستو لەدوای جەنگ چوویەوە سەرکاری پێشووی. "ڕۆبەرت کلایف" توانی فەڕەنسیو لایەنگرانی لە هیندیەکان لە کارناتیك دەرپەڕێنێو ئەم ناوچەیەیان لێ پاك بکاتەوە.

ئەمەش حکومەتی فەڕەنسی ناچارکرد لە ساڵی 1754"دوپلی" بانگهێشت بکاتەوە فەڕەنسا. ئیدی کلایف بووبە گەورەو سەرداری ئەم ناوچەیە.

لێرەدا دەچینە سەرباسی بەنغاڵ، کە یەکێ لەجێنشینەکانی بەناوی "سیراج الدوله" لەساڵی 1756دەستی گرت بەسەر کیلکتا وپاشان 146کەسی لەئینگلیزەکان زیندانی کرد، کە بیست ودوو کەسیان نەبێت ئەوانی تر هیچی ڕزگاریان نەبوو. هەربۆیە کلایف بەمەبەستی سزادانی "سیراج الدەولە"و تۆڵە لێسەندنی، لە"میدراس"ەوە- بەرەو کیلیکتا کەوتەڕێو دەستیگرت بەسەر "شاندرناغار" کە لە ژێر دەسەڵاتی فەڕەنسیەکان دابوو. "کلایف" هەربەمە نەوەستا، بەڵکو لەپاش جەنگێکی خوێناوی لە دژی "سیراج الدەولە" لە"سهل پلاس" لە ساڵی 1757سەرکەوتنێکی گەورەو بەرچاوی بەدەستهێناو بڕی یەك ملیۆن ونیو پاوەندی ئیستەرلینی لە"میر جعفر" دەست کەوت. "میر جعفەر" ئەوکەسە بوو کە جێگەی "سیراج الدەولە"ی- گرتەوە. ئیدی ئینگلیزەکان بەسەر پەنغاڵ دا زاڵ بوون. بەهەمانشێوەو لە ساڵی1758ئینگلیزەکان دەستیان گرتەوە بەسەر "مزولی باتام". هەروەها لە ساڵی 1761"بوند شیریان" خستە ژێر ڕکێفی خۆیان. بەم شێوەیە دەسەڵاتی ئینگلیز بەسەر کەناری خۆرهەڵاتی هینددا قاچی چەسپاند. دەتواین بڵێین: بەکەوتنی مۆنتریاڵ لە ساڵی1759، کیوبك لەساڵی1760، بوندشیری لە 1761، کۆتایی بەداگیرکاری فەڕەنسی هات. بەڵام جەنگ تاوەکو ساڵی1763 بەردەوامبووو بە پەیمانی پاریس لەهەمان ساڵدا کۆتایی پێ هات. بەڕاستی فەڕەنسا توشی زیان وخەسارەتێکی گەورە بوو کاتێك کەنەداو دۆڵی ڕوباری سنت لۆرنس و هەموو زەویەکانی خۆرهەڵاتی ڕوباری میسیسپیو دورگەی کاراناداى لە دەریای کاریبی لەدەستدا. فەڕەنسا جگە لەهەندێ دورگەو بەشێکی غینیا لەئەمریکای باشور هیچی تری بۆنەمایەوە. بەریتانیاش لەئیسپانیا نیمچەدورگەی فلۆریدای دەست کەوت، لە بەرامبەردا ئیسپایا لۆیزیانای لە خۆرئاوای ڕوباری میسیسپی پێدرا. هەروەها بۆ فەڕەنسیەکانیش مۆڵەت درا کە

لەناوەندە لەمێژینەکانیان لەهیند بازرگانی بکەن. هەروەها کوباو فلیپین گەڕێنرایەوە بۆ ئیسپانیا.

بەم شێوەیە ئیمپراتۆریەتی داگیرکاری فەرەنسی لە سەدەی هەژدە ئاوابوو، بەریتانیاش لە هەریەکە لەئەمریکاو هیندو لەدەریاکاندا شوێنی گرتەوە. فەرەنساش جگە لەدوو دوورگە لە نیوفاوندلاند هیچی تری بۆ نەمایەوە.

هیندی بەریتانیا

بریتانیا لە ساڵی 1763 وەك دەوڵەتێکی داگیرکاری گەورە دەرکەوت. ئەمەش بەسەرکەوتنی بەسەر فەرەنساو داماڵینی ئەم ولاتە لە داگیرگەکانی. بریتانیا بوو بە خاوەنی ئەمریکای خۆرهەلاتی ڕووباری میسیسپی و کەنداو هیند، ئەمەو جگە لە ناوەندە بازرگانیەکان لە دوورگەی هیندی خۆرهەلات "ئەندۆنیسیا"و زۆرینەی هیندی خۆرئاواو کەناری ئەفریقا. ئیدی بەهۆی ئەوانەوە زۆر ئاساییەو شتێکی چاوەڕوان کراوە کە سەروەتو سامان برێژێ بەسەر بریتانیادا. بازرگانی ئینگلیزی زیاتر لەهەموو ولاتان گەشانەوەو فراژوبوونی بەخۆیەوە بینی. بریتانیا زیاتر لەمەش فراوانی بەخۆیەوە بینی لە هیندستان، ئەمەش لەنیوەی دووەمی سەدەی هەژدە.

کۆمپانیای هیندی خۆرهەلاتی ئینگلیزی تاوەکو نیوەی سەدەی هەژدە ناوەندی بازرگانی دادەمەزراندو بەهێزی دەکردو هەڵدەستا بەکاری بازرگانی. بەلام لەدوای ئەم مێژووە 1763، گۆڕانکاری بەسەر ڕەوشەکەداهات. ئیدی کۆمپانیای هیندی خۆرهەلاتی وەك جاران نەما، بەڵکو کارمەندو ڕێکخەرانی ئەم کۆمپانیایە دەستیان لە کایەی سیاسی هیندستان وەردەدا، سەرەڕای کاری سەرەکیان کە بریتی بوو لەبازرگانیو دەستکەوتنی قازانج. جا بەتێپەڕینی ڕۆژگار زۆرینەی میرەکانی هیند کەوتنە ژێردەسەلاتی بریتانیا. شیاوی باسە ئەم وانەیە کلایف لەڕکەبەرە فەرەنسیەکەی "دوپلی" فێری بوو. واتا: ئەم شێوە سیاسەتە.

ئینگلیز ڕکەبەرو کێبڕکێ کاری لە بەرامبەردا نەما لە بواری بازرگانی داگیرگەکاندا. جەنگی حەوت ساڵەو ڕکەبەریەکان کۆتایان هاتو سەرۆکایەتی کردنی بریتانیا گەیشتە لوتکە. کۆمپانیای هیندی خۆرهەڵاتی ئینگلیزی ئیمپراتۆری سیاسیو ئابوری لە هیندستان دامەزراند. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەو زەویانەی کە بریتانیا لە هیند خاوەنی بوو کەم بوون، کە کلیکتاو دەلتای ڕووباری کەنج(بنغال)ی لە باکوری خۆرهەڵاتو میدراسو هەندێ لە زەویەکانی کەناری باشوری خۆرهەڵاتو بۆمبای لەژێردەستبوو. شیاوی باسە بۆمبای کەوتبووە سەرکەناری خۆرئاوا.

داگیرکاری خۆرئاوایی هەروا بەئاسانیو لەخۆیەوە نەهاتە ئەم ناوچانە، بەڵکو ئەو بەهۆی بارودۆخی شڵەژاو ناهەموار هاتو خۆی باڵادەستکرد. جا هەر ئەم بارودۆخە لە هیندستانو لەسەردەمی ئینگلیز هەر بەردەوام بوو. ئینگلیزەکانیش ئەم ڕەوشەیان بەدەرفەت زانیو قۆستیانەوە بۆدەستگرتن بەسەر زەویو زاری زیاترو دەستەبەری کردنی فراژوبوونو خۆشنودی ئابوری لەخودی بریتانیادا.

میرەکانی هیندستان لەجەنگو تێکهەڵچوونی بەردەوام دابوون لەگەڵ یەکتر. ئەم جەنگانەش لەسەرەتاکانی سەدەی هەژدە هەر لەداڕمانی ئیمپراتۆریەتی مەغۆلیەوە لە هیندستان دەستی پێکردبوو. کارەکانی "دوپلی"و جەنگی ویراسەی نەمساویو جەنگی حەوت ساڵەش سوتەمەنی ئاگرەکەیان زیاترو زیاتر کرد. جا کاتێك جەنگەکان کۆتاییان هات باڵادەستی بریتانیا بەسەر هیندستان جێگیربوو. بریتانیا هەستی کرد کە میرەکانی "مهراتا" لە ناوەڕاستو خۆرئاوای هیند یەکیەتی کۆنفیدرالیان پێکهێنانەوەو هەڕەشەو مەترسین لەسەر ئیمپراتۆریەتی مەغۆلی داڕماو، هەروەك مەترسین لەسەر نیشتەجێگەکانی ئینگلیز لەسەر کەنارەکانی هیند.

لەم نێوانەدا کلایف لەلایەن خۆیەوە سیاسەتێکی ووردی داڕشت بۆ فراوانکردنی ئیمپراتۆریەتەکەیو پارێزگاری لێکردنی.

لە ساڵی1765 "کلایف" گەڕایەوە ئینگلتراو نازناوی لۆردی پێ بەخشراو کرایە حاکمی گشتی هیند. جا کاتێك گەڕایەوە کیلیکتا هاوکاری ئیمپراتۆری مەغۆلی دەستەبەرکرد لە دژی میرە دەسەڵاتدارەکان. "کلایف" مەبەستی بوو دەسەڵاتی حکومەتی ناوەندی بگێڕێتەوە هیندستانو پارێزگاری بکات لە هێمنیو ئارامی کە بۆ بازرگانی بریتانیاپێویستی سەرەکی بوو. پاش ئەمە لەگەڵ ئیمپراتۆری مەغۆلی چەند پەیمانێکی بەستو لێیەوە چەندین بەربژاری بۆخۆیو کۆمپانیای ئینگلیزی وەرگرت. کلایف وای دەبینی کە دەتوانێ بەهۆی گێڕانەوەی هێمنیو ئارامی باج بسەپێنێو بەهۆی فەرمانبەرو کارمەندە بریتانیەکان کۆی بکاتەوە. کلایف سوپایەکی سیستماتیکی بەسەرکردایەتی ئەفسەرە بریتانیەکان پێکهێناو خۆیشی کردە سەرکردەی باڵای سوپاکە. ئیدی لەدوای ئەمە بنغال بەتەواوی چوویە ژێر سایەی حوکمی ئینگلیزی، وە لەوێشەوە باڵادەست بوون بەسەر هەرێمی بەهارو بەرزاییەکانی ڕووباری کەنج و لە کەناری خۆرهەڵات. ئینجا دوای دەسەڵاتداربوونی لەم هەرێمانە هەستا بەگرتنەبەری هەمان سیاسەتو میرەکانی پابەند کرد بەچەند پەیمانێك لەگەڵ بریتانیا. شایەنی باسە ئەم میرانە هەریەکەیان لەهەرێمێك دەسەڵاتداربوون. دوای ئەوەی کلایف بە سیاسەتە وردو بەهێزەکەی دەسەڵاتی بریتانیای لەهیندستان پتەو کردو جێگیری کرد، لەساڵی 1767 گەڕایەوە بریتانیا. کەچی لەجیاتی پاداشتو سوپاس کردن، لەلایەن هەندێ لە کارمەندە ئینگلیزەکانی هیندستان تۆمەتبار کرا بەوەرگرتنی بەرتیلو سوود بۆخودی خۆی. لە بریتانیاش لەژێر فشاری دادوەری بریتانیا ژێری تێکچوو، پاش ئەوە لەساڵی1774 خۆی کوشت. حکومەتی ئینگلیزی کەسێکی بەناوی"ویرن هستنگ" خستە جێگەی کلایف. هستنگ لەتەمەنی حەڤدە ساڵی چووبووە ناو کۆمپانیای هیندی خۆرهەڵاتیو لەو کاتەوە کاری تیادا دەکرد. لەماوەی بیست ساڵی کارکردنی لەهیند ئەزمونو شارەزایی زۆری پەیداکردبوو لەبارەی سیاسەتی هیندو باری دەرونی(نفسیەت)ی هیندیەکان. سەرەتا حکومەتی ئینگلیزی

کردی بەحاکمی هەرێمی بنغال، لەپاش دوو ساڵ لە بە حاکم بوونی لەساڵی1774 کرایە حاکمی گشتی سەرجەم ئەو ناوچە هیندیانەی کە لەژێردەستی ئینگلیز بوون. لێرەوە بۆیەکەم جار سێ هەرێمی ئینگلیزی یەکانگیرکران، کەبریتی بوون لە: "بنغال، میدراس، بۆمبای". ئیدی ئەمانە کەوتنە ژێردەسەلاتی یەك فەرمانڕەوا. بۆ ئەمەش یاسایەکی ئینگلیزی لە پەرلەمانو لەساڵی1773 دەرکرابوو، سەرەڕای ئەمەش یاساکە ئاماژەی بەوەدا بوو کە پێویستە سەرجەم فەرمانبەرانی کۆمپانیای هیندی خۆرهەلاتی پادشا ڕەزامەند بێت لەسەر دامەزراندنیان. ئەمەش مانای ئەوەی دەگەیاند کە هیند بۆتە بەشێکی گرنگی ئیمپراتۆریەتی بریتانی. پاشان لە ساڵی1785 یاسایەکی تریش دەرکراو فەرمانی بە دامەزراندنی بەڕێوەبەرایەتیەکی حکومی دەدا لە لەندەن بۆ سەرپەرشتی کردن و بەڕێوەبردنی کاروبارەکانی کۆمپانیای هیندی خۆرهەلاتی.

هستنگ وەك حاکمی گشتی تاوەکو ساڵی 1785 مایەوە. لەم ماوەیەدا جەنگی لەدژی میرەکانی مهراتا بەرپا کرد، لە ساڵانی 1774–1782، وە بەهاوکاری هەندێ لەو میرانەی کە مەیلیان بەلای بەریتانیادا بوو، توانی لە باکوری هیند خۆی زاڵ بکاتو سەرکەوێ بەسەر میرەکانی مهاراتا. هەروەك توانی پارێزگاری بکات لە بۆمبایو بەربەست لەبەردەم هێرشەکانی مهراتا دابنێ. پاشان توانی سەرکەوێ بەسەر"حیدەر علی".

حیدر علی دەیویست دەسەلاتێك بۆخۆی لەهەرێمی میسوری باشور بنیات بنێ. لە کۆتایدا میرەکانی مهراتا ناچار بوون پەیمانی ئاشتی لەگەڵ هستنگ ببەستن، وە بەپێی ئەم پەیمانە شاری"سالسیت"ی نزیك بۆمبای ڕادەستی ئینگلیزەکان کرا. لەم نێوانەشدا شاری "بنارس" ی پیرۆز لەسەر ڕووباری کەنج کەوتە ژێر دەسەلاتی بریتانیا.

هستنگ توانی لەهیندستان بەڕێوەبەرایەتیەکی ناوەندی بریتانی بەهێز دابمەزرێنێ، هەروەها توانی دامو دەزگای دارایی چاك بکاتو یاساو ڕێوشوێن بۆ پۆلیس دابنێو ئیدارەی سەربازی بکاتە ئیدارەیەکی مەدەنی بەهێزو سەقامگیر. هستنگ لەپشت کارەکانیەوە توانی سودی ماددی بۆخۆیو بۆ کۆمپانیا دەست بخات. لە کۆتایدا "هستنگ" بانگهێشتی لەندەن کرایەوە بۆ ئەو تۆمەتەی سەبارەت بە بەڕێوەبردنو کاروبارەکەی لە هیندا دەدرێتە پالی. ڕکەبەری سەرتەختی ئەو، نوسەرو سیاسەتمەدار "ئارمندبرگ" بوو. بەلام لە شانسی "هستنگ" پەرلەمانی ئینگلیزی لای بەلای ئەودا کردو ئەویان بەیەکێ لەو کەسانە هەژمار کرد کەپایەو کۆڵەگەی ئیمپراتۆریەتی بریتانیایان لە هیندستاندا چەسپاندووە.

لەدوای "هستنگ" دووکەسی تر لەهیندستان بوونە دەسەلاتدار. "کورنوالس"1786-1793، کە سەرکردەی ئینگلیز بوو لەجەنگی نێوان ئینگلتراو شۆڕشگێڕە ئەمریکیەکان، بەلام ئەو خۆی ڕادەست کرد. دووەمیان: "مرکیز ولنز"ی بوو1798-1805. ئەم دووکەسە بە تەواوی بەرەنگاری میرەکانی"مهاراتا"یان لەناوبردو موڵكو زەوی ژێر دەسەلاتی بریتانیایان فراوان کرد لەهیند. لە خۆرهەلاتدا بریتانیا زاڵ بوو بەسەر ئۆراسیاو گونتور، وە لە باشور مایسور. هەروەها لە کەناری خۆرئاوا توانیان دەسەلاتی خۆیان بنوێنن بەسەر کەناری مالاریاو بروج، لە باکوریش میرەکانی هەرێمی "ئۆز" بوونە لایەنگری بریتانیا. دوای ئەمە بریتانیا توانی لە ساڵی1803 دەستبگرێ بەسەر دەلهی پایتەخت، بەمەش ئیمپراتۆری مەغۆلی جگەلە هێمایەك دەنا هیچی تری لێ نەمایەوە. جاکاتێك "ولزی" لە ساڵی1805 گەڕایەوە بریتانیا، ولاتەکەی بالادەستبوو بەسەر ئیمپراتۆرە فراوانەکەی لە هیندستانو، زۆرینەی میرەکان موچەیان لە ئینگلیز وەردەگرتو لێی دەترسان. دەسەلاتی بریتانیا هاوئاستی سەروەتو سامانو گەشەسەندنە ئابوریەکەی بوو.

فراوانخوازی ئینگلیز لە دەرەوەی هیند:-

بریتانیا لەدەرەوەی هیندستانیش فراوانخوازی ئەنجام داو توانی خۆی زاڵ بکات بەسەر گەروی مەلاقا، کەڕێگەیەك بوو دەگەیشتەوە خۆرهەڵاتی دوور. پاشان دەستی گرت بەسەر پننگ. هەروەها لە ساڵی1795 دەستی گرت بەسەر گەرویەکی ترکە لەژێر دەستی هۆڵندییەکان دابوو. لەهەمان کاتیشدا بریتانیا دوورگەی سەیلانی لە هۆڵندیەکان داگیرکرد. ئینگلیز هەر بەوەندە نەوەستا، بەڵکولەئەفریقاش زیاتر فراوانخوازی بە ئەنجام گەیاندو داگیرگەی سیرالیونی لەساڵی1787 لەسەر کەناری ئەفریقای خۆرئاوا دروستکرد، بەو بیانووەی کە ببێتە پەناگەیەك بۆ کۆیلە ئازاد کراوەکان. هەروەها لەساڵی1794 دەستی گرت بەسەر کۆمەڵێك دوورگەی تر لەکەناری ئەفریقای خۆرهەلات. ئینجا لە ساڵی1795 ئەفریقای باشورو "کیپ تاون"ی- لە هۆڵندیەکان سەند.

دۆزینەوەی ئوسترالیا

لەسەدەی شازدەوە دەنگۆیەك لەناو دەریاوانانو دۆزەرەواندا هەبوو سەبارەت بەهەبوونی کیشوەرێك لەئۆقیانوسی باشور. لەسەرەتای سەدەی حەڤدە"دی کیرۆز" دەریاوانی پرتوگالی لە ئوسترالیا نزیك بوویەوە. لەدوای ئەمە زۆری نەبرد دەریاوانە هۆڵندیەکان کەناری خۆرئاوایان لە ئوسترالیا دۆزیەوەو ناویان لێینا "هۆڵندای نوێ". وە لەساڵی 1624 دەریاوانی هۆڵندی"تاسمان" کەناری باشوری خۆرهەڵاتی دۆزییەوەو دورگەیەکی بچوکی لەباشوری ئەم کیشوەرە بەناوی خۆیەوە کرد. دوای ئەوانە سەرکێشی ئینگلیز "ولیەم دامبیر" لەساڵی1688 هەستا بە ئەنجامدانی خولێك بە دەوری زەوی‌و سەبارەت بە هۆڵندای نوێ هەندێ شتی نوسی. جا لەپاش دە ساڵ حکومەتی ئینگلیزی چەند نێردراوێکی نارد بۆ زانینی ڕووبەری ئەم ناوچەیە. بەڵام ئەم نێردراوانە هیچ سودێکی پێ نەگەیاندن.

ئوستورالیا هەروا بەناڕۆشنی مایەوە هەرچەندە لەلایەن ئینگلیزو هۆڵندیەکان ناسرابوو وە زانیاریان لە بارەیەوە هەبوو. ئەورووپیەکان کیشوەری ئوستورالیایان داگیر نەکرد تائەو کاتەی "جیمس کوك" لەنیوەی سەدەی هەژدە سەردانی ئەم کیشوەرەی کرد.

جیمس کوك"1779-1728" کوڕی کرێکارێکی کشتوکاڵ بوو لە هەرێمی یۆرکشایەری ئینگلترا. بەمنداڵی لەلای خاوەن کارگەیەکی کەشتی کاری دەکرد، ئینجا بەهۆی گەشتە دەریایەکانی بۆ نەرویج و دەریای بەلتیق، بەچاکی فێری دەریاوانی بوو. جیمس کوك لەتەمەنی بیستو حەوتساڵی چوویە نێو کەشتیگەلی پاشایی بریتانیو لەجەنگی حەوت ساڵەدا بەژداری لەجەنگە دەریایەکاندا کرد لەدژی فەرەنسیەکان لە ئاوەکانی ئەمریکا. هەروەها وەك ڕووپێوێکی دەریایی بۆ ڕووپێوکردنی نیوفاوندلاند چوار ساڵ خزمەتی کرد. پاش ئەمە حکومەتی ئینگلیزی ناردی بۆ دەریاکانی باشور بۆ گەڕانو پشکنین. "کوك" هەستا بە سازدانی سێ گەشتی گرنگو لێوەشاوەیی ئەو لەسەرکردایەتی کردنی دۆزینەوەکاندا دەرکەوت. ووردبونەوەو تێبینی کردنی هەروەها باسکردنی گەشتو دۆزینەوەکانی کردی بەیەکێ لەدۆزەرەوە گەورەکان لەمێژوودا. گەلی ئینگلیزی بەیەکێ لەو شوێنگرە گەورانەی دادەنێن کە ئیمپراتۆریەتی بریتانیایان بیناکرد.

کابتن کوك سەردانی دورگەی "تاهیتی"1770-1769" کردو لەدەوری نیوزلەندا سوڕایەوەو نەخشەی ئەم ناوچەیەی کێشا. هەروەها هەستا بە ڕووپێوکردنی کەناری خۆرهەلاتی ئوستوڕالیاو ناوی لێنا "نیوسوس وێلز"، یا "ویلزی نوێی باشور". پاش ئەمە لەم شوێنەی شاری "سدنی" دروستکراوە دابەزیو بەشێوەیەکی فەرمی ئەم ناوچەیەی بەموڵکی بریتانیا هەژمارکرد. لە گەشتی دووەمیدا(1775-1772) جارێکی تر سەردانی ئوستوڕالیاو نیوزلەندای کردو "نیوکالدۆنیا"ی دۆزیەوەو بەدەوری کەناری باشوری ئوستوڕالیاو ئەفریقاو ئەمریکای باشوردا سوڕایەوە. "جیمس کوك"

ئەوەی بۆ خەڵکی ڕوون کردەوە کە لەنیوە گۆی باشوری زەوی جگە لەهۆڵەندای نوێ یاخود ویڵزی نوێ هیچی تری لێ نیە. ئەمەشیان بەبەراوورد لەگەڵ کیشوەرە گەورەکان بچوکە. لە گەشتی سێهەمدا(1776-1779) "کوک" جارێکی تر دوورگەی "هـوای" دۆزیەوە کە پێشتر ئیسپانیەکان لەسەدەی شازدە دۆزیبوویانەوەو دواتر لێیان ون ببوو. کوک بە ناوی وەزیری دەریایی ئینگلیزی "سندویج" ناوی لەم ناوچەیە نا "سندویج". پاش گەشت کردنی بۆگەرووی "بهرنك" گەڕایەوە بۆ "هـوای". بەڵام ئەمجارە نەیتوانی ئینگلترا بەچاوی خۆی ببینێتەوە لەوێداو لەدەستەویەخە بوونێك لەگەڵ خەڵکی ئەم ناوچەیە کوژرا.

حکومەتی ئینگلیزی هەرگیز دانی نەهێنا بەکابتن کوك، وەك دەریاگەڕو دۆزەرەوەو زانایەکی جوگرافی کە خزمەتێکی زۆری کردووەو زانیارێکی زۆری پێشکەشی مرۆڤایەتی کردووە. هەروەها وەك دروستکارێکی ئیمپراتۆری بریتانیش دانی پێدا نەهێنا، بەڵکو حکومەتی بریتانی دۆزینەوەکانی ئەوی قۆستەوەو خستیەکار. هەر زوو لەساڵی1786 نیوەی خۆرهەڵاتی ئوسترالیا خرایە سەر هەرێمی "نیوسوس ویڵز". وە لە ساڵی1788 ئینگلیزەکان لەهەرێمی "بوتنی بی"و بەندەری "جاکسن" (پێگەی شاری سدنی ئەمڕۆ) نیشتەجێ بوون. نیشتەجێ کانی سەرەتا بریتی بوون لەو تاوانبارانەی کە حکومەتی ئینگلیز لەزیندانەکانەوە گواستبوونیەوە ئەوێ. ئەوانە تێکەڵ بوون لەگەڵ ئەوانەی کۆچیان بۆی کردبوو، وە بە یەکەوە ئەم ناوچەیان ئاوەدان کردەوە. بەتێپەڕینی ڕۆژگارو لەماوەی نیوەی یەکەمی سەدەی نۆزدە بەشی خۆرهەڵاتی‌و باشوری دابەش بوو بۆ چەند هەرێمێکی جۆراوجۆرو تیایاندا چەندین شاریان دروستکردو بەرەبەرە بەهۆی کۆچ کردنی خەڵکی بۆی دانیشتوانی زۆربوو. ئیدی وورده وورده ئوسترالیایان دەکارهێنا.

هەرچۆنێك بێت بریتانیا لەکۆتایی سەدەی هەژدە بوو بە ئیپراتۆریەتێکی مەزن. ئەو خەسارەت‌و زیانانەی کە بەهۆی ڕزگاری ئەمریکا بەری کەوتن، لەهیندو

ئوستوڕالیاو ئەفریقای باشورو ناوچەکانی تر قەرەبوو کردەوە. ئیپراتۆریەتی بریتانی بوو بە فراوانترینو دەوڵەمەندترین ئیمپراتۆریەت کە مێژوو دانی پێدا هێنا. زمانی ئینگلیزی بوو بە زمانی مەلاین خەڵك، بەهەمانشێوە شارستانیەتی ئەوروپیش لەڕێگەی ئینگلترا لەداگیرگەکاندا بلاّوبویەوەو بەریتانیا بە تەواوی بەسەر دەریاکاندا بالاّدەست بوو. بازرگانی بریتانیا گەشایەوەو سەروەتو سامان ڕووی کردە ئینگلتراو بازاڕەکانی دراوو پارەگۆڕیو بازرگانی لەئەمستردامەوە گوازرایەوە لەندەن. ئیدی لەندەن وەك: بازاڕێکی ئاڵوگۆڕکاری دراو لەجیهان دەرکەوت. بانکی ئینگلیزی کە لە ساڵی1694 دامەزرا، بوو بە گەورەترین دامەزراوەی ئەم کایە لەجیهاندا . بانکی تر لەئینگلتراو دەرەوەی ئینگلترا دروستبوون، وەك: برکلی لەسەرەتاکانی سەدەی هەژدە، لوید بانك لە1765، بۆرصەی لەندەن لە 1773. سەرمایەو سەرمایەداریەتی ئینگلیزی گەشەی کردو شەوقی دەدا، هەروەك فاکتەرێك بوو بۆ چالاك کردنی کایەی کشتوکاڵو پیشەسازی. بەمەش بریتانیا بوو بە بەهێزترین دەوڵەت لە ئەوروپاو لەهەموویان زۆرتر سەروەتو سامانی هەبوو، ڕێگەشی خۆشکرد بۆ دروستکردنی سەرمایەی پیشەسازی لە داهاتوودا.[1]

1 Hayes،op.cit;pp.384-422;Gottschalk;op.cit;pp.66-76;211-217.

بەشـــی دوازدەم

سەرهەڵدانی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا[1]

1 Ibid; pp. 243- 87; 437-458; 595.

سەرهەڵدانی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا[1]

لەئەنجامی سیاسەتی توندڕەوی شاجیمسی یەکەم (1603-1625) ژمارەیەك لە چەوساوە پیۆریتانیەکان لەساڵی 1607 کۆچیان کرد بۆ ئەو شوێنەی ئەمڕۆ پێی دەوترێ ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا. ئەمانە لەویلایەتی ڤەرجینیا لە شاری "جیمس تاون" نیشتەجێ بوونو ساڵی دواتر ئەوانی تریش پەیوەندیان پێوەکردن.

لەڕاستیدا تەنها سیاسەتی چەوساندنەوەی سیاسیو ئاینی پاڵنەر نەبووە بۆ کۆچکردن ڕووەو ئەمریکا، بەڵکو پێشترو لەکاتی زووتر حکومەتی ئینگلیزی بەرەو فراوانخوازیو بنیاتنانی کەشتیگەلی بەهێز هەنگاوی دەناو، بازرگانو کەسە سەرکێشەکان پشتیوانی ئەم فراوانخوازیەیان دەکرد بۆ دروستکردنی ئیمپراتۆریەتی داگیرکاری لەپشت دەریاکان. کۆچکردووە سەرەتاییەکان لەکۆمەڵو دەستە دەستەی جیاواز پێکدەهاتن. توندڕەوە چەوساوە ئاینیەکانو هەڵپەکارانو تەماعکارانی دەوڵەمەندیو هەژارانو نەداران کەوایان دەزانی جیهانی تازە هۆیەکە بۆ خۆشگوزەرانی، وە ئەوانەیشی کە لە سیاسەتی حکومەتی ئینگلیزی ڕازی نەبوون، وڵاتیان جێ هێشت و ڕووەو ئەمریکا کۆچیان کرد. هەموو ئەمانە کۆچردووەکانیان پێك دەهێنا. دواتر بە لێشاو کۆچکردوە ئینگلیزەکان ئینگلترایان جێ دەهێشت بەرەو ئەو وڵاتەی ئەمڕۆ پێی دەوترێ ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا.

جەنگی جووتە گوڵ لە ساڵی 1485 کۆتایی هاتو لەئینگلتەڕا حکومەتێکی بەهێزی ناوەندی دامەزرا کە زاڵ بوو بەسەر ڕەوشی سیاسی نەتەوەیی دوورمەودایی وڵاتەکەیداو توانی گەلەکەشتیەکی بەهێز دابمەزرێنێ وبیکاتە سوپەرو قەڵغانێکی پتەوی پاراستنی ئینگلتەڕا. تێکشکانی ئیسپانیاش لەساڵی 1588لەبەرامبەر کەشتیگەلی ئینگلتەڕا ئەوەی دەرخست کە ئینگلتەڕا قەڵایەکی سەختە لەبەردەم

---

1 Ibid; pp. 243- 87; 437-458; 595.

هـەموو دەسـت تێـوەردانێکی بیـانی. بەهەمانـشێوە کەشـتیگەلی ئینگلـزی یاریـدەی ئینگلتەڕای دا بۆ ئەوەی پەلبهاوێتە ناو دەریاکان‌و فراواخوازی لەناو جیهانی دەرەوەدا ئەنجام بداتو لەکیشوەرە نوێیەکان نیشتەجێبێت.

لەکاتێـدا وڵاتـانی ئـەورووپی سـەرقاڵی جەنگـە ناوخۆیـەکانیان بـوون لـە پێنـاوی دەستخستنی سەرزەمینەکانی دەوروبەریان لەئەورووپا کە بەتەنها تێکشکانێکی جەنگی لەدەستیان دەدا، کەچی ئینگلتەڕا خۆی دووردەگرت لە ململانێکانی ناوخۆی ئـەورووپی کە ئەگەری لەدەستانی سـەرکەوتنەکانی لـەناو ئـەورپا نزیـك بـوو، لەهەمانکاتیـشدا لـە هـــەوڵی بەدەســـتهێنانی داگیرگـــەکانی دەرەوەی کیـــشوەری ئـــەورووپا بـــوو. وە بەهەڵگیرسـاندنی جـەنگ لـە دژی بـەهێزترین وڵاتـی ئـەورووپا، کەشـتیگەلەکەی کـردە قەڵغانێکی پتـەوو چـەکێکی کـارا بـۆ بەدەسـتهێنانی دەسـتکەوتی گـرنگ لـە ئـەمریکاو ئاسیاو پاراستنی هەمان ئەو دەستکەوتانە بۆ خزمەتی ئینگلتەڕا.

بێگومـان لایـەنی ئـابووری پاڵنـەرێکی گـرنگ بـوو بـۆ ئەنجامـدانی سەرکێـشیەکان‌و دامەزراندنی داگیرگەکان. داگیرکارە پێشینەکان وەسفی ویلایەتی فـەرجێنیایان دەکـرد بەزۆری زێڕ تیایدا، بەوەی گوایە دانیشتوانەکەی ئەڵماس ومەڕجان لەسەر کـەنارەکانی دەریای لوێزیناکۆدەکەنەوەو پۆشاکی منداڵەکانیانی پێ دەڕازیننەوە.

سەرەڕای بێ کـاری بـەربڵاوی ئینگلتڕاکەبـەهۆی پرۆسـەی پـەرژین کـردن‌و گـۆڕینی زەویە کشتوکاڵیەکان بۆ لەوەڕگەو نەهێشتنی دێرەکان‌و دەسـتگرتن بەسـەر موڵکەکـەی بـڵاو ببوویـەوە. هەرئەمـەش وای لێکـردن بگـەڕێن بـە دوای هۆکـاری تـر بۆژیـان‌و دەوڵەمەندی. لەم سەروبەندەدا ئەمریکا بۆ ئەوان زەوی بەڵێن پێدراوو پەنگەبوو.

لەپاڵ ئەوانەشدا جەنگی سی ساڵە هۆیەکی تری ئەم کۆچ کردنە بـوو، جـەنگی سـی ساڵەی ئەورووپا لەنیوەی یەکەمی سەدەی حەڤدە، بازاڕەکـانی ئینگلیـزی لەکیـشوەری ئـەورووپادا بـەڕووی کـاڵای ئینگلیـزی دا داخـستو پیـشەسازی ئینگلیـزی لـەباربردو بەهەزاران خاوەنکارو کریکار بێکار مانەوە.

هەروەها ساڵانێکی وشکە ساڵی بەرهەمی خراپو بێ کەڵکی لەگەڵ خۆی هێناو نرخەکانیش بەرزبونەوە، هەربۆیە خەڵکی کەوتنە بیری کۆچ کردن ڕووەو ئەمریکا، ئەمەش بۆ دەستکەوتنی قوتی ژیان. خەڵکی وایان دەبینی کە ئینگلترا پڕو سیخناخ بووە بە دانیشتوانو ژمارەی دانیشتوان گەیشتۆتە پێنج مەلاین کەس، جا چارەسەری ئەم ڕەشەو لابردنی ئەم فشارەی دانیشتوانو نەهێشتنی بێ کاری لایان وابوو تەنها بەکۆچکردن چارەسەر دەبێ.

هاوکات بانگەشەکارانی مەزهەبی بازرگانی هانی داگیرکاریان دەدا، چونکە داگیرگە ماددەی خاو دەبەخشێتە وڵاتو خۆیشی دەبێتە بازاڕێکی بەبرەوی کاڵاو بەرهەمی پیشەسازی وڵات. لەبەرئەمانە لە ئینگلتڕادا باوەڕیان وابوو کە دەستگرتن بەسەر دارگیرگە بۆ ئەم مەبەستانە ئەرکی سەرشانی حکومەتە. هەروەها باوەڕیان وابوو دەستگرتن بەسەر ماسی داگیرگەکان زۆر باشترە لە کڕینی ماسی لە هۆڵندیە ڕکەبەرو چاوچنۆکەکان. ئەوەتا یەکێ لەوان دەڵێ: "بازرگانان جەختیان دەکردەوە لەسەر مەترسی ئەوەی کە کەشتیگەلی پاشایی پشت ببەستێ بە داروو تەختەی وڵاتانی بەڵتیقو زفتو قاڕی ئەوان. لەبەرئەوانە ئەقڵو لۆژیك ئەوە دەخوازێ کە ئەم ماددە سەرەکیانە لە جێگایەکەوە هاوردە بکرێت کە لەکاتی جەنگدا بتوانرێ دەست پێی بگات.

لەپاڵ هۆکاری ئابووری ئاینیش بەهەمان شێوە، لەگەڵ هۆکارەکانی تر پاڵنەر بوون بۆ داگیرکاری. ژمارەیەك لە ئینگلیزەکان هەوڵیاندا مەسیحیەت لەناو هیندیە سورە بت پەرستەکان بڵاوبکەنەوە، لەنێو ئەو بەندانەی کە لە بڕوانامەی (وەسیقە) ئیمتیازەکانی کۆمپانیای فرجیباو ئەوانی تریشا هەبوو، پرسی بڵاوکردنەوەی ئاینی مەسیحی وکتێبی پیرۆز بوو لەنێو هیندیە سورەکاندا. دواتر دەرکەوت کە کۆمپانیا ئەوەندەی گرنگی دەدا بە داگیرکاری ناوچەکە ئەوەندە گرنگی نەدەدابە بڵاوکرنەوەی ئاینی مەسیحی لەناو هیندیە سورەکان. ئەکمان ئاینیان کردبووە، پەردە پۆشێك بۆ جێبەجێ کردنی

ئارەزوی کەمایەتیە ئاینیەکانی ئینگلترا وەك بیۆریتانە توندڕەوەکانو کاسۆلیکەکانو کویکرسەکان و، ئەوانەی دونیای تازەیان بە پەناگە دەزانی بۆ پیادەکردنی ئاینیان. لەڕاستیدا ئینگلترا لەگەڵ ئیسپانیاو فەرەنسا، سەبارەت بەم پرسە جیاواز بوو، چونکە ئینگلترا ڕێگای دەدا کەمایەتیە ئاینیەکان کۆچ بکەن بۆ دونیای نوێ بۆ ئەوەی بەزووی لەدەستی ئەوان ڕزگاری بێت، ئەمە لە کاتێکدا ئیسپانیاو فەرەنسا، ڕێگر بوون، لە کۆچ کردنی کەمە ئاینیەکان. جگە لەم پاڵنەرانە، پاڵنەری تاکەکەسی "شخصی" زۆربوو، بۆ ئوم کۆچکردنە. سەرکێش مانو سسەربەرزی ناوبانگەوە بوون. هەیانبوو دەیویست خۆی ڕزگار بکات لە ڕابردوی سامناكو ناوبانگی خراپو ناوزڕاوی خۆی، هەر بۆیە لە دەشتەکانی ئەمریکا خۆی وون دەکرد. هەشیان بوو گەرەکی بوو خۆی ڕزگار بکات لە داوو شوێن پێ هەڵگرتنی، پۆلیس، ئەمەش بەهۆی ئەنجامدانی تاوانێك کە توشی ببو. بەشێکیان دەیانویست خۆیان ڕزگار بکەن لە نەداریو کەساسیو کوێرەوەیو بچن ڕووەو ژیانێکی خۆش لە جیهانی نوێ. وەلێ زۆرترینیان توشی لەناوچوون هاتن، بەبێ ئەوەی هیچ شتێکیان دەستکەوێ، چارەنوسیان خراپتر بوو، لەوەی کە لێیەوە هاتبوون.

دروستکردنی داگیرگە ئینگلیزەکان لە ئەمریکا:-

سەرەتای هەوڵەکانی ئینگلیز بۆ داگیرکاری ئەمریکا شکستی هێنا. "سێر هامفری گیلبرت" هەستا بە سازدانی دوو شالاو بۆ ئەمریکا، شالاوی یەکەمیان بەهۆی گەردەلولی دەریای شکستی هێناو، هی دووەمیان لەساڵی 1583 بە ونبوونی لەدەریادا کۆتایی پێهات. لەپاش ئەمە "سێر والتر ڕایلی" کە هەر برای ئەوەی پێشو بوو لە دایکیەوە، دوای ئەوەی توانی شاژن ئیلازابێس ڕازی بکات، هەستا بە سازدانی شالاوێکی دەریایی. ئیلازابێس ڕەزامەندی نیشاندا بەو مەرجەی کە "ڕایلی" بەشێك لە کانزا گرانبەهاکان بدات بە شاژنی ئینگلیز. جا لەپاش دۆزینەوەکەی لەساڵی 1584 ڕاپۆرتێکی هاندەری پێشکەش کرد سەبارەت بەو "ولاتەو گونجاوی ئاو وهەواو

بەروبوم و سازگاری ئەو ناچەیە زیاتر لە هەر وڵاتێکی تر". "ڕایلی" جگە لەمە دوو شاڵاوی تریشی وەڕێخست، بەلاّم لەهەردووکیان شکستی هێنا. ئەوەی دووەمیان لەساڵی 1587 بوو، کاتێ لەم ساڵەدا کەوتە ڕێ و لەچارەنوسێکی نادیاردا لەدورگەی "ڕونك" گۆشەگیر مانەوەو وون بوون، وە جگە لەوشەی ناڕۆشنی "کرواتیان" کە لەسەر لقی دارێك هەڵی کەند بوو، هیچ ئاسەوارێکی تری جێنەهێشت.

"والتر" بەهیچ هەوڵێکی داگیرکاری تر هەڵنەستاو سەدەی شازدەش کۆتایی هات بەبێ هەبوونی داگیرگەیەکی هەمیشەیی ئینگلیزی. بەهۆی ئەم ئەزمونانە ئینگلیزەکان بۆیان دەرکەوت کە ئەم جەربەزەیانە بە تاك تاك بۆ مەبەستێکی ئائەوە گەورەو مەزن کەخۆی دەبینێتەوە لەپرۆسەی داگیرکاری و نیشتەجێ بوون، لە توانای تاکە کەسێك و دەستەو کۆمەڵێك دانیە، بەڵکو پرۆژەی لەم شێوەیە پێویستە حکومەت و کۆمپانیا گەورەکان پێی هەستن و ڕۆڵی تیا بگێڕن.

کۆمپانیا بازرگانیە گەورەکان کە پێکهاتبوو لە چینی ئۆرستۆکراتی ئینگلیزی و خاوەن پۆستە بەرزەکانی وڵات و گەورە سەرمایەداران، توانیان بەربژاری لە پاشایەتی بەریتانی بۆخۆیان دەستەبەر بکەن لە بواری "کۆکردنەوەی باج و لێدانی دراو ڕێکخستنی بازرگانی و کڕین و فرۆشتنەوەی زەوی و ڕاگەیاندنی جەنگ و دەستگرتن بەسەر ئەو زەویانەی کە دەیاندۆزیەوە". وەسیقەی ئەم بەربژاریانە کە کۆمپانیاکان دەستیان کەوتبوو، گوزارشتبوو لە دەستوری کۆمپانیا و سیستەمی کۆمپانیا، هەرئەمەش بوو بە بناغەی دەستورو یاساکانی ئەو ویلاتانەی کە دواتر لەبەریتانیا سەربەخۆ بوون. شیاوی باسە کۆمپانیاکان ڕۆڵی گەورەیان گێڕا لەم کایەداو دەوری گرنگیان بینی.

دوو لەداگیرگە ئینگلیزەکان بەهۆی کۆمپانیای بازرگانی ئینگلیزی دامەزرێندران، "فەرجینیا" لەساڵی 1607 لەلایەن کۆمپانیای لەندەن دامەزرێندراو "مساجوسیت" لەساڵی 1630 لەلایەن کۆمپانیای کەنداوی "مساجوسیت" بنیاتنرا. کۆمپانیاکان هیچ

کاتێ بێ بەش نەبوون لەبەربژاریو پشكو بەشو هەردەم بە دوای دەکەوتن، لەم نێوانە کۆمپانیای "فەرجینیا" لە ساڵی 1606 لەلایەن شا"جیمسی یەکەم"ەوە چەندین بەربژاری پێدراو ڕێگەیدرا دوو کۆمپانیای تری ناسەرەکی دروستبکات، کە بریتی بوون لەکۆمپانیای لەندەنو بلیموس. کۆمپانیای لەندەن مافی بازرگانی کردنی پێدرا، هەروەها ڕێگەی پێدرا کە لە نێوان هێڵی 34-41پرۆسەی نیشتەجێ کردن ئەنجام بدات. بۆ کۆمپانیای بلیمۆس"یش- مافی دامەزراندنی پێدرا لەنێوان هێڵی پانی 38-43. لە هەموو ئەمانەشدا پادشا دەسەلاتی دەوڵەتی بەسەردا هێشتنەوەو وایکرد نەتوانن لەدەسەلاتی دەوڵەت دەربچن. کۆمپانیاکان بەربژاریو پشك وبەشو ئازادیان دەدا بە نیشتەجێبووەکان لەو زەویانەی بەکاریان دەهێنا.

کاتێك سێ کەشتی لەمایسی 1607لەفەرجێنیا دابەزینو نزیکەی سەدوپێنج کەسی هەڵگرتبوو، توانای ئەوەیان نەبوو گۆڕانکاری بەسەر زەوییەکەدابێنن هەرچەندە بەشێك لەوان کرێکارو کەسانی میکانیکی بوون، بەڵام زۆرینەیان لەوانە نەبوون کە بتوانن خۆیان بگونجێنن لەگەڵ ئەو زەوییە چۆڵو بەکارنەهێنراوانەدا. خۆ لەڕاستیدا ئەوان ناحەقیان نەبوو، کاتێك سەیر دەکەین کە ئەو ناوچەیەی شاری "جیمس تاونی" لێ بنیات نراوە ناچەیەکی پڕ لەزۆنگو زەلکاو بووە، هەر لەساڵی یەکەمدا دانیشتوانەکەی بە نەخۆشی شڕ ببوون. کاتێ شالاوی دووەمیش گەیشتە ئەمریکا وەنەبێ خەڵکەکەی لەوانەی پێشوو ئازاو بەهێزتر بووبن، بەڵکو ئەوانیش لەرووی ئامادەگییەوە زۆر لەوانەی پێش خۆیان جیاواز نەبوون، جارێ بەشێك لەوان زێڕنگەر بوونو هاتبوون بۆ دەرهێنانی زێڕو شۆرینیو پاك کردنەوەیو پاشان بارکردنی.

لەم دوو شالاوەی کە ئامارەمان پێدا جگە لەچوارەیەکیان هیچی تریان لێ نەمایەوە. مانەوەی ئەم داگیرگەیەش بەسایەی سەرپەرشتی کارو کەشتیوان "جۆن سمیس" بوو، ئەو کەسەی کە بۆ کۆمپانیاکان ئەوەی خستەڕوو کە پێویستە کەسانێ بنێرن توانای کارکردنیان هەبێتو دەستەکانیان بخەنەکار. جگە لەمەش "سمیس"

یاسایەکی توندو ڕەقی بەسەر کۆچکردووە تازەکان سەپاند کە خۆی دەبینیەوە لەوەی ئەوەی "کاردەکات دەخوات".

کۆمپانییای لەندەن پێشبینی سەروەتو سامانێکی بێ شوماری کرد بوو لەماوەیەکی کەمدا، کەچی توشی نالەباریو تەنگو چڵەمەی زۆر بوون و سودو قازانجیش هەروا بەئاسانی دەستیانەکەوت. ساکاتێکیش هیچ یەکێ لەمان زێڕو ئاڵتونیان دەستنەکەوت، یەکێ لەوان بەناوی "جۆن رالف" لە ساڵی 1612 توانی سودو قازانجێکی زۆری دەستکەوێت لە کشتوکاڵی توتن. بەهاتنی ساڵی 1619 نزیکەی هەزار کەس لە فەرجینیا نیشتەجێ بوون. لەهەمان ساڵیشدا کۆمپانیا "90" ئافرەتی گەنجی لێوەشاوەی گەیاندە ئەم ناوچەیە، لەوێش هاوسەرگیریان پێکرا لەگەڵ ئەو پیاوانەی کە لەبەرامبەر کرێ دا ئەوانیان گواستبوویەوە. منداڵو نەوەی ئەمانە لە یەکەمین خێزنەکانی فرجینیا بوون. ساڵ لەدوای ساڵ ئافرەتانیش بەرەو فەرجینیا کۆچیان دەکردو منداڵەکانیان دەبوونە دانیشتوانی ڕەسەنی ئەمریکا.

لەساڵی 1619 ڕوداوێك لەمێژووی ئەمریکاو وە لەمێژووی ئەم پرۆسەیەدا ڕویدا، ئەمەش کاتێك کەشتیەکی هۆڵندی یەکەم باری خۆی لەزنجو کۆیلە داگرت و هەرزوو لەلایەن دانیشتوانی فەرجینیاوە بیست لەم کۆیلانە کڕدران. نیو سەدە بەسەر ئەمەدا تێپەڕی کاتێك زنجیەکی زۆر لەکشتوکاڵدا کاریان پێدەکرا، بەتایبەت لە کشتوکاڵێ توتن. هەر لەساڵێ 1619 کۆمپانیا مافی دروستکردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی بەخشی بە نیشتەجێ بووان. ئەم ئەنجومەنە بووە یەکەم یاسا داڕێژی ویلایەتی فەرجینیا لەدوایداو یەکەم حکومەتی نوێنەرایەتی لە ئەمریکا.

لەساڵی 1624 شاجیمسی یەکەم بەربژاری کۆمپانیای فەرجێنیای هەڵوەشاندەوە، بەهۆی ئەوەی بەرژەوەندیەکانی کۆمپانیای بازرگانی تێکدەگیرا لەگەڵ ئەو سیستەمە باجەی کە جیمس سەپاندبووی، بەمەش ویلایەتی فەرجینیا بووبە هەرێمێکی پاشاییو لەلایەن حاکمێکی سەر بەپاشا ئینگلیزی فەرمانڕەوایی

دەکرا، ئـەمیش لەلایـەن ئەنجومـەنی بـچوكو چـڤاتی[2] یاسـاداڕێژەوە هاوكـاری دەكـرا، ئەمانیش لەلایەن جوتیارانو كشتكارانەوە هەڵدەبژێران. بەم شێوەیە فرجینیا بوو بـە یەكەم هەرێمی شاهانی ئینگلیزی لەئەمریکا.

پیوّریتانە توند ڕەوەكان لە مساجوسیت:-

پیوّریتانـە تونـدەكان لەگـەڵ كڵێـسای ئینگلیـزی هـەڵیان نـەدەكردو نـەدەگونجان، ئەوان دەیانویست چاكسازی لەكڵێسادا بكەن، وە گەرەكیان بوو پەیامەكانی پیوّرتـانی "دنیا نەویستی" لەگەڵ كڵێسادا بگونجێنن. بەڵام كاتێـك پاشـا ئەمـەی ڕەت كـردەوەو هەڕەشـەی لێكـردن بـەوەی یـا خۆیـان لەگـەڵ كڵێـسای ئینگلیـزی سـازكەن یـان وڵات جێبێڵن، بەشێك لەمانـە ڕویـان كـردە هۆڵنـدا. هەرچـەندە بـە بـەراورد لەگـەڵ ئینـگلترا بارودۆخی هۆڵندا بۆ ئەوان سانا ترو باشتر بوو، بـەڵام دووره پـەرێزیو تـەنهاییان لـەم ناوچەیەدا وایكرد بارودۆخ بۆیان لەبار نـەبێت، هـەر بۆیـە بڕیـاری كۆچـكردنیاندا ڕووەو ئـەمریكا لەسـەر پـشتی پـاپۆڕی سـپیدوڵ، كۆمەڵەیـەكی تـریش لـە پیوّریتانـەكان ئینگلترایان جێ هێشت بە پاپۆڕی "میگلاور"و لەهـەمانكاتو لەئـەیلولی 1620 شـاری "بلایموس"یان- جێهێشت. ئـەو كۆمەڵەیـەی هۆڵنـدایان جێهێـشت، كاتێـك نـەیانتوانی ڕێگە بـبڕن، لەڕێگـەدا خۆیـان خـستە پـاڵ كۆمەڵـەی "مـیفلاور". گـەردەلولو تـەوژمو شەپۆلی ئاو كەشتیەكەی لـەڕێڕەوی خـۆی لادا. شـیاوی باسـە ژمـارەی سەرنشینەكان 102 كەس بوون لەپیاوانو ئافرەتو منداڵان. ئەوە بـوو لەتـشرینی دووەم "مـیفلاور" ڕێگەی بڕی بۆ كەنارەكانی نیوئاینگلاند. بەڵام بەهۆی ئەوەی ئەم ناوچەیە لەدەرەوەی سـنوری كۆمپانیـای لەنـدەن بـوو، ئـەمان بەگەشـتكار Pillims لەقەڵـەم نـەدەدران، هەروەك پیوّریتانەكان لەسەر كەشتی خۆیـان بـەوە هـەژمار كردبـوو. وە بۆئـەوان هـیچ

2 چڤات: كۆمەڵ-دەستە.

مافێك نەبوو لەسەر ئەو زەویەی کەلەسەری دادەبەزین. جا بۆ ئەوەی مافی ڕەوایی خۆیان پێبدرێ دەستورو وەسیقەی خۆیان دارشت. بەگوێرەی ئەم دەستورە حکومەتی خۆیان دادەمەزراند. لەم سەنەدو نوسراوەدا هاتووە "دادەمەزرێ بنیات دەنرێ شێوە یاساو دەستورو دامو دەزگای دادگەر، ئەمانە لەکاتێکەوە بۆ کاتێکی تر لەپێناوی بەرژەوەندی گشتی گۆڕان بەسەر ئەم سەنەدەدا دەهێنن" ئەم گرێ بەستە یەکەم دەستوری نوسراو پەیمانی کۆمەلایەتیە کە بە ڕەزامەندی خەلکەکە دانرا. ئەوانە کەژمارەیان چلو یەك کەس بوو "جۆن کارڤر"یان وەك حاکم بەسەر خۆیاندا هەلبژارد.

پیۆریتانەکان لەبەندەری بلیموس لەنیو ئینگلاند "باکوری خۆرهەلاتی ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمڕۆ" دابەزین، بەلام بارودۆخیان زۆر سەختو نالەباربوو، سەرماو سۆلەی زستان نیوەی لێ کوشتن، وەلێ ئەوانی تر بێ ئومێد نەبوونو بەردەوامیان دا بەخۆیانو هەولۆ کۆششیان دەدا لەپێناوی مانەوەو، لەسەر بیست دۆنم زەوی خۆیان خەریکی کشتوکاڵ کرد. پاش ئەمە ژمارەیەکی تر لەپیۆریتانەکان پەیوەندیان پێوە کردن، دواتر لەساڵی 1628 کۆمەڵەی دووەم گەیشتنو لەمساجویت نیشتەجێ بوون. بلیمۆسیش هەر بەسەربەخۆیی مایەوە لە مساجوسیت. "لە مساچوسیت سەربەخۆ بوو پەیوەندی بە مساجوسیت نەبوو، تاوەکو ساڵی 1691". گرنگی ئەم نیشتەجێگەیە تەنها لە ڕووی ئابووریەوە نەبوو، بەلکو لە حکومەتەکەیان دابوو، کە حکومەتێکی سەربەخۆو جەماوەری بوو "لەلایەن گەلەوە دامەزرا بوو".

جیمسی یەکەم پیۆریتانەکانی بنبڕکرد، کاتێك ئەوان دەیانویست مەزهەبی ئینگلیکانی بگۆڕنو بنەماو دروشمی ئاینی دنیانەویستی خۆیان لەگەلیدا بسازێنن. ساکاتێکیش چارلسی یەکەم هاتە سەرتەخت، زۆر لە باوکی ڕقاوی تر کەوتە چەوساندنەوەیان. هەربۆیە وەك تاکە چارەسەرێك پیۆریتانیەکان ڕوویان کردە ئەمریکاو ئەمەشیان بە تاکە چارەسەر دەزانی بۆ ئەو تەنگو چەلەمانەی کە رووبەڕوویان دەبوویەوە.

لەساڵی 1629 کۆمەڵێك لەپیۆریتانیەکان بەربژاریان وەچنگ کەوت بۆ کۆمپانیای کەنداوی "مساجوسیت"، کە کۆچکارانی دەگواستەوە بۆ ئەمریکا.

ئەم دەستیەی کە ئێمە باسی دەکەین بەوەی کە بالاّ دەست بوون بەسەر کۆمپانیای مساجوسیتو کۆچیان کردە ئەمریکا، لەچینی هەژار نەبوون بەڵکو لەچینی دەوڵەمەند بوونو ڕۆشنبیربوونو خاوەن زەوی بوون لە چینی ناوەڕاست. ئەمانە خۆیان ڕێکخست لەئەمریکا بۆ پێکهێنانی حکومەت، هەرچەند ئەم حکومەتە سەر بە ئینگلترا بوو، بەلاّم بە بەڕێوەبەرایەتی سەربەخۆ بەهرەمەند بوو. لەساڵی 1630 کۆمپانیا بەیازدە کەشتی کە حاکم جۆن سەرپەرشتی دەکرد "700" کەسیان لەگەڵ خۆیان هێناو لە مساجوسیت دابەزین. دوای ئەمە شاری "بوستنو چارلستنو دورجستر"یان درستکرد. ژمارەی کۆچکردووەکان هەر ڕووی لەزیادبوون دەکرد، بەشێوەیەك لەدوای ئەم مێژووە بەماوەی دەساڵ نزیکەی پازە هەزار کەس کۆچیان کردە ئەمریکاو لە مساجوسیت دابەزین. لە ڕاستیدا هۆکاری ئەم کۆچکردنە زۆرە دەگەڕێتەوە ئەو چەوسانەوەی کە دارو دەستەی چارلسی یەکەم لەدژی پیۆریتانەکان لە ئینگلترا پیادەیان دەکرد، ئەمانیش بەناچاری کۆچیان دەکرد. ئەوەبوو داگیرگەی مساچوسیت بووە پەناگەیەك بۆ هەموو چەوساوەیەك لەپیۆریتانەکان.

پیۆریتانی کۆچکردو کۆمەڵگەیەکی دیموکرتیان لە مساجوسیت دروست نەکرد، بەڵکو سەرکردەکانیان کۆمەڵگەیەکی چینایەتیان دروستکرد، ئەمەش بە سازکردنی کێڵگەی گەورەو فراوان کە کرێکاران کاریان تیادا دەکرد، یاخود کرێکاران بەگرێ بەستێك کاری تیا دەکرد کە بەزەویەکەوە پەیوەستی کردبوون، یان ئەوەتا کۆیلە ئیشی تیادا دەکرد. کەچی لەگەڵ ئەوانەشدا کێڵگەکانی مساجوسیت نەگۆڕا بۆ داگیرگەیەکی کشتوکاڵی فراوان، هەروەك فەرجینیا لەباشور وەها گۆڕا. بەهەمانشێوە بازرگانی کۆیلە لەوێدا بەقازانج نەبوو. هەربۆیە نیو ئینگلاند گۆڕا بۆ کێڵگەی بچوك کە جوتیاری ئازاد خاوەنی بوو. ئەم شێوە گەشەسەندنە ئابووریە کاریگەری هەبوو لەسەر

گەشەسەندنی کۆمەلایەتی، ئەوە بوو چەندین شار لەمەساچوسێت دروستبوون کە بوونە ناوەندی چالاکی سیاسیو کۆمەلایەتی.

لەسالی 1624 سیستەمی نوێنەرایەتی لەم داگیرگەیە سەریهەلدا، بەوەی کە خەلکی هەموو شارەکان لەکۆبوونەوەیەکی کراوەدا کۆدەبوونەوە بۆ هەلبژاردنی ئەندامێك یان دوو ئەندام بۆ ئەوەی لە بوستن نوێنەرایەتیان بکات، کاتێك لەوێدا ئانجومەنی یاسادانان دادەمەزراو دەسەلاتی کۆکردنەوەی باجو دانانی یاسای لەدەست دەبوو.

حکومەتی "جۆن وینسروب"و دەستەکەی لەمساجوسیت، حکومەتێکی سیوکراتی بوو لەسەر شێوەی کالڤن، کە جگە لەوانەی پابەند بوون بە پێشەوا کالڤنیەکانیان لە ڕووی بیروڕایان سەبارەت بە ئایینو دەولەت، کەسی تر نەیدەتوانی دەنگ بدات.

بۆیە ئەم سیستەمە ڕەقو بە بەرد بووە لەگەل سەرهەلدانی شۆڕشی "روجرویلمس" هەرەسی هێنا. "روجر ویلمس" یەکێ بوو لە قەشەکانی شاری "سیلم"، باوەڕی بە لەیەکتری جیاکردنەوەی ئاینو دەولەت هەبوو، دژ بە دیکتاتۆریەت. "ویلمس" لەو کەسانە بوو کە پشتیوانی سەربەستی ئاینی دەکرد، هەروەها ئەم دانی نەنا بە "جون ویسروب"و کۆمەلەکەیو شەریعەتی حکومەتەکەیان، حکومەتێك کە ڕەزامەندیو مۆلەتی لەئینگلترا وەرنەگرتووە بۆ دامەزرانی. هەر بۆیە ویلمس لەمساچوسێت دەرکرا، ئەمیش لەدوای دەرکرانی لەنزیك رودایلند نیشتەجێگەیەکی بنیانا. پاش ئەمە "مسزئان هچنسن" پەیوەندی پێوەکرد، ئەمیش وەك "روجر ویلمس" نەیاری دیکتاتۆریەتی حکومەتەکەی مساچوسێت بوو، وە لە بانگەشەکارانی سەربەستی ئاینی بوو. جا بەتێپەڕنی ڕۆژگار ژمارەیەکی زۆر لەو کەسانەی کە حکومەتی مساچوسێت دەیچەوساندنەوە پەیوەندیان کرد بەو نیشتەجێگە تازەیە.

ئەم نیشتەجێگە تازەیە لەسەرەتایی دامەزراندنی ناویان نا نیشتەجێگەی برۆڤندس. لە سالی 1644 پەرلەمانی درێژخایەنی ئینگلترا"لەسەروبەری شۆڕشی ئینگلیزی"

بەربژاری بەخشی بەم نیشتەجێگەیە. چارلسی دووەمیش لەساڵی 1663ڕەزامەندی لەسەر نیشاندا. ئیدی داگیرگەی رودایلند دواتر بوو بە نمونەیەکی جوانی دیموکراتی نوێ. خەڵکی ئەم شارە لەپیاوو ژن پەیمانی کۆمەڵایەتیان بەست، بەڵام پەیمانی ئەوان جیاواز بوو لەپەیمانەکانی تری مساچوسیتو بوستن، چونکە هی ئەوان پەیمانێکی سەربەستانە بوو، لەژێر کاریگەری کڵێسا یاخود شای بەریتانی دا نەبوو. جا لەبەر ئەمانە "رودایلند" زیاتر دیموکراتی بوو، لەهەر نیشتەجێگەیەکی تری ئینگلیزی لە ئەمریکا. دەستوری "ڕودایلند"یش لە ساڵی 1647 بەڵگەیەکی ڕونەو ئەمە دەسەلمێنێ. بەگوێرەی ئەم دەستورە رودایلەند کۆمارێکی یەکگرتووەو پێکهاتووە لە کۆمەڵێك شاری سەربەخۆ.

لە ساڵی 1636 کۆچڕەوێکی تر بە سەرۆکایەتی "توماس هوگر" دەستیپێکرد. توماس هوگر ئەوەی دەرخست کە پێویستە دەسەڵات بە ڕەزامەندی گەل بێت، ئەمەشی بەئازادی تەواو لێك دایەوە. ئەم بیرو بۆچونانەش لەگەڵ حکومەتی سیوکراتی لە بۆستن نەدەهاتەوەو تێکدەگیرا، لەبەرئەوە خۆیو کۆمەڵەکەی کۆچیان کرد بۆ ویلایەتی "کناتیکتو لە شاری هارتفەردو چەند شارێکی تر نیشتەجێ بوون. لەساڵی 1662 ئەوان توانیان بەربژاری لەچارلسی دووەم وەرگرن بۆ بنیاتنانی نیشتەجێگەی کناتیکت، کەژمارەیەك شاری لەخۆدەگرت، گرنگترینیان: "هرتفرد، ندستور، نرڕسفیلدو نیو هاڤن".

چەند نیشتەجێگەی تر سەریانهەڵداو لەدەوروبەری کناتیکتو مەساچوسێت بڵاوبونەوەو جیابوونەوە. لەم نێوانە "نیوهامشەر" لە ساڵی 1679 لەمەساچوسێت جیابوویەوە. ئەم نیشتەجێگانەش چەندان لقی تریان لێبوویەوە وەك : "ڤیرمۆت، مین"، بەڵام ئەمانە لەپێش شۆرشی ئەمریکی سەربەخۆنەبوون.

لەناوچەی نیو ئینگلاند کۆمپانیایەکی بازرگانی دروستبوو، بەربژاریشی لە شای ئینگلترا وەچنگ کەوتو دەستیکرد بەدامەزراندنی نیشتەجێگەی تر. دامەزراندنی ئەم

نیشتەجێگانە بەپێدانی چەندان پارچە زەوی بەکەسێك کە بەژدار نەبوو لەکۆمپانیا ئەنجام دەدرا. ئەم کەسانەی کە لەلایەن کۆمپانیاوە زەویان پێدرابوو لەچینی باڵاو دۆڵەمەندو سەرمایەداران بوون یاخود لەنزیکانی پاشابوون. ئەمانە توانیان ڕووبەرێکی زۆر لەزەوی ئەمریکا دەستبخەنو چەندان نیشتەجێگەی تێدا بنیات بنێن، ئەمەشیان تەنهابۆ مەبەستی ماددی ئەنجام دەدا. ئەمانە توانیان حەوت نیشتەجێگە لەسەر ئەم شێوازە دروست بکەن، وەك: "میریلاند، نیویۆرك، نیوجرزی، پەنسلڤانیا، دیلاویر، ساوتکارۆلینیا". هەروەك ویلایەتی جۆرجیاش بەهۆی تاکەسێکەوە بنیاتنرا. بەڵام جۆرجیا لەسەرەتادا ئەنجومەنی ڕاسپاردن بەڕێوە دەبرد.

میریلاند ناوچەیەك بوو کە چارلسی یەکەم لەساڵی1632 بەخشی بە"لۆرد تیمور"ی کاسۆلیکی، بەرامبەر بەوەرگرتنی پێنج یەکی خاوی زێڕو زیوی ساڵانەی ئەم هەرێمە. جا بۆ ئەوەی ئەم هەرێمە ئاوەدان بکرێتەوە، "لۆردتیمور" هەزار دۆنمی بەخشی بە هەر خانەدانو دەرەبەگێك کە لەگەڵ خۆیدا پێنج جوتیاری دەهێنا بە کەلوپەلو پێویستیەکانیەوە. بەهەمانشێوە ڕووبەری سەد دۆنم تاوەكو پێنج سەد دۆنم دابەشکرا بەسەرئەو خانەوادانەی کۆچیان کردبوو بۆی. "لۆرد تیمور" هەرێمەکەی کردبوو بە پەناگەیەك بۆکاسۆلیەکە چەساوەکانی ئینگلتراو ڕێگریشی نەدەکرد لەپرۆتستانتیەکان کە لە"میریلاند نیشتەجێ بن. لەساڵی1649ئەنجومەنی یاسادانانی میریلاند یاسای سەربەستی ئاینی دەکرد بۆ کاسۆلیك و پرۆتستانتیەکان. لەملاشەوە بریاری لە سێدارەدانی دەردەکرد بەسەر یەکیەتی خوازانو غەیرە مەسیحیەکان. "لۆرد تیمور" تەنها خۆی بە کاسۆلیکی مایەوە لە دوایدا، چونکە لەنێوان ساڵانی1690-1715 نەوەکانی بوون بەپرۆتستانتی. ئەمەش وایکرد لەدەسەڵاتی میریلاند دەرکرێن، بەڵام داهاتو موڵکە ویراسیەکانیان لێ زەوت نەکرا.

دامەزراندنی نیشتەجێگە لە کارولاینای باکورو باشور:-

کاتێک چارلسی دووەم لەساڵی1660چووە سەر تەختی دەسەلات، زۆرێک لەشوێنکەوتووەکانی لەخانەدانان خەلات کرد، ئەوانەی یارمەتی خۆیو باوکیان دا لەکاتی هەلگیرسانی شۆرشی ئینگلیزی، ئەمەش بەپێدانی زەویوزار لە پشتەوەی دەریاو زەریاکان. جا هەشت کەس لەوانە لەساڵی1663 ڕووبەرێکی بەرفراوانیان لەباشوری فەرجینیا دەستکەوت و، ناونرا کارولاینا. گەورە خاوەن زەوییەکان "ئەوانەی زەوییەکی زۆریان هەبوو" ئازادی پەرستشکاریو لێبوردەیی ئاینیان بەخشی بەدانیشتوانە کۆچکردووەکان لە زەویەکانیاندا، لەبەرئەوە "کویکریس"و هیگۆنتە فەرەنسیو ئەلمانیو سویسرییەکان ڕوویان تێکردو زەنجیەکانیان لەکاری کشتوکاڵیدا خستەکار، بەتایبەت لەکشتوکاڵی برنجو نیلە. بەلام دواتر پادشایی ئینگلتەرا ناوچەکەی کڕیەوە لەخاوەنەکانی و لەساڵی1729بوویە موڵکی شاهانەی ئینگلترا.

بنیاتنانی نیویۆرک:-

هۆڵندیەکان بۆگەیشتنیان بە خۆرهەلاتی دوور "هنری هندسن"ی ئینگلیزیان بەکرێ گرت. هندسن بۆ ئەم مەبەستە لەساڵی 1609 لەڕێژگەی ڕوباری هندسن"بەناوی خۆیەوە ناو نراوە" بەڕێکەوت و لەڕێگەدا گەیشتە هۆزە هیندیە سورەکانی ناسراو بە "موهاك" کە توانی دۆستایەتیان لەگەڵ پێکبێنێ. ئەم گەشتەی چوار گەشتی تری بە دواداهات بۆ چوار گەشتکار"بازرگان" کە بەهۆیەوە کەنارەکانی ڕوباری "دیلاویر"و کەنداوی "لونکئایلاند" دۆزرایەوە. دواتر لەساڵی 1614 ناوەندی بازرگانیان لە"منهاتن" دامەزراند.

لەساڵی1621 کۆمپانیای هیندی خۆرئاوایی هۆڵندی دامەزرا بۆ مەبەستی پاوانکردنی بازرگانی بۆ ماوەی بیستو چوار ساڵ، لە نێوان ئەفریقای خۆر ئاواو ئەمریکا، بەوەی "کە کۆمپانیا هەڵبستێ بە ئاوەدان کردنەوەی ناوچە چۆڵەکان بە

ئاوەدان کردنەوەیەکی بەرهەمدار"، هەرچەندە مەبەستی سەرەکی کۆمپانیا لەناوبردنی قۆرغکاری ئیسپانیا بوو.

یەکەم کۆمەڵی کۆچکردووەکان لەساڵی 1624 گەیشتنە منهاتنو هەر زوو قەلاّی "ئەستردام"یان-تێدا بنیاتنا، کە دواتر بوو بە ناوەندی حکومەت. هەروەها نیشتەجێگەی "ئۆرنج"یان- لەناوچەی "بانی" بنیاتناو قەلاّی "ناساو"یان- لەسەر ڕوباری "دیلاویر" دروستکرد، ئەمەو جگەلە دروستکردنی قەلاّیەکی تر لە "کناتیکت". بەمەش هۆڵندیەکان شاری نیوئەمستردام یان دامەزراند، دواتریش ئینگلیزەکان ناویان لێینا نیویۆرك. هەرچەندە ئەم ناچەیە بە شێوەیەکی هەرزان دەبەخشرا، بەوەی کە بۆ هەر پەنجا خێزانێك گەر ڕووی تێکردبا بەدرێژایی ڕوباری هندسن زەوی پێدەدرا، بەلاّم خواستی لەسەر کەم بوو، تەنها کەمێك لەخانەدانان یاخود "ئەوانەی کە بەم کارە گەورە هەڵدەستان" خۆیان تێی خزاند. وەلێ هیچ لەمان سەرکەوتنی بەدەستنەهێنا، تەنها "ڤان ڕیسلی" بازرگانکاری ئەڵماسو خشلێ نەبێت، کە توانی زەوی لەناوچەی بانی بەدەستبێنێ. وەلێ بەشێوەیەکی گشتی نەیتوانی دانیشتوانی بۆ کەمەند کێش بکات.

لەساڵی 1664 بەبێ تەقاندنی تفەنگێك ئەم ناوچەیە کەوتەژێر بالاّدەستی ئینگلیزەکانی دەوروپشتی خۆی. هۆکاری شکستی هۆڵندیەکان لەپاراستنی دۆڵی رووباری "هندسنو منهاتن"، دەگەڕێتەوە بۆخودی هۆڵندیەکان. چونکە هۆڵندیەکان حەزیان نەدەکرد کۆچ بکەن بۆدەرەوەی ولاّت. بازرگانی و پرۆسەی دۆزینەوەش لەسەدەی حەڤدە ولاّتەکەیانی نغرۆ کردبوو لەسەروەت سامانو خۆشگوزەرانی. لێبووردەی ئاینیو لایەنی رۆشنبیریو پەرەسەندنی ئابووری، هۆڵندای بەشێوەیەك خۆشنود کردبوو کە ئێرەیی پێ دەبرا. ئەمەش وایکرد خەڵکی هۆڵندا بیر لەبەجێهێشتنی ولاّتەکەیان نەکەنەوە. لەلایەکی تریشەوە داگیرگەی "نیونیزلاند"و "نیویۆرك" توشی جەنگێکی سەختو درندە ئاسابوون لەگەڵ دانیشتوانە ڕەسەنەکەی،

کەناسرابوون بە"کونکسن". کاتێکیش لەساڵی 1665 ئاشتی ئەم ناوچەیەی گرتەوە، ئەم داگیرگەیە هەزارکەسی لە دانیشتوانەکەی لەدەستدابوو. جگەلەمە هۆڵندا لە ماوەی چل ساڵدا 1624-1664سەرقاڵ بوو بەجەنگە خوێناویەکانی لەگەڵ ئیسپانیاو ئینگلترا، ئەمەش تاڕادەیەك بێ ئاگای کردبوو لەداگیرگەگانی ئەمریکا، کە نەیتدەتوانی بەسەریان ڕابگات. کۆمپانیای هیندی خۆرئاوای هۆڵندیش زیاتر مەبەستی ڕووتکردنەوەی کەشتیە ئیسپانیەکان بوو لە زەریاکانو لەئەمریکای باشور، هەروەها ئارەزووی لەبازرگانی کۆیلەو بەهاراتو شەکر بوو، گرنگی نەدەدا بەداگیرکردنی نیونیزرلاند لەئەمریکا. لەلایەکی تریشەوە باڵادەستی کۆمپانیای هیندی خۆرئاوایی لەسەر بەڕێوەبەرایەتی داگیرگەکان توانای داهێنانی تاکەکەسی لەباربرد. جگەلەمە ئەم ناوچەیە بە فەرمانڕەواییەکی دیکتاتۆریانە فەرمانڕەوایی دەکرا. حکومەتی هۆڵنداش هیچ گوێی بەسکاڵای دانیشتوانەکان نەدەدا کە لەئازادیو سەربەستی بەڕێوەبردن قەدەغە کرابوون. دووبەرەکیو ناکۆکی لەنێوان کۆمپانیاو دانیشتوانەکان بووە هۆی ڕێگری کردن لەکۆچ کردنی هۆڵندیەکان. ساکاتێکیش ئینگلیزەکان لەساڵی1664 ویستیان پەلاماری داگیرگە بدەن دانیشتوانەکەی هاوکاری کردنی حاکمی هۆڵندی"پیتەر ستایفیزانس"یان ڕەت کردەوە.

کاتێك "نیونیزرلاند" کەوتە ژێر دەسەڵاتی ئینگلیز، ئینگلیزەکان بەتەواوی باڵادەستبوون بەسەر ناوچە کەناریەکان. لە ساڵی1664 "دیۆك ئۆف یۆرك" "ئەمە نازناوی شاجیمس ی دووەم بوو پێش چوونە سەر تەختی" هەموو ناوچەکانی لە"کناتیکت" تاوەکو ڕوباری "دیلاویری" لەبرای خۆی چارلسی دووەم دەستکەوت. لەم ناوچەیەش هەریەکە لە"ڤێرمۆنت – نیویۆرك – نیوجێرزی" جیابوونەوە. "دیۆك ئۆف یۆرك" نیویۆرکی بۆ خۆی هێشتەوەو ناوەکەیشی لە "نیوئەمستردام"ەوە گۆڕی بۆ نیویۆرك. "دیوك ئۆف یۆرك" لە"نیویۆرك" مایەوە تا ئەوکاتەی لەساڵی1685

بانگهێشتیان کردەوە بۆ ئینگلترا، بۆئەوەی بچێتە سەرتەختی دەسەڵات. هەر لەم کاتەشدا نیویۆرک بوویە ناوچەیەکی شاهانەی ئینگلیزی.

لێبوردەیی ئاینیو ڕەگەزی لە ویلایەتی "نیویۆرک" لە ئاسەوارەکانی شارستانیەتی هۆڵندان. تەنانەت گوتراوە: کاتێ ئینگلیز دەستیگرت بەسەر "نیویۆرک"دا ئەو زمانانەی کە لە شەقامەکانی "نیویۆرک" بەکاردەهات ژمارەیان دەگەیشتە نۆزدە زمان. ناوە هۆڵندیەکانیش وەك خۆیان مانەوە، وەك: "بروکلن، ئۆرنج،رینلسر.....هتد"، بەهەمانشێوە هەندێ خانەوادەی بەڕەسەن هۆڵندی تائێستاش ماون وەك: "ڕۆزفلت شویلرو ڤان بیورن، ڤاندربیلت". سەرەڕای ئەمانە شارستانی هۆڵندی لە گاڵتەو گەپدا ڕەنگی دەدایەوە، وەك: یاری گۆلف"خلیسکانی سەر بەفر"و "سنت کلوز_بابا نۆئێل". جگەلەمانە شارستانی هۆڵندی لەبیناکردنیشدا تا ئێستاش لەم ناوچەیەدا کاریگەری ماوە.

"لورد برکلیو سێرجۆرج کاتریت" بەهۆی "دیوك ئۆف یۆرك"و، لایەنگری کردنی "دیوك یۆرك" بۆ هەردووکیان، توانییان بەربژاری دەستبخەن بۆ بەدەستهێنانی زەویوزار لە نیوجیزری "لەنێوان دیلاویرو ڕوباری هندسن". نیوجرزی ناوی دورگەیەك بوو لەکەناڵی ئینگلیزی، کە "کارتیر" لەکاتی شۆڕشی ئینگلیزی پارێزگاری لێ کرد.

پەشێویو ئاڵۆسکاوی لەم ناوچەیەدا زۆر بوو درێژەی کێشا تاوەکو سەرهەڵدانی شۆڕشی ئەمریکی.

پەنسلڤانیا وەك ویلایەتێك لەسەدەی حەڤدە لەشێوەی نیشتەجێگەیەك دروست کرا. ئەم ویلایەتە لەلایەن کەسێکەوە دروستکرا بەناوی "پین". پین کەسێکی توندو گەرمو گوڕ بوو بۆ ئاینزای "کویکر". ئەم ئاینزایە دان ناهێنێ بە خوایەتی مەسیح، هەروەها باوەڕی بە هەڵەی ئادەم نەبوو، بەوەی کە لەوەچەکانیدا بە بۆماوەیی بۆیان دەمێنێتەوە. "ولیەم پین" داوای بڕی شازدە هەزار پاوەندی ئیستەرلینی لەشاچارلسی دووەم کرد، هەروەها داوای ناوچەیەکی کرد لە ئەمریکا بۆ شوێنکەوتەکانی لە ئاینزای

"کویکر". لەبەرئەوە چارلس لەساڵی 1681 فرمانی کرد ناوی بنێن "پەنسلڤانیا "دارستانی پین". لەڕاستیدا ئەم ناوچەیە پێشتر سویدیەکان تێیدا نیشتەجێ بوون‌و ناویان لێ نابوو سویدی نوێ، پاش ئەوان هۆڵندیەکان تێیدا گیرسانەوەو دوای ئەوانیش ئینگلیزەکان لەساڵی1664 دەستیان بەسەرداگرت.

"ولیەم پین" دەستیکرد بە گەشەپێدانی پەنسلڤانیا لەڕوی ئابووریەوەو لەساڵی 1682 چوو بۆ پەنسلڤانیاو شاری "فیلادلفیا"خۆشەویستی برایی"ی تێدا دروستکرد، هەروەها ڕێکەوتنی کرد لەگەڵ هیندیە سورەکان بەچەند مەرجێکی ئاسایی و، لێبوردنی بۆ هەمویان دەرکرد. پاش ئەمە ئەنجومەنی گەلی دامەزراند. "پین" بەمەبەستی کەمەندەکێش کردنی کۆچکاران لەئەوروپاوە بۆ "پەنسلڤانیا"، بە بانگەشەیەکی سەرنج ڕاکێشانە بانگەشەی بۆ دەکرد. لەیەکێ لەبانگەشاکاندا دەڵێت: " هەوای پاك، ڕووباری گونجاو بۆ کەشتیوانی، دەستکەوتی زۆر، خۆشگوزەرانی‌و گەشانەوەی ژیان لە شاری فیلادلفیا، بەشێوەیەك هەموو تاکێکی هەژار لە ئافرەت‌و پیاو سێ ئەوەندەی دەستدەکەوێ کە لەئینگلترا پێی دەبرێ. "

جۆرجیا:۔

ئەمەش ویلایەتێکی ترە کە لە پێش شۆڕشی سەربەخۆیی وەك نیشتەجێگەیەك لەلایەن سەربازێکەوە بە ناوی "جیمس" لەساڵی 1733 دروستکرا. لەم سەروبەندەدا خراپی ڕەوشی زیندانیەکان بەدیارکەوت، بۆیە بڕیاریدا ئەم ڕەوشەیان لەسەر سوك بکات، ئەمەش بەدروستکردنی نیشتەجێگەیەکی تر. حکومەتی ئینگلیزیش ڕەزامەندی لەسەری نیشاندا، چونکە ئەم ناوچەیە ئسپانیاو ئینگلیزی لە فلۆریدا لەیەکترجوێ دەکردەوە. ئەوەبوو پادشا بەڕێوەبردنی ئەم ولایەتەی سپارد بە ئەنجومەنی ڕاسپاردن بۆ ماوەی بیست‌و یەك ساڵ. شیاوی باسە لەوێدا پێشوازی لەهەمووکەس دەکرا تەنها کاسۆلیکی نەبێت، هەروەها فرۆشتن‌و خواردنەوەی بێ هۆشکەرەکان قەدەغەکراو

بازرگانی کۆیلە ڕێگری لێ کرا. وەلێ بەهۆی هاتنی کۆچکردوانی نوێ بۆ ناوچەکە، پەشێوی‌و ئاژەوەی تێدا دروستبوو، دواتر هەڵوەشاندنەوەی یاسای قەدەغەکردنی مادده بێ هۆشکارەکان‌و بازرگانی کۆیلەی لێ کەوتەوە. لەکۆتایدا ئەنجومەنی ڕاسپاردن بەڕێوەبردنی ئەم نیشتەجێگەیەی بەلاوە گران بوو، بۆیە ڕادەستی پاشایەتی کردەوە، ئیدی ویلایەتی جۆرجیا بووبە ویلایەتێکی شاهانەی بەریتانیا.

گەشەکردنی دانیشتوان:-

کۆچڕەوی گەورە کە ڕووی لە ئەمریکا کردبێ لەنێوان سالآنی 1620-1642 بوو. کۆچکردوە ئینگلیزەکان لەساڵی کۆتایی بە 65000 کەس دەخەملێندرا، وە ژمارەی دانیشتوانی ئەمریکا لە"نیوئاینگلاند" لەساڵی 1689 دەگەیشتە هەشت هەزارکەس و، هەریەکە لە نیویۆرك‌و نیوجرزی‌و پەنسلڤانیاو دیلاویر چل هەزار کەس دەبوون، بەلاّم چوار ویلایەتە باشوریەکانی وەك میریلاند، فەرجینیا، کارۆلینیای باکورو باشور زیاتربوون لەهەشتا هەزار کەس‌و خۆیان دەدا لە دووسەد هەزار کەس. ئەم گەشەسەندنە خێرایەی دانیشتوان لە ساڵی 1689 دەگەڕێتەوە بۆ ئەو کۆچکردنە زۆرو زەبەندەی کە ئەم ناوچەیەی گرتەوە. ژمارەی دانیشتوانی شارە گەورەکان هەریەکەو بەشێوەیەك بوو لەڕووی زۆری‌و کەمیەوە، بۆ نمونە شاری فلادلفیا ژمارەی دانیشتوانی دەگەیشتە چوار هەزار کەس، "بۆستن" حەوت هەزارکەس‌و "نیویۆرك" سێ هەزارو نۆسەد کەس دەبوو. لایەنی ڕۆشنبیری‌و سەقافی بەربلاّو زیاتر ئینگلیزی بوو لەگەڵ تێکەڵیەك لە کلتوری ئەڵمانی‌و فەڕنسی وهۆڵندی.

ئەوەی جێگای سەرنجە ئەوەیە کە جیاوازی چینایەتی لە داگیرگە ئەمریکیەکان کۆتایی پێ نەهات‌و نەفەوتا، خاوەن زەوی تا ئەو کاتەش سودمەند بوو لەو پێگەیەی کە بەرزتر بوو لەکرێکار. بەهەمانشێوە بازرگانانیش لەشارەکاندا خۆیان بەجیاواز دەبینی لەخەڵکی دێهاتەکان. وەلێ ناوچە سنوریەکان لەنێوان ناوچەکانی خۆرهەلاّتی ئاوەدان بەدانیشتوان‌و زەویە چۆڵ‌و بەکارنەهاتوەکانی خۆرئاوا، توانای تاکە کەس‌و

ئازایەتیو هێزو کۆڵنەدان و توانای داهێنانو متمانە بوون بەخود هۆکاری گەورەی سەرکەوتن بوون، وەك لە هەبوونی ماڵو ڕۆشنبیریو ڕەوشتی جوانو وەجاغزادەیی. ڕۆشنبیریو سەقافەتە لێکجیاوازەکان لە ئەمریکا تێکەڵ بوونو ڕۆشنبیریەکی تازەی ئەمریکی لێ بەرهەم هات کە هەڵقوڵاوی شارستانی ئەوروپی بوو، بەڵام لێی جیاواز بوو. شێوە کۆمەڵایەتیەکان لەنێو خۆیدا کۆتایی پێ هات، بەڵام بەچاوی دوژمنێکی سەرسەخت سەیری هیندیەسورەکانیان دەکردو زنجیەکانیان بەئاژەڵی دروستکراو بۆکار لەقاڵەم دەدا.

ئاکامی ئەم تێکەڵاو بوونە سەرهەڵدانی هەستێکی نوێ بوو، کە بە واتای هەستکردن بوو بەنەتەوەیەکی نوێو هەستکردن بوو بە سەربەخۆبوون لەئینگلتەرای دایك. ئەم هەستە بەرەبەرە لەسەدەی هەژدە گەشەی کردو پەرەی سەند.

ئەمریکایەکان خۆیان بە ئەوروپی دەدایە قەڵەم لەڕووی ڕەگەزو زمان وشارستانیەتی، هەتا گەر لە ئەمریکاش لەدایکبوون ئەم هەستە هەرهەبوو، بەڵام لەدوایدا جیاوازێکی ڕوون دەرکەوت، کە خۆی دەبینیەوە لەوەی کە ئەمریکایەکان بریتی بوون لە کۆچکردوانی دنیای نوێو، ناچار بوون خۆیان بگوجێنن لەگەڵ بارودۆخی تازەو سەرەتایی. هەروەها پێویستبوو هەوڵ بدەن دوور لەشارستانیەتی ئەوروپی لەنوێی وڵات بینا بکەن. بۆ بەدیهێنانی ئەمەش پێویستیان بە هێزو وزەو چاپوکیو داهێنانو ڕوبەڕوبونەوەی نەبوونیو نەداری هەبوو بەشێوەیەکی ئازایانەو بەردەوام لەسەرجەم زەوییە بەکارنەهاتوو چۆڵو سەختەکان. کۆچکەرانو وەچەکانیان ڕووەو خۆرئاوا وەرچەرخانو لەم کیشوەرە تەنها خاسیەتی سەرکێشیو جەربەزەییان لەگەڵ خۆیان هەڵگرتبوو، هەرجارێکیش زیاتر بەرەو خۆرئاوا پەلیان دەهاویشت، پەیوەندیو پەیوەستیان بە ئەوروپاوە کەمتر دەبوویەوە. نیشتەجێگە کۆنەکانی ئەمریکا، گەرەکیان بوو زۆرخۆیان بەئەوروپا بچوێنن، وەلێ نیشتەجێگە نوێ یەکان دووردەکەوتنەوە لەمە. بەڵام کۆچ کردنی بەردەوامی مرۆییو مادیو شارستانی

لەئەورووپاوە، ئەم پەیوەست بوونەی تازە دەکردەوە. شارو دێهاتەکان بەئاراستەی خۆرئاوا بلاّو دەبوونەوەو بەردەوام ڕەوشتو سروشتو شێوازی گوزەرانیان لەگەڵ ژینگەی نوێ دەگونجاند. پاش هەموو ئەمانە هەستیان بەوەکرد کە هیچ پێویستیان بەوەنییە ئەوروپا دەست لەکاروباری وولاّتیان وەربدات.

ئابوری ئەمریکی:-

بەشێکی زۆری دانیشتوانی سێزدە ویلایەتەکان بەکشتوکاڵەوە سەرقاڵ بوون، بەلاّم کشتوکاڵی ئەوێ جیاواز بوو لەو کشتوکاڵەی کە لەئەوروپا کاریان لێ دەکرد. لە ئەوروپا دەستی کار زۆربوو، بەلاّم زەوی کەم بوو. بەپێچەوانەوە لە ئەمریکا ڕووبەرێکی بەرفرانی زەوی هەبوو، وەلێ دەستی کار کەمو دەگمەن بوو"کاتێ بەراوردی بکەی لەگەڵ ئەو هەموو زەوییە زۆرو زەبەندە". هەروەها کشتوکاڵ لەئەوروپا چالاکیەك بوو لەنێوان خاوەن زەویو جوتیاران، واتا پەیوەندیی نێوان خاوەن زەویو جوتیار، ئەمەش جیاوازییەکی قوڵی کۆمەلاّیەتی بوو. ئەمە لەکاتێکدا ئەمریکا کۆچ کردووەکان گشتیان بێ ووچان لە بەرامبەر سروشت دا کاریان دەکردو هەوڵیان دەدا ڕامی بکەنو بەکاری بخەن. ئەو هەوڵو کۆششەش بوو بەهۆیەك بۆ زیادبوونی هەستی متمانە بوون بەخود لە ناویانداو نەمانی پەیوەندیان بە نیشتیمانی ڕەسەنی خۆیان لەئەوروپا. زەوییەکانی "نیوئایندگلاند" بە بەراورد لەگەڵ ویلایەتەکانی باشور بێ پیت بوو بەهۆی زۆری بەردو چەوی پەرشو بلاّوی سەر زەوییەکانو چیای سەختو ڕەقەن لەناوچەکەدا. بەلاّم هەندێ بەشی خۆرهەلاّتو ناوەڕاستی لەم شەقڵە هەلاّوێر بوون. بەهەمانشێوە ڕووبارەکانی "نیو ئاینگلاند" لەبواری کەشتیوانی دا ناساز بوو، هەروەها هاوینی کورتو زستانی درێژخایەن بوو، ئەمەش کاریگەری لەسەر بواری ئابوریو کۆمەلاّیەتی هەبوو. "نیوئایندگلاند" بەکەڵکی ئەوە نەدەهات کێڵگەی بەرفراوانی تیادا دامەبمەزرێندرێو بێگاری تێدا ئەنجامبدرێو زەنجیەکانی تێدا بخرێتەکار، بەڵکو ئەم

ناوچـەیە گونجـاو بـوو بـۆ دامەزرانـدنی کێڵگـەی بـچوك کـە خاوەنداریيـەکی بـچوك خاوەنیەتی بکاتو پێیەوە سەرقاڵ بێت. بەڵام خۆ وەنەبێ "نیوئایندگلانـد" بـێ پـەروا مابێتـەوەو بـێ بەرهـەم بووبێـت، بـەڵکو لەکايـەی تـردا ئـەو کـەمو کورپـەی قـەرەبوو دەکـردەوە. "نیوئاینگلانـد"بـە ناوچـە بەرفراوانـە دارسـتانیەکانی پـاڵی دەنـا بـە دانیشتوانەکەی کە خۆیان سەرقاڵی پیشەسازی تەختـە بکـەن، وە هـەر بەتەختـەکانی پیشەی کەشـتی سـازی بـەرەو پێـشەوە بـەرن، هـەروەك هۆیـەکیش بـوو بۆسـازکردنی بەرمیلو کەندو کە جوتیارانی توتنو شەکر پێویستیان پێی هەبوو. هەروەها ڕاوکردنـی ماسی ببوو بە پیشەیەکی بەرمێن لە نیوئاینگلانـدو هـەر لـەوێوە بڕێکـی زۆری ماسـیو ڕۆنی جگەری نەهەنگ بۆ ئەورووپا هەنارده دەکرا. لەمەوە نیوئایگلاند بـە پیـشەسازیو بازرگـانی ناوبـانگی دەرکـردو پـشتی نەدەبەسـت بـە خـستنەکاری کۆیلـەو چـالاکی کشتوکاڵی.

وەلێ "دیلاویر"و شوێنەکانی تر بەپیت بوونو ناوچەیەکی خاکین بوونو بەهۆیـەوە دەسـتکەوتیان دەبەخـشی. جگـە لـە "دیلاویـر" هەریەکـە لـە ناوچـەکانی "نیـۆرکو پەنسلڤانیاو نیوجیرزی" لەسەر پشتێنەیەکی فراوان چالاکی کشتوکاڵیان ئـەنجام دەدا. ئەم ناوچانە کشتوکاڵیان دەکـرد بەشـێوەیەك کـە زۆر زیـاتربوو لەبـەپیترین ناوچـەی نیوئایینگلاندو زیـاتر لـەخۆیان بەرهـەمیان دەدا. خـەڵکانی ئـەو ناوچـانە بڕێکـی زۆری دانەوێڵەو گۆشتیان بەرەو ئەورووپاو دورگەی هیندی خۆرئاوا دەنارد.

ویلایەتەکانی باشور ئەگـەر باسـیان بکـەین دەتـوانین بڵـێین: کـە ئـەو ناوچـانە لـە سەدەی حەڤدە کێڵگەی فروانیان تیادا نەبوو، چونکە لەم کاتەدا ئەمە بەرمێنو قـازانج نەبوو. هۆکاری دانەمەزراندنی کێڵگەی فراوانیش کەمی دەسـتی کـار بـوو لـەم کاتـەدا. کرێکارانی کێڵگەکان لەم کاتەدا لە سپیەکان بوونو ئەوانەبوون کە هاتبوون بۆ ئەمریکا بۆئەوەی ببن بە خاوەنی زەوی، بـەڵام کرێـی ڕێگـە ئـەوانی قـەرزاربار کـرد بـوو، بۆیـە لەسەریان پێویست بـوو کاربکـەن تـاوەکو قـەرزەکان بدەنـەوە. جا بەتێپـەڕینی کـات

ئەوان قەرزەکانیان دایەوەو بوونە خاوەنی زەوی بچوك. وەلێ بە داهاتنی سەدەی هەژدە ڕەوشەکە گۆڕانی زۆری بەسەردا هات. لەم سەدەیەدا بۆ ئەوەی زەوی پڕ قازانج بێت پێویست بوو دەستی کاری هەرزانی بۆ دابین بکرێ، بەلام ئەم جارە ئەو دەستی کارە لەئەوروپا نەدەهات، بەلکو لەئەفریقاوە هاوردەکرا. بازرگانی کۆیلە لەنێوان ئەفریقاو ئەمریکا بووە پرۆسەیەکی زۆر پڕ قازانج و خاوەن کێڵگە فراوانەکان ژمارەیەکی زۆری کۆیلەیان لە کێڵگەو لە کاری کشتوکاڵی دا خستەکار. ئابوری کشتوکاڵی لەباشوردا هۆیەك بوو بۆ زاڵ بوونی گەورە خاوەن کێڵگەکان بەسەر لایەنی سیاسیو کۆمەلایەتیدا. فەلسەفەی سیاسیو کۆمەلایەتیش جەختی دەکردەوە لەسەر بەکارهێنانی کۆیلە لە کاری کشتوکاڵی، کشتوکاڵیش خۆی دەبینیەوە لە لۆکەو توتن، پاشان ئاڵوگۆڕی ئەم بەرهەمانە بە بەرهەمی پیشەسازی. ئیدی لێرەوە جیاوازی قوڵی سیاسیو کۆمەلایەتی لەنێوان باکورو باشور دەرکەوت، کە دواتر جەنگی ناوخۆیی لێ کەوتەوە.

کشتوکاڵو ئامرازەکانی کشتوکاڵ لەم کاتەدا واتا لەساڵی1750 سەرەتایی بوون. لەئەمریکاش هەمان ئەو میکانیزمانە دەگیرانە بەر کە لەئەوروپای پێش شۆڕشی پیشەسازی دەیانگرتەبەر. پشتبەستن بە ئەستێرەو بورجو مانگ بە مەبەستی زانینی کاتی چاندنو دروێنە تاکە ڕێگە بوو لەکاتێکدا ڕۆژمێر دەگمەنو جێگای پشت پێ بەستران نەبوو، هەواڵزانی لە بارەی کەشو هەوا لە ئارادا نەبوو.

کشتکاری ئەمریکی خۆبژێوی پەیڕەو دەکرد. ئەم لەکاتێکدا هەڵدەستا بە کاری چاندنو دروێنەکردنو چاودێری کردنی کشتوکاڵەکەی، لەهەمان کاتیشدا پێویستیو پێداویستیەکانی پۆشاكو کەلوپەلی ناوماڵی دروستدەکرد، هەندێ جاریش گەر لێی زیاد بووایە ئەوا دەیفرۆشتەوە ئەگەر هاتباو پیشەسازێکی لێزان بووایە لە کارەکەی.

ژمارەیەکی زۆر لە دانیشتوانی نیشتەجێگەکان جگە لە کشتوکاڵ بە پیشەی تریشەوە خەریك بوون، وەك: ماسیو نەهەنگو بڕینی داری دارستانەکان بۆ بازرگانیو

کەشتی سازیو کاری بازرگانیو پیشەسازیەکانی تر. ناوچەی نیوئاینگلاند ناوبانگی دەرکرد بە زۆری دروستکراوەکانی. ئابووریە پیشەوەریەکەی زۆر زیاتر بوو لە کشتوکاڵ، لەکاتێکدا ناوچەی نیویۆرك تاوەکو باشور بەندەری گونجاوی تێدا هەڵکەوتبوو بۆ لەنگەری کەشتیو ڕاوە ماسی. بەڵام باشوری ویلایەتە یەکگرتووەکان سەرقاڵ بوون بە کشتوکاڵ، لەمەشدا کۆیلەیان دەخستە کار. ویلایەتی فەرجینیاش زۆرتر خەریکی کشتوکاڵی توتن بوو، کارۆلینیای باشورو باکورو جۆرجیاش بە برنج بە ناودێر بوون. شاری "جیمس تاون" هۆڵندیو پۆڵۆنیو ئیتاڵی تێدابوو، کە کۆمپانیای لەندەن هێنابوونی بۆ مەبەستی بەرهەمهێنانی قیرو زەفتو بوتاس پیشەی ئاسنسازیو شوشەسازی. بەڵام ئەمانە ژیانی خۆیان بەزەحمەت دەبینی وایان هەستکرد کە تونای بردنە سەری ژیانیان نییە لەنیوان ئینگلیزو هیندیە سورەکان، لەبەرئەوە ناوچەکەیان جێهێشت. فەرجینیاش وەك ناچەیەکی کشتوکاڵی مایەوە.

هەرچەندجارێك کشتوکاڵو پیشەسازی نیشتجێگە ئەمریکیەکان پێش دەکەوت، پشت بەستن بە بازرگانی ئینگلیزی کەم دەبوویەوە، لەئاکامی ئەمەشدا حکومەتی ئینگلیز هێنانی شتومەکی ئینگلیزی بەسەر ئەمریکەکاندا فەرز کرد. وە هەرچەندە پیشەسازی ئەمریکی پێش دەکەوت، ویستی ڕزگاربوونی ئابووریو سیاسی لەدەستی ئینگلیزی زیاتر دەبوو. بازرگانی کەوڵو پێستەی ئەمریکی لەگەڵ ئەوروپا پڕ قازانج بوو. لەم میانەدا کۆچکردووە پێشینەکان لە کاری بازرگانی کەوڵو پێستە سودی باشیان دەبینی. بۆ یەکەمجار ئەم بابەتە لە ساڵی 1621 بەرەو ئەوروپا هەناردە کرا. نیشتەجێ بووە یەکەمینەکان لە نیوئینگلاند کەوڵو پێستەیان لە هیندیە سورەکان دەستدەکەوت، ئەوان لەبەرامبەر ئەمەدا پۆشاكو چەقۆو نقێمو مورووو ویسکیان پێشکەش دەکردن. ئەمان بەهۆیەی ئەمەوە قازانجێکی زۆریان دەستکەوت. کەوڵو پێستە بەنرخی "30" هەزار باوەندی ئیستەرلینی لە بەندەرەکانی کارولینیای باشورەوە ساڵانە دەنێردارا ئەوروپا.

کاتێك دانیشتوان دای لەزیادی کەوڵ کەم بوویەوە، بازرگانان بۆ گەڕان بەدوای پێستە دەچوونە خۆرئاوا. لەوێش بەهۆی تێکگیرانیان لەگەڵ فەڕەنسیەکان جەنگی فەڕەنساو ئینگلتەڕا هەڵگیرسا. لەڕاستیدا جەنگی نێوان ئەم دوو دەوڵەتە چاوەڕوانکراو بوو ئەم تێکگیرانەش بووە هۆیەك بۆ زیاتر خۆشکردنی جەنگی نێوانیان. ئەوە لەکاتێدا کە بازرگانی کەوڵ وپێستە بەرەو کۆتایی دەچوو، کەچی بوویە هۆی ڕودانی جەنگ.

نیوئاینگلاند دارستانی چڕوپڕی هەبوو دانیشتوانەکەی سودیان لێی دەبینی. دارە بڵندو بەرزەکانیان دەبڕی‌و بەهۆیەوە پیشەسازی تەختە گەشەی کردو بەرەوئینگلتەڕا بەڕێخرا، کە لەم کاتەدا ئینگلتەڕا پێویستی بەتەختە هەبوو بۆ بواری کەشتی سازی. بەهەمانشێوە نیشتەجێگە ئەمریکایەکانیش پێویستیان بەتەختە هەبوو بۆ مەبەستی بیناکردن، هەروەها بۆ دروستکردنی فارگۆن "گالیسکە"و کەلوپەلی ناوماڵ‌و هەناردەکردنی بۆ دەرەوە.

بەهۆی زۆری دارودرەخت لایەنی کەشتی سازی لە"نیوئاینگلاند" گەشە سەندنی بەخۆیەوە بینی و، ئەوە بوو یەکەم کەشتی لەساڵی 1635 دروستکرا بەناوی کەشتی "وێنسروب" حاکمی مساچوسێت. بەرەبەرە کەشتی سازی پێشکەوتنی بەخۆیەوە بینی‌و لە ماوەیەکی کەمدا ڕۆخی ئاوەکان قەرەباڵغ بوون بەکەشتی. ڕاوکردنی ماسی هۆیەك بوو بۆ گرنگی دان بەدروستکردنی کەشتی، هەروەك یاسای کەشتیوانی ئینگلیزی کە لە سەردەمی "کۆڕمۆویل‌و چارلسی دووەم" دەرچوو بەهەمانشێوە ڕۆڵی هەبوو لەپێشخستنی ئەم پیشەسازیە، کەجەختی دەکردەوە لەسەر بازرگانی کردن لەسەر پشتی کەشتی ئینگلیزی‌و داگیرگەکانی. ئەوبوو کەشتی سازی لەساڵانی1700-1735گەیشتە چڵەپۆپە. گەشەکردنی کەشتی سازی پێشکەوتنی بەخشی بەڕاوکردنی ماسی بەشێوەیەك داهاتی ڕاوکردنی ماسی لەساڵی1760 گەیشتە ملیۆنێك دۆلار.

پیشەسازی ئاسن یش- شان بەشانی ئەو بوارانەی ئاماژەمان پێدا گەشەی کرد. وە بەهۆی هەبوونی خاوی ئاسنو خەڵوز لە"فێرجینیا" تاوەکو "نیوئاینگلاند" ئاسنسازی لەهەموو نیشتەجێگەکان پەرەی سەند. لەسەرەتادا ئاسنی نەرم دەنێردرا بۆ ئینگلترا، بەڵام بەتێپەڕینی کات پێویستی ناوخۆیی ئەم هەناردە کردنەی ڕاگرت. ئیدی ئەوان ئاسنیان بەکاردەهێنا بۆ تۆپو ئامرازەکانی کشتکاریو ئەو ئامێرو ئامرازانەی کە لەپیشەسازی کەشتی دا بەکار دەهات. ئەم پێشکەوتنو پەرەسەندنانە ئینگلترای بەشێوەیەك هەراسان کرد، کە لە ساڵی1750 پەرلەمان یاسایەکی دەرکردو، تیایدا هانی خاوەن کارگەکانی دەدا ئاسنی نەرم بەرهەمبێنن بۆ بەکارهێنانی لەبریتانیا، وە ڕێگریشی دەکرد لە بەکارهێنانی لە پیشەسازییە ناوخۆییەکانی ئەمریکا. بەڵام کارخانە ئاسنیەکان بەردەوام بوون لە بەرهەمهێنانی ئاسن بۆ پیشەسازی ناوخۆیی، سەرەڕای ئەو کۆتو بەندانەی خرابووە سەریان.

چالاکی بازرگانی لەنێوان ویلایەتە یەکگرتوەکانو ئەوروپا گەرم وگوڕی تێکەوت. دەرفەتێکی گونجاو ڕەخسابوو بۆ بازرگانان بەوەی کە دەستکەوتی زۆر وەچنگ خۆیان بخەن لە بازرگانی نێوان ئەمریکاو ئەوروپا. ئەمەش بە هەناردەکردنی دانەوێڵەو گۆشتو دارو تەختەو ماسی و، هاوردەکردنی کەلوپەلی ئەوروپیو ئینگلیزیو پێویستیەکانیان لە ویسکیو میوە پڕ دەکردەوە. لەم هێنانو بردنەشدا قازانجی زۆرییان دەستگیر دەبوو. ئەوان جگە لەم بازرگانیە، بازرگانیان لەگەڵ هیندی خۆرئاواش دەکرد، ئەمەش بۆ دەستکەوتنی شەکرو بەرهەمی ناوچەکانی هێڵی یەکسانی. بازرگانی نێوان ویلایەتەکانی باشورو بەریتانیا زۆر زۆر زیاتر بوو لەنیشتەجێگەکانی تر، بەهۆی پێویستی بەریتانیا بۆ بەرهەمی کشتوکاڵی لەتوتن وبرنج ولۆکەو...هتد، لەملاشەوە ویلایەتەکانی باشور پێویستیان بە کاڵای ئینگلیزی بوو بەهۆی نەبوونی پیشەسازی لەباشور. بەرهەمی پیشەسازی ویلایەتەکانی باکور وەك نیوئاینگلاند کێبڕکێی دەکرد لەگەڵ کاڵاکانی ئینگلیزی، کە کاری کردە سەر بازرگانان

وپیشەسانی ئینگلترا، کە دواتر تێکگیرانی نێوان ئینگلتەراو نیوئلاینگلاندی لێ کەوتەوە. شیاوی باسە هۆی ئەمە دەگەڕێتەوە بۆ لێکچونی ئاووهەوای هەردوو ناوچەکە "ئینگلتەرا–نیوئاینگلاند"، ئەمە لەکاتێدا ئاوهەوای باشوری ویلایەتەیەکگرتوەکان زۆر جیاواز بوو لەئاووهەوای ئینگلتەرا. لەلایەکی تریشەوە ئابوری هەردوو ناوچەکە لەیەکتری جوێ بوو. جا لەبەرئەوە بازرگانی نێوان ویلایەتەکانی باشورو ئینگلتەرا پڕقازانج بوو.

پەیوەندیەکانی ئینگلیزی وئەمریکا لە پێش شۆڕش:-

کۆچکردووەکانی ئینگلیزی لەئەمریکا کەلتورو کەلەپوری ئینگلیزیان لەسەربوو لەڕووی سیاسیو ئابووری. ئەرستۆکراتە ئینگلیزەکان لەئەمریکا کێڵگەی فراوانیان دادەمەزراندو لەولاتی خۆشیاندا پیادەی دەسەلاتیان دەکرد. ئەمانە ئەندامی پەرلەمان بوونو یاسایان دادەڕشت، یاخود فەرمانبەری بەرزبوون لە دەوڵەتداو خاوەنی شارەزاییەکی زۆری کایەی سیاسیو کارگێڕی بوون. لەهەمان کاتیشدا پیۆریتانە توندەکان کۆچیان کردە نیوئاینگلاندو لەگەڵ سروشتی ڕەقی ئەم ناوچەیە ڕووبەڕوو بوونەوەو تێدەکۆشانو بەرنگاری برسیەتیو نەخۆشیو زستانی ساردو سەختیان دەکردو لەگەڵ دۆستانیان لەئینگلتەرا لەخەبات دابوون لەدژی پاشایەتی خۆسەپێن تاوەکو ئەوساتەی مافەکانیان لەئازادی پەرستشکاریو گوزەرانێکی ئاسودە بەدەست دەهێنا. بەڕاستی سەرکەوتنی پەرلەمانی ئینگلتەرا سەرکەوتن بوو بۆ دانیشتوانی نیشتە جێگەکانی ئەمریکا.

کاریگەری حکومەتی ئینگلیزی لەسەر ئەمریکا کۆتایی نەهات. حکومەتی ئینگلزی بەربژاری دەبەخشی بەدامەزرێنەری نیشتەجێگە لەئەمریکا. هێزی دەریایی ئینگلیزی بەرگری لێدەکردن لەدژی دوژمنانیانو دەیپاراستن دنەی بازرگانی دادەو یاریدەی

چالاکی ئابووری دەدا لەنیشتەجێگەکان، لەکاتێکدا نیشتەجێگەکان پێویستیان بەم هاوکاریە بوو.

سیستەمی سیاسی لەنیشتەجێگە ئەمریکیەکان لەیەك دەچوو بەڵام وورده کاریەکان لەیەکترجوودا بوو. لەهەموو نیشتەجێگەکان چڤاتی یاسادانانو ئەندامانیان لەلایان دانیشتوانەوە ئەوانەی کە خاوەنی زەوی بوون یاخود باجیاندەدا لەنێرینەکان هەڵدەبژێردران. شاهانەی ئینگلیز تاڕادەیەك لەم چڤات وکۆمەڵانە مەترسی هەبوو، جابۆ ئەوەی ئەم چڤاتانە کۆت بکات، پەنای بردە بەر بەموڵك کردنی نیشتە جێگەکان، بەمەش دەسەڵاتی جێبەجێکردنی گوسترایەوە بۆ حاکمی گشتی ئەمیش لەلایان پاشاوە دیاری دەکرا. بەلاّم ویلایەتی "ڕود ئاینلاندو کناتیکت" لەمەدا هەلاّوێر بوونو خۆیان کۆمەڵەو بەڕێوبردنی خۆیان هەڵدەبژراد تا ئەو کاتەی ئەمریکا سەربەخۆیی بەدەست هێنا. ئیدی لەم گۆڕانو بێنەو بەردەیەدا داگیرگەی ئینگلیزکان لەئەمریکا لەڕووی سیستەمی دەسەڵاتەوە سێ شێوەی لێ دروست بوو، کە بریتی بوون لە:

1-حکومەتی ئینگلیزی حاکمی گشتی دیاری دەکرد بۆ داگیرگە، کەنوێنەری پاشایی ئینگلیزی بوو.

2-بەرژەوەندی بازرگانی نێوانی بەڕێوبەرایەتی داگیرگەو ئینگلتەڕای دەکرد.

3-ئەنجومەنی نوێنەران پیادەی دەسەڵاتی خۆجێی دەکرد.

بە پلەی یەکەم حاکمی گشتی لەپیاوانی سیاسی دادەنرا، دواتر یائەوەتە کەسانی سوپایی بوو یاخود کەسانی یاساناس بوون، وە بەشێکیان بەتوانا بوون وە هەندێکیان چاوچنۆکو چلێس بوون. وە لەناو ئەوانەدا هەبوو تەنها گرنگی دەدا بەخەزن کردنی سەروەتو سامان. "سێر ولیەم بیرلکی" بۆ ماوەی سی ساڵ حاکم بوو لەڤێرجینیا. "بیرکلی" لەحاکمێکی بەرێزو هەڵبژێردراوەوە گۆڕا بۆ حاکمێکی خۆسەپێنو زۆردار، ئەمەش کاتێك ڤەرجینیا بوو بەداگیرگەیەکی پاشاییو لەساڵی1676 شۆرشی تیادا هەلگیرسا. بەشێوەیەکی گشتی دەسەڵاتدارەکان سودمەند بوون لەدەسەلاّتی

فراوانیـان، تەنانـەت دەسـەڵاتی لەسـێدارەدانو هەڵوەشـاندنەوەی چـڤاتی یاسـادانانو هەڵپەساردنی هەبوو. لەوێدا ئەنجومەنی جێبەجێ کردنو ڕاوێژکاری هـەبوو، ئەنـدامانی لەو کەسانە بوون کە دەسەڵاتداربوونو دەیانتوانی فشار بخەنە سەر چڤاتی یاسادانان. بەڵام هەرچۆنێك بێت چـڤات چـونکە بـواری دارایـی لـەژێر دەسـەڵات بـوو هێـزی خـۆی پاراسـت. داگیرگـە ئینگلیزیـەکان لـەپێش شـۆڕش توانیـان تاڕادەیـەك سـەربەخۆیی بەدەست بهێنن. ئەم داگیرگانە بەرەبـەرە ئـەزموونیان لەبـەڕێوەبردنو بـواری سیاسـی بەدەستیان هێنا. ئەوانە پێویستیان بەهاوکاری یـەکتری هـەبوو، لەبەرئـەوە بەیەکـەوە کۆدەبوونــەوە بــۆ گفتوگــۆکردن ســەبارەت بەکێــشەو ئاســتەنگەکانو هەوڵــدان بــۆ چارەســەرکردنیان. مەترســی هیندیــە ســورەکان لەســاڵی1643 وای کــرد ویلایــەتی "ماساچوسێتو کنانتیکتو تیوهافتن" لەیەکتری نزیك ببنەوە بەمەبەستی پێك هێنـانی یەکیەتی نیوئاینگلاند. بەهەمان شێوە مەترسی هیندیە سورەکان پاڵی نـا بـەڤێرجینیا کــە پارێزگــاری لــە کارولینیــا بکــات. ســا کــاتێکیش مەترســی نــەما، یەکیــەتیو هاوپەیمانیەتی کۆتایی پێهات. مەترسی هیندیە سورەکان نەگەڕایـەوەو کۆتـایی هـات، بەڵام ئەمجارە داگیرگەکان مەترسی وڵاتانی ئەوروپایان کەوتە سەر.

جەنگی ئۆکسبرگ 1689-1697 :-

کاتێك لۆیسی چواردە جـەنگی لەبەرامبـەر ئیمپراتۆریـەتی پـیرۆز ڕاگەیانـد، وڵاتـانی ئەوروپی بەیەکەوە لەدژی لۆیس کۆبونەوە. شاولیەمی سێیەم کە دوژمنی سەرسـەختی لـۆیس بـوو، چـووە پـاڵ هاوپـەیمانان. ئـەم جەنگـە لەئـەمریکا پێـچەوانە بوویـەوەو بەجەنگی شا ولیەم ناسرا. فەرەنسیەکان بـە هاوپەیمانیـەتی لەگـەڵ هـۆزە هیندیـەکان لەکەنـەدا هێرشـیان کـردە سـەر نیـشتەجێگە ئینگلیزەکـان لەئـەمریکا. لـەم نێوانـە هێرشـیان کـردە سـەر نیویـۆرکو مـساچوسێت ومـین. ئینگلیزەکـانیش لەبەرامبـەردا

هەڵمەتێکیان ڕێکخستو هێرشیان کردە سەر فەرەنسیەکانو دەستیان گرت بەسەر بورتو ڕیاڵ، بەڵام شکستیان هێنا لە دەستگرتن بەسەر کیوبكو مۆنتریاڵ.

جەنگی ویراسەی ئیسپانی 1702-1713 :-

جەنگی ولیەمی سێیەم لەنێوان ئینگلیزو فەرەنسیەکان لەئەمریکا نەگەیشت بەئاکامێك، بەڵام چالاکی لەنێو دانیشتوانی نیشتەجێگەکاندا زیادکرد بۆ دەرخستنی گیانی نیشتیمانیو هاوکاری کردن لەجەنگدا. کاتێکیش جەنگی ویراسەی ئیسپانی دەستی پێکرد، پاش کەمێك لەئەمریکا بە جەنگی "شاژن ئان" ناسرا. فەرەنسیەکان لەگەڵ هیندیەسورەکان هاوپەیمانیەکی تازەیان پێك هێنا لەدژی ئینگلیز. ئینگلیزەکانیش سوپایەکیان وەڕێخست بۆ هێرش کردنە سەر پێگە گرنگەکانی فەرەنساو قەڵاکانیان. میلیشیای نیوئاینگلاندیش توانی جارێکی تر دەست بگرێ بەسەر بورتو ڕیاڵ لەکەنەداو تا کۆتایی جەنگیش توانی لەژێردەستی خۆیدا بیهێڵێتەوە. ئیسپانیەکان بوونە هاوپەیمانی فەرەنساو لەشکریان کردە سەر کارۆلینیا. جەنگی شاژن ئان بە پەیمان بەستنی ئەترێخت کۆتایی هات. بەگوێرەی پەیمانەکە ئینگلیزەکان زەوییەکی زۆریان خستەسەر ئیمپراتۆریەکەیان لەئەمریکاو توانیان ئارکاردیا دەست بخەنو پاشان ناوی بنێن "نوڤاسکوشیا"، هەروەها نیوفاوندلاندو ناوچەی کەنداوی هندسن لەکەنەدا کەوتەدەستیان. بەمەش لۆیسی چواردە زۆرترین بەشەکانی ئیمپراتۆریەتەکەی لەئەمریکای باکور لەدەستدا.

جەنگی ویراسەی نەمساوی 1740-1748:

لۆیسی چواردە ئەوەی کە بۆی مابوویەوە لەداگیرگەکان، لە جەنگی ویراسەی نەمساوی لەدەستی دا. ئەم جەنگە لە ئەمریکا بەجەنگی شا جۆرجی یەکەم ناسرا بوو. ئینگلیزەکان بەهۆی کێبڕکێی داگیرکاری، خۆیان لەم جەنگە ئاڵاند. هەڵمەتێکی نیوئاینگلاند دەستی گرت بەسەر قەڵای لویس برگ لە دورگەی (کاب بریتۆن) کە ئەم

جێگەیە پەنایەك بوو بۆ چەتەو جەردەكان كە ناوبەناو هێرشیان دەكردە سەر بازرگانانی نیوئاینگلاند. بەلأم كاتێك جەنگ كۆتایی هات، ئەم دورگەیە گەڕایەوە بۆ ژێردەستی فەرەنسا، ئەمەش بوویە هۆی پەستیو دڵگران كردنی دانیشتوانە ئینگلیزەكان لە نیوئاینگلاند.

جەنگی حەوت ساڵە:ـ

هێشتا جەنگی شا "جۆرجی دووەم" دەرەنجامی دەرنەكەوت بوو، جەنگی دووەمیش لە ئاسۆدا دەركەوت، بەتایبەت كاتێك داگیرگە ئەمریكیەكان ناچاركران ئەو زەویانە بگێڕنەوە كە دەستیان بەسەریدا گرتووە. لەگەڵ ئەوەی ئینگلیزەكان ژمارەیان لە ئەمریكا زیاتر بوو "لە كەنەداو هەندێ بەشی ئەمریكا"، بەلأم لەكاتێكدا ئینگلیزەكان لە نیشتەجێگەكان سەربەخۆ بوون، هەریەكەیان بەڕێوبەرایەتی تایبەتی هەبوو. داگیرگە فەرەنسیەكان بەشێوەیەكی ناوەندی بەهێز بەڕێوە دەبران. ئینگلیزەكان هەوڵیاندا پەیوەندی دۆستایەتی لەگەڵ هیندیەسورەكان ببەستنو شێوەیەكیش لە یەكیەتی نێوان نیشتجێگە ئەمریكیەكان ساز بكەن. لەساڵی 1754 حكومەتی ئینگلیز داوای لە نوێنەری نیشتەجێگە ئینگلیزەكان كرد، كە كۆنگرەیەك ببەستن لە "ئەلبانی" نزیك نیویۆرك. نوێنەران لە"میری لاندو پەنسلڤانیاو نیویۆرك"و نیشتەجێگەكانی نیۆئینگلاند بەدەم داواكەی حكومەتەوە چوون. مەبەستی ئەم كۆنگرەیەش پێكهێنانی شێوەیەك بوو لە یەكیەتی كۆنفیدراڵی لە نێوان نیشتەجێگە ئینگلیزەكان لە ئەمریكا، وە بەیەكەوە پارێزگاری كردن لە خۆیانو لە بەرژەوندیەكانیان لە كاتی جەنگو ئاشتی.

ئەندامان لەسەر ئەوە یەك ڕابوون كە یەكیەتی پێویستیەكی سەرەكیە. "بنیامین فرانكلین" نەخشەیەكی بۆیەككگرتنی داگیرگە ئەمریكیەكان لەژێر دەسەلأتی سەرۆكی گشتیو ئەنجومەنی یەكیتی پێشكەشكرد، بەمەبەستی تەیاركردنی سوپایەكی

سیستماێكو كۆكردنەوەی باجو قەڵەمڕەوی كردن بەسەر سەرزەمینەكانو زامنكردنی پەیوەندی لەگەڵ هیندەسورەكان. لەگەڵ ئەوەی ئەندامانی كۆنگرە ڕەزامەند بوون لەسەر ئەم نەخشەیە كە ناسرابوو بە پرۆژەی ئەلبانی. بەلاّم حوكومەتە خۆجێیەكانی ویلایەتەكان نەیاندەویست دەستبەرداری دەسەلاّتو سەربەخۆییان بن. لەملاشەوە حكومەتی لەندەن لەم پرۆژەیە مەترسی هەبوو، پێی وابوو كە زیان دەگەینێ بە بەرژەوەندی پاشایەتی. گەلو نەتەوەو خەڵكانی داگیرگەكان بەگەرم وگوڕیەوە وتوێژیان دەكرد لەسەر ئەم پرۆژەیەو یارمەتی پێكهێنانی یەكیەتیاندا.

بە دووساڵ پێش هەڵگیرسانی جەنگ لە ئەوروپا، لە ئەمریكا جەنگ هەڵگیرسا. دروستبوونی جەنگ دەگەڕێتەوە بۆ ئەوكاتەی كە "جۆرج واشنتن"ی ئەفسەری ڕووپێوی تەقەی كرد لە كۆمەڵێك فەرەنسی لە"پەنسلڤانیا". ئەم كارە مێژوی ئەم ناچەیەی گۆڕیو بوو بەهۆی سەرهەڵدانی جەنگ لە ئەوروپا پاش دوو ساڵ لەئەنجام دانی. ئەم جەنگە جیاوازە لەگەڵ جەنگەكانی تر، كاتێك دەبینین جەنگەكانی پێشوو تر لە ئەمریكا، ڕەنگادانەوەی جەنگەكانی ئەوروپا بوو، بەلاّم جەنگی حەوت ساڵە لە ئەمریكاو لەساڵی 1754 سەریهەڵداو بەجەنگی فەرەنسیو هیندیەكان ناسراو تاساڵی 1763 بەردەوام بوو. ئەم جەنگە كاتێ دەستی پێكرد كە فەرەنسییەكان ژمارەیەك قەلاّو بورجیان لە دۆڵی ڕوباری "ئۆهایۆ" بنیاتنا، ئەمەش هەرەشە بوو لەسەر پێشڕەوی دانیشتوانە ئەمریكیەكان ڕووەو خۆرئاوا.

لەبەرئەوە ئینگلیزەكان بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئەم مەترسیە پێشڕەویان كرد. سەركەوتنی هیندیە سورەكان بەسەر جەنەڕاڵ "ئیدوار برادۆك"و سوپاكەی كە ڕانەهاتبوون لەسەر جەنگكردن لەگەڵ هیندیەسورەكان لە جەنگەڵەكان، پێشڕەوی ئینگلیزی ڕاگرتو دوودڵی وگومانیشی خستەدڵو بیری خەڵكی لەمەڕ لێوەشاوەییو تواناداری سوپای ئینگلیزی لەئەمریكا.

سەرکەوتنی سوپای فەڕەنسیەکان بەسەر ئینگلیزەکان بەدوای یەکدا دەهات، ئەمەش کاتێك سوپاسالاری فەڕەنسی "مونتکالم" پەیوەندی پێوەکردن. لەملاشەوە تێکشکان لەدوای تێکشکان بەشی سوپای ئینگلیزی بوو. بەلاّم بارودۆخ گۆڕانی بەسەرداهات کاتێك "ولیەم پیت" کابینەی نوێی ڕاگەیاند"بووبە سەرۆك وەزیران". ولیەم پیت وای بینی کە ئەم ململانێیەی نێوان ئینگلتەڕاو فەڕەنسا لە جوغزی دامەزراندنی ئمپڕاتۆریەت دەسوڕێتەوە لەسەرپاکی جیهان، لەبەرئەوە بڕیاریدا داهاتو سامانو وزەو توانای ئینگلیز بۆ ئەم ئامانجە بخاتەگەڕ. جاکاتێك جەنگی ئەورووپی جێهێشت بۆ هاوپەیمانەکەی فریدریکی گەورەی پاشای پڕوسیا، هێزو کۆششی خۆی تەرخان کرد بۆ جەنگان لە ئەمریکا. ئیدی ئینگلیزەکان ڕووەو سەرکەوتن هەنگاویان نا. لەم نێوانەدا سوپای ئینگلیز دەستیگرت بەسەر "لویزبرگ" وژمارەیەك قەلاّی فەڕەنسیەکانی لەناوچە ئاویە گەورەکانو دۆڵی ڕوباری ئۆهایۆ خستە ژێر ڕکێفی خۆی.

لەساڵی 1759 سوپاسالاری ئینگلیز "وڵف" لەگەڵ 4500سەرباز ڕووەو شاری کیوبك پێشڕەوی کردو لە دەشتی ئابراهام"تەختایی ئابراهام" گەیشت بەسوپای "مونتکالیم"ی- فەڕەنسیو لەجەنگێکی یەکلاکەرەوەدا ئینگلیزەکان سەرکەوتنیان بەدەستهێناو بەهۆیەوە ڕۆڵی فەڕەنسا لەئەمریکا کۆتایی پێهات. بەلاّم لەم جەنگەدا "مۆنتکالیم" تێکشکانی سوپاکەی نەبینی، هەروەك چۆن "وڵف" سەرکەوتنی نەبینی، بەهۆی ئەوەی هەردووکیان لەجەنگەکەدا کوژران. فەڕەنسیەکان توانیان ئیسپانیەکان والێبکەن خۆیان بخەنە جەنگەوە، کە لەئاکامدا ئیسپانیا زۆر لەزەویەکانی لەئەمریکا لەدەستچوو ئینگلیز دەستی بەسەرداگرت.

پاش ئەم سەرکەوتنانەی ئینگلیز، پەیمانی پاریس لەساڵی1763 هاتەگۆڕێو بەپێی ئەم پەیمانە کۆتایی بەجەنگ هاتو ئیسپانیا ناچار بوو دەستبەرداری فلۆریدا بێت بۆ بەریتانیا، هەروەك فەرەنساش دەستبەرداری کەنەداو دۆڵی ڕوباری میسیسی بوو جگە لە نیوئۆرلین نەبێت لە ڕێژگەی ڕوبارەکە. ئیسپانیاش لەبەرامبەر ئەوەی کە

بەلای فەرەنسادا چوبوویە نێو جەنگ هەرێمی لیوزانای لەفەرنسا سەند. لەدوای ئەمانە جگە لەهەندێ دورگەی نزیك "نیوفاوندلاند" لە ئەمریکا هیچی تر بۆ فەرەنسا نەمایەوە، جگە لەوەی کە لەدەریای کاریبی "نیوگینیای" لە ئەمریکای باشور لەژێر دەسەلاتدا مایەوە.

بەریتانیا لەم جەنگەدا گیانو ماڵێکی زۆری بەهەدەرداو قەرزی نیشتمانی گەیشتە 140000000 ملیۆن پاوەندو پێویست بوو لەسەر گەل ئەم قەرزە هەڵبگرێت. حکومەتی ئینگلیزی هەستیکرد کە سەپاندنی باجی نوێ بۆتە پێویستیەکی زۆر پێویست، بەتایبەت کاتێ ئەم جەنگە بۆ سودی دانیشتوانی ئینگلیز لە ئەمریکاو بۆ سودی ئینگلتراو پاراستنی بەرژەوەندیەکانیان ڕاگەیەنرا، هەروەها ئەوەشی دەزانی کە دانیشتوانی ئەمریکا وەك جارانی پێشوو هەژارو کەم دەرامەت نین.

ژمارەی دانیشتوانی ئەمریکا لە ساڵی 1763 گەیشتبووە 12500000 کەس. ئەم زیادبوونە بەرچاوەی دانیشتوان دەگەڕێتەوە بۆ ئەو کۆچکردنە زۆرەی کە لە سەدەی هەژدە ڕوویدا. زۆرێك لە ئەڵمانو سکۆتلەندیو ئیرلەندی سویسری کۆچیان کرد بەمەبەستی دەستپێکردنی ژیانێکی نوێ لە ئەمریکا. شارەکان سیخناخ بوون بە خەڵك، کە پاڵی نا بەخەڵکی ڕوو بکەنە خۆرئاوا. نیشتەجێکە ئەمریکیەکان دەوڵەمەندو پڕ سامان بوون، لەبەرئەوە حکومەتی ئینگلیز وای بینی کە هیچ هۆیەك لەئارادا نییە بۆ ئەوەی نیشتەجێکە ئەمریکیەکان لەباج دان ببەخشرێنو بەشدار نەبن لە هەڵگرتنی قەرزی نەتەوەیی.

دانیشتوانی ئەمریکا ئەوەیان ڕون کردەوە کە ئەوان پۆشاکی (25) هەزار سەربازیان دابین کردووەو لەماوەی جەنگدا خەرجیان کێشاوەو ناتوانن باجی گران لە ئەستۆبگرن. لەگەڵ ئەوەی ئەوان زۆر سودیان بینی لەجەنگ، بەلام ئەمە وای لێکردن ئارەزوی لەئەستۆ گرتنی خەرجی جەنگیان نەبێت، بەتایبەت بۆ بەرژەوەندی

بەریتانیا. داگیرگە ئەمریکیەکان لە مەترسیو هەڕەشەی فەرەنسیەکان ڕزگاریان بوو، چیتر پێویستیان بە پارێزگاری بەریتانیا نەما.

کۆچی گەورە بۆ ئەمریکا گۆڕانی هێنا بەسەر پێکهاتەی دانیشتوان لە ئەمریکا. ئەمەش بەهاتنی ژمارەیەکی زۆر لە خەڵکانی ئەوروپی نا ئینگلیز. ئەم خەڵکانە نەیاری ئینگلیزو سیاسەتی ئینگلیکانیو کێشانی خەرجی جەنگەکان بوون. ئیدی لێرەوە ململانێ دەستیپێکردو کۆتایی پێ نەهات، تا هەڵگیرسانی جەنگو ڕاگەیاندنی سەربەخۆیی.

شۆڕشی ئەمریکا

کۆمەڵگای ئەمریکی پێش شۆڕش:-

زۆرینەی کۆمەڵگەی ئەمریکی لەسێزدە داگیرگەکان لە پێش شۆڕشدا ئینگلیز بوونو لە ئینگلتراوە کۆچیان کردبوو. لەگەڵ خۆیان شارستانی ئینگلیزیان لە زمانو یاساو وێژەو ڕۆشنبیریو دامەزراوە سیاسیو ئابوریو ڕۆشنبیریو کۆمەڵایەتیەکانیان هێنایە ئەمریکا. جا ئەم دامەزراوە سیاسیە ئینگلیزیانە لە ئەمریکا دەستی کرد بەگەشە کردنو لەدوای سەدەی حەڤدە قاڵبێکی ئەمریکی وەرگرت. لە ڕووی کۆمەڵایەتیەوە پابەندیو پەیوەست بوونی خانەوادە لەشێوەی خانەوەدەی ئینگلیزی بوونی هەبوو، وە ڕاوەستا بوو لەسەر خوونەریتی ئینگلیزی، بەوەی باوك سەرۆکی خانەوادەیەو هەموویان بەیەکەوە زەوی بەکاردێنن. بەڵام ئەم جۆرە پەیوەست بوونە ئەوروپیە بەهۆی بارودۆخی ئابوری تازە بەرەو کاڵ بوونەوە چوو لەدنیای نوێ. ئەمریکا زەوی بە پیتو پیشەی زۆرو تازەی پێشکەش کردنو بەهۆیەوە لاوانی کەمەندکێش کردو وای لێکردنماڵی باوانیان جێبهێڵنو دەست بکەن بەژیانێکی نوێ کە تیایدا پشت بەخۆیان ببەستن. دەرەنجامە کەشی کاڵ بوونەوەو بەرەو نەمان چوونی دەسەڵاتی باوك بوو لەخێزاندا.

بەهەمان شێوە دەرفەتی ئابوری زۆر داب‌و نەریتی کۆمەڵایەتی بە بەردبووی لەکارخست، کە تیایدا پێگەی خانەوادە بڕیاردەرە. بۆیە ئاسایی بوو کە خزمەتکارێك ببێتە خاوەن زەوییەکی فراوان یا خاوەن کارخانەیەکی گەورە. ئەوەتە دەبینین جوتیارێکی نەداری وەك تۆماس جیفرسن ببێتە سەرۆك کۆمارو، بنیامین فراکلین ی بێ دەست مایە ببێتە زاناو داهێنەرو سەفیری وولاتەکەی خۆی‌و خاوەن ماڵ‌و سامان.

لەوەی خستمانە بەرچاو سەبارەت بە داگیرگە ئەمریکیەکان، دەتوانین بڵێین: کە گەل‌و ئوممەتێکی نوێ هاتە بوون، کە لە کۆچی یەکەمەوە لەساڵی1605 دەستیکرد بەگەشەکردن تا ساڵی1776 ساڵی هەڵگیرسانی شۆڕش هەر لەگەشە دابوو. "جۆن ئادمز" دووەم سەرۆکی ویلایەتە یەککگرتووەکان دەڵێ:"لەپێش هەڵگیرسانی جەنگ، شۆڕش دەستی پێکرد. کاتێك شۆڕش لەناوبیرو دڵی گەل بوو". جا ئەگەر بێت‌و بەشوێن گەشەکردنی ئەم نیشتەجێگانەدا بڕۆین، هەر لە سەرەتاوە تێبینی ئەوە دەکەین کە ڕێڕەوی مێژووی ئەمریکا کارتێکراو بووە بەکارتێکەرە دەرەکیەکان. ئەمریکا لەدایك بوو گەشەی کرد لەتەوژم‌و شەپۆلی مێژووی ئەورووپاو جیهان بەگشتی.

ئەم تەوژم وشەپۆلانەی لەسەرەتاکانی سەدە نوێیەکان گۆڕانی دروست کرد لەئەورووپا، کایگەریەکەی لەئەمریکاش دەبینرا. تەنانەت بەشێك لەگەلی ئەمریکی بەهۆی کاریگەری شۆڕشی ئاینی کۆچیان کرد بۆ ئەمریکا. هەروەها شۆڕشی سیاسی لەسەدەی حەڤدە کاریگەری هەبوو لەسەر دامەزراوەکانی، هەروەك چۆن شۆڕشی هزری ڕۆژگاری ڕێنسانس‌و ڕۆشنگەری لەسەدەی هەژدەمدا ڕەنگدانەوەی لەئەمریکا دەبینرا. سەروەت‌و سامان کە لە ئەنجامی دۆزینەوە جوگرافیەکان بەسەر ئەورووپادا ڕژا، وە بازرگانی تازەش کەهەر لەئەنجامی ئەم پرۆسەیە زیاتر گەشەی کرد، کێشەو دووبەرەکی لە ئەورووپاو ئەمریکا دروست کردو هیچ کات لەتوانای سیاسەتی قۆرغکاری بازرگانیدا نەبوو چارەسەری بکات. جەنگە فراوانخوازی‌و داگیرکاریە ئەورووپیەکان، لەداگیرگە ئەمریکیەکاندا ئەو هەستەی هێنابە بوون کە داوای دەکرد جیاببنەوەو پێی

دەگوتن لەدوای ڕۆژگارێکی درێژ لەسەرپەرشتیکرانو دەسەلاتی خۆجێی، کاتی جودابوونەوە هاتووە. لەم دەمانەدا واتا لەنێوان سالانی1763-1776جگە لە ڕووداوی ئاسایی‌و سوکە ناکۆکیەك هیچ شتێکی ترلە ئارادا نەبوو تا ئەو کاتەی لەسالی1776 داگیرگەکان جودابوونەوە. دەبێ ئەوەش بزانین لەشوێنەکانی تر بریتانیا زال بوو بەسەر کێشەو ناکۆکیی گەورەتر چ لەپێش شۆڕش یا لەدوای شۆڕش. بەلام ڕووداوو پێشهاتەکانی ئەمریکا شێوەیەکی تربوو کە بە هۆیەوە شۆڕش‌و جەنگ لەنێوان بریتانیاو داگیرگەکان لە ئەمریکا سەریهەلدا.

تێکگیرانو دەستەو یەخەبوون لەنێوان بریتانیا وداگیرگە ئەمریکیەکان دەرەنجامی فراوان بوونی درزی نێوانیان بووله ماوەی دەیان سالدا لە ڕووی ئابوری‌و کۆمەلایەتی‌و ڕۆشنبیری. سیستەمی سیاسی‌و کۆمەلایەتی نەدەگونجا لەگەل بارودۆخی گۆڕاوی ئەمریکا، کە دوتر شۆڕش‌و سەربەخۆیی لێکەوتەوە. دوورەدەستی‌و بوونی زەریاو ئۆقیانوس، هەروەها ڕەهەندی مێژوویی لەو هۆیانە بوون کە گیانی نەتەوەیی ئەمریکی گەشەپێدا. لەگەل ئەوانەشدا هۆکاری ئابووری‌و دارایی هۆیەکی تربوو بۆ شلەقاندنی ڕەوشەکەو هەژاندنی لەشەستەکانی سەدەی هەژدە تاوەکو هەلگیرسانی شۆڕش لەسالی1776.

سەرەڕای ئەوەی باسمان کرد هەستێك هەبوو لەناو داگیرگە ئەمریکیەکان بەوەی کە ئەوان لەژێر چاودێری بەریتانیادان‌و خوێنی ئینگلیزی لەناو دەمارەکانیان هاتوچۆدەکات. تەنانەت کاتێ پەیوەندیەکانی نێوان دانیشتوانی داگیرگەکان‌و بەرییتانیا گرژی تێکەوت‌و ئالۆز بوو، خەلکی ئەم گۆریانیەیان دەچڕی کەناسراوە بە "ڤیرجینیا هرتس ئۆف ئوك" کە دەلێ: لایەنداری بەریتانین، هەرچەندە لەسەر خاکی ئەمریکا ئاهەنگ دەگێڕین‌و قەلەو دەبین بەلام ئێمە لەژێر چاودێری دورگەی بەریتانین چ کەسێکە نکولی لەناوی ئێمەدەکات مادام خوێنی بەریتانی لەناو هەناومان هاتوچۆدەکات جا ئەمە گوزارشت دەکات لە گوێڕایەلی‌و پابەندی دانیشتوانی

داگیرگەکان بۆ نیشتیمانی دایك، ئەمەش هەر بەردەوام بوو تا ساتی هەڵگیرسانی شۆڕش.

کۆت و بەند لەسەر داگیرگەکان:-

ماوەیەکی زۆربوو داگیرگە ئەمریکیەکان سوودمەند بوون لە شێوەیەك لەسەربەخۆیی ئابوری هەرچەندە بەتەواوی هەستیان پێی نەکردبوو. دەرەنجامی ئەم سەربەخۆیە ئابوریە سەربەخۆیی سیاسی لێکەوتەوە، بەڵام ئەوان داخوازی ئەم سەربەخۆیەیان نەدەکرد، تائەو کاتەی هەستیان کرد کەسەربەخۆیی ئابوریان لەمەترسی دایەو ناتوانرێ پارێزگاری لێ بکرێت تەنها بەسەربەخۆیی سیاسی نەبێت.

ڕەگ وریشەی تێکگیرانی ئابوری لەنێوان بریتانیاو ئەمریکا دەگەڕێتەوە بۆ بنەمایەکی بنەڕەتی لەمەزهەبی بازرگانی. مەزهەب پێداگیری دەکرد لەسەر هەبوونی داگیرگە، هەروەها جەختی دەکردەوە لەسەر ئەوەی کە داگیرگە ببێتە بازاڕێکی بە ڕمێنی کاڵاکانی ئینگلیزیو سەرچاوەیەکی گرنگ بۆ ماددەی خاو یا ماددەی سەرەتایی کە لەبریتانیا دەست نەدەکەوت، هەروەك ببێتە قەڵایەکی پتەو بۆ پاراستنی ئیمپراتۆریەتی بریتانی. هەروەها پێی وایە هیچ گرفتو کێشەیەکیش لەنێوان هەر دوو لادا دروستنابێ، مادام بەرژەوەندی نیشتیمانی دایك لەگەڵ بەرژەوەندی داگیرگە ئەمریکیەکان تەریبو شانبەشانی یەکتر دەڕۆن. بەڵام لەدوای جەنگی حەوت ساڵە، سەردەمی بەرژەوەندی هاویەش بەسەرچوو، چونکە داگیرگەکان وەك جارانی پێشوو نەما بوون، بەڵکو لە نیشتیمانی دایك دەوڵەمەند تر بوونو دەیانتوانی پارێزگاری لەخۆیان بکەن.

ئینگترا لەسەردەمی "ئۆلیڤەر کرۆمۆیل" ەوە- کۆتو بەندی خستبووە سەر بازرگانی. بە گوێرەی یاسای کەشتیوانی ساڵی1651، باروبارگەی بازرگانی نێوان بریتانیاو داگیرگەکانی دەبوایە لەسەر کەشتی ئینگلیزیو دەریاوانی ئینگلیز بێت.

لەپاڵ ئەوەی باسمان کرد، لە ساڵی1660 یاسایەکی تر دەرچوو بەگوێرەی ئەم یاسایەش دەبوایە کەشتی یا لە بریتانیا بوایە یاخود لەداگیرگە بوایە واتا(کەشتی تری لێ نەبێت). هەروەها یاسایەکی تر دەرچوو کە داوای دەکرد هەندێ بەرهەمی وەك "توتنو لۆکەو کەتانو شەکر" لەداگیرگەکان تەنها بۆ بریتانیا وەڕێ بخرێت، دواتر بەتێپەڕینی کات بەرهەمی تریش خرایە جوغزی ئەم یاسایە، تا وای لێهات بە هاتنی ساڵی1764 زۆرینەی بەرهەمەکانی ئەمریکا کەوتە چوارچێوەی ئەم یاسایە، وەك: ئاسنو مسو کەوڵو پێستو ئاوریشم وتەختەو گوێز هیندیو خامو زفتو قیرو هەموو ئەوانەی کە کەشتی پێویستی بوو. پاش ئەمە کۆتو بەندی توندتری خرایە سەرو وای لێهات حکومەتی ئینگلیز ئەوەی قەدەغە کرد لە داگیرگە ئەمریکیەکان کە هاوردە ڕاستەوخۆ بێنن لە وولاتانی بیانی، بەتایبەت ئەوانەی کێبڕکێ دەکەن لەگەڵ کالای بریتانی. حکومەتی ئینگلیزی بەمەندە نەوەستا، بەڵکو بڕیاری دا هەموو کالایەکی بیانی بە بریتانیادا ڕەت بێت. لەساڵی1699 کۆتو بەندیان خستەسەر بەرهەمی پیشەسازی داگیرگەکان، کاتێ بەرەو ولاتانی دەرەوە بەڕێ دەخرا، بەتایبەت کوتاڵی خوری ئەمەش بۆ ئەوەی ئەم هەناردانە نەتوانن کێبڕکێ بکەن لەگەڵ بەرهەمە پیشەسازییەکانی بریتانیا. پاشان حکومەتی بریتانی هەناردەکردنی "کلاوو شەبەقە"ی قەدەغەکردو کۆتی خستە سەر بازرگانی داگیرگەکان لەگەڵ دوورگەی هیندی خۆرئاوا.

لە ساڵی1750 پەرلەمانی ئینگلیزی بەهۆی پێویستی پیشەسازی بریتانیا بۆ ئاسن، ڕێگەی دا لەداگیرگەکانەوە ئاسنی خاو بەڕێ بخرێت بۆ بریتانیا، بەلام ڕێگەی ئەوەشی گرت کە داگیرگەکان سەرقاڵی پیشەسازی ئاسن بن، بۆ ئەوەی کێبڕکێ دروست نەبێت لەگەڵ پیشەسازی بریتانی.

لەگەڵ ئەم هەموو کۆتو بەندانەی کە خرابووە سەریان، بەلام خەڵکی داگیرگەکان هەربێ دەنگ بوون. ئەمەش بەهۆی پێویستی ئەمان بە هەبوونی بریتانیا بۆ ئەوەی پارێزگاریان لێ بکات و، بەریتانیاش پارێزگاری لێدەکردن، لەکاتێدا فەرەنسا بەسەر

کەنەدا دا بالآدەست بوو، بەهاودەستی هیندیە سورەکان لادێکانی ئەوانی دەسوتاندو دێهاتەکانی دەکردن بە سوتماك. هەر لەم کاتەشدا "سێر ڕۆبەرت وەلپۆل" سیاسەتی چاوپۆشی کردنی گرتبوویە بەر لەهەمبەر کاری قاچاغچێتیو جێبەجێ نەکردنی ئەم کۆتو بەندانەی کە لەسەر ئەم کیشوەرە سەپێنرابوون. چونکە ئەو وای دەبینی جێبەجێ کردنو پیادەکردنی ئەم کۆتو بەندانە ئەرکی سەرشانی بریتانیا قورس دەکات، لەڕووی دامەزراندنی فەرمانبەرو دانانی کەشتیوان، کە ئەمەش پێویستی بەخەرجیەکی زۆر بوو. هەربۆیە ئەم سەرۆك وەزیرانە سیاسەتی بێ دەنگیو گوێ پێنەدانی هەڵبژارد.

بەکۆتایی هاتنی جەنگی حەوت ساڵە بارودۆخ گۆڕانی بەسەرداهات و"جۆرج کرانفل" لەساڵی 1763 بووە سەرۆك وەزیران. "کرانفل"و هاوەڵانی ویستیان کۆتایی بێنن بە سیاسەتی پێشو لەهەمبەر قاچاخچیەتیو پیادەنەکردنی کۆتو بەندەکان، بەتایبەت کاتێکیش بەریتانیا دەستیگرت بوو بەسەر زەویەکی بەرفراوانی فەرەنسا وەك دۆڵی ڕوباری "سنت لۆرنسو میسیسپی". لەلایەکی تریشەوە جەنگ ئەرکی سەرشانی بەریتانیای قورس کردبوو لەبواری داراییەوە. هەربۆیە لەسەریان پێویست بوو:

1- داگیرگەکان ناچار بکەن بەشێك لە خەرجیەکانی جەنگ بخەنە ئەستۆی خۆیان.

2- سەپاندنی دەسەلاتی تەواو بەسەر سەرزەمینە نوێیەکان، ئەوەی کە دەستیان بەسەریدا گرتبوو.

3- جێ بەجێکردنی یاسای بازرگانی، بەتایبەت یاسای کەشتیوانی.

بەلآم ئەم پێشنیارانە ڕووبەڕووی ناڕەزاییەکی توند بوویەوە لە داگیرگەکاندا.

باجی شەکر:

لەساڵی 1764 "کرانڤل" بڕیاریدا باج بەسەر ئەو شەکرەدا بسەپێنێ کە هاوردەی ئەمریکا دەکرێ، بۆ ئەوەی ساڵانە "150" هەزار پاوند کۆبکرێتەوە. هەروەها بڕیاریدا یاسای کەشتیوانی جێبەجێ بکرێو قاچاغ ڕێگری لێبکرێ. پاش ئەمە لە ساڵی 1765 بڕیاریدا باج لەسەر چاپو چاپ گەریش دابنرێت. لەمەوە پێوست بوو لە هەموو کاروبارەکاندا "پول" بەکاربهێنرێ، بەوەی پول بخرێتە سەر ڕۆژنامەو نامیلکە. بەمەش قورسایی دەکەوتە سەرشانی خەڵکی. ئیدی خاوەن ڕۆژنامەو مافناسانو بازرگانان زۆر پەستو نیگەران بوونو نارەزایی هەموو جێگایەکی گرتەوە. یەکێ لە مافناسان وتی: سەپاندنی باج بەبێ نوێنەرایەتی پەرلەمانی کارێکی زۆردارانەیە". دواتر ئەم وتەیە کەوتە سەرزاری خەڵکیو دەیانگووت:" دانیشتوانی ئەمریکا ئینگلیزی ڕەسەننو سودمەندن لە هەمان ئەو مافانەی کە دەستورو نەریتی ئینگلیزی پێی بەخشیون. وەڵێ سەپاندنی باج بەبێ نوێنەرایەتی پەرلەمانی، شکاندنی ئاشکرای دەستورە وپێشێلکردنی مافە سروشتیەکانە. هەروەها ئەوان لە هەمانکاتدا باج دەبەخشن بە حکومەکانیان، بەهۆی ئەوەی نوێنەری خۆیان هەڵدەبژێرن بۆ دەسەڵاتی یاسادانان لەم ویلایەتانە، ئەمە لەکاتێکدا پەرلەمانی بەریتانی هیچ نوێنەرێکی ئێمەی لێنییە، چونکە نوێنەری خۆیان هەڵنابژێرن بۆ ئەم پەرلەمانە" هەروەها دەیانگووت:" ئێمە بەڕەت کردنەوەی باج بۆ پەرلەمانی ئینگلیزی پارێزگاری دەکەین لە بنەماو مەبدەئی ئازادیو دەسەڵاتی خۆجێی".

نارەزاییو نیگەرانی بووە هۆی ئەوەی کۆنگرەیەك لەمانگی تشرینی یەکەمی ساڵی1765 لە نیۆرك ببەسترێو ناونرا کۆنگرەی"پول". لەم کۆنگرەیەدا مافەکانیان ڕاگەیاند، وەك: مافی دادگای کردن بەئامادە بوونی سوێندخۆران. وە ڕایانگەیاند کە ئەوان مافی سەپاندنی باجیان هەیە بەسەر خۆیان و، مافی ئەوەیان هەیە یاسای پول ڕەت بکەنەوە.

ناڕەزاییو نەیاریو وازهێنان لە کالآی ئینگلیزیو کاری توندو تیژی، بووە هۆی هەڵوەشاندنەوەی یاسای پول لەئینگلترا. لەهەمانکاتدا وەزارەت گۆڕانی بەسەر داهاتو لە ساڵی1766 "ڕوکینگهام" لەپارتی هویگز بووە سەرۆکی وەزیرانو پەرلەمانیش مافی دەستوری خۆی ڕاگەیاند لەمەڕ دانانی یاسا بۆ داگیرگەکان. وەزیری گەنجینە"خەزێنە- بوجە" "چارلس تاوسەند" ئەم جەختی لەسەر ئەم مافە کردەوە. ئینجا ژمارەیەك پێشنیاری پێشکەشی پەرلەمان کرد بۆ سەپاندنی باج بەسەر هاوردەو زیادەی داهات.

یاسای تاونسند 1767:-

لەنێو ئەو باجە سەپێنراوانەی کە خرایە سەر بەرهەمو هاوردەو ناردەنیەکانی ئەمریکا. سەپاندنی باج بوو لەسەر چا، هەروەها لەسەر شوشەو کاغەز و، دادگایی کردنی سەرپێچیکاران بەبێ ئامادەبوونی سوێندخۆران. ئەم یاسایە بووە هۆی ناڕەزاییو تورە بوونی سەرجەم چینەکانی گەلو کەم بوونەوەی هاوردە کردنی کالآی بەریتانی، کە دواتر هەڵپڕژانێکی خوێناوی لێکەوتەوە لە بۆستن. لەم کاتەو لە ساڵی1770 پادشا وەزارەتی نوێی ڕاگەیاندو "لۆرد نورس" کرایە سەرۆك وەزیران. نورس لە پارتی تۆری لە دڵسۆزانی پادشا بوو، هەستا بە هەڵوەشاندنەوەی باجەکانی تاوسەند. بەلآم باری خراپی دارایی کۆمپانیای هیندی خۆرهەلآتی ئینگلیزی، کۆمپانیای هێنایە سەر لێواری نابوتیو مایەپوچ بوون. جا بۆڕزگارکردنی کۆمپانیا،پەرلەمانی ئینگلیزی لە ساڵی1773 ژمارەیەك بەربژاری بەخشیە کۆمپانیا، لە ناویاندا گێڕانەوەی باجی لابراوی سەر"چا"ی هیندی عەمبارکراو لە لەندەن بۆ کۆمپانیا، بەو مەرجەی تەنها بینێرێتە ئەمریکا. چای هیندی عەمبار کراوی لەندەن لە جۆری نایاب بوو، کە دەکڕدرا بە نرخێکی هەرزانتر لەچای جۆر خراپی هۆڵندی کە ئەمریکیەکان ڕاهاتبوون لەسەر کڕینی.

خەڵکە توندو سرووشت ڕەقەکانی ئەمریکا ئەم کارەی پەرلەمانیان بە جۆرێك لە بەرتیل لێك دایەوە، کە هەر ئەمەش سەردەکێشێ بۆ زیندە بە چاڵبوونی مافو ئازادیەکانیانو سەپاندنی باجی تر بەسەریاندا. لەمەوە کۆمەڵێك لە خەڵکی شاری "بۆستن" قەڵسو تووڕە بوونو لەبەرگی هیندیە سورەکانداو لە یەکێ لە شەوەکانی مانگی کانونی یەکەمی ساڵی1773، کەشتیەکی بریتانی بارکراو بە سندوقی "چا"یان بەتاڵ کرد.

تۆڵەو کاردانەوەی ئەم کارە بە توندی گیرایە بەرو حکومەتی بریتانی بەندەری "بوستن"ی لە ساڵی 1774 داخستو حوکمی خۆجێی هەڵوەشاندەوەو، ویلایەتی مساچویستیان داگیر کرد. وە بەگوێرەی یاسای کویبیك ی حوزەیرانی ساڵی1774، حکومەتی بریتانی ئازادی ئاینیو مافی پیادەکردنی یاسا فەرەنسیەکانی بەخشی بەو داگیرگانەی"کیوبیكو کەنەدا" کە لە فەرەنساو لە جەنگی حەوت ساڵە دەستی کەوتبوو، وە تا ئەوکاتەش بێ بایەخ مابونەوە. لەهەمانکاتیشدا بریتانیا سەرجەم زەوییەکانی باکوری ڕووباری "ئوهایۆ"ی- بەستەوە بە هەرێمی کویبیك. بەمەش حکومەتی بریتانیا سنورێکی دانا بۆ کۆمپانیایەکانی زەوی لە ڤێرجینیاو غەیری ڤێرجینیا لە وەبەرهێنانی دۆڵی ڕووباری ئۆهایۆ. مەبەست لەیاسای کویبیك تۆڵە سەندنەوە بوو لە دانیشتوانی "نیوئاینگلاند" کە بیۆریتانی بوون. ئەم بەستنەوەیەی ئەوان بە کاسۆلیکە فەرەنسیەکان لەکاتێکدابوو کە هەردوولا بەیەکتری پەست بوون. ئەمەش تۆڵەی بریتانیا بوو لە ئەوان.

کۆنگرەی یەکەمی کیشوەری:-

ساڵی1774 نوێنەرانی ویلایەتە ئەمریکیەکان لە فلادلفیا کۆبوونەوە بە مەبەستی تاوتویێ کردنی بارودۆخو بڕیاردان لەسەری، بۆ ئەوەی ویلایەتەکان هەوڵ بخەنە گەڕ بۆ هێنانەوەی مافەکانیانو ئازادیە ئاینیو مەدەنیەکانیان، هەروەها سازکردنەوەی پەیوەندیەکی دڵسۆزانە لە نێوان ویلایەتەکانو بریتانیا. پاش ئەم کۆنگرەیە

سکالآنامەیەکیان بۆ شاجۆرجی سێ یەم ناردو، هەر بەردەوام یش بوون لە نەویستنی کالآکانی بریتانیا. شاجۆرجو حکومەتیش دژی هەرجۆرە نەرم گیریەك بوونو ئامادە نەبوون لە بەرامبەریاندا دەست لەهیچ هەلگرن. لە ئەمریکاش خەلکانێ هەبوون دەیانویست ڕووبەڕووی بریتانیا بوەستن و، ناوی "نیشتیمانی"یان- بۆخۆیان هەلبژاردو گەرەکیان بوو لەحکومەتی بەریتانیو پەرلەمان هەتەربینو بەربەرەکانی بکەن. کە دواتر هەر ئەمەشیان بەکردەوە ئەنجام داو شۆڕشیان بەرپا کرد. لە نیسانی1775 تێکهەلچوون لە " مەساچوسێتو لیکسنکتن" لەنێوان هێزەکانی بریتانیاو دانیشتوانی داگیرگەکان دەستی پێکرد. پاش مانگێك کۆنگرە سکالآنامەیەکی تری خستەبەردەم پاشای بەریتانیا بەمەبەستی کەم کردنەوەی بارگرانی لەسەر دانیشتوانی داگیرگەکان. لەهەمان کاتیشدا دانیشتوانی داگیرگەکان"جۆرج واشنتۆن"یان- کردە سەرۆکی هێزە چەکدارەکان.

هەرچەندە داگیرگەنیشینەکان بەم هەنگاوانە هەستان، بەلآم لە نێو خۆیاندا بوون بە دووبەش. بەشێکیان بوونە نیشتیمانیەکانو بەشەکەی تریش بەلای بریتانیادا دەشکانەوەو لایەنگری بوون و، خۆیان ناونا دلسۆزان "مخلیصین". ئەمانە هەولیان دەدا برەو بدەن بە سیاسەتی بریتانیا لەئەمریکاو شیرینی بکەن. لەنێوان ئەم دوو ڕەوتەشدا خەلکێکی زۆر هەبوو لەدانیشتوانی ئەمریکا کە گرنگیان بەهیچ نەدەداو گوێیان نەدەدا بەو ڕووداوانەی کە ڕووی دەداو هیچ کام لەم دوو ڕەوتەیان بەلاوە گرنگ نەبوو. وەلێ لەگەلێ ئەوەشدا نیشتیمانیەکان ڕۆژ بەڕۆژ ژمارەیان زیادی دەکردو دواتر بالآدەستبوون بەسەر ئەنجومەنەکانی یاسادانان لەداگیرگەکان و، بەسەر کۆنگرەی کیشوەریەکانیش دەسەلآتیان پەیداکرد. نیشتیمانیەکان بلآوکراوەیان بلآودەکردەوەو نامیلکەی تایبەت بەشۆڕشیان دەخستە بەردەم جەماوەر. بەناوبانگترینی ئەو نامیلکانەش، نامیلکەی "تۆماس پین بوو" کە بەناوی "ئاوەزی تەندروست" بلآوی کردەوە. "پین" لەڕووی نەتەوەییەوە ئینگلیز بوو، کۆچی کردبوو

بۆ ئەمریکاو لەگەڵ شۆڕشگێڕان دابوو. لەم نامیلکەیەدا دەڵێ: "هیچ پاساوێك نییە کەبمانهێڵێتەوە بە دڵسۆزی بۆپاشا، وە ئێستا کاتی ئەوە هاتووە داگیرگەکان بڕیاری جیابونەوەی خۆیان بدەن لەبریتانیا. پادشاکانیش هیچ مافێکی خوداییان نییە بۆئەوەی بەسەر مرۆڤەکاندا فەرمانڕوایی بکەن. پادشاکان ڕیسوانو ئەگەر دەسەڵاتیان ڕەها بێت ئەوا یاخی دەبن، وە ئەگەر پادشایی دەستوری بن، وەك شاکانی ئینگلترا هیچ کەڵکیان نییەو کارێکی زۆر دەخەنە سەر شانی گەل". نامیلکەی تۆماس پێن لە کانونی دووەمی 1776 لە فلادلفیا بلاّو کرایەوە.

لەکاتێکدا جۆرجی سێیەم بێ ئاگابوو لە داواکاری ئەمریکیەکان بۆ ئاشتی، داوای بەڕێخستنی سوپای کرد بۆ ئەمریکا بۆ سەرکوتکردنی شۆڕش. ئەمەش بووە هۆی ئەوەی بلاّوکراوەکانی توماس لە داگیرگەکاندا بە هەزارانیان لێ دابەش بکرێو برەوێکی زۆر پەیدا بکەن. بەم شێوەیە نارەزاییو نەیاری کردنی باج گۆڕا بۆ شۆڕش.

ڕاگەیاندنی سەربەخۆیی ئەمریکا 1776:-

لە چواری تەموزی 1776 کۆنگرەی "فلادلفیا" بە کۆی دەنگ ڕەزامەندی نواند لەسەر ڕاگەیاندنی سەربەخۆیی. ئەو سەربەخۆیەی پێشتر توماس جیفرسۆن لە نوسینێکدا نوسی بووی‌و تیایدا دەڵێت: "دروستکاری خۆیان"خودا" مافی پێداون و نابێ لێ یان زەوت بکرێ. هەموویان مافی ژیانو ئازادیو هەوڵدانو بەدواکەوتنی ژیانێکی ئاسودەیان هەیە، هەموو حکومەتێك دەسەڵاتی پشت دەبەستێ بە گەلو ڕەزامەندی گەل. لەمەوە گەل بۆی هەیە حکومەتێکی ستەمکار بڕوخێنێو حکومەتێکی میللی دروست بکات. خۆ ئەگەر پێویستی کرد چەك بەکاربێنێت، پێویستە چەك بخاتە کارو مافی شۆڕشکردنی هەیە." بەم شێوەیە مافی سروشتیو سەروەری گەلو مافی شۆڕش بووبە بناغەی یەکگرتنی داگیرگەکانی ئەمریکاو پێکهێنانی دەوڵەتێکی

سەربەخۆی ئازاد. جەماوەریش بەوپەڕی جۆش و خرۆشەوە پێشوازی لەم سەربەخۆییە کرد.

لە نیویۆرک خۆشیەکی زۆر بەسەر خەڵکی داهات و پەیکەری "جۆرجی سێ یەم" یان- تێکشکاندو چەکیان لێ دروست کردو لایەنگرانی بریتانیایان بێدەنگ کرد. ئینجا ڕایانگەیاند ئەوان وەك دەوڵەتێکی سەربەخۆ بەربەرکانی بریتانیا دەکەن و، داوایان لە وولاتان کرد دانیان پێدا بنێنن.

کاردانەوەی بەریتانیا:-

هەریەکە لە جۆرجی سێیەم و پەرلەمان ڕاگەیاندنی سەربەخۆییان بەکارێکی ناپاکانە لەقەڵەم داو شۆڕشگێڕانیان بە یاخی و تێکدەر ناودەبرد. شۆڕشگێڕان هەوڵیاندا "هویگز" لە ئینگلتراو کەنەدیە فەرنسیەکان لە "کویبیك و نوفاسکوشیا" بەلای خۆیاندا کێشبکەن. کەچی کەنەدیە فەرنسیەکان وایان بیردەکردەوە کە خۆیان کاسۆلیکین و ئازادیان لەلایەن بەریتانیاوە بۆ دەستەبەرکراوە و بەریتانیاش لە ئەمریکیە پرۆتستناتیەکان میانڕەوترن. بۆیە خۆیان وەك لایەنگری بەریتانیا هێشتەوە.

لەڕاستیدا بەریتانیا لەتوانای دا هەبوو بەهۆی سەروەت و سامان و دەسەڵاتی، شۆڕش کپ بکاتەوە. بەتایبەت کاتێك زۆرینەی دانیشتوانی ئەمریکا لەگەڵ شۆڕشگێڕان دا نەبوون. بەلام ئینگلترا بەشێوەیەکی کارا ئیشی نەدەکرد. هەر لەسەرتای شۆڕش"30" هەزار سەربازی بەڕێکرد کە زۆرینەیان بەکرێگیراوە ئەڵمانەکان بوون. بۆ ئەوەی دەستبگرن بەسەر نیویۆرکدا.

ئینگلیزەکان سەرکەوتنی زۆریان بەدەستهێناو "جۆرج واشنتن" خەریك بوو لە بەردەم سوپای ئینگلیز پاشەکشە بکات و لەلایەکیترەوە بکەوێتە جەنگ، بەلام خۆ بەدەستەوەدانی جەنەڕاڵی ئینگلیزی "برکوین" لە ساڵی 1777 لە"ساراتوکا" لەگەڵ شەش هەزار سەربازی تر پاش ئەوەی هێرشیانکردە سەر نیویۆرك، لەهەمان ئەو

کاتەی کە "فرانکلن" حکومەتی فەرەنسی قەناعەت پێدەهێنا کە هاوپەیمانی ئەمریکا بکات، ڕەوشەکەی گۆڕی‌و فەرەنسا لەساڵی 1778 جەنگی لەدژی بەریتانیا ڕاگەیاند.

پاش ئەوەی هەریەکە لە هۆڵنداو ئیسپانیا چوونە بەرەی فەرەنساو ئەمریکاو لەگەڵ بەریتانیا کەوتنە جەنگ، جەنگ چووە بارێکی جیهانیەوە. ئیسپانیا لەساڵی 1779 لەدژی ئینگلترا هاتە نێو جەنگ و، هۆڵنداش کە ئینگلترا پێشتر ڕێگری کردبوو کە بازرگانی بکات لەگەڵ داگیرگە ئەمریکیەکان، چوویە پاڵ بەرەی دژ بە بەریتانیا. جگە لەمانە دەوڵەتانی تریش لە جەنگەکە تێوەگلان. کەشتیگەلی ئینگلیزی تەگەرەی دەخستە بەردەم ڕۆیشتنی کەشتیەکان‌و کاڵاکانی ناوەوەی دەپشکنی لەترسی گوێزرانەوەیان بۆ ئەمریکا.

جگە لەم دەوڵەتانە دەوڵەتانی تریش چوونە جەنگ لەدژی بەریتانیا، وەك "کاترینای دووەم"ی– قیصەرەی ڕوسیاو سویدو ئیمپراتۆریەتی نەمساوی‌و دانیمارک. بەڵام جەنگی ڕاستەقینە لە نێوان ئینگلتراو فەرەنساو هۆڵنداو ئیسپانیا دابوو. جەنگی هۆڵندا بەشێوەیەکی بەرفروان بەڕێوە نەدەچوو، بەڵکو تەنها لەدەریای باکور جەنگ گەرم‌و گوڕ بوو. بەڵام کەشتیگەلی ئیسپانی‌و فەرەنسی لەهەموو جێگەیەك هێرشیان دەکردە سەر ئیمپراتۆریەتی بەریتانی. تەنانەت دوورگەی بەریتانی لەساڵی 1779 کەوتە ژێر هەڕەشەی هێرشی شەست‌و شەش کەشتی گەورە کە بەهەموویان شەست هەزار سەربازیان هەڵگرتبوو. بەڵام ئەو هێزە ئینگلیزەی لە جبل تاریق خۆیان مەڵاس دابوو، توانیان پێشبگرن لەو هێرشەو هێرشەکە شکستی هێنا.

بەڵام لە داگیرگە ئەمریکیەکان ڕەوشەکە بەزیانی ئینگلیز هەڵدەسوڕا. شۆڕشگێڕان بەهاوکاری کەشتیگەلی فەرەنسی توانیان بەسەر سوپای ئینگلیزدا سەرکەون. سوپای ئەمریکی بەسەرکردایەتی "جۆرج واشنتن"، وە سوپای فەرەنسی بەسەرکردایەتی "میرکزدی لاڤایت" بەهاوکاری کەشتیگەلی فەرەنسی توانیان زاڵ بن بەسەر سەرکردەی سوپای ئینگلیز جەنەڕاڵ "کورنوالس" لە "یۆرك تاون‌و فەرجێنیا" ناچاریان کرد لە

تشرینی یەکەمی ساڵی 1781 لەگەڵ حەوت هەزار سەرباز خۆی بدات بەدەستەوە. خۆبەدەستەوەدانی "کورنوالس" کۆتا جەنگی ئەمریکا بوو. چونکە بەریتانیا پێویستی بەسەربازەکانی بوو بۆ ئەو جەنگانەی لە بەشەکانی تری ئیمپراتۆریەکەی دەرۆی بەڕێوە.

بەریتانیا لە ساڵی 1782 توانی لەدورگەی "کاریبی"سەرکەوتن بەدەستبێنێ بەسەر کەشتیگەلی فەرەنسی، بەمەش توانی هاوکێشەی جەنگ لەگەڵ فەرەنسیەکان لە هیند هاوسەنگ بکاتەوە، ئەمەش لەساڵانی 1778-1781. بەهەمانشێوە توانی بەسەر هۆڵندیەکاندا سەرکەوێتو لەجەبەل تاریقیش بەربەست لەبەدەم ئیسپانیەکان دروستبکات. بەڵام درێژخایەنی جەنگو تێکشکانی لە ئەمریکا، بەریتانیای ناچار کرد پەیمانی لەگەڵ ئەمریکیەکان ببەستێ لە پاریس لەساڵی 1783. وە لەگەڵ ئیسپانیاو فەرەنسا لە ڤێرسای.

پەیمانی پاریسو ڤێرسای 1783:-

بەگوێرەی پەیمانی پاریس بەریتانیا دانی هێنا بە سەربەخۆیی سێزدە ویلایەتی ئەمریکا بەناوی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا. سنورەکەی لە باکورەوە دەگەیشتە کەنەداو دەریاچە گەورەکان، لە خۆرهەلاتیشەوە دەگەیشتە ڕوباری میسیسی، وە لە باشورەوە فلۆریدا. ویلایەتە یکگرتووەکان مافی ڕاوکردنی ماسی لە نیوفاوندلاندو کشتیوانی کردن لە ڕوباری میسیسی پێبەخشی. وە بەگوێرەی پەیمانی ڤێرسای "سنفال" گەڕێندرایەوە بۆ فەرەنسا، کە پێشتر لە جەنگی حەوت ساڵە لەدەستی دابوو، لەگەڵ "توباگو" کە دورگەیەکە لە دەریای کاریبی. ئیسپانیاش بەپێی پەیمانەکە دورگەی "مینوکارو فلۆریدا"ی پێدرا، کە لەم کاتەدا درابووە پاڵ بەشی

باشوری "باماو" لە میسیسی[1] بەڵام هۆڵندا بەتەنها لەگەڵ بەریتانیا لەساڵی 1784 پەیمانی بەست.

ویلایەتە یکگرتووەکانی ئەمریکا:-

جەنگی سەربەخۆیی کۆتایی هێنا بە باڵادەستی بەریتانیا لە داگیرگە ئەمریکیەکانو گورزێکی کەمەر شکێنی وەشاند لە تیۆری مافی خودایی پاشاکانو چینی ئەرستۆکراتی، سەرکەوتنێکیش بوو بۆ بنەماکانی شۆڕشی ئینگلیزی ساڵی 1648و شۆڕشی جلیلەی ساڵی 1689، هەروەها سەرکەوتن بوو بۆ تیۆری پەیمانی کۆمەڵایەتی کە لەسەر دەستی جۆن لۆك گەشەی کرد. هەروەك بۆ بنەما دیموکراتیو فەلسەفیەکان سەرکەوتن بوو کە لە سەدەی هەژدە دەرکەوتنو "ڕۆسۆو مۆنتسیکۆو جیفرسۆن تۆماس بین"و ئەوانی تر پەرەیان پێدا. کۆماری تازە پێداگری دەکرد لەسەر سیستەمی کۆماری پەرلەمانی ئازاد، سەروەری گەلو مافی چارەی خۆنوسین بۆ گەلان. حکومەتی تازە بەتاقی کردنەوەی دیموکراسی بۆ خۆیو هەناردەکردنی بۆ دەرەوە، بۆیە نمونەیەك بۆ گەلانو بنبڕکەری ستەمو پاشاییو بەکۆیلەکردن. بە هەڵوەشاندنەوەی مەرجەکانی پاشاییو مەرجەکانی دەنگدان، ویلایەتە کۆماریەکان بەربەرە بوونە حکومەتە دیموکراتیەکان. هەڵبژاردن بوو بە هەڵبژاردنی ئازادو بێ کۆتو بەند. یەکگرتن لەسەتادا بەهێزنەبوو، ئەمەش بەگوێرەی دەستوری کۆنگرەی

---

1 بەگوێرەی پەیمان بەستی پاریس بەریتانیا کەندای بۆخۆی پاراست، وە لە فلۆریداو خۆرئاوای ڕوباری میسیسی بەخشی بە ئیسپانیا. ئەمریکیەکان هەستیان کرد لەهەمو لاکانەوە بە دوژمن دەورە دراون، بەریتانیا دەرگای بازرگانی هیندی خۆرئاوا لەڕووی کاڵاو کشتیەکانی ئەرمیکا داخست بەهەمان شێوە ئیسپانیا وای کرد گوزەری (نیوئۆرلین) ی بەڕوی کەشتیوانی ئەمریکی داخست. وە بەهەمان شێوە فەرەنساش کۆتی خستە سەر بازرگانیو توتنی فەرجینیاو ماسی نیوفاوندلاندی لەبازاڕەکانیدا یاساغ کرد. هەموو ئەمانەش مانای تۆڵە سەندنەوەی بەریتانیاە لە خەڵکی ئەمریکا.

شۆڕشی کیشوەری ساڵێ 1777. بەڵام لەساڵی 1778 دەستوری یەکگرتن دانراو سێزدە ویلایەتەکانی کرد بەیەك.

بزوتنەوەی هزری

لەهەردوو سەدەی حەڤدەو هەژدە

پێشکەوتنی زانستی لەڕۆژگاری ئاوەزو ڕۆشنگەری:ـ

گرنگی زانستەنوێ یەکان لەوەدایە کە بیروبۆچوونێکن، دەرچوون لەتێبینیو وردبوونەوەی زاناکان لەبارەی حەقیقەتی ماددیو پێکهاتنی گریمانەکان کە هەیانبوو. ئەوان بۆئەم مەبەستە ماددەکانیان دەخستەژێر تاقیکردنەوە، جا ئەگەر ئەنجامەکەی پشتگیری گریمانەکانی کردبا، ئەوا دەبووبە بنەمایەکی زانستی و، ئەو کاتەش یا ئەوەتا فەرامۆشیان دەکرد یان بەشێوەیەك لەشێوەکان چاکیان دەکردو ڕێکیان دەخست. ساکاتێکیش زاناکان وایان لێهات کە گرنگی نەدەن، تەنها بەوانە نەبێت کە پێوانەیەکی بیرکاری یان فیزیایی هەبوایە، گومانو ناڕۆشنەکانیان پشتگوێ خست.

لەسەرەتاکانی سەدەنوێ یەکان ژمارەیەك زانا هەڵکەوتن کە جیادەکرانەوە بە زۆر زیرەکیو تواناداری بیرکردنەوەو بیرتیژی، ئەوانە توانیان گریمانەی بەسود دابهێنن، وە لەدوای تاقیکرنەوەیان گریمانەکان دەبوونە تیۆرو بنەمای زانستی. بەناوبانگترینی ئەو زانایەنەش "کۆپەرنیکۆسو گالیلۆو کیپلەرو نیپیرو هارڤی"و ئەوانی تر، زۆرینەی ئەوانە لەسەدەی شازدەو نیوەی یەکەمی سەدەی حەڤدە ژیانیان بەسەربرد، نیوەی دووەمی سەدەی حەڤدە ئەوروپا شاهێدی بینیی شۆڕشێك بوو لە ئاقاری زانستی ،دواتر ئەمەسەری کێشا بۆئەوەی کەبە بزوتنەوەی ئاوەزگەری وڕۆشنگەری ناوبرێ. شیاوی باسە سەدەی هەژدەش هەمان ناوی بەسەردا برا. لەبەناوبانگترینی ئەم زانایەنە "ڕێنیی دیکارت"ی- فەڕەنسیو "ئیسحاق نیوتن"ی- ئینگلیزی بوون.

ڕێنی دیکـــارت1596-1650:ـ

زانای بیرکاریزانی فەڕەنسیو ئاوەزگەری ڕێنـی دیکارت، ئـەو زانایـەی لەفەڕەنساو هـەنگاریاو هۆڵنـدا لەهاموشـۆدا بـوو، تـا ئـەوەبوو گەشـتی ژیـانی لەسـویدو لەسـاڵی 1650کۆتایی پێهات.

دیکارت وەك زانایەکی بیرکاری لەساڵی 1627توانی ئەندازەی شیکاری بدۆزێتەوە، ئەمەش بەشیکارکردنی ئەندازە بەشـێوەی جـەبری، ئـەمجا بەدەسـتهێنانی پەیوەنـدی نێوانیانو گۆڕینی ئەندازە بۆ هاوکێشە جەبریەکانو پیـادەکردنی ئەمـە لـەفیزیادا، کـە بەهۆیەوە لێکدانەوەو تەعبیر کردنی دیـاردە گەردوونیـەکان وزانینـی جوڵـەی تەنـەکان لەئاسماندا ئاسان بوو.

هـەروەها وەك فەیلوسـفێکی ئاوەزگـەر دیکـارت کتێبێکـی لـەبارەی "پرنـسیپی فەلسەفی" دەنووسیّو لە ساڵی 1637 چاپی دەکات. لەم کتێبەدا لێکۆڵینەوە دەکات لەبارەی فەلـسەفەی دوانـەییو تێیـدا لاشـەو گیـان، وە مـاددەو ئـاوەز لەیـەکتر جـویّ دەکاتـەوەو پـەردە لـەنێوانیان دادەنـیّ. هـەروەك دەڵـیّ":گیـان وئـاوەز حەقیقـەتێکی ئەساسین، بەڵام لەناوەڕۆكو کرۆکدا لەیـەکتر جیـاوازن، بـەوەی گیـان مـاددە نـی یـە، چـونکە بەرجەسـتەنابیّ، وەڵیّ جیهـانی مـاددە لەهـەموو ئەوانـە پێکـدێت کـەدەتوانریّ پێوانەیەکی ماددی بۆبکریّ". دیکـارت پێـی وایـە ئەسـتەمە بونـەوەرپێکهاتبیّ لەچـەند گەردیلەیەك کەجیاوازبن لە گەردیلەکانی مـاددەو بەهەڵواسـراوی لەبۆشـایدابن، چـونکە ئەستەمە بۆشایی هەبێت بەڵام شتێکی ماددی تێدانەبێت.

کەواتە لێکدانەوەی گیان بریتیە لەوەی کەبونەوەر پڕە لە تەنۆکـەی بـچوك. ئەم گەردیلە ووردانە بەردەوامن لـە سـوڕانەوەیەکی زۆر گـەورە وفـراوان دان بـەدەوری خـۆردا. کۆمـەڵێکیش لــەو گەردیلــە ووردانــە بەخێرایــەکی زۆر بــەدەوری خــۆردا دەسوڕێنەوەو لەگەڵ ئەوانیش ئەستێرە گەڕۆکەکان دەسوڕێنەوە، لەم میانەدا زەویش سوڕانێکی بەردەوامو بچوکتری هەیە.

"دیکارت"و ژمارەیەکی زۆر لەخەڵکی باوەڕیان بەم لۆژیکە هەبوو، کە بۆ جوڵانەوەی بونەوەر ڕاڤەی کردبوو، چونکە ئەوە لە تێڕوانینیاندا چارەسەری دیاردەی کێشکردنو جوڵانی گەڕۆکەکانی کردبوو. ئەوان باوەڕیان وابوو کەجوڵانەوە دەرەنجامی بەریککەوتنی تەنەکانە هەندێکیان بەهەندێکیان. بەم شێوەیە بونەوەر لەتێڕوانینی دیکارتو کۆمەڵەکەی بریتی بوو لەئامێرێکی میکانیکی زەبەلاح کەملکەچە بۆقانونە فیزیاییو بیرکاریەکان.

جۆرج بیرکلی1596-1650:-

جۆرج بیرکلی قەشەیەکی ئینگلیکانی ئێرلەندی بوو، لە ئەمریکا دەژیا. بیرکلی لەبارەی فەلسەفەی دوانەیی دیکارتەوە دەڵێ: "دیکارت هەوڵی داوە دیاردە سروشتیەکان لەڕێگای ماددەو جوڵەوە شیکار بکات، وە بەوەش کە خودا بڕێکی زۆر لەو ماددەو جوڵەیە دروستکردوەو ناچاری کردون بۆ کار. لەبەرئەوە دەستیانکردوە بەکارکردن بەبێ هیچ هاوکاریەك".

"بیرکلی" باوەڕی وابوو کە حەقیقەت لەڕێگای هەستەکانەوە دەگوازرێتەوە بۆ مێشكو دەردەکەوێ. هەستەکان بەتەنها دەتوانن شتەکان بکەن بەڕاست. "بیرکلی" پێی وایە بیر شتەکان دەناسێ پێش ئەوەی هەستیان پێ بکات، کاتێکیش هەستی پێکردن لە ڕێگەی هەستەوەرەکانەوە، ئەوا دەبێتە ڕاستەقینە. بەشێوەیەکی تر دەتوانین بڵێین: "بیر بریتیە لە خودا کە لەپێش جیهانی ماددی بوونی هەبووە، جیهانی ماددیش هیچ نەبووەجگە لە قاڵب وەرگرتنی ئەو وێنەیەی کە لەهۆشو بیری خودا دا هەبووە، پێش دروستکردنی.

ئیسحاق نیوتن 1642-1727:-

"دیکارت" بەهۆی فەلسەفەکەیەوە ڕوبەڕووی بەربەرەکانی توندبوویەوە، کڵێساش بلاوکردنەوەی کتێبەکەی قەدەغەکرد. بەڵام بەهۆی ئەوەی دیکارت لە هۆڵنداو فەڕەنسا بوو، دوور بو لەچنگی دادگاکانی پشکنین، ئەو دادگا دڕندەیەی گالیلۆیان لەماڵەکەی خۆیدا دەستبەسەرکرد.

ئەو کەش‌و هەوا ئازادەی کە ڕەخسابوو بۆ دیکارت، بۆ ئیسحاق نیتون یش- دەستەبەربوو. نیوتن لە کەشی ئازادی ئینگلیز توانی یاساکانی بونەوەر بدۆزێتەوەو بەبێ هیچ زەحمەتیەك بلاّوی بکاتەوە.

نیوتن لەیەکێ لەدێهاتەکانی ئینگلیزو لەخێزانێکی ئاسایی، لەو ساڵەی کە "گالیلۆ" مرد، ئەم لەدایك بوو. نیوتن لە شیکارکردنی هاوکێشە بیرکاریەکان هەر لە منداڵیەوە زرنگی‌و دەرئاسایی پێوە دیاربوو. ئەم زیرەکیەی لە گەورەبوونیشدا هەرلەگەڵ بوو کاتێك لەزانکۆی کمبرج سەرنجی مامۆستاکەی بۆ لای خۆی ڕاکێشا. لەبەرئەوە لەتەمەنی بیست وحەوت ساڵی وەك مامۆستای زانکۆ دیاری کرا، بلیمەتی نیوتن بووەهۆی ئەوەی کە شاژن "ئان" نازناوی "ئەسپ"ی- پێبەخشی.

نیوتن تەواوکاری‌و جیاکاری لەبیرکاریدا هێنایە کایەوە، ئەمجا لەپاش لێکۆڵینەوەیەك کە بیست ساڵی خایاند، کتێبەکەی لەساڵی 1687 بلاّوکردەوە بە ناونیشانی "بنەماکانی بیرکاری بۆ فەلسەفەی سروشتی" دواتر ئەم ناوەی کورتکردەوە بۆ "پرەنسیپ". دوای ئەوە نیوتن لەساڵی 1666 بەهۆی ڕوداوێکەوە ڕووی کردە یاسای "کێشندە"، ئەمەش کاتێك لەو ساڵەدا بەهۆی بلاّوبوونەوەی نەخۆشی تاعون نیوتن مۆڵەت وەردەگرێ‌و دەگەڕێتەوە زێدی خۆی. ڕۆژێك لەڕۆژان نیوتن بەژێر درەختێکدا ڕەت دەبێ‌و سێوێك لە درەختەکە بەردەبێتەوە. بەربوونەوەی سێوەکە کاردەکاتە سەر نیوتن، لەمەوە لەم دیاردەیە دەکۆڵێتەوە، تادواتر یاسای کێشندە دەدۆزێتەوە بەوەی کە:" هێزی کێشندە لە نێوان دوو بارستە، گونجاو هاوکوفە لەگەڵ دەرچون وپێداکێشان‌و پێچەوانەکەی‌و ڕووبەری نێوانیان".

نیوتن بەم دۆزینەوەیەی ئەوەی ڕوون کردەوە کەهەسارەکان لەبونەوەرو لەخول خواردنی بەدەوری خۆردا، بەهۆی هێزی کێشندەوە هاوسەنگی خۆی ڕادەگرێ. بەمە نیوتن ئەو کێشەیەی چارەسەر کرد کە دیکارتیش بۆی چارەسەر نەکرا. خەڵکیش بەبێ هیچ ئەم لاولا کردنێك تێڕوانین‌و بیروبۆچونەکەیان وەرگرت. ماوەی سەردەمی "گالیلۆو

کیپلەر" بەس بوو بۆ ئەوەی کە گوێچکەکانی خەڵکی تیۆر وزانین و بیرۆکەی تازە وەربگرن کە لەسەر بناغەی زانستی فیزیایی و کیمیایی هەڵچنرابن. دۆزینەوەکانی کیپلەرو گالیلۆو دیکارت هۆکارێك بوو بۆ لێکۆڵینەوەو دۆزینەوەکانی نیوتن.

زانای ئەڵمانی "ولهلم لایبنتز" تەواوکاری و جیاکاری دۆزیەوە لەهەمان ئەوکاتەی نیوتن دۆزیەوە. ئەمەش ئەوە دەردەخات کە ژیاری خۆرئاوا لەم کاتەدا گەیشتبووە لوتکەی گەشەسەندن و پێشکەوتن. ئەم پێشکەوتنەش بەوەدا دیارە کە دوو کەسی هاوئاست لەڕووی ڕۆشنبیری و زیرەکی دەتوانن بگەنە یەك دەرەنجام لە لێکۆڵینەوەکانیاندا. لێکۆڵینەوەکانی نیوتن تەنها لەوەدا کورت نەبووبۆوە کە باسمان کرد، بەڵکو ئەم کەڵەزانایە لێکۆڵینەوەی کرد لەشەبەنگی خۆر وپێکهاتەی ڕوناکی و شکانەوەی، هەروەها تیۆری هەیدەرو دینامیك"دووجەمسەر"ی داڕشت. ڕێگەی نیوتن بەڕاستی ڕێگەیەکی زانستی بوو، خۆی دەبینیەوە لەپیادەکردن وجێبەجێ کردنی بیرو تێڕوانینی ئەقڵانی بەشێوەی تاقیکاری. ئەم ڕۆژگارە لەم کاتەوە ناونرا ڕۆژگاری ئاوەزگەری یاخود سەردەمی ئاوەزگەری.

کریستنسن هیگن 1629-1695:-

کریستسن هیگن زانایەکی هۆڵندی بوو، لە بەناوبانگترین زانایانی فیزیایی سەردەمی خۆی بوو، هاوچەرخی نیوتن بوو. بەهۆی دەرهێنانی کاتژمێری سەماکار ناوبانگێکی ئەوروپی پەیداکرد. "هیگن" لە کتێبەکەیدا شتی زۆری خستە سەر لێکۆڵینەوەکانی گالیلۆ و دواتر لەساڵی 1672بلاوی کردەوە. شەیدا بوونی بۆ هاوێنەو وردبین وای لێکرد "تەلیسکۆب" زیاتر بەرەو پێشەوە بەرێ. "هیگن" ئەوەی دەرخست کە ڕوناکی بەشێوەی شەپۆل شەپۆل دەڕوات.

ئەستێرەناســــی:ـ

لەنیوەی دووەمی سەدەی حەڤدە، ئەستێرەناسی وەکو بوارەکانی تـر پێشکەوتنی بەخۆیـەوە بینـی. "ئەدمۆنـدهالی" 1656-1742، ئەسـتێرەی کلکـداری دۆزیـەو ە، دواتـر "هـالی" بەدیارکەوتنـەوەی دووبـارەی ئەسـتێرەی کلکـداری ڕاگەیانـد لـە سـاڵی 1759، ئەمەش بەکردەیی ڕویداو ئەستێرەی کلکـدار لـەم ساڵەدا دەرکـەوت. شیاوی باسە "هالی" دۆستی نیوتن بـوو. هـەروەها "جـیمس بـڕازلی " (1693-1762) لاری زەوی دۆزیـەوە لەتەوەرەکـەی دا. جگەلەمـەش لـە سـاڵی (1729) لادانـی ڕونـاکی دۆزیـەوە. هـەروەها "ولیـەم هەرشـن" (1738-1823) لێکۆڵنـەوەی لـە بیرکاریـدا دەکردو چاودێری ئەستێرەکانی دەکرد. هەروەك توانی تلیسکۆب زیاتر بەرەو پێشەوە بەرێتو پەڵەی خۆرو چیاکانی سەر ڕووی هـەیڤو جەمـسەری بەسـتەڵەکی سـەر ڕووی مـەریخی دۆزی یـەوە. وە لـە سـاڵی (1781) هەسـارەی ئۆڕانۆسـی دۆزی یـەوە. "هەرشـل" کتێبێکـی نووسـی و تیایـدا بـزاوتنو جـوڵانی کۆمەڵـەی خـۆری خـستبووە بەرباس .

فیـــزیــــا:ـ

زانستی فیزیاش وەك بوارەکانی تر پێش کەوتنی بەخۆیەوەبینی. ئەمەش بە هەوڵو تێکۆشانی ژمارەیەك زانـای ئـەم بـوارە. ئـەم زانایانـە هەسـتان بەچـەندان دۆزینـەوەی مەزن، لەوانە "تۆرشەلی" ئیتاڵی 1608-1648 توانی "بارۆمـەتر" دابهێنـیٚ ئەمـەش بۆ پێوانـەکردنی پەسـتانی هـەوا. هـەروەها " ئۆتۆفـۆن جیرکـی ئـەڵمانی" (1602 – 1686) تـوانی "هـەواکێش "دروسـتبکات. هـەروەك زانایـەکی تـری ئـەڵمانی بـەناوی "فهرنهایت" توانی گـەرمی پێـوی جیـوەیی چـاکتر بکـاتو گـەرمی پێـوی "فهرنهایـت" بدۆزیتەوە کە بەشێوەیەکی بەرچاو لەلایەن "ئەنگلۆ سەکسۆنەکان" بەکارهێنـدرا. ئـەم زانایە تاقی کردنەوەیەکی زۆری لەبواری کارەباو موگناتیسی دا بە ئەنجام گەیاند.

لەساڵی 1746 دوو مامۆستای زانکۆی "لیدن"، لە زەویەنزمەکان توانیان شوشەی "لیدن" بدۆزنەوە بۆ خەزنکردنی بارگەی کارەبایی. "بنیامین فراکلین" 1706 - 1790 بە بەکارهێنانی شووشەی لیدن توانی لە ساڵی 1753 دژە بروسك دابهێنێ .

کیمیـــــا :ـ

"ڕۆبەرت بویل"ی- ئێرلەندی 1627-1691 لە کیمیا دا شارەزاو بە سەلیقەبوو، لەم بوارەشدا ناوبانگی پەیداکرد. "بویل" لە ساڵی 1660 یاسای "بویل" دۆزیەوە، کە دەڵێ: "قەبارەی گاز هاوکوفە لەگەڵ دەرکردنو پەستانی هەوایی، ئەگەر بێتو پلەی گەرمی جێگیر بێت". بویل توانی ئاوێتەو تێکەڵەکان لەیەکترجویێ کاتەوەو فۆسفۆری کیمیایی ئامەدەبکات. هەروەها لە کەمۆڵەیەك کە ئاوی تێدابوو توانی هابیدرۆجین ئامادەبکاتو ماددەی کهولی لە دار دەربهێنێ. جگە لەمە "بویل" لێکۆڵینەوەی لە پێکهاتەی کریستاڵ دا دەکرد. لەو کتێبەی کە لە ساڵی1691 بڵاوی کردەوە، لێکۆڵینەوەی کردبوو لەتیۆری ڕەگەزەکانی کیمیاو تێیدا ئامەژەشی دابوو بەتیۆری ئەتۆم.

هەروەها زانای ئینگلیزی "هنری کفندشن" 1731- 1810 گازی هایدرۆجینی دۆزیەوە. هەروەك ڕوونی کردەوە کە هەوا لە نایترۆجینو ئۆکسجین پێکهاتووەو ئاویش پێکهاتوە لە ئاوێتەیەك لە ئۆکسجینو نایترۆجین. بەهەمانشێوە زانایەکی تری ئینگلیزی بەناوی "پریستلی" 1733- 1802 گازی ئۆکسجینی دۆزیەوەو ئامەژەشی بەوەدا کە ئۆکسجین یارمەتی سوتاندن دەداتو هۆی هەناسەدانی شینابیە.

لەلایەکی ترەوە زانای فەرەنسی "لافوزی"، کە بەناوبانگترین زانای کیمییایی سەدەی هەژدەبوو، تاقیکردنەوەی "بلاكو بریستلیو کفندش"ی دوبارەکردەوەو سەلماندنی. ئەم زانایە ئەوەی ڕوونکردەوە کە ماددە لە کارلێکی کیمیایدا بارەکەی دەگۆڕێ، بەلام بڕەکەی وەك خۆی دەمێنێتەوە. ئەم شی کردنەوەیە مانای ئەوەی

دەبەخشی کە بنەماکانی نیوتن لە فیزیادا دەتوانرێ لە کیمیاشدا پیادە بکرێ. هەروەها زانای کیمیایی سویدی "شیلی" 1742- 1786 توانی کلۆر بدۆزێتەوەو کلیسرین ئامادە بکات.

کانزاکـــاری:ـ

لەسەرەتای سەدەی هەژدە زانایان بەشێوەیەکی تێروتەواو بەبەردبوەکانو پەستانەکەیان شیکارکرد. بەناوبانگترین زانای جیۆلۆجی سەدەی هەژدە ""جیمس هتن" ی سکۆتلەندی 1726-1797 بوو. "هتن" هەروەك پاریزەربوو فیزیاویو کشتکاریش بوو. کشتاریەکەی لەوەدا خۆی دەبینیەوە کە کێڵگەکەی بەڕێگەیەکی زانستی نوێ تۆو دەدا. "هتن" لێکۆڵینەوەی دەکرد لەسەر تاوێرو گاشەبەردو سروشتو پێکهاتەی تاوێرو کانزاکانو بنچینەیان، بەمە گەیشتە تێگەیشتن لە ئەرز. ئەم زانایە سەرنج و تێبینیەکانی لەراپۆرتێکدا لە سالّی 1785 لە"ئەدنبرە"،پێشکەشی کۆمەڵەیی پاشایی کرد لەژێر ناونیشانی تیۆری زەوی. "هتن" بەدرێژکردنەوەی تیۆرەکەی ئەوە ڕوون دەکاتەوە کە ئەو گۆڕانکاریانەی کەلەسەر ڕووی زەوی دەیانبینین، ئەنجامی چەند هۆکارێکی داڕوتانو ڕامالّینو داخورانن، ئەمەش بەهۆی باو باران و ڕوبارو برکانەکانەوە بەدرێژایی مەلایین سالّ ڕوویان داوەو ڕووی زەویان گۆڕیوە. ئەم زەویەش بەم شێوەیەی ئێستای بەچەندین دەوری گەشەسەندنی یەك لەدوای یەکدا تێپەڕیوە. لەڕاستیدا ئەم تیۆرە شۆرشگێڕانەبوو، بەلاّم بەشێوەیەکی ناڕۆشنانە داڕێژرابوو، نەبووە هۆی ڕاکێشانی سەرنجی خەڵکی تاوەکو سەدەی نۆزدە.

پزیشکیوزانستی زیندەوزانـــی:ـ

لەهەردوو سەدەی حەڤدەو هەژدە، بایۆلۆجیو پزیشکی گەشەکردنێکی مەزنو گەورەی بەخۆیەوەبینی. زانای ئیتاڵی "مالپیچی" 1628-1694 لە زانکۆی بولونا،

توانی لەڕێگەی توێکاری و بەکرهێنانی میکرۆسکۆبەوە سوڕی خوێن لەمووددەمارەکاندا بسەلمێنێ. هەروەها دورگەکانی مالپیچی لە گورچیلەدا دۆزیەوە کە ئەم دوورگانە هەڵدەستن بەشی کردنەوەو پالاوتنی خوێن. "ماڵپێچی" لە ساڵی 1671 ئەوەی خستەڕوو کە ڕوەکەکان لە ڕێگەی گەلاکانیەوە هەناسەدەدات و لەڕێگەی پیتاندنەوە زیاد دەکەن. هەروەها "سیدن هام"ی ئینگلیزی 1624–1689 ئەوەی ڕوون کردەوە کە نەخۆش بەتایبەت گرانەتا، بریتیە لەهەوڵی نەخۆشەکە بۆ دەرکردنی تەنە بیانیە نەخۆشەکان لە لاشەدا. جگە لەمە شاعیری سویسری هالر 1707–1777 زانایەك بووە لەبواری توێکاریدا، هەروك فەیلەسوف بوو. شیاوی باسە هالر یەکێ بوو لە زانا دیارەکانی کارئەندامزانی. "بیکتی" فەرنسیش 1771–1802، لێکۆڵینەوەی کردوە لە شانەکان و بناغەی زانستی شانەکانی دارشت. هەروەها "فان لوینهوك"ی- هۆڵندی 1632–1723 توانی بەکتریا بدۆزێتەوە. بەهەمانشێوە زانایەکی تری هۆڵندی بەناوی جان سوامردام 1637–1680 مێژووی زیندەوەرزانی نوسیەوە، پاشان بەشێوەیەکی فراوانتر لە ساڵی (1737)چاپی کردەوە لە ژێرناونیشانی "ئینجیلی سروشت". لەم کتێبەدا پەرەسەندنی زیندەوەرانی ڕوون کردبوویەوە هەر لە -گەرا- تاوەکو کرمی پێگەیشتوو. ئەمەش هەمان ئەو گەشەکردنەیە کەبەسەر کۆرپەلەدا دێت.

ڕوەك ناسی:-

"جۆن ڕەی" ئینگلیزی 1627–1705 یەکەم زنجیرەی لە کتێبەکانی زانستی ڕوەکناسی بلاو کردەوە. "ڕەی"- پۆلێن کردنی ڕوەکی زیاتربەرەو پێشەوەبرد. پاش ئەوە لێکۆڵینەوەی کرد لە گیانلەبەران و لەمەدا توێکاری بەراوردکاری بەکارهێنا. لێکۆڵینەوەکانی ڕەی بووە هۆی پێشکەوتنێکی بەرچاو لە پۆلێنکردنێکی سروشتی بۆباڵندەو زیندەوەران.

ئـــاژەڵ(ژیانەوەران)

زانـستی ژیانـەوەران بەتوێژینـەوە کـردن لەسـەر ژیانـەوەرو ئاژەڵـە نامۆکـان، کـە کەوتبوونە بەرچاوی گەشتکارو گەڕیـدە ئەورووپیـەکان لـەدەریاو زەریاکانـدا لەسـەدەی حەڤـدە و هـەژدە پێـشکەوتنی گـەورەی بەخۆیـەوەبینی. زانینـی زانـستی ژیانـەوەران لەسەردەستی زانـای فەڕەنـسی "بـافۆن"1707-1788، گەیـشتە چلەپۆپە. بـافۆن لەکتێبی "مێژووی سروشتی بۆ ژیانەوەران"، جیـاوازی ناکـات لـەنێوان مـرۆڤ وئـاژەڵو ژیانــەوەرە نــزم وکەمــەکان، هــەروەك دەڵــێ: ئەگــەر ئینجیــل نەبوایــە، دەگونجـا بڵێین"مرۆڤو مەیمونو ئەسپو گوێ درێژ لە یەك ڕەگەزن".

ئــەم دەســتەبژێریە باسمــان کــرد لــەزانایان، کاریگــەری زۆریــان هــەبوو لەســەر هاوچەرخانیان، خـەڵکی ئاکامی توێژینـەوەو لێکۆڵینـەوە زانستیەکانیان وەردەگرت. ئەمانـە تـەنها بەتاقیکردنـەوەو توێژینـەوەی زانـستی ئۆقرەیـان نـەدەگرت، بـەڵکو لـە سروشتو بونەوەرو ئەودیو سروشتو خـودای دروسـتکاری سروشـت ڕادەمـانو بیریـان لێدەکردەوە. فەلسەفەی "ئەودیو سروشت" ببووە بەشـێك لـە زانـستە سروشـتیەکان، ئەمەش بەهۆی پەیوەستیو بەیەکەوە بوونی مەعریفەی زانستی سروشـتی وەك: فیزیـا بە فەلسەفە، ئەمانە بە پرسـیارکردنیان بـۆ دۆزینـەوەو دەرخـستنی ئـەودیو سروشـت، فەلسەفەیان کردە دژو نەیاری لاهوت، دوای ئەوەی لەسەدەکانی ناوەڕاستەوە تـاوەکو سەدەی حەڤدە لەگەڵ لاهوت دا بەیەکەوە دەخوێنران.

لەبەشی پێشوو باسی دوو فەیلەسوفمان کرد لە ناو پێشەوایانی فەلسەفەی ئەودیو سروشـت، ئـەوانیش "جوردانـۆ برۆنـۆ"و فەلـسەفەی یەکیـەتی بـوون"وحـدە وجـود"، هەروەها "فرانسیس بیکن" لە گوتارەکانیدا. لە سەرەتای ئەم بەشەدا باسی دیکـارتو فەلسەفەی کارتیزمان کرد، لەگەڵ کاریگەری بەسەر ئاقاری ئەقلانیو ئەودیو سروشـت. "بیرکازند"یش- 1650-1952 هاوچەرخی دیکارتی زانای بیرکـاری بـوو، سروشـتی بەشێوەکی سروشتی ڕاڤەکرد. هەروەك دەڵێ:" زانستو زانیاری پەیـدادەبێو پێکـدێت

لەڕێگەی هەستکردن بە ماددەو پاشان ڕەنگ دانەوەی لە هزردا". بەبڕوای ئەو ماددەی ئەتۆم نەدروست دەبێتو نە لەناودەچێت.

کاریگەری ئاقاری زانستی لەسەر ئاین

ئاین بەشێوەیەکی تایبەتی کاریگەربوو بە پێشکەوتنی زانستیو فەلسەفی، ئەم کاریگەریە تەنها لەسەدەی هەژدە دیارو بەرچاو بوو، ئەگینا لەسەدەی حەڤدە فەیلەسوفانو زانایان هەر پەیوەست بوون بەئایینیان. جا ئەم زاناو فەیلەسوفانە چ سەر بە ئاینزای پڕۆتستانتی بووبن یاخود کاسۆلیکیەت. ململانێ بەدرێژایی ئەم سەدەیە لەنێوان ئەوانو ئاینزاکانی پڕۆتستانتی هەربەردەوام بوو، ئەمە لەکاتێکدا هەردوو ئاینزای سەرەکی نێردراوە مژدەدەرەکانیان لەدەرەوەی ئەوروپادا بەرەو لاوازی چووبوو.

سەرهەڵدانی مەزهەب دنیا نەویستی:-

لەنیوەی دووەمی سەدەی حەڤدە لەنێو ڕیزەکانی پڕۆتستانیزم مەزهەبێك سەریهەڵدا بەناوی مەزهەبی دنیانەویستی"الزهاد". ئەم مەزهەبە ئەوەندەی بەهۆی ناکۆکیو جەنگی نێوان ئاینزاکانی نێو ئاینی مەسیحیەت سەریهەڵدا، ئەوندە بەهۆی کاریگەری و ئاکامی پێشکەوتنی زانستیو فەلسەفی سەریهەڵنەدا. ئەم ناکۆکیو دووبەرەکیەی ببووە هۆی نارەزایی پەست بوونی بەشێکی زۆری خەڵکی. شوێنکەوتوانی ئەم مەزهەبە بە"دنیانەویست" ناسرابوون. ئەوان سوربوون لەسەر ئەوەی کە مەسیحیەکان خۆیان ڕابهێنن لەسەر مشتو مڕی ئاینیو بیروباوەڕ، وە لەسەر پارێزگاری(تقوی)و دنیانەویستی وسادەژینی و ژیان لەسەر مەسیح ئۆقرە بگرن. "فیلب سبنسەر" 1635-1795، یەکێ بوو لەدنیانەویستە لۆسەریە دیارە ئەڵمانیەکان، لەو کتێبەی کە لە ساڵی 1675 لەژێر ناوی "هەستی دڵ بۆ چاکسازی کڵێسای ئینجیلی، ئەوەی کەخودا پێی ڕازیە" بڵاو کردەوە. لەم کتێبەیدا ئامۆژگاری

کۆمەڵەکەی دەکات، کە دەمەتەقێ ئاینیە ئاژەوە هێنەکان وازلێبهێنن و بەبن بەدنیانەویستێکی کردەیی. هەروەك دەڵێ: "پێویستە ئاین پەیوەندی بەتاکەوە هەبێت، بۆئەوەی و گیانی پیرۆز جێگەی بگرێتەوە بگرێتەوەو هەموو باوەڕدارێك بەرەو دنیانەویستی و پارێزگاری بچن". ژمارەیەك لەلۆسەری و کالڤنیەکان هەستان بە بلاوکردنەوەی بیروڕاکانی سبنسەر لەناو جیلەکانی دوای خۆیان. ئەمەش لەماوەی سەدەی هەژدەو لە ئەوروپا بەتایبەت لەئەڵمانیا.

" ولهلم لایپنتز" یەکێ بوو لەو دنیا نەویستانەی کەدەیانویست کاسۆلیکی و پرۆتستانت لەیەکتر نزیك بکەنەوە. بەهەمانشێوە "ئیمانۆئیل کانت" یەکێ بوو لەو کەسانەی کە لەنێو ژینگەی دنیانەویستان پێگەیشت.

لە نێو دنیانەویستە بەرچاوەکان لەکیشوەری ئەوروپا، "ئیمانۆئیل سویدنبرك" 1688-1772 بوو. "سویدنبرك" کوڕی یەکێ لە مامۆستا لۆسەرییەکانی زانکۆی ئەپسالا بوو لە سوید. ئیتر وەك زانایەکی بواری بیرکاری و فیزیا وجیۆلۆجی و ئەندازیاری ناوی دەرکرد. لەساڵی1745 بانگەشەی ئەوەی کرد کە ئەو ڕووناکی خوداو دەرکەوتن(کشف)ی دەستکەوتووە. ئەم ژیانی خۆی تەرخانکرد بۆنوسینی ژمارەیەکی زۆر لە پیرۆزییە ئاینیەکان لەدانایی(حیکمە) وخۆشەوسیتی خودا. سویدنبرگ لەدوای مردنی کاریگەری بەجێهێشت و قوتابیەکانی کلێسایەکیان دامەزراند بەناوی کلێسای سویدنبرگ یا قودسی نوێ.

جۆرج فۆکس و کۆمەڵەی هاوڕێیان:-

لەئینگلترا کۆمەڵەی "هاوڕێیانی دنیانەویستی"سەریهەڵدا، دامەزرێنەری ئەم بزوتنەوەیەش "جۆرج فۆکس"ی- ئینگلیزی 1624-1691 بوو. فۆکس خۆی خۆی ڕۆشنبیرکردو پێگەیاندو بیروڕاکانی خۆی پێ زۆر تەواو بوو. ئەم باوەڕی بەخورافەو پڕوپوچی هەبوو. بەلام زۆر دڵسۆزو دلگەرم بوو بۆ بیروباوەڕی خۆی دنیانەویستی.

کڵێسا لە تێڕوانینی ئەودا دابەزیوە بۆ پۆخڵەواتیو نزمی کوفر. "فۆکس" جەختی لەسەر ئەوە دەکردەوە کە ئاین گیانێکە لە ڕێگەی ڕوناکیەکی نێودڵو خۆ پەروەردە کردنەوە پەیدادەبێت، ئەمەش پێویستی بەکڵێساو شوێنی پەرستن نییە. هەروەك دەڵێ: "سادەژینیو پەنابردن بۆ جەنگو دەستهەڵگرتن لەچەكو قسەنەرمیو سوێند نەخواردن تەنانەت لەکاتی پێویستیش، لە مەرجە سەرەکی وگرنگەکانی ئاینن".

ئەم کۆمەڵەیە ناسرابوون بە "کۆمەڵەی هاوڕێیان"، ئەوان ماوەیەکی زۆر بەنەویستراویو دڵشکاوی مابوونەوە، تا ئەو کاتەی هەندێ لە ئەرستۆکراتیەکانی وەك "لیەم پین" 1644–1718 بەلایاندا چوون. بیروباوەڕەکانی ئەم کۆمەڵەیە تایبەت بوون بە لێبوردەییو چەك هەڵنەگرتنو بەژداری نەکردن لەجەنگی دژی بە پڕۆتستانتە ڕادیکاڵیەکان بەتایبەت باپتیستەکان"ڕاگیرکارەکان"و ئەبریشیەکان.

ساکاتێکیش کڵێسای ئینگلیزی پشتی بەست بەچینی ئەرستۆکراتی، هیچ بایەخی نەدا بەچینی گشتیو فەرامۆشی کردن. خەڵکی ڕووی کردە دنیانەویستی. لێرەوە یەکێ لەقەشەکان بەناوی "جۆن ویلزی" 1703–1791 هەلی قۆستەوە بۆ ڕاکێشانی تەواوی خەڵکی بەرەو بانگەشە تازەکەی کەناسرا بوو بە مەنهەجیەکان(میسۆدیست)

بزوتنەوەی میسۆدیست(مەنهەجی):-

جۆن ویلزی وەك ووتمان: دامەزرێنەری ئەم بزوتنەوەیە بوو. ویلزی کوڕی قەشەیەکی ئینگلیکانی بوو. ئەو کاتێك لەساڵی 1729 لە ئۆکسفۆرد دەیخوێند، بووبە سەرۆکی ژمارەیەك قوتابی، کەخۆیان ناونابوو"هاوەڵانی بانگەوازی پیرز"،پاشان ناوی"میسیۆدێست"یان- بەسەردابڕا، بەهۆی خۆگرتنەوەیان لە چێژو خۆشی ڕابواردنەکانو بەردەوام بوونیان لە دنیانەویستو چاکەکاریو دڵ گەرمیان بۆئاین. "ولزی" لەدوای ئەوە ئینگلتەڕای جێهێشتو ڕووی کردە هیندستانو جۆرجیا و، لەوێدا پەیوەندی کردبەمزدەرە(مبشیر) پڕۆتستانە ئەڵمانەکان، لەوانیشەوە فێری

تەعالیمەکانی دنیانەویستەکانی ئەوروپا بوو. کاتێکیش گەڕایەوە ئینگلتەڕا لەساڵی 1738، گۆڕابوو بۆ کەسێکی دنیانەویست. ئاین لەتێڕوانینی ولزیدا"هەستو پەسندکردنێکی خودی کەسەکەیە". میسیۆدیستەکان بەهۆی بایەخ نەدانیان بە دروشمە ئاینیەکانو سۆزو دڵگەرمی توندڕەویانو نزیکیان لەخەڵکی، لە کڵێسای ئینگلیزی جیابوونەوە. شیاوی باسە ئەم مەزهەبە بووبە مەزهەبێکی بەربڵاوی ئینگلتەڕاو ئەمریکا.

ئەبرشیەکـــان:

ولزیو کۆمەڵەکەی "مسیۆدیستە دنیا نەویستەکان" کاریگەریان هەبوو لەسەر زۆرترینی ئەو پرۆتستانتانەی کە لەگەڵ کڵێسای ئینگلیزی دانەبوونو،لەولاتانی ئەنگلۆساکسۆنی بەربڵاوبوون. دڵگەرمیو پارێزگاری ودنیانەویستیان کاریگەری هەبووبەسەر باپتیستەکان"ڕاگیرکارەکان" و ئەبرشیو کڵێسای سکۆتلەندی، هەروەك کاریگەریان دروست کرد لەسەر کڵێسای ئینگلیزی. تەنانەت بزوتنەوەی ئەبریشی بوونە هۆی ئەوەی قوتابخانەکان لەڕۆژانی یەك شەممە بکرێنەوەو دەستبکرێتەوە بە سازکردنی هەڵمەتە مژدەدەریەکان.

مۆلینوسو هادئین:-

بزوتنەوەی هادئی لەسەدەی حەڤدەو لە وولاتە کاسۆلیکەکان دەستی پێکرد. پێشەوای ئەم بزوتنەوەیە میکائیل مولینوس(1640-1697) بوو، "مولینوس" قەشەیەکی ئیسپانی بوو، لە ڕۆمادا نیشتەجێ بوو. بەبڕوای "مولینوس"و کۆمەڵە، پیرۆزی ڕاستو دروست پشت نابەستێ بەکڵێسا یاخود بیروباوەڕو ئەقل، بەڵکو ڕاوەستاوە لەسەر پشت بەستنی بەندە بەخودا، ئەمەش بۆ ڕۆیشتنی ڕووناکی خودا بۆ نێو دەروون. پاپاو پیاوانی ئاینی بۆئەوەی ئەم بزوتنەوەیە کاریگەری دروست بکات بەسەر کاسۆلیکەکان، وەك چۆن بزوتنەوەی دنیا نەویستەکان کاریگەری دروستکرد

بەسەر پڕۆتستانتەکان، پشتگیری ئەم بزوتنەوەیان کرد. ئەم بزوتنەوەیە لە فەرەنسادا بڵاوبویەوەو ئوسقوف "فینیلیون" (1651-1715) پشتیوانی لێ کرد. بەڵام لەساڵی 1687 پاپا "مولینیوس"ی- بە هرتقە تاوانبار کردو لەساڵی 1699 ڕەخنەی لە "فیلنیلون" گرتو، بزوتنەوەی هادیئیەکان کۆتایی پێهات.

سەردەمی ئاوەزو ڕۆشنگەری

ڕۆشنگەری یان ڕۆشنی:-

بیروفکرەی سەرەکیو ئەساسی ڕۆشنگەری، ئەو بیروباوەڕە بڵاوەو باوسەندوەیە کەپێی وایە ئاوەزی مرۆڤ توانای زانینی ئەو سیستەمە جیهانیەی هەیەو توانای تێگەیشتنی بنجو بناوانی ئەم بونەوەرەی هەیە،و باڵادەستە بەسەریداو دەتوانێ بۆسودو کەڵکی مرۆڤایەتی ڕامی بکات، بەبێ ئەوەی پەنا بەرێ بۆلاهوتو پەرەجوو"معجیزە". ڕۆشنگەران دەیانویست خەڵکی دان بهێنن بەبنەماو بنچینەکانی زانستە سروشتیەکان و، ئەو بیرو فکرانەشی کەپەیوەندی پێیەوە هەیە، لەبوارەکانی فیزیاو ئاکار(صیفەت)و فەلسەفەو ئاینو مێژوو سیاسەتو یاسا[1].

ڕۆشنگەران بانگەشەی ئەوەیان دەکرد، کە لە سروشتدا ڕێك وپێکیو گونجاوی هەیە، شڵەژاویو شەڕو دەمارگیریو نەزانی بۆتە هۆی جەنگو چەسانەوەو ئازاردانو بڵاوبونەوەی خرافەو ئەفسانەو دابەزینی کۆمەڵگە بۆنزمیو پوچی. لەهەموو ئەمانەشدا سیستەمی سیاسیو کۆمەڵایەتی داسەپاووخۆسەپێن، بەرپرسیارە لەتەواوی ئەو خراپەکاریو شەڕو گەندەڵیانە. لەبەرئەوە پێویستە ئەم سیستەمە بە پێوەرێکی ژیریو لۆژیك چارەسەر بکرێ، بە مەبەستی خێروخۆشی مرۆڤو ئاسودە بوونی.

---

1 white, op. cit: pp. 267-2993. Gottschalk, op. cit; pp.502-506;513-532.

ووردەکاریو تێبینیەکانی شۆڕشی هزری لەسەدەی هەژدە، دەتوانین لەچوار خاڵی سەرەکی دا گوزارشتی لیّ بکەین:-

1-سروشت" شوێنی ئەو دیو سروشت" بگرێتەوە، هەروەها زانست شوێنی لاهوت بگرێتەوە، بەوەی کە جیهانی ماددی یاسای سروشت بەسەریدا زاڵە.

2- ناویان لیّ نا ئاوەزی مرۆیی، ئەو ئاوەزەی پێویستە لە دۆزینەوەو دەرخستنی یاساکانی سروشت بخرێتەکارو ژیانی تاکەکەس هەر بەگوێرەی ئەم ئاوەزە ڕێکبخرێتو ساز بکرێ.

3- بەکارهێنانی ئەقڵو هزرو گوێڕایەڵی یاسا سروشتیەکان دەبێتە هۆی پێشکەوتنی خێرا، وە لە کۆتایشدا گەیشتن بە کەماڵو تێرو تەواوی.

4-گرنگی دان بەمافەکانی مرۆڤو هەوڵدانو کۆشش کردن لەپێناوی پێکهێنانی کۆمەڵگەی مرۆیی باڵا.

ڕۆشنگەران هەموو دامەزراوەو ڕێکخراوەکانیان بەپێوەری ئاوزو لۆژیک لێك دەدایەوە، جا چ دامەزراوەیەکی سیاسی بووایە یان کۆمەڵایەتی یاخود ئاینی. ڕۆشنگەران ئەمەیان دەخستە ژێر تیشکی ئاوەز، تا بزانن لەگەڵ ئەو پێوەرانەی کە دایان ناون کۆکە، لەگەڵ ئاوەزو لۆژیکو یاسا سروشتیەکان تەبایە.

سەرهەڵدانی ئاینی سروشتی یاخود باوەڕ بە"خودای تاك"

دروستکاری بونەوەرو سروشت

پێشکەوتنی زانستی لە سەدەی هەژدە کاریگەری تێکشکێنەری خستە سەر ئاینو کڵێسا. کڵێسا ڕووبەڕوی ڕەخنەی زانستی بوویەوە، ڕەخنەیەك پایەو کۆڵەگەکانی هەڵتەکاندو خەڵکی والێکرد لە ئاین یان بکەونە گومان، ئەمەش لەپرۆتستانتیەوە بۆ کاسۆلیك جیاوازی نەبوو. بەناوبانگترینی ڕەخنەگرانیش بریتی بوون لە:بیربایل-ڤۆڵتێر-هۆیلباخ- دالمبیرت-دیدرۆ- ئەوانی تر لەڕەخنەگران.

لەنیوەی دووەمی سەدەی حەڤدە مەزهەبێکی ئاینی نوێ سەریهەڵدا، کەبە ئاینی "سروشتی" ناسرا. ئەم مەزهەبە کاریگەر بوو بە پێشکەوتنە فەلسەفیو زانستیەکان، بەتایبەت زانستو فەلسەفەی سروشتی. هۆکاری سەرهەڵدانی ئەم مەزهەبە گومان دارە، سێ هۆکاربوون:-

1-هەبوونی جیاوازی ناکۆکی زۆر، لەنێوان مەزهەبە مەسیحیە لێکجیاوازەکان.

2-چینی ڕۆشنبیرو خوێندەوار لەسەدەی حەڤدە، کاریگەر بوون بەوەی کە دۆزەرەوەکان لەووڵاتو شوێنە دوورە دەستەکان کەوتبووە بەرچاویان، لەبەربەریە رووت وقوتەکان، ئەوانەی کە بەسادە ژینی ژیان دەگوزەرێننو بەختەوەرو ئاسودەن، بەبێ هەبوونی ئاینو بیروباوەڕو دروشمە ئاینیەکان.

3-پێشکەوتنی زانستی سروشتیو فەلسەفی ڕاوەستا بوو لەسەر ڕاڤەکردنی شتەکان لە ژێرتیشکو پێوەری ئاوەزو لۆژیکو، گومان کردن لەهەموو شتێك. لەبەرئەوە دەیانپرسی: ئەگەر بونەوەر گوزارشتە لە ئامێرێکی زەبەلاحو، کاردەکات بەگوێرەی یاسای سروشتی، ئەوا ئاینیش وەك بونەوەر پێویستە سروشتی بێت. ئایە لە توانای ئاوەزی مرۆڤایەتی دانی یە کە ئاینێکی ڕاستەقینە بدۆزێتەوە، وەك چۆن بەبێ پەنابردنی بۆ پەڕجوو ئیستخارەو پاڕانەوە، یاسای کێش کردنی دۆزییەوە؟

بیرۆکەی ئاینی سروشتی لەم کاتەدا تازە نەبوو، بەڵکو پێشتریش بەشێوەیەك لە شێوەکان بوونی هەبوو، تۆمای ئەکوینی لەسەدەی سێزدە لەمەی کۆڵیوەتەوە. پێی وایە هەموومرۆڤێکی ژیر باوەڕی بە شتە ئەساسیەکان هەیە، لەباوەڕبوون بەخودا، وەبەنەمریو،پاداشتو سزا. مەسیحیەتیش شوێنکەوتەی ئاینی سروشتیەو لەگەڵیدا کۆکەو پێچوانەی نییە. وەلێ لە سەدەی حەڤدە لەگەڵ جەخت کردنەوەیەکی زیاتر لەسەر سروشتو یاسای سروشتی، بەلام هەندێ لەپشتگیری کارانی ئاینی سروشتی لەمەسیحیەت لایانداو لەدژی ڕاوەستان. بەشێوەیەك کە ئەگەر شتێ لەئاینی مەسیحی کۆك بوایە لەگەڵ ئاینی سروشتی ئەوا بەلایانەوە زیادەبوو، خۆئەگەر پێچەوانەی بوایە، ئەوا بە پڕوپوچ دەیاندایە قەڵەم.

"هێربەرت ئوف شێربری"(1583- 1648)، یەکێ بوو لەکەسە دیارو بەرچاوەکانی ئاینی سروشتی. "شێربری" لۆردێکی ئینگلیزی بوو، لە ئۆکسفۆرد سەرقاڵی خوێند بوو، وە لەڕێگەی پەیوەندی کردن بەزاناو فەیلەسوفەکانی ئەو سەردەم، بەتایبەت "کازیند"ی- فەڕەنسی، بووە کەسێکی گوماندار. بەڵام بەهۆی ئەوەی لە چینی ئەرستۆکراتی بوو، خاوەنی پلەوپایەو سەروەت وسامان بوو، دلسۆزبوونی بۆ بنەماڵەی پاشایی خۆی پاراست لە دەربڕینی بیروباوەڕە ئاینیەکەی. "شێربری" دوو گوتاری بلاوکردەوە، یەکەمیان لەژێر ناوی " ڕاستەقینە وەکو جیادەکرێتەوە لە کەشف وتواناو درۆ " لە ساڵی (1624) بلاوی کردەوە، دووەمیان بەناونیشانی "ئاینی بت پەرستی" لەساڵی (1663) بلاوی کردەوەو تێیدا دەلێ: کرۆکو ڕاستەیەتی ئاینی سەقامگیر دەبێت لەسەر هستەکانی ئەقلی گشتی مرۆیی. وەئاینی سروشتی باوەڕێکی ئاوەزگەریانەیە بەخوداو چاکەکاریو نەمری".

جگە لەمانە توێژینەوەی ڕەخنەگرانە لەهەمبەر کتێبی پیرۆز سەریهەڵدا، تەنانەت هۆبزی ئینگلیزی نکوڵی لەتەورات دەکرد بەوەی لەلایان خوداوە نیگا کرابێت بۆ موسی"د-خ"، هەروەك گومانی هەبوو لەڕاستیەتی مێژوویی تەورات. شیاوی باسە "سپاینۆزای" فەیلەسوفی هۆلندی گومانی هەبوو لە ڕاستیەتی مێژوویی تەورات. هەروەها توێژەری فەڕەنسی "ڕیچارد سیمن" لەساڵی(1680) ڕەخنەی مێژوویی کتێبی پیرۆز"ی نوسیو لە ساڵی(1689) کتێبێکی تری خستە بەردیدی خوێنەران، بەناونیشانی "ڕەخنەی میژووی لەهەمبەر ئینجیل". ئیدی دوابەدوای ئەمانە یرمەندان کەوتنە گومانکردن لە پیرۆزیەتی کتێبی پیرۆزو پەڕەجووە نوسراوەکان. لەساڵی (1792) "ئیفنس"ی ئینگلیزی نکوڵی کرد لەوەی ئینجیل کاری حەواریەکان بێت.

ئاینی سروشتی لە ئینگلتەرا لەنێو سیاسەتوانانو چینی ئەرستۆکراتی و تەنانەت لەنێو پیاوانی ئاینی ئینگلیزیش بلاوبوویەوە. خۆ وەنەبێ مەزهەبی نوێ ویستبێتی ئاینی مەسیحی لەناوبەرێ، بەڵکو دەیویست چاکسازیەکی تێدا ئەنجام بدات کە ڕەگو

ڕیشەی بگرێتەوە، وەك ڕەتكردنەوەی باوەڕبوون بە خوایەتی مەسیح و دابەزینی کتێبی پیرۆز لەلایەن خوداوە. لە جیاتی ئەمە باوەڕپهێندریێ بە خودای دروستکاری بونەوەرو سروشت و یاسای سروشتی و ئاوەزی مرۆیی. ئیدی لەمەوە "پەرستراویەتی سروشت" بووبە ئەوناوەی کە ئینگلیزەکان بەکاریان هێنا بۆ ئەم مەزهەبە تازەیەو ناویان لێی نا" خوایەتی سروشت". ژمارەیەك لەزاناو فەیلەسوفانی ئەو سەردەم ئەمەیان پەسەند کرد، وە ژمارەیەکی زۆر لەو خەڵکانەی کە دەیانویست سازبوونێك دروستبکەن لەنێوان مەسیحیەتو هەستە گشتیەکانو مەعریفەتی نوێ، ئەمەیان ورگرتو پەسندیان کرد.

ئاینی سروشتی ئاینی ڕۆشنگەرانی سەردەمی ڕۆشنگەری بوو، باوەڕیان وابوو کە خودا بونەوەری دروست کردوە، بەڵام هەڵسوڕاندنی خستۆتە ئەستۆی سروشت خۆی، بۆ ئەوەی کاربکات بەگوێرەی ئەو یاسایانەی کەخۆی داینـاون. ئاینی سروشتی لەئینگلتەڕاوە دزەی کردە فەڕنسا و تەواوی کیشوەری ئەوروپا، لەنێو باوەڕدارانی ئاینی سروشتی لە فەڕەنسا، "پیربایل" (1647-1706)بەناوبانگترنیان بوو، پیربایل کوڕی قەشەیەکی پرۆتستانتی بوو، دواتر بووە کاسۆلیکی، بەڵام لەسەر ئەم ئاینزایەش ئۆقرەی نەگرت و هاتەوە سەر ئاینزای پرۆتستانتی، وەلێ لەدواتردا گومانی هەبوولەتەواوی ئاینەکان. "پیربایل" کاتێ بینی ڕەوشی هەرتەقە لەزۆربەی شوێنەکانی ئەوروپا لەمەترسی دایە، ڕووی کردە هۆڵندا، لەوێشدا و لەساڵی (1681)بوویە مامۆستای فەلسەفەو مێژوو لەزانکۆی ڕۆتردام، "پیر بایل" لایەنگری فەلسەفەی کارتیزیو ئاوەزگەری بوو، هەروەها پشتگیری دەکرد لە بیری ئازادیو لێبوردەیی. کاتێکیش کالڤنی وکاسۆلیکەکان ڕازی نەبوون بە ڕاڤە کردنەکەی، چونکە لێبوردەیی بەلایانەوە بەمانای چاوپۆشی دێت لە گومانکردنو هەڵە، هێرشیان کردە سەر نوسینەکانی، لەملاشەوە کاسۆلیکەکان هێرشیان کردەسەریو خستیانە نێو کڵپەی ئاگر. "بایل" لەساڵی(169)لەپۆستەکەی دەرکرا، وەلێ ئەمە ورەی دانەبەزاند، بەڵکو هەر بەردەوام بوو لەنوسین. بەناوبانگترین کتێبی خۆی دەبینێتەوە لە "فەرهەنگی مێژووی ڕەخنەیی"، کە لە ساڵی (1697) چاپی کردو تێیدا شێوازی لێکۆڵینەوەی

زانستی تەواوی خۆی دەرخست لە جیاتی لایەنگری وسۆزداری، هەروەك گاڵتەدەكات بە باوەڕێكی لاسایی(تقلیدی)و لە تێڕوانینیدا ئەم جۆرە باوەڕە لە پڕوپوچیو خورافەوە گەشە دەكات.

ماسۆنیەت :ـ

بلاْوبوونەوەی ئاینی سروشتی هۆكارێك بوو بۆ سەرهەڵدانو بلاْوبوونەوەی ماسۆنیەت. ماسۆنیەت لە سەرەتای سەدەی هەژدە لەئینگلتەڕا سەریهەڵدا، ئەمەش بۆ بەردەوامی دان بوو بەو كۆڕ(محفل)ە ماسۆنیانەی كە هەندێ دروشمی ڕوكەشی سەندیكاكانی بیناسازانی لەسەدەكانی ناوەڕاستەوە بۆخۆی پاراست بوو، ئەم سەندیكایانەش لەسەدەی شازدەوە بەرەو نەمانو لێكهەڵوەشانەوە چووبوون. كۆڕەماسۆنیەكان ئەوو ئەرستۆكراتیو ڕوشنەگەرانەی تێدابوونە ئەندام كە ئاینی سروشتیان هەبوو. ئیدی لێرەوە كۆڕە ماسۆنیەكان گۆڕانیان بەسەرداهات. باودۆخی ئەم كۆڕەماسۆنیانە هەروا نەمایەوە، بەڵكو دۆخەكەیان گۆڕاو ژمارەیەك لە كۆڕەكان لەساڵی(1717) بۆ پێكهانانی كۆڕێكی مەزن یەكیەتیەكیان پێكهێناو لەندەنیان كردە بارەگای گشتی خۆیان، ئەمجا لەژێر تیشكی گیانی ڕۆژگاری ڕۆشنگەری دەستورو دروشمەكانی خۆیان بژاركردو چاكسازیان تێداكردو دەستیان كرد بەبلاوكردنەوەی ماسۆنیەتی نوێ.

ماسۆنیەت لەژێر سەرپەرشتیاری كۆڕی مەزنی ئینگلیزی لە بەریتانیاو داگیرگەكانی بلاْو بوویەوە، پاشان لەساڵانی (1725-1736) دەستیان كرد بەدامەزراندنی كۆڕە ماسۆنیەكان لەئێرلەنداو سكۆتلەندا، ئەم كۆڕە ماسۆنیانە بەشێوەیەك بلاْوبوونەوەو پەرەیانسەند تا لەكۆتایی سەدەی هەژدە تەنها لە ئینگلتەڕا ژمارەی كۆڕەماسۆنیەكان گەیشتە هەزاروشەش سەد كۆڕ. هەروەها لەساڵی(1733) كۆڕە ماسۆنیەكان لە بۆستن دامەزران، دوواتر لە فیلادلفیاو شارەكانی تری ئەمریكا بەهەمانشێوە كۆڕە ماسۆنیەكان دامەزران. بەهەمانچەشن لە كەنەداو دورگەی هیندی خۆرئاوا لە

ساڵانی(1740-1742) کۆڕی ماسۆنیەت دامەزرا. وە لەسیەکانی سەدەی هەژدە ماسۆنیەت لەهیند بڵاوبوویەوەو لەساڵی(1730) کۆڕی ماسۆنیەت لەکیلیکتاو میدراس دامەزرێندرا.

پادشاو ئەرستۆکراتیەکان چوونەپاڵ ماسۆنیەت، بەهەمانشێوە کەسە سەربازیەکان پەیوەنیان پێیەوە کرد، "بنیامین فرانکلین" یەکەم کەسێ بوو کە کتێبی لەبارەی ماسۆنیەت بڵاوکردەوە لەساڵی(1734)، هەروەها "جۆرج واشنتن" لەساڵی(1753) پەیوەندی کرد بە کۆڕی ماسۆنیەتی فەرجێنیا.

لە ئەوروپاش یەکەم کۆڕی ماسۆنیەت لە فەرەنسا سەریهەڵداو لەساڵی(1732)بەربژاری فەرمی لەکۆڕی ئینگلیزی بەدەستهێناو ناوەکەیشی بوویە کۆڕی مەزنی خۆرهەلات. ئینجا لەهەریەکە لەئەڵمانیاو ئیتالیا کۆڕی ماسۆنیەت دامەزرا، ئەمەش لەساڵی(1763)، وەلەساڵی(1773) لە سوید دامەزراو لەساڵی (1771) لەڕوسیا کۆڕی ماسۆنیەت کرایەوە.

ئەم کۆڕە ماسۆنیانە پشتیوانی ئاینی سروشتیان دەکردو هەندێ لەپیاوانی ئاینی مەسیحی وێڕای جیاوازی ئاینزایان خستنیە ڕیزەکانی خۆی، ئینجا کۆڕی ماسۆنیەت ئەوەی لێ قەدەغەکردن کە مشتو مڕی مەزهەبی لەناو کۆڕی ماسۆنیەت ئەنجام بدەن، بەڵکو تەنها داوایان لێ دەکردن کەبەشێوەیەکی ئاسایی‌و سادە باوەڕیان بەخودا هەبێت، بەوەی کە دروستکاری بوون‌و بونەورو سروشت‌و یاساکانی سروشتەو هیچ هاوبەشێکی نی یە. کڵێسای کاسۆلیکی لە دژی ماسۆنیەت وەستاو ماسۆنیەت لەکیشوەری ئەوروپادا بوویە پەرگیرو ڕووەو گومڕای هەنگاوی نا. لەدوای کتێبەکەی "هۆیلباخ" سەبارەت بە سیستەمی سروشت لەساڵی(1772) کۆڕی ماسۆنیەتی خۆرهەلاتی فەرەنسی توشی دابەش بوون هات‌و لقی دووەم لە کۆڕێ خۆرهەلات بوویە کۆڕێکی دەرچوو لەئاین(گومڕا).

لێرەدا دەردەکەوێ کە هۆکاری سەرنجڕکێشی ماسۆنیەتو ڕاکێشانی سەرنجی خەڵکی بەلای خۆیدا، دەگەڕێتەوە بۆ نهێنیو نادیاریو ئەوسوێندخواردنەی کەهەندێکی بەهەندێکی تر دەبەستەوە، جگە لەمانە هەریەکە لە"گۆتەو هیردەر" لەئەڵمانیا پەیوەندیان بەماسۆنیەتەوە کرد، دوای ئەوانە ماسۆنیەت بووبە مژدەدەریو پیاوانی سیاسیو داگیرکار تێکەڵاوی بوون.

کۆتایی یەسوعیەکان لەسەدەی هەژدە:-

پێشتر لەباسی سیاسەتی ئاینی لۆیسی چواردە، تارادەیەك شرۆڤەی چەوساندنەوەی شوێنکەوتەکانی جانسینیەکانو هادیئیە پرۆتستانتەکانمان کرد، ئێستا پێویست بەباس کردنەوەیان ناکات، مەبەست لەم بیرهێنانەوەیە ئەوەیە کەبڵێین:لەهەموو ئەمانەدا یەسوعیەکان هۆکاربوون، تەنانەت ئەوان لەسەدەی هەژدەدا هێرشیان کردە سەر "فیزۆکرات"سروشتگەرەکانو، فەیلەسوفانی ڕۆشنگەری. بەلاَم هەوڵەکانیا شکستی هێنا، چوونکە فەیلەسوفەکان بەهێزبوون و کاریگەریان زیاتر بوو. تێکشکانو کۆتایی یەسوعیەکان بەدەرکرانیان لە پرتوگال و لەساڵی(1795) دەستی پێکرد. لەدوای چەوساندنەوەی جانسنیەکان لەلایەن لۆیسی چواردەو پاپاوە، یەسوعیەکان زیاتر لەبەرچاوی خەڵکی بێزرانو هەستی دژایەتی کرانیان زیار گەشەی کرد لەناو خەڵکیدا. کاتێکیش ڕێبازی جانسنی لەناو چینی دۆڵەمەندو خاوەن سامان بلاَوبوویەوە، خەڵکی زیاتر لێ یان بەداخ بوون، ئەمەش بەهۆی ئەوەی ئەوان دژی جانسنیەت بوون. لەملاشەوە پەرلەمانتارانی فەرەنسا پشتیوانی جانسنیەکان بوون ، کاتێکیش کلێسا لەساڵی (1750) چەند ڕێنمایەکی لەدژی جانسنیەکان دەرکردو پەرلەمان ڕەتی کردەوە، ناکۆکی لەنێوان لۆیسی پازدەو پەرلەمان دروستبوو.

فەیلەسوفانو ڕۆشنگەران پشتیوانی پەرلەمانیان دەکرد، دواتر ناکۆکی درێژەی کێشاو ئەندام پەرلەمانەکان بەکۆمەڵ دەستیان لەکار کێشایەوە، پادشاش بۆ

دەرەوەی وڵات دووری خستنەوە. لەم نێوانەدا یەسوعیەکان شان بەشانی پادشا لەدژی پەرلەمان ڕاوەستان، بەڵام پەرلەمان پشتیگیری خەڵکی بەدەستهێنا، چونکە گەل ئارەزوی پیادەکردنی چەمکی لێبوردەیی دەکردو دژی پادشا ڕاوەستانو پشتگیری فەیلەسوفانو پەرلەمانیان کرد. ئیدی فەیلەسوفانو پەرلەمان شان بەشانی گەل هێرشیان کردەسەر پادشاو یەسوعیەکان.

بەم شێوەیە بارودۆخەکان بەرەو پێشەوە ڕۆیشتن، تا لە ساڵی 1761 یەکێك لەباوکانی یەسوعیەکان بەتۆمەتی پێشبڕکێ کاری کە ببووەهۆی مایەپوچیو نابوت بوون پەلکێشی دادگاکرا، لەم کاتەشدا پەرلەمان ئەمەی بە دەرفەت زانی بۆ ئەنجامدانی پشکنینێکی گشتی یەسوعیەکان، وە هەروەها یەسوعیەکانی تۆمەتبار کرد بەوەی کە خەڵکانێکی بەکرێگیراوی دڵسۆزی پادشایەکی بیانین، داوای کرد یەسوعیەکان لە فەرەنسا هەڵبوەشێنرێنەوە. سەرەتا پادشا بەمە ڕازی نەبوو، بەڵام لەژێر فشارێکی بەردەوام لەساڵی 1764 ناچارکرا ڕەزامەندی بنوێنێ لەسەر دەرکردنیان. پاش ئەویش ئیسپانیا وەك فرەنسا دەستیکرد بەدەرکردنیان، بەهەمانشێوە لە "ناپولیو بارما" دەرکران. وە لە ساڵی 1773 پاپا فەرمانی هەڵوەشاندنەوەی کۆمەڵەی یەسوعیەکانی دەرکرد. یەسوعیەکان جگە لە ئەڵمانیای پرۆتستانتیو ڕوسیای ئەرسەدۆکسی هیچ پەناگەیەکیان شك نەدەبرد.

ئیدی لەدوای دەرکرانی یەسوعیەکان دەوری پەرلەمان دەستی پێکرد. بێگومان پەرلەمان تاکە دامەزراوەیەك بوو کە بەرەنگاری پادشای دەکردو دەیتوانی لە دەسەڵاتی دادوەریو یاسادانان دا کۆنترۆڵی پادشا بکات. جا هەڵوەشاندنەوەی پەرلەمان سەرکەوتن بوو بۆ پادشاو خۆسەپاندنی پادشا. فەیلەسوفانو بەشێکی گەلیش لایەنگری پەرلەمان بوون. کاتێکیش لۆیسی پازدە لەساڵی 1774 مرد، لۆیسی شازدە پەرلەمانی گێڕایەوە فەرەنسا. بەڵام هەمان بارودۆخ دووبارە بوویەوە، چونکە پەرلەمان دەیویست چاکسازی بکات لە دامو دەزگای وڵاتو سیستەمی باج چاك بکات.

کاریگەری بزوتنەوەی ئاوەزگەری و ڕۆشنگەری

لەسەر زانستەکۆمەڵایەتیەکان و سیاسەت

ئەو ساڵانەی کە جەنگی جێ گرتنەوەی نەمساوی تێدا بەڕێوەدەچوو(1748)، هەمان ئەو ساڵانە شاهیدی بینینی بزوتنەوەیەکی ڕۆشنبیری بوو، کەبە ڕۆشنگەری ناسرابوو. ئەوانەی کە پێشڕەوی ئەم بزوتنەوەیان دەکرد خۆیان ناونابوو فەیلەسوف. فەیلەسوفانی ڕۆشنگەری هەڵیان دەدا لەمرۆڤو جیهان تێبگەن و ڕاڤەیەکی گشتگیری بۆبکەن، وەجەختیان دەکردەوە لەسەر لێکۆڵینەوە کردن لە پرسە سیاسی و کۆمەڵایەتیەکان و چاکسازی تیاکردنی، هەروەها پەیوەندی کردن بەتەواوی جەماوەر بۆ تێگەیشتن لە کێشەو گرفتەکانیان. بۆ ئەم مەبەستەش ئەم فەیلەسوفانە جەختیان دەکردەوە لە نوسینی توێژینەوە فەلسەفی و پرسە سیاسی و بابەتە زانستیەکان. زۆرینەی ئەم فەیلەسوفانە خاوەنی ڕەسەنایەتی نەبوون، بەڵام ئەوان بە حیکمەت ووردیەوە هەڵێنجانیان دەکردو بیروڕای خۆیان دادەڕشت. دەگونجێ ئەوان زیاتر بە کەسانێکی خاوەن توانستی ڕاگەیاندن دابنێنن، وەك لە فیلەسوف یان توێژەرانێکی ئەکادیمی. بەناوبانگترینی ئەم فەیلەسوفانەش بریتی بوون لە "تۆماس هۆبز، جۆن لۆك، ڕۆسۆ، ڤۆلتێر، مۆنتسکیۆ،....ئەوانی تر".

تۆماس هۆبـــز(1588- 1679):ـ

دامەزراوە سیاسیەکانی سەدەی حەڤدەو هەژدە، ببوویە ویردی سەرزاری بیرمەندان و فەیلەسوفان و، هەمیشە ڕەخنەی توندیان ئاڕاستەدەکرد. ناکۆکی و دووبەرەکی نێوان پادشاو پەرلەمان لەئینگلتەڕا بوویەهۆی هەڵگیرسانی شۆڕشی ئینگلیزی لەنیوەی سەدەی حەڤدە. پادشاکان لە فەرمانڕەوایی کردنیاندا پشتیان دەبەست بەتیۆری "مافی خودایی پاشاکان"، بەوەی کە پاشاکان دەسەڵاتیان

لەخوداوە پێدراوە. وەلێ پەرلەمان جەختی دەکردەوە لەسەر مافە سەرەتاییەکانو یاسای سروشتی، جا بۆ هەریەکە لەم دوو بیروباوەڕە پشتیوانو پشتگیری خۆیان هەبوو لە نوسەرانو بیرمەندان.

جا یەکێ لەوانەی پشتیوانی دەسەلاتی ڕەهای دەکرد، "تۆماس هۆبز" بوو. هۆبز لەکاتی هەڵگیرسانی جەنگی ئارمادای نێوان ئیسپانیاو ئینگلترا لەسەردەمی ئیلابێس لەدایکبوو. لەزانکۆی ئۆکسفۆرد دەستی بە خوێندن کرد، پاشان بووە سکرتێری "فرانسیس بیکن"و کاریگەر بوو پێی. لەکاتی ناکۆکی پادشا لەگەڵ پەرلەمان، هۆبز لە پشتگیری پاشای دەکرد. لەبەرئەوە کاتێ هەستی بەسەر هەڵدانی شۆڕش کرد، یەکەم کەس بوو کۆچی کرد بۆ کیشوەری ئەورووپا و، لە فەرەنسا نیشتەجێ بوو، هەر لەوێشدا "دیکارت"ی بینی. پاش نۆ ساڵ لە کۆچکردنی لەساڵی (1651)،لە سەردەمی "ئۆلیڤەرکرمۆویل" گەڕایەوە ئینگلترا. دوای گەڕانەوەی کتێبێکی بلاۆکردەوە لەژێر ناوی "لیڤیاسانت،وەحشی زەبەلاح"، مەبەستیشی لەمە دەوڵەت بوو. هۆبز لە فەیلەسوفی ماددی گەرەکان بوو، بڕوای بەئاین نەبوو. پەرەی بە تیۆری ناسین داو ووتی:" دەرکو زانیاری مرۆڤ، ئەنجامی ئەو بیرانیە کە لەلای مرۆڤ لەدایك دەبن، ئەمەش بەکاریگەری هەستکردن بە دیاردە دەرەکیەکان، کە دواترئاسەوار لەسەر مێشك جێدەهێڵن. ماددەو جوڵە دوو دیاردەی دەرەکینو بیرو ئاوەزیش لەوان وەردەگیرێن. بەهەمانشێوە خۆشەویستیو قین لە سۆزی مرۆڤ لەدایك دەبن. خۆشەویستو قین واتا دڵخۆشیو خەمباری، چێژو ژان، ئومێدەواریو نائومێدی، ترسو ئازایی. ئاسودەیی مرۆڤیش بە بەدیهێنانی ئارەزوووەکانی مرۆڤ بەشێوەیەکی بەردەوام دێتەدی. هێزو توانا، ئەو خەلاتەی مرۆڤ بەهۆیەوە ئارەزووەکانی دێنێتەدی، جا چ لایەنی ئاوەز بن یا ئاکارەکانی لاشە، یا پێگەیەکی کۆمەلایەتی یان سەروەتو سامانێکی زۆر یان هەمو ئەوانە یا هەندێکی.

مرۆڤەکان لەپێش بەدیهێنانی ئەم ئارەزووانە کێبڕکێی یەکتر دەکەن، وە بەگوێرەی لێهاتوویی‌و بەهرەداری، خەڵکی کێبڕکێی یەکتری دەکەن لە پشتی ئارەزووەکانەوە. جا ئەوانەی بەسەر بەرامبەریاندا سەردەکەون، لەڕووی لێهاتووی‌و بەهرەداری پێش ئەو کەسانە دەکەونەوە کە لەوان بێ تواناترن. ئیدی لەمەوە هاوسەنگی کۆمەڵایەتی بە سەرهەڵدانی جیاوازی نێوان خەڵکی‌و نەمانی یەکسانی‌و گۆڕانی تێدەکەوێ، ئەمەو سەرەڕای هەبوونی جیاوازی نێوان تاکەکان. بەم شێوەیە دەبینین خەڵکی لە خەباتێکی بەردەوام دابن بۆ بەدەستهێنانی پێداویستیەکان‌و هەموو ئەو شتانەی کە ئارەزووەکانیان تێردەکات، هەروەها دەستخستنی دان پێداهێنانی خەڵکی بە لێهاتوی‌و بەهرەداریان، وە وابکەن خەڵکی بە چاوێکی خۆزگەوە سەیریان بکەن‌و بەکەسانی سەرکەوتویان دابنێن. لەمەوە دەتوانین بڵێین بارودۆخی مرۆڤ تاوەکو ئەمڕۆش گوزارشت دەکات لە کێبڕکێی مرۆڤ لەگەڵ مرۆڤ، لەپێناو ناوبانگ‌و شکۆداری.

ئاسودەیی یاخود ژیان . بارودۆخی مرۆڤ بوو لە کۆمەڵگە سەرەتاییەکان‌و پێش دامەزراندنی دەوڵەت ژیانیان ڕەق‌و بەربەریەت بوو. لە کۆمەڵگە سەرەتاییەکان هیچ جیاکاریەك نەبوو لەنێوان ڕەواو ناڕەوا، دادو ستەم، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی هیچ پێوانەیەکی بڕیار بەدەست نەبوو لەلای خەڵکی بۆ جیاکردنەوەی چاکەو خراپە. پێوانەکان کە ئەو کاتە نەبوون، وەلێ دواتر هاتنە مەیدان، بەڵام کاتێ هاتنە مەیدان مرۆڤ چوویە قۆناغی شارستانیەت‌و پێکهێنانی دەوڵەت. جا لەم کاتەشداچەند یاسایەك داڕێژران بۆ جیاکردنەوەی ڕەواو ناڕەوا، دادو ستەم، دەسەڵاتی سیاسیش ئەم یاسایانەی داڕشت‌و پیادەی کردن. وەلێ پاشایەتی تاکەکەس لە کۆمەڵگەی سروشتی بوونی نەبوو، چونکە هەموو کەسێ وەك بەرامبەرەکەی ماف‌و یەکسانی خۆی هەبوو. مرۆڤ لە کۆمەڵگە سروشتی دا لەژێر دەسەڵاتی یاسایی سروشتی دا دەژیاو بە مافی سروشتی پاڵی پێوەدەنرا. وە بەگوێرەی مافی سروشتی تاکەکەس خاوەنی ئازادی

تەواوە لە کارکردن و، بەباشترین شێوە پارێزگاری دەکات لە قەوارەو ژیانی. وەك مرۆڤێك دەیەوێت بژیت‌و ئارەزووەکانی تێر بێت.

یاسای سروشتی گوزارشتە لە کۆمەڵێك یاساو بنەما، کە مرۆڤ بۆ بەدیهێنانی هەڵپەو ئارەزووەکانی‌و پاراستنی بەرژەوەندیەکانی‌و دەستەبەرکردنی بەشێوەیەکی ئاقلانە هەڵسوکەوت دەکات، ئەم یاساو بنەمایانە ژیری مرۆڤ هەستی پێ کردو زانی، بەبێ ئەوەی خۆی دارِێژێ، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ هەبوونی ئەم دەستورە لە سروشتدا، ئەمەش بەشێکە لە یاسا ئەزەلی[1] و هەتاهەتایەکانی بونەوەر. دەبێ ئەوەش بزانین کە سۆزی مرۆڤ پاڵ بە مرۆڤەوە دەنێ بۆ ئەوەی بەسەر هەموو شتێکدا زاڵبێت، هەر ئەمەش وادەکات مرۆڤ بە بەردەوامی لەگەڵ غەیری خۆی لە دووبەرەکی دابێت، وەلێ پاڵنەری ئاوەزی وای لێدەکات کە بە ئاشتی لەگەڵ کەسانی تر بژی، وە هەر ئەم ئاوەزەیە سنورێك بۆ خۆپەرستیەکەی دادەنێت‌و ژیانی دەپارێزێ. جابۆ ئەوەی بەئاشتی لەگەڵ کەسانی تر گوزەران بکات لەکۆمەڵگەدا، ناچارە دەستبەرداری هەندێ مافی خۆی بێت بۆ دەستەبەرکردنی هەندێ مافی تری. چونکە یەکسانی تاکەکان لە مافەسروشتیەکاندا لەکۆمەڵگەی سەرەتایی، دەبێتەهۆی جەنگکردن بەشێوەیەکی بەردەوام. ساکاتێکیش ژیانی مرۆڤ بەم شێوەیە بوو، واتا لەژیانێکی نادڵنیایی‌و نائەمینی دابوو، لێرەدا یاسای سروشتی ژیانی بۆ دەستەبەر دەکات، ئەمەش بەگەڕانی بە دوای ئاشتی‌و هەوڵدان بۆ دانانی سنورێك بۆ خۆپەرستی، ئەمەش مانای دەرچوونی مرۆڤە لە کۆمەڵگەی سروشتی‌و دەستەبەرداربوونی تاکەکانە لە مافەسروشتیەکانیان و، ڕادەستکردنی ئەم مافانەیە بۆ بەهێزترین کەسی کۆمەڵگەکەیان، بەپێی پەیمانێك کە بەپەیمانی کۆمەلایەتی دادەندرێت. ئەمە مانای ئەوە دەگەیەنێت کەمرۆڤەکان پەیمان لە کەسێکی بەهێز وەردەگرن، لەسەر ئەوەی کە گیان و سەروەت و سامانیان

---

1 ئەزەلی: هەر هەبوو

بپارێزێتو ژیانیان بۆ فەراهەم بێنێ و هێمنی و ئاسایشیان بۆ دابین بکات. لەبەرامبەر ئەوەدا کەسە بەهێزەکە سودمەند دەبێت لەتەواوی ئەو دەسەلاَتانەی کە تاکەکان لە کۆمەڵگەی سەرەتایدا خاوەنیەتی. ئیدی لێرەوە کۆمەڵگەی سیاسی یاخود دەوڵەت دێتە ئاراو، ئەو کەسەی تیایدا فەرمانڕەوایی دەکات بریتیە لەپادشا.

بەپێی ئەم پەیمانە سەرۆك یان پادشا دەبێتە خاوەنی دەسەلاَتی کۆتایی. پشتگوێ خستنی فەرمانەکانی پادشاو شۆڕشو کاری تێکدەرانە لەدژی دا دروست نییە هەرچەندە پادشا ستەم کاربێت، چونکە پادشا بەشێك نەبووە لە پەیمانەکەو پێویتیشی بەو پەیمانە نەبووە. کەواتە ئەم پێیەوە پابەند نییە، جا ئەگەر پادشا مەرجی پەیمانەکەش پشتگوێ بخات، ئەوا نابێتە پاساوێك بۆ ڕەوایی دان بە شۆڕش کردن.

بەم شێوەیە دەبینین "هۆبز" دەسەلاَتی ڕەها لە ئینگلتەڕا بەرز دەنرخێنێ، جا بۆ دەسەلاَتی ئۆلیڤەر بێت یان چارلسی یەکەم. هۆبز هیچ کات پشتیوانی شۆڕشی نەدەکرد لە دژی دەسەلاَتی ڕەها، چونکە لە تێڕوانینی ئەودا خەڵکی سەرپشکن لەنێوان دوو ڕێگە، یان دەسەلاَتی ڕەها هەڵدەبژێرن، کە ژیانو گوزەرانییان بۆ فەراهەم دێنێ، یان ئەوەتا کۆمەڵگەیەکی پڕ ئاژاوەو بەربەریەت هەڵدەبژێرن کە حاکمی تێدا نییە.

بەبڕوای "هۆبز" تەنها یەك جار شۆڕش ڕەوایە، ئەمەش کاتێك فەرمانڕەوا نەتوانێت پارێزگاری بکات لەژیانی ژێردەستەکانیو نەیتوانی هێنی و ئارامی سەقامگیر بکات، ئەگەر ئەمەش هاتەدی دروستە پادشا یان دەربکرێ یاخود بگۆڕدرێت.

لەڕاستیدا فەلسەفەی سیاسی هۆبز لەدژی پیۆریتانە دوندەڕەوەکان بوو، ئەوانەی کە شۆڕشیان لەدژی چارلسی یەکەم بەرپاکردبوو. کتێبەکەی هۆبز نەبووە جێگای سەرسامی پەرلەمانتاران، چونکە ئەمان باش دەیانزانی کە هۆبز کەسێکە لایەنگری پادشا دەکات. هەروەك پادشا ویستەکانیش بەلایانەوە سەیر نەبوو، چونکە هۆبز

پاکانەی بۆ دەسەڵاتی ڕها کردبوو نەوەك بۆ پادشا. وەبەهۆی ئەوەی"هۆبز" دژی کڵێسابوو، کڵێساش پشتیوانی نەکرد. بەڵام لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا ئەوەی کە لە خۆی گرتبوو لە گفتوگۆو بیری فەلسەفیو دەمەتقێی سیاسی، کاری گەری لەسەر بیریاران دروستکردو بووە هۆی هەژاندنی گیانی دەمەتەقێی سیاسیان.

"هۆبز" بۆ پشتیوانی کردن لەدەسەلاتی ڕها، لە مشتومڕەکەیدا پشتی بەست بوو بەپەیمانی کۆمەڵایەتی.

جۆن لۆك (1632-1704):-

جۆن لۆك پزیشك بوو، پزیشکی لە ئۆکسفۆرد خوێندو بووبە سکرتێرو پزیشکی تایبەتی لۆردشافستبری" سەرۆکی پارتی "هویگز". کاتێك چارلسی دووەم لەساڵی(1680) پەرلەمانی هەڵوەشاندەوە، ئەم لەگەڵ شافستبری رای کردە هۆڵندا. لۆك لە هۆڵندا کتێبە بەناوبانگەکەی لەژێرناوی (دەسەلاتی مەدەنی) نوسی، لەم کتێبەیدا ڕەوایی دەدات بە شۆڕشی "جەلیلە"، دواتر لەساڵی (1690) بلاوی کردەوە. پاش ئەمە کتێبێکی تری نوسی لەژێرناوی "تێگەیشتنی مرۆڤو مەعریفەکەی". لۆك لەم کتێبەیدا تیۆری مەعریفە"ناسین" ڕاڤە دەکات و دەڵێ: "مەعریفەت بریتیە لە دەرك کردنی بیروبۆچونە هەمە جۆرەکان، کە مێشکی مرۆڤ کۆی دەکاتەوە، جا مەعریفەت یا لەگەڵ ئەم بیروبۆچونانەو دیاردە سروشتیانە تێك دەگیرێ، یان لەگەڵی دەسازێ. وە دەتوانرێ لەبارودۆخە تایبەتیەکاندا هەڵێنجان بکرێ، ئەمەش بۆ زانینی پەیوەندی نێوان بیروبۆچوونو دیاردە دەرەکیەکان".

زانیاری سروشتی بابەتێکی وردو ئاڵۆزە بەدۆزینەوەی ڕاستیە تازەکان زانیاریە کۆنەکان پوچ دەبنەوە، لەبەرئەوە ئەم زانیاریانە لەکاتێکەوە بۆکاتیکی تر گۆڕانی بەسەردادێت. مرۆڤ باوەڕی بەبوون هەیە، لەبەرئەوە بوون سەرەتاو کۆتایی هەیە، لەمەوە پێویستە هۆکارێك هەبێت کە سەرەتاو کۆتایی بۆ سەرجەم شتەکان دابنێت، ئەم هۆکارەش پەروەردیگاری دروستکاری بونەوەرە.

هەروەها "لۆك" لەکتێبەکەی تری"دوو گوتار سەبارەت بەحکومەتی مەدەنی" دەڵێت: مرۆڤ بەسروشت ئاشتی ویستە وخێرو خۆشی بۆ غەیری خۆی دەوێت، مرۆڤ لە کۆمەڵگە سەرەتایی‌و سروشتیەکاندا بە گوێرەی یاسای سروشتی و ئاوەزی هەڵسوکەوتی دەکرد، ئەم یاسایە گوزارشتە لە کۆمەڵێك ڕێسا کە بۆ ئاکارو هەڵسوکەوت داندراوە، ئەم یاسایە ئاوەزی مرۆڤ دۆزیەوەو ڕاڤەی کرد، ئەم یاسایە جەخت دەکاتەوە لەسەر یەکسانی نێوان خەڵکی. مافی سروشتی بریتیە لە مافی ژیان‌و ئازادی خاوەنداریەتی‌و گەڕان بەدوای ژیانێکی پڕ لەئاسودەیی.

پارێزگاری کردن لەژیان بریتیە لە پارێزگاری کردن لە خود لەبەرامبەر دژیەتیەکان، ئازادی مانای ڕزگاریە لەگشت کۆتو بەندەکان جگە لەوەی یاسای سروشتی دایناوە. یاسای سروشتی جەخت لەسەرئەوە دەکاتەوە کە هیچ کەس هێرش نەکاتە سەر کەس، یا هێرش نەکاتە سەر ماڵ و سامانی، وە لەباری سەرپێچیدا پێویستە سزای تاوانکار بدرێت بەهۆی دەرچوونی لەیاسای سروشتی. زۆر لێکراو دەتوانێ بۆخۆی تۆڵەی خۆی بکاتەوە یا لەگەڵ کەسانی تر ڕێکبکەوێ بۆ تۆڵەسەندنەوە.

خاوندariەتی بەمانای مافی تاك لەدەستکەوتنی هەموو ئەو شتانەی کە بەردەوامی دەدەن بەژیانی. موڵك‌و سامان بۆهەمووان شتێکی هاوبەشە. خاوەنداریەتی تایبەتیش ئاکامی ئەو هەوڵ وکۆششەیە کە مرۆڤ دەیدات بۆ بەدەستهێنانی ئەوەی دەیەوێت. لەبەرئەوە پێویستە ڕێز لەم مافە بگیرێ چونکە بەشێکە لەمافە سروشتیەکان. ئەوەبوو مافی خاوەنداریەتی کۆمەڵگەی سیاسی پێکهێنا.

جیاوازی تاکەکان بووە هۆی زاڵبونی بەهێز بەسەر بێ هێزو سەرهەڵدانی جەنگ‌و بڵاوبوونەوەی ئاژاوەو دڕندەیی‌و بەربەریەت، ئەمەش وایکرد خەڵکی بگەڕێن بەدوای میکانیزمێك بۆڕزگار بوونیان لە جەنگ‌و پاراستنی گیان ومولکی خەڵکی. ئائەوەش سەرەتای پێکهێنانی کۆمەڵگەی سیاسی بوو کە بە دەستبەردار بوونی گشت تاکەکان لەبەشێك لە مافەکانیان کۆمەڵگەی سیاسی پێکهات. ئەو مافانە فرمان دەدات

بەسزادانی سەرپێچی کار. ناگونجێت واز هێنان لەمافەکان بۆ تاکە کەسێك بێت بەڵکو دەبێت بۆهەموو کۆمەڵگە بێت. لەمەوە کۆمەڵگە دەبێتە سەرچاوەی دەسەڵاتی سیاسی، بۆ ئەوەی تاکەکان مافی ژیانو ئازادیو خاوەنداریەتیو بەدواکەوتنی بەختەوەری بۆخۆیان دەستەبەربکەن. جا لەبەرئەمانە کۆمەڵگە بەم سێ مافە کۆت دەکرێ بەهەمانشێوە مافە سروشتی یەکان تاکو کۆمەڵ کۆت دەکات.

لەوەی کەلە سەرەوە باسمان کرد دەگەینە ئەوەی کە کەمینە ملکەچ دەکرێت بۆ ویستی زۆرینە. کۆمەڵگە هێزی زۆرلێکردن دەخاتە کار بەمەبەستی جێبەجێ کردنی یاساو ڕێساکانی، چونکە ئەمە بەشێکە لەم پەیمانە. ئەم هێزەش گوزارشتە لەخۆبەخشینی هەمووتاکێك لەکۆمەڵگەو بۆخزمەتی بەرژەوەندی گشتی وپیادەکردنی ئەو یاسایانەی کە کۆمەڵگا دایڕشتوون.

دەسەڵاتو سەروەری بۆ دەستەیەکی گشتی یە. ئەم دەستەیەش بریتیە لە حکومەت کە بەپێی پەیمانەکە پێکهاتووە. وەلەکاتی هەڵوەشانەوەی ئەم دەستەیە دەسەلات دەگەڕێتەوە بۆ کۆمەڵگە. حکومەت هەڵدەستێ بەچاودێریکردنی مافەکانی تاکو پارێزگاری لێکردنی. وەئەگەر حکومەت پێچەوانەی ئەم پەیمانە جولایەوە ئەوا گەل مافی شۆڕش کردنی هەیە دژی ئەم حکومەتەو دەتوانێ حکومەتێکی تری بخاتە شوێن، بەشێوەیەك کە حکومەتی نوێ پەیمان بدات بەپاراستنی مافەکان "مافی ژیانو خاوەنداریەتیو ئازادی".

جۆن لۆك دەسەلاتی یاسادانان بە بەرزترین دەسەلاتی وولات هەژمار دەکات وپێی وایە دەسەلاتی جێبەجێ کردن دروستە بەشداری بکات لە داڕشتنی یاساکان. نابێت دەسەلاتی یاسادانان ڕەها بێت چونکە ئەوانەی پێی هەڵدەستن خاوەنی دەسەلاتی ڕەها وکۆتایی نین، هەروەك نابێت پادشا لەسەر کار لابرێت مەگەر زۆرینە ڕەزامەند بێت. وە دەتوانرێ بە لێسەندنەوەی متمانە لێیان، دەسەلاتی یاسادانان بگۆڕدرێت. دەسەلاتی جێبەجێ کردن بەرپرسیارە لە بەرامبەر دەسەلاتی یاسادانان هەروەها

ناگونجێ هەردوو دەسەڵات لەدەستی کەسێك دابێت چونکە دەبێتە هۆی نەمانی ئازادی.

بە کورتی: جۆن لۆك ئەوەی چەسپاند کە هەموو کەسێ خاوەنی مافی سروشتی خۆیەتی لە ژیانو خاوەنداریەتیو ئازادی، ئامانجیش لە حکومەت چاودێری کردنی ئەم مافانەیە، جا ئەگەر شکستی هێنا لە جێبەجێکردنی ئەرکەکەی ئەوا گەل مافی سازکردنی شۆڕشی هەیە لە دژیو دەتوانێ بیڕوخێنێ. ئەمەش ئەوە دەگەینێ کە گەل خاوەنی دەسەڵاتو سەروەریەو گەل دەسەڵاتی ڕاستەقینەیە لەپشتەوەی حکومەت. لەمەوە جۆن لۆك دوو بنەمای هەڵێنجا:-

1. مادام گەل گوزارشتە لە تاکەکانو ئەوان ماف یەکسانیان هەیە، ئەوا دەبێ بڕیارە سیاسیەکان لەلای زۆرینە دابێ.

2. کاتێك ئامانجی حکومەت پاراستنی مافەکانی تاکەو پاراستنی ئازادیەکەیەتی، ئەوا پێویستە حکومەت دەست لە بیروباوەڕی وەرنەدات. لەمەوە ئەوە دەردەکەوێ کە لۆك بانگەشەی بۆ لێبوردەیی ئاینی دەکات.

بەم شێوەیە دەبینین جۆن لۆك پشتگیری پەرلەمانی ئینگلیزی کرد. " لۆك" کاریگەری دروستکرد کرد لەسەر زۆرێك لە بیریارانی ئەوروپاو ئەمریکای سەدەی هەژدە، لە بەنابانگترینی ئەوانەی کەوتنە ژێر کاریگەری لۆك بریتی بوون لە : ڤۆڵتێرو ڕۆسۆو تۆماس جیرفسن. ئەوان لۆك دادەنێن بە ڕاڤەکەری فەلسەفەی ئاوەزگەری باو.

بایەروخ سپینۆزا 1632-1677:-

فەیلەسوفی یەهودی هۆڵەندی "بایەروخ سپینوزا"، یەکێ بوو لە باوەڕدارانی ئاوەزو گومان. سپینۆزا لەم بارەیەوە دەڵێ: هەموو شتێ بریتی یە لە جەستەو گیان، ئەمەش پێچەوانەی بیروڕای هۆبز"بوو، کەلای وایە هەموو شتێ ماددەیە.

لە بەرامبەر جەستەو گیاندا، سیینۆزا بۆشایی‌و فکرە، سروشت‌و خودایی دانابوو. "سیینۆزا" باوەڕی بە یەکیەتی بوون هەبوو، کەبەهۆیەوە خۆی خستە ژێر ڕق‌و قینی جولەکەکەکان.

لە ڕووی سیاسیەوە تێڕوانینی سیینۆزا لە جۆن لۆك نزیك بوو، کاتێ دەڵێ: "کاری سەرەکی دەوڵەت بەدەستهێنانی گوێڕایەڵی هاولاتیانە، ئەمەش بەدەست نایەت، تەنها بە دەستەبەرکردنی ئازادی نەبێت بۆ تاکەکان.

فەلسەفەی سیاسی "جۆن لۆك" کاریگەری هەبوو بەسەر نوسەرانی فەرەنسا، ئەوانەی بە ئەزموون بۆیان دەرکەوتبوو کە حکومەتەکەیان کەم‌و زۆر بە ئینگلترا ناچێ. چونکە لە کاتێکدا پادشایەتی لە ئینگلترادا کۆت کرابوو، پەرلەمان خاوەنی دەسەلات‌و سەروەری بوو، حکومەت لەبەرامبەری بەرپرسیاربوو، دەستور ئازادی تەواوی بۆ تاکەکان فەراهەم کردبوو، وەلێ لە فەرەنسادا پادشایەتی ڕەها هەبوو، پەرلەمان‌و دەستور کاریگەری نەبوو بەسەریدا، هەروەك زەمانەتی ئازادی بۆ هیچ هاولاتیەك نەکرابوو. جا لەم جیاوازیە گەورەیەدا ژمارەیەك لە نوسەرە فەرەنسیەکان وریابوونەوەو جیاوازی ئەم دوو سیستەمەیان خستە بەرباس‌و لێیەوە بێداربوونەوە. لەناو ئەم نوسەرانە مۆنتیسکۆ بەناوبانگترینیان بوو.

مۆنتیسکۆ 1689-1755

مۆنتیسکۆ پارێزەرو خانەدانێکی فەرەنسی بوو، موتالای زانستە سروشتیەکانی دەکردو سەرسام بوو بە جۆن لۆك‌و نیوتن. مۆنتیسکۆ لە کتێبەکانیدا سەلماندی کە ئەو نوسەرێکە لە شێوازی یەکەم. مۆنتیسکۆ لە کتێبی "نامە فارسیەکان" باسی خانەدانە فارسەکان دەکات کاتێك سەردانی شاری پاریسیان کردبوو بینەری شتە سەرسوڕهێن‌وسەمەرەکانی ولاتی فەرەنسا بوون، کاتێك دامەزراوەو شارو یانەی شەوانەو بیرو باوەڕی ئاینی‌و داب‌و نەریت‌و سەرجەمی ئەمانە جیاواز بوون لەوەی کە

لە وڵاتی فارسدا هەبوون. مۆنتیسکۆ بەم کتێبەی یاخود بەم نامانەی سەلماندی کە لە نوسەرە دیارو بەرچاوەکانە. شیاوی باسە مۆنتسکیۆ لەساڵی 1734 کتێبێکی مێژوویی دەرکرد لەژێر ناوی "ورد بوونەوە لە هۆکارەکانی سەرهەڵدان و ڕوخانی ئیمپراتۆریەتی ڕۆمانی"، بەڵام لەساڵی 1748 کتێبە بەناوبانگەکەی دەرکرد، لەژێرناوی "ڕۆحی یاساکان"،نوسەر لەم کتێبەدا هۆکارو کارتێکەرە مێژووییەکان لێکدەداتەوە. مۆنتیسکۆ کتێبی "ڕۆحی یاساکان"ی- لەژێر کاریگەری سێ تەوژمی فکری نوسیوە کە بریتین لە:

1. هەستو ئەزموون: ئەم تەوژمە جۆن لۆك ورووژاندی، جەختی دەکردەوە لەسەر تیۆری ناسینو کاریگەری دیاردە دەرکیەکان لەسەر مێشك، ئەمەش لەڕێگەی هەستەکان و، ڕەنگدانەوەی دوبارەیی.
2. تەوژمی سروشتی: ئەوەی کە باوەڕی وایە سروشتی مرۆڤو کێشەکانی دەتوانرێ ڕاڤە بکرێ بە ڕاڤەیەکی سروشتیانەو زانستیانە، بەبێ ئەوەی پەنابرێ بۆ ئەو دیوی سروشتو پەرجووەکان. لەمەشدا مۆنتیسکۆ کاریگەربوو بە "نیوتن" و، باوەڕدارانی ئاینی سروشتی.
3. تەوژمی ئازادی گەری: باوەڕبوون بەوەی کە پێویستە مرۆڤ لە چوارچێوەی یاسادا ئازاد بێت، مۆنتیسکۆ لەمەشدا کاریگەر بوو بە جۆن لۆكو دەستوری ئینگلیزی.

هزری سیاسیو ئازادی، لەڕێگەی نوسینو تووێژینەوەو لێکچەروە لە قاوەخانەو یانەکاندا، لە ئینگلتراوە گوازرایەوە فەرەنسا. هەروەها هزروبیر، دەگونجی بەکاتی ڕێگری لێ بکرێو قەدەغەبکرێ، بەڵام ناتوانرێ لەناو ببرێ. مۆنتیسکۆ لەبیری دانانی زانستێك بوو بۆ سیاسەت، ئەوەشی سەلماند کە ئەگەر بێتو تێگەیشتین لە بنەمای ڕاستو دروست بۆ سیاسەت، ئەوا دەتوانرێ پارێزگاری لە ئازادی بکرێ لە وڵاتێکی وەك فەرەنسا. مۆنتیسکۆ بیروڕاکانی سەبارەت بە ئازادی، نەك تەنها لە لێکۆڵینەوە مێژوویەکانو دەستوری ئینگلیزیو دامەزراوەکانی ئینگلیز هەڵهێنجا، بگرە لە

لێکۆڵینەوەی لە کتێبە یۆنانیو کلاسیکیەکانیشو سودی بینیو فکرەی لێوەرگرت. دەتوانین بڵێین: کەمۆنتسکیۆ وەك پارێزەرو مێژونوسو یاساناسێك لە زیادبوونی دەسەڵاتی ڕەهای پاشایانی فەڕەنسا دەترسا. دەترسا لەوەی کە ئازادی تاکەکان خەفەبکرێ، تەنانەت ئازادی چینی ئەرسۆکراتیش بکەوێتە ژێر مەترسی فەوتان. بەڕاستی مۆنتسکیۆ لە داهاتنی ئەم دۆخە دەترسا، نوسیینی کتێبی "ڕوحی یاساکان" ئاکامی ئەم ترسەیەتی.

مۆنتسکیۆ دەڵێ: "هەموو گەلێك یاسای ئەساسی خۆی هەیە، کە خاوەنی تایبەتمەندیو خەسڵەتی خۆیەتی، ئەمەش لەژینگەی سروشتیو دامەزراوەی تایبەتی خۆی وەرگیراوە". مۆنتسکیۆ سێ شێوە حکومەت دەستنیشان دەکات، کەبریتین لە: حکومەتی کۆماری، پاشایەتی، دیکتاتۆری. وەلێ مۆنتسکیۆ سەرسام بوو بەسیستەمی پاشایی دەستوری، لەسەر شێوازی سیستەمی ئینگلیزی، کەتێیدا ئازادیە سەرەکیەکان پارێزرابوون.

مۆنتسکیۆ دەستوری ئینگلیزی بەباش دەزانیو دەسەڵاتی جێبەجێ کردنو یاسادانانو دادوەری لەیەکتر جوێ دەکاتەوەو ڕێکیان دەخاتو هاوسەنگیان دەکاتو هەرسێ لایان هاوکاری یەکتری دەکەن بۆ دەستەبەر کردنی ئازادیەکان. ئەو ئازادیانەی کە لەگەڵ جەستەو بلیمەتی گەلی ئینگلیزی ئاوێتەبووە. لەگەڵ ئەوەی بیری هاوسەنگی نێوان دەسەڵاتەکانو ڕێکخستنو هاوسەنگ کردنیان شتێکی تازە نەبوو، بەڵکو نوسەرە کلاسیکیە پێشینەکان و کەسانی وەك" میکیاڤیللیو جۆن لۆكو بۆلینبورك" لەسەری دواون، بەڵام مۆنتسکیۆ جەختی کردەوە لەسەر دابەشکردنی دەسەڵاتەکان، بەمەش سیستەمی ئینگلیزیو سێ دەسەڵاتە لەیەکتر جیاو ڕێكو هاوسەنگەکەی بوونە نمونەیەك کە وڵاتە ئەورووپییەکانو ئەو وڵاتانەی کە بەزمانی ئینگلیزی دەدوان لاساییان کردەوە.

کاریگەری کتێبی گیانی یاساکان گەلێ زۆربوو بەسەر ئەورووپادا. ئەوەتە جۆن مورس" لەم بارەیەوە دەڵێ:" بەڕاستی مۆنتسکیۆ یەکەم کەسێ بوو کەڕێکای بەراوردکاری بەکارهێنا لەهەمبەر دامەزراوە کۆمەڵایەتیەکان، وەتێبینی کاریگەری هۆیە سروشتیەکانی کردوە لەسەر پەیوەندی ئەم هۆیە سروشتیانە لەگەڵ یاساکانی وڵات."

وەلێ لەگەڵ ئەوەشدا هەست دەکەین کە مۆنتسکیو زێدەڕۆی کردوە لەپیاهەڵدان بەدەستوری ئینگلیزی، چونکە وەك ئەم باسی لێوە دەکات، بەم شێوە نەبووە، هەروەك ئێمەش لەبەشەکانی پێشترکەوتە بەرچاومان. ئەم دەستورە کاری نەدەکرد بەشێوەیەکی دیموکراتی ڕاستو ڕەوان لەسەدەی هەژدە.

ڤۆڵتێر(1694- 1778):-

بێ گومان تێکشکانی فەرەنسا لەجەنگی حەوت ساڵە کاری کردە سەر هەرەسهێنانی پاشایەتی فەرەنساو نەمانی شکۆو گەورەی ئەم دەسەڵاتە لەلای گەلی فەرەنسی. ئەمەش بەڕوونی لەکتێبەکانی فەیلەسوفە فەرەنسیەکان دەبینرێ. لە بەناوبانگترینی ئەوانەی کە بەگاڵتەجاڕیو بەسوك سەیرکردنەوە ئەم سەردەمەی شرۆڤە کردوە،"فرانسوا ماری"ە، ناسراو بە ڤۆڵتێر.

باوکی "ڤۆڵتێر"پیاوی ئیش وکاربووە، حەزی نەدەکرد کوڕەکەی مەیلی شیعرو وێژەی هەبێت، بەڵکو حەزی دەکردو دەیویست کوڕەکەی یاسا بخوێنێ، وەلێ ڤۆڵتێر بەشوێن هیوایەتەکەی خۆیەوە بوو، هەمیشە گاڵتەی بەوەزیرانی دەوڵەتو گەوجی جێنشین"وەلی عهد" دەکرد، کە بەهۆیەوە لە باستیل زیندانی کراو دواتر بۆ ئینگلترا دوورخرایەوە. تەنانەت لەوێدا سێ ساڵ مایەوە (1726–1729). بەلاّم لەوێ کەوتە ناوەندی زاناو بیرمەندانی ئینگلیزو پێیان کاریگەر بوو. ڤۆڵتێر سەرسام بوو بە نیوتنو جۆن لۆك، هەروەها بەو ئازادییە سیاسی و ئاینیەی کە لە ئینگلترادا هەبوو. ڤۆڵتێر ژمارەیەك کتێبی بلاّوکردەوەو تێیدا بیروڕاو ئەزمونگەریەکانی لۆكو تیۆرە زانستیەکانی

نیوتن‌و بیری ئازادانەی ئینگلیزی شرۆڤە کردبوو. هەروەها لەساڵی 1734 نامە ئینگلیزیەکانی بڵاوکردەوە. ڤۆڵتێر لەم کتێبەدا گاڵتەی دەکرد بە کڵێساو کۆمەڵگە، هەروەها باوەڕی خۆی خستبووە ڕوو سەبارەت بە خودای تاك‌و خودای سروشت‌و بونەوەر و، سەلماندی کە نوسەرێکی بەتوانای فرە لایەنە.

حکومەتی فەرەنسی کتێبەکەی ڤۆڵتێری یاساغ کردو فرمانی سوتاندنی دا، ئەوەبوو ڕای کردە دەرەوەی فەرەنسا. بەڵام کتێبەکانی لەنێو خەڵکیدا بڵاوبوویەوە.

ڤۆڵتێر زۆرینەی ژیانی لە "سێری" هەرێمی لۆرین بەسەر برد، کە جێگەی کتێب‌و تاقیگەو بەڵگەنامەکانی بوو. جگەلەمە ڤۆڵتێر ماوەیەك لە بەرلین میوانی فردریکی گەورە بوو، بەڵام کەمتەرخەمی نواندنی لەبەرامبەر پاشاو لادانی لە ئادابی دەربار، فریدرکی نیگەران وپەست کرد، لەبەرئەوە ڤۆڵتێرلەترسی خەشمی ئەو پڕوسیای جێهێشت. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەردوکیان وەك دوو هاوڕێی نزیك‌و دۆست مانەوەو ئاڵوگۆڕی نامە لە نێوانیاندا تاکۆتایی ژیانیان هەر بەردەوام بوو. هەروەها ڤۆڵتێر ماوەکیش لە جنێفی سویسرا نیشتەجێ بوو. کاترینای دووەم قیصرەی ڕوسیا زۆر ڕێزی لێ دەگرت.

ناوی ڤۆڵتێر وەك مێژوونوس‌و نوسەرێك وەکو مانگ دەدرەوشایەوە، بەڵام لەدیدی هەندێکدا نوسینەکانی سادەو وەڕەسکەرن‌و بۆ ئەمڕۆ کەڵکی خوێندنەوەیان نی یە. لە کاتێدا لەسەدەی هەژدەدا خوێنەری گەلێ زۆربوو. ڤۆڵتێر بەنوسینەپڕ لەچێژەکانی کاریگەری زۆری دروستکرد لەسەر ئەوروپیەکان. ڤۆڵتێر گوزارشت لە بیروبۆچونی ڕۆژگاری ڕۆشنگەری دەکات، ئەمەش لەباوەڕبوونی بە ئاوەزو تێروتەواوی مرۆڤ بۆمان دەردەکەوێ. ڤۆڵتێر فەلسەفەی ڕۆشنگەری وەك تیغێکی تیژو بڕندە لەدژی نائەقڵانی‌و دامەزراوەو داموو دەزگا گەندەڵەکانی ئەو کاتە خستەکار. بەڕاستی ڕەخنەکانی ڤۆڵتێر زیاتر ڕوخێنەربوون، وەك لەوەی بیناکەر بن. ئەم هێرشی دەکردە سەر داب‌و نەریت‌و دەسەلات‌و کۆمەڵ‌و ئاین، وە زۆر سەرسام بوو بە داموو دەزگای ئینگلیز. ڤۆڵتێر هیچ

بیرێکی بنیات نەری دانەنا، وە ئەوەی ڕوون نەکردەوە کە چۆن کۆمەڵگەیەك بنیات دەنرێ بەشێوەیەك بتوانێ شوێنی کۆمەڵگەی کۆن بگرێتەوە. هەروەك ئەوەشی نەخستبوەڕوو کەچۆن دام دەزگای ئینگلیزی دەگوازرێتەوە فەڕەنسا.

ڤۆڵتێر ناوبانگی پەیدا کرد، چونکە نوسینەکانی بە جوانترین پەخشان بەزمانی فەرەنسی داڕێژرا بوو. ئەم خۆی دەپاراست لە بەکارهێنانی زمانی چینی باڵای ڕۆشنبیر، ئەمەش بۆ تێگەیشتنی جەماوەر لە کتێبەکانی.

ڤۆڵتێر گەشبینو ڕوونبین بوو لە هەمبەر سەردەمەکەی، کاتێك مێژووی لۆیسی چواردەی نوسی، ئەو سەردەمەی کە دادەنرێ بە ڕۆژگاری جوانیو مەزنی فەرەنسا. بەڵام کاتێك مێژوی لۆیسی پازدەو مێژووی ئادەمیزادی نوسی، هەستی کرد ڕێڕەوی مێژوو بریتی یە لە ململانێی بەردەوامی نێوان هێزی ڕوناکی بەخشو هێزی تاریکیو نەزانی. وە ئەوەی دەرخست کە ڕووناکیو ڕۆشنی زاڵ دەبیو هێزی تاریکی تێکدەشکیو هەرەس دەهێنێ. مەبەست لە هێزی تاریکی کڵێسای کاسۆلیکیە. ڤۆڵتێر بانگەشەی دەکرد بۆ تێکشکاندنی کڵێسا، ئەو کڵێسایەی کە زۆرێك لە بێتاوانان بوونەتە قوربانی دەمارگیریەکەی. هەروەها بانگەشەی دەکرد بۆ نوسینی مێژوو بە شێوازێکی زانستی، کە ئامانجەکەی ڕاستیو حەقیقەتە. نەوەك بکرێتە هۆیەك بۆ پیاهەڵدانی سەرکردەو کەسایەتیە سەربازیەکان. هەروەك جەختی دەکردەوە لەسەر فرەلایەنی کۆمەڵایەتیو شارستانی. ڤۆڵتێر جەنگو دوژمنایەتی بە قێزەون دادەناو بە بەرهەمی گەوجیو نەفامی مرۆڤی لەقەڵەم دەدا.

"ڤۆڵتێر" بە هێزترین دەنگی هەبوو لە ئەوروپادا. ئەگەر دژایەتی هەر کەسێکی کردبا ئەوا وێژەوانانو نوسەرانیش دژایەتی هەمان کەسیان دەکرد، هیچ نوسەرێك بەناوبانگ نەدەبوو مەگەر ڤۆڵتێر ویستی لەسەر بووایە بەناوبانگ بێت. ئەم بلیمەتە لە ساڵی 1764 "فەرهەنگی فەلسەفی" بلاو کردەوەو تێیدا لێکۆلینەوەی کرد لەسەر زۆرێك لە بابەتە پڕ چێژەکان. ئەو باوەڕی وابوو کە مرۆڤ بەهۆی سەرکردە گەندو دامو

دەزگا گەندەڵەکان گومڕادەکرێو سەری لێ دەشێوێ، بەڵام ڕۆشنایی زانست و زانیاری هێزی گەند وخراپ تێکدەشکێنێ.

سەبارەت بە فەرنسا "ڤۆلتێر" باوەڕی وابوو کە فەرەنسا چاك ناکرێ بە پاشایەکی ڕۆشنبیرو ڕوناك ویستو بەهێزی وەك فردیکی گەورە نەبێت چونکە فەرەنسا هەرگیز بۆ دیموکراتیەت دەست نادات.

جان جاك ڕۆسۆ(1712-1778):-

جان جاك ڕۆسۆ" لەشاری جنێف ی سویسڕا لەدایك بووەو زۆرینەی ژیانی لەوێدا بەسەربردووە. ئەم بلیمەتە هەم خزمەت کارو هەم مامۆستاو مۆسیقاژەن بوو. ڕۆسۆ بەئەوروپای خۆرئاوادا گەڕاوە، هەریەکەلە تۆرینۆی ئیتالیاو پاریسو ڤیننا و لەندەنی بەسەرکردۆتەوە. ئەم پیاوە شکست خواردوبوو لەگەشتو کارەکانیداو، لەکۆتایی ژیانیدا ژیری تێکچوو. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا توانی فەلسەفەیەك بۆ خەڵکانی تر دابنێ. ڕۆسۆ زۆر حەزی لەبینینی سروشتو ئاسمانی ساماڵو کێڵگەو لەوەڕگای سەوزو درەختی بالاّ بەرزو دۆڵی چڕو لوتکەی بەفرین بوو، وەلە تێڕمانیدا هەستی بەچێژو ئاسودەیی دەکرد، سویسڕا توانی بووی ئەم حەزەی ڕۆسۆ بەدی بێنی،وە خاوەنی هەموو ئەو شەقڵانەبوو. لەکاتێکدا ئاوەزگەرەکان سۆزو عاتیفەیان بەکەم سەیر دەکردو بەبێ بایەخ لێیان دەڕوانی، بەڵام ڕۆسۆ گرنگی پێدەداو بەبەشێك لەژیانی مرۆڤو قەوارەکەی لەقەڵەمی دادە. ئەم ناوازەیە فەیلەسوفی ڕشۆمانتیکیو خاونی هەستێکی شاعیرانەبوو، دامەزرێنەری ڕۆمانتیکی تازەیە. ئەم تەنها بایەخی بەسروشت نەدەدا بەڵکو بایەخی دا بەمرۆڤی سروشتی، مرۆڤی سروشتی بەدیدی ئەو خاوەنی وەفاو ڕاستگۆیو ڕەوشتە بەرز پەسەندەکانە. "ڕۆسۆ" یەکەم نوسینی دەرکرد لەژێرناوی"لێکۆڵینەوەیەك لە زانستو هونەر لە ساڵی 1749، تیایدا چاکەکاری مرۆڤی سەرەتاییو خراپیو گەندەڵکاری مرۆڤەی سروشتی خستبوە ڕوو، هەروەها وێنەی

ئاسودەیی‌و خۆش بەختی کێشابوو ئەمەشی بەستبوویەوە بە دیارنەمانی مەدەنیەت‌و گەڕانەوە بۆ سروشت، وەپێی وابوو بەگەڕانەوە بۆسروشت ئازادی‌و یەکسانی بەرقەرار دەبیٚ‌و خاوەنداریەتی هاوبەش دێتەکایە، چونکە خودا زەوی بۆهەموان فەراهەم هێناوە، ئیدی جەنگ‌و بکوژو کوژراو نامێنێت‌و باجی ستەم کارانە کۆتایی پێدێت، هەروەك ئەم یاسایانەی کە ئازادیەکان قەتیس دەکەن لەئارادا نامێنن. ئەم بیروباوەڕە خەڵکی بەلای خۆیدا کێش کرد، ڕۆسۆ بەهۆیەوە خەڵکی زۆری سەرسام کرد. جان جاك ڕۆسۆ لەکتێبێکی تـرداو لەساڵی 1753 لەژێرناوی"نەمانی یەکسانی"، ئەوە ڕوون دەکاتەوە کە چۆن خراپەو هەڵپەو خۆپەرستی دڵ ودەروونی خەڵکی تێکدەدەن، هەروەها چۆن بەهێزەکان زەوی‌و زار دەکەن بەهی خۆیان و لاوازەکان ناچار دەکەن دان بنێن بەخاوەنداریەتی تایبەتی. هەموو ئەمانە لەڕوانگەی ڕۆسۆدا بنەڕەتی نەمانی یەکسانیە لەنێوان خەڵکی‌و چەوساندنەوەی بیٚ هێزە لەلایەن بەهێزەوە، ئەمانەش مانای سودمەندبوونی هەندیٚ هەڵپەکارەو بەکۆیلەکردنی مرۆڤو هەژار کردنیەتی. هەرچەندە ئەمەی ڕۆسۆ باسی کردبوو شتێکی تازەبوو، بەلاٚم بەهۆی ئەوەی بەشێوەیەکی سەرنج ڕکێشانە نوسی بووی دلاٚنی بەلاوە کەمەندەکێش کردو وای کرد شەیدای بن.

هەروەها لەساڵی(11761) کتێبی "پەیمانی کۆمەلاٚیەتی" بلاٚو کردەوە. رۆسۆ لەم کتێبەیدا زۆرینەی بیروڕاکانی لەجۆن لۆك هەڵینجابوو، تێیدا کۆمەڵگەی سەرەتایی بەیەکسان وپاك لەقەڵەم دەدات. سەرەتا بەکۆمەڵە وشەیەکی بەناوبانگ دەست پیٚ دەکات‌و دەڵیٚ:" خەڵکی بەئازادی لەدایك بوون‌و یەکسانن لەمافەکان، هەژاری‌و دەردەسەری کاتیٚ دەستی پێکرد کە خەڵکی لەکۆمەڵگەی سەرەتایی دەرچوون‌و دەستیان کرد بە خۆبەخاوەن کردنی شتەکان، ئیدی خانەوادە پێك هات، جابۆ هاوکاری‌و هاودەستی کردنی یەکتری لەگەڵ یەك تێکەڵ بوون، کەبەهۆیەوە کیٚ بڕ کیٚ‌و بەربەرەکانی لەنێوانیاندا هاتەکایەوە، کەلەئاکامیدا بەرزبوونەوەی هەندێك‌و نزم

بوونەوەی هەندێکی تری لێکەوتەوە، هەروەك جیاوازی تاکەکان لەکاتی کارکردندا دەرکەوت، بێ هێز زۆرینەی کاتەکان کاری دەکردو دەوڵەمەند زۆرینەی بەرهەمی کۆدەکردەوە، بەمەش درزی نێوان هەژارو دەوڵەمەند فراوان بوو، جیاوازی کەوتە نێوان مرۆڤەکان.

خاوەنداریەتی زەوی سەرەتای کۆمەڵگەی شارستانی بوو، چونکە هۆیەك بوو بۆ جەنگو کێبڕکێو بڵاوبوونەوەی بەربەرەکانی کردن لەنێوان یەکتر. جابۆ خۆڕزگارکردن لەم ڕەوشە تاکەکەس خۆی خستەژێر دەسەڵاتی ویستی گشتی، (کۆی ویستەکانە کەهەموو تاکێك سەری بۆ دادەنەوێنێ)، ئەمەش مانای وایە هەموو تاکێك واز لەمافە سروشتیەکانی دەبێت بۆ کۆمەڵگە بەتێکڕایی. ئەم دەستبەرداربوونو وازلێهێنانە کەسایەتی سیاسی دروست کرد کەبە ژیانێکی تایبەتو ویستێکی سەربەخۆ بەهرەمەند بوو. ئەم کەسایەتیەش بریتیە لەدەوڵەت، ئەم سەروەریەش کە پێك دێت لەم پەیمانە پێویستە بەشی هەموو تاکێك یەکسان بێت لەگەڵ بەرامبەری. وەهەر بەگوێرەی ئەم پەیمانە تاك سەرجەم مافەکانی وەردەگرێتەوە کەبۆ کۆمەڵ وازی لێهێنابوو، ئەم جارە دەوڵەت ئەم مافانە دەپارێزێ، سەروەری دەسەڵات بەش بەش ناکرێو ناکرێتە بریکاری، چونکە دەسەڵات بەشێك نی یە لەم پەیمانە، بەڵکو بریکارێکی شوێنکەوتەی ویستی گشتیە بۆ دەوڵەت. لێرەدا ڕۆسۆ جیاوازی دەخاتە ڕوو لەنێوان دەوڵەتو دەسەڵات"حکومەت"، کاتێك دەوڵەت بەقەوارەیەکی سیاسی دادەنێت کەبەگوێری ئەم پەیمانە هاتۆتە ئارا، بەڵام دەسەڵات بریتیە لەکۆمەڵێك تاك کە کۆمەڵگە هەڵیدەبژێرێت بۆ پیادەکردنی ویستی گشتیو پاراستنی گیانی خەڵکیو موڵك وسامانو ئازادیە سروشتیەکانیان، وەئاین پێویستیەکە بۆ هاوڵاتیانی کۆمەڵگەی شارستانی.

پەیمانی کۆمەڵایەتی لە هەموو شوێنێکی ئەورووپا دەنگی دایەوە، چونکە خەڵکی بەسەر پێوەبوون بۆ وەرگرتنی سەروەری گەل، ئەو سەروەریەی ڕۆسۆ بە شێوەیەکی سەرنجڕاکێشانەی ئەدەبی ڕۆمانتیکی ڕوونو ڕێك گوزارشتی لێکردبوو. ئیدی ڕۆسۆ

شوێنی بە جۆن لۆك چۆڵ کردو خۆی بوو بە پێشەوای دیموکراتی نوێو سیستەمی کۆماری. بانگەوازی ڕۆسۆ بۆ گەڕانەوە بۆ سروشت لە کتێبی ئیمیل (1762) کاریگەری گەورەی هەبوو لە بواری پەروەردەو فێرکردندا. ڕۆسۆ دەڵێت:پ"ێویستە بوار بۆ منداڵ برەخسێنرێ، بۆ ئەوەی ئارەزووە سروشتیەکانی بەدی بێنێت. هەروەك پێویستە فێری کاری سود بەخش بکرێن، نەوەك زمانی ئیغریقیو لاتینیو سەرقاڵ کردنیان بە فێرکاریە بێ کەڵکەکان". هەروەها لە دیرۆکی "هیلویز" ڕۆسۆ جەخت لەسەر لایەنی ڕەوشتی دەکاتو گرنگی هەستی شاراوەی بایەخداری ڕەوشتو ئاکار دەخاتە ڕوو. بڕوای وایە لەکۆتایدا گەورەییو فەزیلەت بەسەر بەد ئاکاریەکاندا زاڵ دەبێ، لەبەرئەوەی ڕۆسۆ باوەڕی بە سۆزە شاراوەکان هەبوو. وە سۆزە شاراوەکانی وەك ئاراستەکارو ڕێنوێنێکی کاریگەر لە قەڵەم دەدا. هەروەها وێنەی دەورەدانی سروشتی بەشێوەیەك جوانو مەزن کێشاوەو تیۆری هەستەکانی ڕەت دەکردەوە. هەروەك جەختی دەکردەوە لەسەر باوەڕبون بە خوداو ئاینو پاڵنەری ئاینی وەك ئاڕاستەکارێك بۆ خوو ڕەوشتی بەرز. جگەلەمانە ڕۆسۆ لە کتێبی "ئیمیلدا" جەختی دەکردەوە لەسەر سۆز، ئەم کتێبەی وەك کاردانەوەیەك بوو لەبەرامبەر بزوتنەوەی ئاوەزگەریو ڕۆشنگەری، کە گاڵتەیان بە سۆز دەکرد لە مرۆڤدا، ئەم کتێبەی ڕسۆ بوو بە بەردی بناغە لە بزوتنەوەی ڕۆمانتیکی دا.

ململانێ لە نێوان ڕۆسۆو ڤۆڵتێر:

فەیلەسوفەکان کۆمەڵێکی یەکگرتوو بوون ، ڤۆڵتێر یەکێ بوو لەوان و سەرسام بوو بە ڕۆسۆ، وەلێ لە کۆتاییدا ئەم دووانە تێکگیران. ڕۆسۆ باوەڕی وابوو کە مرۆڤ بە سروشت چاکە.

ڤۆڵتێر خۆی دەپاراست لە گوتووێژکردن لە بارەی ڕەوشتو ئاکار، کە لە فەلسەفەی نیوتنو لۆك بوونی نەبوو. بەڵام فەلسەفەی سروشتی وەها نەبوو، بەڵکو

بەگوێرەی ئەو بونەوەر چاکەو خراپەی تێدایە، وە مرۆڤ لە توانایدا هەیە جیاوازی بکات لە نێوان ڕەواو ناڕەوا، ڕەوشتیو بێ ڕەوشتی، لەمەشدا هیچ پێویستی بە دەست تێوەردانی ئاسمان نی یە. تێکگیرانی نێوان ئەم دوو کەڵە پیاوە دەگەڕێتەوە بۆ ڕوداوێکی ئاسایی. ئەمەش لەساڵی 1755 دا ڕویدا، کاتێک زەمین لەرزەو لافاو بەشێکی زۆری شاری لیشبۆنەی وێرانکرد، ڤۆڵتێر لە هەمبەر ئەم ڕووداوە گوتارێکی نوسیو تێیدا گومانی لە سۆزو بەزەیی خودا دەربڕی بوو، کاتێك سۆزو بەزەیی خودا ڕێگە دەدا بەکارەساتێکی هاوشێوەی لیشبۆنە بەمەش ڕۆسۆ نیگەران بوو، وە ڕەخنەی توندی لە ڤۆڵتێر گرت لەسەر ئەو کوفرەی کە ڕاشکاوانە دەری بڕی بوو، وە لەو گومانەی کە لە خوداو بەزەیی خودا نواندبووی[1]. هەروەك لۆمەی ڤۆڵتێری کرد لە

---

1 ئەگەر بێتو سەرنجێکی ئەو کارەساتو ڕووداوە جەرگ بڕانە بدەین کە بە درێژایی مێژوو لێرەولەوێ دووچاری کۆمەڵگەی مرۆیی بووە، سەرسام دەبینو دەپرسین: چۆن خودا بەم شێوەیە بە بەزەییەو ئەم کارەساتانەش سازدەکاتو سەدان هەزار مرۆڤ دەکاتە قوربانی؟! لەبەرامبەر ئەم پرسیارەدا سەعید نەورەسی لە سەرجەمی پەیامەکانی نوور لە بەرگی دووەم " مەکتوبات" لا 70 دەڵێت: وەك چۆن خودا سیفەتی "الرحمن، الرحیم" بە بەزەیی، بەخشندەی هەیەو بەردەوام ئەم دوو سیفەتەی لە بوونەوەردا دەدرەوشێتەوەو شوێنەواری بەزەیی خودا لە دروستکراوەکانیدا ڕەنگ دەداتەوە، بەهەمانشێوە خاوەنی سیفەتەکانی القهار، المنتقیم ـە....هتد. کە پێویستە جاروبار ئەم دوو سیفەتەی خۆی لە ناو بوونەوەرەدا بدرەوشێنێتەوەو ڕادەی هێزو دەسەڵاتو گەورەیی خۆی نیشان بداتو قەدری بەخشندەیی ئەویش بە ئێمە نیشان بدات"قل هو القاهرو فوق عبادی". ئەم دوسیفەتەش ئەم کارەساتو ڕووداوانەی لێدەکەوێتەوە کە ئێمە لەبەرامبەری دەستەوستانین.

جگەلەمە،خۆشمان بەم شێوەیە وڵامی ئەو پرسیارە دەدەینەوەو دەڵێین: خودا پەروەردیگارەو هەموومان دانمان بە پەروەردیگاریەتی "ڕەب" دا هێناوە. پەروەدیگار یان "ڕەب"بە مانای خاوەن دێتو خوداش لەچەندین جێدا ئەمەی دووپات کردۆتەوە کە من خاوەنی بوونەوەرم بە مرۆڤیشەوە. جا مادام ئەم خاوەنو مشورگێڕو بەڕێوەبەرو ڕۆزیدەری دروستکراوەکانی بێت، مافی ئەوەی هەیە بە ویستو مەبەستی خۆی هەر جۆرە بڕیارێك دەربکات لەئاست دروستکراوەکانی بێ ئەوەی ڕەخنەی لێ بگیرێ. چونکە خاوەن ماڵ مافی هەرجۆرە بڕیارێکی هەیە لە بەرامبەر ماڵەکەیو لەسەر بڕیارەکەی سەرزەنشت ناکرێ..... وەرگێڕ.

گوتارێکی تردا کەسەبارەت بە لایەنی ڕەوشتی سەماگەکان نوسی بووی. لەبەرامبەر ئەمەدا ڤۆلتێر لە کتێبی "کاندید" بەرپەرچی دایەوە، کتێبی کاندید چیرۆکی پێکەنین ئامێز بوو، هەروەها نمایشێکی کاریکایتری بوو.

کاریگەری ڕۆسۆ:-

ڕۆسۆ کاری کردە سەر ژمارەیەکی زۆری خەلکی، لە هەردوو چینی بەرزو چینی ناوەڕاست. ئیدی گەڕانەوە بۆ سروشت بووە هەستی هەموو لایەك. تەنانەت پیاوانی دەربار ئەمەیان دەوتەوە، "شاژن ماری ئەنتوانێت" یەکێ بوو لەوانە. ڕۆسۆ بووە هاوڕێی فەیلەسوفی ئینگلیزی داڤید هیوم. جگەلەمە جێگەی سەرسامی گەلێ کەس بوو لە بیرمەندان، لەوانە "تۆماس پین". تەنانەت "پیین" بە شێوەیەك پێی سەرسام بوو کە لە کتێبەکەیدا "هەستە ساغەکان" زۆرینەی بیروڕاکانی لەو وەرگرت. هەروەها "هێردەر"و "کانت"ی ئەلمانی بەهەمانشێوە بە ڕۆسۆ کاریگەر بوون. کاریگەری ڕۆسۆ سنوری بیرمەندانی بڕیو هاتە نێو خەلکی، بەشێوەیەك هەزاران فەرەنسی "ئازادیو یەکسانیو برایەتیو دیموکراتیو سەروەری گەل یان" کردە دروشمێك. ئەمەش بلیمەتیو چاپوکی ڕۆسۆ دەسەلمێنێ. ئەم کەڵە بیرمەندە وەك فەیلەسوفێکی سیاسی ئەو سەردەم دەیویست سیستەمێکی حکومەتی دابمەزرێنێ، کە ڕاوەستاو بێ لەسەر معریفەی کۆمەلگەو لە خزمەتی بەرژەوەندی کۆمەلگە دابێت.

ئینسکلۆپیدیەکان(موسوعیون):-

ئینسکلۆپیدیای فەرەنسی بەڕاستی پرۆژەیەکی مەزن بوو بۆ نوسینەوەی هەموو ئەو بوارانەی کە زانستو زانیاری پێی گەیشت بوو، هەروەها بۆ بلاوکردنەوەی بیروڕای سیاسی فەیلەسوفەکان. دیدرۆ خاوەنی ئەم پرۆژیەو سەرنوسەری بوو، خۆیشی زۆرینەی گوتارەکانی دەنوسی، بەتایبەت ئەو بابەتانەی پەیوەندیان بە تەنکنۆلۆجیاوە هەبوو. هەروەها "دالمبرت" هەستا بە نوسینی پێشەکی ئینسکلۆپیدیا. دیدرۆ بۆ

خۆپاراستنی لە گرفتو چاودێری پەنای بردە بەر فێڵو خۆپەنادان، کەچی لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا دوو جار ڕێگری بڵاوکردنەوەیان لێکرد، پاش ئەمە لە ساڵی 1765 مۆڵەتی پێدرا، هەستا لە دوو توێی بیستو یەك بەرگدا بڵاوی کردەوەو دواتر لە سیو پێنج بەرگدا توانی تەواوی بکاتو لە ساڵی 1780 سەرجەمی ئینسکلۆپیدیاکەی بڵاوکردەوە. لەگەڵ ئەم سیو پینج بەرگەدا ژمارەیەك پاشکۆی تایبەت بە نەخشەو پێرستو لەوحەکانی چاپکرد. بەهەمان شێوە لە ساڵی 1771 ئینسکلۆپیدیای بەریتانی لە سێ بەرگدا چاپکرا.

بە هەزاران کەس داوای هاوبەشیان دەکرد لەم ئینسکلۆپیدیایەدا کە زۆرینەیان دەوڵەمەندو خاوەن سامان بوون. ئینسکلۆپیدیا پێداگری دەکرد لەسەر مافە سروشتیەکانو مافی ژیانو ئازادی خاوەندارییەتیو گەڕان بەدوای بەختەوەریدا بەبێ ئەوە جەخت بکاتەوە لەسەر یەکسانی. هەروەها پێداگری دەکرد لەسەر پەیمانی کۆمەلایەتی، ئەو پەیمانەی کە لەنێوان دەسەلاتو گەلدا دەبەسترێ، لەهەمان کاتیشدا پێویستی یاساو سیستەمی بە پێداویستیەکی سەرەکی دادەنا. ئینسکلۆپیدیا گوزارشتی دەکرد لە بیروڕای فەیلەسوفەکانی ڕۆشنگەری ئەوانەی خاوەنی زۆرترین گوتار بوون. ئەمانە داوای دامەزراندنی دەوڵەتێکی پاشایی کۆتکراویان دەکرد، کە تیایدا هەموو ئەو کۆمەلانەی دەبنە خاوەنی دەسەلاتی سیاسی کۆتبکرێن.

ڕێبازی فەیلەسوفەکان تایبەت بوو بە مافی سروشتی دوو لایەن. بەو مانایە لەلایەك بانگەشەیان دەکرد بۆ لەناوبردنی گەندەڵیو خراپەکاریو دەرەبەگایەتیو بەربژاریەکانی چینی ئەرستۆکراتیو کۆتایی هێنان بە کۆیلایەتی زەویو باجی گرانو باجە دەرەبەگیەکانو بێگاریو ...هتد، لەلایەکی تریشەوە داوای دامەزراندنی سیستەمی ئابووری کۆمەڵکاری دادوەرانەو لەناو بردنی پاوانکاری خانەدانانیان دەکرد، کەدەمێك بوو پۆستەکانی سوپاو شوێنە مەدەنیەکانیان بۆخۆیان قۆرخ کرد بوو.

فەیلەسوفان بەمانە دامەزراوەکانیان چاك دەکردو دەسەڵاتو بەربڵاوی چینی ناوەڕاستیان زیاد دەکردو کاریگەری ئەم چینەیان بەهێزتر دەکرد.

هۆیلباخ:

لە نێو ئەوانەی کە لە ئینسکلۆپیدیادا بەشداریان دەکردو نوسینیان تیایدا هەبوو، هۆیلباخی ئەڵمانی بوو (1723-1789). هۆیلباخ خەڵکی هەرێمی پلانتینات بوو. دوای ئەوەی هاتە پاریسو بەهۆی ئەو سەروەتو سامانەی کە هەیبوو توانی دەرگای ماڵەکەی ئاوەلا بکات لەبەردەم فەیلەسوفانو ڕۆشنگەرانی وەك دیدرۆ دالمبرت، ترگۆ، بافۆنو داڤیت هیومی ئینگلیزی. هۆیلباخ بیروباوەڕی خۆی لەو گوتارانەدا ڕوون کردەوە کە لە ئینسکلۆپیدیادا نوسیبووی. لە گوتارەکانیدا دژایەتی هەموو ئاینەکانی دەکردو نکوڵی لە هەبوونی گیان دەکرد. نوسینە گومڕا ئامێزەکانی بوونە هۆی نیگەرانیو پەستکردنی ژمارەیەکی زۆی خەڵك تەنانەت باوەڕدارانی ئاینی سروشتی وەك ڤۆڵتێرو کۆمەڵەکەی لێی قەڵس بوون.

بلاگستۆن:-

لە ئینگلتەڕا ژمارەیەك لەمافناسانو کەسانی یاسایی کاریگەر بە "مۆنتسکیۆ" سەریانهەڵدا. "سێرولیەم بلاکستۆن"(1723- 1780)، یەکێ بوو لەوانە. بلاکستۆن مامۆستای یاسابوو لەزانکۆی ئۆکسفۆردو هەستا بەتوێژینەوە کردن لەسەر سیستەمی یاسایی لەئینگلتەڕا. لەساڵی(1765) کتێبەکەی بلاوکردەوە لەژێرناوی"لێدوانێك" کە نمونەیەکی کلاسیکی ئەدەبی بوو بۆ توێژینەوە کردن لەیاسای ئینگلیزیو تێیدا ئەوەڕوون کردبوویەوە کە یاسای ئینگلیزی کۆکە لەگەڵ یاسای کێشندەوە هەریاسایەکی تری سروشت.

بیکاریـــا:-

سـیزار بونـسیا ناسـراو بـە بیکاریـا(1738- 1794)، یـەکێکیتر بـوو لـە کەسـە یاسایەکان. بیکاریا خانەدانێکی ئیتالّی بوو، جگە لەمە مامۆستای یاسای بوو لەزانکۆی میلانۆ. ئەو کاتێ ناوبانگی پەیدا کرد کە کتێبەکەی بلاّوکردەوە سەبارەت بـە "تـاوانو سزا"، ئەم کتێبەی وەرگێڕدرایە سەر چەندین زمانی جۆراوجۆر.

بیکاریا لەم کتێبەیدا پالّنەرەکانی تـاوانو بنـەماکانی سـزادانی ڕوون کردبوویـەوەو داوای دەکـرد ڕەوشـی زیندانیـەکان چـاکبکریێو ئەشـکەنجەو سـێ دارەو دەسـتگرتن بەسـەر سـەروەت وسـامان نەهێلّـدریێو بـە مامەلّەیـەکی مرۆییانـە مامەلّـە لەگـەلّ زیندانیەکان بکرێ.

ڕەخنەگرتن لەتیۆری پەیمانی کۆمەلاّیەتی:-

لەسەدەی هەژدەدا تیۆری پـەیمانی کۆمەلاّیـەتی کەوتـە بـەر ڕەخنـەی ڕۆشـنبیران، بەوەی کە پەیمانی کۆمەلاّیەتی لەدەرەوەی مێژوودایە، چونکە مێژوو هیچ شتێکی لـەم شێوەیەی لەخۆدا هەلّنەگرتووەو هیچ کاتێك ڕووی نەداوەو مێژوو باسی پەیمانێکی وەها ناکات کە لە نێوان دەسەلاّتدارو ژێردەسـتەکانی دا بەسـترابێت بەمەبەسـتی پێکهێنـانی دەولّەت. تەنانەت ئەگـەر گریمانـەی هـەبوونی پـەیمانێکی لـەم شـێوەشمان کـرد، ئـەوا جیلی داهاتوو هیچ پەیوەندیەکی بەم پەیمانەوە نییە. لەم لاشەوە لایـەنگرانی پـەیمانی کۆمەلاّیـەتی ولاّمـی ئـەم ڕەخنـەیان دەدایـەوەو دەیـانگووت: "مەبەسـت لـەم تیـۆرە ڕووداوێکی مێژووی نی یە کـە ڕووی دابێـت، بـەلّکو یاسـایەکی لۆژیکیـە بـۆ پێکهێنـانی کۆمەلّگەیەکی سیاسی. "دیڤید هیـوم" یـەکێ بـوو لـەو کەسـانەی کـە هێرشـی تونـدی دەکردە سەر ئەم تیـۆرەو دەیگـووت: "ئەمـە ئەفـسانەو پروپوچـیە لەمێـژووداو وڕێنـە کردنێکە لە لۆژیکدا، ئاوەزی مرۆڤی سەرەتایی زۆر کەمتر بووە لەوەی پەی بە پەیمانی کۆمەلاّیەتی بەرێ. لەڕاستیدا ئەوە دابو نەریت بووە وایکردوە مـرۆڤ دەولّـەت پەسـەند بکـات. خـەلّکی هـەر لـەو کاتـەوەی منـدالّ بـوون ڕاهـاتبوون لەسـەر ئـەوەی خۆیـان

بەملکەچی ببینن لەبەرامبەر دەوڵەت، وەهیچ کات گرنگیان نەدەدا بە زانینی چۆنیەتی دروستبوونی دەوڵەتو گەشەکردنی. مرۆڤیش لەدوای دروست بوونی دەوڵەت خاوەنی ئازادی تەواو نەبوو تاوەکو دەستبەرداری بێت چونکە خاوەنی هێز نەبوو". هەر لەدرێژەی قسەکانیدا دەڵێ:"لەڕاستیدا دەوڵەت لەسەر بنەمای سودو کەڵك دادەمەزرێ، وە هەر ئەم سودو کەڵکە هۆی خڕبوونەوەی مرۆڤە لەشوێنێك، نەوەك بۆ پێکهێنانی کۆمەڵگەیەك. کاتێکیش مرۆڤ بەبنەڕەت خۆپەرست وخۆویستە ئیدی پێویستی بە دەسەلاتێك دەبێت بۆ ئەوەی ئارامی بچەسپێنێو دوژمنکاریو ناتەبایی یەکتر قەدەغەبکات". هەرچەندە ئەوەی لەم بارەیەوە وترابێ ڕاستن، بەلام پەیمانی کۆمەلایەتیو مافی سروشتی گرنگی زۆریان هەبوو لە بلاوکردنەوەی چەمکی ئازادیو دیموکراتیو مافی مرۆڤو بەدیهێنانی دەسەلاتێکی دادگەرانە کە هێزەکەی لەگەلەوە بێت. هەروەها پەیمانی کۆمەلایەتی داواکاریەکانی خەڵکی ڕاستو تەواو لەقەڵەم دەدا، بەوەی کەخەڵکی مافی ئەوەیان هەیە حکومەتی خۆیان دامەزرێنن، ئەوانەشی دەسەلاتدارن خۆیان دیاریان بکەنو دەسەلاتەکان لەیەکتری جیابکەنەوە.

ئابووریی ئاوەزگەرەکان:-

پێشکەوتنی ئابووریو بازرگانیو کشتوکاڵی کاریگەری بەهێزی هەبوو لەسەر ئابووری. ئیدی هەندێ لە ڕۆشنگەران دەستیانکرد بەڕاڤە کردنی دیاردە ئابوریەکان بە ڕاڤەیەکی ئاوەزگەری. لە ڕاستیدا ئەو تێڕوانینو تیۆرانەی کە لە سەدەی شازدەوە سەریانهەڵدابوو تا ئەو کاتەش باوبوون، ئەمەش تیۆری بانگەشەکارانی مەزهەبی بازرگانی بوو. ئەم مەزهەبە هەمان ئەو سیاسەتە ئابووریە بوو کە ئیسپانیاو پرتوگالو هۆڵنداو فەرەنسای سەردەمی ریشیلیۆو کۆلبێر گرتبوویانە بەر، وەبەشێوەیەکی گشتگیرو تەواو تیۆری بازرگانی وپاراستنی بازرگانیان پیادەکرد. بەهەمانشێوە ئینگلتەرالەسەردەمی کرۆمۆویلو چارلسی دووەم جەختیان لەسەری دەکردەوە ئەمەش بەدارشتنی یاسای کەشتیوانی، کەبەپێی ئەم یاسایە پێویست بوو کالاکان لەسەر کەشتی ئینگلیزی باربکرێن. بەلام لەسەدەی حەڤدە ئابووریە ئاوەزگەرەکان

پێداگریان دەکرد لەسەر هەڵوەشاندنەوەی ئەم سیاسەتە ئابوورییە. شیاوی باسە "سیرای ئیتاڵی‌و مونشیریتین ی فەرەنسی‌و تۆماس مۆن ی ئینگلیزی" لەو کەسانە بوون کەداوای هەڵوەشاندنەوەی ئەم سیاسەتەیان دەکرد. تۆماس مۆن هەستا بەڕاڤەکردنی تەرازووی بازرگانی نێوان هاوردەو هەناردە و، ئەوەی خستەڕوو کە لە قازانجی گەل دایە ئەگەر بێت‌و هەناردەی زیاتر بێت لە هاوردە.

ئامار:-

لەنیوەی سەدەی هەژدە زانستی ئامار سەریهەڵدا. یەکەم کەس کە هەستا بە ئامارکردنێکی ورد، بازرگانی ئینگلیزی جۆن کرانت بوو (1620- 1674). "کرانت" کاتە بۆشەکانی پڕدەکردەوە بە کۆکردنەوەی زانیاری لەبارەی مردن بەهۆکارە جۆراوجۆرەکان. کتێبەکەی لەژێر ناوی "سەرنجەکان" لە ساڵی (1662) بەچاپ گەیاند. پاش ئەمە هەڵبژێردرا بەئەندامی ئەکادیمیای پاشایی. هەروەها "ولیەم پیت" (1623- 1687) هەستا بەڕوپێوکردنێکی سەرتاسەری ئێرلەنداو بەشێکی ئینگلتەرا. لەکتێبی "گووتارەکان" لەبارەی باجەکان ئەوەی ڕوون کردەوە کە نرخی کەلوپەل حکومەت ڕێکی ناخات بەڵکو ئاستی کارو خەرجی‌و بڕی پێویستی بۆ بەرهەمهێنانی نرخەکەی دیاری دەکات.

فیزۆکراتەکان:-

لەسەدەی هەژدە نەگونجاوی مەزهەبی بازرگانی لەگەڵ پێشکەوتنی ئابووری دەرکەوت‌و زانیان کە لەگەڵ گەشەسەندنی ئابووریدا ناگونجێ. "ولیەم پین"ی- ئینگلیزی پێشتر ئاماژەی بەوەدابوو. "بیکاریا"ی- ئیتاڵی مامۆستای ئابووری‌و یاسا، هێرشیکردە سەر پارستنی بازرگانی. "بیکاریا" یاساکانی پەیوەندی نێوان گەشەسەندنی دانیشتوان‌و ئاستی گوزەرانی خەڵکی لەکتێبی "تاوان وسزا"دا ڕاڤەکرد، هەروەك "کار"ی بە بنەڕەتی سەرمایەداری دادەنا. لەنێو ڕۆشنگەرانی سەدەی هەژدە

کۆمەڵەیەك لە فەڕەنسا دەرکەوتن کە ناوی خۆیان نا "فیزۆکراتەکان"یاخود "سروشتیەکان"، ئەوانە شوێنکەوتەی دکتۆر "فرانسوا گینا"ی- بوون، کە لە دەرباری لۆیسی پازدەدا پزیشك بوو.

"گینای" سورخواردنی سەرمایەی وەك شێوەی سوڕی خوێن دادەنا. بەگوێرەی ئەمەش سیاسەتی پاراستنی بازرگانی سیاسەتێکی نا تەندروستو زیاندارە. "گینای" زیاد لەپێویست باوەڕی بەخۆی هەبوو، خۆی وەك زانایەکی گەورە دادەنا. ژمارەیەك لە ڕۆشنبیران لەدەوری کۆبوونەوە ناویان لەخۆیانا" فیزۆکراتەکان". گینای ئەوەی لەزەویدا هەبوو لەکانزاو بەهەمی کشتوکاڵی بە سەرچاوەی بنەڕەتی سامانی دادەنا، بە گوێرەی ئەمە کشتوکاڵ سەرچاوەی سەرەکی دهاتە، پیشەسازیو بازرگانیش لەڕوانگەی ئەودا سامان بەدی ناهێنن، بەڵکو یان دەیگوازنەوە یاخود دەیگۆڕن. لەبەرئەوە کۆت کردنی بازرگانیو پیشەسازی ناتەندروستەو دژی بەرژەوەندی ئابووری وڵاتە. لەمەوە پێویستە سیستەمی باج لەفەرەنسا بگۆڕدرێ وبازرگانیو پیشەسازی ئازادبکرێو ئابووری سەربەست بکرێ، هەروەها باج تەنها لەسەر زەوی دابنرێو شێوازی باج سەندن ئاسان بکرێ لەفەڕەنسا. "گینای" کتێبێکی لەژێر ناونیشانی " ئابووری" لەساڵی (1758) بلاوکردەوە. شیاوی باسە سیاسەتوانی بەناوبانگ "ترگۆ" لەنێو ئەو فیزۆکراتانە بوو.

ئادەم سمیس (1723 -1790):-

"ئادەم سمیس" ئابووری ناسێکی سکۆتلەندیو مامۆستای فەلسەفەی ئەخلاق بوو لە زانکۆی کلاسکۆ. "سمیس" هۆگربوو بە فەلسەفەی ڕۆشنگەریو یاسای سروشتیو مافەسروشتیەکانو کاتێکی زۆری بەسەربرد لە توێژینەوە کردن لەیاسا سروشتیەکان، کە بەگوێرەی ئەم یاسایانە گەل دەتوانێ سامانی خۆی زیادبکات. ئەو ماوەیەك لەفەڕەنسا مایەوەو لەوێدا هاوڕێیەتی فیزۆکراتەکان بەگشتی و"گینای" دەکرد بەتایبەتی، تەنانەت زۆر لە بیروڕاو تێڕوانی ئەوانی وەرگرت. سمیس

لەکتێبەکەیدا"سامانی نەتەوەکان" کە لە ساڵی(1776) چاپی کرد، گوزارشت لە بنەماکانی بازرگانی چینی ناوەڕاست دەکان، ئەو بنەمایانە زیاتر جەخت دەکەنەوە لەسەر پڕۆژە تاکە کەسیەکانو کێبڕکێی ئازادو چالاکی بازرگانی. وە ئەوەشی ڕوونکردەوە کە کاروباری ئابووری وەك تەواوی کاروبارەکانی تری مرۆڤ هەمان سیستەمی سروشتی بونەوەر حوکمی بەسەردا دەکات. "سمیس" ئەو بنەمایەی مەزهەبی بازرگانی ڕەت دەکاتەوە کە دەڵێ:"بەرژەوەندی گەل پێویستی بە بالآدەستی دەسەلآت هەیە بەسەر کاروبارە بازرگانیەکانیدا". لە بەرامبەر ئەوەدا دەڵێ:"باشترین ڕێگە بۆ برەودان بە بەرژەوەندی گەل بریتیە لەپڕۆژەی ئازاد، هەروها ئازادی تاکەکەس لە کڕینو فرۆشتنو بەکرێ گرتنو بەکرێ دان بەبێ دەست تێوەردنی حکومەت". هەروەك دەڵێ:"ئەگەرهاتو بوار ڕەخسێندرا بۆ تاکەکەس بۆئەوەی خۆی شوێن بەرژەوەندی خۆی بکەوێ بەگوێرەی بنەماکانی ئاوەزو ڕۆشنگەری، وە بەبێ دەست تێوەردانی دەوڵەتو دروست کردنی لەمپەر لەبەردەمیدا، ئەوا بەشێوەیەکی ئۆتۆماتیکی وبەسروشتی خۆی بەهۆی کێبڕکێی ئازادەوە هاوسەنگی دروست دەبێ لەنێوان خواست وخستنە ڕوودا. بەم ڕێگەیە دەتوانرێ ڕووبەڕوی خستنەڕووی جیهانی ببینەوە بۆ بەرهەمهێنانو دابەشکردنی کالآکان بەباشترین شێوە". "سمیس" لە جیاتی بازرگانی وکشتوکاڵ جەختی لەسەر"کار" دەکردەوەو بەتاکەسەرچاوەی سامانی دەدایە قەڵەم، لەبەرئەوە بەپێویستی دەزانی کار دابەشکردن بێتەئارا. هەروەها داوای لە دەوڵەت دەکرد کە قۆرغکاری وکۆت وبەندەکان لەسەر بازرگانی وپیشەسازی لابەرێو بوار برەخسێنێ بۆخاوەن کارو بازرگانان، بەوەی کە خۆیان بە شوێن مومارەسەی کارو بەرژەوەندیە ئابووریەکانیاندا بچن، بەبێ ئەوەی دەوڵەت کۆسپ لەبەردەمیان دروست بکات، چونکە دەستی نەدیتراو برەو بەبەرژەوەندی نەتەوە دەدات.

لە جێگەیەکی تردا "سیمس" دەڵێ: "لە کاروبار بگەڕێ باخۆی ڕێڕەوی خۆی بگرێ". ئەم کتێبەی سیمس بووبە کۆڵەگەی سیاسەتی ئابووری ئینگلیز لەسەدەی نۆزدە. لەڕاستیدا سیمس بەپێچەوانەی فیزۆکراتەکان، لەنوسینەکانیداجەختی

دەکــردەوە لەســەر پەیوەنــدی ئاڵوگۆڕکــاری لــەنێوان زەوی‌و کــارو ســەرمایەدارو هۆکارەکــانی ســەرەڕۆیی‌و ســەرکەوتن لــە بەدەســت هێنــانی ســامان، لەکاتێــدا فیزۆکراتــەکان جــەختیان لەســەر زەوی وزار دەکــردەوە. بیروراکــانی سمــیس وەك بەشێکی گرنگ‌و پڕ بایەخ لە زانستی ئابووری نوێدامایەوە.

پێشکەوتنی توێژینەوە جوگرافی وزمانەوانی‌و ڕەگەزیەکان:-

سەدەی هەژدە بەردەوامی دان بوو بە ڕۆژگاری دۆزینــەوە جوگرافیــەکان‌و ناسینی گەلە نەناسروەکان‌و وڵاتــە نــەدۆزراوەکانی جیهــان. "کــاپتن کــوك" لــە ســاڵی(1769) توانی ئوسترالیاو نیوزلەنداو هەندێ دوورگەی تر لە زەریای ئارام بدۆزێتەوە. جگەلەمـە هەندێ لە دەریاگەڕانی تر توانیان ناوچە نەزانراوەکان بدۆزنەوەو ئەو گەلانە بناسن کـە پێشتر نەناسراوبوون. ئەمجا بابەتگەلێکی زۆریان لەبارەی ئــەوان‌و ئــەو وڵات‌و ناوچـانە نوســی، دواتــر بەهۆیــەوە توێژینــەوەی نــوێ لــەبارەی زمانــەکان‌و نەتــەوەو ڕەگــەزە مرۆییــەکان ســەریهەڵدا. هــەروەك فەرهــەنگی جۆراوجــۆر پەیــدابوو، وەك فەرهــەنگی "جۆنــسن" بۆزمــانی ئینگلیــزی لەســاڵی(1755)، فەرهــەنگی زمــانی فەڕەنــسی لەساڵی(1694)، ئەمەو جگە لە فەرهەنگی "ئەدیلنك" لەبارەی زمانی ئەڵمانی لەنێوان (1774بۆ 1776).

گرنگی دان بەزمانەکان دەستی پێکرد، لەوانە "سیرولیەم جۆنز" لــەزمانی عــەرەبی وفارســی، دواتــر دەســتی بەتوێژینــەوە کــردن کــرد لــە "ســانسکریتی"و پەیوەندیـە زمانەوانیەکانیان بۆدەرکەوت لەنێوان زمانەکانی هیندی وئەورووپی"ئــاری". لــەم نێوانـە پزیــشکی ئــەڵمانی "بلــومین بــاك" (1752-1840)، کــە لــە توێژینــەوەکردن لــە فیسیۆلۆژی "کارئەندام زانی)"و دابەشکاری ڕەگەزە مرۆییەکان لەسەر بنەمای ڕەنگی پێست‌و ڕوخساری مرۆڤ قوڵ بووبوویەوەو توانی پێنج ڕەگــەزی مرۆیــی لەیــەکتر جــوێ بکاتەوە، کەبریتین لە: "ڕەگەزی سپی قەوقازی، ڕەگەزی ڕەنگ زەردی مەغۆلی، مالای

گەنم ڕەنگ یان بۆر، زنجی ڕەش ڕووخسار، هیندی سوری ئەمریکی". شیاوی باسە ئەم پۆلێن کردنە تاماوەیەکی درێژ بەکارهێندرا.

بـزوتنەوەی مرۆگەری:-

ئەم بیروبۆچوونانەی کە لە ڕۆژگاری ئاوەزو ڕۆشنگەری بەربلاو بوو، لە ڕووخساردا وەك بزوتنەوەیەك خۆی نیشاندا کەناونرا(بزوتنەوەی مرۆگەری)، کاتێك ئەم بیروبۆچونانە قیەمو ڕێزی مرۆڤیان لەگەڵ خۆیان هەڵدەگرتو ئارەزووی چاککردنی ڕەوشی مرۆڤیان دەکرد. فەیلەسوفانی ڕۆشنگەری بانگەشەیان دەکرد بۆچاککردنی کۆمەڵگەو دامو دەزگای فەرمانڕەوایی‌و سیستەمی سیاسی لەژێر ڕۆشنایی بیروڕاکانی "لۆك‌و مۆنتسکیۆو ڕۆسۆو بنیسامو ئادەم سمیس‌و گینای....هتد"، ئەوانەی کەداوایان دەکرد دەست هەڵگرن لەداگیرگەکان‌و بازرگانی کۆیلە هەڵبوەشێننەوەو لەمرۆڤایەتی بکۆڵنەوەو بارودۆخیان چاك بکەن. چاکسازی کردن لەڕوانگەی ئەم بیرمەندانە، بریتی بوو لەئازادکردنی مرۆڤ لەسەرشۆڕی‌و کۆیلەیی، بەشێوەیەك هەست بکات کە ئەم دروستکراوێکی ڕێزلێگیراوە، هەر ئەمەشە دەبێتە هۆی پێکهێنانی کۆمەڵگەیەکی بالاو بەهۆیەوە دەتوانرێ ڕەوشی ئابووریەکەی چاك بکرێ‌و بەهاکانی مرۆڤی تێدا تەواوبکرێ. دەگوترێ:" کە ئەگەربێت‌و مرۆڤ ڕزگاربوو لەکۆت‌و بەندەکان وپشتی بەخۆی بەست‌و ئاوەزی خۆی خستەکار، کۆمەڵگەیەکی تێروتەواو دروستدەکات لەڕووی ئابووری‌و کۆمەلایەتی‌و سیاسی". لەڕوانگەی ئەواندا پێویستبوو چاکسازی یاساکان بگرێتەوە، بەتایبەت ئەوەی پەیوەست بوو بە سزا، هەروەها بەپێویستیان دەزانی لەگەڵ تاوانباراندا بەمامەڵەیەکی مرۆیانە مامەڵە بکەن‌و لەم میانەدا داوایان دەکرد ئەشکەنجەو سێ دارە کۆتایی پێبهێندرێ. هەروەك هانی حکومەتەکانیان دەدا گەلانی خۆیان ڕۆشنبیر بکەن، بەتایبەت چینی هەژارو کەم دەرامەت، ئەمەش بەکردنەوەی قوتابخانەیەکی زۆر کە حکومەت خۆی خەرجی بکێشێ. لەلایەکی ترەوە

فەیلەسوفان داوایان دەکرد جەنگە سیاسیی و داگیرکاری و ئاینی و ڕەگەزییەکان بوەستێندرێن و لەجێگایاندا ئاشتی سێبەر بەسەر جیهاندابکات.

جیهانیەتی ڕۆشنگەران:-

"کۆزمۆپولیتانیا" یاخود جیهانیەتی، ئەو پرسە بوو ڕۆشنگەران بانگەشەیان بۆی دەکردو بەشێك بوو لە بزوتنەوەکەیان. ئەمە بریتی بوو لەداخوازی ڕۆشنگەران بۆ ئاشتی وبرایەتی نێوان گشت مرۆڤەکان. کاتێك مرۆڤ زیندەوەرێکی کۆمەلایەتیە، ئەم ڕەوشتەی مرۆڤ تەنها تایبەت نییە بەکۆمەلگەیەکی بچوك، بەلکو دەتوانرێ بۆ کۆمەلگەیەکی زۆر گەورەش پیادە بکرێ. کەواتە بەختەوەرکردنی هەموو تاکێك لەتاکەکانی مرۆڤ ئەرکێکی مەزنە لەسەر شانی سەرجەم کۆمەلگە. چونکە مرۆڤەکان لەگەلّ یەکتری بران. ڕۆشنگەران داوایان دەکرد نەتەوەگەریەتی و هەرێم گەریەتی کۆتایی بێت و هەموو دەستبگرن بەنیشتیمانیەتی جیهانی(کۆزمۆپولیتانیە). زۆرینەی بیرمەندان سەرەڕای جیاوازی نەتەوەییان خۆیان بەئەورووپی یاخود جیهانی ناوزەد دەکرد، ئەوەتا "تۆماس پین" لەم بارەیەوە دەلێت:"جیهان نیشتیمانمەو مرۆڤەکان برامن". هەروەها ڕۆسۆ هەرچەندە سویسری بوو بەلام خۆی بەئەورووپی لەقەلەم دەدا. ئەمە بیرکردنەوەی هەریەکە لە"ڤۆلتێرو بنیسامو ئادەم سمیس"یش- بوو. ئەم بلیمەتو کەلەپیاوانە توانیان کار لە فەرمانڕەوا خۆسەپێنەکان بکەن لەسوك کردنی دەسەلاتی ڕەهایان.

بیری کۆزمۆپولیتانیە یاخود نیشتیمانیەتی جیهانی ڕێگر نەبوو لەبەردەم باوەڕبوون بەنەتەوایەتی. لە ڕوانگەی بیرمەندان دا نەتەوایەتی یەکیەتیەکی پێوانەییە بۆکۆمەلگەی مرۆیی دابەشکراو بۆنەتەوە گەورەو بچوکەکان. هەندێکیان لە هەندێکی تریان لە زۆرێك لەشتەکان لەیەکتری جودان، وەلێ هەموویان بەژدارن لە تایبەتمەندیە گشتیەکان. بیری نەتەوایەتی لەکاتێکدا پرسێکی سیاسی بوو، لەکاتێکی تریدا پرسێکی

ڕۆشنبیری بوو، بەلاّم بەگشتی بانگەشەی دەکرد بۆ مافی چارەی خۆنوسینو مافی تاك لە دامەزراندنی ئەو دەولّەتەی کە ئارەزووی لێیەتی. لەو سەردەمەدا ئەو بیرو باوەڕە باو بوو کەدەلّێت:" ئەگەر خەلّکی ڕزگاری بوو لەو تەوقانەی کە دابو نەریت بەدرێژایی سەدەکان بەسەریدا سەپاندونیەتی، وەتوانی ئەو مافانەش بەدەست بهێنێت کەڕۆشنگەران بانگەشەیان بۆدەکرد، ئەو کاتە دەتوانن هەر هەموویان لەهێمنیو ئاسایش بژینو برایەتی لەنێوانیان بلاّو دەبێتەوە".

ئەوەی جێگای هەلّوێستەکردنە ئەو داوایەی کەئەوان بانگەشەیان بۆدەکرد لەسەر بناغەی مرۆیی بینا کرابوو. کاتێك دەبینین ئەوان بیرمەندو چاکساز بوونو چاکەی مرۆییو چاککردنی کۆمەلّگەی مرۆیان گەرەك بوو، هەروەها خۆیان بە دوور دەگرت لە کاری نامرۆڤانەی وەك: چەكو کوشتنو تۆقاندنو گرتنو ئەشکەنجە دان. ئەوان ئەمانەیان ناشیرین دەکردو لەپاشماوەی ناشارستانیەتو بەربەریەتیان لەقەلّەم دەدا. بەهەمانچەشن لەدژی دیکتاتۆریەتو دەسەلاّتی تاکەکەسی ڕاوەستان، هەروەك داوای دیموکراسیەتیان دەکرد، وەك باشترین ئامراز بۆ کۆکردنەوەی هەریەکە لە ئازادی تاکەکەسو دەسەلاّتی سیاسیو خۆدوور گرتن لەکاری توندو تیژیو ڕێزگرتن لەبیروڕای یەکتریو پاراستنی پلەو پایەی مرۆڤ. ڕۆشنگەران هەبوونی دروستکاری بونەوەریان ڕەت نەدەکردەوە (تەنها چەند کەسانێکیان نەبێت، ئەمانیش کاریگەریان کەم بوو). ئەمان لەگەلّ ئەوەی کەباوەڕیان هەبوو بە یاساکانی نیوتن لەفیزیاو بیرکاری، بەلاّم سەرسام بوون لەبەردەم مەزنیو گەورەیی پەروەردیگارو واقیان وڕمابوو لەتواناداری ئەو زاتە بەرزە.

فەلسەفەی ڕۆشنگەریو نوسینی مێژوو:ـ

زانستە سروشتیەکانو بیرکاری کاری کردە سەر پێشکەوتنی زانستەکۆمەلاّیەتیەکانو سیاسەت، بەتابیەت مێژوو کە دادەندرێ بەدایکی زانستەکۆمەلاّیەتیەکان وسیاسەت. هەروەك دادەندرێ بەسەرچاوەیەکی ئەساسی بۆ هەلّێنجانی فکرەو حەقیقەتەکان. هەر دوو سەدەی حەڤدەو هەژدە بینەرو شاهێدی

پەرەسەندنی توێژینەوەی مێژوو بوون، کە پشتی دەبەست بەرەخنەو لێکدانەوە. توێژەران جەختیان دەکردەوە لەسەر ڕاستیو دڵنیا بەخشی بەڵگەنامەکان و، ڕابردوویان بەشێوەیەکی بابەتیانە ڕڤەدەکرد.

جان بودانی فەرەنسی یەکێ بوو لەو مافناسانەی کە لەبواری مێژوودا تێدەکۆشا، "بودان" لە ئانو ساتی جەنگی نێوخۆیدا داوای پیادەکردنی گیانێکی زانستیانەی دەکرد لەنوسینەوەی مێژوودا. لە ڕوانگەی ئەودا لایەنی جوگرافیو ئاووهەوا کاریگەری هەیە بەسەر داهاتوی گەلان، هەروەك کاریگەری هەستی نەتەوەییو ئاینیو خستەڕوو لەسەر توێژەری مێژوو، بەمەش ڕێگەی خۆش کرد لەبەردەم مۆنتسکیۆ. بەم شێوەیە دەبینین جان بودان لەنێو ئەو پێشینانەدابوو کە ڕێگەی توێژینەوەی مێژوویان ڕۆشن کردەوەو بناغەیان بۆی دارشت. "سکالیرکری" هۆڵندیش لەم ڕووەوە لەبودان کەمتر نەبوو، "سکالیرکری" خاوەنی ئاستێکی بەرزی زانستو زانیاری و بیرکردنەوەیەکی قوڵ بوو، کەڕێگەی زانستی بۆ ڕەخنەیی مێژووی دمەزراند.

جـان مابیلۆن (1632 - 1707):-

مابلیۆن دادەندرێ بەمەزنترین مێژوونوسو لێکۆڵیار لەسەدەی حەڤدە، کە زۆربەی ژیانی لەتوێژینەوە کردن لەمەڕ بەڵگەنامە مێژوویەکان بەسەربردو هەڵسا بەدانانی بناغەو بنچینە بۆ توێژینەوە کردن لەبەڵگەنامەی مێژوویی. بەمەش کۆمەڵەکەی "ڕەهبانی سەنتماور"ی هاندا بۆ ئەوەی بەڵگەنامە مێژوویەکان کۆبکەنەوەو ڕەخنەیان لێ بگرن پێش ئەوەی بڵاوی بکەنەوە. لەساڵی 1733 کۆمەڵەی سەنتماور سەرچاوەکانی مێژووی فەرەنسایان چاپ کرد. مابیلۆن وەك ڕەخنەگرو مێژوو نووس لە پێشینەپێشەنگەکانە سەرەڕای هەندێ کەمو کورتی.

هەروەها مێژوونووسی ئیتاڵی موراتوی(1672–1751) هەستا بەهەمان ئەوکارەی مابیلۆن پێی هەستابوو، ئەمەش لەمەڕ مێژووی ئیتاڵیا لەسەدەکانی کۆنو ناوەڕاست .

لەهەردوو سەدەی حەڤدەو هەژدە چەندەها کتێبخانەی گەورە پەیدا بوون و کتێبخانە کۆنەکانیش گەورە بوونیان بە خۆیانەوە بینی وەك کتێبخانەی ڤاتیکان و ئامبرۆز لە میلانۆ. هەروەها کتێبخانەی پروسیا کە دامەزرێنراو پاشان فراوان بوو. بەهەمانچەشن کتێبخانەی گشتی فەرەنساو مۆزەخانەی بریتانیا. ئەمەو جگە لە کتێبخانەی بۆدلیان لەزانکۆی ئۆکسفۆرد. هەموو ئەمانە لەم دوو سەدەیەدا گەورەو فراوان بوون.

ڕێگەی ڕەخنەگرتنی تازەش لەئیتالیا بۆ توێژینەوە مێژوویی لەسەردەستی ڤیکۆ سەری هەڵدا.

کۆندروس:-

"مارکیزدی کوندروس" دادەنرێ بەکۆتا فەیلەسوفی ڕۆشنگەری. کوندروس زۆرێك لەبیروڕاکانی ڤۆڵتێری وەرگرت و کەمێکیشی لەڕۆسۆ. ئەو لەژمارەیەك لەگوتارە سیاسیەکانی ئەوەی ڕوونی کردەوە کە بەسەریەکدا کەڵەکەبوونی مەعریفەت لەڕێگەی هەستەوەرەکانەوە دەبێتە هۆی چاککردنی دامەزراوە مرۆییەکان و ڕەگەزی مرۆڤ وەك دروستکراوێکی زیندوو.

لە گوتارێکی تردا لەمەڕ کاریگەری شۆڕشی ئەمریکا لەسەر ئەوروپا، ڕۆڵەی گەلەکەی خۆی ئاگادارکردەوە لەسەر سوودەکانی یاسای سروشتی. هەروەك چۆن ئەم یاسایانە لەئەمریکا جێ بەجێ کراوە. کوندروس جەختی دەکردەوە لەسەر چاکسازی سەرتاسەری لە فەرەنسا. وە لە کتێبە بەناوبانگەکەی"خستنەڕووی سەرجەم مێژوو بۆ پێشکەوتنی فکرەی مرۆڤایەتی". ئەوەی ڕوونکردەوە کە شۆڕش خەڵکی دەگوازێتەوە لەقۆناغی ڕابردوو، واتا لەگەشەکردنی مێژووی کە بە شۆڕشی کارتیزی(فەلسەفەی ئاوەزگەری دیکارت) دەستی پێکرد، بەرەو قۆناغێکی تر کە تێیدا مرۆڤایەتی دەگاتە

تێرو تەواوی‌و چڵەپۆپەو لەسەروی هەموو ئەو مەترسیانە دەبێت کەهەڕەشەی لێ دەکەن.

کوندروس باوەڕی وابوو کە مرۆڤ پێشکەوتنی بۆ ڕێکخراوە، ئەمەش دێتەدی بەچاککردنی تایبەتمەندیە ڕەوشتی وهزری‌و تەنانەت بایەلۆجیەکانیش. بەم شێوەیە دەبینین بزرتنەوەی ئاوەزگەری‌و ئەزمونگەری‌و ئەخلاقی کەهەریەکە لەڕۆسۆو ڤۆڵتێرو لۆك گەشەیان پێدا، بەتیۆری "کوندروس" لەبارەی پێشکەوتنی کەماڵی مرۆڤ کۆتایی پێ دەهات.

پاشماوەی کلاسیکی لەوێژەو هونەر لەسەردەمی ئاوەزو ڕۆشنگەری:.

ئەوروپیەکان لەهەردوو سەدەی حەڤدەو هەژدە وەك خۆیان مانەوەو هەر بەردەوام بوون لەدەستگرتن بەبیری کلاسیکیزم کە لە هەردوو سەدەی پێشتر سەریهەڵداو بڵاوبوویەوە. شارستانیەتی یۆنانی‌و ڕۆمانی باڵادەستی‌و ڕێزی خۆی سەپاند بەسەر چینی ڕۆشنبیر.

کلاسیکیزم هەژموونی کرد بەسەر وێژەو هونەرو پەروەردەو فێرکردن لە هەردوو سەدەی حەڤدەو هەژدە، بەشێوەیەك کەچینی ڕۆشنبیر هیچ سودێکیان بەدی نەدەکرد کە لە ڕۆشنبیری بیری سەدەکانی ناوەڕاست بیدورنەوە. سەردەمی "دانتی" بەلایانەوە سەردەمی بەربەریەت بووە. هەروەك شاعیرێکی ئینگلیزی بەناوی "ئۆلیڤەر گولد سیمپس" دەڵێت: هۆکاری ناوبانگی دانتی ناڕۆشنی نوسینەکانی بووە.

هۆکاری بەسوك سەیرکردنی سەدەکانی ناوەڕاست‌و دەستگرتن بەشارستانی کلاسیك، دەگەڕێتەوە بۆئەوەی کە فەیلەسوفانی ڕۆشنگەری لە ڕۆڵەو وەچەی مرۆگەرانی سەردەمی بوژانەوە بوون، هەربۆیە ئارەزوو مەیلی باب‌و باپیرانیان بەمیرات گرت کە گاڵتەیان بەسەدەکانی ناوەڕاست دەکردو شارستانی کلاسیکیان بەهەند دەگرت. فەیلەسوفان‌و ڕۆشنگەران ڕۆشنبیر دەبوون بە ڕۆشنبیریەکی کلاسیکی‌و زمانی

یۆنانیو لاتینیو وێژەو فەلسەفەی کلاسیکیان دەخوێندو دیراسەیان دەکرد. واژەو دەستەواژەکانی دیموستیسو شیشرۆن لە ووتارو نوسیندا بەکاردەهێنرا ئەمە جگەلە لەبەکارهێنانی شیعرەکانی هۆمیرۆسو فەرجیل.

هونەری هەردوو سەدەی حەڤدەو هەژدە بەردەوامیدان بوو بەهونەری سەردەمی ڕێنسانس. هونەرمەندانی تەلارسازی شوێنی ئاسەوارەکانی هونەرمەندانی سەردەمی ڕێنسانس دەکەوتن، وەك "میخائیل ئەنجلۆ". شێوازی کلاسیکی لە بیناکردنی کۆشكو خویندنگەو زانکۆکاندا بەکاردەهێنرا. ئەم شێوازە کلاسیکیە بەربلآوەی هەردوو سەدەی حەڤدەو هەژدە بە"باروك" ناسرا.

لەفەرەنسا دا کۆشکی "لۆکسمبرگ" کە بۆ شاژن ماری میدتچی بیناکرا بوو، هەر لەسەر شێوازی کلاسیکی بوو. بەهەمانشێوە کتێبخانەی کاردینالّ مازارین و"ئەکادیمیای فەرەنسی ئەمرۆ"، ئەنڤالیدی سەردەمی لۆیسی چواردە، شێوازو تەرزی کلاسیك لەخۆیاندا پیشان دەدەن. فردریکی گەورەش لە "پوتسدام" لەسەر هەمانچەشن کۆشکێکی بنیاتنا.

لەئینگلتراش "کریستۆڤەر ڕین" 1723-1632 وەك تەلارسازێکی ڕەندو بە ووردەکاری ناوبانگی دەرکردو کلێسای سنت پۆلی (1715-1668) بیناکرد. هەروەها "ڤان برو" کۆشکی بلیهام ی بۆ دۆق مارلبورو دروستکرد. هەروەك ژمارەیەك کۆشکی تریشی لەنیوەی دووەمی سەدەی هەژدە لەگۆڕەپانی کۆنکۆرد بیناکرد.

وەلە نیگاری زەیتی، "ڕۆبین" 1640-1577 لە بەناو بانگترینیان بوو. ڕۆبین نیگاری هنری چوارەمو هاوسەرەکەی ماری میدتچی کێشا، هەروەها وێنەی جیمسی یەکەمی پادشای ئینگلترای کێشا. هەروەها ڤان دایك (1641-1599) نیگاری جیمسی یەکەمو چارلسی یەکەمی کێشا. ئەمەو جگە لە "ڤلاسکویز" کە خۆ بەدەستەوەدانی شاری "بریدانی" هۆڵندی وێناکرد، کاتێ لەبەرامبەر ئیسپانیەکان لە

کاتی جەنگی سی ساڵە خۆی بەدەستەوەدا. لە پاڵ کێشانی وێنەی فلیپی چوارەمی پاشای ئیسپانیا.

لەسەدەی هەژدە کلاسیك لەهونەری هەریەکە لەئینگلتراو فرەنسا ڕەنگی دایەوە. لە ئینگلترا "تۆماس کیسنبور" ناوبانگی پەیداکرد لە کێشانی وێنەی ئەرستۆکراتیو ژنەکانی ئەم چینە. لەفرەنساش واتۆ 1683-1721 ناوبانگی دەرکرد. "واتۆ" وێنەی هەموو شتێکی جوانی ناو کۆمەڵی ئەرستۆکراتی دەکێشا. هەروەها بوستەر (1703-1770) لەسەر ڕەچەی واتۆ دەڕۆیشتو بەناوبانگترین نیگارەکانی نیگاری مدام بمباردۆر بوو. جگە لە بوشەر هەریەکە لە فرانکونارد (1732-1806)، کرویز (1725-1805) لەسەر ڕەچەی واتۆ دەڕۆیشتن لە هونەری نیگار کێشاندا.

وێژە لەسەدەی حەڤدەو هەژدە:-

بیری کلاسیکی لەهەردوو سەدەی حەڤدەو هەژدە باڵی کێشابوو بەسەر وێژەدا. نوسین بەزمانی لاتینی دابووی لەکەمیو شێوازی باروك ی کلاسیکیەت باڵی کێشابوو بەسەر وێژەدا. ئەمەش بەکارهێنانی دەستەواژەی جوانو ڕازاوە کە داپۆشرابوون بە دەستەواژەیەك کە مانای لە خۆ نەگرتبوو، ئەم فکرەیەش لە هەریەکە لە ئسپانیاو ئەڵمانیاو ئیتاڵیا باو بوو. لە باناوبانگترین وێژەوانانو ئەدیبانی ئەڵمانیا لەم سەردەمەدا "مارتن ئۆبتز" بوو 1597-1639، کە بەشێوەیەکی تەواو لاسایی کلاسیکیەکانی وێنەی فرجیلو هۆراسو سنیکای دەکردەوە. لە ئیسپانیاش "کادیرۆن" (1600-1681) ناوبانگی دەرکرد. شیاوی باسە ئەم ئەدیبە خاوەنی (لۆب دیفکا)یە. بیری تصوفو نادیاری لە هەستی شاعیرو وێژەوانانی ئیسپانی ئەم سەردەمە سەریهەڵدا. بەتایبەت لە وێژەی میللیو ڕیوایەت. ئەمەش لە شیعرەکانی کادیرۆن بەتەواوی دەردەکەوێ. وێژەی ئیسپانی نەگەیشتە ئەم جوانیو سەرنجڕاکێشیەی کە "سیرڤانتس" پێی گەیشت. لەملاشەوە وێژەی ئیتاڵی لەسەدەی حەڤدە توشی

نـشوستی داڕووخـان هـات. کۆمـەڵێك لـە نوسـەرە ئیتاڵیـەکان لەسـاڵی (1690) پەیدابوون کەدەیانویست زمانو وێژەی ئیتاڵی لە ووشـەی بریقـەدار پـاك بکەنـەوە. بـۆ ئەمەش هەستان بەدامەزراندنی ئەکادیمیای "ئارکادیا"و دەیانویست لاسایی کلاسـیکیە پێشینەکان بکەنەوە لەڕوونی ئاسانیدا، بەڵام شێوازەکەیان زۆرتر عاتیفەو سۆز بوو.

وەڵێ فرەنسا وەهانەبوو، بەڵکو بۆڕی هەمووانی دایـەوەو وێـژەی فرەنـسی گەیـشتە لوتکە. ژمارەیەك وێژەوانی چاپووك پەیدابوو کەنغرۆ ببوون لەنازو نیعمەتو بەخشـشی لۆیسی چواردە. ئەوانە توانیان لە ئەدەبدا بەرهـەمێك بـدەن، کـە مەگـەر بلیمەتـەکانی مێژوو ئەم بەرهەمەیان دابێ، ئەگینا ئەوانەی هاوچەرخیان نەیانتوانی شان لـە شـانیان بدەن. بەناوبانگترینیان "مـولێر" 1622-1673 بـوو، کەئـەدەبی شـانۆییو شـانۆی فەرەنـسی دانـا. مـۆلێر بەبلیمـەت تـرین شـاعیری فرەنـسی دادەنرێـت کـە فەرەنـسا بینیبێتیو بوو بە ئەستێرەیەکی درەوشاوە بەسەر ئاسمانی پاریسو کۆشکی ڤێرسای. ئەمەو جگە لە لە"کورنیلی" 1607-1684،ڕاسین 1639-1699، مـادام سـافینی (1626-1696)، نوسـەری داسـتانو کۆمیـدیاو هـەزەلی لاڤـونتین 1621-1695. ئەمانە باڵادەستبوونو سێبەریان کـرد بەسـەر خەڵکیـداو سـۆزی خـەڵکیان ڕادەکێشا، هەروەك چۆن سوپای لۆیسی چواردە باڵادەست بوو بەسەر مـوڵکی خـەڵکی. بەرهـەمی ئەدەبی ئەمانە بوو بە سامانو موڵکێك بۆ ئەورووپاو جیهـان. هـەروەك زمـانی فرەنـسی بووبە زمانی ئەدەبی لە ئەوروپا. ئینـگلترا لـەم ڕووەوە کـەمتر نـەبوو لەفرەنـسا. جـۆن ملتن (1608-1674) وەك شاعیرێك سەریهەڵداو لەدوای شکسپیرەوە دەهـات. ملـتن نوسـەری داسـتانی "فیردەوسـی وونبـوو"، شـعرەکانی زۆر سـەرنجڕاکێش بـوون. نوسینەکانی لەبارەی ئەدەبو بیری سیاسی بەشێوەیەکە کەم کـەس دەتـوانێ لاسـایی بکاتەوە. هەروەها نوسەرو شاعیر درایدن 1631-1700 توانی "بلوتاخ" بەجوانترین شێوە وەرگێڕێ، لەم لاشەوە ئەلیکسەندەر پـوپ 1688-1744، لەلوتکـەی شـعری ئینگلیزی دابوو لەسەدەی هەژدە لە ڕووی پاراویو نەرمیو توانای گاڵتەکاری.

سەدەی هەژدە دادەندرێ بەسەردەمی پەخشان، نەوەك شیعر. بەهۆی ئەوەی ئەدیبان کاریگەر بوون بەزانستە سروشتیەکانو فەلسەفەی ئاوەزگەریو ڕۆشنگەری. ئەدیبان هەستیان کرد کە بەپەخشان چاکتر دەتوانن گوزارشت بکەن لەبیروڕاو باوەڕو تێڕوانینەکانیان، وە باشتر دەتوانن ڕەخنە لەدامو دەزگا داسەپاوەکان بگرن. بەلاّم کاریگەری کلاسیکی بەسەر نوسینەکانیان زۆر بە ڕوونی دیارە. یان وەك هەندێ نوسەر دەڵێن:شێوازەکانیان ڕازاوەو نەرمو ڕێك بوو کەبە ئاسانیو بەڕەوانی ڕێك دەخرا وبەهەندێ دەستەواژەی کلاسیکی ڕازابوویەوە.

لەنێو نوسەرە دیارەکانی ئینگلترا کەسەرجەم شێوە ئەدەبیاتانە بوون، جۆن لۆك ی نوسەرو فەیلەسوفی سیاسی، ئیدوارد گیبن ی مێژوو نووسو داڤید هیوم ی فەیلەسوفو مێژوو نووس ساموئیل جۆنز دانەری فەرهەنگی زمانی ئینگلیزیو بلاکستۆنو ئەدمۆند برك بولینبروك بوون. لەفرەنسا ژمارەیەکی زۆر لەکتێبو نوسینەکانی فەیلەسوفو وێژەزانانی هەبوو، فەیلەسوفو وێژەزانانی وەك ڤۆلتێرو ڕۆسۆو دیدرۆو هۆیلباخ ورینالّ، زۆربەی ئەوانە لەسەر لایەنی سیاسیو کۆمەلاّیەتیو فەلسەفەیان دەنووسی، وەهەندێ جاریش چیرۆكو داستانیان دەنووسی. ڤۆلتێر کەیەکێ بوو لە فەیلەسوفە دیارو بەرچاوەکانی فرەنسا فەرهەنگی فەلسەفیو نامە ئینگلیزیەکانو مێژووی لویسی چواردەو مێژووی شارستانیەتیو مێژوویی چارلسی دوانزە پاشای سویدی نوسی، ئەمەو سەرەڕای نوسینی چیرۆکی (کاندید)پێکەنین ئامێز(کۆمیدی)، چیرۆکی زدیگ. هەروەها ڕۆسۆ ژمارەیەك کتێبی نووسی، وەك: پەیمانی کۆمەلاّیەتی، ئیمێلّ لەبواری سیاسەتو پەروەردەو فێرکردن، دان پێدانانەکانو چیرۆکی هلیوز.

کلاسیکیەت لە ئەلّمانیاش بەرەو بەرزبوونەوەو دەرکەوتن ڕۆیشت ئەمەش لەنیوەی دووەمی سەدەی هەژدە لیسسنگ لەم کاتەدا(1729-1782) بەناوبانگترین وێژەوانانی ئەلّمانیا بوو. لیسنیگ دووپاتی دەکردەوەو بەپێویستی دەزانی کەگەلی

ئەڵمانی بەزمانی خۆیان بنوسنو شێوازی خۆیان ڕاستەوخۆ لە کلاسیکیەوە هەڵێنجن، شێوەو شێوازی لیسنگ کلاسیکی تەواو بوو. لیسنگ ڕەخنەگرێکی مەزن بوو، ڕەخنەکانی نەك هەرتەنها لایەنی ئەدەبی گرتەوە، بەڵکو بواری فکریو ڕەوشتی یشی گرتەوە. ئەم ڕەخنەگرتنە نزیك بوو لەئەرستۆ، وە شێوازو ڕەخنەی ئەرستۆی لە نوسینەکانی پیادەکرد.

بەردەوامی کاریگەری کلاسیك لەسەردەمی شۆڕشی فەرەنسی:-

کلاسیزم لە فرەنسادا مایەوەو کایگەر نەبوو بە شۆڕشی فرەنسیو ناپلیۆن. شۆڕشگێرە فەرەنسیەکان ڕۆشنبیر بوون بە ڕۆشنبیریەکی کلاسیکیو لەژێرکاریگەری ئەم کلاسیکەدامانەوە، ئەوان باوەڕیان وابوو کەنوێنەرایەتی گەورەییو مەزنی شارستانی یۆنانیو ڕۆمانی کۆن دەکەن. ئەو هونەرەی کەلە سەردەمی ئەواندا گەشانەوەی بەخۆیەوە بینی هونەری کلاسیکی کۆن بوو، لەڕووی ئاسانیو ڕوونیەوە. کاتێکیش ناپلیۆن کاریگەر بوو بەهونەری کلاسیکی کۆن، زۆر لەو شتانەشی خستەسەر کەلە میسر بینی بووی(هەڕەمەکانی میسر)، لەئەنجامی ئەوەدا هونەری تەلارسازی داتاشینو وێنەو نیگاری زەیتیو نەخشەسازی(زەخرەفە)بووبە شێوازو تەرزی کلاسیکی کۆنی ئاسان لەپاڵ هەندێ کاریگەری میسرکۆن بەسەریدا. پانسیۆن لەپاریسو گۆڕەپانی کۆنکۆرد بورجی میسری کۆنی لەناوەڕاستی گۆڕەپانەکە. نمونەیەکن بۆئەم بەرهەمە کلاسیکیە کەلە دوای ناپلیۆن سەریهەڵدا.

تەلارسازی:-

"فۆنتین" 1762-1853" دادەنرێ بە بەناوبانگترین هونەرمەندی سەردەمی شۆڕشو ناپلیۆن. فۆنتین لە ڕۆما خوێندیو لە ڕۆژگارەکانی شۆڕشی فەرەنسیدا لەئینگلترا نیشتەجێ بوو. کاتێکیش لەسەردەمی ناپلیۆن گەڕایەوە فرەنسا تەلاری "مالمیزون"ی بنیاتنا، کە بە هۆیەوە ناوبانگی پەیدابوو. هەروەك تاقی "کرۆسیل"ی-

دروستکرد. فۆنتین بووبە تەلارسازی یەکەم لەساڵی 1813، ئەم ناوەی هەر بەردەوام بوو تا سەردەمی پاشاکانی بنەماڵەی بۆربۆن.

داتاشینی کلاسیکی1 :

"هودن" (1740–1828) بەناوبانگترین پەیکەرتاشی سەردەم بوو، کە لەسەر شێوازی کلاسیکی کۆن کاری داتاشینی دەکرد. پەیکەری "کاترینای دووەم"ی– قەیصەرەی ڕووسیای لە مەڕمەڕ داتاشی. هەورەها پەیکەری هەریەکە لە "دیدرۆ، دالمبرت، بافۆن، ڤۆلتێر، ڕۆسۆ"ی– داتاشی. لە کاتی چوونی بۆ ئەمریکا لەساڵی 1780، پەیکەری جۆرج واشنتن‌و تۆماس جیفرسۆن ی داتاشی. هەروەها نیوە پەیکەری هەریەکە لە"ناپلیۆن‌و جۆزفین‌و مارشاڵ نای" سازکرد.

نیگار کێشانی کلاسیکی:-

بەناوبانگترین ئەوانەی کە لە وێنەو نیگارکێشانی زەیتی، بوون بەئەستێرە، "دیڤید" (1748–1825)بوو. "دیڤید" کاریگەر بوو بەگیانی کلاسیکی کۆن‌و هەستا بەکێشانی وێنەی "بتروس"ی بکوژی "یۆلیۆس قیصر" بە وێنەیەکی زۆرجوان‌و قەشەنگ لە ساڵی 1789. هەروەها نیگاری بەڵێندانی یاریگاری تێنسی کێشا، ئەمەو جگەلە کێشانی نیگاری پەنهانکوژکرانی "مارا" لەگەرماو لەلایەن "شارلوت". دیڤید لەگەڵ کوشتنی لۆیسی شازدە دابوو . لەسەردەمی ناپلیۆنیش وێنەی تاج لەسەرنانی دوایەمین ئیمپراتۆرو زۆرینەی جەنگەکانی ئەم ئیمپراتۆرەی کێشا.

لەدەرەوەی فەرەنساش "کانوڤان"ی– ئیتاڵی بەناوبانگ بوو، کە لە بواری داتاشین ناوبانگی دەرکرد، بەتایبەت لە پەیکەری ناپلیۆن‌و براو خوشکەکانی. بەهەمانشێوە

1داتاشین بەمانای هەڵکۆڵین دێت، کە لەسەر دیوارو لاپاڵ پەیکەریان داتاشی، واتا هەڵکۆڵینیان تێدا دەکرد وێنەیان لەسەر دەنەخشاند.(وەرگێڕ)

"سور والدسن"ی- دانیمارکی ناوبانگی پەیداکرد. "والدسن" لە داتاشینی پەیکەری کلاسیکی ناوبانگی پەیداکردو گۆڕی پاپا "پیۆسی حەوتەم"ی- لە ڤاتیکان داتاشی. کاتێك گەڕایەوە دانیمارك پەیکەری "قدیسانی" وێناکرد. بەناوبانگترین دەستکەوتەکانی "شێری لۆسرینە" کەپێشکەشی حکومەتی سویسرای کرد، وەك یادەوەریەك بۆ لەناوچوونی پاسەوانە سویسرییەکان، کاتێ بەرگریان دەکرد لەلۆیسی شازدەو ماری ئەنتوانێت.

لە ئینگلتراش تۆماس لۆریس(1769-1830) بەردەوام بوو لەسەر ڕەچەی مامۆستاکەی"ڕینۆلد"، ئەمەش لە وێنەکێشاندا لەسەر شێوازی کلاسیکی. "لۆریس" وێنەی سەرکردەکانی چینی ئەرستۆکراتی ئینگلیزی کێشاو شا"جۆرجی سێ یەم" نازناوی "ئەسپ"ی- پێ بەخشی. لە کیشوەری ئەوروپاشدا هەستا بەکێشانی وێنەی نوێنەرانی دەوڵەتانی ئەندام لە کۆنگرەی ڤێنا. لە فەرەنساو کیشوەری ئەوروپاش شێوازی کلاسیکی لەهونەرو بەردەوام بوو تەنانەت لەدوای شۆڕشو سەردەمی ناپلیۆنیش بەردەوامی بەخۆی دا. ئەمە بەڕوونی لەو پەیکەرە داتاشراوانەی کە لەو کاتەدا لە ئینگلترا بۆ پاڵەوانانی جەنگەکانی ناپلیۆن داتاشراون دەردەکەوێ. وەك تاقی "ولنگتن" لە ساڵی(1828)، "نیلسن" لە گۆڕەپانی ترافلگار لەساڵی (1829-1843).

لە وویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکاش دەتوانین بڵێین کە:

ئەندازیاری فەرەنسی "لێنفنت" داڕێژەری نەخشەی پایتەختی ئەمریکا"واشنتن" لەساڵی (1789-1791). هەروەها نەخشەی کۆشکی سپی بارەگای سەرۆکی ئەمریکای کێشا، ئەمەو جگەلە کۆنگرێسی ئەمریکی لەسەر شێوازی کلاسیکی.

سەرەڕای ئەوانە، ئێمە تەرزی کلاسیکی لەپەیکەری ئیمپراتۆر جۆزیفی دووەم ئیپراتۆری نەمسابە جلو بەرگی سەربازییەوە دەبینین. هەروەك لەپەیکەری جۆرج واشنتن هەستی پێ دەکەین کە هونەرمەند "گرینۆ" لەسەر تەرزی کلاسیکی دایتاشیوە، کە تەواو لەیەکێ لە خوداکانی ئیغریقەکۆنەکان دەچێ.

بزوتنەوەی ڕۆمانتیکی

لە سێیەکی کۆتایی سەدەی هەژدە بزوتنەوەیەکی پێچەوانە لەگەڵ بزرتنەوەی کلاسیکی سەریهەڵدا، کەناسرا بوو بە بزوتنەوەی ڕۆمانتیکی "ڕۆمانسی". بیروڕاکانی ڕۆمانتیکیزم لە وێژەو هونەرو شێوازی ژیانی ڕۆژگاری ڕۆشنگەری پێگەیی. تەوژمی ڕۆمانتیکی لەژێر باڵی فەلسەفەو ئاوەزگەری بەشێوەیەکی شاراوە دەڕۆی، وەلێ دواتر بەڕوویدا تەقیەوەو لەژێر باڵادەستی هاتەدەر. لە کاتێکدا شوێنکەوتوانی فەلسەفەی ئاوەزگەری داوای ئازادکردنی ئاوەزو ژیریان دەکرد لەکۆتو زنجیری کۆن، کەپێشینەکانیان بەسەریاندا سەپاندبوون، ڕۆمانتیکەکان دەیانویست خەیاڵو ئەندێشەو سۆزیان ڕزگاربکەن. لەبەر ئەوە جەختیان دەکردەوە لەسەر سۆزو عاتیفەو ڕێزدانان بۆ سەدەکانی ناوەڕاست. ئەوان ئەم سەدانەیان بەڕۆژگاری ڕۆمانتیکیزمو خۆشەویستیو پاڵەوانیەتی دەدایە قەڵەم. ئەم بزوتنەوەیە جوانیو دڵڕفێنیان لە سروشتو کۆسارو دیمەنی سروشتو ژیانی سەرەتایی سادەو ساکار وێنا دەکرد، کە دێهاتیە سەرەتاییەکان تێیدا دەژیان. لەملاشەوە گاڵتەیان دەکرد بە ڕۆژگاری ڕێنسانسو هەموو ئەوانەشی کەبایەخیان بەم ڕۆژگارە دەدا. لەبەرئەوەی ئەوانە ڕۆژگاری ڕێنسانسیان بە گەورە دەگرتو سەدەکانی ناوەڕاستیان بەسوك سەیردەکردو جەختیان دەکردەوە لەسەر کلاسیك. ڕۆمانتیکەکان دەیانویست چاکسازی بکەن لەکۆمەڵگەی نەریت ئامێز. دواتریش خەباتیان دەکرد لەدژی سیستەمی سیاسیو ڕنجو تەقەلایان بۆچاکسازی کردن بوو تێیدا. "جان جاك ڕۆسۆ" لە هەموو ئەمانەدا پێشەوا بووە ورابەری ڕۆمانتیەکیزمی سیاسی بوو، هەروەك چۆن پێشەوای ڕۆمانتیکی وێژەو هەستو سۆز بوو.

لەڕووی هەستو سۆزەوە، ڕۆمانتیکیزم گوزارشت بوو لەشۆڕشی گەنجان دژی پیری، هەروەها کاردانەوەی بیرمەندان بوو لە دژی دابو نەریتە بەربڵاوەکان، لە کۆمەڵگەیەکی ڕۆچوو لە شارستانیەتی ئەم کاتە. لەمەدا شێوەیەك لە گەرمو گوڕی

هەبوو بۆ "فیردەوسی وون لـە مرۆڤـی سروشـتی". هەرچـەندە ئەمانـە باوەڕیـان بـەوە نەبوو کە فیردەوسێك هەبێت، وەلێ ئەوان وێڵی خۆشەویستیو خـەیاڵو خـەونو ئاواتـە دڵبزوێنەکان بوون. ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ شۆڕشی فەرەنسیو ئـەو چەرمەسـەریانەی کە لەگەڵ خۆی هێنانی بەسەر خەڵکدا. لەبەرئەوە ئەم خەڵکانە گومانیان هەبوو لەوەی کە مرۆڤ بەسروشت بەلای چاکەوخێردایە. وولاَتگریەکانی نـاپلیۆن ئـەم هەسـتەی زیـاتر بەرەو ڕاستی برد، سەرەڕای بلاَوبوونەوەی بنەماکانی شۆڕشی فەرەنسی لەڕێگەی ئـەم وولاَت گیریانەوە.

ڕۆمانتیکی بریتی یە لەدیاردەیەکی دەروونیەو دروستدەبێت لـە سـۆزێکی هەڵـچووی خۆراپێچکێنەر لە دەستی کۆتو بەندە داسەپاوەکانو بـێ ئومێدیـەك کـە لـە ئـەنجامی نەمانی متمانە بە ئاوەزی مرۆییو هەوڵدان بۆ زاڵبوون بەسەر ئـەم نائومێدیـەی کەبۆتـە هۆی شکست هێنانی مرۆڤەکە. واتـا: ئاوێتەیەکـە لـەنێوان ئـەم دوو دۆخـە دەروونیـەدا سـەرهەڵدەدا. لەهـەموو ئەمانـەدا ئـەوە ڕوون دەبێتـەوە کـە ڕۆمانتیکیـەکان خـاوەنی مەیلێکی دژیەكو بیرکردنەوەیەکی ناچونیەك بوونو لە گـۆڕانێکی بەردەوامـدابوون لـەم مەیدەئـەوە بۆمەبـدەئێکی تـرو هەرلەشـێوەی سـۆزو دەرونـی دابـوون. زۆرینـەی ڕۆمانتیکەکان کەسانی بیرمەندی سیاسـی واقیعـی نـەبوون، بـەڵکو زۆرینـەیان شـاعیرو ئەدیبو ڕەخنەگر و فەیلەسوفی ڕۆمانتیکی بوون. زۆرینەیان نوسەر بوونو سیاسەتیان پیادەنەدەکرد. بەلاَم لەئەدەبدا بزوتنەوەی ڕۆمانتیکی وەك ناڕەزاییەك لەبەرامبەر ئـەو بنەماو بنچینە ڕەقو بەردینانەی کـە کلاسیکەکان دایـان ڕشـتبوو دەسـتی پێکردبـوو. ڕۆمانتیکەکان حەزیان بە کۆمەڵگـەی شارسـتانی نـەدەکرد ولایـەنگری هـەموو شـتێکی نائەقلاَنیان دەکـردو ئومێـدی ئـەوەیان دەکـرد کـە ئـەو شـتانەی حـەزیان بـۆی هـەبوو لەوولاَتـە دوورە دەسـتەکانو گـەلو نەتـەوە سـەرەتاییەکان بەدەسـتی بێـنن، ئـەم ناوچـانەی کـە شارسـتانیەت گەنـدەڵی نـەکردووە. سـەدەکانی ناوەڕاسـت سەرچـاوەی لێکۆڵیەنەوەکانیان بوو، بەهۆی ئەوەی ئەم ڕۆژگارە پڕبوو لەداستانی خـەیاڵیو شـیعرو فۆلکلۆری میللی. سەدەکانی ناوەڕاست لەلای ئەوان سەردەمێکی زێڕین بوو.

ڕۆمانتیکیەت هەم شۆڕش بوو هەم کۆنپارێزی بوو. ئەوان لەلایەکەوە باوەڕیان هەبوو بە سەروەریی گەلو سەروەری پاشاکانو بەرگری کردن لە نەتەوەو برایەتی مرۆیی. لەلایەکی تریشەوە باوەڕیان هەبوو بەئازادی سیاسیو دیموکراتی ئازاد، کە بنەمایەکی ئاوەزگەریەو دەگونجێ بەهۆی دادگەریو ڕێککەوتن بەدیانبهێنن.

بزوتنەوەی ڕۆمانتیکی بەپلەی یەکەم کاری کردە سەر هونەرو وێژە. بەلاّم کاریگەری ڕۆمانتیکی بەسەر وێژدا زۆر زیاتر بوو، بەتایبەت وێژەی ئینگلیزی. ئەدیبو وێژەوانانی کاریگەر بوون پێی لەکیشوەری ئەوروپا. لەبەرئەوە باسی هەریەکە لەئینگلتراو ئەلّمانیاو فرەنسا دەکەین.

ئینگلترا:-

بزوتنەوەی ڕۆمانتیکی لە ئینگلترا بەڕوونی لە شعرو نوسینەکانی ژمارەیەك لە ئەدیبەکان سەریهەلّدا. ئەو ئەدیبانەی کەسروشتیان خۆش دەویستو گوزارشتیان لە جوانیەکەی دەکرد. شاعیری وەك: "توماس گریو جیمس توسن و، توماس پیرس"و کۆمەلّەیەك لە شاعیرانی ناسراو بە "ئۆسیان". بزوتنەوەیەکی ئەدەبی سەریهەلّدا کە هزروبیرو سۆزی لە مرۆڤی سادەو جوتیاری ئاسایی و سروشتی جوانو جوامێری وەردەگرت. ئەو جوامێریەی کەمرۆڤی سەرەتایی لێی بەهرەمەند بوو. هەموو ئەمانەش لە شیعرەکانی "توماس گری" هەستی پێدەکریت.

لەکۆتایی سەدەی هەژدەو سەرەتای سەدەی نۆزدە ڕۆمانتیکیەت لە ئینگلتراو تەواوی کیشوەری ئەوروپا بلاّوبوویەوە. "کولیریدج" کە یەکێ بوو لەشاعیرەکان دەروونی پڕجۆشو خرۆشی لە شیعرەکاندا دەردەبڕی. بەهەمانچەشن ولیەم وردسورس بەپیاهەلّدانێکی سۆزدارانە بەسروشت هەلّدەدات، ئەمەشی لە شیعرەکاندا دەردەکەوێ. بەلاّم بەناوبانگترین شاعیرانی ڕۆمانتیکی بریتین لە: "بایرین، شیلی،جۆن کیش". شیعرەکانی "جۆن کیش" ڕۆمانتیکی بوون، سەرەڕای کلاسیکیەکەی

بەتایبەت لەکۆمەڵە شیعرەکەی. جگە لە "جۆن کیش، شیلی" مەزنترین شاعیری ڕۆمانتیکی ئینگلیز بوو، شیعرەکانی شۆڕش ئاسابوون‌و جیادەکرێتەوە بە سترانی سۆزداری لە پێناوی ئازادی دژی یاخی بون‌و ستەمکاری.

ژمارەیەك لە نووسەرە ڕۆمانتیکەکان بەدیارکەوتن، وەك "لترسکوت" کە لە ساڵی (1814) دەستی لە شیعر هەڵگرت‌و دەستیکرد بەنوسینی گێڕانەوە مێژوویەکان‌و چیرۆکی دێرین کە گوزارشتیان دەکرد لە ژیانێکی ئەویندارى‌و سواری سەدەکانی ناوەڕاست. ئەمەش لە چیرۆکەکانی "کۆنتن، دروارد،و ئایڤنهۆ" دەردەکەوێ. هەروەها "جیمس کۆپەر" باس لەسەر کێشە دەریایەکان دەکات، لە نوسینەکانی "پایونیریس‌و پایلۆت".

ئەمەو جگەلە نوسین لەبارەی ژیانی هیندیە سورەکان‌و سەرکێشە ئەمریکیەکان. ئەم کتێبانە ورگێڕدرانە سەر زمانە ئەوروپیەکان‌و بەوپەڕی شەیدایی وخۆشیەوە لەماوەی سەدەی نۆزدەدا دەخوێندرانەوە.

ڕۆمانتیکیەتی ئەڵمانی:-

بیری ڕۆمانتیکی لە ئەڵمانیا وەکو شۆڕشێك سەریهەڵدا لە دژی زمانی فەرەنسی لەسەدەی هەژدەدا وە لەدژی کاریگەری کلاسیکی کە قوتابخانەی فەرەنسی نوێنەرایەتی دەکرد. شیاوی باسە زمانی فەرەنسی لە ئەڵمانیا باوبوو، هەربۆیە ڕۆمانتیکیەت بووبە شۆڕش‌و لەدژی وەستا. ڕۆمانتیکەکان ڕوویان کردە ئینگلترا وەك سەرچاوەیەك بۆ ئیلهامیان. ئیدی "شکسپیر و، ملتن" کۆمەڵە شیعری "ئوسیان" موتالا کرد. "کلوستیك" (1724-1803) هەستا بەڕێکخستنی داستانە شیعر، کە جۆن ملتن لە "فیردەوسی وون بوو" لاسایی کردەوە. هەروەك نوسەری ئەڵمانی "لیسنیگ" کە بەناوبانگ بوو بەبیری کلاسیکی کەوتە ژێرکاریگەری بزوتنەوەی ڕۆمانتیکی ئینگلیزی. وە لە نوسینەکانی مینافون برنهلم (1767)و ئامیلیا گاتی

(1772) دەرگای خستەسەر پشت لەبەردەم شوێنکەوتوانی بۆ بزوتنەوەی ڕۆمانتیکی نەتەوەیی ئەڵمانی.

هێردەر 1744-1803:-

گۆتە 1749-1832. شیلر.

هەرچەندە هێردەر پێشەوای ڕاستەقینەی بزوتنەوەی ڕۆمانتیکی ئەڵمانیە کە کۆمەڵەی شیعری "ئوسیان"ی بەتەواوی لەبەرکرد، وەلێ هێردەر سەرسام بووبە ڕۆسۆ. هێردەر لە خۆیدا سادەژینیو مرۆگەریەتی کۆکردبویەوەو تێکەڵی کردبوو لەگەڵ هەستی خۆشەویستی بۆ فۆلکلۆری میللیو ئەدەبی میللیو دابو نەریتی میللی. هێردەر شعرو گۆرانی فۆلکلۆری میللی کۆنی لە ساڵی 1778 بلاَوکردەوەو کاریگەری لەسەر شیلرو گۆتە دروستکرد.

"ژانی ڤێرتر"و هەندێ کتێبی تری گۆتە ڕۆمانتیکیی ساف بوون. گۆتە بەکتێبی "فاوست" گەیشتە لوتکەی ناوبانگ. "فاوست" دادەنرێ بەمەزنترین کتێب لە ئەدەبی خۆرئاوای نوێ.

جگەلە گۆتە، شیلر بەهەمانشێوە ڕۆمانتیکی بوو، وە لە کتێبی "دز" دا بەتەواوی ڕۆمانتکیەتی خۆی دەرخست بوو. بەلاَم ئەمانە هەر بە کلاسیکی دەیاننوسی. بۆ نمونە "گۆتە" کاتی لە ئیتاڵیا مایەوە گەڕایەوە سەر ئیغریقی کۆنو کتێبە کلاسیکیەکەی "ئیخینج ئوف ئورس"ی لەساڵی 1787 بلاَوکردەوە. بەهەمانچەشن شیلر کتێبی "دون کارلوس"ی لەسەر شێوازی کلاسیکی نوسی.

هەروەها هەردوو شاعیری ئەڵمانی (هاین)و (ئولاند) لە بەناوبانگترین شاعیرە ڕۆمانتیکیەکان بوو، لەوانە بوون کە شعری گۆرانیو داستانی میللی یان دادەنا. ئولاند هۆنراوەی نیشتیمانی ئەفسانەی سەدەکانی ناوەڕاستو داستانی میللی سەدە زۆر کۆنەکانی بلاَوکردەوە.

فەرەنسا:-

"شاتوو بریانی" لە فەرەنسادا کتێبێکی ڕۆمانتیکی لەبارەی باسی سروشتو هیندیە سورەکانی ئەمریکا نوسی. هەروەها (مادام دی ستایل) کچی نیکەری وەزیری دارایی لۆیسی شازدە چەند چیرۆکێکی ڕۆمانتیکی هەست بزوێنی نووسی وەك (دیل مینین)1802، ڕین 1807. ئەم دوو کتێبانە ناوبانگێکی بەرفراوانی لەسەردەمی خۆیدا پەیداکرد. (مادام دی ستایل) ماوەیەکی زۆر لەتەمەنی لەتاراوگە بەسەر برد. ڕۆمانتیکیەت لە فەرسادا بلاوبۆوەو تەنها لەدوای سەردەمی (مەتەرنیخ)دانەبێ. کلاسیکیزم لەئەدەبدا بەشێوەیەکی گشتی بەسەر ئەدەبدا سێبەری دەکرد،(ڤۆلتێر) کلاسیکیەکەی زۆر کاریگەر بوو لەفەرەنسادا. هەروا ئاسان نەبوو کلاسیکیەتی ڕگو ڕیشەدار لە ئەدەبی فەرەنسی ئەوروپا بگۆڕدرێ. هەرچەندە ڕۆسۆ ئەو کەسە بوو کە بزوتنەوەی ڕۆمانتیکیەتی لە ئەوروپادا بەدی هێنا، وەلێ بزوتنەوەی هزری کلاسیکی تا ماوەیەکی درێژ مایەوە

مۆسیقای کلاسیکی و ڕۆمانتیکی

لەهەردوو سەدەی حەڤدەو هەژدە

ئیتالیا:-

ئیتالیا وەکو ناوەندێکی مۆیسقی ئەوروپا لەسەدەی حەڤدەدامایەوەو ناوبانگی دەرکرد بە ئۆپراو مۆسیقای بەکاردەهێنا بە شێوازێکی دراماتیکی هەست بزوێن بەتایبەت لە بواری مەرگەسات(الماسات) لەسەر تەرزی کلاسیکیەت.

بەناوبانگ ترین ژەنیاری مۆسیقای ئۆپرای کلاسیکی تراژیدیا "کلۆدیو مونتیڤیدی" (1568-1643)بوو. کە توانی ئۆپرای ئۆرفیس ئاریانا لە سەدەی حەڤدە لە ڤینیسیا بژەنێو ئەم جۆرە ئاوازە وەباربێنێ. ئیدی بەدوای ئەوە ئۆپرا لەئیتالیا

بلاوبوویەوەو تاوەکو سالی 1700 نزیکەی (350) ئۆپرا بەرهەم هات. هەروەها لەهەریەکە لەناپولیو پۆلۆنیاو ڕۆما، ئۆپرا سەریهەلداو لەکۆتایی سەدەی حەڤدە ئۆپرا لەناپولی پەیدا بوو. "ئیسەندەر سکالاتی" (1659-1725) بەناوبانگترین ژەنیارو دانەری مۆسیقی بوو، کە توانی مۆسیقای جیاجیا بچڕێ، سەرەڕای چەندین مۆسیقای گۆرانیو ئاینی.

فەرەنساو ئینگلتراو ئەلمانیا:-

مۆسیقا لەئیتالیاوە گوازرایەوە فەرەنساو ئینگلتراو ئەلمانیا. لولی (1632-1687) کە ژەنیارێکی فلۆرەنسی بوو زوو کۆچی کرد بۆ پاریسو لەوێدا لەگەل مۆلێر ڕێککەوت و توانی سۆزو سەرنجی لویسی چواردە ڕابکێشێ. ئەم ئۆپرا کلاسیکەکانو ئەوانی تریشی دەچڕین، بوو بەنموونەیەك لە دەربارەی لویسی چواردەو لاسایی دەکرایەوە. هەروەها هنری پارسیل (1659-1695) لەسەردەمی چارلسی دووەمو جیمسی دووەم لە "ویستمنسر" دا- مۆسیقای دەژەنیو توانی ئۆپرای "دیدۆ ئیناس" دابنێ. هەروەك لەسالی 1686 سەنتەری ئۆپرای ئینگلیزی دامەزراند.

لەئەلمانیاش یەکەم کەس کەئۆپرای نوسی یەوە، "جۆرج فردریك هاندل" (1685-1759)بوو. هاندل کۆچی کردە ئیتالیاو سێ سال لەوێ مایەوەو بووبە مۆسیقاژەنی بنەمالەی میدیتچی لە فلۆرەنسا، دواتر گەڕایەوە هانۆڤەری ئەلمانیا. "هاندل" بۆ شانۆو دەربارەی پادشاییو جیهان، مۆسیقایەکی کلاسیکی نوسی کە لەوپەڕی خۆشی دابوو. ئەم ژەنیارە بەناوبانگە لەسالی 1795 کۆچی دوایی کردو لەگەل گەورەو خاوەن ناوەکان لە"ویستمنسرئەبی"دا- بەخاك سپێردرا.

باخ:-

"کەمان" لەئیتالیا زیاتر بەرەو پێشەوە چوو، لەفەرەنساش پیانۆ زیاتر پەرەی سەند. دوو بنەمالەی ئیتالی "ئاماتی- ستراديڤاری" بەدروستکردنی کەمان لەکۆتایی

سەدەی حەڤدە ناوبانگیان دەرکرد. لە سەرەتای سەدەی هەژدە یەکێ لەمەزنترین ژەنیاری مۆسیقاو ئەرگۆنی لە تەرزی یەکەم سەریهەڵدا. ئەم ژەنیارە مەزنەش "یوهان سیباستیان باخ" (1685–1750) بوو. "باخ" لە خانەوادەیەکی ئەڵمانی مۆسیقاژەن لە دایکبوو. ئەم وەك کەسێکی خاکیو خۆبەکەم زان پێگەییو بوو بە باوکی بیست منداڵ.

"باخ" زۆربەی مۆسیقاو ئاوازەکانی ئاینی بوون، لەبەرئەوە زۆر بەناوبانگ نەبوو لەسەردەمەکەیدا، چونکە خەڵکی ڕۆژگاری ڕۆشنگەری حەزیان بەم جۆرە ئاوازە نەدەکرد، هەربۆیە خەڵکی ڕووی کردە مۆسیقاکانی هاندل. بەڵام باخ بێ ڕێزو بێ بایەخ نەمایەوە، بەڵکو جیلەکانی دواتر بەبایەخەوە ڕێزی مۆسیقاکانی ئەویان دەگرت.

هایدن (1732-1809):-

هایدن مۆسیقاژەنێکی کرواتی بوو، لە خزمەتی بنەماڵەیەکی ئەرستۆکراتی مەجەڕی بوو، کە مۆیسقای بۆ دەژەنین. سەرەڕای هەندێ گەشتکردنی بۆ ئینگلتراو ڤیننا، کە ماوەیەکی کورتی خایاند، بەڵام لە ڤیننا لە دنیا دەرچوو.

"هایدن" جگە لە دانانی سوناتاو کونسێرتو ئۆپرا، سیمفۆنایەکی زۆری لەسەر شێوازی کلاسیکی دانا. بەڵام لە کۆتاییەکانی ژیانی ڕووی کردە ڕۆمانتیکی لە مۆسیقا.

موتسارت (1756-1791):-

موتستارت دادەنرێ بەمەزنترین مۆسیقاژەنو دانەری ئاوازی مۆیسقی لەسەدەی هەژدە. ئەو نەك هەرخۆی، تەنانەت خانەوادەکەشی بەمۆسیقا بەناوبانگ بوون. "موتستارت" تەمەنی کورتی خۆی لەخزمەتی مۆسیقادا بردەسەر. ئەو هەر لەتەمەنی هەژدە ساڵی دوو سەد پارچە مۆیسقای دانابوو، کاتێکیش گەیشتە تەمەنی (35)ساڵی (600)جۆر لە ئاوازی مۆسیقی لە سیمفۆنیاو تونسیرتوو سوناتو کورتین،.....هتد لە ئۆپرای جیهانی داهێنا.

ئاوازەکـانی لەوپـەڕی خۆشـیو جـوانی دابـوون کـە هەسـتی دەبزوانـدو دڵانـی دەخرۆشاند. لە قـوڵایی خـەیاڵ دابـوو سـەرنجی زۆری بـۆلای خـۆی کـێش دەکـردو لـە هەموویاندا بلیمەتی موستارتی دەگەیاند. تەنانەت مۆسیقای سەدەی حەڤـدەو هـەژدە لە موتستارتدا ڕەنگـی دایـەوەو لـە ئـەودا هونەرەکـەی گەیـشتە لوتکـە. بلیمـەتی ئـەو لەوەدابوو کە ئاوازەکـانی تـەنها لـە ڕابـردوودا هەڵنـەدێنجا، بـەڵکو موتـستارت خۆیـشی نوێکەرەوەو داهێنـەر بوو بۆ داهاتوو. بەم شێوە ژیانی لە خزمەت مۆسیقادا بەسەر بـرد تا لەنەمساو بەهەژاری کۆچی دوایی کرد.

بیت هۆڤن (1770-1827):-

لود ڤیـك ڤـان بیـت هـۆڤن، یەکێکـە لـە گـەورەترین مۆسـیقاژەنانو دانـەری ئـاوازی مۆسـیقی لەمێـژوودا. بیـت هـۆڤن لـە خانەوادەیـەکی باشـوری زەوییـە نزمـەکان کـە بەناوبانگ بوون بـە ژەنینـی مۆسـیقا لـە دایـك بـووە. دواتـر کۆچـی کـرد بـۆ ئـەڵمانیاو زۆربەی ژیانی خۆی لە ڤێننادا بەسەر بردو کۆششی خۆی چڕکردەوە بۆ دانانی ئاواز.

"مۆتـستارت"ی- مۆسـیقاژەن زۆر کاریگـەری بەسـەرداهەبوو، بەشـێوەیەك پێـی سەرسام بوو کە بەردەوام بوو لەدانانی ئاوازی کلاسیکی. بـەڵام شـێوازێکی ڕۆمـانتیکی تایبەتی داهێناو بە هونـەر تیـادا نوانـدنی شـێوازێکی ڕۆمـانتیکی تـەواوی لێ دەرچـوو. سیمفۆنیای پێنجەمی کەلە ساڵی(1806) داهێنا، گوزارشتبوو لە نەتەوایـەتی ئـەڵمانیا کەتازە ژیلەمۆکەی دادەگیرسا.

سیمفۆنیای حەوتەمی بەبۆنەی کۆتای هاتنی دیکتاتۆریەتی ناپلیۆن بـوو لـە سـاڵی (1814). وە لە ساڵی (1824) سیمفۆنیای نۆیەمی چڕی کەلە لوتکەی مۆسیقاژەنین دابوو. جگەلەمە "بیـت هـۆڤن" ژمارەیـەك لـە کونـسیرتۆو سـوناتاوی داهێنـا کـە هـیچ یەکێك لە مۆسیقاژەنان نەیان دەتوانی شان لەشانی بدەن.

شوبرت ،ویبرو موندلسن:-

لەگەڵ ئەوەی مۆسیقای ڕۆماتیکی بەهۆی بیت هۆڤن گەیشتە لوتکەی جوانیو هەست بزوێنی، وەلێ ژمارەیەك ژەنیارانی هاوچەرخی بیت هۆڤن هۆکارێك بوون بۆ بلاّبوونەوەی مۆسیقای ڕۆمانتیکی.

"کارل ماریا ڤون ویبەر" (1786-1826) ئاوازێکی نیشتیمانی داهێنا لەمەڕ جەنگو سەرکەوتن هەروەها ئۆپرایەکی داهێنا بە بۆنەی کەرنەڤاڵی ساڵانەی جەنگی واترلۆ. هەروەك فرانز شوبرت کە خەڵکی شاری ڤیێننا بوو، سەرسام بوو بەشکسپیرو لۆرد باین، ئاوازێکی مۆسیقای دەچڕی کە لە چڵەپۆپەی چێژو جوانیو هەست بزوێنی دا بوو گوزارشتێکی تەواوبوو لە ڕۆمانتیکیەتی بەربلاّوی ئەوسا. بەهەمانشێوە "فلیکس موندلسن" پارچەیەکی ئاوازی داهێنا وەك دەروازەیەك بۆ گێڕانەوەکەی شکسپیرلە "خەوێك لەنیوە شەوی هاوین دا".

بزوتنەوەی ڕۆمانتیکی وەکو کاردانەیەك لەدژی کلاسیکیەتی بەربلاّوی ئەوروپا سەریهەڵدا. زۆرێك لە بیریارانی فەلسەفەی ئاوەزگەریو ڕۆشنگەری بێ ئومێد بوون بەهۆی بینینی ئەو کارەساتو مەرگەساتانەی کە شۆڕشی فەرەنساو ڕۆژگاری تۆقاندنو جەنگەکانی ناپلیۆن بەسەر خەڵکیاندا هێنا. وایان لێهاتبوو کە باوەڕبوونیان بە پێشکەوتنو ئاوەز لەڕابردوودا شتێکی ، بەڵکو گەیشتنە ئەو باوەڕەی کە مرۆڤ تەنها بەئاوەز بەڕێوە ناچێ بەڵکو سۆزو عاتیفەش ڕۆڵی گرنگ دەگێڕێ لە هەڵسو کەوتی مرۆڤ دا. ئەمەش ئەو کەمو کوڕییەبوو کەلە ڕۆژگاری ئاوەزو ڕۆشنگەری پەیدابوو. هەندێ لەبیرمەندان لەشانو شکۆی فەلسەفەی ئاوەزگەری یان کەم کردەوەو ووتیان: ئەو بەرەو پێش چوونە زانستیو هزرییە نەبووە هۆی لەناوبردنی نەزانیو وەنەشبووە هۆی بەدی هێنانی خۆشبەختی مرۆڤ کەدەمێکە چاوەڕێیە، بەڵکو بووە هۆی پەیدابوونی جەنگو توندو تیژیو تۆقاندن، لەبەر ئەوە ڕۆمانتیکەکان زۆر زیاتر لەعەقڵ جەختیان لەسەر سۆز دەکردەوە.

جوانی سروشتو شکۆی شاخو دۆڵو چڕی دارستانو خوڕەی ڕووبارو مەندی دەریاکان بوون بە سەرچاوەی ئیلهامیان. هەندێ لەفەیلەسوفانی ئەڵمانی بەتایبەت (فیختە–هێگڵ) کاریگەری گەورەیان هەبوو لەسەر بەهێزکردنی بزوتنەوەی ڕۆمانتیکی، وەکاریان کردە سەر خرۆشاندنی نەتەوایەتی ئەڵمانیو ڕزگارکردنی نیشتیمانی ئەڵمانیا لەدەسەڵاتی ناپلیۆن. تەنانەت هیگڵ جەختی لەسەر گیانی نەتەوەییو هەژاندنی هەستی نەتەوایەتی ئەڵمانی دەکردەوە. سەرهەڵدانی نەتەوایەتیو بڵاوبوونەوەی ئەم هەستە کاریگەری هەبوو لەسەر بەهێزبوونی ڕۆمانتیکی. شۆڕشی فەرەنسیو جەنگەکانی ناپلیۆن بوونە هۆی بڵاوبوونەوەی بزوتنەوە نەتەوایەتیەکان لە خرۆشاندنی هەستی نەتەوایەتی لە (ئەڵمانیا–ئیسپانیا–فەرەنسا–ئیتاڵیا–سربیا–یۆنان–پۆڵندا–فنلندا–نەرویج) ئیدی بەشانو شکۆی نەتەوەکانیان هەڵدەداو لەتۆمارە مێژووەکانی خۆیان دەگەڕان بۆ زانینی پاڵەوانەکانیانو ئەو ڕۆڵەی کە نەتەوەکانیان گێڕاویانە لەسەر شانۆی مێژوو. بەهۆی ئەوانەوە مێژووی نەتەوەیی سەریهەڵداو کاریگەری دروستکرد لەسەر بڵاوبوونەوەی ڕۆمانتیکی.

ناوەڕۆك

بابەت	لاپەڕە
پێشەكی وەرگێڕ	5
پێشەكی نوسەر	7
بەشی یەكەم	9
ئایدیاو سیستەمە سیاسیەكانی ئەوروپا لە سەدەی شازدە	9
سەرەتایەك	10
ئیمپراتۆریەتی رۆمانی پیرۆز:-	11
ئەڵمانیا لەسەردەمی ئیمپراتۆر ماكسیمیلیان:-	23
ناپۆلی:-	28
هەرێمە پاپەویەكان:-	28
شارەكانی ئیتاڵیا:-	30
دۆقیەی میلانۆ:-	30
فلۆرەنسا:-	31
ڤینیسیا:-	35
جەنەوا:-	37
ساڤوی:-	37
زەویە نزمەكان:-	38
حكومەتە نەتەوەییە نوییەكان	41
ئینگلتەرا:-	47
سكۆتلەندا:-	51
پەرلەمانی ئینگلیز:-	52
فەرەنسا:-	54
ئیسپانیا:-	64
سیاسەتی دەرەكی فردیناند:-	76
پرتوگال:-	80
سویدو نەرویج ودانیمارك:-	80
بۆهیمیا:-	81
هەنگاریا:-	82

پۆڵەنداو لیتوانیا:- 83
میرنشینی مۆسکۆو ڕوسیا:- 84
دەرکەوتنی نیشتمانپەروەریو نەتەوایەتی:- 85
وێــــژەی نەتەوەیـــی:- 87
بەشی دووەم 91
پێشکەوتنی هـزرو ڕێنیسانس "بوژانەوە"ی ئەوروپی 91
پێشکەوتنی هزرو ڕێنیسانس (بوژانەوە)ی ئەوروپی: 92
کاریگەری موسڵمانانو ئیسلام لەسەر بوژانەوەی ئەوروپا:- 93
داهێنانی چـاپ:- 95
کـاغـەز(پـەڕە): 95
چــــاپ :- 96
بڵاوبوونەوەی چاپگەری:- 97
دەرە نجامی دۆزینەوەی چاپ: 98
زیندوو کردنەوەی شارستانیەتی کلاسیکی:- 99
کەلە پور(سامان)ی کلاسیکی:- 99
بڵاوبوونەوەی کلاسیك:- 104
بزوتنەوەی مرۆگەری(هیومانسی):- 105
بڵاوبوونەوەی ڕۆشنبیر (سەقافە)ی نوێ:- 107
گـرنـگـی ڕۆشـنـبـیـری نـوێ:- 109
جەختکردنەوە لەسەر خودگەری، تاك (الفردانية):- 110
کاریگەری کلاسیك بەسەر ئاینی مەسیحی:- 112
بەناو بانگترین پیاوانی فێرکاری نوێ:- 113
هونەر لە ڕۆژگاری ڕێنیسانس:- 116
کلاسیكو هونەر:- 116
بیناســازی:- 117
داتاشینو پەیکەرتاشی:- (نحت ، تماپیل) 118
تابلۆو نیگارکێشان:- 119
مۆســــیقا:- 124
وێــــژەی نەتەوەیـــــی 125
داستانو دراما:- 129
بەراوردێك لە نێوان سێرڤانتسو شکسپیر:- 132

پێشکەوتنی زانستی 135
ئەستێرە ناسی :- 135
بیرکاری:- 140
میکانیك و فیزیا :- 141
کانزاکاری(تعدين):- 142
پزیشکی :- 143
ڕووەك ناسی وگیانەوەرناسی "حيوان" :- 146
زانستە کۆمەڵاتیەکان :- 147
جوگرافی : 147
فەلسەفەی نوێ :- 148
پاشماوەی سیحرو خورافات :- 151
بەشی سێیەم 153
پێشڤەچونی ئابوری و دۆزینەوە جوگرافیەکان 153
کۆمەڵگای ئەوروپی لە دەوروبەری ساڵی (1500) ز:- 154
ئابوری دێهات :- 155
پیشەسازی و بازرگانی :- 161
سەندیکاکان : 163
ئەرکی سەنیکاکان : 163
سەندیکاکان بە گشتی دوو جۆر بوون :- 165
لەناوچونی سەندیکاکانی بازرگان و پیشەسازان :- 167
شۆڕشی بازرگانی :- 169
ڕێگە بازرگانیەکان :- 169
کۆمەڵەی هنسی :- 171
سەرهەڵدانی دراوو بانك و سەرەتای سەرمایەداری :- 173
بازرگانی نێوان ئەوروپا و ئاسیا :- 174
دۆزینەوە جوگرافیەکان 177
هۆکاری دۆزینەوە جوگرافیەکان :- 177
دۆزینەوەکانی پرتوگال : 181
دۆزینەوەی ئیسپانیەکان :- 185
ئیمپراتۆرە داگیرکارەکان 191
ئیمپراتۆریەتی بازرگانی پرتوگال :- 192

ئیمپراتۆریەتی ئیسپانیا:- 195
دۆزینەوەی پیرۆ:- 197
سەرهەڵدانی سەرمایەداری نوێ 199
بازرگانی ئیتاڵیا وبنەماڵەی میدیتچی:- 202
سەرمایەداری و پەرەسەندنی ئەوروپا:- 203
سەرهەڵدانی سەرمایەداری لە ئیسپانیاو پرتوگال:- 206
بنەماڵەی ڤیگوری سەرمایەداری:- 208
بایەخی ئەنتۆریب 208
کاریگەری سەمایەدای لەسەر کشتوکاڵو پیشەسازی:- 211
ڕێباز"مەزهەب"ی بازرگانی:- 213
کاریگەری سەرمایەداری لەسەر کۆمەڵگەی ئەوروپی:- 216
بەشی چوارەم 219
شۆڕش و چاکسازی ئاینی 219
شۆڕشی ئاینی و چاکسازی نێو ئاین:- 220
کڵێسای کاسۆلیکی لە سەدەکانی ناوەڕاست 222
هەوڵەکانی کۆتکردنی دەسەلاتی پاپا:- 224
دەسەلاتەکانی پاپا:- 225
پەیامی کڵێسای مەسیحی:- 226
گەندەڵیەکانی کڵێسا 230
بەرهەڵستکاریە ئاینیەکانی پێش لۆسەر:- 234
زوینگلیو کالڤن لە سویسڕا:- 251
سەرهەڵدانی پرۆتستانتیزمی توندڕەو"پەڕگیر":- 268
گرنگی کڵێسای پرۆتستانتی دەمارگیر:- 272
ئەنجومەنی تەرنت و چاکسازی کردن لەنێو کڵێسای کاسۆلیکی"1545-1563" 273
بزوتنەوەی یەسوعی:- 276
ئاکامەکانی شۆڕشی ئاینی 278
کاریگەری شۆڕشی ئاینی لەسەرئاکارو ڕەوشت و بنبڕکردنی جادوگەریو وە درەنگ خستنی فێرکاری:- 285
کاریگەری شۆڕشی ئاینی بەسەر دەوڵەت وکۆمەڵگە:- 288
بەش (پشك)ی جوتیاران:- 292
ئاراستەگرتن ڕووەو عەلمانیەت "لائیکی":- 293
بەشی پێنجەم 295

بارودۆخی سیاسی لەسەدەی شازدە سەردەمی ئیمپراتۆرچارلسی پێنجەم 1558-1519 295
هەڵبژاردنی چارلسی ئیمپراتۆر:- 296
گیروگرفتە کارگێریەکان:- 300
گیروگرفتەکانی چارلس لە ئەڵمانیا:- 302
چارلس و سوارەکان :- 304
شۆڕشی جوتیاران:- 1525ز 307
جەنگەکانی چارلسی پێنجەم:- 309
جەنگی نێوان ئیمپراتۆر چارلسی پێنجەم و فرانسوای یەکەمی پاشای فەرەنسا........................ 309
تالآنکردنی ڕۆما:- 314
چارلسی پێنجەم و دەوڵەتی عوسمانی:- 316
ئیسپانیا لە ڕۆژگاری چارلسی پێنجەم:- 319
کۆتایی چارلسی پێنجەم:- 322
ئینگلترای ڕۆژگاری هنری هەشتەم 1527-1509 323
ئیسپانیای ڕۆژگاری فیلپی دووەم 1598-1558 326
ئاکارەکانی فیلپ و گیروگرفتەکان:- 326
سیاسەتی فیلپی دووەم:- 329
چەوساندنەوەی مۆریسکۆس و ڕاوەدونانیان لەئیسپانیا :- 332
شۆڕشی زەویە نزمەکان:- 335
هەڵبژاردنی ولیەم ئۆرنج بەڕێبەری شۆڕش :- 342
ئینگلترای ڕۆژگاری شاژنە ئیلیزابێس "1603-1558" 349
ماری ستیورات:- 350
جەنگی ئارامادا 1588 :- 359
فەرەنسای ڕۆژگاری جەنگ و کوشتارە ئاینیەکان 1598-1558 361
بەشی شەشەم 369
ئەوروپا لەسەدەی حەڤدە 370
ئەوروپا لە دوای ساڵی 1600 :- 370
کۆمەڵگەی ئەوروپا لەسەدەی حەڤدە 371
دەسەلاتی ڕەها و مافی خودایی پاشاکان:- 371
ڕۆڵی سوپا لەسەر چارەنوسی دەوڵەت:- 372
گەشەسەندنی چینی بۆرجوازی:- 374
قورسی باجەکان لەسەر خەڵك بەگشتی:- 375

نەبوونی هێزی گەل بۆ گۆڕانکاری:- 376
فراوان بونی (کەلەبەر) نێوانی دەوڵەمەندو هەژار:- 378
ئیمپراتۆریەتی ڕۆمانی پیرۆزو جەنگی سی ساڵە 379
شۆڕشی بۆهیمیا:- 381
خزینی دانیمارك بۆ ناو جەنگی سی ساڵە: 1625-1629:- 384
فەرمان(مەرسوم)ی گێڕانەوە 1629:- 386
سوید دەچێتە ناو جەنگی سی ساڵە 1630-1635:- 387
خۆ خزاندنی فەرەنسا بۆ ناو جەنگی سی ساڵە 1635-1648:- 390
پەیمانبەستی ویستڤالیا 1648:- 392
ئاکامەکانی جەنگی سی ساڵە:- 394
سەرهەڵدانی نوێنەرایەتی دیبلۆماسی لە پەیوەندی نێودەوڵەتی:- 394
سەرهەڵدانی یاسای نێو دەوڵەتی:- 395
سەرهەڵدانی بنەمای هاوسەنگی نێودەوڵەتی:- 397
نوشستیو داڕوخانی ئیسپانیا لەسەدەی حەڤدە:- 400
بەشی حەوتەم 405
فەڕەنسا لەسەدەی حەڤدە (1589- 1715) 405
ڕۆژگاری مەزن بوونی فەرەنسا 406
بنەماڵەی بۆربۆن و پادشایەتی ڕەها:- 406
هنری چوارەم، یەکەم پاشای 407
بنەماڵەی بۆربۆن(1589-1610) 407
چاکسازییەکانی سۆلی:- 409
شاژنە ماری میدتچی:- 411
لۆیسی سـێزدە 413
کاردینالْ ڕیشیلیۆ 1585-1642:- 413
سیاسەتی ڕیشیلۆ:- 414
سەرکزکردنی پرۆتستانت یا "هیگۆنۆت":- 414
تێکشکاندنی خانەدانەکان:- 415
بەناوەندی کردنی کارگێڕی ولات:- 416
ڕۆژگاری لۆیسی چوارده 418
لـۆیـسی چوارده 420
چەوساندنەوەی پرۆتستانتەکان:- 428

ناكۆكی لەگەڵ پاپاو لەناوبردنی جانسینیەكان:-.......... 429
سیاسەتی دەرەوەی لـــۆیــس:-.......... 432
جەنگەكانی لۆیسی چواردە:-.......... 433
پەیمانبەستی ئەتریخت 1713.......... 443
كۆتایی لۆیسی چواردە:-.......... 444
بەشی هەشتەم.......... 445
ئینگلتەرالەسەدەی حەڤدە_سەردەمی بنەماڵەی ستیوارت (1603 -1714).......... 446
جــیمسی یەكـــەم_(1603 -1625).......... 447
تیۆری مافی خودایی:-.......... 448
ململانێی پادشاو پەرلەمان:-.......... 449
سەرهەڵدانی پیۆریتانە توندڕەوەكان لە پەرلەمان:-.......... 450
دەست وەردانی جیمس لەهەڵبژاردن:-.......... 452
ئەنجامی كارەكانی پەرلەمانی یەكەم:-.......... 453
سیاسەتی دەرەوەی جیمس:-.......... 455
پادشا چارلسی یەكەم.......... 460
دەسەلاتی تاكرەوی 1629-1640:-.......... 466
شۆڕشی سكۆتلەندە (1638):-.......... 469
جەنگی ناوخۆیی و شۆڕشی ئینگلیزی 1644-1649.......... 470
پەرلەمانی درێژخایەن:-.......... 470
چاكسازیەكانی پەرلەمان:-.......... 471
جەنگی ناوخۆیی:-.......... 475
شۆڕشی دووەمی ئینگلیزی (1647-1649).......... 481
لەداردانی چارلسی یەكەم:-.......... 484
دیكتاتۆریەتی سەربازی ئۆلیڤەر كرۆمۆویل 1649-1658.......... 485
كرۆمۆویل دەبێتە چاودێری باڵای دەوڵەت (1653 -1658):-.......... 486
جیمس ی دووەم 1685-1688 :-.......... 493
شۆڕی جەلیلە(1689).......... 495
یاسای مافەكان 1689 :-.......... 495
سەرهەڵدانی پارتە سیاسیەكان لە ئینگلتەرا.......... 497
پەیدابوونی وەزارەت (كابینە).......... 498
بەشی نۆیەم.......... 501

سەرهەڵدانی ئیمپراتۆریەتی ڕوسیا 502
ئیڤانی تۆقێنەر:- 502
بوریس گۆدۆنۆڤ:- 503
جەنگی ناوخـۆ:- 504
میخائیل ڕۆمانۆف:- 506
فراوان خوازیەکانی ڕوسیا:- 507
شۆڕشە نێوخۆییەکان :- 508
ناکۆکی بنەماڵەی پاشایی:- 509
پترسی گەورە (1689-1725) 511
سوید لەسەدەی حەڤدە:- 516
چارلسی دوانزە پاشای سوید و جەنگی باکور:- 517
پە یمانی ستکۆهۆلم ونیستاد 520
بەشی دەیەم 521
کۆمەڵگەی ئەوروپی لەسەدەی هەژدە 522
خانەدانان:- 522
پیاوانی ئایینی:- 523
جوتیاران (کشتاکار):- 524
بارودۆخی کۆمەلایەتی لە شارەکاندا:- 525
پیشەسازی و بازرگانی:- 527
گەشەسەندنی بۆرژوازی:- 527
خواستی چاکسازی:- 528
فەرەنسا لەسەردەمی لۆیسی پازدە 529
کردینالْ فلۆری:- 530
داڕوخانی فەرەنسا لە سەردەمی لۆیسی پازدە:- 531
ئیمپراتوری نەمسا و سەرهەڵدانی پروسیا:- 532
پروســیا:- 533
"فردریك ولیەم"، ناسراو بە هەڵبژێرداوی گەورە:- 533
سەرهەڵدانی پاشایەتی لە پروسیا:- 534
فردریك ولیەمی یەکەم1713-1740:- 535
پادشا فردریکی دووەم "فردریکی گەورە"1740-1786:- 535
فردریکی خۆسە پێنی دادگەر:- 536

ئیمپراتورە "ماریا تریزا" ئیمپراتورەی نەمسا :- 538
جەنگەکانی فردریك :- 540
روسیا لە ڕۆژگاری کاترینای دووەم 544
ئینگلترا لە سەردەمی بنەماڵەی هانۆڤەر 551
سێر ڕۆبەرت وەلپۆل، یەکەم سەرۆك وەزیرانی ئینگلیز 1721-1742 : 555
سەردەمی شاجۆرجی سێیەم: 1760- 1820 :- 561
کێشەی جۆن وێلکس :- 562
دەستوری ئینگلیزی لە سەدەی هەژدە :- 563
چاکسازیەکان پەرلەمان :- 567
چارلس جیمس فۆکس و بانگەشەکانی چاکسازی :- 568
گەشانەوەی ئابوری و پێشکەوتنی کشتوکاڵی لە ئینگلترا 570
شۆڕشی کشتوکاڵی :- 572
بەشی یازدەهەم 575
ململانێی داگیرکاری لە هەردوو سەدەی حەڤدەو هەژدە 575
ململانێی داگیرکاری لە هەردوو سەدەی 576
حەڤدەو هەژدە 576
پێشەوا پێشینەکان :- 576
گەورەبوونی بازرگانی و داگیرکاری فەرەنسی :- 580
بازرگانی هۆڵندا و داگیرکاری هۆڵندی :- 581
جەنگی بازرگانی لەنێوان ئینگلتەرا و هۆڵندا :- 583
ململانێی ئینگلیزی و فەرەنسی 585
فەرەنسا لەئەمریکا :- 585
ئینگلیزو فەرەنسیەکان لەئەفریقا :- 587
ململانێی ئینگلیزی وفەرەنسی لە هیند 587
هیندستان لەسەدەی حەڤدە :- 587
فەرەنسیەکان لە هیندستان :- 589
تێکچوونی پەیوەندییەکانی نێوان ئینگلیزو فەرەنسیەکان لە داگیرگەکان :- 589
هاو پەیمانی ئینگلیزی و هۆڵندی لەدژی فەرنسا :- 592
جەنگی شا ولیەم :- 593
جەنگی شاژنەئان :- 593
سەرکەوتنەکانی ئینگلتەرا بەسەر فەرەنسادا :- 594

هـيندى بەريتانيـــا 597

فراوا نخوازى ئينگليز لە دەرەوەى هيند :- 602

دۆزينەوەى ئوستوراليا 602

بەشـــى دوازدەم 607

سەرهەڵدانى ويلايەتە يەكگرتووەكانى ئەمريكا[1] 607

سەرهەڵدانى ويلايەتە يەكگرتووەكانى ئەمريكا1 608

پيۆريتانە توند ڕەوەكان لە مساچوسيت :- 615

دامەزراندنى نيشتەجێگە لە كارولايناى باكورو باشور:- 621

بنياتنانى نيويۆرك :- 621

جـــۆرجيـــا :- 625

ئابورى ئەمريكى :- 628

پەيوەنديەكانى ئينگليزى وئەمريكا لە پێش شۆڕش :- 634

جەنگى ئۆكسبرگ 1697-1689 :- 636

جەنگى ويراسەى ئيسپانى 1713-1702 :- 637

جەنگى ويراسەى ئەمساوى 1748-1740 : 637

جەنگى حەوت ساڵە :- 638

شۆڕشى ئەمريكا 642

كۆمەڵگاى ئەمريكى پێش شۆڕش :- 642

كۆت و بەند لەسەر داگيرگەكان :- 645

ياساى تاونسند 1767 :- 649

كۆنگرەى يەكەمى كيشوەرى :- 650

ڕاگەياندنى سەربەخۆيى ئەمريكا 1776 :- 652

كاردانەوەى بەريتانيا :- 653

پەيمانى پاريس و ڤێرساى 1783 :- 655

ويلايەتە يكگرتووەكانى ئەمريكا :- 656

بزوتنەوەى هزرى 657

لەهەردوو سەدەى حەڤدەو هەژدە 657

پێشكەوتنى زانستى لەڕۆژگارى ئاوەزو ڕۆشنگەرى :- 657

ڕێنى ديكـــارت1650-1596 :- 658

جۆرج بيركلـــى1650-1596 :- 659

ئيسحاق نيوتن 1727-1642 :- 659

کریستنسن هیگن 1629-1695:- 661
ئەستێرەناسی:- 662
فیزیا:- 662
کیمیا:- 663
کانزاکاری:- 664
پزیشکی وزانستی زیندەورزانی:- 664
ڕووەك ناسی:- 665
ئاژەڵ(ژیانەوەران) 666
کاریگەری ئاقاری زانستی لەسەر ئاین 667
سەرهەڵدانی مەزهەب دنیا نەویستی:- 667
جۆرج فۆکس و کۆمەڵەی هاوڕێیان:- 668
بزوتنەوەی میسۆدیست(مەنهەجی):- 669
ئەبرشیەکان: 670
مۆلینوس و هادئین:- 670
سەردەمی ئاوەزو ڕۆشنگەری 671
ڕۆشنگەری یان ڕۆشنی:- 671
سەرهەڵدانی ئاینی سروشتی یاخود باوەڕ بە "خودای تاك" 672
دروستکاری بونەوەرو سروشت 672
ماسۆنیەت:- 676
کۆتایی یەسوعیەکان لەسەدەی هەژدە:- 678
کاریگەری بزوتنەوەی ئاوەزگەری و ڕۆشنگەری 680
لەسەر زانستەکۆمەڵایەتیەکان و سیاسەت 680
تۆماس هۆبز(1588- 1679):- 680
جۆن لۆك (1632-1704):- 685
بایەروخ سپینۆزا 1632-1677:- 688
مۆنتیسکۆ 1689-1755 689
ڤۆلتێر(1694- 1778):- 692
جان جاك ڕۆسۆ(1712-1778):- 695
ململانێ لە نێوان ڕۆسۆو ڤۆلتێر: 698
کاریگەری ڕۆسۆ:- 700
ئینسکلۆپیدیەکان(موسوعیون):- 700
ڕەخنەگرتن لەتیۆری پەیمانی کۆمەڵایەتی:- 703
ئابووریی ئاوەزگەرەکان:- 704

ئامـــار:- 705
فیـزۆکـراتەکان:- 705
ئـــادەم سمیس (1723 -1790):- 706
پێشکەوتنی توێژینەوە جوگرافی وزمانەوانیی و ڕەگەزیەکان:- 708
بـــزوتنەوەی مرۆگـەری:- 709
جیهانیەتی ڕۆشنگـــەران:- 710
فەلسەفەی ڕۆشنگەریی و نوسینی مێژوو:- 711
جـــان مابیلۆن (1632 -1707):- 712
کۆندروس:- 713
پاشماوەی کلاسیکی لەوێژەو هونەر لەسەردەمی ئاوەزو ڕۆشنگەری:- 714
وێژە لەسەدەی حەڤدەو هەژدە:- 716
بەردەوامی کاریگەری کلاسیك لەسەردەمی شۆڕشی فەرەنسی:- 719
تەلارسازی:- 719
داتاشینی کلاسیکی: 720
نیگار کێشانی کلاسیکی:- 720
بزوتنەوەی ڕۆمانتیکی 722
ئینگلترا:- 724
ڕۆمانتیکیەتی ئەڵمانی:- 725
فەرەنسا:- 727
مۆسیقای کلاسیکیی و ڕۆمانتیکی 727
لەهەردوو سەدەی حەڤدەو هەژدە 727
ئیتاڵیا:- 727
فەرەنسا و ئینگلترا و ئەڵمانیا:- 728
بـــاخ:- 728
هایدن (1732-1809):- 729
موتسارت (1756-1791):- 729
بیت هۆڤن (1770-1827):- 730
شوبرت ،ویبرو موندلسن:- 731
ناوەڕۆك 733